حامید گەوهەری

مستەفا بارزانی

پێشمەرگە و سەرۆک

ستۆکهۆڵم: ٢٠١٧

ئەم کتێبە، دوای ئامادە بوونی پێشکەش بە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی کراوە و لەسەر ئەرکی بەڕێزیان چاپ کراوە و بە دیاریی دەدرێت بە خوێنەران

ناوی کتێب : مستەفا بارزانی- پێشمەرگە و سەرۆک
نوسینی : حامید گەوهەری
هاوکار لە ئامادە کردندا: نیعمەت شەهاب
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەگر: کەمال گرویسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
بەرگ: خەلیل هیدایەت مام شێخ
چاپی یەکەم: ستۆکهۆڵم، سوید
شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٥٦٣)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

پێڕست

پێشەکی 9
سەرەتا 11
بارزان و بارزانییەکان 14
شێخ ئەحمەدی بارزان 19
دەرچوونی مستەفا بارزانی لە سلێمانی 27
مستەفا بارزانی و شۆڕشی دووەمی بارزان 30
پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاگەیاندنی 43
پارتی دیموکراتی کورد 47
ڕۆڵی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان دا 49
پاشەکشەی سوپای سۆڤیەت لە ئێران و چەند ڕووداو 59
هەرەسهێنانی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و... 72
ئەو هێزانەی بۆ شەڕ دژی بارزانییەکان ڕەوانە کران 83
لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی 94
پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ باشوری کوردستان 102
پاشەکشە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت 112
پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ڕوباری ئاراس 132
بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت دا 141
دیداری باقرۆڤ لەگەڵ مستەفا بارزانی و بە ڕێکخراو کردنی بارزانییەکان 153
دانانی ئەنجومەنی کوردان لە ئازەربایجان 156
دوورخستنەوەی بارزانییەکان بۆ کۆماری ئۆزبەکستان 181
لێکدابڕاندنی بارزانییەکان لەیەکتر 185
کۆکردنەوەی سەرلەنوێی بارزانییەکان لە تاشکەند 189
مردنی ستالین و گۆڕانی دۆخی بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت 191
دوا ساڵەکانی مستەفا بارزانی لە مۆسکۆ و شۆڕشی ١٤ی تەموز 200
گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق 204
کاردانەوەی جیاواز سەبارەت بە گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی... 209
دیدار و وتووێژەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی لە عێراق 213
گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ کوردستان 218
ئولفەت دورسون و زەکییە ڕەجەب 223
کێشە و ململانێی نێوان سەرکردەکانی شۆڕش و... 226
پارتی دیموکرات دوای گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی 229
کەرکوک لە یەکەم ساڵی کودەتای ١٤ی تەموز و ... 232
پێوەندیی کەریم قاسم و سەرۆک بارزانی بەرەو لێکدابڕان 234
داوای تواندنەوەی کورد لە عێراق 238

هێماکان بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر 243
ڕووداوەکانی بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول 249
سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول 252
گەڕانەوەی ئارامیی بۆ ناوچەی بارزان 258
جوڵاندنی پێشمەرگە و کۆبوونەوەی گەل لە دەوری مستەفا بارزانی 268
شەڕی زاویتە و داواکاریی بۆ وتووێژ 273
بەرەو ناوچەکانی بەرواریی ژێری و مزووری ژێری و ئاکرێ 279
ڕێکخستنی کارگێڕیی و سەربازیی لە بادینان 281
بەرەو پاککردنەوەی ناوچەی سۆران لە هێزەکانی دوژمن 282
چەککردنی قەڵای ڕایات 286
بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی 296
پێوەندیی نێوان مەکتەبی سیاسی و ئێران 306
بەرەو قەڵادزێ 313
کودەتای ٨ ی شوبات و وتووێژی بەعس و سەرۆک مستەفا بارزانی 320
کۆنفڕانسی کۆیە و ئاکامی وتووێژەکان لەگەڵ بەغدا 323
لێدانی شیوعییەکان 328
پلان بۆ داکۆکی کردن لە کوردستان 333
شەڕی بەعسییەکان دژی کورد 337
پلانی ڕژێم لە شەڕە ستراتیژییەکاندا 340
هێرشی فیرقەی یەکەم و دووەم بۆسەر بارزان 347
هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ 355
گەڵاڵە دەبێت بە بارەگای گشتیی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان 358
کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣ و ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و کوردستان 359
کۆنگرەی ماوەت و لەتبوونی پارتی دیموکرات 368
ناوبژیی کردنی کەسایەتییەکان 376
شای ئێران داوای پێوەندیی لەگەڵ بارزانی دەکات 379
کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان 381
لە ماوەتەوە بەرەو بێتوش و هەمەدان 384
بە ڕێکخراو کردنی شۆڕشی ئەیلول 389
دەستپێکردنەوەی شەڕ 395
تاکتیکی نوێ لە شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندز 400
شەڕی کێوەڕەش و ڕاپۆرتێکی ئیدریس بارزانی 404
گەڕانەوەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە ئێران و ... 409
سەرهەڵدانەوەی کێشە لەنێوان سەرانی ڕژێمدا 412
مردنی عەبدولسەلام عارف و پلانی نوێی ڕژێم بۆ کورد 419
سەرکۆماری عێراق سەردانی سەرۆک بارزانی دەکات 427

کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان 433
نزیکی لەنێوان سەرکۆماری عێراق و بارزانی دا 442
کۆبوونەوەی سەربازیی 444
ئاژاوەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و شەڕەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨ 450
پێوەندیی بارزانی بە سەرۆک و کاربەدەستانی وڵاتی بیانی و ... 455
کۆچی دوایی شێخ ئەحمەدی بارزان 462
لێدانی نەوتی بابەگورگور 464
ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لقەکانی خۆی دادەمەزرێنێت 467
دوو تاوانی ڕژێمی بەعس لە کوردستان دا 484
ناوچەی مەرگە و پیرەمەگروون لە دوژمن پاک دەکرێنەوە 490
کودەتای سەرنەکەوتوو، و هەنگاونان بەرەو ئاشتی 493
چوونی وەفدی شۆڕش بۆ بەغدا و هاتنی سەدام حوسێن بۆ ناوپردان 505
شای ئێران داوای بینینی سەرۆک بارزانی دەکات 508
دوورخستنەوەی جاشەکان لە کوردستان 510
لەنێوان ڕێککەوتن و هەڵگیرسانەوەی شەڕدا 513
ڕێککەوتنی ١١ی ئادار 516
تاوانەکان بەردەوامن 526
کۆنگرەی هەشتەمی پارتی و گەڕانەوەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ... 529
هەوڵی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانی 537
پیلانی گەورەی ٢٩ی سپتێمبەری ١٩٧١ 548
پێوەندیی بارزانی لەگەڵ سەرۆکانی میسر و سوریا و ئۆردون 560
مەلا حەیدەر و هەڤاڵانی قارەمانانە سەر دەنێنەوە 562
پیلانێکی تر بۆسەر ژیانی بارزانی 564
عێراق دەچێتە بەرەی یەکێتی سۆڤیەتەوە 569
نازم گزار و کودەتا پووچەڵەکەی 582
شەڕی عەرەب و ئیسرائیل 584
دوا مۆڵەتی ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان 589
ڕژێمی بەعس، لەیلا قاسم و هەڤاڵانی لە سێدارە دەدات 595
کڕین و فریودانی پیاوانی لەرزۆک لەلایەن ڕژێمەوە 598
دەستپێکردنەوەی شەڕ و مووشەکی دژە فڕۆکە و تۆپخانەی ئێران 601
ڕێککەوتنی جەزائیر 605
هەنگاوەکانی دوای ڕێککەوتنی جەزائیر 615
پێوەندییەکانی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول 619
شۆڕشی ئەیلول و ژیانی چوارده ساڵەی 649
بارزانی حاجی ئۆمەران بەجێدەهێڵێت 665
ڕاوەستانی کاتی شۆڕشی ئەیلول 669

هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی سەرکردەکانی پارتی بۆ عێراق 880
یەکەم کۆبوونەوەی بارزانی بەر لە بەجێهێشتنی نەغەدە 686
ڕێکخستنەوەی ئۆڕگانەکانی پارتی و بوژاندنەوەی بزووتنەوە 688
یەکەم چەخماخەی شۆڕشی گوڵان 693
ناساغی ڕوو لە بارزانی دەکات 698
میوانی نەناسراو 701
ساواک و CIA داوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئێران دەکەن 706
شەڕی بازێ لە ناوچەی هەکاری 710
چوونی ئیدریس بارزانی بۆلای باوکی و... 738
گواستنەوەی تەرمی نەمران بۆ بارزان 750
پاشبەند 752
بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر 866

پێشەکی

بۆ نوسینی ئەم کتێبەی بەردەستتان لە دوو شێوازی زانستی و مەیدانی کەڵکم وەرگرتوە. لە بواری زانستیەوە پشتم بە بەڵگە و دیکۆمێنتە حاشا هەڵنەگرەکان بەستووە و لە بواری مەیدانیشەوە وتەی بەشداران و شاهیدانی زیندووی نێو ڕووداوەکانم کۆکردوەتەوە و لە نزیکەوە لەگەڵیان دواوم، تا خوێنەرانی کتێبەکە، خوێندکارانی زانکۆکان و لێکۆڵەرانی مێژووی کوردستان پتر زانیاریی لەسەر بزووتنەوەکانی کوردستان، مستەفا بارزانی و سەرکردەکانی تری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد و کوردستان پەیدا بکەن.

پێویستە بەخوێنەرانی ئازیز ڕابگەیەنم لەم نوسینەمدا، کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، نوسینی مەسعود بارزانی"م کردوەتە بنەمای نوسینەکانم و سەردێڕی زۆربەی ڕووداوەکانم لەو کتێبە وەرگرتوە و بە کەڵک وەرگرتن لە زانستی نوسین و شێوازی ڕۆژنامەنوسیی بە وتوویژ لەگەڵ کەسانی بەشدار لە ڕووداوەکاندا، بەرهەمەکەم بە شێوەی تێکەڵاوی "زانستی و مەیدانیی"، ئامادە کردوە.

بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەک دۆست و دڵسۆزی کورد یارمەتیان داوام کە سوپاسیان دەکەم. بەشێکیان بە دڵی فرەوان پێشوازییان کردم و ئامادە بوون وتوویژیان لەگەڵدا بکەم، بەشێکیان بە تایبەتی مامۆستا نیعمەت شەهاب، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سەلاحەدین ئەیوبی لە هەولێر، بە ڕێکاری شیکاریی و ناساندنی کەسانی شارەزا و شوێنی ڕووداوەکان، هاوبەشیی کردم و هانیدام باشتر بچمە ناخی ڕووداوەکانەوە. لە هەڤاڵانی مستەفا بارزانی کە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاونەتەوە، کاتی ئامادە کردنی ئەم کتێبە، ٣٨ کەسیان لە ژیاندا مابوون و هەرکامەیان لە ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان دەژیان. لە نزیکەوە چاوم بە هەر ٣٨ کەسیان کەوت و لە سەردانەکانمدا بۆلای ئەو پێشڕەوانە، باسیان لە خاڵ بە خاڵی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی خۆیان لە کۆماری کوردستان، یەکێتی سۆڤیەت، شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان و شۆڕشی ئەیلولدا کردوە.

بەتایبەتی مامۆستایان: کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، تەیمەز ئاراب قەتران سێلکی، سەعید وەلی بەگ، عەبدوڵا جرگیس، شەریف قورتاس مەلا، سدیق خەلیل یەحیا. هەروەها بەڕێزان موحسین دزەیی، بارزانی مەلا خالید، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی زۆریان یارمەتی کردوم.

جێگەی خۆیەتی سوپاسی گەرم و بێپایانی خۆم ئاراستەی مامۆستا نێعمەت شەهاب بکەم کە یارمەتیدەر بووە لە ئامادەکردنی کتێبەکەمدا. لەگەڵ ئەوەشدا پڕبەدڵ سوپاسی کاک کەمال گرویسی دەکەم کە وەک هەمیشە کاتی خۆی بۆ بژارکردنی کتێبەکەم تەرخان کرد و هەژار گەوهەریش لە مۆنتاژ کردنیدا. سوپاس بۆ یارمەتییەکانیان.

حامید گەوهەری

٢٠١٧

سەرەتا

شەڕی چاڵدران لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی سەفەویی و عوسمانییدا، بە گۆڕانێکی گرنگی مێژووی نەتەوەی کورد و کوردستان دەژمێردرێت. لەو شەڕەدا کە ڕۆژی ١٥١٤/٨/٢٣ بە هێرشکردنی لەشکری سوڵتان "سەلیم عوسمانی" بۆسەر لەشکری شا "ئیسماعیل سەفەوی" دەستیپێکرد، کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوان دەوڵەتانی سوننەی عوسمانیی و شیعەی ئێران کە دامەزرێنەرەکەی شا ئیسماعیل سەفەویی بوو. چونکە کوردەکان سوننە بوون و شەڕەکەش لە هەرێمی ئەواندا ڕوویدابوو، زۆربەی سەرۆک خێڵە کوردەکان لەو شەڕەدا پشتی عوسمانییەکانیان گرت و لە ئاکامدا سوڵتان سەلیم توانی لەشکری سەفەویی بشکێنێت. شکانی سەفەوییەکان لە شەڕی چاڵدران، سەرەتای دابەشبوونی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد بوو بەسەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانییدا. هەرچەندە ئێران لە شەڕی چاڵداندا شکا، بەڵام بە ئاسانیی ملی نەدا و شەڕەکەش بە زوویی کۆتایی نەهات و هەردوو دەوڵەت بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی پتری خۆیان بەسەر کوردستاندا، دەیان ساڵ بەربەرەکانیی یەکتریان کرد، تا سەرئەنجام سوڵتان "موراد"ی چوارەم توانی بەسەر شا "سەفیەدین"ی یەکەمدا زاڵ ببێت و ساڵی ١٦٣٩ لە شارۆچکەی "زەهاو" کە ئەمڕۆ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە. پەیمانی دابەشکردنی کوردستانی پێ واژۆ بکات. لە ڕاستیدا سوڵتان سەلیمی گەورە ئەم پەیمانەی لە ساڵی ١٥٥٥ دا بەسەر شا "تەهماسب"ی یەکەمدا سەپاندبوو. بەپێی پەیمانی زەهاو، سێ لەسەر چواری خاکی کوردستان کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی سوننەی عوسمانیی و یەک لەسەر چواریشی چووە ژێردەستی دەوڵەتی شیعەی ئێرانەوە[١]. دوای شەڕی چاڵدران، هەوڵ و کۆششی دەوڵەتانی ئێران و عوسمانیی بۆ دەستەمۆکردنی سەرۆک خێڵە کوردەکان و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کوردستاندا، بە ئاسایی نەکرا و کوردەکان ئامادەنەبوون بە ئاسانیی خۆیان بەدەستەوە بدەن و دەست لە ژیانی ئازاد و سەربەستی خۆیان هەڵبگرن. لەبەرئەوە هەردوو دەوڵەت بۆ بەچۆکدادانی خێڵەکان، توشی زۆر شەڕی دژواری ناوچەیی بوون. لە هەموو ئەو شەڕانە گرنگتر، ڕاپەڕینی

"خانی لەپ زێڕینی برادۆست" بوو کە ساڵی ١٦٠٨ دژی دەسەڵاتداریی شا "عەباسی سەفەوی" لە قەڵای دمدم ڕوویدا. ڕاپەڕینی قەڵای دمدم کە بەیتەکانی لە لایەن "ئۆسکارمان"ی ئەڵمانی لە ناوچەی مهاباد کۆکراوەتەوە، بەشێوەی بەربڵاو و یەکنەگرتوو هەستی کوردایەتی تێدا دەبیندرێت. هەستی کوردایەتی لە نێو خێڵە کوردەکاندا لە سەدەی حەڤدەی زایینیدا سەریهەڵداوە و بووە بە هۆی بزواندنی هەستی نەتەوایەتی ژمارەیەک نوسەری کورد، لەوانە: "فەقێ تەیران" و "مەلای جەزیری" بۆ نوسینەکانیان لە زمانی زگماکیی کوردی کەڵکیان وەرگرت و "ئەحمەدی خانی" داستانی مەسنەویی مەم و زینی نوسی. مەم و زینی ئەحمەدی خانی یەکەم نوسراوەی کوردییە کە هەستی ناسیۆنالیستیی کورد زەق دەکاتەوە، بەڵام بیری پاشکەوتووی دەرەبەگایەتی لە قۆناخی ئەو سەردەمی کوردستاندا و بەهێز بوونی بیری ئیسلامیی لەنێو کوردە دەسەڵاتدارەکاندا، پێشی بەگەشەکردن و هەڵدانی تەندروست و بەجێی ئەو هەستە نەتەوایەتییە داڕێژراوە گرت و نەیهێشت بەشێوەی سروشتیی گەشە بکاتو بگاتە ئاستی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد، لەو قۆناخ دا.

کوردستان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لەلایەن سەرۆک خێڵە کوردەکانەوە بەڕێوەدەچوو. میرەکانی "هەکاریی"، "بۆتان"، "بادینان"، "سۆران"، "بابان"، "ئەردەڵان" و "موکری"، بەشی هەرە زۆری کوردستانیان لەژێر دەسەڵاتدا بوو. هەرکام لەو میرانە، بە داب و نەریتی ئەوکاتە، خاوەنی دامەزراو و دەزگای بەڕێوەبەریی حکومەتی و هێزی پارێزەر بوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لەسەر دەسەڵاتێکی گشتیی نەتەوەیی یەک بگرن و دەوڵەتی کورد دامەزرێنن و بچنە ژێرفەرمانی چوارچێوەداری دەوڵەتییەوە. ئەوان بە بەردەوامیی بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان، تێدەکۆشان و ئەگەر ژیان و سەربەستیی ناوچەکەیان کەوتبێتە مەترسییەوە، ماوەیەک دژی نەیاران بەربەرەکانییان کردوە، تا سەرئەنجام دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورک و ئێران بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندی حکومەتەکانیاندا، کۆتاییان بە ژیانی ئەو میرنشینانە و دەسەڵاتیان لە کوردستاندا هێنا.

گرنگترین بزوتنەوەی کورد بۆ ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ "عوبەیدوڵای نەهریی" لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا بوو. شێخ کە

ڕێبەرێکی ئایینی و کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسی کورد بوو، ساڵی ١٨٨٠ بە هاوکاریی "بەحری بەگ بەدرخان" توانی سەرۆک خێڵەکانی زەرزا، گەورک، مامەش، پیران و مەنگوڕ لە یەکتر نزیک بکاتەوە و بە دروشمی ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، ناوچەکانی ماکۆ، خۆی، سەلماس، ورمێ، شنۆ، مهاباد و مەراغە ڕزگار بکات. لەشکری شێخ گەیشتە تەورێز، بەڵام لەوێ دەوڵەتی ئێران شکاندی و ناچاری کرد بەرەو سنوری باکوری کوردستان و تورکیا بکشێتەوە کە تورکەکان دەستبەسەریان کرد. شێخ عوبەیدوڵا سەرەتا لە ئستەمبوڵ دەستبەسەر کرا و دواتر بۆ مەککە دوور خرایەوە و ساڵی ١٨٨٢، لەوێ کۆچی دوایی کرد[٢]. شکانی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵا نەهری، هۆزە کوردەکانی بۆ بەدەستخستنی مافی چارەنوسی نەتەوەیی سارد نەکردەوە و بە دوای ئەودا چەندان بزووتنەوەی تر لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا سەریانهەڵدا کە گرنگترینیان بزووتنەوەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو کە ئەو بزووتنەوەیە پشت بە پشت هەتا ئێستا بەردەوامەو خاوەنی چەندان دەسکەوتی نەتەوەییو یاساییە بۆ نەتەوەی کورد.

١- کورد تورک عەرەب، نوسینی سیسیل ج ئیدمۆندس، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپ بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢- کوردەکان، لاپەڕەی ٥٠، نوسینی حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.

بارزان و بارزانییەکان

بارزان ناوچەیەکە لە باشوری کوردستان هەڵکەوتووە و لە سنوری پارێزگای هەولێر دایە. یەکێکە لە سێ ناحیەکانی مەڵبەندی مێرگەسور: (**مێرگەسور، بارزان و شێروان**) لە خۆرهەڵاتی قەزای ڕەواندز، خۆرئاوای قەزای ئامێدی و باشوری قەزای ئاکرێ هەڵکەوتووە و لە باکورەوە دەگاتە باکوری کوردستان. دانیشتوانی ناوچەکە بە کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتەوە خەریکن و ژمارەی گوندەکانی ٤٠٠ گوندن. ڕێژەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری شۆڕشی ئەیلول لە کۆتایی شەستەکاندا، ٣٠ تا ٣٥ هەزار کەس بووە و ئێستا نزیکەی ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار کەسە. ناوچەیەکی شاخاوییە و ڕوباری زێی گەورەی بەنێودا دەڕوات و دەچێتە گەلی بێخمە و لە خواروی موسڵ تێکەڵاوی ڕوباری زێ دەبێت. هەروەها ڕوباری "ڕۆکوچک" لە باکورەوە دێت و بە ناوچەکەدا تێدەپەڕێ و لە نزیک "ڕێزان" تێکەڵاوی زێی گەورە دەبێت. لە چیا بەرزەکانی کوردستان، چیای شیرین بەسەر بارزان دا دەڕوانێت و چیای "بۆتین"، "پیران"، "قەلەندەر"، "برادۆست"، "زەردەنە" و "کوڕی هۆری" دەوریان گرتووە.

بارزان مەڵبەندی شێخەکانی بارزانە و بارزانییەکان ناوی خۆیان لەو گوندە وەرگرتووە. ئەو شێخانە لە بەرەبابی فەرمانڕەواکانی ئامێدی بوون. مەسعودی باپیریان هاتووە لە گوندی "هەڤنکا"ی نزیک گوندی بارزان نیشتەجێ بووە و لەوێ لەگەڵ کچێک هاوسەرگیریی کردوە و کوڕێکی لێی بووە بەناوی سەعید کە نەوەی ئەویش شێخ تاجەدین زانایەکی ناوداری ئایینی بووە. شێخ تاجەدین، تەکیەی "بارزان"ی دامەزراند و هەموو ژیانی خۆی لەوێ تێپەڕاند و ژمارەیەکی زۆر مرید لە دەوری کۆبوونەوە. پاش ئەو، شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی و دواتریش شێخ عەبدولاڵای کوڕی جێیان گرتەوە کە بە شێخێکی دینداری و خۆپارێز ناوبانگی دەرکردبوو. شێخ عەبدولا، شێخ عەبدولسەلامی کوڕی ناردە "نەهریە" تا لەسەر دەستی شێخی گەورە "سەید تەهای نەهری" زانیارییە ئایینییەکانی وەربگرێت و ئەویش بە دوای کۆچی دوایی باوکیدا کاروباری تەکیەی بارزانی بەدەستەوە گرت و ژمارەی مریدەکانی زۆر

بەرز بوونەوە. شێخ عەبدولسەلام خوێندنگەیەکی ئایینی لە گوندی بارزان دانا کە لە هەموو ناوچەکاندا دەنگی دایەوە و ژمارەیەکی زۆر بۆ خوێندن ڕویان تێکرد و پێوەندیی زۆر گەرمیشی لەگەڵ سەید تەهای نەهری هەبوو.

مەولانا خالید نەقشبەندی، لە گەشتێکیدا بۆ ناوچەی بارزان سەردانی تەکیەی بارزانی کرد و شێخ عەبدولسەلامی بە خەڵیفە وەرگرت و لەگەڵ خۆی بردی بۆ نەهری کە سەید تەها ببینێ کە ئەویش ببوو بە خەڵیفەی مەولانا خالید.

شێخ عەبدولسەلام ساڵی ١٨٧٢ کۆچی دوایی کرد. سێ ساڵ بەرلە مردنی، کتێبێکی بەنرخی لەسەر فقهی ئیسلام بڵاوکردەوە. پاش ئەو، شێخ محەمەدی کوڕی شێخایەتی وەرگرت. ئەو خوێندنی لای باوکی تەواوکرد و لە بڕوا و خۆپارێزیدا زۆر بەناوبانگ بوو. لە سەردەمی شێخ محەمەددا تەکیەی بارزان ببوو بە مەکۆی زۆرلێکراوان و لێقەوماوانی هۆزەکانی دەوروپشتی بارزان، تا وایلێهات سەرۆک هۆزەکان لەلای کاربەدەستانی عوسمانی شکاتیان لە شێخ محەمەد کرد و حکومەتی عوسمانی شێخی گرت و ساڵێک لە شاری بتلیس زیندانی کرد. دوای گەڕانەوەی بۆ بارزان، شێخ محەمەد زۆری دەوام نەهێنا و ساڵی ١٩٠٣ کۆچی دوایی کرد. شێخ محەمەد پێنج کوڕی بەو ناوانەی خوارەوە، لەدوای خۆی بەجێهێشت: شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد، محەمەد سدیق، بابۆ و مەلا مستەفا.

لە سەردەمی شێخایەتی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دا کۆمەڵێک چاکسازیی و گۆڕانی بنەڕەتی لە ناوچەی بارزان و لەنێو بارزانییەکاندا پێکهات. ئەگەر بەرلە شێخ عەبدولسەلام تێکڕای بارزانییەکان هاوبیری شێخانی بارزان نەبوون، لەوکاتە بەدواوە بەتێکڕا پشتگیریی و دڵسۆزی خۆیان بۆ شێخ دەربری و هۆزەکانی "شێروانی"، "دۆڵەمەری"، "مزوری"، "بەڕۆژی"، "نزاری"، "گەردی" و "هەرکی بنەجێ" ملیان بۆ پێشەوایەتی شێخ عەبدولسەلام دانواند و لەوکاتەوە ناوی بارزانی، ئەو هۆزانەشی گرتەوە، واتا بارزانییەکان لەو حەوت هۆزانە پێکهاتوون.

چاکسازییەکانی شێخ عەبدولسەلام بریتی بوون لە: تێکدانی ڕێوڕەسمی ئاغایەتی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا، نەهێشتنی مارەیی و بەشودانی زۆرەملی، ڕێکخستنی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی یەکسان، دروستکردنی مزگەوت لە هەموو

گوندەکاندا بۆ نوێژکردن و شوێنی کۆبوونەوە و چارەسەرکردنی گێروگرفت و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی گوند، دانانی لیژنە لە گوندەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گوندەکان، ڕێکخستنی گروپی چەکدار لە هۆزەکان و دیارییکردنی لێپرسراو بۆیان. شایانی باسە کە ئەحمەد ئاغای "بیرسیاڤ" خاڵی بارزانی دەوری باڵای هەبووە لە پشتگیریی و پاراستنی ئەو چاکسازیانە و خۆی و هۆزەکەی هێزێکی بنەڕەتی بوون لە دەست شێخ عەبدولسەلام دا.

هەرچەندە، سەردەمی پێشەوایەتی شێخ عەبدولسەلام کورت بوو، بەڵام ئەو بە لێهاتوویی و لێزانی تەواو لە کاری دین و دنیادا سەلماندی کە دەبێ خزمەتی خەڵک بکرێ و لەو ڕێیەوە توانی لەگەڵ زۆربەی هۆزەکاندا پێوەندی نزیک پێک بێنێت. شێخ هەستی بەو ستەمە کرد کە نەتەوەی کورد بەدەست عوسمانییەکانەوە دەیچێژێ. بۆ ئەو مەبەستە بەشوێن ڕێیەکدا گەڕا کە گەلی کورد لە زوڵم و ستەم ڕزگار بکات. لە یەکەم هەنگاودا بۆ بینینی سەرۆک و گەورەی هۆزە کوردەکان دەستی بە گەشتێک کرد. شێخ دەورێکی بنەڕەتی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری چاکسازیی سیاسی لەنێو خەڵکی کوردستاندا و لە نزیکەوە پێوەندیی بە کۆمەڵەی "تەعالی و تەرەقی کورد"، "کۆمەڵەی هیڤی"، "کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد"، شێخ مەحمودی حەفید، شێخ عەبدولقادری نەهری و سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ"وە کرد. شێخ لە بەهاری ساڵی ١٩٠٧دا بەشداریی کۆبوونەوەیەکی کرد کە لە "بریڤکان" و لە ماڵی شێخ نورمحەمەد بریڤکانی پێشەوای تەکیەی قادری پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر سەرۆک هۆز و گەورەکانی کورد لە بروسکەیەکدا داوایان لە "بابی عالی" لە ئەستەمبوڵ کرد کە ئەم داخوازانەی کورد جێبەجێ بکات:

١- زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا بکرێت بە زمانی ڕەسمی.

٢- خوێندن بە زمانی کوردی بێت.

٣- قایمقام و مودیر ناحیە و کاربەدەستانی ناوچە کوردییەکان دەبێ زمانی کوردی بزانن.

٤- چونکە ئایینی دەوڵەت ئیسلامە، بڕیارەکانی بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەربکرێن.

٥- باجەکان "باجەکانی خزمەتکردنی میر" وەکوو خۆیان بمێنن بە مەرجێک بۆ چاککردنی ڕێگاوبان و کردنەوەی خوێندنگە لە ناوچە کوردییەکاندا خەرج بکرێن.

"دەمەلۆجی" لە کتێبەکەیدا "ئەمارەتی بەهدینان"دا دەڵێت: **(وێنەی ئەم بروسکەیە، بۆ شێخ عەبدولقادری عوبەیدیلای نەهری، ئەمین عالی بەدرخان و فەریق شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشا نێردرا کە ئەم وێنە ناردنە پێچەوانەی بیری مۆرکردوەکانی بروسکەکە بوو، چونکە دەیانویست لە ڕەسمیەتی خۆی دەرنەچێ، بەڵام بە ویستی شێخ عەبدولسەلام بەو شێوەیەی لێهات.)**

لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووان سوێندیان خوارد کە ئەو داخوازییانە بپارێزن و وازی لێنەهێنن و لە جیاتی هەمووان، شێخ عەبدولسەلام بروسکەکەی واژۆ کرد. کاتێ "بابی عالی" بروسکەکەی وەرگرت، ئەوی بە دەرچوون لە فەرمانی میریی و داوای جیابوونەوە و جیاوازیی خوازیی دانا و لە کۆتای ساڵی ١٩٠٧دا، هێزێکی پۆشتەی سوپای بە فەرماندەیی فەریق "محەمەد فازل پاشای داغستان"ی ناردە سەریان. هیچکام لە سەرۆک هۆزەکان بەربەرەکانیان نەکرد و تەنانەت هەندێکیان پاڵیان بە ڕژێمی داگیرکەرەوەدا و هەموو قورساییەکەیان خستە سەر بارزان. شێخ عەبدولسەلام فەرمانی بەرگری کردنیدا و بۆ ماوەی دوو مانگ، بارزانییەکان بەرگرییان کرد، تا سەرئەنجام شێخ ناچاربوو ناوچەکە بەجێهێڵێت و پەنا بۆ "مارشەمعون"ی ئاسوری بەرێت. داغستانی گەیشتە بارزان و گوندەکەی سوتاند و مستەفا بارزانی تەمەن سێ ساڵانە لەگەڵ دایکی بەدیل گرت و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەندیخانەی موسڵدا ڕایگرتن.

شێخ عەبدولسەلام ساڵی ١٩٠٨ گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، ژمارەیەک بارزانیی لە پشت چیای شیرین کە دەکەوێتە باکوری گوندی بارزان کۆکردەوە و پەلاماری ئەو هێزەی تورکانیدا کە لە ناوچەکەدا بوون و زیانێکی زۆری بە سوپای عوسمانی گەیاند. بەو سەرکەوتنە مەزنە، حکومەت داوای وتوویژی لە شێخ عەبدولسەلام کرد و لە ئاکامی ئەو وتوویژەدا، شێخ دیلەکانی عوسمانی ئازاد کرد و ئەوانیش قەرەبووی زیانی بارزانییەکانیان کردەوە. بەڵام ساڵی ١٩١٣ "سلێمان نەزیف" والی موسڵ سەرلەنوێ پەلاماری ناوچەی بارزانی دایەوە و دیسان شێخ ناوچەکەی بەجێهێشت و

ئەم جارەیان ڕویکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چوو بۆلای سەید تەهای محەمەد سدیق نەهری لە گوندی ڕاژان لە نزیک ورمێ.

بابی عالی خەڵاتێکی زۆری بۆ گرتن یان کوشتنی شێخ دیاریکرد. لە ڕاژانەوە شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ" چوون بۆ تفلیس و چاویان بە نێردراوی قەیسەری ڕوس "تزار" کەوت و ئەویش بەڵێنی پێدان کە پشتگیری لە کورد بکەن بۆ ڕزگاربوونی لە دەست تورکانی عوسمانی. لە گەڕانەوەدا کە ماڵئاوایی لە سمکۆ کرد، شێخ لە گوندی "گەنگەچین" میوانی سۆفی عەبدولا خاوەنی گوندەکە بوو. سۆفی شەو لە خەودا، شێخ و سێ هاوڕێکانی گرت و لە "سێرو" ئەوانی دایە دەست تورکان و خەڵاتی خۆی وەرگرت. تورکە عوسمانییەکان شێخ عەبدولسەلامیان گواستەوە بۆ موسڵ و ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ لەگەڵ سێ هاوڕێکانی لە سێدارەیان دان.

بە شەهید کردنی شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی بارزان لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا جێی گرتەوە و لەسەر ڕێباز و ڕێنوێنییەکانی شێخ چووە پێشەوە و مەلا مستەفای پەروەردە کرد کە درێژە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد بدات. لەنێو شێخەکانی بارزاندا، ئەوکاتە مەلا نازناوی کەسانی خوێندەوار بوو، وەک چۆن لە ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خوێندەوارەکانیان دەگوت میرزا[1].

١- ئەم بەشە لەم سێ کتێبانە وەرگیراوە:

ئا- کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، ١٩٣١- ١٩٥٨، نوسینی مەسعود بارزانی.

ب- کتێبی بارزانی- لە مهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس، نەجەفقولی پسیان

پ- کتێبی اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان، گردآوری و پژوهش: محمد علی سلطانی، سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، ١٩٨٣.

شێخ ئەحمەدی بارزان

شێخ ئەحمەد لە کاتێکدا جێی شێخ عەبدولسەلامی برای گرتەوە کە سوپای ئینگلیز هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٤دا خاکی عێراق و باشوری کوردستانی داگیرکرد. لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهان، لە مانگی مای ساڵی ١٩١٦دا، ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێردەستی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو، بە پێشنیازی دوو نوێنەری بریتانیا و فەرەنسا بە ناوەکانی "مارک سایکس" و "فەرەنسوا ژرژ پیکۆ"[١]، کرا بە سێ بەش. بەشی گەورەی خاک و نەتەوەی کوردیان لەگەڵ تورکیا هێشتەوە و دوو بەشەکەی‌تریان بەبێ ڕەزامەندیی کورد، بەسەر دوو دەوڵەتی هێشتا پێکنەهاتووی عێراق و سوریادا بەشکرد و بەم دابەشکردنە، کورد و کوردستان کرا بە چواربەش.

نەتەوەی کورد دژی ئەو پەیمان و دابەشکردنە بەزۆر داسەپاوە وەستا. لەبەر ئەوە، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٢٠، پەیمانێکی‌تری لەژێر ناوی پەیمانی "سێڤەر" پەسەندکرد کە ئامانجی بەشێک لە نەتەوەی کورد بێنێتەدی. بەندی ٦٤ی پەیمانی سێڤەر دەڵێت: **(لە ماوەی ساڵێک بە دوای ئەم پەیماننامەیەدا ئەگەر کوردی ناوچە باسکراوەکان لە بەندی ٦٢، داوا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ سەربەخۆیی و ئەگەر سەلماندیان زۆربەی کوردەکان خوازیاری سەربەخۆیین و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بەوەدانا کورد شیاوی سەربەخۆیین، تورکیا لە ئێستاوە بەڵێنی بەجێهێنانی ئەو ڕاسپاردەیە دەدات و هیچ مافێکی بەسەر ئەو ناوچانەوە نامێنێ. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پەیمانە، تورکیا و هاوپەیمانەکان ڕێکدەکەون و ڕێگە لەو کوردانە ناگرن کە تا ئێستا سەربە موسڵ بوون، بێنە نێو ئەم دەوڵەتە کوردییە[٢].)**

هەرێمی باشوری کوردستان کە سەر بە پارێزگای موسڵ بوو، لەگەڵ بەشێکی زۆری باکوری کوردستان بەتێکڕا دەکەوتنە نێو ئەو پرۆژەوە، کەچی دواتر کە مستەفا کەمال دەسەڵاتی بەدەست گرت، هاوپەیمانان پشتیان لە پەیمانی سیڤەر کرد و ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ پەیمانێکی تریان لەژێر ناوی پەیمانی "لۆزان" لەجێی پەیمانی سێڤەر دانا و

کەمال ئاتاتورکیش بەرامبەر بە کورد خۆی کۆکردەوە و بە هاوکاریی هاوپەیمانان، هەموو ئاواتی کوردیان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای سەربەخۆیی پوچەڵکردەوە. بڕگەی دووەم لە بەندی سێیەمی پەیمانی لۆزان دەڵێت: **(ئەگەر تا نۆ مانگ لە مێژووی پەیماننامەکە، ناکۆکیی سنوریی نێوان عێراق و تورکیا لەسەر ویلایەتی موسڵ ڕوو بدات و تورکیا و بریتانیا ڕێگاچارەی ئاشتیانە بۆ کێشەکە نەدۆزنەوە، کێشەکە دەدرێت بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.)**

ئەو گفتوگۆیانە بە یادداشتێکی بریتانیا و لەژێر چاودێریی سێر "پرسی کاکس" و "ڕ. ف. جاردین" جێگری ئیداریی پارێزگای موسڵ لە ڕۆژی ١٩٢٤/٥/١٩ دەستی پێکرد، بەڵام ئاکامیان لێوەرنەگیرا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ١٩٢٤/٩/٣٠ ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ و لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پێکهێنا کە ئەندامانی بریتی بوون لە: ئا.ف. ڤێرسۆن A.af. wnrsen لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئا. پاولس A. Pauli لە بلژیک. هەروەها سینیۆر ڕۆدۆلۆ Signor Roddolo لە ئیتالیا و کۆنت هۆراس دوپرتالن Count Horacede Portales لە سویس بۆ نوسینی پرۆتکۆڵی لیژنەکە دیاریکران.

لیژنەی چارەسەرکردنی سنوری نێوان تورکیا و عێراق ڕۆژی ١٩٢٤/١٢/١٦ گەیشتە بەغدا و ڕۆژی دوایی چووە موسڵ و دوای دوو مانگ گەڕان بە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا و وەرگرتنی بیروڕای خەڵکی ناوچەکە، ڕاپۆرتێکی ئاراستەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و داوای کرد ناوچەکانی خوار هێڵی برۆکسل[٣] بدرێت بە عێراق، بەو مەرجەی عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێردەستی بەریتانیادا بمێنێتەوە و حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق بەرژەوەندیی کورد بپارێزێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا و زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی لە خوێندن و نوسین و ئیدارە و دادگاکاندا کە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پرۆژەیەی پەسەند کرد و حکومەتی تورکیا دوای ململانییەکی زۆر سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٢٦/٦/٥ دادنی بە واژۆ کردنی پەیمانێکی سێ قۆڵی لەگەڵ عێراق و بریتانیا دانا. بەو پەیمانە بوو کە دوو پارچەی تریان لە کوردستان کردەوە، بەشێکیان دا بە سوریا و بەشەکەی تریشی

خرایە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، بەڵام ئەو دابەشکردنە جێی ڕەزامەندی کورد نەبوو و قەبووڵی نەکرد.

لە ڕەوتی ئەو ململانییە نێودەوڵەتییەدا شێخ مەحمودی حەفید ساڵی ١٩١٩ بە دژی دەسەڵاتدارییەتی ئینگلیز ڕاپەڕی و ڕۆژی ١٩٢٤/٩/١٤ خۆی وەک مەلیکی کوردستان ناساند، هێزەکانی ئینگلیز ساڵی ١٩٣١ بزووتنەوەکەیان لەنێو برد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەزاشا بە فێڵ سمایل ئاغای سمکۆ سەرۆکی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کوشت.

لە نۆڤێمبەری "تشرینی دووەم" ١٩١٩، کۆلۆنێل "بیل" حاکمی موسڵ لەگەڵ کاپیتان "سکۆت" حاکمی ئاکرێ گەشتێکی ناوچەی عەشیرەتەکانی سورچی و زێبارییان کرد و لەوێوە چوون بۆ ناوچەی بارزان. لە بارزان کۆلۆنێل هەڕەشەی لە شێخ ئەحمەد کرد و سەرانەیەکی زۆری خستەسەر سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە. لەبەر ئەوە سەرۆک هۆزەکانی سورچی و زێباری بڕیاریاندا بۆسەیەک بۆ کۆلۆنێل بیل و هاوڕێیانی دانێن. لە گەڕانەوەیاندا لە نزیک گوندی "بیرەکەپرە"، فارس ئاغای زێباری، بابەکر ئاغای زێباری خزمی نارده بارزان کە شێخ ئەحمەد ئەم پلانەیان پەسەند بکات و پشتیان بگرێ کە شیخ بەو مەرجە پەسەندی کرد کە هەموو لایەک بەرامبەر بەم کارە بەڵێنەکانیان بەجێ بگەیەنن، چونکە ئینگلیز بێگومان هەڵوێستی توند دەنوێنێ. ئەوە بوو کە شێخ ئەحمەد، شیخ محەمەد سدیقی برای نارده بیرەکەپرە تا لەگەڵ ئەواندا بەشداریی دەست وەشانەکە بکات و لە ئەنجامدا ڕۆژی ١٩١٩/١١/٤ کۆلۆنێل بیلیان کوشت.

ڕۆژی ١٩١٩/١١/١٤ ئەو هۆزانە پەلاماری شارۆچکەی ئاکرێیان دا و گرتیان و گەنجینەی شاریان تاڵان کرد، بەڵام لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی پارەکان، ناکۆکیان تێکەوت. شێخ ئەحمەد بەو کارەیان توڕە بوو، و ئەوی بە کارێکی مەترسیدار لە قەڵەمدا و گوتی: **(ئەگەر ئێوە لەسەر پارەیەکی کەم کە ئەمڕۆ لە ئاکرێ دستتان کەوتووە، بەگژ یەکتردا بچن، ئەی ئەگەر گەنجینەی موسڵتان دەستکەوێت، چیدەکەن؟)** ئەو بوو کە شێخ ئەحمەد فەرمانی بە بارزانییە چەکدارەکان دا بگەڕینەوە بارزان و ئاکرێ بەجێهێڵن. بەو بڕیارەی شێخ، هێزەکانی تریش ئاکرێیان بەجێهێشت.

دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە بەهاری ١٩٢٠دا، ئاسورییەکانیان لە باکوری کوردستانەوە هێنایە ناوچەی بادینان و لەوێ نیشتەجێیان کردن و دواتر هانیدان هێرش بکەنە سەر کوردەکان. لە ئەنجامدا، لە ناوچەی بارزان شەڕێکی قورس و خوێناوی لەنێوان ئاسورییەکان بەسەرۆکایەتی "پەترۆس" و بارزانییەکاندا ڕوویدا. لەو شەڕەدا یەکێک لە فەرماندەکانی بارزانیی بە ناوی "سەعیدی وەلی بەگ" شەهید بوو. لەم بارەیەوە سیسیل جۆن ئیدمۆندز لە کتێبی کورد تورک عەرەب دا دەڵێت: **(ئەوان بەچەشنی حوشتری داستانێک کە سەری لە خێوەت بردبووە ژوورەوە و دەیویست خاوەنەکەی دەربکات، دەیانویست بۆخۆیان جێی خەڵکی ئەو گوندانە بگرنەوە و بەهۆی بوونی ئەو کەمایەتییە ئایینی و ڕەگەزییەوە، دەزگای ئیداری ئینگلیز توندوتیژییەکی‌پتری بەنیسبەت ناوچە ئارامەکانی‌تر لێرە گرتبووەبەر[٤].)**

شێخ سەعیدی پیران سەرۆکایەتی بزووتنەوەیەکی کوردی باکوری کرد کە ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٨ لە ماڵی عەبدولرەحمانی برای شێخ سەعید لە گوندی پیران بە تێکهەڵچوونێک سەریهەڵدا. لەو تێکهەڵچوونەدا دوو ئەفسەری تورک بە ناوەکانی "حەسەن حوسێن ئەفەندی" و "مستەفا عاسم" و ١٥ ژاندارمی تورکیا کوژران. دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرکوتکردنی هێزی چەکداری کورد لە لەشکرەکانی ٢ و ٣ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٧ی پیادە و لەشکرەکانی ١و ١٤ ی سوارە و گوردانەکانی ٣ و ٤ ی ژاندارمە و بەشێک لە لەشکرەکانی ٧ و ٩ و ١٤ی پیادە و هێزی هەوایی کەڵکیوەرگرت. بەپێ ڕاگەیاندنی "ئیسماعیل هاکی" یەکێک لە بەشداربووانی بزووتنەوەکە، ژمارەی هێزەکانی دوژمن ٢٠٠ هەزار چەکدار بوون.

لە ڕەوتی ئەو بزووتنەوەیەدا، شێخ ئەحمەدی بارزان، مستەفا بارزانی وەک پێشمەرگەیەک لەگەڵ پۆلێک لە بارزانییەکان نارد کە هاوکاریی شێخ سەعید و خەباتکارانی باکور بکەن. هەروەها دەوڵەتی فەرەنسا بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوەیە، دەستی بەسەر سوریادا گرت و ڕێی بۆ سوپای تورکیا خۆشکرد کە بە خاکی سوریادا گەمارۆی کوردەکان بدات. جگە لەوە، دەوڵەتی تورکیا ٨٠٠٠ لیرەی تورکی بۆ گرتن، یان کوشتنی شێخ سەعید تەرخان کرد. شێخ سەعید، شێخ عەبدولا، شێخ غالب، ڕەشید ئاغا، محەمەد ئاغا، تەیمور ئاغا و ٢٦ کەسی تر، بەهۆی خیانەتی

"قاسم جبرانلی" کە یەکێک بوو لە ئەندامانی بزووتنەوەکە، لەسەر پردی "موراد چایی" بەدیل گیران و ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٣٠، شێخ سەعید و ٤٦ کەس لە سەرکردەکانی بزووتنەوە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە لە شاری دیاربەکر لە سێدارە دران.

لە عێراق، دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بە هاندانی ئینگلیزەکان ڕۆژی ١٩٢٨/٣/٩ ویستی ئاسورییەکان بەرێت لە ناوچەکانی برادۆست، ڕەواندز، ئاکرێ و دۆڵی نەهلە نیشتەجێیان بکات و بەرە بەرە یەهودییەکان و نەستورییەکانیش بەرێتە ناوچەی بارزان و بەهۆی ئەوانەوە بەسەر ئەو ناوچانەدا زاڵ بن. شێخ ئەحمەد هۆزی بارزانی دژی ئەو پلانەی ئینگلیز ئامادەکرد. جگەلە شێخ ئەحمەد و کوردەکان، عەرەبەکانیش ئەو هەڵوێستەیان بە مەترسییەکی گەورە بۆسەر ناوچەکانیان زانی. لەو پێوەندییەدا ژمارەیەک ئەفسەری کورد وەک: جەمال عارف، مەحمود جەودەت و لەنێو عەرەبەکانیشدا وەک مەهدی ئەحال و ژمارەیەکی تر، پشتیوانیان لە شێخ ئەحمەد کرد. هەڵوێستی شێخ ئەحمەد و پشتیوانیی کردنی ئەفسەرە کورد و عەرەبەکان، بە نێوبژیی کردنی خەلیل شەوقی و جەمال عارف و عەبدولڕەحمان ئەتروشی و کۆکردنەوەی ئێمزا لەلایەن سەرۆک هۆزە کوردەکانەوە و ئاراستە کردنی بۆ مەلیک فەیسەڵ و پەرلەمانی عێراق و هەروەها هەڕەشەی شێخ ئەحمەد لە دۆخی پێکهاتوو، هەوڵی دەوڵەتی ئینگلیز و عێراقی بۆ هێرش بردن بۆسەر ناوچەی بارزان پوچەڵ کردەوە. ئەم هەڵوێست و ئاکام وەرگرتنە و پاشەکشەی ئینگلیز و عێراق لەو پلانە.

لە هاوینی ١٩٣١دا، هۆزی برادۆست بە هاندانی ئینگلیزەکان، پەلاماری هۆزی شێروانیی ناوچەی بارزانیاندا و گوندەکانی "کرکاک، کۆلەل و بابکێ"یان تاڵان کرد و سوتاندیانن. لەو سەردەمەدا بارزانی سەردانی ئەو ناوچەیەی کرد و چەند کەسێکی کۆکردەوە و وەشوێن تاڵانچییەکان کەوت و ئەوانی لە دەشتی "هێرت" لە داو خست و پاش لێدانێکی کتوپڕ، ماڵ و ماڵاتی گوندە تاڵانکراوەکانی سەندەوە. ئەو پەلامار و تاڵان کردنانە دوو جاری تریش لە ڕۆژانی ١٩٣١/١١/٢٥ و ١٩٣١/١١/٢٧ دووپات کرایەوە، بەڵام تاڵانچییەکان بەتوندی شکان. پاش تێکشکانی برادۆستییەکان، قایمقامی زێبار "بلێ" بە ناوی حکومەتی عێراقەوە پێوەندی بە شێخ ئەحمەدەوە گرت کە حەز دەکات ناکۆکی نێوان برادۆستییەکان و بارزانییەکان نەمێنێ. شێخ ئەحمەد ئەو داخوازەی

حکومەتی قەبوولّ کرد. هەرلە ساڵی ١٩٣١ و ڕەوتی شۆڕشی یەکەمی بارزاندا، حکومەتی عێراق بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز پەلاماری سلێمانیاندا، شێخ ئەحمەد بە نامەیەک سەرۆک هۆزەکانی ئاگادارکردەوە کە یارمەتی شێخ مەحمود بدەن و بۆخۆشی هێزێکی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بۆ یارمەتیدانی شێخ ڕەوانە کرد. مەلا مستەفا بە دوو هێڵی "باڵەک"و "دۆڵی پیاو"دا بۆ یارمەتی شێخ مەحمود بەڕێکەوت. هەردوو هێز دوای تێپەڕین لە چەند کەمین، خۆیان گەیاندە سلێمانی، بەڵام بینییان ئینگلیزەکان شێخ مەحمودیان لە دەربەندی بازیان بەدیل گرتووە و شۆڕش تێکچووە. مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ بارزانو لەژێر فەرمانی شێخ ئەحمەددا درێژە بە پێشمەرگایەتیدا. ئەم جارەیان، سوپای عێراق ڕۆژی ١٩٣١/١٢/٩ لە سەربازگەی "بلێ"وە هێرشی کردە سەر گوندی بارزان و لە ئەنجامدا شیخ ئەحمەد لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستا و هێزی دوژمن شکا، تا ڕۆژی ١٩٣٢/٢/١٩ بە هێزێکی پۆشتە و بە هاوکاریی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئینگلیز سەرلەنوێ پەلاماری گوندی بارزان و گوندەکانی دەوروبەریان دایەوە. بە نوسینی "عەبدولعەزیز عوقەیلی" لە کتێبی "یەکەم پەلاماری سەربازیی"، حکومەتی عێراق بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی R.A.F ی ئینگلیز ڕۆژی ١٩٣٢/٢/١٩ پەلاماری گوندی بارزان و گوندەکانی دەوروبەری دا. لە درێژەی ئەو پەلاماردانەدا کە "عەقید حاجی سڕی ئەحمەد" سەرۆکایەتی دەکرد، ڕۆژی ١٩٣٢/٤/٣ لە گوندەکانی "مامیسک، ژاژۆک، ڤاژی، بیرسیاف، بنی بیاو، کۆرکی و بانی" لە نێوان مێرگەسور و شێرواندا، شەڕێکی سەخت بەڕێوەچوو. لەو شەڕەدا حکومەت جگە لە ژمارەیەکی زۆر بریندار، ٢٥٣ کەسی لێکوژرا و ژمارەیەکیش لە لایەن بارزانییەکانەوە بەدیل گیران. لە بارزانییەکانیش ١٢ کەس بەم ناوانەی خوارەوە شەهید و ٣٤ کەسیش بریندار بوون: عەبدولّا میرخان مێرگەسوری، چاوشین کوورانی، حوسێن محەمەد هۆستانی، بابەکر بێخشاشی، شەریف کانی دێری، عەزۆ سپیندارى، محەمەد کۆری مامیسکی، مستەفا حەیدەری دۆڵەمەر، خدر خەرەجی، مەلا سەلیم کۆرکەیی، ئیبراهیم شاوەلی کۆرکەپی، شیخ وەسمان دۆڵەمەری.

لە بەردەوامیی ئەو شەڕ و پەلاماردانانە و هەرەشەی توندی ئینگلیزەکاندا، شێخ ئەحمەد هەموو لێپرسراوانی هۆزی بارزانی وەکوو: "وەلی بەگ، خەلیل خۆشەوی،

ئەحمەد نادر، عەبدوڵا کرکەمۆیی و حەسەن محەمەد ئەمین"ی بانگ کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٣٢/٦/١ بەڕێوەچوو، بڕیاریاندا ژمارەیەکیان بە خێزانەوە ناوچەی بارزان بەجێهێڵن و پەنا بۆ تورکیا بەرن کە بە هاودەنگی لەگەڵ تورکیا، ڕۆژی ٢١ و ١٩٣٢/٦/٢٢ چوونە نێو خاکی تورکیا، بەڵام حکومەتی تورکیا لە بەهاری ساڵی ١٩٣٣دا شێخ ئەحمەدی گرت و دایەوە بە حکومەتی عێراق و مستەفا بارزانی و شەڕکەرەکانی بارزان، خاکی تورکیایان بەجێهێشت و خۆیانگەیاندەوە ناوچەی بارزان و لە چیای شیرین و ناوچە سەخت و شاخاوییەکاندا خۆیان حەشاردا. حکومەتی عێراق نەیدەویست شەڕیان لەگەڵ بکات و هەوڵیدا کە ئەو ژمارەیە بگەڕێنێتەوە گوندەکانیان، بەڵام ڕایانگەیاند تا شێخ ئەحمەد نەگەڕێتەوە بارزان، ئەوانیش ناگەڕێنەوە. لە ئەنجامدا حکومەتی عێراق لە کۆتایی مانگی ئاوگۆستی ١٩٣٣دا، شێخ ئەحمەدی بە ڕێگەی هەولێر و مێرگەسوردا گەڕاندەوە بارزان.

دوای ماوەیەک، حکومەتی عێراق داوای لە شێخ ئەحمەد کرد سەردانی موسڵ بکات کە شێخ چوو. بە دوای ئەودا مستەفا بارزانیی و دواتریش شێخ محەمەد سدیق و شێخ بابۆ و منداڵەکانی شێخ عەبدولسەلام و هەموو خێزانەکانیان برد بۆ موسڵ. بە دوورخستنەوەی شێخانی بارزان لە ناوچەکە و ڕاگرتنیان لە موسڵ، هێمنی گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و ئەم جارە حکومەت ویستی چەند سەرکردەی بارزانی بگرێت کە خەلیل خۆشەوی و ئەحمەد نادر و عەبدوڵا کرکومۆیی ڕایانکرد و پەنایان بۆ چیاکان برد. حکومەت بۆ گرتنی ئەو ژمارەیە خەڵاتی دیاریکردو سەرئەنجام لە فیبرواری "شوبات"ی ساڵی ١٩٣٦، خەلیل خۆشەوی و چەند هاوڕێیان شەهید کردن. هەروەها لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٣٦دا موتەسەریفی موسڵ، مستەفا بارزانی بانگ کردە داییرەکەی خۆی و لەوێ ژەهری بۆ لەنێو قاوە کرد کە بارزانی بەشێوەیەکی سەرسۆڕهێنەر لە مردن ڕزگاریبوو و پاش دوو هەفتە و بەیارمەتی شێخ عەجیل یاوەری سەرۆک هۆزی شەمەر و بنەماڵەی کەشمولە و عەباوی، تەندروستی بۆ گەڕایەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ دا حکومەتی عێراق، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بانگهێشتکراوەکانی بۆ موسڵ، گواستەوە بۆ بەغدا. ئەوە هەلێکی باشبوو بۆ پێوەندیی نێوان شێخ ئەحمەد و

مەلا مستەفا لەگەڵ شێخ مەحمود، بەڵام حکومەت گومانی لەو پێوەندییە کرد و شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لە بەغداوە دوورخستەوە بۆ ناسریە[٥].

ساڵی ١٩٣٩ کە جەنگی دووەمی جیهان هەڵگیرسا حکومەتی عێراق، شێخ ئەحمەد و خێزانەکانی لە ناسرییەوە گواستەوە بۆ ئاڵتون کۆپری و کفری و دوای ماوەیەکی کورت بردنی بۆ سلێمانی. شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لە سلێمانی ئازادیی پتریان دەستکەوت و توانیان تێکەڵاوییەکی زۆر لەگەڵ خەڵکی سلێمانی پەیدا بکەن و سەرلەنوێ پێوەندیی بە بارزانییەکانەوە بگرن و دیداریان لەگەڵ پێک بهێنن.

١- ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆ پەیمانێکی نهێنی بوو لەنێوان بریتانیا و فەرەنسادا کە بە هاودەنگیی لەگەڵ ڕوسیا بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهان دا لە مانگی مای ساڵی ١٩١٦ واژۆ کرا. لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتنەدا، عێراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین و ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەستی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو، بەشکرا و بەو پەیمانە کوردستان لە دوو بەشەوە بوو بە چواربەش. ئەو پەیمانە لە دوو ناوی مارک سایکسی بریتانیایی و فەرەنسوا ژرژ پیکۆ فەرەنسیی پێشکەشکەری ڕێککەوتنەکە وەرگیراوە

٢- بەندی ٦٢: لیژنەیەک لە سێ ئەندامی دیاریی کراوی حکومەتەکانی بریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا لە شاری ئەستەمبوڵ پێکهات. ئەم لیژنەیە دەبووایە لە ماوەی شەش مانگ پاش مۆرکرانی ئەم پەیمانە، پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانە دابنێت کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی فوڕات و خوار سنوری خواروی ئەرمەنیا – کە دواتر بڕیار دەدرێ، لەگەڵ باکوری سنوری تورکیا لەگەڵ سوریا و وڵاتی میزوپۆتامیادا.

٣- هێڵی برۆکسل: پاش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەیەکی لە برۆکسل پێکهێنا بۆ کێشانی سنور لە نێوان تورکیا و عێراق. دوای پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تری لە سێ ئەندام بەناوەکانی: ئا.ف. ڤێرسۆن A.af. wnrsen لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئا. پاولس A. Pauli لە بلژیک، دامەزراند و ئەرکی ئەو لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو لە کێشەی سنوری نێوان تورکیا و عێراق.

٤- کورد تورک عەرەب، سیسیل جۆن ئیدمۆندس، وەرگێڕانی حامید گەوهەری لاپەڕەی ٥٠٨.

٥- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، مەسعود بارزانی، لاپەڕەی ٥٤، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

دەرچوونی مستەفا بارزانی لە سلێمانی

هەروەکوو لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان مستەفا بارزانی لە سەرەتای منداڵییەوە بەشێوەیەکی نەخوازراو، تێکەڵاوی سیاسەت و پێشمەرگایەتی و ڕووداوەکانی ناوچەی بارزان و کوردستان بووە. شەڕی هۆزە کوردە بەکرێگراوەکان، شەڕی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی عێراق، تورکیا، ئینگلیز و هەروەها پەنابردنی بۆ چیاکان، دەرمانخۆر کردنی و دەستبەسەر کردنی و دوورخرانەوەی لەلایەن دوژمنانەوە، بەشێک بوون لە ژیانی مێرمنداڵی و لاوەتی مستەفا بارزانی کە هەرکامەیان وەک زانکۆیەک یارمەتیان کردوە لە پەروەردە کردنی و گەیاندنی بە پلەی پێشمەرگایەتی و سەرۆکایەتی کردنی نەتەوە و نیشتمانیی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموون وەرگرتنی لە ئامۆژگارییەکان و هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانەی شێخ ئەحمەدی برای کە خوێندنگەی پەروەردەیی خوێندنی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بووە لەگەڵ ئەزموون وەرگرتنی لە کرداری مرۆڤانەی سەرکردەکانی ئەو سەردەمی کوردستان، لەوانە: شێخ عەبدولقادر، شێخ مەحمود و شێخ سەعید و ...تد، مستەفای بارزانی گەیاندە پلەیەک کە لە بوارەکانی سەداقەت و ڕاستگۆیی، نیشتمانپەروەریی و نەتەوەدۆستیی، چاونەترسی و ئەزموونی زۆری جەنگی و سیاسیی، قورسایی و گرنگایەتی بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوێت. هەرکە لە سلێمانی هەستی بە هەندێک ئازادیی کرد، لە کۆمەڵەی هیوا کە ساڵی ١٩٣٩ بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی لە سلێمانی دامەزرابوو، نزیک بۆوە. گەورە پیاوانی سلێمانی بەسەر کردەوە و سەرلەنوێ پێوەندی بە ئەندامانی هۆزی بارزانەوە گرت و بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ بارزان. بەم مەبەستە لە مانگی مای "ئەیار"ی ١٩٤٣ بە یارمەتی ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا و کوردانی نیشتمانپەروەری سلێمانی توانی سلێمانی بەجێهێڵێت و لەگەڵ دوو کەس بە ناوەکانی "مستەفا عەبدولا ئاکرەیی" و "سلێمان سور" خۆی بگەیەنێتە سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم بارەیەوە بارزانی بۆخۆی دەڵێت: **(کاتی ماڵئاوایی کردن لە شێخ ئەحمەد، داوام لێکرد کە هەندێ ئامۆژگاریی پێویستم بکا، فەرمووی کاتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ خەڵک، ئاگاداری حەق و ڕاستی بە. هەرگیز لەخۆ بایی بوون نەچێتە دڵتەوە. هەتا دڵنیا نەبی لە سەرکەوتن و هەتا بۆت**

دەکرێ خۆت لە لێکدان لەگەڵ حکومەت بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستیان دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە[1].)

بارزانی بە بەرگی مەلایەتییەوە چوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەیشتە ناوچەی شنۆ. ژمارەیەک لە بارزانییەکان لە دەست ڕاوەدوونانی پۆلیسی عێراق، لە ناوچەی بارزان ڕایانکردبوو، و بە یارمەتی کاک مامەند ئاغای گوندی "کویچ" سەرۆکی دەستەی قادری لە هۆزی مامەش لەوێ دەژیان. بارزانی لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە دیوەخان دانیشتبووم، قەرەنی ئاغای مامەش- مەبەست لە قەرەنی ئاغای پیرانە. نوسەر- هات و هەواڵی ڕاکردنی منی لە سلێمانییەوە بە کاک مامەند ڕاگەیاند و گوتی هەرکام لە حکومەتەکانی عێراق و ئێران خەڵاتێکی پەنجا هەزار دیناریان داناوە بۆ هەرکەسێ کە مەلا مستەفا بە زیندوویی یان بە مردوویی بگرێت. داوای لە مامەند ئاغای کرد ئەگەر من بە ناوچەی ئەودا تێپەڕیم، ئەو دەرفەتە لەکیسی خۆی نەدات. دیاربوو قەرەنی ئاغا منی نەدەناسی. کاک مامەند وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەوە ئابرووچوونە بۆ هەرکەسێ بیرلە شتی وا بکاتەوە، ئەو کەسە هێشتا لە دایکی خۆی نەبووە کە بتوانی بارزانی بگرێ[2].)**

بارزانی و هەڤاڵانی لە شنۆوە بە ڕێگەی کێلەشین دا خۆیان گەیاندە مێرگەسور و لەوێوە چوونەوە بۆ بارزان. بە گەڕانەوەی بارزانی جەژن و شادی هەموو ناوچەکەی داگرت. لاوەکان پۆل پۆل گەیشتنە لای و بە دوو هەفتە ژمارەیان گەیشتە ٧٥٠ کەس کە هەندێکیان چەکیان هەبوو و ئەوانی تریش بێچەک بوون. لەم بارەیەوە کازم مستەفا ئومەر شانەدەری یەکێک لە هەڤاڵانی مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت، لە وتوێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(هەرکە بارزانی گەڕایەوە ناوچەی بارزان، سەرەتا ئەم خەباتکارانە لەگەڵی کەوتن: محەمەد ئەمین میرخان، ڕەشۆ مەلا، میرزا ڕەشۆ، محەمەد عیسا، حەسۆ محەمەد کەکشان، حەسەن مەلا محەمەد کە هەموویان مێرگەسوری بوون لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی، شەریف لەشکری، عومەر عەبدوڵا، شێخ یەزدین محەمەد، عەلی بەگ سەعید، حوسێن جرگیس، شینۆ حوسێن جەرگیز، عەبدوڵا حوسێن جرگیس، ئارەب قەتران سێلکی، تەیمەز ئارەب قەتران، ڕەشید حەمۆ حاجی و ژمارەیەکی تر. بە گشتی لە ماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٦٠٠-**

٧٠٠ کەسی لەگەڵ کەوت کە جگەلە چەند کەسیان، ئەوانی تر بێچەک بوون و بە خەنجەر و داس دەچوون بۆ چەککردنی پۆلیسخانەکان.)

دەرچوونی مستەفا بارزانی لە سلێمانی و گەڕانەوەی بۆ بارزان لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا دەنگی دایەوە و هەرکامەیان بە جۆرێک لە ئازایەتی بارزانی دوان. دوو ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز و هێراڵد تریبوون" مستەفا بارزانییان بە شەڕکەر و پاڵەوان ناساند. محەمەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی مێژوویی هۆزی بارزان، دەڵێت: **(مستەفا بارزانی پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو. زمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی باش دەزانی و ئاشنایی لەگەڵ زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی هەبوو. کەسایەتییەکی دروستکار و ڕاست بێژ بوو. بەبێ پێچ و پەنا و بە ڕاشکاوی قسەی دەکرد. باوەڕی زۆری بە نەتەوەکەی هەبوو. تێگەیشتوو، و بە مەنتقەوە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبۆوە و تا ئەو جێیەی بۆی بکرایە، دەیویست کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکات[٣].)**

١- مەسعود بارزانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ٥٨، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٩,

٣- دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی مێژوویی هۆزی بارزان، محەمەد عەلی سوڵتانی، لاپەڕەی ٥٩.

مستەفا بارزانی و شۆڕشی دووەمی بارزان

دوای گەڕانەوەی بۆ بارزان، مستەفا بارزانی سەرەتا خۆی لە لێدانی حکومەت پاراست و چوو گوندەکانی "پیرەساڵ، سەکۆ، کانی دێر، لێرەبیر، سێلکی، موکا دێزۆ، سپینداری، دۆڵی و...تدی" بەسەر کردەوە و لەگەڵ ڕێکخستنەوەی بارزانییەکان و دۆزینەوەی چەند تفەنگێک کە پێشتر بە دوای شۆڕشی یەکەمی بارزان، لە ساڵی ١٩٣٢دا شاردبوویانەوە، بە وتەی عەبدوڵا حوسێن جەرگیس کە لەگەڵ باوک و برایەکی لە سەرەتاوە لەگەڵ بارزانی کەوتبوون، **(مەلا مستەفا بە بارزانییەکانی ڕاگەیاند کە چەک بکڕن.)** بارزانی دوای پڕچەک کردنی چەند کەسێک لە هەڤاڵانی، بە پرۆگرامێکی ورد و لەناکاو. ڕۆژی ١٩٤٣/١٠/٢ بنکەی پۆلیسی "شانەدەر" و دواتریش بنکەی پۆلیسی "ڕێزان"ی چەککرد.

دوای چەککردنی بنکەکانی شانەدەر و ڕێزان، بەرپرسی بنکەکانی پۆلیس لە ناوچەکەدا بۆ پاراستنی گیانی خۆیان لە هێرشی شۆڕشگێراندا، بۆخۆیان دەیاننارد بە دوای بارزانیدا کە بچێ و بنکەکەیان لێوەربگرێت. ئەوە بوو بنکەی گوندەکانی: بیرەکەپران، تێل، مێرۆز، ئەرگوش، سێرک، کانی بۆتێ، بێدارون، زێت، شێروانی مەزن، چەمێ، کانی ڕەش و خێرۆزۆک لە ماوەی چەند ڕۆژدا چەککران و ژمارەیەکی زۆر تفەنگ کەوتە دەست شۆڕشگێڕەکانەوە. بە وتەی تەیمز ئارەب سێلکی و عەبدوڵا حوسێن جەرگیس لە چەککردنی قشڵەی کانی ڕەش، شۆڕشگێرێک بەناوی خەلیل ئەمەر مێروزی شەهید بووە.

سوپای عێراق، دوای چەک بوونی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، نزیکەی ٥٠٠ چەکداری نارده بنکەی شێروانی مەزن و بەهێزی کرد کە پێش بە چەک کردنی بگرێت، بەڵام کاتێک ئەو چەکدارانە گەشتنێ، دیتیان بنکەکە چەک کراوە. لەبەر ئەوە ڕۆژی ١٩٤٣/١٠/١٢ چوون بنکەی "خێرۆزۆک" بپارێزێن کە لەوێ لە کەمینی هەڤاڵانی بارزانی کەوتن و زیاتر لە ١٥٠ چەکداریان لێ کوژرا. لەو شەڕەدا شۆڕشگێرێک بەناوی محەمەد ئاکرەیی ناسراو بە محەمەد ئەفەندی برینپێچ، شەهید بوو. دەربارەی شەڕی خێرۆزۆک، تەیمز ئارەب سێلکی لە وتوویژێکی ڕاستەخۆدا پێی گوتم: **(کاتێک قشڵەی**

خێرۆزۆک چەککرا، مەلا مستەفا بە فەرماندەی پۆلیسەکانی گوت، خەبەر بدە یارمەتیتان بۆ بێت و ئەویش بە بێتێل خەبەری دا و ئەوانیش هاتن و کەوتنە کەمینی ئێمەوە و چونکە ئامادە نەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن، تەقەمان لێکردن. بەشێکیان ڕایانکرد و پەنایان بۆ قشڵەکە هێنا کە لەوێ بەدیلمان گرتن و ئەوانی تریش کوژران و بریندار بوون. بارزانی بە دیلەکانی گوت ئەگەر دەتانەوێ لەگەڵ ئێمە بن، ئەگەرنا دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانتان و ئیزنی بە حکومەتیش دا کە تەرمی کوژراوەکان بەرنەوە کە خەڵکی ناوچەکە تەرمەکانی بۆ گواستنەوە مێرگەسور.)

دوای شەڕی خێرۆزۆک، ناوچەکە بۆ چەند ڕۆژێک ئارام بوو کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی زۆر و پڕچەک هات بنکەی شێروانی مەزن بگرێتەوە. بنکەی شێروانی مەزن لە سنوری باکوری کوردستان، خاوەن ستراتیژی سەربازیی بوو. لە ئاکامی ئەو هێرشەی دوژمندا، شۆڕشگێرەکانی سەربە حەمەدەمین میرخاس بەرەنگاری بوونەوە و سەرەڕای تێکشکاندنیان، بنکەی گۆڕەتووشیان ڕۆژی ١٩٤٣/١١/٦ چەککرد.

ڕۆژی ١٩٤٣/١١/١٠ بنکەی پۆلیسی "مەزنە" کەوتەبەر پەلاماری هەڤاڵانی بارزانی و چەککرا و بەدوای چەککردنیدا شەڕێکی خوێناوی لێکەوتەوە. لەو شەڕەدا دوژمن بۆ ڕزگارکردنی چەکدارەکانی لە فڕۆکە کەڵکیوەرگرت. دەربارەی شەڕی مەزنە، عەبدوڵا حوسێن جەرگیس و تەیمز عارەب سێلکی لە وتوێژێکی ڕاستەوخۆدا گوتیان: **(دوای چەککردنی قشڵەی مەزنە، حکومەت هێرشی کرد و ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا. دوای ئەوە، فڕۆکە هات، بەڵام نەیتوانی زیان بە ئێمە بگەیەنێت. کەلاکێکی زۆری دوژمن لە مەیدانی شەڕەکە مابوو کە مەلا مستەفا ئیزنیدا کەلاکەکان بەرنەوە و ئەوانیش کەلاکەکانیان بە خەڵکی ناوچەکە بردەوە.)**

لێوەشاوەیی بارزانییەکان لەو شەڕانەدا لەلایەک دوژمنی شپرزە کرد و لەلایەکی تردا لە ماوەی دوو مانگدا ژمارەی شۆڕشگێڕانی گەیاندە پترلە دوو هەزار کەس. حکومەت هەموو چەککراو و ڕزگاربووەکانی لە سێ بنکەی بارزان، "بلە- بلێ" و "مێرگەسور" کۆکردبۆوە. بارزانی لە پڕۆگرامیدا بوو کە ئەو سێ بنکەیەش چەک بکات کە نوری سەعید داوای وتوێژی لێکرد. بارزانی بەم مەرجە قەبووڵی کرد کە شەڕ ڕابگرێت و لەگەڵ حکومەت وتوێژ بکات کە لە یەکەم هەنگاودا، حکومەت شێخ

ئەحمەد و هەموو دوورخراوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکەیان کە نوری سەعید قەبووڵی کرد.

وتوێژی مستەفا بارزانی و نوری سەعید: بەم بۆنەیەوە لە ڕۆژی ١٩٤٣/١١/٢٩، لە نێوان مستەفا بارزانی و حکومەتی عیراق دەست بە وتوێژ کرا. شێخ ئەحمەد و دوورخراوەکان بە سەربەرزییەوە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان. بۆ دەستپێکردنی وتوێژ، بارزانی ئەم هەشت خاڵانەی خوارەوەی لە گەڵاڵەیەکدا گونجاند و ئاراستەی کرد کە نوری سەعید پەسەندی کردن و بڕیاری جێبەجێکردنی داواکارییەکانی دا:

١- دەرکردن و گواستنەوەی ئەو موچەخۆرانەی بە بەرتیل خواردن و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ناسرابوون.

٢- ڕێکخستنی ویلایەتی کوردستان لە لیواکانی "کەرکوک، سلێمانی، هەولێر" و قەزا کوردییەکانی لیوای موسڵ "دهۆک، ئاکرێ، شێخان، شەنگار، زاخۆ و ئامێدی لەگەڵ هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە".

٣- زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی بناسرێت.

٤- بۆ هەموو وەزارەتەکان یاریدەدەرێکی کورد و هەروەها وەزیرێکی کورد دابنرێت.

٥- وەزیرێکی کورد لە وەزارەتدا، بەرپرسایەتی ویلایەتی کوردستانی لە ئەستۆ دەبێت.

٦- قەرەبووی زیان لێکەوتوانی کوردستان بکرێتەوە.

٧- دروستکردنی خوێندنگە و نەخۆشخانە و کردنەوەی ڕێگە و ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکان.

٨- کاروباری سوپایی و دارایی و دەرەوە تایبەت دەبێ بە حکومەتی ناوەندیی.

تێکچوونی وتوێژ و سەرهەڵدانەوەی شەڕ: بەرلە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، نوری سەعید و کابینەکەی ڕۆژی ١٩٤٤/٦/٣ دەستیان لەکار کێشایەوە و پاچەچی کابینەی نوێی دامەزراند و ڕایگەیاند: **(من بەرپرس نیم لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کابینەی نوری سەعید.)** بە نوسینی حەسەن ئەرفەع سەرۆکی ئەوکاتی ئەرکانی سوپای ئێران لە کتێبی کوردەکان، دوای دامەزراندنی کابینەی پاچەچی، لە سەرەتای مانگی

ئاوگۆستی "ئاب"ی ١٩٤٥، زنجیرەیەک وتوویژ لەنێوان کوردەکان و ئەفسەرانی ئینگلیزی بە سەرۆکایەتی "ماژور موور" کاپیتان "ستاک" ئەنجامی گرت. ئینگلیزەکان هەڕەشەیان لە بارزانی و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد کرد و گوتیان دەست لە هەڕەشەی شەڕی چەکدارانە هەڵگرن و بچن بۆ باشوری عێراق، ئەگەرنا جگەلە کوردستان لە هەر جێیەک دەتانەوێ نیشتەجێ بن، بەڵام بارزانی ئەو پێشنیازەی قەبووڵ نەکرد، لەبەر ئەوە دەوڵەتی عێراق بڕیاریدا لە بەرامبەر بارزانییەکاندا توندوتیژیی زیاتر بەکار بهێنێت[1] لە ئاکامی ئەو هەڕەشەیەی ئینگلیزەکاندا بوو کە سەرلەنوێ لە ١٩٤٥/٨/٢٥ شەڕ دەستی پێکردەوە و تا ١٩٤٥/١٠/١١ بەردەوام بوو. ئەو بزووتنەوەیە کە بە شۆڕشی دووەمی بارزان ناسرا، لە زاخۆوە تا سلێمانیی و خانەقینی گرتەوە و بارزانی ناوچەی بارزانی کرد بە مەڵبەندی ڕوشنبیریی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد و چەندان هەزار کوردی مەدەنی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سوپای عێراق و بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا چوونە ڕیزی شۆڕشی بارزانەوە و بە ئەزموونی خۆیان شۆڕشەکەیان دەوڵەمەند کرد.

بەرلە ساڵی ١٩٤٥، شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکانی کورد بە تێکڕا ناوچەیی بوون و لەلایەن سەرۆک عەشیرەت و شێخ و مەلاکانەوە سەرۆکایەتی دەکران، بارزانی لە یەکەم هەنگاودا، بە دامەزراندنی پارتی ئازادی "لیژنەی ئازادی" و داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بزووتنەوەی عەشیرەتی و ناوچەیی بەرەو خەبات و بزووتنەوەی کوردستانیی و حیزبیی و بە کۆمەڵ و خاوەن پرۆگرام پاڵ پێوەنا.

پارتی ئازادی کوردستان: لە ڕەوتی شۆڕشی دووەمی بارزان دا و بە دوای ڕاگرتنی شەڕ بۆ وتوویژ، ژمارەیەکی زۆر خوێندەوار لە بوارە جیاوازەکانی ئیداریی و سەربازییدا هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە. لەبەر ئەوە مستەفا بارزانی بیری لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی کردەوە کە بزووتنەوەی بارزان لە ناوچەییەوە بگۆازێتەوە بۆ شۆڕشێکی سەرتاسەریی بە ستراتیژیی کوردستانی کە دەسەڵاتی بزووتنەوەکە لە سەرۆکایەتی کردنی تاکەوە بەرەو سەرۆکایەتی بەکۆمەڵی حیزبیی بەرێت. بەم بۆنەیەوە بارزانی بڕیاریدا پارتییەکی سیاسیی دامەزرێنێت و دەسەڵاتی بڕیاردان و

جێبەجێکردنی شۆڕش بە ڕێبەرانی ئەو پارتە بسپێرێت. بەو بیرۆکەیە، چوار مانگ و بیست ڕۆژ بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ، لە ڕۆژی ١٩٤٥/١/١٥دا بە بەشداریی عیزەت عەبدولعەزیز ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی ئامێدیی، مستەفا خۆشناو ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی بێتواتە، عەبدولحەمید باقر ئەندامی عەشیرەت خەڵکی خانەقین، محەمەد مەحمود قودسی ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی سلێمانیی، ئەحمەد ئیسماعیل خەڵکی هەولێر، شەوکەت نوعمان خەڵکی ئامێدیی، حەفیزوڵا ئیسماعیل خەڵکی ئاکرێ، پارتی ئازادی "لیژنەی ئازادی" دامەزراند[١].

بە نوسینی ژەنەڕاڵ حەسەن ئەرفەع لە کتێبی کوردەکان دا، پارتی ئازادی داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کرد و ئەم خاڵانەی خوارەوەی لە پرۆگرامەکەیدا گونجاند:

١- پێکهێنانی دۆستایەتی و هاوکاری لەنێوان هۆزی بارزان و هۆزەکانی دراوسێ و هەموو هۆزە کوردەکانی تر لە عێراق.

٢- پاراستنی بێلایەنی و دابینکردنی ئاسایش لە کوردستانی عێراق بە ڕێگای خەباتی سیاسییەوە.

٣- دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە ناسیونالیستەکانی کورد.

٤- ئاراستەکردنی ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد بە نوێنەرانی دەوڵەت.

٥- خەباتی ڕاگەیاندن و تەبلیغات.

٦- خەبات دژی سیاسەتی کۆنەپەرستانە و چەوسێنەرانەی دەوڵەتی عێراق.

٧- دابینکردنی کەلوپەل و کەرەسە و پێداویستییەکانی جەنگی بۆ هێزە چەکدارەکانی کورد[٢].

پارتی ئازادی لە یەکەم هەنگاودا بەرپرسایەتییەکانی دابەشکرد و بۆ وەڵامدانەوە بە هێرش و پەلامارەکانی دوژمن، خۆی ئامادە کرد. بە گوێرەی ئەو پڕۆگرامە، ناوچەکانی جێی مەترسی کە هەڕەشەی دوژمنیان لەسەر بوو، بەشێوەی خوارەوە ڕێکخست:

١- مستەفا خۆشناو کرا بە فەرماندەی باسکی ڕۆژهەڵاتی ناحیەی مێرگەسور و برادۆست و محەمەد مەحمود قودسی کرا بە جێگری.

٢- عیزەت عەبدولعەزیز کرا بە فەرماندەی ڕۆژئاوای ناحیەی ئامێدی و عەبدولحەمید باقر کرا بە جێگری.

٣- شێخ سلێمان برای مستەفا بارزانی کرا بە فەرماندەی باسکی باشوری ناحیەی ئاکرێ.

مستەفا بارزانی هەوڵی بەرفرەوان کردنی شۆڕشی لە پڕۆگرامی خۆیدا گونجاند و بەم بۆنەیەوە بە نامە پێوەندی بە کۆمەڵەی هیوا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی عێراق و سەرۆک هۆزەکانی کوردستانەوە گرت و داوای لێکردن پشتی شۆڕش بگرن. بە گوێرەی ئەو پرۆژەیە، پارتی ئازادیی پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەی هیوا لە سلێمانیی و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە مهاباد و چەند ڕێکخراوی مەدەنی و ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکان دامەزراند. ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە گۆڤاری نیشتماندا، ناوی "قاعدی گەورەی کورد"یان لە مەلا مستەفا بارزانیی نا و بەو نامەیەی خوارەوە ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکارییکردن لەگەڵ بارزانیی و شۆڕشی بارزان ڕاگەیاند:

بۆ جەنابی زەعیمی ئازادی مەلا مصطفی بارزانی

بژی کورد و کوردستانی گەورە

بە ناوی هەیئەتی کۆمەڵەی ژ. ک لە شاری ئا- خ لە پاش زانینی دەنگوباسی شۆڕشی ئازادی موقەدەسی ئێوە ئەم موخابەرەیە ئەکەین هیوامان وایە بە تەفصیل وەڵاممان بدەنەوە:

١- لەپێش هەموو شتێک تەبریکی زەعیم و لەشکری ئازادی کوردستان دەکەین کە زاڵ بووە بەسەر دوژمندا.

٢- بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەو عاطیفە جوانەی کە بەرامبەر ئێوەمان هەیە و شعوری برایەتی، کوردایەتی، یەکێتیی یارمەتییەکی عەمەلی و فیعلی بێ باش وایە ئەم مەعلوماتەی خوارەوە بزانی، چونکە خۆمان تەقدیری مەوقیفی ئەمە دەکەین بەرامبەر بە مەسئولیەتی دوەل.

٣- براعەتی ئەورەی ئێوە چییە، ئایا ئیدعای ئازادی کوردستانی عێراق دەکەن وە یاخود هەموو کوردستانی گیتی وە ضیمنەن کوردستانی تورکیا.

٤- مەوقفی ئێوە بەرامبەر سیاسەتی ئەجنەبی لە عێراق دا چییە و ئەگەر هاتو لە طەرەف ئەم سیاسەتە تەهدید وە یاخود ئیقناع کران ئەورە ڕادەوەستێنن وە یاخود دەوام دەکەن.

٥- ڕەئی ئێمە ئەوەیە کە ئەورەی موقەدەسی ئێوە ناوێکی عمومی وەربگرێ یەعنی ئیدعای ئازادکردنی هەموو کوردستان بکەن وە بۆ ئەمە دەبێ کوردی گیتی بە مشوەرەت تەعاونتان لەگەڵ بکا وە لەژێر قیادەی ئێوە لەشکرێکی کوردی لە هەموو کوردی گیتی تنظیم بکرێ بۆ ئەوەش دەبێ ئامادە بن لە عقدی موئتەمەرێک لە حاڵی حازر لە ئێوە و هەیئەتی ئیستیشارەی ئێوە و هەیئەتی ئیستیشارەی ئێمە تەنزیم بکرێ و جێگە و زەمان تەعین بکرێ بۆ ئەم موئتەمەرە چ لە ئەرزی عێراق چ لە ئەرزی کوردستانی ئێران لەم موئتەمەرە هەموو مطالبی کورد بەشکڵی پەیمانێکی میللی تەعین بکرێ وە لە طرف هەموومان ئیمزا دەکرێ وە لەم موئتەمەرەدا میزانی عەسکەری تەعین دەکرێ وە واجیباتی هەموو لایەک تەعین دەکرێ.

٦- پێویستە مەوقیفی حەربی خۆتان لەگەڵ مەوقیفی حەربی دوژمن بۆمان مفەصەلەن وە بە دیققەت تەعین بفەرمون لەگەڵ مەوقیفی عەشایری کوردی عێراق بەرامبەر ئێوە.

٧- بۆ ئازدبوونی کوردستان دەبێ سیاسەتی یەک لە دوەلی موعەظەمە لەگەڵمان بێ بە ڕەئی ئێمە ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی شۆرەوییە. ڕای ئێوە بەم خصوصە چییە چونکە نابێ علی الحیاد بین لەگەڵ هەموو دەوڵەتان.

٨- لە هەمووی موهیمتر پێویستە بە صورەتێکی موستەعجەل ئیجتیهادی خۆتان بەیان بکەن بە خصوصی ڕای ئینگلیز بەرامبەر ئەورەی ئێوە و گفتوگۆیان لەگەڵ ئێوە چییە چونکی ئێمە ئەزانین بە تەحقیقی نابێ ئینگلیز لەم ئەورەیە بێ دەخل بێ.

٩- ئێوە زەعیمێکی ئازدپەرستن هیچ نەبێ موکافەحەی زوڵم ئەکەن بۆ عەشیرەتی خۆتان وە کوردی ئێران بە ڕوحی برایەتی کوردایەتی زۆر ئیشتیاقی هەیە بۆ موەفق بوونی ئێوە بە هەرچ نەوعێک ببێ وە ئامادەیە بۆ یارمەتیی ئێوە بە گوێرەی مسامەحەی زروفی سیاسی مەملەکەتمان وە کە ئەم سوئالانە ئەکەین مەقصودمان ئەوەیە کە تەئمینی یارمەتییەکی زۆر گەورە بۆ ئێوە بکەین وە حەرەکەتی موبارەکی

ئێوە بکەینە حەرەکەتی میللی عمومی تاکو لە تاریخدا ئەم فەخرە بۆ ئێوە تەسجیل بکرێ.

لەلایەن هەیئەتی شورای شاری ئا- خ[٤]. (پاشبەندی ١)

لە وەڵامی نامەکانی بارزانی، بۆ کۆمەڵەی هیوا و سەرۆک هۆزەکان، بەشێکیان بە شێوەی جۆراوجۆر و بە ناردنی یارمەتی، پشتی شۆڕشی بارزانیان گرت، بەڵام ژمارەیەکیشیان وەک کاری هەمیشەییان، چەکیان بۆ دوژمن هەڵگرت و بەرەنگاری شۆڕشگێڕان بوونەوە. سەبارەت بەو نامەیەی کە مستەفا بارزانی ئاراستەی کۆمەڵەی هیوای کردبوو، موکەرەم تاڵەبانی لە دیمانەیەکی سیاسییدا لەگەڵ گۆڤاری "سڤیل" لە دیسێمبەر "کانونی یەکەم"ی ٢٠١٢دا گوتی: **(حیزبی هیوا هەرچەندە جەماوەرێکی زۆری هەبوو، بەڵام ئەندامانیان لەسەر ئەوە هان نەدابوو خەبات دژی حکومەتی عێراق کە بریتانیەکانی لێبوون بکەن. دەشتوانرا ئەوە بکرێت، بەڵام سەرۆکی حیزب وای دادەنا کە کورد لە ڕێگەی بریتانیاوە دەتوانێت سەربەخۆبوونی خۆی وەربگرێت و بەریتانیاش داوای هێمن کردنەوەی ئەو ناوچانەی دەکرد. ڕەفیق حیلمی داوای خۆپیشاندان و ئەوجۆرە کارانەی نەدەکرد. لە نامەیەکدا مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٤٥دا داوای لە ڕەفیق حیلمی کردوە وەک حیزبی هیوا هەستن بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ پشتگیریی شۆڕشەکەی ئەو. لەوکاتەدا حیزبی هیوا داوای مافی نەتەوەیی میللەتی کوردی دەکرد. بەڵام بریتانییەکان تەنیا هێمن بوونی ئەو ناوچەیەیان دەویست و بەیانێکیان بڵاوکردەوە کە ئەوان ئامادەن لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ بە چاوێکی ئینسانی لە قەزییەی کورد بڕوانن.)**

شەڕی مەیدان مۆریک: دوای ڕێکنەکەوتنی مستەفا بارزانی لەگەڵ ئەفسەرانی ئینگلیزی بە سەرۆکایەتی کاپیتان "ستاک"، ڕۆژی ١٩٤٥/٨/٢٥ سوپای عێراق بە هێزێکی زۆر، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشگێڕان. لە ئاکامدا ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٥ شەڕێکی قورس و جەرگبڕ لەنێوان هێزەکانی پارتی ئازادیی و چەکدارەکانی سوپای عێراق هەڵگیرسا. لەو شەڕەدا کە بە یەکێک لە دژوارترین شەڕ لە ڕەوتی شۆڕشی دووەمی بارزان دەناسرێت، هەشتا (٨٠) چەکداری دوژمن بەدیل گیران و تەرمی (٤٨٠) چەکداریش لە مەیدانەکانی شەڕدا مانەوە کە دواتر ڕێگایان

پێدرا، خەڵکی ناوچەکە تەرمەکانیان بۆ بەرنەوە. لەو شەڕەدا شەش شۆڕشگێڕ بە ناوەکانی: حەسەن بەگ میرمحەمەد بیرسیاڤی، یوسف کرکەمۆیی، مەلاسوار عومەر سواری، عەلی جوجک خەردونی و مستەفا عومەر باوەیی شەهیدبوون و محەمەد سەدیق برای مستەفا بارزانی، مەلا سلێمان شێخانی، محەمەد عیسا سێلکی، عەبدوڵا سالح مێرگەسوری و چەند کەسی تر بریندار بوون.

لە نزیکەوە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ چاوم بە ژمارەیەک لەو خەباتکارانەی شۆڕشی بارزان کەوت کە خۆیان، یان باوک و برایانیان بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریک و شەڕەکانی تریان کردبوو. ئەوان هەرچەندە بۆ شۆڕشگێرە شەهیدەکان بە تاسە بوون، بەڵام شەڕی مەیدان مۆریکیان وەک ڕاوە کەو دەبینی کە چەکدارەکانی دوژمن وەک کەو کەوتبونە داوی شۆڕشگێڕەکانەوە. بە دوای بیستی چۆنیەتی شەڕی مەیدان مۆریک بڕیارمدا ئەم وتارەی ڕێزدار سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی، کوڕی شەهید یوسف میرخان ژاژوکی بنوسمەوە کە ئەویش لە کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨" نوسینی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەریگرتبوو، و لە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٨٧٤ ، ڕۆژی ٢٠١١/٩/١٦ دا بڵاویکردبۆوە. دەربارەی داستانی شەڕی لەبیرنەکراوی "مەیدان مۆریک" کە بە هێرشی چەکدارانی سوپای عێراق بۆسەر هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان دەستی پێکرد، پێویستە بڵێم دوژمن هەرچەندە لەو شەڕەدا لە هێزی هەوایی و تۆپخانە کەڵکی وەرگرت، بەڵام تەرمی ٤٨٠ کوژراوی لە مەیدانەکانی شەڕ بەجێهێشت و٨٠ چەکداریشی لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە بەدیل گیران. لەو بارەیەوە یوسف میرخان ژاژوکی ئاماژە بۆ کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم دەکات کە دەربارەی شەڕی مەیدان مۆریک نوسیویەتی:

- (هەرچەندە هەڵگێرسانی شۆڕش لەو کاتەدا نەبوو کە شۆڕشگێڕان پێشتر دیاریان کردبوو، ئەمجارەیش شەڕ بەسەریاندا سەپا، بەڵام ئاشکرایە کە چارە نەبوو، و دەبوایە پێشی پەلاماری دوژمن بگیرێ، "بارزانی" چوو بوو شێخ ئەحمەدی بارزان ببینێ و گوێ لە فەرمانەکانی ڕاگرێ کە ئەمانەن بوون:

١- بەرەی مێرگەسور- ڕواندز: محەمەد سەدیق بارزانی سەرۆکایەتی دەکا.

٢- بەرەی گەلی باڵندە ئامێدی، "حاجی تەها ئامێدی" دەیبا بەڕێوە.

٣- بارزانی خۆی سەرکردایەتی بەرەی ئاکری بە دەستەوە دەگرێ، جگە لە پێراگەیشتنی بەرەکانی دیکە و بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش، ئەندامی لێژنەی ئازادی یارمەتی دەدەن.

٤- گەمارۆ دانی سەربازخانەی بلە، دربە "ئەسعەد خۆشەوی" سەرەڕای بەرپرس لە ئەرزاق دانی بەرەی ئاکرێ.

٥- نامە ناردن بۆ هەموو ئەو سەرۆک هۆزانەی سوێندیان خواردوە و داوایان لێ بکرێ بۆ پاراستنی کوردستان وەخۆ کەون.

٦- پێوەندی بکرێ بە ڕێکخراوەکانی نیشتمانی و ڕۆشنبیرییەکان لە شارەکان بۆ لایەنگری شۆڕش و تاوانبارکردنی پەلاماری سەربازی بۆسەر بارزان.

سەرۆک مسعود بارزانی باسی ئەوە دەکات کە سەرۆک هۆزەکان کەمیان لەسەر وفاداری خۆیان مابوون و لە باسی هێزی شۆڕشیش دەڵێت: ئەمجارە هێزەکانی سوپا دەبوایە لەگەڵ هێزێکی زۆرتر و لە بەرەیەکی فرەوانتر بجەنگن، بەرەی ئەمجارە لە دەرەوەی ناوچەی بارزان لەگەڵ بارزانییەکاندا شانبەشان دەجەنگان، هێزی شۆڕش پێنجهەزار بوون کە سێهەزار کەسیان بارزانی بوون و ئەوانیدی هی ناوچەی باڵەک و برادوست و زێبار بوون. شۆڕش پیشتگرییەکی بەربڵاوی لە قوتابیان و شۆڕشگێڕان و جەماوەر بینی، چونکە ئەوان تێگەیشتبوون و نرخیان دەزانی.

هەروەها سەرۆک مسعود بارزانی لە بارەی چۆنیەتی دەستپێکردنی شەڕ بەم شێوەیە ئاماژە دەکات: هێزی هەوایی عێراق، بە یارمەتی و پاڵپشتی هەتا دوایی هێزی هەوایی ئینگلیز R.A.F ناوچەکەی بۆردومان کرد، پاش بڵاوکردنەوەی بەیانی وەزارەت لە ١٩٤٥/٨/٨ دا، بەڵام لە بەرەکانی دیکەی شەڕدا هەڵوێست بە مجورە بوو: هێزی شۆڕشگێڕان لەو بەرەیەدا نزیکی هەزار چەکدار بوون لە هێلێکی بەرگریدا لە چیای قەلەندەرەوە تا چیای برادۆست و جادەی گشتی نزیک هاودیان، گوندی شێتنە کرا بوو بە بارەگای سەرکردایەتی و بەرەو ڕووی لیواکانی سێ و چوارو پازدەو هێزی پۆلیس. یەکەم شەڕ لە ١٩٤٥/٨/٢٥ ڕوویدا، کاتێ جەحفەلی "هێزی پشتیوان" لیوای سێ بە فەرماندەیی عەقید ڕوکن حەسیب ڕوبیعی و هاوکاری فەوجێک پۆلیس

بۆ بەرزاییەکانی بادلیان چووە پێشەوە بۆ گەمارۆدان و دەست بەسەر داگرتنی بنارەکانی چیای قەلەندەر. شۆڕشگێران پێش ئەم پەلامارەیان گرت و شەڕێکی قورس هەتا ئێوارە درێژەی کێشا و دوژمن ناچارکرا بکیشێتەوە بۆ گەلی عەلی بەگ، پاش ئەوەی بە سەدان کوژراوی لە مەیدانی شەڕ بەجێهێشت کە یەکیان لاشەی موقەدەم هورمز قەیسەر، فەرماندەی فەوجی دوو بوو. هێزی هەوایی و تۆپ نەیهشت دیلێکی زۆر بگیرێ. لە ناو شۆڕشگێران محەمەد سەدیق بە گوللە تۆپ بە قورسی بریندار بوو. مەلا سلێمان شێخانی و محەمەد عیسا سێلکی و عەبدوڵڵا ساڵح مێرگەسوریش بریندار بوون. مەلا عەبدولهادی لێری شەهید بوو. هەموو ئەو شوێنانەی سوپا لە سەرەتادا داگیری کردبوون، ئازادکران و شۆڕشگێران ژمارەیەکی زۆر تفەنگ و کەلوپەلی سوپایان دەستکەوت. کاتێ خەبەری محەمەد سەدیق گەیشت، محەمەد خالد و سادق خۆیان گەیاندە بەرەی شەڕ. سوپا رۆژی ١٩٤٥/٩/٥ پەلاماری وەستاند، شەڕ بریتی بوو لە بۆردومانی تۆپ و هێزی هەوایی بۆ سەر بەرە و گوندەکان.

لە بارەی شەڕی بە ناوبانگی مەیدان مۆریک سەرۆک مسعود بارزانی دەنووسێت: لە ١٩٤٥/٩/٥ و لە ئەو رۆژەدا سوپای عێراقی بە جۆرێک تێشکا کە لەمەوپێش بە خۆیەوەی نەدیبوو، مەیدان مۆریک بوو بە گورستانی دەستدرێژکەران. ئەو شوێنەی دەکەوێتە نیوان گوندی مەزن و هاودیان لە سەر رێگای ڕەواندز- مێرگەسور. هێزی بەرەی ڕەواندز لەم پەلامارەدا بە سەرکردایەتی زەعیم روکن ئیسماعیل سەفوەت بوو کە لە سێ لاوە هێرشی هێنا بۆ داگیر کردنی برادۆست و قەلەندەر. هێزی گەورەش لەگەڵ تۆپ و ئالیات بە رێگای هاودیان و مەزنەدا هات. شۆڕشگێران لەمبەر و ئەوبەری دۆڵەکەدا پێشی پەلامارياں گرت و نەیانهێشت سوپا بێتە پێشەوە، لەناو دۆڵەکەشدا بەچەشنێکی ڕێکوپێک کشانەوە تا دوژمن بکێشنە شوێنی پێویست بۆ پەلاماردانی کە ئەو شوێنە پێویستە "مەیدان مۆریک" بوو. دوژمن واتێگەیشت کە سەرکەوتنی گەورەی بە دەستهێناوە و بەربەرەکانی شۆرشگێڕانی لە نێو دۆڵەکەدا لەناو بردوە و ڕێگای بۆ ئالیات کردۆتەوە، فڕۆکەش بە ئاسمانی شەڕدا دەسۆڕایەوە و پشتگری لە هێزی زەوی دەکرد. ئالیات و تۆپ گەیشتە مەیدان مۆریک و سوپا لەوێ دابەزی دەیویست بنکەی هێزەکانی لێدابنێ، پێش تاریک داهاتن بە سەعاتێک

شۆڕشگێڕان پەلاماری گشتییان بردە سەر هێزی ڕەواندز لە بەرزاییەکانەوە و لە دۆڵەکەوە لە هێڵەکانی پشتەوە بەیەکجار شەڕەکە ئەوەندە توندوتیژ بوو کە هەر دوولا زۆر جار چەکی دەستی "خەنجەر"یان بەکار هێنا. ئەم شەڕە بە کارەساتێک بۆ دوژمن تەواو بوو، ئاڵۆزی کەوتە ڕیزەکانیەوە و شوێنەکانی یەک لە دوای یەک دەڕوخان و شپرزەیی کەوتە ڕیزی هێزە بەزیوەکانی و هەر پارچەیان بێ گوێدان بە فەرمان بەلایەکدا بڵاوبوون. لە بارەی دەسکەوتەکانی داستانی مەیدان مۆریک و زیانی شۆڕشگێڕەکاندا هاتووەکە:

ئالیاتەکان تێکشکان و حکومەت توشی شکستێکی خراپ هات، شۆڕشگێڕان "دوو تۆپی ٧٥ ملم"یان گرت، بە سەدان تفەنگ و شست تیر کەوتە دەست شۆڕشگێڕان و ٨٠ کەسیان بە دیل گرت و کوژراوی دوژمن گەیشتە ٤٨٠ کەس کە لاشەیان لە مەیدانەکانی شەڕدا کەوتبوو. زیانی شۆڕشگێڕان پێنج شەهید بوون لە: حەسەن بەگ میرمحەمەد بیرسیاڤی، یوسف کرکەمۆیی، مەلاسوار عومەر سواری، عەلی جوجک خەردونی و مستەفا عومەر باوەیی. هەروەها ژمارەیەک لە شۆرشگێڕان لەم شەڕدا بریندار بوون. ئەم شەڕە، بەجارێک ورەی دوژمنی هێنایە خوار و نیشانەی ڕاکردن و خۆنەخۆش خستن لە ناویاندا بڵاوبۆوە، بە جۆرێک سەرکردایەتی سوپا لە ئیجازەدان بوەستێ و تەنیا بریندارى قورس ڕابگوێزرێ، لە هەموو لایەک خاڵی پشکنین داندرا کە ڕاکردوەکان دەستگیر بکەن. حکومەت لە ئاکامی بەزینی هێزەکانی لە شەڕی مەیدان مۆریک، لە ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٥ دا تووشی هیوا بڕان بوو، لەگەڵ بۆردومانی توندی هەوایی و تۆپ، سەرکەوتن هەر بە دەست شۆڕشگێڕان مایەوە.

هەر لەسەر یادی شەڕی مەیدان مۆریک، مسعود بارزانی دەڵێت: ساڵی ١٩٦٤ ڕێم کەوتە سلێمانی، لەو سەردەمەدا شەڕ وەستا بوو، بە ناو بازاڕا دەڕۆیشتم فەرماندەی فەوجەکەی ئەوێ لە دوکانێک داوای لێکردم نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخوێن، فەرماندەکە عەقید سەعب ئەلحەردان بوو، لە نێوان قسەکردندا باسی شەڕی مەیدان مۆریک هاتە گۆڕێ کە ئەوسا پلەی مولازم بووە و بەشداری ئەو شەڕەی کردوە، زۆر باسی ئازایەتی بارزانییەکانی کردو گێڕایەوە کە هێزەکەی بەرپەلامارێکی توند کەوت و زیانی زۆری پێگەیشت و ئەو خۆیشی لاقی بریندار بوو، دانی بەوە دانا کە هێزەکانی

سوپایی لەو مەیدانەدا توشی چ کارەساتێک هاتوون. پاشان هاتە سەر ڕووداوێکی تر کە لە تەمووزی ١٩٦٣ دا هاتۆتە پێش خۆی کاتێ فەرماندەی گەلە جاشێکی دەکرد. بۆ گرتنی "شوش و شەرمن"ی سەر بە ناوچەی ئاکرێ. کە چۆن لە دژە هێرشدا تا سەربازگەی ئاکرێ ڕاونراون، هەروا بە گەمەوە گوتی: بارزانییەکان لە شەڕی ساڵی ١٩٤٥ دا لە ئێستا ئازاتر بوون، پێم گوت: بارزانییەکان هەر ئەوانی ئەوسان، بەڵام چەکیان هەرچەکە کۆنەکانی ئەوسایە، کەچی ئیوە تازەترین چەکتان هەیە لە فڕۆکە و تۆپ و دەبابە. بەڕێکەوت حەسۆ یوسف یەکێ لە قارەمانەکانی شەڕی مەیدان مۆریک و عەمەراغا قارەمانی شەڕی شوش و شەرمن لە گەڵمان دانیشتبوون، بە یەکترم ناساندن، لە جێی خۆی هەستاو ماچی کردن و پیاوانە گوتی من پیاوی ئازا، دوژمنیشم بێ دەیخەمە سەر سەرم، سوپاسمان کرد و بەڕێی خۆماندا ڕۆیشتین[٥].)

١- کوردەکان، نوسینی حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی ئەوکاتی ئەرکانی سوپای ئێران، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ١٩٤، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٩٠.

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٩٢.

٤- لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.

٥- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٨٧٤ ، ڕۆژی ٢٠١١/٩/١٦.

تێبینی: بۆ نوسینی ئەم بەشە، "**مستەفا بارزانی و شۆڕشی دووەمی بارزان**" بە شێوەی ڕاستەخۆ وتوێژم لەگەڵ ئەم هەڤالانەی بارزانی کردوە کە شۆڕشی دووەمی بارزان، کۆماری کوردستان لە مهاباد، یەکێتی سۆڤیەت، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی گوڵان لەگەڵ مستەفا بارزانی بوون: ئەسعەد ڕەشۆ مەلا، بابەکر شێخ حوسێن لاج، بەدرۆ لەشکری حوسێن، تەیمز ئارەب قەتران، حەسۆ محەمەد کەکشار، حەسەن عەلی حەسەن، خانۆ جۆج خان، ڕەشید حەمۆ حاجی، سەعید وەلی بەگ، شەریف قورتاس مەلا، سدیق خەلیل یەحیا، عەبدولرەحمان یەحیا عەبدولرەحمان، عەبدولا حوسێن جرگیس، عەزیز حوسێن میرخان، عەلی حوسێن شین، عومەر عەزیز حەدۆ "شێخومەر"، عومەر فەقێ عومەر، عیسا حەکیم یاسین، قادر محەمەد عومەر، کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، لاوکۆ مامەند مەسیح، محەمەد ئەمین تاهر مەحمود، مەلا ئەحمەد حەدۆ، محەمەد عەبدولا حەسەن، محەمەدئەمین سەعید عوسمان، محەمەدئەمین حەسەن دەرگەڵەیی، مەلو حەسەن مەلو، مەلا ئیبراهیم بابەکر ئیسماعیل، مەلا ساڵح عەلی، ملکۆ عەباس محەمەدئەمین، میرۆ جوج چاوشین، میرۆ محەمەد ئیسماعیل، ناوخۆش حەدۆ قورتاس، سلێمان حەدۆ شینۆ زراری. هەمووی ئەوانە خاوەن پلەی خوێندنی ئەندازیارین لە بوارە جیاوازەکانی میکانیک، جادە، نەوت، مێژوو، کشتوکاڵ لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.

پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان

دوای شـــکانی دوژمـــن لە زنجیـــرە شـــەڕەکانی "مەیـــدان مۆریـــک"، ســـەرلەنوێ ئینگلیزەکـــان ســـوپای عێراقیـــان ڕێکخســـتەوە. ئەم جارەیـــان بە هێزێکـــی زیـــاتر و بـــە هاوکـــاریی فڕۆکـــە بۆمبهاوێژەکانیـــان و جاشـــە خۆماڵییـــەکان و لەژێـــر ئـــاگری تونـــدی تۆپخانەدا، لە چوار بەرەی ئاکرێ، ڕەواندز و دیانا، دۆڵی خەلیفان و ئامێدی" پەلامـاری ناوچەی بارزانیـان دایەوە. لە بەرەی خەلیفـان جاشـە سـورچییەکان هاوکـاریی سـوپای عێراقیان کرد و توانیان پاشەکشە بە شۆڕشگێڕەکان بکەن. لە بەرەی ئاکرێ سـێ تـۆپ و لە مەزنـــێ ســـێ تـــۆپی تـــری دوژمـــن کەوتە دەســـت شۆڕشـــگێڕەکانەوە. لە ئاکـــامی بەردەوامیی شـەڕەکە دوژمـن تـوانی لە پـردی مەزنـێ و لە بەرەی ئامێدیی لە ڕوبـاری مەزن بپەڕێـــتەوە و بگـــاتە مـــزوری و بەڕۆژی. لەوێ بـــۆ ئەوەی کارەســـاتێکی گەورە سـەرهەڵنەدا، بـارزانی فەرمـانی پاشەکشـەی بە شۆڕشـگێڕەکان و خەڵکـی گونـدەکان دا کە بەرەو گوندی "کەکلە" لە ناوچەی پیران و دەشـتی "بەرازگر" بکشـێنەوە. فڕۆکەکـانی ئینگلیز لە بەیانییەوە تا ئێوارە، بە بەردەوامـی بەسـەر شۆڕشـگێڕەکانەوە دەسـوڕانەوە. ژن و منداڵێکی زۆر شەهید و ئاژەڵێکی زۆریش لە بەرەکانی شـەڕدا کـوژران و لەژێـر ئـــاگری تۆپخـــانەدا شـــەهیدەکانیان دەناشـــت. خەڵکـــی نـــاوچەی بـــارزان کە بەتێکـــڕا گونـدەکانیان بەجێهێشـتبوو، بە ڕێچکەکانـدا دەڕۆیشـتن و گوللەی تـۆپ و فڕۆکە وەک بـاران بەســەریاندا دەبـاری و جـێ نەبـوو کە خۆیـانی تێـدا بشـارنەوە. بە دۆڵ و شـیوی گوندەکانی "سێرو و زەروا"دا بەرەو گوندی "ئاسی" لەسەر سنوری تورکیا بۆ نـاوچەی برادۆست چوون. ناوەڕاستی یەکەم مـانگی پاییز بـوو کە گەیشـتنە کوێسـتانەکانی سـێ سنور. ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵەکان پێڵاویان لە پێدانەبوو، و بەنێو بەفر و قوڕ و بارانـدا دەڕۆیشـتن. نـزیکەی دە ڕۆژ بـوو، بە پـێ دەهـاتن. برسـی بـوون و نـان و خۆراکیـان نەمـابوو کە لە "شـەترە" و کێڵەشـین پەڕینەوە و خـزانە خـاکی ڕۆژهەڵاتـی کوردستانەوە[1]. لەم بارەیەوە کازم مستەفا ئومەر شانەدەری دەڵێت:**(هاوکات لەگەڵ**

پەڕینەوەمان بۆ ئێران، ئێمەیان بە بنەماڵەوە دابەشکرد. ئێمە لەگەڵ ژمارەیەک چووین بۆ مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ. ئەوانی تر لە: دەشتی شنۆ، دەشتی سندوس، دەشتی لاجان و دەشـــتی بارانـــدوز جێگیرکـــران و ژمـــارەیەکیش لەگەڵ شـــێخ ئەحـــمەد چوون بۆ مهاباد.)

هەرچەندە شۆڕشی بارزان ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان و چەندان دەستکەوتی بەنرخی نەتەوەیی بەدەستهێنا و خاوەن سیمایەکی ناسیونالیستی بوو، بەڵام هەروەکوو ژەنەڕاڵ حەسەن ئەرفەع لە کتێبی کوردەکاندا ئاماژەی بۆ دەکات، بە پلانی ئینگلیز و دژایەتی کردنی هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد کە لە فیکری پاراستنی هەلومەرج و بەرژەوەندی خۆیاندا بوون، شکا و سەرنەکەوت[٢].

بەهەر حاڵ بارزانی دوای ئاگادار کردنەوەی ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و فەرمانده سەربازییەکانی یەکێتی سۆڤیەت کە لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهان، لە ڕۆژی ١٩٤١/٨/٢٥ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داگیرکردبوو، ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بنەماڵە بارزانییەکان، بە ڕێگای کێلەشین و مەرگەوەڕ و چیای داڵانپەڕدا خزانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەن حوسێن فروهەر "زێڕینگەران" سەرۆکی پێشوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و چەند ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و خەڵکی ناوچەکانەوە بە گەرمیی پێشوازیی کران. شێخ ئەحمەدی بارزان لەگەڵ ژمارەیەک چوو لە مهاباد جێیگرت و مەلا مستەفا لە گوندی "نێرکێ" لە ناوچەی تەرگەوەر کە فەرماندەی سوپای سۆڤیەتی لێبوو و هەڤاڵانیشی لە شنۆ، نەغەدە، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ و گوندەکانی ئەو ناوچانە نیشتەجێکران.

هەروەکوو پێشتر ڕامگەیاند، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پێشتر پێوەندیی بە مەلا مستەفا و شۆڕشی بارزانەوە هەبوو. ئیدارەی ناوەندیی کۆمەڵە لە نامەیەکیدا لە ئۆکتوبەری ١٩٤٣ بۆ مستەفا بارزانی، پشتیوانی لە شۆڕشی بارزان کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هاشمۆف سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ڕاپۆرتی ١٩٤٥/٣/١٨یدا کاربەدەستانی وڵاتەکەی ئاگادار کردبۆوە کە: **(چالاکییەکانی ژێکاف لە کوردستانی عێراق لەژێر دەستی مەلا مستەفا دایە[٣].)**

کاتێک بارزانییەکان گەیشتنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قازی محەمەد تازە بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەرگیرابوو، و لەگەڵ عەلی ڕیحانی، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، مەنافی کەریمی، قاسمی ئیلخانیزادە، عەبدوڵا قادری، هەمزاغای نەلۆسێ، نوری بەگی بەگزادە و قازی محەمەدی خدری شنۆیە، لەسەر بانگهێشتی "ئاتاکشیۆڤ" ئەفسەری سیاسیی سۆڤیەت، سەردانی باکۆ پایتەختی ئازەربایجانیان کردبوو. دوای دیدارییی لەگەڵ باقرۆڤ سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان لە باکۆ و گەڕانەوەی بۆ مهاباد، لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵە کۆبۆوە و پێشنیازی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کرد و بەبێ هەڵوەشاندنی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لەجێی دانا.

پەنجا و پێنج (٥٥) ڕۆژ پاش جێگیربوونی بارزانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڤاری کوردستان "بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان" لە لاپەڕەی ١١ی ژمارە یەک، ڕۆژی ١٥ ی سەرماوەزی ١٣٢٤- ١٩٤٥/١٢/٦ی خۆیدا بە ناونیشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبە لە ١٩٤٥/١٠/٢٣ کرد[٤] ئەوە لە کاتێکدابوو کە بەرلە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەو پەیوەستبوونی پێشەوا قازی بە کۆمەڵەی ژێکافـو چوونی بۆ باکۆ، هیچ هەواڵێک لە دامەزران و چالاکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوو[٥].

قازی محەمەد ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە، دوای ٤٠ ڕۆژ پاش دامەزرانی حکومەتی ئازەربایجان لە تەورێز، بەبێ هاودەنگیی کردن لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت و ڕێبەرانی حکومەتی ئازەربایجان، ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ لە کۆبوونەوەیەکی ٢٠ هەزار کەسییدا لە شاری

مهاباد کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، بەپێچەوانەی حکومەتی ئازەربایجان کە ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٢ بە بەشداریی کۆنسولی سۆڤیەت، نوێنەری باڵیۆزخانەی فەرەنسا و میژونی کاتۆلیکی فەرەنسیی ڕاگەینرا، جگەلە مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی ئازادی، نوێنەری هیچ لایەن و وڵاتێک بەشداریی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نەکرد.

١- وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ: کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، شەریف قورتاس مەلا، تەیمز ئارەب قەتران، محەمەد ئەمین تاهر، بابەکر شێخ حوسێن، عەبدولڕەحمان یەحیا عەبدولڕەحمان، عومەر فەقی عومەر، عەزیز حوسێن.

٢- کوردەکان لاپەڕەی ١٩٤.

٣- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٧٧. دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤.

٤- گۆڤاری کوردستان "بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان" لاپەڕەی ١١، ژمارە ١، ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤.

٥- حیزبی دیموکراتی کوردستان نزیکەی پێنج مانگ دوای دامەزرانی، لە ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٢٥ - ١٦ ئابی ١٩٤٦دا لە ئاهەنگێکدا مێژووی حیزبەکەی گەڕاندەوە بۆ ١٦ی ئابی ١٩٤٢. بەم بۆنەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان لە وتاری "جیژن و چراخانی" کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٩، ساڵی یەکەم، سێ شەممە ٢٩ ی گەلاوێژی ١٣٢٥- ١٩٤٦/٨/٢٠دا بڵاوکرایەوە، نوسی: (**ڕۆژی ٢٥ ی گەلاویژ بە بونەی ڕوژی پینجەمین سالی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەر هەیوان و حەساری عەمارەتی پیشەوا جیژنیک گیرابوو. لەم جیژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرینیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد. جیژن لە سەعاتی ١ی پاش نیوەڕو دەست پی کرا. دەوروبەری عەمارەتی پیشەوا بە ئالای سی ڕەنگی کوردستان و وینەی پیشەوای معظم ڕازابوەوە و شەوی سەعات ٧ بەرنامەی جیژن دەست پی کرا و بە بونەی ئەم جیژنە لە لایەن ئاغایانی: علی خسروی، سید محمد طەزادە، دلشاد ڕسولی، سید محمد حمیدی، جعفر کریمی، ووردی، صدیقی، سید عبیدالله طه زادە، عسمان دانش، محمد امین قادری، کاک امین شرفی، ... نوطق و مەقالات و ئەشعار خویندرایەوە و دەنیوان نوطقەکان دا بیوچان موزیکی میللی و سرودی میللی کوردستان دلی حاضرانی فینک دەکرد و جیژن لە سەعاتی ١٢ زور بە خوشی دوایی هات.)**

پارتی دیموکراتی کورد

دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی ئازادیی کوردستان چوو لە شنۆ نیشتەجێ بوو. لەوێ گەڵاڵەی دامەزراندنی پارتییەکی سیاسیی هاوشێوەی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"ی ئاراستەی هەڤاڵانی کرد و ئەوانیش قەبووڵیان کرد. لەو چوارچێوەیەدا، لە مانگی فیبرواری "شوبات" ١٩٤٦ لەگەڵ هەمزە عەبدوڵا، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، مستەفا خوشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خیروڵا عەبدولکەریم و عیزت عەبدولعەزیز لە شاری شنۆ کۆبۆوە و بە گوێرەی هەلومەرجی ئەوکاتی ناوچەکە و جیهان، بنەمای پارتییەکی سیاسیی چەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دارشت کە لەلایەک مافی دیموکراتیی نەتەوەی کوردی لە باشوری کوردستاندا تێدا بگونجێ و لەلایەکی تر خاوەنی پرۆگرامێکی ڕوونی دیموکراتی بێت بۆ بە دیموکراتی کردنی عێراق.

دوای دارشتنی پەیڕەو و پرۆگرام و دۆزینەوەی ناوی پارتی دیموکراتی کورد، بۆ ڕێکخراوەکەیان، بارزانی، هەمزە عەبدوڵای ڕەوانەی باشوری کوردستان کردەوە کە دوای ئامادە کردنی ئەندامان و هەلومەرجی دامەزراندن، کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکرات پێکبهێنێت و ئەم سێ مەرجەش لەبەرچاو بگرێت. هەروەها پەسەندیان کرد تا پێکهاتنی کۆنگرە، پارتی ئازادیی درێژە بە چالاکییەکانی خۆی بدات:

١- دەستکاری لە پەیڕەو و پرۆگرامی گەڵاڵەی پارتی دیموکراتی کورددا نەکرێت.

٢- تا خۆیان جێگر دەکەن، بەگژ حکومەتی ناوەندیدا نەچن.

٣- شێخ لەتیف و کاکە زیاد بکرێن بە جێگری یەکەم و دووەمی پارتی دیموکراتی کورد.

هەمزە عەبدوڵا گەڕایەوە و پێوەندی بە سەرکردایەتی دوو حیزبی "ڕزگاری و شۆڕش" کرد و هەردوو ئامادبوون حیزبەکەیان هەڵوەشێنن و بەشداریی بکەن لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا. بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتای مانگی ئاوگۆستی "ئاب"دا کۆنگرەیان بەست و حیزبەکەیان هەڵوەشاندەوە[١]. دوای هەڵوەشانەوەی ئەو

دوو ڕێکخراوەیە، ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ بە ئامادە بوونی ٧٠ ئەندام کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردیان لە بەغدا پێکهێنا.

شایانی باسە کە هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کورد مێژووی دامەزراندنی حیزبەکەیان گەڕاندەوە بۆ ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کە داوای سەربەخۆیی کوردستان و تێکخستنەوەی خاکی کوردستانی گەورەی دەکرد. هەروەها دوای دامەزرانی پارتی دیموکراتی کورد لە باشوری کوردستان، کوردەکانی باکوری و ڕۆژئاوای کوردستانیش لە هەرێمی خۆیاندا بە هەمان ناو، "پارتی دیموکراتی کورد"یان دامەزراند.

١- وتاری مێژووی پارتی دیموکرات، نوسینی ڕەسوڵ ڕەزگەیی.

ڕۆڵی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان دا

پێشتر گوتم پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبێ ڕەزامەندیی ڕێبەرانی حکومەتی ئازەربایجان و کاربەدەستانی سۆڤیەت، کۆماری کوردستانیان دامەزراند. هەرچەندە دواتر کۆماری کوردستان بوو بە ئەمرێکی واقیع و ڕێبەرانی ئازەربایجان و سۆڤیەت نەیانتوانی چاوی لێ بپۆشن، بەڵام یارمەتییەکی ئەوتۆیان نەدەکرد کە بتوانێ گەشەبسێنێت و لە کاتی مەترسییدا بەرگری لەخۆی بکات. لەبەر ئەوە، دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە مهاباد و جێگیربوونی لە شنۆ، ڕێبەرانی کۆماری کوردستان پێوەندیان بە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانییەوە گرت کە بێن هاوکاریی کۆماری کوردستان بکەن.

کۆماری کوردستان جگەلە ژمارەیەک پێشمەرگەی[1] خەڵکی شاری مهاباد، ئیتر هێزێکی بەرگریی نەبوو کە وەڵامدەری کاتی پێویست بێت. تەنانەت دوای پەیوەست بوونی بارزانییەکانیش بە کۆمار، هەرچەندە سوپایەکی ١٢٧٥٠ کەسیی پێکهێنا، بەڵام جگە لە ٢٢٠٠ پێشمەرگەی بارزانییەکان، ئەوانی تر سەربە عەشیرەتەکان بوون[2] و بە فەرمانی ئەوان هەڵدەسوڕان، نەک ڕێبەرانی و فەرماندەکانی سوپای کۆمار.

دوای تێپەڕبوونی بیست و حەوت ڕۆژ بەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، لێژنەیەک بە سەرۆکایەتی قەوامولستەنە سەرۆکوەزیرانی ئێران، ڕۆژی ١٩٤٦/٢/١٩ سەردانی مۆسکۆی کرد. لەو گەشتەدا، قەوام چاوی بە ستالین و مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کەوت و دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، دەنگۆ داکەوت کە قەوام و ستالین لەسەر نەوت و کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران ڕێککەوتوون. ئەوە مەترسییەکی زۆری خستەسەر هەردوو حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان. بەم بۆنەیەوە پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان پێوەندییەکانیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی و ڕێبەرانی پارتی ئازادی چڕتر کردەوە و لە ئاکامدا ڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێوانیاندا پێکهات و پەسەندیان کرد کە بارزانییەکان باڵی سەربازیی کۆمار پێکبهێنن. لەو چوارچێوەیەدا، هێشتا قەوامولستەنە لە سۆڤیەت نەگەڕابۆوە کە مەلا مستەفا ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٨ بە شێوەیەکی ڕەسمیی گەڕایەوە بۆ

مهاباد و له لایەن ڕێبەرانی حیزبیی و حکومەتی کۆماری کوردستانەوە پێشوازیی کرا. ڕۆژنامەی کوردستان دەربارەی هاتنی بارزانی بۆ مهاباد نوسی:

اخبار نیو خۆمان مەلا مصطفی بارزانی

جنابی آغای مەلا مصطفی قائدی کوردی بارزان روژی ۹-۱۲-۱۳۲٤ ساتی ٥ پاش نیوەرو واردی مهاباد بو. وەختی گەیشته نیو باغان ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی پیشوازیان لی کرد وەختی جنابی مەلا مصطفی له چومی پەریوه به احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتەدا کمیتەی مرکزی هەنگاویان توندتر کرد و له قەراغ چومی پیک گەیشتن، برای خوشەویست صدیق حیدری مراسمی بەخیر هاتنی به جی هینا و هەمو ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی به مەلا مصطفی ناساند و ئەویش دەستی له نیو دەستی هەموان نا و له نهایتی خوشی دا بو کانگای حزبی دیموکرات هاتن و له سالونی انجمنی فەرهەنگی دانیشتن و له ساتی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان به پی [القادم یزار] تشریفی بو کانگا هات و ملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرمو، لەو وەختە دا محمد افندی خطاب به حضرتی پیشوا خطابیک که وینەی احساساتی قلبی مەلا مصطفی بو که خصوص خو دە پیناو نانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە له ریی سەربەستی کوردستان خویندەوە و جنابی پیشواش وەلامی دانەوە و ئەوانی بی اندازە به حکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد، پاشان حضرتی پیشوا تشریفی برده سالونی تایبەتی خوی ئەنجا مەلا مصطفی به حضوری شرفیاب بو و ماوەی دو سات پیکەوە خەریکی گفتوگو بون. مەلا مصطفی پیاویکی سیاسی و زعیمی کوردی بارزانه له ریی سەربەستی کوردستاندا زوری مەینەت کیشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ایل و عشیرەتی ویان به گوناهی آزادیخواهی دەربەدەر و له نیشتمانی خوشەویستیان وەدەر ناوە. ذاتی نیوبراو بیجگه لەوەی قائدیکی بەرزە پیاویکی زانا و تی گەیشتوە متمدن و نیشتمان پەرستە و تەمەنی له حدودی چل پینج سال دایە[٣]. (پاشبەندی٢)

ڕۆژنامەی کوردستان دەقی ئەم وتارەی بارزانیی له لاپەڕەی ٣ی ژمارەی ٢٣ دا بڵاوکردەوە. ئەوە یەکەم وتاری بارزانی بوو له کۆماری کوردستاندا که باس له ناوەڕۆک و جەوهەری ئەو ڕێککەوتنە دەکرد که لەنێوان پێشەوا قازی و ئەندامانی

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە لایەک و مستەفا بارزانیی و شێخ ئەحمەد و ڕێبەرانی پارتی ئازادی لە لایەکیتر لەسەری ڕێککەوتبوون: بۆ سەربەخۆیی کۆمار، ئازادکردنی بەشەکانیتری کوردستان، بەئاشتی و دیموکراتی بەڕێوەبردنی کۆمار، خزمەتکردن بە فەرهەنگ و بەرزکردنەوەی ئابووریی و بژیوی خەڵکی کورد هەوڵبدەن. محەمەد مەحمود قودسیی وتارەکەی بارزانی خوێندەوە:

پیشەوای معظم گەورە بەریزەکانم

بە ناوی کوردی وریا بووەوە لەژیر ماوەی پەیرەوی کونی زەبربەدەستی، بە ناوی سەرکردەی شورشی گەل لە بارزان، شورشی بەرهەلستی سەرگەردانی، شورشی نەهیشتنی ظلم و استبداد، روژباش پیشکەشی دانیشتوانی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەم، کە آلای پیروزیان لە سێیەکی نیشتمانیی گەورەدا بلیند کردەوە بە ناوی خوینی پاکی گەلی کوششکەرانەوە کە لە مەیدانی آزادیدا پیشکەشیان کردوە، هاوارتان دەکەینی کە ئەم بەرە پیروزە بە آزادیو سەربەخویی پی بگەیینن. بە ناوی فرمیسکی چاوی بیوەژنان و آە و نالینی هەتیوانەوە هاوارتان دەکەینی کە پەیمانی حقوقی گەل بدەن، اقتصادیان بپاریزریت، پشتی فەرهەنگ بگرن بە پەروەردە کردنیکی گیانی دیموکراتیەوە، پاریزگاری لە دیموکراتی بفرمون کە کۆڵەکەی پیش خستنی گەل و سەربەخویی نیشتمان و رویشتنە بەری وەیە لە گەل کاروانی گەلانی آزادی بەرەو تەواوەتی و مروانی. بێ گومان لەبیر ناکریت کە حکومەتی کوردستانی آزاد هیشتا لە یەکەم قوناغیەتی وە کوششی ایوەی پی دەویت، بو سەرکەوتنی کوردستانی مەزن و رزگاربونی و یارمەتی گەلیشی پێویستە ئەو بەشانەی نیشتمانی مەزنمان کە لە ژیر دەستی بیگانەدان، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بریوەتە یارمەتی ئەو آلایە کە لەسەر ئەم حکومەتە دەشەکیتەوە، دەیەویت بیتە ژیر سیبەریەوە، لە پیاوەکانی حکومەت دەخوازن کە براکانیان لەو پیوەندی آسنینە رزگار بکەن کە تێیدا دەنالینن.

پیشەوای معظم : گەورەکانم.

ئەو سیاسەتە حکیمە جوانەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەری رویشت و سەربەخۆیی نیشتمان و آزادی کوردی وەرگرت، آمادەیە کە بچیت بە هاواری نیشتمانی گەورەوە، و گەلی کورد سەرتاپا رزگار بکا.

لەم کاتەدا، لە هەمو کانی دلمانەوە و یاریدەی راستیمانەوە بەرەو گەورەترین شخصیەتی کورد، ئەو شخصیەتەی کە گەلی کورد بە بیری بەهیزی و سەرکردیەکی حکیمانەوە بە ریگای دیموکراتیدا برد و گەیاندیە سفرەی آزادی، بە کوششیکی عبقری و عزمیکی قایم وە سەرکردەی دیموکرات، پیشەوای معظمی کوردستان جنابی قاضی محمد، خومان پیشکەش دەکەین.

با هەمو پیکەوە هاوار کەین بژی سەرکردەی مخلیصی کوردستان، بژی گەلی کورد پشت بەست بە دیموکراتی، بژی پارتی آزادی کوردستان و پارتی گەل، بژی پارتی دیموکرات، بژی نیشتمانی مەزنمان بە سەربەخو و آزادی، بژی یەکەتی سوفیاتی مەزن هەتا بی گەلانی خوش بەختی آزادی و سەربەخویی[٤]. (پاشبەندی ٣)

ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژەی نوسینەکانیدا دەربارەی هاتنی بارزانیی بۆ مهاباد و دیدار و سەردانەکانی نوسی:

[زعیم مەلا مصطفی] بارزانی

لە ژمارە ٢١ روژنامەی کوردستان وەلامی تشریف هینان و چلونەتی وارد بونی زعیم مەلا مصطفی مان بە عەرضی خویندەوارانی خوشەویست گەیاند ئەوا لە ژیرەوە هیندی لە چلونەتی مانەوەی ئەم پیاوە لە مهاباد بو آگاداری خویندەواران دەنوسین:

روژی جمعه ١٠-١٢-١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/١)

ئەندامانی حزب و اشراف و آغایانی شاری مهاباد و روئسای عشیر یەک بە دوای یەکدا چونە خو پێ ناسینی میوانی خویان. هەر کە کاتی نویژی جمعه هات زعیم مەلا مصطفی لە گەل اندامیکی هەیئەتی مرکزی حزب تشریفی بردە مزگەوتی جامعه و فریضەئی خدای مەزنی لە گەل هەمو مسلمانانی شاری مهاباد دا لە سەر خۆ لابرد و دوایی لە ناو قەلەبالغیکی زور دا گەرایەوە یانەی فەرهەنگی، مرکزی حزب.

روژی شەممو ١١ - ١٢ – ١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/٢)

بەیانی ١١-١٢-١٣٢٤ زعیم ملا مصطفی و ئەفسەرانی و یەکیک لە ئەندامانی هیئەتی مرکزی آغای احمد الاهی تشریفیان چووە هیزی کوردستان و هەر کە گەیشتنە ئەوی لە لایەن قەرەولی تایبەتیەوە رسمی تعظیمی بو کرا و سەرکردانی هیز

بە سەرکردەی فرماندەی هیزی مرکزی محمد نانەوازادە پیش وازی کرا و یەکە یەکە سەر کردەکانی پی ناسرا نزیکەی نیو سەعاتیک لە گەل سەرکردەکاندا رای بوارد و لە دواییدا یەکە یەکە چوە لای سەرکردەکان لە جیگای خویاندا وە پیروزبایی خوی پیشکەش کردن و داوای لی کردن کە هەموو بە گیانیکی پاکی نیشتمان پەروەرانەوە ببنە سپری نیشتمان و پیش خذمەتی پیشەوای معظم. کانگای هیزی بەجی هیشتە و بە بزوکی (ئوتۆمبیل- نوسەر) حضرتی پیشەوا روی کردە دەبیرستان و لەوی قوتابیەکان هەمو کو ببونەوە لە دوای زیارەتی ماموستاکان و رەئیس هیئەتی فەرهەنگ آغای رشید آغای همزە آغا تشریفی بردە لای شاگردەکان وە لیرەدا ئەفسەر عبدالرحمن طیب مفتی چەند آموژگاری و پیروزبایەکی بە ناوی زعیم ملا مصطفی وە پشکەش کردن لە دوایدا زعیم ملا مصطفی روی کردە ادارەی شارەوانی و مامورانی ئەو ادارەیەشی زیارت فرمو هەر وەها تشریفی بردە ادارەی دژبانی و لە دوای ئەوە روی کردە مدرسەی گەلاویژ وە بە هوی آغای احمد الاهیەوە ماموستایانی ناسین و یەکە یەکە بە پولەکاندا گەرا وە لە هەمو پولیک ئەفسەر محمد محمود بە ناوی زعیم مەلا مصطفی وە اظهاری خوش وەختی و آمۆژگاری بو شاگردەکان دەکرد: لە دواییدا تشریفی بردە مدرسەی کوردستان دیسان لە گەل ماموستایان خوناسیان کرد و بە ناو پولەکاندا گەرا و لە هەر پولیک سرودیک دەخویندرایەوە. انجا زعیم مەلا مصطفی گەرایەوە مرکزی حزب.

شەوی یەک شەممو ١٢ - ١٢ - ١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/٣)

زعیم مەلا مصطفی تشریفی بردە چاپخانەی کوردستان وە لە لایەن مدیری چاپخانە آغای قادری مدرسی بە هوی آغای احمد الاهیەوە خو ناسینیان کرد وە لە دواییدا لە لایەن محمد محمودەوە چەند آموژگاریەک بە کارگەرانی چاپخانە کرا و سپاسی مدیری چاپخانەی بە ناوی زعیم مەلا مصطفی وە کرد.

روژی یەک شەممو ١٢- ١٢- ١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/٣)

بەیانی لە گەل ئەفسەران و آغای احمد الاهیی تشریفی بردە لای رئیسی هیئەتی رئیسەی میللی کوردستان جنابی سید حاجی باباشیخ و لە دوای سەعاتیک گفتوگوی گیانی بە گیانی بە خوشیەوە زعیم ئەویی بە جی هیشت و گەرایەوە مرکزی حزب.

ڕۆژی دوشەممو ١٣- ١٢- ١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/٤)

بەیانی دیسان زعیم مەلا مصطفی و ئەفسەرانی لە گەل آغای کریم احمدین تشریفی بردە ادارەی شارداری لە لایەن آغای میرزا غنی خسروی رئیس شارداریەوە پیش وازی کرا و نزیکەی نیو سەعاتیک لەوی رایبوارد وە لە گەل مامورانی ئەم ادارەیە معارفەی فرمو و لە دواییدا تشریفی بردەوە مرکزی حزب. سەعات ١٠ اوارە دیسان خوی و ئەفسەرانی محمد محمود، عبدالرحمن طیب مفتی تشریفیان بردە خذمت پێشەوای معظم لە یانەی فرهنگی وە دیسان نزیکەی نیو سەعاتیک گفتوگوی تایبەتیان بوو و گەڕایەوە جیگای خوی[٥]. (پاشبەندی ٤)

دوای ئەو دید و سەردانانەی لە کۆماری کوردستاندا، مستەفا بارزانی پلەی ژەنەڕالیی پێبەخشرا و ئەفسەرە هاوڕێیەکانیشی پلەی باڵای سەربازیان وەرگرت. ٢٢٠٠ بارزانیی پڕچەککران. لەوانە ١٥٠٠ کەسیان لە سێ بەتالیۆندا ڕێکخران و هەرسێ بەتالیۆنیان ڕەوانەی بەرەی شەڕی سەقز کرد. ٧٠٠ کەسیش وەک ئیحتیات ڕاگیران و چەند ئەفسەرییش لە دەستەی ئەرکاندا لەگەڵ بارزانی مانەوە[٦] دواتر بەتالیۆنێکی‌تریان پێکهێنا و ڕەوانەی ناوچەی سەردەشتیان کرد. هەروەها دوای ڕێککەوتنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان، بەرەی هەوشار کە لە زەنگانەوە بەدەست فیداییەکانی حکومەتی ئازەربایجانەوە بوو، بە کۆماری کوردستان و بارزانییەکانیان سپێردرا. پێویستە ئەوەش بڵێم کە هاتنی بارزانییەکان بۆ ڕیزی کۆماری کوردستان، سەرۆک هۆزەکانی کێشایە ژێر ئاڵای کوردستان و فەرمانی پێشەوا و لە ڕاڕابوون ڕزگاریکردن. دەربارەی پڕچەککردنی بارزانییەکان، کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت، لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (لە مهاباد ئێمەیان کردە دوو بەش، ئەو بەشەی کە پێشتر لە سوپادا سەربازییان کردبوو، پلەی سەربازییان پێدان تا مەشقی سەربازیی بە لاوەکان بکەن و لاوەکانیشیان کردە پێشمەرگە. من بەهۆی کەمیی تەمەنم لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا، چەکم پێنەبوو، و لە مهاباد چەکم هەڵگرت. هەر ٤٠ کەس لە ئێمەیان لە لێزگەیەکدا ڕێکخست و سەرلێزگەیەکیان بۆ داناین. سەرلێزگەکان لەژێر فەرمانی

سەرقۆڵەکاندا بوون و ئەفسەرەکانیشیان کرد بە سەرچڵ و ئەمیر بەتالیۆن. بۆ ماوەی دوو هەفتە مەشقی سەربازییان پێکردین و دوای تەواوکردنی مەشق، سوێندیان داین

کە خیانەت بە پێشەوای کورد و کۆماری کوردستان نەکەین. دوای سوێندخواردن، ئێمەیان لە چوارچرای شاری مهاباد کۆکردەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە پێشەوا قازی بەشداریی تێدا کرد، مستەفا بارزانی وتارێکی سەبارەت بە هوشیاربوونی ئێمە لە بەرەکانی شەڕدا خوێندەوە و بۆ ڕۆژی دوایی ئێمەیان ڕەوانەی بەرەی شەڕی سەقز کرد.)

دوای گەڕانەوەی قەوامولستەنە لە ڕوسیا، نوێنەرانی دوو دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەت لە تاران کۆبوونەوە، تا سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، کۆمپانیای تێکەڵاو بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و کێشەی ئازەربایجان، بڕیار بدەن. دەربارەی کێشەی ئازەربایجان، قەوام پێی باشبوو بۆ پاشەکشەکردنی سۆڤیەت لە دەستێوەردانی کێشەی ئازەربایجان، هیچ بەڵگەیەک واژۆ نەکرێت و کێشەکە بە شێوەی نارەسمیی بمێنێتەوە. سادچیکۆف باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاران بەڵێنیدا بە ڕێگەی وتووێژەوە هاودەنگیی سۆڤیەت وەربگرێت و ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٣ ڕێککەوتنەکە واژۆ بکرێت. قەوام بۆ نەهێشتنی گومانی ڕوسەکان، ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٣ لە نامەیەکدا هەموو پێشنیازەکانی یەکێتی سۆڤیەتی دەربارەی دامەزراندنی کۆمپانیای تێکەڵاو بۆ بەرهەمهێنانی نەوت قەبووڵ کرد.

شەوی ٣ لەسەر ١٩٤٦/٤/٤ مۆسکۆ ڕازیی بوو بە پێشنیازە ئاراستە کراوەکانی باڵیۆزو هەرلەو ڕۆژەدا "ڕێککەوتننامەیەکی دوو لایەنە" واژۆکرا. لەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتبوو:

١- یەکەکانی سوپای سوور مانگ و نیوێک دوای ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٤، هەموو خاکی ئێران بەجێدەهێڵن.

٢- پەیمان دەربارەی کۆمپانیای تێکەڵاوی نەوتی ئێران - سۆڤیەت، حەوت مانگ دوای ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٤، بۆ پەسەندکردنی ڕەوانەی خولی پازدەیەمی مەجلیس دەکرێت.

٣- کێشەی ئازەربایجان وەک کێشەیەکی ناوخۆ بەگوێرەی یاساکان، بە بۆچوونێکی خێرخوازانە سەبارەت بە خەڵکی ئازەربایجان بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازیی، لەنێوان دەوڵەتی ئێران و خەڵکی ئازەربایجاندا، بە ئاشتییانە چارەسەردەکرێت[٧].

پەیامی ژەنەڕاڵ بارزانی لە جەژنی نەورۆز: دوای سپاردنی هێزی پاراستنی کوردستان بە ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و جێگیربوونی بارزانییەکان لە بەرەی سەقز، کۆماری کوردستان ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢١ بەشکۆیەکی مەزن پێشوازیی لە جەژنی نەورۆز کرد. لەو جەژنەدا پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەڕاڵ بارزانی و ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان وتاریان خوێندەوە. بارزانی لە وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان سەبارەت بە نەتەوەی کورد کرد و کۆبوونەوەی نوێنەری دوو دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و تورکیای لە ئەنکارە و پیلانگێریی ئەوانی دژی نەتەوەی کورد لە قاودا. ئومێدی خواست هێزی گەلی ڕەنجدیدەی کورد بۆ ئازادی و نان سەرکەوێت. هەروەها لە پەیامەکەیدا ژەنەڕاڵ بارزانی پەیمانیدا کە هەتا دواتنۆکی خوێنی بۆ ئازادیی نەتەوەی کورد تێبکۆشێ و داواکارییەکانی پێشەوای کوردستان بۆ بەدیهێنانی دیموکراتی بەجێبگەیەنێت. ئەمەش دەقی وتارەکەی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە:

- نمایندەگانی بەڕێزی حزبی دیموکراتی کوردستان ئەی سەرکردەکانی هیزی مەرکەزی حکومەتی کوردستان.

ئەی هەڤاڵانم سەرکردەکانی هێزی آزادی، ئەی پێشمەرگەکان، ئەی گەلی کوردستانی خۆشەویست. .... پیرۆزبایی جیژنی میللی سەربەستیتان لی دەکەم کە ئەمرۆ لە پایتەختی حکومەتی کوردستاندا کە آڵای مقدسمان نیشانەی آزادی نیشتمان و میللەتە و لەسەر سەرمان دەلەرێتەوە و پێ پیرۆز دەکەین.

خوێن ڕژاوە آزادی دەست بە دەست کراوە ڕەنج غصب کراوە ملی هاوارکەرانی آزادی کەچ کراوە ئەم هەموو بەسەرهاتە لە چاخیکی میژودا بەرامبەر کورد کراوە بەم بەسەرهاتە یەک بە دوای یەکدا آگری مقدسی کوردی داگیرساند و لەو آگرە پاک و گەرمەیدا هەمومافی تواندەوە.

ڕووناکی کوژاوەی گیانی پالەوانانی آزادی گەلمان لە شمزینان، بارزان، درسیم، دیاربەکر و سلیمانی ئەو ریگایەمان بو ڕووناک دەکاتەوە کە گیانم بۆ بەخت کردوە کە بیگەینی. ڕوناکی میژوی شورشمان کە لەسەر ئەم شارە بڵاوبۆتەوە خوشی ئەو ڕوژەی جوانتر کردوە.

با هەنگاوی مجاهدەکانمان پتەو بکەین و پیویستی زۆر گەورە بۆ نیشتمانمان و گەلمان کە پیویستی ڕەنج و خوین ڕشتنمانە بهینینەجێ. داری آزادی بۆ گەلا کردن بەردانی خوینمانی دەویت.

پێویستە لەسەرمان کە پیلانی ئەو دزانەی کە لە آنقرە کۆبونەتەوە تێک بدین و بە فضلی ڕێک خستنی هێزمان وە کۆکردنەوەی بەرامبەر دوژمنی سەربەخۆئیمان ئەم پلانە تێک دەچێت و دەیان پشتیوانی ملتە آزاد خواهەکان بۆ آمانجی عادلمان، گفتی نمایندەی عراق لە آنقرە لە بابەت شۆڕشەکانی کورد و لە کفاحدا زیاتر گیانێکی پۆڵاییمان دەداتی. ئەگەرچی هێزی عراق بەشی کوژاندنەوەی شۆڕشی مقدسمان ناکات دەڵی و ڕادەگەیەنێ کە صدهزار پیشمەرگەی بێگانەی هاریکار هەیە. لەبەر ئەوە بوو پێویستە لەسەر شانمان کە ایمەش بڵین کە هێزی ڕەشی پاریزگاری استعمار و داگیرکەری بێگانە و کۆنەپرستی عراق هیچ دەمێک ناتوانێ خۆی لەبەر هێزی ڕوناکی و آزادیدا ڕابگرێت، هێزمان لە میلەتێکی ڕەنجدەر بۆ آزادی و نان وەرگیراوە لەبەر ئەوە سەرکەوتمنان حتمیە.

ئەوە شەرەفێکی زۆر گەورەیە کە وەک پێشمەرگەیەک لە شۆڕشی آزادیدا بەشدارم و شەرەفیکی زۆر گەورەترم وەرگرت کە هێزی آزادی سەرکردەیی خۆی دامێ بۆ پارێزگاری کوردستان.

ئەی جەوانانی کورد پەیمانتان دەدەمێ کە هەتا دواتنۆکی خوێنم بۆ ئازادیتان ببەخشم. آزادی گەلی کوردمان وەکو پێشمەرگەیەک آمادەم بۆ هەمو داواییکی "پیشوای کوردستان" بۆ هێنانەجێی امانجی مەزنی دیموکراتی.

با هەمو پێکەوە بە یەک دەنگ بڵین: بژی حکومەتی کوردستان و پێشوای معظم

بژی شۆڕشی بەربەرەکانی استعمار و کۆنەپەرستی

بژی ییکیتی سۆفاتی آزادیلە عالمدا[٨] (پاشبەندی ٥)

١- لە چەند شارەزایەکی سەردەمی کۆماری کوردستانم بیستوە، بەرلە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە پێشمەرگە دەگوترا چەکدار. لە کۆماری کوردستاندا، پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان ناوی پلە سەربازییەکان دەکەن بە کوردی و دەیانەوێ ناوێکیش بۆ چەکدارانی کۆمار بدۆزنەوە. لە ماڵی پێشەوا دەبن و خەریکی چا خواردنەوە کە کاک "ئەحمەد دەسماڵ" چایچی پێشەوا کاتی دانانی چا لەپێش میوانەکان، دێتە ناو باسەکەیان و دەڵێت: **(ئەوانەی گیانیان لە ڕێگای بەرگریی میللەتەکەیاندا دەدەن، دەبن بە "پێشمەرگ"، ئەو وشەیە لەلایەن قازی محەمەد و هەڤالانییەوە دەقۆسترێتەوە و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە جیاتی چەکدار بۆ ئەندامانی سوپای کوردستان دادەنێن.)**

٢- کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦، نوسینی ویلیام ئیگڵتن، لاپەڕەی ٩٣.

٣- ڕۆژنامەی کوردستان ، ژمارەی ٢١، لاپەڕەی ٤، شەممو ١١ ڕەشەمەی ١٣٢٤، ١٩٤٦/٣/٢.

٤- هەمان سەرچاوە، ژمارەی ٢٣، لاپەڕەی ٣، ڕۆژی چوارشەممو ١٣٢٤/١٢/١٥- ١٩٤٦/٣/٦.

٥- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٦، لاپەڕەی ٣، دوشەممو ٢٧ ڕەشەمە ١٨ مارس ١٩٤٦ و ژمارەی ٢٧، دوو شە ممو ٥ خاکەلیوەی ١٣٢٥، ٢٥ مارسی ١٩٤٦.

٦- بارزانیی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، نوسینی مەسعود بارزانیی، چاپخانە (خەبات) دهۆک ١٩٨٨.

٧- دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان لە ١٩٤٥- ١٩٤٦، نوسینی پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی، لە کتێبی بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، وەرگێڕانی مەنسور هەمامی، لاپەڕەی ١٦٠.

٨- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧، لاپەڕەکانی ١ و ٢، دوشەممو ٥ خاکەلیوەی ١٣٢٥، ٢٥ مارس ١٩٤٦

پاشەکشەی سوپای سۆڤیەت لە ئێران و چەند ڕووداو

پاشەکشەی سوپای سۆڤیەت لە ئێران لەگەڵ ئەوەدا حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستانی لێک نزیک کردەوە، دوای چەندان ڕووداو و کارەسات، سەرئەنجام گەڕانەوەی سوپای ئێرانی بۆ ئازەربایجان و کوردستان بەدواوە بوو.

یەکگرتنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان: قۆناخی یەکەمی پاشەکشەی سەربازانی سۆڤیەت ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١ بە چۆلکردنی شارەکانی "شاهی و میانە" دەستی پێکرد و لە ناوەڕاستی مانگی ئاپریل "نیسان"دا، شارەکانی "کەرەج و بەندەرپەهلەوی"یان بەجێهێشت و لە ١٩٤٦/٥/٩ دوا سەربازی سۆڤیەت لە خاکی ئێران کشایەوە. هێشتا سوپای سۆڤیەت لە ئێراندا بوو کە قەوامولستەنە ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٥ سێهەزار سەربازی لە شارەکانی شیراز، ئیسفەهان و ئەهوازەوە ڕەوانەی قەزوێن کرد و ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٧ گروپێکی ٨٠٠ کەسیی لە هێزەکانی پیادە و سوارەی سوپای ئێران لە جادەی "تیکان تەپە" و "ساینقەڵا"، لە گوندەکانی "ئێنجە" و "قەڵا- بۆرون"ـەوە پەلاماری هێزەکانی فیداییان دا[1] چەند ڕۆژ پێش سەرهەڵدانی ئەو شەڕە، "سادچیکۆڤ" باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاران بە فەرمانی وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، پێشنیازی بە قەوامولستەنە کرد کە دەقی ڕێککەوتننامەکەیان، دەربارەی ئازەربایجان ڕابگەیەنێت.

ئەو ڕووداوانە، حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستانی لێک نزیک کردەوە و ئەگەر تا ئەوکاتە ڕێبەرانی ئازەربایجان ڕوی خۆشیان بە قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان پێشان نەدەدا، ئەم جارە ڕێبەرانی هەر دوو حکومەت و کۆمار هاتنە پشت مێزی وتوویژ کە لە بواری وتوویژکردن لەگەڵ تاران و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەدا هاوکاریی یەکتر بکەن. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٣ لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و ئەندامەتی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەید عەبدوڵا گەیلانی، عومەرخانی شەریفی، ڕەشیدبەگی جیهانگیری، زێڕۆبەگی بهادوری ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و قازی محەمەد خزری نوێنەری خەڵکی شنۆ،

چوون بۆ تەوریز و لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی میللیی ئازەربایجان سەید جەعفەر پیشەوەری سەرۆکوەزیران، حاجی میرزا عەلی شەبستەری سەرۆکی پەرلەمانی میللیی ئازەربایجان، سادق پادگان جێگری سەرۆکی فیرقەی دیموکرات، دوکتۆر سەلامولا جاوید وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئازەربایجان و محەمەد بێریا وەزیری فەرهەنگی حکومەتی میللیی کۆبوونەوە و لەسەر ئەم حەوت خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن. ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو ڕێککەوتنەدا، نوسی:

– چونکو ملتی آذەربایجان و کوردستان هەموو کاتیک لە قازانج و زیاندا پیکەوە شریک بوون و لەعینی حالیشدا تاویستا بە دەست استعمار و استیلا جویانەوە بو ئەو دوو ملتە بە یەک اندازە فشار و لطمە وارد کراوە. ملتی آذربایجان بو رزگاریی تەواوی دانیشتوانی ایران لەژیر استبداد و دیکتاتوری هەولی داوە. هەروەها ملتی کوردیش لە ریگای آزادیدا فداکاریکی زوری کردوە و قوربانیکی بی ئەژماریشی داوە. بەلام فتنە و دسیسەی دلالەکانی سیاسی استعماری بوتە سبب و بەرهەلستی نەگەیشتنی ئەم دوو ملتە بە آواتی خۆیان.

هەتاکوو ئەو شەری آخری دنیایە دەست پیکرا و بە هیزی بە قوتی دەولەتی علمداری آزادی دەستگای فاشیستی کە آلتی دەستی استعمارچیان بوو تیکوپیک چوو و ئەو دوو ملتە آزادی خواهانەش هەل هەلکەوت لەنیو خویاندا بو لەبین بردن و محو کردنەوەی فاشیستی و دیکتاتوری قدی پیاوەتیان بەرز کردەوە و شان بەشانی یەک بەربەرە کانیان دست پیکرد و آلای بەراستی دیموکراسی و آزادیان بلیند کرد و لەبەر ئەوەی ئەو دوو ملتە برایانە نەهەر بو جیکردنەوەی آزادی خویان بەلکو بو دامەزراندنی آزادی لە سەرتاسەری ایران بو هەموو وەختیکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی.

جا لەبەر ئەوە لە روژی (سی شەموو ٣ ی بانەمەر اردیبهشت)ی ١٣٢٥ ساتی ٥ ی تەوای ئیوارە لە شاری تەوریز لە عمارتی ملی آذربایجان بە حضوری سەرانی حکومەتی ملی کوردستان: رئیسی حکومەتی میلی کوردستان جنابی آغای قاضی محمد– آغای سید عبدالله گیلانی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان– آغای عمرخانی شەریفی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی

کوردستان و ڕئیسی عیلی شکاک- آغای محمد حسینی سیفی قازی وەزیری هیزی حکومتی میلی- آغای ڕەشید بەگی جهانگیری عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان و ڕئیسی عیلی هەرکی- آغای زیرو بەگی بهادوری عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان - نوێنەری کوردی شنو آغای قازی محمد خضری- بە حضوری سەرانی حکومەتی میلی آذربایجان: ڕئیسی مجلس ملی آذربایجان جەنابی آغای حاجی میرزا علی شبستری – سەروک وزیری حکومتی میلی آذربایجان آغای سید جعفر پیشەوەری-معاونی صدری فرقەی مەرکەزی حزب دیموکراتی آذربایجان آغای پادگان- وەزیری داخلەی آذربایجان دوکتور سلام الله جاوید- وەزیری فەرهەنگی آذربایجان آغای محمد بی ریا - بو قایم و محکم کردنی دوستایەتی کە لە بینی آذربایجان و ملتی کوردستان دا بوو بو پایەداری صمیمیت و دوستایەتی زیاتر بوون لە بینی ئەو دو میللەتەدا ئەو قرارانەی خوارەوەیان قبول کرد و هر دووکیان لە آیندەدا لەگەڵ ژیانی خویان تطبیقی دەکەن.

١- لەو جیگایانەی پی ویست بزانری هردووک حکومەتی میلی نوینەر دەگۆرنەوە.

٢- لە آذربایجاندا ئەو جیگایانەی کە دانیشتوانی کورد بن کاری ایداراتی دەولەتی بە کوردان دەبی و هەروەها لە کوردستانیش لەو جیگایانەی کە بەشی زوری دانیشتوان آذربایجانی بن لە طرەف مأمورانی حکومتی میلی آذربایجان ایدارە دەکری.

٣- بو حەل بونی موضوعی اقتصادی لە بینی هردوک میلەتان کومیسیونیکی تیکەلاو دادەمزری وە قراری ئەو کومیسیونەی بە کوششی سەرانی ئەو دوو حکومەتە اجرا دەکری.

٤- لەکاتی پی ویست دا لە بەینی حکومەتی میلی آذربایجانو کوردستان هاوکاری پیشمەرگەیی دەکری و دەبی ئەوی لازم بی بە کومەگی یەک تری ئەنجام بدرێ.

٥- هەرکاتیک پی ویست بی لەگەل حکومەتی تاران گفتوگۆ بکری دەبی بە نظری موافق حکومت میلی آذربایجان و کوردستان بی.

٦- حکومتی میلی آذربایجان بو ئەو کوردانەی کە لە خاکی آذربایجاندا دەژین تا ئەو اندازەی کە بتوانێ بو پیشکەوتنی زمان و تەرەقی پیدانی فرهنگی میلی وان هەول دەدا.

هروەها حکومتی میلی کوردیش بو ئەو آذربایجانیانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین بو پیشکەتنی زمان و تەرەقی پیدانی فرهنگی میلی وان ئەو اندازەی کە بتوانی هەول بدا.

٧- هر کەس بو تیکدانی دوستایەتی تاریخی نەتەوەی آذربایجان و کورد و لەبین بردنی برایەتی وە دیموکراتی میلی و یا لەکەدار کردنی یەکدی وان هەول بدا هردوولا بە یک دەست ئەو مرتکبانە بە جزای خویان دەگەیین.

آغای حاجی میرزا علی شبستری رئیسی مجلس میلی آذربایجان

آغای پیشەوەری سەروک وزیری حکومتی میلی آذربایجان

آغای پادگان معاونی صدری کومیتەی مەرکەزی فەرقەی دیموکراتی آذربایجان

آغای دوکتور جاوید وەزیری داخلەی حکومت میلی آذربایجان

آغای بی ریا وەزیری فەرهەنگی آذربایجان

قاضی محمد رئیسی حزبی دیموکرات کوردستان و رئیسی حکومتی ملی

محمد حسین خانی سیفی قاضی وەزیری هیزی حکومتی میلی کوردستان

سید عبدالله گیلانی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان

ئەمرخانی شەریفی عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان رئیسی عیلی شکاک

رەشید بەگی جهانگری عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان و نمایندەی عیلی هەرکی

زیرو بەگی بهادوری عضوی کومیتەی مرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان و نوینەری عیلی هەرکی[٢].

جگە لەو حەوت خالانە، بۆ هاوکاریی و بەرگریی کردن لە هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان، لەو کۆبوونەوەیەدا فەرماندەیی بەرەی شەڕی "هەوشار"یشیان کە پێشتر ئازەربایجانییەکان بەرگریان لێدەکرد، بە ژەنەڕاڵ بارزانی سپارد. لەجیی خۆیدا ئاماژە بۆ ڕاپۆرتی پیشەوەریی بۆ باقرۆڤ دەکەم.

شەڕی قاراوا: ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٨ لیژنەیەک بە نوێنەرایەتی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بۆ وتوێژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران چوونە تاران. ڕۆژی

١٩٤٦/٤/٢٩ کە نوێنەرانی کورد و ئازەربی لە تاران خەریکی وتوویژکردن بوون، چەند یەکەیەکی سوپای ئێران هەلیان قۆستەوە و بە فەرمانی سەرتیپ هومایونی بە چەکی سوک و قورس لە سێ لایەنەوە هێرشیانکردە سەر پێشمەرگەکانی کوردستان لە بەرەی "قاراوا" کە گوندی "سەرا" لەسەر جادەی سەقز بۆ بۆکان بگرن کە لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی بارزانییەوە زەبری قورسیان لێدرا و پاشەکشەیان پێکرا.

لەو شەڕەدا ١١٠ چەکداری سوپای ئێران کوژران و ٤٠ کەسیشیان لەلایەن بارزانییەکانەوە بەدیل گیران. پێشمەرگەکان، دیلەکانیان بەڕێگای گوندی "حەمامیان"دا گواستەوە بۆ مهاباد. خەڵکی گوندەکانی سەر ڕێگا و شاری مهاباد بە بینینی ئەو دیلانە، سەریان سوڕما بوو. هەستی نەتەوەییان دەجوڵا و شانازییان بەبوونی خۆیان و لێهاتوویی بارزانییەکانەوە دەکرد و فرمێسکی شادییان هەڵدەڕشت[٣].

ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١٥- ١٩٤٦/٥/٥، پێشەوا قازی محەمەد خەریکبوو لەگەڵ حاجی بابا شێخ بچێت بۆ تەورێز، ناوبراو لە وتارێکیدا بە سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگۆڕ، مامەش، گەورک و قەرەپاپاخی ڕایگەیاند برایانی خۆشەویستی بارزانی لە شەڕی ساڵح ئاوادا کە هێزێکی ٧٠٠ کەسیی فارسان دەیانویست بۆلای سەرا بێن، پێشمەرگەکان پێشیان پێگرتن و ١١٠ کەسیان لێ کوشتن و ٤٠ کەسیشیان لێ بەدیل گرتن و زیانێکی زۆریشیان پێ گەیاندن، بەبێ ئەوەی کە یەک پێشمەرگە لوتی لە خوێن بێت[٤]. هەرلەو بارەیەوە ژەنەڕاڵ حەمە ڕەشید خان فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا، ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٢ لە نامەیەکدا بۆ پێشەوا قازی محەمەدی نوسی:

بابەت: سوپاس کردن لە قارەمانەتی هێزەکانی بارزانی

١- بە کەمالی ڕوو سوری و سەربەستی و سەربەرزی کردەوەی خارەق العادەی هێزی بارزانی و ئەفسەر و سەرکردەکانتان بە عەرز دەگەیەنم. هەرچەندە بە نوسینی ژمارە ١٤٦- ١٣٢٥/٢/١١- ١٩٤٦/٥/١ موختەسری ئەوم تقدیم بە ستادی کل کردوە بەڵام بۆ ئەوەی پیشەوای بەرزیش لە رشادەتی ئەم برا بەقیمەتانەم ئاگادار بکەم ئەوە نمونەیەکی قابیلتان عەرز دەکەم.

٢- لە ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٩ سەعاتی ١١:١٠ پێش نیوەڕو دوژمن بۆ جیهەت سەرا لە ناکاو هجومی کردە سەر قاراوا کە لەژێر نظارەتی بەکر ئاغای حەویزی دا بوو و لە جیهەتی سەرا هجومی استحکاماتی سەرای کرد کە لەژێر نظارەتی میرحاج دابوو. جیهەتی تریشیان ڕووی کردبووە ئەو شانەی کە جناحی ڕاستە کێوی بالوقای پی دەڵێن و لەژێر نظارەتی مستەفا خۆشناودا واقع بوو. لەو وەختەی کە دوژمن لە هەموو لایەکەوە خەریکی تقدم-پێشرەوی) و ئاگرباران بوو، پێشمەرگەکانی هێزی بارزانی یەک بە یەک بە نهایەتی حەماسەتی و نەشڵەژان گوێیان لە اوامری فەرماندە و قیادی خۆیان ڕاگرت و بە وێنەی نظامی مودەربی دەوڵەتی و صرفا تەتبیقی ئەو پروگرامانەیان دەکرد کە لە تەرف قیادە و سەرکردە و افسران دەبێژرا بە اندازەیەک لە ئیقدام و فنونی جەنگ و نیشان گرتن و هەڵمەت بردن شارەزا بوون کە قەڵەم لە نوسینی عاجزە.

٣- سەرکردەی بارزانی، ئاغای میرحاج، ئاغای بەکر ئاغای حەویزی، ئاغای مستەفا خۆشناو و وەهاب ئاغای ناوە فوق العادە سەربەرزیان کردم حقیقتەن خزمەتی ئەو چوار زابتە گنجە بە هەموو مەعنایەکەوە تقدیر دەکرێ. ئەوە لە شەرەفیکی سیاسەتی خاوین دین و هەر چواریان شایستەی سوپاس و خەلات کردنن و ڕێوڕەسمی سەربازی حوکم دەکات بە بارەگای مەزنی کۆمار بناسرین و سوپاس لە پالەوانەتیان بکری. لەبەر ئەوە داوا دەکەم چۆنیەتی ئەو عەمەلیاتە سەرکەوتووە لە دۆسیەی پێشمەرگایەتی ئەواندا ڕاگرن. بە پێویستی دەزانم کە جەنابتان بە شێوەی ڕەسمی ئەم فەرماندانە خەلات بفەرموون.

٤- جێگرەکانی ئەو فەرماندانە، بەرێزان محمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساکۆ و خۆشەوی خەلیل کە ئەوپەری نیشتمانپەروەریان پیشاندا، خەلات کردنیان پیویستە. لەبەر ئەوە داوای دانی پلەی باڵا بۆ ئەو پاڵەوانە حەماسە خولقینەرانە دەکەم، کە لە عەمەلیاتی ئەوان سوپاس بکرێ.

٥- لەم بارەیەوە لەگەڵ زەعیمی گەورە مەلا مستەفا قسەم کردوە، بەڕێزیان لەگەڵ ڕای من هاودەنگن.

فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا[٥] (پاشبەندی ٦)

شەڕی سەردەشت: دوای شەڕی قاراوا و گەڕانەوەی لیژنەی نوێنەرایەتی کورد و ئازەربایجان لە تاران و بێ ئەنجام بوونی وتوویژەکان، سوپای ئێران بە هێزێکی زیاتر و پۆشتەترەوە لەگەڵ ژمارەیەک جاشی خۆماڵیی خەڵکی بانە، هێرشیکردە سەر پێشمەرگەکانی کۆمار لە ناوچەی سەردەشت، کەچی ئەمجارەش بە ژمارەیەک کوژراو و بریندارەوە پاشەکشەیان کرد. ڕۆژنامەی کوردستان بە سەردێڕی (هێرشی ارتجاع)، دەربارەی ئەو شەڕە نوسی:

هیرشی ارتجاع

بەرانبەر راپورتیکی روژی ١٣٢٥/٢/٢٨- ١٩٤٦/٥/١٨ گەیشتووە لە بەشی سەردەشت هوردووی فارسە مرتجعەکان کە عدەییک بانەیان دەگەل بوون هیرشیان بو عدەی حسن آغای هەنارە و زیرو بەگ و گەورکەکان هیناوە لە نەتیجەی دفاعدا مرتجعەکان زۆر خراپ شکاون و تلفاتیکی زوریان داوە: ٣٠ کەس لە هیرشکەران بە دیل گیراون دوو آغا و دوو نوکەریان کوژراون و ١٤ قبضە تفەنگ ٤ قبضە طپانچە و یەک دوربین و شەش ئەسپ بە غنیمت گیراون و بە شپرزەیی گەرانەوە دوواوە. بەوەرا دیارە کە خودا دەگەلمانە بکوشن پیروز دەبن[٦].

دوای ئەو هێرشە، سوپا ئێران لە هەڵوێستی دوژمنکارانەی پاشگەز نەبووە و بۆ زەبروەشاندنی لە پێشمەرگەکانی کوردستان، جارێکی تریش هێرشی کردەوە سەر پێگەی پێشمەرگە لە ناوچەی سەردەشت کە دیسان بە توندیی شکا و پاشەکشەی کرد. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاویکردەوە:

خەبەر گەیشتوە کە شەوی چوار شەممویە پیشمەرگەکانی ارتجاع (مەبەست لە چەکداری دوژمنە- نوسەر) بە مەداری نزیکی سەردەشت کە پوستی کوردستانی لی دەبی پەلاماری دەدەن و پۆستەکە دەور دەدەن و بە خەیالی خاوی خویان بە دەرفەتی دەزانن و پەلاماری بولبلی آزادی گەورک کە کاک الله آغا فەرماندەیان دەبی دەدەن لە پاش شەریکی زور هیزی ارتجاع و کورانی بە زور هاتوی ایران ٤٤ کەسیان لی دەکوژری و نزیکەی ٤٠ کەسیان بریندار بووە و زور بە شپرزەیی دەشکین و هەلدین. لە هیزی کوردستان ٥ کەس بریندارە و سعید بەگ پیاوی حمدی وسین آغا بە درجەی شهادت گەیشت و گیانی پاکی دەگەل گیانە پاکەکانی شهدای آزادی بو بە

هاودەم، دیسان هیزی حق هیزی دروزنی ارتجاعی رەپی ناوە و تا ویستا خبریکی تر نەگەیشتوە(٧).

هێز و دیسیپلینی بارزانییەکان: دوای ئەو شەڕە، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆمار و ژەنەڕاڵ بارزانی بڕیاریاندا لە پێشمەرگەکانی ئیحتیاتی هێزی بارزانی، بەتالیۆنێکی تر پێکبهێنن و ڕەوانەی ناوچەی سەردەشتی بکەن کە دوژمن نەتوانێت لەو ناوچەیەدا زیان بە خەڵک و پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە بگەیەنێت. ئەو بەتالیۆنە بە فەرماندەیی بەکر عەبدلکەریم حەوێزی لە ناوچەی سەردەشت جێگیرکرا.

جادەی سەقز بۆ بانە بە تەواویی لەژێر چاودێریی پێشمەرگەکانی هێزی بارزانیدا بوو. هیچ کەسێک جگە لە خەڵکی ناوچەکە، بەبێ بڕیاری ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، نەیدەتوانی لەو جادەیە نزیک ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەرپرسانی کۆماریش بەو جادەیەدا هاتوچۆیان بکردایە، ئوتۆمبیلەکانیان دەپشکنین. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دیسیپلینی پێشمەرگەکانی کۆمار لەو ناوچەیەدا، سەرنج بدەنە ئەم ڕووداوەی خوارەوە:

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ناوەڕاستی مانگی مای "ئەیار" ساڵی ١٩٤٦، پێشمەرگەکانی بازگەی مامەشە لە کاتژمێر ١٢:٠٠ دا ئوتۆمبیلی سەدری قازی ڕادەگرن. سەدر دەڵێت: **(من برای پێشەوا قازیم و لێیان دەپرسێت ئەگەر منتان بناسیایە، هەر سەیری ئوتۆمبیلەکەمتان دەکرد؟)** پێشمەرگەکان دەڵێن بەڵێ! چونکە ئێمە دەبێت بە توندیی دەستوری فەرماندەکەمان جێبەجێ بکەین. سەدر بە بیستنی ئەو وەڵامە، بە خۆشحاڵییەوە ناوی فەرماندەکەیان دەپرسێت. ئەوانیش دەڵێن فەرماندەی ئێمە بەکر عەبدولکەریمە "لە هێزی بارزانییەکان". سەدری قازی سوپاسیان دەکات و ئەم نامەیەی خوارەوە دەنوسێت و دەیدات بە یەکێک لە پێشمەرگەکان کە بیگەیەنێت بە فەرماندەکەیان:

– پێشمەرگەکانی کوردستانم بینی. لە خۆشیان لە پێستی خۆمدا نەدەگونجام، باوەڕ بکە بیست ساڵ جوانتر بوومەوە. نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک سوپاسی خۆمتان ئاراستە بکەم. دیسیپلین و ئەرکشناسیی پێشمەرگەکانی کوردستان جێی

سوپاس و پێزانینە. پێمخۆشبوو لە نزیکەوە بە خزمەتتان بگەم، بەڵام چونکە دەبێ بچمە بۆکان و مهاباد، هەلی ئەوەم بۆ نارەخسێت. ئوتۆمبێلەکەم دەنێرمە لاتان، دیتنی ئێوە بۆ من زۆر جێی خۆشحاڵییە.

سەدری قازی[٨] (پاشبەندی ٧)

شەڕی بەرزاییەکانی ملقەرەنی: دوای شەڕی قاراوا، سوپای ئێران بە هێزێکی زۆر و بە پشتیوانیی تانک، تۆپ و فڕۆکەوە، هێرشیکردە سەر دوو بەرەی شەڕی مامەشە و میرەدێ لە بەرزاییەکانی ملقەرەنی و لە شەڕێکی سەخت و دژواردا کە سێ جار شکا و زیانێکی زۆری لێکەوت، نزیکەی ٥٠٠ چەکداری کوژران و ٢٠٠ چەکداریش بریندار بوون، لەگەڵ تێکشکانی دوو تانک و کەوتنەخوارەوەی دوو فڕۆکە و لەدەستدانی چەندان تفەنگ و بە ڕادەیەکی زۆر تەقەمەنی. لەو دوو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوی محەمەد ئاغای شقۆیف لە میرەدێ و خۆشەوی خەلیل خۆشەوی لە مامەشە شەهید بوون و دە پێشمەرگەش بریندار بوون کە یەکێک لەوان محەمەدی قادریی مامەش بوو. ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارێکیدا بە قەڵەمی سەید محەمەد حەمیدی سەرنوسەر، دەربارەی شەڕی بەرەی سەقز نوسی:

بەهوی دەنگ و باسی کە لە جبهە گەیشتووە بو جاری چەندەم روژی ١٣٢٥/٣/٢٥- ١٩٤٦/٦/١٥ پیشمەرگەکانی (مەبەست لە چەکدارەکانی دوژمنە- نوسەر) مرتجعین و سەربازانی بلەوەزەکان لە جبهەی سقز بە پیادە و تانک و توپەوە پەلاماریکی زور سەختیان بو هیزی دیموکراسی کوردستان هیناوە و هیزی کوردستانیش لە بەرامبەر ئەم دەست دریژیەدا پاریزگاری کردووە و جەنگ حالەتیکی راستەقینەی وەخو گرتوە. ئەمجا ناچار لە لایەن هیزی کوردستانەوە پەلاماری متقابل براوە دوای جەنگیکی زور سەخت هیزی فاشیست بە کوژراو و زیانیکی زورەوە لە نهایەتی ریسوایی دا هەڵاتووە و زیانی کە داویانە بە ترتیبی ژیرەوەیە:

١- لە میزانی هەزار کەس کوژراو و بریندار

٢- دوو تانک شکاوە

٣- دوو فروکە شکاوە و سوتاوە

٤- مقداریکی زور تفەنگ و فیشەک و مسلسل وەچەنگ کەوتووە لە لاین هیزی کوردستانەوە تەنیا ١١ کەس بریندار بوون.

هەموو دونیا دەزانی کە ماوەی سی مانگە هیزی کوردستان لە دەوروبەری سردشت و بانە و سقز بو پاریزگاری سنوور دانیشتوون. لەم ماوەدا تا ئەورو سەربەخو لەلایەن هیزی کوردستانەوە چکولەترین دەست درێژییەک نەکراوە بەلام ئەو بی شەرمانە دەگەل ئەوەش لەم مدەتەدا بی ووچان دەگەل کوردستان و آذربایجان خەریکی گفتوگوی ریک کەوتن بوون[٩] پەلاماری هیزی دیموکراسی کوردستانیان دا.. تد.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٠ یدا ڕایگەیاند، ڕادیۆی کوردستان ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٦- ١٩٤٦/٦/١٦ بڵاویکردەوە کە پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە تەورێزەوە چووە بۆ "سەرا" و لەگەڵ سەرتیپ ڕزمئارا وتوویژی کردوە و ئێستا خەریکی بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەکانی بەرەکانی شەڕە.

دوای ئەو سەردانەی، ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٣٠- ١٩٤٦/٦/٢٠ پێشەوا قازی محەمەد لە نوێژی هەینییدا وتارێکیدا. ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٢ یدا دەقی وتارەکەی پێشەوای بڵاوکردووەتەوە. لە بەشێکی ئەو وتارەیدا پێشەوا ئاماژەی بۆ شەڕی ١٣٢٥/٣/٢٥- ١٩٤٦/٦/١٥ کرد و گوتی ئێران نزیکەی سێ هەزار سەربازی پیادەی ناردبووە سەر مامەشە و بە هەشت تۆپ و دوو فڕۆکە و دوو تانکەوە پشتیوانیی دەکردن، فەرماندەی ئێمە لە مامەشە، مستەفا خوشناو لە هێرشی سوپای ئێران ئاگاداردەکاتەوە و ئەویش فەرمانیان پێدەدا تا دەگەنە سەر سەنگەرەکانیان، دەست نەکەنەوە. ٣٠ پێشمەرگە لەوێ دەبن و کە دوژمن دەگاتە ناو سەنگەرەکانیان، ئیتر لێیاندەدەن و ژمارەیەکیان دەکوژن. پەنجا هەزار فیشەکیان لێ دەگرن، دوژمن دەشکێت، بەڵام دووبارە هێرش دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا نزیکەی ٣٠ کەس لە پۆلی سەرکردە میر حاج ئەحمەد بە یارمەتییانەوە دێن و شەڕێکی قارەمانانەیان لەگەڵ دەکەن و یەکەیەکیان لێ بە دیل دەگرن، بەڵام چونکە ژمارەی پێشمەرگەکان لە ٧٠ کەس تێنەدەپەڕی، کەسیان نابێت کە دیلەکان دوربخاتەوە. دووبارە بە بەدەستخستنی چەند تفەنگ و کوژراوێکی زۆر، دوژمن دەشکێت و بۆ جاری سێیەم دوژمن هێرش

دەکاتەوە، لەبەرئەوەی کە پێشمەرگەکان ژمارەیەکیان بریندار دەبن، بە ناچاریی بۆ ڕزگارکردنی پێشمەرگە بریندارەکان پاشەکشە دەکەن و گردی مامەشە بەجێدەهێڵن. لە سەربازەکان ٥٠٠ کوژراو و ٢٠٠ کەسیان بریندار و دوو تانک و دوو فڕۆکەیان سوتا و شکاوە.

هەروەها پێشەوا ڕایگەیاند کە دوژمن لە بەری میرەدێشەوە پەلاماری پێشمەرگەکانی دا کە سوارەکانی ئاغای ئەحمەدخانی فاروقی فریای پێشمەرگەکان دەکەون و لە هەر دوو بەرەی شەڕ، دوژمن زیانێکی زۆری لێ دەکەوێت. لە بەرەی شەڕی میرەدێ، محەمەد ئاغای شقۆیف شەهید بوو. پێشەوا سوپاس و دەستخۆشیی لە پێشمەرگەکانی هێزی بارزانیی کرد و گوتی لە یارمەتیدانی ئابووری ئەو پێشمەرگانە، کۆتایی ناکرێت.

جگە لە محەمەد ئاغای شقۆیف کە لە شەڕی میرەدێدا شەهید کرا، لە ناو بریندارەکانی شەڕی مامەشەشدا، پێشمەرگەیەک بە ناوی "خۆشەوی خەلیل خۆشەوی" شەهید بوو. هێمن سەبارەت بە شەهیدبوونی خۆشەویدا کۆپلە شیعرێکی لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢ دا بڵاوکردوەتەوە و لە بەشێکیدا دەڵێت:

دوینی ایواری چومە سەیر و گشت
تا بانگی شەوان گەرام کیو و دەشت
شەو هات، تاریکی پەیدا بوو کەم کەم
دلی داگرتم وردە وردە خەم
بە سەر دنیادا کشا پەردەی رەش
هەلاتن یەک یەک ئەستیرەی گەش گەش...

بەسەر کردنەوەی بەرەکانی شەڕ: ژەنەڕاڵ بارزانی بە بەردەوامی بە بەرەکانی شەڕدا دەگەڕا و پێشمەرگەکانی بەسەر دەکردەوە. لەم بارەیەوە تەیمەز ئاراب، مەلا ئیبراهیم بابەکر، و شەیف قورتاس، هەڤاڵانی بارزانی لە کۆمای کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت، لە وتوویژێکی تایبەتدا پێیانڕاگەیاندم: **(جگەلە ئەمیر بە تالیۆنەکان کە بە بەردەوامی لەلامان بوون، مەلا مستەفاش بە بەردەوامی سەردانی دەکردین. لەبیرمانە**

کە دوای شەڕی قاراوا پێشەوا قازی محەمەد و مستەفا بارزانی هاتن و لەگەڵ دەستخۆشی شەڕەکە، خەڵاتیشیان کردین.)

هەروەها سەعید وەلی بەگ یەکێک لە بەرپرسانی پێشمەرگە لە شەڕی ملقەرەنی لە وتوویژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم: **(دوای شەڕی ملقەرەنی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی هاتنەلامان و من لەگەڵیان چووم و شوێنی شەڕەکانم پێشاندان. دەستخۆشییان لە ئێمە کرد و فەرموویان میدالیای قارەمانەتیتان دەدەێنێ کە بەداخە کۆمار هەرەسیهێنا و ئێمە میدالیای شەڕی ملقەرەنیمان وەرنەگرت.)**

لە بەڵگەنامەی ژمارە پێنجەمدا، ڕۆژنامەی کوردستاندا ئاماژە بۆ ژەنەڕاڵ بوونی بارزانی دەکات و نوسیویەتی ژەنەڕاڵ بارزانی لەگەڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگریی کۆمار چووە و سەردانی بەرەی شەڕی کردوە:

دەنگ و باسی نیوخو

چوونی وەزیری جەنگ بو جبهە

روژی ١٣٢٥/٤/١٤– ١٩٤٦/٧/٥ سەعاتی ٨ بەیانی جەنابی آغای محمد حسین خانی سیفی قاضی وەزیری بەرزی هیز و جەنابی ژنرال مایور مصطفی بارزانی دەگەڵ عدیەک پیشمەرگە بو جبهە عزیمتیان کرد[١٠]. (پاشبەندی ٨)

مەبەست لەو سەردانەی وەزیری جەنگ و ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ بەرەی سەقز، بۆ هەڵسەنگاندنی ورەی پێشمەرگە و شناسایی ناوچەکە و هێزی دوژمن و دانانی پلانێک بوو بۆ دەسبەسەرداگرتنی سەقز و دەرهێنانی سنە لە دەست ڕژێمی پەهلەوی بە هاوکاریی ئەفسەرانی حکومەتی ئازەربایجان. ئەفسەرانی کۆماری کوردستان، پلانی پاککردنەوەی شاری سەقز و سنەیان لە دوژمن دارشتبوو. بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی ئازەربایجان چوار تانک و چوار تۆپی قورسی لەگەڵ دوو ئەفسەری ئازەریی ناردبوو بۆ بەرەی سەقز، بەڵام هێرشەکە سەری نەگرت. لەم بارەیەوە کازم مستەفا ئومەر شانەدەری دەڵێت:

– (دوای سەرکەوتنمان لە شەڕی قاراوا و ملقەرەنی، ورەی پێشمەرگەکان زۆر بەرز بوو. ژمارەیەکی زۆر عەسکەر بە چوار دەبابە لە تەورێزەوە هاتن کە سەقز

بگرین. خەریکی داڕشتنی ئەو پلانە بوون کە خەبەر هات حکومەتی ئازەربایجان تێکچوو. بە ئێمەیان گوت بکشێنەوە و ژن و منداڵەکانیش لەگەڵ خۆتان بکێشنەوە.)

١- دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان، نوسینی پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی لە ١٩٤٥- ١٩٤٦: AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 74-75

٢- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٤، لاپەرەی ١، دوشەممو ١٦ بانەمەر ١٣٢٥، ٦ مە ١٩٤٦.

٣- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ١٥٤ و ١٥٥، نوسینی مەسعود بارزانی.

٤- ڕۆژنامەی کوردستان، هەمان سەرچاوە، ژمارە ٤٦، لاپەڕەی ١، شەممو ٢١ بانەمەری ١٣٢٥، ١١ مە ١٩٤٦.

٥- دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دۆکومێنت)، کۆکردنەوەی مەحمود مەلا عزەت. چونکە نامە دەستنوسەکەی حەمە ڕەشید خان لە کتێبی دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دۆکومێنت)، بە تەواویی نەدەخوێندرایەوە، بەشێک لە نامەکەم لە وەرگێڕاوی فارسی وەرگرتووە. بڕوانە لاپەڕەی ١٠٢ و ١٠٣، کتێبی قازی محەمەد و کۆمار لە ئاوێتەی بەڵگەنامەدا، نوسینی بەهزاد خۆشحاڵی، هەمەدان ١٣٨٠.

٦- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٩، لاپەڕەی ٤، شەممو ٤ جوزەردان ١٣٢٥- ٢٣ مە ١٩٤٦.

٧- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٥٠، ٢ شەممو ٦ جوزەردان ١٣٢٥- ٢٧ مە ١٩٤٦.

٨- قازی محەمەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکاندا، لاپەڕەی ٢٣٧ و ٢٣٨، نوسینی بەهزاد خۆشحاڵی، هەمەدان ١٩٨٠.

٩- ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان ژمارە ٦٠، لاپەڕەی ١ و ٤ شەممو ٢٩ جوزەردان ١٣٢٥. ٢٠ ژوین ١٩٤٦.

١٠- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٦، لاپەڕەی ١، سێ شەممو ١٨ پوش پەر ١٣٢٥

هەرەسهێنانی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و چارەنوسی بارزانییەکان

دوای ئەو هێرش و پەلامارانەی دوژمن بۆسەر ئازەربایجان و کوردستان و شکانیان لە بەرەکانی شەڕدا، چەند دیدار و وتووێژی سەرنەکەوتووی ڕێبەرانی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لەگەڵ قەوامولستەنە و کاربەدەستانی ئێران لە تاران و سەقز، قەوام ڕایگەیاند هێزێکی بچوکی نمونە دەنێرێتە ئازەربایجان و کوردستان کە ئەمنیەتی بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی خولی پازدەیەمی مەجلیسی شورای میللی دەستەبەر بکات.

بەم بۆنەیەوە، ڕۆژی ١٩٤٦/١٠/٢٠، پیشەوەریی، پادگان و غولام یەحیا فەرماندەی فیداییەکانی ئازەربایجان چوون بۆ "نەخجەوان" و چاویان بە میرجەعفەر باقرۆڤ کەوت. لەو دیدارەدا پیشەوەریی گوتی دۆخێکی دژوار و مەترسیهێنەری سیاسی بۆ ئازەربایجان پێکهاتووە. ئینگلیزەکان و گروپە کۆنەپەرستەکانی ئێران بە ڕێبەرایەتی قەوام، دەیانەوێ دەستکەوتەکانمان لەنێو ببەن و ئەگەر ئەو هێزە شەیتانییانە هێرش بکەنە سەر ئازەربایجان، لە هەلومەرجی ئێستادا، ئێمە ناتوانین پێشیان بگرین. پیشەوەریی کەمیی چەک و کەرەستەی جەنگی سوپای ئازەربایجانی بەهۆی سەرەکیی ئەو لاوازییە دانا و گوتی گومان لەوەدا نیە کە کاتی هێرشکردن بۆ سەر ئازەربایجان، پلانەکەیان لە زەنگانەوە بۆ مەراغە دەسپێدەکەن و لە بەرەی زەنگاندا بە هۆی نەبوونی لەمپەری سروشتی، هێزەکانمان لە دەشتاییدا سەنگەریان لێداوە. پیشەوەریی ڕایگەیاند ژمارەیەک کورد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانیی هەن کە دەتوانن پشتیوانیی لە دیموکراتەکان بکەن کە ژمارەیان لە ١٥٠٠ چەکدار تێناپەڕێت. پیشەوەریی لە کۆتاییدا گوتی بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نالەباری ئابووری و بەرزرکردنەوەی توانای جەنگیی هێزەکانی ئازەربایجان، پێویستمان بە بیست میلیۆن تمەن هەیە[١].

لە چوارچێوەی هەڕەشە کردنەکانیاندا، یەکەکانی سوپای ئێران ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٠، بە فەرماندەیی سەرتیپ هاشمی بەرەو تەوریز بەڕێکەوتن و لە "بوستان

ئاوا" لە ٦٣ کیلۆمەتری تەوریز جێیان گرت. هەرلەو ڕۆژەدا لە تەوریز و شارە گەورەکانی ئازەربایجان، کوشتار و تالانیی بە واتەی تەواوی وشە، دەستیپێکرد. شەوی ١٩٤٦/١٢/١١، گروپە کۆنەپەرستەکان بە کۆکردنەوەی کەسانی ناڕازیی، هێرشیان کردە سەر سەربازگەی تەوریز و چەکیان کرد و ڕێگایان بۆ سوپای ئێران خۆشکرد کە بخزێنە نێو شار. ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٣ سوپای ئێران گەڕایەوە بۆ تەوریز و ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٤، گروپە تالانچییەکان پەلاماری خوێندنگەی سۆڤیەت، نەخۆشخانەی سۆڤیەت، گاراجی "ئێران سوترانس" و گەنجینەکانی نوێنەرایەتی بازرگانیی سۆڤیەتیاندا و تالانیان کردن[٢].

لە ڕەوتی ئەو کارەساتەدا، شەوی ١٠-١٩٤٦/١٢/١١ دوو ئەفسەری حکومەتی ئازەربایجان بە ناوەکانی کەبیری و عەزیمی، نامەیەکی بەپەلەیان لە بەرەی سەقز گەیاندە ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و ئاگاداریان کردەوە کە سوپای ئێران خەریکە بەرەو تەوریز دێت. هەرئەو شەوە، بارزانی "حەمەدەمین میرخان" فەرماندەی بەتالیۆنی یەکەمی بە هێزێکەوە ڕەوانەی بەرەی میاندواو کرد و بەیانیی ڕۆژی دواییش خۆی و ژمارەیەک پێشمەرگە گەیشتنە میاندواو، لەوێ هەواڵی پێگەیشت کە هێزەکانی ئێران خەریکن دەگەنە تەوریز. بارزانیی حەمەدەمین میرخان ناردەوە سەرا و خۆشی گەڕایەوە. لە سەرا حەمەدەمین میرخانی ڕەوانەی مهاباد کرد کە ئاگای لە خێزانی بارزانییەکان بێت. بەشێک لە هێزەکانی لە بەرەی شەڕی سەرا هێشتەوە کە بەرپەرچی هاتنەپێشەوەی دوژمن بدەنەوە و چاوەڕوانی فەرمان بن و بەشەکەی تری نارده دێهاتی نێوان بۆکان و مهاباد کە خێزانی بارزانییەکان ببەن بۆ مهاباد و لەوێ کۆیان بکەنەوە[٣].

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٦ بارزانیی گەیشتە مهاباد و چاوی بە پێشەوا قازی محەمەد و لێپرسراوانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان کەوت و بۆی دەرکەوت کە هیچکام لە لێپرسراوانی مهاباد نیازی بەرگرییان نیە و هەموویان خۆیان بەدەستەوە دەدەن. دوای ئەوە بارزانیی چاوی بە پێشەوا قازی کەوت و لێی پرسی: **(دەتەوێت چی بکەیت؟)** پێشەوا لە وەڵامیدا گوتی: **(دەمەوێت خۆم فیدا بکەم، بۆ ئەوەی خوێنی خەڵکی مهاباد نەڕژێت، خۆم بەدەستەوە دەدەم، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە پێوەندییم بە**

ژەنەڕاڵ هومایونییەوە کردوە.) لەو کاتەدا کە فرمێسک لە چاوی پێشەوادا قەتیس ببوو، بە بارزانیی گوت: **(جگە لە پیاوەکانی خۆت، پشت بە کەس مەبەستە. زۆرن ئەوانەی سوێندیان بۆمن خوارد بوو، کەچی ئێستا بۆ خزمەتکردنی سوپای ئێران پێشبڕکێیانە. هەروەها دەمەوێ لە سەرۆک هۆزەکان وریا بی و بڕوایان پێ نەکەیت. تکاش دەکەم بە زووترین کات مهاباد بەجێبهێڵە، تا لێرە لەگەڵ لەشکری ئێران بەگژ یەکدا نەچن.)** لە وەڵامیدا، بارزانی دەڵێت:

– (قازی هەستایە سەرپێ و بە گریانەوە ماچمیکرد و گوتی: لە خوا دەپاڕێمەوە بتپارێزێ و سەرکەوتوو بیت. با ژیانی من فیدای هاونیشتمانەکانم بێ و ببێت بەهۆی دورخستنەوەیان لەو بەڵایەی هەڕەشەیان لێ دەکات. ئەوەی گوت و ئاڵایەکی کوردستانی دامێ و گوتی: ئەمە ڕەمزی کوردستانە دەتدەمێ، وەک سپاردەیەک لات بێت، چونکە پێموایە تۆ لە هەموو کەس باشتر پارێزگاریی دەکەی[٤].)

سەعید هومایون، کاتب و خوشکەزا و هاوڕێی پێشەوا قازی محەمەد لە کۆماری کوردستان، ئەو دیدار و وتووێژەی پێشەوا و بارزانی، لە لاپەڕەی ١٢٧ی کتێبەکەیدا "پیشوای بیداری" نوسیوە و سەبارەت بە سپاردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە بە ژەنەڕاڵ بارزانی دەڵێت: **(لە دوا دیداریدا، پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی کە لەسەر مێزی کارەکەی بوو، قەد کرد و ماچی کرد و دایە دەست مەلا مستەفا و گوتی: "ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت لە لای خۆت ڕابگرە. ئومێدەوارم نەهێڵی ئەم ئاڵایە بکەوێتە سەر زەوی." ژەنەڕاڵ بارزانی ئاڵاکەی لە دەست پێشەوا وەرگرت، ماچی کرد و لەسەر سەری خۆی دانا و بەڵێنی دا، نەک هەر ناهێڵێت ئاڵای کوردستان بکەوێتە سەر زەوی، بەڵکوو ڕۆژێک دێ کە بەرزی بکاتەوە. دیمەنی ئەوکاتە مێژوویە بە ڕادەیەک دڵتەزین و لە هەمانکاتدا جێی دەستخۆشانە بوو کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ژوری مەحکمە بوون، بە توندی گریان. ژەنەڕاڵ بارزانی و سەرهەنگ میرحاج و پاسەوانەکانی مەلا مستەفا و ئەفسەرە کوردە عێراقییەکان لەنێوان خەم و پەژارەی زۆردا، یەکە یەکە دەستی قازی محەمەدیان ماچکرد و ماڵئاواییان لێکرد. قازی محەمەد گوتی: "ژەنەڕاڵ بارزانی و هاوڕێیانی هەرچی پێویستە، بیاندرێتێ." من شاهیدی ئەو ڕووداوە مێژوویە بووم کە دوو قارەمانی**

نەتەوەیی کورد لێک جیابوونەوە و تا دەمرم لەبیری ناکەم. بەیانیی ڕۆژی دوایی بارزانییەکان بەرەو نەغەدە و شنۆ و عێراق بەڕێکەوتن(٥).)

بنەماڵە بارزانییەکانیان لە ناوچەی مهابادەوە برد بۆ نەغەدە و شنۆ و لە گوندەکانی نزیکی ئەو دوو شارە کۆیان کردنەوە. شێخ ئەحمەد گەیشتە شنۆ، لەگەڵ سەرکردەکان کۆ بووەوە، بڕیاریاندا دوو هێڵی بەرگریی لە نێوان نەغدە و مهاباد و دوو هێڵی بەرگرییش لە دۆڵی "باراندوز" لەنێوان ورمێ و مەرگەوەڕ و هێڵێکیش لە دۆڵی "قاسملوو" دانێن، تا بۆشیان بکرێت بە هۆی سەرما و سۆڵەی زستانەوە خۆیان لە تێکهەڵچوونی هێزەکانی جاش و سوپای ئێران بپارێزن. دیارە سوپای ئێرانیش ئەزمونی شەڕی بارزانییەکانی هەبوو، و ئەویش خۆی لە قەرەیان نەدەدا.

پاشەکشەی بارزانییەکان لە مهاباد، گەڕانەوەی سوپای ئێرانی بۆ ئەو شارە و ڕوخانی کۆماری کوردستانی بە دواوە بوو. پێش ئەوەی مهاباد بکەوێتە دەست دوژمن، لیژنەیەک لە سەرۆک خێڵەکان و دەوڵەمەندەکانی شاری مهاباد، وەک: سەید عەلی حوسێنی، میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، کەریم ئاغای قونقەلا، عەلی ئاغای کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش، عەلی ئاغای دێبوکری "ئەمیر ئەسعەد" سلێمان کوڕی مارف ئاغای مامەش، مام حەسەنی مەنگوڕ و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی کە نوێنەری پێشەوا قازی بوو، ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٤ بۆ پێشوازییکردن لە سەرتیپ هومایونی چووبوونە میاندواو(٦).

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٦ دوای دیداری لەگەڵ بارزانی، قازی محەمەد لەگەڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و حاجی سەید بابا شێخ پەیمانی تەسلیم بوونی کۆماری کوردستان و دورخستنەوەی بارزانییەکانیان لە مهاباد واژۆ کرد. ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧، پێشەوا قازی و سەرکردەکانی کۆماری کوردستان، تا نزیک گوندی "گوێکتەپە"، ١٢ کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی مهاباد، جادەی مهاباد بۆ میاندواو بە پێشوازیی سوپای ئێرانەوە چوون و هێزەکانی سوپای ئێرانیان بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ "غەفاری" هێنایەوە بۆ مهاباد. بە دروستی لەو ڕۆژەدا، سوپای ئێران مهابادی داگیرکردەوە کە ساڵێک پێشتر لەوێ پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی هەڵکردبوو.

بارزانییەکان جگەلە پارێزگاریی کردن لە کۆماری کوردستان، لە بەشەکانی خوێندن، ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەوانیی و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک لە کۆماری کوردستاندا ڕۆڵی باڵایان هەبوو. لە ساڵی ١٩٤٦دا نزیکەی دوو هەزار کەسیان بە نەخۆشی تایفۆئید لە مهاباد و شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کوچی دواییان کرد. لەم بارەیەوە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی لە کۆماری کوردستاندا دەڵێن: **(ماڵ نەبوو کە قوربانی نەدابێت.)**

کازم مستەفا ئومەر شانەدەری گوتی: **(لە ماوەیەکی کەمدا ١٠٨ کەس لە مهاباد مردن. لەو ژمارەیە، ٢٤ کەسیان شانەدەریی بوون.)** مەمۆ حەسەن باس لە مردنی پێنج برای لە مزگەوتی گوندی حەمامیان دەکات و دەڵێ خەڵکی گوندی بێلکیس بوون، بە دوای یەکتردا مردن. تەیمەز ئاراب گوتی: **(لە ماڵی سەعید محەمەد لە حەوت کەس، چواریان بوونە قوربانی.)** بەگشتی هیچ ماڵێک نەبوو کە چووبێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەک یان چەند کەسی قوربانی نەدابێت[٧].

هەروەها شەریف قورتاس مەلا یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە سۆڤیەت، دەڵێت: **(ئەسپێ هەموو لەشی بارزانییەکانی داگرتبوو. دەرمان نەبوو کە لەنێویان بەرین، باوکم لە قەڵاتان بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دواییکرد. ماڵ هەبوو کە گەورە و بچوکیان بە نەخۆشی تایفۆئید تێدا چوون.)**

چوونی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ تاران: دوای پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ ناوچەی نەغەدە و شنۆ و گوندەکانی نزیکیان، سوپای ئێران پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و ژمارەیەک لە وەزیران و کاربەدەستانی حزبیی و حکومیی لە مهاباد، سەقز و بۆکان دەستبەسەر کرد. کاتێک پێشەوا قازی و هەڤاڵانی لە زیندانی ڕژێمدا بوون، سەرلەشکر هومایونی فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ داوای بینینی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی کرد. سەرلەشکر هومایونی و سەرگورد غەفاری بە یەکەوە لە ماڵی "قوڵیخان قەرەپەپاخ" سەرۆک هۆزی قەرەپەپاخەکانی نەغەدە، چاویان بە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا، هومایونی لە شێخ ئەحمەدی پرسی: دەتانەوێت چی بکەن؟ شێخ ئەحمەد گوتی: **(نامانەوێت لەگەڵ سوپای ئێران بە شەڕ بێین، تەنیا ئەوەندەمان دەوێت**

کە وازمان لێ بهێنن، تا دەگەینە بەهار، ئەوسا حکومەتی عێراق ڕازیی بێت یان نا، ئێمە خاکی ئێران بەجێدێڵین.) هومایونی لە وەڵامیدا گوتی: باشترە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران باس بکەن[٨].

شێخ ئەحمەد پێشنیازی هومایونی قەبووڵ کردو بڕیاریدا مستەفا بارزانی بچێت بۆ تاران. بارزانیی، چوار ڕۆژ دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢١ لەگەڵ عیزەت عەبدولعەزیز، نوری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد، حەمەدەمین میرخان، جەمیل تۆفیق بامەڕنی و خالید زراری بەرەو تاران کەوتەڕێ و سەرگورد غەفارییش لەگەڵیان چوو. لە تاران زۆر بە ڕێزەوە پێشوازییان لە بارزانی و هەڤاڵانی کرد. لەو سەفەرەدا، ژەنەڕاڵ بارزانی چاوی بە محەمەد ڕەزاشا، قەوامولسلتەنە سەرۆکوەزیران و سەرۆکی سوپای ئێران کەوت. بە نوسینی نەجەفقولی پسیان، محەمەد ڕەزاشا سێ ڕێگای بۆ بارزانییەکان دانا:

١- ئەگەر بارزانییەکان بخوازن لە ئێران بمێننەوە، دەبێ چەک دابنێن و لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ شوێنێکی تر بچن کە دەوڵەت بۆیان دەستنیشان دەکات. دەوڵەت بۆ ماوەی ٦ مانگ لە بواری ئابوورییەوە یارمەتیان دەکات و دواتر دەبێ بۆخۆیان کار بکەن و ئابووریی خۆیان دابین بکەن.

٢- لە نێوان بارزانییەکاندا ئەگەر کەسێک دۆسیەی حوکمدراوی لەسەر بێت، دەوڵەتی ئێران پشتی دەگرێت و ڕێی پێدەدات لە ئێران بمێنێتەوە و ئەوانی تر دەبێ بە زوویی خاکی ئێران بەجێهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

٣- ئەگەر بارزانییەکان ئەم دوو مەرجە قەبووڵ نەکەن، دەبێ دەستبەجێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان، ئێران بەجێهێڵن و بەو ڕێگایەدا دەرکەون و بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان کە پێیدا هاتوون[٩] لە وەڵامدا بارزانیی دەڵێت من ناتوانم بڕیار بدەم، تا نەچمەوە بۆ لای شێخ ئەحمەد کە ئەو دەسەڵاتدارە. هەرلەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری لە وتوێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم: **(مەلا مستەفا دوای گەڕانەوەی لە تاران کە نوری ئەحمەد تەهاشی لەگەڵ بوو، گوتی: شا پێیگوتم ئێوە دوو ڕێگەتان لەپێشە، یان دەبێ بڕۆن و لە خاکی ئێران بچنە دەرەوە، یان وەرن خۆتان تەسلیم بکەن و من لە ناوچەی هەمەدان داتاندەنێم. ئەو دوو ڕێگەتان لەپێشە و دەبێ چەک دانێن. بارزانی**

گوتی چارە نەبوو، چۆن خۆم لە دەستی شا ڕزگار بکەم؟ قەناعەتم هات کە ئەگەر ئەوە نەکەم دەمگرن. گوتم جەنابی ئەعلاحەزرەت من بەتەنیا نیم و براگەورەم هەیە و تەقالید و عاداتی ئێمە وایە کە لە ئەمری براگەورەی خۆمان دەرناچین. شێخ ئەحمەد براگەورەی منە. من ئەمری جەنابتم زۆر لا پەسەندە و زۆریش حەز دەکەم. ئێران وڵاتی خۆمانە، بەڵام دەبێ بچم لەو بپرسم، بەڵام جەنابیشت یەکێک لە باوەڕپێکراوانی خۆتم لەگەڵ بنێرە کە بەناوی جەنابیشتەوە پێی بڵێین و هەردوومان قەناعەتی پێ بێنین. بارزانی بەو فێڵە خۆی نەجات دا[١٠].)

حکومەتی ئێران دەیویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، مستەفا بارزانی بە بارمتە بگرێت، بۆ ئەوەی کە شێخ ئەحمەد و بارزانییەکانی پێ تەسلیم بکات. بەو مەبەستە لیژنەیەکی نارد بۆ لای شێخ ئەحمەد. لیژنەکە پێی ڕاگەیاند: یان بە پەلە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، یان چەک بن و ئامادەی گواستنەوە بن بۆ هەمەدان، ئەگەرنا مەلا مستەفا ناگەڕێتەوە. وەڵامی شێخ ئەحمەد ئەوە بوو کە دوای کەوتنی سەرما و توانەوەی بەفر، لە بەهاردا ئێران بەجێدێڵین. دەربارەی مستەفا بارزانییش، گوتی: **(ئێمە سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین، هەر یەکێک لە بارزانییەکان مستەفایەکن.)** حکومەتی ئێران بە بیستنی هەڵوێستی شێخ ئەحمەد، ناچاربوو ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٩ بارزانی و هەڤاڵانی بگەڕێنێتەوە بۆ نەغەدە[١١].

هەر لەوە بارەیەوە و سەبارەت بە چوون و گەڕانەوەی بارزانی بۆ تاران، ڕۆژنامەی "آرس" ڕۆژی ١٣٢٦/١/٢٠– ١٩٤٧/٤/١٠، نوسی: **(مەلا مستەفا هاتە تاران و لەگەڵ کاربەدەستە جیاوازەکان وتوێژی کرد و دەربارەی ئەو دیدار و وتوێژانەی ڕزمئارا دەڵێت: "ئێمە سێ ڕێگەمان خستە بەردەم بارزانی و پێشنیازمان پێکرد:**

١– ئەگەر دەیانەوێت هاووڵاتی ئێران قبووڵ بکەن و بێن لە دەرەوەی تاران لە جێیەکی تایبەتدا نیشتەجێ بن، دەوڵەتی ئێران بۆ ماوەی شەش مانگ بەخێویان دەکات کە بتوانن بە ڕێگەی کاری کشتوکاڵدا ژیانی خۆیان دابین بکەن.

٢– ئەگەر نایانەوێت لە ئێران بمێننەوە، ئێمە ئامادەین لە بواری ئەخلاقییەوە ١١١ کەسیان کە دەوڵەتی عێراق حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندون. لە لای خۆمان ڕابگرین و ئەوانی تر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

٣- ئەگەر ئەو دوو پێشنیازەمان قەبووڵ نەکەن، دەبێ خاکی ئێران بەجێ هێڵن و بە مەلا مستەفا گوترا ڕۆژی ١٢/١- ١٩٤٧/٢/٢٠ هێزەکانی سوپا دێن و ناوچەکەیان لە دەست دەردێنن. مەلا مستەفا گوتی: "ئەو پێشنیازەی ئێوە بە عەشیرەتی خۆم دەگەیەنم و ئاکامەکەی بە ئێوە دەڵێم." ئێمە ئەومان ناردەوە لای بارزانییەکان، دەپرسن بۆچی ئەوتان لە تاران ڕانەگرت؟ یەکەمیان ڕاگرتنی ئەو کاریگەریی لە بەربەرەکانیاندا نەبوو، دووەم بەپێچەوانەی پیاوەتی بوو، و ئێمە بەوجۆرە بەڵێن و شەرەفی خۆمان نەخستە ژێرپێ. بەهەر حاڵ، بارزانی گەڕایەوە لای عەشیرەتەکەی و دوای چەند ڕۆژ هەواڵ گەیشت کە بڕیاریانداوە بگەڕێینەوە بۆ عێراق...) هەرلەو بارەیەوە هەفتەنامەی "جهان پاک" ڕۆژی ١٣٢٦/١/٢٥- ١٩٤٧/٤/١٥ نوسی: **(بارزانی پێشنیازەکانی قبووڵ نەکرد.)**

دوای گەڕانەوەی ژەنەڕال بارزانی و هەڤاڵانی لە تاران، سەرتیپ هومایونی و سەرگورد غەفاری سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ نەغەدە تا ئەگەر بارزانییەکان ئامادەی گەڕانەوە نەبن بۆ باشوری کوردستان، بیانگوازنەوە بۆ هەمەدان. شێخ ئەحمەد لە وەڵامی هومایونیدا گوتی: **(پێشتر گوتومانە هەرکاتێک بەفر توایەوە و ڕێگاکان کرانەوە، ئێمە خاکی ئێران بەجێدێڵین، بەڵام چەکدانانێین، ئێمە شەڕخواز نین و ئەگەر پەلاماریشمان بدەن، بەرگری لەخۆمان دەکەین.)**

بێ ئاکام بوونی گفتوگۆکانی هومایونی لەگەڵ شێخ ئەحمەد، کاربەدەستانی ڕژێمی ئێرانی هاندا کە بە هاوکاری ئەو عەشیرەتانەی کە پێشتر لایەنگریی کۆماری کوردستان بوون، پەلاماری بارزانییەکان بدەن و ئەوان لە سنوری ئێران دوور بخەنەوە. لەبەر ئەوە ژەنەڕاڵ بارزانی چوو چاوی بە سەرۆک عەشیرەتەکانی مامەش، پیران و مەنگوڕ کەوت و داوای لێکردن، کاتی هێرشی سوپای ئێران بۆسەر بارزانییەکان، بێلایەنی بگرنەبەر. لەگەڵ ئەوەدا، بارزانییەکان نەغەدەیان بەجێهێشت و بەرەی بەرگریی کردنیان لە نەغەدەوە گواستەوە بۆ سنوری نێوان نەغەدە و پیرانشار و شنۆ و ورمێ و لە بەرزاییەکانی قەڵاتان" و گوندەکانی دەوروبەری دابەزین.

شەڕی سێڵوێ: هەروەکوو چاوەڕوان دەکرا، سوپای ئێران سەرەتا ئەو عەشیرەتانەی پرچەک کرد کە پەیوەست نەببوون بە کۆماری کوردستان و

لایەنگرییان لە کۆمار و پێشەوا و بارزانییەکان نەکردبوو. بۆ ئەو مەبەستە ڕوویان لە قەرەنی ئاغای مامەش کرد و پلانیان بۆ مامەشەکانی سەربە قەرەنی ئاغا دانا کە داوێنی چیای "سپی ڕێز" تا دۆڵی "گادەر" بگرن[١٢]. بەم بۆنەیەوە، ژەنەڕاڵ بارزانی ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢٣ پازدە پێشمەرگەی بە فەرماندەیی "سەعید وەلی بەگ" و هاوکاریی "میرزاغا ڕەشۆ، خانۆ شیخ ئومەر و حالی باپیر گەلۆکی" نارده گوندی "سێڵوێ" کە ئەو ئاغایانە بگرن و بیانهێنن بۆ شنۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانە، وەک بارمتە ڕابگیرێن. پێشمەرگەکان لە گوندی سێڵوێ لەگەڵ ئاغاکان کۆبوونەوە و داوایان لێ کردن چەک دابنێن و خۆبەدەستەوە بدەن کە یەکێک لە ئاغاکان دەست بۆ دەمانچەی بەرپشتی دەبات. پێشمەرگەکان نازانن کە ئەو ئاغایە دەیەوێ چەک دابنێ، یان دەست بکاتەوە و لە پێشمەرگەکان بدات. هەر لەوکاتەشدا لە دەرەوەی دیوەخانەکە دەنگی تەقە دێت، ئیدی لە هەموو لایەکەوە دەست دەکرێت بە تەقە و لە ئاکامدا ١٢ لە ئاغا و نۆکەرەکانیان دەکوژرێن و دووشیان بریندار دەبن کە دواتر ئەوانیش دەمرن. هەروەها دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید و دووی تریش بریندار بوون.

بۆ دۆزینەوەی ناوی ئاغا کوژراوەکان پێوەندیم بە ژمارەیەک لە مامەشەکانی سەربە تایفەی قادرییەوە گرت و سەرئەنجام کاک محەمەدی قادری دانیشتوی شاری "ئێسکیلستونا" لە وڵاتی سوید، بەهەوڵی خۆی ناوی کوژراوەکانی بۆ دۆزیمەوە کە بریتی بوون لە: مام حوسێن ئەمیر عەشایری برای قەرەنی ئاغا، سلێمان ئەمیر عەشایری و سوارە ئەمیر عەشایری کوڕی مام حوسێن و برازای قەرەنی ئاغا، عەباس ئەمیر عەشایری کوڕی مام عەزیزی گردک سپیان، ئەحمەد ئەمیر عەشایری کوڕی عەباس و برازای قەرەنی ئاغا، هەمزە عەزیزی کوڕی عەبدوڵای خورنجی، برایم ئەمیر عەشایری کوڕی قەرەنی ئاغا، ئەحمەد خدری خەڵکی گردک سپیان، حەمەدی برایمی حەسەنە قیتی خەڵکی پەسوێ، ئەحمەدی خدرە ڕەشی خەڵکی سێڵوێ، عەبدوڵا چاپەز خەڵکی گوندی سێڵوێ، سمایلۆک خەڵکی دێگورجی و خدری مستەی خەڵکی شنۆزەنگ لە ناوچەی شنۆیە.

بۆ زانیاریی زیاتر لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو شەڕە، سەردانی سەعید وەلی بەگ فەرماندەی پێشمەرگەکانم کرد. ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم:

(ئاگاداریان کردین کە مامەشەکانی سەر بە قەرەنی ئاغا چەکیان لە حکومەتی ئێران وەرگرتووە و دەیانەوێت چیای سپی ڕێز تا دوڵی گادەر لە ئێمە بگرن. سەرۆک بارزانی فەرمووی بچن لەگەڵیان دانیشن و ئاغاکان بهێننە ئێرە. ئێمە پانزدە کەس چووین. من و میرزاغا ڕەشۆ و خانۆ شیخ ئومەر و حال باپیر گەلۆکی بەرپرسیان بووین. کاتێک گەیشتینە گوندی سێڵوێ، من لەگەڵ چەند پێشمەرگە لە دەرەوەی گوندەکە مامەوە و میزاغا ڕەشۆ و خانۆ شیخ ئومەر و حال باپیر گەلۆکی لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر چوون. ئاغاکان دەیانویست پێشمەرگەکان چەک بکەن کە تەقە لە نێوانیاندا پەیدابوو. ئێمە دوو پێشمەرگەمان بەناوەکانی محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید بوون و دوو پێشمەرگەشمان بە ناوەکانی حال باپیر کەلۆکی و دەرویش خانۆ شێخ ئومەر بێدودی بریندار بوون. لە مامەشەکانیش وەک من بزانم دوازدە کەسیان کوژران و دوو کەسیشیان بریندار بوون و ئەوانی تریشمان دەستگیر کرد. گیراوەکانمان بردە شنۆ، بەڵام شێخ ئەحمەد بە قەومانی ئەو ڕووداوە زۆر توڕە بوو، و دیلەکانی ئازادکرد.)

١- بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان نوسینی پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٢٢٧، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠١١.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٥٠.

٣- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ١٦٨، نوسینی مەسعود بارزانی.

٤- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٦٩.

٥- پیشوای بیداری، نوسینی سەعید هومایون، کۆکردنەوەی هاشم سەلیمی، لاپەڕەی ١٢٧.

٦- از مهاباد خونین تا کرانەهای اراس، لاپەڕەی ٨، نوسینی نەجەفقولی پسیان، ١٣٢٨- ١٩٤٩. پیسیان ئەو هەواڵنێرە بوو کە لەگەڵ سوپای داگیرکەری ئێران هاتبوو هەواڵی داگیرکردنەوەی مهاباد و شەڕی سوپای ئێران دژی بارزانییەکان بگوازێتەوە.

٧- وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ: کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، سەعید وەلی بەگ، تەیمز ئارەب قەتران، شەریف قورتاس مەلا، محەمەد ئەمین تاهر، بابەکر شێخ حوسێن، عەبدولرەحمان یەحیا عەبدولرەحمان، عومەر فەقێ عومەر، عەزیز حوسێن، دەنگیان لای من پارێزراوە.

٨- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ١٧٢.

٩- از مهاباد خونین تا کرانەهای اراس، لاپەڕەی ٤٤- ٤٦.

١٠- عەبدولا ئاغای پشدەری لە وتووێژێکی تایبەتدا، دەنگی لای من پارێزراوە.

١١- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ١٧٢.

١٢- مامەشەکان دابەشکراون بەسەر دوو تایفەدا. تایفەی قادری و تایفەی قەرەنی ئاغا. قادرییەکان دۆست و نزیکی کۆماری کوردستان بوون و چەندان پۆستی باڵایان لە کۆماری کوردستاندا هەبوو، بەڵام تایفەی قەرەنی ئاغا دژی کۆمار بوون و هاوکاریی ڕژێمی ئێرانیان دەکرد.

ئەو هێزانەی بۆ شەڕ دژی بارزانییەکان ڕەوانە کران

دوای ئەو تێکهەڵچوونە، ژەنەڕاڵ بارزانی سەردانی عەشیرەتەکانی شکاک، بەگزادە، هەرکی، دەری و جەلالیی کرد کە بەڵکوو لە کاتی هێرشی سوپای ئێراندا پشتی بارزانییەکان بگرن، بەڵام هەوڵەکانی بێسود بوون، چونکە حکومەتی ئێران هاوکات لەگەڵ پڕچەککردنی جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکانی مامەش، جاشەکانی مەنگوڕ، دێبوکری، زەرزا، ڕەشید بەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک و سێ لە بەگزادەکانی مەرگەوەڕی پڕچەک کردبوون. بە نوسینی نەجەفقولی پسیان لە کتێبی "لە مهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس"، هەروەها محەمەد ڕەزاشا فەرمانیدا ئەم فەرمانده و یەکە سەربازییانەی خوارەوە بچن کۆتایی بە بوونی بارزانییەکان لە ئێراندا بهێنن:

- سەرهەنگ پەرتەوی: لەگەڵ یەکەیەک لە گوردانی ئیسفەهان و هەنگی سوارەی فەوزیەی تاران، لەگەڵ دوو تانگ.
- سەرهەنگ ٢ سەردادور: لەگەڵ دوو گوردانی پیادە و یەکەیەکی تۆپخانە و یەکەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.
- سەرهەنگ فولادوەند: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ.
- سەروان پاشایی: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە و یەکەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.
- سەرهەنگ موزەفەری: لەگەڵ هەنگی سوارەی کوردستان و یەکەیەکی تۆپخانە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.

ئەمانە لە بەرەیەکدا لەژێر فەرمانی سەرتیپ زەنگەنەدا بوون

- سەرگورد کەبیری: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە.
- سەرگورد زرەپۆش: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە.
- سەرهەنگ مەجیدی: لەگەڵ دوو گوردانی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ.
- سەرگورد موحسینی: لەگەڵ دوو یەکەی پیادە و دۆشکە.

– لە نەغەدە: دەستەیەکی تۆپخانە ١٠٥ ملیمی درێژی کێوی و دەستەیەکی تۆپخانەی ١٠٥ ملیمی کورت و دوو تانک.

– یەکەیەکی پیادە لە گرنە.

– سەرگورد مساوات: دوو یەکەی پیادە و دوو دۆشکە.

– سەرهەنگ ئنتسار: لەگەڵ دوو یەکەی پیادە و سوارە، دەستەیەکی تۆپخانەی ١٠٥ ملیمی کورت.

– ستوان دووەم نەوبەهار: لە یەکەی جەڵدیان و لەگەڵ٢٥٠ جاشی مەنگوڕ.

ئەمانە لە بەرەیەکدا لەژێر فەرمانی سەرتیپ بێگلەریی و سەرهەنگ غەفاری جێگری ئەودا بوون.

– سەرگورد دولوو: دوو یەکەی پیادە، یەکەیەکی تۆپخانەی ٣٧ ملیم.

– جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکانی مەنگوڕ، مامەش، دێبوکری، زەرزا، ڕەشیدبەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک لەگەڵ ٥٠٠ جاش و سێ لە بەگزادەکانی مەرگەوەڕ، لەگەڵ ئەو یەکە سەربازییانە بوون لەگەڵ حەوت فڕۆکەی بۆمبهاوێژی هایند و تاگرمۆس[1] لەشکرکێشی سوپای ئێران بۆسەر بارزانییەکان و خێزانەکانیان بە هاوکاریی جاشەکان، ئەم شەڕ و زیانانەی خوارەوەی لێکەوتەوە. لەو بارەیەوە، ڕۆژنامەی ئیتلاعات ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٢٦/١/٢٠– ١٩٤٧/٤/١٠ نوسی:

– (ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/١٢– ١٩٤٧/٣/٣، لە هەموو ناوچەکاندا شەڕ دژی بارزانییەکان دەستی پێکرد. لە کاروانەکانی تیپی ورمێ کە لە باکورەوە هاتبوون و کاروانەکانی باشور کە لە نەغەدە، خانێ، سوفیانەوە لەلایەن سەرهەنگ ئەنساری و سەرهەنگ مەجیدی بەرەو شنۆ چوون، بارزانییەکان زۆر ئازایانە هێرشیان دەکردە سەریان و بە ڕادەیەک لە شەڕدا دەمانەوە کە لە سی مەتریەوە تەقەیان لە تانکەکان دەکرد و زۆر جار دیترا کە تانک بەسەریان دەڕۆیشت و... .)

شەڕی نەڵۆس: ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢، یەکەیەکی دوژمن بە فەرماندەیی سەرگورد کەلاشی خۆی گەیاندە گوندی نەڵۆس. لە ئاکامدا شەڕێکی قورس لەنێوان هێرشکەران و بارزانییەکاندا ڕوویدا. لەو شەڕەدا بارزانییەکان بەهۆی سەروان "تەفریشیان"ەوە کەڵکی باشیان لە دوو توپ وەرگرت کە لە بەرەی سەقزەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. تەفریشیان یەکێک لە ئەفسەرانی حکومەتی ئازەربایجان بوو کە لە بەرەی سەقزەوە لەگەڵ بارزانییەکان کەتبوو. لەو شەڕەدا سەرگورد کەلاشی و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی دوژمن کوژران و بارزانییەکان پێگەکەیان گرت و هەشتا ئەفسەر و پلەدار و سەربازی دوژمنیان بەدیل گرت. دیلەکانیان هێنا شنۆ و لەوێ ئەفسەرەکانیان ڕاگرت و سەربازەکانیان ئازادکرد. هەروەها شەش لە پێشمەرگەکانی کوردستان لەو شەڕەدا شەهید بوون. ناوی شەهیدەکان بریتی بوو لە: سلێمان مەلا ژاژۆکی، ساڵح مستەفا بنەبیەیی، برایم مەلا حەمید بنەبیەیی، عومەر ئەحمەد وەسمان بارزانی، برایم ناوخۆش سفتی، حال بایەزدین کانی بۆتی و چەند پێشمەگەش بریندار بوون.

شەڕی گۆجار: ڕۆژی ١٣-١٩٤٧/٣/١٤، ڕژێمی عێراق ڕێگەی بە ژەنەڕاڵ بارزانی و ژمارەیەک لە بارزانییەکان نەدەدا کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق و گەڕانەوەیان مەترسی کوشتنی هەبوو. لەبەرئەوە بارزانی دەیویست بە هەموو پێشمەرگە و خێزانەکانیانەوە بگاتە یەکێتی سۆڤیەت. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١١سەردانی گوندی "ئەنبێ" و ماڵی نوری بەگی بەگزادەی کرد و لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە کۆبۆوە و بەڵێنی لێوەرگرتن کە لە پەڕینەوەدا یارمەتی بکەن، کەچی یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەناوی "هەویرکۆ بەگی بەگزادە" بەپەلە خۆ دەگەیەنێتە لەشکری چواری ورمێ و هەواڵەکە بە سەرتیپ هومایونی دەگەیەنێت. هومایونی یەکەیەکی پیادەی لەگەڵ هەویرکۆ ڕەوانەی گوندی "گوجار" دەکات و شەوی ١٣-١٩٤٧/٣/١٤ گوندەکە گەمارۆ دەدەن. بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٤ ژەنەڕاڵ بارزانی هەست بە گەمارۆی گوندەکە دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: (**هەوڵمدا خۆم لە لێدان دوور خەمەوە، لەبەر ئەوەی هاتنم بۆ ئەو ناوە بە مەبەستی شەڕ نەبوو و هێزێکی زۆریشم لەگەڵ خۆمدا نەهێنابوو. ویستم بەبێ شەڕ لە گوند دەرچم و بگەڕێمەوە ناوچەی مەرگەوەڕ، بەڵام هەرکە لە گوند دەرچووین لە گردۆلکەکانی دەوروبەری گوندەکە گوللەمان بەسەردا**

باری. هەویرکۆ بەسواری ئەسپ دوامان کەتبوو و دەینەڕاند ڕانەکەن. منیش بڕیارمدا بەشەڕ و بە خورتی ڕێگە بکەمەوە و ئەم گەمارۆیە بشکێنم. شەڕ دامەزرا، زۆری نەخایاند گەمارۆمان شکاند. هەویرکۆ و هەندێ لە دەستوییۆەندانی کوژران و ئێمەش گەڕاینەوە مەرگەوەڕ[٢].) لەو شەڕەدا دوو بارزانی بە ناوەکانی حاجی محەمەد هۆستانی و شەوالی شندۆ شانەدەری شەهیدبوون لەگەڵ سێ بریندار بە ناوەکانی: حەسۆ میرخان خەردنی، حالی محەمەد خەلانی و مستەفا ڕەشۆ لیلۆکی.

شەڕی قارنێ: ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٨، دوژمن خەریکبوو لە دوو بەرەی نەغەدە و پیرانشارەوە پەلاماری دەشتی شنۆ بدات، بەرلە هێرشەکەی، یەکەیەکی شناسایی نارد بۆ گوندی قارنێ کە کەوتەبەر پەلاماری پۆلێک پێشمەرگە کە سلێمان بەگ دەرگەڵەیی فەرماندەیی دەکردن. لەو شەڕەدا زیاتر لە ٥٠ چەکداری دوژمن کوژران و ٤٠ چەکداریشیان لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بە دیل گیران. بۆ ماوەیەکی کەم بە دوای ئەو شەڕەدا، دوژمن بە تۆپ و خۆمپارە لە ناوچەکەیدا و بە هێزی پیادە و جاش لەژێر ئاگری تانک و فڕۆکەدا هێرشی کردە سەر ناوچەکە.

شەڕی دەشتی شنۆیە: ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٨، سوپای ئێران بە چەند یەکەی پیادە، تۆپخانە، خۆمپارە و تانک و حەوت فڕۆکەی بۆمبهاوێژی "هایند" و "تاگرمۆس"، جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکانی مامەش لە تایفەی قەرەنی ئاغا، دێبوکری و ٢٥٠ جاشی مەنگوڕ کە ستوان دووەم نەوبەهار لە یەکەی جەڵدیان سەرپەرستی دەکردن، بە فەرمانی سەرتیپ بێگلەریی و سەرهەنگ غەفاری، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر دەشتی نەغەدە و شنۆ. پاش شەڕێکی قورس و بەردەوام، دوژمن توانی بارزانییەکان لە خاڵە ستراتیژییەکان بەرەو گوندی "گوندەوێڵە" و دەوروپشتی شێخان و شیناوێ دور بکاتەوە. لەو شەڕەدا هەرچەندە پێشمەرگەکان برسی بوون و فیشەکیان نەمابوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان ڕاگرت، تا سەرئەنجام تانکەکان گەیشتنە سەریان و دوو لە پێشمەرگەکانیان خستە ژێر زنجیری چەرخەکانیان. لەو شەڕەدا دوژمن ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا و چەند فەرماندەی قارەمانی بارزانییەکانیش بەم ناوانە شەهید بوون: سوڵتان مەرعاناغای بێرسیاڤی، عەلی عومەر بێرسیاڤی، سلێمان فەقێ دێریشکی، حەسەن سلێمان مێرگەسوری و ئەحمەد عوسمان ئەسقیلی دوو لەو

شەهیدانە بوون کە لەجێی خۆیان نەبزووتن و تانک بەسەریاندا ڕۆیشتن. بابەکر شێخ حوسێن یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت، دەربارەی چۆنیەتی ئەو شەڕە دەڵێت:

- (من لەگەڵ بنەماڵەکەم چووم بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە مهاباد چەکیان دامێ. دوای نزیکەی مانگێک مەشقی سەربازیی منیان نارد بۆ بەرەی سەقز و دواتر لەگەڵ ڕەئیس بەکر حەوێزی نەقڵی ناوچەی سەردەشت کرام. دوای هەرەسهێنانی کۆمار، ئێمە چووین بۆ نەغەدە. کاتێک ئێران هێرشی کردە سەر دەشتی شنۆ، من لەوێ پاسەوانیی خێزانەکان بووم. سەرەتا فڕۆکە هاتن و بەشێوەی نەپساوە ناوچەکەیان بۆمباران کرد. بە دژواری توانیمان بنەماڵەکان لەژێر ئاگری فڕۆکە و تۆپخانە دوور بکەینەوە و چەند ژن و منداڵمان لێ شەهید بوون. منیش پریشکم بەرکەوت و بریندار بووم. شەڕەکە بە ڕادەیەک توند و بەردەوام بوو کە پێشمەرگەکان بە ناچار پاشەکشەیان کرد و ئێمەش خێزانەکانمان لە دەشتی شنۆ دوورکردەوە[٣].)

ڕەزمئارا سەرۆکی ئەرکانی سەرکردایەتی جەنگ سەبارەت بە بۆمبارانی بارزانییەکان گوتی: **(بارزانییەکان چونکە بە بەردەوامی لە چیا و دۆڵ و دارستانەکاندا شەڕ دەکەن، بە جۆرێک کارامەییان لە شەڕدا هەیە کە هیچ سوپایەک بە ڕادەی ئەوان شەڕکەر نییە. بە نەترسیی و ئازایانە هێرش دەبەن و بە ڕادەیەک لە شەڕدا خۆڕادەگرن کە لە مەودای سی مەتری لە زرێپۆشەکان دەدەن و زۆرجار، زرێپۆش بەسەریاندا دەرۆیشت. ئێمە ڕووبەڕووی کەسانێکین کە بە پێشوازیی مەرگەوە دەچن.)**

هەروەها شەریف قورتاس مەلا دەڵێت:

- (من لەگەڵ بنەماڵەکەم چووم بۆ مهاباد. باوکم و براکەم پێشمەرگە بوون. بە دوای هەرەسهێنانی کۆمار ئێمە هاتین بۆ ناوچەی شنۆیە. "میر ئالی"ی برام کە پێشتر لە شەڕی سەقز بریندار ببوو، بۆ جاری دووەم لە شنۆ ساچمەی فڕۆکەی لێ کەوت و دوای چەند ڕۆژ، لەبەر نەبوونی دەرمان شەهید بوو. ساڵی ١٩٤٧ کە بارزانی بڕیاریدا نەگەڕێتەوە بۆ عێراق، من چەکی باوکم هەڵگرت و بووم بە پێشمەرگە. هەروەکوو پێشتر گوتم، باوکم لە قەڵاتان بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دوایی کردبوو[٤].)

– شەڕی هەڤرین و هەلەج لە بەرەی مەرگەوەڕ: ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٥، دوژمن بەو خەیاڵە کە گەمارۆی بارزانییەکان تەنگتر بکاتەوە و وەک بەرەی دەشتی شنۆ پێشمەرگەکان لە بەرەی مەرگەوەڕ دوور بکاتەوە، بە هێزێکی زۆر و بە هاوکاریی جاشەکانی زەرزا، ڕەشید بەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک لەگەڵ ٥٠٠ جاش و سێ لە بەگزادەکانی مەرگەوەڕ هێرشیان کردە بەرەی مەرگەوەڕ و پەلاماری بەرزاییەکانی "هەڤرین و هەلەجی"یاندا و یەکێک لە بەرازاییەکانیان گرت، بەڵام هێشتا خۆیان نەگرتبوو کە بارزانییەکان بە فەرماندەیی حەمەدەمین میرخان شێخۆ شانەدەری لە هەڵمەتێکی دوو قۆڵیدا توانیان پاشەکشە بە دوژمن بکەن و ژمارەیەکیان بکوژن و بەدیل بگرن، یەکێک کوژراوەکان "تابور" بەگی برای هەویرکۆی بەگزادەی جاش بوو کە هاتبوو تۆڵەی برا جاشەکەی بکاتەوە. هەروەها ستوان جیهانبانی کوڕی سەرلەشکر جیهانبانی بەدیل گیرا. جگەلەوە بارزانییەکان لەو شەڕەدا فڕۆکەیەکیان خستەخوارەوە کە فڕۆکەوانەکەی ستوان یەکەم غوڵام حوسێن نەجەفی بوو. بە دوای شکانیدا، دوژمن بە چەکی قورس لە ناوچەکەی دا و زیانێکی زۆری گەیاند و پێشمەرگەکانی ناچار بە پاشەکشە کرد. لەو شەڕەدا حەوت پێشمەرگە بەم ناوانە شەهیدبوون: ئەحمەد کەکال بێرسیاڤی، عەبدوڵا شەقڵاوەیی، خەلیل ئاکرەیی، حەمو نەبی ڕێزانەیی، خواجە خال مەلا ڕزەیی، شەوکەت نەعمان ئامێدی و میرخان دۆری کە هەمویان لە گۆڕستانی "هەلەج" بەخاک سپێردران. هەروەها شێخۆمەر شانەدەری، عەمەراغا خەلانەیی، میر سوڵتان، خدر ڕەمۆ و وەجدی بەگ بریندار بوون. ژەنەڕاڵ بارزانی فەرماندەکانی سوپای وریا کردەوە کە ئەگەر فڕۆکەکان خەڵک و خێزانی بارزانییەکان بۆمباران بکەن، ژیانی ستوان جیهانبانی دەکەوێتە مەترسیەوە.

– شەڕی نێرگێ "بەری زەر" لە بەرەی مەرگەوەڕ: ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٣، دوژمن بە چەند یەکەی پیادە، جاش، تۆپخانە، خۆمپارە بە فەرماندەیی سەرتیپ زەنگەنە لە ورمێوە هێرشیان کردە سەربەرزاییەکانی نێرگی "بەری زەر" و ویستیان داگیری بکەن. بە وتەی ژەنەڕاڵ بارزانی کە بۆ مەسعود بارزانی گێڕاوەتەوە، شەڕەکە هیچگار قورس بووەو لە بەیانییەوە تا ئێوارەی کێشاوە و بارزانییەکان لەو شەڕەدا زیاتر لە

شەڕەکانی پێشو کەلەڕەقییان پێشانداوە و ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوژمن پاشەکشەی کردوە. لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگە بەناوی: پیر هەسەن سێلکی، سەعید محەمەد سێلکی، سمایل خان بارزانی و عەلی بێدارونی شەهید بوون. ژەنەڕاڵ بارزانی و حەسۆ یوسف بریندار بوون و برینەکەی بارزانی سوک بووە.

لەو دوو شەڕەی دواییدا دوژمن دەیویست پێش بە بارزانییەکان بگرێت کە نەتوانن بپەڕنەوە دیوی باشوری کوردستان، بەڵام تێیدا سەرنەکەوت. نەجەفقولی پسیان لە کتێبی "**لە مهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس**" پەنجە بۆ زیانەکانی سوپای ئێران لە شەڕی دژبە بارزانییەکان ڕادەکێشێت و ناو و ئاماریان ئاشکرا دەکات و دەڵێت کوژراوەکان ٦٣ کەس بوون. سەرگورد کەلاشی، ستوان یەکەم سەید محەمەد ئیمامی، ستوان یەکەمی فرۆکەوان غولام حوسێن نەجەفی، ستوان ڕەزا قەرەباغی و گروبان یەکەم عەلی ئیفتخاری، لەگەڵ ئەفسەرێکی تر کە پسیان ناوی نەنوسیوە، لەگەڵ دوو پلەداری ژاندارمەری لە هەنگی سوارە و ٣٤ سەرباز و ٢١ جاش. بریندارەکانیش ٤٨ کەس بوون: ٤٢ ئەفسەر، پلەدار و سەرباز لەگەڵ ٦ جاش. بەدیل گیراوەکان ٩٤ کەس بوون. هەر ٩٤ کەسیان ئەفسەر و پلەدار و سەرباز بوون کە خۆیان بەدەستەوە داوە. پسیان لە کۆتایی نوسینەکەیدا و هەریەک لە سەفەرخانی قارەمانی، ئیسماعیل ئەردەڵان و ئەبولحەسەن تەفریشیان، ژەنەڕاڵ بارزانی بە خوینەران دەناسێنن. پسیان و دەڵێت:

- (مەلا مستەفا پیاوێکی دەستە باڵا، بەخۆوە، ئەسمەر و نێوچاوان پان و چاو درشتە، برۆکانی پڕ و تێکەڵاون. هەموو سفەتی، هەیبەت و ئازایەتی و جەنگاوەریی و کارزانیی لێدەردەکەوت. زمانەکانی ئینگلیزیی، عەرەبی، تورکی و فارسی بەباشی دەزانی. پتر لە ١٧ ساڵ دژی دەوڵەتەکانی ئینگلیز و عێراق و ئێران شەڕی کردبوو و شاهید و بەشداری گەلێک شەڕی خوێناوی بوو[٥].)

سەفەرخانی قارەمانی خەباتکاری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە ٣٠ سال لە زیندانی شای ئێراندا ڕاگیراوە، لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا کە ساڵی ١٣٧٩- ٢٠٠٠، بە هاوکاریی عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە "نشر چشمە"ی تاران ئامادەی کردوە، لە لاپەڕەی ١٠٢یدا دەڵێت: **(مەلا مستەفا زۆری باوەڕ بە نوێژ هەبوو. ڕۆژێک لە گوندی**

مەرگەوەڕ ئێمە لە گەمارۆی دوژمن کەوتین، مەلا مستەفایان ئاگادار کردەوە کە لە گەمارۆی سەربازانی ئێران کەوتووین. مەلا مستەفا خەریکی نوێژ کردن بوو. هەوڵیاندا دەست لە نوێژەکەی بکێشێتەوە و ڕابکات، یان فەرمانی بەربەرەکانی بدات، کەچی ئەو درێژەی بە نوێژەکەیدا. ئێمە زۆر دەترساین و سواری ئەسپەکانمان بووین و چاوەڕوان ماینەوە کە نوێژەکەی تەواو بکات، سەرئەنجام نوێژەکەی تەواو کرد، هات و فەرمانی شەڕی دا و توانیمان گەمارۆکەمان بشکێنین.) قارەمانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: **(مەبەستم لەو نوسینە ئەوەیە کە بڵێم مەلا مستەفا بەم جۆرە نەترس و بە ئیمان بوو.)**

ئیسماعیل ئەردەڵان خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی کوهستان لە تاران، لە ڕۆژنامەی ژمارەی ٦٨، آبان "خەزەڵوەر"ی ١٣٢٥- نۆڤێمبەری ١٩٤٦ی ئەم هەفتەنامەیەدا دەڵێت: **(مەلا مستەفا کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرە، زمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی باش دەزانێت و لەگەڵ زمانەکانی ئینگلیزیی و تورکیش ئاشنایە. سەرکردەیەکی ئەمین و دروستکارە و بە ڕاشکاوی قسە دەکات و زۆری باوەڕ بە نەتەوەکەیەتی. پیاوێکی تێگەیشتو و خاوەن مەنتقە و کاتی سەرهەڵدانی کێشەیەک هەوڵدەدات کێشەکە بە ئارامیی و لە ڕووی عەقڵەوە چارەسەر بکات.)**

ئەبولحەسەن تەفریشیان یەکێک لە ئەفسەرانی سەربە حیزبی تودەی ئێران کە ئەندامی ڕێکخراوی ئەفسەرانی خۆراسان بوو لە ساڵانی ١٣٢٥- ١٩٤٦دا، لە کتێبی "ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خۆراسان"، تاران، بڵاوکراوەی ئەتڵس، لاپەڕەکانی ١١٢- ١١٤، ساڵی ١٣٦٧- ١٩٨٨دا دەڵێت: **(مەلا مستەفا کەسایەتییەکی تێگەیشتوە، زمانەکانی فارسی، عەرەبی و کوردی باش دەزانیت و بە تورکیش قسە دەکات.... لەگەڵ هەڤاڵانی لەسەر سفرەیەک دادەنیشێت و نانیان لەگەڵ دەخوات... هەرکە مەلا مستەفا سواری ئەسپ دەبێت، دەستبەجێ ٥٠٠ سوارەی چەکدار بەبێ هیچ پرسیارێک بەشوێنی دەکەون. ئەو لە بواری سەربازییدا زەوی باش دەناسێ و دەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێت و بڕیاری لەسەر بدات. ئێمە هەرچەندە بە ڕواڵەت پسپۆڕ بووین و بە تاکتیکی شەڕمان دەزانی و وانەمان بۆ خوێندبوو، ئەگەر بڕیاری کارەکەمان لەسەر زەوی دوای ڕاوێژ کردن، دروست بووایە، تازە دەگەیشتەوە بڕیاری بارزانی.)**

جگەلەو نوسینانە، ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ٦٣١٢، ساڵی بیست و یەکەم، ١٣٢٦/١/١٦- ١٩٤٧/٤/٦ ئاکامی شەڕەکانی سوپای ئێرانی لەگەڵ بارزانییەکان بە ڕادەیەکی زۆر دوور لە ڕاستی بڵاوکردەوە و لە بەشی پێوەندیدار بە هەواڵەکانی مهابادا نوسی: **(لە ناوچەی نەڵۆس و سوفیان، دەست بەسەر هەموو گوندەکانی کانی ڕەش و خالید ئاوا تا دەگاتە چۆمی گادەردا گیرا و تەنانەت ژمارەیەک لە ڕووباری گادەر پەڕینەوە و چوون بۆ سینگان لە ڕووبەڕووی شنۆ و ژمارەیەکی کەمیشیان تا نزیک شنۆ چوون و لەوێ لەگەڵ بارزانییەکان توشی شەڕ بوون. لەو شەڕەدا زیانێکی قورس لە بارزانییەکان کەوت و یەکێک لە سەرکردەکانیان کە تفەنگ و دوربینی پێبوو، بە بریندارِیی بەدیل گیرا. بارزانییەکان لەو ناوچەیە دوورخرانەوە و لە بەرزاییەکانی باکوری شنۆوە بە تۆپێک کە لە دەستیاندایە، قەڵای سینگانیان تۆپباران کرد، بەڵام بە ئاگری تۆپخانە وەڵامیان درایەوە و بێدەنگ کران.**

١- لە ناوچەی "پادار" کاروانی سەرهەنگ مەجیدی درێژەی بە پێشڕەویدا و لە تێکهەڵچوونێکدا کە لە بناری بەرزاییەکانی کوردستان و دەوروبەری لەگەڵ بارزانییەکان ڕوویدا، ٣٠ کەس لە بارزانییەکان کوژران و ٦٠ کەسیشیان بریندار بوون.

٢- لە ناوچەی شەیتان ئاوا دەست بەسەر گوندەکانی تازوس و یازوس داگیرا.

٣- لە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان گەلی قاسملوو و مەرگەوەڕ کە تیپی ورمێی لێ یە، کاروانەکانی سەرهەنگ نەیساری و سەرهەنگ فولادوەند خەریکن بەرەو بەرزاییە ستراتیژییەکان دەچنە پێشەوە و لە بەرامبەر پێداگریی بارزانییەکاندا لە شەڕ، پاشەکشەیان پێکردن.

٤- لە ناوچەی مەرگەوەڕ، گوندەکانی نازی و ئورت لە بارزانییەکان پاککرانەوە. لە ئاکامی بۆمبارانی فڕۆکەکاندا ژمارەیەک بارزانی کوژران، بەتایبەتی شەوکەت ئەفەندی برای عیزەت عەبدولعەزیز بارزانی و چەند کەسی تر لە فەرماندە باڵاکانیان کوژران.

دوا هەواڵ: کاتژمێر حەوتی پاشنیوەڕۆی دوێنی، سەربازەکانی لەشکری چواری کوردستان دوای شەڕێکی قورس و دژواری یەک ڕۆژە، خۆیان گەیاندە شاری شنۆ و ئێستا بارزانییەکان بەسەر گروپی بچووکدا بڵابوونەتەوە و لە بەرزاییەکانی "ئاخ" و

"تەمەرگیک" لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت لە شەڕدان و مەلا مستەفا فەرماندەی بارزانییەکانیش دەگوترێت گوللە پێکاوێتی و بریندارە.)

هەروەها ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٢٦/١/٢٠- ١٩٤٧/٤/١٠، ڕۆژنامەی "آرس" ئاکامی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی بڵاوکردەوە کە سەرلەشکر ڕزمئارا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێرانی لە باشگای ئەفسەرانی تاران بەشداریی تێدا کردبوو. لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەدا، ڕزمئارا ئاماژەی بۆ چۆنیەتی ژیان و خەبات و خۆڕاگریی سەرۆک مستەفا بارزانی و بارزانییەکان کرد و گوتی: **(بارزانییەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ دژی سوپای عێراق شەڕیان کرد و لە شەڕکردندا زۆر ئازان و زۆریش قانعن. لە بەرامبەر شێخەکانیاندا زۆر گوێڕایەڵن. شێخ ئەحمەد یەکێکە لە شێخەکانیان کە لایەنی ئایینی ئەو زۆر بەرزە. شێخ ئەحمەد چەند برای هەیە کە مەلا مستەفا یەکێکە لەو برایانەی. لەنێوان بارزانییەکاندا تەنیا یەکیان چەک هەڵناگرێت کە ئەویش شێخ ئەحمەدە. بارزانییەکان لە هەموو بوارێکدا شەڕکەرن و هەلومەرجیان بەم جۆرەیە:**

١- بەشێوەیەکی باش لە زەوی کەڵک وەردەگرن و لە بەرگریکردندا لێزانن.

٢- تەقەمەنی خۆیان بە فیڕۆ نادەن و هەتا ئێستا نەبیندراوە بارزانییەک لە ٥٠٠ مەترییەوە تەقە بکات و زۆربەیان لەو مەودایە کەمتر تەقە دەکەن.

٣- زۆر زوو لایەنی لاوازی دوژمنەکانیان دەدۆزنەوە کە ئەوە زۆر جێی سەرسوڕمانە.

٤- جەنگاوەرێکی چالاکن و بەبێ هەست کردن بە ماندوو بوون، چیا و بەندەنەکان دەبڕن.

ئەوان بەو تێبینیانەوە توانیان سوپای عێراق بشکێنن. بەتایبەتی کە بەشێکیان پێشتر لە سوپای عێراقدا سەرهەنگ و سەرگورد بوون و لە دەرەوەی وڵاتیش پلەی باڵایان بەدەست خستووە.)

بەهەر حاڵ لە بەرامبەردا ئەو ئامارەدا کە دوژمن بۆخۆی ڕایگەیاندوە، بارزانییەکانیش ٢٦ پێشمەرگەیان لێ شەهید بوو کە ناوەکانیان ڕاگەینرا. جگەلەوە خۆشەوی خەلیل خۆشەوی پێشتر لە ١٩٤٦/٦/١٥ لە شەڕی مامەشە شەهید کرابوو. هەروەها ڕژێمی عێراق ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩، چوار ئەفسەری هێزی بارزانیی لە کۆماری

کوردستاندا لە سێدارەدا کە ناوەکانیان بریتی بوو لە: مستەفا خۆشناو، خێرولا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی و عیزت عەبدولعەزیز[٦].

١- از مهاباد خونین تا کرانەهای اراس، لاپەڕەی ٨، نوسینی نەجەفقولی پسیان، ١٣٢٨- ١٩٤٩.

٢- بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١- ١٩٥٨، مەسعود بارزانی، لاپەڕەی ٢٠٩، هەولێر چاپی ئاراس.

٣- وتوویژی تایبەت لەگەڵ بابەکر شێخ حوسێن، یەکێک لە بەشدارانی شەڕەکان.

٤- وتوویژی تایبەت لەگەڵ شەریف قورتاس مەلا.

٥- از مهاباد خونین تا کرانەهای اراس، لاپەڕەی ٢٨، ١٣٢٨/٩/٢١.

٦- بۆ نوسینی ئەم چەند بەشە کەڵکم لە کتێبی "بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١- ١٩٥٨"، نوسینی مەسعود بارزانی و وتوویژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ: سەعید وەلی بەگ، کازم مستەفا شانەدەری، عەبدولا جرگیس، تەیمەز ئاراب، بابەکر شیخ حوسێن و محەمەد ئەمین تاهیر وەرگرتوە.

لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی

لە بەشی "**چوونی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ تاران**"دا گوتم دوای پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ ناوچەکانی نەغەدە و شنۆ، سوپای ئێران پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و ژمارەیەک لە وەزیران و کاربەدەستانی حیزبیی و حکومیی لە مهاباد، سەقز و بۆکان دەستبەسەر کرد. لە ڕەوتی ئەو شەڕانەدا کە لە بەشی پێشودا ئاماژەم بۆ کردن، ڕژێمی پەهلەوی دادگای سەحرایی سەردمی شەڕی بۆ پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی دانا و بە ڕواڵەت خەریکی دادگایی کردنیان بوو. لە ڕاستیدا حکومەتی ئێران بەرلە دادگایی کردنی قازی محەمەد و هەڤاڵانی، سزای ئیعدامی بۆ بریبوونەوە، بەڵام بوونی بارزانییەکان لە ناوچەکەدا پێشی بە بەڕێوەچوونی حوکمەکە گرتبوو، و کاتێک بارزانییەکان خەریکبوون بۆ باشوری کوردستان دەکشانەوە، محەمەد ڕەزا شا فەرمانی بەڕێوەبردنی حوکمەکەی ڕاگەیاند.

سەروان "کەیومەرس سالح"[1] هەواڵنێری گۆڤاری مانگانەی سوپا "مهنامه ارتش" کە بەشداربووە لە دادگایی کردنی قازییەکاندا، سەبارەت بە لێپێچینەوە و دادگایی کردنی قازییەکان دەڵێت: (**دادگای سەربازیی سوپا ١٢ تاوانی بۆ قازی محەمەد، ٣ تاوانی بۆ سەیفی قازی و ٤ تاوانیشی بۆ سەدری قازی دانابوو. تاوانەکانی قازی محەمەد بریتی بوون لە:**

١- بازرگانییکردنی نەوت لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەت بەبڕی ٥١% بۆ سۆڤیەت و ٤٩% بۆ کۆماری کوردستان، بەبێ ئاگاداریی و ڕەزامەندیی حکومەتی ناوەندیی.

٢- گۆڕین و دەستکارییکردنی نەخشەی وڵاتی ئێران و جیاکردنەوەی پێنج پارێزگای ورمێ، کرماشان، سنە، تەورێز و ئیلام.

٣- دانان و دروستکردنی ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان بە ئارمی چەکوش و داس، بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت.

٤- دروستکردنی پارە بۆ حکومەتی کوردستان بەناوی کوردستان و بەشێوەی ڕۆبڵی سۆڤیەت و وێنەی قازی محەمەد لەسەریان.

٥- کێشانی نەخشەی کوردستانی گەورە بە هەر چوار پارچەکانی کوردستانەوە، ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا.

٦- هێنانی بێگانە بۆ ئێران و خستنە ژێردەستی بەشێک لە خاکی ئێران بۆ نمونە مەلا مستەفا بارزانی.

٧- هەڕەشەکردن لە شاهەنشای ئێران، دەوڵەتی ئێران و ڕاگەیاندنی شەڕ و هاندانی خەڵکی کوردستان دژی شاهەنشا ئاریامیهر.

٨- پەیماندان بە حکومەتی سۆڤیەت دژی حکومەتی ئێران و هاوکارییکردنی هێزە داگیرکەرەکانی سۆڤیەت لە خاکی ئێراندا.

٩- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان.

١٠- ناردن و هاتوچۆ بۆ دەرەوەی وڵات و سەردانی سۆڤیەت و دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ باقرۆڤ سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت.

١١- واژۆ کردنی پەیماننامەی بازرگانیی بەبێ پرس و ڕای تاران، لەگەڵ بێگانە و ناحەزانی ئێران.

٢٢- گرتن و کوشتنی کارمەندانی دەوڵەت و ڕوخاندن و سوتاندنی خانوو، و ماڵەکانیان، بەتایبەت ماڵی کارمەندە غەیرە کوردەکان.)

هەواڵنێری "ماهنامەی ارتش" دەنوسێت: قازی محەمەد جگە لەو سێ تاوانانەی خوارەوە، زۆر بە توندیی بەرپەرچی تاوانەکانی تری دایەوە:

١- چوونی بۆ باکۆی ئازەربایجان و چاوپێککەوتنی لەگەڵ باقرۆڤ.

٢- بوونی ئاڵا، بەڵام نەک وەک چەکوش و داس لە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت.

٣- هاتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ مهاباد، ئەوەش نەک کەسێک هێنابێتی، بەڵکوو خۆی هاتووە، چونکە ئەو کوردستانە ماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک حەز بکات لەهەر بستە خاکێکی خۆیدا بژی، مافی خۆیەتی، چونکە ئەوە مافی خاوەن ماڵە[٢].

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر دادگاییکردنی قازی محەمەد و هەڤاڵانیدا، سوپای ئێران دادگای پێداچوونەوەی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ڕەجەب

عەتایی و سەرهەنگ ڕەزا نیکوزاد دادوەر، سەروان حوسێن سوڵحجو سەرۆکی دادگا و سەروان نەبەوی پارێزەر بۆ دانان.

کیومەرس ساڵح دەنوسێت: **(دەستەی دیارییکراوی دادگا ڕۆژی ١٣٢٦/١/٤– ١٩٤٧/٣/٢٥ لە تارانەوە بەرەو تەورێز و میاندواو هات و ڕۆژی ١٣٢٦/١/٧– ١٩٤٧/٣/٢٨ گەیشتنە مهاباد. شەوێک لە سەربازگە پشووماندا و بەیانیی ڕۆژی دوایی دادگا دەستی پێکرد. سەرەتا قازی محەمەدیان هێنا و هەمان تاوانە ١٢ ماددەییەکەیان بۆ خوێندەوە. دیسان قازی وتەکانی پێشووی دووپات کردەوە. لە دادگایی کردنی قازی محەمەددا دەرکەوت کە ڕژێمی شا پتر هەوڵی بەدەستخستنی زانیاریی لەسەر ژەنەراڵ مستەفا بارزانیی دەدات، تا لێپێچینەوە لە قازییەکان. لەم بارەیەوە قازی محەمەد لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی مەلا مستەفا بارزانییان هێناوەتە مهاباد، گوتی: "مەلا مستەفا لە کوردستان بێگانە نەبوو، و نییە! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە! لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس ئەوی نەهێناوە، بارودۆخ وایکردوە ئەو بێت بۆ بەشێکی تر لە ماڵەکەی خۆی، واتە لە بەشێکی ماڵەکەی خۆیەوە هاتووە بۆ بەشێکی تری ماڵەکەی و وەسەلام".)** لە بەشێکی تردا، کیومەرس ساڵح دەنوسێت:

(... سەرهەنگ نیکوزادی دادوەر کە قازی محەمەد زۆر بەتوندیی لە بەرامبەریدا ڕاوەستابوو، و وەکوو مار پێچی دەخوارد، پارچە قوماشێکی لە هەگبەکەی دەرهێنا کە ڕەنگی سور و سپی و سەوز بوو، و چەکوچ و داسێکی لەسەر کێشرابۆوە و بە قازی محەمەدی گوت: ئەدی هەموو حکومەت و ئاڵا و تەشکیلاتت ئەوە نییە؟ قازی محەمەد لە بەرامبەر ئەو کردەیەی سەرهەنگدا گوتی: "یەکەم، ئەوە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئاڵای ئێمە چەکوچ و داسی لەسەر نیە! دووەم ئەو هەڵسوکەوتەتان نیشانی کەم عەقڵی و بێشعوری تو دەگەیەنێ! دڵنیابن ئێوە دەستتان بە ئاڵای کوردستان ناگات کە بێڕێزی پێبکەن. ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەم بینایەی کە من تێدا دادگایی دەکرێم، ئاڵای کوردستان هەڵدرێ و دەشەکێتەوە! ئاڵای کوردستانم بە مەلا مستەفا بارزانی سپاردوە و لەسەر شانی ئەو، لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو وڵات بۆ ئەو وڵات دەچێت، تا ڕۆژێک لە تەواوی بەرزاییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە! دڵنیا بن ئەو ڕۆژە دێت"!)

کیومەرس ساڵح لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا دەڵێت: دادوەر بە پێداگریی زۆر داوای لە قازی محەمەد کرد کە بە ڕادەی زانیاریی خۆی مەلا مستەفایان پێ بناسێنێت. قازی محەمەد گوتی: **(باشە، بەڵام تەنیا لە چەند ڕەستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتی و کەڕامەت و شەڕافەت و ئینسانییەت و شوجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و نەترسیی لە مێژوودا کەسانی مەزن بووبێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی. ئەوەی موسوڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕ و ڕاستیی و پاکیی و دڵسۆزیی بۆ خودا و ئایین و خەڵکی هەژار و داماوی میللەت بوویانە، بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە، هەروەکوو سەعدی دەڵێت: "هر آنچه خوبان همه دارند، او بەتنها دارد". جا حەز دەکەن باوەڕ بکەن و پێتان خۆش بێ یا حەز دەکەن پێتان ناخۆش بێت.)**

بە وتەی کیومەرس ساڵح، هەموو ئەوانەی لە دادگادابوون، سەریان لەو تاریفەی قازی محەمەد سوڕما. دیاربوو قازی محەمەد ئەو قسانەی لە ناخی دڵییەوە و بە باوەڕەوە دەگوت و هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە تاریفەکانی لە مەلا مستەفا، نە بە خاتری دڵخۆشیی مەلا مستەفا بوو، و نە بە خاتری هەیئەتی دادگا. لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا، کیومەرس ساڵح پەنجە بۆ دوو پرسیار و وەڵام لە قازی محەمەد ڕادەکێشی و دەڵێت قازی محەمەد لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا کاتێ زیندانی بووی، بارزانی پێوەندیی بە تۆوە گرتووە و ئاگات لە بارزانی هەیە؟ گوتی: **(تا بارزانی گەیشتە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە تەماس و پێوەندیمان پێکەوە هەبوو، بەڵام لەوەتی ئەو دوورکەوتوەتەوە، هیچ پێوەندییەکمان نەماوە و ئاگام لێی نییە!)** دیسان لێیان پرسی، ئایا دەکرێ بڵێی ئەوکاتەی لەگەڵ مەلا مستەفادا پێوەندیت هەبوو، مەلا مستەفا چی پێڕاسپاردی و چ نەخشەیەکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو؟ لە وەڵامدا قازی محەمەد دەڵێ: **(مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵدا من لەگەڵی بچم، تا نەخرابوومە بەندیخانەوە پێیگوتم کە من دڵ بەبێ تاوانیی خۆم خۆش نەکەم! مەلا مستەفا وێنەی ڕاستینی ئێوەی عەجەمی بۆ کێشام و تێیگەیاندم کە ئێوە چۆنن و چین و کێن!!)**

سەرهەنگ عەتایی لێیپرسی: دەکرێ بڵێی ئەو وێنەیەی کە لە ئێمە بۆی کێشایەوە، چی بوو، و چۆن بوو؟ قازی محەمەد گوتی: **(بە ڕاستی مەلا مستەفا ئێوەی لە هەموو**

کەسێک باشتر ناسیوە، ئەو پێیگوتم: هیچ گەل و میللەتێک وەک عەجەم نییە، عەجەم کاتێک دەسەڵاتی هەبوو، لە خۆی بێبەزە و بێویژدانتر و زاڵمتر نییە، بەڵام ئەگەر ژێردەست بوو، کەس ناتوانێ و نازانێ وەک عەجەم خۆی مەزلوم بکا و بپاڕێتەوە. لە کاتی بەهێزییشدا هەرچی لە دەستی دێ، دەیکا و لەکاتی بێدەسەڵاتییشدا هەر ڕێگایەک بۆ دەرباز بوون تاقی دەکاتەوە، گوتی تۆ بە هیوای ئەوە مەبە کە عەجەم لێت خۆش ببێت.)

سەروان کیومەرس سالح دوای خانەنشین بوونی، لەژێر نوسی گۆڤارێکی تردا نوسیویەتی: ئەو کاتەی هەواڵنێری ماهنامە ئەرتەش بووم، وەک هەواڵنێر، لە زۆربەی دادگا سەربازیی و مەدەنییەکاندا بەشداربووم، بەڵام هەرگیز کەسێکم بە ڕادەی قازی محەمەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە. هەرگیز لە کاتی دادگاکردنیدا نەترسا و زۆر بەبێ باکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، وەک ئەوە دەچوو کە لە کۆڕی جەژن و داوەتدا دانیشتبێت. سەرئەنجام قازی محەمەد و هەڤاڵانی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی محەمەد ڕەزاشا، ڕۆژی ١٣٢٦/١/١٠– ١٩٤٧/٣/٣١ هەر لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستانیان لێ ڕاگەیاندبوو، لە سێدارەدران. سەروان کیومەرس سالحیش بە هۆی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی سوپا و جوڵانەوەی بە دژی ئەمنیەت وڵات درا بە دادگا و لە بڵاوکردنەوەی مهنامەکەش خۆیان پاراست[٣].

حەوت ڕۆژ دوای لە سێدارەدانی قازییەکان لە مهاباد، ڕژێمی ئێران شازدە ئەفسەر و خەباتکاری تری کۆماری کوردستانی لە مهاباد و سەقز و بۆکان لەسێدارەدا کە ناوەکانیان بریتی بوو لە:

– حامید مازووچی، ڕەسوڵ نەغەدەیی، عەبدوڵا ڕەوشەن فیکرو محەمەد نازمی، ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٦ لە مهاباد لە سێدارە دران.

– شێخ ئەمین ئەسعەدی، شێخ سدیقی ئەسعەدی، عەلی ئاغا جەوانمەردی، ڕەسووڵ ئاغای مەحمودی، ئەحمەدخانی فاروقی ناسراو بە "سالار"، عەبدوڵا خانی مەتین، محەمەد خانی دانیشوەر، ئەحمەدخانی شەجیعی، عەلی خانی فاتیح، مەحەمەد بەگی فەیزوڵا بەگی و حەسەن خانی فەیزوڵابەگی، ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٦ لە سەقز لەسێدارە دران.

- عەلی بەگی شێرزاد، ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٦لە بۆکان لەسێدارە درا.

لەشکری چواری ورمێ کاتژمێر ٨ ی بەیانیی ڕۆژ ١٩٤٧/٣/٣١ ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی سەبارەت بە لەسێدارەدانی قازییەکان بڵاوکردەوە:

سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ورمێ "ڕوکنی دووەم"

ژمارە ١٩١٢٥- ١٣٢٦/١/١٠ (١٩٤٧/٣/٣١) کاتژمێر ٨ ی بەیانیی

ڕاگەیاندن

لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٠- ١٩٤١ دا محەمەد قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و محەمەد حوسێن سەیفی قازی لە مهاباد دەستیان دایە زنجیرەیەک هەڵخەڵەتاندن و چالاکیی دژی ئاساییش و ئارامیی ناوچەکە و بەرە بەرە کاری مرۆڤکوژانەی خۆیان پەرەپێدا کە هەندێک ڕووداوی داخهێنەری وەک هێرشکردنە سەر شارەبانیی مهاباد و کوشتنی پێنج پاسەوان، تاڵانکردنی شارەبانیی و لەناوبردنی بەڵگە و دەستهاوێژیی و پیاوکوژییەکانی خۆیان، کوشتنی "مەحمودیان" بازرگانی مهاباد و "قازی زادە" بەڕێوەبەری ئیدارەی ئامار کە هەموویان بوون بە قوربانیی زیادەخوازیی ئەوان. هەروەها تاڵانکردنی گوندەکان و ڕووداوی تری ناوچەکە.

محەمەد قازی بە هاوکاریی براکەی بە ناوی سەدری قازی کە بە ڕواڵەت نوێنەری خەڵکی مهاباد بوو لە پەرلەمانی ئێراندا، بەڵام لە ڕاستیدا ماکەی بەڕێوەبردنی سەرەکیی نەخشەی گڵاوی دابەشکردنی بەشێک لە ئێران بوو. هەروەها سەیفی قازی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی ناپیرۆز و گڵاوی خۆیان، سەرۆکی هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکانیان لە مهاباد دەرکرد و لە ڕۆژی ٢٤ ی سەرماوەز (١٥ ی دیسێمبەری ١٩٤٥) دا ئاڵای سێ ڕەنگی شێر و هەتاوی ئێرانیان لەسەر بینا حکومەتییەکان داگرت و ئاڵایەکیان بە ناوی ئاڵای کوردستان لە جێی هەڵکرد.

محەمەد قازی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤- ١٩٤٦/١/٢٢دا خۆی وەک سەرۆک کۆماری کوردستان ڕاگەیاند و کۆمەڵێک خیانەتکاری ڕابردوو خراپی بە ناوی وەزیری حکومەتی خودموختاری کوردستان لەسەر ئیشوکار دانا کە هەموویان هاوکاری نزیکی خۆی بوون، ئینجا بۆ بەربەرەکانیی کردنی هێزەکانی دەوڵەت، تاقمێکی چەکدار لە خەڵکی مهاباد و بارزانییەکانی پێکهێنا و ژمارەیەک چەک و

تەقەمەنی لە ناو دانیشتووان و خێڵەکاندا دابەشکرد و ناردنی بۆ سەقز و سەردەشت. ئەوەش بوو بە هۆی زۆر ڕووداوی خوێناوی. هەرچەندە هێزی دەوڵەت چەند جارێک لە کوردستان داوای فەرمانبەرداریی لێیان کرد، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو. هەروەها بەڕێوبەرانی خاوەن ڕێزی دەوڵەت لە تاران گەلێک هەوڵیاندا لەو بیرە نابەجێیە دوریانبخەنەوە، بەڵام سودی نەبوو، هەمان ڕێبازی خۆیان درێژە پێدا. دانیشتووانی شار و خێڵەکانیان هاندا کە بەربەرەکانی هێزەکانی حکومەت بکەن و بە نوسینیش فەرمانی هێرشبردنە سەر هێزە سەربازییەکانی سوپایان دەدا، بەڵام بە خۆشییەوە بە بیری گڵاوی ئەوانیان زانی و گوێیان نەدانێ. ئینجا هێزە سەربازییەکان پێشڕەوییان کرد و هەموو پلانی خیانەتکارانیان پوچەڵ کردەوە. لە ئەنجامدا ئەم خیانەتکارانە دەستبەسەر کران و کەوتنە بەر دەستی داد. دۆسییەیان ڕەوانەی "دادگای سەربازیی سەردەمی شەڕ" کرا و هەر سێکیان بە لەسێدارەدان سزادران، دادگای پێداچوونەوە، هەروەها خاوەنشکۆ شاهەنشا حوکمەکەیانی پەسەند کرد و لە کاتژمێری ٦ ی بەیانیی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوە سزاکە جێبەجێکرا.فەرماندەی لەشکری چوارەم و هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان

سەرلەشکر هومایونی[٤] (پاشبەندی ٩)

١- بە نوسینی ڕاە تودە، لە ژمارە ٥٦٣- ١٩٩٥/٥/٢١- ٢٠١٦/٨/١١دا، کەیومەرس ساڵح خوشکەزای سەرلەشکر "فەرەیدون جەم" مێردی "شەمسی پەهلەوی" خوشکی محەمەدرەزا شا بوو. جەم کە دواتر پلەی ئەرتەشبودی وەرگرت، کرا بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای شاهەنشاهی ئێران، بەڵام بەهۆی هەندێک بیری کراوەی کە هەیبوو، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بە فەرمانی شا ئەرکەکەی لێوەرگیرایەوە و ڕەوانەی سەفارەتی ئێرانیان کرد لە ئیسپانیا. کەیومەرس ساڵح دەربارەی دادگایی کردنی قازی محەمەد ڕاپۆرتێکی بۆ سەرکردایەتی ئەرکانی سوپای ئێران نوسی تا لە گۆڤاری مانگانەی سوپادا "مهنامه ارتش" بڵاوبکرێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەو

ڕاپۆرتە لە گۆڤارەکەدا، گۆڤارەکەیان کۆکردەوە و ڕاپۆرتەکەیان بە ئەرشیڤی ڕوکنی دوو "ئیتلاعات و ئەمنیەتی سوپا" سپارد.

٢- ئەم بەشەم بە پشت بەستن بە سێ ڕاپۆرتی لێک جیاواز بە مەودای نۆ ساڵ ئامادە کردوە. ڕاپۆرتی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی "سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێراندا" بەرهەڤکردنی بەدرەدین ساڵح کە ساڵ ٢٠٠٧ لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردوەتەوە. ڕاپۆرتی دووم هی سایتی ئینتەرنێتی ڕاە تودە ئۆرگانی لایەنگرانی حیزبی تودەی ئێران لە دەرەوەی وڵات کە بە ژمارە ٥٦٣- ١٩٩٥/٥/٢١- ٢٠١٦/٨/١١، لە ژێر ناوی ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆ لە دادگایی کردنی قازی محەمەد بڵاوکردوەتەوە. ڕاپۆرتی سێیەم هی مهنامەی ارتشە بە ژمارە ٦٦- مسلسل ١٥٣ کە دەقی دادگایی کردنی "پێشەوا قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی" ی لە ساڵ ٢٠٠٩ لە ١٦ لاپەڕەدا بڵاوکردوەتەوە. هەر سێی ئەو ڕاپۆرتانە لەلایەن سەروان کەیومەرس ساڵحەوە بۆ گۆڤاری مانگانەی سوپای ئێران "مهنامه ارتش" ئامادە کراوە و لە ڕوکنی دووەمی سوپای ئێراندا ئەرشیڤ کراوە.

٣- هەمان سەرچاوە

٤- بڵاوکراوەی لەشکری چواری ورمێ، ڕوکنی دووەم، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕەی ١٧٢- ١٧٣، نوسینی حامید گەوهەری، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤.

پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ باشوری کوردستان

لە ڕەوتی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سوپا و جاشە خۆفرۆشەکانی ئێران دژی بارزانییەکان، هەر سێ دەوڵەتی ئێران، عێراق و تورکیا لە پێوەندیی ڕۆژانەدا بوون. ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٤، سەرلەشکر فەزلوڵا هومایونی چوو بۆ حاجی ئۆمەران و چاوی بە "عەلی حیجازی" بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراق کەوت، تا بە هاوکاریی دوولایەنە کێشەی بارزانییەکان یەکلا بکەنەوە.

لە سەرەتای مانگی ئاپریل "نیسان"ەوە، فڕۆکەکانی ئەو سێ دەوڵەتانە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارزانییەکان بەسەر سنورە دەستکردەکاندا دەخولانەوە. سوپای ئێران بە هاوکاریی ئەو جاشانەی سەردەمێک بە ڕواڵەت پارێزەری کۆماری کوردستان بوون، لە سێ بەرەی "خانێ، نەغەدە و ورمێ"وە گەمارۆی بارزانییەکانیدابوو. لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم پانتایی جوغرافیای بارزانییەکان بە ڕادەیەک بەرتەسک ببۆوە کە هەر گوللە تۆپ و خۆمپارە یان ڕاکێتێکی فڕۆکە دەیتوانی کارەساتی مەزن بخوڵقێنێت.

ئەو هەلومەرجە شێخ ئەحمەدی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە لەگەڵ ژن و منداڵ و بەساڵداچووەکان بگەڕێتەوە بۆ عێراق و ئەگەر دەوڵەتی عێراق ئامادە بوو، ژەنەڕاڵ بارزانی و پێشمەرگەکانیش بەمەرج قەبووڵ بکاتەوە، ئەوانیش بگەڕێنەوەو بارزانی مەرجەکانی ئاراستە بکات. بۆ ئەو مەبەستە، بارزانییەکان لە گادەر نزیکبوونەوە و ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٠ شێخ ئەحمەد لە سنور پەڕییەوە و چوو چاوی بە عەلی حیجازی کەوت تا ڕێگا بۆ پەڕینەوەی ژن و منداڵ و بەساڵداچووەکان خۆش بکات. حیجازی دەیوست شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لەپێش ئەوانی تردا بگەڕێنەوە کە شێخ ئەحمەد تێیگەیاند، بارزانی و چەکدارەکان دوائاژۆی خێزانەکانن. بەم جۆرە خێزانەکان پەڕینەوە دیوی عێراق. بارزانی و پێشمەرگەکان دوو تۆپە ٧٥ ملیمەکەیان تەقاندەوە کە ڕژێمی ئێران نەتوانێ کەڵکیان لێوەربگرێتەوە.

ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٥ ژەنەڕاڵ بارزانی ماڵئاوایی لە شێخ ئەحمەد و براکانی و خێزان و دۆستەکانی کرد و لەگەڵ ٥٦٠ پێشمەرگە کە پێشتر هەڵیبژارد بوون، دوا ماڵئاواییان لە خزمانیان کرد و بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ مەرگ و چارەنوسێکی نادیار لە

بەری ئێران مانەوە. بارزانی خۆی دەڵێت: **(زۆرم هەوڵدا کە ئەفسەرەکان بمێننەوە و نەگەڕێنەوە بۆ عێراق و گوتم ئێوە بارێکی جیاوازتان هەیە. میرحاج ئەحمەد و عەبدولڕەحمان موفتی مانەوە، بەڵام عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی و خەیروڵا عەبدولکەریم گەڕانەوە. نوری ئەحمەد تەها، جەلالی ئەمین بەگ و محەمەد ساڵح گوتیان بەنهێنی دەچنەوە کە ئەم کارەیان کرد و لە مردن ڕزگاریان بوو.)**

بارزانی و هەڤاڵانی تا ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٩ لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و لەو ڕۆژەدا بە ڕێگای "نازدار داغی"دا، ڕوویان لە خواکورک کرد. لەوێ بارزانی هێزەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن: **(پاش تۆزێکی تر دەچینەوە نێو عێراق و ڕوو دەکەینە باکوری ناوچەی بارزان، بێگومان حکومەتی عێراق هەرچی لە توانایدا بێت بە ماڵ و بە گیان دەیخاتە کار. جگە لە سوپا، کەڵک لە جاشە خۆفرۆشەکانیش وەردەگرێ و بگرە داوای یارمەتی لە تورکیا و ئێرانیش دەکات. ئێمە دەبێ چەندەی بۆمان دەکرێ، نەهێڵین تووشی لێکدان بین، چونکە قوڵایی ستراتیژییەکی ئەوەندە بەرفرەوانمان نییە کە بریندارەکانی خۆمانی لێ دانێین و پێداویستییەکانی خۆمانی لێ دابین بکەین. وەکوو دەزانن چەک و فیشەکی پێویستمان هەر ئەوەندەیە کە هەر یەکەتان هەڵتانگرتوە. کەوابوو لەسەرمانە ئەوپەڕی خۆڕاگری و گوێڕایەڵی و بەربەڵێنیی خۆمان بپارێزین. خەریکم پێوەندی بە حکومەتی عێراقیشەوە دەکەم، بەڵکوو ڕێگاچارەیەکی لەبار بدۆزینەوە، هەرچەندە سەرکەوتنمان ڕێی تێناچێ، بەڵام دواتر بیرلە چارەیەکی تر دەکەینەوە.**

براکانم: ئێمە بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەچین، نازانم لە برسان دەمرین، یان لە سەرمان ڕەق دەبینەوە، یان گوللەی دوژمن دەمانپێکێ. واتە مردن نزیکترین ڕێی تێداچوونە، بەڵام خوا گەورەیە و لە هەموو دوژمنەکانمان بە دەسەڵاتترە. منیش پشت بەخودا ئەم ڕێگەیەم گرتوەتەبەر و بەتەمای خوا بە ڕوی دوژمناندا دەچمەوە. جا هەرکەس توانای هەڵگرتنی ئەم کۆڵە گرانەی هەیە و ئەم چارەنوسەی پێ هەڵدەگیرێ، با بمێنێتەوە و هەر کەسیش دەزانی ئەوەی پێ ناکرێ، دەتوانێ بگەڕێتەوە و خۆی بەدەستەوە بدات، منیش زۆری سوپاس دەکەم[١].)

لەو ٥٦٠ پێشمەرگەیە، تەنانەت یەک پێشمەرگەش نەهاتەدەر و هەموو بە یەک دەنگ هاواریان کرد، لەگەڵتین، مردن لەگەڵتدا لە ژیانی بێ تۆ خۆشترە. لە ڕاستیدا ٨٥%ی ئەو پێشمەرگانەی کە بارزانی هەڵیبژارد بوون، تەمەنیان لە نێوان ١٧- ٢٥ ساڵدا بوو. هەموویان لە باوک و باپیرانیانەوە بە بنەماڵە پێشمەرگە و کوڕە شەهید و خەباتکاری ڕێی کوردایەتی بوون. چاو نەترس بوون و ئامادە بوون بە فەرمانی بارزانی خۆیان لە زاری گورگ هاوێن. بارزانی کە وەڵامی خۆی لە پێشمەرگەکان وەرگرتەوە، سەرلەنوێ ئەوانی بەسەر پێنج بەشدا ڕێکخستەوە و بۆ هەر بەشە فەرماندەیەکی دیاریکرد. فەرماندەکان بریتی بوون لە: شێخ سلێمان، ئەسعەد خۆشەوی، مامەند مەسیح، محەمەدئەمین میرخان و مستۆ مێروزی.

کازم مستەفا شانەری کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندیی محەمەد میرخان مێرگەسوری بوو، دەربارەی وتەکانی بارزانی و ڕێکخستنی نوێ و مانەوەیان لە ناوچەی مزوریی دەڵێت: **(بە ڕاستی ئەو ڕێگایەی کە ئیمە پێیداچووین هەربەم جۆرە بوو کە پێشتر مەلا مستەفا بۆ ئێمەی ڕوون کردبۆوە. لەو ڕێیەدا ئێمە تووشی زۆر کارەسات و برسیەتی و تونیەتی و کەمینی دوژمن بووین. کە گەیشتینە ناوچەی مزوری مەلا مستەفا شارەزایی باشی هەبوو، و هێزەکانی بەم جۆرە دابەشکرد: مەلا مستەفا و دەستەی سەرۆکایەتی کە سەعید وەلی بەگ بەرپرسی بوو، بنکەکەی لە گوندی ئەرگوش دانا. ئەرگوش گوندێکی ئاوەدان بوو، و دەیتوانی زیاتر لە ١٠٠- ١٥٠ کەس جێ بکاتەوە و خواردنیشیان بۆ دابین بکات. دوو دەستەش کە محەمەدئەمین میرخان و ساڵح کانیەلینجی سەرۆکایەتیان دەکرد، لەژێر چاودیری ڕاستەوخۆی مەلا مستەفادا بوون.**

- ئەسعەد خۆشەوی بە سەرۆکایەتی دەستەیەک لە گوندەکانی میرۆز و دێزۆ دامەزران کە چەند کەسی تری وەک "مەلۆ لێری" هاوکاریان دەکرد.

- حارس بێدارونی و میرزاغا ڕەشۆ مێرگەسوری سەرۆکایەتی بەرەی زید بوون و هێزەکانیان لەچیای خنگێل دامەزراند[٢].

دوای ئەو دابەشکردنە، بە گوندەکانی "موسلۆک" و "ئەرموش"دا ڕوویان لە ناوچەی مزوری کرد. ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٤ بەسەر بۆسەیەکی دوژمندا کەوتن کە پۆلیس و

جاشەکانی بنکەی شێروانی مەزن لەنێوان شێروانی مەزن و ئەرگوش لە نزیک گوندی "زێت" دایاننابوو. لە دەسترێژێکدا پۆلیسێکی کوردی بادینان کوژرا و جاشێکیش بەدیل گیرا و ئەوانی تریش ڕایان کرد. هەروەها یەکێک لە پێشمەرگەکانیش بە ناوی "تێلی عەبدولکەریم" شەهیدبوو. بە دوای ئەو شەڕەدا، پێشمەرگەکان ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٥ گەیشتنە ناوچەی مزوری، بارزانی لە گوندی "ئەرگوش" دابەزی و پێشمەرگەکانیش دابەشبوون بەسەر گوندەکانی تردا.

وتوێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق: بارزانی لە ئەرگوش بوو کە حکومەتی عێراق ڕۆژێک بەرلە شەڕی نزیک گوندی "زێت" واتە ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٣ بە "معاون عەلی بەگ قامچی ڕەش[٣]" و وەلی ئیبراهیم هەسنیدا وەڵامی بۆ ناردەوە کە ڕازییە بارزانی و هەڤاڵانی بەبێ مەرج بگەڕێنەوە بۆ عێراق و بەڵێنیشیدابوو کە یاسای ساڵی ١٩٤٥یان سەبارەت بە لە سێدارەدانی بەسەردا ناسەپێنێت و ئەگەر بەگوێی حکومەت نەکات، حکومەتی لایەنی تر دەگرێتەبەر. ئەو دوو نێردراوە هەواڵی شێخ ئەحمەد و گەڕاوەکانیان بە بارزانی ڕاگەیاند و گوتیان شێخ ئەحمەد و خێزانەکانیان لە دیانە خستۆتە نێو تێلبەندێکەوە و پاسەوانیان بۆ داناون و هیچ کەسێک ناتوانی بەبێ وەرگرتنی ئیزن بچێتە نێویان. عەلی بەگ باسی لە پلانی حکومەت بۆ سەر بارزانییەکان کرد و گوتی: **(ئەگەر نەگەڕێنەوە، حکومەت بەنیازە هێرشتان بۆ بکات و دەترسم ئەم لاوانەش بەدەست خۆفرۆشەکان توشی چارەنوسی خەلیل خۆشەوی بن.)**

بارزانی وەڵامی دایەوە و گوتی بەپشتیوانی خودا تا یەکێک لەو لاوانە دەکوژرێت، هەزاران خۆفرۆش دەتۆپێنین. عەلی بەگ وەڵامی بارزانی بردەوە کە دەڵێ بەبێ مەرج و داوا نایەتەوە و خۆشی بەدەستەوە نادات. لەم بارەیەوە میرحاج سەعدی بوزو نەوەی خەلیل ئیبراهیم عوسمان ئەرگوشی لە وتوێژێکی تایبەتیدا پێی گوتم: **(باپیرم زۆرجار بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە کە بارزانی لەکن گۆماوی سەر تەپۆڵکەی ژێرچیای گوڤەند لەگەڵ معاوین عەلی دانیشتبوو. دەیگوت من لەوێ کێشک بووم. بارزانی بانگی کردم و کەوێکی پێشاندام کە لەسەر بەردێک هەڵنیشتبوو، گوتی: ئیبراهیم لەو کەوە بدە، بەڵام لە ملی بۆسەرەوە و جەستەی خراپ نەکەی. من لە سەری کەوەکەمدا و**

بارزانی بەو کارەی وەڵامی عەلی قامچی ڕەشی دایەوە کە هاتبوو بارزانی بەرێتەوە بۆلای حکومەت.)

هەروەها مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢١٩ی کتێبەکەیدا، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد- ١٩٣١- ١٩٥٨دا ئاماژە بۆ نامەیەک دەکات کە بارزانی لای خۆی هەڵیگرتووە و بە زمانی عەرەبی نوسراوە، ناوی نوسەرەکەی لەسەر نییە، بەڵام لە شێوەی نوسینەکەیدا دیارە کە یەکێک لە سەرۆک هۆزەکان بۆ بارزانی نوسیوە و دەڵێت: **(پاش سڵاو و ڕێز، هەموو ئاغا کوردەکان لە جێیەک دابنیشن و تۆش و هەموو ئەوانەی لەگەڵتدا خۆتان دەدەنە دەست یەکێ لەو ئاغا کوردانەی باوەڕت پێیانە، ئەوان لەگەڵتدا دێنە لای حکومەت و دەڵێن ئێمە هەموو لەگەڵ مستەفا بارزانی داین، ئەگەر دەتانەوێ ئەو سزا بدەن، ئێمەش لەگەڵیدا سزا بدەن، وەکوو دەڵێن هیچت لێ ناکرێ تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم دوور دەخرێیتەوە و هیچی تر. ئەمە بە قسەی سەعید ئاغا کە تازە لە بەغدا هاتۆتەوە و چاوی بە عەرەب و ئەوانی تر کەوتووە[٤].)**

دیسان شەڕ و تێکهەڵچوون: وەڵامی بارزانی کە بە عەلی بەگدا ڕەوانەی حکومەتی کرد، بە دڵی کاربەدەستانی حکومەت نەبوو. لەبەر ئەوە سەرلەنوێ بە هاوکاریی جاشە خۆفرۆشەکان لە بەرەی ڕەواندزەوە بەرەو شێروانی مەزن، لە ئاکرێوە بەرەو بارزان و چیای شیرین و ئامێدییەوە بە ڕۆژئاوای ناوچەی ڕێکانییەکاندا بەرەو ڕوباری شین "ڕۆی شین" هێرشیان کرد. هەروەها لەگەڵ ئێران و تورکیاش پێکهات کە هاوکاریی بکەن بۆ لەنێو بردنی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی. ڕۆژی ١٩٤٧/٥/١٩ لە هێرشێکدا کە دوژمن بە هاوکاریی جاشەکان، لە بەرەی شێروانەوە بۆ سەر پێشمەرگەکانی کرد، ژمارەیەک جاش و چەکداری ڕژێم کوژران و بریندار بوون. یەکێک لە جاشە بریندارەکان محەمەدئەمین شیڤی "چاو شوشە" بوو. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی "عەریف عەبدولڕەحمان خۆشناو" و "عەزیز زراری" شەهید بوون و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی وەسمان مێرگەسوری بریندار بوو.

دوای ئەو شەڕە، حکومەت شێخ ئەحمەد و بابۆ و هەردوو کوڕەکانی محەمەد خالید و جەمال و برازاکانی تری لە دیانەوە گواستەوە بۆ بەندیخانەی هەولێر و

ڕەوانەی دادگای عورفی کردن[٥]. لەو بارەیەوە شێخ عەبدولواحد ئیبراهیم شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (لە گادەر ئێمە بووین بە دوو بەش، بەشێک لەگەڵ بارزانی ڕۆیشتن، بەشەکەی تر لەگەڵ شێخ ئەحمەد بوو. پردێکیان لەسەر ڕوباری گادەر بەدەست دروست کرد، محەمەد ئاغای مێرگەسوری لەسەر پردەکە ڕاوەستا و هەر کەسێک لەو پردە دەپەڕییەوە، چەکەکەی لێوەردەگرت. کۆمەڵێکی زۆریان تفەنگ لەوێ هەڵدابۆوە. دوای وەرگرتنی تفەنگ یەکە یەکە لە پردەکە دەپەڕینەوە، سەید عەلی حیجازی کە فەرماندەیەکی عێراقی بوو، پێشوازی لە شێخ ئەحمەد و قەومی بارزان دەکرد. لەوێوە ئێمەیان بردە لۆلان. لەوێ شێخ ڕەشیدی لۆلان لەسەر گردێک لەنێوان سۆفییەکانی دانیشتبوو. خودانی بارزان لەنێوان کۆمەڵێک عەسکەر دا دەڕۆیشت و ئێمەش بە دوای ئەودا. لەوێوە گەیشتینە سیدەکان. لەوێ دوو ڕۆژ ماینەوە و دواتر ئێمەیان بردە دیانا. دیانا گوندێکی گچکە بوو بە چەند دوکانێک، لە دەشتێکی تیلدڕک کراوی نزیک دیانا کە دوو دەرگای بە حەرەسەوە هەبوو، ئێمەیان دەستبەسەر کرد، بەڵام ماڵی شێخ ئەحمەد لە دەرەوەی تێلدڕکەکە بوو. ماڵی ئێمە حەوت ماڵە شێخن، چوار مام و سێ برازا. مامەکان بریتین لە: شێخ ئەحمەد، محەمەد سدیق، بابۆ و مەلا مستەفا، سێ برازاکانیش بریتین لە: ئیبراهیم کە من و مەجدەدین لە ئیبراهیمین. سلێمان و ئەوی تریش لە ئیسماعیل.

بەری ئێوارە بوو کە ئێمە گەیشتینە تیلدڕکەکە. بەیانی ڕۆژی دوایی خێوەتیان لە دەرەوەی تیلدڕکەکە هەڵدا و گوتیان شێخ ئەحمەد لەگەڵ خزمەکانی بێنە ژێر خێوەت. لەوێ ئاو و چایی و قاوەیان بۆ هێناین. دیارە ئێمە گچکە بووین و لەگەڵ باوکمان

چووین. زۆر کەم یەکترمان دەدی. ئەو ڕۆژە ئوتۆمبیلیان هێنا و شێخ ئەحمەدیان سوار ئوتۆمبیلێک کرد و هاوکات ژمارەیەکی زۆریش خۆیان خزاندە نێو ئوتۆمبیلەکان و لەگەڵی چوون. دوای بردنی شێخ ئەحمەد، ئێمەیان گەڕاندەوە نێو سیمەکە. دانی نیوەڕۆ بوو، چاوەڕوان بووین شێخ ئەحمەد بگەڕێتەوە کە گوتیان نیگەران مەبەن لە لای قاعید فیرقەی "باپشکێ"یە. ئێوارەی ئەو ڕۆژە بنەماڵەکانمان کۆبوونەوە و داوای شێخیان کرد، ڕۆژی دوایی بەرپرسەکانی حکومەت هاتنە لامان و گوتیان نیگەران مەبن، شێخ دەبەنە لای مەلیک و دوای دیدارییی لەگەڵ مەلیک دەیگەڕێننەوە لای عایلەکەی، بەڵام ئەو قسەیان بۆ ئەوە بوو کە بڵاوە بە خەڵکەکە بکەن. دوای بردنی بابەکانمان، ئەوانیان لێک جیا کردەوە. شێخ ئەحمەد، محەمەد سدیق، محەمەد خالید، سادق، عوبەیدوڵا و مەلا حەسەن باوانی مەلای گوندی باوانی کاتبی شێخ ئەحمەدیان گواستەوە بۆ بەسرە.

باوکی من ئیبراهیم، مامی ئێمە بابۆ و مامی ئێمە ئیسماعیلیان لەگەڵ حاجی تەها ئامێدی، مام ڕەشە شەنگیلی، سەمیر برای چەلۆی هەسینی و ئەحمەدی خاڵ یان بە سواری ئوتۆمبیل برد بۆ بەغدا. عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحمود قودسی یان لە ئێمە جودا کردەوە. عەبدولحەسەن تەفریشیان، زەربخت، ئەسغەری و سێ ئەفسەرەکانی تری ئازەربایجانیشیان برد بۆ زیندانی ئەبو غەریب و دواتر من بیستم تەسلیمی ئێرانیان کردونەوە. ئێمەشیان لە تێلدڕکەکەدا هێشتەوە. یەکێک لە بارزانییەکان بەناوی عومەر تەیر کە لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی لە مهاباد بوو، لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپای عێراق دەهات و بە ئیشارات هەندێک لە بارزانییەکانیان جودا دەکردەوە. جەمال کوڕی شێخ ئەحمەدیان نەگرتبوو، بەڵام بە هاتنی عومەر تەیر، پاش چەند ڕۆژان جەمالیان برد و دوای چەند ڕۆژی تریش نیرو کوڕی محەمەد سدیقیش هەرچەندە گچکەش بوو، بردیان بۆ بەغدا. دوای ئەوە، هەر چەند ڕۆژەی جارێک بارهەڵگرێک دەهات و بارزانی تێداویشت و دەیبرد بۆ "باپشکیان" لە نزیک گوندی باڵەک و دیانا و زارکی گەلی عەلی بەگ. شەوێک لەوێ لێپیچینەوەیان لەگەڵ دەکردن و بۆ ڕۆژی دوایی دەیانبردن بۆ بەغدا. شەریفی مەلا حەسەنی دەلانی، زوبیری مەکای شەکرێ بارزانی، وەهاب جوندیانی، ساڵح سەفیای،

محەمەد ئاغای مێرگەسوری و چەند کەسێکی تر کە ناوێکیان لای حکومەت هەبوو، بردیانن و بیست ساڵیان حوکم دان و نزیکەی هەزار بارزانییان برد بۆ کەرکوک و بۆ ساڵێک مەحکومیان کردن.

مەلا مستەفا و هاوڕێکانی لەلای سێلکی و ئەرگوش بوون. ژمارەیەک لە ترسی گیرانیان چوون بۆلای مەلا مستەفا و ئێمەش نزیکەی سێ مانگ لەنێو تێلدرکدا ماینەوە. دوای ئەوە هاتن و گوتیان خۆتان ئامادە بکەن، حکومەت ئێوە دەباتە کەربەلا. دیارە پێویستە ئەوەش بڵێم دوای ئەوەی کە بابی ئێمەیان برد، حکومەت بۆ ڕۆژی دوایی خێوەتی دا بە ئێمە و ئێمە لە خێوەتدا دەژیان. ٦- ٧ بێوەژن لە ماڵی ئێمە بوون. دوای نزیکەی سێ مانگ ئێمەیان سواری لۆری کرد و بردیانین بۆ نێو قشڵەیەک کە پێیان دەگوت قشڵی خەیاڵە لە هەولێر. هەوای قشڵەکە سارد بوو، دوای ئەوە ئوتۆمبیلیان هێنا و ئێمەیان برد بۆ کەرکوک. لە کەرکوک سواری شەمەنەفەریان کردین و بردیانین بۆ حەوشەی "قوەت سیارە عام" لە بەغدا، بابم و ئیسماعیل لەوێ دەستبەسەر بوون. کە ئێمە گەیشتین ئەوانیشیان ئازاد کرد. لەوێ بە دوو ئوتۆمبیل کە دەورەکەیان دار بوو، و پێیان دەگوت پاس، ئێمەیان بردە کەربەلا. لەوێ لە "ئەلمەدرەسە فەیسەڵیە" دایانناین.

مەدرسەی فەیسەڵی دوو قات بوو. مدیر شۆرتەی مدرسە هات و ئامۆژگاری کردین و بۆ ماوەی سێ مانگ دەرگایان لێ نەکردینەوە، بەڵام دواتر هەندێک ئازادتر بووین، بەردەرگای مەدرەسەکە پاسەوانی لێبوو. ئێمەیان بۆ ماوەی چوار ساڵ لەوێ ڕاگرت. ئەوانەی بەسرە لە "محلەتن قیبلە" بوون. مزگەوتی خەفاف و زیندان لە ناوەندی قەیسەری بوون. زیندانەکە نزیکەی چوار هەزار کەسی تێدابوو، و بە زیندانی گەورەی بەسرە دەناسرا و نەخۆشخانەیەکیشی لەکن بوو. لە بەسرە عایلەی ئێمە چوون بۆ مەکتەب. دواتر سادق و منداڵەکانی مەلا مستەفایان نەقڵی موسڵ کرد. سەعید قەزاز وەزیری داخڵە زۆر یارمەتی سادق و ئێمەی کرد، بەڵام دژی شێخ ئەحمەد بوو.)

هەر لەم بارەیەوە ڕەبیع شێخ محەمەد خالید شێخ ئەحمەد لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(بۆ ماوەیەکی کورت لە دیانا لە تێلدرکدا ڕایانگرتین و ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٤**

شێخ ئەحمەدیان برد بۆ بەسرە. شێخ ئەحمەد و بنەماڵەی شێخانی بارزان حوکمی ئێعدامی غیابیان بەسەردا سەپا و لە بەسرە زیندانی کران. دیارە بنەماڵەکانیان لە کەربلا بوون و دواتر ڕەوانەی بەسرە کران.

سادق، عەوبەیدوڵا، جەمال، محەمەد سدیق ساڵی ١٩٥٦ لە زیندان ئازاد کران، بەڵام شێخ ئەحمەدیان ڕاگرت و دوایی وەبەر بەخشینی مەلیک کەوت و ئێعدامەکەی بۆ کرا بە زیندانی هەمیشەیی. محەمەد قەزاز خەڵکی سلێمانی کە ئەوکاتە وەزیر ناوخۆ بوو، بە شێخ ئەحمەدی گوتبوو، سەری فیتنەکە ئەتۆی و دەبێ لە زیندان بمێنی. شێخ ئەحمەدیش لە وەڵامیدا دەڵێ هەتا ئێوە لە حکومەتدا بن، منیش لێرە دەمێنمەوە. کاتێ شۆڕشی تەموز کرا، شێخ ئەحمەد ڕۆژی ٢١ی تەموز لە زیندان ئازاد کرا و ڕۆژی دوایی شێخ ئەحمەد چوو چاوی بە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف کەوت. بە ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، قەزاز گیرا و بنەماڵەکەی هاتنە لای شێخ ئەحمەد کە هەوڵی ئازاد کردنی بدات. کاتێک شێخ ئەحمەد و شێخەکان لە زیندان چاوەڕوانی ئێعدام بوون، سادق بە شێخ ئەحمەد دەڵێ: با نامەیەک بنوسین بۆ حکومەت و بپرسین بۆچی ئێعداممان ناکەن؟ شێخ ئەحمەد وەڵامی دەداتەوە: "چونکە لە ئێعدامی شێخ عەبدولسەلام سودیان نەبرد، ئێمە ئێعدام ناکەن و پێویستی بە نوسینی کاغەز نییە.")

١- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، نوسینی مەسعود بارزانی، لاپەڕەی ٢١٧ و ٢١٨، چاپی ئاراس ٢٠١٢.

٢- وتوویژی ڕاستەخۆ لەگەڵ کازم مستەفا ئومەر شانەدەری.

٣- بە وتەی هەڤاڵانی بارزانی، معاوین عەلی پۆلیسێکی تاوانبار بوو، خەڵکێکی زۆری ئازاردابوو و خەڵک ناوی قامچی ڕەشیان لەسەرنابوو. پێشتر بارزانی لە تاوانەکانی خۆش ببوو کە چیتر خەڵک ئازار نەدات.

٤- مەسعود بارزانی دەنوسێت: ئەو ئاغایە، سەعید ئاغای گەرماڤی سەرۆکی هۆزی دۆسکی ژورویە و ڕەنگە مەبەستیش لە ئەوانی تر، ئینگلیزەکان بێت.

٥- بۆ نوسینی ئەم بەشە، کەڵکم لە کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کتێبی بیرەوەرییەکانی حەسۆ میرخان، ٦٢ ڕۆژی لەگەڵ بارزانی دا، ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، دانان و ئامادەکردنی سەردار محەمەد و عەبدولڕەحمان هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو، وتاری سەفەر میرخان ژاژۆکی، وتوویژی ڕاستەخۆ لەگەڵ کازم مستەفا شانەدەری، سەعید وەلی بەگ، تەیمەز ئاراب، سدیق خەلیل یەحیا و عەبدولا جرگیس هەڤاڵانی بارزانی و بەشدار لە ڕووداوانەدا وەرگرتوە.

پاشەکشە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت

هەروەکوو ژەنەڕاڵ بارزانی بە پێشمەرگەکانی ڕاگەیاندبوو، پێشمەرگەکان بەهۆی بازنەی تەسکی شوێنی مانەوەیان، کەمی فیشەک، ئازوقە و خواردەمەنی، نەبوونی دوکتۆر و دەرمان بۆ چارەسەر کردنی نەخۆش و برینداره‌کانیان، بە ڕادەی توانا هەوڵیاندەدا خۆ لە شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ جاش و چەکدارانی ڕژێم بپارێزن. بەپێچەوانە دوژمن بە زانیاریی لە دۆخی پێشمەرگەکان بە بەردەوامی خەریکی پێشڕەویی و تەنگتر کردنەوەی گەمارۆی پێشمەرگەکان بوو. تا سەرئەنجام بارزانی بیری لەو بیرۆکەیە کردەوە کە پێشتر ئاراستەی شێخ ئەحمەدی کردبوو، و بەشێک لە پێشمەرگەکان بە خەون و خەیاڵیان دەزانی.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٢١ی کتێبەکەیدا، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، دەنوسێت: **(بارزانی بۆی گێڕامەوە کەوا لەکاتی ماڵئاوایی لە شێخ ئەحمەد لە ١٩٤٧/٣/١٥دا لێی پرسیوە، ئاخۆ ئەگەر نەیتوانی لەناو عێراقدا درێژە بەشەڕ بدا، دەتوانێ پەنا بباتە بەر یەکێتی سۆڤیەت؟ شێخ ئەحمەد بەوە ڕازی بوو. بارزانی ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٦ دوا بڕیاری مێژوویی خۆیدا و گشت هێزەکانی لە ئەرگوش کۆکردەوە و ئەم دوا بڕیارەی پێڕاگەیاندن کە بریتی بوو لە پەنابردن بۆ ئاخی سۆڤیەت و هۆیەکانیشی بۆ شیکردنەوە. بەئەنجام گەیشتنی ئەم ئامانجە بەلای هەندێ کەسەوە لە خەون و خەیاڵ دەچوو. ئەو کەسانە لە بڕیاری پێشوی خۆیان کە شوێنکەوتنی بارزانی و گرێدانی چارەنوسی خۆیان بەوەوە بوو، پەشیمان بوونەوە و خۆیاندا بە دەست حکومەتەوە، ژمارەیان لە پەنجا کەس تێنەدەپەڕی.)**

کازم مستەفا ئومەر شانەدەری و تەیمەز ئاراب دوو لە پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمە، لە وتووێژێکی تایبەتدا ئاماری ئەو کەسانەیان بۆ ئاشکرا کردم کە گەڕانەوە بۆلای ڕژێم و گوتیان: شانزدە پێشمەرگەی دۆسکی، نۆ پێشمەرگەی شێروانی مەزن و حەوت پێشمەرگەی زێباری گەڕانەوە لای جاشەکان.

ڕۆژی ١٩٤٧/٥/١٩ بارزانی لە گوندی ئەرگوشەوە فەرمانی بە هێزەکانیدا یەک بە دوای یەک بەرەو ناوچەی "هەرکی بنەجێ" بەڕێکەون. ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٢ هێزەکان

گەیشتنە گوندەکانی "دری، باسیا، ستونی، بێداو، و ناوشەلا". دوای کۆبوونەوەی هێزەکان لەو شوێنانە، حکومەت بە کۆبوونەوەی ئەوانی زانی. لەبەر ئەوە، ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٣، چواردە فڕۆکەی ناردە سەریان و بەتوندی ناوچەکەیان بۆمباران کرد. لە ئاکامی ئەو بۆمبارانەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی "تەمۆ مستەفا بناوی و تەها عەزیز سپینداری" شەهید و چوار پێشمەرگەش بریندار بوون.

ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٤ هێزەکانی بارزانی گەیشتنە بێداو کە دوا ئاوایی سەرسنوری نێوان عێراق و تورکیایە. چونکە دوو لە بریندارەکان بەناوی ساڵح حوسێن گوێزیو حەمۆ هیزانی برینەکانیان قورس بوو، و بۆ گواستنەوە نەدەبوون، بارزانی داوای لە موختاری گوندی "بێداو" کرد کە ئەو دوو بریندارە بگەیەنێتە شێروان و بیانداتە دەست حکومەت. بە وتەی هەڤاڵانی بارزانی کە لەنێو شەڕ و ڕووداوەکەدا بوون، حکومەت برینی ئەو دوو پێشمەرگەیەی دەرمان کرد، بەڵام بە دوای ساریژ بوونی برینەکانیان لە موسڵ زیندانی کردن و سەرئەنجام هەردوویان لە زیندانداا مردن.

ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٥، بارزانییەکان گوندی بێداویان بەجێهێشت و بە ڕێگای تەشی بێداو "تەستا- بێداو"دا کە هێجگار ڕژد و ئاستەمە و بەرازییەکەی نزیکەی سێهەزار مەترە و بەفر داپۆشیبوو، سەرکەوتن. هەرجارەی یەکێک لە پێشمەرگەکان دەکەوتە پێشەوە و هەندێک جار بە سەرنێزە و قۆنداخی تفەنگ لە بەفرەکە پلەکانیان دروست دەکرد، پێیان لە جێی پێی یەکتر دەنا و بەم جۆرە نەخۆش و بریندارەکانیان بەشان سەرخست.

لە باکوری کوردستان: ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتنە گوندی "بای" لە باکوری کوردستان. خەڵکی گوندەکە کە نزیکەی بیست ماڵ دەبوون، زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە پێشمەرگەکان کرد و ئەوەی هەیانبوو، لەگەڵ پێشمەرگەکان بەشیان کرد. بارزانی لە موختاری گوندەکەی پرسی نزیکترین و باشترین ڕێ بۆ سنوری ئێران کامەیە، ئەو گوتی ڕێی "زینیا ئاسنگەرا" کە دەکەوێتە نێوان گەوەڕ و شەمدینان. بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتن تا هێزی بەرایی سەربازەکانی تورکیان بینی کە خەریکی سەنگەر لێدانو خۆقایم کردن بوون و ڕێگەیان گرتبوو. هێزەکان ناچار بوون لەنێو دەوەن و قامیشاندا خۆیان حەشار بدەن. ئەو شوێنە سەرچاوەی زێی گەورەیە و

"نهێلا گەڤەر"ی پێدەڵێن. هاوکات فڕۆکەکانی تورکیاش بۆ پشکنین بەسەر پێشمەرگەکاندا دەگەڕان، بەڵام چونکە خۆیان باش شاردبۆوە، نەیاندۆزینەوە. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٢٣ی کتێبەکەیدا، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، دەنوسێت:

- (بارزانی گێڕایەوە و گوتی: بۆ پەڕینەوەمان فێڵمان لە تورکان کرد. لەپێشدا چووینە پێشیان و وامان کرد هەستمان پێ بکەن و خۆیان بۆ شەڕ ساز کرد، ئەمجا جوڵەمان لەخۆمان بڕی و داوام لە هێزەکان کرد بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆن. کاتێ تاریک داهات خۆمان مات کرد و نەبزوتین. پاشان گەڕاینەوە هەمان شوێنی لێی بووین و بەجێمان هێشتبوو. خۆم و چەند کەسێک بۆ دواوە ڕۆیشتین تا تورکان وا تێبگەن ئێمە ڕێبازی خۆمان گۆڕیوە و دەمانەوێ لە ڕۆژهەڵاتی ئەو جێیە بپەڕینەوە. چاوم لە شڵەژانی هێزی تورکان بوو، دوو سەعات پاشتر هەموو کەلوپەلی خۆیان پێچایەوە و رایان کرد بۆ ڕێگەی ڕۆژهەڵات کە وایان دەزانی ئێمە لێی دەپەڕینەوە، جا زانیم ئەو شوێنەیان چۆلکردوە و کەسیان لێ نەهێشتوە. بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٧ لە "زینیا ئاسنگەران" پەڕینەوە و سەربازەکانی تورکمان بەجێهێشت و تا چیای سپیرێز بە ئێمەیان نەزانی. لەوێ تەقەیان لێکردین، بەڵام کاری لێ نەکردین، چونکە زۆر لێک دور بووین. فڕۆکەکانی تورکیش هاتن، بەڵام ئێمە گەیشتبووینە سنوری ئێران و ئەوە بوو گەڕانەوە.)

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: ئێوارەی ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٧ هەموو هێزەکانی بارزانی گەیشتنە "جیرمی" کە یەکەم گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. پاش خواردن و حەسانەوە بەرەو ناوچەی بەگزادەکان و گوندەکانی "ئەنبێ"، "دەربەند" و "تلوێ" بەڕێکەوتن و بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٨ گەیشتنەجێ. هەموو ئاغاکانی بەگزادە لەترسی تۆڵەسەندنەوەی ناپاکیی و خیانەتەکانی پێشویان ڕایانکردبوو بۆ ورمێ. بارزانی فەرمانی بە پێشمەرگەکاندا کە هیچ شتێک بە زۆر لە خەڵکی گوندەکان نەستێنن و تەنانەت بۆ تاقە نانێکیش نابێ خەڵک ئازار بدەن.

بارزانی و هەڤاڵانی ڕۆژی ٢٩-١٩٤٧/٥/٣١ لە ناوچەی هەرکییەکاندا مانەوە، بەتایبەتی لە کوێستانەکانیان و ئەوانیش پێشوازییەکی باشیان لێکردن. حکومەتی ئێران

هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی بانگ کردبوو تا ڕێگەیەک بۆ لەنێوبردنی بارزانییەکان بدۆزێتەوە. داوای لێکردن نامەیەک بۆ بارزانی بەرن. ڕەشید بەگ سەرۆکی هۆزی هەرکی ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند و نامەکەی گەیاند. لە نامەکە پرسی ئەوە کرابوو کە بارزانی بۆچی گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و دەیەوێ چی بکات؟ داواشی لێکرابوو کە دەستبەجێ ئێران بەجێهێڵێت. بارزانی وەڵامی ئەو نامەیەی نەدایەوە.

لە ناوچەی هەرکیان دوو کەس بە ناوەکانی محێدین بابازادە خەڵکی گوندی باڵانیش و لاوکۆ "داود یوحنا" هاتنە ڕیزی بارزانییەکانەوە. یەکەمیان لە سۆڤیەت کۆچی دوایی کرد و ئەویتریان کە زۆر هۆگر و دڵسۆزی ژەنەڕاڵ بارزانی بوو، ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانییەکان گەڕایەوە بۆ عێراق.

ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٣١ پێشمەرگەکان ناوچەی هەرکی یان بەجێهێشت و ڕویان لە ناوچەی شکاکان کردو بە گوندی "سێرۆ"دا تێپەڕین و ڕۆژی ١ و ١٩٤٧/٦/٢ لە ناوچەی شکاکان مانەوە. خەڵکی گوندەکان بەگەرمی و بە نان و دۆ پێشوازییان کردن. خاڵی سمکۆی شکاک "خالی میرزێ" و یەکێک لە خزمانی سمکۆ بەناوی "سەعید عەدۆ" لە گوندی "دۆستان" ڕێی گوندەکان و بیروڕای ئاغا و موختاری گوندەکانیان بۆ ڕوونکردنەوە.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٣ گوندی دۆستانیان بەجێهێشت و بە گوندی "دێڵیز" و "حاجی جڤان" و "گۆزەڕەش"دا تێپەڕین. لاوێک لە گوندی حاجی جڤان بەناوی سەید کەمال بە گوێرەی توانا خزمەتی پێشمەرگەکانی کرد، بەڵام ئاغای گوندەکە بەناوی "قۆرتاس" گوندەکەی بەجێهێشتبوو، و ڕایکردبووە سەڵماس. لە گوندەکانی ناوچەی شکاکان پێنج کەس بەناوەکانی بێجان جوندی، تەیمور جەعفەر موسا، کامل زولمات، عومەر حوسێن و ئیبراهیم جەلال هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە. لەم بارەیەوە تەیمور جەعفەر موسا لە وتوویژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم: (**لەگەڵ باوکم و سوارەکانی عومەرخانی**

شکاک بەشداریی کۆماری کوردستانم کرد و باوکم لە ناوچەی سەردەشت شەهید بوو. دوای شکانی کۆماری کوردستان، نەگەڕامەوە گوندەکەمان و چووم بۆ گوندی "هۆدەر" لە نزیک شاری "سەلماس" و لەوێ بەنهێنی دەژیام. کاتێک بیستم بارزانی گەڕاوەتەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان، لەگەڵ ئیبراهیم جەلال کە دواتر لەگەڵ بارزانییەکان ئەنفالیان کرد، بێجان عەلی جوندی، کامل زلمات و عومەر حوسێن شکاک بڕیارماندا لەگەڵ بارزانی بکەوین. بارزانی خەریکبوو بە گوندی سمایل ئاغادا دەڕۆیشت کە ئێمە چووین و گوتمان دەمانەوێ لەگەڵت بێن. چەک و ئەسپی باشمان هەبوو. بارزانی قەبوولی کرد و ئێمەش ڕەگەڵی کەوتین. داوام لە بارزانی کرد سواری ئەسپی من بێت. گوتی: "تەیمور هەتا یەک هەڤاڵی من بەپێ بچێ، منیش بەپێ دەچم" و سوار نەبوو. بۆ ماوەی نۆ ڕۆژان لە ڕێگەدا بووین بەبێ نان و خواردن. ئەسعەد خۆشەوی لە گوندەکان نانی کۆدەکردەوە و هەریەک لە ئێمە نانێکمان وەردەگرت. مەلا مستەفا وەک ئێمە، بەبێ ئەوەی کە زیاتر لە ئێمە وەرگرێت. مانگی شەش بوو، گیا بڵندببوو، و ئێمە بە ڕۆژ خۆمان دەشاردەوە و بە شەو دەڕۆیشتین. تەیارەی تورکان دەهاتن، تەیارەی ئێران دەهاتن، بەڵام ئێمەیان نەدەبینی و ئێمەش تەقەمان لێنەدەکردن. جارێک تورکەکان لە نزیک گوندی "ڕاویان" لەسەر حدود پێشیان پێگرتین و ئێمەش لێماندان و دوو سەربازی تورکمان کوشت. کوژراوەکانیان بەجێهێشت و ڕایان کرد. گوندی ڕاویان هاوسنوری ماکۆیە لەگەڵ تورکیا.)

یەک دوو پێشمەرگە، لە دوکانێکی لە گوندی گۆزەڕەش هەندێکیان خورما بردبوو. کابرای دوکاندار هاتبووە سەر ڕێگەی بارزانی و دەگریا، بارزانی پرسیاری لێکرد و کابرا مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە. بارزانی ١٨ دیناری عێراقی پێبوو، هەموو پارەکەی دایە کە زۆر لە حەقی خورماکەی زیاتر بوو. پاشان هەڕەشەی لە پێشمەرگەکان کرد کە ئەگەر کەسێک شتی وابکات، بە توندی سزا دەدرێت.

لە گوندی گۆزەڕەشەوە پێشمەرگەکان چوون بۆ گوندی "هەڤڵۆران" و لەوێوە بۆ گوندی "بڕوشخۆران". لە بڕوشخۆران قازیی ناوچەکە بەناوی "خلیفە سادق" سیخوڕی ئێران بوو، ناردبوویان بارزانی بخەڵەتێنێ و لە داوی حکومەتی بخات، بەڵام کەسێکی هاوڕێی بەناوی "عەلی" پیلانەکەی بۆ پێشمەرگەکان ئاشکرا کرد. بارزانییەکان بۆ

ئەوەی لە داوی سوپای ئێران نەکەون بەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٥ لە دۆڵی قتور پەڕینەوە و چوونە نێو هۆزی "عروسی". خەڵکی گوندەکانی "گەلەتی، تودان و ئەلەند" زۆر خزمەتی بارزانییەکانیان کرد، بەتایبەتی "کوچو ئاغای عەلی بەگ و بالی بەگ و بەحری بەگ" لە گوندی ئەلەند. لەم بارەیەوە تەیمور جەعفەر موسا دەڵێت: **(چووینە گوندی "ئالەند" لە نزیک ڕوباری ماکۆ لەسەر حدودی تورکیا. لەوێ خزمێکی من بە ناوی "کوچوو عیسا" هەژدە پەزی بۆ کوشتینەوە و هەموومان خوارد. ڕۆژی دوایی بەرەو ماکۆ چووین، لە گوندی عەمبار پیرە پیاوێک بەناوی مام میرزا هات و ڕێی بە بارزانی پێشاندا و خۆی وەپێشمان کەوت.)**

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٦، بارزانییەکان گوندی ئەلەندیان بەجێهێشت و چوونە گوندەکانی "بلەسور و بلەڕەش" کە لێرەش پێشوازیی گەرمیان لێکرا، بەتایبەتی لەلایەن مەلای گەورەی ئەو دوو گوندانەوە، دوای حەسانەوە گەیشتنە هەوارگەی حاجی بەگی جەمیل کە وەک بەهەشت دەچوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە چوونە گوندی "مەلهەمی" کە دەکەوێتە ناوچەی هۆزی "ملی" و شەو لەوێ مانەوە. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٧ گەیشتنە گوندی "عەمبار"، لەوێ توشی پیاوێکی شارەزا بە ڕێگاکە بوون بەناوی "میرزا عەبدی" کە هەرچەند تەمەنی گەیشتبووە حەفتا ساڵ، بەڵام بە گوڕ و گورج بوو. بارزانی باشترین ڕێگای بۆسەر ڕوباری ئاراس لێپرسی. میرزا عەبدی گوتی ڕێگای ماکۆ- هاسۆن لە هەمووان باشترە، چونکە ڕێگاکە هێجگار دژوارە، بەتایبەتی ئەگەر بچیتەوە تورکیا، دیارە مەترسیش لە ڕێگادا هەیە. بارزانی قسەی ئەو پیاوەی پەسەند کرد و بڕیاریدا بە گوێی بکات. ئەو بەشەی ڕێگاکە زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوە پێویست بوو بە وردی نەخشەی بۆ دارێژێت. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٨ گوندی عەمباریان بەجێهێشت و چوونە گوندی قەرە کلیسا "کلیس کەند و ئاخداش" لە نزیک ماکۆ کە گوندی تورکان بوون. گوندەکە چۆل بوو، خەڵکەکەی ڕایانکرد بوو بۆ ماکۆ و ماڵ و کەلوپەلەکانیشیان بەجێهێشتبوو.

هێزێکی زۆری سوپای ئێران بە تانک و تۆپ گەیشتنە ماکۆ و هەموو ڕێگاکانیان گرتبوو. چارەنوسی بارزانییەکان بە دەرچوونیان بەو ڕێگایە بەسترابۆوە. بارزانی پاش پشکنینی ناوچەکە شوێنی هێزەکانی ئێرانی بۆ دەرکەوت. پێشمەرگەکانی کردە

دوو بەش و بڕیاری هەڵمەتێکی خۆکوژانەی دا. خۆی هێزی پەلاماری لە قەرە کلیسا بەدەست گرت و حەمەدەمین میرخان، مامەند مەسیح و مستۆ مێروزی یارمەتیان دەدا. بەشی دووەم لە ئاخداش لەلایەن ئەسعەد خۆشەوییەوە فەرماندەیی دەکرا و سالح کانیە لنجی و سەعید وەلی بەگ یارمەتیان دەکرد.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٩، پێشمەرگەکان لە چیای سوسوز و دەشتی ماکۆوە پەلاماری هێزەکانی ئێرانیان دا و هێرشەکەیان هەتا ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١١ بەبێ پسانەوە بەردەوام بوو. هەرچەندە ئەو شەڕە زۆر قورس و درندانە بوو، بەڵام لە بەرامبەر ویستی پۆڵایین و بڕوای لەبن نەهاتووی پێشمەرگەکاندا بە سەرکەوتنەوە کۆتاییهات. بارزانییەکان لەو شەڕەدا حەماسەیەکی مێژووییان بۆخۆیان و بۆ گەلی کورد تۆمار کرد و توانیان شەوی ١١- ١٩٤٧/٦/١٢ لە ڕوباری "زەنگی" بپەڕنەوە و بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٢ خۆ بگەیەننە گوندی هاسون. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٢٩ی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ١٩٣١- ١٩٥٨ دا دەڵێت:

- (هێزی ئێرانی لەو شەڕەدا بە سەدان کوژراو و بریندارییدا و ٢٧١ چەکداری بەدیل گیرا کە دوای کۆتایی شەڕەکە بەڕەڵا کران. هەروەها گەلێک تانک تێکدران و باڵەفڕێک خرایە خوارەوە و تۆپێک شکێنرا. بە سەدان تفەنگو پەنجا ئێسترو ئازوقەیەکی زۆر کەوتەدەست پێشمەرگەکان. لەم ئێسترانە بۆ گواستنەوەی بریندار و ئازوقە کەڵکوەرگیرا. بارزانییەکان لەو شەڕەدا چوار شەهید و چواردە بریندارییان هەبوو. ناوی شەهیدەکان بریتی بوون لە: مەل لێری، حاجی گوێزی، محەمەد مەلا محەمەد مێرگەسوریی و سالح لێری.) هەرلەم بارەیەوە تەیمور جەعفەر موسا دەڵێت:

- (کە گەیشتینە سەر ڕوباری ماکۆ. چەند عەسکەری ئێرانیمان بینی کە بە تۆپ و تانک لەسەر پردی ماکۆ ڕاوەستابوون. لە بەرامبەریاندا ئێمە تەنیا تفەنگمان پێبوو. فڕۆکە بە شەست تیر لە ئێمەی دەدا، بەڵام ئێمە تەقەمان نەدەکرد. مەلا مستەفا زۆر زیرەک بوو، دەیزانی چۆن تاکتیکی شەڕ دابڕێژێ و چۆن شەڕ بکات، ئەوە بوو کە ئێمە لە شەڕێکی دەستەویەخەدا توانیمان ئەو سەربازانە و سوپای ئێران بشکێنین و

نزیکە ٣٠٠ عەسکەر بەدیل بگرین و خۆمان بگەیەنینە گوندی هاسون و لە ناوچەی شەڕ دور بکەوینەوە.)

هەرلەو پێوەندییەدا، ڕژێمی ئێران دانی بە شکانەکەیدا نا، بەڵام ژمارە و ئاماری زیانەکانی ڕوون نەکردەوە و بەتەنیا ڕایگەیاند لە شەڕی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٠دا لە ناوچەی "شوت" کە مەبەستی پردی ماکۆ و ڕوباری "زەنگی"یە، ٣١ کەسی لێکوژراوە و ٣٥ کەسیشی بریندار بووە و بارزانییەکانیش توانیویانە بەرەو باکور درێژە بە ڕێگاکەیان بدەن. لە درێژەی نوسینەکەیدا مەسعود بارزانی دەڵێت: **(گوندی هاسون کەوتووەتە باکوری ماکۆ و سەربە هۆزی جەلالییە. لێرە سەرۆک هۆز عەمەراغا پێشوازیی لە بارزانی کرد و بەڵێنیدا یارمەتیان بکا، بەڵام بەڵێنەکەی نەهێنایە دی، بەڵکوو بەنیاز بوو ناپاکییەکی گەورە بخاتە سەرشانی خۆی و لە ناکاو لەشکری ئێران بهێنێتە سەریان. نامەردیی ئەم کابرایە گەیشتە ڕادیەک کە هۆزەکەی خۆی ڕاسپارد هەوار چۆل بکەن بۆ ئەوەی نان و خواردن نەدەن بە بارزانییەکان. دەتوانین بڵێین ئەم هۆزە و سەرۆکەکەیان لەناو هەموو هۆزەکاندا تاک بوون لە بەجێنەهێنانی ئەرکی نەتەوایەتی سەرشانیان و تەنیا ئەوان بوون زیاد لەو هەموو هۆزانەی بارزانییەکان بەناویاندا تێپەڕین، پیاوەتیان لەدەست نەهات و نامەرد دەرچوون.)**

ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ٦٣٧٢ی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٢٥- ١٩٤٧/٦/١٦دا بڵاویکردەوە کە تانکەکان و فڕۆکەکان بۆ شەڕی بارزانییەکان ڕەوانە کران و لە پێوەندیی لەگەڵ هەواڵەکانی شاری خۆی دا نوسی:

شاری خۆی: (ڕۆژی یەک شەممە ٣/٢٤/ ئەمڕۆ تانکەکان و فڕۆکەکان دژی کوردە بارزانییەکان تێکەڵاوی شەڕ بوون. دوێنێ لە شەڕێکدا سوپای ئێران ٣٠ سەرباز و ئەفسەرێکی لەدەستدا. ئەفسەرێکی سوپا گوتی: بارزانییەکان زیاتر لە ١٠٠ کوژراویان هەیەو ژمارەیەکی زۆریشیان بریندارن. فەرماندەی ئەو سەربازگەیەی کە ٥٠ مایل لەو جادەیە دوورە گوتی: "بارزانییەکان لە ناوچەیەکن کە لە بەشی باکوری ڕۆژئاوای ئێران لە نزیک سنوری ڕوسیا، عێراق و تورکیا هەڵکەوتووە و هەوڵدەدەن بازنەی گەمارۆکەیان کە بە چوار هەزار سەربازی ئێران گیراوە، بشکێنن. چواردە فڕۆکە کە ناوەندکەیان ماکۆیە هێرشیان کردە سەر ناوچەکەیان و دوازدە تانکی سوک ڕەوانەی

بەرەی شەڕ کران. ئەفسەرێکی تر گوتی: "سەربزێوەکان هێرشیان کرد و ٣٠ سەرباز و ئەفسەرێکیان لێ کوشتین و بەرەو دوو گوندی سەر چیاکان کشانەوە." پارێزگاری ئازەربایجان کە خۆی لێرەیە گوتی: "ژمارەیەک کە نزیکەی ٧٠٠ تا ٢٠٠٠ کەس دەبن، ڕەنگە شەو بچن لە خاکی ڕوسیاوە." وتەبێژی سوپا گوتی: "سەربزێوە چەکدارەکان بە تەواوی لە گەمارۆدان. ئاگاداریان کردین کاتێک دەیانویست بێن بۆ ئێران، ١٨ سەرباز و ئەفسەرێکی تورکیان کوشتوە.)

لە ڕۆژی گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سوپای ئێران بە فڕۆکە و جاش و جاسوسەوە بەشوێنیانەوە بوو. مورتەزا زەربەخت لە کتێبی "از کردستان عراق تا آنسوی رود ارس"دا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی لە بەشە جیاوازەکانی سوپای ئێران بڵاوکردوەتەوە کە بریتین لە:

١- ڕاگەیاندنی ژمارە ١ی سەرکردایەتی هێزی کوردستان، ڕوکنی ٢ی ورمێ بە ژمارە ٢٦٧٨٨/ د کاتژمێر ٢١:٠٠. ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٧- ١٩٤٧/٥/٢٩.

٢- پلانی شەڕ، سەرکردایەتی هێز، ڕوکنی ٣ی لەشکری ٤ی ورمێ بە ژمارە ٦٤٤/ هە کاتژمێر ٢٤:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٩- ١٩٤٧/٥/٣١.

٣- ڕاگەیاندنی ژمارە ٢ی سەرکردایەتی هێز و ڕوکنی ٢ی لەشکری ٤ی ورمێ بە ژمارە ٢٧٠٠٠/ کاتژمێر ٢٤:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٩- ١٩٤٧/٥/٣١.

٤- نامەی ژمارە ٥ی سەرتیپ بێگلەریی، جێگری لەشکری چوار و فەرماندەی کاروانی باشور، بۆ عومەرخانی شەریفی سەرۆکی هۆزی شکاک، لە سەلماسەوە کاتژمێر ٠٨:٣٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١١- ١٩٤٧/٦/٢.

٥- نامەی ژمارە ٦ی سەرتیپ بێگلەریی، جێگری لەشکری چوار و فەرماندەی کاروانی باشور، بۆ سەرگورد سوڵح جو سەرپەرشتی سوارەکانی عەشایریی لە سەلماسەوە کاتژمێر ٠٨:٣٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١١- ١٩٤٧/٦/٢.

٦- نامەی ژمارە ٧ی سەرتیپ بێگلەریی لە سەلماسەوە بۆ فەرماندەی هەنگی چواری سوارەی فەوزیە و فەرماندەی سەربازگەی سەلماس، کاتژمێر ٠٨:٣٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١١- ١٩٤٧/٦/٢.

٧- ڕاپۆرتی ژمارە ٩، ئاکامی کار لەلایەن سەرتیپ بێگلەرییەوە بە بروسکە ڕەوانەی ورمێ کراوە، کاتژمێر ٠٨:٣٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١١- ١٩٤٧/٦/٢.

٨- فەرمانی سەرتیپ بێگلەریی بە ژمارە ١٤، بۆ سەرهەنگ نیساری فەرماندەی کاروانی قتور بە مێژووی ١٣٢٦/٣/١٢- ١٩٤٧/٦/٣.

٩- ڕاپۆرتی بارودۆخی سەربازیی کە ئێوارەی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١١- ١٩٤٧/٦/٢، ئاراستەی فەرماندەی لەشکری ورمێ کراوە.

١٠- ڕاپۆرتی گۆڕانکارییە سەربازییەکان، ژمارە ٥ ڕۆژانی ٦ تا ١٣٢٦/٣/١٧- ٤٧/٥/٢٧ تا ١٩٤٧/٦/٨، هەلومەرج و ڕووداوی گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ کیشوەری شاهەنشاهی، مێژوو ١٣٢٦/٣/٦- ١٩٤٧/٥/٢٧، لەسەر نەخشە ١- ٢٥٢٠٠٠

١١- پلانی شەڕ، ماکۆ، ڕوکنی ٣، بەرەی شەڕی ماکۆ، ژمارە ٣٠٣، ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٢٣- ١٩٤٧/٦/١٤، لەسەر نەخشە ١- ٢٥٣٠٠

١٢- ڕاگەیاندنی سەرکردایەتی هێزی کوردستان، ڕوکنی ٢، فەرماندەی بەرەی ماکۆ، ژمارە ٤٠٩، کاتژمێر ٠٩:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٢٤- ١٩٤٧/٦/١٥

بۆ زانیاریی پتری خوێنەرانی بەڕێز لەو هەوڵ و کۆششەی کە ڕژێمی ئێران بۆ لەنێو بردنی بارزانییەکان کردی، یەکێک لەو ڕاپۆرتە سەربازییانەی ڕژێم بڵاودەکەمەوە کە پێشاندەری ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە لە تاکتیکە سەربازییەکانی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و ئازایەتی و دیسیپلینی هەڤاڵانی لەو ڕێڕەوە مێژووییەدا:

ڕاپۆرتی گۆڕانکاریی سەربازیی ڕۆژانی ٦ تا ١٧ ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (٤٧/٥/٢٧ تا ١٩٤٧/٦/٨)

ژمارە ٥

دۆخ و ڕووداوی گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ کیشوەری شاهەنشاهی

مێژوو ١٣٢٦/٣/٦ (١٩٤٧/٥/٢٧) لەسەر نەخشە ١- ٢٥٢٠٠٠

کاتژمێر حەوتی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٦- ١٩٤٧/٥/٢٨سەرکردایەتی لەشکری ورمێ ئاگادار کرایەوە کە ژمارەیەک لە بارزانییەکان کاتژمێر دووی ئەو ڕۆژە هاتوونەتە "جرمێ" و بیست سەر مەڕیان بە تاڵان بردوە. لەلایەن ئەمیر هێزی عێراقییەکانیشەوە ئاگادار کراین بارزانییەکان ڕایانکردوەتە تورکیا و ڕەنگە بێنەوە ناو خاکی ئێران.

کاتژمێر ١٣:٠٠، کوڕەکانی نوری بەگ هاتنی بارزانییەکانیان لە شەش کیلۆمەتری باشوری "ئەنبە" پشتڕاست کردەوە و کاتژمێر ١٤:٠٠ ئاگاداریان کردینەوە کە بارزانییەکان خەریکی پێشڕەوین. لەو ڕاپۆرتانە دەردەکەوێت کە بارزانییەکان لە سنوری تورکیاوە بە "بەردەسورچایی"دا خزاونەتە ناو خاکی ئێران و ژمارەیان نزیکەی ٤٠٠ کەسە. دەستبەجێ داوا لە سەروان "عەدل زەڕابی" و ڕەشیدبەگ کرا، بێنە سەرکردایەتی لەشکر و فەرمانیان پێدرا لەگەڵ ١٠٠ چەکدار بچن بۆ "مەوانا". ناوبراو کاتژمێر ١٨:٠٠ ی ئەو ڕۆژە لە ورمێوە وەڕێکەوت و کاتژمێر ٢٢:٠٠ لە "لەرنێ" و کاتژمێر ٠٥:٣٠ لە کەلی "گردە بلیج" دابەزی و هەر ئەوکاتە کاروانێکی پێکهاتوو لە دوو گوردانی پیادە (گوردانی ئیسفەهان و گوردانی دووی ئازەرپاد"، چوار زرێپۆشی جەنگی، دەستەیەکی تۆپخانە بە دەزگایەکی بێتەل، بە فەرماندەیی سەرهەنگ "سەردادوەر" مەئمور کرا کاتژمێر ٤:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٧ ئامادە بێت.)

کاتژمێر ١٤:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٦/ ١٣٢٦هەڵفرینێکی شناسایی بەسەر بەرزاییەکانی سنور و گوندەکانی ناوچەکەدا ئەنجامی گرت، بەڵام بەهۆی بوونی هەوری زۆر، شناساییەکە نیگاتیف بوو. ئەو کاروانە کاتژمێر چواری بەیانیی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٧بە هەژدە بارهەڵگر بەرەو "لەرنی" چوو تا کاتژمێر ١٧:٣٠ لە لەرنی جێگیر بوو. کاتژمێر ٠٥:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٨ بەرەو مەوانا چوون و ناوچەکەیان گرت. ئەو کاروانە بە زوویی دەچێتە "بزنیان" و ڕێگا لە بارزانییەکان دەگرێت کە بەرەو باکور نەچن.

کاتژمێر ١٢:٠٠ی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٧، نوری بەگ هاتە تێلگرافخانە و کاغەزێکی مەلا مستەفای پێبوو. داوای کردبوو لەنێوان ئەو و دەوڵەتدا ناوبژیوانی بکات. هەروەها نامەیەکی هاوشێوەی مەلا مستەفا گەیشتە سەرکردایەتی لەشکر و وەڵامی درایەوە بەبێ مەرج بچێتە ورمێ و خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام لە نامەکەی دەرکەوت ئامانجی خافڵاندن و کات کوشتنە و بۆ فەرماندەی کاروانەکە دووپات کرایەوە کە بەپەلە بچێتە مەوانا و پێوەندیی پێوە بکەن، تا بەڵکوو ئاکام ببەخشێت.

لە دوا هەڵفرینی شناساییدا کە ڕۆژی ٢٦/٣/٦ لە نێوان "تلوع و ئەنبە" ئەنجامی گرت، نزیکەی پازدە سەربزێو لە بەرزاییەکان لەناو سەنگەردا بیندران کە خۆیان

حەشاردابوو، بەڵام بە کۆمەڵ نەبوون و هەرچەندە فڕۆکەکە بە مەودایەکی کەم بەسەر زەویدا دەفری، تەقەیان لێ نەکرد.

دوا زانیاریی لەو کاروانە، لە کاتژمێر ٢١:٠٠دا ئەوە بوو کە مەلا مستەفا کاتژمێر ٢٠:٠٠ی ڕۆژی ٣/٧/ ٢٦ ئەنبەی بەجێهێشتووە و چووەتە "خانەگێ- خانەقا" و ژمارەیەک لە چەکدارەکانی ڕەوانەی "نازلو چایی" کردوە. بەم جۆرە بۆ لەشکر ڕوون بووەوە کە ئامانجی بارزانییەکان چوون بەرەو باکور و پێکهێنانی هاودەنگیی لەگەڵ عەشایرە جیاوازەکانی باکور و ڕۆژئاوای ورمێیە.

بەیانی ڕۆژی ٢٦/٣/٨ کاروانی ڕەوانەکراوی تەرگەوڕە کە لە "مەوانا" جێگیر بوو، ڕایگەیاند مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ کاروان ناردووە و دەیەوێت خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام دەبێ ئەفسەرێک و سەرۆک عەشیرەتێک بۆ پێوەندیی دیاریبکرێن. بە جوانی ڕوونە کە ئامانجی مەلا مستەفا کوشتنی کات و خۆدزینەوە بووە و دەیانەوێت بەرەو باکور بچن کە تا کاتژمێر ١٢:٠٠ ی ڕۆژی ٢٦/٣/٨ هەموو بارزانییەکان لە "نازلوچای"یەوە بەرەو باکور چوون. هەواڵی گەیشتو لە کاتژمێر ٠٩:٣٠ ی ئەو ڕۆژە، باس لەوە دەکات کە بارزانییەکان چوونە "سێروێ و سێرۆک". ئەو هەواڵە لە لایەن کاروانی تەرگەوەڕەوە گەیشت و سەرگورد "سوڵح جو" سەرپەرەستی شکاکە سوارەکان پشتڕاستی کردوەتەوە. هەروەها گوتویەتی بارزانییەکان دەیانەوێت لە سێرویوە بچن بۆ "هۆسین". ئەو هەواڵانە بە کاروانەکانی جێگیر لە ماکۆ، قەرەزیائەدین، خۆی، قتور، سیەچشمە و شاپور و سەرهەنگ "فولادوەند" ڕاگەینرا و هۆشیار کرانەوە.

کاتژمێر ٠٨:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٩- ١٩٤٧/٥/٣١ گوردانی ٢ی سەرهەنگ بەهادور و دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم لە "خۆی"یەوە بەرەو قتور چوون و مەئمور کران لەگەڵ گوردانەکانی ٣ی هەنگی ١٠ی قتور، ڕێگاکانی هاتوچۆی دۆڵی قتور بگرن. هەروەها بەزوویی یەکەی بەهێزکردنیان پێدەگات.

کاتژمێر ١٢:٠٠ ی ڕۆژی ٢٦/٣/٩ گوردانی ٢ی هەنگی ٣٢ لە شنۆوە گەیشتە ورمێ و کاتژمێر ١٦:٠٠ ی ئەو ڕۆژە چوو بۆ شاپور. بارزانییەکان ڕۆژی ٣/٩ دەستیان بەسەر بەرزاییەکانی "گۆلی شێخان" و "کەرتەش" و گوندی "سێرویێ"دا گرت و

ژمارەیەکیشیان ڕەوانەی گوندی "سینیا" کرد. هەروەها لەو ڕۆژەدا بە ژمارەیەک چەکدار بە سەرپەرستیی ئەسعەد، دەستیان بەسەر بەرزاییەکانی "گولی جییان"دا گرتووە کە بۆ پاشەکشە کردنیان گرنگایەتی هەبووە. لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو سێ ڕۆژەدا، بەیانیی و ئێواران هەڵفرینی شناسایی کراوە و زۆربەیان بەهۆی خراپی کەش، ئاکامیان نەبووە و لە کەشی باشیشدا چونکە بارزانییەکان بە شەو پێشڕەوی دەکەن و لێهاتوویی تەواویان لەخۆ حەشاردانداا هەیە، فڕۆکەکان بە زۆریی نەیانتوانیوە بیاندۆزنەوە. بەگشتی بەو زانیارییانەی کە تا کاتژمێر ٢٢:٠٠ی ڕۆژی ٢٦/٣/٩ گەیشتوەتە دەستمان، ئاشکرایە کە ئامانجی بارزانییەکان چوونە بۆ سنوری باکور و ناو چیاکانی ماکۆ بۆ فریودان و کوشتنی کات.

بارزانییەکان ڕۆژی ٩ ی مانگ لە "سێروێ" و "بەردوک"ەوە چوون دەستیان بەسەر "بەردوکی خوارووداا گرت و بەرەو بەردوکی سەروو چوون. لە بەرزاییەکانی ڕۆژئاوا و باکوری گوندی "ئاخچەگۆل" بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەنێوان بارزانییەکان و شکاکەکانی ژێر ئەمری سەرگورد "سوڵح جو" تێکهەڵچوون ڕوویدا. شناسایی هەوایی کاتژمێر ٩:٣٠ تا ١٢:٠٠ی ڕۆژی ٢٦/٣/١٠، باس لە چالاکیی سوارەکانی عەشایریی لە بەرزاییەکانی باکور و ڕۆژئاوای "گونبەد" دەکات، بەڵام شوێنەوارێک لە بارزانییەکان نەبیندرا. فەرماندەی سوپا کاتژمێر ١٨:٠٠ ی ڕۆژی ٢٦/٣/٩، دوای لێکۆڵینەوەی دۆخەکە، پلانێکی بەشێوەی خوارەوە داڕشت و دوای ئەوەی کە بە پێشگای خاوەنشکۆ گەیشت، پلانە پێشنیازکراوەکە و بڕیاری لەشکر لە کاتژمێر ٢٤:٠٠ ی ڕۆژی ٢٦/٣/٩ بەهەموو یەکەکانی سوپا ڕاگەینرا و بەڕێوەچوو.

١- بەستنی ڕێگەی بارزانییەکان لە دۆڵی خۆی، قتور و سنور، بەهۆی کاروانێکی پێکهاتوو لە: چوار گوردانی پیادە، گوردانەکانی ٣ی هەنگی ١٠، گوردانی ٢ی بەهادور، گوردانی ٢ی هەنگی ٣٢، گوردانی ئاسن، یەکەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم کێوی، چوار زرێپۆشی جەنگی و دەزگایەکی بێتەل.

٢- ڕاونانی بارزانییەکان لە لایەن کاروانی تەرگەوەڕ کە پێکهاتووە لە: گوردانەکانی ئیسفەهان و ٢ی ئازەرپاد، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ ملیمی کێوی، دوو زرێپۆشی جەنگی و دەزگایەکی بێتەل بە فەرماندەیی سەرهەنگ "سەردادوەر". سەرتیپ بێگلەریی

جێگری لەشکر، فەرماندەیی ئەو دوو کاروانانەی لە ئەستۆیە. سەرهەنگ "قزڵیاغ" لەگەڵ ئەندامی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەرکانی ئەو کاروانە دیارییکراوە.

٣- هەنگی سوارەی فەوزیە جگەلە یەکەیەکی سوارە کە بە دۆشکە بەهێز کراوە، لە شاپور جێگیرکراوە و دەزگایەکی بێتەلی گەڕۆکیان لە شاپور پێیە و مەئمورن جگەلە چاودێریی گشتیی ناوچەکە و شکاکەکان، بە گوێرەی پێویست بۆ عەمەلیات ئامادەبن.

٤- کاروانی ماکۆ پێکهاتوو لە گوردانەکانی هەنگی ١٢ی کرماشان و گوردانی ٢ی هەنگی ٢٧، لەگەڵ دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژی ئیسفەهان، یەکەیەکی تۆپخانەی ٧٥ ملیمی کرماشان و دەزگایەکی بێتەل، بە فەرماندەیی سرهەنگ "موزەفەری"، مەئمور کراوە چاودێریی بەسەر ناوچەی پلدەشت و سنوری بازرگانەوە بکەن کە پێشتر شناساییان کردوە.

٥- لە سیەچشمە، گوردانێک لە هەنگی بەهادور و دەزگایەکی بێتەل دانراوە. لە قەرەزیائەدین گوردانی ٢ ی هەنگی ١٢ و هەنگی سوارەی کوردستان جگەلە یەکەیەکی گەڕۆکی سوارە، بە ئیحتیات لە خۆی جێگیر کراوە. سەرتیپ زەنگەنە فەرماندەی تیپ، فەرماندەیی کاروانەکانی ٣ و ٤ی لە ئەستۆیە و سەرگوردی ئەرکان بەهادور لەگەڵ ئەندامی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکانی ئەو کاروانانە دیاریی کراوە. گوردانی سرگورد "زرەپوش" کاتژمێر ١٢:٠٠ ی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٠ بە بارهەڵگر ڕەوانەی خۆی کرا و چوار زرێپۆشی جەنگی نێردرایە قتور. بەهەموو ئەو یەکەیانە و فەرماندەکانیان ڕاگەینرا لە کاتژمێر ١٢:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١١ وە کار لەسەر ئەو پلانە بکەن.- لە گۆشەیەکی پلانەکەدا نوسراوە، بە داخەوە مەلا مستەفا سەبری نەکرد- سەرتیپ بێگلەریی و سەرهەنگ "نەیساری" ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٠ بەرەو مەئموریەتی دیارییکراو چوون و سەرتیپ زەنگەنەش کاتژمێر ١١:٠٠ ی بەیانی ورمێی بەجێهێشت.

فەرمانی تەواوکەریی دوایی، پەیوەست دەبێت بە جێگیربوون لە هێڵی قتور و بەهێز کردنی گوردانی سەرگورد زرەپوش بۆ سێ گوردان. بارزانییەکان کاتژمێر ٠٣:٠٠ی ڕۆژی ٢٦/٣/١٢ تا کاتژمێر ١٤:٠٠ی ئەو ڕۆژە هاتنە "هەبلۆران" و لەوێوە بەرەو "ئەشنەک" و "بەشخوران" دەچن.

ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٣– ١٩٤٧/٦/٤ لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی هەتاو هاتنە "ڕاویان" و لەوێ چەند کەسێکیان لە خەڵکی ناوچەکە دەستگیر کرد کە لەلایەن کاروانەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ ڕەوانە کرابوون و چەند ئەسپ و هەندێک خواردنیان لەو گوندانە کۆکردەوە و بەرەو "حەبەشی خواروو" و "موخین" بەڕێکەوتن و دواتر ڕوویان لە "کەڵت" کرد. ڕۆژی ٢٦/٣/١٥ گەیشتنە "سەگمەن ئاوا" و لەو ڕۆژەدا هەرچەندە یەکە جێگیرکراوەکان لە هێڵی قتور بە شوێنیان کەوتن، بەڵام نەیاندۆزینەوە و ئاکامیان وەرنەگرت. لەبەر ئەوە، گوردانەکانی ٢ و٣ی ئازەرپاد و گوردانی "کسر خدمت"ی هەنگی ٩ کە ڕۆژی ٢٦/٣/١٢ ڕەوانەی خۆی کرابوون، بردرانە "شوت" کە لەوێ پێش بە بارزانییەکان بگرن.

ڕۆژی ٢٦/٣/١٥ تیمسار فەرماندەی سوپا لە لەشکری ورمێوە بەرەو ماکۆ هات و بە سەرهەنگی ئەرکان غەفاری ڕاگەینرا لە شنۆوە بێتە ورمێ. کاتژمێر ١٨:٠٠ ڕۆژی ٢٦/٣/١٦ گەیشتە ورمێ و دەستبەجێ بەرەو ماکۆ ڕەوانە کرا و لە هەمان ڕۆژدا سەرۆکایەتی ئەرکانی عەمەلیاتی ماکۆی پێسپێردرا.

ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٦– ١٩٤٧/٦/٧ کاروانی قەرەزیائەدین کە بریتی بوو لە: یەکەی سوارە و دەستەیەک دۆشکە لە هەنگی سوارەی کوردستان، بە فەرماندەیی فەرهادخان، بەرەو چیای "سەگار" چوون و بە کاروانی سیەچشمەش فەرماندرا دەستەی پێشقەڕاوڵی خۆی بۆ دامەزراندنی پێوەندیی، بنێرێتەوە پێشەوە. یەکەکانی هێڵی قتور و گوردانی سەرگورد زرەپوش بە بارهەڵگران ڕەوانەی ماکۆ کران و گوردانی ٢ی بەهادور و گوردانی ٣ی ئاسن بە فەرماندەیی سەرهەنگ فولادوەند مەئموری ڕاونانی بارزانییەکان کران. گوردانەکانی ئیسفەهان، گوردانی ٢ی کرماشان و گوردانی ٢ی هەنگی ٢٧ ڕەوانەی "ساری باشکەند"، "کەشمەکەش تەپە"، "موسا ئاقبلاغ"، "خەندەرو" و "قزلداغ" کران کە لەو ناوچانە جێگیربن و دەستەی پێشقەڕاوڵی خۆیان بۆ دامەزراندنی پێوەندیی، بنێرنەوە پێشەوە.

لەو ڕۆژەدا سەرتیپ زەنگەنە چاوی بە فەرماندەی تیپی بایزید "مەبەستی تیپێکی تورکیایە– نوسەر" لە بازرگان کەوت و کێشەی بارزانییەکانی پێڕاگەیاند. بارزانییەکان کە بە ڕۆژ لە بەرزاییەکاندا خۆیان حەشار دەدا و شەوانە بە دوندی چیاکاندا

دەڕۆیشتن، چوونە "بلەسوری گەورە و بچوک و سێرپاگڵ" و لەوێوە بە "یەک ماڵە"دا کە لە سێ کیلۆمەتری "ناوەر" بە باشوری شێخ "مەملو"دا گەیشتنە محاڵی سیەچشمە. سەرهەنگ زەلتاش لەگەڵ چەند پلەداران، بە ١٥٠ تفەنگ و ژمارەیەک فیشەک چوو کە چەک بدات بە تایفەی میلانی و چەکداریان بکات.

ڕۆژی ٢٦/٣/١٧ بارزانییەکان بە شەو چوونە دەوروبەری "قەرەدەرە" و چونکە گومان دەکرا بەرەو "کەرەلەڕ" بچن، بە ناچار دەبێت بە هێڵی بازرگان- ماکۆ، خەندور، قزلداغ دا بڕۆن و کاروانەکان بەو شێوەیەی خوارەوە هێڵەکەیان گرتوە. بەپێی بڕیار سەرهەنگ نەیساری لەگەڵ دوو گوردانی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم، یەکەیەکی سوارە و دەستەیەکی دۆشکەی سەحرایی لە "کوڵتێ"ی سەروو، خەریکی کارەکانیانن. سەرهەنگ "لەشکری" لەگەڵ گوردانێک و یەکەیەکی سوارە و دوو زرێپۆشی جەنگی لە بەرزاییەکانی سەگار. گوردانێکی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ ملیم، دوو زرێپۆش لە سیەچشمە. گوردانێکی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم، دوو زرێپۆشی جەنگی لە هێڵی "ساری ئوجاق" و "کشمش تەپە". گوردانێک لە بەرزاییەکانی سەنگەر. گوردانێک و دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلمی کێوی لە خەندوەر. دوو گوردانی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم، یەکەیەکی سوارە، سێ زرێپۆشی جەنگی لەگەڵ سەرهەنگ "سەردادوەر" لە شوت. فەرماندەیی سەبارەت بەو بڕیارە و هێزە جێگیرکراوەکان، بیری لەوە کردوەتەوە کە بەرلە دەرچوونی بارزانییەکان، ئەگەر لەو هێڵەدا بیندران، سەرکوتیان بکەن، ئەگەرنا لە ناوچەی "کەرەلەڕ" گەمارۆیان بدەن. بەهۆی دوریی ناوچەی عەمەلیات لە ورمێ، سەرکردایەتی عەمەلیات لە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٦وە لە ماکۆ داندرا و بڕیار و فەرمانەکان لەوێوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە یەکەکان دەگات و ڕووداوەکانی عەمەلیات ڕاستەوخۆ ئاراستەی سەرکردایەتی سوپا دەکرێن.

سەرۆکی سەرکردایەتی لەشکری ٤ی ئازەربایجان

سەرهەنگی ئەرکان فیوزی (پاشبەندی ١٠)

دوژمن، بەو هەمووە هێزە و ئەو هەمووە هەوڵ و تەقەلایەی نەیانتوانی تەنانەت لە یەک شەڕ و یەک شوێنی ئەو کوردستانەدا بەسەر بارزانییەکاندا زاڵ بێت و هەموو

پیلانەکانی بۆ لەنێو بردنی بارزانییەکان وەک بڵقی سەر ئاویان لێهات و ئەگەر ئاغا جاشە خۆفرۆشەکان نەبووایەن لەمەشیان خراپتر بەسەر دەهات و توشی ڕیسواییەکی زیاتر دەبوون کە بۆخۆیان سەلماندیان. لەم بارەیەوە سەرنج بدەنە ئەم ڕاپۆرتانەی خوارەوە:

١- ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوی وەزارەتی جەنگ، نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا، ژمارە ٢٠٤٣/ آ، مێژوو ١٣٢٦/٣/٢١- ١٩٤٧/٦/١٢، بە ئیمزای سەرلەشکر ڕەزمئارا سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا بۆ سپەهبود شابەختی.

٢- نامەی وەزارەتی جەنگ نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا بە ژمارە ٢٠٤١/ آ، بە مێژووی ١٣٢٦/٣/٢١-١٩٤٧/٦/١٢، بە ئیمزای سەرلەشکر ڕەزمئارا سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا بۆ سەرلەشکر خەسرەوانی.

٣- نامەی وەزارەتی جەنگ نوسینگەی فەرمانداری سەربازی شاری ماکۆ، بە ژمارە ٩٣٣ کاتژمێر ٢٠:١٥ بە مێژووی ١٣٢٦/٣/٢٦-١٩٤٧/٦/١٧، بە ئیمزای سەرهەنگ ڕەزا زەلتاش بۆ سەرلەشکر وسوق.

٤- وتەی ئەفسەرانی بەرپرس سەبارەت بە سەرنەکەوتنیان لە شەڕ بەدژی بارزانی:

- سەرلەشکر هومایونی سەبارەت بێ توانایی لە پێشگرتنی بارزانییەکان لە چوونیان بۆ باکور.

- وتەی سەرتیپ بێگلەریی سەبارەت بە سەرنەکەوتنیان لە پێشگرتنی بارزانییەکان لە دەربازبوونیان لە دۆڵی قتور.

- وتەی سەرهەنگ فولادوەند لە شکستهێنانیان لە قتور.

- وتەی سەرهەنگ دووەم نەفیسی فەرماندەی گوردانی ئاسن و گوردانەکانی سەرگورد پەرهیزکار و سەرگورد زرەپۆش سەبارەت بە شکستەکانیان.

- وتەکانی سەرتیپ زەنگنە سەبارەت بە سەرنەکەوتنیان لە بەرزاییەکانی سوکار، یومورداش، قزڵداش و شوت.

- وتەکانی سەرهەنگ لەشکریی سەبارەت پێوەندیی گرتن لەگەڵ بارزانییەکان لە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩- ١٩٤٧/٦/١٠

- وتەکانی سەرهەنگ سەردادوەر سەبارەت بە شەڕی شوت لە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩- ١٩٤٧/٦/١٠

- وتەکانی سەرگورد زرەپۆش سەبارەت بە شەڕی قزڵداغ.

- ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و وتەی بریندارەکانی شەڕی شوت. بە ئیمزای سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزن و سەرتیپ وسوق.

چونکە شکانی سوپای ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو سرنجی محەمەدرەزا شای ڕاکێشابوو، ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٢١- ١٩٤٧/٦/٢٢ وەزارەتی جەنگ لە سەرکردایەتی سوپاوە، ئەم نامەیەی خوارەوەی ئاراستەی سپەهبود شابەختی کرد تا لەگەڵ سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزەن و سەرتیپ وسوق کۆمیسیۆنێک پێکبهێنێت و تاوانبارانی شکستەکان دەستنیشان بکات:

وەزارەتی جەنگ

نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا

ژمارە ٢/٢٠٤٣ مێژوو ١٣٢٦/٣/٢١ -١٩٤٧/٦/١٢

بە ئەمری شاهەنشا بە ئیوە ڕادەگەیەنین، هەر وەک ئاگادارن بارزانییەکان ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٦-١٩٤٧/٥/٢٨ خزاونەتە ناو خاکی ئێران و بە ڕاگەیاندنی پەیتا پەیتامان بە لەشکری چوار بۆ ڕاونان و سەرکوتکردنیان، لەشکر تەنیا توانی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩- ١٩٤٧/٦/١٠ توشی سەربزێوەکان بێت. ژمارەی ئەندامانی لەشکر دە بەرامبەری ژمارەی سەربزێوەکان بووە و چەکی هەمەجۆرە و ئوتۆمبیل و شتی تریان پێبووە و بارزانییەکان بەتێکرا پیادە بوون و هیچ چەشنە ئامێر و کەرەسەیەکی گواستنەوەیان پێنەبووە. خاوەنشکۆ شاهەنشا کە بەو کارەساتەی زانی، فەرمووی: (دەبێ لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا کۆتایی بەو مەسەلەیە بهێنرێت.) ویستی بەڕێزیان هەرگیز بەجێنەگەیشت و تەنانەت ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩-١٩٤٧/٦/١٠ سەربزێوەکان لە ناوچەی "شوت" توشی لەشکر بوون و لە تێکهەڵچوونێکدا کە لەشکر ڕایگەیاند، ٣١ کەسی لێکوژراوە و ٣٥ کەسیشی بریندار بووە و بارزانییەکانیش توانیویانە بەرەو باکور درێژە بە ڕێگاکەیان بدەن. چونکە ئەو مەسەلەیە گەلێک گرنگ و سرنجڕاکێشە، شاهەنشا ئەمری فەرموو کە کۆمیسیۆنێک بە سەرۆکایەتی ئێوە و ئەندامەتی سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ

گەرزەن، سەرتیپ وسوق پێکبێت و بچنە ناوچەکە و لەوێ بە وردی لە هەموو ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و ڕوون بکرێتەوە:

١- بۆچی لەشکر لەکاتی خۆیدا فەرمانەکەی بەجێنەگەیاندوە؟

٢- بۆچی کاروانەکان بەو هەموو چەک و کەرەستانەیانەوە، سەرنەکەوتوون؟

٣- کێ لەو عەمەلیاتەدا کەمتەرخەمی کردوە؟

٤- هۆی دوا عەمەلیات چی بووە و کێ کەمتەرخەمیی لە بەڕێوەبردنیدا کردوە؟

ئەو ڕووداوە ئابرو و کەڕامەت و پلە و پایەی سوپای ئێرانی لەلای دراوسێکان و تەنانەت لەلای عەشایری ناوچەکەش دابەزاند و دەریخست سوپای ئێران تا چ ڕادەیەک لاواز و بێدەسەڵاتە. زۆر زوو ئاکامی لێکۆڵینەوەکەتان ڕابگەیەنن تا بە خزمەت شاهەنشا بگات.

سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران

سەرلەشکر ڕەزمئارا. (پاشبەندی ١١)

کۆمیسیۆن لە دوا لێکۆڵینەوەی خۆیدا کە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٢٧- ١٩٤٧/٦/١٨ بە ئیمزای سپەهبود شابەختی، سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزەن و سەرتیپ وسوق ئاراستەی کرد، تاوانی سەرنەکەوتنەکانی سوپاو جاشەکانی خستە سەرشانی فەرماندەکانی بەرەی شەڕ[١].

ئەدهەم عوسمان ئەحمەد بارزانی دەربارەی خەبات و ڕێڕەوی بارزانییەکان بۆ سۆڤیەت لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(مێژووی ئێمە چەواشە دەکرێ و دەبێ کەسانێک هەبن کە ڕاستییەکانی مێژووی ئێمە دەربخەن و ئەو کارە گەورانەی لە مێژوودا ئەنجامدراون بیخەنە بەرچاوی خەڵک. من چوار کوڕم هەیە، ئەگەر ئەو کارانەیان بۆ بگێڕمەوە، دەڵێن ئەوە خورافاتە، چونکە لە**

ڕاستیدا عەقڵ تەحەمولی ئەوانە ناکات کە ئەو کۆمەڵە کارانە بە دەست پێشمەرگە، یان مرۆڤێک کرابن. چۆن مرۆڤ پێی دەکرێ لەنێو سەرماو گەرمادا، لەو چیایانەدا ڕەخت و فیشەک لەخۆی نەکاتەوە و بەبێ خواردن بمێنێتەوە؟ ئایا لە چیای بێداو چۆن سەرکەوتوون؟ چۆن دەکرێ بە بریندار لەسەر شان و بە سەرنێزە جێگەی پێ بکەنەوە و سەرکەون؟

ئەوانە، هەڵگری چۆن بیروباوەڕێک بوون کە ئەو هەمووە ئازارەیان چێشتووە. ئەو زۆڵمەی لە سەرۆک بارزانی کراوە نە ئێوە و نە هیچ کەسێک نەیتوانیوە وەک خۆی بیانخاتە سەر کاغەز، چون دەکرێ بڵێین بارزان و هەموو دنیا؟ چۆن دەبێ بارزانییەکان بتوانن شەڕی حەوت دەوڵەت بکەن؟

کەسێکی نەتەوەیی و کورد پەروەری وەک مەلا مستەفا چۆن توانی کۆمەڵێک کادیر و خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و شۆڕشێکی وا مەزن وەڕێ بخات کە میللەتانی تریش شانازی پێوە بکەن؟ من ئەگەر دەست بەکار بم، وەڵامی دەیان نوسەری خۆمان دەدەمەوە. کاتێک مەلا مستەفا پێی نایە ساحەی خەبات، کوا دەزگای ڕاگەیاندنی بەو گەورەیە هەبوو کە بتوانێ ئەو خەڵکە جۆش بدات، ئەم خەڵکە هان بدات، ئەم خەڵکە فێر بکات، پڕچەک بکات. لە حاڵێکدا مەلا مستەفا خۆی لەلایەن دوژمنەوە لە گەمارۆدا بووە، چۆن توانی شۆڕشێک وەڕێبخات؟)

١- بۆ نوسینی و ئامادە کردنی ئەم بەشە، کەڵکم لە کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کتێبی بیرەوەرییەکانی حەسۆ میرخان، ٦٢ ڕۆژ لەگەڵ بارزانی دا، ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، دانان و ئامادەکردنی سەردار محەمەد و عەبدولڕەحمان هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو، وتوویژی ڕاستەخۆ لەگەڵ کازم مستەفا شانەدەری، سەعید وەلی بەگ، تەیمەز ئاراب، سدیق خەلیل یەحیا، شەریف قورتاس مەلا، مەلا ئیبراهیم بابەکر ئیسماعیل و عەبدولا جرگیس، واتە هەڤاڵانی بارزانی بەشدار لەم ڕووداوانەدا وەرگرتوە.

پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ڕوباری ئاراس

گەیشتنی بارزانییەکان بۆ گوندی هاسون بە واتای کۆتاییهاتنی شەڕ بوو. بارزانییەکان، ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٣ چوون بۆ گوندی "ئاخ گول" لە ڕۆژهەڵاتی ئاگریداغی بچوک و ئاگریداغی مەزن "ئارارات" لەنێو خاکی تورکیا و ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٥ بەدەشتی "قەرەقۆین"دا خۆیان گەیاندە نزیک ڕوباری ئاراس لە سنوری ڕوسیا و ئێران. لەوێش هێزەکانی زەمینی و فڕۆکەکانی سوپای ئێران بە شوێنیانەوە بوون و ئەوانیش خۆیان لەنێو قامیشەڵانێکدا حەشار دا کە لەنزیک ڕوبارەکە بوو.

لەوێ مستەفا بارزانی لەگەڵ دوو بەربەستان ڕووبەڕوو بوو، یەکەمیان بەرینیی و قوڵیی ڕوباری ئاراس و ئەویتریان ڕێگەنەدانی پاسەوانانی سنوریی سۆڤیەت بەچوونی بارزانییەکان بۆ ڕوسیا. لەبەر ئەوە بارزانی ئەم نامەیەی خوارەوەی بە زمانی عەرەبی نوسی و بە میرحاج ئەحمەد تاهیر و پێشمەرگەیەکدا بە ناوی "داود یوحان دەیخنا" ناسراو بە "لاوکۆ" کە پێشتر لە کۆنسولخانەی سۆڤیەت لە ورمێ کاری کردبوو و هەندێک زمانی ڕوسی دەزانی و لە ناوچەی شکاکانەوە لەگەڵ بارزانییەکان کەوتبوو، نارده ئەوبەری ئاراس کە ئیزنی پەڕینەوە لە پاسەوانانی سنوری سۆڤیەت وەرگرن کەچی ئەوان پێیان ڕاگەیاندن ئێمە ناتوانیین ئیزنتان پێبدەین، داواکەتان دەگەیەنین و دەبێ لە مۆسکۆ ئیزنی پەڕینەوەتان پێبدەن:

بۆ جەنەرالیزمی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ستالین ی. ڤ

١- هەروەک دەزانن ئێمە لە عێراق بۆ ڕزگاریی کورد لە دژی دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕین، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا هاتینە ئێران و پەنامان بردە بەر سوپای سۆڤیەتی جێگیربوو لەوێ، ئێمە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بۆ ڕزگاریی گەلانی ئازەربایجان و کورد لە ئێران بەشداریمان کرد.

٢- لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٠، هێزە دیموکراتییەکانی ئێران لەژێر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا خۆیان بەدەستەوەدا، بەڵام ئێمە لە بەربەرەکانی بەردەوام بووین و گەلانی تریش لەگەڵ ئێمەدا بەشداریان کرد. ئەگەر ئاغا و بەگە کوردەکان یارمەتی

دەوڵەتی عێراقیان نەدایە، ئێمە پاشەکشەمان بۆ ئێران نەدەکرد و لە خەباتی خۆمان بەردەوام دەبووین.

٣- لەو ماوەیەدا بە هاوبەندیی کۆنەپەرستانی تورکیا و عێراق ئێمە لە مەترسی لەناوچووندا بووین. ئێمە هێزێکی زۆرمان نەبوو، بەڵام هێشتاش خۆمان لەبەر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا ڕاگرت و زیانێکی گەورەمان لێدان. ئێمە لە سایەی ورەی شۆڕشگێڕانەی خۆمانەوە سەرکەوتین و هێزەکانی خۆمان پاراست. ئێمە ئامانجمان کوردستانی عێراق بوو، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی هەندێ تاقمی کۆنەپەرست ناپاکیمان لەگەڵدا کرا. ئێمە لە عێراق سوپای تورکیامان بینی کە یارمەتی کۆنەپەرستانی عێراقیان دەدا و ئەمە وای کرد کە ئێمە ناچار بین بۆ ماوەیەک واز لە خەبات بهێنین و هێزەکانمان بۆ خەبات لە داهاتوودا بپارێزین.

٤- ئێمە ناچار کراین بێینە سەر سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەت و لە گەمارۆی سوپای ئێران خۆمان ڕزگار کەین، ئەمەش پاش ئەوە بوو کە چووینە ناو خاکی تورکیا و لەوێوە بۆسەر سنوری سۆڤیەت. لە ماوەی ٢٠ ڕۆژی ڕێپێواندا تا سەر ڕوباری ئاراس، ئەم ٢٠ ڕۆژە کۆنەپەرستانی ئێران نیازیان ئەوە بوو لەناومان ببەن، بەڵام پاش شەڕێکی سەخت و خوێناوی گەیشتینە سەر سنوری یەکێتی سۆڤیەت.

٥- لەم وەختەدا پێنج سەد شۆڕشگێری بارزانی لەسەر سنوری یەکێتی سۆڤیەتن، لەناو ئێمەدا بریندار و شەکەت زۆرن. ئێمە وەک هەمو گەلانی دیموکراتخواز پێویستیمان بە ئازادی هەیە، چاوەڕێی یارمەتی لە هاوڕێ ستالین دەکەین. بۆیە هاتینە ناو خاکی سۆڤیەت، دەزانین دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت دیموکراتیترین دەوڵەتی کرێکار و جوتیارە. لەبەر ئەو بارودۆخەی ئێمە تێیکەوتووین، تکایە یارمەتیمان بدەن. هەر بژی هاوڕێ ستالین و هەموو گەلانی یەکێتی سۆڤیەت.

ڕێبەری بزووتنەوەی دیموکرات و شۆڕشگێڕانەی کوردستانی عێراق

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد: مەلا مستەفا بارزانی

پاسەوانەکانی سنور نامەی بارزانییان وەرگرت و بە ژەنەڕاڵ لیتینانت ستاخانۆڤ جێگری وەزیری ناوخۆی سۆڤیەت ڕەوانەی ستالین یان کرد، بەڵام ئیزنیان بە میرحاج و لاوکۆ نەدا کە بگەڕێنەوەو پەیامەکەیان بە بارزانی بگەیەنن. ئەوە لە کاتێکدابوو کە

هەڤاڵانی بارزانی نزیکەی سێ ڕۆژبوو بە برسییەتی مابوونەوە و جگەلە ئاو، شتێکی تریان نەبوو.

ژەنەڕاڵ بارزانی لە لایەک ترسی لە هێرشی سوپا و جاش و فڕۆکەکانی ئێران هەبوو کە لەو هەلومەرجە خراپەدا پەلاماری پێشمەرگەکان بدەن و لەلایەکی تر برسێتی تینی بۆ هێنابوون. لەبەرئەوە، گوێی بۆ فەرمانی ڕوسەکان شل نەکرد و دوای دۆزینەوەی بواریێک بۆ پەڕینەوە، ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٧، یەکەم دەستەی پێشمەرگەکانی کە ١٦٠ کەس بوون، بە سەرۆکایەتی شێخ سلێمان ڕەوانەی ئەوبەری ئاوەکە کرد. بارزانییەکان بەگشتی مەلەوان بوون و ئەو ژمارەیەش کە مەلەیان نەدەزانی، بە هاوکاریی مەلەوانەکان لە ئاراس پەڕینەوە. بارزانی خۆی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٨ لەگەڵ دەستەی دووەم لە ئاراس پەڕییەوە. بەشێک لە پێشمەرگەکان چەک و تەقەمەنییەکانیان بەجێدەهێشت و ژمارەیەکیان کە مەلەیان دەزانی و ترسی خنکانیان لە ئاراسدا نەبوو، بە چەک و تەقەمەنییەوە چوون.

هەواڵی پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ئاراس لە دنیادا دەنگی دایەوە و هەرکام لە ڕادیۆکانی هیندستان و لەندەن، بە حەماسەوە هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە. لەم بارەیەوە جێگری وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت لە دوو نامەی ڕۆژانی ١٨ و ١٩٤٧/٦/١٩یدا بۆ ستالین دەنوسێت:

١٩٤٧/٦/١٨

بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت

هاوڕێ ستالین ی. ڤ

بەپێی ئەو هەواڵانەی بە وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت گەیشتووە، لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی ڕەزائیە "باکور- ڕۆژئاوای گولی ورمێ" لە مانگی مارسی ١٩٤٧دا شەڕ لەنێوان سوپای ئێران و کوردەکانی عێراق "هۆزی بارزان" دەستی پێکردوە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کوردەکان ئامادە نەبوون چەکدابنێن و

گوێڕایەڵی یاسای ئێران بن. کوردەکانی " هۆزی بارزانی" لە ١٩٤٥دا لە عێراقەوە هاتوونەتە ئێران.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٥ یەکەکانی سوپای سنوروانیی ٤١ی نەخجەوان لە ناوچەی باشوری گۆلی "ئاخ گول" لە ئێران لە ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای سەرسنوری ئێران و یەکێتی سۆڤیەت چاویان بە فڕینی فڕۆکەکانی ئێران کەوتووە، یەکێک لەو فڕۆکانەی ئێران بە قوڵایی دوو کیلۆمەتر هاتە ناو خاکی ئێمەوە، هەر لەم ماوەیەشدا چەند بۆمب تەقیوەتەوە. لە سەعات ١٣:٠٠ لە سنوری ئێرانەوە دەستەیەکی چەکدار نزیکەی ٢٠ کەس بەرەو لای ئێمە کەوتبوونە ڕێ و لە سەعات ١٦:٠٠ دوو کەس لەم چەکدارانە هاتنە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت. یەکێک لەوانە بە ناوی میرحاج ئەحمەد تاهیر خۆی بە ئێمە ناساند. ڕایگەیاند سکرتێری تایبەتی سەرکردەی کورد لە "هۆزی بارزان" مەلا مستەفایە و لەلایەن مەلا مستەفاوە نامەیەکی بۆ کۆمیساری سنوروانی یەکێتی سۆڤیەت هێناوە. لە نامە و وتەکانی ڕاگیراواندا وا دیارە کە گروپی مەلا مستەفا پاش ئەوەی لەگەڵ سوپای ئێران توشی تێکهەڵچوون و شەڕ بوون، خێڵە کوردەکانی ئێران پشتیوانییان لێ نەکردون، لە هەمانکاتیشدا پێویستیان بە خواردەمەنی هەبووە، لەبەر ئەوەیە هاتوونەتە سەر سنوری سۆڤیەت- ئێران بەو مەبەستەی بێنە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە.

لە ١٩٤٧/٦/١٦ سەعات ٠٨:٠٠ سەرۆکی ئەو هۆزە مەلا مستەفا لەگەڵ پارێزەرەکانی تایبەتی خۆی کە ژمارەیان ٢٠- ٢٥ کەس دەبوون بە مەبەستی وتووێژ و چاوپێکەوتن لەگەڵ سنوروانانی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بە هاتنیان بۆ ناو خاکی ئێمە، هاتە سەر سنور. وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت دەستوری بە فەرماندەکانی سوپای سنوروانانی ناوچەی ئازەربایجان داوە کەوا پاراستنی سنورەکان بەهێزتر بکەن. هەروەها لەم ناوچەیەدا بەهیچ شێوەیەک هیچ وتووێژێک لەگەڵ کوردەکاندا نەکرێت و ئەگەر هاتوو کوردەکان ویستیان بێنە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە ڕێیان لێبگرن و چەکیان بکەن.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٧ لەلای ئێرانەوە هاتنی هەندێ دەستەی بچووکی مەلا مستەفا بۆنێو خاکی یەکێتی سۆڤیەت دەستی پێکرد، لە هەمانکاتیشدا دەستەکانی سنوروانی

٤١ی نەخجەوان هاتنی دوو دەستە لە سوپای دەوڵەتی ئێرانیان لەنێو خاکی ئێراندا بەدی کردوە کە بۆ دۆزینەوەی دەستە چەکدارەکانی مەلا مستەفا دەگەڕێن.

کاتژمێر ٢٢:٠٠ ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٧، ١٦٠ کورد هاتوونەتە نێو خاکی ئێمە کە ٤٠ تفەنگ، ٦ دەمانچە، ٤ دوربین و ١٦٢٠ فیشەکمان لی سەندن. هاتنی دەستبەسەر گیراوەکان بۆ ناو سنورمان، ئێمە واتێدەگەین بەهۆی مەترسییان لە سوپای ئێران بێت کە بەدوایان کەوتوون. ئەمانە ڕایانگەیاند کە مەلا مستەفا بە چەکدارەکانیەوە نزیکەی ٣٠٠ کەس دەبن و لەسەر ڕۆخی ڕوباری ئاراس لەناو خاکی ئێران لەسەر سنوری سۆڤیەت- ئێرانن. کوردە هاتووەکان دەگوازرێنەوە بۆ پشت سنور و لەلایەن سنوروانانەوە پارێزگارییان لێ دەکرێت. لەلای یەکێک لەو ڕاگیراوانە بەناوی میرحاج ئەحمەد حاجی تاهیر نامەیەک دۆزراوەتەوە کە بە زمانی عەرەبییە و وەرگێڕاوەکەی پێشکەش دەکرێت.

ژەنەڕاڵ لیتینانت ستاخانۆڤ

١٩٤٧ /٦/١٨ (پاشبەندی ١٢)

دوای پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ئاراس، پاسەوانانی سنور، بارزانییەکانیان لە دەشتێکی تێلبەندکراو لە نزیک نەخجەوان کۆکردەوە. ژەنەڕاڵ "مالتسۆڤ" فەرماندەی سوپای سنوروانانی ناوچەی ئازەربایجان چاوی بە مستەفا بارزانی کەوت و ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوەیان دەربارەی بارزانییەکان نووسی:

١٩٤٧/٦/١٩

بۆ هاوڕێ ستالین ی- ڤ، بۆ هاوڕێ مۆلۆتۆڤ ڤ- م، بۆ هاوڕێ بیریال– پ

لە پێوەندیی لەگەڵ ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٤٧/٦/١٨، سەبارەت بە دەستەکانی کوردی عێراق، ڕادەگەیەنم: لە کۆتایی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٨ دەستەکانی کورد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی کە ژمارەیان ٤٩٩ کەسە هاتوونەتە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت و ئەم چەک و تەقەمەنییانەیان لێ سەندرا: تفەنگ ٣٠٣ دانە، تەماتیک ٥ دانە، دەمانچە ٥٥ دانە، نارنجۆک ٥٤، دوربین ١١٣ دانە و فیشەک ١٣٠٠٠ دانە.

کوردە ڕاکردوەکان نێردران بۆ شاری نەجخەوان و لەژێر پاراستنی سنوروانانن، بەپێی ڕاگەیاندنی مستەفا بارزانی لەبەر زەحمەتی پەڕینەوە لە ڕوبای ئاراس بەچەک و تەقەمەنییەوە، ناچار بوون ٣٠٠ تفەنگ و ١٠٠ دەمانچە و ١٥٠ نارنجۆک و هەندێک تەقەمەنی تر لەناو قامیشەکانی ڕۆخی ئاراس لە ناو خاکی ئێران بەجێ بهێڵن. سنوروانان ڕایانگەیاند کەوا ئەم چەک و تەقەمەنییە لەلایەن سوپای ئێران دۆزراونەتەوە و دەستیان بەسەردا گیراوە. بە دەستوری ئێمە فەرماندەی سوپای سنوروانی ناوچەی ئازەربایجان ژەنەڕاڵ مایۆر هاوڕێ مالتسۆڤ لەگەڵ مستەفا بارزانیدا قسەی کردوە، بارزانی گوتویەتی: (ئێمە لە بزووتنەوەی دیموکراتی لە ئازەربایجانی ئێران چالاکانە دژی کۆنەپەرستان خەباتمان کردوە و ئەم خەباتەش تا ئەم ڕۆژانەی دوایی هەر بەردەوام بووە. لەبەر ئەوەی بۆ لەناو بردنی خەباتکارانی ئێمە، ئێران سوپایەکی زۆری بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی بەکارهێناوە، ئێمە بڕیارماندا لە پێناو پاراستنی دەستەکانی خۆماندا بێینە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە.) هەروەها مستەفا بارزانی ڕایگەیاند: **(ئەو و هەموو هەڤاڵانی وازیان لە کشتوکاڵ هێناوە و هۆگری شەڕی چەکداریی بوون و ئێستا ئامادەی هەر شێوە دەستوورێکی یەکێتی سۆڤیەتن بۆ خەبات لە دژی کۆنەپەرستانی ئێران.)**

ئێمە دەستوورمان پێدراوە بە وردی ئاگامان لە مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بێت.

جێگری وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت: سیرۆڤ (پاشبەندی ١٣)

ڕۆژێک دوای پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ئاراس و دڵنیابوونی ڕژێمی عێراق لە نەگەڕانەوەیان بۆ باشوری کوردستان، عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی و خەیروڵا عەبدولکەریم، چوار ئەفسەرەکەی کۆماری کوردستانی لە سێدارەدا. هەروەها بە فەرمانی ئینگلیزەکان شێخ ئەحمەدی بارزان و برا و کوڕەکانی و برازاکانیان گواستەوە بۆ بەندیخانەی بەسرە و بڕیاری دادگای عورفیی لە سێدارەدانیان پێڕاگەیاند کە ساڵی ١٩٤٥ پەسەندیان کردبوو. جگەلەوە هەموو بارزانییە نێرینەکانیان کە تەمەنیان گەیشتبووە هەژدە ساڵ لە موسڵ و کەرکوک زیندانی کرد. خێزانی شێخ ئەحمەد و خزمەکانی دوورخرانەوە بۆ کەربەلا و خێزانی بارزانییەکانیشیان دابەشکرد بەسەر پارێزگاکانی هەولێر و موسڵ و کەرکوکدا

و چونکە ژنەکانیان بێ مێرد مابوونەوە، ناچاربوون خۆیان کار بکەن و منداڵەکانیان بەخێو بکەن.

شێخ ئەحمەد هەتا شۆڕشی چواردەی تەموز کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم لە زیندانی بەسرەدا ڕاگیرا. نوری سەعید باوەڕپێکراوی خۆی لێ ڕاسپارد، تا نامەیەکی پاڕانەوە بۆ "وەسی عەبدولئیلا" بنوسێ و پەشیمانیی و دڵسۆزیی خۆی بۆ حکومەتی بەغدا ڕابگەیەنێ و بەڵێن بدات خۆی و ئەندامانی هۆزەکەی دڵسۆز بن، تا لێبوردنی گشتییان بۆ دەربچێت، بەڵام ئەم وتەیەی شێخ ئەحمەد لەنێو هەموو سیاسییەکانی ئەوکاتەدا ڕوونە کە دەڵێت: **(دەزانم بڕیاری خنکاندنم دراوە. ئامادەم بەرەوپیری مەرگ بچم و لە کردەکانی پێشوی خۆم پەشیمان نیم و بە ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانییان دەزانم و بەخۆم ڕەوا نابینم داوای لێبوردن لە بەکرێگیراوێکی ئینگلیز بکەم و داوای لێبوردن لە خودا نەبێ لە کەس ناکەم[1].)**

دەربارەی بڵاوەپێکردنی بارزانییەکان لە پارێزگای هەولێر، ممتاز حەیدەری کە ڕۆڵی هەبوو لە پێکهێنانی کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی یادی لەدایکبوونی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر و ١٠٠ ساڵەی یادکردنەوەیدا، لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(بە منداڵی بە بنەماڵە لە گەڕەکی عەرەبانی هەولێر بووم، لەبیرمە لە کۆتایی چلەکان، لە پشت تەکیەی شێخ محیەدین لە هەولێر تێلبەندێکی گەورە کرابوو، کۆمەڵێک ژن و منداڵیان لەو تێلبەندە کردبوو. خوشکە گەورەکانم گوتیان ئەوە بارزانییەکانن کە حکومەت ئاوارەی کردون و لێرەی کۆکردونەتەوە تا بۆ جێیەکی تریان بەرێت، من لەو ڕۆژەوە چوو لە ناخمەوە کە کۆمەڵە خەڵکانێک زوڵمیان لێدەکرێ. بۆمن گرنگ نەبوو کە بارزانیین یان بارزانی نیین، بەڵام تێگەیشتم کۆمەڵە خەڵکانێک زوڵمیان لێدەکرێ و چونکە خێزانەکەمان خێزانێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر بوو، و برایەکم لەو مەیدانەدا بوو، هەستم بە زوڵمێک کرد، بەڵام بە دروستی سەرنجم بەو بنەماڵەیە نەدا کە لەژێر زوڵمەکەدا بوون. تا ساڵی ٥١ یان ٥٢ کە ساڵحی برام لە بەندیخانە ئازاد بوو. لە خۆشناوەتییەوە، خەڵک ترێ و سێویان دەهێنا و بە گەنم و جۆ دەیانگۆڕییەوە. ڕۆژێک گەنجێکی ئەسمەری باڵا مامناوەندی هات کە دواتر زانیمان ناوی محەمەد یونس و خەڵکی هەندڵانە. ئەو ترێی پێبوو، شێوە زاری لەگەڵ شێوە زاری خەڵکی**

خۆشناوەتی جیاواز بوو. کاک ساڵحی برام لێپرسی، ئەویش گوتی بارزانیم و لە گوندی "کێشکێ"وە هاتوم. کێشکێ لە ناوچەی بارزان هەڵکەوتووە. کاک ساڵح کە ناوی بارزانیی بیست، شەرحی بنەماڵەی بارزانی بۆ ئێمە کرد و گوتی ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکن کە مەیلی ئیشتراکییان هەیە و ئێمانیان بە عەرز و زەوی نیە و سەرۆکەکەیان دەربەدەرە و لە سۆڤیەتە.)

چوار ڕۆژ دوای پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ئاراس و شکستهێنانی سوپای ئێران بۆ گرتن و لەنێو بردنیان، ئەم جارەیان کاربەدەستانی ئێران پەنایان بۆ کاری بەناو دیپلۆماسی برد کە بەڵکوو بەم ڕێیەدا بتوانن یەکێتی سۆڤیەت ڕازی بکەن کە بارزانییەکان بدەنەوە دەست ئێران. لەم بارەیەوە سەروان "باقرزادە" فەرماندەی سنوردارانی ئێران لە ناوچەی جوڵفا بەم نامەیەی خوارەوە، داوا لە کاربەدەستانی سۆڤیەت دەکات کە بارزانییەکان بدەنەوە دەست ئێران. "کرۆکلۆڤ. س" وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت، ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٢٤ کۆپی نامەی باقرزادەی ڕەوانەی ستالین، مۆلۆتۆڤ و بێریا- پ کرد و نوسی:

١٩٤٧/٦/٢٤

بۆ هاوڕێ ستالین ی- ڤ، بۆ هاوڕێ مۆلۆتۆڤ ڤ- م، بۆ هاوڕێ بیریال پ.

لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١٩ لە بارەی هاتنی دەستەکانی کورد لە ئێرانەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت ڕادەگەیەنم: ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٢٣ لەلایەن کۆمیسێری سنوروانی ناوچەی جوڵفاوە "پادپالکونیک" سەروان "عەقید" باقرزادەوە نامەیەکمان پێگەیشتوە کە دەوڵەتی ئێران داوای گەڕاندنەوەی کوردە ڕاگیراوەکان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئێران دەکات.

تێبینی: وەرگێڕاوی نامەی کۆمیسێری سنوروانیی ئێران پێشکەش دەکرێت وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت کرۆگلۆڤ.

بەڕێز کۆمیسێری سنوروان

بە شانازییەوە ڕادەگەیەنم کە مەلا مستەفا بە ئەندامانی هۆزەکەیەوە "بارزان" نزیکەی ٢٠ ڕۆژ لەمەوبەر دیسانەوە سنوری تورکیایان بڕیوە و هاتوونەتە نێو خاکی ئێران، سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی ئێران هەموو

هەنگاوێکی بۆ دەستگیرکردنی ئەمانە هەڵگرتووە، بەڵام بێسوود بووە و ئەوانە گوندەکانیان تاڵان کردوە.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٢٠ لەژێر پاڵەپەستۆی سوپای ئێران، بارزانییەکان کە ژمارەیان زیاتر لە ٤٠٠ کەسە، تەواوی چەکەکانیان لە ناوچەی "سرانج" لەناو خاکی ئێمە بەجێهێشتوە و پاشان هاتوونەتە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت و خۆیان داوەتە دەست کاربەدەستانی ئێوە.

بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی دۆستانەمان تێکنەچێت، داوای گەڕاندنەوەی ئەو چوارسەد کەسە ڕێگر و چەتانەتان لێ دەکەین.

لەگەڵ ڕێز بۆ ئێوە

کۆمیسێری سنووروانی ناوچەی جوڵفا

سەروان باقرزادە (پاشبەندی ١٤)

١- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ٢٤٨.

بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت دا

دوای پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ڕوباری ئاراس، ناوی ئاراس لەنێو کوردانی خەباتکار و دڵسۆز بە ڕێبازی مستەفا بارزانی و کوردایەتیدا بوو بە ناوێکی دیار و خۆشەویست و چەندان هەڵبەست و شیعری بەسەدا گوترا. هەزاران بنەماڵە بە شانازییەوە ناوی "ئاراس"یان بۆ کوڕەکانیان هەڵبژارد، هەروەک چۆن ناوی گوندی بارزان بە مستەفا بارزانیی و بارزانییەکانەوە بوو بە ناوێکی شیاو بۆ کوڕانی کورد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا.

ژمارەی بارزانییەکان کە لە ئاراس پەڕینەوە ٤٩٩ کەس بوون کە لە دەشتێکی تێلبەندکراودا لەنزیک شاری نەخجەوان لە کۆماری ئەرمەنستان بۆ ماوەی ٤٢ ڕۆژ لە قەرەنتینەدا ڕایانگرتن، لەم بارەیەوە جێگری وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت، ی. سیرۆڤ لە نامەی ژمارە ١/١٤٥٨٢ N بە مێژووی ١٩٤٧/٥/٩، مۆلۆتۆڤ جێگری سەرۆکوەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێ مۆلۆتۆڤ ڤ.م دەنوسێت:

بۆ جێگری سەرۆکوەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێ مۆلۆتۆڤ ڤ.م

ژمارە ١/١٤٥٨٢ N مێژوو ١٩٤٧/٧/٩

دوا بە دوای ڕاگەیاندنی نامەی ژمارە ١/١٣٨٣٩ – ١٩٤٧/٧/٨، زانیاری ترتان بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکەین، ئەویش ئەوەیە بەپێی ئەو هەواڵەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئازەربایجانی یەکێتی سۆڤیەت، هاوڕێ یەعقوبۆڤ پێمان گەیشتووە، ژمارەی تەواوی بارزانییە هاتووەکان دیاریکراوە، بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی ئازەربایجانی یەکێتی سۆڤیەتدا ناوبراوان لە کۆڵخۆزەکانی ناوچەی کۆماری ئازەربایجان جێگیرکراون، زۆربەیان بۆ ناوچە کوردنیشینەکانی ئازەربایجان نێردراون و بەباشی پێشوازییان لێکراوە و لە باری ژیان و جێگە و کارەوە یارمەتیان دراوە. لە کۆڵخۆزەکانی ناوچەی لاچین ١٥٠ کەسیان جێگیر و لەسەر کار دامەزراون. لە کەلباجار ١٠٠ کەس، لە ناوچەی ئەقدەم ١٤٧ و لە ناوچەی ئاگجبەدین ٩٧ کەس، مەلا مستەفا لەگەڵ چوار کەس لە خزم و هاوڕێ نزیکەکانی لە شاری شوش جێگیرکراون. بەپێی دەستووری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی

کۆمونیستی "بولشویک"ی ئازەربایجان هاوڕێ باقرۆڤ، لە دەوروبەری ناوچەی باکۆ جێ بۆ مەلا مستەفا و خزمەکانی ئامادە دەکرێت.

جێگری وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت ی. سیرۆڤ(پاشبەندی ١٥)

هەروەکوو گوتم بارزانییەکان بۆ ماوەی ٤٢ ڕۆژ لەلایەن دوکتۆرەکانەوە پشکنینیان بۆ کرا. لەگەڵ ئەوەشدا وەک پەناهێنەرێک لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کردن و زانیاریی ئەمنییەتیان لێوەرگرتن. چونکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژان جگەلە خواردنەوەی ئاو، شتێکیتریان نەخواردبوو، لە دانی خۆراکی قورس پێیان خۆیان پاراست و تا چەند ڕۆژ، تەنیا خواردنی ئاوەکیان دانێ تا ڕیخۆڵەکانیان بکرێتەوە. دوای ئەوەش خواردنێکیان دەدانێ کە پێی تێر نەدەبوون.

بارزانی بۆ ماوەیەک لە هەڤاڵانی دووربوو، و ئەوان نەیاندەزانی چیان بەسەر هێناوە تا ڕۆژی ١٩٤٧/٧/٣ کە ئەفسەرێکی ڕوس هات و میرحاج ئەحمەدی لەگەڵ خۆی برد. لە ڕاستیدا لێپێچینەوە لەگەڵ میرحاج پێویستییەکی زیاتری دەویست. لە ڕۆژی سێیەمدا ڕێگەیان پێدابوو کە چاوی بە ژەنەڕاڵ بارزانی بکەوێت و لە گەڕانەوەیدا بۆ لای هەڤاڵانی ئەم نهێنییەی ئاشکرا کرد و ئەوانیش پێی شاد بوون.

دوای لێپێچینەوە لە ژەنەڕاڵ بارزانی و هەڤاڵانی، ڕۆژی ١٩٤٧/٧/١٢ چەند ئەفسەری ڕوس، بارزانییان لەگەڵ خۆیان هێنایە لای هەڤاڵانی و خۆی لە نزیکەوە چاوی بە هەڤاڵانی کەوت و ئیتر لەو ڕۆژەوە خواردن و خۆراکی بارزانییەکانیان باشتر کرد.

دوای ٤٢ ڕۆژ پشکنین، بارزانییەکانیان گواستەوە بۆ کۆماری ئازەربایجان و لە شارەکانی "ئاخدەم، لاچین و ئاخبلاخ" و مەلا مستەفا، شێخ سلێمان، عەلی محەمەد سدیق و سەعید مەلا عەبدوڵا و زیاب دڕییان برد بۆ شاری "شوش" و ڕۆژی ١٩٤٧/٩/٢٩، بارزانییان گواستەوە بۆ باکۆ و سەرلەنوێ بۆ پێڕاگەیشتن بە کێشەی پەناهێنانیان بۆ ڕوسیا چەند وتوویژیان لەگەڵ کرد.

پێڕانەگەیشتن بەکێشەی بارزانییەکان لە ئازەربایجان، بارزانییەکانی نیگەران کردبوو. لەبەر ئەوە ڕۆژی ١٩٤٧/١١/١٥، ژەنەڕاڵ بارزانی لە شاری باکۆ ئەم نامەیەی

خوارەوەی ئاراستەی باقرۆڤ سکرتێری حیزبی کۆمونیست و سەرکۆماری ئازەربایجان کرد:

بۆ سکرتێری پارتی کۆمونیست "بولشویک"ی ئازەربایجان و ڕێبەری گەلانی ڕۆژهەڵات: هاوڕێ باقرۆڤ

بۆ من جێی شانازییەکی گەورەیە، بۆ یەکەم جار بە مرۆڤێکی ڕێزداری وەک ئێوە ناسێندرام، گەلانی ڕۆژهەڵات ساڵانی دور و درێژە لەژێر زوڵم و چەوساندنەوەدا دەناڵێنن، یەکێک لەو گەلانەی ڕۆژهەڵات گەلی کوردە، ئەم گەلە لەلایەن دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و هەروەها لە سیاسەتی چەوساندنەوەی ئینگلیز و ئەمریکا کوێرەوەریی زۆری چێشتووە. لەوکاتەوە کە گەلی کورد بە ئاگاداریی ئێوە سەرفراز بووە و لە ئێوە نزیک بۆتەوە، تێگەیشتووە کە ئازادی و سەربەخۆیی لە گرەوی یەکخستنی هێزەکانیدایە. هەر بۆیە ئێمە کوردە دیموکراتەکان، ئەفسەر و خەباتکاران، پەنامان هێناوە بەر پشتگیریی ئێوە و چاوەڕێی دەهەندەیی بەڕێزتانمان کرد. دەوڵەتی کۆنەپەرستی عێراق بە پشتیوانیی چەوسێنەرانی ئینگلیز و ئەمریکا، هێزە چەکدارەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی ئەو کۆمارە کوردییە نارده کوردستان، ئەوە بوو دەوڵەتە دیموکراتییەکەی کوردیان لەناوبرد و سوپای شا خاکی کوردستانی داگیرکرد. دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بەشێکی زۆری لە خاکی کوردستان داگیر کردوە و کردویەتە تاریکستانێک کە کوردەکان لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و دژواردا بژین. هاوکاتیش هەزاران کوردی دیموکرات و ئازادیخواز گیراون و لە زیندانەکانی ئێراندان.

لە سەرەتادا وادەرکەوت هیچ هێزێک نییە بتوانێت چارەنوسی گەلی کورد بگۆڕێت و لە ناخۆشیی ڕزگاری بکات، بەڵام یەکگرتنی گەلی کورد لەژێر ئاڵای دیموکراتییەت و هیوای بە مامۆستای گەورە سەرۆک ستالین، هەموو شێوە تەگەرە و کۆسپێکی لەسەر ڕێگەی بزووتنەوەکەی ئێمە لابرد.

ئاگاداری باوک و ڕێبەری گەلانی ڕۆژهەڵات هاوڕێ باقرۆڤ لە ئاستی ئێمەدا هیوایەکی مەزنی بە گەلی کورد بەخشی. ڕۆژانی کۆنەپەرستان و زۆرداران و چەوسێنەران خەریکی بەسەرچوونن و چاوەڕێی ڕۆژانی دوایی تەمەنی خۆیان

دەکەن. هۆزی بارزان کە من سەرکردەیانم یەکێکە لە گەورەترین هۆزەکانی کوردستان. خەباتی هۆزی بارزان بۆ ڕزگارییان، هەروەها بزووتنەوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٤ کە سەرکردەکەیان خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولسەلامی برام بوو. شێخ عەبدولسەلام لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی تورکدا ڕێکخراوێکی نهێنی لە شاری ئەستەمبوڵ پێکهێنا و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد خەباتی کرد.

لە سایەی چالاکیی ئەم ڕێکخراوە و بەشداریی هۆزەکانی تری کورد لە ساڵی ١٩٠٤ لە عێراق بزووتنەوەی ڕزگاریخواز دەستی پێکرد. ئەم بزووتنەوەیە تا ساڵی ١٩١٤بەردەوام بوو و هەر لەو ساڵەش واتە لە سەردەمی سوڵتان ڕەشاد خەباتێکی توندوتیژی لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەڕێوەبرد. بزووتنەوەکە ئەو ئەنجامە پێویستەی بەدواوە نەبوو و بە تێکشکانی ئیمە کۆتایی پێهات. برای من لە لایەن جەلادانی تورکەوە گیرا و لە شاری موسڵ لەدار درا و ئیمەش لەگەڵ بنەماڵەکەمان پەنامان بۆ ئێران برد. دوای ئەمە شێخ ئەحمەدی برام بوو بە سەرکردەی هۆزی بارزان و لە ساڵی ١٩٢٠ەوە خەباتی بێوچانی گەلی کورد لە کوردستان دژی سیاسەتی زۆردار و چەوسێنەری ئینگلیز بەردەوامە.

لەنێوان ساڵانی ١٩١٢– ١٩٤٥دا خەباتی گەلی کورد دژی دەوڵەتی عێراق کە ئەو ڕژێمە لەلایەن دەوڵەتی ئینگلیزەوە پشتیوانیی لێدەکرا، بەردەوام بوو. لە ١٩٤٥ لەژێر پاڵەپەستۆی دوژمندا ئیمە ناچاربووین لەگەڵ بنەماڵە و هۆزەکەمان پەنا بۆ ئێران بەرین، لێرە واتە لە کوردستانی ئێران لەبەر تیشکی ئەستێرەی سور، ژیانی ئیمە ڕووناکیی گرتەخۆ. لەم کاتەوە ئیمە لە ڕێکخستنی دەوڵەتی دیموکراتی کوردستان بەشداریمان کرد و لەگەڵ براکانی ئازەربایجانمان لە ناوچەی ڕەزائیە و شوێنەکانی تر دژی سوپای ئێران شەڕمان کرد و هەزاران جەنگاوەری بارزانی لە سنورەکانی ئازەربایجان و کوردستانی ئازاد پارێزگارییان کرد. جگە لەمە دوژمنمان لە ناوچەی سەقز و سەردەشت و ناوچە شاخاوییەکانی تر تێکشکاند. خەباتی قارەمانانەی ئازادیخوازانی ئازەربایجان و کورد، ئازادی و بەهێز کردنی دیموکراتییەتی لە ئازەربایجان و کوردستان بەدەستهێنا.

هۆزی ئێمە لە پەنجا هەزار کەس پێکهاتووە، دەرەبەگ لەناو ئێمەدا نییە، هەرکام لە ئێمە زەوی و ئاژەڵ و مەڕومالاتی خۆی هەیە. لە ١٩١٤دا شێخ عەبدولسەلامی برام بە یەکسانی و وەک یەک زەوی لەنێوان جوتیاراندا بەشکرد و ئەو دابەشکردنەش تا ئێستا لە گوندەکاندا کە ژمارەیان دەگاتە ٤٠٠ گوند، هەروەک خۆی ماوەتەوە. بەم شێوەیە کێشەی زەوی لە گوندەکانی ناوچەی بارزان لەناو هۆزەکەماندا چارەسەر کراوە و هەموو کەس لەسەر ماڵ و موڵکی خۆیدا سەربەخۆیە. ئیتر لەمەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان جوتیاران و موڵکداراندا چارەسەر کرا.

لەناو هۆزی ئێمەدا مەبەستی سەرەکیمان گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆییە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە زۆرجار ڕاپەڕیوین. ئەم ئەرکە پیرۆزەمان لەلا پێویست بووە و ئەرکی سەرەکیشمان هەر ئەمە بووە و لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمە بە پێویستمان زانی چارەنوسی خۆمان بە یەکێتی سۆڤیەتەوە گرێ بدەین و وەک دەسەڵاتێک کە پاڵپشتی ئازادی و هیوای گەلانە. ئەم پێوەندییە لە مانگی مارسی ١٩٤٤دا پێکهات، ئەوکاتە ڕێخکراوی "بەرەی ڕزگاری" لەناو بارزانییەکاندا چالاکیی هەبوو. لەو ساوە من لەگەڵ نوێنەرانی سوپایی و سیاسیی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتدا پێوەندیم هەیە. دوای ١٩٤٦/١٢/١١ واتە پاش داگیرکردنی خاکی کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن سوپای ئێرانەوە، بارودۆخ گۆڕاوە. پێوەندییەکانی دوولایەنە لەنێوان فەرمانبەرانی سیاسی یەکێتی سۆڤیەت و من بەگوێرەی ئەو هەست و کردەوانە نەبووە کە ساڵانی ساڵ من بە پاکی نیشانم داوە

بێگومان فەرمانبەرانی سیاسیی سۆڤیەت پێشبینی گەشەکردنی بارودۆخ و ڕووداوەکانیان لە کوردستان و ئازەربایجان کردبوو، سەرەتای دەستپێکردنی ڕووداوەکان بارودۆخی بارزانییەکان لەچاو ئەوانی تر خراپ بوو. یەکەم: بارزانییەکان لە وڵاتێکی تر پەنابەری ئێران ببوون. دووەم: پیاوەکان لە بەرەی پێشەوەی شەڕدا بوون و شەڕیان دەکرد و ژن و منداڵەکانیان بەجێهێشتبوو، خێزانەکانیان بێ سەرپەرشت مابوونەوە.

پێویست بوو پێش دەستپێکی سەرەتای ڕووداوەکان فەرمانبەرانی سۆڤیەت ئێمەیان ئاگادار بکردایەوە، تا ئێمە خۆمان ئامادە کردبایە و هێزەکانمان ئاوا لەیەک

دانەبڕایەن و لە چیاکان نەکوژرایەن. سەرەڕای ئەمەش ئێمە بۆ ماوەی پێنج مانگ بەرامبەر بە سوپای ئێران ڕاوەستاین. ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١١ بەهۆی بارودۆخی سیاسیی، سوپای ئازەربایجان ناچاربوو پاشەکشە بکات و دەوڵەتی کوردستانیش چەکدابنێت، بەڵام ئێمە واتە هۆزی بارزان بەرامبەر دوژمن خۆبەدەستەوەدانمان پەسەند نەکرد. بەناوی "بەرەی ئازادکەری کوردستان" خەباتی خۆمان ڕێکخست و لە ماوەی شەش مانگدا بەرامبەر بە دوژمن و داگیرکەران لە ئێران ڕاوەستاین. دوای شەڕێکی سەخت و دژوار بە مەبەستی ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی پارتیزانی بەرەو عێراق ڕۆیشتین و لە عێراق بۆ ماوەی مانگێک ژیانێکی پارتیزانیمان بردەسەر، پاشان بەرەو سنوری ئێران و عێراق ڕێگەمان گرتەبەر، ئەویش لە کاتێکدا بوو کە هێزەکانی سوپای هەردوو دەوڵەت بەمەبەستی لەناوبردنی ئێمە هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕێگەمان لێ بگرن و هەمیشەش بە دوامانەوە بوون. خەباتی ڕزگاریخوازیی ئێمە لە ڕابردوودا بۆ هاوسێکانمان ڕوون و ئاشکرایە. سەرەڕای دەسەڵاتداریەتیی تەواوی کۆنەپەرستان لە ناوچەکەدا، چاپەمەنییە چەپەکان و هەروەها ئۆڕکانی پارتە دیموکراتییەکان لەسەر خەباتی ئێمەیان دەنوسی و لەناو گەلاندا بڵاویان دەکردەوە، لەوانە گۆڤاری "هۆز و گەلانی عێراق"، "س- البیروتی"، گۆڤاری میسری "الاهرام" و هەروەها ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆڕگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گۆڤاری "نیشتمان" کە لە مهاباد دەردەچوون و هەروەها ڕۆژنامەی کۆمونیستی کوردی عێراق "ڕزگاری"، هەروەها ئۆڕگانی پارتە سەربەخۆییەکان و کتێبی "نضال الاکراد" و هتد، هەموویان لەسەر خەباتی ئێمەیان نوسیوە.

لە بارەی خەباتی ئێمە تەواوی ئیزگە و ڕادیۆ بەناوبانگەکان هەموو دنیایان ئاگادار کردەوە، دەنگی کەوتنی بۆمبەکان لەلایەن فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئێرانەوە، لە ناوچەی ڕەزائیە کە دژی ئێمەیان بەکار هێنا، لەناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتدا بیستراوە، بەڵام ئێمە هەستی بەرامبەرەتیمان لە لایەن دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتەوە نەدیوە. نە ئیزگەکانی ڕادیۆی ئازەربایجان و نە مۆسکۆ وشەیەکیان لەسەر بزووتنەوە و خەباتی ئێمە بڵاونەکردەوە، لە لاپەڕەی چاپەمەنییەکانی سۆڤیەتیش بەگوێرەی پێویست بایەخی شایانیان پێنەداوین. کەسێکیش لەلایەن دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتەوە نەهات بۆ لامان و

دڵنەوایی نەکردین و ڕێگەیان پێنیشان نەداین. ئەگەر سیاسەت دەرفەتی ئەوەی نەداوە لەسەرمان بدوێن، بەچەک یارمەتیمان بدەن، یاخۆ یارمەتییەکی ترمان بدەن. نەدەبوو هەر بەتەوای فەرامۆشمان بکەن و بماندەنە دەست چارەنوس و وێڵمان بکەن. کاتێک ئێمە بەو ئەنجامە گەیشتین کە بزووتنەوەی پارتیزانیمان بێسوودە، بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی هەمانبوو لە دەستیان نەدەین، بڕیارماندا خاکی سۆڤیەت بکەین بە پەناگەی خۆمان، ئێمە بە پشت بەستن بە باوەڕ و وەفاداریی خۆمان، دلێرانە و بە گیانبەختکەری توانیمان ڕیز و سەنگەرەکانی سوپای تورکیا و ئێران و عێراق کە بەمەبەستی لەناوبردنی ئێمە بەرەو سنوری ئێران و سۆڤیەت نێردرابوونە سەر ڕێگەمان، تێکبشکێنین. کە گەیشتینە سەرسنوری سۆڤیەت و کاتێک ویستمان بێینە ناوخاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە کاربەدەستانی سۆڤیەت یارمەتیان نەداین و ئەو جێگەیەیان پێنیشان نەداین کەوا دەکرێ لە ڕوبارەکە بپەڕینەوە. ئێمەیان لەسەر ڕۆخی ڕوبار ڕاگرت، ئێمەش بۆ ئەوەی خۆمان ڕزگار بکەین ناچاربووین زۆربەی چەک و تەقەمەنییەکانمان بۆ دوژمن لەوبەری ڕوبارەکە بەجێبهێڵین و بەم شێوەیە باری خۆمان سووک کرد و لە ڕوبارەکە بۆ ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت پەڕینەوە.

بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ منیان بەجیا و دوور لە هاوڕێکانم ڕاگرت، من لە ژورێک دەژیام لە زیندان دەچوو. من ئەم کردەوەم شایانی خۆم نەزانیبوو و لە یەکێتی سۆڤیەتم چاوەڕێ نەدەکرد. ئەگەرچی بێدەنگ بووم، بەڵام بەهاتنم بۆ شاری شوش ئەم کردەوە دووپات کرایەوە. باری ژیانی هاوڕێکانم لەهی من باشتر نەبوو و تا ئێستا هیچ بارودۆخێکیان بۆ نەڕەخساوە و لە کەڵخۆزەکان دەژین و کاری بەردکاری و قوڕکاری دەکەن. ئەم گوزەرانەی ئێستەی ئەوان لەگەڵ ژیان و کار و کردەوەیان لە ڕابردوودا ناگونجێت. ئەوان وەک کەڵخۆزەکان بە کولتوری سۆڤیەت ڕانەهاتوون و ناتوانن وەک ئەوان کار بکەن. زۆربەیان تا ئێستە جلوبەرگیان پێنەدراوە و هەندێکیان لە شوێنی وا دەژین، ناکرێت ئاژەڵیشیان تێدا ڕابگیردرێت. ئەم مرۆڤانە نوێنەری گەلی کوردن، ئەوان لە پێناوی خەبات بۆ دیموکراتییەت و ئازادیی خاک و خێزاندا، ئەوەی هەیان بووە لە دەستیان داوە و بۆ خۆئامادەکردن بۆ خەباتێکی سەرلەنوێ پەنایان هێناوەتە بەر خاکی سۆڤیەت. ئەم مرۆڤانە کە هاتوونەتە یەکێتی سۆڤیەت، نە بۆ

بازرگانی و نە بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی هاتوون، ئەم مرۆڤانە لەناو جەرگەی گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون، وەک نوێنەرانی گەلی کورد پشت بە یەکێتی سۆڤیەت دەبەستن. ئێوە وەک دۆستی بەنرخ و نزیکی گەلانی ڕۆژهەڵات دەبێ لە هەموو خەم و پێویستییەکان و کاروباریان ئاگاداربن. بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ئاگادارتان بکەمەوە لە بارودۆخی بارزانییە پەناهێنەرەکان و پێداویست و خواستەکانیان بە ئێوە بگەیەنم.

یەکەم داخوازیی من ئەوەیە چاوم پێتان بکەوێ، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کەوا کاتی ئێوە زۆر گرانە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە هەندێک لەکاتی ئێوە بگرین و بۆخۆم ئەو پرسە گرنگانەتان پێڕابگەیەنم، ئێمە لەو باوەڕەداین ئەوەی پێوەندی بە ژیانی مادییەوە هەیە جێبەجێ دەکرێن و هەروەها ئەو بارودۆخانەش کە بەم شتانەوە بەستراون دەگۆڕێن. لە باری سیاسیشەوە، هەروەک لە ئەنجامدا و هەموو دەم و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەمینەی نوێ بۆ سەرکەوتنی دیموکراتییەت دەڕەخسێت، ئێمە چاوەڕێی ئەوکاتە دەکەین کەی بە یارمەتیی یەکێتی سۆڤیەت و هێزە دیموکراتییەکانی گەلان، دەگەڕێینەوە وڵات. من بە داخەوەم سەرەڕای ئەوەی من و هاوڕێکانم لەناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت داین، ئێمە تا ئێستا فێری زانیارییەکی نوێ نەبووین، ئێمە دەبێ بێوچان لە بەرهەمەکانی زانست و فێربوون یان لە کولتوور و سیاسەت سوود وەربگرین. لێرە بێشک کارکردن ئەرکێکی پیرۆزە، بەڵام فێربوونی زانست و زانیاری گرنگیی قۆناخی سەرەتاییە بۆ سەرکەوتن.

لە یەکێتی سۆڤیەت ٤٩٦ کەس لە براکوردەکانی من دەژین، داواتان لێ دەکەم هەموویان لە یەک شوێن کۆ بکرێنەوە. لەبەر پێویستی داهاتوو لە بوارەکانی سیاسی و سوپایی پەروەردەیان بکەن و خولیان بۆ دابنێن و فێری بەکارهێنانی چەکی قورس و ڕێوڕەسمی سوپایی بکەن. دە کەس هەڵبژێرن و بیانێرن بۆ فێرگەی فڕۆکەوانی و خولی تایبەتیان لەباری تیۆری تاکتیکی سوپاییەوە بۆ بکەنەوە، هەروەها فێری بەکارهێنانی چەکی نوێیان بکەن. فێری زانیاریی مێژوویی و ماتماتیک و جوگرافیا و پزیشکی و دیسیپلینی سوپایی و ئەگەر پێویست بوو وانەی تر بکرێن. فێری ئەوە بکرێن چۆن لە کۆمەڵگەدا هەڵسوکەت بکەن و فێری ڕێکوپێکی و کولتووری نوێیان

بکەن، دۆزینەوەی مامۆستا بۆ ئەوانە زۆر ئاسانە بۆ نموونە لەناو ئەفسەرانی سۆڤیەتدا نەقیب جەعفەرۆڤ و ئەوانی تر کە کوردی دەزانن و ئەوانەی نازانن بەرەبەرە لە پرۆسەی خوێندندا دەتوانن فێربن، بەم شێوەیە بۆ داهاتووی کورد و بۆ دیموکراتییەت کادیر ئامادە دەکرێت. من لەم بارەوە مەبەستم ئەوە نییە خۆم بە سەرۆکی ئەم هۆزانە بزانم، نا ئەم شتە پێوەندی بە خواست و ئارەزوی کورد خۆیەوە هەیە. هەر ئەفسەر یان بارزانییەک بگرە لە سەد کەس زیاتریش هاونیشتمانی بەوەفای خۆی لەژێر دەستدایە و لایەنگریی لێدەکەن. هەندێک لەوانە سەرۆک هۆزی کوردن و بەناوبانگن و ڕۆڵیان هەیە، ئەوانە لە زۆر شەڕدا بەشداربیان کردوە و هەرکام لەوانە ژمارەیەکی کوردی ئازادیخوازیان لە دەور کۆبۆتەوە و لەگەڵیاندا خەبات دەکەن. ئەم ئەفسەرانە بە کردەوە نیشانیانداوە کەوا شایانی ئەو پلە و پایەن کە پێیان دراوە، داواتان لێ دەکەم بە دڵێکی ئاواڵە بەرامبەریان بجوڵێنەوە. ئێمەو هەموو گەلی کورد دەزانین و لامان ڕوونە کە ڕاگرتنی ٤٩٦ کەس بۆ دەوڵەتی مەزن و بەهێزی یەکێتی سۆڤیەت هیچ دژوارییەک پێکناهێنێت و جگە لەوەش هەموو دنیا دەزانێت دەسەڵاتی سۆڤیەت پشتیوانی تەواوی گەلانی ڕزگاریخوازە. پێشنیازی من سەبارەت بە کۆکردنەوەیان لە یەک جێ بەو مەبەستەیە کە خوێندن و ژیانیان لە لایەن یەک ڕێکخراوەوە بکرێت و بە ئاسانی چاودێرییان بکرێت و لە چۆنیەتی و باری ژیانیان تێبگا. دوای ئەوەی ئەوانیان لە یەک جێ دانران، داواتان لێ دەکەم فرۆکەیەک یان هەر شێوە ترانسپۆرتێکم لەبەر دەست دابنێن بۆ ئەوەی بتوانم زوو زوو سەردانیان بکەم. ئەوانە خاوەن تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندن لە خەبات و بۆ من زۆر بایەخدارن و بێ ئەوانە ناتوانم هیچ شتێک بکەم. هاوڕێ ستالین دەڵێت: (مرۆڤ بە نرختریـن شتە) ئەمە وتەی ڕێبەری مەزنی ئێمەیە، جگەلەوەی بارزانییەکان نموونەی مرۆڤایەتین، ئەوانە شۆڕشگێڕیشن. لێرە لە باکۆ لە زانستگەی دەوڵەتی ئازەربایجان ئێستا لاوێکی کورد بەناوی شەمزینی عەبدوڵائۆغلی عەزیز دەخوێنێت، ئەم لاوە کوردە لە کاتی شەڕەکانی نێوان ساڵانی ١٩٤٢- ١٩٤٥ هاتە ڕیزی جەنگاوەرانمانەوە، لە ڕابردوودا ئەم لاوە وەک نەقیب لە سوپای عێراق خزمەتی کردوە، پاشان ڕایکرد و لەگەڵ ئەفسەرە کوردەکانی تر هاتە ڕیزی بارزانییەکانەوە، ناوبراو بەوپەڕی ورە و بیروباوەڕەوە لەگەڵ ئێمەدا لە

خەبات بەشداربیکردوە و توانا و لێهاتوویی خۆی لە شەڕەکاندا نیشانداوە. لە عێراقیشدا لە خەبات لە دژی دەوڵەت خۆی نواندوە. عەزیز لە بنەماڵەیەکی بەڕێز و خەباتکار و ئازادیخوازی کوردە، ڕەچەڵەکیان "هۆزی نەهری"یە و لە کوردستان لە هەموو بارێکەوە ڕێزیان لێ دەگیرێت و بە ناوبانگن. ئامۆزاکەی دژی ئەو ڕاوەستا و چووە ڕیزی کۆنەپەرستانەوە، بەڵام عەزیز شێلگیرانە هەر لەسەر ڕێگەی گەیشتن بەمەبەستی خۆی ڕۆیشت. ژمارەیەک لەو ئەفسەرە کوردانەی سوپای عێراق کە لەگەڵ عەزیز هاتبوونە ڕیزەکای ئێمەوە لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەی دوایی لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە گیران و هەڵواسران. ئێستا عەزیز بۆ ئێمە وەک یادگارییەکی گران لەم ئەفسەرانە بەجێماوە. من داواتان لێدەکەم دڵسۆزبن بەرامبەری و هەڵسوکەوتی باشی لەگەڵدا بکەن و ئەگەر دەکرێت بینیرن بۆ ئێرە بۆ لای بارزانییەکان. پێموایە عەزیز ئامادەیە بێتە ئێرە کە هاوڕێی چەکداران بووە. جگەلە عەزیز چەند لاوی تری کورد لێرە لە قوتابخانەی سیاسی و قوتابخانەکانی تر دەخوێنن. هەیانە نموونەی ڕۆڵەی گەلی کوردن، ئاگاداری تایبەتی و باوکانەتان لە ڕەحیمی قازی زادە هیوامان پێدەدا و لەم بارەوە ئێمە سوپاستان دەکەین. داواکارییەکیتری من لە ئێوە ئەوەیە تکایە بە ئێزگەی ڕادیۆ ئازەربایجان دەستوور بدەن، کاتێک لە بەرنامەی ڕۆژانەی خۆی بە زمانی کوردی تەرخان و دیاری بکات. دەنگی ئێمە باوەڕ و هیوا بە گەلی کورد دەبەخشێت. ئەم دەنگە لە ڕێگەی ڕادیۆوە وەک با گەواڵە دوژمن دەترسێنێت و ورەی گەلی کورد بۆ ڕاپەڕێنێکی تر بەرز دەکاتەوە. بەم شێوەیە هەلومەرج بۆ پشتگیریی لە مافی گەلی کورد لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان پێک دێنێت. کاتێک گەلی کورد ناوبانگی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕەسمی دەوڵەتی سۆڤیەت بەرز کرایەوە، ئەوکات بێشک ئەم ناوبانگەیش تا پلەیەکی دیاریکراو لەئاستی دنیاشدا بڵیند دەبێتەوەو ئەم کردەوەیە ناتوانی لەسەر بارودۆخی دوژمنان کاریگەر نەبێت. دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی کوردی کە لە لاپەڕەکانیدا بارودۆخ و بابەتی کولتووری و سیاسی و ئابووری لە کوردستاندا بڵاوبکرێتەوە، لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە ڕێگەی ئازاد کردنی گەلی کورد نیشان بدرێت و مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بنوسرێت و تێیدا بەردەوامبوونی چەوسانەوە و بێ مافیی

گەلی کورد ئاشکرا بکرێت و نیشان بدرێت گەلی کورد یەکێک لە گەلانی نەمر و پێشڕەوی گەلانی ڕۆژهەڵاتە، گەرچی لەم دوایانەدا ناوی لە مێژوو و کولتوورەکان سڕاوەتەوە، بەڵام ئەم گەلە هەر دەژیت و دەمێنێت. یارمەتیمان بدەن سەردانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەین تاکو ڕەخنە و سکاڵامان بەرامبەر بەچوار دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا ڕابگەیەنین کە ئێستا هەر خەریکی چەوساندنەوەی گەلی کوردن. کاتێک دەمامکیان دڕا و ڕاستی دەرکەوت ئەوکاتە دەردەکەوێت گەلی کورد توشی چ چەوسانەوەیەک بووە. گەلانی ئەفریقای باشوریش لەو شێوە بارودۆخەدا نەژیاون.

بەڕێز: ئەوەی پێویست بوو بۆ ئەوەی وەک سەرکردە و باوکی گەلانی ڕۆژهەڵات ئێمە ئاراستەمان کردن. من زۆر ئارەزووی سەردانی ڕێبەری تەواوی ڕەنجدەرانی دنیا هاوڕێ ستالین دەکەم بۆ ئەوەی کوێرەوەرییەکانی گەلی کوردی بۆ باس بکەم. ئاگاداریی ئێوە لە گەلانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی گەلی کورد هیوامان پێدەبەخشێت، هەربۆیەش من هەوڵدەدەم چاوم پێتان بکەوێت. ئەگەر بتوانم چاوم بە هاوڕێ ستالین بکەوێت بۆ من و گەلی کورد بەختەوەرییەکی گەورە دەبێ. من بۆ ئەو چاوپێکەوتنە هەوڵدەدەم و تکایە ئێوە: هاوڕێ باقرۆڤ وەک کەسێکی زۆر نزیک لە هاوڕێ ستالین لەم بارەیەوە یارمەتیم بدەن. بەم شێوەیە هەم دەتوانم سەردانی مۆسکۆ وەک هیواگەی هەموو زەحمەتکێشانی جیهان بکەم و هەم شاری لێنینگراد، ئەو جێیەی سوپای سور دوژمنی تێدا بەزاند و بناخەی سەرەتای سەرکەوتنی داڕشت. من جارێکی تر ئارەزووی خۆم بۆ دیتنی هاوڕێ ستالین دەردەبڕم و چاوەڕێی بەدیهێنانی ئەم ئارەزووەم دەکەم. ئەمەش پێوەندی بە دڵفرەوانیی ئێوەوە هەیە.

من زۆر پێویستم بە فێربوونی زانستی سیاسی و کاروباری حیزبیی هەیە و تکام ئەوەیە لەم بارەوەش یارمەتیم بدەن. داخوازییەکی تری من لە ئێوە ئەوەیە، برازایەکم بەناوی شێخ سلێمان بارزانی لێرە لەگەڵمدایە و لە تەواوی شەڕ و چالاکییە سیاسییەکاندا ڕاستەوخۆ بەشداریی کردوە و لەگەڵمدابووە، توانا ولێهاتوویی خۆی بە کردەوە نیشان داوە و هەربۆیەش بووە بە نزیکترین هاوڕێ و هاوکاری من. ئەگەر بۆ ماوەیە کی کاتی یان دوور و درێژ من لێرە نەبم، ئەو واتە شێخ سلێمان دەتوانێت جێی

من بگرێتەوە و لەوانەیە بە لێهاتوویی خۆی خزمەتی ئێوەش بکات. هیوادارم داخوازییەکەی من بۆ چاوپێکەوتنتان پەسەند بکەن و ئەوکاتە من دەتوانم بە وردی و دوور و درێژی لەسەر بارودۆخ و ژیانی خۆمان قسەتان بۆ بکەم.

ڕێزم هەیە بۆتان. کوڕ و خزمەتکاری کورد: مستەفا بارزانی

ئیمزا: باکۆ ١٩٤٧/١١/١٥ (پاشبەندی ١٦)

دیداری باقرۆڤ لەگەڵ مستەفا بارزانی و بە ڕێکخراو کردنی بارزانییەکان

ژەنەڕاڵ بارزانی لە نامەکەیدا زۆر هوشیارانە باسی لە مێژووی کورد و کۆتاییکردنی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بە گەلی کورد کرد و پەردەی لەسەر زۆر دیاردەی ناسک دەربارەی نەتەوەکەمان هەڵگرت و پڕۆگرامێکی کارکردنی بۆ نەتەوەی کورد و بارزانییە پەناهێنەرەکان پێشنیاز کرد کە لە داهاتوودا بەشێکیان بوون بە پڕۆگرامی کارکردنی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ بارزانییەکان.

چەند ڕۆژ بە دوای ئەو نامەیەدا، باقرۆڤ پێشوازیی لە ژەنەڕاڵ بارزانی کرد. باقرۆڤ پێشتر لە دیدارێکیدا لەگەڵ پیشەوەریی و ڕێبەرانی حکومەتی ئازەربایجان کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، زانیاریی لەسەر مستەفا بارزانی و بارزانییەکان هەبوو، لەبەر ئەوە هەلێکی باشی بۆ ڕەخسا کە بۆ مەبەستی سیاسیی و سەربازیی کەڵک لە مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی وەربگرێت. ئەوە بوو بە دڵێکی فرەوان بەشێک لە داخوازەکانی بارزانی قەبووڵ کردو کردنی بە پڕۆژەی کاری کۆماری ئازەربایجان لە باکۆ. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٣٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨"، سەبارەت بەو چاوپێکەوتنەی باقرۆڤ لەگەڵ بارزانی، لە زاری مستەفا بارزانییەوە دەنوسێت:

- (کاتێ باقرۆڤ پێشوازیی لێکردم پێمگوت: ئێمە گەلێکی زوڵم لێکراوین و زوڵمەکەشمان هیچ سنوری بۆ نییە، هیوامان هاتووەتە سەر گەلانی سۆڤیەت، ئێمە پێویستمان بە زانست و هونەری سوپاییە. تکات لێدەکەم پشتمان بگرە، یارمەتیمان بدە و کێشەی کوردستان بگرە بەدەستەوە. من ئەم تکایەم بەناوی گەلی کوردەوە بە ئێوە ڕادەگەیەنم و هیوادارم ئێوەش بیگەیەننە سەرکردایەتیی بەرزی سۆڤیەت لە مۆسکۆ.)

لە کۆتایی مانگی نۆڤێمبەر "تشرینی دووەم"دا ئیزنیان بە میرحاج ئەحمەد و سلێمان بەگ دەرگەڵەیی دا بچن چاویان بە بارزانییەکان بکەوێت و ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/٢یش شێخ سلێمان و "ئەسەدۆڤ" یەکێک لە کارگێڕە ئەمنییەکانی باکۆ کە پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجاندا لە مهاباد و تەورێز بوو،

چوو سەردانی بارزانییەکانی کردو پێیراگەیاندن خۆیان ئامادە بکەن کە دەگوازرێنەوە بۆ باکۆ.

ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/١٠ هەموو بارزانییەکانیان گواستەوە باکۆ و لە ئۆردوگایەکی سەربازییان دانان و هەموویان بەرگی سەربازییان دەبەر کرد و ئامادەی مەشق پێکردن بوون. ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/٢٢ ژەنەڕاڵ بارزانی لەگەڵ ژەنەڕاڵ "ئاتاکیشیۆڤ" کارگێڕی ئیداریی و ئەمنیەتی ئازەربایجان کە پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە مهاباد و تەورێز بوو، چوو سەردانی بارزانییەکانی کرد و دوای چەند ڕۆژ گوردانێکی سەربازییان بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی لێ پێکهێنان و هەریەک لە سەعید وەلی بەگ، محەمەدئەمین میرخان، مامەند مەسیح و مستۆ میرۆزی کران بە فەرماندەی گورهان و حکومەتی ئازەربایجانیش سەرهەنگ "کازمۆڤ"ی بۆ دانان کە سەرپەرشتی ئەو گوردانە بکات لە مەشقی سەربازیی پێکردنیان. "کازمۆڤ"یش وەک "ئەسەدۆڤ" و "ئاتاکیشیۆڤ" بەشداربوو لە کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا و لە مهاباد پێیاندەگوت "کاکاغا".

وەزارەتی جەنگی یەکێتی سۆڤیەت ٢٠ ئەفسەری بۆ پەروەردە کردن و مەشقی سەربازیی بۆ بارزانییەکان تەرخان کرد کە "عەبدولا قولیۆڤ، کەریمۆڤ، مەرمانۆڤ، زەینەڵۆڤ، محەمەدۆڤ و شرینۆڤ" بەشێک بوون لەو ئەفسەرانە کە هەموویان تورکی ئازەریی و کورد بوون. لەم بارەیەوە پێشمەرگەکانی بەشدار لەو مەشقە سەربازییانەدا دەڵێن: **(ڕۆژانە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە ڕۆخی دەریای خەزەر ڕووبەڕووی خاکی ئێران مەشقی سەبازیان بە ئێمە دەکرد. هاوکات لەگەڵ کاری بە کردەوە فێری زمانی ڕوسیشیان دەکردین. بەشێک لە ئێمە تورکیمان دەزانی و باشتر دەمانتوانی پێوەندی لەگەڵ ئەفسەرە تورکەکان دامەزرێنین و بەشێکمان یان باشترە بڵێن جگە لە ١٢ کەسمان، ئەوانی تر خوێندن و نوسینی کوردیشمان نەدەزانی. ئەوە بوو، بە دوای مەشقی ڕۆژانەمان، لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفا بۆخۆمان دەستمان کرد بە خوێندنی زمانی کوردی و کوردی زانەکانمان تا درەنگایەکی شەو وانەی کوردییان پێدەگوتین و لە ماوەیەکی کەمدا بەتایبەتی گەنجەکان توانیان فێری خوێندن**

و نوسینی زمانی کوردی بن. هەروەها جگەلە مەشقی کلاسیکی سەربازیی، لەگەڵ دیسیپلینی سەربازیی و شەڕی چیا و کۆماندۆیی ڕاهاتین[1].)

١- وتوویژی ڕاستەخۆ لەگەڵ ئەم هەڤالانەی مستەفا بارزانی کە بەشداریی ئەو خولانەیان کردوە: سەعید وەلی بەگ، شەریف قورتاس مەلا، سدیق خەلیل یەحیا، عەبدولرەحمان یەحیا عەبدولرەحمان، عەبدولا حوسێن جرگیس، عەزیز حوسێن میرخان، ئەسعەد ڕەشۆ مەلا، بابەکر شێخ حوسێن لاج، بەدرۆ لەشکری حوسێن، تەیمز ئارەب قەتران، حەسۆ محەمەد کەکشار، حەسەن عەلی حەسەن، خانۆ جۆج خان، ڕەشید حەمۆ حاجی، عەلی حوسێن شین، عومەر عەزیز حەدۆ "شێخومەر"، عومەر فەقی عومەر، عیسا حەکیم یاسین، قادر محەمەد عومەر، کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، لاوکۆ مامەند مەسیح، محەمەد ئەمین تاهر مەحمود، مەلا ئەحمەد حەدۆ، محەمەد عەبدولا حەسەن، محەمەدئەمین سەعید عوسمان، محەمەدئەمین حەسەن دەرگەڵەیی، مەلو حەسەن مەلو، مەلا ئیبراهیم بابەکر ئیسماعیل، مەلا سالح عەلی، ملکۆ عەباس محەمەدئەمین، میرۆ جوج چاوشین، میرۆ محەمەد ئیسماعیل، ناوخۆش حەدۆ قورتاس، سلێمان حەدۆ شینۆ زراری. هەمووی ئەوانە بەشداریی خولی خوێندن و مەشقی سەربازیان کردوە و لەوی بە ڕادەیەکی شیاو فێری زمانی ڕوسی بوون.

دانانی ئەنجومەنی کوردان لە ئازەربایجان

ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩ کۆبوونەوەیەکی مەزن لە کوردەکانی نیشتەجێ لە باکۆ پێکهات کە هەموو کوردەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی ئازەربایجان بە ڕوس و ئازەریی و کوردەوە بەشداریان تێداکرد. مەبەست لەو کۆبوونەوەیە باس لەو ئەنجومەنە بوو کە بۆ کوردەکانی نیشتەجێ لە ئازەربایجان دامەزرابوو. لەو کۆبوونەوەیەدا کە سێیەم کۆبوونەوەی ئەنجومەن بوو، مستەفا بارزانی وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد و لەودا پڕۆگرامی دواڕۆژی پارتی دیموکراتی کوردی کە لە شاری شنۆ و لەلایەن پارتی ئازادییەوە بەرنامەی بۆ دانابوو، ڕاگەیاند. دەقی وتارەکەی بارزانی کە بۆ ئەمڕۆی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگایەتیی هەیە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا بخوێننەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کوردانی باکۆ هەڵبژێردران. لە ڕاستیدا پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە بۆ ئەوە بوو کە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کردنی کوردەکانی باشور لە چنگ مستەفا بارزانی دەربهێنن و لەگەڵ گروپێک کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشتر لەلایەن کۆماری کوردستانەوە بۆ خوێندن ڕەوانەی ئازەربایجان کرابوون و چەند کوردێکی تر کە دوای هەرەسهێنانی کۆمار خۆیان گەیاندبووە باکۆ، پێکەوە سەرپەرشتی کوردەکان بکەن. ئەوە یەکەم هەنگاوی باقرۆڤ بوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی مستەفا بارزانی و زانیاریی پەیدا کردنی لە بڕیار و هەڵسوکەوتە سەربەخۆییخوازەکانی بارزانی. هەروەها بە پلان کردنی سیاسەتەکانی لەنێو بارزانییەکاندا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەهۆی بەشێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەنجومەن کە هەم لە بواری زمان و هەم لە بواری دەسەڵات و شارەزابوون لە یاساکانی سۆڤیەت لە سەرەوەی بارزانییەکاندا بوون، بەڵام بارزانی تەنانەت لە یەک وشەدا ئاماژە بەو ئەنجومەنە کارتۆنییە نەکرد. بەهەرحاڵ، ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی کوردانی ئازەربایجان ١٤ کەس بوون و مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنەکە بوو:

١- مستەفا بارزانی سەرۆک

٢- شێخ سلێمان بارزانی
٣- عەلی محەمەد سدیق
٤- میرحاج ئەحمەد تاهر ئاکرەیی
٥- سلێمان بەگ دەرگەڵەیی
٦- عەبدولڕەحمان موفتی ئامێدی
٧- محەمەد نەجیب بەرواری
٨- ڕەحیم سەیفی قازی
٩- سەید عەزیز شەمزینی
١٠- مستەفا شەڵماشی
١١- حەسەن حیسامی
١٢- ڕەحمان گەرمیانی
١٣- سەید کەریم
١٤- موراد ڕەزمئاوەر

بەگوێرەی بڕیاری ئەو کۆنفرانسە دەبووایە ڕۆژانە بەشێک لە پڕۆگرامەکانی ڕادیۆ باکۆ بۆ کوردەکان تەرخان بکرێت و ڕۆژنامەیەکی کوردییش بڵاوبکرێتەوە. دامەزراندنی ئەنجومەنی کوردەکانی ئازەربایجان هەرچەندە بە نییەتێکی پاک دانەمەزرابوو، بەڵام گیانێکی نوێی بە بارزانییەکان بەخشی و کاربەدەستانی ئێرانی توڕە کرد و بە توندی دژی ڕاوەستان. ئەنجومەن لە پرۆسەی کارکردندا توشی کێشە بوو، بەشێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی بە دەنەدانی دەزگا ئەمنییەکانی ئازەربایجان و باقرۆڤ، کێشەکەیان مەزن کردەوە و چونکە نەیانتوانی کار لەسەر مستەفا بارزانی بکەن و بۆ حکومەت و باقرۆڤ بەکاری بهێنن، لە کارکردن لە ئەنجومەندا سارد بوونەوە.

ژەنەڕاڵ بارزانی سەرکردەیەکی وردبین بوو، لە فێڵەکانی باقرۆڤ دەگەیشت و زانیاریی لەسەر ئەوەش هەبوو کە چۆن پیشەوەری سکرتێری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی باشوری بەو تاوانەوە کە ئامادە نەبوو چیتر فریوی باقرۆڤ بخوات، لە مانگی یونی ١٩٤٧، لە جادەیەکی ناوچەی ساوخۆزی "٢٨ ی ئاپریل" کوشتبوو[١]. لەبەر

ئەوە پێویست بوو بارزانی بە هوشیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونەکانی باقرۆڤ بکات.

کاتێک باقرۆڤ تێگەیشت ناتوانێ دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی بەسەر بارزانیدا بسەپێنێ و بارزانی ناچێتە ژێر فەرمانی، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست و بارزانی و هەڤاڵانی وەبەر دڵڕەقی دا و ئیزنی پێنەدان کە حاڵ و وەزعی خۆیان بە ڕێکخراوەکانی جیهان بگەیەنن و لە دیدارێکیدا هەڕەشەی لە بارزانی کرد کە باشترە پێشنیازەکانی قەبووڵ بکات، ئەگەرنا لە پاشەڕۆژدا بەرپرسیار دەبێ. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٣٦ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨" دا، بارزانی لە وەڵامی باقرۆڤدا دەڵێت:

- (هاوڕێ باقرۆڤ ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووینە ئێرە کە تۆ هەڕەشەمان لێ بکەی، ئەگەر ئێمە لە هەڕەشە بترسایەین تۆ منت لێرە نەدەدی. ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە یەکێتی سۆڤیەت کە دەنگی گەلی زوڵم لێکراوی کوردستان بە گەلانی سۆڤیەت ڕابگەیەنین، دەمانەوێ پیاوەتی و سەربەرزیی خۆمان بپارێزین. تکات لێدەکەم ئەوەش بزانە، ئێمە گەلێکین سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین و بە هیچ بارێ نابین بە پاشکۆی هیچ گەلێک، با دۆست و براشمان بێ وەکوو گەلی ئازەربایجان، بەڵام هیچی لە ئێمە زیاتر نەبێ. ئێمە گەلێکی سەربەخۆین و پارچەیەک لە ئازەربایجان نیین و ناشمانەوێ کەسایەتیی گەلەکەمان بێتە پێشێلکردن.)

ئەو چاوپێکەوتنەی بارزانی و باقرۆڤ و ئەو دمەقاڵە توندەی نێوانیان، کێشەی بۆ بارزانی و هەڤاڵانی دروستکرد و ئەنجومەنی کوردەکانیشی بەتەواوی لەنێو برد. چونکە چەند لەو کەسە لەرزۆکە گوێ لەمستانە لە ئەنجومەنی کوردەکان کشانەوە و ئەنجومەنەکەیان هەڵوەشاند[٢].

وتاری بارزانی لە سێیەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کوردەکانی ئێران و عێراق لە باکۆ ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩

پێشەکی بە مناسەبەتی ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە لێرەدا بە ناوی میللەتی کورد کۆبووینەوە و سییەمین جەلەسەی خۆمان دەکەینەوە، من پێشی هەموو شتێک تەبریکی ئێوەو میللەتی موبارزی خۆمان دەکەم. ئێمە لەو حەرەکاتی پارتیزانییەی کە

لە ئێران و عێراق و تورکیا کردمان میللەتی کورد شعوور و حسیبات و ئیخلاسی نهێنی خۆی بە ئاشکرا نیشان داین کە ئەویش لەو وەختانەی کە دێهاتی و ڕەئیسە وەتەن پەروەرەکانی کورد بە ڕوحێکی زۆر پڕ ئیخلاس و برایەتی و سەمیمییەت پێشوازییان لێ کردینو بەڕێیان دەخستین، لە فرمێسکی ژنو منداڵی کورد لە وەختی بەڕێ کەوتنماندا زۆر بەئاشکرا ئیخلاسو مەحەبەتی کورد بۆمان مەعلوم دەبوو. لە هەموو ئەو ڕێگە سەخت و ناخۆشی چیاکانمان کە پێیدا تێدەپەڕین، میللەتی کورد بەبێ ئەوەی ئەهمییەتێک بداتە ترس و زوڵم و جنایەتی دوژمن، بە هەزاران دێهاتی و ڕەئیس و گەورەی وەتەنپەروەر خۆیان و ماڵ و منداڵیان لەگەڵ ئەرزاق و نان و جلوبەرگێ کە بۆیان مومکن دەبوو، بۆیان دەهێناین و لە ئەترافی ئەو ڕێگە سەختانەی کە پێیدا تێپەڕ دەبووین پێشوازییان لێ دەکردین و لەپاش ئەوەی سەلامی میللەتی کوردیان پێ دەگەیاندین و نان و ئەرزاق و جلوبەرگیان تەسلیم دەکرین و بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد: **(بە سڵامەتی بڕۆن، ئێوە بەخودا دەسپێرین، موەفەقیەتی ئێوەمان دەوێت، لە وەختێکی زۆر نزیکدا بۆ ڕزگاریمان چاوەڕێتان دەکەین.)**

براکانم ئەوەیە قسە و ئیخلاس و شعووری نهێنی کە میللەتی کورد بەرامبەر بە ئێمە هەیەتی. ئەو تەجرەبانەی کە لە موبارەزەکانماندا بەدەست کەوتووە بەئاشکرا نیشانی داین کە لە پشتمان میللەتی قارەمانی کورد هەیە کە ساحێبی ئیرادەیەکی پۆڵایینو ڕوحی موبارەزەو مفکورییەکی ئازادە. میللەتی کورد بۆ قوتاربوونی خۆی لەژێر زوڵم و ئیستبدادی ئیرتجاع و زنجیری ئەسارەت و حەپسخانە، وەکو هێزی ڕزگاری تەماشای ئێمە و حزبی ئێمە دەکات و ڕزگارکردنی خۆی لە ئێمە تەڵەب و چاوەڕێ دەکات. ئەگەر لەلایەن حزبی دیموکراتی ئێمەوە موبارەزەکەمان بەچاکی و مفکورەی تازەوە تەنزیم و تەوجی بکرێ، هیچ شوبهەی تێدا نییە کە هیچ هێزێکی ئیرتجاعی ناتوانێ ئێمە مەغلووب بکا و لەگەڵ هەر زەحمەتێک ئێمە حەتمەن بە ئاواتی ئازادیی خۆمان دەگەین.

براکانم لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی دوژمنەکانمان کە هەمیشە لە کوردستان خەریکی کوژاندنەوەی گڕی موبارەزە و ڕوحی ئازادین، دیسان دەبینین کە لە قەلبی هەموو کوردێکدا موقابل بە دوژمنە زام و خوێنمژەکانمان، گڕی موبارەزە و

ڕوحی ئازادی ڕۆژبەڕۆژ توندتر و بەهێزتر دەبێت و بە گوێرەی قانوونی ئینشکافی تەبیعەت، موبارەزەی ئێستامان کە ئیلهام لە مفکورێکی تازە وەردەگرێ، میللەتی کورد بە ئازادی حەقیقی دەگەیەنێت.

برا موباریزەکانمان ئیعتمادی خۆیان دایە ئێمە و ئێمەیان بۆ کۆمیتەی مەرکەزیی حزبی دیموکرات هەڵبژارد کە بەوەش موقەدەراتی خۆیان بە ئێمە ڕاسپارد. لە پاش ئەو موبارەزە دوور و درێژەمان، ئەو ئیعتمادەمان لە میللەتی خۆمان قازانج کرد کە زۆر بە ئیفتخارەوە دەتوانم بڵێم ئەو ئیعتیمادە مونتەهای خۆشبەختی و سەعادەتمانە و ڕوحی موبارەزەی ئێمەی سەدقات زیاتر بڵند کردوە. ئێمە و ئەو ڕەفیقانەی کە ئێمەیان هەڵبژاردوە بە تەجرەبە ئیسپاتمان کردوە کە ئێمە عەناسری هەرە پێشکەوتوو و ئینقلابچی میللەتی کورد تەشکیل دەدەین و دیفاع لە مەنافعی کورد دەکەین. ئەو ڕەفیقانەمان کە عەناسری هەرە پێشکەوتوو و خوێندەوار و دێهاتی و ڕەئیس و گەورەی وەتەنپەروەری ئینقلابچیی کورد تەشکیل دەدەن لە ساڵی ١٩١٣ەوە هەتاکو ئێستا بە موبارەزە و نەبەزیی خۆیان و قوربانیدانی چەند کەسێک لە برا و کەسوکاریان و فیداکارییان، ئیحترام و تەئید و مەحەبەت و ئیخلاس و سەمیمییەتی میللەتی کوردیان قازانج کردوە و میللەتی کورد زۆر بەسەمیمییەت باوەڕیان پێ دەکا. ئەوان لە زۆر حەرەکاتی ئازادیی کوردستاندا فیعلی ئیشتراکیان کردووە و ئەوان یادگاری تاریخی میللەتی کوردن کە بە حەقیقەت تەمسیلی میللەتی کورد دەکەن. ئەم کۆمیتەیەی ئێمەش کە هەر لەوان دروست کراوە بە حەقیقەت نمایندەی میللەتی کوردن و دەتوانن لە هەموو خسووسێکدا ڕەهبەریی میللەتی کورد بکەن. کەوابێ ئەو واجبە کە لەسەر شانی ئێمەیە هەتا بڵێین ئەهەمییەتێکی تاریخی هەیە و زەحمەت و مەشەقەتی زۆرمان لەپێشە، لەبەر ئەوە واجبی ئێمە لەوە عیبارەتە، بە ئیمانێکی سادق و بە دڵێکی ساف و هێزێکی پڕلە عەزم و ئیرادە ئەم مبارەزە زەحمەت و قەتعییەمان ببەینە سەر. بە فەعالییەتی کۆمیتەی ئێمەوە، مەسیر و مقەدەراتی یازدە ملیۆن کورد حەل دەبێ کە ئێستا زۆر بە ئومێدەوە چاوەڕێی ئەعمالی ئێمە دەکەن.

براکانم من زۆر ئومێد دەکەم کە هەر یەکێک لە ئێمە هەموو هێز و قوەت و فەعالییەتی خۆی، دەستی برایەتی و ئیخلاس و سەداقەت بدەینە دەست یەک و بەبێ

ڕاوەستان و ماندووبوون شەو و ڕۆژ لە پێناوی گەیشتنی ئامانجی ئازادیی خۆمان و سەرکەوتنی دیموکراسی موبارەزە بکەین. بۆ هەمووتان ئاشکرایە کە لە تاریخی شەرقدا، لە ٣٠٠٠ ساڵ پێش میلادەوە حاکمیەتو مەدەنیەتی میللەتی کورد دەست پێدەکات، هەرچەندە دوژمنەکانمان ویستوویانە مەدنییەتی کورد ئینکار بکەن، بەڵام نەیانتوانیەوە ئەوە ئینکار بکەن کە کورد لە جەمعییەتی زاگرۆس بە ناوی میللەتی کاردۆ وەیا کوردۆ هەبوو کە لە قسمێکی ئێران و ئەنادۆڵی شەرقی بە ناوی "ماد" و یا "ئامادا" دەوڵەتێکی زۆر گەورە و بە هەیبەتی دروست کردبوو کە لە عەسری هەشتی پێش میلادەوە هەتاکو عەسری چواری پێش میلاد دەوامی کردووە و قسمەتی زۆری مەدەنییەتی کۆنی تاریخی ئێرانی دامەزراندووە. کە فتووحاتی ئیسلام دەستی پێ کرد هەروەکو میللەتی شەرق کە هەموویان کەوتنە ژێر حوکمی ئیسلام، هەروەها میللەتی کوردیش تێکەڵی ئیمپراتۆریەتی ئیسلام بوو و میللەتی کورد لە مەدەنییەت و حاکمیەتی ئیسلامدا دەوری هەرە موهیمی دیاری کرد کە قارەمانی مەشهوری کورد سەلاحەدینی ئەیوبی لە ناوەڕاستی عەسری دوازدەیەمدا شاهدی قسەکەمانە، ئەو قارەمانییەی بێ نەزیر و هەمتا کە سەلاحەدین لە محارەکانی سەلیبدا پێشانی دابوو بۆ هەموو دنیا ئاشکرایە. کە ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیش زەعیف بوو، لە تازەکییەوە نەهزەتی میللەتانی شەرق دەستی پێ کردو لەپێش هەموو ئەو میللەتانەی دەستیان بە موبارەزە کرد و حاکمیەتی خۆیان دامەزراند، میللەتی کورد بوو کە لە زۆر تاریخی موختەلیفدا حکومەتانی ئازاد و موستەقیلی خۆی دامەزراند و ئەم دەوڵەتانەی کە لە خوارەوە ناویان دەبەین قسمێکن لەو دەوڵەتانە:

١- لە عەسری هەژدەیەمدا لە کوردستانی ئێراندا دەوڵەتی کەریم خانی زەند دامەزرا.

٢- لە ساڵی ١٧٩٠دا لە عێراق دەوڵەتی بابان دامەزرا.

٣- لە ساڵی ١٨١٢دا لە تورکیا دەولەتی ئەمیر بەرخان دامەزرا.

٤- لە ساڵی ١٨٢٦دا لە عێراق میری ڕەواندز و خانزاد حاکمییەتی خۆیان دامەزراند.

٥- لە ساڵی ١٨٨٠دا لە عێراق حاکمییەتی بارزانو لە تورکیا حاکمییەتی شەمزینان بە ناوی خودموختاری دامەزران.

ئەمانە هەر هەندێ میسالن کە بۆ ئێمە و بۆ خەڵقی دنیا ئاشکرا دەکا کە میللەتی کورد لە هەموو مەناسەبەتێکدا نەفرەت و غەزەبی خۆی بەرعەلەیهی دوژمنە داگیرکەرەکان نیشان داوە و سەری بۆ ئەوان نەچەماندوە، هەمیشە ئیفتخاری بە میلییەت و زوبان و عادەتی خۆی کردووە و لە پێناوی ئازادیی خۆیدا گوێی نەداوەتە قوربانیدانی هەزاران کوڕانی قارەمانی خۆی. هەر ئەوەیە کە میللەتی کورد زۆرجار لە موقابل هێرشی بەهێزی دوژمنەکانی و لە وەختی تەنگانەی موبارەزەدا ژیانی بە ئازادیی سەر چیا بەرزەکانی خۆی تەفزیلی سەر ژیانی پڕ نیعمەتی شار و دەشتانی کردووە و پەنای بۆ چیا بەرزەکانی خۆی بردووە.

بۆ ئەوەی هێشتا بۆتان ئاشکرا بکەم، حەز دەکەم کەمێک لە موبارەزەکانی کورد کە لە عەسری ئێمەدا رووی داوە بۆتان باس بکەم کە ئەم موبارەزەیەشمان ئیلهام و ڕووناکیی لەو موبارەزانەی پێشووی کورد وەردەگرێ و موبارەزەی قەتعیی خۆی دەوام پێ دەدات.

١- ڕهبەری خۆشەویست و قارەمانی میللەتی کورد شێخ عوبێدوڵڵای شەمزینی کە لە ساڵی ١٨٨٠دا لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی عوسمانلی دەستی بە موبارەزە کرد لە مودەتێکی کەمدا گڕی موبارەزە هەموو شەرقی ئەنادۆڵ و قسمێکی زۆر گەورەی ئێرانی داگیر کرد. لە وەختی شەڕ و موبارەزەدا کە شێخ عوبێدوڵڵای شەمزینی ئەسیر کرا بۆ عەرەبستان و حیجاز تەبعید کرا و لە ساڵی ١٨٩٣دا لە تەبعید وەفاتی کرد.

٢- ڕەهبەر و قارەمانی دووەم و خۆشەویستی میللەتی کورد شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو کە لە ساڵی ١٩١٤دا بۆ ئەوەی کوردستان لە زوڵم و فشاری دەوڵەتی عوسمانلی ڕزگار بکا دەستی بە موبارەزە کرد، لەپاش ئەوەی کە ئەم موبارەزەیە ساڵێکی تەواو دەوامی کرد، بە حیلە و دەسیسەی جنایەتکاران، شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ئێراندا ئەسیر کرا و نێردرایە مووسڵ و لە ساڵی ١٩١٥دا لە مووسڵ ئیعدام کرا.

٣- تورکیا، ڕەهبەر و قارەمانی خۆشەویستی کورد شێخ عەبدولقادر شەمزینی دەستی بە گەورەترین موبارەزەی خوێناوی کرد. لە مودەتێکی زۆر کەمدا گڕی ئەم موبارەزە خوێناوییە هەموو شەرقی ئەنادۆڵی گرتەوە و هەتاکو ساڵی ١٩٣٠ گڕی موبارەزە نەکوژایەوە. میللەتی کورد لەم موبارەزە گەورە و بە هەیبەت و خوێناوییەدا کە شەش ساڵ دەوامی کرد لەنیو ملیۆن زیاتر کوڕانی قارەمانی هەرە بەقیمەتی خۆی قوربانی دا. قارەمانو کوڕی مەردی کورد شێخ سەعید خەنسی لە مەنتیقەی دەرسیمدا فیداکاریی بێ نەزیری کرد و بەم جۆرە لەم موبارەزە بە هەیبەت و خوێناوییەدا ڕەهبەرانی موبارەزە شێخ عەبدولقادر شەمزینی و سەید محەمەد شەمزینی و شێخ سەعید خەنسی و دوکتۆر فوئاد و خالید بەگ و سەدان ڕەهبەرانی تر لە بەینی ساڵی ١٩٢٤و ١٩٣٠دا لە شاری دیاربەکر هەڵواسران و ئیعدام کران. ئەو موبارەزە دوور و درێژە بە حەرەکاتی ئارارات دوایی هات کە لە ساڵی ١٩٣٠ لەژێر ڕەهبەریی کوڕی مەرد و قارەمانی کورد فرزەندە لە شکڵی پارتیزانیدا بەرعەلەیهی حوکمی دیکتاتۆریی ڕەزاشا موبارەزەکە کەوتە ئێران و بە شەهیدکرانی فرزەندە، ئەم موبارەزەیە کە بە خوێنی نیو ملیۆن زیاتر کورد تەواو بوو، دوایی هات.

٤- لە ساڵی ١٩١٨دا کە لەشکری داگیرکەری ئینگلیز بۆ داگیرکردنی کوردستان هێرشی هێنا، قارەمانی کورد شێخ ئەحمەدی بارزانی مقاوەمەتی لەشکری ئینگلیزی کرد و هەتاکو ساڵی ١٩٣٢ مەنتیقەی خۆی ئازاد و محافزە کرد. لەم ساڵەدا ئینگلیز بە لەشکرێکی زۆر گەورە دیسان هێرشی بۆ مەنتیقەی ئازادی بارزان هێناو لەژێر ڕەهبەریی شێخ ئەحمەدی بارزانیدا میللەتی کورد هەتاکو ساڵی ١٩٣٥ موبارەزەی خوێناویی لەگەڵ لەشکری بەهێزی ئینگلیز کرد. لەم ساڵەدا کە شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەسیر کرا لەگەڵ هەموو سەرۆکو ڕەهبەرانی بارزانی هەتاکو ساڵی ١٩٤٣ تەبعید کران کە بەوەش گڕی ئەم موبارەزەیەش بە موەقەتی کوژایەوە.

٥- لە ساڵی ١٩١٩دا لە عێراق لە مەنتیقەی سلێمانیدا بەرعەلەیهی ئینگلیز میللەتی کورد لەژێر ڕەهبەریی شێخ مەحموددا دەستی بە موبارەزە کرد و لە نەتیجەی ئەم موبارەزەیەدا شێخ مەحموود ئەسیر کرا و هەتاکو ساڵی ١٩٤١ تەبعید کرا.

٦- لە ساڵی ١٩٢١دا لە ئێراندا بەرعەلەیهی زوڵم و فشاری دیکتاتۆریی ڕەزاشا، میللەتی کورد لەژێر ڕەهبەریی قارەمان و کوڕی مەردی خۆی ئیسماعیل ئاغای سمکۆدا دەستی بە موبارەزە کرد. سمکۆ بە لەشکری مەنتەزەمی خۆی هەموو کوردستانی ئێرانی داگیرکرد، لاکین دیسان بە حیلە و دەسیسەی جنایتکارانەی دەوڵەتی ئێران لە شاری شنۆ، سمکۆ شەهید کرا. لەپاش ئەوە سەرۆکەکانی ئێران لە کوردستاندا دەستیان بە جنایەتی وەحشیانە کرد کە لەم جنایەتانە تاوەکو لە ساڵی ١٩٤١دا ئۆردووی سوور، ئێرانی لە حوکمی فاشیستی ڕەزاخانی ئازاد کرد، دەوامی کرد.

٧- لە ساڵی ١٩٤٣دا ئێمە لە بارزان دەستمان بە موبارەزەی ئازادیی خۆمان کرد و بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی ئازاد و دیموکراسی مونتەزەم لە بارزان موەفەق بووین. ئەم ئازادییەمان تاوەکو ساڵی ١٩٤٥ دەوامی کرد کە لەم ساڵەدا لەشکرەکانی بەهێزی ئینگلیز و عێراق هێرشیان بۆ ئێمە هێناو لەپاش موبارەزەیەکی بەهەیبەتو خوێناوی، خۆمان و ڕەفیقەکانمان لەگەڵ هەموو ماڵ و منداڵمان هاتیبە کوردستانی ئازادی ئێران و لە کوردستانی ئێراندا ئیشتراکی حەرەکاتی ئازادیمان کرد و لەگەڵ کوردی ئێران بەیەکەوە حاکمیەتی دیموکراتیمان لە ئێران دامەزراند.

٨- لەپاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٤١دا حوکمی مەنحووسی ڕەزاشا تێکدرا، لە ساڵی ١٩٤٥دا لەژێر ڕەهبەریی قازی محەمەددا حاکمیەتی دیموکراتی کورد دامەزرا. لە دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٥ هەموو ڕەئیس و گەورەکانی کورد لەگەڵ قوای میلیشای بارزانییان کە قسمێکی کوردستانی ئێرانیان لە عەناسری فاشیست و کلکەکانی ڕەزا شا پاک کردەوە، لەژێر ڕەهبەریی قازی محەمەددا حکوومەتی دیموکراتی کوردیان دامەزراند. لەپاش ئەوەی کە ساڵێک ئەم حکومەتە دیموکراتەی کورد دەوامی کرد و لە مودەتی ئەم ساڵەدا بەرعەلەیهی ئیرتجاعی تاران لەشکری ئێمە لەگەڵ لەشکری برا ئازەربایجانییەکانمان بە یەکەوە موبارەزەی سەختمان کرد.

٩- لە ١٢ دیسێمبەری ١٩٤٦دا قوامولسەڵتەنەی خائین بە پێچەوانەی ئەو پەیمان و قسە شەرەفەی کە بە ئازەربایجان و کوردستانی دابوو، بە لەشکرێکی زۆر گەورەی ئیرتجاعی هێرشی بۆسەر ئازەربایجان و کورستان هێنا، لەپاش مودەتی شەش مانگی

تەواوی شەڕدا کە لەشکری ئێران لە موقابل لەشکری قارەمانو نەبەزیوی ئێمەدا موغلەق بوو و خەریکی هەڵاتن بوو ئیرتجاعی بە قەبیلەی ئاغاکانیان ئنگلیز و ئەمریکاوە، لەشکری ئیرتجاعی تورکیا و عێراقیشی هێنایە مەیدانی ئێمە و جگەلەوەش وەتەنفرۆش و جاسووسەکانی ئەمریکا هەروەکو ڕەوشت و پیشەی هەمیشەییان، لە جەبهەکانی ئێمە بە فعالیەتێکی زۆر دەستیان بە خیانەت کرد. نوقتەی هەرە زەعیفی ئێمە لەوەدا بوو کە ژن و ماڵ و منداڵمان لەگەڵ ئێمە لە جەبهەدا لەژێر گوللەباران و بۆمبای دوژمندا بوون. ئەوە بوو کە دوژمن ئەم نوقتە زەعیفەی لە ئێمە دۆزییەوە و بەبێ ڕەحم و ئینساف، وەحشییانە ماڵ و منداڵی ئێمەیان بۆمباردومان دەکرد و لە نەتیجەدا قسمێکی لەشکرەکەمان لە بەینی لەشکرەکانی عێراق و تورکیادا محاسرە کران، لەپاش کوشتارێکی زۆر ئەسیر کران.

لەپاش ئەم حادیسەیە، ئێمە مقاوەمەتی مونتەزەمی خۆمان بەحەرەکاتی پارتیزانی عەوەز کرد، کەوا ئێستاش ئێمە هەر لەو موبارەزەیەدا دەوام دەکەین. لەپاش ئەوەی کە ئیرتجاعی تاران، کوردستانی ئیشغال کرد، دەستیان کردە ئەو جنایەتە وەحشیانەی کە تا لە عەسری ناوەنجیدا ئەو نەوعە جنایەتانە نەبینراون و هەتاکو ئێستاش هەرلە ئیرتکابی ئەو جنایەتانە ناکشێنەوە.

هەمووتان دەزانن کە ڕەهبەری خۆشەویست قازی محەمەد خۆی و براکانی لە ١٤ی دیسێمبەری ١٩٤٦دا لە شاری میاندواو مقابلەی سەرکردەی خائین و جنایەتکاری ئێران هومایونیەیان کرد و پەیمانی ئەمانیان لە هومانی وەرگرت، بە قسەی شەرەفی هومایونیان باوەڕ کرد و تەسلیم بوون، بەڵام هومایونی کە لە شەرەف زۆر بێبەش بوو لەگەڵ وەحشی و جنایەتکارانی تری ئێران، ڕەهبەری خۆشەویست و مەحبووبی ئێمەیان لەگەڵ براکانی لە شاری مهاباد، خائینانە ئیعدامیان کردن.

١٠- میللەتی کورد لەو موبارەزانەی کە لە مودەتی ئەم نیو عەسرەی ئێمەدا کردوویەتی، لە ملیۆنێک زیاتر کوڕانی هەرە بە قیمەت و پێشکەوتووانی خۆی و سەرکردە و ڕەهبەرانی قوربانی داوە، ئەوانە هەموویان لە پێناوی ئازادیی کورد و دیفاع کردن لە خاکی کوردستان خۆیان فیدا کردووە. هەروەها دوو ملیۆن زیاتر کورد

بۆ وڵاتی دوور تەبعید و نەفی کراون و لە پێنج هەزار زیاتر گوند و شاری کورد وێران و تاڵان کراون و تاکو ئێستاش میللەتی کورد بۆ گەیشتنی غایە و ئازادیی خۆی لەم موبارەزەیەدا بە سەخاوەت قوربانی دەدات.

١١- ئەم موبارەزانەی کە تا ئێستا بێ فاسیلە لە کوردستاندا ڕوویان داوە و بە موختەسەری باسمان کرد، بەشێکی تەسادوفی نەبووە و لە نەتیجەی ئیش و فیکری ڕۆژێکدا نەهاتووەتە وجوود، بەڵکو ئەو هەموو ڕەهبەر و عونسرانەی کە لەو موبارەزانەدا ئیشتراکیان کردووە بۆ ئامانجی سیاسیی موعەیەنی میللی و دیموکراسی و لەژێر ڕەهبەریی ئەحزابی موختەلیفی کورددا حەرەکاتیان کردووە. هەروەکو بۆ هەموومان و بۆ دنیاش مەعلوومە کە لەژێر ڕەهبەریی حزبی پێشکەوتن و سەرکەوتنی "کورد"، کە لە ئەستەمبوڵ لەلایەن هەرە تێگەیشتوو و خوێندەوارانی کورد تەشکیل کرابوو، موبارەزەی بە هەیبەتی خوێناویی شێخ عەبدولقادری شەمزینی ئیدارە و تەنزیم دەکرد. هەر لە هەمان حزب بوو کە ئیدارە و تەنزیمی موبارەزەی شێخ عەبدولسەلام بارزانیی لە عێراق و موبارەزەی شێخ سەعید خەنسی لە دەرسیم دەکرد. موبارەزەی ئیسماعیل ئاغای سمکۆش لەلایەن هەیئەتی ئستقلالی کوردستان کە لە ڕوئەسا و گەورەی وەتەنپەرەوەری کورد تەشکیل کرابوو، ئیدارە دەکرا و لەژێر ڕەهبەری حزبی "پشتیوان"ی کە لە عێراق تەشکیل کرابوو حەرەکاتی شێخ مەحموود ئیدارەو تەنزیم دەکرا و لەژێر ڕەهبەریی حزبی "یەکێتیی جەبهەی وەتەنی" لە ساڵی ١٩١٨دا موبارەزەی شێخ ئەحمەدی بارزان ئیدارە و تەنزیم دەکرا. موبارەزەی ئێمە کە لە ساڵی ١٩٤٣دا دەستمان پێ کرد لەژێر ڕەهبەریی حزبی "ئازادی" کە لە بارزان تەشکیل کراوە و بە کۆمەک و یاریدەی حزبی "هیوا" کە لە بەغدا لەلایەن خوێندەواران و باسەوادی کورد تەشکیل کرابوو و حزبی "کۆمونیستی عێراق" ئیدارە و تەنزیم دەکرا.

نەهزەتی مهابادیش لەلایەن حزبی "ژ. ک" کە ساڵی ١٩٤١دا لە مهاباد لە لایەن جوانانی مهابادی تەشکیل کرابوو لەژێر ڕەهبەریی حزبی "دیموکراتی کوردستان"دا تا ١٢ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٦ ئیدارە و تەنزیم دەکرا و موبارەزەی ئێستاشمان دیسان لەژێر ڕەهبەریی حیزبی "دیموکراتی کوردستان"دا دەوام دەکات.

ئیستیعمار و موبارەزەکانی کورد:

١- میللەتی کورد لە پێناوی ئازادی و ئیستقلالییەتی خۆیدا موبارەزەی بێ نەزیری کردووە. میللەتی کورد لە هەموو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەنجی زیاتر بەرامبەر بە زوڵم و داگیرکەرانی بێگانە موبارەزەی کردووە و لە پێناوی نیشتمان و ئازادیی خۆیدا بە هەزاران کوڕانی قارەمانی خۆی قوربانی داوە. لاکین دوژمنە زاڵم و خوارەکانی کورد کە دوژمنی بەشەرییەت و ئازادین هەمیشە بە گوللەو تۆپ و تەیارەو قەتڵ و عام و ئیعدامو تەبعیدو حەپس، جوابی حەرەکاتی ئازادیی کوردیان داوەتەوە.

٢- پاش شەڕی یەکەمی دنیا لە ساڵی ١٩٢٠دا ئەو شەرتی ئیستقلالییەت و ئازادییەی کە لە معاهدەی "سیڤەر"دا بە کورد درابوو، ئیمپریالیزمی ئینگلیز بەپێی سیاسەتی شووم و جنایەتکارانەی خۆی لە ساڵی ١٩٢١ لە معاهدەی "لۆزان"دا موقدەراتی میللەتی کوردی بە مقابل نەوتی کەرکووک و مووسڵ بە مستەفا کەمالی دیکتاتۆر فرۆشت. لەبەر ئەوە میللەتی کورد لە پێناوی ئازادیی خۆیدا لە ئێران و عێراق و تورکیادا دەستی بە موبارەزەی خوێناوی کرد و لە مودەتی بیست ساڵی موبارەزەی کورددا ئیمپریالیزمی ئینگلیز بۆ دوژمنەکانمان جێگەی موعەلیم و ڕەهبەری گرتووەتەوە و تەئییدی ئەو جنایەتە وەحشییانەی کردووە کە لەلایەن دوژمنەکانمانەوە کراوە، هەروەهاش مەنعی گەیشتنی دەنگی ئازادیی میللەتی کورد بە دنیای خارجی کردووە و بە تەبلیغاتی مورتەجیعانەی خۆی هەمیشە حەرەکاتی ئازادیی کوردی وەکو حەرەکاتی جەردەیی و دینی و دەرەبەگی نیشانی دنیای خارج داوە کە بەوەش ئینکاری موبارەزەکانی ئازادی کوردی کردووە.

٣- لەگەڵ ئەوەش لەشکری مونتەزەمی داگیرکەری ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٨ەوە ئازادیی کوردی بەبێ ڕەحم و ئینساف کوژاندۆتەوە و مەراکیزی ئینقلابی وێران کردووە.

٤- کە بێینە سەر معاهدەی "سەعد ئاباد" دەبینین بەرعەلەیهی ئازادیی کورد، نموونەیەکی تری سیاسەتی شووم و خائینانەی ئینگلیزە کە بەم معاهدەیە میللەتی کورد و هەرچی میللەتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناونجییە لە وڵاتی سۆڤیەت دوور

خستووەتەوەو بۆ مەنعکردن و نەگەیشتنی فریادی ئەو میللەتانە بە دەوڵەتی سۆڤیەتی. هەرچەندە تەئسیری جنایەتکارانەی ئەم معاهدەیە لەپاش شەڕی گەورەی دووەمی دنیا بە ئیفلاس گەیشتبوو، لاکین لەپێش مودەتێکدا ئیمپریالیزمی ئینگلیز بۆ ژیاندنەوەی ئەو معاهدە مەنحووسە دیسان کەوتە هەوڵ و تەقەلا و هەر ئەوە بوو کە لە مانگی رفورالی "شوبات- فیبروارى" ساڵی ١٩٤٧ سەرۆک وەزیرانی عێراقو نۆکەری خاسی ئینگلیز، نووری سەعید پێشنیهادی کرد کە لەلایەن عێراق و تورکیا و ئێرانەوە لەشکرێکی تایبەتی و مونتەزەم لەژێر یەک ڕەهبەریدا تەشکیل بکرێ کە هەموو حەرەکاتی ئازادیی کورد لەلایەن ئەو لەشکرەوە مەحو بکرێتەوە.

٥- شەڕی گەورەی دووەمی دنیا دەوڵەتێکی ئیستعمارچیی تازەی هێنایە مەیدان کە ئەویش ئیمپریالیزمی ئەمریکایە. ئەمریکای ئیستعمارچی تازە، ویستی جێگای ئینگلیزی پیرە ئیستعمارچی بگرێتەوە، چونکە ئیدی ئیمپریالیزمی ئینگلیز تاقەتی ئاغایەتی دنیای نەماوە، لەبەر ئەوە ئەمریکای ئیستعمارچی بۆ بەجێهێنانی پیلانی داگیرکردنی خۆی لە شەرقی ناوەنجیدا ئەوەڵ جار دەستی کردە مداخلە کردنی ئیشی کوردستان و ڕووی هێرشی خائینانەی قەوامولسەڵتەنەی تەوجیهی حکوومەتی دیموکراتی کوردستان کرد کە لە ١٢ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٦دا هێرشی بۆ مهاباد و برا و ئیستنادگای کورد کە حکوومەتی ئازەربایجان بوو، هێنا. ئەو دوو حکوومەتە ئازادانەی لەناو برد، ئەگەر ئیرشاد و تەزییقی ئینگیز و ئەمریکا نەبووایە لە هیچ وەختێکدا قوامولسەڵتەنەی خوێڕی و کلکەکانی جەسارەتی تێکدانی ئەو پەیمانەیان نەدەکرد کە بە میللەتی ئازرەبایجان و کوردستانی دابوو کە ئەم حەقیقەتەش زۆرجار لەلایەن دوائیری ڕەسمی ئەمریکا و ئێرانەوە ئیعترافی پێ کرا.

دیسان ئەگەر وەتەنفرۆش و هاودەستەکانی ئینگلیز و ئەمریکا لە کوردستاندا و لە جەبهەی مهاباد و رەزائیەدا لەناو لەشکری دیموکراتیدا بە فعالیەتیکی زۆر خیانەتیان نەکردبا و هەندێ لە عەشایریان بە دۆلار هەڵنەخەڵەتاندبا و بەئیستفادە کردنیان لە عەناسری خراپ لە مەیدانیان دەرنەهێنابان، دیسان لەشکری تریاکچیی شاهنشاهی بە چەک و سلاحی ئەمریکا، لە مقابل لەشکری قارەمانی ئێمەدا، ڕانەدەوەستا.

٦- لەشکری ئێرتجاعی ئێران لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٧دا لە هەرسێ جەبهەکاندا مقابل بە هێرشی قارەمانانەی بارزانییان، مەغلووب و تووشی خەساراتی بێ نەزیر بوو. ئاغا ئینگلیزو ئەمریکاییەکان کە دییان لەشکری ئێران وەزعی خراپ و لە هەڵاتندایە، ئەمریان دایە عێراق و تورکیا و لەشکری نۆکەرانی تازەیان هێنایە مەیدان و بەبێ شەرم و حەیا ئەوانە لە داخڵی سنووری ئێراندا بەهجوومێکی وەحشیانە ژن و منداڵی بارزانییان بۆمباردمان کرد و لە عەینی زەماندا قواتی دیموکراتییان خستە محاسرەیەکی سیاسی و ئیقتیسادی و لە بەعزێ عەناسری خائین و وەتەنفرۆشیان ئیستفادە کرد کە بەهۆی ئەوانەوە عەکسی تەبلیغات و پلانەکانی خۆیان بەجێ هێنا.

٧- ئەمانە تەنیا بەعزێ میسالن کە بەرعەلەیهی حەرەکاتی ئازادیی ئێمەدا تەئسیری شوومی ئیمپریالیزممان نیشان دەدات

٨- بۆ هەموو دنیا ئاشکرایە لە بەینی میللەتی ئێران و تورک و عەرەب لە تاریخێکی زۆر دوورەوە لەسەر ئیختلافاتی ئەرازیو مەزهەبیو قەومی، دوژمنایەتییەکی زۆر بەقووەت هەیە و حەلبوونی مومکن نەبووە، بەڵام هەمیشە کە مەسەلەی کورد و ئازادیی کوردستان دێتە مەیدان، ئەم سێ دەوڵەتانە وەکو برا بەرعەلەیهی ئازادیی کورد ئیتفاقی جنایەتکارانە دەبەستن. کەوابێ سەبەبی ئەوە چییە کە ئەم سێ دەوڵەتانە کە بە درێژایی تاریخ لەبەینی خۆیان دوژمنن، بەڵام لە زەمان و ئەحواڵی موختەلیفدا بەرعەلەیهی میللەتی کورد کە هەمیشە حەزی لە دۆستایەتیی ئەوان و ئەمن و ئاسایش و ئازادی دەکا ئیتیفاق دەبەستن؟

وا بزانم هەرچەندە بەعزە ئەسبابی خسووسی و غەیرە سابتیش هەبێ، بەڵام عاملی هەرە موهیم کە لەژێر پەردەدا یاری دەکا عاملێکی ترە کە ئەویش سیاسەتی جنایەتکارانە و شوومی ئیستعمارە. ئەم سیاسەتە خائنەی ئیستعمار لە هەر بەرگ و شکڵێکدا بێت، هەیە و ئەوەی دەبێتە سەبەبی تێکدانو غەسبکردنی ئازادیو ئەسیرکردنی میللەتان هەر عەینی ئیستعمارچییە کە زۆر دەمێکە دەیناسین و لەگەڵمان ئاشنایە، لەبەر ئەوە واجبی موهیمی حزبی دیموکراتی ئێمە ئەوەیە کە هەمیشە لە هەموو موناسبەتێکدا پیلانی جنایەتکارانەی ئیستعمارچییان ئیفشا و تێک بدەین.

٩- براکانم، یەکێ لەو نیشانانەی کە ئێمە زۆرتر بە مەقسەدمان دەگەیەنێ ئەوەیە کە لەپاش شەڕی گەورەی دووەمی دنیا لە شەرق و غەربدا دەوڵەتانی دیموکراتی تازە هاتنە وجوود کە بە یەکێتی و پێشکەوتن و مەدەنییەتی خۆیان خەڵقی دنیایان خستە حیرەت و نەزەری ئەوانی بۆخۆ جەلب کرد. لە لایەکیترەوە دوژمنی هەرە گەورەمان کە ئیرتجاع و ئیستعمارە زەعیف بووە و خەریکی ڕووخانە. بینای پیرە ئیستعمارچیی ئینگلیز لە لەرزین و ڕووخان دایە کەوا بەرەو مردن و قەبر دەڕوا. هەروەها ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە خەریکە جێگەی ئینگلیز بگرێتەوە هەم لە تاکتیکی ئیستعماردا زەعیفە و هەم زۆر بە دوورکەوتووە و تاخیر بووە، چونکە ئیمپریالیزمی ئەمریکا خەریکە سیاسەتی شوومی ئیستعماریی خۆی بەهۆی دۆلارەوە پێش بخات، بەڵام هەر وەڵاتێک کە تا ئێستا دۆلاری ئەمریکای داخڵ بووە لەگەڵ خۆی ئەسارەت و فەقیری و برسیەتی و ڕووتیشی داخڵ کردووە بە عەلاوەی ئەوەی بە گوێرەی قانوونی ئیکتشافی تەبیعەت ئیدی سیاسەتی ئیستعماری لە مەحوو نابوود بووندایە کە بەوەش حەلبوونی مەسلەی ئازادیی ئێمە قەتعییە و بێ شوبهەیە.

باسێکی موختەسەر لە وەزعیەتی سیاسی و ئیقتسادی و ئیجتماعی کوردستانی ئەمرۆمان:

١- کوردانی تورکیا کە لەژێر زوڵم و فشاری وەحشیانەی تەبەقەی حاکمی فاشیستی تورکیادا لەژێر تهدید و ترسێکی بێ نەزیر دەژین، دەتوانین ئەوانە وەکو لە حەپسخانەیەکی تاریک کە هیچ ڕووناکییان بۆناچی و لەلایەن درندەی وەحشی فاشیزم محافزە دەکرێن، حسابیان بکەین. لەناو ئەواندا هیچ نەوعە تشکیلاتێکی نهێنی و عەلەنی نییە، بەڵام ئەو جوانانەی کورد کە وەختی خۆی بۆ تورکیا و بۆ سوریا هجرەتیان کردووە و لە سوریادا حزبی "دیموکراتی کورد"یان تەشکیل داوە توانیویانە بەعزێ ئەفکاری سیاسیی خۆیان لە کوردستانی تورکیادا و بەتایبەتی لە مەنتیقەی دیاربەکردا لەبەینی خوێندەواران و ڕوئەسای کورددا بڵاوبکەنەوە. هەروەها حزبی "ئازادی" کە لە بارزان تەشکیل کراوەو حزبی "دیموکراتی کوردستان" کە لە ئێران تەشکیل درا توانیویانە بەعزێ ئەفکاری سیاسی لەناو کوردستانی تورکیا کە نزیکی سەرحەدی کوردستانی ئێران و بارزانە بڵاوبکەنەوە. لە نەتیجەی حوکمی فاشیزمی تورکیا و ئەو

جنایەتە وەحشییانەی تورکیا کە لە کوردستان کردوویەتی و بە ئیجباری هەزاران کوردیان بۆ وڵاتی دووری تورکیا تەبعید کردوون، ئێستا لە تورکیادا تەبەقەیەکی تازەی کورد لە کارگەران و خوێندەواران لەناو کوردی تورکیادا هاتووەتە وجوود کە ئەم تەبەقەیە هەمیشە لە هەموو لەحزەیەکدا زۆر بە ئیشتیاقەوە چاوەڕێی فرسەت دەکەن کە بۆ نەهزەتی کورد تەشکیلاتی وەتەنی و دیموکراتیی خۆیان دامەزرێنن.

٢- حاڵی کوردانی عێراق تا دەرەجەیەک لە حاڵی کوردانی تورکیا و ئێران باشترە. سەبەبی ئەوەش ئەوەیە کە لەلایەکەوە ئەو ترس و تەهدیدەی کە هەمیشە حزبەکەمان بەرعەلەیهی حکومەتی عێراقی نیشان داوە و لەلایەکی تریشەوە لە نەتیجەی ئەو کۆمەک و یارمەتییەی کە ئەحزابی کۆمونیست و دیموکراتی وەتەنیی عەرەب کە لە عێراق و عەرەبستان تەشکیل کراون بۆ تەئیدی تەڵەباتی ئێمە و نەهزەت و پێشکەوتنی کورد بەرعەلەیهی ئیستعماری بێگانە. نیشانیان داوین.

لەو حزبانەی کە هەمیشە کۆمەکیان پێکردووین، دەتوانین ناوی حزبی کۆمونیستی عێراق و حزبی دیموکراتی وەتەنی و حزبی میللەت و یەکێتیی کارگەران و سائرە بێنین کە لە نەتیجەی ئەم سەبەبانە حکومەتی عێراق و ئاغا ئینگلیزەکانیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی بەعزێ ئینسانی سادە و بۆ ساکت کردنی ئەحزابی کورد تا دەرەجەیەکی موعەیەن تەسهیلاتیان نیشانی میللەتی کورد داوە. جگە لەمانە لە کوردستانی عێراق ئەحزاب و تەشکیلاتی سیاسیی نهێنی و عەلەنی هەیە کە لەمانە لە تەشکیلاتی عەلەنی وەکو حزبی دیموکراتی وەتەنی و حزبی یەکێتیی کارگەران کە لە شارەکاندا تەشکیل کراوە و تەشکیلاتی خەڵقی عێراق. لە تەشکیلات و ئەحزابی نهێنی وەکو حزبی دیموکراتی ئێمە کە لەم زەمانی ئاخردا لەگەڵ حزبی کۆمونیستی کورد بوون بەیەک حزب و حزبی ڕزگاریی کورد. ئەم هەموو حزبانەش لە ئەوەڵین مەرحەلەی موبارەزەی خۆیاندا هەموویان یەک ئامانج و یەک غایەیان هەیە کە ئەویش نەهزەتی میللەتی کوردو بەرعەلەیهی ئیستعمار موبارەزە کردنە.

٣- کە بێینە سەر حاڵی کوردستانی ئێران دەبینین کە لەپاش تەواوبوونی شەڕی ئاخرمان کە زیدی ئیرتجاعی ئێران بوو ئەو جنایەتە وەحشیانە و تیرۆرەی کە دەوڵەتی ئیرتجاعی تاران لە کوردستاندا کردی و دەیکا هەتا دەرەجەیەک کوردستانی

ساکت کردووە، بەڵام دەبێ زۆر چاک بزانین کە ئەو جنایەت و تیرۆر و ئیعدام و حەپس و تەبعید و تاڵانەی کە دەوڵەتی ئێرتجاعی ئێران لە کوردستاندا دەیکا و ئەو عەکسی تەبلیغاتەی کە جاسوس و خائینانی وەتەنفرۆش و بە وەسیلەی دۆلار و زەبری ئەمریکاوە دەیکەن، ڕەدی موبارەزەی کوردی ئێرانی سەدقات زیاتر کردووە و ئەو هەموو دێهاتی و کرمانج و عالم و ڕەئیس و گەورەی وەتەپەروەری کوردی ئێران، چەک و سیلاحی خۆیان لە چیاکاندا شاردووەتەوە و زۆر بە ئیشتیاقەوە بەرعەلەیهی ئیستبدادو زوڵم و لە پێناوی نەهزە و پێشکەوتنی کورد بۆ موبارەزەیەکی قەتعی چاوەڕێی فرسەتی موبارەزە دەکەن کە ئەمجارە بۆ وەرگرتنی ئینتقامی عادلانە لەگەڵ ئیستعماری جنایەتکار و ئیرتجاع هیچ جۆرە مجامەلەیەک و ڕەحم ناکەن. بە تەبیعەت ئاشکرایە کە لە دنیادا هیچ میللەتێک نییە چەند کەسێکی وەتەنفرۆش و خائینی تێدا هەڵنەکەوێ، لە کوردستانیش ئەمساڵی عومەرخانی شکاک و نوری بەگ و مام عەزیز و عەلی ئیلخانی و محەمەد ئاغای عەباسی خائین و وەتەنفرۆش هەڵکەوتووە، بەڵام ئەمانە لە بەرامبەر کرمانج و دێهاتی و ڕەئیس و گەورەی وەتەنپەروەری کورددا حائیزی هیچ جۆرە ئەهمییەتێک نین. هەموویان دەزانن کە کوردستانی ئێستای ئێمە لەم تەبەقانەی خوارەوە تەشکیل دەبێ:

١- دێهاتی و کرمانجی کورد کە گەورەترین تەبەقەی میللەتی کورد تەشکیل دەکەن.

٢- باسەواد و خوێندەواران کە ئەمانەش لە عالمانی دین و موعەلیم و تەڵەبە و مەئمورینی گچکەی حکومەت عیبارەتن و تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

٣- کارگەرانی کورد کە لە شارە گەورەکانی کوردستاندا وەکو شاری کرماشان و دیاربەکر و وان و مووسڵ دەژین، تەبەقەیەکی کەم تەشکیل دەکەن.

٤- ساحێبی سەنعەتانی گچکە کە ئەمانەش تەبەقەیەکی زۆر کەم تەشکیل دەکەن.

٥- ئاغا و ڕەئەسای عەشایری کورد کە ئەمانەش تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

٦- توجار و بەقاڵەکان کە ئەمانەش تەبەقەیەک تەشکیل دەکەن.

بەم جۆرە قسمێکی گەورەی کوردستانی ئێمە لە مەرحەلەی دەرەبەگ و فئۆداڵ دایەو قسمی دووەمیش لە مەرحەلەی بورژوازی دایە. بە عمومییەت میللەتی کورد

حاڵی حازر بەکوللی تەعەسوب ئیحترامی ڕەئیسەکانی خۆیان و بەتایبەتی و بە ئیخلاسەوە ئیحترام و ئیتاعەی ئەو ڕەئیسانەیان دەکەن کە لە ڕێی کوردستاندا فیداکارییان کردووە و سەریان لەبەر دوژمن نەچەماندووەتەوە و محافزەی پاکیی ئەخلاقی ژن دەکەن و ئیحترامی میوان دەگرن و زۆر بەتوندی محافزەی ناو و شەرافەتی عائیلە و قەبیلەی خۆیان دەکەن و دیفاع لێ دەکەن و عادات و عەنعەنەی خسوسیی میللەتی کوردیش لەوە دایە کە هەمیشە دەیەوێ بە ڕوحێکی ئازاد و مەرد بژیت و لەپاش ئەوەی کە خۆی لەسەر ئیشێک بەحەق زانی، بێ حەق سەر ناچەمێنێ و بۆ ئەو قسە حەقانەی کە دەیکا و ئەو پەیمانانەی کە دەیدا هەتا مردن ئیخلاس نیشان دەداو بەعیناد دیفاعی لێ دەکاو بەرعەلەیهی ئەو کەسانەی خائینن‌و مەسڵەحەتی کورد لە پێناوی مەسڵەحەتی شەخسی خۆیان لەژێر پێ دەنێن و دروزنن، نەفرەت و کراهەت نیشان دەدەن. ئەمانەن کە لە ڕوحییەت‌و ئەخلاقی میللەتی کورد موهیمترینن و یەکەمین جێگا دەگرنەوە کە زۆر پێویستە ملاحەزە بکرێن. میللەتی کورد بەکوللی بە تەبیعەتی خۆی مائیلی قانوونی دیموکراسییە.

ئامانجی سیاسی

١- لەگەڵ ئازادکردنی کوردستانی ئێران جمهورییەتێکی دیموکراسی دامەزرێ و لەلایەن مەجلیسێکی میللی بە ئازادی و بە هەڵبژاردنی دەنگی نهێنی هەڵدەبژێرین، ئیدارە بکرێ

٢- دەستی برایەتی و یەکێتی بدەینە دەست فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و بە یەکەوە بەرعەلەیهی ئیرتجاعی ئێران و ئیستیعماری بێگانە موبارەزە بکەین و هەتا وەکو خەڵقی ئێران بە ئازادیی حەقیقیی خۆی و قانوونی خۆی بگات موبارەزەکەمان بە یەکەوە دەوامی پێ بدەین.

٣- ئەو جمهورییەتە کوردییەی کە لە کوردستانی ئێران تەشکیل دەبێ، دەبێتە ئیستنادگاە بۆ ئازدکردنی هەموو کوردستانی گەورە.

وە ئەم جمهورییەتە کوردییەی کە لە عێراق و تورکیادا هەوڵی تەشکیلدانی ئەحزابی دیموکراسی دەدا و لەو جێگەیانە حەرەکاتی ئازادی بەهێز دەکات و تاوەکو

هەموو کوردستان لە زنجیری ئەسارەت و نفوزی بێگانە ئازاد دەبێ، پێویستە موبارەزەی خۆی پێ دەوام بدا.

٤- حزبی ئێمە لەگەڵ هەموو ئەحزاب و تەشکیلاتی دیموکراسی و پڕۆگرەسی کە لە شەرقی ناوەنجیدا تەشکیلی هەیە، وەکو دۆست و برا هەرە نزیکمان حزبی دیموکراتی ئازەربایجان و حزبی تودە و ئەحزابی دیموکراتی عەرەب و تورک، عیلاقەیەکی موحکەم پەیدا بکا و تاوەکو لە شەرقی ناونجیدا نفوزی ئیستعمار و ئیرتجاع و ڕوحی فاشیزمی مەحو و نابوود دەکا بە یەکەوە لەگەڵ ئەوان موبارەزە دەکا.

٥- بەستنی پەیمانێکی سیاسی و ئیقتسادی لەگەڵ حکومەتی میللی ئێران و حکومەتی میللی ئازەربایجان بۆ یەکێتیی جەبهەی مودافەعە بەرعەلەیهی فشاری خارجیی موتەقابل لە پەیماندا.

٦- بەستنی پەیمانێکی دۆستایەتیی سیاسیی و ئیقتسادی لەگەڵ حکومەتانی دیموکرات کە حکومەتی شورەوی لەپێش هەموویان دەیت.

٧- بەگوێرەی وەزعی ئێستای کردستان، بۆ دەوام پێدانی حاکمیەتی موتڵەقی دیموکراتی لە کوردستاندا، پێویستە هەموو تەبەقەکانی کورد و ئەو خەڵقانەی کە لە کوردستاندا دەژین، بەبێ فەرق و جودایی بە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد لە حوکمدا ئیشتراک بکا.

ئامانجی ئیقتسادیمان

٨- پێویستە حاڵی میللەتی کورد بەتایبەتی دێهاتی و کرمانجی کورد، چاک و خۆش و مەدەنی بکرێ.

٩- هەموو جەنگەڵەکان و ڕووبارەکان و ڕێگەکان و مەعادنی ژێر عەرد و بانکەکان و کریستاڵەکان و پاوانەکان، دەبێ موڵکی عمومی میللەت بێ.

١٠- ئەو ئەرازییانەی کوردستان کە لەلایەن دەوڵەتە ئشغالکەرەکانەوە داگیر کراوە و کراون بە خالیسە، پێویستە لەسەر کرمانج و دێهاتیی فەقیر تەوزیع بکرێ.

١١- بۆ ئەوەی لە کوردستان تەبەقەی کارگەران ئیجاد بکرێ و کوردستان لە مەرحەلەی دەرەبەگیەوە بە زوویی بچێتە مەرحەلەی بورژوا، پێویستە لە مەوادی

خامی کوردستاندا ئیستفادە بکرێ و تەشجیعی سناعەت بکرێ و بەتایبەتی تەشجیعی سەنعەتی ئالات و ماشێنی زراعی بکرێ.

١٢- بۆ ئەوەی محافزەی حقووقی دێهاتی و کرمانج بکرێ، پێویستە بەپێی قانوون بەینی کرمانج و ساحیب موڵک موعەیەن بکرێ کە بەهۆی ئەو قانوونەشەوە دێهاتی و کرمانج مقابل بە زەحمەتی خۆیان قسمێکی کافیی مەحسوولەکەیان بۆخۆیان هەڵگرن. هەروەها پێویستە بۆ کارگەرانیش قانوونی کارگەر دابنرێ کە حقووقی کارگەر مقابل بە کارفەرما محافزە بکرێ و حەقی زەحمەت و مودەتی ئیشی تێدا دیار بکرێ.

١٣- پێویستە بە قەتعی لە کوردستاندا شەریکاتی ئەجنەبی و ئیستسمارچی قەدەغە بکرێ و پێویستە عەناسری ئیحتکارچی و ئینحسارچی لە کوردستاندا مەحو و نابوود بکرێ و لە جیاتی ئەوان بە گوێرەی مەسڵەحەتی میللەت و لەژێر نەزارەتی حکومەتی میللی، شەریکاتی کۆپراتیڤ دروست بکرێ.

١٤- بانکێکی مەرکەزی تاسیس بکرێ بۆ ئەوەی کرمانجی کورد لە فائیزە و قەرز ڕزگار بکرێ، بانکێکی زراعیش پێویستە دروست بکرێ.

١٥- تیجارەتی داخلی و لەگەڵ دەوڵەتانی دیموکراتی تجارەتی خارجی و مەسنووعاتی وەتەنی و ئیشی کۆپراکتیڤ پێویستە تەشجیح بکرێ.

١٦- هەموو مەعادنی ژێر عەرد و بەتایبەتی مەعدەنی نەوت پێویستە ئیستحساڵ بکرێت.

١٧- دەبێ جەنگەڵەکانی کوردستان و زراعەت لە کوردستاندا و بەتایبەتی زراعەتی تووتن لەسەر ڕێوشوێنی فەنیی تازە چاک بکرێ و لە پێناوی مەنافعی میللەت ئیستفادەی لێ بکرێ.

١٨- پێویستە فکر بدرێتە زۆرکردن و چاککردنی جنسی مەڕومالاتی کوردستان.

١٩- تەکالیفی دەوڵەت دەبێ لەگەڵ مەعیشەت و واریداتی میللەت موتەناسیب و عادیلانە بێت.

ئامانجی ئیجتیماعی

٢٠- پێویستە لە کوردستاندا تەرەقی بە عیلم و سەواد بدرێ و هەتاکو سنفی شەشەم خوێندن دەبێ ببێتە ئیجباری و بۆ تەربییەی منداڵان دەبێ باغی منداڵان

بکرێتەوە و بۆ ئەوەی ژن لە حەیاتی ئیجتماعی ئیشتراک بکا، پێویستە مەکتەبی کچان بکرێتەوە و بە سەواد بکرێن. هەروەها پێویستە لە کوردستاندا مەکتەبی عالی بکرێتەوە و بۆ خوێندن و عیلم وەرگرتن، بۆ وڵاتانی دیموکراسی زۆر تەڵەبە بنێردرێن و دەبێ خوێندن بە زمانی کوردی بێت، ئەهمیەت بدرێتە ئەدەبیاتی زمانی کوردی.

٢١- پێویستە بەرعەلەیهی ڕوحی دەرەبەگی و ئاغایەتی و عەشیرەتی و میللەتچییەتی و بەرعەلەیهی ئیختلافاتی موزیڕ وەک ئیختلافاتی مەزەبی و قەومی و دینی و سائرە موبارەزەیەکی قەتعی بکرێ.

٢٢- پێویستە لە کوردستاندا زۆر نەخۆشخانە بکرێتەوە و دەبێ لە نەخۆشخانەکاندا نەخۆش بەخۆڕایی تەداوی بکرێن و هەروەها پێویستە بۆ ئەو نەخۆشییانەی کە لە کوردستاندا زۆرن نەخۆشخانەی عالییان بۆ بکرێتەوە، بەتایبەتی بەرعەلەیهی نەخۆشی مەلاریا پێویستە زۆر موبارەزە بکرێ.

٢٣- پێویستە لەژێر نەزارەتی حزبی ئیمەدا تەشکیلاتی یەکێتیی کارگەران و یەکێتیی دێهاتی و تەشکیلاتی ئیجتماعی کە پێویست بێ، دروست بکرێ.

٢٤- پێویستە بەگوێرەی مەدەنیەتی عەسری تازە و بۆ نمونە دێهاتی مەدەنیی تازە لە کوردستاندا دروست بکرێن.

٢٥- پێویستە زمان و قەڵەم و دین و موعتەقەدات جگە لە فاشیزمی، ئازاد بێت.

٢٦- پێویستە تەشکیلاتی تەربییەی بەدەن و سینەما و تیاترۆ دروست بکرێن و تەشجیع بکرێن.

٢٧- پێویستە عەناسری ڕەشوەتخۆر و مونافیق و خۆدپەسند و ڕوحی مودافەعەی مەنافیعی خزمایەتی مەحو بکرێتەوە و موبارەزەی قەتعییان بکرێ و ئەعمالی فاحیشە و تریاک و قومار مەحو بکرێت و لە جیاتیی ئەوە تەشجیعی مەقدیرەی شەخسی بکەین و بۆ گەیشتنی مەناسیبی گەورە و پێشکەوتنی ئەوانەی کە لە پێناوی مەسڵەحەتی عمومیی میللەتدا فیداکاری و ئیخڵاس نیشان دەدەن، کۆمەکیان پێ بکەین.

ئامانجی عموومیمان

٢٨- بۆ ئەوەی کوردستانی ئازاد مودافعە بکرێ پێویستە و فەرزە لەسەر هەموو فەردێک کە لە کوردستاندا دەژیت مودەتێکی موعەیەن تەعلیماتی عەسکەری ببینێت و خزمەتی عەسکەری بکات.

٢٩- پرۆگرام و مەناهجی حزبی ئێمە بەشەرتی محافزە کردنی ئەساسی، دیموکراسی بە گوێرەی وەزعی سیاسی و ئیقتسادی و ئیجتماعی کوردستان پێویستە بەپێی زەمان ئیسلاح و گۆڕینی مومکن بێت.

٣٠- حزبی ئێمە پارێزگاری لە مەسالحی هەموو تەبەقاتی میللەتی کورد ئەکات، بۆیە هەموو ئەسنافی ئاغایان، کرمانجان، توجاڕان، کارگەران، ڕۆشنفکران، خوردە مالکان، سەنعەتکاری بچووک ئەگرێتەوە و هەموو ئەو ئەسنافانە کۆ دەکاتەوە لەژێر یەکێتیی جەبهەی ئازادیی نیشتمان مودافەعەی مەسالحی موشتەرەکی هەموو تەبەقات. موبارەزە لەبەینی تەبەقاتدا لە کوردستاندا لەژێر ڕەهبەریی ئەم حزبە جائز نییە.

٣١- حزبی ئێمە حزبێکی پرۆگراسیڤە لە ماهییەتدا هەروەکو لە بەرامج و تاکتیکیا بەدەر دەکەوێت.

٣٢- لە نەتیجەی ئەم موبارەزە قەتعیەی ئێمەدا پێویستە شکلی حاکمیەتی موتلەق دیموکراسی کە لە کوردستاندا دادەمەزرێ، لە مەناهیج و پرۆگرامی حزبی ئێمەدا نیشان بدرێ و هەر ئەوەشە ئێمە دەتوانین تەئمینی مەنافیع و ڕەغبەتی حەقیقی و ئازادی میللەتی کورد بکەن. بێجگە لەوە هەر نەوعە حاکمیەتێک لەژێر پەردەی دیموکراسی و بەناوی ئازادی کە لە نەتیجەی فیکر و خەیاڵی مەنحووسی ئیمپریالیزمانەوە لە کوردستاندا دادەمەزرێ، بەرعەلەیهی مەنافعی کوردە کە زیاتر دەیەوێ میللەتی کورد لەژێر زنجیری ئەسارەتدا پان بکاتەوە. کەوابێ واجبی ئێمە ئەوەیە کە هەر نەوعە تەشکیلاتێک وەیان حاکمیەتێک کە ئیلهامی لە حزبی ئێمەوە وەرنەگرتبێ و لەسەر ئەساسی دیموکراسی لەژێر ڕەهبەریەتی حزبی دیموکراتیی ئێمە دانەمەزرێ، ئەو حاکمیەتە وەیا تەشکیلاتە پوشالییە ئیختراعی ئیمپریالیزمی مەنحووسە و بەرعەلەیهی مەنافعی کوردە، پێویستە لەسەر ئێمە موبارەزەی ئەو نەوعە تەشکیلات و حاکمیەتە پوشالییانە و هەموو پیلانەکانی تری ئیمپریالیزم بکەین.

خۆلاسە، ئەمە لەبابەت تاریخی کورد و ئەو عامیلانەی موهتەم کە بوونەتە مانیعی نەهزەت و مەدەنییەتی کورد و وەزعییەتی حاڵی حازری کوردستان تەنیا شتێکی موختەسەر کە لە نەتیجەی شەخسیی خۆمدا و لەو مەعلوماتانەی کە موبارەزەکانی دوور و درێژی ژیانمدا بەدەستم کەوتوو و بە خیاڵمدا هات ئێستا بۆ ئێوەم شەرح دا. بە تەبیعەت هیچ شوبهە ناکەم کە ئێوەش هەر یەکێکتان لە نەتیجەی تەجربەی شەخسیی خۆتان موعلوماتی زۆرتان هەیە. لەبەرئەوە خواهیش دەکەم لێرەدا ئێوەش هەر ڕایەک کە هەتانە شەرحی بدەن کە ئێمە لە نەتیجەی مناقشەوە بە گوێرەی مەسڵەحەت و مەنافیعی کورد بگەینە نەتیجەیەکی معەیەن و ئاشکرا، چونکە هەر ئەوەیە کە تەعینی خەتی حەرەکەتی ئەساسیی حزبی ئێمە دەکا و لە جەلەسەی ئایندەماندا دەخرێتە دەنگدان و لەپاش قەراردان شکڵی پڕۆگرام و مەناهیجی حەقیقی وەردەگرێ و عەمەلی پێ دەکرێو لە جەلەسەکانیترماندا نیزامی داخلیش مناقشە دەکرێو ئێمە لە خودای گەورە دوعا دەکەین کە ئێمە بۆ گەیشتنی غایەکەمان موەفەق بکا.

ئێمە لەژێر شیعاری: وەتەنی ئازاد و میللەتی خۆشبەخت موبارەزە دەکەین.

سڕی عەقیدەی غالب بوونمان لەوەدایە کە موبارەزەی ئێمە حەقە و بۆ مەنافعی میللەتەکەمان و ئینسانیەتە.

پەیمانی ئێمە بۆ میللەتی کورد

ئەی میللەتی کوردی مەزلووم و فیداکار، ئێمە بە شەرافەتی مبادیی دیموکراسیمان و پاکیەتیی ڕوحییەتی نیشتمانپەروەریمان عەهد و پەیمان دەدەین کە شەریکی ژیان و ئاسوودەیی نەبین تاکو حقووقی داگیرکراوت بۆ ئیعادە بکەینەوە و لە ڕێگەی نەجاتبوونت لە زوڵم و سەرگەردانیی ئەسارەتی حوکمی بێگانان لە نفووزی شوومی ئیستیعمار و سەرنەکەوتنی کۆنەپەرەستی لە هێز و هیممەتمان خەرج بکەین. وەعد و پەیمان بێت کە قازانجی مەسڵەحەتی شەخسیی خۆمان بکەینە قوربانی مەسڵەحەتی عمومیی تۆ و هەموو حەز و مەیل و ڕەغبەتی خۆمان بکوژین بۆ دەرخستن و بووژاندنەوەی مەقسوود و ئامانجی بەرزی تۆ بۆ تەقوییەتی یەکێتیی ناوخۆیی و پێشخستنی نەهزەتی میللی نەتەوەی کورد.

هەروەکو تا ئێستا نیشانمان داوە لە مەیدانی موبارەزەی میللیدا هەموو بەرنامە و تەعەهوداتی ئێمە کار و تێکۆشین و خەدەماتی فیعلی بووە و هەمیشە ئێمە دوور بووین لە گوتەی بێ سەمەری پروپاگەندەیی نەزەری. نەتایجی خەدەمات و فیداکاریی ئێمە لەژێر شەرایتی گران و ئینجازی سەختدا لە تاریخی موبارەزەی دوورو نزیکی ئێمە بۆ هەموو کەس مەعلووم بووە لە کوردستاندا. چاندنی ڕەگی نیشتمانپەروەری و داگیرساندنی پڕشنگی ئازادیخواهی لەناو هەموو تەبەقاتی میللەتی کورد یەکێکە لەو نەتایجانە و ئەگەر لە شاخ و داخ و دەشت و جەنگەڵەکانی کوردستان بگەڕێین، لە هەموو جێگەیەک ئاساری موبارەزە و مودافەعە و حەرەکاتی شۆڕش و ئازادیمان دەبینین وەکو سەنگەر و خەندەق و قەبرستانی شەهیدانمان، لەمە زیاتر چی هەیە کە ئیسپاتی ڕاستیی پەیمانمان بکات؟

ئەمە هەر واجبی خۆمانە مەوتنی شیعاری ئێمە لێرەدایە: نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار.

ئەی ڕوحی شەهیدانی پاک و بێ گوناه، سوێندتا بۆ دەخوێن کە ئەو موبارەزەیەی ئێوە بە قارەمانی دەستتان پێکرد و لەو ڕێگەیەدا خۆتان فیدا کرد، ئێمە تەواوی بکەین و تۆڵەی ئەو خوێنە پاک و خۆشەویستەتان کە لە ڕێی حەق و ئازادیدا ڕشتتان بە ئینتقامی عادیلانە لە خوێنمژ و فاشیست و ئیشغاڵگەرەکان بستێنین، تاکو بۆیان ئیسپات بکەین کە ئێمەش لە نەتیجەی قارەمانەتی بێ نەزیر و ئیمان بەرزیی ئێوەدا، بووین بە خاوەن ڕوحییەتێکی بڵند و شعوورێکی ڕووناک کە بەوەش هەقمان هەیە بڵێین ئێمەش نەتەوەی ئەو قارەمانانەین و سەری میللەتی کوردیش لەناو میللەتانی دنیا بەرز بکەینەوە. لەپاش ئەوە بوو کە ئێمە توانیمان لەژێر شەرایەتێکی زۆر گراندا هێزی دیموکراتیی ڕزگاریی کوردستان تەشکیل بدەین لە مودەتی شەش مانگ لە مقابل هێرشی دوژمن، کوردستانی ئازادی مودافەعە کرد و بە مناسەبەتی تەغییری مەوافیقی سیاسەتی خارجی و تێکچوونی تەشکیلات داخلی کوردستان، کۆنگرەیەک تەشکیل درا لە عامییەتی مەناتقی کوردستان وەکو "سەردەشت، لاجان، نەغەدە، شنۆ، دۆڵی بەراندوز، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ لە شنۆ لە ڕۆژی ١٩٤٧/١/١٥ –١٣٢٥/١٠/٢٦.

ئەم کۆنگرەیە بەعزێ قەراراتی قەبووڵ کرد و بەرنامەیەکی تازەی دانا بۆ ئەوەی معالەجەی مەوقیفی تازەی ئەم مقەڕاڕاتانە و بەرنامەیە لەسەر ئامانجی سیاسی- ئیقتسادی- ئیجتماعی و عموومی تازەمان دیار دەکرێن کە بەعزێ تەغەیرات لە بەرنامەی حزبی ئەسڵی نیشان ئەدات. سورەتێک لە مقەڕەڕاتی کۆنگرەی شنۆ بە زمانی ئەجنەبی تەرجەمە کراوە و بۆ ڕەفیقەکانمان لە ئێران ناردراوە بۆ مەعلومات لە ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٠.

پێویستە ئەم معلوماتانە ئیعلان بکەین.

ئامانجەکەمان

لەو هەموو مەوزووعانەی کە تا ئێستا بۆ ئێوەم تەفسیل کرد ئیستنتاجی بەعزێ ئامانج دەکەم کە بە پێویستی دەزانم حزبەکەمان لە ئەوەڵین مەرحەلەی موبارەزەکەیدا ئەم ئامانجەی لەنەزەر بگرێت.

١- بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، نوسینی پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی، لاپەڕەی ٢٦٢، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠١٠.

٢- بۆ نوسینی ئەم بەشە جگە لەو سەرچاوانەی سەرەوە، کەڵکم لەم کتێبانەش وەرگرتوە: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد، نوسینی حامید گەوهەری ٢٠١٢، ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، دانان و ئامادەکردنی سەردار محەمەد و عەبدولڕەحمان هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو.

دوورخستنەوەی بارزانییەکان بۆ کۆماری ئۆزبەکستان

باقرۆڤ درێژەی بە دوژمنایەتی لەگەڵ بارزانیدا، بەڵام نەیتوانی وەک پیشەوەریی لە نێوی بەرێت. لە نامەیەکیدا بۆ مۆسکۆی نوسی: (**مستەفا بارزانی کابرایەکە لە باری سیاسییەوە ناشارەزا و نەخوێندەوار و بە تەمایە شێخ نشینێک لە هۆزە کوردەکان دروست بکات و خۆی ببێتە سەرۆکیان. بارزانی هاتنی خۆی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەشتێکی کاتی دەزانێت و هیچ بەرپرسایەتییەک بەئەستۆ ناگرێت. داوا دەکەم کوردە بارزانییەکان لە خاکی ئازەربایجانو لەسەر سنوری ئێران دوور بخرێنەوە.**) ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت بە نامەی ژمارە ١٣١٠٢٢- ٣٩٤٣- ١٩٤٨/٨/٩ وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت، بارزانییەکانی لە باکۆوە گواستەوە بۆ ئۆزبەکستانو لە ئۆردوگای پێشووی وەزارەتی دەرەوە لە "ئێستگەی کۆنسۆمۆڵی سەرووی هێڵی شەمەنەفەری تاشکەند" نیشتەجێی کردن و دەرەتانی ژیان و پەروەردەی سەربازیی بۆ پێکهێنان. مامۆستایەکی تایبەتی بۆ بارزانی دانا کە فێری زمانی بکات. بارزانی لەکن ئەو مامۆستایە فێری قسەکردن بە زمانی ڕوسی بوو، و تا ڕادەیەکیش توانی ڕوسی بنوسێت.

بارزانی بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجەکانی، ڕۆژی ١٩٤٨/٩/٢٤ چاوی بە "یوسۆپۆڤ" سەرۆک وەزیرانی کۆماری ئۆزبەکستان کەوت و ناڕەزایی خۆی سەبارەت بە چۆنیەتی باری ژیانی هەڤاڵانی دەربڕی و داوای لە یوسۆپۆڤ کرد کە پێنج لە ئەفسەرانی بۆ دیتنی خولی حیزبی بنێردرێتە خوێندگەی حیزبی لە شاری تاشکەند و چەند کادیریش فێری فڕۆکەوانی بکەن. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی باری ژیانیان و بەرنامەکانیان داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ ستالین کرد.

یوسۆپۆڤ بەڵێنی پێدا پشتگیریی بکات، بەڵام باقرۆڤ لەوێش دەستی لێ هەڵنەگرت و توانی لەگەڵ "لاورنتی بێریا" کۆمیسێری کاروباری نێوخۆی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، مۆسکۆ ڕازی بکەن بە بڵاوکردنەی زیاتری بارزانییەکان و جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی بارزانیی لە هەڤاڵانی.

ئەوە لە کاتێکدابوو کە هێشتا بارزانییەکان وەک پەنابەر لە سۆڤیەت قەبووڵ نەکرابوون و بە گوێرەی یاسا دەرەتانی کار و خوێندنیان بۆ جێبەجێ نەدەکرا و تەنانەت چونکە هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون و مستەفا بارزانیی پێی لەسەر ڕزگاری و سەربەخۆیی کورد دادەگرت و ئامادە نەبوو، پەیڕەوی لە بیری کۆمونیستیی سۆڤیەت بکات، کاربەدەستانی سۆڤیەت زۆر بە توندی ئەوانیان خستەبەر گوشار و لێکدابڕان کە بەڵکوو بتوانن پێوەندیی مستەفا بارزانیی لەگەڵ هاوڕێیەکانی بپچڕن. لەم بارەیەوە وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە هەڵسوکەوت و چلۆنایەتی بارزانییەکان بە ژمارە ٥١٩ K ١٠/ ١٩٤٩/٢ ئاراستەی ستالین کرد کە ئەمە دەقی ڕاپۆرتەکەیە:

بۆ هاوڕێ ستالین ژمارە ٥١٩ K ١٠/ ١٩٤/٢

وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بە هەڵسوکەوت و چلۆنایەتی دەستەکانی کورد کە ساڵی ١٩٤٧ هاتوونەتە نێو خاکی ئێمە، ڕاپۆرتێکتان ئاراستە دەکات. دەستەکانی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی کە ژمارەیان ٤٩٩ کەسە لە ١٧ و ١٨ مارسی ١٩٤٧ لەلایەن ئێرانییەکانەوە کەوتبوونەبەر پەلامار و ڕاونان. بە چەک و تەقەمەنی و وڵاخەوە سنوری سۆڤیەت و ئێرانیان بڕیوە و هاتوونەتە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە و ڕاگیراون و چەککراون. مستەفا بارزانی ڕایگەیاند چەکدارەکانی لەنێو خاکی عێراقدا ڕێکخراون و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ ژیانێکی کۆچەرییان بردوەتەسەر و تفاق و خواردەمەنی و تەقەمەنییان لە ڕێگەی ئێرانەوە بە دەست خستووە. بارزانی بۆ ماوەیەک پشوودان، داوای مانەوە لە یەکێتی سۆڤیەت دەکات.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیست "بولشویک"ی ئازەربایجان باقرۆڤ پێشنیازی نیشتەجێ کردن و ڕێکخستنی خواردەمەنی و دابینکردنی تفاق و فێرکردنی کاری سوپایی بۆ دەستە چەکدارەکانی بارزانی لە یەکێک لە ئۆردوگاکانی ڕۆخی دەریای کاسبی "خەزەر" بە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت کردوە. بەپێی بڕیاری دەوڵەت لە کوردەکانی بارزانی سێ دەستەی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانە و مێندانەر و گروپی پێوەندی و تانک پێکهات. لەلایەن وەزارەتی هێزە چەکدارەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە ٢٠

ئەفسەری سوپای سۆڤیەت بۆ پەروەردە کردنی مەشقی سوپایی بۆ پیاوەکانی بارزانی تەرخان کرابوون.

بەڵام پاش ماوەیەک دەرکەوت مستەفا بارزانی کابرایەکە لە باری سیاسییەوە ناشارەزا و نەخوێندەوار و بە تەمایە شێخ نشینێک لە هۆزە کوردەکان دروست بکات و خۆی ببێتە سەرۆکیان. بارزانی هاتنەکەی خۆی بە یەکێتی سۆڤیەت بە شتێکی کاتی دەزانێت و هیچ بەرپرسایەتییەک بە ئەستۆ ناگرێت. هەر بەهۆی ئەم هەڵوێستەی بارزانییە، باقرۆڤ ئەم بەرپرسیارەتییەی خستە بەردەمی دەوڵەتەوە تا وەکوو دەستە کوردەکان لەنێو خاکی ئازەربایجان، لەسەر سنووری ئێران دوور بخرێنەوە. بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٤٨/٨/٩ ژمارە ١٣١٠٢٢- ٣٩٤٣ وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت، دەستەکانی بارزانی لە باکۆوە گوازرانەوە بۆ نێو خاکی ئۆزبەکستان و لە ئۆردوگای پێشووی وەزارەتی دەرەوە "ئیستگەی کۆنسۆمۆڵی سەرووی هێڵی شەمەنەفەری تاشکەند" دانران و لەبارەی ژیان و فێرگەی سوپاییەوە بە ڕێکوپێکی دامەزران.

لە کۆتایی ١٩٤٨دا مستەفا بارزانی لەسەر ئەوە سوور بوو کە چاوی بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی "بولشویک" ئۆزبەکستان هاوڕێ یوسۆپۆڤ بکەوێت، ئەوە بوو داواکارییەکەی جێبەجێکرا. بارزانی لەم چاوپێکەوتنەدا ناڕەزایی خۆی لەسەر چۆنیەتی باری ژیانیان دەربڕی و بۆ ڕوونکردنەوەی باری ژیانیان و بەرنامەکانیان داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ هاوڕێ ستالین کرد. مستەفا بارزانی هەروەها داوای لە یوسۆپۆڤ کردبوو کە پێنج ئەفسەر لە کەسانی خۆی بۆ دیتنی خولی حیزبی بنێردرێتە قوتابخانەی حیزبی لە شاری تاشکەند. جگەلە فێربوونی وانەی سەربازی و ئەفسەری، کادیر فڕۆکەوانی و تانکداری و خراپکاری ئامادە بکەن. لە کۆتایی ئەم وتووێژانەدا هەروەها بارزانی گوتی: "ئەگەر بێتو دەرفەتی ڕۆیشتنی بۆ مۆسکۆ ڕێکنەخرێت بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیان دێنێت." لەم دوایانەدا ڕێبەرایەتی دەستەکانی بارزانی لە سەرەوەی هەمووان مستەفا بارزانی ناڕازی بوونی خۆی لەو بارودۆخەی تێیدان دەردەبڕێ. خەرجی ساڵانەی دەستەکانی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٩دا بە گشتی ٦،٦٦٢،٤٦٧ ڕۆبڵە.

ڕاگرتنی زیاتری دەستەکانی بارزانی لەم بارودۆخەدا لەوانەیە تووشی گیروگرفت و ناخۆشیمان بکەن، وەزارەتی نێوخۆی یەکێتی سۆڤیەت بە پێویستی دەزانێت، دەستەکانی کورد هەڵوەشێنەوە و بە گروپی بچووک بچووک دابەش بکرێن و بۆ قوڵایی ناوچەکانی ئۆزبەکستانی یەکێتی سۆڤیەت دوور بخرێنەوە، تا بەم جۆرە نەتوانن پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت. بەم شێوەیە بارزانی و هەڤاڵە هەرە نزیکەکانی دەرفەتی پێوەندی گرتن و کارتێکردنیان لەسەر دوورخراوەکان نابێت و لە پێوەندی گرتندا بێبەش بکرێن و دەبێ کاربەدەستانی خۆجێیی بۆ دابینکردنی کار بۆ ئەو کوردانە لە ئیدارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کۆمار بەرپرسیاربن. بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە و ئاگاداربوون و چاودێریی کردنیان بخرێتە ئەستۆی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆی ئۆزبەکستان، لەگەڵ هاوڕێ یوسوپۆڤ ئەم پێشنیازە پەسەند کراوە. هاوڕێ مۆلۆتۆڤ پێشنیازی وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەتی پەسەند کردوە.

وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت س- کرۆگلۆڤ (پاشبەندی ١٧)

لێکدابڕاندنی بارزانییەکان لەیەکتر

بارزانییەکان لە تاشکەند خەریکی خوێندن و مەشقی سەربازیی بوون کە ڕۆژی ١٩٤٩/٩/١٣ ژەنەڕاڵێکی ڕوسیی هاتە تاشکەند و بە بارزانی گوت: **(ئامادە بێت بە فڕۆکە دەیبات بۆ مۆسکۆ تا چاوی بە ستالین بکەوێ. داواشی کرد دوو کەس لەگەڵ خۆی هەڵبژێرێ کە لەگەڵیدا بن.)** بارزانی سەعید مەلا عەبدوڵا و زیاب میقداد دڕیی دیاریی کرد. ئێوارەی ئەو ڕۆژە، بارزانی لەنێو خۆشییو شادی هاوڕێیانیدا ڕوویکردە فڕۆکەخانەی تاشکەند. فڕۆکە بەرز بۆوە، بەڵام لە جیاتی بچێت بۆ مۆسکۆ، چوو لە شارۆچکەی "چەمپای" لە ڕۆخی گۆلی "ئۆراڵ" نیشت. ئەوە بەواتای دوورخرانەوەی بارزانی و جیاکردنەوەی بوو لە هەڤاڵانی. ڕۆژی دوایی "شێخ سلێمان، عەلی محەمەدسدیق، سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، محەمەد نەجیب و عەبدولڕەحمان موفتییان بە بیانوی بردنیان بۆلای بارزانی، برد بۆ سەمەرقەند و دواتریش ئەسعەد خۆشەوی، حەمەدەمین میرخان، مامەند مەسیح، مستۆ مێروزی، شێخۆ شانەدەری، عەلی خەلیل، محەمەد مەحمود، موراد شێخۆ، سەعید وەلی بەگ، حاجی حەیدەر، سەعید پالانی، عیسا سوار و فەقی حەسەن ئێدلی"یان برد بۆ دوڕگەی مۆنیاک لە نێوەڕاستی گۆلی ئۆراڵ. ئەوانەی مابوون سواری شەمەندەفەرێکی تایبەتیان کردن و دوای ماوەیەک ڕێگا، وێستگە بە وێستگە واگۆنێکی شەمەندەفەرەکەیان کردەوە و بەبێ ئەوەی کە ئەوانەی ڕیزی پێشەوەی واگۆنەکان بزانن، بارزانییەکانیان لە یەکتر جودا کردەوە و دواتر بۆیان دەرکەوت هەر گروپەی لە گوند، یان شارۆچکەیەک دانراونو خراونە ژێر چاودێریی. دوای ئەوە، بارزانییەکانیان برد لە کارگە و کێڵگەی کۆڵخۆزەکاندا بڵاویانکردنەوە و پێوەندیان لەگەڵ یەکتر پچرین، بە چەشنێک تەنانەت شوێنی یەکتریشیان نەدەزانی، بەڵام گروپ گروپ یەکڕیزیی خۆیان پاراست، تا بەرەبەرە بەجێی هەڤاڵانیتریان زانی و توانیان سەرلەنوێ بەنهێنی خۆیان ڕێکبخەنەوە. لەم بارەیەوە هەڤاڵانی بارزانی لە وتووێژی بەتاک و تایبەتدا گوتیان:

- (دورخرانەوەمان لە ئۆزبەکستان لەوەڕا دەستی پێکرد کە ڕۆژی ١٩٤٩/٣/١٣ بارزانی و سەعید مەلا عەبدوڵا و زیاب میقداد دڕییان برد بۆ دوڕگەی قەرەقەلپاک و

شارۆچکەی چەمبال. دوای ئەوە، پازدە ئەفسەری ئێمەیان برد بۆ دوڕگەی مۆیناک لەناو دەریای ئۆڕاڵ کە بریتی بوون لە: ئەسعەد خۆشەوی سێلکی مزوری، عەلی خەلیل سێلکی، عیسا سوار سێلکی، فەقێ حەسەن ئێدلبی، سەعید بابەکر پالانی، مستەفا جادر مێروزی، حاجی حەیدەر ئەرگوشی، موراد شێخۆ دۆسکی، سەعید وەلی بەگ شێروانی، شێخ عومەر مەلا یونس شانەدەری، مام عارز خان بێدارون، محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسوری، مامەند مەسیح سەروکانی، مستەفا محەمەد بارزانی و محەمەد مەحمود بارزانی.

دواتر پێشمەرگەکانیان بە سواری شەمەندەفەر برد و لە قەزای چیناز لە باشوری تاشکەند، قەزای ئاخ هۆرگان لە پارێزگای تاشکەند. ساڵخۆزی ڕەقەم ١٧ بەناوی ستالین. ساڵخۆزی ڕەقەم ١٦ بەناوی ستالین، گوندی ڕەقەم یەک، گوندی ڕەقەم دوو، گوندی ڕەقەم سێ کە پێشمەرگەکان کاری کشتوکاڵ و پەمۆ چنینیان لێدەکرد، گوندی ڕەقەم چوار، قەزای "میرزاچۆل" لە پارێزگای تاشکەند، قەزای "دالوەرزین" لە پارێزگای تاشکەند. پارێزگای سەمەرقەند، پارێزگای فەرغان، پارێزگای نامانگان، پارێزگای ئەندی ژان و لەو شوێنانە بڵاویانکردینەوە و هەر چەند کەسەی لە جێیەک، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو قەزا و پارێزگایانەدا کاریان پێکردین[١].)

دوریی مستەفا بارزانیی و ئەفسەرەکان، پێشمەرگەکانی بەتەواوی ئازار دەدا و کاربەدەستانی حیزبی کۆمونیست و حکومەتیش ئامادە نەبوون یارمەتیان بکەن و تەنانەت چاویان لەسەر هەڵنەدەگرتن. تا سەرئەنجام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک، بەو فیکرە گەیشتن کە بە خۆپێشاندان و مانگرتن داواکەیان ڕابگەیەنن. ئەوە لە کاتێکدابوو کە لە سەردەمی ستالیندا خۆپێشاندان بە تاوانێکی مەزن بە دژی سۆسیالیزم لە قەڵەم دەدرا و سەزای قورسی هەبوو، بەڵام بارزانییەکان گوێیان بۆ سەزا شل نەدەکردو لە هەموو کارگە و شارۆچکەکان و لە هەرجێیەک بارزانییەکانی لێبوو، خۆپێشاندان بوو بە دیاردەیەکی ڕۆژانە و سەرئەنجام خۆپێشاندانەکان ڕەنگی گشتیی بەخۆیەوە گرت. لەم بارەیەوە هەڤاڵانی بارزانی دەڵێن: **(خۆپێشاندان لە پارێزگای تاشکەند لە ئاخ هۆرگان و قەزای چیناز، قەزای سەر دەریاوە دەستی پێکرد و هەموو شوێنەکانی تری گرتەوە. ساڵی ١٩٥٠ کە هێشتا ستالین مابوو، یوسف**

عەبدولرەحمان سەفتی و مەلا حەسەن بابی زین خەڵکی گوندی بارزان بە نهێنی چوون بۆ مۆسکۆ و داواکارییەیکەی ئێمەیان گەیاند(٢).)

دەنگدانەوەی مانگرتن و خۆپێشاندانی بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت کە خۆی بە دۆست و برای کرێکار، جوتیار و خەڵکی چەوساوە و زوڵم لێکراوانی جیهان دەزانی، بۆ ستالین و کاربەدەستانی سۆڤیەت و سیستمەکەیان زۆر گران تەواو دەبوو، لەبەر ئەوە لە کرملینەوە تا کۆماری ئۆزبەکستان لە فیکری ئەوە کەوتن کە چون کۆتایی بەو دۆخە بێنن و خواستی مستەفا بارزانی جێبەجێ بکەن و لە هەڤالانی نزیک بکەنەوە کە هیچکامەیان نەیاندەتوانی بەبێ یەکتر و سەرۆکەکەیان بژین. لەو بارەیەوە پرۆفسیۆر ئەناتۆلی سودۆ پلاتۆڤ Anatoly Sudoplatov دەڵێت: **(بڕیاری مافی پەنابەریی سیاسی لە دەست کاربەدەستانی ئازەربایجاندا نەبوو و دەبووایە لە مۆسکۆ وەربگیرێت. باوکم سودۆ پلاتۆڤ لە مۆسکۆ مەئمورکرا بچێتە باکۆ و چاوی بە مستەفا بارزانی بکەوێ و مافی پەنابەریی سیاسیی لە یەکێتی سۆڤیەت بە بارزانییەکان ڕابگەیەنێت. باقرۆڤ سکرتێری گشتی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان خۆی بەخاوەنی ئازەربایجانی گەورە دەزانی، ئەو پلانێکی چەوتی بۆ بارزانییەکان هەبوو، دەیویست درێژە بە شۆڕشی ئازەربایجانی ئێران بدات و خەریکبوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بۆ ئەو مەبەستەی بەکار بهێنێت. ستالین گوتی مانەوەی بارزانییەکان لە قەفقاز ژیرانە نییە و بۆ ئەوەی کە پێوەندیمان لەگەڵ ئێران تێکنەچێ، بەتایبەتی لەوکاتەدا کە پێوەندی باشیان لەگەڵ ئێران هەبوو، سەرەتا ویستیان بارزانییەکان ڕەوانەی "سیبریا" بکەن، بەڵام خەڵکی سیبریا بۆخۆیان بە دژواری بەرگەی سەرمای ناوچەکەیان دەگرت، لەبەر ئەوە بڕیاریاندا بارزانییەکان بەسەر ڕوسیادا بڵاوبکەنەوە. ستالین پێشنیازی ئاسیای ناوەڕاستی کرد، چونکە پانتایی زۆرە و کەش و هەواکەشی لە کوردستان نزیکە. بە پێشنیازی ستالین لە تاشکەند جێگیریان کردن. سەرەتا بڕیاربوو ڕۆژی ١٩٤٩/٣/١٤ بارزانی بەرن بۆ مۆسکۆ، بەڵام لە جیاتی بردنی بۆ مۆسکۆ، سواری فڕۆکەیان کرد و بۆ دوڕگەی "قەرە قەرپاخ" لە دەریاچەی "ئۆڕاڵ" دوریان خستەوە و ڕۆژ ١٩٤٩/٣/١٥ش ١٦ ئەفسەری بارزانیان بردە گۆشەیەکی‌تری "قەرم" و هاوڕێکانیشیان بەسەر گوندەکانی ئۆزبەکستان دا بەشکرد،**

بەڵام ئەوان بێدەنگ نەبوون و دروشمی "یان مردن یان بارزانی"یان بەرز کردەوە. سەرئەنجام هەلومەرجی نێونەتەوەیی ستالینی تەسلمی خواستی بارزانییەکان کرد و بارزانیان گەڕاندەوە لای هەڤاڵانی[٣].)

١- وتوویژی ڕاستەخۆ لەگەڵ ئەم هەڤاڵانەی مستەفا بارزانی کە وەبەر ڕق و کینەی باقرۆڤ و کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت کەوتبوون: ئەسعەد ڕەشۆ مەلا، بابەکر شێخ حوسێن لاج، بەدرۆ لەشکری حوسێن، تەیمز ئارەب قەتران، حەسۆ محەمەد کەکشار، حەسەن عەلی حەسەن، خانۆ جۆج خان، ڕەشید حەمۆ حاجی، سەعید وەلی بەگ، شەریف قورتاس مەلا، سدیق خەلیل یەحیا، عەبدولرەحمان یەحیا عەبدولرەحمان، عەبدولا حوسێن جرگیس، عەزیز حوسێن میرخان، عەلی حوسێن شین، عومەر عەزیز حەدۆ "شێخومەر"، عومەر فەقێ عومەر، عیسا حەکیم یاسین، قادر محەمەد عومەر، کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، لاوکۆ مامەند مەسیح، محەمەد ئەمین تاهر مەحمود، مەلا ئەحمەد حەدۆ، محەمەد عەبدولا حەسەن، محەمەدئەمین سەعید عوسمان، محەمەدئەمین حەسەن دەرگەڵەیی، مەلو حەسەن مەلو، مەلا ئیبراهیم بابەکر ئیسماعیل، مەلا ساڵح عەلی، ملکۆ عەباس محەمەدئەمین، میرۆ جوج چاوشین، میرۆ محەمەد ئیسماعیل، ناوخۆش حەدۆ قورتاس، سلێمان حەدۆ شینۆ زراری.

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- ژیانی نهێنی ژەنەراڵ سۆدا پولاتۆڤ، لە کتێبی "مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتدا"، نوسینی ئەفراسیاو هەورامی، لاپەڕەی ١٨٧- ١٩٤، چاپی ئاراس، ٢٠٠١ هەولێر و هەروەها پرۆفسیۆر ئەناتۆلی سودۆ پلاتۆڤ Anatoly Sudoplatov لە فیلمی دیکۆمێنتی "پێشڕەو" وەرگیراوە.

کۆکردنەوەی سەرلەنوێی بارزانییەکان لە تاشکەند

نەبەزیی و کۆڵنەدانی بارزانییەکان لەلایەک و ڕای گشتیی جیهان سەبارەت بەو زوڵمەی کە لە بارزانییەکان وەک پەنابەری سیاسیی دەکرا، ستالینی ناچارکرد مل بۆ خواستی مستەفا بارزانی ڕابکێشێت. بەم مەبەستە بڕیاریدا لیژنەیەک لە کێشەی بارزانییەکان بکۆڵێتەوە. لیژنەکە لە مانگی مارسی ١٩٥١وە دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. ئەندامانی لیژنەکە لە نزیکەوە چاویان بە بارزانییەکان کەوت و لە خۆپێشاندان و مانگرتنی ئەوانیان کۆڵییەوە. وەڵامی پێشمەرگەکان سەبارەت بە سوور بوونیان لەسەر مافی گەلەکەیان و ئەمەکناسییان بۆ مستەفا بارزانی و ڕێبەرانی تریان، بە لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەلماند کە لەلایەن کاربەدەستانی ئازەربایجان زوڵم لە بارزانییەکان کراوە و توشی ئازار بوون.

لە ئاکامدا کاربەدەستانی حیزبی کۆمونیست و ستالین بەو ئاکامە گەیشتن دڵنەوایی لە بارزانییەکان بکرێت و بیانگەڕێننەوە شوێنی خۆیان لە ئۆزبەکستان. بۆ ئەنجامی ئەم بڕیارە، یەکێک لە کاربەدەستانی مۆسکۆ بەناوی "فینۆگرادۆڤ" لە مانگی ئاوگۆستی "ئاب"ی ١٩٥١ چوو بۆ تاشکەند و فەرمانی مۆسکۆی پێڕاگەیاندن کە بارزانییەکان بگەڕێننەوە بۆ تاشکەند و لاپەڕەیەکی نوێ سەبارەت بە هەڵسوکەتیان لەگەڵ بارزانییەکان بکەنەوە.

لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژی ١٩٥١/٩/١، فڕۆکەیەکی تایبەتیان ڕەوانەی شارۆچکەی "چەمپای" کرد و بە داوای لێبوردن، بارزانی و سەعید مەلا عەبدوڵا و زیاب میقداد دڕییان گەڕاندەوە بۆ تاشکەند و فڕۆکەیەکی تریش شێخ سلێمان و هەڤاڵانی لە دوڕگەی مۆنیاک لە ناوەڕاستی گۆلی ئۆراڵەوە گەڕاندەوە و هەتا کۆتایی مانگی نۆڤێمبەر "تشرینی دووەم" هەموو بارزانییەکان یەکیان گرتەوە.

خانویەکیان لە شاری پەڕگەی تاشکەند بۆ بارزانی دیاریکرد و ئەوانی تریش لە شاری ڤریڤیسکی نیشتەجێ کران کە نزیکەی پەنجا کیلۆمەتر لە تاشکەند دوور بوو. حکومەت بنکەیەکی هاوکاریی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بۆ دانان. هەروەها مانگانەیان بۆ بە تەمەنەکان دیاریی کرد و بەرە بەرە لاوەکانیان خستەبەر خوێندن.

لەو ماوەیەدا توانیبوویان تا ڕادەیەک فێری زمانی ڕوسی ببن و بەشێکیان چوون بۆ فێرگە و زانکۆ و وەشوێن خوێندنی باڵا کەوتن.

مردنی ستالین و گۆڕانی دۆخی بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت

ستالین لە مانگی مای ساڵی ١٩٥٣ کۆچی دوایی کرد و خرۆشۆڤ جیی گرتەوە. بە مردنی ستالین تا ڕادەیەک ئازادیی ڕووی لە کۆمارەکانی سۆڤیەت کرد. میر جەعفەر باقرۆڤ و لاورنتی بێریا بە تاوانی خەیانەت لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەتەوە ئیعدام کران.

بە سەرهەڵدانی ئەو گۆڕانە سیاسییە، بارزانی ویستی سەردانی مۆسکۆ بکات و چاوی بە کاربەدەستە نوێیەکانی سۆڤیەت بکەوێ و باسی کێشەی کورد و ئەو زوڵم و ستەمانەیان بۆ بکات کە لە کۆمارەکانی ئازەربایجان و ئۆزبەکستان بەسەر خۆی و هەڤاڵانی هاتووە. بەرلە چوونی بۆ مۆسکۆ ئەم نامەیەی خوارەوەی بە زمانی عەرەبی ڕەوانەی خرۆشچۆڤ سکرتێری گشتیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت کرد و چەند ڕۆژ دوای ڕەوانەکردنی لە سەرەتای مانگی نۆڤێمبەر "تشرینی دووەم"دا، بەنهێنی لە ئۆزبەکستانەوە چوو بۆ مۆسکۆ و دوای هەوڵدانێکی زۆر توانی لە کۆتایی مانگی نۆڤێمبەر و سەرەتای دیسێمبەری ساڵی ١٩٥٤، لە کرملین چاوی بە ڕێبەرانی حیزبی کۆمونیست و خرۆشۆڤ بکەوێت:

بۆ بەڕێز سکرتێری گشتیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت

هاوڕێی خۆشەویست و بەڕێز و گەورە خرۆشۆڤ

یەکەم: هیوادارم تەندروستیتان باش بێت و هەموو هیوا و ئاواتەکانتان بێتەدی.

دووەم: لە ناخی دڵەوە سوپاستان دەکەم، هەرچەندە دەبێ بڵێم کە من زۆر بەداخم لەوەی ناتوانم بە گوێرەی پێویست سوپاسی مرۆڤایەتی و ئەو ئاگادارییەی بەرامبەر منتان هەبووە بکەم، بەڵام هیوادارم لەم کەموکوڕییانەی من خۆش بن.

سێیەم: ئێوە ئاگادارن پارتی دیموکراتی ئێمە فەرمانی بەمن دا لە ساڵی ١٩٤٧ بێمە یەکێتی سۆڤیەت و منیش ئەو فەرمانەم بەجێگەیاند. ئێمە ٥٠٠ کەس بووین و دوای ماندووبوون و سەختییەکی زۆر خۆمان گەیاندە سەر سنوری یەکێتی سۆڤیەت. ئەو مرۆڤانە برای منن کە گەلەکەمان لەگەڵ مندا ناردونی و من بەرامبەر بە گەلەکەمان و

پارتی- یەکان لە هەموو بارێکەوە بەرپرسیارم، بەڵام لەو ڕۆژەوە ئێمە هاتووینەتە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت، ئەم بەرپرسایەتییە کەوتووەتە سەرشانی ئێوە و ئێمەش وەک گەلانی تر هەموو ماف و خۆشییەکمان لە ژیان پێ ڕەوایە و ئێوەش یارمەتیتان داوین و ئێمەش چاوەڕێی دەستکراوەیی و لوتفی ئێوە دەکەین و بۆ ئازادیی گەلەکەمان داوای پشتیوانی و چاودێریتان لێ دەکەین. براکانی ئێمە کە لە خاک و نیشتمان و گەلی خۆیان دوورن، هەرچییان هەبووە لە دەستیان داوە. پارتی و گەلەکەمان ئەوانی ناردوەتە ئێرە، ئێستەش ئەوان پەنایان هێناوەتە بەر ئێوە و داواتان لێ دەکەین کە بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانیی وڵاتەکەیان پێویستیان بە زانستی بەرز و ئامۆژگاریی زۆر و بەخشندەیی ئێوە هەیە. ئەمانە هەموویان لە مێژووی کوردستان دەنوسرێتەوە و لای گەلەکەمان دەمێنێتەوە کاتێک خۆیان لە باوەشی ڕوسیای ئازیز و دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت و سەرکردە زاناکان و پارتی گەورەی کۆمونیست و سەرۆکایەتی بەڕێزتاندا دەبینن.

هیوادارم هەستی ڕاستەقینەی من وەربگرن

بارزانی مستەفا محەمەد

١٩٥٤/١٠/٢ (پاشبەندی ١٨)

خرۆشۆڤ داوای لە بارزانی کرد بەسەرهاتی خۆی و هەڤاڵانی بۆ بگێڕێتەوە و ئەویش هەموو ئەو زوڵمەی کە لەلایەن باقرۆڤەوە لێیان کرابوو، بۆ خرۆشۆڤی گێڕایەوە و گوتی: **(خۆم و هاوڕێکانم بەگژ حەوت حکومەتدا چووینەوە تا توانیم بگەمە مۆسکۆ.)**

خرۆشۆف داوای لێکرد ناوی ئەو حکومەتانەی پێ بڵێت. بارزانی لە وەڵامیدا گوتی: **(ئەمریکا، ئینگلیز، عێراق، تورکیا، ئێران، ئازەربایجان و ئۆزبەکستان.)** خرۆشۆف پێکەنی و گوتی چۆنت توانی بچیتە ناخی باقرۆڤەوە و بیناسی؟ بارزانی گوتی: **(ئێمە ڕێبازی یەکێتی سۆڤیەت دەزانین، بریتییە لە پشتگیریی گەلانی چەوساوە کە کوردیش لەپێش هەموویانەوە دێ. بۆیە ڕوومان کردە خاکی سۆڤیەت تا کێشەی گەلی خۆمان بخەینە بەردەست، کەچی هەر لەگەڵ گەیشتنمان، جۆرە ڕەفتارێکمان لەگەڵدا کرا کە شیاوی مرۆڤ نەبوو و بەپێچەوانەی قسەکانی لێنینە. کەسێک بە تەنگ ناوبانگی**

گەلێکی مەزنی وەکوو یەکێتی سۆڤیەتەوە بێ، چ جار ڕەفتاری وەکوو باقرۆڤ ناکا لەگەڵ ئەوانەی بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان بەگژ ئیمپریالیزمدا چوون و پاشان پەنایان هێناوەتە بەر یەکێتی سۆڤیەت، تا هاواری گەلەکەیانی پێڕابگەیەنن.)

خرۆشۆڤ گوتی: **(ئێمە هەموو ئەو نامانەمان بینی کە کاتی خۆی ناردوتن و لەلایەن بێریاوە دەستیان بەسەردا گیراوە. وەنەبێ تەنیا ئێوە بەدەست ئەم تاقمە تاوانبارەوە ئازارتان چێشتبێ، هەموو گەلانی یەکێتی سۆڤیەت هەندەی ئێوە و بگرە زیاتریش ئازاریان چێشتوە.)**

دوای ئەو دیدارەی لەگەڵ خرۆشۆڤ، بارزانی توانی سەرنجی سەرکردەکانی حیزب و حکومەتی سۆڤیەت بەرەو کێشەی کورد ڕابکێشێ و پێوەندییەکی گەرم و دۆستانە لەگەڵ ئەو سەرکردانە و لێپرسراوانی تری سۆڤیەت دامەزرێنێت.

ئەو دەستپێشخەرییەی بارزانی ڕێگای بۆ کردەوە کە کاربەدەستانی سۆڤیەت گوێی لێ بگرن و داوای لێبکەن لە مۆسکۆ بمێنێتەوە. خانوویەکی باش و ئوتۆمبیلێکیان بۆ دابین کرد و چوو بۆ ئەکادیمیای سەربازیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت لە مۆسکۆ بۆ خوێندنی سیاسەت و یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی بەشی پێوەندییەکانیان بەناوی "ڤۆلۆشین" بۆ دانا کە لەگەڵی لە پێوەندیدا بێت.

بارزانی لە مانگی مارسی ١٩٥٥ لەگەڵ "ڤۆلۆشین" ڕاوێژکاری بەشی پێوەندییەکان گەڕایەوە بۆ تاشکەند و چوو چاوی بە هەڤاڵانی کەوت و یەکەیەکە لێی پرسین و حەوتویەکیان لەلا مایەوە و ئاکامی چوونی بۆ مۆسکۆ و بڕیاری کاربەدەستانی سۆڤیەتی پێڕاگەیاندن.

هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئۆزبەکستان، سەرۆک و سکرتێری بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونسیتی سۆڤیەت لەگەڵ پارتە کۆمونیستەکانی دەرەوە، ئەم نامەیەی خوارەوەیان ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت کرد، تا سەرلەنوێ ئەنجومەنێک بە ناوی کوردەکانی عێراق پێکبێت و ٣٠٠ کەس ڕەوانەی خوێندن بکرێن. هەروەها پێنج کەسیش بۆ خوێندنگەی بەرزی پارتی- سەربە پارتی یەکێتی سۆڤیەت و پەنجا تا سەد کەسیشیان لە کارگەکانی تاشکەند دابمەزرێن.

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت

ژمارە ٢٥/C/٤٣٨– ١٩٥٥/٣/٨

بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ١٩٥٥/١/٤، ڕێکخستنی ئەنجومەنی کوردەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی بارزانی کە لە سۆڤیەت دەژین، دەبێ پێک بهێنرێت.

جگەلەوە بڕیار دراوە ٣٠٠ کەسیان بۆ خوێندن بنێردرێنە زانکۆکان و پێنج کەسیش بۆ خوێندنگەی بەرزی پارتی– سەربە پارتی یەکێتی سۆڤیەت بنێردرێن و هەروەها پەنجا تا سەد کەسیان لە کارگەکانی تاشکەند دابمەزرێن. بە دەزگا و ڕێکخراوەکانی سۆڤیەت لە ئۆزبەکستان فەرمان دراوە کە تەواوی بڕیار و کاروباری کوردەکانی عێراق لە ڕێگەی ئەنجومەنی کوردەکانەوە بەڕێوەبچێت. بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی ئۆزبەکستانی سۆڤیەت فەرمانی هاتنی بارزانی بۆ شاری تاشکەند داوە. دەکرێ بڵێین بارزانی بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕاسپێردراوەتیی پێ بدرێت، بچێتە تاشکەند. بۆ هاوڕێیکردنی بارزانی، هاوڕێ ڤۆڵۆشین ف.ف ڕاوێژکاری بەشی پێوەندییەکانی لەگەڵ بنێردرێت. دەتوانن خەرجی چوونی بارزانی بۆ تاشکەند لەسەر حیسابی بەشی وەرگرتن و خزمەت و هاوکاریی میوانانی دەرەوە دابین بکەن.

سەرۆکی بەشی پێوەندیی لەگەڵ پارتە کۆمونیستەکانی دەرەوە سەر بە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت

ستیپانۆڤ. ف

سکرتێری بەشی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت

کەزلۆڤ. ی (پاشبەندی ١٩)

بارزانی لە گەڕانەوەیدا بۆ مۆسکۆ، ئەسعەد خۆشەوی لەگەڵ خۆیدا برد کە چارەسەری نەخۆشیی بۆ بکات. هەروەها عەلی محەمەد سەیق، عەلی خەلیل، سەید عەزیز سەید عەبدوڵا و محەمەدئەمین میرخانیشی لەگەڵ خۆی برد کە لە زانکۆکانی مۆسکۆ خوێندنی باڵا تەواو بکەن.

جگە لەوانە، بارزانی لیستەی ١٠٤ کەس لە هەڤالانیشی ئامادەکرد کە بخرێنە بەر خوێندن لە زانستگەکانی "بیلۆڕوسیا". ئەو لاوانە کران بە چوار بەش و بەسەر زانکۆکانی "سیراتۆڤ، گورگی، ئیستانۆڤ و تامپۆڤ"دا بەشکران. ژمارەیەکی تریش لە لاوەکان چوونە زانکۆی تاشکەند و ئەوانەش کە توانای خوێندنیان نەبوو، بەرەو کاری پیشەیی چوون و لە کارگاکاندا کاریان پێسپێردرا و بەم جۆرە هەرچی تەگەرە هەبوو لەسەر ڕێی بارزانییەکاندا لابرا و هەموو ئازادییەکیان درایە.

مۆسکۆ ژمارە ٢٣٧٤٠- ١٩٥٥/٦/٢

کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت: هاوڕێ ڤینۆگرادۆڤ ی. ت

بەپێی بڕیاری ڕۆژی ١٩٥٥/٢/٢٨ی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت و فەرمانی وەزیری بەرزی پەروەردەی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ١٩٥٥/٣/٥دا لە مانگی کۆتایی ئەمساڵ لە زانکۆی کشتوکاڵی "چاکین" ٢٥ کەس لە کوردەکانی عێراق بۆ خوێندن هاتن، پێویستە بگوترێت دەزگاکانی کۆماری ئۆزبەکستان و بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵی کۆماری فیدراڵیی ڕوسیای سۆڤیەت لە شاری تاشکەند بۆ هەڵبژاردنی خوێندکاران بە جیددی هەنگاویان هەڵگرتووە. ئەوە بوو لە ئەنجامدا سێ کەس لە خوێندکاران کە نێردراون بۆ ئێرە نەخۆشن، بەپێی مەرجەکانی وەرگرتن خوێندکار نەدەبووایە لە زانکۆی کشتوکاڵ وەرگیرێن. یەکێک لەو خوێندکارانە کە وەرگیراوە بەناوی دەروێش کاکۆ نیوەی کاتەکەی لێرە بووە، نەخۆش بووە و لە نەخۆشخانە کەوتووە و بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی نێردراوە بۆ نەخۆشخانەی "ڕژاکە". جگەلەوە ئەو خوێندکارانەی هاتوونەتە زانکۆ جلوبەرگی سەرەوەیان زۆر خراپە "پاڵتۆی کۆن و کورتی سەربازییان لەبەرە". دوو ژووری باش بۆ ئەو خوێندکارانە ئامادە کراوە و تەختی نوستن و مێز و کورسی و سندوق بۆ شتومەک و هەروەها نوێنیان بۆ ئامادە کراوە کە هەمووی بایی بیست هەزار ڕۆبڵە. لە باری زمانی ڕووسی و حساب کردنەوە، تاقی کردنەوەیان لەسەر کراوە، دەرکەوت زۆربەیان لە زانینی گشتی لە ئاستێکی نزمدان و دەتوانین بڵێین لە ئاستی قوتابی پۆلی دووەمی سەرەتاییدان. دەتوانین بڵێین حەوت کەسیان لە ئاستی پۆلی یەکەمدان. لەباری زمانی ڕووسییەوە، زۆربەیان زانیارییان نییە و خراپ دەدوێن. پێویستە

بگوترێت ئەم گروپە خوێندکارە هەوڵی فێربوونی زانست و بەتایبەتی فێربوونی زمانی ڕووسی زۆر دەدەن. زۆر کار دەکەن و ئێوارانیش هەر خەریکی خوێندنن. مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارەکان پاش تەواوبوونی وانە بۆ، بۆ فێربوونی زمانی ڕوسی و ماتماتیک یارمەتیان دەدەن. لە زانکۆ بە دەستووری وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی تایبەتی خوێندنیان بۆ دانراوە کە ماوەکەی پێنج ساڵە، بەپێی ئەم پلانە لە دوو ساڵی یەکەمدا دەبێ زانیاریی گشتی بێت کە بریتییە لە هەندێ ماددە و ئەویش لە ئاستی بەرنامەی حەوت ساڵەی خوێندنگە دایە و سێ ساڵی دوایی دەبێ خوێندنی ماددەی تایبەتیان بەپێی پڕۆگرامی زانکۆ پێ بدرێت.

ئەم گروپە خوێندکارە زۆر بە دیسیپلین و ڕێکوپێکن و نێوانیان لەگەڵ خوێندکارانی تری زانکۆ دۆستانەیە، لەباری هەڵسوکەوتەوە هیچ بەڵگەیەکی خراپمان لەسەریان نییە. هەفتەی جارێک لەلایەن مامۆستاکانەوە، وانەی سیاسییان بۆ دانراوە و بەڕێوە دەچێت، بەتایبەتی لەسەر ڕووداوەکانی هیند و چین و میسر. خوێندکارە کوردەکان مانگانە ٤٠٠ ڕۆبڵیان پێدەدرێت بۆ خواردن و شتومەکی پێویست. لەبەر ئەوەی قوتابیانی ناوبراو جلوبەرگی باشیان نییە، بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆ داوای لە وەزارەتی کشتوکال کردوە کە بۆ کڕینی جلوبەرگ و پێڵاو ٢٥ هەزار ڕۆبڵیان بۆ تەرخان بکات. گەرچی تا ئێستا هیچ وەڵامێک لەم بارەیەوە وەرنەگیراوە. باشتر ئەوەیە لەکاتی پشووی هاوین ئەم گروپە بنێردرێتە سەناتۆرییەکان و شوێنی پشوودان و بۆ ئەم کارەش وەزارتی کشتوکاڵ پێویستە پارە و مۆڵەت و بلیتیان بۆ تەرخان بکات.

سکرتێری ڕێکخراوی ناوچەیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت

کۆمیساریۆڤ (پاشبەندی ٢٠)

ئاگاداری: لەسەر خوێندنی ٢٥ کوردی عێراق لە زانکۆی چاکین سەربە ناوچەی "تامبۆ" سەرکردەی کوردەکانی عێراق مستەفا بارزانی و کاربەدەستانی بەشی پێوەندییەکانی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت لە مانگی کۆتایی ئەمساڵ چوون بۆ گوندی چاکین و لەوێ دەرکەوتبوو کە وەزارەتی کشتوکاڵ پارەی پێویستی بۆ کڕینی جلوبەرگ و پێڵاو بۆ کوردەکانی عێراق داوە و تەواوی کوردە خوێندکارەکان وازیان

لە پشوودانی هاوین هێناوە و تەواوی هاوین خەریکی فێربوونی زمانی ڕووسی و ماددەکانی تر دەبن.

بەرپرسی سکینەری بەشی پێوەندییەکانی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت کەزۆلۆف. ی

١٩٥٥/٩/١٥

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت

ژمارە ١٥٣٠- س- ٢٥ مێژوو ١٩٥٥/٦/٢٥

بەپێی بڕیاری ڕۆژی ١٩٥٥/١/٤ی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، ٢٥ کوردی پەنابەری سیاسی کە بۆ خوێندن نێردراون بۆ زانکۆی پیشەسازیی "پاڤلۆڤسکی" ناوچەی "گورکی"، ٢٥ کەس بۆ فێرگەی پیشەسازیی چنین و ڕستن "شوی" ناوچەی "ئیڤانۆڤا"، ٢٥ بۆ زانکۆی جادە سازیی "میلیراتیڤنی" ناوچەی "ساراتۆڤ" و ٢٥ کەس بۆ زانکۆی کشتوکاڵی "چاکتن" سەر بە ناوچەی "تامبۆ". سەرکردەی کوردەکانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٤٧دا هاتووەتە یەکێتی سۆڤیەت خوێندکاری ئەکادیمیای بەرزی پارتی، سەربە پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت مستەفا بارزانییە. مستەفا بارزانی داوای لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت کردووە، دەرفەتی بدرێتێ سەردانی ئەو شوێنانە واتە پاڤلۆڤسکی، شوی، پۆگاچۆڤ و چاکین بکات بۆ ئەوەی چاوی بە کوردە پەنابەرە سیاسییەکان بکەوێت کە لەو شوێنانە خەریکی خوێندن. باشتر وایە داخوازەکەی بارزانی بۆ سەردانی ناوچە ناوبراوەکان بۆ سێ هەفتە پەسەند بکرێت. بۆ بەڕێکردنی بارزانی ڕاوێژپێکراوی بەشی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێ ڤالوشین ف. ف دیاری بکرێت. خەرجی سەفەری بارزانی دەکرێ لەسەر بەشی وەرگرتن و خزمەتگوزاریی پارتییەکان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و وڵاتانی دەرەوەی سەربە پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت جێبەجێ بکرێت.

جێگری سەرۆکی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ پارتە کۆمونیستەکانی دەرەوە: ڤیۆگرادۆڤ. ی

بەرپرسی سکینەری بەشی پێوەندییەکانی دەرەوە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت کەزلۆڤ. ی (پاشبەندی ٢١)

بەم جۆرە هەڤاڵانی بارزانی لە بەشی میکانیک، کشتوکاڵ، پزیشکیی، مێژوو، و سیاسەت لە خوێندنگەی بەرزی حیزبی کۆمونیست و زانکۆکاندا دەستیان بەخوێندن کرد. لە سەرەتادا بەهۆی لاوزایی لە زمانی ڕوسی و زانیارییە گشتییەکاندا، خوێندنەکەیان بۆ دژوار بوو، بەڵام بەرە بەرە بەکار و تێکۆشانی شێلگیرانەوە و بەردەوام خۆیان بە پلەی باڵا گەیاند. هەروەها، بارزانی لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو هاوڕێیانی خۆی و ژمارەیەک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەگوێرەی توانا و ڕادەی زانیارییان وەبەر کار و خوێن نا، بۆ ساتێکیش لە کوردەکانی دانیشتووی سۆڤیەت خافڵ نەبوو. سەردانی دەکردن و داخوازەکانی بەجێدەگەیاندن. لەم بارەیەوە سەرنج بدەنە ئەم نامەیەی خوارەوەی بارزانی کە لە وەڵامی نامەیەکی ڕەحیم سەیفی قازیدا بۆ ناوبراوی نوسیوە:

بۆ جنابی زۆر محترم رەحیم قاضی

٥٥/٢/١٩

لە پاش سلام کردن و احوال پرسین کاغذی جنابتان بە دەستم گەیشت و هەرچی فرموتانە هەمون زانی بە تواوی و زۆر ممنون بوم بە احوال پرسینی من و زۆر تشکرتان دەکەم و حالی من لە سایە حکومتی عظیمی شورەوی زۆو زۆر باشە و هیچ قصوری لە من نیە لە هیچ لایەکەوە و لە طرفی صحەتوسلامتیەوە دە کمالی سلامتی دام و هەروەها تمنایی صحەتوسلامتیی ایوە دەکەم لە هەموو وەقتێکدا أما بۆ أوەی کە فرموتانە فقط لەگەل جیگاییکی کاغذی جنابتا راضی نیم کە، نوسیوتانە "خۆم شخصا لیاقتی نصیحت و تربینم نیە..." أوە حقیقتە و هیچ معنایی تر نادات معلومە کە خۆم دەزانم کە ملت کورد و کوردستان بە انسانیەتی خۆیانەوە حرمتی من دەگرن أوەش لە ڕوی شرفی خۆیانە نە وەکە لیاقتی من بێت أما دوبارە تکراری دەکەم کە لیاقتی نصیحەت و تربێتم نیە چونکی حقیقتە و بە حقیقت هیچ کەس مخالف نابێ و قسەکانی جنابتان بە لەونێکی باش تعبیر دەکەم نە بە خراپە و بۆ مسئلەی ماکسیزم و لێنینزم ترجمە بکرێن بە زمانی کوردی أوە زۆر باشە لەوە باشتر نابێ بڵام نازانم کێ

لە هاواڵە کوردەکان دەتوانێ أوە بە عوهدەی خۆی بگری اگەر جنابتان بزانی او شخصە خۆی کییە أتووانی ناوی أو پیاوە بۆم بنوسی و خۆمان ملاقاتی أو پیاوە دەکەین اگەر لە امکانی أو کەسە دابێ و بتوانێ ترجمە بکات بە قدر امکانی خۆمان سعی دەکەین بۆ أوەی کە قبول بکرێت و فرموتانە ژمارەی تلفون (D-1-27-73) أمە تقدیم دەکەم بۆ جنابتان و لە هەمو هاواڵ و برایانی کورد سلام دەکەم و چاویان ماچ دەکەم و هەروەها هەموو هاواڵانی آذربایجان سلامیان تقدیم دەکەم.

بە احترامەوە

١٩٥٥/٢/٢٥

براتان بارزانی مصطفی(پاشبەندی ٢٢)

دوا ساڵەکانی مستەفا بارزانی لە مۆسکۆ و شۆڕشی ١٤ی تەموز

مستەفا بارزانی نمونەیەکی باشبوو بۆ هەڤاڵانی لە خوێندن و هەوڵەکانیدا بۆ کورد و کوردستان. هاوکات لەگەڵ خوێندنی لە تەمەنی چل وپێنج ساڵییدا لە خوێندنگەی بەرزی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت "پارتی سکوڵان" و بەسەرکردنەوەی هەڤاڵانی و پێڕاگەیشتنی بە کێشەی ژیان، خوێندن و کارکردنیان. ساڵی ١٩٥٦ چوو بۆ ئەرمەنستان و سەردانی کوردەکانی ئەو کۆمارەی کرد و حەوتویەک لەلایان مایەوە. ئەو سەفەرەی بارزانی پێوەندییەکی پتەوی لەنێوان بارزانی و گەورەکانی ئەو جێیە پێکهێنا.

ساڵی ١٩٥٦ ئیسرائیل، ئینگلیز و ئەمریکا بە سێ قۆڵی دەستدرێژییان کردە سەر میسر، بارزانی ئامادەیی خۆی و هاوڕێیانی و هەموو کوردە دڵسۆزەکانی بۆ جەمال عەبدولناسر دەربڕی بۆ چوونیان بۆ میسر و بەرگریی کردن لەو وڵاتە. جەمال عەبدولناسر سەرۆکی میسر بەڕێزەوە ڕوانییە ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی بارزانی. پرۆفیسۆر ئۆردیخان جەلیلی ڕۆژهەڵاتناس، ساڵی ١٩٥٧ چوو سەردانی بارزانی کرد. ناوبراو لە "فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو"دا ڕایگەیاند: **(بارزانی لە خانوبەرەی ژمارە ٥٠–٥٢ ی شەقامی "نۆڤاسلابۆتسکایا" دەژیا[1]. لەو ماڵە، من چاوم پێی کەوت. لە ئەکادیمی حیزبی دەیخوێند. گوتی خۆزگە لە کوردستان خەباتم کردبا. گوتم گەورەم کورد خوێندەواریشی پێویستە.)** جەلال تاڵەبانی لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا ئاماژەی بە دیدارێکی خۆی لەگەڵ مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٧ لە مۆسکۆ دەکات و دەڵێت: **(.... دوای چەند وێستگە منیان بردە کۆڵانێک و دوای هەندێک گەیشتینە بەر ساختمانێک و بە ئاسانسۆر سەرکەوتین و لە زەنگی دەرگاماندا. لەپڕ مەلا مستەفا بارزانی خۆی دەرگای کردەوە. سمێڵی خۆی تاشیبوو. بە توندی باوەشم پێداگرت و لە خۆشییان لەهۆش چووم. دەروێشێکی تەواو و کەمالی بارزانی بووم. منیان لەسەر قەنەفەیەک دانا و ئاویان بە سەروڕوومدا کرد، تا هاتمەوە سەرخۆ. لە سۆفییەک دەچووم کە**

بەتاسەوە شێخەکەی دەبێنێت. مەولانای ئەو شەمسە بووم و تا چەند خولەکێک زمانم گیرابوو .... تد.)

تاڵەبانی هەروەها دوو نامەی بە زمانی عەرەبی بۆ بارزانی نوسیوە. نامەی یەکەمیان لە ١٩٥٥/١٠/٥ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، بە نازناوی پیرۆت و نامەی دوومیان ڕۆژی ١٩٥٧/٧/٣٠ کە لە مۆسکۆ بووە، لە پلەی ئەندامێکی بەردەوام لە دەستەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ناوی خۆی ئیمزای کردوە. مام جەلال لە نامەکانیدا پەنجە بۆ چەند دیاردەی نێو حیزبەکەیان ڕاکێشاوە، وەک: بارودۆخی حیزب، پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزبی شیوعی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، پێوەندیی حیزب بە حیزبەکانی کوردستانی ئێران، تورکیا و سوریا، داخوازیی پێوەندیی حیزب بە یەکێتی سۆڤیەت، پیلانی ئیمپریالیزم لە کوردستاندا و هەندێک شتی تر.

مەسعود بارزانی هەردوو نامەی "ڕەشنوس و تایپ کراو"ی مام جەلالی لە لاپەڕەکانی ٤١٣- ٤٩٤ی بەرگی یەکەمی کتێبی "کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد- ١٩٣١-١٩٥٨"دا، بڵاوکردوەتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهان، ئینگلیز بە داگیرکردنی عێراق و باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩١٤دا ڕیگای بۆ هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی عوسمانی خۆشکرد. دوای کۆتاییهاتنی جەنگ لە ساڵی ١٩١٨دا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی سەرەکی عێراق کە لە عەرەب و کورد و چەند کەمایەتی تر پێکهاتبوو، بەبێ ئەوەی کە بەرژەوەندیی ئەو گەلانە، بەتایبەتی نەتەوەی کورد لەبەرچاو بگرێ کە دووەم نەتەوە بوو لە عێراقدا، دەوڵەتێکی عەرەبیی لێ دامەزراند، ئەوە لە کاتێکدابوو کە چەندان دەوڵەتی عەرەبیی تر لە دنیادا هەبوون. بۆ ئەو مەبەستە، ئینگلیز "فەیسەڵی کوڕی حوسێن شەریف"ی لە مەکەوە هێنا و وەک نۆکەرێکی گوێ لە مستی خۆی، کردی بە پاشای عێراق و کوردستان و نەتەوەی کوردیشی خستە ژێر دەستی.

لە ١٩٢٠/١٠/٢٥وە تا ١٩٥٨/٧/١٤ کە کودەتای ١٤ی تەموز لە عێراق بە ئاکام گەیشت، نەتەوەی کورد بە هەموو شێوەیەک بۆ ماف و ئازادیی خۆی هەوڵیدا. لە بەشەکانی پێشوودا زانیمان کە دەوڵەتی پاشایەتی عێراق بە هاوکاریی ئیمپریالیزمی

ئینگلیز چۆن ماڵ و گوند و شاری کوردانی وێران کرد و چ کارەساتێکی لە کوردستاندا خوڵقاند و چی بەسەر بارزانییەکان هێنا. لە بەرامبەریدا نەتەوەکەمان لە داواکارییەکانی پاشگەز نەبۆوە و لە هەموو شێوەکانی خەباتی مەدەنیو سەربازیی و دیپلۆماسیی کەڵکیوەرگرت بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریەت لە عێراق و کورت کردنەوەی دەستی ئینگلیز لەو وڵاتەدا. لەو بارودۆخەدا کە پێشتر سەبارەت بە بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت ئاماژەم بۆ کرد، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ لەپڕ ڕادیۆ بەغدا مژدەی نەمانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و هاتنەسەر کاری دەوڵەتی کۆماریی عێراقی ڕاگەیاند و لە یەکەم بەیاننامەی شۆڕشدا کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسم وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقی بڵاوبۆوە، بەڵێنی ماف و ئازادییان بە خەڵکدا. بە بیستنی ئەو بەیانە، گەلی کورد لە باشوری کوردستان ڕابوو، نوقڵیان بڵاوکردەوە و بە شایی و هەڵپەڕکێ جەژنیان گرت و ئەو ڕۆژەیان پیرۆز کرد.

شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە پرۆسەی خەباتێکی خوێناویی دەیان ساڵەدا بەئەنجام گەیشتو ئەگەر بەوردیی بچینە ناخی سەرهەڵدانییەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەردمی عوسمانییەکان و بزووتنەوەی بارزان لە ساڵی ١٨٩٤ کە بەرە بەرە لە ناوچەی بارزانەوە هەموو عێراقی گرتەوە. بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کورد، ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٦ بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی "بەیان بۆ گەلی کورد" بڵاوکردەوە و لە بەشێکیدا ڕایگەیاند: **(پارتی دیموکراتی کورد پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد، لە کاتێکدا ئەرکە مێژووییەکانی خۆی بە چاوی بایەخەوە تێدەفکرێ و لە پێناوی گەورە بوونی هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلی عەرەب و سەرکەوتنی و لە ڕێی ڕزگاریی عێراق لە دەسەڵاتی پاشایەتیی بۆگەنی دزێو، لە پێکەوەنانی کۆماریێکی ئازاد و کشانەوەی عێراق لە پەیمانی بەغدا کە سەرنێزەیە و ئاراستەی سەر دڵی نەتەوەی کورد کراوە. ئەمانە باشترین بناخەن بۆ شورەی ژیانێکی پڕلە بەختیاری و ئازادی و هاوتایی هەردووک گەلی کورد و عەرەب. لەبەر ئەوە پارتی بڕیاریدا بە هەموو هێزیەوە و چۆنی بۆ هەڵدەسوڕێ، تێبکۆشێ بۆ پاراستن و بنج داکوتان و گەشەکردنی کۆماری عێراق، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش هەموو ئەندام و**

لایەنگرەکانی کرد بە فیدایی بۆ کۆماری عێراق و بەربەرەکانیی ئیمپریالیزم و پیلانەکانی و کلکەکانی.)

هەروەها پارتی دیموکرات لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی و ئەندامەتی عەلی عەبدوڵا و نوری ئەحمەد تەها ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێکهێنا کە بچن بۆ بەغدا و پیرۆزبایی خۆیان و گەلی کورد ئاراستەی کەریم قاسم و ڕێبەرانی نوێی عێراق بکەن. ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢٧ کۆبوونەوەیەکی مەزن لە وەزارەتی بەرگریی لە بەغدا پێکهات و سەرکردەکانی شۆڕش پێشوازییان لە دەستە نێردراوەکان کرد. لەو کۆبوونەوەیەکدا ئیبراهیم ئەحمەد وتارێکی خۆیندەوە و لەودا سەرەڕای پیرۆزبایی کردن، پشتیوانی پارتی دیموکرات و گەلی کوردی لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی عێراق ڕاگەیاند.

١- پرۆفیسۆر ئۆردیخان جەلیلی ڕۆژهەلاتناس، لە گەشتێکیدا بۆ سوید، سێ شەو میوانم بوو. بە درێژی سەبارەت بە خوێندن و چالاکییەکانی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە یەکیەتی سۆڤیەت قسەی بۆم کرد و داوای لێکردم سەردانی مۆسکۆ بکەم و لە نزیکەوە چاوم بەو ماڵە بکەوێت کە بارزانی لەوێوە بڕیارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دەدا. من ساڵی ٢٠١٦ چووم بۆ مۆسکۆ و لە نزیکەوە سەردانی ئەو ماڵەم کرد.

گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق

ڕاوێژکاری بەشی پێوەندییەکانیان کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، ڤۆلۆشین کە ئەرکی پێوەندییەکانی بارزانی لەسەرشان بوو، هەواڵی شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ی عێراقی بە بارزانی ڕاگەیاند. ئەوە هەواڵێکی هەرە خۆشبوو بۆ بارزانی و هەڤاڵانی کە دەیتوانی چارەنوسی ئەوان بگۆڕێت و دوای نزیک بە ١٣ ساڵ دووریی لە وڵات بگەڕێنەوە و لە نزیکەوە بۆ ماف و ئازادیی و ڕزگاریی خاک و وڵاتەکەیان تێبکۆشن. یەکەم کاردانەوەی حکومەتی نوێی عێراق سەبارەت بە بارزانییەکان، ئازاد کردنی شێخ ئەحمەدی بارزان بوو لە بەندیخانە کە ئەوکاتە لە بەندیخانەی بەغدا بوو. شێخ ئەحمەد دوای یازدە ساڵ، ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢١ ئازاد کرا و ڕۆژێک دوای ئازادبوونی، بۆ ئاراستەکردنی سوپاس و پشتیوانیی کردنی خۆی لە حکومەتی نوێ چوو سەردانی وەزارەتی بەرگریی کرد و لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە بە گەرمی پێشوازییکرا.

کاردانەوەی دووەم لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە بوو کە ڕۆژی ١٩٥٨/٨/٢١ مۆسکۆی بەرەو ڕۆمانیا بەجێهێشت. میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەویشی لەگەڵ خۆی برد و سەرۆکی ڕۆمانیا پێشوازی لێکرد. لە "بۆخارست"ەوە بەهۆی بالیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بروسکەیەکی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشی لێکرد و داوای کرد ڕێگا بدرێ خۆی و هاوڕێیانی بگەڕێنەوە عێراق. بارزانی لە بوخارستەوە چوو بۆ پراگ. لەوێش سەرۆکی چیکۆسلۆڤاکی "ئەنتۆنی نۆڤۆتینی" پێشوازیی لێکرد. هەروەکوو مەسعود بارزانی لاپەڕەکانی ٤١٣-٤٩٤ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا "کورد و بزووتنەوی ڕزگاریخوازی کورد- ١٩٣١-١٩٥٨"دا، بڵاویکردوەتەوە، ئەم بروسکانەی خوارەوە لەنێوان بارزانی عەبدلکەریم قاسمدا ئاڵوگۆڕ کران.

یەکەم بروسکەی بارزانی لە پراگەوە بۆ عەبدولکەریم قاسم:

پایە بەرز و خۆشەویست زعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم قارەمانی شۆڕشە پیرۆزەکەی عێراق

بەناوی برایانی کوردی کۆچێنراو لە حکومەتە سۆشیالیستەکاندا، سڵاوتان لێدەکەم و پیرۆزبایی شۆڕشی گەلی عێراقی تێکۆشەر دەکەم کە ئێوە و هاوڕێ قارەمانەکانتان بەڕێوەتان برد، ئیمپریالیزمی نەحلەتی و پاشایەتی پیستان لەنێو بردو گەلی عێراقتان بە کوردو عەرەبەوە لە زوڵم و ژێردەستی ڕزگار کرد. بەم کردەوەیەتان لاپەڕەیەکی نەمرتان لە مێژووی گەلی عێراق بەتایبەتی و مێژووی ڕزگاری جیهاندا بەگشتی تۆمار کرد. بە جاڕدانی کۆماری عێراق ئامانجێکتان پێکا کە گەلی عێراقی قارەمان لە شۆڕشە بەناوبانگەکەی ١٩٢٠ەوە بۆی تێکۆشاوە و ئەم سەرکەوتنە بەدەستی ئێوە هاتەدی. کوردە ئازادەکانی عێراق شانبەشانی برا عەرەبە تێکۆشەرەکانیان بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە تێکۆشاون. شۆڕشەکانی بارزان پارچەیەکن لە زنجیرە خەباتی گەلی عێراق دژی ئیمپریالیزم و حوکمی شایەتی پیس لە نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا. لە ئاکامی ئەم خەباتە سەخت و درێژەدا، لە ڕۆژانێکا کە ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەماندا بەهۆی کلک و بەکرێگیراوە خاینەکانەوە فەرمانڕەوا بوو، ناچارکراین نیشتمان بەجێهێڵین و لە دەرەوە لە خاکی دەوڵەتە سۆشیالیستە ئازادەکانا درێژە بە تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و کلکەکانی بدەین. ئێمە بڕوای پتەومان هەیە کە ئیمپریالیزم و کلکەکانی هەر دەبێ ببەزن و لە نیشتمانمان دەربکرێن، وەکوو لە وڵاتی برا عەرەبەکانمان میسر و سوریا و یەمەن و ئەوانی دی دەرکرا و هەڵات. ڕۆژی ١٤ ی تەمووز بەرەبەیانێکی ئاوات و تاسەمانی هێنایەدی بۆ هاتنەوە نیشتمانی خۆشەویست و پارێزگاری لە کۆمارە ساوایەکەمان، سەرمان لە بالیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی برادا لە کۆمارکانی ڕۆمانیای گەلی و چیکۆسلۆڤاکیای گەلی لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕابوونی شۆڕشدا تا پاسەپۆرتمان بدرێتێ بۆ گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان وەرنەگرتۆتەوە. بەم داوایەمان ڕوو لە بەڕێزتان دەنێین و تکایە یارمەتیمان بدەن بۆ گەڕانەوە نیشتمانی خۆشەویست و هاوبەش بوونمان لە خزمەتی کۆمارەکەمان وێڕای هاونیشتمانە دڵسۆزەکان. لە کۆتاییدا لە خوا دەپاڕێمەوە سەرکەوتوو بن لە پاککردنەوەی وڵات لە کلکەکانی ئیمپریالیزم بە تەواوی و چاککردنەوەی ئەوانەی سەردەمی دوابڕاو لە گەلی عێراقی تێکدابوو. وڵات بەرەو بەرزی و شارستانیەتی ببەن، بۆ خۆتانی بەڕێز و هاوکارە قارەمانەکانتان داخوازی لەشساغی و خۆشیم.

بڕی کۆماری عێراقی نەمر، بڕی سەرکردەکانی شۆڕشی عێراقی پیرۆز قارەمانان زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم و هاوکارە ئازادەکانی.

بڕی برایەتی کورد و عەرەب لەژێر سێبەری یەکێتی عێراق دا

تکایە ئاگادابن من ئێستا لە کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا لە شاری "لیدز"م لەگەڵ هاوکاران میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی.

براتان خزمەتکاری گەلی عێراق مستەفا بارزانی پراگ ١٩٥٨/٨/٢٩

وەڵامی عەبدولکەریم قاسم بۆ بارزانی:

بە شادییەوە بروسکەکەتانمان وەرگرت. ئێمە هەموومان بەخێرهاتنەوەی گەڕانەوەتان دەکەین بۆ عێراقی خۆشەویست. هەموو پێویستییەکمان بەجێهێناوە بۆ دەرچوونی لێبووردنتان و ئاسان کردنی گەڕانەوەی خۆت و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی و ئەو هاونیشتمانییانەی لەگەڵتاندان، سەرلە باڵۆێزخانەی عەرەبی یەکگرتوو بدەن لە پراگ- چیکۆسلۆڤاکیا- بۆ سازکردنی گەڕانەوەتان.

زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی وەزیران ١٩٥٨/٩/٢

لە هەمان ڕۆژدا وەزارەتی دەرەوەی عێراق بروسکەیەکی بۆ باڵیۆزی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو لە پراگ نارد، تا ئاسانکاریی بۆ گەڕانەوەی بارزانی و هاوڕێیانی بکات. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٤٩ی بەرگی دووەمی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٥٨- ١٩٦١"دا دەڵێت: **(لەناو کاغەزەکانی بارزانیدا وێنەی دوا بروسکەی بارزانیم دۆزییەوە کە بۆ زەعیم عەبدولکەریم قاسمی ناردبوو. سوپاسی کردوە بۆ ڕێگەدانی خۆی و هاوڕێیەکانی بگەڕێنەوە نیشتمان.)**

ئەمەی خوارەوەش دەقی بروسکەکەیەتی:

بەڕێز سەرکردەی مەزنی گەل زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم

بەناوی خۆم و بە ناوی هەموو برا کوردە تێکۆشەرەکانەوە، دیسان پیرۆزباییتان لێ دەکەم و پیرۆزبایی لە گەلی عێراق دەکەم بە کورد و عەرەب، بۆ ئەم شۆڕشە. ئەو شۆڕشەی ڕێگەی بۆ گەل کردەوە کە بەسەر شەقامی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتیدا هەنگاو بنێ. من و هاوکارەکانم بە ناوی گەلی کوردەوە پەیمانتان دەدەینێ کە درێژە بە خەبات بدەین بۆ پشتگیریی ئەم کۆمارە و پاراستنی بە هاوخەباتی لەگەڵ برا

عەرەبەکانی خۆماندا، دژی هەموو هەڵپەیەکی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانی. من خۆم و هاوکارەکانم بە سەرباز دادەنێم، لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەران بۆ پاراستنی کۆمارە ساوایەکەی خۆمان، کۆماری کورد و عەرەب لەژێر سەرکردایەتیی ئێوەدا. ئەی زەعیمی بەڕێزی گەل، ئەم دەرفەتە بە هەل دەزانم تا پاکترین سوپاسی خۆم و سوپاسی هاوکارە کۆچێنراوەکانم لە وڵاتە سۆشیالیستەکان بەئێوە پێشکێش بکەم کە ڕێگەدراین بگەڕێینەوە بۆ نیشتمانی خۆشەویستمان تا بەشداربین لە شەرەفی پاراستنی کێشەی گەورەی گەل، کێشەی پاراستنی کۆمار و پێشخستنی.

بژی فەرماندەی ڕزگارکەر عەبدولکەریم قاسم

بژی برایەتیی کورد و عەرەب هەتا هەتایە

بژی کۆماری عێراق کۆماری کورد عەرەب مستەفا بارزانی ١٩٥٨/٩/١٠

بەرلەوەی کە بارزانی پراگ بەجێهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ عێراق، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کورد لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی و ئەندامەتی نوری ئەحمەد تەها، سادق بارزانی و عوبەیدوڵا بارزانی ڕەوانەی چیکۆسلۆڤاکی کرد، تا لە گەڕانەوەیدا هاوڕێی بارزانی بن. لە قاهیرە، ساڵح میرانیش لەگەڵ ئەو لیژنەیە کەوت.

بارزانی لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەر "ئەیلول"ی ١٩٥٨، چیکۆسلۆڤاکی بەجێهێشت و بەرلە گەڕانەوەی بۆ عێراق، لە قاهیرە دابەزی. جەمال عەبدولناسر سەرکۆماری میسر لە ماڵی خۆیدا پێشوازیی لێکرد. ئەم پێشوازییە گەرمەی ناسر لە بارزانی و هەڤاڵانی بۆ ئەو پشتگیرییەی بارزانی لە میسر دەگەڕایەوە کە ساڵی ١٩٥٦ و لەکاتی هێرشە سێ قۆڵییەکەی ئیسرائیل، ئەمریکا و ئینگلیز بۆسەر میسر، بارزانی لە میسری کردبوو. دوای چوونی بۆ میسر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر، بارزانی ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ گەڕایەوە بۆ بەغدا و بەشێوەی ڕەسمی پێشوازیی کرا. لە کوردستان و لە هەموو ناوچەکانی عێراقەوە دەیان هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی گەل گەیشتبوونە بەغدا و لە فڕۆکەخانەی "موسەننا" پێشوازییان لە بارزانی وەک قارەمانێکی نەتەوەیی کرد بۆ نیشتمان.

بارزانی لە هۆتێل "سەمیر ئەمیس" دابەزی و میوانی حکومەت بوو. ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٧ چوو سەردانی عەبدولکەریم قاسمی کرد و سوپاسی خۆی پێشکەش کرد و پێیڕاگەیاند: **(خۆی بە سەربازێکی شۆڕشی تەموز دەزانێ و لەژێر فەمانی زەعیم دایە.)** هەرلەو ڕۆژەدا بەشێک لە نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی و نوێنەرانی گەل لە باخچەی هۆتێل سەمیر لە بەغدا کۆبوونەوە و بارزانی ئەم وتارەی خوارەوەی پێشکەش کردن:

ڕۆڵە هاونیشتمانییەکانی خۆشەویستم

ئێوە ئاگادارن کە من و هاوڕێیانم ناچارکراین خاکی نیشتمان بەجێبێڵین لەبەر خەباتی چەکدارانەمان دژی تاقمی فەرمانڕەوای ڕزیوی سەردەمی دوابڕاو و ئاغا ئیمپریالیزمەکانیان. بە درێژایی ئەم دوازدە ساڵە خەبات دژی ئیمپریالیزم و کلکەکانی ڕامانبوارد، ئاواتمان پێکهاتنی ئەو ئامانجە بوو کە گەلی عێراق بۆ سەربەخۆیی و ئاشتی دوایی کەوتووە.

ئێمە هەر لەگەڵ بیستنی هەواڵەکانی شۆڕشی پیرۆزی عێراق لە یەکەم ڕۆژیدا ویستمان بگەڕێینەوە تا شەرەفی بەشداری پاراستنی کۆمارمان پێ ببڕێ. من لە کاتێکا سوپاسی پیاوانی شۆڕش دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخساندم، لەبەر دەمی گەلدا بەڵێنتان دەدەمێ کە خۆم و هاوکارەکانم لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەران بین بۆ دەستەوەکەری لە کۆماری ساوامان و پێشکەوتن و گەشەکردنی هەموومان بە کورد و عەرەبەوە یەکڕیز لەژێر ڕابەرایەتی ڕۆڵەی گەل زەعیم عەبدولکەریم قاسم دا ڕاوەستین.

بژی کۆماری عێراق بژی برایەتی کورد و عەرەب[1]

١- بەڵگەنامەکانی ئەم بەشەم لە کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨- ١٩٦١، نوسینی مەسعود بارزانی وەرگرتوە و ئەویش لە کتێبی شۆڕشی شەواف، نوسینی خەلیل ئیبراهیم حوسێن، لاپەڕەی ١٨٤ و ئەرشڤی پارتی دیموکراتی کوردستان وەریگرتوون.

کاردانەوەی جیاواز سەبارەت بە گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ عیراق

کودەتای تەموز کە تا چەند ساڵی دواییش سیمای شۆڕشێکی جەماوەریی بەخۆیەوە گرت، بە گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق کە بەساڵان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز شەڕی کردبوو لەلایەک و پێشوازیی کردنی گەرمی جەمال عەبدولناسر لە بارزانی لە قاهیرە و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و عەرەب لە بارزانی لە بەغدا، گەلێک کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنی نێوخۆیی و دەرەکی لێکەوتەوە کە ئاماژە کردن بە چەند دانەیان بە پێویست دەزانم.

لە نێوخۆی وڵات، گەلانی عێراق بە عەرەب و کورد و کەمە نەتەوەکانەوە لایەنگرییان لە کودەتای ١٤ی تەموز کرد. لە دەرەوەی وڵات، جەمال عەبدولناسر لایەنگریی لێکرد. لایەنگریی کردنی عەبدولناسر لێی گرنگایەتی لەنێو دنیای عەرەب دا هەبوو. یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی بە ڕوخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و نەمانی دەسەڵاتی ئینگلیز لە عێراق، خۆشحاڵ بوون و پشتی کودەتای تەموزیان گرت کە ئەوانەی هەموویان خاڵی پۆزەتیڤ بوون بۆ ئەو کودەتایە.

جگەلە لایەنگرانی حکومەتی پاشایەتی لە عێراق و ناوچەکە، یەکەم بەرهەڵستکاری کودەتای ١٤ی تەموز، دەوڵەتانی ئێران و تورکیا و حکومەتەکانی ئینگلیز، ئەمریکا و هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بوون کە هاوکات لەگەڵ هەرەسهێنانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و سەرکەوتنی کودەتای ١٤ی تەموز، دژی ڕاوەستان. بالیۆزی بریتانیا لە واشنتۆن لە بروسکەیەکدا بە ژمارە ١٩٦٣- ١٩٥٨/٧/١٩ بۆ وەزیری دەرەوەی بریتانیای نوسی: (**چەند تیپێک لە سوپای تورکیا بەرەو سنوری عێراق هاتن، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٨ وریای کردنەوە کە ئەگەر درێژە بەوکارەیان بدەن، بەرپرسایەتی دوژمنکارانەیان بە دژی ڕژێمی نوێی عێراق ئاشکرا دەکات**[١].)

شای ئێران هەشت ڕۆژ پرسەی گشتیی بۆ گیان لە دەستدانی گەورە پیاوانی ڕژێمی پاشایەتی ڕاگەیاند کە ڕۆژی ١٤ی تەموز کوژراون. هەروەها دەزگاکانی هەواڵگریی ئێران پیاوانی خۆی نارد بۆ کاری تێکدەرانە لە عێراقدا[٢].

هەرسێ دەوڵەتی ئێران، تورکیا و بریتانیا دژی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت هەڵوێستیان وەرگرت. تەیمور بەختیار کە ئەوکاتە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساوک" بوو، گوتی: (**... باری کوردستان جێی بڕوا نییە، حکومەتی ئێران چاودێریی بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانییە کە سەردانی قاهیرەی کردوە و ئێستا لە بەغدایە و هەوڵدەدات بە یارمەتی سۆڤیەت شۆڕشی کورد وەڕێ بخات**[٣].)

هەفتەنامەی "تەرەقی" لە ژمارەی ٨٣١ی ڕۆژی ١٩٥٨/١٢/١٥یدا وتارێکی لەژێر ناوی "عێراق ناوەندی پیلانە دژ بە ئێران" بڵاوکردەوە و لەودا بە توندی پەلاماری بارزانی دا و سەرکۆنەی حکومەتی عێراقی کرد کە ئیزنی گەڕانەوەی پێداوە.

ڕاپۆرتی باڵیۆزی بریتانیا لە بەغدا مایکل ڕایت لە ١٩٥٨/٩/٢٢ەوە تا ١٩٥٨/١٠/٢.

بڕگەی دووەم:

– (ئێوارەی ڕۆژی شەشی ئۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"، مەلا مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق، پاش ئەوەی لە قاهیرە سەردانی سەرۆک جەمال عەبدولناسری کرد. خەڵکێکی زۆر بۆ بەخێرهێنانەوەی خۆی و تاقمەکەی چووبوونە فڕۆکەخانە. ئاشکرایە کە گەلێک لە عێراقییە زیرەکەکان بە ترسەوە دەڕواننە هاتنەوەی مەلا مستەفا و پێیانوایە بڕیاری وەزیری دەرەوە بۆ گەڕاندنەوەیان کارێکی ژیرانە نەبووە. بەم جۆرە جارێکی تر خاوەنی داواکاریی کوردستانی سەربەخۆ، خاوەنی پێوەندیی قایم لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هاتەوە گوڕێ. لەگەڵ ئەو بەڵێنە شیرنانە و دەستەبەر کردنیان، مەلا مستەفا گوایە لە عێراقدا لایەنگری یەکێتی کوردو عەرەبە، زۆرکەس وای لێکدەداتەوە لە گەڕانەوەی مەلا مستەفا یارمەتییەکە بۆ حیزبی شیوعی. وێدەچی هەندێ لەو تاقمەی مەلا مستەفا کە لە سۆڤیەت پەنابەرن، بێنەوە لای مەلا[٤].)

بروسکەی سامفول کۆنسوڵی بریتانیا دەربارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سدیق شەنشەل وەزیری ڕاگەیاندن لە ماڵی خۆی.

بەغدا ١٩٥٨/١٠/٢٧ ژمارە ١٦٦٥٨/ ١٠١٣

بڕگەی دووەم لەو بروسکەیە:

(دەربارەی کوردەوە هیچ ناڕەحەتیی پێشان نەدا و پێیوابو ئەوان هاوکاری لەگەڵ حکومەت دەکەن. بۆ گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانییش پێی باشبوو، جارێکیتر گوتی

هیچ جۆرە گیروگرفتێک پێکناهێنێ. لەو باوەڕەدا بوو کە زۆر زەحمەتە بە پەنابەرێکی وا ڕێ نەدرێ بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی، چونکە بڕیاری وا ئەوەندە نارەزایی لەناو کورددا پێکدێنێ کە لە بوونی بارزانی خۆی زیاترە[٥].)

بڕگەی پێنجەمی ڕاپۆرتی باڵیۆزی بریتانیا لە بەغدا

ژمارە ٥٨- ١٨٠- ١٩٥٨/١٠/١٦/١٠١٣

مەلا مستەفا گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، لە شوێنی دانیشتنی خۆی لە یەکێ لە هۆتێلە گەورەکاندا زۆر میوانداریی کوردەکان دەکا و ئەمە قورەکە خەستتر دەکاتەوە. هەرچەندە لەم کاتەدا کورد مەترسییەکی ڕاستەوخۆ نین، بەڵام یارمەتیدەری ئەو مەترسییەن کە لە شیوعییەکانەوە دێ. حکومەتیش بۆ لابردنی عارف پشتی پێ بەستن، پاشەڕۆژ ڕوون نییە و حەزیش ناکەم پێشبینی بکەم کە پاشەڕۆژ چۆن دەبێ[٦].

لە مانگی ئۆکتوبەری ١٩٥٨دا، بارزانی سەردانی شاری کەرکوکی کرد و لە بارەگای فیرقەی دووی سوپا عێراق لەگەڵ ئەفسەرەکان کۆبۆەوە. لەوکاتەدا ئەفسەرێکی تورک بەناوی "هیدایەت ئەرسەلان" بۆمبێکی لەنێو هێلیکۆپتەرەکەی بارزانی دانایەوە کە لە گەڕانەوەدا بتەقێتەوە، بەڵام بەخۆشییەوە ئەفسەرێکی کورد پێی زانی و پیلانەکەی ئاشکرا کرد. تاوانبارەکە لە ترسان دڵی وەستا و مرد. ئەو هەواڵە گەیشتە نێو شاری کەرکوک و خەریکبوو ئاژاوەیەکی گەورە ڕووبدات کە بارزانی زوو فریا کەوت[٧].

١- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی دووەم، لاپەڕەی ٣٤، نوسینی مەسعود بارزانی. ئەویش لە کتێبی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و عەبدولکەریم قاسم، لاپەڕەی ٥٠، نوسینی دوکتۆر وەلید ئەعزەمی وەرگرتووە.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٣٥. ئەویش لە کتێبی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و عەبدولکەریم، لاپەڕەی ٢٤٠، نوسینی لەیس زوبەیدی وەرگرتووە.

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٥، نوسینی مەسعود بارزانی. ئەویش لە کتێبی شۆڕشی شەواف، لاپەڕەی ١٨٧، نوسینی ئیبراهیم حوسین وەریگرتووە.

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٣٤، نوسینی مەسعود بارزانی. ئەویش لە کتێبی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و عەبدولکەریم قاسم، لاپەڕەی ٩٦، نوسینی دوکتۆر وەلید ئەعزەمی وەرگرتووە.

٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٦ و ٥٧، هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٠٢.

٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٧، هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٠٣.

٧- ئەتلەسی، مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، لاپەڕەی ٩٧، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، دانان و ئامادە کردنی سەردار محەمەد عەبدولرەحمان و هوشیار محەمەدئەمین خۆشناو، هەولێر ٢٠١٢.

دیدار و وتووێژەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی لە عێراق

هەروەکوو لە بەڵگەنامەکانی بریتانیادا بینیمان، دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، مستەفا بارزانی بە بەردەوامی پێشوازیی لە سەرکردەی حیزب و لایەن و عەشیرەت و ڕۆژنامەنوسان دەکرد. هەمووی ئەوانەی کە دەچوونە لای هەڵگری پەیامی خۆشەویستی بوون و داوای پشتگیرییان لە کار و خەباتدا لێ دەکرد. بەتایبەتی ڕێبەرانی حیزبی شیوعی عێراق کە لەو سەردەمدا حیزبێکی بەهێز و خاوەن دەنگ بوو لەنێو ڕۆشنبیران و زەحمەتکێشانی عێراق و کوردستاندا.

بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، پارتی دیموکراتی کوردستان "یەکگرتوو" کە مستەفا بارزانی سەرۆکی بوو، جگەلە کۆنگرەی یەکەمی، دوو کۆنگرەی‌تریشی پێکهێنابوو. کۆنگرەی دووەم لە ساڵانی ١٩٥١ لە بەغدا، کۆنگرەی سێیەم لە ١٩٥٣ لە کەرکوک، بەڵام پارتییەکی قەدەغەکراو و نهێنی بوو. چالاکییەکی بەرچاوی نەبوو، و لە گۆڕەپانی خەباتی کوردستان و عێراقدا خاوەنی ناو و دەنگی فرەوان نەبوو، بەڵام بە سەرهەڵدانی شۆڕشی تەموز و گەڕانەوەی بارزانی و دواتریش هەڤاڵانی لە سۆڤیەت



کە لەجێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم، هەل بۆ ئەندامانی پارتی ڕەخسا کە حیزبەکەیان ببێتە حیزبێکی جەماوەریی و خۆی ئاشکرا بکات و بنکە و بارەگا لە بەغدا و شارەکانی کوردستان دانێ و بەناوی سەرۆک مستەفا بارزانییەوە ئیزنی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات وەرگرێت. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری دەڵێت: **(بەرلە گەڕانەوەی بارزانی پارتی هەبوو، بەڵام بێ هێز بوو. داوایان لەمن کرد و گوتیان تۆ ئەو هەمووە**

خزمانەت هەن، بۆچی تەنزیمیان ناکەی، گوتم باشە و ساڵی ١٩٥٧ نزیکەی ٢٠- ٢٥ گەنجی میراودەلیم تەنزیم کرد و هەموو مانگێک ئەندامەتیمان دەنارد بۆ سلێمانی. نوری ئەحمەد تەها بەرپرسی لقی چوار بوو. هەباسی مامەند ئاغاشیان هەربەو جۆرە تەنزیم کردبوو. کە مەلا مستەفا هاتەوە، لقێکی عەشایری هەبوو. ئێمە بەچاکمان زانی وەفدێک بچین بۆ پێشوازی مەلا مستەفا. لەگەڵ هەباسی مامەند ئاغای پێوەندیمان گرت و چل پەنجا ئوتۆمبێل بەیەکەوە چووین بۆ بەغدا. مەلا مستەفا بە شکۆیەکی گەورە گەڕایەوە. عەرەبەکانی جنوب زیاتر هاتبوون لە ئێمەی کورد. مەلا مستەفا قسەی بۆ کردین و گوتی: ئەگەر کەریم قاسم نەبووایە من نەدەگەڕامەوە. ئێحترامی مەلا مستەفا هێجگار گەورە بوو. دواتر پارتی ئیجازەی وەرگرت و ئاشکرا بوو. مقەڕیان لە بەغدا و لە هەموو شارەکان کردەوە. ڕۆژنامەی خەبات وەبەر نەدەکەوت و لە ڕۆژنامەکانی عێراق زیاتر دەفرۆشرا[1].) لە جێیەکی تردا موحسین دزەیی دەڵێت:



– (لە کۆتایی مانگی ١٠ی ١٩٥٨دا بارزانی هات بۆ هەولێر. من ئەوکاتە ئەندامی مەجلیسی هەولێر بووم. ئێمە ئاهەنگێکمان بۆ گێڕا. ئەفسەرێکی عەرەب هات و سڵاوی لە بارزانی کرد. نزیکەی ٢٠ سەربازی گەنجی بە دواوە بوو. گوتی: "ئەم سەربازانە هەموویان بارزانین و حەزیان کرد چاویان بە تۆ بکەوێ." بارزانی هەستا سەرپێ و چوو بۆلای سەربازەکان و منیش بە دوایدا چووم. یەک بە یەک پرسیاریان لێکرد. هەموو لەو کەسانە بوون لە باوک، برا یان مامیان لەگەڵ بارزانی چووبوون بۆ سۆڤیەت و هێشتا نەگەڕابوونەوە. بارزانی دەیپرسی باوکت کێیە؟ کە ناوی باوک و برا و مامیان دەگوت، دەستبەجێ بارزانی وەڵامی دەدایەوە کە باوکی ماوە، هاوسەرگیری کردوە و

چەند منداڵی هەیە، یان شەهید بووە. وەڵامی هەموویانی دایەوە و بە ڕاستی من سەرسام بووم لەوەی کە چۆن هەموویانی لەبیر مابوو[٢].)

معروف قەرەداغی وەرگێڕی بەشێک لە چالاکیی بارزانییەکان نوسینی ئیسماعیل ئەردەڵان لە ڕۆژنامە "کوهستان" چاپی تاران اسفند ١٣٢٥ "ڕەشەمە- شوبات- فیبرواری" دەنوسێت: **(بەرلەوەی کە ئەم کتێبە "نهێنییەکانی بارزان" لە چاپ بدەم، ڕۆژی ١٩٥٨/١١/١٧ چوومە بەغدا بۆ خزمەت پێشەوا مستەفا بارزانی بۆ بەخێرهاتنەوەی و کتێبەکەم پێشکەش کرد کە لەوکاتەدا لە بەغدا و لە ئوتیل "سمیرامیس" تەشریفیان دابەزی بوو. پاش ئەوەی عەرزم کردن کتێبێکی وام هێناوەتە خزمەتتان، شایەد پەسەندتان فەرموو و بڕیارتان دا لەسەری تا لە چاپ بدرێ، بۆ ئەوەی بۆ پاشەڕۆژ ئەم "ڕووداوانە" لەبیر نەچێتەوە و فەرامۆش نەکرێ.**

فەرموی ئەم ئەسەرانەت لە کوێ وەرگرتوە؟ وتم لەم سەرچاوانەوە کە لە کتێبەکەدا نوسراوە. فەرمووی سەرچاوە ئەگەر لێڵ بو، ئاوی لێ ناخورێتەوە. وتم ڕاستە من ئەوەندەم لە توانادا بووە، ئێوە بۆیە ئەزیەت ئەدەم کە ڕاهنمایم بفەرمون بۆ سەرچاوەی ڕۆشن، تاکو هەموو تینوی ڕاستی و نیشتمانپەروەریی لێ تێراو بێ.

فەرموی ئێستا کات یاریدەم نادا، با بمێنێ هەرکاتێ هەلم بۆ هەڵکەوت تەماشایەکی ئەکەم.

وتم ئەگەر ئەفەرمون تا پێشکەشی سادق و شێخ خالدی بکەم.

فەرموی قەیدی نیە، بەڵام زۆرکەس لەسەر بارزان زۆر چشتیان نوسیوە کە زۆر دورن لە ڕاستی و حەقیقەت. هەروەکو یەکێ لەوانە ئەنوسێت: "ان مصطفی البارزانی قد تزوج بامرئة مسلة روسیة حسنا" وە فەرمووی لەم وتەیە تەنها وشەی "مصطفی بارزانی" ڕاستە کە ئەویش ناوە بۆ من.

وتم ژن هێنان نە شرعاً وە نە اصولا مانعیکی تیدا نیە و عەیب نیە.

فەرموی ڕاستە بەڵام من کە لە غەریبیدا بووم، هەرچەند ئەو جێگای منی لێ بووم زۆر ڕێزم لێگراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسوکار و گەل و هۆز و نیشتمانم بە تێکڕایی لەژێر زنجیری دیلی و پەریشانیدا ئەی نالاند و منیش ڕاکردوی دەستی ستەمی ستەمکاران بووم، ئیتر ئەبێ چۆن دڵم بڕوایی بدات تا بیرلە ژن هێنان بکەمەوە!.

دیسانەوە فەرموی ئەمڕۆ ئەبینم گەلی کورد لە هەموو لاوە روو ئەکەنە من و من بە "زەعیم" و پێشەوا ناو ئەبەن. من زەعیم نیم و زەعیم و پێشەوای هەموو لایەک بە کورد و عەرەبەوە و ئەو هۆزانەوە کە لە عێراق ئەژین "زەعیم عەبدولکەریم قاسم"ە، پێویستە هەموو گەل بە تێکڕایی پارێزگاری جمهوریەتی خۆشەویستە ساواکەی بکا بە سەرۆکایەتی کاک عەبدولکەریم قاسم.

پێویستە مەیدانی جیایی و تەفرەقە نەدرێ. گەل بە تێکڕایی بە یەک دڵ پشتیوانی زەعیمی بە نرخ عەبدولکەریم قاسم بکات. گەل پێویستە یەک دڵ و یەک ئەندام بێ. ئەنجامی تەفرەقە و جیایی فەوتانە. یەکیەتی و یەک دڵ مایەی سەرکەوتنە. من تکام لە هەموو کوردێکی شەریف ئەوەیە بە ناوی "جبهەی وەتەنی موەحدەوە" ئەوەی خۆی بە بەشەرەف و نیشتمانپەروەر ئەزانێ، ئیتر بەچاوپۆشی لە ڕەگەزایەتی و نەتەوایەتی ئایین و باوەڕ، خزمەت بە جمهوریەت و زەعیممان، زەعیمی بە نرخ و خۆشەویست، عەبدولکەریم قاسم بکات.

بەهۆی هەندێ پرسیاری ترەوە وەڵامی دامەوە و فەرمووی لە پێش هەموو شتێکا من لە بارزاندا چشتێکم نەکردوە شایانی سوپاس بێ. هەر کردەوەیەکی بیستوتانە یا دیوتانە بەهۆی کاکی مەزن و جێگەداری باوکم جەنابی برای گەورەم شێخ ئەحمەدەوە بووە و هەموو ئەو خەبات و تێکوشینانە هی ئەو بووە. من بچوک و ئەمرپێکراوی ئەو بووم.

بەڵی ئینکار ناکرێ خەباتکەر و پیاوانی ڕەشید و ئازای بارزان ئەوانە بوون کە لە ڕیگای نیشتمان و گەل و بارزاندا گیانی پاکی خۆیان بەخت کرد. بە ڕوسوری چونە باوەشی دایکی نیشتمان و ناو جەرگەی خاکەوە. هەر نیشتمانپەروەرێک لە عێراقدا خۆی بەشەرەف و خاوەن ماف بزانێ، پێویستە لە ڕێگای نیشتمان و پارێزگاری لە جمهوریەتە خۆشەویستەکەی بە سەرۆکایەتی کاک عەبدولکەریم قاسم خوێنی خۆی بڕێژێ و بە ڕوسوری بچێتە باوەشی دایکی نیشتمانەوە، تا ئەو شیرەی کە لەم دایکە دڵسۆزەی خواردویەتی حەڵاڵی بێ. لە مێژودا بە حەرام زادە هەڵ نەبژێری. چونکە دوو چشت لە جیهاندا جاویدانییە و نافەوتێ.

یەکەم: چاکە و دووهەم" خراپە. خۆ هەردوو ڕێگاکەش کراوەتەوە کێ بۆ چاکە و بە چاکەدا ئەڕوا خزمەتی نیشتمان و گەل ئەکا خوای لەگەڵ. گەل و مێژوو ڕێزی لێ ئەگرنو ڕەحمەت گۆی ئەکەن. ئەوەش چاوی لە خراپەیە بە ڕێگای خراپەدا ئەڕوا چاوی لە نیشتمان و گەل فرۆشتنە و هاوڕێی عەبدوڵاله و نوری سەعید و هاوڕێکانیان بێ.

دیارە مردنی بەشەرەف ژیانە، ژیانێکی جاویدانیە، هەروەها ژیانی بە شەرەف مردنە مردنێکی جاویدانی..

معروف قەرەداغی – کەرکوک ١٩٥٩/٢/١٥) (پاشبەندی ٢٣)

١- وتووێژی تابیەت لەگەڵ ڕێزدار عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری.

٢- وتووێژی تابیەت لەگەڵ ڕێزدار موحسین دزەیی.

گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ کوردستان

دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق، سەرۆک مستەفا بارزانی کارە ئیدارییەکانی حکومەتیی بۆ بەیاسایی کردنی گەڕانەوەی هەڤاڵانی لە سۆڤیەتەوە بۆ عێراق بە ئەنجام گەیاند. لەگەڵ میرحاج ئەحمەد تاهیر و ئەسعەد خۆشەوی هاودەنگی کرد کە بگەڕێنەوە سۆڤیەت و یارمەتی بەو هەڤاڵانەیان بدەن کە خوازیاری گەڕانەوەن بۆ کوردستان بە ژن و منداڵەکانیانەوە و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت بدوێن و یارمەتیان لێوەربگرن.

بەشێک لە بارزانییەکان لە سوڤیەت هاوسەرگیرییان کردبوو. ئەو ژمارەیە دەبووایە هاودەنگی لەگەڵ هاوسەرەکانیان بکەن کە ئایا ئامادەن بێن بۆ کوردستان و لەوێ بژین؟ نوێنەرانی بارزانی لە مۆسکۆ کارئاسانییان بۆ هەڤاڵانیان کرد. چوون بۆ ئەو جێیانەی کە هەڤاڵانیان لەوێ بوون. بە تاک و بە کۆمەڵ لەگەڵ خۆیان و هاوسەرەکانیان دوان. هەلومەرجی کوردستانیان بۆ ڕوونکردنەوە. زۆربەی هەڤاڵانیان بە هاوسەرەکانیانەوە ئامادەیی خۆیان بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان ڕاگەیاند. ئەو کەسانەی لە کۆمارەکانی سەربە ئەوروپا بوون لە کاتی دیاریی کراودا، چوون بۆ مۆسکۆ و ئەوانیتریش لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان لە ڤیرۆڤیسکی کۆبوونەوە. ئەوانەی خوازیاری گەڕانەوە بوون بریتی بوون لە: ٤٦٠ پیاو، ٢٠٨ ئافرەت و ٢٢٥ منداڵ کە لە بەندەری "ئۆدیسا" یەکتریان گرتەوە و بە تێکڕا سواری کەشتی "کرۆزیا" بوون. ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٢٩ کەشتییەکە لە دەریای ڕەشەوە بەرەو گەروی "بۆسفۆر" لە تورکیا بەڕێکەوت. لەوێ حکومەتی تورکیا دەیویست پێش بە گەڕانەوەیان بگرێ و کێشەی بۆ دروستکردن کە دوای مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ کاپیتانی کەشتییەکە و چەند مەئموری ڕوسی کە بەرپرسی گەیاندنەوەی بارزانییەکان بوون بۆ عێراق و سەرئەنجام ڕێگایان بۆ کردنەوە کە بەرەو دەریای سپی درێژە بە ڕێگا بدەن. کەشتییەکە لە دەریای سپییەوە بەرەو کەناڵی سوئێز و لەوێوەی دەریای سور بەڕێکەوت. دوو پاپۆڕی ئەمریکی و فڕۆکەیەکی جەنگی ئەمریکی لە دەریای سوردا، کەشتییەکەی خستە ژێر چاودێریی، بەڵام کەشتییەکە بەبێ گیروگرفت لە دەریای سور

تێپەڕی و بە دەریای عەرەب و کەنداوی عەرەبدا، ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦ گەیشتنە بەندەری بەسرە. سەرۆک بارزانی خۆی لە بەندەری بەسرە پێشوازیی لە بارزانییەکان و هاوسەر و منداڵەکانیان کرد.

لەو ٤٩٩ کەسەی کە لەگەڵ مستەفا بارزانی چوون بوون بۆ سۆڤیەت، بەداخەوە ٣٠ کەسیان لەوێ کۆچی دواییان کردبوو و حەوت کەسیش بەهۆی درێژەدان بە خوێندن و گیروگرفتی بنەماڵەکانیان، یان بەهۆی ئامادەنەبوونی هاوسەرەکانیان کە لە کوردستان بژین، لەوێ مانەوە، بەڵام خوێندکارەکانیش دوای کۆتایی خوێندن گەڕانە بۆ کوردستان.

بنەماڵە بارزانییەکان لە بەسرەوە بە ڕێگای بەغدا و کەرکوکدا بە شەمەندەفەر گەڕانەوە بۆ هەولێر. سەرۆک بارزانی لە بەسرەوە بە شەمەندەفەر لەگەڵ هەڤاڵانی گەڕایەوە بۆ بەغدا. لەم بارەیەوە ڕەزا خالید، کوڕی محەمەد زوبێر و برازای بابەکر محەمەد زوبێر کە هەردوو لە هەڤاڵانی بارزانی بوون لە یەکێتیی سۆڤیەت، لە وتوێژی تایبەتدا پێی گوتم:

– (کە لە پاپۆر دابەزین و سواری شەمەندەفەر بووین، بارزانییش هات و بۆ ماوەی نزیک بە دە خولەک لە کوپەی ئێمە دانیشت. بەخێرهاتنەوەی کردین و لەگەڵ باوکم و مامم و دایکم دوا. بارزانی بەتەنیا نەهاتە کۆپەی ئێمە، بەڵکوو لە ڕێگای بەسرە بۆ بەغدا، لە یەکەم وانگۆنەوە تا دوا واگۆنی شەمەندەفەرەکە چوو، و هەموو بنەماڵەکانی بەسەر کردەوە. لەگەڵ پێاوەکان بە زمانی کوردیی و لەگەڵ ژن و منداڵەکانیش بە زمانی ڕوسیی قسەی دەکرد. هاتنی مەلا مستەفا بۆ بەسرە و

بەسەرکردنەوەی هەڤالانی، بەتایبەت هاوسەر و منداڵەکانیان، ورەیەکی زۆری بە هەموو لایەک بەخشی کە قەت لەبیر ناکرێت.)

شێخ ئەحمەد و خەڵکێکی زۆر، لە هەولێر پێشوازییان لە گەڕاوەکان کرد و دواتر هەرکەسە چووەوە ناوچەی خۆی[1] کاپیتان و کارگەر و مەئمورەکانی کەشتیی کڕۆزیا لەگەڵ بارزانی چوون بۆ بەغدا و میوانی سەرۆک بارزانی بوون. کاتی گەڕانەوەی بارزانییەکان، سەرۆک بارزانی بەبۆنەی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان، دوای ١٢ ساڵ ئەم وتارەی خوارەوەی ئاراستەی بەشداران کرد:

- (زۆر شانازم بە گەڕانەوەتان بۆ خاکی عێراقی خۆشەویست! ئەو عێراقەی لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی نەمرەوە بو بە جمهوریەتێکی ئازادی دیموکراتی بۆ کورد و عەرەب و کەمایەتییە نەتەوەییەکان. ئەو شۆڕشەی ڕژێمی ئیمپریالیزیالیزم و دەرەبەگ و کۆنەپەرستیی هەتا هەتایە لەناو برد. لە سایەی خەباتی دوو قۆڵی گەلی عەرەب و کوردەوە و لە ئەنجامی ڕێکەوتنی سوپا و گەلەوە، بە پێشەوایەتی ڕۆڵەی خۆشەویستی گەل عەبدولکەریم قاسم. ئێمەش کە بارزانییەکانین شەرەفی هاوبەشی کردنمان هەیە لەم خەباتە پیرۆزەدا و لە بەخشینی قوربانیدا لە جەنگی گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە کە بەم هۆیەوە ئیمپریالیستەکان و بەکرێ گیراوەکان ئاسایشیان لێ هەڵگرتین و دەستیان لێوەشاندین و لانەیان ڕوخاندین و پیر و منداڵیان کوشتن و دایانینە بەر مەترەلۆزی فڕۆکەی بریتانیا لە جەنگێکی نەگەییودا کە ناچاربووین نیشتمانی خۆشەویستمان عێراق بەجێبێڵین و بڕۆین بۆ کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ئێراندا، لە دواییشدا بەهۆی پیلانی کارگێڕە تاوانبارەکانی ئێرانەوە بە ئەمری ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا بەرانبەر جوڵانەوەی دیموکراتیانە لە ئێران بەگشتی وە بەرانبەر دوو جمهوریەتە دیموکراتیەکەی ئازەربایجان و کوردستان. لەوێش ناچاربووین لە دوژمن بدەین و وردە وردە بەرەو شاری سەربەستی و ئاشتی یەکیەتی سۆڤیەتی مەزن بڕۆین، لێمان ڕون بوو داڵدەمان ئەدا، چونکە لێقەوماوی خەبات بووین. بەرانبەر هێزی شەڕ و زۆرلێکردن وەستابووین. لەو ماوەیەدا کە لەوێ بووین زۆر چاودێری کراین لە لایەن گەلی سۆڤیاتی بەڕێزەوە. قوتابخانە و کێڵگە و کارگە و گەلێ شتی تریان لەو ماوەیەدا بۆ کردینەوە و چاوەڕوانمان ئەکرد وەکوو

ئەو هاونیشتمانانەی تر کە لە زەمانی زۆر و ستەمدا دورخرابوونەوە بۆ زۆر وڵات، تاکوو ئەو ڕۆژە گەلی عێراقمان بەسەر ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیدا سەرکەوت، چاوەڕوانمان ئەکرد بگەڕێینەوە بۆ نیشتمانی خۆشەویستمان.

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەل لە چواردەی تەموزدا دەرگامان بۆ کرایەوە کە بگەڕێینەوە بۆ نیشتمان، هەر وەکوو ئەم دەرگایە بۆ هەموو عێراقییەکی دورخراوە کرایەوە و گەڕانەوە. وە لە پێش ئێوەشدا گەڕانەوەمان بۆ نیشتمان یەکێکە لە بەرهەمەکانی شۆڕشی گەلەکەمان و من دڵنیام کە ئێوە کاری برایەتی و چاکی ئەکەن. لە جمهوریییەتەکەمانا بەشدار ئەبن لەو فەرمانە دروستکەرانەدا کە لە نیشتمانەکەمانا ئەکرێ.

هەر مرۆڤێک تۆزقاڵێ ویژدانی بێ و بڕوانێتە ئافرەت و پیر و منداڵەکان، هەست ئەکا کە تاچ ڕادەیەکی کارگێڕەکانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو گلور بوونەتەوە بە ڕێگای دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکاندا ئەڕۆن بۆ داگیرکردنی کۆمارە دیموکراتیە نەمرەکەمان کە لە بارەی گەڕانەوەی ئێوەوە دوو دڵی بڵاوئەکەنەوە بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەن لە کاروباری ناوخۆماندا و لە سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیاتی مەزن کەم بکەنەوە کە پارێزگاری بەرژەوەندی گەلی عەرەب و هەموو گەلانی جیهان ئەکات. بەڵام بە پێچەوانەی پروپاگەندەی ناشایستی عەبدولناسر، برایەتی کورد و عەرەب ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر ئەبێ و کۆمارە دیموکراتییەکەمان بە ڕێگایەکی نەگۆڕدا ئەڕوا، ڕێگەی دیموکراتی، ڕیگای دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت و هەموو دەوڵەتە ئاشتیخواز و ئازادیخوازەکانی جیهاندا. شەرەف دارم کە ئەم هەلە بگرم بۆ ئەوەی بە پاپۆڕەوان و دەریاوانە سۆڤیەتییەکان و نوێنەری هیلالی سوور و سەلیبی سووری سۆڤیاتی گرمترین سوپاس و تەقدیر بگەیەنم، هەروەها ئەم هەلە لە دەست نادەم بۆ ئەوەی هەندێک دیاریی سوکەڵە، دیاری گەلی عێراق بۆ دۆستخوازەکەی گەلی سۆڤیاتی بەڕێز پێشکەش کەم، ئەویش بۆ پەسەندی و یادگاری دۆستایەتی نەمرمان.

بژی کۆمارە دیموکراتییەکەمان بە ئازادی، بە پێشەوایەتی ڕۆڵەی گەل عەبدولکەریم قاسم.

بژی تا هەتا هەتایی برایەتی کورد و عەرەب

بژی دۆستایەتی عێراق و سۆڤیەت

مردن بۆ ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوە تێر نەخۆرەکانیان(پاشبەندی ٢٤)

هەروەها دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا، سەرۆک بارزانی بە نامەیەک سوپاسی عەبدولکەریم قاسمی کرد کە یارمەتی کرد لە گەڕاندنەوەی بارزانییەکاندا.

١- بۆ نوسینی ئەم بەشە سەردانی هەموو ئەو خانمانەم کردوە کە لە سۆڤیەتەوە هاتوون و لە کوردستان دەژین. مێردی ژمارەیەکیان لە ژیاندان و زۆربەیان نەماون. بۆخۆیان خاوەنی ماڵ و منداڵی گەورەن. حکومەت موچەی بۆ بریونەتەوە و کوڕەکان و ژمارەیەک لە کچەکانیان لە پۆستی جیاوازی حکومەتیی و ئازاددا خزمەتی گەلی کورد و کوردستان دەکەن. ناوەکانیان بریتییە لە: بەغدا گوڵ سلێمان شەعبان، حوریە عەبدولرەحمان چخال پیلە، ڕازیا ئەلیاس کەریم، زولفیا بەدری، زەکییە ڕەجەب، شوکریە بیلال عومەر، عایشە عومەر عوسمان، فاتمە ئیسماعیل، لوتفیە سەلیم عەبدول وەلی، لۆڤیک ئیڤانۆڤیچ، ماریا ئەلیکساندر سیریکۆڤا، لیدا ئەلیکساندرۆنا، مریەم عەلی خدر، نایلە ئیبراهیم "لەیلا"، هۆنچە ڕۆڤا لیدا ئەلکساندرۆڤا "لیدا مەلا ڕەش، ئاوا سیتی ئیبراهیم، ئایش ئیبراهیم، ئولفەت دورسون، لەبزۆک موراد، ئەلفیە ئیسماعیل، ئەلماس حوسێن. بە هۆی هەستیار بوونی ژیانی ئەو خانمانە لە کوردستان کە دەتوانین بڵێن هەموویان لە یەک شێوازدان، ئاماژە بە بەسەرهاتی دوو لەو خانمانە دەکەم.

ئولفەت دورسون و زەکییە ڕەجەب

ئولفەت دورسون ئالی ساڵی ١٩٣٤ لە شاری تفلیس لەدایک بووە. دوای جەنگی دووەم بە بنەماڵە لە قەفقازەوە دوورخرانەونەتەوە بۆ تاشکەند. ساڵی ١٩٥١ مێردی بە شێخ حوسێن عەلی محەمەد یەکێک لە هەڤاڵانی مستەفا بارزانی کردوە. لە سۆڤیەت چوار منداڵی هەبووە و لە کوردستانیش چوار. واتە دوو کوڕ و شەش کچی هەبووە و ئێستا پێنج کچی لە ژیاندان. ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگای قوشتەپە ژیاون کە حکومەت دەوری کۆمەڵگاکەی داوە و مێردەکەی و پێنج زاوایان بردوە و ئەنفالیان کردوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(کە دەوری قوشتەپەیاندا، هەموو نێرینەکانیان بە پیر و گەنج، بە نەخۆش و کەمئەندامەوە کۆکردەوە بردیانن. لە بنەماڵەی ئێمە شەش پیاویان برد کە یەکێک لەوانە شێخ حوسێن بوو، و ئەوانی تریش پێنج زاوام. کوڕەکانم لە ماڵ نەبوون. ئێستا خۆم و ئەم پێنج کچەم ماوین کە مێردی هەموومان ئەنفال کراوە. سوپاس بۆ مەلا مستەفا کە هەتا مابوو، چاوی لەسەر ئێمە هەڵنەگرت و ئێستاش بە لوتفی سەرۆک مەسعود بارزانی و موچەیەک کە بۆ ئێمە بڕاوەتەوە دەژین. شوکر بۆ خوا و دوعای خێریان بۆ دەکەین و هیوامان هەیە کورد سەردەکەوێ و لە چنگ ئەو دوژمنە خوێن مژانە ڕزگاری دەبێت.)**

هەروەها زەکییە ڕەجەب ساڵی ١٩٣١ لە شاری "قرم" لە ناوچەی "تاتار" لە ڕۆخی دەریای ڕەش لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەدایک بووە. شارەکەیان بە دەریادا دراوسێی شاری ئەستەمبوڵی تورکیایە و زەکییە بە ڕەگەز تورکی تاتارە. لە سەردەمی جەنگی دوومدا دایک و باوکی زەکییە دەمرن و زەکییە و خوشکی بە تەنیا لە قرم

دەمێننەوە. زەکییە لە نەخۆشخانەی قرم کار دەکات کە سوپای ئەڵمانیا پەلاماری شار و ناوچەکەیان دەدات و داگیریان دەکات. حکومەتی ڕوسیا خەڵکی ناوچەکە دەگوازێتەوە و زەکییە و خوشکی وەبەر کۆماری "ئۆزبەکستان" دەکەون و لە شاری "تاشکەند" جێگیر دەکرێن.

کاتیک بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە بەسەر کۆمار و گوندەکاندا بڵاوکرانەوە، شێخ عومەر محەمەد و خالید ئەرگوشی و چەند هەڤاڵی بارزانی لە تاشکەند جێگیر دەکرێن. لەوێ شێخ عومەر لەگەڵ زەکییە خانم ئاشنا دەبێت و خالید ئەرگوشی و دوو سێ لە هەڤاڵانی دەنێرێتە سەر زەکییە و ئەویش بە ڕەزامەندی خوشکەکەی مێردی پێدەکات.

شێخ عومەر، دوای کۆتاییهێنانی مەشقی سەربازیی و خوێندنی زمانی ڕوسی دەچێتە زانکۆی شاری "ئۆکتۆبەرسکی" و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک مستەفا بارزانی، بەشی نەوت دەخوێنێت. لەم بارەیەوە زەکییە دەڵێت: **(شێخ عومەر لە زانکۆی شاری "ئۆکتۆبەرسکی" لە بەشی نەوت دەیخوێند و منیش لە نەخۆشخانە کارم دەکرد کە حکومەتی عێراق ڕوخا و کەریم قاسم هاتەسەر کار. ئەوکاتە ئێمە دوو کوڕمان هەبوو کە بارزانی بڕیاری گەڕانەوەیدا و هاوسەرەکەی منیش گوتی دەگەڕێمەوە. پرسی بەمن کرد و منیش ڕازی بووم لەگەڵ منداڵەکانم بێم بۆ کوردستان.)**

زەکییە تەمەنی ٨١ ساڵە. کچێک و کوڕێکی هەیە. لەگەڵ کچەکەی بە ناوی "نازێ" لە شاری "هەریر" لە باشوری کوردستان دەژی و کوڕەکەی بە ناوی تاهیر لە

"دیانا"یە. دوای نزیک بە ٥٥ ساڵ هێشتا لە قسەکانیدا شوێنەواری زمانی تورکی دەبیندرێت. سەبارەت بە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی لە کوردستان دەڵێت: **(کاتی هاتنمان بۆ کوردستان خوشکێک و دوو برام هەبوو لەگەڵ چەند خزمی تر، بەڵام ئێستا نازانم ئەوانە ماون یان نا. دوای گەڕانەوەمان بۆ کوردستان حکومەت شەڕی بەسەرماندا سەپاند و ئێمە ناچاربووین بچین بۆ ئێران. دواتر گەڕاینەوە و حکومەت شەوێک پەلاماری ئێمەیدا و شێخ عومەر و یەکێک لە کوڕەکانمی بەناوی عەزیز و چەند کەسی تری بنەماڵەی ئێمەی دەستگیر کرد و دواتر ئەنفالی کردن. ئێمە بەتەنیا ماینەوە و پێداویستی ناوماڵ و ژیانمان نەبوو و خەڵک یارمەتی دەکردین. ئێستا بە دوای ئازادبوونی کوردستان، حکومەت موچەی بۆ ئێمە بڕیوەتەوە و لێرە کچەکەم خزمەتی من دەکات و لەبەر من ئامادە نەبووە شو بکات و لەگەڵ من ماوەتەوە.)**

لەناو ئەو کۆمەڵە پیاو و ئافرەتانەدا کە سەردانم کردون، نزیکەی بیست کچم بینیوە کە تەمنیان لەنێوان ٢٨- ٥٠ ساڵدایە. ئەوانە خوازبێنیکەریان هەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی کە دایکیان یان باوکیان بەتەنیا نەمێننەوە، ئامادەنین هاوسەرگیریی بکەن. ئەو قەیرە کچانە هەتا دایک یان باوکیان لە ژیاندابێت لەلایان دەمێنەوە و دوارۆژیشیان نادیارە. ئەوە چارەنوسی ئەو دایک و باوک و خوشک و برایانەمان کە بەهۆی زوڵم و ستەمی دوژمن بەسەریان هاتووە و ناتوانن خۆی لێ ڕزگار بکەن.

کێشە و ململانێی نێوان سەرکردەکانی شۆڕش و تەشەنەکردنی بۆ ڕیزەکانی خوارەوە

هەرچەندە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف وەک دوو سەرکردە لە سوپای عێراقدا، سەرۆکایەتی کودەتای ١٤ی تەموزیان کرد و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی وڵاتدا لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ ئەفسەرە هاوپەیمانەکانیان هاودەنگ نەبوون و تەنانەت بەشێک لە ئەفسەرە هاوپەیمانەکانیان لەخۆیان دوور کردەوە.

لەسەرەتادا بڕیار وابوو، عەقیدی ڕوکن "سەرهەنگ ستاد" عەبدولوەهاب شەواف بکەن بە فەرماندەی گشتی سوپای عێراق، بەڵام کەریم قاسم و سەلام عارف ئەو بڕیارەیان پشتگوێ خست و ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٥ پۆستی فەرماندەی سوپای موسڵیان بە شەواف بەخشی. ئەو هەڵوێستە نوێیەی کەریم قاسم و سەلام عارف، تۆوی ڕق و کینەی لە دڵی شەوافدا چاند، بەجۆرێک لەگەڵ هەندێک لە سەرۆک هۆزە عەرەب و کوردەکان ڕێککەوت تا بە پشتیوانیی دوو وڵاتی سوریا و میسر کە هەوڵی وڵاتێکی یەکگرتووی عەرەبییان دەدا، دژی حکومەتی نوێی عێراق شۆڕشێک وەڕێ بخات.

ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٥ لایەنگرانی پێکهاتنی وڵاتێکی یەکگرتووی عەرەبیی، کۆنگرەیەکی ئاشتیخوازییان لە موسڵ پێکهێنا. شەواف ئەو کۆنگرەیەی بۆ پەیداکردنی پشتگیریی قۆستەوە و ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٨ بە دژی حکومەت ڕاپەڕی و چەند هەڤاڵ و لایەنگری کەریم قاسمی لە موسڵ کوشت کە یەکێک لەوانە، "کامل قەزانچی" بوو. لە بەرامبەریدا حکومەتی عێراق بە هێزێکی زۆری سوپا کە لە لیوای پێنج و هێزی بەرگریی نەتەوەیی پێکهاتبوو، هێرشی کردە سەر موسڵ و لە ئاکامدا شەواف و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی شوافیان کوشت و ژمارەیەکیش ڕایانکردە سوریا و چەند کەسێکیشیان کەوتە دەست هێزەکانی بەرگریی نەتەوەیی.

دوای لەنێوبردنی ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن سوپای عێراقەوە، عەرەبە شۆڤینییەکان، ئەو هێرش و پەلامار و کوشتنانەیان خستە ئەستۆی پارتی دیموکرات و سەرۆک بارزانی، بەبێ ئەوەی کە ئەوانە بچووکترین دەستیان لەو ڕووداوانەدا هەبێت. تەنانەت

کاتێک لە ڕووداوەکاندا چەند ئەفسەری پایە بەرز گیرابوون وەک: "نازم تەبەقچلی و ڕەفعەت حاجی سڕی"، بارزانی داوای لە قاسم کرد کە لە کوشتنیان خۆش بێت و نامەیەکیشی بە سادق بارزانی برازایدا نارد بۆ قاسم.

بە سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوانە و دیداری عارف لە دیمەشق و چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر، پێوەندیی نێوان سەلام عارف و کەریم قاسمیش بەرەو لاوازیی چوو. عارف لە بەرامبەر قاسمدا خوی بە ڕێبەر و کارگێڕی سەرەکی کودەتای ١٤ی تەموز دەناساند و هەستی ڕەگەزپەرستانەی سەبارەت بە نەتەوەی کورد دەردەبڕی و لە وتار و چاوپێکەوتنەکانیدا لە هێنانی ناوی کەریم قاسم خۆی دەپاراست.

سەرئەنجام ناکۆکیی نێوان سەلام عارف و کەریم قاسم تەشەنەی کردە نێو حیزبەکان و سەر شەقامیشی گرتەوە و بەرەی نیشتمانییشی هەڵوەشاند. لە ڕاستیدا کەریم قاسم لەگەڵ هیچ حیزبێکدا پێوەندی تەواوی نەبوو، و زیاتر ئەوانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنان و کێشەی بۆ دروست دەکردن تا لەیەکتر دابڕن. ئەو توانی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتیی لەت بکات و "محەمەد حەدید" لە "کامل چادرچی" جودا بکاتەوە و حیزبی نوێ دامەزرێنێت. "داود سایغ"ی لە حیزبی شیوعی هەڵگەڕاندەوە و حیزبێکی بەدەڵی شیوعی دروستکرد. تەنانەت هەوڵیدا ئیبراهیم ئەحمەدیش لە پارتی هەڵگەڕێنێتەوە کە سەرنەکەوت.

بەهەر حاڵ، ماوەیەک دوای ڕاپەڕینی شەواف، شێخ ڕەشیدی لۆلان لە گوندی لۆلانی سەربە سیدەکان کە پەیڕەوەی لە سیستمی دەرەبەگایەتی دەکرد، بەهاندانی ڕژێمی ئێران یاخی بوو، و لە کۆتایی مانگی مارسی ١٩٥٩ گەمارۆی ناحیەی "سیدەکان"یدا و بنکەکانی پۆلیس ئەو ناحیەیەی چەککرد و بەرزاییەکانی "سەری بەرد"ی لەنێوان سیدەکان و ڕەواندز داگیرکرد. لە بەرامبەر ئەو دەستدێژییە بە پڕۆگرامەدا، سەرۆک بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک چوو بۆ ڕەواندز و لەوێ هێزێکی زۆری پێشمەرگەی ڕێکخست و لە ماوەی دوو ڕۆژدا ناوچەکەی ئارام کردەوە. هێرشکەران ڕایانکرد و خۆیان گەیاندە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕژێمی ئێران لە شاری شنۆ نیشتەجێی کردن. لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگە شەهیدبوون کە یەکێک لەوان سلێمان عومەر تازە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕابۆوە.

شێخ ڕەشید و یاخی بووەکان دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک کەڵکیان لە لێبوردنی گشتیی عەبدولکەریم قاسم وەرگرت و گەڕانەوە ناوچەی خۆیان. بە گەڕانەوەی شێخ ڕەشید، مستەفا بارزانیی بەهۆی نیەتی پاکییەوە، سادق بارزانیی برازای نارده لای شێخ لە لۆلان و بۆ نەهێشتنی ئەو گرژییەی ڕوویدابوو.

پارتی دیموکرات دوای گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی

لە بەشی "**دیدار و وتوویژەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی لە عێراق**" دا ئاماژەم بۆ دۆخی پارتی بەرلە گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان کرد و گوتم پارتی جگەلە کۆنگرەی یەکەم، دوو کۆنگرەی‌تریشی پێکهێنابوو. کۆنگرەی دووەم لە ساڵی ١٩٥١ لە بەغدا، کۆنگرەی سێیەم لە ١٩٥٣ لە کەرکوک، بەڵام پارتییەکی قەدەغەکراو و نهێنی بوو. چالاکییەکی بەرچاوی نەبوو، و لە گۆڕەپانی خەباتی کوردستان و عێراقدا خاوەنی ناو، و دەنگی فرەوان نەبوو. بە سەرهەڵدانی شۆڕشی تەموز و گەڕانەوەی بارزانی و دواتریش هەڤاڵانی لە سۆڤیەت، هەل بۆ ئەندامانی پارتی ڕەخساند کە حیزبەکەیان ببێتە حیزبێکی جەماوەریی و خۆی ئاشکرا بکات و بنکە و بارەگا لە بەغدا و شارەکانی کوردستان دانێ و بەناوی مستەفا بارزانییەوە ئیزنی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە وەرگرێت.

لە سەردەمی پاشایەتیدا، دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بە بەردەوامی خەریکی ڕاونانی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکرات بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کادیر و سەرکردەکانی پارتی لەنێو خۆشیاندا تەبا نەبوون و بەهۆی گیروگرفتی کۆبۆوەی ڕیزەکانی لە بەرەوپێشچوون و گەشەکردن وەستابوو. لە کۆنگرەی سێیەمیدا کە بڕیاریاندا هەمزە عەبدوڵا لە کاری حیزبیی سڕ بکەن، چونکە هەرکام لە هەمزە عەبدوڵا و ئیبراهیم ئەحمەد لابالێکی حیزبیان لەگەڵدا بوو، پارتی خەریکبوو وەک حیزبە نیشتمانییەکانی عێراق لەت بێت. لەم بارەیەوە عەلی عەبدوڵا دەڵێت:

– (لەسەر ئەو ڕاسپاردەیەی بارزانی کە جەلال تاڵەبانی کاتی سەردانی لە مۆسکۆ هێنابووی، پێوەندی بە هەمزە عەبدوڵاوە کرا و سەرکردایەتی پارتی لەسەر قسەی بارزانی زیاتر نەرمیی لەگەڵدا بەکار هێنا. لە ساڵی ١٩٥٧دا هەندێ کادیر و سەرکردەی حیزبی شیوعی عێراق، لقی کوردستان هاتنە ناو پارتییەوە. جا بۆ ئەوەی یەکەتیی پارتی بپارێزرێ و هیچ گیروگرفتێک ڕوونەدات، بڕیاردرا، ناوی پارتی بگۆڕدرێت و بکرێ بە "پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان" پاشان لە کۆنگرەی چوارەمدا گەڕایەوە سەر ناوەکەی خۆی "پارتی دیموکراتی کوردستان." دوای ڕابوونی شۆڕشی

١٤ی تەموز و گەڕانەوەی بارزانی سەرۆکی پارتی لە یەکەتیی سۆڤیەت، دەرکەوت خشتوخاڵی ناکۆکییە کۆنەکە هەر ماوە و ڕێگە دەگرێ لە پێشکەوتن و گونجان لەگەڵ ئەم بارە نوێیەدا.)

دوای شۆڕشی تەموز و گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق، سەرکردایەتی شۆڕشی تەموز بایەخێکی تایبەتی دەدا بە پارتی و دەیزانی چۆن دەورێکی هەیە لە پاراستنی کۆماردا. بەم بۆنەوە سەرکردەکانی شۆڕش و بەتایبەتی کەریم قاسم، پێوەندیی گەرمیان لەگەڵ پارتی دیموکرات دامەزراند. هەمزە عەبدوڵا بە ڕاشکاوی دەیویست سیاسەتەکانی حیزبی شیوعی لەنێو پارتیدا پیادە بکات و لە ڕاستیدا پارتی وەک لقێکی حیزبی شیوعی لێکردبوو. ئیبراهیم ئەحمەدی بەوە تاوانبار دەکرد کە ڕاسترەوە و بەشوێن بۆرژوازیی عەرەب کەوتووە. بارزانی لە سەرەتادا هەڵوێستی نەرم و مامناوەندیی گرتەبەر و ویستی کێشەکانی ئەو دوو باڵە لە پارتیدا بە ئارامیی چارەسەر بکات، بەڵام هەمزە عەبدوڵا ملی نەدەدا و لایوابوو ژیان و مانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، ڕێگا بۆ بۆچوونەکانی خۆشدەکات و بەسەر ئیبراهیم ئەحمەددا زاڵ دەبێت کە لێکدانەوەکەی پێچەوانە دەرچوو.

بارزانی ناچار بوو سنورێک بۆ ئەو بارە ناخۆشە دابنێ. بەو پێیە، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا کە ڕۆژی ١٩٥٩/٦/٣٠ لە ماڵی خۆی لە بەغدا پێکهات، هەندێک بڕیار بۆ بنەبڕ کردنی کێشەکان درا و هەمزە عەبدوڵا، خەسرەو تۆفیق، نەژاد ئەحمەد، ساڵح ڕوشدی، حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری لە کاری حیزبی سڕ کران. لەم بارەیەوە مامۆستا عەزیز محەمەد سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی شیوعی عێراق لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

– (هەمزە عەبدوڵا، ساڵح حەیدەری، نژادی ئەحمەدی عەزیزئاغا کە دەبێتە خەزوری کچەکەم و خەسرەو تۆفیق و دوو سێ کەسی تر کە لە حیزبی شێوعی نزیک بوون، وابزانم ئەوکارەی کردیان باش نەبوو، ئەوە ڕەئی ئێستام نییە و هێ ئەوکاتەیە. داوای کۆنگرەیان کرد و مەلا مستەفا گوتی دەریان دەکەم و ئەوکارەشی کرد. ئێمە چ لە هەمزە عەبدوڵا بکەین کە سکرتێری پارتی دیموکرات بوو، بیبەینە کۆمیتەی ناوەندی، نابێت، بیکەین بە ئەندامێک، نابێت، هەیئەتێکمان لێ پێکهێنان و

ناومان لێنان "مەکتەبی مەرکەزی بۆ شئونی کوردی" و جار جارە من و جەمال حەیدەری لەگەڵیان کۆدەبووینەوە. دیارە من ڕێزێکی زۆرم بۆ مامۆستا هەمز عەبدوڵا هەیە. بە ڕاستی کام حیزبی شیوعی ئەو پێوەندییەی بۆ پێکدێ لەگەڵ حیزبێکی تر کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی لایەنگری بێت. دەبووایە ئەو پێوەندیە وەک گلێنەی چاو بپارێزن کە نەیانپاراست و بەداخەوە دۆستایەتی ئێمەشیان لەگەڵ پارتی دیموکرات لە مەترسی خست و تاوانی ئەوەمان لێدرا کە ئێمە لە پشت هەڵوێستی ئەوانەین کە دژی کۆنگرەکە بن، لە ڕاستیدا تەسەوڕ ناکەم لەلایەن برادەرانی ئێمەوە ئەوە ڕوویدابێت، ئەگەر ئەوەمان کردبێت هەڵە بووە و نەدەبووایە ئەوە بکەین.)

هەرلەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریاندا، کۆنگرەی چوارەمی پارتی پێک بێنن کە ڕۆژی ١٩٥٩/١٠/٤ لە بەغدا پێکهات و بۆ یەکەمجار سەرۆک مستەفا بارزانی سەرۆکایەتی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کرد. لەو کۆنگرەیەدا هەمزە عەبدوڵا، خەسرەو تۆفیق، نەژاد ئەحمەد، حەمید عوسمان و سالح حەیدەری لە پارتی دیموکرات دەرکران. کۆنگرە چەند بڕیاری نوێی پەسەند کرد کە یەکێک لەوانە فکرەی ڕۆیشتن لەبەر تیشکی مارکسیەتیان گۆڕی بۆ سوود وەرگرتن لە فکرەی مارکسیەت. کۆنگرەی چوارەم مستەفا بارزانی بە سەرۆک و ئەم ئەندامانەشی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، عومەر مستەفا "دەبابە"، جەلال حیسامەدین، ئەحمەد عەبدوڵا، عەونی یوسف، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، دوکتۆر موراد ڕەزمئاوەر و مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە کۆبوونەوەی خۆیاندا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتیان هەڵبژارد کە بریتی بوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر و عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، دوکتۆر موراد ڕەزمئاوەر، جەلال تاڵەبانی، نوری ئەحمەد تەها و سەید عەزیز شەمزینی. شایانی باسە کە ناوی ئەو سێ ئەندامەی دوایی ئاشکرا نەکرا. هەروەها کۆنگرە بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبدا، هەیئەتێکی چاودێری دانا کە ئەندامانی بریتی بوون لە: شەمسەدین موفتی، حەبیب محەمەد کەریم، عەلی عەسکەری، یەدوڵا کەریم فەیلی، زەکیە ئیسماعیل حەقی.

کەرکوک لە یەکەم ساڵی کودەتای ١٤ی تەموز و ڕزگار بوونی کەریم قاسم لە هەوڵێکی تیرۆریستی

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر شۆڕشی چواردەی تەموزدا، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی عێراق و کوردستان بە ئاهەنگی جۆراوجۆر شۆڕشەکەیان پیرۆز کرد. لە کەرکوک ژمارەیەک ئاژاوەگێڕ بە پشتیوانیی دەزگاکانی ئەمن و فیرقەی دووی سوپای عێراق، ئاهەنگەکە لە خوێن هەڵکێشا و دەیان کورد و تورکمانی ئەو شارەیان قوربانیی کرد. دوای ئەو کارەساتە، ڕۆژی ١٩٥٩/٧/٢٠ کۆمەڵێک پیاو ماقوڵی تورکمان چوون بۆ شەقڵاوە و لە ماڵی ساڵح بەگی میران چاویان بە سەرۆک مستەفا بارزانی کەوت و پێکەوە تاوتوێی ڕووداوەکەیان کرد. بارزانی نیگەرانی خۆی لە کارەساتەکە دەربری و تەئکیدی لەسەر برایەتی کورد و تورکمان و پێکهاتەکانی تری شاری کەرکوک کردەوە.

بارزانی هیوادار بوو بە شێوەیەکی برایانە بتوانن کێشەی کوردستانی بوونی کەرکوک چارەسەر بکات، کەچی لەسەردەمی یەکەم دەسەڵاتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣، خەڵکی ٢٣ گوندی دەوروپشتی کەرکوکیان کە هەموویان کورد بوون، بە بیانوی پاراستنی ئاشتی لە ناوچەکەدا، لە گوندەکانیان دەرکرد و خێزانی عەرەبیی "شێخ حەراسی سەدید"یان لەو گوندانە نیشتەجێ کرد. ئەو کێشەیە لە وتووێژی ساڵی ١٩٦٦دا لەلایەن مستەفا بارزانییەوە لەگەڵ "بەزاز" و دواتریش لەگەڵ "تاهیر یەحیا" خرایە بەرباس، تاهیر یەحیا ئەو عەرەبانەی لابرد، بەڵام نەیهێشت کوردەکانیش بگەڕێنەوە جێی خۆیان و ئەو گوندانەی بە ناوچەکی قەدغە کراو دانا. لەم بارەیەوە حیزبی شیوعی عیراق لە بەیاننامەیەکیدا کە ڕۆژی ١٩٦١/٥/٣٠ بە زمانی عەرەبی بڵاویکردەوە، نوسی:

– (ماوەیەک پێش ئێستا شەڕێکی دەسکرد لە کەرکوک دروست کرا کە دایرەی ئەمن و ئینزباتی عەسکەری دەوری سەرەکییان تێدا بینی و چەند هاوولاتیی کورد و تورکمان سەریان تێداچوو و بوو بەهۆی شێواندنی باری ژیانی هاوولاتیان و زیانێکی زۆر لە ئابووریی خەڵک کەوت.)

دوای شکانی بزووتنەوەی شەواف، حیزبی بەعس و بزووتنەوە نەتەوەییە عەرەبیە شۆڤنییەکان هەڵوێستی توندیان لە بەرامبەر کەریم قاسم و حکومەتەکەی گرت. ئەو دوژمنکارییە بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ تەبایی و پێوەندیی نزیک لەنێوان کەریم قاسم و مستەفا بارزانیی.

ئەوان کاتێک لە ئاژاوە نانەوەی کەرکوک نائومێد بوون، خۆیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ هاتنە پێشەوە. ڕۆژی ١٩٥٩/١٠/٧ لە شەقامی ڕەشید لە بەغدا، لە نزیک وەزارەتی بەرگریی پەلاماری کاروانی ئوتۆمبیلەکانی عەبدولکەریم قاسمیاندا و بریندارییان کرد. بەم بۆنەیەوە لەنێوان پاسەوانەکانی کەریم قاسم و تیرۆریستاندا تەقە پەیدابوو، و چەند کەس لە هەردوولا کوژران و بریندار بوون و ئەوانی تریش ڕایان کرد و چوون بۆ سوریا.

یەکێک لە ئەنجامدەرانی ئەو پەلامارە تیرۆریستییە، سەدام حوسێن سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق بوو کە بە بریندارییی ڕایکرد و خۆی گەیاندە سوریا.

پێوەندیی کەریم قاسم و سەرۆک بارزانی بەرەو لێکدابڕان

هەروەکوو لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان سەرۆک بارزانی بە سەداقەت و دڵی فرەوانەوە پشتی کودەتای ١٤ی تەموزی گرت و خۆی و پارتی دیموکراتی کوردستان و نەتەوەی کوردی بە پاسەوانانی پاراستنی کودەتای تەموز ناساند. لە ڕاستیدا گەلی کورد یەکەم دۆستی ڕاستەقینە و یەکەم لایەنگری کودەتای ١٤ی تەموز بوو.

بەندی سێیەمی دەستوری کاتی عێراق، عەرەب و کوردی وەک دوو نەتەوەی هاوبەش لە عێراقدا دەبینی. لەبەر ئەوە، هیچ نەتەوەیەک نەیدەتوانی وەک کورد کە بە درێژایی مێژوو لەژێر ستەم و چەوسانەوەدا بوو، دۆست و لایەنگر و پاسەوانی کودەتای تەموز بێت. مستەفا بارزانی بە ڕاشکاوی ئەو هەڵوێستەی دەردەبری، بەڵام هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بەدڵی بەعسییەکان و عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان و پاشماوەکانی ڕژێمی پاشایەتی و نوری سەعید نەبوو. لەبەر ئەوە بارزانی بە دوای شکانی بزووتنەوەی عەبدولوەهاب شەواف، بە توندی کەوتەبەر ڕق و کینەی لایەنگرانی شەواف و ئەو تاقمە ڕەگەزپەرستانە.

کاتێک بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە، کەریم قاسم بەچاکی زانی بارزانی لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردەکان کۆبێتەوە و لە نزیکەوە لەگەڵیان بدوێ، تا ئەگەر کینەیەکیان سەبارەت بە شۆڕشی ١٩٤٣– ١٩٤٥ی بارزان لە دڵدا مابێت، ساڕێژیان بکات. بارزانی ئەوکارەی کرد و کۆبوونەوەیەکی لە بارەگای فیرقەی دووی هەولێر ڕێکخست و هەموو سەرۆک هۆزە کوردەکانی بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوەیە کرد. جگەلە "کەلحێ ڕێکانی" و "ئەحمەد زێباری"، هەموو سەرۆک هۆزەکان هاتن و بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد و لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە ئەنجامی باشی هەبوو. گەلێک دووڵیی و هەستی نامۆیی کۆنی لابرد و زۆر گیروگرفتی لەنێوان ئەو سەرۆک هۆزانەدا چارەسەر کرد کە نیازی پاکیان هەبوو. بەشداری نەکردنی کەلحێ و ئەحمەد زێباریی بۆ کۆمەڵە تاوانێک دەگەڕایەوە کە ئەوان لە بەرامبەر خەڵک و

هۆزەکانی تردا ئەنجامیاندا بوو. سەرنج بدەنە کورتەیەک لە تاوانەکانی ئەحمەد زێباری سەبارەت بە جوتیارانی ناوچەی ئاکرێ کە حکومەت لێی بێدەنگ بوو:

١- بەتاڵان بردنی ٣٦٠ سەر مەڕ لە گوندی "دفرێ".

٢- بەتاڵان بردنی ٦٠ سەر مەڕ لە گوندی "گربیش" و بریندارکردنی پیاوێکی خەڵکی ئەو گوندە.

٣- دەرکردنی یونس کادانی لە گوندی "گسی" و بریندارکردنی ئیسماعیلی کوڕی.

٤- سوتاندنی گوندی "دسی" و بریندارکردنی کەسێک بە ناوی "بیلال" و تاڵانکردنی ٥٠ سەر مەڕ لەو گوندە.

٥- بەتاڵان بردنی ٦٠ سەر مەڕ لە گوندی"شەهی".

٦- داگیرکردنی تفەنگی کوڕی محەمەد تاهیر موختاری گوندی "باکرمان".

٧- تاڵانکردنی ٣٦٠ سەر مەڕ لە گوندی "چەمی شرین" لە حەجی و دەرکردنیشی لە گوند

٨- بەتاڵان بردنی ١٥٠ سەر مەڕ لە گوندی "چەم شرتا" لە موختاری گوند بەناوی "شیشۆ" و دەرکردنیشی لە گوند.

٩- تاڵانکردنی ٥٥٨ سەر مەڕ لە گوندی "چەمی" لە سمایل چەمی.

١٠- تەقەکردن لە مستەفا عەبدوڵا لە ئاکرێ.

١١- بەتاڵان بردنی ٨٠ سەر مەڕ لە گوندی "ئەسپیندار".

١٢- تاڵانکردنی گوندی "چەم سنی". لەکاتی تەقەدا محەمەد سەلیمی کوڕی حاجی ئاغا، برازای ئەحمەد زێبارییش بریندار بووە.

١٣- تاڵانکردنی ٣٠٠ سەر وڵاخ لە مەعلیوەی بەکۆ لەگەڵ تفەنگێکی ئینگلیزیی و تاپرێک و مەکینەی درومان و ڕادیۆ و کەلوپەلی ماڵ لە گوندی "میرزیک".

١٤- کوشتنی کچی "قەمسو" ئامۆزای "عۆدیش" سەرۆکی تیارییەکان لە گوندی "دەفرێ".

١٥- بریندارکردنی خزمی "عۆدیش لە گوندی دەفرێ لەبەر چاوی معاون پۆلیسی ئاکرێ و مەئمور مەرکەزی و ٢٥ پۆلیس. کە بریندار کرا خزمەتی پۆلیسی دەکرد.

١٦- کوشتنی دەرویش حوسێن لە گوندی "هەڕن".

١٧- تاڵانکردنی باری ١٦ ئێستر کە هی خەڵکی دەفرێ بوو و دەیانبرد بۆ ئاکرێ.

١٨- دەرکردنی خەڵکی گوندەکانی "گوزگێ"، "گسێ"و "شەهێ" لە ناوچەی نەهلە و داگیرکردنی ئەو گوندانە.

١٩- نوعمان ئاغا و پیاوەکانی لە ترسی زێبارییان، گوندەکەیان بەجێهێشت و چوون بۆ هەولێر.

٢٠- داگیرکردنی شتومەکی بازرگانی لە تۆفیق مەئموری خەڵکی "بلە" کە لە ئاکرێوە دەیهێنا بۆ فرۆشتن لە بلە.

٢١- بەتاڵان بردنی ٤٠٠ سەر مەڕ لە گوندی "قدیش" هی حەبیب یوسفو ڕەشیدعەبدوڵاو خەڵکی ئەو گوندە کە سەربە قەزای ئامێدییە. (پاشبەندی ٢٥)

مستەفا بارزانی هەوڵیدا کەریم قاسم، کەلحێ و ئەحمەد زێباری بە تاوانی ئەو پیاوکوشتنانەی لەسەریان ساخ ببۆوە، بدات بە دادگا. کەریم قاسم بەڵێنی پێدا، بەڵام پشتگوێی خست. ئەوە بوو ڕۆژی ١٩٥٩/١١/٤، چوار بارزانی لە نزیک قوتابخانەی "ناوەندیی شەرقی" لە موسڵ بەهەڵکەوت توشی ئەحمەد زێباری دەبن و بە تۆڵەی سێ کەسیان کە بە ملهۆڕی و بەبێ تاوان کوشتبوونی، دەیدەنە بەر گوللە و دەیکوژن. کۆنەپەرستان و کاربەدەستە شۆڤنییەکان و داخ لە دڵان ئەم ڕووداوەیان کرد بە بیانووی نەخشەکێشان بە دژی کودەتای ١٤ی تەموز و بەم کارەش هەموو نیشتمانپەروەرانیان لە کەریم قاسم دوور کردەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ و سەرەتای ١٩٦٠دا و بە تەیبەتی کۆنگرەی پێنجەمی پارتیدا[١] ساردی کەوتبووە نێوان کەریم قاسم و بارزانی. کەریم قاسم بە بیانووی دابینکردنی هێمنایەتی لە پارێزگاکانی هەولێر و موسڵ، دەسەڵاتی تایبەتی دا بە "بەدرەدین عەلی" پارێزگاری هەولێر و "ئیسماعیل عەباوی" بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ. ئەوانە بە پڕۆگرامێکی دیارییکراو دەستیان کرد بە پڕچەککردنی هۆزەکانی دراوسێی بارزان وەکوو: ڕێکانی، زێباریی، برادۆستی و سورچی.

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٠ زێباریيەکان دەستدرێژییان کردە سەر گوندەکانی ناوچەی "نزاری"ی سەربە بارزان. کاتێ بارزانییەکان وەڵامی ئەو دەستدرێژییەیان دایەوە، بە ڕاپۆرتێک بەغدایان ئاگادار کردبۆوە کە بارزانییەکان دەستدرێژیان کردوە. ئاشکرا بوو

کە ئەو دووانە، واتە بەدرەدین عەلی پارێزگاری هەولێر و ئیسماعیل عەباوی بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ دوژمنی مستەفا بارزانی بوون و بۆ دوژمنکاریی ڕەوانە کرابوون. ئەو ڕووداوانە دووپات و چەند پات بوونەوە، بەڵام حکومەت ئامادە نەبوو سنورێکیان بۆ دابنێت. لەبەر ئەوە شێخ ئەحمەدی بارزان داوای لە عەبدولکەریم قاسم کرد، لیژنەیەکی بێلایەن پێک بێنێ و لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوە چەکدارانەیە بکات. کەریم قاسم پێشنیازەکەی قەبووڵ کرد و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە چوو بۆ بارزان. لە لایەن بارزانییەکانەوە سادق بارزانی بە نوێنەر دانرا.

سادق بارزانی برازای مستەفا بارزانی ڕۆژی ١٩٦٠/٦/٢٣ بەرەو ڕەواندز چوو تا لەگەڵ ئەو لیژنەیە بچێت بۆ ناوچەی "دەشتەهێرت" کە ئوتۆمبیلەکەی لە جادە دەرچوو و مرد. لیژنەکە لە گەڕانەوەیدا بۆ بەغدا ڕاپۆرتێکی ئاراستە کرد کە پێچەوانەی ڕاپۆرتی پێشووی پارێزگاری هەولێر و پۆلیسی موسڵ بوو. لەبەر ئەوە بارەکە هەندێک هێمن بۆوە و کەریم قاسم دوو برازای خۆی نارد بۆ بارزان و بە بۆنەی کۆچی دوایی سادق بارزانی، سەرەخۆشیان لە شێخ ئەحمەد کرد.

لەگەڵ ئەو مەترسییانەی کە هەبوون ڕۆژی ١٩٦٠/١٠/٢٩ شێخ ئەحمەد چوو بۆ بەغدا و لەگەڵ مستەفا بارزانی چاویان بە کەریم قاسم کەوت. داوایان لێکرد سنورێک بۆ ئەو هەوڵانە دابنێت کە بۆ دوورخستنەوەی بارزانییەکان لە کەریم قاسم و کودەتای ١٤ی تەموز دەیدەن. کەریم قاسم هەوڵیدا، بەڵام دەرکەوت کە ئیشەکانی لەدەست دەرچووە و کار گەیشتووەتە جێیەک کە لە بەڵێنەکانی پاشگەز بێتەوە.

١- پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئەیاری ساڵی ١٩٦٠دا، بە بەشداریی ١٤٨ ئەندامی نوێنەر، لە بەغدا کۆنگرەی پێنجەمی خۆی پێکهێنا. لەو کۆنگرەیەشدا، ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی چاودێر و پشکنین خوێندرایەوە و سەرلەنوێ مستەفا بارزانی بە سەرۆک پارتی و ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵبژێردرانەوە.

داوای تواندنەوەی کورد لە عێراق

کەریم قاسم لەژێر گوشاری بەعسییەکان و عەرەبە شۆڤینییەکاندا، بەشێوەی جیاواز بیانووی بە سەرۆک بارزانی و هێزە دیموکراتە نیشتمانییەکان دەگرت و هەرچەندە لە شۆڤینییەکان نزیکتر دەبۆوە، لە مستەفا بارزانی و هاوپەیمانەکانی دوور دەکەوتەوە. تا سەرئەنجام کار گەیشتە جێیەک کە ڕۆژنامەکان و تەنانەت ڕۆژنامەی "سەورە" کە سەربە کەریم قاسم بوو، بە ڕاشکاوی هێرشی دەکردە سەر کورد و داوایان دەکرد بە گوێرەی بەندی دووەمی دەستوری کاتی عێراق کە دەیگوت: **(عێراق بەشێکە لە نیشتمانیی عەرەب)**، مادەی سێیەمی دەستوری کاتی عێراق کە دەیگوت: **(کورد و عەرەبی لە عێراقدا هاوبەش)**، پشتگوێ بخەن.

لەو هەلومەرجەدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، بانگهێشتی مستەفا بارزانی کرد کە بۆ بەشداریی کردن لە ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بچێتە مۆسکۆ. بارزانی ڕۆژی ١٩٦٠/١١/٥چوو، و خرۆشۆف خۆی پێشوازیی لێکرد. لەو سەفەرەیدا مستەفا بارزانی چەند دیداری لەگەڵ سەرکردەکانی سۆڤیەت پێکهێنا و تەنانەت داوای لێکردن ڕێگە چارەیەک بۆ کۆتاییهێنانی ئەو گرژییە بدۆزنەوە کە کەریم قاسم بۆ خەباتکارانی ڕێگای ئازادیی و دیموکراتی لە عێراقدا پێکیهێناوە.

سەرۆک بارزانی ڕۆژی ١٩٦١/١/١٣ گەڕایەوە بۆ عێراق و بۆ ڕۆژی دوایی، داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەریم قاسم کرد، بەڵام کەریم قاسم خۆی لە داخوازی بارزانی دزییەوە و تا هەفتەیەک لە چاوەروانییدا ڕایگرد. لەو دیدارەیدا بارزانی زۆری هەوڵدا کەریم قاسم بهێنێتەوە سەر دۆخی پێشوی و گومانەکانی بڕەوێنیتەوە. پێیگوت ئەو، و پارتی نیازێکی خراپیان لە بەرامبەریدا نییە، بەڵام هەوڵەکانی بێسود بوون. لەبەرئەوە، لە کۆتایی مانگی مارس "ئادار"دا، بارزانی بڕیاریدا بۆ ماوەیەک بەغدا بەجێهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ بارزان کە لەگەڵ "میرزاغا مێرگەسوری، عەلی خەلیل خۆشەوی، زەکی کامل ئاکرەیی و مەجید مزوریی"، بەنهێنی گەڕایەوە. لەم بارەیەوە زەکی کامل ئاکرەیی لە وتوویژێکی تایبەتدا پێیگوتم:



- (لە ڕاستیدا، مەکتەبی سیاسی جەنابی بارزانی ناچارکرد بە واژۆ کردنی بڕیاری بەجێهێشتنی بەغدا و گەڕانەوەی بۆ بارزان و بەرپا کردنی شۆڕش و تەنانەت لە مانگی سێی ساڵی ١٩٦١دا. بارزانی دوای واژۆ کردنی بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕش بە بەبیانوی پشوودان و بەسەر کردنەوەنی شێخ ئەحمەدی بارزان گەڕایەوە بۆ بارزان. نزیکەی ٥- ٦ مانگ بارزانی لە چاوەڕوانی ئەوەدابوو بارگرژییەکان لەگەڵ ڕژێم بەدیالۆگ چارەسەر بکرێن و کێشەکان بەلێک تێگەیشتن بەکۆتا بێن. لەم بەینەدا زۆر لەو کەسانەی کە لەگەڵی چووبوونە یەکێتی سۆڤیەت و جێگەی متمانەی بارزانی بوون، دەهاتن سەردانیان دەکرد و پرسیاری ڕەوشی کوردیان لێدەکرد کە بەرەو کوێ دەڕوات و ئێمە هەڵوێستمان چی دەبێ ؟ چونکە ئەو کەسانە جەنابی بارزانییان دەخوێندەوە و هاتنی ئەویان بۆ بارزان پێ ئاسایی نەبوو، بارزانییش ڕێنوێنی دەکردن کە لە ئامادەکاری دابن، ئەوەی بتوانێت بۆ خۆی تفەنگ پەیدا بکات، ئەوەی پەیداشی نەکرد ئێمە بۆی دەکڕین، کاتێ کە پێویستی کرد لەو ماوەیەدا جەنابی بارزانی بەو کارانەوە سەرقاڵ بوو، لەپاشان ناردی ماڵ و منداڵەکانیشی لەبەغدا هاتنەوە.)

شایانی باسە زەکی ئاکرەیی بەرلەوەی کە من ئەو وتووێژەی لەگەڵ بکەم، ئەوەی بۆ گۆڤاری پەیامی ئەیلول ئۆرگانی کۆمەڵەی مامۆستانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، لەگەڵ "گۆران ئەحمەد ئیسماعیل" ئەنجام دابوو.

دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ بارزان، حکومەتی کەریم قاسم دەستی کرد بە دەرکردنی ئەفسەر و کارمەندانی کورد لە دەزگا حکومییەکان و پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ ئەو سەرۆک هۆز و هەڵخەڵەتاوانەی کە دژی بزووتنەوەی دیموکراتی و ڕزگارییخوازانەی کورد بوون. پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر ئەو توندڕەوییانەی حکومەتدا زنجیرەیەکی وتار لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاوکردەوە و ئەم

داواکارییە ڕەگەزپەرستانەیەی بە زیانی برایەتی کورد و عەرەب لە قەڵەمدا. ڕۆژنامەی خەبات سەرەتا لە وەڵامی ڕۆژنامەی "سورە"دا لە ژمارەی ٤٤٠ی ڕۆژی ١٩٦١/٢/٢٢یدا لەژێر ناونیشانی "تەقەڵڵای تواندنەوەی نەتەوایەتی کورد و ئاکامە بێگومانەکەی دا" نوسی:

– (نەتەوایەتی کورد هەقیقەتێکی ڕەقی مێژوویی ئەو تۆیە کە هەموو تەقەڵای تاوانبارەکانی لێکدان‌و پێکەوە لکاندن و هەڵپەکانی ئیمپریالیزم لە ڕابردوودا و فاشیستەکان لەم ڕۆژەدا لەسەر هەپروون و هەپروون دەبێ. تەواوی ئەو تەقەلا نائومێدانەی بۆ تواندنەوەی نەتەوایەتیەکان یا پێکەوە نوساندنیان دەکرێ، هەرچەندێک توندوتیژو بەهێزیش بن، ئەنجامەکەی هەرتێکشکانە.) ڕۆژنامەی خەبات لەو بوارەدا گەلێک وتاریی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆرەی بڵاوکردەوە. ڕۆژی ١٩٦١/١٠/٩، لەژێر ناونیشانی "نەتەوەی کورد و بەندی دووی دەستوری کاتی عێراق"دا نوسی:

– (بەندی دووەم لە دەستوری کاتی دەڵێ "عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب." ئەم قسەیە زیاتر لایەنی ئاواتی پێوەیە، نەک زانیاریی چونکە وشەی عێراق وەکوو هەموومان دەزانین بۆ دوو واتە بەکار دەهێنرێت: یەکەم: بە واتای مێژوویی و جوگرافیایی وڵاتێکە زۆر لە عێراقی ئەمڕۆ بچووکترە. دووەم: بەکار دێ بۆ زاراوەیەکی سیاسیی کە بریتییە لەو وڵاتەی پاش شەڕی یەکەمی دنیا پێکهات لە لێکدابڕانی بەشێکی زۆر لە عێراقی مێژوویی لەگەڵ بەشێک لە خواروی کوردستان کە هەندێ جار ناوی "شارەزوور"یان بۆ بەکار هێناوە یا "ویلایەتی موسڵ" بەپێی شیکارییەکانی سەردەمی عوسمانی کە دەوڵەتی ئێستای عێراق لە پارچەیەک لە داروپەردووەکەی دروست بووە، ئەویش لەبەر ئامانج و ئارەزووی ئیمپریالیزمی بەریتانیا کە ویستی دەست بەسەر سەرچاوەی سامانی وڵاتدا بگرێ، بەتایبەتی کانگە و زەوییە نەوتییەکان. هەروەها بۆ ئەوەش کە زاڵبوونی بەسەر ڕێگەی هێنددا بۆ دابین بکا. بۆیە و لەبەر ئەم حاڵە ناشێ عێراق بە پارچەیەک لە نەتەوەی عەرەب بێتەدانان، نە بە واتای سیاسیی زاراوەکە کە مەبەست دەوڵەتە و نەبە واتای جوگرافیایی. هیچ کاتێک کوردستان نەبووە بە نێشتمانی عەرەب، نەبە پارچەیی و نە وەکوو بەشێکی

جوگرافیایی و نە بەو پارچەیەش کە خراوەتە سەر دەوڵەتی عێراق، بگرە پارچەیەکە لە کوردستان.....)

هەر لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو سەردەمەی پارتی دیموکرات، لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا "دوای ٦٠ ساڵ" دەڵێت: **(لە نەورۆزی ١٩٦١دا جارێکیتر پانتایی ناکۆکییەکان زیاتر ئاشکرابوون. هەموو ساڵێک ئێمە جەژنی نەورۆزمان لە بەغدا پیرۆز دەکرد و من لەودا وتارم دەخوێندەوە. لە جەژنی نەورۆزی ئەو ساڵەدا من بەدژی عەبدولکەریم قاسم قسەم کرد. لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا بارزانیم بە زەعیم و ڕێبەرێکی گەورە ناساند کە بەدڵی قاسم نەبوو، چونکە لەهەموو عێراقدا بەتەنیا بە ئەویان دەگوت زەعیم و ڕێبەری گەورە، تەنانەت لە وتارەکەمدا ئاماژەم بۆ وتەیەکی ناسراوی بارزانی کرد کە لە ڕۆژی دامەزراندنی پارتیدا و لە یەکەم بەیاننامەیدا گوتبووی: "من دژی خەڵکی عێراق شەڕم نەکردوە و شەڕی من بە دژی یەکێتی ئینگلیزی داگیرکەر و کۆنەپەرست بووە کە خوێنی خەڵکی ئێمەیان لە بوتڵی کردوە و خواردویانەتەوە." لە ڕاستیدا من بەشێوەی ناڕاستەوخۆ وەڵامی قسەکانی قاسمم دایەوە کە گوتبوی: "بارزانی کەسێکی بەستراوەیە بە لەندەن." بەو گوتنەی من نوکی تیژی هەڕەشەکانی خۆی ڕووبەڕووی بارزانی کردبوو. لە وتەکانمدا زۆرم تاریفی بارزانی کرد و دڵی قاسمم شکاند.)**

هەرلەو چوارچیوەیەدا، حیزبی شیوعی ڕۆژی ١٩٦١/٥/٣٠ بەیاننامەیەکی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە، لە بەشێکیدا نوسی: **(تێبکوشن بۆ ڕاگرتنی چەوساندنەوە و هەڕەشە لە هاووڵاتییە بارزانییەکان، بەربەرەکانی بکەن لەسەر مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد. چەند مانگێکە چالاکییەکانی ئیمپریالیزمی دەرەبەگی کۆنەپەرست بە زەقی لە کوردستاندا پەرەی سەندوە. کەسانی بەرپرسیار و نابەرپرسیار لە دەزگاکانی ئەمن و حکوومەتیدا لەپشت ئەم چالاکییانەی کۆمپانیا نەوتییەکان و پەیمانی سەنتۆ و دەزگاکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و ئەمەریکاییەوە ڕاوەستان، حکومەتیش وا دیارە تیژیان دەکا تا ببێتەوە دژی بزووتنەوەی دیموکراتی و دژی بارزانییە ئاشتیخوازەکان و دڵسۆزانی کورد. ڕووداوی ڕەشەکوژیی و دەستدرێژی و فڕێدانی تەقەمەنی لەلایەن چەتەکانی ئەمن و سڵکارییەکانی دەرەبەگەکان لەم چەند مانگەدا گەیشتووەتە ڕادەیەک**

هەڕەشەی هەڵگیرسانی شەڕ و لێکدان لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلدا دەبینرێ. ماوەیەک پێش ئێستا شەڕێکی دەسکرد لە کەرکوک دروست کرا کە دەزگای ئەمن و ئینزباتی عەسکەری دەوری سەرەکییان تێدا بینی و چەند هاووڵاتیی کورد و تورکمان سەریان تێداچوو و بوو بەهۆی شێواندنی باری ژیانی هاووڵاتیان و زیانێکی زۆری لە ئابووریی خەڵکدا. لە هەمانکاتدا دەنگ بڵاوە کە حزبی شۆڕشی سەر بە ئیمپریالیزم خەریکە لە سلێمانی جاری شۆڕش دەدا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی. هەرلەو کاتەدا هەتیوەکانی نوری سەعید لەو دەرەبەگانەی لە باوەش ئاغاکانیان لە ئێران و پەیمانی سەنتۆ گەڕاونەتەوە وەپێشان دەدەن کە پارێزگاریی کورد و کوردستان دەکەن، دەرەبەگەکان لە هەموو کوردستان دەستیان کردوە بە سڵکردنی جوتیاران و بەتایبەتی بارزانییەکان و..... تد.

بەغدا ٣٠ ئەیاری ١٩٦١ حزبی شیوعی عێراق) (پاشبەندی ٢٦)

هێماکان بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر

داواکارییەکانی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی و دڵسۆزانی عێراق و ئەوانی هەوڵی بە دیموکراتی کردنی عێراق و بە ئاشتی ژیانی کورد و عەرەبیان دەدا، بەجێیەک نەگەیشت. هەروەکوو پێشتر گوتم دەسەڵات لە دەست کەریم قاسم دەرچوو بوو. ئەو بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا، خۆی وەبەر شەپۆلی سیاسەتدابوو، و ئەو پرۆگرامەی بەڕێوە دەبرد کە بەعسییەکان و عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان بۆیان داڕشتبوو. گەڕانەوەی نەبوو، و بە بۆچوونی خۆیان، دەبووایە ئەو ئاڵقە ناسکە ببپسێنێت کە دەیان ساڵ بوو فاشیستەکان و داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیان بۆ دەدا، ئەویش لەوەدا کورت دەبۆوە کە کورد دەبێ بتوێتەوە کە خەیاڵێکی خاو بوو. بە پەیڕەویی کردن لەو سیاسەتە، کەریم قاسم بەبێ هیچ بەڵگەیەک کە باس لە کۆتایی کردنی بارزانی و پارتی دیموکرات و گەلی کورد بکات سەبارەت بە پارێزگاریی کردنیان لە کودەتای ١٤ی تەموز، گوشارەکانی بۆ سەر بارزانی زیادکرد و تەنانەت پەیوندیی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقیش پساند. شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی و عەزیز شەریف ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی زۆریان هەوڵدا کە کەریم قاسم دەست لەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیە هەڵگرێت، بەڵام هەوڵەکانیان بێسود بوو. جەلال تاڵەبانی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا "دوای ٦٠ ساڵ" دەڵێت:

– (عەبدولکەریم قاسم کاتی قسەکردنی بۆ ئەفسەران، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و بەبێ ئەوەی کە ناوی بارزانی بێنێت، گوتی چاکەی زۆری لەگەڵ کردوە و لە سۆڤیەتەوە گەڕاندویەتەوە بۆ عێراق و ئیمکاناتی زۆری داوەتێ، بەڵام ئەو لە بەرامبەردا نامەی بۆ ئینگلیزەکان نوسیوە کە ئەگەر بڵاوی بکەمەوە، ئابرووی دەچێت و دەشکێت. ئەو قسانەی قاسم بڵاوبۆوە و ئێمەش وتارێکمان لەسەر نوسی و گوتمان ئەوە ئێمە و ئەوەش تۆ، فەرموو هەرچی لە دەستت دایە، بڵاوی بکەوە. من وتارەکەم نوسی و لە ڕاستیدا وتارێکی توند بوو. سەبارەت بە بارزانی نوسیم کە پیاوێکی خەباتکار و شۆڕشگێڕە و دژی ئینگلیزی داگیرکەرە و کاتێک ئەو بە دژی ئینگلیز شەڕی دەکرد، کەسانێک هەبوون کە دژی بارزانی سەرپەرشتی جاشەکانیان دەکرد

کە بەتەواوی مەبەستم لە کەریم قاسم بوو. ئەو وتارە ناکۆکییەکانی بەوپەڕی خۆی گەیاند و بەرە بەرە قاسم دەستی بە دژایەتی کرد و لەگەڵ دژایەتی کردنی بارزانی، پێوەندییەکانشی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق پچڕاند و بە کردەوە لە بۆچونە دیموکراتییەکانی پاشگەز بووە. بەرە بەرە کۆمەڵە کارێکی کرد کە مرۆڤی دیموکرات و ئازادیخواز لێی بێزار بوون. دژایەتی کردنی لەگەڵ پارتی دیموکرات بە جێیەکی مەترسیهێنەر گەیاند و تەنانەت ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی دەستگیر کرد و بە تۆمەتی سەیر و سەمەرە زیندانی کردن. سەرئەنجام کار گەیشتە جێیەک کە ئەندامانی پارتی لە عەشیرەتی کاوانی "سەدیق میران"یان لە ناوچەی شەقلاوە کوشت. سەدیق لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا جێگری عێراق بوو. دیارە فەرمانی کوشتنی سەدیق لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتییەوە نەدرابوو، بەڵکوو بە دانی چرای سەوز لەلایەن بارزانییەوە، کوشتبوویان، بەڵام قاسم فەرمانیدا ئیبراهیم ئەحمەد دەستگیر بکەن کە سکرتێری حیزب بوو کە ئەویش خۆی شاردەوە و هێزەکانی حکومەت نەیانتوانی بیگرن. بەرە بەرە ناوچەی گەمارۆکان تەنگتر بووەوە و مەیدانی چالاکی ئێمە بەرتەسکتر و تەنانەت ١٠٠ لایەنگری پارتی دیموکراتیان لە کوردستان دەستگیرکرد.)

سەرۆک بارزانی، دوای بەجێهێشتنی بەغدا، گەڕایەوە بۆ بارزان. هەروکوو گوتم بە گەڕانەوەی بارزانی، حکومەتی کەریم قاسم دەستیکرد بە دەرکردنی ئەفسەر و کارمەندانی کورد لە دەزگا حکومییەکان و پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ ئەو سەرۆک هۆز و هەڵخەڵەتاوانە کە دژبە بزووتنەوەی دیموکراتی و ڕزگارییخوازانەی کورد بوون. هەروەها بڕیاریدا بنکەی ڕۆژنامەی خەبات داخەن و ئەندامانی پارتی بگرن و پارتی دیموکراتیان ناچارکرد بۆ جارێکی تریش ڕێی خەباتی نهێنی بگرێتەبەر. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پارتی دیموکرات جگە لەو کێشەیەی کە لەگەڵ بەغدا هەیبوو، لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتیی خۆشیدا تووشی ناکۆکیی و لێکدابڕان ببوو. ئیبراهیم ئەحمەد لە بۆچوون و شێوەی حیزبایەتی کردنی بارزانی تورە بوو، دەیگوت بارزانی نەخوێندەوارە و نازانی حیزب بەڕێوە بەرێت و دیسیپلینی حیزبی نییە.

ئیبراهیم ئەحمەد بیری لەوە نەدەکردەوە کە سەرۆک مستەفا بارزانی لە خوێندنگەی حیزبی کۆمونسیتی یەکێتی سۆڤیەت "پارتی سکوڵان" کە بە دەیان ژەنەڕاڵی ناوداری پەروەردە کردبوو، فێری سیاسەت و کاریی حیزبی ببوو. لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە ٢٥ ساڵ لە پرۆسەی جیاواز و لە شەڕ و ئاشتیدا، کاری ڕێکخستن و حیزبایەتی کردبوو، و دەزانێت حیزب وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. مستەفا بارزانی کەمتر بیری لە شێوازی بیرکردنەوەی وشکی حیزبایەتی دەکردەوە و ئامانجی ئەو ڕزگاریی کوردستان و نەتەوەی کورد بوو بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانییەوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، ئیبراهیم ئەحمەدی تووشی هەڵە کردبوو کە گوایە سەرۆک بارزانی کاری حیزبیی نازانێت. ئەو دەیویست حیزب سەروەر بێ و هەموو کارەکانی گەلی کورد لەدەست حیزبدا بێت و لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بە ئەنجام بگات کە بارزانی خۆی توشی ئەو هەڵەیە نەدەکرد. لەم بارەیەوە محەمەدی مەلا قادری لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(لە ڕاستیدا بارزانی ڕەئیسی حیزب بوو، و لە گۆنگرەکاندا بۆ ئەو پلەیە هەڵدەبژێردرا، بەڵام وەکوو من، یان حەبیب محەمەد کەریم، یان عەلی عەبدوڵا، یان کەسێکی تر پابەند بە دیسیپلینی وشکی حیزبی نەبوو، بەڵام حەزی دەکرد و هەوڵیشی دەدا حیزبەکەی بەهێز بێ و گەشە بکات. ئەوە وەک زەعیم و سەرۆکی کورد بوو، بەڵام زۆر بەوە تورە بوو کە پێی بڵێن زەعیم و قینی لە ئەلقاب و شتی وا دەبۆوە، ئەو زیاتر لایەنگری کوردایەتی بوو تا حیزبایەتی و دەیویست کوردایەتی فرەوانتر ببێ لە حیزبایەتییەکی بەرتەسک. دەیویست قەوارەیەکی گەورە هەبێت کە پارتیشی تێدا بێ، شیوعیشی تێدا بێ و حیزبەکانی دیکەشی تێدابێ و زیاتر حەزی لە کۆکردنەوەی میللەت دەکرد.)**

کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی تەشەنەی کردبووە نێو ڕیزەکانی پارتی و بەکردەوە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی

لەت کردبوو، بەڵام پێوەندییەکان بە تەواوی نەپچڕابوون، هەرچەندە هەموو دۆست و دوژمنانی گەلی کورد بەو کێشەیەیان دەزانی و کەریم قاسم و حیزبی بەعس و ڕەگەزپەرستەکان و ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران بە تێکڕا سودیان لێوەردەگرت.

یەکێتی سۆڤیەت ئەوکاتە یارمەتی ئابووریی بە پارتی دەکرد و کاتێک بۆی دەرکەوت پارتی بووەتە دووبەش، ئەویش یارمەتییەکەی کرد بە دووبەش بۆ دوو باڵی پارتی. "حوسێن مستەفا ئاکرەیی" نوێنەری بارزانی بوو لە وەرگرتنی ئەو یارمەتییەدا. ئەو یارمەتییەکەی لە "ناسکۆڤ" سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا وەردەگرت و جەلال تاڵەبانیش یارمەتی بەشەکەی تر. لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی لە لاپەڕەی ٥٩٣ ی بیرەوەرییەکانیدا "دوای ٦٠ ساڵ دەڵێت:

– (ڕوسەکان بە ڕەسمی ئێمەیان بە سەرپەرەستی پارتی دەناسی و تەنانەت یارمەتی ئابووریان دەکرین. مانگانە ٥٠٠٠ دیناریان دەداینێ و من خۆم دەچووم لە سەفارەتی سۆڤیەت پارەکەم وەردەگرت. هەر بەو ڕادەیەش پارەیان بە بارزانی دەدا.)

بەهەر حاڵ، لە پرۆسەی ئەو لێکدابڕانانەدا، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە ١٩٦١/٧/٣٠ کۆبۆوە تا بیرێک لەو دۆخە نوێیە بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئەم دوو بڕیارەی خوارەوە پەسەند کرد:

١- یادداشتنامەیەک بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان ئاراستەی کەریم قاسم بکەن.

٢- ئەگەر کەریم قاسم گوێی بەو یادداشتنامەیە نەدا، پارتی خۆی بۆ شۆڕش ئامادە بکات و هەوڵی کۆکردنەوەی چەک بدات.

کۆمیتەی ناوەندیی دەقی بڕیارەکانی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی بارزانی بە جەلال تاڵەبانیدا نارد بارزان. تاڵەبانی ڕۆژی ١٩٦١/٧/١٢ لە هاوینە هەواری "چالی" لە چیای شیرین چاوی بە سەرۆک مستەفا بارزانی کەوت و بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی بۆ ڕوونکردەوە و گوتی مەکتەبی سیاسی ئامادەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر ڕووداوێکی لەناکاو. بارزانی پێیگوت: (**جارێ دەست ڕاگرن و هیچ نەکەن و لە خۆئامادە کردندا بەردەوام بن، تا دەگەنە پلەیەکی باش.**) مام جەلال هەروەها نامەیەکی "ساڵح میران"ی نوێنەری بارزانی پێدەبێ کە باس لە ئامادەیی خێڵەکان و پابەند بوونیان بە پرسی شۆڕش و چوونە پاڵ بارزانی دەکات. مەسعود بارزانی دەقی نامە

و یادداشتنامەکەی مەکتەبی سیاسی لە لاپەڕەی ٢٧١ی پاشبەندی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا بڵاوکردوەتەوە.

بەرلەوەی کە مام جەلال بچێتە لای سەرۆک بارزانی و ڕەزامەندیی ئەو سەبارەت بە بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی وەربگرێت، بارزانی خۆی بیری لە کۆکردنەوەی چەک کردبۆوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا لە لاپەڕەی ٣١ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(ئەو کەسەی ئەرکی کڕینی چەک و ناردنی بۆ بارزانی پێ سپێردرابوو، شەهید حەمید کاوانی بوو کە بە یارمەتی ڕەسوڵ فەقێ گەرۆتەیی و لقی چواری پارتی و شانەکانی لە ڕیزی پۆلیسدا لە مانگی ئایار و ئەیلوولی ١٩٦١دا نیزیکەی سێهەزار چەکی چیکی و ئینگلیزیی کە لە جەنگی دووەمی جیهاندا بەکار دەهێنران کڕی.)** هەرلەم بارەیەوە ڕەسوڵ فەقی گەرۆتەیی لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (لە ڕاستیدا ئەوەی من بزانم، ئەرکی سەرەکیی پەیداکردنی چەک لەلایەن شەهید حەمید کاوانی و شانەکانی پارتی لەناو پۆلیسی هەولێردا بەڕێوەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشی زۆری چەکەکان لەلایەن قاچاخچییەکانەوە بە ئێمە دەگەیشت و خەڵکی تریش هەبوون کە ڕاستەوخۆ سەربە بارزانی بوون و چەکیان بۆ دەهێنا. عەریف عوسمان لێپرسراوی پۆلیسی هەولێر ئەندامی پارتی و بەرپرسی شانەی حیزب بوو لەناو پۆلیسەکاندا کە عەمباری چەکەکانی کردەوە و نزیکەی ٨٠- ٩٠ چەک و بە ڕادەیەکی زۆر تەقەمەنییان بۆ بارزانی هێنا. بڕیار وابوو قشڵەی شەقڵاوەش ئەم کارە بکات، بەڵام هەرکە عەریف عوسمان یوسف و هەڤاڵانی چەکەکانیان هێنا، عەریف سەمەد کە لێپرسراوی قشڵەی شەقڵاوە بوو، لەگەڵ عەریف عەزیز مەلا عەلی و دوو پۆلیسی تر کە ناوی هەردوویان عەلی بوو و ئێمە پێماندەگوتن عەلی و عەلی ڕەقەم دوو، ڕایانکرد و نەیانتوانی چەکی قشڵەی شەقڵاوە بێنن. لە ڕاستیدا بارزانی سەرکردەیەکی بە ڕادەیەک نهێنی کار بوو کە کەس بە کارەکانی نەدەزانی و پێوەندیی بە هەندێک مرۆڤەوە هەبوو کە بۆ ئێمە جێی باوەڕ نەبوو.)

جادر مەحۆ سێلکی یەکێک لەو کەسانەی بوو کە چەکی بۆ سەرۆک مستەفا بارزانی کۆدەکردەوە. ناوبراو لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٣ پێیگوتم: **(شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بڕیاری کۆکردنەوەی چەکیاندابوو، مەلا مستەفا پرسیاری لەمن کرد کە ئایا دەتوانم چەک پەیدا بکەم؟ گوتم بەڵێ. ئەوکاتە ماڵم لە هەولێر بوو. کانەبی حەمەد، فارس باوە و کابرایەک بە ناوی مستەفا و هەشت نۆ کەسی تر دەچوون لەنێو عەرەبان لە باشوری عێراق چەکیان دەهێنا بۆ هەولێر و دەیانفرۆشت. من پێوندییم پێیانەوە کرد کە چەکەکانیان بۆمن بهێنن. هەر جارەی پێنج شەش چەکیان بۆ دەهێنام. بەگشتی نزیکەی ٧٠٠- ٨٠٠ چەکم لێکڕین. جگەلە من "مەحمودی شوان ئاغا" و "ئەحمەد سەعید سپیندارى"یش چەکیان دەهێنا. لە هێڵی موسلیش چەک دەهاتن و ئەوانەش کە لە ساڵانی ٤٣- ٤٥ چەکیان شاردبۆوە، چەکەکانیان دەردەهێنا. مەلا مستەفا جگەلە خەرجی چەکەکان و بردنیان بۆ بارزان بۆ هەر چەکەی پێنج دیناری دەدامێ. دیارە مەلا مستەفا لە سۆفییەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلانیش چەکی دەکڕی. ڕۆژێک نامەیەکی دامێ کە لە هەولێر بیدەم بە "حوسێن حەیاتی" غوڵامی شێخ ڕەشید لۆلان. چووم، ماڵی لە ئیسکان بوو، نامەکەم دایە. دوو چەکی لە ماڵ بوو کە لێم کڕی و دواتریش چووین بۆ مەسیف بۆ ماڵی سۆفییەک کە دوو چەکی تریشم لەو کڕی.)**

ڕووداوەکانی بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول

ڕەوتی ڕووداوەکان بە دڵی بارزانی نەدەچوونە پێشەوە. ڕاسپاردەکانی بارزانی کە بە مام جەلال دا ڕەوانەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کردبوو کە (**جارێ دەست ڕاگرن و هیچ نەکەن و لە خۆئامادە کردندا بەردەوام بن، تا دەگەنە پلەیەکی باش.**) جێبەجێ نەکران و شۆڕشی بەبێ پڕۆگرام سەریهەڵدا. لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی لە لاپەرەی ٧٦٣ کتێبی بیرەوەرییەکاندا دەڵێت: (**شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦١دا پڕۆگرامێکی تایبەتی نەبوو. من داوام کرد پارتی دیموکرات ڕێبەرایەتی بزووتنەوەکە بخاتە ئەستۆی خۆی و ئیبراهیم ئەحمەدیش لەگەڵ من هاودەنگ بوو. بەرلە شۆڕش چەندجار کۆبووینەوە و پێویستە ئەوەش بڵێم کە عەشایریش لە هەوڵ و تەقەلادا بوون، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد دژی ئەوان بوو. لە پلەی سکرتێری پارتیدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و نوسی: "کۆبوونەوە و جموجۆڵی عەشایر سەرلەنوێ فەرهەنگی کۆن و پاشکەوتووی عەشیرەتی و خانسالاری دەگەڕێنێتەوە و پێویستە ڕاپەڕینی کورد کە چەند ساڵێکە لە گوندەوە چووەتە چیاکان، گەشەی پێبدەین و بەرەو شاری بەرین و ئەم جارەیان لە شارەوە دەست پێبکەین. هەروەها داوای کرد ڕۆژی ٦ی سپتێمبەر هەموو خەڵکی کوردستان مان بگرن و بە زوویی ڕاپەڕین لە کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی عەشایر دەربهێنن. ئەو جموجۆڵە و زیندوو بوونەوەی سەرلەنوێی عەشایر هیچ ئاکامێک و سودێکی بۆ کورد نیە.")**

هەروەکوو مام جەلال ئاماژەی بۆ دەکات عەشایر ڕاپەڕین، بەڵام لە یەکەم هەنگاودا لە بەرامبەر هێرشی فڕۆکەکانی عێراقدا مەیدانیان چۆل کرد و مەکتەبی سیاسیی پارتییش نەیتوانی کۆنترۆڵی شەڕەکان بکات. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ "عەبدوڵاغای پشدەری" لە وتوێژێکی تایبەتدا پێیگوتم: (**دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ بارزان. ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال لە خوایان دەویست کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شەڕ هەڵگیرسێ، دیارە مام جەلال زیاتر. لەنێو عەشایری سۆرانیشدا جەوێکی گرانتر لەوە دروستبوو، لە حەمەڕەشید خانی بانەوە بگرە تا دەگاتە حاجی برایمی چەرمەگا، تا دەگاتە جافەکانی هەڵەبجە، تا دەگاتە جافی کوێخا سمایلی تەلان، تا**

دەگاتە پشدەرییەکان، تا دەگاتە هەباسی مامەندئاغا کە ئیسلاحی زەراعیان بەسەردا سەپابوو و توشی زیان ببوون، هەوڵی شەڕیان دەدا. جوتیارەکان بە هاندانی حیزبی شیوعی کە دەورێکی خراپی هەبوو، ئاغاکانی ڕادەکێشا و دەیگوت دەبێ بکوژرێن، بفەوتین و ماڵیان داگیر بکرێ. جوتیار گەورەی هەموو شتێک بوو و ئاغاکان هیچیان بۆ نەمابۆوە. لەبەر ئەوە خۆبەخۆ ڕێککەوتن کە شۆڕش بکەن. دەیانگوت حیزب شۆڕش ناکات و ئەوان دەبێ بیکەن و ڕێگای خەلەکانیان گرت. من لە کۆبوونەکەیاندا بووم لە "بۆسکین" لە نزیک ڕانیە لە ماڵی شێخ حوسێن. ئەوکاتە حکومەت، حیزبی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندبوو و مام جەلال و ئەندامانی حیزب نهێنی بوون. مام جەلال هاتە پشدەر و ڕۆژی کۆبوونەوەکەی عەشایر لەوێ بوو، منیش لەوێ بووم عەشایر گوتیان دەچین ڕێگای خەلەکان دەگرین و کۆیە و ڕانیە و قەڵادزێ داگیر دەکەین، مام جەلال گوتی: "نا باشترە پرس بە مەلا مستەفا بکەین." گوتیان کاکە حەوتویەکی پێدەچێ تا بچین پرسی پێبکەین. مام جەلال گوتی: "کاکە من کارێکی وادەکەم کە زوو وەڵامتان بۆ وەرگرمەوە، بەڵام تا من وەڵامتان دەدەمەوە هیچ مەکەن." ئەوانیش گوتیان باشە، دەچین سەنگەر لێدەدەین و ڕێگا دەگرین. بەڵام شەڕیان لەگەڵ ناکەین تا وەڵاممان دەدەیتەوە. مام جەلال چوو و گەڕایەوە و گوتی مەلا مستەفا دەڵێ نابێت، چونکە کەس پشتیوانیمان لێ ناکات، نە یەکێتی سۆڤیەت و نە ئێران و نە تورکیا و ئەگەر کەسێک پشتمان نەگرێ، ئێمە ناتوانین، شەڕی عێراق بکەین. فیشەکمان نیە، تفەنگمان نییە، پارەمان نییە و بە دەستی بەتاڵیش شەڕ لەگەڵ حکومەت ناکرێ، بەڵام هەر عەشیرەتەی دوو سێ زەلام دیاریی بکەن و شەڕی پارتیزانی بکەن و لە هێزەکانی عەسکەریی بدەن، ڕێگا بگرن تا حکومەت ناچار بێت، داواکانی ئێمە جێبەجێ بکات. بە ڕاشکاوی بە مام جەلالیان گوت ئێمە بە قسەی تۆ باوەڕ ناکەین، مەلا مستەفا پێی خۆشە و مادام لە بەغدا دەرچووە، ئەی چ دەکات. عەبدولهادی ساڵح پارێزگاری سلێمانی هات و گوتی زەعیم ئەمری بەمن کردوە، ئێوە داواکارییەکانی خۆتان بەمن بدەن تا من بینێرم و ئەگەر داواکانتان جێبەجێ بوو، باشە ئەگەرنا بۆخۆتان بڕیار بدەن. ئەوان کۆبوونەوە و داواکارییەکانیان نوسی، هەموویان ئابووریی بوون. وەک حەوزی دوکان، ئاوی دهۆک و نرخی توتن. عومەر دەبابە وەجواب هات و گوتی

ئەوانە داواکاریی کورد نین. عەبدولهادی پارێزگار پرسی ئەوە کێیە و لە کوێوە هاتووە، گوتیان عومەر دەبابەیە و لە کەرکوک دادەنیشێ. پارێزگار گوتی کاکە ئەوانە سەر بە سلێمانین و تۆ بچۆ لە کەرکوک داواکاری خۆت بنوسە. داواکارییەکانیان نارد بۆ بەغدا، بەڵام قاسم بۆی جێبەجێ نەکردن و گوتی مادام ئەوان ڕێگاکانیان گرتووە و بەری نادەن، ئێمەش داخوازەکانیان جێبەجێ ناکەین، با بچنەوە ماڵەکانیان و چەکەکانیان دانێن، ئەوکاتە قسەی لەسەر دەکەین. ئەوان وەڵامیان نەدایەوە. لەسەر جادەی خەلەکان چایخانەیەک هەبوو، عەشایر لێی کۆببوونەوە و نانیان دەخوارد کە دوو تەیارە هات و دەستڕێژی لێکردن. لەوێ جەماعەتێک کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون و کەپری چایخانەکە سوتا و لەوێوە شۆڕشی ١٩٦١/٩/١١ دەستی پێکرد، دیارە ڕۆژی پێشتریش لە دەربەندیخانیدابوو و لەوێش جەماعەتێک کوژرابوون. لە ئاکامدا عەشیرەتەکان بڵاوبوونەوە، بەڵام هەباسی مامەند ئاغا و شێخ حوسێنی بۆسکین هەریەکەی بە پێنج شەش کەس مانەوە. ئێمەش جەماعەتی حیزب کە بریتی بوون لە مام جەلال و سێ چوار کەسی خەڵکی ڕانیە، سێ چوار کەسی خەڵکی کۆیە، سەدیق ئەفەندی بەرپرسی ناوچەی ڕانیە کە بە هەموومان دەبووین بە ٢٠- ٢٥ کەس. مام جەلال چوو جەولەیەکی کرد و چەند کەسێکی تریشی پەیدا کرد، چەند پۆلیسی هەولێر هاتنەدەر و چەکیان لەگەڵ خۆیان هێنا و بەم جۆرە شۆڕشەکە دروست بوو.)

سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول

کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات بەپێچەوانەی بەندی دووەمی بڕیاری کۆبوونەوەکەی لە ١٩٦١/٧/٣٠ بە جیددی هەوڵی پەیداکردنی چەک و خۆئامادە کردنی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی ئەیلول نەدابوو. لەبەرئەوە، ئەندامانی ناچاربوون لە دوو بنکەی چەمی ڕێزان و بێتوێن بمێننەوە و چاوەڕوانی سەرۆک مستەفا بارزانی بکەن و بزانن ئەو چۆن هەڵسوکەوتێک دەکات. ئەوە لە کاتێکدابوو کە ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ بە کردەوە شۆڕشی ئەیلول بە هێرش و پەلاماری فڕۆکەکانی عێراق بۆسەر کوردستان دەستی پێکردبوو. لەم بارەیەوە مام جەلال لە کتێبی بیرەوەرییەکاندا "دوای ٦٠ ساڵ" دەڵێت: **(من لە نەورۆزی ١٩٦١وە دەستم کرد بەخەباتی پێشمەرگایەتی و لە سلێمانیەوە چووم بۆ چیاکان بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک. هێزەکانی ئێمە بەگشتی نزیکەی ٣٠- ٤٠ پێشمەرگە بوون، بەڵام ورەی باش و ئامانجی باڵامان هەبوو. نوکتەیەکی خۆشم لەبیرە لە قەراخ چۆمی ڕێزان بووین و تەنیا دوو تفەنگمان هەبوو. یەکێکیان بە مامۆستا جەلال ڕەحمان بوو و ئەویتریان بە سەربازێکی ڕاکردوو، منیش تاپڕێکم پێبوو. برادەرێکمان هەبوو بەناوی ڕەمەزان کە دەستە بێڵێکی گەورە و گورزێکی هێنابوو. ئەوە هەموو چەکەکانی ئێمە بوون و بەو سێ چەک و لەتە لە چیاکانی دەستمان کرد بە شەڕ.)**

سەبارەت بە مانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە بنکەکانی چەمی ڕێزان و بێتوێن، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات کە لایەنگرییان لە بارزانی دەکرد لە ناوچەی هەولێر لە چیای سەفین لە بەرامبەر سوپای عێراقدا ڕاوەستان. مەحمود و حەمید و مورشید کاوانی، ڕەسوڵ فەقێ گەڕۆتەیی و ژمارەیەکی تر سەرەتا بە سەرۆکایەتی شەمسەدین موفتی و دواتر مەحمود کاوانی حاڵەتی بەرگرییان بەخۆیانەوە گرت. لە دهۆک خەڵک و پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر زاخۆ و بۆ ماوەیەک ئازادیان کرد و پێشمەرگەگان لە پرۆسەی بەردەوامی شەڕدا پەنایان بۆ چیاکان برد و خۆیان ڕێکخستەوە. پێنج ڕۆژ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، واتا لە ڕۆژی ١٩٦١/٩/١٦،

چوار فڕۆکەی شەڕکەر خۆیان گەیاندە سەر گوندی بارزان و گوندەکانی ناوچە و هاوینە هەواری "بەبانیان" لە چیای شیرین بۆمباران کرد. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٣٨ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" دەڵێت: **(چوار باڵەفڕی جۆری میکی ١٥ و ١٧ ئەم ئەرکەیان بەجێ هێنا. ئەوکاتە ئێمە ماڵمان لە هاوینە هەوار بوو لە داوێنی چیای شیرین کە بەسەر بارزاندا دەڕوانێ. باڵەفڕەکان شەپۆل شەپۆل دەهاتن و تا دەمەوئێوارەی ئەو ڕۆژە بەردەوام هەر هاتن. هەندێک بۆمبای ئاگر تێ بەردانیشیان دا بەو شوێنانەدا و بە گوندی تریشدا و بەهۆی ئەوەوە ئاگر لەو ناوچانەدا کەوتەوە. .... کە باڵەفڕەکان ماڵیان کردین بە نیشانەی خۆیان و دەستیان کرد بە بۆمباران کردنی، من لەگەڵ شەهید میرزاغا ڕەشۆی مێرگەسوری لەوێ بووین. پێی وتم بڕۆین بۆ ڕەشماڵەکەی باوکم "واتە ڕەشماڵی بارزانی" جانتایەکی هەبوو کاغەزی ئەوی تێدابوو، بیهێنین نەوەک بفەوتێ، بەپەلە ڕۆیشتین و جانتاکەمان ڕزگار کرد و لەژێر ڕەشماڵەکە دەرچووین. هەموو ئەوەندەی چاوتروکانێکی نەبرد باڵەفڕەکان دەرکەوتن و موشەکێک دای لە ڕەشماڵەکە و ئەوجا ڕیزێ شەستتیریشی تێ گیرا و ئاگری تێ بەربوو و سوتا.)**

دوای ئەو بۆمبارانە ڕژێم بە هێزێکی گەورەی سەربازیی و جاش بەرەو بارزان چوو کە داگیری بکات. ئەوان لە چەند لای ئاکرێ، چیای پیرس، ڕەواندز و مێرگەسورەوە هێرشیان هێنا کە لەگەڵ خۆڕاگریی بارزانییەکان ڕووبەڕوو بوونەوە. لەو شەڕانەدا کە بارزانی خۆی فەرماندەیی دەکرد، پێشمەرگەکان ئازایانە خۆیان ڕاگرت، بەڵام چونکە دەزگای پێوەندیی گرتن "بێتەل"یان پێنەبوو، نەیاندەتوانی ئاگاداریی یەکتر بن و بارزانی بە بیست پێشمەرگەوە کەوتە نێوان هێزەکانی سوپا و جاشەکان و بە زەحمەتێکی زۆر توانیان گەمارۆکە بشکێنن و خۆیان ڕزگار بکەن. لەو شەڕەدا میرزاغا ڕەشۆ شێروانی شەهید بوو. لە چیای پیرس کە بارزانی هێڵێکی بەرگریی گەورەی بۆ دانابوو، سوپای عێراق نەیتوانی بێتە پێشەوە و لە بەرەی مێرگەسوریش پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی محەمەد ئەمین میرخان پێشیان بە سوپا گرت و چەقاندیان. سەبارەت بەو هێرشانەی سوپا و جاشەکانی عێراق، محەمەد مەلا

قادر لە وتوێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(ئەوکاتە من لە شۆڕشدا نەبووم و ساڵی ١٩٦٤ چوومە نێو شۆڕش. مامۆستا بووم و لە ڕێکخستنی شاردا کارم دەکرد، بەڵام بە زانیاریی من، سوپای عێراق لە دوو بەرەوە هاتن، بەرەیەکیان بەتایبەتی بۆ بارزان بوو کە زۆر بەگرانی لە ناوچەی پێرس، ئاکرێ، سەرچنار و دۆڵی شانەدەرەوە هێرشیان کرد. بەرەی دووەم بەرەی چەمی ڕێزان لە نێوان کەرکوک و سلێمانی بوو کە مام جەلال فەرماندەی هێزەکانی ئەوێ بوو. دیارە ئەوان لەوێ شەڕیان پێنەکرا و زوو پاشەکشەیان کرد. لە بارزان شەڕی قورس کرا، بەڵام دوای ماوەیەک ئەوانیش ناچاربوون پاشەکشە بکەن. دوژمن گوندی بارزانی گرت.)**

شکانی پێشمەرگەکانی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات، گرنگایەتی زۆری هەبوو بۆ کەریم قاسم و بەرزبوونەوەی ورەی سوپای عێراق. لەبەر ئەوە، کەریم قاسم ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٣ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی لە بەغدا پێکهێنا و رایگەیاند: **(یاخیبوەکانی سەرکوت کردوە.)**

سەرکەوتنی سوپای عێراق لە شەڕەکاندا ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ناچار کرد پەنا بۆ سەرۆک بارزانی بەرن و ڕێگاچارەیەک بۆ دۆخەکە بدۆزنەوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٣٩ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"، دەڵێت: **(ڕۆژی ٦ی تشرینی یەکەم "ئۆکتۆبەر"، دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی، عومەر مستەفا دەبابە و عەلی عەبدوڵا گەیشتنە بارزان، لەو ڕۆژانەدا کۆبوونەوەیەکی پڕ بایخ کرا کە باردۆخەکە پێویستی بوو. مەبەستیش لەو کۆبوونەوەیە، هاودەنگی کردنی کاری نێوان هێزەکانی بارزانی و هێزەکانی پارتی لەگەڵ ئەو خێڵانە بوو کە مابوونەوە و مەیدانیان چۆل نەکردبوو و پەنایان بۆ ئێران نەبردبوو.)**

بەهەر حاڵ، لە درێژەی ئەو شەڕانەدا کە لە دوو بەرەی مێرگەسور و پیرس دەکران کە نەهێڵن سوپای عێراق و جاشەکان بگەنە بارزان، شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە، بۆ ڕێگە خۆشکردنی گفتوگۆ لەگەڵ قاسم، سەرۆک بارزانی بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ لە ناوچەی بارزان بدات. کەریم قاسم بەهەڵە لەو

تاکتیکەی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی گەیشت و وای تێگەیشت کە پێشمەرگەکانی شکاندوە و هەناسەی شۆڕشی بڕیوە. لە ڕاستیدا سەرکەوتنی سوپای عێراق لە ناوچەکانی تری کوردستاندا، کەریم قاسمی توشی هەڵە کردبوو.

دوای ڕاگرتنی شەڕ لە ناوچەی بارزان، شێخ ئەحمەد داوای کرد چاوی بە کەریم قاسم بکەوێ و ئەویش پێیراگەیاند بەبێ هیچ مەرجێک مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکان بداتە دەست حکومەت کە بارزانی وەڵامی دایەوە و گوتی: **(من داوای هیچ پێوەندییەکەم لێی نەکردوە و پێویستیشم بە لێبوردن نییە و ئەوەندەی لە توانامدا بێ، بەربەرەکانی دەکەم. ئەگەر هیچ توانای بەرگریی کردنیشم نەما، ئەوە وڵات بەجێدەهێڵم.)** دوای ئەوە، مستەفا بارزانی لەسەر ئیزنی شێخ ئەحمەد چوو بۆ گوندی "دۆرێ" و چەند ڕۆژێک لەوێ مایەوە. دوای ڕۆیشتنی بارزانی، شێخ ئەحمەد پێشمەرگەکانی بەرەی مێرگەسوری کشاندەوە بۆ گوندەکانی "پیران و بێدۆد" و ئەوانەی "پیرس"یشی نارد بۆ دوو گوندی "دۆرێ و لێرەبیر" کە مەلا مستەفای لێبوو.

بە چۆل بوونی ناوچەکە لە پێشمەرگە، کەریم قاسم داوای دیتنی شێخ ئەحمەدی کرد و ئەویش چوو بۆ بەغدا. لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی لیوای پێنجەمی بە فەرماندەیی عەمید "حەسەن عەبود" نارده نێو گوندی بارزان و فەوجێکی پیادەش بە فەرماندەیی عەقید "وەهبی" چوو بۆ مێرگەسور. لەوێوە خێزانی مستەفا بارزانی و شێخانی بارزانییان لە مێرگەسور کۆکردەوە کە لە ناوچەکە دووریان بکەنەوە، بەڵام پاش چاوپێکەوتنی شێخ ئەحمەد، کەریم قاسم لەو بڕیارەی پاشگەز بۆوە. شێخ ئەحمەد لە چوارچێوەی ئەو ڕاسپاردەیەی کە بە مستەفا بارزانی کردبوو، بەڵێنی بە کەریم قاسمدا کە ناوچەی بارزان وەک شوێنێکی بێلایەن و دوور لە شەڕ ڕابگرێ کە بەو تێبینییە ئارامیی گەڕایەوە ناچەکە و حکومەتیش ڕۆژی ١٥/ ١٩٦١/١١، سوپا و جاشەکانی گەڕاندەوە شوێنی پێشوی خۆیان و لە کۆتایی مانگدا خێزانەکانیش هاتنەوە شوێنەکانیان و خێزانی مستەفا بارزانیش چوون بۆ گوندی "بێدارون" لە نێوان بارزان و مێرگەسور. سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و ڕووداوەکانی دواتری، زەکی کامل ئاکرەیی کە خۆی لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی لە بەغداوە گەڕاوەتەوە بۆ بارزان و لە نزیکەوە لەگەڵی بووە، لە وتوویژێکی تایبەتدا پێیگوتم:

– (لە ڕێکەوتی ١٩٦١/٩/١١دا کە شۆڕش ڕاگەیندرا بەپێچەوانەی خواستی بارزانی، خەڵک لە سەرتاسەری کوردستان دەستی بەسەرهەڵدان کردو هێرشیان بردە سەر بنکە سەربازییەکانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم، زوربەی بنکە سەربازییەکانیان گرت، بەڵام لەدوای هەفتەیەک حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم توانی هێرش بکات و بنکە سەربازییەکان بەدەست بێنێتەوە و جارێکی دیکە هەموو کوردستان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و ڕاپەڕینەکە بپوکێنێتەوە، ئیتر لێرەدا مەکتەبی سیاسی سێ ئەندامی خۆی نارده لای بارزانی کە بریتی بوون لە: عەلی عەبدوڵڵا، عومەر دەبابە، مەلا ماتۆڕ، تا بارزانی بکەوێتە کار و چارەیەک لەو ڕەوشە بکات، لەو کاتەدا بارزانی هیچ بەڵێنێکیان پێنادا بۆیە ناچاردەبن بچنە لای جەنابی شێخ ئەحمەد تا بزانن ئەو چییان پێدەڵێت، دەچنە لای شێخ ئەحمەدو داواکارییەکانیان پێشنیاز دەکەن کە گەڕانەوە لای جەنابی بارزانی لەسەر گوتەی ئەوان بە بارزانی دەڵێن: جەنابی شێخ ئەحمەد دەڵێ: باشە، من لەگەڵ مەلا مستەفا دەئاخڤم ئەوەی پێویست بێ بۆتانی بکات، بەمەرجێک بارزان نەبێتە مەڵبەندی هێرشەکانی حکوومەت، جەنابی بارزانیش پێیان دەڵێت: باشە ئەگەر وایە ئێوەش بگەڕێنەوەو ئەو جێگایانەی لەژێر دەستتاندایە بیانپارێزن و بەردەوام بن، پێویست ناکات بێنە ئێرە، چونکە حکوومەت لە هەموو جێیەک هەیە، ئەگەر ئێوە بخوازن هێرشیان بۆ ببەن چالاکی ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی حکوومەت بزانێت شۆڕشەکە بەربڵاوە، تەنها بارزان ناکاتە ئامانج، بۆ ئەو مەبەستە بارزانی لەگەڵ جەنابی شێخ ئەحمەد کۆبوونەوەو بڕیاریان وابوو بەردەوامی بە شۆڕش بدەن، بەڵام نابێ بێنەوە نێو سنوری دەڤەری بارزان کە گەشتی جەنابی بارزانی دەستی پێکرد ئەو هەڤاڵانەی کە بە نێروەییەکانەوە ئەگەر بگەیشتبوانایە نزیکەی ٥٠٠ کەس، هەمووشیان یەک جێ لەژێر فەرمانی ئەودابوون، ئەگەر مردنیشی تێدا بووایە، خۆ ئەوسا ئەگەر جەنابی بارزانی بیهێشتبایە ئەوا ژمارەی پێشمەرگەکانی دەگەیشتنە دە هەزار کەس، بەڵام لەلایەک لەبەر نەبوونی نان و چەک و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو دەستپێکە نەدەبوا هێزێکی هێندە زۆر بگرێتە خۆ، چونکە جوڵاندنیان زۆر زەحمەت دەبوو، ئیتر بەر لە گەشتەکەی جەنابی بارزانی بۆ بادینان هەموو هێزەکەی کۆکردەوەو ڕێنوێنی کردن کە لەمەودوا چۆن ڕەفتار بکەن لە بەرامبەر ماڵ و موڵکی

خەڵکدا، جگە لەوە لەبەرامبەر ماڵی جاشەکانیش، نابێ دەستدرێژییان بۆ بکەن، بەبێ ڕەزامەندی خاوەن ماڵ، یاخود بەگوێرەی پێویست.)

شایانی باسە بەرلەوەی کە من ئەو وتووێژە لەگەڵ زەکی کامل ئاکرەیی بکەم، ئەو پێشتر لەسەر ئەم بابەتە، وتووێژی لەگەڵ کاک گۆران ئەحمەد ئیسماعیل بۆ گۆڤارە پەیامی ئەیلول ئۆڕگانی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول ئەنجامدابوو. من وتووێژەکەم لە سەرۆکی کۆمەڵە مامۆستا عەبدولواحید دێبەگەیی سەرنوسەری گۆڤارەکە وەرگرتووە.

گەڕانەوەی ئارامیی بۆ ناوچەی بارزان

دوای گەڕانەوەی ئارامیی بۆ ناوچەی بارزان، کەریم قاسم کە خۆی پێشتر ئەفسەری سوپای عێراق بوو، تێگەیشت کە جاشەکان لەو توانایەدا نین کە لە شەڕێکی درێژخایەندا بتوانن لە بەرامبەر سەرۆک بارزانیدا خۆ ڕابگرن، لەبەر ئەوە پێشنیازی لێخۆشبوونی مستەفا بارزانی ئاراستەی شێخ ئەحمەد کرد و گوتی: **(باشتر ئەوەیە کە بگەڕێتەوە و بێت لە بەغدا دانیشێ.)** تەنانەت بە فەرماندەی لیوای سێی مێرگەسوری ڕاگەیاند کە بچێ و پێشوازیی لێبکات. شێخ ئەحمەد بۆ ئەو مەبەستە عوسمانی کوڕی محەمەد ئاغای مێرگە سوریی نارد بۆلای مستەفا بارزانی لە گوندەکانی "بێی و کانی بۆت"ێ لە پشت چیای شیرین، بەڵام پێی ڕاسپارد بەدەم ڕاسپاردی کەریم قاسمەوە نەچێت. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٤٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، ئاماژە بۆ وەڵامی سەرۆک بارزانی دەکات کە دەڵێ: **(من تاوانبار نیم تا داوای لێبوردنت لێ بکەم. تۆ پێویستە داوای لێبوردن بۆ خۆت لەو تاوانانە بکەی کە دەرهەق بە گەلی کوردت کردوە. بە یارمەتیی خواش بەم نیزیکانە پێشانت دەدەم کێ تاوانبارە و کێ پێویستی بەوەیە گەل لێی ببووری.)**

وەڵامی بارزانی بۆ قاسم، وەڵامێکی دژوار بوو، لەبەر ئەوە حکومەت بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەو ورەیە و ورەی دڵسۆزان و پێشمەرگەکانی کوردستان، دەنگۆی بڵاوکردەوە کە بارزانی بریندارە. خەڵکێکی زۆر تەنانەت ئەوانەش کە لە ڕیزی سوپادا سەرباز بوون، بەو هەواڵە نارەحەت بوون. سەرۆک مستەفا بارزانی کە بەو دەنگۆیەی زانی، پێشمەرگەکانی لە گوندی "سیدا- سیدان" کۆکردەوە. کۆکراوەکان نزیکەی ٦٠٠ کەسیان بارزانی و نزیکەی ٥٠٠ کەسیشیان نێروەیی، گۆران، بەرواریی خوارەو، و ئامێدی بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی هاوچەشنی وتاری ساڵی ١٩٤٧ ئاراستەی پێشمەرگەکان کرد. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٤٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، ئاماژە بۆ ئەم وتارەی بارزانی دەکات:

- (براینە، نازانم پاشەڕۆژ چیی بۆ حەشار داوم، تا ئەوپەڕی توانای خۆم بەربەرەکانی دەکەم و تا بتوانم کوردستان بەجێ ناهێڵم. ئەگەر هیچ هەوڵ و تەقەلایەکیشم لە دەسەڵاتدا نەما و وام لێهات نەتوانم لەوە زیاتر بەردەوام بم، دەچم بۆ سوریا. ئەوەتا ئێوە دەبینن من بە ئارەزووی خۆم مەرگم بۆخۆم هەڵبژاردووە. جا ئەو کەسەی مەرگ بۆخۆی هەڵدەبژێرێ، با لەگەڵم بمێنێ. من بەم ڕێگەیەی خۆمدا هەر دەڕۆم بۆ پێشەوە و لەوە بەولاوە کە لەگەڵ خۆمم هەڵگرتووە لە چەک و فیشەک و پارەیەکی کەم، هیچی ترم پێ نییە. ئەوە هەموو ئەوەیە کە من هەمە. ئەوانەی لە مەرگ و برسیەتی و سەرما ناترسن، با لەگەڵم بمێننەوە، ئەوانەش کە چاوەڕێی هیچم لێ ناکەن با بمێننەوە چونکە منیش وەک ئێوەم، نە پارە هەیە و نە چەک، بەڵام ئەوانەی کە وزەی لە ئەستۆ گرتنی ئەم ناڕەحەتیانەیان نییە کە بۆم باس کردن، با بڕۆن بەڕێی خۆیانەوە و خوا پاداشی خۆیان بداتەوە، چونکە تا ئێستە زۆریان لە ئەستۆ گرتووە و لەم ڕێگەیەدا ماندوو بوون. دەمەوێ سەرەڕای ئەم قسانەم ئەوەش بڵێم کەوا ئێمە نەتەوەیەکی موسوڵمانی کوردی ستەمدیدەین، پێویستە لەسەرمان داکۆکی لە ماف و شەرەفی خۆمان بکەین. مایەی شکۆ و شانازی و شەرەفیشمان دەبێ کە گیانی خۆمان بکەین بە قوربانی ئازادی میللەتەکەمان.) مەسعود بارزانی هەروەها دەنوسێت: **(پاشان ڕووی لە حوسێن جرگیس پێندرۆیی کرد کە یەکێک بوو لەو هەڤاڵانەی لەگەڵیدا چووبوون بۆ تاراوگە لە یەکێتی سۆڤیەت و تەمەنی لە حەفتا تێپەڕی کردبوو، پێیگوت: حوسێن، تۆ پیربووی، بڕۆوە بۆ ماڵ و بۆخۆت بحەسێوە، با منداڵەکانت لە جیاتت لەگەڵمان بمێننەوە.)** حوسێن لە وەڵامیدا دەڵێ: **(مەلا مستەفا، من لەگەڵ ئەوانەم و لەجێی خۆم نابزووم و ناگەڕێمەوە بۆ ماڵ، تۆش ئەگەر حەزت لێیە بۆخۆت بگەڕێوە بۆ ماڵی خۆت. خوات لەگەڵ بێ.)**

جرگیس حوسێن جرگیس و عەبدوڵا حوسێن جرگیس دوو کوڕی حوسێن جرگیس ئێستا لە ژیاندان و مامۆستا عەبدوڵا لە مەسیف و مامۆستا جرگیس لە سۆران دەژی. سەبارەت بەو وتارەی مستەفا بارزانی و وەڵامی باوکیان پرسیارم لێکردن، گوتیان: **(ئێمە و برایەکیترمان بەناوی لەشکری لەگەڵ باوکمان بووین. شۆڕشی ئەیلول کە بەرپا بوو، گوشارێکی زۆری فڕۆکە و عەسکەر و جاش هاتە سەرمان. گوندی بارزان**

و ناوچەکە لە ئاگردا دەسوتان. گوندەکان نان و خواردنیان نەبوو، هەوا بەرەو ساردی و زستان دەچوو. ناوچەی بارزان و دەوروبەری زستانان زۆر سارد دەبن و بەفری زۆریشیان لێ دەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەس دەیویست لەگەڵ بارزانی بێت، باوەڕیان پێی هەبوو. بارزانی هەرچەندە بۆخۆشی گەنج نەبوو، بەڵام داوای دەکرد پیرەکان دانیشن کە باوکم قەبووڵی نەکرد. بارزانی گوتی هەلومەرجی ئەمڕۆ وەک ساڵی ١٩٤٥ نییە، ئێستا شێخ ئەحمەد لە بارزانە و حوسێن دەتوانی بگەڕێیتەوە و لەوێ بی کە باوکم قەبووڵی نەکردو پێیگوت تۆ خۆت بچۆ دانیشە) شایانی باسە ئەو پێشمەرگە قارەمانە نەوەستا تا سەرئەنجام ساڵی ١٩٦٤ لە بەرواریی باڵا شەهید بوو.

سەرۆک بارزانی بە بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیە کە دەیەوێ بچێت بۆ سوریا، حکومەتی هاندا کە بەشێکی زۆری هێزەکانی سوپا، پۆلیس و جاش لە ناوچەی بادینانەوە بەرێتە سنوری سوریا و فیشخابور و لەوێ کۆیان بکاتەوە کە سەرۆک بارزانی بگرن.

گوندی سیدا کەوتووەتە پشت چیای شیرین، لە "گەلی باڵندە" و نزیک شیلادزێ هەڵکەوتووە. سێ چیای "خالێ، دووژی و قەلە ڕەش" دەوریان گرتوە، گوندێکی پڕ ئاو و خاوەن کێڵگە و زەوی بەپیتە. ساڵی ١٩٦١، مستەفا بارزانی لەوێوە جارێ شۆڕشی ئەیلولیدا، دانیشتوانی ئەو گوندە دە تا پازدە بنەماڵە بوون. ئەشکەوتی زبێتکێ کە بارزانی لێی ماوەتەوە لە بناری چیای "خالێ" لە نزیک گوندەکەدا، بەسەر ڕووباری شین "زێی گەورە" و ئەو گوندە و گوندەکانی شێنگل، باڤسێڤا، تێلێ، هیزا و داویکادا دەڕوانێ. لەگەڵ ڕەمەزان ئیبراهیم مەحمود خەڵکی گوندی سیدا و لەدایک بووی ١٩٤٥، سەنعان نوعمان جەوهەر خەڵکی گوندی باڤسێڤا و باقی بەکر محەمەد خەڵکی گوندی سیدا سەردانی ئەو گوندەم کرد و لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگیان لای من پارێزراوە، سەبارەت بە چوونی بارزانی بۆ ئەو گوندە گوتیان:

- (مەلا مستەفای ڕەحمەتی ساڵی ١٩٦١ هاتە ئەم گوندە و ئێمە خەڵکی گوندەکە کە دە پازدە ماڵ دەبووین، بەتێکرا خزمەتی مەلا مستەفا و ئەو کۆمەڵە پێشمەرگانەمان کرد کە لەگەڵی بوون وەک: عەمەر محەمەد ئاغا دۆڵەمەری، عەلی خەلیل، ئەسعەخۆشەوی، غەزالی میرخان ژاژۆکی، حەسۆ میرخان ژاژۆکی، حەسۆ میرخان خەردن دۆڵەمەری،

لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ڕەمەزان ئیبراهیم مەحمود، باقی بەکر محەمەد، نوسەر و سەنعان نوعمان جەوهەر. ئەو منداڵەی پشتەوە ئەحمەد دڵشاد مەلحەمە.

عیسا بێدارونی، محەمەد ئەمین میرخان، مەلا شنی بێدارونی، عوزێر محەمەد خەلانەیی، عەلی شەعبان، عیسا شەریف، حاجی بێرۆخی، نەبی سەرئاسن، کەکو مێرگەسوری، سەلیم ئەحمەد چێ، حەمید دیری، عەلی یاسین دۆسکی و زیاتر لە ٥٠٠ پێشمەرگەی لەگەڵدا بوون. ئەو گوندانە دەروبەر نان و خۆراکیان کۆدەکردەوە و دەیانهێنا ئێرە. لە خەڵکی ئەم دێیە: عەبدوڵا محەمەد حوسێن، حەسۆ ساڵح نادر، محەمەد ساڵح حەسۆ ساڵێ، خورشید سدیق تەمەر و عوسمان قۆرتاس لەگەڵ بارزانی چوون. منیش دەمویست بچم، بەڵام مەلا مستەفا کە بینی باوکم پیربووە و من کوڕی گەورەی ماڵەوەم عایلەمان زۆرە، نەیهێشت من لەگەڵی بچم. ئەو کاتە بە

پێشمەرگەیان دەگوت لەشکر. مەلا مستەفا بە باوکمی گوت تۆ دەتوانێ بە جۆرێکی تر خزمەت بکە. تۆ هاوکاریی ئەو ژمارە لەشکرە بکە کە بێرەدا هاتووچۆ دەکەن.)

سەرۆک بارزانی لە بارزانەوە هاتە ناوچەی مزوریی و بە گوندەکانی شێنگل، باڤسێڤا، تێلێ، هیزا و داویدکادا هاتە ئێرە و حەوتوویەک لە سیدا مایەوە. بۆخۆی لەگەڵ ٥٠- ٦٠ پێشمەرگە لە ئەشکەوتی "زبێتکێ" بوو. زبێتکی لە بناری چیای "خالێ" هەڵکەوتووە و دەڕوانێتە گوندی سیدا و ڕووباری شین و ئەم گوندانەی باسمان کرد. ئێستا وەک دەبینی گوندەکە وێران بووە و تەنیا چەند بناخە لە ماڵەکان ماوە، ئەوکاتە بەردەرگای ئێمە دەشتایی بوو، سەرۆک بارزانی کاتێ ڕۆیشتن هاتە سەری ئەم کۆڵانە و قسەی بۆ پێشمەرگەکان کرد و لەوێ خواحافیزی لە باوکم و خەڵکی گوندەکە کرد و گوتی: **(خودا بەرەکەت لە گوندەکەتان بخات و بەروبوومتان زیاد بکات.)** خەڵکی گوند بەتێکڕا دەیانویست لەگەڵی بچن، بەڵام مەلا مستەفا بە باوکمی گوت: **(ئیبراهیم ئێوە بمێننەوە و ئەگەر هاتنەسەرتان و ئازاریان دان، ئەوکاتە بە ئاغایەکتان دەناسێنم کە بچنە لای ئەو.)** باوکم گوتی: هیوادارم سەرکەوی و خودات لەگەڵ بێ. بارزانی وەڵامیدایەوە: **(ئەگەر بۆ بەختەوەریی کورد تێنەکۆشم و بۆ فەقیر و هەژاران هەوڵ نەدەم، یاخوا قەت، خودام لەگەڵ من نەبێ.)**

سەرۆک بارزانی لێرەوە چوو بۆ ناوچەی ڕێکانی و بە گوندەکانی "پێ پەرخا"، وەربەخ، شاجا و کوکەرێ دا تێپەڕین و چوون بۆ گوندەکانی سینیا، بێرومان و کاروک، کەرو، وێلە و...تد کە گوندی کریستیانان بوو، گەیشتە ناوچەی نێروەیی و لەوێوە چوو بۆ ناوچەی بەرواریی.

ڕەمەزان ئیبراهیم مەحمود، سەنعان نوعمان جەوهەر و باقی بەکر محەمەد دەڵێن: **(ئەم ناوچەیە بە گوندی سیداوە ٣٥٠ گوندی لێیە کە هەرکامەیان چوار جار وێران کراون و ئێستا بەهۆی بزووتنەوەی کوردی باکور و پەکەکەوە هەموویان چۆلن.**

تەیارەکانی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٢دا بە ڕۆژێک ٥٣ بۆمبیان لە گوندی ئێمەدا.) دەربارەی بەڕێکەوتنی سەرۆک بارزانی لە گوندی سیداوە بۆ ناوچەیی بەرواریی، تەحسین نزمی سەعدوڵا ئەحمەد نێروەیی لەدایکبووی ١٩٤٢ی گوندی نێروە و دانیشتووی دهۆک، لە وتوویژێکی تایبەتدا، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٥ پێی گوتم: **(بەرلەوی کە بارزانی لە گوندی سیدان بەڕێ بکەوێ، پیاوێکی نارده لای باوکم و گوتی نەزمی بێتە گوندی کارا لە بەرواریی باڵا. باوکم بە ١٣٠ چەکدارەوە چوو، منیش کە ١٨- ١٩ ساڵم تەمەن بوو لەگەڵ باوکم چووم. باوکم لەسەر ڕێگەدا حەرەسی دانا و ئێمە گەیشتینە بارزانی. لەوێ بارزانی بەدوای موحسین ئەحمەد بەگی بەرواریدا نارد کە بە ناوچەی ئەواندا تێپەڕین، موحسین گوتی: "نەیەی و ئەگەر بێی شەڕت لەگەڵ دەکەین." بارزانی لە باوکمی پرسی: "چەند کوڕت لەگەڵە؟" گوتی دوو کوڕ، محەمەد سلیم و تەحسین. بارزانی فەرمووی محەمەد سەلیم لەگەڵت بێ و تەحسین کە بچووکترە، بنێرەوە. باوکم گوتی: تەحسین دێنم و محەمەد سەلیم دەنێرمەوە. بەم جۆرە ئێتر ئێمە لەگەڵ بارزانی کەوتین. لە گوندی کارا، کورسیان بۆ بارزانی هێنا کە لەسەری دابنیشێ، قەبووڵی نەکرد و گوتی: "من شۆڕشگێڕم و لەسەر قەنەفە دانانیشم." هەموو نێروەییەکان لە دەوری بارزانی کۆبوونەوە. بارزانی فەرمووی: "دەمەوێ لەگەڵ حکومەت شەڕ بکەم بۆ مافی ئەو خەڵکە، بەڵام دەبینم بەشێکی ئەو خەڵکە پاڵی بە حکومەتەوە داوە و تەنانەت ناهێڵن ئێمە بە ناوچەکەیاندا تێپەڕین. من بەئێوە ناڵێم لەگەڵم وەرن، هەرکەس دەیەوێ بچێتەوە با بچێتەوە سەرکار و ژیانی خۆی و ئەوەش لەگەڵ من دێ، دەبێ بزانێ، ڕەنگە توشی برسییەتی و کوشتن بێت." هیچ کەسێک نەگەڕایەوە و هەموو لەگەڵ بارزانی کەوتن. سەری ئامێدی ژمارەیەک جاش و پۆلیسی لێبوو. بارزانی ڕووی لە باوکم کرد و گوتی: "نەزمی بچۆ ئەو جاش و پۆلیسانە لەوێ هەڵکەنە." ئێمە چووین و سەری ئامێدیمان پاککردەوە و تاهیری سەعید ئاغامان بە بریندارى گرت. تاهیر برای دێوالی و کوڕی سەعید ئاغای دۆسکی**

لە گوندی گەرماو بوو. ئەو سەرۆکی هەموو جاشەکان بوو. باوکم وەڵامی بۆ بارزانی نارد کە تاهیرمان گرت و بارزانییش فەرمووی تەسلیمی هێزی حاجی مەلۆیی مزوریی بکەن.) تەحسین نەزمی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: **(بارزانی سەرکردەیەکی چاونەترس و زۆر خزمەتکاری خەڵکەکەی بوو. لەنێوان هیچ مرۆڤێکدا جیاوازیی دانەدەنا، تەنانەت ڕێزی لە دوژمنەکانیشی دەگرت. هەرلە سەرەتاوە ئێمە پێشمەرگەکان بەو هەڵسوکەوت و کردارانەی بارزانیمان زانی. لەبەر ئەوە پێمخۆشە باسی**

ڕووداوێکت بۆ بکەم. مشیر ئاغای ڕوڤیا ویستی گیسکێک لە فەلەیەک "کریستیان" بکڕێ. فەلەکە پێی نەفرۆشت و ئەویش گیسکی کابرای برد و لە گوندی "کرێ و مەلەختە" گیسکەکەی کوشتەوە. کابرای فەلە گوتی: شکایەتی تۆ لە بارزانی دەکەم. مشیر ئاغا ویستی مامەڵەی لەگەڵ بکات و گوتی هەرچییەکت بوێ دەتدەمێ. لە یەک تفەنگەوە گەیشتە دوازدە تفەنگ. پێی گوت: دوزادە تفەنگم هەیە، هەر دوازدە تفەنگ هەڵگرە و بە بارزانی مەڵێ. لەو قسانەدا بووین کە بارزانی هات، فەلەکە چوو بۆلای و پێشمەرگەکان ویستیان پێشی پێبگرن. بارزانی فەرمووی لێیگەڕین با بێت. فەلە چوو و شکاتی خۆی لێکرد. بارزانی هەموومانی کۆکردەوە و فەرمووی: "ئەگەر بۆ ڕاوڕووت هاتوون، بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان و ئەگەر بشبن بە جاش، بە پووشێکتان نازانم، بەڵام ئەگەر هاتوون خزمەتی ئەم خەڵکە بکەن، من خۆم خزمەتی ئێوە دەکەم." فەرمووی: "ئەگەر ئێمە سەرکەوین، ئەم تفەنگانە دەکەین بە داس و دەغلی ئەم خەڵکەی پێدەدروین و ئەگەریش شکاین، هەموو تفەنگەکان بێکەڵک دەبن." بارزانی بەو وتانەی دڵی کابرای فەلەی بەجێهێنایەوە و بەپارە ڕازیکرد. بە دوای ئەو ڕووداوەدا بەرەو گوندی تروانیش بەڕێکەوتین.) هەرلەم بارەیەوە مستەفا سالح عەبدوڵا نێروەیی لەدایکبووی ١٩٣٣ی گوندی دزگە، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٥ لە وتوویژێکی تایبەتدا لە دهۆک

پێی گوتم: **(کاتێک بارزانی لە ساڵی ١٩٦١ هات بۆ ناوچەکەمان، ئێمە نزیکەی ٣٠٠ کەس بە چەک و بێچەک، ژن منداڵەکانمان بەجێهێشت و لەگەڵ ساڵح عەبدوڵا لە گوندی دزگە، قاهیر محەمەد لە گوندی نێروە، محەمەد تاهیر ڕەشید لە گوندی بێزنوور و نەزمی سەعدوڵا ئەحمەد لە گوندی نێروە کە هەموویان سەرۆک عەشیرەتمان بوون و نەزمی بەگ گەورەی هەمووان بوو، لەگەڵ بارزانی کەوتین. کاتێک لە نێروە دەرکەوتین و بەرەو گوندی بەرواریی چووین، من کرام بە سەرقۆڵ. سێ گوند بە ناوەکانی بالوکا، کری و مەلەختە هەبوون کە گوندی مەسیحییەکان بوون. لەوێ بووین کە موحسین ئەحمەد بەگ بەرواریی بە پیاوێکی خەڵکی تروانیشدا ڕایسپاردین کە بەرەو ناوچەی ئەوان نەچین. من لەلای بارزانی بووم کە وەڵامی دایەوە: "ناوچەکان بۆ ئێمە فەرق ناکەن" و فەرمانیدا بەرەو گوندی تروانیش بچین. ڕۆژی دوایی چووین بۆ گوندەکانی بیتانووری و درێژێژکێ، لەوێ پێشیان پێگرتین و لەنێوانماندا شەڕ هەڵگیرسا و سێ کەسیان بەناوەکانی هادی بەحری، عەلی عەباس و شەرۆ حامد لێ شەهید کردین و ساڵح عەبدوڵا، مەم خالید و ڕەمەزان دووتازاییش بە بریندارى کەوتنە دەست جاشەکان. حکومەت ئەوانەی دەرمان کرد و لە وتووێژی ساڵی ١٩٦٣دا ئازادی کردن. بەو ناوچەیەدا چووین بۆ بامەڕنی و لەوێوە بۆ گوندی "کەمەکا" و لەوێشەوە بۆ گوندی "دەرماڵە" و لەوێ لە جاشەکانی جەعفەر بێسفکی دۆسکیماندا کە سەربە موحسین ئەحمەد بەگی بەرواریی بوو.)**

گەڕان بەنێو عەشیرەتی نێروەییدا، دوو پرسیاری بۆمن زەق کردەوە. یەکەمیان: بۆچی نێروەییەکان بەتێکڕایی پشتی سەرۆک بارزانییان گرت و ئامادە نەبوون وەک بەشێک لە عەشیرەتەکانی دەوروبەریان هاوکاریی حکومەت بکەن؟ دووەم بۆچی

کریستیانەکانی ناوچەی نێروەیی بەو شێوە بەرفرەوانە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول و بارزانی کەوتن؟ بەشێک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمم بۆ ڕوون بوو. هەستی نیشتمانپەروەریی و تێکەڵاو بوونی نێروەییەکان لە شۆڕشەکانی بارزان لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامەوە، ئەو هەستەی پێبەخشیبوون کە لە بەرامبەر نەتەوەی خۆیاندا نەوەستن و خەیانەت بە خەڵکی خۆیان نەکەن، بەڵام ئەوەی کە بۆچی بەتێکڕا ژن و منداڵەکانیان بەجێهێشت، بۆمن هەندێک جێی پرسیار بوو کە محەمەد ڕەشید خەلیل ڕەسوڵ نێروەیی لە دایکبووی ١٩٤٠ پێی گوتم:

- (سێ چوار مانگ بەرلە هاتنی بارزانی بۆ ناوچەی ئێمە، سوپای عێراق بە هاوکاریی ژمارەیەکی زۆر جاشی ڕێکانی و دۆسکی هات کە ئێمە لە ناوچەی شاخاوییەوە بگوازێتەوە. حکومەت لەوە دەترسا کە بارزانی شەڕی لەگەڵ بکات و نێروەییەکان لەگەڵی بکەون. لەبەر ئەوە دەیویست بەرلە هەڵگیرسانی شەڕ، ئێمە لە ناوچەکە نەهێڵێت کە لێماندا و پاشەکشەمان پێکرد. بەرلە هاتنی بارزانی بۆ ناوچەکەمان، ڕۆژی ١٩٦١/٩/٩ ژمارەیەک مودیر ناحیەی "بێبوو"یان کوشت. حکومەت باش دەیزانی ئەگەر پێی بارزانی بگاتە نێو عەشیرەتی نێروە، لە ناوچەکەدا کێشەی بۆ ساز دەبێت. ئێمەش لە ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٤٥وە بارزانیمان بە پشت و پەنای خۆمان دەزانی و لە هەرجێیەک پێویستیی بە ئێمە بووایە لە خزمەتیدا بووین.)

وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەم لەلای خەوشابا ئەوراهە قەشۆ لەدایکبووی ١٩٣٧ی نێروەی ژێری دۆزییەوە کە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی هات بۆ ناوچەی ئێمە، من لەگەڵی کەوتم و چووم بۆ قومریە و لەوێوە بۆ ناوچەی بەرواریی و ساڵی ١٩٦٣ش چووین بۆ ناوچەی سۆران. بۆ ماوەی دوو ساڵ لە گوندی "کانی بلاو"، عەلی خەلیل بەرپرسم بوو. لە گوندی ئێمە هەموو کریستیانەکان لەگەڵ بارزانی و شۆڕش کەوتین: نستورس دەنخا، ئیسحاق گلیانە و من لەگەڵ پێنج برام بە ناوەکانی مێشی، ئیواس، یوخانا، لازار و فنەنیا ئەوراها. بەشداریی شەڕەکانی گەلی قنتارا، زاویتە و خواکورکم کردوە.)

خەوشابا وەڵامی پرسیارەکەمی دایەوە و گوتی: **(بارزانی سەرکردەیەکی عادل و جێی باوەڕ بوو، هەموو کەسێک پێیخۆشبوو بچێتە ژێر فەرمانی. ئەو سەرۆکی هەمووی ئێمە بوو. ئێمە هەروەک کوردەکان پشتمان بارزانی بوو.)**

جوڵاندنی پێشمەرگە و کۆبوونەوەی گەل لە دەوری مستەفا بارزانی

پێشمەرگەکان بەتێکڕا چارەنوسی خۆیان بە چارەنوسی مەلا مستەفاوە بەستەوە و بەجێیان نەهێشت. بارزانی بڕیاریدا یەکەم جوڵەی خۆی لە گوندی سیداوە بۆ خێڵی "نێروە"یی دەست پێبکات. ڕۆژی ١٩٦١/١٠/٢١ گەیشتە ئەو ناوچەیە و هەموو خەڵکی ناوچەکە بە چەکی خۆیان پاڵیان بە سەرۆک بارزانییەوەدا. ئەوان بە هەستێکی پاک و بێگەرد پشتی بارزانییان گرت و چەندان شەهیدیان لە شەڕەکاندا پێشکەش بە نەتەوەی کورد و کوردستان کرد. "نەزمی سەعدوڵا ئەحمەد نێروەیی" یەکێک بوو لە سەرکردەکانی نێروەیی کە ڕۆژی ١٩٦١/١١/٢٣ لە شەڕی گوندی "جووم جهان" بریندار بوو و لە گوندی "دێرا گژنێک" شەهید بوو.

لە ناوچەی نێروەییەکاندا، بارزانی پێشمەرگەکانی بەسەر چوار قۆڵی ٢٥٠ کەسیدا ڕێکخست. محەمەد ئەمین میرخان، حاجی بێرۆخی، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری و عیسا سواری کرد بە فەرماندەی هەرکام لەو قۆڵانە. ئەسعەد خۆشەویشی وەک یاریدەدەر بۆخۆی هەڵبژارد و عوزێر محەمەد دۆڵەمەرییشی بە هێزێکەوە بۆ پارێزگاریی لە خۆی دانا. لەم بارەیەوە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە وتوێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٣ پێی گوتم: (**من یەکێک بووم لەو پێشمەرگانەی کە بۆ پارێزگاریی کردن لە بارزانی هەڵبژێردرام. جگەلە عوزێر محەمەد دۆڵەمەریی ئەم پێشمەرگانەش پاسەوانی بارزانی بوون: حالی محەمەد خەلانەیی، حاچک محەمەد چەمی، نەبی سەرئاسن، محەمەد ئەمین، تەها ئاکرەیی، مەلا حەسەن بابیەزدین، تەها هۆستانی، خدر عەمەرە کەڕ و چەند کەسی تریش بوون کە ناوەکانیانم لەبیر کردوە.**

محەمەد عیساش دوکتۆری عەشایریی بوو لەگەڵمان و زەکی کامل ئاکرەییش ئەمینی مەلا مستەفا بوو.)

هەروەها بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٤٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"، سەرۆک بارزانی ئەم فەرمانەی خوارەوەشی لەنێو پێشمەرگەکاندا بڵاوکردەوە:

١- مافی چوونیان بۆ ناو گوندەکان نییە، چونکە بەچوونی پێشمەرگە بۆناو گوند، ڕەنگە فڕۆکە بۆمبارانی گوندەکە بکات و زیان بەخەڵک بگەیەنێت.

٢- مافی وەرگرتنی هیچ شتێکیان لە خەڵکی گوندەکان نییە.

٣- بەبێ هیچ چەشنە دوودڵییەک دەبێ فەرمانی بەرپرسەکانیان بەڕێوەبەرن.

٤- لە شەڕەکاندا بەبێ سود، فیشەک بە فێڕۆ نەدەن.

٥- خۆپاراستنی تەواو لە کاتی بۆمباران و تۆپبارانەکاندا.

٦- لە خاڵە لاوازەکانی دوژمن سودی تەواو وەرگرن و هێرش بکەنە سەر ئەو خاڵانەی لاوازن.

٧- نابێ دیلەکان بکوژن، ئازاریان بدەن و سوکایەتیان پێ بکەن.

٨- ئاڵوگۆڕکردنی هاوکاریی لەنێو هێزەکاندا و دەستپێشخەریی لەلایەن هەر هێزێکەوە بۆ یارمەتی گەیاندن بە هێزێکی تر کە دەکەوێتە جەنگەوە. هەروەها پەنابردنی بۆ شەڕی پارتیزانی بە چەند تاقمێکی بچووک بچووک کارێکی پێویستە بە مەبەستی کەمکردنەوەی قەوارەی زیان تا کەمترین ڕادە کە لە دەسەڵاتدابێ.

دەربارەی ئەو ڕێکخستنە و فەرمانەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی، زەکی کامل ئاکرەیی دەڵێت:

- (لەدوای کۆبوونەوەکەدا جەنابی بارزانی لەشکرەکەی دابەشکرد بەسەر چوار قۆڵدا، لەنێو هەر قۆڵێ گروپ گروپ دابەشکران تا بتوانن فەرمانەکانی بارزانی بەجێ بگەیەنن، ئەمە وایکرد بارگرانییەکە لەئەستۆی بارزانی لاچێ، هەرچەندە لە هەندێک جێگا فەرماندەکان پێشێلکاریان کرد، بەڵام جەنابی بارزانی دەستبەجێ ئەو کەسانەی سزادا و پێشی لەکارە چەوتەکان گرت. ئیتر ئەوە بوو بە دەرسێک کە لەشکرەکە ببێتە لەشکرێکی نموونەیی لەلایەنی ڕەوشت بەرزی و دوور لە بەدکاری کە لەهەر خودێک

بووە هۆی ئافراندنی هەڵگری تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و خۆ بە بەرپرس زانین لە بەرامبەر ماڵ و موڵکی خەڵک. ئەم ڕێکخستنە وایکرد کە کەسی دیکە نەخزێنە نێو گروپەکانی لەشکر، چونکە وەک لە سەرەوە باسکرا نەدەکرا ئەوەی بێت و ببێتە پێشمەرگە لەبەر نەبوونیی نان و چەک، یاخود ڕێنەدان بەو کەسە تاوانبارانەی کە خۆی لەژێر سێبەری شۆڕشدا حەشاربدات، وەک گرووپەکەی "یونس" ی "مارینۆس" کە لە تورکیا تاوانباربوون بە دزی و جەردەییو کوشتنی خەڵک، ئەوان هاتن بێنە نێوریزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، بەڵام نەجەنابی بارزانی و نەسەرقۆلەکان ڕێگایان نەدا بێنە نێو شۆڕش، هەڕەشەی ئەوەشی لێکرا کە نابی لە سنوری باشووری کوردستان بمێنێ نەوەکا بەناوی پێشمەرگەوە کاری بەد بکەن.)

دوای ئەو ڕێکخستنە نوێیە، هێزەکانی پێشمەرگە بەرەو خێڵی "بەرواریی باڵا" لە زێی گەورە پەڕینەوە و گەیشتنە "ئالووکە" و پاشان بە "ئەڕوانش" و "سەرزێری"دا بەرەو کانی ماسی شۆڕبوونەوە. لەوێ "موحسین بەگی بەرواریی" و جاشەکانی لەگەڵ کۆمەڵێک پۆلیس پێشیان پێگرتن و لە ئاکامدا شەڕ لەنێویاندا هەڵگیرسا. جاش و پۆلیسەکان نەیانتوانی لە بەرامبەر پێشمەرگەکاندا بوەستن و چونکە ڕێگای ئامێدییان لێگیرابوو، بەرەو خاکی باکوری کوردستان کشانەوە، بەڵام لەوێش کوردەکانی باکور تەنگیان بە موحسین بەگ و جاشەکان هەڵچنی و ناچاریان کردن خۆیان بدەنە دەست تورکەکانەوە و بە یارمەتی حکومەتی تورکیا بگەڕێنەوە بۆ عێراق. لەم بارەیەوە ئەم پێشمەرگانەی لەو وێنەیەی خوارەوەدا دەبیندرێن لە وتوویژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٣ گوتیان:

لە چەپەوە بۆ ڕاست: میکائیل حاجی میکائیل، ئیبراهیم مەجید عەبدوڵا، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی، عەزیز عەزیز شەلال و مامک شێخۆ جوندی.

– (کە گەیشتینە ناوچەی نێروەییەکان، مەلا ئەحمەد ئیسلام، ساڵح ئاغا، حاتەم و نزمی بەگ و زیاتر لە ١٥٠ لاو هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە. چووین بۆ دوو گوندی "کەڕو و مەلەختە" کە هەردوویان گوندی ئاسوریی بوون. بەرلە گەیشتنمان، خەڵکەکە بە پروپاگەندەی دوژمن کە بارزانییەکان دێن و ئێوە دەکوژن، گوندەکانیان چۆل کردبوو، بەڵام زۆر زوو ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوت و گەڕانەوە گوندەکانیان و بەوپەڕی دڵفرەوانییەوە یارمەتیان داین. بە دوای ئەوەدا چووین بۆ گوندی "تڕوانیش" کە گوندێکی زۆر مەزن بوو بە چیای مەتینەوە. لەوێ مەلا مستەفا چاوی بە خەلیل موختاری گوند کەوت و پێی گوت بچۆ بۆلای موحسین بەگ و سڵاوی لێ بکە و پێی بڵێ ئێمە کوردین و برای یەکتر. ئێمە دەمانەوەی لێرە دەرباز بین و ڕێمان لێ مەگرە و تەنانەت دەتوانن بۆ مەسڵەحەتی خۆتان تەقەش بکەن. مەلا مستەفا گوتی ئێمە بە خاتری ئەحمەد بەگی باوکی کە پیاوێکی باشبوو لێی نادەین. ئێمە تڕوانیشمان بەجێهێشت کەچی موحسین بەگ و جاشەکانی گەمارۆیاندااین. مەلا مستەفا گوتی عیسا سوار و عەمەر ئاغا بێن، هاتن و پێی گوتن بچن گەمارۆکە بشکێنن، بەڵام هەوڵبدەن نەیانکوژن. ئەوان لەگەڵ پێشمەرگەکانیان چوون و گەمارۆکەیان شکاند و هەتا کانی ماسی ڕاویان نان. ئێمە چووین بۆ چیای "گابنێرگ" کە لە باشوری کانی ماسی هەڵکەوتووە، کەچی دیسانیش کاتژمێر نۆی شەو ڕێگایان پێگرتین و چەند نێروەییان بریندار کرد کە عەلی خەلیل چوو بریندارەکانی هێنایەوە و بەخۆشییەوە برینەکەیان سوک بوو. ئێمە گەیشتینە گوندی "مایی و بێدوهێ" لە ڕۆژئاوای کانی ماسی، لەوێ حکومەت هێرشی بۆ کردین و ئێمەش لێماندان و پاشەکشەمان پێکردن. لەوێوە چووین بۆ گوندی "جۆم جیهان" کە دەشتایی بوو، ئەم جارەیان بە دەبابە هاتنە سەرمان و تەها هۆستانی و پێشمەرگەیەکی تریان بریندار کرد.)

عەلی عەسکەریی بەرپرسی لقی یەکی پارتی، بەهۆی گوشار و ڕاوەدووی دوژمن لەو ناوچەیەدا نەیدەتوانی لە جێیەک ئارام بگرێ، بەڵام ئەم جارە بە شکانی جاشەکان خۆی گەیاندە سەرۆک بارزانی و لە هەموو کێشە و ئاژاوەی جاشەکان ڕزگاریی بوو.

بەهەر حاڵ، بەدوای ئەو شەڕانەدا کە لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٦١دا بە ئەنجام گەیشتن، ناوچەی کانی ماسی بە تەواوی کەوتە دەست پێشمەرگە و خەڵکی

بەرواریی باڵا بە کورد و کریستیانەوە ئەوپەڕی لەخۆبوردوویان پێشاندا و لاوەکانیان بە تێکڕا بوون بە پێشمەرگە. بە خاوێن بوونەوەی ئەو ناوچانە لە جاش و پۆلیس، پێشمەرگەکان توانیان بارەگا لە ناوچەکەدا بکەنەوە. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٥٥ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"، لە ئازایەتی ئافرەتانی ئەو ناوچەیە دەدوێ و ئاماژە بۆ بیرەوەرییەکی سەرۆک مستەفا بارزانی دەکات کە لەم بارەیەوە گوتویەتی: **(لە ٧ی کانوونی یەکەم "دیسێمبەر"ی ١٩٦١، باڵەفڕ بەجۆرێکی زۆر دڕندانە گوندەکەی ئەو ئافرەتەیان بۆردمان کرد و سێ منداڵی بچووکیان کوشت. ئەو دڕندەییە ئاشکرایە کارێکی زۆری کردە دڵ و دەروونم کە پڕزۆڵە بەم لا و ئەولادا پڕژ و بڵاوەبووەکانی لاشەی ئەو منداڵانم دی خۆم پێڕانەگیرا و فرمێسک بەچاوەکانمدا لووزەوەی بەست. ئەو ڕۆژە لە ماڵی عەبدوڵا عومەر حەمەڕەش بووین. دایکی عەبدوڵا کە ناوی مریەم بوو لێم نیزیک بووەوە و پێی گوتم: ئەز گوری، دەزانم بەهۆی شەهیدبوونی ئەو بچووکانەوە زۆر ناڕەحەت بووی، تکام لێت ئەوەیە خەم و پەژارە دات نەگرێ. شۆڕش و سەربەخۆیی نرخی خۆیانیان هەیە کە پێویستە بدرێ. ئێمەش ئامادەین بەری ساڵێکی منداڵدان و کزەی جەرگمان بکەین بە قوربانی بۆ لاوانی ستەمی قاسم و هەموومان بە قوربانی کوردستان دەبین. شەرمە بۆ مرۆڤی کورد ببێ بە جاش و چڵکاوخۆر. لە دەردت گەرێم، لەسەر ناوی خوا بڕۆ بۆ پێشەوە لە پێناوی کوردستاندا و گوێت لە سەرئەنجام و چارەنوسی ئێمە نەبێ.)** مەسعود بازانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: **(بارزانی گەلێ جاران ئەم قسانەی ئەم ئافرەتەی دەگێڕایەوە و باسی ئەو کاریگەرییە قووڵەی دەکرد.)**

ئەوە لەوکاتەدا بوو کە "مارگرێت جۆرجی" کچە خەباتکاری ئاسوریی چەکی هەڵگرت و هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە. جگەلەوە کاتێک پێشمەرگەکان گەیشتنە ناوچەی خێڵی "گلی"، "سندی"، "دۆسکی خواروو" و بەرواریی خوارووو، هەموو خەڵکی ئەو ناوچانە بە گەرمی پێشوازییان لە پێشمەرگەکان کرد. خێڵی "گلی" و "سندی" چەکیان هەڵگرت و چوونە ژێر فەرمانی بارزانی و هەموو ناوچەکەیان لە دوژمن پاک کردەوە.

شەڕی زاویتە و داواکاریی بۆ وتوویژ

ڕۆژی ١٩٦١/١٢/٧، بەتالیۆنێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عەلی خەلیل خۆشەوی و چەند سەرقۆڵ، لەوانە ئیبراهیم مەجید عەبدوڵا، حوسێن شێخۆ بەنانی، مەم سینیا نێروەیی و ئیلدە کە کریسیان بوو. لە "گەلی قانتارا" لەنێوان زاویتە و "مانگێشک" لە کەمیندا بوون کە یەکەیەکی سوپای عێراق هات جێی ئەو یەکە سەربازییە بگرێتەوە کە لە پێگەی سەرسەنگ بوو. یەکەی نوێ جێی یەکەی کۆن دەگرێتەوە و یەکەی کۆن بەرە دهۆک دەگەڕێتەوە کە پێشمەرگەکان لە گەلی قانتارا لێیاندەدن و شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدا. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی عومەر بابیری و ئیبراهیم سندی شەهید و سێ پێشمەرگەش بەناوەکانی عەلی خدر، خالید مستەفا بوسی و ئەحمەد هاجەریی بریندار بوون. لەم بارەیەوە ئیبراهیم مەجید عەبدوڵا یەکێک لە سەرقۆڵەکانی بەشدار لەو شەڕەدا، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا پێی گوتم:

– (نزیکەی ٦٠ پێشمەرگە بووین، عەسکەر چوو بۆ سەرسەنگ و ئەوانی ئەوێی گۆڕی. ئەوانەی گەڕانەوە کە بچن بۆ دهۆک. ٢٠ زیلی عەسکەریی و ٣ زرێپۆشیان پێبوو. ئێمە لێماندان و لە ماوەی پێنج دەقیقەی یەکەمی شەڕەکەدا هەموویان تەسلیم بوون. هێشتا کۆمان نەکردبوونەوە کە دوو تەیارە هاتن و ئێمەیان بۆمباران کرد. بە دوای ئەوەدا هێزێک لە دهۆک و هێزێکیش لە "سیانەتووکە"وە بۆ یارمەتییان هاتن. هەتا نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو. ئێمە دوو پێشمەرگەمان لێ شەهید و سێ پێشمەرگەشمان بریندار بوون و بەناچار پاشەکشەمان کرد بۆ چیای "ئەشکەوتە ڕەش". خەبەرمان پێگەیشت کە ١٧٠ چەکداری حکومەت لەو شەڕەدا کوژران و بریندار بوون.)

ڕۆژی دوایی پێشمەرگەکان ناحیەی "سەرسەنگ"یان لە چنگ هێزەکانی حکومەت دەرهێنا و ئازادیان کرد و گەلی زاویتەیان خستە دەستە خۆیان کە دەڕوانێتە دهۆک. ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٢ سوپای عێراق بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر، هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر دۆڵی زاویتەوە و ویستی ڕێگای دۆڵی زاویتە و سەرسەنگ بگرێتەوە. لەم بارەیەوە "جەبرئیل محەمەد حەسەن سێلکی" لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

(پێشمەرگەکانی سەربە هێزی مەلا مستەفا کە لەو سەرقۆلانە پێکهاتبوون: عارس بێدارونی، مەلا شنی، مستەفا نێروەیی، شەریف عەبدوڵا، سەعید ئەحمەد، محەمەدئەمین میرخان شەڕی زاویتەیان کرد. ئەوان بەرزاییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری جادەکەیان گرت و لە بۆسەدا بوون تا هێزەکانی سوپا و پۆلیس گەیشتنە ناو بۆسەکەیانەوە و لێیاندان.)

هەرلەم بارەیەدا مستەفا سالح عەبدوڵا نێروەیی، تەحسین نەزمی سەعدوڵا ئەحمەد نێروەیی و کەرەم ڕەسوڵ مەم نێروەیی گوتیان: **(لەسەر گەلی زاویتە بووین کە قوەتی جاشان گەیشتنە زاویتە. ئێمە پێشمەرگەکان سەری زاویتەمان گرت و شەڕمان کرد. لەو شەڕەدا معاوین بەگی ئێزەدیی سەرۆک جاشمان کوشت و چاش شکان و ڕایانکرد، بەڵام دواتر سوپا بە هێزێکی زیاترەوە لەگەڵ جاشان هات.)**

لە درێژەی شەڕی زاویتەدا زیاتر ٦٠٠ چەکداری سوپا کوژران و ٥٠٠ کەسیش بەدیل گیران کە زۆربەیان پۆلیس بوون. لەو شەڕەدا ٧٦ ئوتۆمبیل ئاگری گرت و ١٥٠٠ چەکی جۆراجۆر کەوتەدەست پێشمەرگەکان لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر فیشەک و تەقەمەنی. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٥٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"، لەو شەڕەدا ٦ پێشمەرگە شەهید و ١٩ پێشمەرگەش بریندار بوون. بە هەوڵی سەلیم ئەسعەد خۆشەوی توانیم ناوی پێنج شەهید و ١١ بریندارى ئەو شەڕە بەشێوەی خوارەوە ببینمەوە: مەحمود عەبدولڕەحیم شێروانی، حەسۆ قاسم شێروانی، دەسکۆ سۆفی حەسەن شێروانی، حەسکۆ سۆفی شێروانی و ئیبراهیم دۆسکی شەهید و سەبری شێخۆ ئەحمەد گەردی، سەعید مەلا عومەر شێروانی، کەکۆ مەلا عەلی شێروانی، بدرو شێخۆ عوسمان شێروانی، نەبی حەسەن عوسمان دۆڵەمەری، خدر عومەرەکەڕ دۆڵەمەری، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی مزوری، ئەحمەد سالح مەم نێروەیی، عەبدوڵا مەلا خدر جانگیر نێروەیی، محەمەد شەریف کەرم سلێمان نێروەیی و کەرەم ئەسکەندەر شێخ حەیدەر نێروەیی. هەروەها ژمارەیەکی زۆرکەم لە هێزەکانی دوژمن توانیان خۆ لە چنگ پێشمەرگەکان ڕزگار بکەن. لەم بارەیەوە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی یەکێک لە پاسەوانانی بارزانی کە لەو شەڕەدا بریندار بووە، لە وتوویژێکی

تایبەتدا پێی گوتم: (**هەشت زیلی سەربازیی پڕلە چەک و تەقەمەنیمان گرت و زیلەکانمان بە چەکەوە تەسلیمی عارس بێدارونی کرد. لەو شەڕەدا من و حالی محەمەد، خدر عومەر، نەبی سەرئاسن بریندار بووین. هاوکات لەگەڵ ئەو شەڕە لە ئامێدییش هێرشیان بۆ کردین، بەڵام حەسۆ دۆڵەمەری و پێشمەرگەکانی شکاندیانن.)**

شەڕی زاویتە وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا و بەڵانسی هێزەکانی بە قازانجی پێشمەرگە گۆڕی و لە هەموولایەکەوە کەریم قاسمی بەهۆی درۆکانییەوە کە گوایە بارزانی کوشتوە و یاخیبووەکانی سەرکوت کردوە و وزەی لە شۆڕش بڕیوە، شەرمەزار کرد.

جەلال تاڵەبانی کە ئەرکی فەرماندەیی پێشمەرگەکانی ناوچەی سلێمانی لە ئەستۆ بوو، بە یارمەتی شێخ عەزیز شێخ فەتاحی عەودالان و هاوڕێیانی توانی لە چەمی ڕێزان بگەڕێتەوە و ناوچەی سلێمانی ئازاد بکات و بە هاوکاریی کادیر و پێشمەرگە خەباتکارەکانی پارتی، مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ماوەت بکاتەوە. هەروەها عومەر مستەفا دەبابەش بە یارمەتی چەند ئاغایەکی تری وەک: هەباس ئاغا، ئەنوەر بەگ، شێخ حوسێن بۆسکین و شێخ خدری سەیداوا توانی درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی بدات. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ "عەبدوڵاغای پشدەری" لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیگوتم:

- (حکومەت بە توندی ناوچەی بارزانی بۆمباران کرد و بارزانییەکان وەزعیان شڕ بوو، شێخ ئەحمەد ئاڵۆز ببوو، ئەو هەموو خەڵکە کوژران و بریندار بوون و ئەوانەی تریش ئاوارەببوون و دنیاش بەرەو سەرما دەچوو. شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا ڕێککەوتن کە مەلا مستەفا ناوچەکە بەجێهێڵێ و بە سوریادا بچێ بۆ یەکێتی سۆڤیەت و شێخ ئەحمەدیش لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوێ. ئەوان هەر بەم جۆرەیان کرد، شێخ ئەحمەد بروسکەیەکی بۆ کەریم قاسم نارد و ئەویش هێزەکانی سوپای لە بارزان کشاندەوە. جاشەکان ڕێگەیان نەبوو کە بچنە ئەوێ، بەو شەرتەی مەلا مستەفا لەوێ نەمێنێ و شێخ ئەحمەد خۆی ناوچەکە بەڕێوەبەرێت. مەلا مستەفا لە ناوچەی نێروێ و ڕێکان و ئەوانە، خەڵکێکی زۆری دی و نزیکەی هەزار کەسی لێ کۆبۆوە و گوتیان مەڕۆ و ئێمە لەگەڵتین. مەلا مستەفا لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بۆوە و لەوێ لە

جاشەکانیدا و نزیکەی سێ مانگ شەڕی کرد. بە دوای ئەوەدا، ئێمەش لەگەڵ مام جەلال چووین ناوچەکەمان وەگەڕ خستەوە و پێنجوێن، ماوەت و چوارتامان داگیر کرد و هەموو ناوچەی شارباژێرمان پاک کردەوە. ئەم جارە مەلا مستەفاش دوای پاک کردنەوەی ناوچەی زاخۆ و بادینان، چەکدارەکانی ڕێکخست و ئەمیر بەتالیۆنی بۆ دیاریی کردن و بەرەو ناوچەی سۆران هات و زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکرد.)

لە ڕەوتی ئەو شەڕانەدا، چونکە سوپای عێراق ورەی ڕووبوونەوەی لەگەڵ پێشمەرگە لاواز ببوو، ڕژێمی عێراق هەوڵەکانی پتر لەسەر هێرشی ئاسمانیی چڕ کردەوە و بە بەردەوامی گوندەکانی بۆمباران دەکرد. هاوکات لەگەڵ ئەو بۆمبارانانە، کەریم قاسم پەنای بۆ فێڵێکی تر برد تا بەڵکوو بەو ڕێگایەدا سەرۆک بارزانی بکوژێت. بەم مەبەستە داوای لە شێخ ئەحمەدی بارزان کرد کە مستەفا بارزانی بگەڕێنێتەوە پشت مێزی وتوێژ و گوتی ئامادەیە ئەگەر مەلا مستەفا دەست لە شەڕ هەڵگرێ، لە بڕیاری قەدەغە کردنی پارتی پاشگەز دەبێتەوە و ڕێگای خەباتی ئاشکرا بە پارتی دەدات. سەرۆک بارزانی هاودەنگی لەگەڵ ئەو پێشنیازەی کەریم قاسم کرد. بڕیار وابوو ڕۆژی ١٩٦٢/١/١٧، لێژنەیەک لە حکومەتی بە سەرۆکایەتی "حەسەن عەبوود" فەرماندەی لیوای پێنجەمی سوپای عێراق بچێ لە نزیک سەرسەنگ چاوی بە مەلا مستەفا بکەوێت.

حەسەن عەبوود لەکاتی دیارییکراودا چوو بۆ سەرسەنگ، بەڵام سەرۆک بارزانی نەچوو، لە جیاتی خۆی، نێردراوێکی ناردبوو تا حەسەن عەبوود بەرێتە جێیەکی تر و لەوێ چاوی پێی بکەوێ. حەسەن عەبوود چوو، بەڵام هێشتا نەگەیشتبووە کن بارزانی کە چوار فڕۆکەی عێراق هاتن و شوێنی کۆبوونەوەکەیان لە سەرسەنگ بۆمباران کرد. حەسەن عەبوود بۆی دەرکەوت کە کەریم قاسم ویستویەتی لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی ئەویش بکوژێت کە سەرنەکەوت. بەرلە گەڕانەوی حەسەن عەبوود بۆ بەغدا، هێزێکی ڕژێم بە مەبەستی گرتنەوەی گوندی "مرێبا" پەلاماری ئەو گوندەیدا و لە ئەنجامی شەڕێکی دژواردا دوو پێشمەرگە بەناوەکانی عیسا عەبدوڵا و زوبێر فەقێ شەهید بوون و محەمەد ئەمین میرخان یەکێک لە چوار فەرماندەکانی بارزانی بریندار بوو.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات لە فیبرواریی "شوبات" ١٩٦٢ لە گوندی "عەودالان" کۆبۆوە و بڕیاریدا لەژێر دروشمی "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" درێژە بە شۆڕش بدات. لەلایەکی تردا کەریم قاسم هەوڵیدا دووبارە لەگەڵ بارزانی گفتوگۆ بکات. ئەم جارەیان بەرلە وتوویژ لە ١٩٦٢/٣/٧دا لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەو کەسانە ڕاگەیاند کە بەشداریی شۆڕشی کوردیان کردبوو. مەسعود بارزانی لە پاشبەندی ژمارە ٣ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لاپەڕەی ٢٨٠ی بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەقی لێبوردنەکەی کەریم قاسمی بە شێوەی خوارەوە بڵاوکردوەتەوە:

- ڕێزدار سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لیوا ڕوکن عەبدولکەریم قاسم بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە فەرمانی لێبوردنی گشتیی بێ هیچ کۆت و مەرجێک بۆ ڕۆڵەکانی گەل لە باکوری نیشتمان دەرکرد و داوای لە هەر یەکێک لەوان کرد کە بوێر و ئازا بێت و بچێتەوە نیزیکترین دەسەڵاتی کارگێڕیی یان سەربازی بۆ ئەوەی خۆی لە تۆماری موجاهیدانیدا ناونوس بکات بۆ شەڕکردن دژی ئیمپریالیزم، چونکە ئیمپریالیست و چاوچنۆکان بە پیلان و فڕوفێڵ بۆ ئەوە کار دەکەن دووبەرەکی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلدا بنێنەوە و هێز و بڕوایان کز بکەن، بەڵام گەلی عێراقی پاڵەوان پیلان و فڕوفێڵی ئیمپریالیزم دەزانێ و لێیان ئاگادارە و بە ورە و بڕواوە ئەو هەلەیان لە دەست دەدات. براکانم ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەل، پێشەوای ئەمین داوایکردوە خۆتان کۆکەنەوە و ڕیزەکانتان یەک بخەن بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنانی نیشتمان و واز لە ڕق و کینە بێنن لەنێوان خۆتاندا، هەروەها بەڕێزی فەرمانی کردوە لیژنەیەک پێک بهێنرێت و بچێت بۆ ناوچەی باکور بۆ ڕێکخستنی "کشف و مواصفات" بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان تاکو خێر و خۆشی و بەختیاری بۆ هەمووان بگەڕێتەوە و بەڕێزیشی خێر و سەرکەوتن و شانازی و سەربەرزی و گەورەیی و نەفس بەرزی بۆ هەموو ڕۆڵەکانی گەل دەخوازێت.

سەرکردایەتیی فیرقەی دووەم

١٩٦٢/٣/٧

دوای ئەو بڵاوکراوەیە، کەریم قاسم ڕۆژی ١٩٦٢/٣/١٥ برایمی مامەند ئاغای ئاکۆ و شێخ جونێدی لە عەشیرەتی خێڵی پشدەر نارده لای بارزانی. ئەوان لە گوندی "شاهیا" چاویان بە سەرۆک مستەفا بارزانی کەوت. وەڵامی سەرۆک بۆ ئەو نێردراوانە ئەوە بوو:

– (بە عەبدولکەریم بڵێن پرسەکە لەوە بەربڵاوترە کە پرسێکی کەسێتی بێ لەنێوان من و ئەودا. ئەو لەسەری پێویستە داخوازییەکانی کورد پەسەند بکا و مافەکانی بۆ دەستەبەر بکا. لە بارەی منیشەوە من داوای هیچ بۆخۆم ناکەم. بەڵگەشم لەسەر ئەو قسەیەم ئەوەیە هەرکاتێ قاسم داخوازییەکانی گەلی کوردی جێبەجێ کرد، من ئامادەم وڵات بەجێ بهێڵم. ئەم داخوازییانەش ڕوون و دیارن و لە یادداشتەکەی پارتیدا کە لە تەمووزی ١٩٦١دا پێشکێشی ئەوی کردووە، لێک دراونەتەوە و بە درێژی قسەیان لە بارەوە کراوە.)

پێشتر گوتم محەمەد ئەمین میرخان کە لە بۆمبارانی گوندی "مرێبا" بریندار ببوو. بە کەڵکوەرگرتن لەو بڕیارە لێبوردنەی کەریم قاسم لە بەشدارانی شۆڕشی ئەیلول، ڕەوانەی نەخۆشخانەی موسڵیان کرد کە دەرمانی بکەن، بەڵام لەوێ جاشەکان وەبەرد دەستڕێژیاندا و شەهیدیان کرد.

بەرەو ناوچەکانی بەرواریی ژێری و مزووری ژێری و ئاکرێ

هەموو ئەو ناوچانە لەژێر دەستی پێشمەرگەکاندا بوون و سەرۆک بارزانی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پارتی بەرینتر بکاتەوە، لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە بەرەو بەرواریی ژێریی و مزووریی ژێریی کەوتەڕێ و ئەو ناوچانەشی ئازاد کرد. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لاپەڕەی ٦٥ی بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا، ژمارەیەک لە خەڵکی ئەو ناوچانە چوون پاڵیان بە جاشەکانەوەدا. دوای پاککردنەوەی ناوچەکانی بەرواریی ژێری و مزووری ژێری، بارزانی چوو ناوچەی "نەهلە" ئازاد بکات کە شوێنێکی ستراتیژی بوو. ژمارەیەکی زۆر گوندی کریستیان لەو ناوچەیەن و بەشێک لە خێڵی زێباریش بەو ناوچەیەدا بڵاوبوونەوە کە جاش بوون و لایەنگرییان لە حکومەت دەکرد. فەوجێک پۆلیس لەو ناحیەیە بوو کە زۆر بە سوکی خۆیان بەدەستەوەدا و ڕایانکردە ئاکرێ. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، فڕۆکەکان بۆمبارانی شوێنی پێشمەرگەکانیان دەکرد و لە ئەنجامدا هەشت پێشمەرگەیان شەهید کرد کە شەشیان نێروەیی بوون. لە مانگی ئاپریل "نیسان"ی ١٩٦٢دا هەموو ناوچەی نەهلە و بادینان و سەری ئاکرێ و گەلی بێخمە کەوتە دەست پێشمەرگەکانەوە.

سورچییەکانی ناوچەی بێخمە، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەیان جاش بوون، بەڵام کاردانەوەیان لەخۆیان پێشان نەدا. چونکە کریستیانەکان هاکاریی پێشمەرگەیان دەکرد، فڕۆکەکان بە توندی گوندەکانیان بۆمباران کردن.

لە ماوەی حەت مانگ و بیست ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی ئەیلولدا، شەڕی زۆر دژوار لە ناوچەی بادیناندا ڕوویدا و لەو شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆر کوژران و بریندار بوون. لە ڕاستیدا پێشمەرگە بە نەخشە و پلانی وردی بارزانی، سوپا، پۆلیس و جاشەکانی تەزاند و ورەی ئەوانی بەتەواوی دابەزاند. مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لاپەڕەی ٦٧ی بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١-

١٩٧٥"دا، ئاماری زەرەر و زیانەکانی حکومەت و پێشمەرگەی بەشێوەی خوارەوە بڵاوکردوەتەوە:

لە ١٩٦١/٩/١١ سەرەتای شۆڕشی ئەیلول تا ١٩٦٢/٤/٣٠:

١- پێشمەرگەکان: ٤٠ شەهید و ٧٨ بریندار.

٢- سوپا، پۆلیس و جاشەکان: ١٢٢٥ کوژراو، ١٤٥٠ بریندار و ١٣٢٦ دیل کە دیلەکانیان ئازاد کردوە.

ڕێکخستنی کارگێڕیی و سەربازیی لە بادینان

دوای ئازادکردنی هەرێمی بادینان، سەرۆک مستەفا بارزانی بە ڕاوێژکردن لەگەڵ بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی هەرێمی بادینانی لە شێوازی هێز، بەتالیۆن، لق و پەل ڕێکخست. ئەسعەد خۆشەوی کرد بە فەرماندەی گشتیی هەرێمی بادینان. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لاپەڕەی ٦٧ی بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئەوانی تریشی بە شێوەی خوارەوە ڕێکخست:

١- محەمەد ئەمین میرخان: فەرماندەی هێزی لێدەرەکان لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی مەلا مستەفادا و حاجی بێرۆخی، مستەفا نێروەیی، عەریف یاسین، کەکۆ مێرگەسوری، حەسەن خاڵ هەمزە، شەریف عەبدوڵا و مەلا ئەمین وەک جێگری میرخان.

٢- عیسا سوار: فەرماندەی ناوچەی زاخۆ و عەلی هالۆ جێگری ئەو.

٣- عەلی خەلیل: فەرماندەی ناوچەی دهۆک و فارس کۆرەمارکی جێگر.

٤- حەسۆ میرخان دۆڵەمەری: فەرماندەی ناوچەی شێخان، غازی حاجی مەلۆ، هورمز مەلەک چەکۆ، عومەر ئاغا دۆڵەمەری، شەکر عەبداڵ شێخکی جێگری ئەو.

شایانی باسە بەرپرسانی ئەو پۆستانە بە گشتی لەو بارزانییانە بوون کە پێشتر بەشداریی شۆڕشی ٤٣- ٤٥ بارزان و کۆماری کوردستانیان کردبوو و بەشێکیان لە سۆڤیەت مەشقی سەربازییان بینی بوو، و هەموو هۆز و پێشمەرگەکان باوەڕی تەواویان پێیان هەبوو.

بەرەو پاککردنەوەی ناوچەی سۆران لە هێزەکانی دوژمن

دوای پاککردنەوەی هەرێمی بادینان و ئازادکردنی لە چنگ دوژمن، سەرۆک مستەفا بارزانی بڕیاریدا بەرەو ناوچەی سۆران بچێت. بەرلە وەرگرتنی ئەم بڕیارە عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" کە لە ساڵی ١٩٥٩ و بەدوای پەلاماری دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" بۆسەر کادیر و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەستگیرکردنی نزیکەی ١٢٠ ئەندامی ئەو حیزبە لە مهابادەوە ڕایکردبووە باشوری کوردستان و خەریکی چالاک کردنەوەی حیزبی دیموکرات بوو، خۆی گەیاندە بادینان و باردۆخی سیاسیی و سەربازیی ناوچەکانی سۆران، هەولێر و سلێمانی بە بارزانی گەیاند. دوای ئەحمەد تۆفیق، مەحمود کاوانی بەگوێرەی بڕیار، ڕۆژی ١٩٦٢/٣/١٩ لەگەڵ عوبەیدوڵا بارزانی کە ڕژێمی عێراق لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول، فەرمانی گرتنیدابوو، و بەنهێنی لە بەغدا دەژیا، لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە لە ناوچەی هەولێرەوە گەیشتە لای سەرۆک و بارودۆخ و ستراتیژیی ناوچەی هەولێری بۆ سەرۆک شیکردەوە. جگە لەوانە، بارزانی بە مەکتەبی سیاسیی پارتییشی ڕاگەیاند بوو کە بێن تا پێکەوە پلانی ئازادکردنی ناوچەی سۆران دارێژن کە جگەلە عەلی عەسکەریی کە هەرلە ناوچەی بادینانەوە لەگەڵ بارزانی بوو، ئەوانی تر نەهاتن و بڕیارەکەیان پاشگۆ خست. لەم بارەیەوە زەکی ئاکریی باوەڕپێکراوی مستەفا بارزانی کە لەو پێشڕەوییەدا لەگەڵی بوو، لە وتوێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

– (بارزانی پێش ئەوەی بگاتە بێخمە نەخشەی شەڕەکانی دەڤەری سۆرانی داڕشتبوو، سێ بەشی لەشکرەکەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی بادینان بەجێهێشت کە لەگەڵ پاراستنی ناوچەکە، برەو بە سەرکەوتنەکان بدەن. بۆخۆشی بە گرۆپێکی بچووکەوە هاتە بێخمە، بەو نیازە برادەرانی مەکتەبی سیاسیی لە نەخشەی داهاتووی ئاگادار کردبوو. بڕیار بوو ئەوان هێزەکانی خۆیان لە دەڤەری سۆران تەیار بکەن و لە بنکەدیارکراوەکان کۆیان بکەنەوە و خۆشیان لە کاتی دیاریکراودا بگەنە بێخمە و لەوێ بگەنە بارزانی کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەهاتن و هیچ کارێکیان لەسەر

تەگبیر و نەخشەی بارزانی نەکرد. بارزانی لە نەخشەکەیدا بەتەما بوو جارێ تخوونی "گەلی عەلی بەگ" تا حاجی ئۆمەران نەکەوێ، بەڵکوو لە پشتەوەی ئەم هێزانە، لە بێخمەوە چیای سەفین و هەیبە سوڵتان بگرێت و بەم جۆرە زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، شێخان، ئاکرێ، دینارتە و گەلی بێخمە دەکەوتنە دەست پێشمەرگە و دواتریش بەم نەخشەیە هەموو حەوزی ڕەواندز "باڵەکایەتی و سیدەکان" لە دەست پێشمەرگەدا دەبوو، بەڵام ئەوان نەهاتن و نەخشەکە سەری نەگرت و بەهۆی کۆتایی کردنی مەکتەبی سیاسیی فەشەلی هێنا.)

نەهاتنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بۆ بێخمە، سەرۆک بارزانی ناچار کرد بەو زانیارییانەی خۆی لەسەر ناوچەکە هەیبوو، بەرەو سۆران بچێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ژمارەی پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی لە ناوچەی بادیناندا لە پێنج هەزار تێپەڕیبوو. بەرلە چوونی بۆ ناوچەی سۆران، بارزانی بەپلانێک مەحمود کاوانی و پێشمەرگەکانی ناردەوە ناوچەی خۆیانو کاتژمێر ١٨:٠٠ی ڕۆژی جەژنی نەورۆز ١٩٦٢/٣/٢١ فەرمانی بە هێزەکانیدا بەرەو بواری مەیدان بەڕێکەون. دەیویست بەرلە خۆرهەڵات هێزەکانی بگەنە چیای برادۆست و ئەوێ بکەن بە پێگەی خۆیان. تیپێکی سوپای عێراق لە ناوچەی سپیلک و تیپێکیش لە نزیک ڕەواندز مووڵ درابوون. مەبەستی مستەفا بارزانی بۆ پەڕینەوە بۆ ناوچەی سۆران گرێدانی ناوچەی سۆران بوو بە ناوچەی بادینان. بۆ ئەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگە نەکەونە بەرچاوی جاش و سوپای مۆڵدراو، ناچاربوو هێزەکانی بە شەو لە زێ بپەڕێنێتەوەو ناوچەیەکی شاخاوی هەڵبژارد کە دوژمن بەئاسانی نەتوانی ڕاگیریان بکات. هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٢ گەیشتنە گەلی "سورانگێ" و بەکن کانیاوی "کێندەلا"دا تێپەڕین و ڕوویان لە بەرزاییەکان کرد. لەوێ سەرۆک بەرپرسی پێشمەرگەکانی کۆکردەوە و سێ ڕۆژ پشووی بۆ ڕاگەیاندن. دوای حەسانەوەیان سەرکردایەتی ناوچەی باڵەکی هەڵبژارد. مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای کوردستان لەو پەڕینەوەیەدا تفەنگی پێشمەرگایەتی لە شان کرد و چووە ڕێزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوە. بە وتەی زەکی ئاکرەیی پێشمەرگەکان نزیکەی ٣٠٠ کەس بوون. بەهەرحاڵ دوای حەوت ڕۆژ، هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٨ گەیشتنە "سەری بەردی" لە نزیک سیدەکان.

لەوێ سۆفییە جاشەکانی برادۆست پێشیان پێگرتن کە پێشمەرگەکان شکاندیانن و ڕایانکرد. لەو شەڕەدا بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٧٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" پێشمەرگەیەکی نێروەیی شەهید بوو، و کەلاکی چوار جاشیش لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێما. لەم بارەیەوە مستەفا سالح عەبدولا نێروەیی، کەرەم ڕەسول مەم نێروەیی، محەمەد ڕەشید خەلیل ڕەسول نێروەیی لە سێ وتوویژی جیاوازدا گوتیان: **(ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی چووین بۆ ناوچەی باڵەک، لە شیوەشێخان لەژێر چیای سەری بەردی لە ناوچەی سیدەکان سۆفییەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلان پێشیان پێگرتین. ناچاربووین شەڕیان لەگەڵ بکەین و لە ئاکامدا شکاندمانن و ڕایان کردە مەخفەرەی "سەری بەردی" و کەلاکی چوار سۆفیان بەجێهێشت. لە ئێمەش حەسۆ سلێمان زێوەسەری شەهید بوو.)**

ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٩ هێزەکان گەیشتنە گوندی "بێشی" و گوندەکانی دەوروپشتیان ئازادکرد. خەڵکی ئەو گوندانە کە بەشێکیان ئەندامانی پارتی بوون و چاوەڕوانی هاتنی پێشمەرگەیان دەکرد، بەڕێزەوە پێشوازییان لە پێشمەرگەکان کرد. پێشمەرگەکان بە گوێرەی بەرنامە، لە بەرزاییەکانەوە داکشان و پردی "بەرسرین" و بەرزاییەکانی دەوروپشتی و گەلی "دۆڵبارێز"یان خستە دەست خۆیان. کاتی بڵاوبوونەوەی پێشمەرگە یەکێک لە سەرقۆڵە زۆر ئازاکان بەناوی حەسەن سەرئاسن کە پێشتر لە شەڕی زاویتەدا بە سوکی بریندار ببوو، شەهید بوو کە جێگەی داخ و کەسەرەی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکان بوو. لەوکاتەدا هێزێکی سوپا کە لە هاتنی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچەیە بێئاگا بوو، لە ڕەواندزەوە هات کە بچێت بۆ باڵەک و قەڵای رایات کە کەوتە کەمینی پێشمەرگەکانەوە و لە یەکەم تەقە کردندا هەموویان خۆیان بەدەستەوەدا و تەسلیمی پێشمەرگەکان بوون. دەستکەوتی ئەو شەڕە بریتی بوو لە شەش زیلی سوپا و دوو جیپی فەرماندەیی و ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی.

بارزانی، بەرلە پەڕینەوەی بۆ ناوچەی سۆران، لە "نەهلە"وە بە نامەیەک بارەگای پارتی ئاگادار کردبۆوە کە ڕێزەکانیان پتەو بکەن و پێوەندیی خۆیان بە خێڵە دڵسۆزەکانەوە قایم. هەروەها بەرنامەی بۆ مەحمود کاوانی دانابوو، بێن لەگەڵ

هێزەکانی بارزانی یەک بگرنەوە. دوای گەیشتنیان بۆ ناوچەی سۆران مەحمود کاوانی بەهێزەوە گەیشتە بەرسرین و لەگەل هێزەکانی بارزانی یەکی گرتەوە و عومەر مستەفا دەبابەش کە بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی بوو لە ناوچەی باڵەک، لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکانی تری پارتی گەیشتنەجێ. هەروەها هەباس ئاغای مامەند ئاغای گەورەی ئاکۆییان و شێخ حوسێنی بۆسکین کە دەسەڵاتی بەشێک لە ناوچەی هەبوو، لەگەڵ چەند سەرۆک خێڵی تر هاتن بۆ ناوچەی باڵەک و وێڕای بەخێرهێنانی سەرۆک بارزانی، لایەنگریی خۆیان لە شۆڕش ڕاگەیاند. بەم جۆرە ناوچەکانی نێوان دوو سنوری باشوری "بەرزێوە" و باکوری "ناوکێلەکان" و گەلی "ڕەژووکەریان" کەوتنە ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە و بنکەکانی پۆلیسی ناحیەی گەڵاله، ڕایات و حاجی ئۆمەران کەوتنە گەمارۆی پێشمەرگەکانەوە و ڕێگای ڕەواندز بۆ "هاملتۆن"یان لێگیرا. پۆلیسەکانی گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران بۆ پارێزگاریی کردن لە خۆیان چوون بۆ نێو قەڵای ڕایات کە قەڵایەکی قایم بوو و لە بەرد و چیمەنتۆ دروستکرابوو.

چەککردنی قەڵای ڕایات

لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە، پێشمەرگەکان بە فەرمانی بارزانی، ڕۆژی ١٩٦٢/٦/٤ قەڵای ڕایاتیان گەمارۆدا، داوایان لە هێزەکانی پۆلیس کرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن کەچی ئەوان ئامادە نەبوون و هیوایان خواست حکومەت گەمارۆکەیان بۆ بشکێنێ و ڕزگاریان بکات. حکومەت جگەلە ڕێگای ئاسمان نەیدەتوانی یارمەتی ئەو هێزانەی بدات و ناچاربوو پەنا بۆ بۆمبارانی ئاسمانیی بەرێت، بەڵام بە هۆی نزیکبوونی پێشمەرگە لە قەڵای ڕایات، بۆمبەکانیان لە دوور دەکەوت و زیانی بۆ پێشمەرگەکان نەبوو. هەروەها یارمەتییەکانی ڕژێم بۆ گەمارۆدراوان، وەک خواردن و تەقەمانی کە فڕۆکەکان بە پەرەشوت دەیهاویشتە خوارەوە، بە زۆری دەکەوتنە نێو پێشمەرگەکان و ئەوان کەڵکیان لێوەردەگرتن.

گەمارۆی قەڵای ڕایات گەیشتە دوو هەفتە و سەرئەنجام فەوجی "تیپ" سێیەمی لیوای "لەشکری" سێیەمی ڕەواندز هات کە گەمارۆکە بشکێنێ کە بەرلە گەیشتنی بۆ پردی "بەرسرین" هێزەکانی سەر بە مەحمود کاوانی و حارس بێدارونی لێیاندان و لە شەڕێکی قورس و خوێناویدا زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی فەوجەکە کوژران و بریندار بوون و خۆیان بەدەستەوەدا و ژمارەیەکی کەمیشیان توانیان بەرەو ڕەواندز بگەڕێنەوە.

ئەم جارەیان حکومەت بۆ ڕزگارکردنی گەمارۆدراوان پەنای بۆ جاشەکانی هەرکی و سۆفییەکانی شێخ ڕەشید برد. ئەوان لە چیای هەڵگوردەوە بەرەو ڕایات داکشان کە لە پشتەوە لە پێشمەرگەکان بدەن، بەڵام چونکە بارزانی پێشتر لە پلانی ئەوان گەیشتبوو، پلانەکەیان سەری نەگرت. بارزانی گەمارۆی قەڵای ڕایاتی بە عەلی عەسکەریی سپارد و بۆخۆی لەگەڵ پێشمەرگەکانی چاودێر و هێزی پارێزەریی، خۆی گەیاندە ناوچەی چیغەدەرێ، دۆلۆمەیدان و هورنی باڵەکیان و ڕۆژی ١٩٦٢/٦/٢٧ بەسەر مۆڵگەی ئەو جاشانەی دادا کە دەیانویست بێن و گەمارۆی قەڵای ڕایات بشکێنن. لە شەڕێکی قورسدا کە سێ ڕۆژی خایاند بەشێک لە جاشەکان لەنێو چوون و بەشێکیان ڕایانکردە ئێران و ژمارەیەکیشیان خۆیان لە شیو و دۆڵەکانی لۆلان دا

شاردەوە. دوای ئەو شەڕە، بارزانی بەڕێوەبەریی ناوچەکەی بە عومەر دەبابەو هەندێک لە هێزە خێڵەکییەکان سپارد و بۆخۆی گەڕایەوە بۆ ناوچەی ڕایات. لەم بارەیەوە مستەفا ساڵح عەبدوڵا نێروەیی و کەرەم ڕەسوڵ مەم نێروەیی دەڵێن:

- (لەگەڵ بارزانی چووین قشڵی ڕایەتمان گەمارۆدا. بارزانی گوتی دەچین بۆ مێرگە چەکۆی پشت حاجی ئۆمەران و پێش بە سۆفییەکانی شێخ ڕەشید دەگرین. مەلا مستەفا ئێمەی بردە چیای چێخەدەر و لەوێ لە سۆفییەکانماندا و نەمانهێشتن بێن بەهاواری گەمارۆدراوانی قشڵی ڕایەت. ئەوان ڕایانکرد و هەشت کەلەکیان بەجێهێشت. کوژراوەکان لەسەر چیای ڕەش کەوتبوون و هەموویان ڕدێنیان هەبوو. بەدوای ئەو شەڕەدا گەڕاینەوە و قشڵەکەمان گرت، دیارە ئەوان خۆیان تەسلیم بوون و لەوە دەترسان دیواری قشڵەلەکە بتەقێنینەوە و ئەوان بکوژرێن.)

کاتێک پێشمەرگەکان لە خۆبەدەستەوەدانی هێزەکانی پۆلیسی نێو قەڵای ڕایات نائومێد بوون، دەستیانکرد بە هەڵکەندنی تونێلێک کە یەکێک لە دیوارەکانی قەڵاکە بروخێنن کە پۆلیسەکان پێیانزانی و بۆ ئەوەی نەکوژرێن، دوای ٣٧ ڕۆژ لە گەمارۆ مانەوەدا، ڕۆژی ١٩٦٢/٧/١١ خۆیان بەدەستەوەدا. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ٢٨١- ٢٨٣ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، پاشبەندی ژمارە ٤ی ١٩٦١- ١٩٧٥"، ئاماژە بۆ نامەی ڕۆژی ١٩٦٢/٧/١١ی عەلی عەسکەریی سەبارەت بە دەستکەوتەکانی پێشمەرگە لە قەڵای ڕایات دەکات:

بۆ گەورەی بە حورمەت مەلا مستەفا

ڕۆژتان باش

گەورەم، لە نوسراوەی پێشوودا ئاگاداریی تەسلیم بوونی مەخفەرەکەم پێ گەیاندی ئێستەش ئەم شتانەی خوارەوەتان عەرز دەکەم:

١- ئەگەر ئەمری تەحەڕی مال و عائلەی شورتەکان ئەدەن، ئەوا ژنێک یان دووان لە زومنی بنێرن، یان جوابمان بدەنەوە، هەرچەندە ئێمە ماڵی شورتەکان دەگەڕێین.

٢- لە بارەی بەتانی و شتی واوە ئەگەر ئەمر دەکەن بیانسێنین، بەڵام منداڵو عائیلە دەکەونە هاوار هاوار، کوا چ ئەمر ئەکەن.

٣- هێشتا لەگەڵ مدیر ناحیە باسی خەزینەمان نەکردووە لەگەڵ فیشەکەکانی لە گەڵاڵە جێیان هێشتبوو....

٤- عەدەدی سلاحیش بەم جۆرەیە:

١- تفەنگ: آ- ١٦ پۆلەندە.

ب- ٢٠ ڕووسی.

ج- ٤٠ ئینگلیزیی کورت.

د- ٩ ئینگلیزیی درێژ.

هە- ٢ سێتیر.

و- ١٣ تفەنگی مسادەرەی خراپ.

٢- دەمانچە: آ- ٩ ڕووسی.

ب- ٦ هویلی وەسەت.

ج- ١ کۆلت.

د- ١ ئوسترالی.

هە- ٤ مسدی تەنویر.

٣- ڕەشاش: آ- ٢ ڕووسی.

ب- ٤ برێن لەگەڵ ١ عقدەی ٢.

٤- غەدارە: آ- ٣ ڕووسی

ب- سترلینگ لەگەڵ ٢ دوربین.

٥- بەڵام فیشەکی هی ڕووسی و ئینگلیزی حیساب نەکراوە هەرچەندە زۆر کەمە.

جا ڕجایە زۆر زوو دە پازدە هێسترمان بۆ بنێرن و هەرچی ئەمر ئەکەن لێمان بگێڕنەوە و کاک عەگید گوتی کەس سەعات و پارەیان لێ وەرناگیرێت بۆیە ئێمە چاوەڕوانی جەنابتین چ ئەمر ئەکەن و لە کاغەزی پێشوودا هیچم لە کاغەزەکەدا نەنووسیبوو چونکی تازە هێشتا بەتەواوی تەسلیمم نەکردبوو بۆیە ویستم لەبەر دڵی وان هەر ئەوەندەم بۆ نووسین کە هیچ خەیاڵ نەکەن ئەوا ئێستە بەتەواوی ئاگادارتان ئەکەم و هەروەها قائمەی ناوی پۆلیس و مەئمورەکانم بۆ ناردی و بۆ مەسەلەی بارگیرەکانیش هەردوویان ماون. کەکۆ و ئەشرەف بێ دەمانچەن ئەگەر ئەمر دەکەن

سەرو دەمانچەیان دەدەیێ خۆیان داوا ئەکەن کە هێستر هات ئەشیاکان بۆ کوێ نەقل بکەین لەگەڵ پۆلیسەکاندا. بەڕەئی من پۆلیس و مەئمورەکان بنێرین بۆ بێتواتە و هیچیان بەرنەدەین و ئەشیاکانیش بۆ خۆشکا. ساڵح میران و کەکۆ و جەماعەت عەرزی ئیحترامیان هەیە.

ئیتر خۆشیتان بچووکتان

عەلی عەسکەری ١٩٦٢/٧/١١ (پاشبەندی ژمارە ٢٧)

سەبارەت بە چەککردنی قەڵای ڕایات و دۆخی دوایی ناوچەکە کە بەهۆی گوێ نەدانی مەکتەبی سیاسی گەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێوان گومرگی پارتیو خەڵکدا پێکهاتبوو، و نارەزامەندیی خەڵکی پێکهێنابوو. محەمەد مەلا قادر لە وتوویژێکی ڕاستەخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، سەبارەت بە بارزانی دەڵێت: (**جارێک ئێمە سێ کەس بە نوێنەرایەتی لق چووینە لای، گوتی: شتێکم هەیە پێتان دەڵیم. گوتی: کابرایەکی جەڵەبچی هاتەلام و گوتی: حەیوانیان لێ ئەستاندووم. گوتم: چۆن؟ گوتی: لە داریشمانەی لای قەلادزێ گومرگیان لێوەرگرتم. هاتم لە داری قەمتەرانیش شتێکیان لێ ئەستاندم و هاتمە لای پیرە و میرە لە لای کۆیە و لەوێش بەرپرسێکی ئێوە گوتی ماوەیەکە گۆشتمان نەخواردووە و کاوڕێکی لێ ئەستاندم. گوتم برا خوا قەبووڵ ناکا، من دووجار گومرگم داوە و ئاخر چۆن وادەبێ؟ بەڵام ناچاریان کردم کاوڕێکیان بدەمێ و ئێستاش هاتووم شکایەتی خۆم لە تۆ بکەم. گوتم تۆ ئەوانە دەناسی و دەزانی کێ بوون؟ گوتی: ناوەڵا. گوتم باشە هەموو پارەکەت چەندە؟ گوتی: دوازدە دینار. بەرپرسی دارایيم بانگ کرد و ١٢ دینارەکەم بۆ وەرگرتەوە. کابرا گوتی: وەڵاهی سێ شەقیشیان لێ داوم. گوتم وەرە سێ شەقەکەت لەمن بدە، خۆم دواتر پارەکەشیان لێ دەستێنمەوە و شەقەکانیشیان لێ دەدەمەوە. کابرا گوتی: من ئەو بێ ئەدەبییە ناکەم و عەفویان دەکەم. بارزانی بە بەرپرسانی فەرماندا کە بچن ئەوانە بدۆزنەوە کە سێ شەقی کابرایان لێ بدەمەوە. من خۆم گوێم لەوە بوو.**

بارزانی لە ئازایەتیدا پێموایە کەس نەیتوانیوە شان لە شانی بدات، پیاوێکی زۆر ئازا بوو. پیاوێکی عادل بوو، پیاوێکی سەخی بوو، ئەگەر دینارێکی هەبووبێ و کەسێکی فەقیری دیبا، نیو دیناری بۆخۆی ڕادەگرت و نیوەکەی تری دەدا بەو.

کەسێکی زۆر بەخشندە بوو. لە سەردەمی ئەودا کە کێشەی کۆمەڵایەتی ڕوویدەدا، کێشەکەی بە مەحکەمە دەسپارد و بە گوێرەی یاسا هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاوانباران دەکرد. بارزانی لەگەڵ زۆر دەوڵەتی دنیا پێوەندی هەبوو، تەنانەت فازل بەڕاک مودیر عامی بەعس لە کتێبەکەیدا "بارزانی بین الحقیقەتی ولاستورە" زۆر بە ڕوونی و بەحورمەتەوە باسی بارزانی دەکات و دەڵێت بارزانی کێشەیەکی هەبوو، بەدوای کێشەکەیدا دەگەڕا چارەسەری بکات. بەعس کتێبەکەی بڕاکی کۆکردەوە و بۆخۆشی لەناو برد کە یەکێک لە هۆیەکانی نوسینی ئەو کتێبە بوو لەسەر بارزانی.)

هەر لەم بارەیەوە زەکی ئاکرەیی لە وتوویژێکی تایبەتدا لەگەڵ "گۆران ئەحمەد ئیسماعیل" بۆ گۆڤاری پەیامی ئەیلول ئۆرگانی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول کەمن خۆم سەرلەنوێ پرسیارم لێکردەوە، دەڵێت: **(ڕاستە ئێمە ناوەندی پۆلیسی رایاتمان گرت، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر جاشی ناوچەکە چەکی حکومەتیان پێبوو. بۆ نموونە خەڵکی گوندەکانی دۆڵی "ڕۆستێ" زۆربەیان جاش بوون، هەروەها دۆڵی "سەکرا" و دۆڵی "باڵایان" لەگەڵ چەند جێیەکی تر ئەمانە هەموو لە لایەن حکومەتەوە چەکیان پێدرابوو، ئێمە بەبێ ئەوەی شەڕی ئەوانە بکەین جەنابی بارزانی سەرۆک جاش و جاشەکانی ئاگادارکردەوە بەرلەوەی کە شەڕ دەست پێ بکات وەرن چەکەکانتان ڕادەستی ئێمە بکەنەوە و بۆ خۆتان خزمەتی ماڵ و منداڵتان بکەن. لە دوای ئەو ڕاسپاردەیەی جەنابی بارزانیدا هەر سەرۆک جاشەی بە گروپەکەیەوە دەهاتن و چەکەکانیان ڕادەستی ئێمە دەکردەوە و دەگەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان. بەم شێوەیە ناوچەکە لە باڵەکایەتییەوە تا حاجی ئۆمەران لە هێزەکانی حکومەت پاک کرایەوە. دواتر بە ڕێگای ڕێکخستنی پارتی لە ناوچەی باڵەکایەتی هێزێک پێکهێندرا بەناوی "هێزی بەرگری میللی" کە زۆربەی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی بوون بە ئەندامی و کاتێک مەکتەبی سەربازی شۆڕش پێکهێندرا، هێزی بەرگری میللی بوو بەهێزی سەرەکی مەکتەبی سەربازی و دەتوانم بڵێم هەم وەک چەکداریی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان ئامادەی شەڕەکان دەبوون و هەم وەک تاک بە ماڵ و منداڵەوە خزمەتی شۆڕشیان دەکرد. بۆ نموونە نانیان بۆ پێشمەرگە ئامادە دەکرد و دەیانگەیاندە سەنگەرەکانی شەڕ. هەروەها لە ڕاگرتنی میوان لە**

ماڵەکانی خۆیاندا دریغیان نەدەکرد. لەلایەکی تر حاجی بێرۆخی و مەحمود کاوانی "گەلی بەرسرین" و "پردی حافز"یان گرتبوو تا پێش لە هێزەکانی حکومەت بگرن و نەهێڵن حکومەت بگاتە سنوری ئەم ناوچەیە، هەرچەندە حکومەت بەردەوام بوو لە هێرشەکانی، بەڵام سەرنەکەوتن. لە باڵەکایەتی سەرۆک خێڵێک هەبوو بەناوی "مستەفا ئاغای وەڵاشێ" کە بەرلە چوونی ئێمە بۆ باڵەکایەتی زۆر بەهەیبەت بوو لە ناوچەکەدا. هەرشتێک بووایە ئاغا و سەرۆک خێڵەکانی کۆدەکردەوە و فەرمانی پێدەدان، بەڵام کە لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان چووە ناوچەکە و جاشەکانی چەککرد، ئیتر کەسی لەلا نەما کە تەنانەت سۆپای دیوەخانەکەشی بۆ تێهاوێ، چونکە خەڵکی ناوچەکە بەشداری هێزی بەرگری میلییان کرد، یانی هێندە وەلانرا ئەگەر جاروبار کوڕەکەی خۆی چووبا سۆپای دیوەخانی بۆ هەڵکردبا.

هەروەها کاتێک خەڵکی ناوچەکانی ڕانیە و قەڵادزێ و شوێنەکانی تر زانییان جەنابی بارزانی هاتۆتە ناوچەی باڵەکایەتی، لەو شوێنانەوە دەهاتنە لای جەنابی بارزانی و گلەییان لە مەکتەبی سیاسی دەکرد. دیاربوو زۆریان ئازار بەدەست ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و چەکدارەکانیانەوە کێشابوو. بۆ نموونە لە سێ چوار شوێن گومرگیان دانابوو، خەڵک بە بارەوە بەهەر ڕێیەکدا چووبا گومرگیان لێدەستاند. جەنابی بارزانی ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو. بۆ نموونە جارێکیان پێاوێک هات بۆلای جەنابی بارزانی و گوتی: "ئەزبەنی من هەندێ توتنم بەڕەنجی خۆم چاندووە و بەرهەمەکەیم کۆکردوەتەوە تا بیبەم لە شارۆچکەی کۆیە بیفرۆشم و لەوێش پارەی توتنەکە بدەم بە کەلوپەلی بژێوی خێزانەکەم، کەچی لە ڕێگادا لە سێ جێگا ڕێم کەوتۆتە سەر ڕێگای گومرگەکانی مەکتەبی سیاسی. لە گومرگی یەکەم داوای پارەیان لێکردم، منیش پارەم لەلا نەبوو، لە دوای تکاو ڕجایەکی زۆر ئینجا هەندێ توتنیان لەجیاتی پارە لێ ستاندم، کە گەیشتمە گومرگی دووەم ئەمانیش بەهەمان شێوە داوای پارەیان لێکردم، ناچار بووم کە هەندێ تووتنیش بدەم بە ئەوان، کە گەیشتمە گومرگی سێیەم لەوێش داوای پارەیان لێکردم، منیش گوتم: کاکە من لە گومرگی یەکەم و دووەم توتنم لەجیاتی پارە داوە، ئێوەش توتنم لێوەربگرن کە نەچمە کۆیە و هەر لێرەوە بەدەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە ماڵەوە، ئیتر ئەوانیش ڕێگەیان پێ نەدام و یەکێک لە

چەکدارەکان شەقێکی لێ دام و جنێویشی پێدام و گوتی: لە کوێوە هاتووی بگەڕێوە ئەوێ. ئێستاش هانام بۆ جەنابت هێناوە کە چیتر ئەمانە غەدرمان لێ نەکەن و ئێمەش کوردین و حەز دەکەین حکومەتێکی کوردیمان هەبێ. زۆرجار چەکدارانی مەکتەبی سیاسیی هاتوون لە ماڵی من نانیان خواردوە و شەو لە ماڵم ماونەتەوە کەچی ئەمەش چاکەکەمە دەمدەنەوە. " جەنابی بارزانی زۆر ناڕەحەت بوو هەستی بە ئازاری ئەم پیاوە کرد و زۆریشی پێ تێکچوو بە پیاوەکەی گوت: "باشە ئێستا ئەو کەسە لێرە نییە کە ئیجرائاتی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەو شەقە لە ڕێگای منەوە بە تۆ کەوتووە، تۆ وەرە شەقی خۆت لە من بدەوە." ئەو وتەیەی جەنابی بارزانی کاری زۆری کردە سەر ئەو پیاوە، لەبەر ئەوە گوتی: "نەخێر ئەزبەنی من بۆم نییە شەق لە جەنابت بدەم، بەڵام ئەو چەکدارانە نەدەبووایە بەم شێوەیە مامەلە لەگەڵ مندا بکەن."

جەنابی بارزانی ناونیشانی ئەو چەکدارەی کە شەقی لەو پیاوەدابوو وەرگرت و بە پیاوەکەی گوت: "شەرت بێ ئەوانەی غەدریان لە تۆ کردوە من لێیان خۆش نەبم." بەم شێوەیە پیاوەکە گەڕایەوە ماڵی خۆی، جەنابی بارزانی چەند ڕۆژێک بەرلە هاتنی ئەم پیاوە غەدر لێکراوە، بە دوای ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا ناردبوو، هێندەی نەبرد دوکتۆر خالید و عومەر دەبابەو عەلی عەبدوڵا لە گوندی "دەربەند"ی ناوچەی باڵەکایەتی گەیشتنە جەنابی بارزانی. عەلی عەسکەریش لەگەڵ جەنابی بارزانیدا بوو. جەنابی بارزانی چاک و چۆنی لەگەڵدا کردن و دانیشتن، هەرچی دکتۆر خالید بوو لەوێ بنکەیەکی تەندروستی کردبۆوە بۆ خەڵکی ناوچەکە و چونکە یارمەتیی پزیشکیی دەدان، خەڵکی ناوچەکە زۆر لێی ڕازیبوون. دیارە بۆ خۆشی کەسایەتییەکی ڕەنجدەر و بە خزمەت بوو. ئیتر جەنابی بارزانی لەگەڵ ئەواندا کەوتە قسەکردنو کە هاتە سەرباسی ئەم گومرگانەی کە مەکتەبی سیاسی داینناوە. جەنابی بارزانی زۆریان بەسەردا هات، باسی بەسەرهاتی ئەو کەسەی بۆ کردن کە گومرگیان لێ ستاندبوو و لە پاشانیش لێیاندابوو و پێی گوتن من بۆخۆم باجی لێدانی ئەو کابرایەم داوە، بەڵام ئەو پیاوێکی باشبوو، لێم خۆشبوو، گوتی: ئێمە بە دەرۆزە نان لە خەڵک وەردەگرین تکا لە خەڵک دەکەین ئەگەر پێڵاوێکی کەونەیان هەبێ بماندەنێ، ئێوەش دەچن ڕێگا لە پیاوێکی هەژار دەگرن کە بە ئارەقەی نێوچاوانی خۆی نانی بۆ خێزانەکەی پەیدا

کردوە، ئەم نانەشی لێدەستێنن، ئەگەر ئێوە سبەی دەسەڵات بگرنە دەست و بەم شێوەیە مامەلە لەگەڵ خەڵک بکەن، من یەکەم کەس دەبم لە دژی ئەو دەسەڵاتەی ئێوە چەک هەڵدەگرم و شەڕتان لەگەڵ دەکەم.) زەکی ئاکرەیی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:

- (جەنابی بارزانی لە بادینان نەخشەیەکی دانا کە مەکتەبی سیاسی بێتە بێخمە و لەوێ یەکتری ببینن کەچی مەکتەبی سیاسی هیچ ئامادەکارییەکیان نەبوو نەخشەکە سەری نەگرت، جا جەنابی بارزانی پێی گوتن: "ئەی بڕیار وانەبوو ئێوە هێزەکانی خۆتان ئامادە بکەن و بێنە بێخمە؟" هەروەها گوتی: "ئێمە هەموو بادینانمان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆمان کەچی ئێوە تا ئێستا جموجۆڵێکتان نییە و سەرەڕای ئەوەش ئازاری خەڵک دەدەن و گومرگ لەم و لەو دەستێنن." جەنابی بارزانی ئەوەی لە دڵیدا بوو پێی گوتن. دوکتۆر خالید هاتە قسە و گوتی: ئەزبەنی ئەم شتانە وا نییە خەڵکانێکی ناحەز هەن دەیانەوێت بکەونە نێوانمان. بەهەرحاڵ بۆ هەرشتێک بەهانەیەکیان دۆزییەوە. لەپاش کۆبوونەوەکە دوکتۆر خالید و عومەر دەبابە و عەلی عەبدوڵا گەڕانەوە و عەلی عەسکەریشیان لەگەڵ خۆیان برد.)

هەرلەو ڕۆژەدا کە پۆلیسەکانی قەڵای ڕایات خۆیان بەدەستەوەدا، شەڕێکی تر لەنێوان هێزەکانی شۆڕش و چەند دەستە جاشدا ڕوویدا کە دەیانویست بەهانای گەمارۆ دراوانی قەڵای ڕایاتەوە بێن. لەم بارەیەوە عومەر مستەفا دەبابە لە نامەی ڕۆژی ١٩٦٢/٧/١١یدا بۆ بارزانی دەڵێت:

ڕووستێ

بەیانی ١٩٦٢/٧/١١

مامۆستای بەڕێزمان مەلا مستەفای بارزانی

سڵاوێکی کوردانەی گەرم

دوێنێکە نووسراوێکم بۆ نووسین بەتەواوی وەزعی ئێرەم بۆ بەیان کردبوون، نووسیبووم کەوا لە سەعات ١:١٥ پاش نیوەشەوی ٩-١٩٦٢/٧/١٠ هێزی جاش لە هەموو لایەک هێرشیان هێنا بەشێوەیەکی زۆر توند، پشدەرییەکان کە پارێزگاریی حەساری ڕووستێیان گرتبووە سەرشانی خۆیان جێگەکانی خۆیان باش قایم نەکردبوو بەتایبەتی ئەو سەنگەرانەی کە مسەیتەر بوون بەسەر سەنگەرەکانی ئێمەدا

لە خوار حەسارێوە دەهاتە خوارەوە بە ئیتیجاهی ڕووستێدا. پێشمەرگەکانی ئێمە لەگەڵ جاشان کەوتبوونە ناو یەک بەڵام سەنگەرەکانی سەری حەسارێ برادەرانی ئێمەیان شڕ کردبوو، زۆرمان لێ بریندار کرا وە یەکێکیش لە جەماعەتی مەحموود ئاغا کە ناوی حەمە عەلییە کوژرا، لە ئەنجاما جەماعەتەکەی مەحموود ئاغا- کە سەنگەرەکەیان لەسەرەوە بوو- شوێنەکەی خۆیان بەردا و هاتنە خوارەوە، ئەو وەزعە و گرتنی سەری حەسارێ وای لێ کردین کە بیر لە ئینسحاب بکەینەوە چونکە ئەوان بەتەواوی سەیتەرەیان لەسەر ئێمە کرد. ناچار کشاینەوە بۆ سەر ئەو گەرووەی کە دەکەوێتە پشتی گوندی ناوەندە و سلسلەیەکی لەگەڵ ئەو سەنگەرانە لێک ئەداتەوە کە بەدەست شێخ حوسێن و ئەوانەوەیە، مەبەستیشمان ئەوەیە کە بچینەوە لای ئەوان بەڵکو تەگبیرێکی تر بکەین. جاشەکان ئیمڕۆ بەیانی ئاگریان لە ماڵی قادر ئاغا بەردا. جا ئێستاکە وەزعی ئێمە باش نییە، ماڵ و منداڵی قادر ئاغا و خزمەکانی لە گوندی بەجێ ماون، قادر ئاغا لەگەڵ ئێمەیە. مەحموود ئاغا و جەماعەتەکەی یەکسەر ڕۆیشتن ئەوەندی کردم نەگەڕانەوە، هاتمە پێشیان کە هیچ نەبێت وایان لێ بکەم کە نەڕۆن بێ سووە بوو وە ناشزانم بۆ کوێ چوون ڕەنگە یەکسەر گەڕابنەتەوە بیتوێن.

وەزع ئێستاکە لێرە باش نییە، چونکە ئەگەر حەسار وەرنگرینەوە ئەوا چاک بزانن کە هێزی مەحموودیش دەکەوێتە خەتەرەوە چونکە یەکسەر دەچنە سەر هێزەکەی مەحموود کاوانی وە ئەوان لە پشتەوە شڕ دەکەن وە زۆر بەئاسانیش شورتە و عەسکەر دەتوانن بە گەرووی بێشەدا بێنە خوارەوە وە بچنە گەڵاڵە و جادە بگرن وە بەشێکیشیان بچنە سەر مەحموود. جا ئەگەر جەنابت هێزێکی بارزانیمان بۆ بنێرن ئەوا دەتوانین سەری حەسارێ بگرینەوە. وە ئەگەر بارزانییەکانی کە بەرامبەر بە سۆفییەکان ڕاوەستاون بچنە سەر سۆفییەکان و مەشغووڵیان بکەن ئەوا بێگومان ئەم هەرکی و سۆفییانەی ئەم ناوە ناتوانن زیاتر بچنە پێش. وە جەماعەتی شێخ حوسێن و پشدەرییەکانیش چەند سەنگەرێکیان لە سەری حەسارێ بەدەستەوە ماوە. چەند برادەرێکی پێشمەرگەی ئێمەش کە کشاونەتەوە تا ئێستاکە نەگەیشتوونەتەوە ئێمە.

ئیتر وەزع ئەوەیە وەکو لە سەرەوە باسم بۆ کردن وە ئەگەر هێزێکی باشمان بۆ نەنێرن ئەوا خراپتریش ئەبێت، ئەوەش بزانن کە نێزیکەی ٢٠ جاشێکمان کوشتوە وە

فیشەکیشمان زۆر کەم پێ ماوە بەتایبەتی ڕووسی و ئینگلیزی. تکایە نەختێ فیشەکیشامان بۆ بنێرن.

ئیتر چاوەڕێی ئەمرتانین. وە قادر ئاغا و برادەران هەموو سەلامیان هەیە.

بچووکتان: دەبابە

تێبینی:

١- هێزەکەی کە ناردبووشمان بۆلای مەحموود کاوانی هەر لەلای ئەو ماوەتەوە تا ئێستاکە نەگەڕاوەتەوە.

٢- وا تێ بگەم لەگەڵ ئەو هێزەی جاشان قووەی سەیارێکی زۆریان لەگەڵە چونکە بە زۆری ڕەشاشی ڕووسی و تفەنگی ڕووسییان بەدەستەوەیە. (پاشبەندی ٢٨)

سەرۆک بارزانی دەسبەجێ هێزێکی یارمەتیدەری لە بارزانییەکان ڕەوانە کرد و بە دەرکەوتنی هێزە یارمەتیدەرەکە، جاشەکان شەڕیان وەستاند و پاشەکشەیان کرد. لەو شەڕەدا شێخ حوسێن بۆسکین و هاوڕێیانی قارەمانانە لە بەرامبەر جاشەکاندا ڕاوەستان و سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٦٢/٧/٢٥ بارزانی هێرشێکی هەمەلایەنەی کردە سەر ناوچە دەستبەسەردا گیراوەکان و هەموو ئەو ناوچانەی لە دەست جاشەکان ڕزگار کرد و ئەوانیش وەک دابی هەمیشەییان ڕایانکرد و چوون لە خاکی ئێرانەوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٨٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: (**... دوو جەنگاوەریان شەهیدکرد کە یەکێکیان خدر عومەر ئەحمەد ئازیزترین برادەرم بوو و ئەوی تریش خۆشەوی بێخشاش یەکێک بوو لە هاوڕێیانی ڕەوتەکەی بارزانی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت و ١٢ پێشمەرگەش بریندارکران. یەکێکیان عوزێر محەمەد خەلانی بەرپرسی پەلە تایبەتییەکەی پارێزگاریی بارزانی بوو کە یەکێ بوو لە هاوڕێیانی خەبات و تاراوگە و یەکێکی تریش حەمید بیری یەکێک بوو لە ئازیزترین و نزیکترین دۆستانی.**)

لەو شەڕەدا جاشەکان بە جۆرێک شکان کە ئیتر مەترسییان لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئەرکی ڕێکخراوەکانی پارتیدا نەما.

بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی

دوای پاککردنەوەی ناوچەی باڵەک و سیدەکان و دەستبەکار بوونی ڕێکخراوەکانی پارتی لەو جێیانە و گەڕانەوەی هەندێک لەو خێلانەی ڕایانکردبووە تورکیا و ئێران بۆ باوەشی شۆڕش، هێڵێکی قایمی بەرگریی بە درێژایی کلکەی ڕۆژهەڵاتی چیای "زۆزک" تا کلکەی ڕۆژهەڵاتی چیای "هەندرێن" کە ڕێگای هاملتۆن لە نێوانیاندا کەوتە دەست پێشمەرگەکانەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو چالاکییانە و سەرکەوتنی پێشمەرگەکان بەسەر دوژمندا، چەند ئەفسەری کورد ڕیزەکانی سوپای عێراقیان بەجێهێشت و هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە کە بارزانیی بەگەرمی پێشوازیی کردن. یەکێک لەو ئەفسەرانە مقەدەم ڕوکن "سەرهەنگ ستاد" عەزیز ئاکرەیی بوو کە بارزانی فەرماندەیی ناوچەی باڵەکایەتی پێسپارد. ئەوکاتە عومەر دەبابە بەرپرسی ڕێکخراوی ئەو ناوچەیە بوو.

دوای کۆتاییهاتنی کاریی ڕێکخستن، بارزانی بڕیاریدا لەگەڵ پاسەوانەکانی و هێزی پارێزەری خۆی بچێت بۆ ناوچەی خۆشناوەتی. بە گوندەکانی "دۆڵی ڕەژووکەری و وەرتێ و دۆڵی ئاکۆیان"دا تێدەپەڕی کە ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٩ چەند فڕۆکەی عێراق بە توندی بۆمبارانیان کرد، بەڵام زیان بە بارزانی و پێشمەرگەکان نەگەیشت. ڕۆژی ١٩٦٢/٨/١٧ بارزانی گوندی سپینداریێ و ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٢٢ ناحیەی هیرانی لە جاشەکان پاک کردەوە و دەستی بەسەر چیای سەفیندا گرت و ئەو چیایە و ناوچەکەشی ئازاد کرد. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٨٢ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥" دەڵێت:

– (ئەم سەرکەوتنە فرە کاریگەر بوو. حکومەت ئیتر هیوای ئەوەی نەما بتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێتەوە و پاش ئەو سەرکەوتنە ئیتر ئەوانەی هێشتا دوو دڵ و ڕاڕابوون، دەبووایە هەڵوێستی خۆیان لە ئاست شۆڕشدا بەتەواوی دیاریی بکەن. بۆیە هەندێکیان بەختی خۆیان خستە تەک شۆڕش و هەندێکیشیان چوونە پاڵ حکومەتەوە.)

بەم جۆرە ناوچەی خۆشناوەتیش وەک بادینان و باڵەک و برادۆست لە سوپا و جاش پاککرایەوە و وەکوو شوێنەکانی تر بنکەی پێشمەرگە و ڕێکخراوی بۆ دانرا. بارزانی سەرکردایەتی ناوچەی خۆشناوەتی بە بەکر عەبدولکەریم حەوێزی و مەحمود کاوانی سپارد کە دواتر مەحمود کاوانی لە بۆمبارانێکی توندی فڕۆکەکاندا لە گوندی "ئاقوبان" لەنێوان هیران و شەقڵاوە لەگەڵ چەند پێشمەرگە شەهید و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

لەو بارەیەوە خەلیل مەحمود کاوانی لە وتوویژێکی تایبەتدا بە نوسین پێیڕاگەیاندم: **(باوکم بە بریندارى گواسترایەوە بو ئەشکەوتی بیراوە لە دۆڵی بالیسان، چیای دەرەشیر لە نزیک گوندی بێتواتە، لە ئەشکەوتی بیراوە بارزانی نەمر لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق سەردانیان کرد، ئەحمەد توفیق گوتی ئەگەر ڕێگەم بدەن بۆ چارەسەرکردنی دەیبەم بۆ تاران، بەڵام بارزانی گوتی وانازانم بەم برینە سەختەی بگاتە تاران، ئەوە بوو باوکم دوای ١١ ڕۆژ ئازار، لە ڕۆژی ١٩٦٢/١١/١٨ لە ئەشکەوتی بیراوە گیانی پاکی بە خاکی کوردستان بەخشی.)**

لەم وێنەیەی، ئەحمەد تۆفیق دەبینن کە لە پەنای مەحمود کاوانی بریندار دانیشتوە و نێوچاوانی بە پەڕۆی تەڕ فێنک دەکاتەوە.

بەهەر حاڵ، هاوکات لەگەڵ خەریکبوونی کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی لەگەڵ کاری ڕێکخستن، چەند هێزێکی جاشی سەربە سۆفییەکانی برادۆست و هەرکی بە هاندان و یارمەتی ئێران، سەرلەنوێ ڕوویان لە ناچەی سیدەکان کردەوە و لە چەند لاوە هێرشیان هێنا و خۆیان گەیاندە دێهاتی مهاجیرەکانی خزم و کەسوکاری سەید تەهای شەمزینان و سوتاندیانن. لەبەرئەوە، بارزانی هێزێکی بە فەرماندەیی "شەریف عەبدولا کرکەموو"یی ڕەوانە کرد کە لە تێکهڵچوونێکدا شەریف عەبدولا شەهیدبوو. بە شەهید بوونی شەریف عەبدولا، جاشەکان ناوچەیەکی بەرینتریان داگیرکرد و خۆیان گەیاندە چیای "سەری بەردی" کە دەڕوانێتە دیانا. بەو پێیە، بارزانی ناچار بوو بۆخۆی بگەڕێتەوە و شەڕەکە یەکلا بکاتەوەوە. ڕۆژی

١٩٦٢/٩/٣ هێزەکانی بارزانی گەیشتنە مەیدانی شەڕەکە و هەتا ١٩٦٢/٩/١٤ هەموو ناوچەکەیان ئازاد کردەوە. جاشەکان سەرلەنوێ پەنایان بردەوە بۆ ئێران و ژمارەیەکیشیان ڕایانکردە تورکیا. لەبەر ئەوە، بارزانی ناچار بوو بە نامەیەک ئێران و تورکیا ئاگادار بکەتەوە کە ئەگەر دەستهەڵنەگرن، ئەوە شەڕەکان دەخاتە وڵاتی ئەوانەوە.

دوای ئەو هەڕەشەیە، کەریم خانی مەحمود خەلیفە لەگەڵ کۆمەڵێک جاش گەڕایەوە ناوچەکە و لە "سەری بەردی" و بە دژی پێشمەرگە شەڕی کرد و سلێمان نەبی فەرماندەی پێشمەرگەکانی شەهید کرد و ڕایکردە ڕەواندز و پەنای بۆ لیوایەکی مۆڵدراو لەو شوێنە برد. حکومەتی ئێرانیش لە نۆڤێمبەری "تشرینی دووەم" ١٩٦٢دا کە بەفر چیا و ڕێگاکانی سەرسنوری دەستکردی داپۆشیبوو، جاشەکانی بە "قەسری شیرین"دا ناردەوە بۆ عێراق. فەتاح ئاغای هەرکی گەورەی هەرکییانیش، ئەنوەری ئەحمەد ئاغای بن ئامۆزای نارده لای بارزانی و بەڵێنی پێدا کە ئەگەر بارزانی ئیزنی گەڕانەوەی پێبدات، هەتا ماوە دوژمنایەتی کورد و شۆڕشەکانی ناکات کە بارزانی ئیزنی پێدا و ئەوانیش گەڕانەوە سەر ژیانی خۆیان. ئەسعەدی فەتاح ئاغای هەرکی ساڵی ١٩٦٦ کە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی گەڕانەوە لای حکومەت، ماڵێکیان لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر هەبوو. کاتێک محەمەدی مەلا قادری بەرپرسی لقی دوو، بنکەی لقی لە هەولێر گواستەوە، هەندێکجار عەلی کەمال بەرپرسی ناوچەی پارتی، محەمەد عوبێد کەرکوکی و عەبدوڵا خەیات لەو ماڵەدا کاری ڕێکخستنی پارتیان بەڕێوەدەبرد و فەریق تۆفیق و تەمۆ دینۆ و ئەحمەد قوریتانی ناسراو بە کاکۆ کاری تەتەرییان بۆ ڕێکخراوی پارتی دەکرد. لەم بارەیەوە قاسم کەریم سەلیم دەڵێت:

– (لە ساڵانی بەرلە ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠، بنەماڵەی فەتاح ئاغا و ئەسعەد ئاغای هەرکی پێوەندیان بە شۆڕشەوە هەبوو. کاتی تەنگانە پێشمەرگەکان پەنایان بۆ ئەو ماڵە دەبرد. من لە نزیکەوە لەگەڵ خەلیل عومەر حەسەنی خاڵم کە بە خەلیل کنە دەناسرا و پێشمەرگەی ناوخۆ بوو، ئاگاداری یارمەتییەکانی ئەو بنەماڵەیە بە عەبدولڕەحمان قازی و دواتریش موحسین

دزەیی بەرپرسانی ڕێکخستنی ناو شاری هەولێری پارتی بووین.) هەرلەم بارەیەوە مەلا محەمەد مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: **(ناوی نهێنی کاک ئەسعەد لە حیزبدا چیا بوو. هەرچەندە ئەوانە چەکی ڕژێمیان پێبوو، بەڵام تەنزیمی پارتی بوون. ژێرزەمینی ماڵەکەیان لە هەولێر بنکەی حیزب بوو. ئێمە کە بنکەی لقی دوومان لە هەولێر گواستەوە، هاوکاریی تەواویان لەگەڵ عەلی کەمال بەرپرسی لیژنەی ناوچە و محەمەد عوبێد کەرکوکی و عەبدوڵا خەیات ئەندامانی لیژنەی پارتی کرد. یەدوڵا فەیلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو لە بەغدا، ئەو هەموو جارێ بە ئوتۆمبێلی کاک ئەسعەد دەهاتەوە کوردستان و بەشداریی کۆبوونەوەکانی دەکرد و بە ئوتۆمبێلی ئەوانیش دەگەڕایەوە بۆ بەغدا.)** هەروەها موحسین دزەیی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

– (بنەماڵەی ئەسعەدی فەتاح ئاغا پێوەندیان بە شۆڕشەوە هەبوو. ساڵی ١٩٦٩ حکومەت حوکمی ئیعدامی بەسەر سەید مەهدی حەکیم دا سەپاندبوو و ئەو لە کەربەلا خۆی شاردبۆوە. بارزانی نەمر منی نارد بۆ هێزی دەشتی هەولێر کە چاوم بە ئەسعەد ئاغا بکەوێ. بەشێوەیەکی نهێنی چووم بۆ گوندی میراخور، ئەوان چووبوون بۆ هاوینەهەواری سەلاحەدین. ئەسعەد ئاغا و شێخ زەیتۆ هاتن. پێکەوە ناوی نهێنیمان دانا و ئەوان چوون بۆ شوێنی مەبەست، بەڵام بەرلە گەیشتنیان سەید مەهدی دەرباز ببوو بۆ کەنداو.) سەبارەت بە پێکهاتەی هۆزی هەرکی کە بەشێکیان بە بارزانی دەناسرێن، پرسیارم لە مشیر قادر سادق هەرکی، محەمەد ئەسعەد فەتاح هەرکی و مەحمود ئەسعەد فەتاح ئاغای هەرکی کرد. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا گوتیان:

– (هۆزی هەرکی لە سێ تیرەی مەندان، سەرهات و سیدان پێکهاتووە. ناوچەی شیوی هەرک و بێداو لە دەوری چیای چوارچەل "چوارچڵ" لە باکوری کوردستان "ناوچەی هەکاری" شوێنی ژیانی ئەو هۆزە بووە. ٣٦ گوندیان لە سنوری دەستکردی نێوان ئێران، تورکیا و عێراق هەیە. دوای پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢٣دا، نۆ گوندیان کەوتە نێو سنوری جوغرافیای باشور و ٢٧ گوندیشیان لەگەڵ باکوری کوردستان مایەوە. بەشێک لە هۆزی هەرکی وەک مەندان کە مەڕدار بوون، شوێنی

خۆیان بەجێهێشت، بەڵام بەشەکەی تریان کە بە هەرکی بنەجێ دەناسێرن، لە شوێنی باب و باپیرانیاندا ماونەوە و بە هەرکیی ئەسڵیی دەناسرێن. هەرکی بنەجێ لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانییەوە، ڕێبازی شێخەکانی بارزانیان بۆخۆیان هەڵبژارد و ئەمڕۆ بە بارزانی دەناسرێن، بەڵام مەندان و سەرهات کە لە ناوچەکەیان دوور کەوتبوونەوە، سیستمی دەرەبەگایەتیان پیشە کرد. بەشێکی هەرکییەکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوون و لە ناوچەکانی تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ و دەشتەبێل گیرساونەتەوە و ئەوانی تریش لە باکوریی کوردستان و لە ناوچەی شەمزینان دەژین. مەندانەکان لە دەشتی هەولێرو ناوچەی بادینان دەژین.)

بەهەرحاڵ، بە دوای ئازاد کردنەوەی سەرلەنوێی ناوچەکە. سەرۆک بارزانی لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٦٢دا گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی. هاوکات لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانانەی بارزانی و پێشمەرگەکانی لەشکری کوردستان لە ناوچەکانی سۆران و خۆشناوەتیدا، کۆمەڵێک چاکسازیی سیاسیی، سەربازیی، کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسیی لە بەشە جیاوازەکانی باشوری کوردستان بەڕێوەچوون کە بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکەم.

لە مانگی یولی "تەموز"ی ١٩٦٢دا، حکومەتی عێراق بە دەسپێشخەریی عەمید مەحمود عەبدولرەزاق فەرماندەی فیرقەی دووەمی سوپای عێراق، داوای گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆک بارزانی کرد. بەم مەبەستە عەبدولوەهاب ئاغای جوندیانی بە نامەیەکەوە نارده لای سەرۆک و داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرد. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٩٠ی پاشبەندی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەقی نامەکەی عەمید مەحمود عەبدولرەزاقی بڵاوکردوەتەوە کە دەڵێت:

فەرماندەی فیرقەی دووەم

زەعیم مەحمود عەبدولرەزاق

خاوەن سەروەری مەلا مستەفای بارزانیی بەڕێز

حەزکردن بە گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ باکور خواستی هەموو دڵسۆزێکە بۆ وڵاتەکەی. لەبەر ئەوە بڕیارمداوە کە لەو شوێن و کاتەی خۆت بڕیاری لەسەر

دەدەیت لەگەڵت کۆبمەوە بە مەرجێک لە ناوچەی شەڕ دووربێت و بە ئامادەبوونی وەهاب ئاغای کوڕی محەمەد عەلی ئاغا. لە یەکگەیشتنی دۆستانە بەرەو بەختیاریی گەل و پاراستنی یاسا و کارکردن بە دڵسۆزی لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتماندا، بە ئاسانی هەموو کارەکانی تر چارەسەر دەکات. ئەوپەڕی ڕێزم قەبوڵ بفەرموون.

زەعیم مەحمود عەبدولرەزاق فەرماندەی فیرقەی دووەم

١٩٦٢/٧/٦ (پاشبەندی ٢٩)

لە وەڵامی ئەم نامەیەدا سەرۆک بارزانی ئەم پێشنیازەی خوارەوەی ئاراستە کرد:

(ئێمە هەموو کاتێ حەزمان لە ئاشتییە و ئامادەین لە بارەیەوە بکەوینە گفتوگۆ.)

لەو چوارچێوەیەدا، حیزبی شیوعی عێراق کە بە ئاشکرا لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتدا خەباتی دەکرد، لە یادداشتێکدا داوای لە کەریم قاسم کرد کە هەوڵبدات کێشەی کورد بە ڕێگای ئاشتیی چارەسەر بکرێت و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێی ئاشتییەوە خۆپێشاندانیان کرد. لە هەمانکاتدا چەند ئەفسەری سوپای عێراق بە بەرپرسانی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە کەرکوک ڕاگەیاند کە دەیانەوێ کودەتای سەربازیی بکەن و بۆ ئەو مەبەستە داوای یارمەتییان لە پارتی دیموکرات کرد. مەسعود بارزانی داوای ئەو ئەفسەرانەی لە پاشبەندی ژمارەی ٩ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" بڵاوکردوەتەوە.

لە ڕەوتی ئەو چالاکییانەدا شۆڕشی ئەیلول گیانێکی نوێی بەخۆیەوە گرتبوو. ڕۆژی ١٩٦٢/٥/٢٤ شارۆچکەی پێنجوێن ئازاد کرا و یەکەیەکی پۆلیسی قەزا بە سەرۆکایەتی کەمال شێخ غەریب هاتە ڕیزی شۆڕشەوە.

دوای پەڕینەوەی سەرۆک بارزانی بۆ ناوچەی سۆران، سوپای عێراق چەندان جار پەلاماری ناوچەی دهۆک و زاخۆی دا و چەندان تێکهەڵچوون لەنێوان لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و سوپای عێراقدا ڕوویدا کە گرنگترینیان شەڕی گەلی زاخۆ بوو لە ڕۆژانی ٧ و ١٩٦٢/٨/٨دا. لەو شەڕەدا فەوجێکی عێراق بەتەواوی لەنێوچوو، و

فەرماندەکەشی بەناوی عەقید مەجید سەبع کوژرا. لەو بارەیەوە جبرئیل محەمەد حەسەن یەکێک لە بەشدارانی ئەو شەڕە لە وتوێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (گوتیان دەیانەوێ فەوجێک لە گەلی زاخۆ بگۆڕن. ئێمە چووین بۆ گوندی حەسەن ئاوا. فەرماندەکەمان عیسا سوار بوو. ئێوارەی ڕۆژی ٧ی مانگ لە کەمیندا بووین، بەڵام فەوجەکە نەهات و ئێمە تا بەیانی ڕۆژی دوایی ماینەوە. سەرلە بەیانی ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٨ فەوج هات و ئێمە لێماندان و تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو. ئێمە دە شەهید و چەندان بریندارماندا، بەڵام هەتا هەموو فەوجەکەمان لەنێو نەبرد، نەوەستاین. لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٧٠ کەس لە دوژمن کوژرا و نزیکەی ١٩٠ کەسیشمان بەدیل گرت، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر چەک و ڕەشاش و تۆپ و ئوتۆمبیل.)

هەرلەم بارەیەوە دەروێش یوسف ڕەشید نێعمەت سندی ناسراو بە عەریف دەرویش لە وتوێژێکی تایبەتدا لە زاخۆ پێی گوتم:

- (فەوجی گەلی زاخۆ، ئەندامی پارتی تێدابوو. ئەوان ئاگاداریان کردین کە فەوجی گەلی زاخۆ دەگۆڕن. ئێمە چووین و لە گەلییدا ماینەوە تا فەوجەکە هات. عیسا سوار گوتی تەقە ناکەن تا سێ لە چواری فەوجەکە دەکەوێتە نێو کەمین. کاتێک هاتن، لە سێ بەرەوە لێماندان. هەرکام لە عیساسوار، سلێمان لاچێ بارزانی کە من لەگەڵ ئەو لەژێر مەخفەرەکە بووم، عەلی هالۆ سندی و عەبدولڕەحمان دینۆ زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگەیان لەگەڵ بوو. لە ماوەی نیو کاتژمێردا ئەو بەشەی فەوجەکەمان گرت کە کەوتبوونە کەمینەکەمان و ئەوانی تریش کە نەگەیشتبوونە نێو کەمین، لە گوندی حەسەن ئاوا لە ژێر گەلی زاخۆ ڕایانکرد. ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا و نزیکەی ٢٠٠ کەسیشمان لێ بەدیل گرتن. ئێمەش دە پێشمەرگەمان شەهید بوون کە ناوی سێ کەسیان بریتی بوون لە: ڕەشید یاسین، ئیسماعیل و سەبری کە هەرسێیان بارزانی بوون. دیلەکانمان لە گوندی حەسەن ئاوا کۆکردەوە و پێمان گوتن بە ئەمری بارزانی ئێمە دیل ناکوژین و هەموومان ئازاد کردن. لەو شەڕەدا تۆپێکی کێوی، ٦ ڕەشاشی فیکەرس، ٢٦ ڕەشاشی برێنی ئینگلیزی و پتر لە ٢٥٠ تفەنگ کە هەموویان ئینگلیزیی بوون، لەگەڵ کەلوپەلێکی زۆرمان دەستکەوت بوو.)

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٩٢ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بۆ ئەو شەڕە دەکات و دەڵێت:

- (لەو شەڕەدا فەرماندەی فەوجەکە بەناوی عەقید مەجید سەبع کوژرا و باڵەفڕێکی جەنگی لە جۆری فیووریش خرایە خوارەوە کە لە گوندی ئاڤگەنیدا کەوت. هەشتا بارهەڵگری سوپایی و چوار زەیپۆش سوتێنران و چوار ئەفسەر و ١٧٣ سەرباز بەدیل گیران و ئەم دەستکەوتانەی خوارەوەش دەستی پێشمەرگەکان کەوتن: ٢٥٠ تفەنگی سووک، ٦ ڕەشاشی برێن، ١٠ تۆپی هاوەنی عوقدە ٢ و عوقدە ٣، ٤ دەزگای بێتەل و پترلە ٨٠ هەزار فیشەکی سووک و ٣٠٠ گوللەی هاوەن. زیانی پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا دە شەهید و ١٨ بریندار بوو.)

ڕۆژی ١٩٦٢/٨/١١، ناحیەی تەقتەق خۆی بەدەست سوپای شۆڕشەوەدا و ڕۆژی ١٩٦٢/٨/١٢ قەزای چوارتا ئازادکرا و عەبدولوەهاب ئەتروشی معاونی پۆلیسی قەزا هاتە ڕیزی هێزەکانی شۆڕشەوە. ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢١، پێگەی سەربازەکانی سوپای عێراق لە چیای بەمۆ و سەرتەک لە ناوچەی خانەقین کەوتنە دەست لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و ناوچەی تاوگۆزی، شەمێران، نەورۆڵی، هەورامان، بناری سورێن و ناوچەی شارباژێر ئازاد کران و ماوەت بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردرا. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٨٩ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلوول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(پێویستە یادی خەڵکی ناوچەی شارباژێر بکرێ، بەتایبەت هەڵوێستی عەبدولڕەحمان ئاغا و محەمەد ئەمین ئاغا نۆڕک و حەمەدەمین ئاغای بارێ و شێخ عەبدولڕەحمان سیری و...تد.)**

شەڕی عەین زەلە- عین زالا: قەڵای پۆلیسی عەین زەلە لەسەر ئاوی "دیجلە" لە ٢٥ کیلۆمەتری زاخۆ بۆ موسڵ و ٦٥ کیلۆمەتری دهۆک بۆ موسڵ هەڵکەوتووە. ساڵی ١٩٤٧، ئینگلیزەکان بیری نەوت و گازیان لێ دۆزییەوە. ڕۆژی ١٩٦٢/١٠/١١ هێزێک بە فەرماندەیی عیسا سوار چووە سەر ئەو پۆلیسخانەیە و چەکی کرد. لەم بارەیەوە

دەروێش یوسف ڕەشید نێعمەت سندی ناسراو بە عەریف دەرویش لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

– (ئێمە ٣٢٤ پێشمەرگە چووین بۆ گوندی حەسەن کێلکی کە گوندی کۆچەران بوو. حاجی قادر گڕاوی شارەزامان بوو. لەوێ دوو پۆلیس هاتن لەگەڵمان کەوتن. ناوی یەکێک لەو پۆلیسانە حەمەسوور بوو. شەو لە گوندی حەسەن کێلکی ماینەوە و ڕۆژی دوایی بە سێ بەرەی ١٠٠ کەسی چووین بۆ ژێر مەخفەرەی عەین زالا. من لەگەڵ عیسا سوار بووم، هەرکام لە عیسا سوار و شەهید هاشم مێروزی و شەهید عەلی هاڵۆ سندی نزیکەی١٠٠ پێشمەرگەیان لەگەڵ بوو. کاتژمێر ٢٤:٠٠ی ١٩٦٢/١٠/١١ لە مەخفەرەکەماندا و گرتمان. بەشێک لە پۆلیسەکانی ناو ئەو مەخفەرەیە کوژران و٣٧ کەسیشمان بەدیل گرت. لەنێو دیلەکاندا ژن و پیاوێکی ڕوس و پیاوێکی ئینگلیز هەبوو. عیسا کە پێشتر لەگەڵ بارزانی چووبوو بۆ ڕوسیا، لەگەڵ ژن و پیاوەکە بەزمانی ڕوسی قسەی کرد و هەردووی ئازاد کردن، بەڵام پیاوە ئینگلیزەکەی نارد بۆ ئەسعەد خۆشەوی کە فەرماندەی گشتی ناوچەی بادینان بوو. لەوێشەوە پیاوە ئینگلیزەکەیان ڕەوانەی حاجی ئۆمەران کرد. پۆلیسەکانمان هێنا بۆ گەلی زاخۆ، لەوێ عیسا سوار قسەی بۆ کردن و هەموویانی ئازادکرد. پۆلیسەکان چوون بۆ ئەو فەوجە کە لەسەر گەلی زاخۆ بوو.)

لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی ١٩٦٢ هەموو شوێنە ستراتیژییەکانی کوردستان کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و سنوری دەستکردی ئێران و عێراق لە خانەقینەوە تا حاجی ئۆمەران و سنوری دەستکردی عێراق و تورکیا لە داڵانپەڕەوە تا زاخۆ لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی شۆڕشدا بوو. ئەم بارودۆخە نوێیە دەستی بارزانی کردەوە کە بە هەندێک کاری کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی دابین کردنی بەشێک لە مافەکانی ئافرەتانی کوردستان ڕابگات و چەند فەرمانێک بۆ دەستەبەر کردن مافی ئافرەتان لە کوردستان پەسند بکات. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری "عەبدوڵا ئاغای پشدەری" لە لاپەڕە ١٦٢ی بەرگی سێیەمی کتێبەکەیدا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەڵێت:

- (... سەرۆک بارزانی هەرلە یەکەم ساڵیدا کە هات بۆ ناوچەی سۆران واتە ساڵی ١٩٦٢ ئەوە بوو، فەرمانێکی زۆر توندو تۆڵی دەرکرد بە قەدەغە کردنی ئەو کارە ناشەرعیانەی خوارەوە و هەمووشی دەربارەی "ئافرەت".

١- مارەکردنی "ژن" بەزۆر و زۆرداری هەروەکوو پێشتر لەناو کوردەواریدا ئەنجام دراوە.

٢- گەورە بە گچکە، واتە ژن خواستن و هێنانی بەرامبەر بەخشینی کچی بچووک.

٣- مارە کردنی کچی منداڵ "دون البلوغ".

٤- پارە وەرگرتن لە بەشوو دانی "ژن" کە پێی دەڵێن "شیربەها".

٥- منع کردنی "ئافرەت" لە خوێندن، کاروکاسبی کردن، ئیش کردن لە نووسینگەکانی میری و هەروەها ئیش کردن لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا، بەڵام ئەویش بە مەرجی "جلکی ئیسلامی" بپۆشێت و ئەوەی لێرەدا شایانی باسە "سەرۆک بارزانی" ڕێزێکی زۆر تایبەتی هەبوو، بەرامبەر بە ئافرەتانی کوردستان و هەمیشە دەیووت "ئافرەتی" کورد بەشێکی زۆری هەیە لە گەشەپێدان و جۆشدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسی دەکرد و دەیوت، ئافرەتی کورد لەو شۆڕشەدا دوو دەوری سەرەکی هەیە:

یەکەمیان// ئەویە کەوا لە ماڵەوە جێگای پیاوەکانی خۆیانیان گرتووەتەوە بۆ ئیش و کار لە کاتێکدا پیاوەکانیان پێشمەرگە بوون و دوور بوون لە ماڵەوە.

دووەمیان// ئەوەیە کەوا ژنەکان جگەلە بەجێهێنانی ئیش و کاری ناوماڵ، دیسانەوە هەڵدەستن بە "پەزینی نان" کەوا بۆ "بەرەکانی شەڕ" ڕەوان دەکرێت و ئەوە بوو دەقی قسەکانی سەرۆک بارزانی نەمر و هەمیشە دووپات و چەند پاتی دەکردەوە و....)

لە هەمانکاتدا بارزانی بۆ ناساندنی مافی کورد بە جیهان و لەقاودانی زوڵم و ستەمی حکومەتی عێراق هەنگاوی بەرزی هەڵگرت و چەندان ڕۆژنامەنوسی بیانی وەک: دێڤید ئادامسن، ڕیچار ئەندرێک، دانا ئادەمز شمیدت و ...تد هاتنە کوردستان و چاویان بە بارزانی کەوت. هەروەها دوکتۆر کامەران بەدرخان و خوێندکارانی کورد لە ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕۆڵیان هەبوو لە ناساندنی کێشەی کورد بە ڕێکخراوە مەدەنی و نێودەوڵەتییەکان و دانیشتوانی ئەوروپا.

پێوەندیی نێوان مەکتەبی سیاسی و ئێران

پێشتر گوتم ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢١، پێگەی سەربازەکانی سوپای عێراق لە چیای بەمۆ و سەرتەک لە ناوچەی خانەقین کەوتنە دەست لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و ناوچەی تاوگۆزی، شەمێران، نەورۆڵی، هەورامان، بناری سورێن و ناوچەی شارباژێر ئازادکران و ماوەت بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردرا. بەرلە ئازادکردنی ئەو ناوچانە و هەرلە سەرەتای کودەتای ١٤ تەمووز و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن کەریم قاسمەوە، ڕژێمی ئێران بە سێ مەبەست دوژمنایەتی ڕژێمی نوێی عێراقی کرد. یەکەمیان لەوە دەترسا ڕژێمی نوێ کە هەڵگری دروشمی دیموکراسیی و دژی ئیمپریالیستیی بوو، پێی یەکێتی سۆڤیەت بکێشێتە ناوچەکە و ستروکتوری ناوچەکە لە مەترسی بخات. دووەم ڕاگەیاندنی ماددەی سێ لەلایەن کەریم قاسمەوە بۆ ئیدارەکردنی عێراق بە هاوبەشی لەلایەن عەرەب و کورد کە نەکات کورد لە عێراقدا بە مافی خۆی بگات و کوردەکانی ژێردەسەڵاتی ئێران کێشە بۆ ڕژێمی پاشایەتی دروست بکەن و سێیەم ستاندنەوەی کەنداوی عەرەب لە عێراق کە ڕژێمی ئێران ئیدعای حاکمیەتی بەشێکی دەکرد.

ئەم سێ هۆیانە هەوێنی پیلانگێڕیی ڕژێمی شای ئێران بوون بە دژی حکومەتی نوێی عێران و ئێران بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدەدا، ڕژێمی نوێ بروخێنێت و سەرلەنوێ ڕژێمی پاشایەتی بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق. بۆ ئەو مەبەستە، سەرەتا کەڵکی لەو سەرۆک خێڵانە وەرگرت کە یاسای دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا سەپێندرابوو. دواتر هاوکاریی سەرۆک جاشە خۆفرۆشەکان و سۆفییەکانی ناوچەی لۆلان و سیدەکانی کرد کە بەهۆی ئەوانەوە کوردستان ئاڵۆز بکات، بەڵام بە هەڕەشەی بارزانی لەو پلانەشی پاشگەز بۆوە و نەیتوانی بە ئامانج بگات.

کاتێک عەبدولکەریم قاسم بە هاندانی بەعسییەکان و نەتەوەخوازە عەرەبەکان پشتی لە وادە و بەڵێنە دیموکراتییەکانی کرد و بەرەبەرە بەڵانسی حوکمڕانیی عێراق بەلای بەعسییەکان و نەتەوەخوازەکاندا شکاندەوە، ئیتر فەرمانەکانی کاریگەرییان نەما. هەروەکوو لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان، بەرە بەرە لە بارزانیی، پارتی دیموکرات و

نەتەوەی کورد دوورکەوتەوە و لە جیاتی دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد، هێرشی کردە سەر بارزان و لە ئەنجامدا شۆڕشی ئەیلول بەرپا بوو.

سەرهەڵدانی بەناوەختی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١ یەکێک بوو لە ئاواتەکانی شای ئێران و بۆ ئەوەی ئاگری شۆڕشەکە خۆش بکات لە ڕێیەک دەگەڕا کە سەرکردەکانی شۆڕش بەرەوخۆی ڕاکێشێت، بەڵام شا باوەڕی بە سەرۆک بارزانی نەدەکرد و دەیگوت: بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان فێڵی لێکردوە و ئەفسەر و سەربازی لێ کوشتووە و نەیدەویست پێوەندیی لەگەڵ دامەزرێنێت. لەبەر ئەوە، سەرەتا هاوکاریی سەرۆک خێڵە ڕاپەڕیوەکان و جاشەکانی کرد و دواتر کە بە کێشەی نێوان مەکتەبی سیاسیی و بارزانی زانی، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا، بە دوور لە چاوی سەرۆک، بەهۆی ئەفسەرێکی کورد بەناوی عیسا پژمان پێوەندیی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دامەزراند. لەم بارەیەوە عیسا پژمان لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(لەگەڵ ئەو سەرکردانەی وەک ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و عەبدولرەحمان زەبیحی کە لە بەغدا بوون و پێشتر من ناوی ئەوانم لە ئێرانەوە دەزانی. هەروەها پێشتر لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوتبوو، پێوەندیم گرت. جەلال تاڵەبانی گوتی: "ئێمە تەنانەت دەمانچەیەکمان نییە کە بتوانیین پۆلیسێکی پێ بکوژین." لە وەڵامیدا گوتم باشە و شتێکی‌ترم نەگوت. کاتێک گەڕامەوە بۆ ئێران، ڕاپۆرتەکەم نوسی. شا گوتی: "ڕێگەچارەی ئەو کێشەیە چییە؟" نوسیم تەنیا ڕێگە ئەوەیە، ئەو کوردانە ئێستا گرفتارن و ئەوان بە ڕەگەز ئێرانین و ئێمە دەبێ یارمەتیان بدەین کە نەهێڵن هێزەکانی کەریم قاسم بگەنە سنوری ئێمە. شا داوای بینینی منی کرد و گوتی: "ئەوە چییە نوسیوتە، بۆم ڕوون بکەوە؟" مەسەلەکەم بۆ ڕوون کردەوە و گوتم پێویستە پارە و چەک و تەقەمەنیان پێبدەین. شا کاردانەوەیەکی توندی لەخۆی پێشانداو گوتی: "من جارێکیتر پارە بدەم بە مستەفا بارزانی کە لەگەڵ جەماعەتی دیموکرات بێن ئەفسەر و پلەدار و سەربازی من بکوژن؟" گوتم ئەوکاتە بارودۆخەکە لەگەڵ ئەمڕۆ جیاواز بوو، ئەوکاتە سەرۆکایەتی مهابادیان دەکرد و مستەفا بارزانی لە مهاباد بوو، ناتوانین ئەوکاتە لەگەڵ ئێستا بەراورد بکەین و ئێمە ئەمڕۆ لە**

بارودۆخێکداین کە پێویستە ئەم کارە بکەین و بیر لەمرۆ و دواڕۆژمان بکەینەوە. هەندێک بیری کردوە و گوتی: "پێشنیازەکانت بنوسە و بڵێ چیان پێبدەین؟" گوتم هەزار تفەنگ، زیاتر لە ٢٠٠ دۆشکە، یەک میلیۆن فیشەک و یەک میلیۆن تمەن. گوتی: "باشە." بە دوای ئەو پێوەندییەدا دەستبەجێ منیان کرد بە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشی ئەمنیەتی ساواک لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەو پێنج وڵاتانەی کوردیان لێیە. لەگەڵ ئەوەشدا بووم بە جێگری سەرۆکی بەستراوەی سەربازی "وابستە نظامی" لە بەغدا.



دوای ڕەزامەندی شا، من گەڕامەوە بۆ بەغدا. لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و لە بەغدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری قسەم کرد و گوتم دەتوانن قەولی شەرەف بەمن بدەن کە ئەگەر من کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم لە بەرامبەر شادا شەرمەزار نەبم؟ گوتیان: "بەڵێ." گوتم داوام لە شا کردوە تا شەش مانگ یارمەتی بە ئێوە بدات و ئەگەر لەو ماوەیەدا ئێوە بە وتەی ئێمە جوڵانەوە، ئەوە یارمەتیتان پێدەکەین، ئەگەرنا ئێمە یارمەتییەکانمان دەبڕین. گوتیان: "باشە، ١٠٠% هیچ گرفتێک نیە." گوتم دوو کەس بنێرن بۆ ئێران و پێشنیاز دەکەم ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بێن، گوتیان: "ناتوانین و باشترە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بێن." ئەو دوو کەسەم لەگەڵ خۆم برد بۆ سەردەشت و لەوێ ماڵێکم هەبوو و ئەوانم لە ماڵی خۆم دانا. لەگەڵ سەرۆکی ساواک و بەرپرسانی ئەمنیەتی سەردەشت گفتوگۆیان کرد و قەولی شەرەفیاندا کە بە گوێی ئێمە بکەن و منیش ئەو پێداویستیانەم بە نهێنی و بە ڕێگای مەریوان و پێنجوێن دا برد بۆ سلێمانی و تەحویلی ئەوانمدا. جەلال تاڵەبانی داوای کرد چەک و تەقەمەنییەکان بەرم بۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو. گوتم من ناتوانم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئێوە دەبێ بۆخۆتان بیانگوێزنەوە بۆ ماوەت.)

هەروەکوو دەبینن ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ کە ماوەت کرابوو بە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات. هەرلەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی لە لاپەڕەکانی ٩٦٧- ٩٦٨ کتێبی "دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی"دا دەڵێت: **(لەو سەفەرەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا ئەنجامی گرت، ئێرانییەکان هیچ کارێکیان بۆ نەکردین و تەنانەت گوتبوویان هەموو شت بە هاتنی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ تاران بەستراوەتەوە، چونکە ئەو سکرتێری حیزبە و شا دەیەوێ ئەو یان مەلا مستەفا ببینێت. ئێمە کۆبووینەوە، مەلا نەیتوانی بچێ و گوتی ئیبراهیم ئەحمەد بچێت، چونکە ئەو دڵسۆزە لە ڕێی کورددا. دەنگمان وەرگرت و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، جگەلە ئیبراهیم ئەحمەد بۆخۆی و نوری شاوەیس و حلمی عەلی شەریف، ئەوانی تر ڕازی بوون کە ئیبراهیم ئەحمەد بچێت بۆ تاران. بە کۆی دەنگ، ئیبراهیم ئەحمەد چوو، بەڵام چاوی بە شا نەکەوت و تەنیا چەند کاربەدەستی حکومەتی بینی. ئەوان بەڵێنیان دابوو کە هاوکاری بکەن، بەڵام چونکە شا دەیزانی لە بەغدا دژی قاسم کودەتا دەکرێ، بەڵێنەکانی بەجێنەگەیاند و تەنیا ١٠٠ تفەنگی بڕنەویان بە دیاری دابوویە. تفەنگەکانمان دابەشکرد و ٥٠ دانەمان بۆ بارزانی نارد کە ئەویش ٣٥ دانەیان بداتە شێخ ئەحمەد. ئەوە تەنیا پێوەندی ئێمە بوو لەگەڵ دەوڵەتی ئێران تا فیبرواری ١٩٦٣ کە بەعسییەکان کودەتایان کرد و قاسمیان بەلاوەنا. بە دوای ئەوەدا حکومەتی ئێران چونکە پشتی کودەتای گرت، ڕای خۆی گوڕی، بەتایبەتی دەیویست لایەنی بەعس لە بەرامبەر عەبدولناسردا سەرکەوێت، چونکە زۆر دژی عەبدولناسر بوو...)**

هەرلەم بارەیەوە، محەمەد مەلا قادر لە وتوویژی تایبەتدا پێی گوتم:

- (بەپێی زانیارییەکانی من کە دەتوانم بڵێم زیاتر بێلایەنن، لە ساڵی ١٩٦٢وە پێوەندی شۆڕش لەگەڵ ئێران بە ڕەسمی دەستی پێکرد، بەڵام بارزانی لەو پێوەندییە ئاگادار نەبوو. وەفدەکە گەڕایەوە و ٤٠- ٥٠ تفەنگ بۆ بارزانی نارد و لەوێوە بارزانی بە پێوەندییەکەی زانی و زانێ کە چوون و تفەنگیان وەرگرتووە. بارزانی بەوە زۆر توڕە بوو کە چۆن دەبێ بەبێ ڕای ئەو وەفد بچێ بۆ تاران و بگەڕێتەوە و چەک بێنێ و دابەشی بکەن، ئەو کە سەرۆکی پارتییە ئاگای لێ نەبێ. بە ڕاستی ئەوە خاڵێکی زۆر جەوهەری بوو لە پێوەندیی و کێشەکانی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەدو مەکتەبی

سیاسییدا و لەوێوە کێشەکان پتر زەق بوونەوە. وەک بزانم، دوای ئەوە کاک نوری ئەحمەد و ئیبراهیم ئەحمەد چوون بۆ بریتانیا و پێوەندی خۆیان بەوێشەوە توند کرد. پێوەندی بارزانی لەگەڵ ئێران بە دوای جیابوونەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٤و بە دوای کۆنگرەی شەشەمدا دەستی پێکرد. من لەو کۆنگرەیەدا لیژنەی چاودێر بووم. لەوێوە عیسا پژمان و کەسێکی تر بەناوی مەنسورپوور کە ئەویش کورد بوو، هاتن و پێوەندی مەکتەبی سیاسی بگوازنەوە بۆ بارزانی و سەرکردایەتی نوێ کە بارزانی قەبووڵی کرد و بەرە بەرە هاوکاریی شۆڕش دەستی پێکرد.) عەبدوڵا ئاغای پشدەری کە زانیارییەکی پتری لەو پێوەندییە هەیە، لە وتوویژی تایبەتدا پێی گوتم:

– (ئێران دژی مەلا مستەفا بوو، و ئیعدامی پێشووی لەسەر بوو، و شا بە دوژمنی ئێرانی دەزانی و دەسەڵاتدارانی ئێران بەچاوی شیوعی تەماشایان دەکرد و دەیانگوت پیاوی ڕوسیایە و بە زمانی عەرەبیش پێیاندەگوت "مەلای سور". لە ساڵی ١٩٦٢، لە ناوچەی خواکورک دوو پاسەوانی بارزانی بریندار بوون، یەکیان ناوی بێجان و کوردی شکاک بوو، لەگەڵ بارزانی چووبوو بۆ ڕوسیا، بارزانی ویستی بۆ چارەسەریی برینەکانیان ڕەوانەی ئێرانیان بکات، پێوەندیمان لەگەڵ پاسەوانەکانی سەرسنور گرت، بەڵام ئەوان قەبووڵیان نەکرد. هەروەک گوتم ئێمە لە خواکورک بووین کە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری هاتن و گوتیان ئێران پێوەندی لەگەڵ گرتووین و دەیانەوێ یارمەتیمان بدەن، بەو شەرتەی سەرسنورەکانیان بۆ ئارام ڕاگرین و نەهێڵین خراپکار بچێ. دوو نوێنەریان ویستووە، بچێتە لایان و وتوویژیان لەگەڵ بکەن. بارزانی گوتی زۆرباشە، ئێوە خۆتان بچن، بەڵام داوای ئیزگەیەکی ڕادیۆشیان لێبکەن. ئەوان چوون و نزیکەی مانگێک، مانگ و نیوێکیان پێچوو، پەیمانیان لەگەڵ مۆر کردبوون و گەڕانەوە و لە ناوچەی بانە لە گوندی "شابادین" مقەڕێکیان کردەوە و عەبدولرەحمان ڕوتەی ئامۆزای کەمال محەیەدین کە کادیرێکی حیزب بوو، کرا بە بەرپرسی ئەو بنکەیە. هەموو نەخۆش و بریندار لە بادینانەوە دەبوو بچێتە مەکتەبی سیاسی و عەبدولڕەمان ڕوتە ڕەوانەیان بکات، ئیتر لە شوێنەکانی تر ڕێگای چوون نەبوو.)

بەم جۆرە، شای ئێران بۆ تێکشکاندنی ڕژێمی کەریم قاسم لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا پێوەندیی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات دامەزراند. مەکتەبی سیاسیی بنکەیەکی پێوەندیی لە گوندی "شابادین" لە ناوچەی بانە بۆ ئەو پێوەندییە دەکاتەوەو هەروەکوو عەبدوڵا ئاغای پشدەریی دەڵێت: عەبدولرەحمان ڕوتەی ئامۆزای کەمال محەیەدین کە کادیرێکی حیزب بوو، دەکەن بە بەرپرسی ئەو بنکەیە.

لەوە بارەیەوە و سەبارەت بە یارمەتی کردن شا و ئەمریکا بە بزووتنەوەی کورد، محەمەد حوسێن هەیکەل دەڵێت: **(کاتێک نیکسۆن و کیسنجەر شای ئێرانیان دی، شا باسی کێشە و گرفتی کوردستانی بۆیان کرد. شا گوتی: "بە لەبەرچاوگرتنی پەرسەندنی کێشەکان لە کەنداو، دەیەوێت دڵنیا بێت کە عێراق دەوەستێندرێت؟ بۆ ئەو مەبەستە بارزانی دڵنیا کردبووەوە کە ئەمریکیەکان هاوکاری دەکەن و ئەگەر لەو بارەیەوە کۆسپێک لە پێوەندیی لەگەڵ یارمەتی کردنیان بێتە ئاراوە، ئەو خۆی لە جیاتی واشنتۆن ئەو ئەرکە بەباشی بەڕێوە دەبات.... ڕۆژی ١٦ی یونی "حوزەیران" نیکسۆن پێوەندی بە شاوە کرد و پێیڕاگەیاند پەیامێک سەبارەت بە داخوازەکەی لە پێوەندیی لەگەڵ کوردەکاندا دەنێرێت. پەیامەیتەر "جۆن کۆنالی" فەرمانداری پێشووی ئەیالەتی تیکزاس و کۆماریخواز و دادیاری ئێستا بوو. کۆنالی چاوی بە شا کەوت، لە پەیامەکەدا گوترابوو: "ئەمریکا ئامادەیە بە لایەنی ئێران، واتە دوژمنی دێرین و سوننەتی عێراق کە هەست بە مەترسی دەکات، یارمەتی بە کوردەکان بکات"[١].)**

سەبارەت بەو یارمەتیکردنە، محەمەد ڕەزا شا ڕۆژی ١٩٧٠/٦/٢٦، لە وتوێژێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی هێلسینگی پایتەختی فینلاندا گوتی: **(پشتیوانی کردنی ئێران لە کوردەکانی عێراق سروشتییە. ئەوان ڕەسەنترین ڕەگەزی ئارین، ئەو ڕەگەزەی کە ئێمە خاوەنی ئەوین. ئێمە بە زمانێک قسە دەکەین و بێگومان کوردەکان ئێرانین. زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو کورد لە وڵاتی ئێمەدا دەژین و ئەوان بنەماڵە و خزم و کەسیان لەوبەری سنور هەیە، لەبەر ئەوە کێش و لایەنگریمان سەبارەت بە کوردەکان زۆر ئاسایی و سروشتییە[٢].)**

پێوەندیی ئێران لەگەڵ پارتی دیموکرات بە گوێرەی هەلومەرج، قۆناخی جیاوازی بڕیوە. دەوڵەتی ئێران تا فیبرواری "شوبات"ی ١٩٦٣ کە بەعسییەکان کودەتایان کرد و

قاسمیان بەلاوەنا، پێوەندیی پتەوی بە مەکتەبی سیاسییەوە هەبوو. بە دوای ئەوەدا چونکە پشتی کودەتای گرت، ڕای خۆی گوڕی و پێوەندییەکەی شیوازێکی تری بەخۆیەوە گرت و تەنانەت دوای هێرشی بەعسییەکان بۆسەر ناوچەی بارزان لە مانگی شەشەمی ساڵی ١٩٦٣دا کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم، بە دوو شێوەی ئیتلاعاتی و شناسایی هەوایی بە فڕۆکە یارمەتی بەعسییەکانیاندا و دواتریش لە دوو قۆناخی جیاوازی تردا ئەو پێوەندییە گۆڕانی بەسەردا هات کە لە درێژەی نوسینەکانمدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

١- محمد حسین هیکل، ایران روایتی کە ناگفتە ماند، ترجمە حمید احمدی، انتشارات الهام، تهران، چاپ سوم، پاییز ١٣٦٣- ١٩٨٤، ص ١٨٦- ١٨٧.

٢- قدرت الله ادرنگ، عظمت شاهنشاهی ایارن در عصر سلطنت شاهنشاهی آریامهر آبان ١٣٤٩- ١٩٧٠ ص ٤٤٩.

بەرەو قەڵادزێ

بارودۆخی پێکهاتوو لە زستانی ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٣دا، تا ڕادەیەک کوردستانی ئارام کردەوە. سەرۆک مستەفا بارزانی کە وەک نەریتی خۆی بە بەردەوامی لە هەڵسوڕان و بەسەرکردنەوەی ناوچە جیاوازەکاندا بوو، لە خۆشناوەتییەوە چوو بۆ ناوچەی پشدەر و ئاکۆ و بۆ ماوەیەک میوانی هەباسی مامەند ئاغا و ئەنوەربەگی بێتواتە بوو. بەچوونی سەرۆک بارزانی بۆ بێتواتە، ئەو گوندە بوو بە بارەگایەکی گرنگی سەرکردایەتی شۆڕش. بارزانی بەگوێرەی پرنسیپی حیزبیی بەرپرسایەتی ئەو ناوچەیەی بە مەلا عەبدوڵا "مەلا ماتۆر" سپارد و عەلی شەعبانی بە جێگری دانا. مەسعود بارزانی کە ئەوکاتە وەک پێشمەرگە لە خزمەتی بارزانیدا بوو، لە لاپەڕەی ٩٦ و ٩٧ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" پەنجە بۆ بەسەرهاتێک ڕادەکێشێ کە خۆی لە ناوچەکەدا شاهیدی بووە و دەڵێت: **(لە یەکێک لە گەشتەکانی باوکمدا کە دەچوو بۆ سەروچاوە، ئافرەتێک کاروانەکەی پاڵ بارزانی وەستاند و بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد: کێتان مەلا مستەفایە؟**

مەلا مستەفا وەڵامی دایەوە: کچم، من ئەوەم کە تۆ لە دووی دەگەڕێی. چیت لێ قەوماوە؟ کە باوکم ئەوەی وت، ئافرەتەکە هەردوو دەستی هەڵبڕی و دای بەسەر و ڕووی خۆیدا و هاواری کرد: تۆ ئا بەمە کوردستان ئازاد دەکەی؟ جا بەم جۆرە دەستی پێکرد بە باسکردنی سکاڵاکەی خۆی و وتی: "من ئافرەتێکی بەشووم، شووەکەم ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ئەندامێکی پابەند و دڵسۆز و فەرمانبەرداری پارتیە. بەڵام بەرپرسەکەی کە ناوی مەجید گورگە لێی ناگەڕێ، هەموو ڕۆژی بە ئەرکی حزبایەتی دەینێرێ بۆ ئەملا و ئەولا، لەم دواییەشدا دەرکەوت کەوا بە نیازێکی خراپ بەملا و ئەولایدا دەنێرێ. جارێکیان لە ماڵەوە بووم، هاتە سەرم و دەور و خولی دام، دەیویست بمگاتێ، منیش تفێکم کردە ناو چاوی و قیژاندم بەسەریدا، گوتم شەرم لە خۆت ناکەی داوای ئەم کارە ناپەسەندم لێ دەکەی؟ تۆ لای خۆت کادیری پارتیت، پێویستە لەسەرت داکۆکی لە شەرەفی کوردستان و خەڵکی

کوردستان بکەیت! ویستم لە خۆمی دوور خەمەوە و دەری کەمە دەرەوە، بەڵام ئەو پاڵی بەمنەوە نا و ویستی بەزۆر پڕم پێدا بکا و لاقەم بکا، لە ئەنجامی ئەوەدا بریندار بووم و جلەکانی بەرم دڕان و ئەمەش جلە دڕاوەکانمە. جلەکانی بە دەستەوە بوون، لەبەر دەمی باوکمدا بڵاوی کردنەوە و دەیگوت: ئەم جلانە شایەتی ئەو ڕووداوەن. هەڵیانگرن و کاتێ کە کوردستان ئازاد دەبێ بیانکەن بە بەیداخی کوردستان.")

مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: **(بە درێژایی تەمەنم باوکم بەوجۆرە نەدیبوو کە لەو کاتانەدا بەسەری هاتبوو. سەری دانەواندبوو، گوێی بۆ ئافرەتەکە شل کردبوو، هەردوو چاوی فرمێسکیان تێزابوو. پاش کەمێک خۆی گرت و فەرمانیدا دەسبەجێ کابرای تاوانبار بگرن و بینێرن بۆ بێتواتە و لەوێ بیخەنە گرتووخانەوە تا خۆی دەگەڕێتەوە و بڕیاری خۆی لە بارەیەوە دەدات، جا لای کردەوە بەلای ئافرەتەکەدا و بەم قسانەی دڵنەوایی دایەوە: "کچم! دڵنیابە هەقی خۆتت لەو کەسە بۆ دەستێنم کە ویستبووی دەستدرێژی بکاتە سەر ناموست. سزاکەشی سزایەکی پڕ بەپێستی تاوانەکەی دەبێ، کەواتە دڵنیابە ئەوەی ڕوویداوە، ڕوویداوە و تازە ناگەڕێتەوە، بەڵام تۆ بڕۆ و ساجێک بهێنە، تەنییەکەی بێنە و ڕووی منی پێ ڕەش کە، من شایانی ئەوەم. ئەگەر من کاربەدەست نەبوومایە کابرایەکی وەک مەجید گورگ نەیدەویرا و زاتی نەدەکرد و ئازادیی ئەوەی نەدەبوو کارێکی وا ناپەسەند و شوورەیی بکات".)**

بە فەمانی بارزانی، مەجید گورگ کە کادیرێکی باش و لێوەشاوەی پارتی بوو، گیرا و بردیان بۆ بێتواتە و دایانە دەست مەلا ماتۆر. مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: **(مەلا ماتۆر ئەوەی بەهەل زانیبوو کە بارزانی لە ماڵ نییە. هەرکە مەجید گورگ بە گیراوی و دەستبەسەری گەیشتبووە بێتواتە، ئەو کاری بەڕەڵاکردن و ڕفاندنی بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی بۆ سازکربوو. بارزانی کە گەڕایەوە لەم کارەی مەلا ماتۆر زۆر تووڕە بوو و ئاگاداری کرد کە دەبێ تاوانبارەکە بهێنێتەوە و هەمیشە ئەمەی دەدایەوە بەگوێی مەلا ماتۆرِدا چونکە هەرگیز لە یادی نەدەچووەوە تا سەرئەنجام مەسەلەکە کێشایەوە بۆ لادان و دەست لێ هەڵگرتنی مەلا ماتۆر. ئەم ڕووداوە یەکێکیش بوو لە هۆیەکانی ساردی لەنێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسییدا.)**

سەرۆک بارزانی زانیبووی تاقمێک لە ئاغاکانی میراودەلی بەنهێنی لەگەڵ حکومەت سازاون کە بە مەرجێک حکومەت پارە و چەکیان بداتێ و لە بواری سەربازیشەوە پشتیان بگرێ، ئەوان ئەندامان و ڕێکخراوەکانی پێشمەرگەی پارتی لە ناوچەکەیان دەردەپەڕێنن.

لەبەر ئەوە، بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی پارتی دیموکرات، ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٤ بەرەو قەڵادزێ کەوتۆتەڕێی و ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٧ لەشکری شۆڕشگێری کوردستان لە گوندی "سارکێو" لە "دۆڵەڕەقە"وە چوو بۆ قەڵادزێ. ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٠ بارزانی لە گوندی "دووگومان" بوو کە هەموو ئاغاکانی میراودەلی هاتن بۆلای و لایەنگریی خۆیان لە مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول پێڕاگەیاند.

دیارە، بەرلەوەی کە سەرۆک بارزانی سەردانی قەڵادزێ بکات و چاوی بە ئاغاکانی میراودەلی بکەوێت، لە کۆتایی مانگی ئاگۆستی "ئاب" ١٩٦٢دا، بە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕاسپاردبوو کە بچێتە قەڵادزێ و چاوی بە ئاغاکانی میراودەلی بکەوێ و ئامۆژگاریان بکات کە پشتی شۆڕشی ئەیلول بگرن و خیانەت بە کورد نەکەن. ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢ سەردانی قەڵادزێی دەکات و لە گوندی "گردەسپیان" لەگەڵ شێخ حوسێن بۆسکین، باپیرئاغای بابەکر ئاغا، حاجی ئاغای باپیر ئاغا، مامەندی سەلیم ئاغای، میناغای گربداغی و کاک عەبدوڵای مام ئەحمەد بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی کۆدەبێتەوە و ئامۆژگارییان دەکات کە پشتی شۆڕشی کورد بگرن و بۆ بەرگری لە ناوچەکەیان لەشکرێکی چەکدار پێک بهێنن. ئەحمەد تۆفیق تا ڕۆژی ١٩٦٢/٩/١٣ لەگەڵ میروادەلییەکەندا بووە و ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢٥ لەگەڵ پەلێک پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان چوو بۆ سلێمانی. ناوبرا لە نامەیەکدا بۆ سەرۆک بارزانی، ڕاپۆرتی مەئموورییەتی خۆی ئاراستە کرد. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٩٧- ٣٠٢ی پاشبەندی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەقی نامەکەی ئەحمەد تۆفیقی بڵاوکردوەتەوە. ناوبراو لە نامەکەیدا دەڵێت:

– مامۆستای دڵسۆزی نەتەوەکەمان

کاکی گەورەمان مەلا مستەفا بارزانی

لەگەڵ پێشکێشی باشترین سڵاو و ڕۆژباشی کوردانە، پڕ بەدڵ داخوازی ساخی و سڵامەتی جەنابتانم و زۆر سڵاو و حورمەتم هەیە بۆ هەموو برا کوردپەروەرە خاوەن شەرەفەکانی دەوروبەرت.

مامۆستا! لەسەر ئەرکی پێ سپاردراوم ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢ گەیشتمە قەڵادزێ و ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٣ لە "گردەسپیان" کۆبوونەوەیەکمان گرت کە بریتی بوون لە کاک شێخ حوسێن، باپیر ئاغای بابەکر ئاغا و حاجی ئاغای باپیر ئاغا و مامەندی سەلیم ئاغا و مینە ئاغای گربداغی و کاک عەبدوڵڵا مام ئەحمەد کە مەسئوولی کۆمیتەی پارتییە لە قەڵادزێ لەگەڵ چەند هەڤاڵی تری پارتیی "کە مرۆڤی باشن" و لەسەر زانست و بیروڕای وانە ناونووسیمان کرد بۆ داوا کردن و کۆکردنەوەی لەشکر. بە کورتی تا ١٩٦٢/٩/١٣ هەموو ئەو شوێن و تایفانەی کە دەبوایە بیانبینم دیتمن. لە نەتیجەدا تایفەی مەحمود ئاغا لە هەمووان باشتر بوون و بەبێ وەی کە سەریان بدەم پێیان بڵێم خۆیان لەشکریان نارد و بە کردەوەش لە هەمووانیان زۆرتر نارد.

تایفەکانی بابەکر ئاغا و بەگزادە کەموکڕیان هەبوو و بە ناتەواوی بۆ لەشکر سازبوون.

تایفەی ئەحمەد ئاغا یانی "ئەحمەد حەمە ئاغا" زۆر نالەبار و پێسیتیی کرد، ناوبراو ئەوەندەی کاری ناحەز و زد کردین کە هەروەخت لیستەی ڕەش سازکەین ناوی لە سەرەوەی ڕەشان بنووسین بە کورتی جاشێکی دواڕۆژە.

تایفە چوکەکان تایفەی وسوو ئاغا و ئۆمەر ئاغا باش بوون هێندێک لە میراودەلییەکان بە عالەمی ئاشکرا ئیمکان

و چەک و چۆڵێکی زۆریشیان هەبوو، بەڵام لەو ئیمکانە یەک لە ١٥شیان بۆ ئێمە نەنارد. هێندێکیان زۆر دەوڵەمەندن بە قەرا جویەک دیسان ئەوانیش هیچیان نەکرد.

بەڵێ بەڕاستی ئەوەی بەڕاستی و تەواوی هاتەپێش تایفەی مەحمود ئاغایەکان بوو. دووهەم مامەند ئاغا.

لەو ناوەدا "مینە ئاغای گربداغی" زۆر ناپیاو دەرچوو. ناوبراو لە کۆنە دۆستمانە بە ئاشکرایی بۆتە ئیدارەی تەبلیغاتی قایمقام و حکومەتی قاسم و لەلای ترەوە بۆتە کەفیل و وەکیل مدافعی شیوعییەکان.

لەسەر ئەو باوەڕەم هەموو پشدەر و هەموو میراودەلی لەو دوو کەسانە خراپتر و پیستری تێدا نییە. "مینە ئاغای گربداغی و ئەحمەدی حەمە ئاغای بیشیری."

بە کورتی مینەئاغا بۆتە تاقە پشتیوانی حکوومەتی قاسم و شیوعییەکان. هەر بۆیە لەگەڵ شیوعییەکان یەکگربووە، چونکە شیوعییەکان لای حکوومەتن.

لەو دوو کەسانە بەولاوە لەناو کورداندا تەنیا شیوعییەکانی قەڵادزێ بە خواری و خیانەتەوە لەگەڵ شۆڕش دەجووڵێنەوە. من لە هیچ شوێن شیوعیم بە قەرا ئێرە بەهێز و زۆر نەدیون و بۆ خیانەت و پیسی زۆر جەسوور و ئازان و بەعالەمی ئاشکرا لە هەر شوێن و جێگە پڕوپاگەندە زدی شۆڕش و سەرکردەکانی شۆڕش دەکەن بەتایبەتی بوونە مەکینەی سازکردنی هەواڵ و ئیخباری درۆ و ناخۆش لەسەر شۆڕش بە قازانجی حکوومەت و بۆشم ساخ بووەتەوە کە ئەو بەیان و نەشرە لاتاو و خەراپانەی کە لە دژی شۆڕش نووسییان و بڵاویان کردەوە و یەک لەوانەم بۆ جەنابت نارد لەسەر ئەو باوەڕەم کە بە دەسیسە و ئیشارەی مینە ئاغای گربداغی کراوە.

بەڵام لەسەر پاشەکشەکان زۆربەی تایفەی مەحموود ئاغا و لەناو واندا کاک شێخ حەسەن و کاک شێخ حوسێن و حاجی باپیرئاغا و کوڕانی مەحموود ئاغای هێرۆیە. بەتایبەتی بۆم ساخ بووەتەوە کە ئێمە لەناو پشدەردا برا و دۆستی پاک و کوردپەروەر و بەدینی وەک شێخ حوسێنمان نییە. بێجگە لەوانە دۆستی تری باشیشمان زۆرن و لەسەریەک دۆست و برای باش زۆر زیاترن لە خراپان.

هەم باپیرئاغا و هەم کاک شێخ حەسەن و سەلیم ئاغا و زۆر میراودەلیی تر، بەڵام بەتایبەتی ئەو سێ "٣" برا گەورانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەوانەی نەهاتوون بۆ لەشکری و ئیمکانیان هەبوو دەبێ جەزا بدرێن یان چەک و سلاحیان لێ بستێندرێت. هەروەها کاک شێخ خدر و مەحموودی هەباس ئاغای چومخرکە و کاک شێخ حوسێنیش لەسەر ئەو بڕوایەن و داوایان لێ کردم کە بە عەرزی جەنابتی بگەیەنم.

قەراری شێوەی جەزادانیشیان وا دانا کە بە دەستێکی ٣ قۆڵی کە بەشێکی بارزانی بەشی تری میراودەلی و بەشی تر پارتی بن و ئەو جەزا و مجازاتە بکرێت.

شیوعییەکانی قەڵادزێ چەک و چۆڵێکی باش و زۆریان بەدەستەوەیە بە باشی دەزانم کە ئەو چەکانە کۆکرێتەوە بکەوێتە خزمەت بە شەڕی کورد.

بەڵام لەسەر ئەو فەوجەی کە لە "ڕانیە" دایە لەپێشدا زۆر خراپەیان کردوە و لە ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢٣ دوو دەبابە و ٣ لۆری عەسکەر و یەک مدەرعە لە بیتوێن ڕی کەوتن بۆ خراپە و دزین و سووتاندن و زۆر کەپر و تووتنی خەڵکی ئەو ناوچەیان سووتاند و هەروەها ئەو گوندانەش وەبەر هاتن: "تۆپاوا"، "بارەبەستە"، "گردەمەند"، "قورەگۆ" و لە گوندی مەمەند منداڵێک کە دایکی لەترسی وەی مەبادا دەست بۆ ناموسی بەرن ڕادەکات و لەناو لانکدا بەجێی دێڵی عەسکەری قاسم لەگەڵ کەپرەکە ئەو منداڵەش دەسوتێنن.

زەرەر و زیانێکی زۆریان داوە لەگەڵ تەعەدایەکی زۆر. خەڵکی ناوچەکانی پشدەر و رانیە زۆری پێ ناڕەحەتن و یەک دەنگ داواکارن ئەو جەیشە هەڵقەندرێت و زۆربەیان هاتوونە لای من کە بە جەنابت ڕابگەیەنم. چەند ڕۆژ پێش ١٥٠٠ سەر مەڕومالاتی کابرایەکی بەناوی ڕەسووی خاڵەی هەستاندووە و ئێستە خەریک بە کوشتنەوەن. چەند شەو پێش ١٥ بار قەند و چا و ڕۆنیان لە کاروانیان کە لە "کۆیە"ڕا دەهاتنەوە بۆ قەڵادزێ ڕووت کردبوو و خەڵکەکەیان گرتووە.

وا قایمەیەکمان بە هیمەتی برایانی پارتی و شێخ حەسەن و خەڵکی سەنگەسەر و... سازکرد بۆ "دەربەند" و بناری کێوەکانی لای سەیداوا و بۆسکین دیارە ئەوە تەنیا بۆ وەیە کە بترسێن و نەبزوون ئەگینا تاقە عیلاجی ئەوەیە کە بۆخۆت نەخشەت بۆ کێشا کە لەشکری میراودەلی لەگەڵ قۆڵێکی برایانمان بارزانی بۆسەر ئەو فەوجە لەگەڵ

تۆپێکی عقدە ٣ بەڕێ بفەرموون. ئەو بیرەی جەنابت زۆر زۆر جوان و پێویست و لەبارە دیارە خۆشتان باشتر دەزانن.

لەسەر داوای برایانی پارتی و خەڵک تەرتیبی هەڕەشەیەکمان دا بۆسەر قایمقامی پشدەر تا وا بکات ئەو جەیشە لە "ڕانیە" وا نەکات. وابزانم ناوبراو بەرقییەیەکی لێ دا، بەڵام دەزانم جەیش مەسڵەحەتی پیسی خۆی لەسەر بەرقییەی قایمقام ڕاناگرێ.

لەگەڵ نووسراوەکانی پێشوو چەند نووسراوەم لە حکومەت بۆ ناردی.

١- دەوری جەبهەی شەڕ.

٢- خەراپی چەند کەس لەناو میراودەلییان "ئەحمەد حەمە ئاغا".

٣- دەست تەنگی خەڵک لەمەڕ بێ دراوی چونکە تووتنی ٢ ساڵی بۆ نەفرۆشاوە.

٤- نەبوونی ئیجرای مجازات بۆوانەی کە خۆ دەشارنەوە.

ئەوا ئەو کاغەزەم لە ئاخر ڕۆژی خۆم لە پشدەردا بۆ جەنابت نووسی و لەگەڵ ١٥ چەکدار ئیمڕۆ ١٩٦٢/٩/٢٥ بەرەو سلێمانی ڕێ کەوتم.

لە ئاخری نووسراوەمدا بەپێویست دەزانم کە ئاگادارتان کەم کە شای ئێران لە کوردستان دایە، زۆر پەسند و باش بوو نەفەرێکت ناردبا بۆلای چونکە وابزانم شا لەو سەفەرەدا قەراری مەوقفی خۆیان لەسەر شۆڕشی کورد ساخ دەکاتەوە جا ئەو ئیتسالەی جەنابت ئەگەر نەتیجەی باشیشی نەبێ دەبێتە هۆی وەی کە لانی کەم شا لە خەراپە کردن شل کاتەوە ئیتر ساخی و سەربەرزیی زیاترت لە خوای بێ هاوتا دەخوازم.

ئەحمەد تۆفیق

کاک قادر شەریف لە سلێمانیەڕا هاتۆتە ئێرە زۆر سڵاو و حورمەتی بۆ جەنابت هەیە وا دیارە ناوبراو لەو بەینەدا تا لای سنە و کرماشان چوون کە گەڕاینەوە ڕاپۆرتت بەعەرز دەگات و کاک فایق چۆتە ناو ئێران و ئێستا لە کوردستانی ئێراندایە.

ئەحمەد(پاشبەندی ٣٠)

کودەتای ٨ ی شوبات و وتوویژی بەعس و سەرۆک مستەفا بارزانی

هاوکات لەگەڵ دیداری سەرۆک بارزانی لە قەڵادزێ، بەعسییەکان کە بە دوای کودەتای ١٤ی تەموزدا بۆ ماوەی نزیک بە چوارساڵ خەریکی لەنێوبردنی کەریم قاسم بوون و دەیانویست دەسەڵاتی عێراق بەدەستەوە بگرن، لە بڵاوبوونەوەی هێزەکانی سوپای عێراق و چەقینیان لە کوردستاندا کەڵکیان وەرگرت و ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ بە کودەتایەکی سەربازیی کەریم قاسمیان لە حکومەت خست و دەسەڵاتی عێراقیان خستەدەست خۆیان و بە فەرمانی عەقید عەبدولغەنی ڕاوی، عەبدولکەریم قاسم و تەها شێخ ئەحمەد و مەهاویان بەبێ دادگایی کردن گوللەباران کرد و دەسەڵاتی عێراقیان بە عەبدولسەلام عارف سپارد.

پێشتر گوتم چەند ئەفسەری سوپای عێراق سەبارەت بەو کودەتایە، بە ڕێگەی بەرپرسانی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە کەرکوک پێوەندییان بە مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە گرتبوو. بەو مەبەستە جەلال تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٦٢وە و لەکاتێکدا سەرۆک بارزانی دژی سوپای عێراق و جاشەکان لە شەڕدابوو، لەگەڵ کودەتاچیاندا لە پێوەندیدا بوو و ئەوان بەڵێنیان پێدابوو کە ئەگەر پارتی دیموکرات هاوکارییان بکات و بەدوای سەرکەوتنی کودەتا، لە کوردستاندا شەڕ ڕابگرن، ئەوانە مافی گەلی کورد بە ڕەسمی دەناسن. لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەی کۆمیتەی ناوەندییدا بۆ ڕاگرتنی شەڕ، بارزانی بە جەلال تاڵەبانی ڕاگەیاند بچێت بۆ قەڵادزێ و بڕیاری شەڕ وەستاندن بە فەرماندەی لیوای سوپای عێراق لە قەڵادزێ ڕابگەیەنێ کە مام جەلام چوو و فەرماندەی لیوا بەو بڕیارە زۆر خۆشحاڵ بوو. هەروەها چوار ڕۆژ بەرلە کودەتا، ساڵح یوسفی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە ڕەوانەی بەغدا کرا کە پێوەندی بە "عەلی ساڵح سەعدی" ڕازڕاگری سەرکردایەتی قوتریی بەعس بگرێ و سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کورد قسەی لەگەڵدا بکات کە سەعدی دووپاتی کردەوە بەعسییەکان ئۆتۆنۆمی بە کورد دەدەن. لە یەکەم ڕۆژی کودەتادا عەمید فوئاد عارف و ساڵح یوسفی لە ڕادیۆ بەغدا ئامادە بوون کە یەکەم ڕاگەیاندنی

کودەتاچییەکان بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕادیۆ خوێندرایەوە، بەڵام هیچ باسێکی لە مافی گەلی کورد تێدا نەگونجابوو.

بەهەر حاڵ، دوای سەرکەوتنی کودەتا، تاهیر یەحیا سەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و نوێنەری کودەتاچییەکان لە گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە نامەیەک ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی ئاگادار دەکاتەوە کە ناوی چەند کەسێک بدات کە لە پێکهاتەی نوێی وەزارەتدا جێ بگرن. مەکتەبی سیاسی بە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی بارزانی، ئەم وەڵامەی خوارەوەی ئاراستە کرد: **(دروشمی ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان: دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە" و ئەو کەسانەش کە ئێمە پێشنیازیان دەکەین بریتین لە: "باباعەلی شێخ مەحمود، فوئاد عارف، بەکر عەبدولکەریم، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری".)**

لە لایەکی تردا، بەعسییەکان بۆ ئەوەی کە ڕژێمەکەیان خۆ بگرێ و پێش بە هەڵایسانەوەی شەڕ بگرن، تاهیر یەحیایان ناردە چوارقورنە کە چاوی بە بارزانی بکەوێ. لەو سەفەرەدا، باباعەلی شێخ محمود، فوئاد عارف و عەمید فەتاح شاڵی لەگەڵ تاهیر یەحیا بوون.

بارزانی داواکارییەکانی شۆڕشی کە پێشتر لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٥دا ئامادە کرابوو، ئاراستەی تاهیر یەحیا کرد و پێیڕاگەیاند: **(ئەگەر تا کۆتایی مانگی مارس "ئادار" داخوازەکانی کورد جێبەجێ نەکرێت، چیتر ناوەستن و دەستدەکەنەوە بەشەڕ.)**

بە گەڕانەوەی تاهیر یەحیا، بەعسییەکان دووەم وەفدی خۆیان کە لە محەمەدرەزا شەبیبی، فایق سامەڕایی، حوسێن جەمیل، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، دوکتۆر عەبدولعەزیز دووری و زەید ئەحمەد عوسمان پێکهاتبوو، ناردەوە لای بارزانی تا بەڵکوو هەندێک لە داخوازەکانی کەم بکاتەوە. وەفدی حکومەت چوو بۆ چوارقورنە و چاوی بە سەرۆک بارزانی کەوت و لەسەر ئەوە پێکهاتن کە چەند خاڵێکی ئەو داخوازنامەیە بکرێت بە بناخەی گفتوگۆکانی نێوان حکومەت و پارتی دیموکرات. وەفدی حکومەت ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١١ گەڕایەوە بۆ بەغدا و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بەیاننامەیەکی دەربارەی کێشەی کورد و داخوازەکانی بڵاوکردەوە کە تەنیا

خاڵێک کە تێیدا گونجابوو، دامەزراندنی حکومەتێکی ناناوەندیی "لامەرکزی" بوو لە عێراقدا.

لەبەر ئەوە، سەرۆک بارزانی بەباشی زانی کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی و کۆمەڵێک لە پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی، پیشەوەران و ڕێکخراوە مەدەنییە دڵسۆزەکانی کورد بکات. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە داوای لە هەموو لایەنەکانی کوردستان کرد کە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن کە لە کۆنگرەیەکی نوێنەراندا، بڕیارێکی یەکدەست لەسەر پرسی نەتەوەیی بدەن.

بۆ ئامادەکردنی ئەو کۆنگرەیە، بارزانی چوارقوڕنەی بەجێهێشت و ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٦ گەیشتە کۆیە و لە ماڵی کاکە حەمە زیاد ئاغای کۆیە کە دۆست و هەڤاڵی دڵسۆزی کورد و بارزانیی بوو، دابەزی. کاکە حەمەزیاد ئەرکی میوانداریی بارزانیی و کۆنگرەکەی بە وەستۆ گرت.

کۆنفڕانسی کۆیە و ئاکامی وتوویژەکان لەگەڵ بەغدا

کۆنفڕانسی کۆیە کە بە کۆنگرەش ناوبانگی دەرکردوە، بە بەشداریی نزیکەی دوو هەزار کەس لەسەر ئەرکی کاکە حەمە زیادئاغای کۆیە، ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٨ دەستی بە کارەکانی کرد، چوار ڕۆژی خایاند و ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٢٢ کۆتایی پێهات. نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتی سوپای شۆڕشی ئەیلول، نیشتمانپەروەران، ڕۆشنبیران، سەرۆک خێڵەکانی لایەنگری شۆڕش، نوێنەرانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستاندا بەشداریی ئەو کۆنفڕانسەیان کرد و لەودا پرۆژەیەکی داواکاریی نەتەوەیی کوردیان ئامادەکرد و لیژنەیەکیان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامەتی: ساڵح یوسف بارزانی، مەسعود محەمەد، حوسێن خانەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق "شوان"، بابەکر ڕەسوڵ، مستەفا عەزیز، فوئاد عارف و ...تد دەستنیشانکرد کە بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی نوێ، سەردانی بەغدا بکات. هێشتا کۆنفڕانسی کۆیە بەکۆتا نەهاتبوو کە ئەم بروسکەیەی خوارەوە لەلایەن سەرۆکی فیرقەی دووەمی سوپای عێراقەوە بە بارزانی گەیشت:

- (بۆ مەلا مستەفا بارزانی- حەرەکات- سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکان

لە فیرقەی دووەوە

ژمارە ١١٤٣- ٩ مێژوو ١٩٦٣/٣/٢٠

تکایە فەرمانتان بدەن بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو چەک و دەزگا بێتەل و کەلوپەلە حکوومەتییانەی تر کە کۆمەڵەکەی ئێوە لە سەرەتای دەست پێکردنی حەرەکاتی باکوورەوە تا ئێستە گرتوویانن. بدرێنەوە بە نزیکترین پێگەی سەربازیی. تکایە خەبەردارمان بکەن.)

بارزانی بەبێ گوێدان بە بروسکەکە، ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٣٠ بەگوێرەی گەلاڵەی کۆنفڕانسی کۆیە، وەفدەکەی ڕەوانەی بەغدا کرد کە وتوویژ لەگەڵ حکومەت بکات. نوێنەرانی حکومەت لەو وتوویژەدا بریتی بوون لە: ساڵح مەهدی عەماشی وەزیری بەرگریی، حازم جەواد وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەرکۆمار، ناجی تالیب

وەزیری پیشەسازیی و عەلی حەیدەر سلێمان باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوە. ئەم نوێنەرانە چەند جار لەگەڵ نوێنەرانی کورد دانیشتن، بەڵام بە بەردەوامی خۆیان لە باسەکان دەدزییەوە و ئامادەنەبوون ناوچەکانی کەرکوک، خانەقین، شەنگار و زەمار بخەنە نێو وتوێژەکانەوە و هەموو جارێ کە باس لە سنوری جوغرافیایی کوردستان دەکرا، بە بیانوویەک خۆیان لە وتوێژ دەدزییەوە.

بەبێ ئەوەی کە بەعسییەکان ڕێگە بدەن وتوێژەکەیان بەئاکام بگات، جەلال تاڵەبانی سەرۆکی وەفدی کوردییان ڕازیکرد کە لەگەڵ وەفدێکی عێراقی بچێ بۆ میسر و چاوی بە جەمال عەبدولناسر بکەوێ و لەوێ یەکگرتنی میسر و سوریا و عێراق لە یەک وڵاتی یەکگرتووی عەرەبیدا پیرۆز بکات و سەبارەت بە مافی کوردیش لەگەڵ جەمال عەبدولناسر بدوێت. جەلال تاڵەبانی بەبێ ڕاگەیاندنی داوای بەعسییەکان بە بارزانی و وەرگرتنی ڕەزامەندی لە بەڕێزیان، ئەندامانی وەفدی کوردی لە بەغدا بەجێهێشت و لەگەڵ فوئاد عارف و شاندی بەعس چوو بۆ میسر.

کۆبوونەوەی نێوان میسر، سوریا و عێراق ڕۆژی ١٩٦٣/٤/١٧ دەستی پێکرد، بەڵام بەکودەتای بەعسییەکان لە سوریا کە ڕۆژی١٩٦٣/٣/٨ سەریهەڵدابوو، ئاواتی پێکهێنانی وڵاتی یەکگرتووی عەرەبی کوێربۆوە و گومانی خستبووە دڵی جەمال عەبدولناسرەوە کە باوەڕ بە بەعسییەکان نەکات. لەبەر ئەوە، کۆبوونەوەکە شکستی هێنا و وڵاتێکی یەکگرتووی عەرەبی پێکنەهات. لە لایەکی ترەوە حکومەتی عێراق کە بە بیانووی سەرقاڵ بوونی بە کۆبوونەوەی قاهیرەوە، وتوێژی بەغدای لەگەڵ نوێنەرانی کورد پشتگوێ دەخست، ئەم جارەیان ئامادە نەبوو لەسەر هێڵە بنەڕەتییەکانیش وتوێژ لەگەڵ نوێنەرانی کورد بکات.

ئەوە بوو کە جەلال تاڵەبانی سەرۆکی وەفدی کوردیی بەبێ وەرگرتنی ئاکام لەو دوو کۆبوونەوانە، ڕۆژی ١٩٦٣/٤/٨ هاوکات لەگەڵ کودەتای بەعس لە سوریا، نامەیەکی ئاراستەی وەفدی عێراقی لە قاهیرە کرد و لەودا مافەکانی گەلی کورد دەستنیشانکرد و خۆشی لەجیاتی گەڕانەوەی بۆ عێراق، لە میسرەوە چوو بۆ ئەوروپا و لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣دا بە ئێراندا گەڕایەوە بۆ کوردستان. حکومەتی عێراقیش کە هەستی بەئارام بوونەوەی دۆخەکە دەکرد و کودەتای سوریای بە دەستکەوتێک

بۆخۆی دەزانی، هەموو ئەندامانی وەفدی کوردیی دەستبەسەر کرد و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر، تا مانگی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ لە زینداندا ڕایگرتن. لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر دەڵێت:

- (بارزانی لە ئاداری ١٩٦٣ کۆنفڕانسێکی نەتەوەیی لە کۆیە بەست. وێڕای سەرکردایەتی حزب و بەرپرسەکانی پێشمەرگە، هەندێ کەسایەتی خێڵەتی و ئاینی و کۆمەڵایەتی بەشداربوون. بەگشتی داوای "حکم الذاتی" کرا بۆ کورد. وەفدێکی ١٤ کەسی بە سەرپەرەشتیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامیەتی ئەم کەسانەی خوارەوە: ساڵح یووسفی، مەسعود محەمەد، حسێن خانەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق، بابەکر ڕەسوڵ، مستەفا عەزیز و چەندی تر بۆ گفتوگۆ چوونە بەغدا. هەمان کات عێراق وتوێژی لەگەڵ میسر و سوریادا کرد... وتیان عێراق لەگەڵ ئەوان ڕێککەوت و داوای فیدراڵی بکرێ بۆیە سەرۆکی شاند چووە قاهیرە بۆ ئەوەی بابەتەکە لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا باس بکات، بەڵام سەرۆکی وەفد نەهاتەوە، وەفدی بەغداش توشی پاڵەپەستۆ و تەنگەتاو کردن هاتن و حکوومەت لە جیاتی ڕاگەیاندنی حوکمی زاتی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ هێرشێکی سەرتاسەی دەست پێکرد. شاندەکە بە هێلیکۆپتەر گوازرانەوە کەرکوک و لەوێ گیران و بەندکران و ئازار دران.)

بۆ ڕوون کردنەوەی پتری ئەم ڕووداوە، سەرنج بدەنە دوکتۆر شاخەوان شوان کە خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی وەفدی کوردیی لە وتوێژی بەغدادا:

- (بەرلە چوونی ئەو وەفدە بۆ بەغدا من لە زیندانی ڕژێم لە سلێمانی ئازاد کرام و لە کۆنگرەی کۆیە بە ئەندامی وەفد دیارییکرام. ئێمە چووین بۆ بەغدا، لە سەرەتادا لەجیاتی ئەوەی کاربەدەستانی حکومەت لەگەڵ ئێمە دانیشن، ژمارەیەک کەسایەتی و مامۆستای زانکۆیان هێنا و لەگەڵ ئێمەیان دانان کە ئێمە ڕەخنەمان لێگرتن و دوای هاتووچۆیەکی زۆر، سەرئەنجام ساڵح مەهدی عەماشی، حازم جەواد، ناجی تالیب و عەلی حەیدەر سلێمان لەگەڵ ئێمە کۆبوونەوە، بەڵام سەرنجیان بە داخوازەکانی ئێمە نەدەدا و هەرکە باسی کەرکوکمان دەکرد توڕە دەبوون. لەو سەردەمەدا میسر و سوریا بۆ پێکهێنانی یەکێتی عەرەب لە قاهیرە کۆبوونەوەیان هەبوو، مام جەلال چوو بۆ قاهیرە تا بەڵکوو بەهۆی جەمال عەبدولناسرەوە هەوڵی سەرخستنی

کۆبوونەوەکانی کورد و بەغدا بدات، کەچی دوای ڕۆیشتی ئەو دۆخەکە تێکچوو و ژمارەیەک لە ئێمەیان گرت. حەبیب محەمەد کەریم و ساڵح یوسفی توانیان خۆیان دەرباز بکەن، بەڵام سەرلەنوێ ساڵح یوسفی گەڕایەوە بەغدا و ئەویشیان گرت. ئێمە نزیکەی ساڵێک لە زیندانی شاری "حللە" و بەغدا لەژێر ئەشکەنجەدا بووین و پاشان جەو گۆڕا و لەسەر پێداگریی بارزانی ئێمەیان بەردا. من و ساڵح یوسفیان بردە کەرکوک و لەوێوە لەگەڵ عەبدولحوسێن فەیلی کە ئەویش لەلایەن ڕژێمەوە گیرابوو، بە هێلیکۆپتەر بردەوە بۆ ڕانیە. کە گەیشتینە ڕانیە، مام جەلال پێشوازیی لێکردن، ئەو بە تاراندا گەڕابۆوە بۆ کوردستان. هەروەها لە ڕانیە بینیمان کێشەیەکی توند لەنێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەددا هەیە. ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ ئیجازەی بارزانی بە تاراندا چووبوو بۆ ئیسرائیل و گەڕابۆوە و بارزانی بەچوونەکەی زانیبوو.

هەر لەو چوارچیوەیەدا، بەعسییەکان کە ترسیان لە ئەفسەرانی عێراقی هەبوو کە نەکات کودەتایان بەسەردا بکەن. دوو ڕێکخراوی تایبەتیان لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان دامەزراند کە پارێزگاریی لە دەسەڵاتی بەعسییەکان بکەن. یەکەم ڕێکخراو کە نەقیبی فرۆکەوان "مونزیر وەنداوی" کرا بە سەرۆکی، ڕێکخراوی "حەرەس قەومی" بوو کە بەرە بەرە دەسەڵاتی وڵاتیان پێسپارد و ئەویش لە هیچ خراپەیەک سەبارەت بە گەلانی عێراق کۆتایی نەکرد.

دووەم ڕێکخراو مەکتەبی لێکۆڵینەوەی تایبەت "مکتب التحقیق الخاص" بوو کە "نازم گزار" سەرۆکایەتی دەکرد. ئەرکی ئەو ڕێکخراوەیە لێکۆڵینەوە بوو لەسەر سیاسیکارانی دژبە حکومەتی بەعس و کاری کوشتن و لەنێو بردنی دژبەرانی ڕژێم بوو کە بە سەدان مرۆڤی بەبێ موحاکمە کوشت و تەرمی ئەوانی لە حەوزی تیزابدا تواندەوە.

ئیتر بۆ سەرکردایەتی کورد و بارزانیی ڕوونبۆوە، مەبەستی بەعسییەکان لە سەرەتاوە فریودانی کورد و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بووە نەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و عێراق. بەم جۆرە، لە سەرەتای مانگی ئاپریل "نیسان"ی ١٩٦٣دا دەرکەوت کە بەنیازن سەرلەنوێ هێرش بکەنەوە سەر کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە، سەرلەنوێ پێوەندییان بە سەرۆک خێڵە جاشەکانی کورد و

عەرەبەوە گرت و بە دانی چەک و پارە دوو هێزیان لێ پێکهێنان. جاشە کوردەکان لەژێر ناوی "سوارەی سەلاحەدین" و جاشە عەرەبەکان لەژێر ناوی "سوارەی خالیدی کوڕی وەلید" ڕێکخران و دواتر دۆخەکەیان بە ڕادەیەک ئاڵۆز کرد کە لەهەر ئان و ساتێکدا چاوەڕوانی تەقینەوەی لێدەکرا.

لێدانی شیوعییەکان

یەکەم قوربانی کودەتاچیان بە دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم و هەڤالانیدا، حیزبی شیوعی عێراق و لایەنگرانی کەریم قاسم بوو. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەیاننامەی ژمارە ١٣ی خۆیدا بڕیاری قەلاچۆکردنی شیوعییەکانی ڕاگەیاند و کوشتنی شیوعییەکانی بە حەڵال زانی. لەو چوارچێوەیەدا سەلام عادل "حسێن الرضی" سکرتێری حیزبی شیوعی و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی گرت و دوای ئەشکەنجەدانێکی دڕندانە ئیعدامی کردن. شیوعییەکان جگەلە کوردستان جێیەکی تریان شک نەدەبرد کە بۆ پارێزگاریی کردن لەخۆیان ڕووی تێبکەن، لەبەر ئەوە بەتاک و بەکۆ ڕایانکردە کوردستان، کەچی لەوێش مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ شێوعییەکان کرد، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو هەڵوێستە ناشۆڕشگێڕانەیە، بارزانی شیوعییەکانی داڵدەدا. لەم بارەیەوە ئەحمەد بانیخێڵانی "ئەبو سەرباز" لە لاپەڕەکانی ٢١٤- ٢١٦، کتێبی "بیرەوەرییەکانم" کە ساڵی ١٩٩٧ لە ستۆکهۆڵم بڵاویکردوەتەوە، دەڵێت:

- (... دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق ناکۆکییەکان زیاتر ئاشکرابوون، بەتایبەتی لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا. بۆ نمونە لەوکاتەدا کە حکومەتی عێراق بەیاننامەی ژمارە "١٣" ی بۆ ئیبادەکردنی شیوعییەکان دەرکرد. مەکتەبی سیاسیی پارتیش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بە هەمان ناوەڕۆک دەرکردبوو بۆ فشار خستنەسەر شیوعییەکان و نەهێشتنیان لە کوردستاندا، دەیان هاوڕێمان لە گوندی "مالومە" کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێبوو، لە زیندانداا بوون و ئەشکەنجە و ئازار دران و داوای پاکانە کردنیان لێدەکرا و ژمارەیەکی زۆریان لە هاوڕێیانمان چەککرد و هێرشیان کردە سەر چەند بنکەیەکی پێشمەرگەکانمان لە شاخی "بەمۆ"ی ناوچەی خانەقین و "وەڵەسمت" لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و شوێنەکانی تر. لەو هێرشانەدا ژمارەیەک هاوڕێمان لە بنکەی "بەمۆ" شەهید کران. .. ئەوە بوو کە نوری شاوەیس بە ڕەحمەت بێ، بە توندی دژی ئەو بڕیارە بووەوە و لە ئەنجامدا

وازی لە ڕێبازی (م. س) هێنا و لەگەڵ خەتی شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی درێژەی بە تێکۆشاندا.) سەبارەت بە داڵدەدانی شیوعییەکان لەلایەن بارزانییەوە، بە دوای کودەتای بەعس لە ١٩٦٣/٢/٨دا، ئەحمەد مستەفا ئاغای حەوێزی "مامۆستا دڵزاری شاعر" لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (من و کەریم ئەحمەد چووین بۆلای بارزانی لە "کورەی کانی ماران" بوو. بارزانی کەریم ئەحمەدی دەناسی و لەگەڵ ناوی منیش ئاشنا بوو. لە کەریم ئەحمەدی پرسی، ئەوە کێیە و ئەویش منی ناساند و گوتی: دڵزار بەرپرسی حیزبی شیوعییە لە کۆیە. بارزانی گوتی: نوسیومە شیوعییەکان داڵدە بدەن و خزمەتیان پێ بکەن. بارزانی بە حەق داڵدەی دابووین و لە ڕاستیدا برادەرانی ئێمەش لایەنگری بارزانی بوون. گوتم برادەرانی ئێمە لە "دێگەڵە"ی کۆیە چەککراون. عەوڵائاغای پشدەریی کاتبی بوو، بانگی کرد و گوتی: دوو نامە بنوسە بۆ سەعید مەسیفی لە کۆیە و عەریف سەمەد لە دێگەڵە و بڵێ ئەگەر دڵزار کەسێکی نارد بەچەک یان بێچەک بە ڕێزەوە ڕەوانەی بکەن و پێشیان مەگرن. هەروەها گوتی ئامادەم هەموو یارمەتییەکتان بدەم. نامەکانم برد و سەرەتا چوومە لای سەعید مەسیفی، خوێندییەوە و گوتی بەسەر سەر و بەسەر چاو، ئێوە چۆنتان دەوێ ئێمە وادەکەین. مام نادری ئیسماعیل ئاغامان هەبوو کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا بوو، بە قومبەلەی خۆی کە دەیهاویشتە سەنگەری جاشان شەهیدبوو. لەگەڵ ئەو نامەی عەریف سەمەدمان برد و ئەویش کە نامەکەی خۆیندەوە، خستیە سەر سەری و گوتی بەچاوان هەرچی ئێوە دەڵێن، ئێمە هەرئەوە دەکەین.)

هەرلەم بارەیەوە سەرنج بدەنە بەسەرهاتی دوکتۆر تاهیر بابان کە دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ و نزیکەی سێ مانگ زیندانیی بەعس. ڕوویکردۆتە ناوچەی سلێمانی و چووەتە چەمی ڕێزان. ناوبراوە لە وتوێژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە سەبارەت بە هەڵسوکەتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لەگەڵیدا، دەڵێت:

- (دوای ئازادبوونم لە زیندان، دەمویست بچم بۆلای مەلا مستەفا، بەڵام حاکم ئەحمەد باوکی دوکتۆر بەرهەم منی برد بۆ چەمی ڕێزان، کە چووم مەلا ناسح، محەمەدئەمین فەرەج و مستەفا قەرەداغی لەوێ بوون. لە سەرەتادا پێوەندیمان

باشبوو، تا ئەوکاتەی کە داوایان لێکردم بیروبۆچوونی خۆمیان بۆ بنوسم. منیش نوسیم شیوعیم و ئێستا حیزبی شیوعی پشتگیریی شۆڕش دەکات. ئەوکاتە دارا تۆفیق و عەریف عوسمانیش لەوێ بوون. دیارە داوایان لەوانیش کردبوو. دارا پرسی چیت نووسیوە؟ گوتم ڕاستییەکەم بۆ نووسین. گوتی بۆچی وات بۆنووسیون، مەگەر ئەوانە ناناسی؟ دوای ئەو نوسینەم گوتیان بچم بۆ قەرەداغ، کەچووم و ئەوانم بینی تێگەیشتم کە ئەخلاقیان لە بەعسییەکان نزمترە، بەرپرسەکەیان کابرایەک بوو بەناوی کەمال موفتی کە زۆر بێ ئەخلاق بوو، هەتا ئاخر ڕۆژەکانی سەدام، سەدام وەک ئەو نەبوو. پێوەندیم لەگەڵ ئەوان بڕا، نەمدەتوانی لەگەڵیان بم. منیان نارد بۆ بیارە، مستەفا فوئاد بەرپرسیان بوو. تێگەیشتم کە لە کەمال موفتی هیچ و پوچترە، مرۆڤێکی لوت بەرز و بێ ئەخلاقە. زیندانەکەیان پڕبوو لە کەسانی شیوعی و دیموکرات. زیندانەکەیانم بینی، برینی زیندانییەکانیان دەرمان نەدەکرد و بۆنیان کردبوو. گوتم ناتوانم لێرە بمێنمەوە، لەبەر ئەوە منیان نارد بۆ قەرەداغ. بەیانییەک کەمال پێشی پێگرتم و گوتی دەمانچەکەت دانێ، گوتم دەمانچەم پێ نییە. لەوێوە چووم بۆ بنکەیەک کە ئەویش سەربە مەکتەبی سیاسیی بوو، بەڵام هەموویان خەڵکی سلێمانی بوون. لەگەڵ بەرپرسەکەیان برایمی حەمەخۆرشە، لە منالییەوە ناسیاو بووین. ماوەیەک لایان مامەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە توشی گرفت نەبن، گوتم دەچم بۆلای مەلا مستەفا. برایم گوتی لە ڕێگادا دەتگرن و دەتکوژن. گوتی بچۆ پێیان بڵێ دەچی بۆ ناوچەی بادینان و لەوێوە بچۆ بۆلای مەلا مستەفا. پێشنیازەکەم بەدڵ بوو، چووم بۆ ماوەت و پێمگوتن دەچم بۆ بادینان. جەلال تاڵەبانی لەوێ بوو. گوتیان دەتەوێ چی بکەی؟ گوتم دەمەوێ پێوەندیم بە ئێوەوە نەبێ. خواهەڵناگرێ مام جەلال زۆر بەئەدەب و لەسەرخۆ قسەی کرد، گوتی دەتکەین بە بەرپرسی هەموو کوردستان. گوتم ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دژتان نیم، بەڵام ناتوانم لەگەڵ ئێوە ئیش بکەم. گوتی کاغەزێک بۆ ڕەئیس عەبدوڵا لە بادینان دەنوسین، بچۆ بۆلای. ڕێگای بادینان بە قەڵادزێ دا بوو. چەند ڕۆژێک لە قەڵادزێ مامەوە، لەوێ برادەرانی حیزبی شیوعیم بینی و داوام لێکردن یارمەتیم بکەن بچم بۆ دەرەوە. ئاغایەکی ناوچەکە، نامەیەکی بۆ شێخێک لە بەردەپان نوسی، وا بزانم شێخ حوسێنی بەردەپان بوو. ئەو ئاغایە هاوکات جەماعەتی مەکتەبی سیاسیشی لە

چوونی من بۆ ئێران ئاگادار کردبۆوە. من لە ماڵێک بووم، دوو پێشمەرگە هاتن و بردیانم بۆ مقەر. مەلا عەبدولا "مەلا ماتۆر" بەرپرسی ناوچەکە لەگەڵ چەند کەسێک دانیشتبوون. گوتی بیستوومانە دەچی بۆ خاریج؟ گوتم ڕاستە. گوتی تۆ لەسەر پشتی ئێمە ئیش دەکەی. گوتم پشتی چی؟ ئەگەر پەساپۆرتتان هەیە، فەرموو پەساپۆرتم بدەنێ، دەچم بۆ خاریج. من پێوەندیم بە ئێوەوە نییە. دیسان تەئکیدی دەکەمەوە کە ئەخلاقییەتی ئەوانە زۆر لە بەعسییەکان نزمتر بوو. منیان زیندانی کرد. لە زیندانی بەعسەوە هاتم بۆ زیندانی مەکتەبی سیاسی و نزیکەی دوو مانگ لە زیندان ڕایانگرتم. نەیاندەهێشت هیچ کەس بێت بۆلام. ڕۆژێک برادەرێکم بەناوی عەبدولڕەحمان کە خەڵکی هەولێر بوو، هاتبوو بۆ دیتنم کە ئەویشیان زیندانی کرد. بەرپرسی زیندانەکەیان ناوی مولازم جەمال مەحمود بوو. جار جارە منی دەبرد بۆ دەرەوە کە هەوا بخۆم، بەم تاوانە نەقڵیان کرد.

هاوڕێ عەزیز محەمەد دواتر پێی گوتم، ئەوە لە کاتێکدابوو کە مەلا مستەفا بەبروسکە مەکتەبی سیاسی ئاگاداردەکردەوە کە تاهیر بێت بۆلای من، بەڵام وەڵامیان نەدەدایەوە. دوای مانگ و نیوێک مەلا ماتۆر هات بۆ زیندان و گوتی: مەکتەبی سیاسی تۆی ویستووە و ئازادت دەکەین، بچی بۆ ماوەت. گوتم ناچم، گوتی چۆن ناچی؟ ئەوە ئەمرە و دەبێ بچی. گوتم وەڵامیان بدەوە کە من ئەمرەکەیان بەجێ ناهێنم. دوای حەوتوویەک هاتەوە کە دیسانیش وەڵامم نەداوە. پیرە پیاوێک هەبوو بە ناوی مام عەبدولا کە دەهات ژورەکانی خاوێن دەکردەوە. ڕۆژێک هات گوتی: دوکتۆر دەستت ماچ دەکەم، بڕۆ، گوتم ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی، من دەستی تۆ ماچ دەکەم، گوتی: تۆ نازانی ئەوانە زۆر بێناموسن، دەتکوژن. شەوێک بە ناوی لێپرسینەوە دەتبەن و ئیتر ناگەڕێیەوە. بینم قسەکەی ڕاستە. حەوتوویەکی تر مامەوە و دواتر مام عەبدولایان لەگەڵم نارد کە بچم بۆ مەکتەبی سیاسی و ئەم جارە خۆم لە دەستیان ڕزگار کرد.)

جگەلەوە، جەلال تاڵەبانی لە لاپەڕە ٧٦٥ کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا ئاماژە بەو هەڵوێستەی مەکتەبی سیاسیی سەبارەت بە حیزبی شیوعی دەکات و دەڵێت: **(حیزبی شیوعی عێراق ئاوارە بوو و پەنایان بۆ چیا هێنا و لەو ناوچانە نزیک ببوونەوە کە مەکتەبی سیاسی پارتی لێبوو. کۆمیتەی ناوەندی نەیدەویست ئەندامانی حیزبی**

شیوعی عیراق بە چەکەوە هاتووچۆی ناوچەکان بکەن و دەیگوت تەنیا یەک هێزی سەربازی هەیە کە ئەویش هێزی چەکداری پێشمەرگەیە و ئەگەر دیانەوێ چەک هەڵگرن، دەبێ بێنە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە، بەڵام بارزانی ڕێگای پێدان کە چەکیان هەبێت و بەئازادی هاتووچۆ بکەن و بەڕاستی بارزانی لوتفێکی زیاتری بە حیزبی شیوعی عێراق هەبوو تا کۆمیتەی ناوەندی حیزب.) هەروەها موحسین دزەیی لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پاڕێزراوە، گوتی:

- (کە گەیشتمە ماوەت ئەو جیاوازییەم لەلا ڕوون بوو و یەکەم هەڵوێستەکانی جیاوازیی نێوان بارزانی نەمر و مەکتەبی سیاسیم بینی. دوای سەرکەوتنی کودەتای ٨ ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و گرتن و ڕاوەدوونان و لە سێدارە دانی شیوعییەکان ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی و ئەندامیان لە بەغدا و شارەکانی تر ڕایان کرد و گەیشتنە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕشی کورد، بارزانی باوەشی بۆ کردنەوە و پێشوازیکردن و لە جەور ستەمی ڕژێمی تازە پاراستنی، بە هەموو ئازادییەک دەسوڕانەوە و کاری حیزبیان ئەنجام دەدا، بەڵام ئەوانەی کە چوونە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و بەندیخانە هاتن، لە بەندیخانەی ماوەت هۆڵێکم بینی تژی بوو لە شیوعییەکان، ئەگەرچی هەندێک لە ئەندامەکانیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پارتی ناشیرین بوو و لەلای هەندێکیان بڵاوکراوەی وا دۆزرایەوە کە دژی پارتی بوو و هانی قووڵکردنەوەی جیاوازیی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسییان دەدا، بەڵام دەکرا بە سیاسەتێکی نەرم و نیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت و سوود لەو ژمارە کەمەی چەکدارەکانیان وەربگێرێت و بخرێنە ڕیزی پێشمەرگەوە.)

پلان بۆ داکۆکی کردن لە کوردستان

لە بەرامبەر خۆ ئامادەکردنی دوژمندا، سەرکردایەتی شۆڕشیش یەکەکانی خۆی ڕێکخستەوە تا لەکاتی هێرشکردنی دوژمن بۆسەر کوردستان، بتوانێ بەرگری لە ناوچەکانی ژێردەستی بکات. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١١٦ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، ئاماژەی بۆ ئەم دابەشکردنە کردوە کە لە پلان و ڕێکخستنەوەی نوێدا لەبەرچاو گیراوە:

(دەڤەری خانەقین: حیلمی عەلی شەریف ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی.

دەڤەری گەرمیان و شوان و سورداش: جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی.

دەڤەری پێنجوێنو شارباژێڕو شارەزوور: عەلی عەسکەری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی.

دەڤەری قەڵادزێ و ڕانیە و کۆیە: عومەر مستەفا دەبابە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی.

دەڤەری سەفین و دەشتی هەولێر: محەمەد ئاغای مێرگەسوریی.

دەڤەری سپیلک و برادۆست و دۆڵی بیاو: عەقیدی ڕوکن عەبدولکافی نەبەوی.

دەڤەری ڕەواندز و باڵەکایەتی و سیدەکان: مقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی.

دەڤەری ئاکرێ و شێخان: حەسۆ میرخان دۆڵەمەری.

دەڤەری دهۆک: عەلی خەلیل.

دەڤەری ئامێدی: بە سەرلەشکری بادینان ئەسعەد خۆشەوی سپێردرا.

دەڤەری زاخۆ: بە عیسا سوار.

بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە بێتواتە: عەلی شەعبان.

سەرکردایەتی ناوچەی بادینان خرایە ژێر چاودێریی ئەسعەد خۆشەوی.

مەکتەبی سیاسیی سەرپەرەشتی ناوچەی سۆران بکات.

بارزانی بڕیاریدا شوێنێک لە ناوەندی کوردستان بۆخۆی دابنێ و بۆ ئەو مەبەستە چیای برادۆستی هەڵبژارد کە دەکەوێتە پشت "هاودیان". ڕۆژی ١٩٦٣/٤/٢٦، گوندی "تۆپزاوە"ی لە ناوچەی کۆیە بەجێهێشت و ڕووی لە دۆڵی بالیسان کرد، چوو بۆ گوندی "چیوە" و دوو ڕۆژ میوانی حاجی "بەدیع" یەکێک لە نزیکترین دۆستانی بوو. لەو گەشتەیدا، بارزانی هێزێکی لێدەری لە پێشمەرگە قارەمانەکانی بارزان لەگەڵ بوو کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی هەزار پێشمەرگە.)

مەسعود بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: **(منیش یەکێک لەو پێشمەرگانە بووم، بە تەمەن حەڤدە ساڵم بوو، تفەنگێکی بڕنەوم پێبوو کە باوکم لە کۆیە بە دیاریی پێی دابووم و یەکێک بوو لەو پەنجا تفەنگەی عومەر مستەفا لە ئێران هێنابوونی.)**

بارزانی ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢ لە گوندی بناڤێ دەگاتە کچێکی تازە پێگەیشتوو کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە بیست ساڵ. مەسعود بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا سەبارەت بەو کچە دەڵێت: **(کچەکە ڕێگای پێگرتین. دەگریا و هاواری دەکرد: "بارزانیم پێشان دەن." باوکم لێی چووە پێشێ و لێی پرسی: شکاتت لە چییە؟ کچەکە وەڵامی باوکمی دایەوە و گوتی: "باوکم بە ژن بە ژن داومی بە پیاوێکی پیری حەفتا ساڵە. دەمەوێ لەم بەشودانە ڕزگارم کەیت." دەرکەوت کچەکە حەزی کە کوڕێکی هاوتەمەنی خۆیەتی. بارزانی فەرمانیدا باوکی بانگ کەن، کە هات بارزانی دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنی و پێی وت: "ئەم کارەی کردووتە کارێکە لەگەڵ شەرعدا ڕێک ناکەوێ و یاساش ڕێگەی ستەمی وا نادات." مەسەلەکەی بە دۆستی دڵسۆزی خۆی مەلا عەبدولباقی سپارد و ئەویش لە بەرامبەر پارەدا قەناعەتی بە مێردە پیرەکەی ئەو کچە هێنا و کچەکەی لە کوڕە گەنجەکە مارە کرد.)**

بارزانی بەرەو گوندی "سرێشمە" کە لە ڕۆژئاوای خەلیفان هەڵکەوتووە، دەبووایە لە جادە بپەڕێتەوە. بەم مەبەستە بە نامەیەک فەرماندەی لیوای سێی سوپای عێراقی لە خەلیفان ئاگادار کردەوە، بەڵام فەرماندەی لیوا پێیڕاگەیاند، دەبێ چەکەکانیان تەحویل بدەن کە ئیزنی پەڕینەوەتان پێ بدرێت. لەبەر ئەوە بارزانی بەبێ ئاگاداریی لیوای خەلیفان، هەموو هێزەکەی پەل بە پەل پەڕاندەوە و پێشمەرگەکانی بەسەر گوندەکانی سوورچی و دەوروبەری سرێشمەدا بەشکرد، بە چەشنێک هەموو بەرزاییەکانی

خەلیفان و ڕێگەی سەرەکی هاتوچۆی هێزەکەی سوپا بە مەودای تفەنگ هاوێژی پێشمەرگە، کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

ڕۆژێک دوای گەیشتنی بارزانی بۆ گوندی سرێشمە لوقمان، ئیدریس و سابیر بارزانی، واتا کوڕانی مستەفا بارزانی گەڕانەوە بۆ گوندی بارزان و مەسعود بارزانی لای باوکی مایەوە. بارزانی بۆ ماوەی سێ هەفتە بارەگای خۆی کە لە گوندی سرێشمە دانا. لەو ماوەیەدا ژمارەیەک سەرۆک جاش بە تاک و بە کۆمەڵ چوونە لای بارزانی و پشتیوانی خۆیان لە شۆڕش ڕاگەیاند. بەشێک لەوانە وەک عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵە بوو کە تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەسەر بەڵێنی خۆی مایەوە و ژمارەیەکیان وەفایان بە بەڵێنەکەیان نەکرد و درێژەیان بە جاشەتی دا و لە خزمەت ئیستخباراتی سوپا و دەزگاکانی ئاسایشدا بوون.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لە ڕووداوێکی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٤ سەبارەت بە عیزەت بەگ بکەم. لە سپتێمبەر "ئەیلول"ی ساڵی ١٩٨٤ لە کۆمەڵگای کارێزە لە ناوچەی سلێمانی لەگەڵ فەریدون میتران و دوو کەسی تر چووین بۆ ناوچەی لیلکان کە چاومان بە مامە غەنی بلوریان بکەوێت. لە گەڕانەوەماندا لە لیلکانەوە بە ئوتۆمبیلی جاشێکی چەکدار کە کەلوپەلی بۆ بنکەی حیزبی شیوعی هێنابووە لیلکان، چووینە گوندی "باڵەکیان" و شەو لە ماڵی ئەو جاشە ماینەوە. لەوێ تا بەیانیی تەقە بوو، کابرا گوتی جاشەکان بە درۆ تەقە دەکەن تا بەوجۆرە بەشێک لە فیشەکەکانیان بدەن بە پێشمەرگە. داوامان لە خانەخوێیەکەمان کرد کە هەزار دیناری دەدەینێ، بە سواری ئوتۆمبیلی زبڵڕێژ کە خەزوری شوفێری بوو، یارمەتیمان بدات لە بازگەی "زارگەلی" دەربازمان بکات، خەزوری ڕازیی نەبوو، گوتی هەموومان دەکوژن.

بەیانیی ڕۆژی دوایی لە کاتێکدا باران بە توندی دەباری، کابرا ئێمەی لە ڕوباری بەر گوندی باڵەکیان پەڕاندەوە و ڕێی شارەدێی "دیانا"ی پێشانداین و خۆی گەڕایەوە. چووینە دیانا و لە کاتێکدا هەموو جلوبەرگەکانمان لە ئاودا خوسابوو، چوونکە هیچ جێیەکمان نەدەناسی کە ڕووی تێبکەین، لەبەر چایخانەیەک ڕاوەستاین. یەکێک لە هاوڕێیانمان بەناوی سەعید ئەفشار گوتی: **(من لێرە سەرۆک جاشێک دەناسم کە لە شۆڕشی ئەیلولدا بووە، دەچمە لای و دەڵێم سێ هەڤاڵم لە لای کاک مەسعود**

بارزانییەوە هاتوون و پێویستیان بەیارمەتی هەیە. ئەگەر قەبووڵی کرد، تا دە خولە کی‌تر دەگەڕێمەوە، ئەگەر لەکاتی خۆیدا نەگەڕامەوە، بەپەلە لێرە دوور بکەونەوە و چارەیەک بۆ خۆتان بدۆزنەوە!) بەرلە تەواوبوونی کاتەکەی، سەعید ئەفشار لەگەڵ جاشێکی چەکدار گەڕایەوە و گوتی فەرموون و ئێمەی بردە ماڵی "عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی" کە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ و پیاوێکی بەخۆوە بوو. ژمارەیەک جاشی چەکدار و بێچەک لە ماڵەکەی بوون. ئێمەی بردە دیوەخانەکەی و لەوێ جلوبەرگەکانمان گوڕی و وشکیان کردنەوە و برنج و شلەیەکی بە چێژیان داینێ. گوتی دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، ماڵی لە گەڕەکی "خرێ"ی مهاباد بووە و ناوی چەند کەسێکی گوت کە من دەمناسین. دوای خواردن، مام عیزەت گوتی: **(من ئێوە دەگەیەنمە پشت سەیتەرەی "زینی ماویلیان"، بەڵام چونکە دەربازبوون بە سەیتەرەی "جوندیان" دا هەندێک دژوارە، دەبێت ئێوە بە پشت گوندی "بێشۆکە" دا سەیترەکە ببڕن و بگەڕێنەوە سەر جادە و من لەوێوە ئێوە دەبەم.)**

لەگەڵ جاشێکی چەکدار کەوتینەڕێ و بە پشت گوندی بێشۆکەدا داگەڕاینە سەر جادە. عیزەت بەگ لەوێ چاوەڕوان بوو. ئێمەی سواری ئوتۆمبیلێک کرد کە سەدام حوسێن خەڵاتی کردبوو. لە هەردوو بازگەی "دەنگارەی بەرزێوە" و زینی ماویلیان دەربازمانی کرد و کاتی گەڕانەوەی تەنیا شتێک کە لە ئێمەی ویست، ئەوە بوو کە سڵاوی ئەو بە ڕێزدار مەسعود بارزانیی بگەیەنین.

بەهەر حال، دوای گەڕانەوەی کوڕانی مستەفا بارزانی بۆ بارزان، ڕۆژی ١٩٦٣/٥/١١ شێخ بابۆی برای سەرۆک بارزانی گەیشتە سرێشمە و سەردانی مەلا مستەفای کرد. بە دوای ئەوەدا بارزانی بەرەی سپیلکی بە عەقیدی ڕوکن عەبدولکافی سپارد و ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢٧ لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە کە مەسعود بارزانی یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو، بۆ بینینی شێخ ئەحمەد بەرەو بارزان بەڕێکەوت و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١ گەیشتە هەواری "بیرکا ستری" لە داوێنی چیای شیرین. هۆی چوونی شێخ ئەحمەد بۆ ئەو جێیە بەرگریی کردن لە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بوو، چونکە دوژمن جاشەکانی لە دەوری بارزان کۆکردبۆوە و دەیویست هێرش بکاتە سەر ناوچەی بارزان.

شەڕی بەعسییەکان دژی کورد

ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢٠ ڕژێمی بەعس گەمارۆی ئابووری خستەسەر کوردستان و پیاوانی سەربە دەزگای "حەرەس قەومی" دەستیان کرد بە تاڵان کردنی گوندەکان و سزادانی خەڵک و زیندانی کردنیان. بەکرێگیراوە پڕچەکە عەرەبەکان بە سەرۆکایەتی شێخ "حەنەش و محەمەد شەحادە" بە پشتیوانیی تانک و زرێپۆش و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا پەلاماری گوندی "تەلخێم"یان لە دەشتی هەولێردا و شەش کەسی خەڵکی ئەو گوندەیان کوشت. دوای ئەو دەستدرێژییە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لەودا ٢٣ ڕووداوی دەستدرێژیی خۆیانی خستە ئەستۆی پێشمەرگەکانی لەشکری کوردستان و هەرلەو ڕۆژەدا حەرەس قەومی پێنج هەزار کەسی لە سلێمانی گرت. لەو پێنج هەزار کەسە، ٨٦ کەسی هەڵبژارد و بەو تاوانەوە کە ئامادە نەبوون تف لە وێنەی سەرۆک مستەفا بارزانی بکەن و لە وەڵامی یەکێک لەو ٨٦ کەسەدا کە گوتبووی ئەگەر ئێوە تفتان لە سەرکۆماری خۆتان کرد، ئەو داوایەش لە ئێمە بکەن، هەر ٨٦ کەسیان زیندەبەچاڵ کرد. لە کۆیە ٢٥ کەس و لە ناوچەی بێتوێن ٧٣ کەسیان گرت و بەبێ لێپرسینەوە گوللەبارانیان کردن. ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ ڕادیۆ بەغدا کوردەکانی بە جیاوازییخواز و لایەنگری کۆمونیست ناساند. دەزگای حەرەس قەومی لە هیچ ستەم و تاوانێک سەبارەت بە کوردان نەسڵەمیەوە، کۆمەڵە خانوبەرەیەکی زۆری کوردەکانی بە بۆڵدزێر وێرانکرد.

مەسعود بارزانی دەقی بەیاننامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لە پاشبەندی ژمارەی ١٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" بڵاوکردوەتەوە. شەڕی بەکردەوەی بەعسییەکان دژی گەلی کورد، کاتژمێر ٠٨:٠٠ی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ بە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بۆسەر گوندی بارزان دەستی پێکرد. هێزی هەوایی عێراق بۆ بۆمباران کردنی گوندی بارزان و دەوروبەری لە فڕۆکەی "باجەر"، ئیلیووشن" و مێگ کەڵکی وەگرت و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٢ بۆمبێکی ٥٠٠ کیلۆیی لە

مزگەوتی بارزاندا و چونکە خەڵکەکە پێشتر گوندیان بەجێهێشتبوو، تەنیا دوو کەس شەهید بوون کە ناوێ یەکێکیان عوسمان ئاغا بوو.

ڕژێمی بەعس جگەلە هێزەکانی خۆی لە شەڕدا، کەڵکی لە لیوایەکی سوپای "بەرمووک"ی سوریا بە فەرماندەیی فەهد شاعیر وەرگرت. ئەو لیوایە لە موسڵەوە بە تانک و تۆپخانەی قورس پەلاماری کوردستانیدا کە دواتر ئاماژە بە چارەنووسەکەی دەکەم. جگەلەوە هەردوو ڕژێمی ئێران و تورکیا کە لایەنگری ڕژێمی بەعس و کودەتای ١٩٦٣/٢/٨ بوون، لە بوارەکانی هەواڵگریی‌و شناسایی ئاسمانیی یارمەتی ڕژێمی بەعسیان دەکرد. لەو پێوەندییەدا مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٢٣ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا، دەقی بروسکەیەکی گوێڕایەڵی بڵاوکردوەتەوە:

بۆ/ فق ١– سەرەکی. فق ٢– سەرەکی

لە/ بزاوتگەی سەربازییەوە ژمارە ٣٤٧٨ س مێژوو ١٩٦٣/٧/٢

لەگەڵ حکومەتی تورکیا و ئێران ڕێککەوتووین کە ڕێگە بە باڵەفڕەکانی ئێران و تورکیا بدرێ لە هێڵی سنوور بپەڕنەوە و بگەنە ئەو هێڵەی لە سەرسەنگەوە تێپەڕ دەبێ– هێڵی ئاکرێ– ڕەواندز بۆ سەرانسوێی شوێنەکانی کۆبوونەوەی خائینەکان لە خاکی عێراقدا. تکایە هەموو پارچە سوپاییە عێراقییەکان لە ناوچەی کاری سوپاییدا ئاگادار بکەن خۆیان لە قەرەی ئەو باڵەفڕانەی ئێران و تورکیا نەدەن و لە ڕوویاندا نەوەستن. بەم نزیکانە دوو ئەفسەری پێوەندی یەکێکیان لە سوپای تورکیا و ئەویتریان لە سوپای ئێرانەوە دێن. یەکەمیان لە موسڵ دەبێ و ئەویتریان لە کەرکوک. هەردووکیان یەکی دەزگایەکی بێتەلیان پێیە لەگەڵ بەکارهێنی خۆیان بۆ دابینکردنی هاوکاریی لەگەڵ کەرتە سوپاییەکانی ئێمەدا.

سەعات ١٤:٠٠

لە بەرامبەردا ئەو هاوکارییانەدا، مۆسکۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکای کە لایەنگری بەعس بوون، بە کوشتنی کوردان تاوانبار کرد. ئەندرێ گرۆمیکۆ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ ناڕەزامەندی ڕەسمی وڵاتەکەی دا بە سەفیری عێراق لە مۆسکۆ. ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١١ نوێنەری سۆڤیەت لە

ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوایکرد ڕەخنە لەو سیاسەتەی عێراق بگرن، بەڵام نوێنەرانی فەرەنسا، ئەمریکا، ئینگلیز و ئەردەن دژی پێشنیازەکەی ڕاوەستان. ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٢ مەنگولستان داوای لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە قەتڵی عام و کوشتاری کوردەکان لەلایەن عێراقەوە بخاتە بەرچاو و کێشەی کوردەکان لە پڕۆگرامەکەیدا بگونجێنێ کە لە دانیشتنی دواییدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت. عێراق بەو هۆیەوە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ مەنگولستان پچڕی. مەنگولستان لە هەژدەیەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کە ڕۆژی ١٩٦٣/٨/١٧ لە نیویۆرک بەڕێوەچوو، لە شکاتەکەی خۆی پاشگەز بۆوە. چین و ماوتسی تۆنگیش ڕاپەڕینی کوردەکانیان بە دیاردەیەکی قەومی و کۆنەپەرستانە ناساند و پشتیوانیان لە عێراق کرد. چونکە سۆڤیەت پشتی کوردەکانی دەگرت، حیزبی شیوعی عێراق دژی وتەکانی چین ڕاوەستا. تورکیا سنورەکانی خۆی بەسەر کوردەکاندا داخست، پاکستان نۆ هەزار گوللە تۆپی بەدیاریی دا بە عێراق و ڕۆژی ١٩٦٣/٨/١٤، بە کەشتییەک ڕەوانەی عێراقی کرد. بریتانیاش چەکی دەدا بە عێراق و فڕۆکەوانی بۆ دەنارد. ڕۆژنامەی ڕۆیتەرز ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٦ نوسی: حکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ١٥ میلیۆن مارک دەدات بە عێراق و ئامادەیە پێوەندیی فەرهەنگی لەگەڵ پێکبێنێت. ئەمریکاش ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢ ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیکردن بە ڕژێمی عێراق دەربڕی و ڕۆژی ٢٢ و ١٩٦٣/٦/٢٤ جەمال عەبدولناسر گوتی: "دۆستایەتی لەگەڵ بەعسی فاشی ناکرێت"، بەڵام بەشێوەی ڕاستەوخۆ پشتی کوردەکانی نەگرت.

پلانی ڕژێم لە شەڕە ستراتیژییەکاندا

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دوژمن بۆ لەنێو بردنی شۆڕشی کورد، ناوچەی بارزان و گرتن یان کوشتنی سەرۆک بارزانی بوو. لەبەر ئەوە قورسایی هێرشە سەرەکییەکانی خستبووە سەر ناوچەی بارزان و بۆ ئەو مەبەستەش لەو تاکتیکە کەڵکی وەردەگرت کە بەرەکانی بە شەڕی ئاساییەوە خەریک دەکرد و قورسایی هێرشەکەی دەخستە سەر خاڵێکی دیارییکراو. لەو تاکتیکەیدا بۆ گەیشتن بۆ بارزان دوو بەرەی ئاکرێ و پیرسی هەڵبژاردبوو کە فیرقەی یەکەم بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن عەبدولکەریم فەرحانو فیرقەی دووەم بەفەرماندەیی عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری لە بەرەی مێرگەسورەوە هێرشی کردە سەر بارزان.

ڕژێمی بەعس ئەو پلانەی لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی سالح مەهدی عەمماش وەزیری بەرگریی و تاهیر یەحیا سەرۆکی ئەرکانی سوپادا بەڕێوە دەبرد و عەبدولسەلام عارفیش ناوبەناو سەردانی بەرەکانی شەڕی دەکرد. هەروەها ئەو شەڕانە لەلایەن یەکەکانی تۆپخانە و هێزی ئاسمانیی بە فەرماندەیی عەقیدی ڕوکن عارف عەبوود ڕەزاق پشتیوانی دەکران. شێوازی بەڕێوەچوونی شەڕ لەو دوو بەرەیەدا بەم جۆرە بوو:

بەرەی سەری ئاکرێ: بۆ ئەوەی کە دوژمن، بارزان داگیر بکات، جگەلە داگیرکردنی زنجیرە چیای سەری ئاکرێ چارەیەکی تری نەبوو. بە داگیرکردنی سەری ئاکرێ، داگیرکردنی دۆڵی نەهلە و زنجیرە چیای پیرس و شارەدێی "بلێ"ی بۆ ئاسان دەبۆوە. بارزانی بەرگریی کردنی ئەو بەرەیەی بە مەلا شنی قرتاس بێدارووونی سپاردو هەریەک لە عومەر ئاغا دۆڵەمەری، حادی حسکۆ، غەزالی میرخان ژاژۆکی و حەسۆ میرخان ژاژۆکی کرد بە سەرقۆڵ و جێگری مەلا شینی. ئەو پێنج فەرماندەیە پێشتر لەگەڵ بارزانی لە سۆڤیەت مەشقی سەربازییان پێکرابوو.

شەوی ١٤- ١٩٦٣/٦/١٥، دوژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگەی بە خەستی تۆپباران کرد و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٥ بە چەند فڕۆکە لە ناوچەکەیدا و دوو لیوای پیادە و هێزێکی پشتیوانی کە لە پێنج هەزار جاش پێکهاتبوو، بۆ داگیرکردنی زنجیرە چیای سەری

ئاکرێ بەڕێخست، بەڵام ئەو هێزانە بەدانی کوژراو و بریندارێکی زۆر پاشەکشەیان کرد. دوژمن سەرلەنوێ بە هێزێکی‌تر و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا هاتە پێشەوە و ئەم جارەیان توانی لوتکەی ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکە بگرێت و پێشمەرگەکان بەهۆی تەواوکردنی فیشەک پاشەکشەیان کرد. بارزانی بڕیاریدا زنجیرە چیای پیرس بکاتە هێڵی بەرگریی. لەو شەڕانەدا پێنج پێشمەرگە شەهید و حەڤدە پێشمەرگەش بریندار بوون. زیانی دوژمنیش بریتی بوو لە کوژرانی ٢٣ جاش و ٣٧ جاشی بریندار. لەگەڵ کوژرانی ٩٦ چەکداری سوپا و ١٢٣ چەکداریش بریندار کە تەرمی کوژراوەکانی لە مەیدانی شەڕدا بەجێمابوون.

گوتم بارزانی چیای پیرسی کردە هێڵی بەرگری. بۆ ئەو مەبەستە عەقید عەبدولکافی نەبەوی کردە جێنشینی خۆی و عەبدولاڵئاغای پشدەری بە یاریدەدەری و بەرەی سپیلک و گەلی عەلی بەگی بەوانە سپارد و فەرمانیدا ئەو بەرەیە بکەن بە هێڵی داکۆکی. بارزانی لە سەرچاوەکانی حکومەتەوە زانیاریی پێگەیشتبوو کە یەکەکانی سەربە فیرقەی دووەم خۆیان ئامادە دەکەن کە هێرش بکەنە سەر ناوچەی مێرگەسور کە هێڵێکی زۆر پڕ مەترسی بوو بۆ پێشمەرگە. لەبەر ئەوە شەوی ١٨- ١٩٦٣/٦/١٩ هێزەکانی لە نزیکی بلێ لە زاب پەڕاندەوە. ئەو هێزە لە سەرووی گوندی "سەفتی" کە دەکەوێتە داوێنی باکوری چیای پیرس، لەلایەن چوار فڕۆکەوە بۆمباران کرا، بەڵام زیان بە پێشمەرگەکان نەگەیشت.

بارزانی لەوێ هێزێکی پێشمەرگەی بە فەرماندەیی عومەر ئاغای دۆڵەمەری نارد بۆ ناوچەی شووش لە ڕۆژئاوای چیای ئاکرێ کە لە دواوە لە دوژمن بدەن و هێزێکیشی بە فەرماندەیی، حادی حسکۆی ڕەوانەی سەری "سادە" لە ژوور گەلی زەنتە کرد بۆ لێدانی دوژمن لە ڕۆژئاواوە کە هەڕەشە لە ڕێگای هاتوچۆ بکەن و گوشار بخەنە سەر هێزەکانی سوپا لە چیای پیرس. هەروەها عەقید عەبدولکافی نەبەوی بەرەی سپیلک گوشار بخەنە سەر لیوای سێ لە ناوچەی خەلیفان کە لە گەمارۆی پێشمەرگەکاندا بوو.

بەرەی پیرس: ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٥ چەکدارەکانی فیرقەی یەک و لیوای چواری فیرقەی دووەم و پتر لە دە هەزار جاش بە پشتیوانیی دوو یەکەی تۆپخانە و چوار

فڕۆکەی بۆمبهاوێژ لە ناحیەی "دینارتە"وە هێرشیان کردە سەر زنجیرە چیای پیرس. سەرەتا بە تۆپ و دواتر بە بۆمبارانی فڕۆکە ناوچەکەیان لە ئاگردا نوقم کرد. لەو دۆخە پڕلە مەترسییەدا پێشمەرگەکان سەرەڕای کەمیی فیشەک و خۆراک، بە ورەیەکی بەهێز لە سەنگەرەکانیاندا مانەوە و سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٦ دوژمنیان شکاند و پاشەکشەیان پێکرد. دوای ئەو شکانەی، دوژمن دوو ناوچەی "نزار" لە داوێنی پیرس لە باکور و "بەڕۆژ" لە داوێنی چیای شیرین لە باشوری بەتوندی بۆمباران کرد و دەستی لە ئاژەڵ و کێڵگە و دێبەر و خەڵکی ئاسایی نەپاراست. ئەو هێزەی پێشمەرگە کە بە فەرماندەیی عومەر ئاغای دۆڵەمەریی لە ناوچەی "شوش" و "شەرمن" بوو، هێرشی بۆ کرا، بەڵام هێرشکەران شکان و بە پەشۆکاوی پاشەکشەیان کرد. تەنانەت زۆری نەمابوو کە پێشمەرگەکان عەقیدی ڕوکن سەعب حەردان فەرماندەی سوپای هێرشکەران بەدیل بگرن، بەڵام بەهۆی بریندار بوونی عومەر ئاغا، سەعب حەردان ڕزگاری بوو.

بە گواستنەوەی عومەرئاغا بۆ پشت بەرەی شەڕ بۆ تیمار کردنی، هورمز مەلەک چەکۆ جێی عومەر ئاغای گرتەوە و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٧ توانی هێرشی دووەمی دوژمن تێکبشکێنێ. لەو شکانەیدا دوژمن ١٢ کەلاکی لە مەیدانی شەڕدا بەجێهێشت، بەڵام بە گوێرەی بروسکەی ژمارە ١٠٤٥ی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٨ی دوژمن کە کەوتە دەست پێشمەرگەکان و مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٣١ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا بڵاوی کردوەتەوە، دوژمن ٢٧ چەکداری لێ کوژراوە و ٥١ چەکداریشی بریندار بووە و لە جاشەکانیش، کەلاکی ١٠ جاش لە جێیەک و ١٥ جاشیش لە باسکی چەپی لوتکەی چیای پیرس دۆزرایەوە.

شایانی باسە، دوژمن بە دوای ئەو شکانەیدا، چاوپۆشی لە هێرشی زەمینی کرد و هەموو هەوڵەکانی لە بۆمبارانی هەواییدا چڕ کردەوە و زیانێکی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە گەیاند.

شەڕی هەیبەت سوڵتان: ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٥ هێزێکی حکومەت بە فەرماندەیی عەقید سەعید حەمۆ، بە یارمەتی هێزێکی پشتیوان کە لە هەزار جاش پێکهاتبوو، لەژێر ئاگری

تۆپخانە و زرێپۆشدا ویستی چیای هەیبەت سوڵتان لە ڕۆژهەڵاتی کۆیە داگیر بکات. پێشمەرگەکانی پارتی کە لە دوو خاڵی تەقتەق لەنێوان کەرکوک و کۆیە و دێگەڵە لەنێوان هەولێر و کۆیە بوون و عومەر مستەفا دەبابە فەرماندەیی دەکردن لەگەڵ هێزێکی پشتیوان بەفەرماندەیی عەبدوڵائاغای پشدەری پێشیان بە هێزەکانی سوپا و جاش گرت و لە شەڕێکی سەختدا کە تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو، دوژمنیان شکاند و ناچاریان کرد پاشەکشە بکات. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک شەهید و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون کە عەبدوڵا ئاغا یەکێک لە بریندارەکان بوو.

دوای پاشەکشەکردنی، دوژمن سەرلەنوێ خۆی ڕێکخستەوە و بە یارمەتی وەرگرتن لە دوو فەوج سەربازی پیادە، سەرلەنوێ لەژێر ئاگری توندی تۆپخانە و بۆمبارانی فڕۆکەدا هێرشی کردەوە و ئەم جارەیان توانی چیای هەیبەت سوڵتان داگیر بکات. لەم بارەیەوە عومەر مستەفا دەبابە بروسکەیەکی ئاراستەی بارزانی کردوە. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ١٣١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥". دەقی بروسکەکەی بڵاوکردوەتەوە کە نوسیویەتی:

بۆ - بارزانی- لە هەور "عومەر مستەفا"

ژمارە ١٩ مێژوو ١٩٦٣/٦/٢٧

١- موفەوەز و پۆلیسەکانی پشدەر بە چەکەکانیانەوە هاتنە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە. بەشی زۆری ئەمانە پارتی بوون. ئەمە بە ڕەزامەندی و ڕا لەسەر بوونی ئاغاکان بوو، بەڵام ئاغاکان پاش ئەوەی دەستیان بەسەر چەکە زەوتکراو و زیادەکاندا گرت لە فیشەک و شەستتیرەکانیشدا، ئێستە کشاونەتەوەو هەڕەشەیان لە بەرپرسانی پارتی کردوە کە دەبێ ئەو پۆلیسانە و چەکەکانیان بگێڕنەوە بۆ ناوەندکانیان، وەک هیچ ڕووی نەدابێ. بێگومان ئەمە دیاردەیەکی مەترسیدارە. تکام وایە لە ڕێگای منەوە بروسکەیەکیان ئاراستە بکرێت تا من خۆم بیدەم بە دەستیان و فەرمانیان تێدا بدرێت دەست لەم کردەوانە هەڵبگرن بۆ خۆپاراستن لەو ئەنجامە خراپانەی لەوانەیە لەم کارانە ڕوو بدەن.

٢- بارودۆخی پشدەرییەکان و شێخ حوسێن مایەی دڵنیایی نییە. ڕاستە هەندێک هێزیان هەیە لە خەلەکان، بەڵام پێوەندیشیان بە حکومەتەوە هەیە. پاشان درێژەی ئەمەتان بە نامەیەک پێ ڕادەگەیەنم.

شەڕ لە سپیلک: بەشێک لەو هێزانە کە فیرقەی دووەمیان پێکهێنابوو، بە دوای کشانەوەی پێشمەرگەکان لە هەیبەت سوڵتان لەگەڵ ئەو هێزانە کەوتن کە ئەرکی داگیرکردنی ناوچەی بارزانیان پێسپێردرابوو. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٩ بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری هێرشیان کردە سەر دەربەندی کۆڕێ و پاشەکشەیان بە پێشمەرگەکان کرد بۆ بەرزاییەکانی "میراوە" لە پشت شەقڵاوە، بەڵام لەوێش دوژمن تێپەڕی و چونکە پێشمەرگەکان نەیاندەتوانی هێڵی بەرگری لە دەشتی هەریر دابنێن، دوژمن گەیشتە دەوری بەرزاییەکانی سپیلک کە عەقیدی ڕوکن عەبدولکافی نەبەوی، بە یارمەتی هەشت لقی پێشمەرگەی ئازا و قاڵبوو لە شەڕەکاندا بەشێوەی خوارەوە بەرگرییان لێدەکرد.

لقی یەک بە فەرماندەیی کەکۆ مێرگەسوری، لقی دوو بە فەرماندەیی حاجی بێرۆخی، لقی سێ بە فەرماندەیی مستەفا نێروەیی، لقی چوار بە فەرماندەیی عەریف یاسین، لقی پێنج بە فەرماندەیی ئەمین حاجی محەمەد هۆستانی ناسراو بە مەلا ئەمین بارزانی، لقی شەش بە فەرماندەیی حەمە زیاد، لقی حەوت بە فەرماندەیی عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی و لقی هەشت بە فەرماندەیی حەمید بیری.

لەو بەرەیەدا، بەهۆی هەڵەی یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بەناوی مقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی کە لقێکی بە فەرماندەیی سلێمان شاوالی شانەدەریی ناردبوو بۆ گوندی "بەردین" و ئارایشی هێزەکانی پێشمەرگەی لەگەڵ هێزەکانی عەبدولکافی نەبەوی تێکدابوو، هەروەها خیانەتی حوسێن ئاغای سورچی کە یارمەتی کرد لیوای سێی سوپای عێراق لە خەلیفان و باڵەکیان خواردنیان بۆ بچێ و خۆیان لە گەمارۆی پێشمەرگەکان ڕزگار بکەن، دوژمن توانی ڕۆژی ١٦- ١٩٦٣/٦/١٧ بە هاوکاریی جاشەکانی سەربە حوسێن سورچی و عومەر سورچی برای زنجیرە چیای سپیلک و گەلی عەلی بەگ و کۆڕەک لەدەست پێشمەرگەکان دەربهێنن و بەوەش سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بخەن و ڕێگا بۆ ئەو هێزە خۆش بکەن کە ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٩ بە

فەرماندەیی عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری بەرەو سپیلک دەهاتن. مامۆستا هەژاری شاعیر دەربارەی یەکێک لەو شەڕانەی ناوچەی بارزان کە لە دەروبەری بلە "بلێ" لە گوندی سەفتێ کراوە، لە لاپەڕەکانی ٤٠٠- ٤٠١ی کتێبەکەیدا، چێشتی مجێور کە بە دوای کۆچی دواییدا لەلایەن خانی شەڕەفکەندی کوڕی، ئامادە و ساڵی ١٩٩٧ لە پاریس بڵاوکراوەتەوە دەڵێت:

- (زۆر جار گوتومە، بڕوای تەواوم وابو: هەر کەسێکی زۆر بە غیرەتیش، هەر دڕندەیەکی وەک شێر و پڵنگیش، هەرگا هەست بە خەتەری مەرگ دەکا، جۆرێک ترس، جا با زۆر کەمیش بێ، دایدەگرێ. کێیە لە بەرانبەر مردندا هیچ نەبێ کەمێک تێک نەچێ؟ خوا لە هەمو ئافەریدەیەک دا کەم یا زۆر ترسێکی داناوە، بەڵام مەلایکەی ترس بە دەست مەلا مستەفا لەبیر چوە. ترس بەلای ئەودا نەهاتبو. لە وەتاغی دیوەخانی بەغدا، لە ناو دۆست و ئاشنایان دا چەند ڕوگەش و خاترجەم بو، لە جەنگەی گوللە و ئاگرباراندا هەر ئەو پیاو بو، نە ڕەنگی دەگۆڕا، نە قسەی تێکەڵ دەبون، نە وەیدەزانی مێشێکیشی لە دەورەیە. بەڵێ بەهۆی بەخێوکرانی لە کۆمەڵگای شێخانی بارزاندا لە خودا دەترسا، لە ئابرو نەمان و ناوزڕان دەترسا، بەڵام ترس لە مەرگ و دوژمن؟ هەرگیز. هەر ئەوم دیت گاڵتەی بە مردن بێت. ئازایەکی خەیاڵی لێهاتبو. کە ئەو مابەینە لە نزیکەوە دەگەڵی بوم، بڕوام هێنا کە هێشتا کەس نەیتوانیوە و کەسیش ناتوانێ ئازایەتی و نەترسانی مستەفا بارزانی وەک هەیە، دە یەکیشی پەی پێ بەرێ و بزانێ باسی بکا... ڕۆژێک لە جەنگەی ئەو شەڕانەی "بنی دەڵاش" ئاگر بەربووە هەرچوار تەرەفمان. تەقە و گرمەش گوێی عاسمانی کەڕ دەکرد. ئاگری پوش و داران هەردەهات و نزیک دەبو. مەلا مستەفا پاڵی بە بەردێکەوە دابو، سیغاری دەکێشا. ڕوی کردە من و حیکایەتی ڕاوە بەرازێکی دەگێڕاوە کە ساڵێک دەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای دا توشی ڕەوە بەراز هاتون، زۆر بە وردی و هێمنی باسی هەمو وردەکاریەکی ئەو ڕاوەی دەکرد، چەند کەسێکیش لە حەرەسەکانی لە دەوری ڕاوەستابون. "زورار" ناوێک بە هەناسەبڕکە و شێواوی هات و گوتی: ئەزبەنی جاش گەیشتنە گوندی "سەفتێ" و ئاگریان تێ بەردا.

فەرموی: "هەژار، سواراغا لەو ڕاوەدا لە هەموان چێتر بوو..."

ڕیزە گوللەیەک هەروا دوبست بڵندتر لە سەری مەلا مستەفا وەبەردێک کەوت و گوللەکان داوەرینە ناومان.

– جا سواراغا ....

گوتم: قوربان سواراغای چی و ڕاوە بەرازی چی؟ بۆ من لە ترسان گوێم لەو قسانە دەبێ؟ ئێستا ئاگرمان دەگاتێ.

فەرموی: "سواراغا گوتی ڕاوە بەراز زانینی دەوێ".

حاچکی حەرەس بە دەنگێکی لەرزۆکەوە کە دیاربوو زۆر لەوە دەترسا مەلا مستەفا لە ڕێژنەیەکدا بکوژرێ گوتی: ئەزبەنی خەبەری هەژارە، لێرە لاکەوی باشە.

فەرموی: "سواراغا لە دواوە بەرازێکی کوشت. بەو کارەی...".

حوسێنی حەمەدئاغای مێرگەسوری بە هەڵەداوان و پشو سواری هات و گوتی: ئەز غوڵام سەفتێ سوتا، جاش دێنە ئێرە (سەفتێ هەزار میترمان لێ دور نەبوو.)

فەرموی: "هەڕنێ" (یانی بۆی بچن) "بەڵێ، هەژار گوێت لێ یە؟"

– نەخێر نەوەڵڵا!

– سواراغا یەکە یەکەی لە دواوە دەکوشت، پێشەوە نەیاندەزانی کە بە توندی بڕەون...

باوەڕکە ئاگر لە هەر چوارلاوە لام وایە بیست میتری نەماوە بمان گاتێ. تینی دەهاتە سەر و چاومان. ئەو پیاوە دەتگوت لە دیوەخان پاڵی بە دەستە نوێنەوە داوە و چاوەنۆڕە قاوەچی و قەننەدار، قاوە و قەننەی تێکراوی بۆ بێنن. لە چیرۆکی ڕاوەکە وازی نەهێنا و لە جێگەی خۆی نرکەی نەکرد. خوا و ڕاستان ئێستا با، دەمانگوت هیمدادی غەیبی یە، ئاگر دامرد و نەمان گەیشتێ. خەبەر هات گوتیان جاشمان لە سەفتێ هەڵقەندن و کەلاکیان بە کۆمەڵ لەو دەشتە کەوتوە.)

هێرشی فیرقەی یەکەم و دووەم بۆسەر بارزان

ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٣١ فیرقەی یەکەم بە هاوکاریی جاشەکانی زێباری، سورچی، گۆران، هەرکی، شەرەفانی، ئێزدی، کۆچەر و بەرواریی و لەژێر ئاگری فڕۆکە و تۆپخانەدا، لە چیای پیرس دابەزین و بەرەو بارزان هاتنە پێشەوە. پاش شەڕێکی قورس کە ٦ پێشمەرگەی تێدا شەهید و ٢٧ پێشمەرگەش بریندار بوون، دوژمن توانی گوشار بخاتە سەر بارەگای بارزانی لە "گەلی دەڵاش" و زۆری نەمابوو کە داگیری بکات و تەنیا ١٥ پێشمەرگەی لەگەڵ مابوو. پێشمەرگەکان لە پاشەکشەدا بوون، بەڵام بارزانی لەجێی خۆی نەجوڵا. دوژمن لە بارەگای بارزانی تێپەڕی و لەژێر چەتری چەند هێلیکۆپتەردا هێزەکانی لە زێ پەڕاندەوە و ئەمبەر و ئەوبەری زێی بە جاشەکان قایم کرد و بەرەو بلە "بلێ" چووە پێشەوە. دوای تاریکبوونی هەوا، بارزانی لە ڕووبەڕووی ڕێزان بە کەڵەک لە زێ پەڕییەوە و لەکاتێکدا کەمتر لە دوو کیلۆمەتر لەگەڵ هێزەکانی دوژمن مەودای هەبوو، گەیشتەوە پێشمەرگەکان. ورەی پێشمەرکان بە تەواوی دابەزیبوو، هەریەکەیان لە جێیەک کەوتبوون، یان خەریکی هەڵکەندنی قەبر و گواستنەوەی بریندارەکان بوون بۆ ئەشکەوتێک کە دوکتۆر مەحمود عوسمان بنکەی تیمار کردنی لێ دانابوو. لەم بارەیەوە ناوبراو لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٦٣ ئێمە لە ناوچەی بارزان بووین. چونکە مەلا مستەفا لەوێ بوو، حکومەت هەموو گوشارەکانی خۆی خستبووە سەر ئەو ناوچەیە و شەڕی قورس لەوێ بوو. هەر لە سپیلکەوە بگرە تا دەگاتە ناوچەی بارزان شەڕ بوو. حکومەت بەو هیوایەوە بوو لەوێوە کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنێت. شەهید و بریندارێکی زۆرمان هەبوو.**

منیش لەوێ بووم، خەستەخانەیەکی سەفەرییمان لە ئەشکەوت دانابوو، لەو ساڵەدا حەوت ئەشکەوتمان لە دەوروبەری چیای شیرین و پیرس گۆڕی. لەگەڵ ڕۆیشتنی شەڕەکە بۆ دواوە و هاتنە پێشەوەی ئەوان، ئێمە ئەشکەوتمان دەگۆڕی. بە تەیارە لێیاندەداین و بەردەوام تۆپبارانیان دەکردین. سەدان شەهیدمان هەبوو لەگەڵ نزیکەی ٣٥٠ بریندار کە بەبێ بەنج و سڕکردن دەرمانمان دەکردن. وەزعەکە زۆر ناخۆش بوو. بەکورتی دوژمن دەیزانی بارزانی لەوێیە و کورد گوتەنی دەیویست لەوێ سەری مارەکە پان بکاتەوە.)

بارزانی زانیاریی بەدست کەوتبوو کە ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٤ دوژمن پەلاماری بارزان دەدات. پێشمەرگەکان بڵاوببوونەوە و بارزانی بەو ١٥ پێشمەرگەیەی کە لەگەڵی بوون، نەیدەتوانی بەرگریی لە بارزان بکات. ڕۆژێکی سەخت و زۆر دژوار و یەکێک لە ڕۆژە هەرە ڕەشەکانی ژیانی پێشمەرگە بوو لە ناوچەکەدا. لەو دۆخە نالەبارەدا، بە وتەی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٣٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا، بارزانی ڕووی لە پێشمەرگەکان کرد و پێی گوتن: **(وا من دەڕۆم بۆ داکۆکی، کێ دەیەوێ لەگەڵم بێ، بابێ.)** ئەمەی گوت و ڕێی داگرت کە حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسوریی هەستایە سەرپێ و گوتی: **(ئەز قوربانی تەمە. ناهێڵم تۆ تەنیا بچی. ڕەنگە لەم کۆمەڵەدا کەسانێک هەبن دووت بکەون. ئێمە پەیمانت دەدەینێ دوژمن هەرچەندە زۆر و زاڵ بێ، ئەم شەڕە هەر دەکەین و دەیکەین. ئەگەر پیویستیشی کرد ناهێڵین بەسەر لاشەماندا نەبێ، تێپەڕێ.)**

بە دوای حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسورییدا هەریەک لە پێشمەرگە و سەر لقەکانی وەک: شیت سەرکیر، حادی حسکۆ، ئەحمەد حاجی تاتکی، مەحمود شڤان شانەدەری، عەلی سلێمان هۆستانی و مستەفا ئەحمەد هۆستانی هەستانە سەرپێ و گوتیان خۆمان و تاقمەکەمان لەگەڵتین.

بارزانی بەو پێشمەرگە ئازا و بە جەرگانە، هێڵێکی بەرگریی لە بەرزاییەکانی نێوان بلێ و بارزان کە پێیدەگوترێ "ملە" دانا. ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٤ دوژمن سەرەتا ناوچەکەی بە توندی بۆمباران کرد، بە چەشنێک هەموو چیاکان لە ئاگردا دەسوتان و دوای ئەوە

کە پێیوابوو کەس لە ناوچەکەدا نەماوە، بەڕێکەوت بارزان داگیر بکات کە تەنانەت یەک خانووبەرەی نەمابوو کە مرۆڤ تێیدا بژی، بەڵام گرتنی بارزان بۆ دوژمن قەڵای سەرکەوتن بوو.

دوژمن لە پێشڕەوییدا بوو کە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە گوللەی بەسەردا باری و پێشمەرگەکان نەیانهێشت لە جێی خۆیان ببزوون و بۆ ماوەی دە کاتژمێر بەرنگاریان بوونەوە، تا بەرە بەرە دوژمن پاشەکشەی کرد، بە چەشنێک لە بلەش خۆیان ڕانەگرت و تا گوندی ڕێزان کشانەوە و تەرمی چل لە چەکدارەکانی بەجێهێشت. لەو شەڕەدا، بە داخەوە دووله فەرماندەکانی پێشمەرگە بەناوی حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسوریی و شیت سەرکیر و دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی سەعید تاجەدین سەرکیر و ئەحمەد شێخ زادە زێوکی شەهید بوون.

دوژمن بۆ شاردنەوەی ئەو شکستەی و ڕێگرتن لە دابەزینی ورەی ئەندامانی سوپاکەی لە ڕادیۆ بڵاویکردەوە کە سەربزێوەکانی شکاندوە و گوندی بارزانی گرتووە. ئەو درۆیەی نەک دوژمنانی گەلی کورد، بەڵکوو کۆمەڵێک لە بەناو دڵسۆزانی کوردییشی خۆشحاڵ کرد کە بەهۆی دووبەرەیی لە بۆچووندا، دەیانویست سەرۆک بارزانی نەمێنێ، هەرچەندە بە شکانی بارزانی، شۆڕشیش هەرەس بێنێت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە پەڕاگرافی ١٧ی، لاپەڕەی ١٣٩ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(کە ئیبرایم ئەحمەد هەواڵی گرتنی بارزانی لە ڕادیۆی حکومەت گوێ لێبوو، بە حوزووری سەلیم فەخری، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان، دارا تۆفیق و کەسانێکی تر بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "دەبا بیخوا." مەبەستی لە بارزانی بوو. ئەمە بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی بوو بەو شکستە درۆینەی کە ڕادیۆ بڵاویکردەوە.)**

هەروەها دەربارەی سەختی شەڕەکانی ناچەی بارزان و گوشارێک کە کەتبووە سەرخەڵکی ئەو ناوچەیە. عەبدولرەحمان شەڕەفکەندی "مامۆستا هەژار"، لە کتێبی چێشتی مجێور، لاپەڕەکانی ٤٠٣- ٤٠٤ دەڵێت: **(جارێک بۆ مەلا مستەفایان گێڕایەوە کە پێشمەرگەی لای هەولێر کە دیتویانە ئەو هەزاران کامیۆنە لەشکرە و ئەو هەمو تۆپ و تۆپخانەیان بەرەو بارزان دەچن، گریاون، هاواریان بۆ برایم ئەحمەد بردوە: "کەی ئەوە شەڕەفە برایانی ئێمە بکوژن و ئێمە دەست لەسەر دەست تەماشا کەین؟" برایم گوتویەتی "ئێوە نازانن، ئەگەر بارزانی نەمێنێ فەرماندەیی دەبێتە یەک، ئەمجار عەکسی بارزانی وەک شەهید دەفرۆشین، پارەی زۆر دەکا.)**

لە ڕاستیدا حکومەت بە تۆپ و بۆمبارانی فڕۆکەکان گوندی بارزانی کاول کردبوو، هیچ خانوویەکی نەمابوو، بەڵام پێشمەرگەکان بەڵێنی خۆیان بردەسەر و بە ورەیەکی بەرز بەسەر دوژمندا زاڵبوون. دوژمن ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٦ دەوروبەری پردی ڕێزانی بۆمباران کرد و لە پردەکە پەڕییەوە کە کەوتە کەمینی ئەو پێشمەرگانەوە کە عوزێر دۆڵەمەریی و عومەرئاغای دۆڵەمەریی سەرکردە و حالی دۆڵەمەریی یاریدەدربوو، لە ئاکامدا دوژمن ڕایکرد و ٣٦ کەلاکی کوژراوەکانی لەوێ بەجێهێشت و خەڵک ١٤ کەلاکی دوژمنیشی لە ئاودا گرتەوە. دوژمن بەو شکانانەی بەتەواوی ورەی دابەزی. ڕۆژی ١٩٦٣/٨/١٣ هێزەکانی بەرەو چیای پیران کشاندەوەو ڕۆژی ١٩٦٣/٨/١٨ دوو فڕۆکەی جۆری "ئیلیووشن" چوار بۆمبی ٥٠٠ کیلۆییان لە گوندی "لێرەبیر" دا کە بارەگای بارزانی لێبوو. یەکێک لەو بۆمبانە لە نزیک بارزانی و مەسعود بارزانی کەوت، بەڵام نەتەقییەوە. دوژمن هەتا ئەو ڕۆژە بە تۆپ و بۆمبارانی فڕۆکەکانی درێژەی بەشەڕدا، بەڵام ئیتر پشووی لێبڕا. سەعید حەمۆ فەرماندەی لیوای پێنجەمی سوپای عێراق لە کتێبی یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ شەڕی ڕۆژی ١٩٦٣/٩/١٧ دەکات کە ١٢٠ کەلاکی کوژراوەکانی دوژمن کەوتە دەست پێشمەرگەکان و دەڵێت: **(ئەگەر پێشمەرگەکان خۆیان بە گرتنی دیلەوە خەریک بکردایە، عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری فەرماندەی فیرقەی دووەم و فەرماندەی لیوایان دەگرت، بەڵام پێشمەرگەکان خۆیان لە گرتنی دیل دەپاراست.)**

شەڕی چیای مەتین "مەتینا": بەو زەبرەی کە دوژمن لە بلە و ڕێزان لێیکەوت، مۆڵگەیەکی لە تەختایی سەر چیای پیرس و دەروبەری گوندی "بیرەکەپران" دانا کە جێی لیوایەک و نزیکەی دوو هەزار جاش دەبۆوە. دەوری مۆڵگەکەی بە چاندنی مین و تێلدڕک قایم کرد و هێزە زیادەکەی بۆ ئامێدی، دهۆک و زاخۆ گواستەوە کە لەگەڵ لیوایەک یەکتر بگرنەوە کە لە سوپای سوریاوە بۆ پشتیوانیی سوپای عێراق هاتبوو. بەدوای یەکگرتنەوەی ئەو هێزانە، دوژمن ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٢٠ چیای مەتینی داگیری کرد.

بەهۆی ستراتیژیی بوونی چیاکە، فەرماندە و پێشمەرگەکان کۆبوونەوە کە پلانێک بۆ گرتنەوەی چیای مەتین دابڕێژن. نزیکەی٤٠٠ پێشمەرگەی فیدایی بەڵێنیاندا کە چیای مەتین ئازاد بکەن. بەو پلانەی کە فەرماندەکانی پێشمەرگە دایانڕشت، شەوی ٤-١٩٦٣/١٠/٥ لقەکانی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عیسا سوار هەڵمەتیان بردە سەر چیای مەتین و دوای شەڕێکی سەخت کە ئەنجامەکەی گەیشتە شەڕی خەنجەر و نێزە، پێشمەرگەکان چیای مەتینیان لە دوژمن پاککردەوە و سوپای عێراق و ئەو لیوا داگیرکەرەی سوریيان شکاند و پاشماوەی لەشکری شکاوی سوریایان ناچار کرد بەرەو سوریا بکشێتەوە.

لەو شەڕەدا، دوژمن ١١٣ کەلاکی کوژراوەکانی لە مەیدانی شەڕدا بەجێهێشت لەگەڵ دوو تۆپی ٧٥ میلم چیایی و ٤٠٠ تفەنگ و ١٥ شەستتیر و ژمارەیەکی زۆر فیشەک و کەلوپەلی سەربازیی. هەروەها ٣٨ پێشمەرگە شەهید و ٧٨ پێشمەرگەش بریندار بوون. بە دوای ئەو شەڕەدا پێشمەرگەکان ورەیان زیاتر بەرز بۆوە. لەم بارەیەوە دەرویش یوسف ڕەشید نێعمەت سندی ناسراو بە عەریف دەرویش لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(ئێمە لەسەر زنجیرە چیای مەتین لە ڕۆژهەڵاتی زاخۆ بووین کە دوژمن لە پێنج بەرەوە:**

ئامێدی، ڕاستەی بامەڕنی لە پشت مەتار، قەڵای شێخۆ، گوندی ئەدنا و بە ڕێی گوندی قەدشێدا هێرشی بۆ کردین. بەرلە هێرش بە تەیارە و خۆمپارەی ١٢٠ ملیم و تۆپی دوورهاوێژ لێیانداین. من و سەعید عەبوش سلیڤانا، عەلی عەلی سێڤدین و حاجی قادر گڕاوی ئامر بەتالیۆن بووین. ئێمە بەهۆی قایم بوونی شوێنەکەمان تا ماوەیەک تاقەتمان هێنا، بەڵام دواتر پاشەکشەمان کرد. هێشتا دوژمن خۆی قایم نەکردبوو کە بە دژە هێرشێک سەرلەنوێ چیاکەمان گرتەوە. شەڕی مەتینا ٤٨ ڕۆژی خایاند و پتر لە ١٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران. عەلی خەلیل و سەعید خەلیل فەرماندەمان بوون و عیسا سوار فەرماندەی گشتی هەموومان بوو. لەو شەڕەدا هەموو عەشیرەتەکانی سندی، گولی، دۆسکی، سلیڤانا هاتن و دژی دوژمن بەشداریی شەڕەکەیان کرد.)

شەڕی عەینزالا: عەریف دەرویش لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژە بۆ شەڕی عەینزالا کرد. پێشتر، لە لاپەڕەکانی پێشوودا چۆنیەیتی شەڕەکەم بڵاوکردەوە و پێویست بە بڵاوکردنەوەی دووبارە ناکات.

وەستانی شەڕ: شکانی سوپای دوژمن لە بارزان، بلێ، ڕێزان و دواتریش لە چیای مەتین دۆخی سوپا و حاکمانی حیزبی بەعسی بەتەواوی شپرزە کردبوو. هەرچەندە گوشاری زۆریان خستەسەر ناوچەی پێشمەرگەکان و بە دەیان خەڵکی ئاسایی شەهید کرد، بەڵام پێشمەرگە بە زەبری کوشەندەی نەچاری کردن واز لە بیری داگیرکردنی ئەو بەشەی کوردستان بێنن کە بارزانی فەرماندەیی دەکرد، لەبەر ئەوە عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری فەرماندەی فیرقەی دووەمی سوپای عێراق داوای بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکانی لە تاهیر یەحیا سەرۆکی ئەرکانی سوپا کرد. تاهیر یەحیا وەڵامی پۆزەتیڤی بە خواستی ئەنساریی دایەوە و ئەویش ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٢٢ نامەیەکی بە ئەسعەد شێتنەدا ئاراستەی شێخ ئەحمەد کرد و لەودا داوای کرد کە وەفدێک بۆ گفتوگۆ بنێرنە لای فەرماندەی فیرقەی دووەم و لە پارێزگای هەولێر گفتوگۆ بکەن. شێخ ئەحمەد داخوازی ئەنساریی خستە بەر ڕای سەرۆک بارزانی و هەردووکیان بەگوێرەی ئەو دۆخە نالەبارەی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا هاتووە، بە مەسڵەحەتیان زانی کە وەڵامی پۆزەتیڤ بە ئەنساری بدەنەوە. ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٢٣ شێخ ئەحمەد بەو

نامەیەی خوارەوە، وەڵامی ئەنساری دایەوە. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ١٤٦-١٤٧ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" دا دەقی نامەی شێخ ئەحمەدی بەشێوەی خوارەوە بڵاوکردوەتەوە:

بۆ جەنابی سەرکردەی فیرقەی دوو

پاش پێشکێش کردنی سەلام و حورمەت

نامەکەتانمان پێگەیشت، ئێمە سوپاستان دەکەین لەسەر ئەم بۆچوونەتان. ئێوە دەزانن ئێمە لە ئەسڵدا دەستپێکەری شەڕ نەبووین، بگرە ئێوە بوون هێرشتان هێنایە سەر گوندەکانی ئێمە و ماڵتان سوتاندین و ژن و منداڵتان کوشتین. گوللە تۆپ و بۆمبای باڵەفڕەکانتان شەو ڕۆژ بەسەرماندا دادەوەرێ، بۆیە پێویست بوو لەسەرمان داکۆکی لەخۆمان بکەین. ئێمە شەڕ دەوەستێنین بە مەرجێ ئێوەش لای خۆتانەوە شەڕ بوەستێنن و هەموو هێزەکانتان لە خاکی ئێمە بکشێننەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وا لەگەڵ ئەم نامەیەمدا شێخ سلێمانی برازام و هەردوو کوڕەکەم محەمەد خالید و نەزیر دەنێرمە لاتان. لەخوا دەپاڕێمەوە ڕێگەی ڕاستمان پێشان بدا و هەموو بەڵا و مسیبەتێ لە عێراقییەکان دوور بخاتەوە.

ئیمزا شێخ ئەحمەدی بارزان ١٩٦٣/٩/٢٣

بە گەیشتنی وەفدی شێخ ئەحمەد بۆ وتوێژ بەو مەرجەی کە سوپا لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر "تشرین"ی یەکەم لە ناوچەی بارزان بکشێتەوە، ئاگربەس ڕابگەیەنن کە هێزەکانی سوپا لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەردا ناوچەی بارزانیان بەجێهێشت. حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشوی ئەرکانی سوپای ئێران لە لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤، کتێبەکەیدا "کوردەکان- لێکۆڵینەوەکی مێژوویی و سیاسی"، کە بە زمانی ئینگلیزی نوسیوییەتی و زانکۆی ئاکسفۆرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و من وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و دەزگای وەرگێڕان لە هەولێر بۆ جاری دووەم لە ٢٠٠٧دا بڵاویکردوەتەوە، سەبارەت بە زەرەر و زیانەکانی ئەو شەڕانە دەڵێت:

- (سوپای عێراق بە سێ لەشکری کۆکراوە هێرشی کردە سەر کوردستان. بەگشتی دوو سێ سوپای عێراق بەشداریی ئەو شەڕەیان کرد و بۆمبارانی توندی

فڕۆکەکان ئەنجامی گرت و پێشمەرگەکانیش بۆ ئەوەی لە گەمارۆ نەکەون، بە ئارامی بەرەو چیاکان و بەرزاییەکان پاشەکشەیان کرد. لەو شەڕانەدا بڵاوکراوەکانی بارزانی ئاماژەیان بۆ دەستکەوت و زیانەکانیان کرد و ڕایانگەیاند لە ماوەی دوو هەفتەی شەڕدا، ١٣٤٠ چەکداری سوپا و ٧٤٠ جاشیان بەدیل گرتووە، ٢٠ تانک، ١٦٤ ڕەشاش، ٩ بازوکا، ١٠٠٠ تفەنگیان دەستکەوت بووە و لە بەرامبەردا ١٣٤ پێشمەرگەیان شەهید و ٢٧٣ پێشمەرگەشیان بریندار بوون و بەهۆی بۆمبارانەکانەوە، ١٦٧ گوند وێرانکران و ٦٣٤ کەسی مەدەنی و ١٣٠٩ ژن و منداڵ لە بۆمبارانەکاندا شەهید بوون. سەرئەنجام دوای پێنج مانگ بەسەر وتووێژی بەغدا، ١٨ ی نۆڤێمبەری ١٩٦٣ لە عێراق کودەتا کرا و عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتەدەست و شەڕی ڕاگرت و داوای وتووێژی لە بارزانی کرد. مەکتەبی سیاسی لەگەڵ وتووێژ نەبوو، بەڵام بارزانی داواکەی قەبووڵ کرد.)

هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ

لەوکاتانەدا کە هێزەکانی سوپاو جاش بەپشتیوانی یەکەکانی تۆپخانە و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان گوشاریان خستبووە سەر ناوچەی بارزان و گوندەکانیان وێران دەکرد و دارستانەکانیان دەسوتاند و کێڵگەکانیان بە تۆپ و بۆمبای فڕۆکەکان دەکێڵا، بارزانی چەند بروسکەی بۆ مەکتەبی سیاسیی نارد و داوای لێکردن بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر ناوچەی بارزان کەم بکرێتەوە لە چەند خاڵێکەوە دەست لە دوژمن بوەشێنن.

ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لەلایەک بە ڕواڵەت داخوازی بارزانی بە لقەکانی پێشمەرگە ڕادەگەیاند و لەلایەکی تردا بە فەرماندەی پێشمەرگەکانی ڕادەگەیاند نەجوڵێن و لە جێی خۆیان بمێنن. تەنانەت ئەو پێشمەرگانەشی کە گوێیان بۆ ڕاسپاردەکەی شل نەدەکرد، دەخستە ژێر لێپێچینەوە. نمونەی ئەو پێشمەرگانە زۆر بوون لە کوردستاندا، بەڵام مەسعود بارزانی لە پەڕاوێزی ٢٦ی لاپەڕەی ١٤٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بۆ ناوی چەند پێشمەرگە دەکات کە لە جێگەی جیاوازدا، بەبێ پێچ و پەنا ڕێگەی ئەوەیان لێگیراوە کە بەگژ دوژمندا بچن، وەک: شەهید ئیبراهیم ئەفەندی لە دەشتی هەولێر، فازڵ تاڵەبانی لە ناوچەی خانەقین و تاریق ئەحمەد لە ناوچەی شوان.

کردەوەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و پێوەندی نزیکی بە ئێرانەوە بەهۆی سەرگورد عیسا پژمان نوێنەری ساواک، بارزانی بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە نەکا ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ حاکمانی بەعسیش ڕێککەوتبێ کە پێشمەرگەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمن دوور ڕادەگرێت کە ئەم بۆچوونەی بارزانی دوارۆژ سەلمێندرا و زانرا کە شای ئێران گفتی بە ئیبراهیم ئەحمەد داوە کە ئەگەر بارزانی لەنێو بچێ، لەگەڵ ڕژێمی بەعس پێکیدێنێت، بەڵام بۆچی بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی جگەلە عەلی عەسکەریی کە بەرپرسی ناوچەی پێنجوێن بوو، عومەر دەبابە کە بەشداریی شەڕی هەیبەت سوڵتانی کرد و جەلال تاڵەبانی کە لە دەروەوەی وڵات لە ئەوروپا

بوو، ئەوانی تر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد لە ماوەت پاڵیاندابۆوە و گوێیان لە ڕادیۆکانی دوژمن بوو کە بزانن کەنگێ سوپای داگیرکەر بەسەر بارزاندا زاڵ دەبێت.

ڕەوتی ڕووداوەکان بە پێچەوانەی ویستی ئیبراهیم ئەحمەد سوڕانەوە و کاتێک سکرتێری حیزب بەو گۆڕانە نوێیەی زانی، کەوتە هەوڵدان کە پێوەندیی لەگەڵ بارزانی قایم بکاتەوە و ئەم بروسکەیەی ئاراستەی بارزانی کرد کە بارزانی بروسکەکەی بێ وەڵام هێشتەوە:

بۆ بەڕێز مستەفا بارزانی

ژمارە ٤٤٧ مێژوو ١٩٦٣/١٠/١٠

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لەو بروسکانەی کە دەزگای بێتەلمان وەریانگرتوون، دەرکەوتووە کە حکوومەت دەستی کردووە بە کشاندنەوەی ژمارەیەک لە فەوج نیزامییەکانی بۆ کەرکووک. ئەم کشانەوەیە تێکڕا واتە کشانەوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی بارزان. جگە لەم بروسکەیە، لەملا و لەولاشەوە دەنگوباسمان پێ دەگات لە بارەی گفتوگۆی جەنابتانەوە لەگەڵ حکوومەت. هەندێ کەسیش ئەم کشانەوەیە ئەبەستەوە بە پێشکەوتنی گفتوگۆکەوە. لەبەر ئەمە و لەبەر ئەوەی کە ڕێی تێ ئەچێ مەبەست لەم کشانەوەی هێزانە بۆ کەرکووک بەکارهێنانیان بێت بۆ هێرش بردنێک لە ناوچەیەکی تردا. پێویستە لەسەرمان هەر لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەم ڕێ تێچوونە، بەڵام و بۆ ئەوەی بە تەواوی لەم جوڵانەوە نوێیەی حکوومەت تێ بگەین، تکایە ئاگادارمان بکەن لەو گۆڕان و بەرەوپێش چوونەی بەسەر گفتوگۆکەدا هاتووە ئەگەر ڕاستە و هەیە. هیوای سەرکەوتنمان بۆتان هەیە لە پێناوی کوردستاندا. ئیتر بۆ پێشەوە. تکایە وەڵاممان بدەنەوە.

مەکتەبی سیاسی

هەروەکوو گوتم: سەرۆک بارزانی ئەم بروسکەیەی پشتگوێ خست و وەڵامی نەدایەوە. دوای ئەوەش، چەندان ڕاپۆرت لە کادیرانی پارتی بە بارزانی گەیشت کە هەموویان باسیان لە ناپاکی ئیبراهیم ئەحمەد سەبارەت بە بارزانی و بەستراوەیی ئەو بە ئێرانەوە دەکرد. لەم بارەیەدا حەبیب محەمەد کەریم لە وتوێژێکی ڕاستەوخۆدا کە

دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(کێشەکەی لەگەڵ بارزانی لە سەرەتادا زیاتر کێشەیەکەی شەخسی بوو، ئەوکاتە شتێکی گرنگیان لەنێواندا نەبوو، تا سەرئەنجام ئیبراهیم کەوتە لایەنی دژبە خەتی بارزانی و لەگەڵ ئێران کەوت. کێشەی سیاسی لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەدو مەلا مستەفا زیاتر لەسەر بەستراوەیی ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە ئێران و بارزانی دژی ئێران بوو. بە کورتی بە ئەمری ئێران دەجوڵاوە کە ئەوەش لای بارزانی مەمنوع بوو.)**

هاوکات لەگەڵ بەجێهێشتنی ناوچەی بارزان، دوژمن ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١ بە دوو لیوای سێ و پێنج هێرشی کردە سەر بەرەی چەمی ڕێزان لە نێوان کەرکوک و سلێمانی. بەهۆی تەخت بوونی ناوچەکە دوژمن توانی لەو هێرشەیدا لە تانک و زرێپۆش کەڵک وەربگرێت. پێشمەرگەکان بە لە خۆبردوویی توانیان بۆ ماوەیەک لە بەرامبەر دوژمندا خۆ ڕابگرن و دواتر شوێنەکە بەجێهێشت و پاشەکشە کرد.

گەڵاڵە دەبێت بە بارەگای گشتیی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان

بە کشانەوەی هێزەکانی ڕژێم لە ناوچەی بارزان، ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٠ بارزانی ناوچەی بارزانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ناوچەی باڵەک. ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٣ کە خەریکبوو دەگەیشتە گوندی "گەزنە" لە لایەن عەقید عەبدلکافی نەبەویی و فەرەنسۆ هەریرییەوە پێشوازی کرا و ئەو دوو بەرپرسانە ڕاپۆرتێکیان سەبارەت بە دۆخی ناوچەکە و ئەو سەرکەوتنانەی کە پێشمەرگەکان بەدەستیان هێنابوو، ئاراستەی بارزانیی کرد. گوتیان پێشمەرگە چیای هەندرێن، زۆزک و حەسەن بەگیان لە دوژمن پاککردوەتەوە و جەنگاوەرانی ناوچەی باڵەک و هێزێکی سرێشمە بە فەرماندەیی مەجید ئەحمەد شاباز و هێزەکانی عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی و چەند پەلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بە فەرماندەیی مولازم خدر و فاخر حەمەد ئاغای مێرگەسوری هاوکارییان کردون کە بارزانی دەستخۆشیی لێکردن.

بارزانی چەند ڕۆژ لە گوندی گەزنە و "گرتک" میوانی مەلا وەیس گرتکی بوو. پاشان چوو بۆ گەڵاڵە و ئەو ناوچەیەی بە بارەگای گشتیی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵبژارد. مەسعود بارزانی کە یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی، لە لاپەڕەی ١٥١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(هەرکە گەیشتینە دەوروبەری گوندی "داروسەلام" محەمەد نەجیب بەرواریمان پێگەیشت و ئاگاداری کردین لە بەغدا کودەتا ڕوویداوە. ئەوە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا بوو.)**

کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣ و ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و کوردستان

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ درندەیی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا و بەتایبەتی لە ناوچەی بارزان کرد. ئەو ڕژێمە هەزاران کەسی کردە قوربانیی و سەدان میلیۆن دیناری زیان بە ئابووریی عێراق و کوردستان گەیاند و دەیویست بە شەڕ و مرۆڤ کوشتن درێژە بە ژیان و پێشێلکارییەکانی بدات و بەم ڕێگایەوە کێشەکانی چارەسەر بکات کە نەیتوانی. بارودۆخی پێکهاتوو بەهۆی شەڕ لە کوردستان و ئاژاوە لە بەغدا، پەرەی بە کێشەی لایەنەکانی بەشدار لە حکومەتدا دا. سوپا، حەرەس قەومی، حیزبی بەعس و ناسرییەکان کاریان گەیاندە جێیەک کە ئەم جارە بە دژی یەکتر بڕژێنە نێو شەقامەکانی بەغدا و خوێنی یەکتر بڕێژن. لەو چوارچێوەیەدا بەعسییەکان کۆنترۆڵی دۆخەکەیان گرتە دەستو کۆمەڵێکیان لە ئەفسەرە ناسرییەکان گرت و تاوانی کودەتایان لێدان و لەژێر ئەشکەنجەدا لەنێویان بردن. دواتر کێشەکان کێشرایە نێو دوو باڵی چەپڕەو و ڕاسترۆی حیزبی بەعس و ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ شەڕێکی خوێناوی لەنێوان ئەو دوو باڵەدا ڕوویدا و لە ئەنجامدا عەبدولسەلام عارف و عەلی سالح سەعدون لە بەرەی ڕاست دەستیان بەسەر حکومەتدا گرت. هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە، بارزانی لە ناوچەی باڵەکایەتی، گوندەکانی بەسەر دەکردەوە کە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٥٤ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٦٣/١١/٢٣ بارزانی خەریکبوو لە شێخانەوە بچێ بۆ حاجی ئۆمەران کە ڕادیۆم کردەوە، هەواڵی کوشتنی "جۆن کەندەی" سەرکۆماری ئەمریکای بڵاوکردەوە. چووم هەواڵەکەم بە بارزانی ڕاگەیاند. بارزانی ناردی بە دوای ئەحمەد تۆفیق سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بە بۆنەی کوژرانی کەندی، بروسکەیەکی پرسە و سەرەخۆشی نوسی و دای بە ئەحمەد تۆفیق[1] کە لە تاران بە باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بگەیەنێت.)

ڕژێمی بەعس کە لە تاقیکردنەوەکانی ساڵی ١٩٦٣ و دوای کودەتای ٨ی فیبرواریی شکستی خواردبوو، بیری لە چارەسەرییەکی بە ڕواڵەت ئاشتیانەی کێشەی کورد کردەوە و داوای گفتوگۆی لە بارزانی کرد. بارزانی بۆ ئەوەی شۆڕش هەناسەیەکی بێتەوەبەر و گەلی کورد هەرچەندە بۆ ماوەیەکیش بێت، بە ئارامی بژی و ئابووریی کوردستان بخرێتەوە گەڕ و پێشمەرگەش بۆ ماوەیەک بحەسێتەوە و برینەکان ساڕێژ بکەن، لە سەرەتای دیسێمبەر "کانونی یەکەم"ی مانگی ساڵی ١٩٦٣ قەبووڵی کرد کە وتوویژ لەگەڵ حکومەت بکات. لەو پێوەندییەدا نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی لە مەکتەبی سیاسییەوە هاتن بۆلای بارزانی و لەگەڵی چوون بۆ ڕانیە کە بڕیاربوو وتوویژەکە لەوێ بەڕێوەبچێت.

ڕۆژی ١٩٦٤/١/١٦، ئەسکەندەر ئەرمەنی یەکێک لە دۆستە دێرینەکانی بارزانی کە ساڵی ١٩٤٣ لەکاتی دوور خراوەییدا لە سلێمانی دەرمانخانەی هەبوو، و یەکێک بوو لە دڵسۆزانی شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود و بە یەکەوە کاریی بازرگانیان دەکرد، گەیشتە گەڵاڵە و لە گوندی "ناوکێلەکان" چاوی بە بارزانی کەوت و نامەیەکی بابە عەلی دایە کە باسی لەوە دەکرد، حکومەت پێی خۆشە وتوویژ لەگەڵ بارزانی بکات. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٥٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەقی نامەکەی شێخ بابە عەلی بڵاوکردوەتەوە کە نوسیوییەتی:

زۆر موحتەرەم برای خۆشەویستم جەنابی مەلا مستەفا

بەدڵ تەمەننای سحەت و خۆشیت و مووەفەقیتان بە دائیم لە خوا داوادەکەم

لە دوای تەتەوری دوایی لە سیاسەتی عێراقدا وا تێ ئەگەم فرسەتێکی گەورەتر هاتووەتە پێش بۆ حەللی موشکیلەی خۆمان لە ڕێیەکی سلیمیەوە و بۆ ئەم جهەتەیشە ڕەئیس وزەرا ناردی بە شوێنما داوای موزاکەرە کردن لەم ڕووەوە، ڕەئیس جمهوریشم چاو پێ کەوت و هەردووکیان بە گەرمەوە ئیزهاری ئیستیعدادیان کرد بۆ ئەم حەللە سلیمیە و هەروەها تەکلیفیان کردم ئەم خەبەرە لە جەنابت بگێڕمەوە. بە دڵ خۆم ویستم ئیستفادە لەم فرسەتە بکەم و شەخسی بێم بۆ بینینتان بەڵام ئەسکەندەرم تەکلیف کرد و بە کەمالی سروورەوە قەبووڵی کرد بێتە خدمەتتان و ئینشائەڵڵا پێتان

شاد ئەبێ بۆخۆشی ئەسکەندەر وەکوو هەموو ئەیناسین تەنها حیسی برایەتی و خۆشەویستی وڵاتە کە ئەیخاتە سەر ئەم ڕێیە خۆی تووشی ئەم ناڕەحەتییە بکات و بەم سەرما و سۆڵەیە ئەم ڕێ دوورە بگرێتەبەر و شەخسی لە هەموو ڕوویەکەوە من سفارشم کردووە دەرهەق بە ئەوزاعی ئێرە ئێستە وام دی ئەمیش عەلاوە بکەم کە لەو ڕۆژەوە بەهاری لە سەروچاوە بەخدمەتت گەیشتم تا ئەمڕۆ تەتەرێکی وا نەبووە ئەو شتانەی عەرزم کردیت ئەوسا ئێستە شتێکیتری علاوە بکەم ئەمجا لەبەر ئەمانە ئێستەیش موسڕم لەسەر ڕەئی خۆم کە مەسڵەحەتی قەومی کوردی عێراق وا تەقازا ئەکات جەنابت لە کاروباری ڕێککەوتندا تەساهول بکەیت. ئیتر خوا بتانهێڵێ بۆ ئەم برایەتان و هەروەها بۆ هەموو کوردێک و ڕجا دەکەم ئێحترامم تەقدیمی خزمان و برا عەزیزەکان بفەرموو

برای بچووکت: بابە عەلی ١٩٦٣/١٢/٩ (پاشبەندی ٣١)

بارزانی سەبارەت بەو نامەیە پرسی بە نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی و عەقید عەبدولکافی کرد و وەڵامی شێخ بابە عەلی دایەوە و نوسی: **(ئامادەین بۆ پێشوازیی لە وەفدی حکومەت و دەستکردن بە گفتوگۆ لەگەڵیدا لە ناوچەی ڕانیە، ئەگەر وەفدەکە بێت.)** ئەم نامەیە بە خەتی نوری شاوەیس پاکنوس کرا و بە ئەسکەندەر ئەرمەنیدا ڕەوانەی شێخ بابە عەلی کرا:

١٩٦٣/١٢/٢٦

برای ڕێزدارم شێخ بابە عەلی سڵاوێکی گەرم

هیوام وایە لە تەندروستییەکی باش و بەختیارییەکی پایەداردا بن. نامەکەت ڕۆژی ١٩٦٣/١٢/٢١ گەیشت. وەک دەزانن ئێمە هەمیشە دژی خوێنڕێژی و شەڕ بووین و هەمیشە بەهیوای ئەوە بووین ڕادەیەک بۆ ئەم شەڕە و ئەم بارودۆخە هاوێردەیە دانێین، بۆیە و لەبەر ڕووناکی ئەم ڕاستییەدا کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ گشت دۆستەکانمان کرد. هەربەم گیانەش ڕای دەگەیەنین کەوا ئامادەین بۆ پێشوازیی کردنی وەفدی ڕەسمی حکوومەت و دەسکردن بە گفتوگۆ لەگەڵ کردنی لە ناوچەی ڕانیە، ئەگەر وەفدەکە ویستی بێت. بۆ ئەوەش کە وەفدی حکوومەت بە سەلامەت بگاتەجێ،

تکامان وایە دۆستانمان لە ڕانیە ئاگەدار بکەن لەکاتی گەیشتنی وەفدەکە تا کاری گەیشتن بۆلای ئێمە ئاسان بکەن.

سڵاو و ڕێزم دووبارە دەکەمەوە لەگەڵ هیوام بۆ سەرکەوتنتان

سەرنج: هەموو ئەو ڕاسپێرییانەی بە کاک ئەسکەندەردا ناردبووتانن، هەموو گەیشتن و لێیان حاڵی بووین

براتان بارزانی مستەفا

دوای چەندجار پێوەندیی گرتن، ڕۆژی ١٩٦٤/١/١٩ حکومەت بە بروسکەیەک ڕایگەیاند کە ڕۆژی ١٩٦٤/١/٣٠ وەفدەکەی بە هێلیکۆپتەر دەنێرێتە ڕانیە. لەو ڕۆژەدا سەرۆک بارزانییش گەیشتە ناوچەی ڕانیە و ماڵی حەسەن کانەبی بۆ کۆبوونەوەکە دەستنیشان کرا. جەلال تاڵەبانی و چەند کەسیی تر چوون بۆ شوێنی نیشتنی هێلیکۆپتەر کە پێشوازیی لە وەفدی حکومەت بکەن. کاتژمێر ١٠:٠٠ وەفدی حکومەت گەیشتەجێ.

لەوێ شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا کە ئەویش هاتنی شێخ ئەحمەد بوو لەگەڵ وەفدی حکومەت بۆ ڕانیە. جەلال تاڵەبانی بەپەلە گەڕایەوە لای بارزانی و هاتنی شێخ ئەحمەدی پێڕاگەیاند و بارزانی دەستبەجێ هات و پێشوازیی لە شێخ ئەحمەد کرد. سەبارەت بە هاتنی شێخ ئەحمەد بۆ ڕانیە، دەرکەوت عەبدولسەلام عارف قورئانێکی بۆ شێخ ئەحمەد ناردوە و تکای لێکردوە لەگەڵ وەفدی حکومەت بێت بۆ ڕانیە و ئەویش قەبووڵی کردوە. ئەندامانی وەفدی حکومەت بریتی بوون لە: عەمید عەبدولڕەزاق سەید مەحمود پارێزگاری سلێمانی، عەمید عەبدولعەزیز چەڵەبی فەرماندەی هێزی فائیزە، عەقید سالم فەرماندەی شوێن "موقع"ی سلێمانی و ئەندامانی وەفدی کوردییش لە نوری سدیق شاوەیس، جەلال تاڵەبانی، عەقید عەبدولکافی نەبەوی، مەسعود محەمەدو هەباسی مامەند ئاغا پێکهاتبوو، و بڕیاریشدرا ڕاوێژ بەو سەرۆک خێڵانە بکەن کە لە شوێنی کۆبوونەوەکە بوون. مەبەستی حکومەت لەو وتووێژە زیاتر کڕینی کات بوو بۆ خۆڕێکخستنەوە و بارزانییش بەو فێڵەی حکومەتی دەزانی، بەڵام خەڵکی کوردستانیش کە لە بواری ئابوورییەوە زیانی زۆری پێگەیشتبوو، پێویستی بە ڕاگرتنی شەڕ و بوژانەوە هەبوو، لەبەر ئەوە بارزانی ئەو

وتوویژەی وەک تاکتیک قەبووڵ کرد. لەنێوان وەفدی کورد و وەفدی حکومەتدا لەسەر بڕگەی یەکەمی ڕێککەوتنەکە ناکۆکی هەبوو. هەرچی وەفدی حکومەت بوو، دەیویست بنوسرێت: **(دەوڵەت دان بە مافی هاونیشتمانەتیی کورداندا دەنێ)**، بەڵام وەفدی کورد خوازیاری ئەوە بوو کە بنوسرێت: **(دەوڵەت دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورداندا دەنێ.)**

وەفدی حکومەت لە ماوەی گفتوگۆکاندا دوو جار لە ڕۆژانی ٥ و ١٩٦٤/٢/٧دا گەڕایەوە بۆ بەغدا و سەرئەنجام عەبدولسەلام عارف هاودەنگی لەگەڵ داخوازی وەفدی کوردیی کرد و کاتژمێر ١٠:٠٠ ڕۆژی ١٩٦٤/٢/١٠ ڕێککەوتن و بارزانی ڕێککەوتنامەکەی ئیمزا کرد. پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەکە، ئاگربەس ڕاگەینرا و هەریەک لە عەبدولسەلام عارف و مستەفا بارزانی بەیاننامەیەی خوارەوەیان بڵاوکردەوە. مەسعود بارزانی دەقەی ئەم دوو بەیاننامەیەی لە لاپەڕەکانی ١٦٠ و ١٦١ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" بڵاوکردوەتەوە کە دەڵێن:

بەناوی خوای بەخشندە و مێهرەبان

بەپێی ئەوەی کە بەرژەوەندی گشتی پێویستی دەکا و بۆ بەدەنگەوە چوونی برا کوردەکانمان کە لە بانگەوازەکەی مەلا مستەفای بارزاندا هاتووە و لەبەر ئەوەی کە ئێمەش ئارەزوومان لە گێڕانەوەی ژیانی ئاساییە بۆ بەشی باکووری نیشتمانی خۆشەویستمان و لە دانانی ڕادەیەک بۆ هەوڵ و تەقەلای ئیمپریالیزم و کلکەکانی و لە دوابڕینی چەوسێنەوان و لە هەڵگەڕاوان و بەنیازی ڕاگرتنی ڕژانی خوێنی بێگوناه و بەپێی ئەوەی کە بەرژەوەندی بەرز لەسەرمانی پێویست دەکا، بڕیاری ئەم خاڵانەی خوارەوەمان دا:

یەکەم- داننان بە مافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی گەلی عێراقدا لە یەکەتیی نیشتمانیی براییدا و جێگیرکردنی ئەمە لە دەستوریی کاتیدا.

دووەم- بەڕەڵلا کردنی گیراو و دەستبەسەر "محجوز" و حوکمدراوان بە هۆی ڕووداوەکانی باکوورەوە و دەرکردنی لێبوردنی گشتی و هەڵگرتنی دەستبەسەردا گرتنی زیندەماڵ و مردەماڵی ئەو کەسانەی پێشتر دەستبەسەر ماڵیاندا گیراوە.

سێیەم- گێرانەوەی کاربەدەستان و مووچەخۆران.

پێنجەم- هەڵگرتنی ئەو ڕاگیرانەی لەسەر ناردنە بازاڕی هەر جۆرە مایەیەکی خواردەمەنی دانراوە.

شەشەم- دەستکردن بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی باکوور هەرلە ئێستەوە و پێکهێنانی جۆرەها لیژنە بۆ ئاسانکردنی ئەو زەحمەت و قورساییانەی دێتە ڕێیان لە بارەی خۆگیرکردن و کاری ڕوتینەوە لەگەڵ سەرنجدانی بژاردنی زیانی ئەوانەی زیانیان تووش هاتووە.

حەوتەم- بۆ بژاردنەوەی زەویوزاری ئەو خاوەن زەویوزارانەی بەهۆی دروستکردنی ئەستێری "بەربەست" دووکان و دەربەندیخانەوە زەوی و زارەکانیان کەوتووەتە ژێرئاو بە بژاردنەوەیەکی دادپەروەرانە.

هەشتەم- کردنی ئەوەی پێویست بێ بۆ گێرانەوەی هێمنی و ئارامی ناوچەی باکوور، ئێمە داوا لە برا کوردەکانمان دەکەین بگەڕێنەوە بۆ سەرژیانی ئاسایی خۆیان بۆ ئەوەی لە خێر و بێری ئەم وڵاتە بەهرەمەند ببن و ڕیزەکانی خۆیان لە ڕووی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کلکەکانیدا یەک بخەن. با برا کوردەکانمان بزانن کەوا ئێمە کار دەکەین بۆ هەرچی شتێک کە مافە بەجێکانیان وەک هاونیشتمانانی تری کۆماری عێراق دابین بکا. خواش لەولای مەبەستمانەوەیە.

نۆیەم- لەسەر هەموو وەزارەتە پێوەندیدارەکان پێویستە هەر مرسووم و فەرمان و ڕێنوێنییەک پێوست بێ بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لەم بەیانەدا وتراوە- دەربکەن.

ئیمزا: عەبدولسەلام محەمەد عارف

سەرکۆمار

ئەمەش بەیاننامەی سەرۆک مستەفا بارزانی بەبۆنەی ئەم ڕێککەوتنە:

بە مەبەستی بەدەنگەوە هاتنی حەزی بەڕێز سەرکۆمار مشیر ڕوکن عەبدولسەلام محەمەد عارف لە پاراستنی یەکەتی ڕیزی نیشتمانیی و نەهێشتنی ڕژانی خوێنی بێگوناهان و دوایی پێ هێنانی شەڕی براکوژی و لەبەر دەرکەوتنی نیازپاکی حوکمدان، بڕیارمان دا دەستپێشخەریی بکەین بۆ وەستاندنی شەڕ و داوا لە براکانم بکەین بگەڕێنەوە بۆ شوێنی دانیشتنی خۆیان و بگەڕێنەوە بۆسەر ئیشوکاری ئازاد و مەردانەی خۆیان. بەمە دەرفەتی دەسەڵاتی نیشتمانی دەدەن کەوا دەستپێشخەری بکا بۆ هەنگاونانی وا کە گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی و ئاسایش و ئارامیی بۆ ناوچەکە پێ دابین ببێ و هەلی جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانی هاونیشتمانە کوردەکانیش لە چوارچێوەی گەلی عێراق و لە یەکەتیی نیشتمانیدا بڕەخسێ و برایەتی عارەب و کورد لەسەر پتەوترین بنەما داڕێژرێ بەجۆرێ کە لەوەی بپارێزێ لاوازیی تووشی ببێو لە ڕووی فڕوفێل و پیلانی ئیمپریالیستەکان و هەلپەرستان و چاوچنۆکاندا قایم و پتەوی بکات و با هەموو کەسیش بزانێ سەروەریی یاسا و دابینکردنی هێمنی و ڕێکوپێکی لە ناوچەکەدا هەموو گیروگرفتێکمان بۆ چارەدەکات، هەچەندە قورس و گرانیش بێ. خوا هەنگاوی دڵسۆزان پتەو بکات و ڕەنج و تەقەلامان بۆ ئەو یەکەتی و شان و شکۆ و گەشەکردنەی بۆ گەل و نیشتمانیان دەوێ، سەربخا. خواش لەولای مەبەستەوەیە.

ئیمزا: بارزانی مستەفا

دوای ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنە، جەمال عەبدولناسر لە نامەیەکدا کە بە ئەندازیار شەوکەت ئاکرەییدا ڕەوانەی بارزانی کردبوو، خۆشحاڵیی خۆی لەو ڕێککەوتنە دەربڕیبوو. بارودۆخی کوردستان بە دوای ئاگربەسدا گۆڕا، زەرەر و زیانی جوتیاران و خەڵکی زیان لێکەوتوو قەرەبوو کرایەوە و بازاڕی کوردستان ئارامیی و بوژانەوەی بەخۆیەوە دی. ڕۆژی ١٩٦٢/٢/١٦ ئەندامانی ئەو وەفدەی کورد کە بەدوای کۆنفڕانسی کۆیە کە بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی چووبوون بۆ بەغدا و لە کۆتایی مانگی مارسی ١٩٦٣وە لە زیندانی بەعسدا بوون، ئازاد کران و گەڕانەوە بۆ کوردستان. هەروەها بە دوای ڕێککەوتنەکەدا ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومەت لە وەفدی جیاوازدا و ڕۆژنامەنوسی عێراقیی و بیانی هاتن بۆ کوردستان و چاویان بە بارزانی

کەوت. یەکێک لەو وەفدانەی حکومەت کە بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەزاق عارف و ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساریی هاتبوون، داوای چەکە قورسەکانی شۆڕشیان دەکردەوە، بەتایبەتی ئەو دوو تۆپە ٧٥ میلمەیان دەویستەوە کە لە شەڕی چیای مەتین کەوتبووە دەست پێشمەرگەکانەوە، بەڵام بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە بۆ بەغدا.

١- جگەلە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەی، ئەحمەد تۆفیق لە سەردەمێکدا کە شۆڕشی ئەیلول لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری عێراقەوە ئابلۆقەی سیاسی و ڕاگەیاندنی بەسەردا سەپابوو و هەواڵەکانی کەمتر لە دەرەوەی سنورەکانی بارزان و بادینان دەبیستران. هەواڵنامەی دیسان بارزانی وەک یەکەم بڵاوکراوەی ئەو سەردەمە کە ئەحمەد تۆفیق و هەڤاڵانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بڵاویان کردەوە، دەنگی کپی شۆڕشی لە ناوچەی بارزان و بادینانەوە هەڵبڕی و تا ڕادەیەک لە بەشە داگیرکراوکانی دیکەی کوردستان دا بڵاویکردەوە. بەو حاڵەش زۆر بەکەمی ڕووداوەکانی شۆڕش دەکەوتنە نێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی جیهان و بە دەگمەن باسیان لێ دەکرد. ڕژێمی عێراق بە ئابلۆقەدانی هەواڵەکانی شۆڕش، تاوانەکانی خۆی لەبەرچاوی ڕاگشتی جیهان و دیدی ڕۆژنامەنوسانی دنیای ئازاد حەشاردابوو. ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتیش

بە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی شۆڕش، ناڕاستەوخۆ یارمەتیان بە ڕژێمی داگیرکەری عێراق دەدا بۆ لەناوچوونی بارزانی.

بارزانی بۆ ڕزگارکردنی شۆڕش لەو لەمپەرە، بڕیاریدا پێی ڕۆژنامەنوسانی جیهانی ئازاد بکێشێتە کوردستان، تا ئەوان تاوانەکانی ڕژێمی داگیرکەر و دۆخی نەتەوەی کورد لە نزیکەوە بە چاوی خۆیان ببینن. بارزانی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مەبەستەی، کەسی لە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دڵسۆزتر و شیاوتر نەبینی کە ئەو ئەرکەی پێبسپێرێت. بەو تێبینییەوە کە ئەحمەد تۆفیق جگەلە دڵسۆزبوونی بۆ کورد و کوردستان و بارزانی، کەسایەتییەکی شیرین زمان، دیپلۆماتکار و شارەزا بە زمانی فەرەنسی بوو و دەیتوانی ئەم ئاواتەی بارزانی بەجێ بگەیەنێت. ئەوەبوو کە بارزانی ئەو ئەرکەی بە ئەحمەد تۆفیق سپارد.

بارزانی لە سەرەتادا پێشنیازی "ویلیام ئیگڵتن جۆنز" نوسەری کتێبی "کۆماری ١٩٤٦ کوردستان"ی کرد کە بێتە کوردستان و لە نزیکەوە دۆخەکە ببینێ و لەگەڵ شۆڕشی ئەیلولیش ئاشنا بێت. هۆی هەڵبژاردنی ئیگڵتن لەلایەن بارزانییەوە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ناوبراو لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە مهاباد بووە و دواتریش بۆ ماوەیەک لە کەرکوک ژیابوو و لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مێژووی کورد و جوغرافیای عێراق و باشوری کوردستان هەبوو. جگەلەوە، ئیگڵتن لەو سەردەمدا نیشتەجێی ئێران بوو و ئەحمەد تۆفیق دەیتوانی ئاسانتر لە جێی تر دەستی پێ بگات. تۆفیق بە سنەدا چووە بۆ تاران و لەوێوە پێوەندیی بە ئیگڵتنەوە گرت، بەڵام ئەو بەهۆی ناسەقامگیریی تەندروستیی داوای لێبوردنی لێکرد و لە جیاتی خۆی، پێشنیازی نوسەر و ڕۆژنامەنوسێکی تری ئەمریکی پێکرد کە لە لوبنان نیشتەجێ بوو بەناوی دانا ئادەمز شمیدت. ئەحمەد تۆفیق دوای ناکام بوونی لە بردنی ئیگڵتن بۆ کوردستان، ئادرێس و تەلەفۆنی شمیدتی وەرگرت و گەڕایەوە بۆ باشوری کوردستان و دوای پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی سەفەرەکەی بە بارزانی، ئەم جارەیان بە نهێنی چووە بۆ سوریا. لەوێ بە هاوکاریی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا کە هاوپەیمانی پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، چووە بۆ لوبنان. سەرەتا پێوەندیی بە عیسمەت شەریف وانلی یەکێک لە کوردە خەباتکارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە سویس کرد تا بەڵکوو هاوکات لەگەڵ ڕازیکردنی شمیدت بۆ هاتن بۆ کوردستان، بەهۆی ناوبراوەوە بتوانێ ناوندێکی کوردیی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ئەوروپا دامەزرێنێت کە لەو هەنگاوەیدا سەرکەوت. دواتر هەروەک لە بەرنامەیدا بوو، توانی پێوەندیی بە "دانا ئادەمز شمیدت" ڕۆژنامەنوسی ڕۆژنامەی ئەمریکی "نیۆرک تایمز"وە بگرێ و ناوبراو ڕازی بکات لەگەڵی بێت بۆ شاخەکانی باشوری کوردستان. شمیدت لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و هاوڕێیانی هات بۆ کوردستان و لە سەفەرێکی ٥٩ ڕۆژەیدا، لە نزیکەوە چاوی بە سەرۆک بارزانی و دۆخی نالەباری کوردستان و تاوانەکانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لە کوردستاندا کەوت و لە گەڕانەوەیدا، کتێبێک و چەندان وتاری لە بارەی کورد و شۆڕشەکەیدا نووسی.

لە یەکەم دێڕی کتێبەکەیدا "**گەشتێک بۆلای پیاوانی ئازا**" سوپاسێکی تایبەتی ئەحمەد تۆفیق ڕێکخەر و دروستکەری گەشتەکەی بۆ کوردستان کرد و پاشان لە چەند شوێنی تری کتێبەکەیدا بە وێنە لەسەر کەسایەتی بەرزی ئەحمەد تۆفیق، دەڵێت: **(ئەحمەد تۆفیق گەنجێک بوو بە سیفەتی جوان. جوانمێر، خۆڕاگر، دڵچاک و لە سەرووی ئەوانەشەوە زیرەک ... پیاو ڕاست بڵێ، ئەم مرۆڤەم لە دڵەوە خۆشویست و پێی سەرسام بووم و هومێدی هەموو چاکەیەکی بۆ دەکەم. ئەو دڵسۆز، کارامە، هەڵسوڕ و بە وزە بوو....)**

کۆنگرەی ماوەت و لەتبوونی پارتی دیموکرات

لەکاتی ڕێککەوتنی کورد و حکومەت لە مانگی فیبرواریی "شوبات" ١٩٦٤دا کە نوری سدیق شاوەیس و جەلال تاڵەبانی لە مەکتەبی سیاسییەوە بەشداربیان لە وتوویژەکاندا کرد، ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران بوو. دەیویست محەمەد ڕەزاشا ببینێ کە بۆی نەگونجا، بەڵام چەند بەرپرسی حکومەتی ئێرانی بینی. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، بە ئامۆژگاریی ئێران گومانی خستەسەر ڕێککەوتنەکە و بەدناو کردنی بارزانی کە کوردستانی فرۆشتووە. ناوبراو بەهۆی بێتەلێکەوە کە پێشتر عیسا پژمان بۆی هێنابوو، بە بەردەوامی پێوەندیی بە کاربەدەستانی ئێرانەوە دەگرت و هەوڵیدەدا ئەو ڕێککەوتنە سەرنەگرێ. لەم بارەیەوە عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤٤٥- ٤٤٦دا دەنوسێت:

- (حیزب بڵاویکردبۆوە کە بارزانی کوردستانی بە چەند سندوق پورتەقاڵ و چەند کراسێکی دیاری عەبدوڕەزاقی وتوویژکەر فرۆشتوە. وای لێهاتبو ئەگەر پارەمان دەدا بە دوکاندارێک دەیگوت بۆنی پورتەقاڵی لێ دێ... بەڕاستی منیش ئیمزای ئەو ئاگربەسەم زۆر لا گران بو. ڕۆژێک لە سەنگەسەر دەگەڵ مەلا مستەفا لێمان بو بە کێشە، گوڕەی وای لێ هات کە حەرەسی بارزانی هاتە ژور، وەیزانی شەڕی بەڕاستە. بارزانی بە حەرەسەکەی گوت بچۆ دەر.

گوتم: کاکە تۆ زۆر ساڵت زەحمەت کێشاوە، بە پاڵەوانی ڕێگەی ئازادی کورد ناسراوی، پیر بوی، زۆر حەیفت کرد ئەو ئیمزایەت کرد. ئەگەر بتگوتایە بیست ملیۆن دینارم حەقی ئیمزا کردن دەوێ، دەیان دایەی. من چاوەنۆڕ بوم ئەگەر نەسڵی دوای ئێمە پرسییان ڕێگەی ئازادی بەکوێ دایە؟ لە عێراق جێ قەبری تۆی نیشان دەن و لە تورکیا قەبری شێخ سەعید و لە ئێران قەبری قازی محەمەد، قبرتان نیشانگەی ڕێگەی ئازادی خوازان بێ، نەک بچی ئیمزای ئاگربەسێکی وا بکەی کە خەڵک گاڵتەی پێ بکا و بڵێن کوردستانی فرۆشتوە...

لە توڕەییان گوتی: کوردستانی چی؟

گوتم: کوردستانی هەمو شت. من و هەزارانی وەک من بۆیە تۆ وەک بت دەپەرستین کە خەمخۆری کوردستانی. وەک لە قورعان دا دەڵێ: لە ئێستاوە جیایی نێوان من و تۆیە، خوا حافیز. هەر ئەمڕۆ دەڕۆمەوە بەغدایە و فەقیریی خۆم دەکەم....

دەرکەوتم. لە حیرسانیش دەگریام... سواری جیپێکی کرێ بوم و چومە ماڵی قادری باغەوان لە ڕانیە. سەعاتێک شەوی مابو، لە دەرگایان دا. گوتیان هەژار وەرە کارمان پێتە. دو چەکداری بارزانی بوون. خواحافیزی یەکجاریم لە ماڵە مام قادرکرد و لێم ڕون بو لەسەر ئەم بێ ئەدەبیەی دوێنێ گوللەبارانم دەکەن. گەیشتینە پشت ڕانیە، چوار جیپ لە دوی یەک وێستابون، مەلا مستەفا وێستابوو، گوتی: تۆ لەگەڵ جیپی مەلا برایم سوار بە. چوینە "سەروچاوە" بوینە میوانی خێوەتی "ئەحمەد شاباز". پاش نانی نیوەڕۆ گوتی: حەرەس بە جیپەکان بڕۆنەوە "دۆڵەڕەقە" ئەسپی من زین کەن و ئێسترە شینیش بۆ هەژار زین کەن. ئێمە بە سواری دێین. لە ڕێگە تاوێکی چاک هیچ دەنگی نەکرد. لەپڕ بێدەنگی شکاند:

– هەژار تۆ هەر خۆت بە کورد مەزانە، زۆر پیاوی واماون کە گیانیان بە قوربانی ئازادی کوردستان بکەن. من لە تۆ دڵسۆزترم، چۆن بەجێم دێڵی و دەڕۆی و دەڵێی "هذا فراق بینی و بینک"؟ قەرارمان وانەبو لەسەر زوێڵە چەرم بێ؟... هەژار تۆ نازانی وەختێ هاتمە سەنگەسەر، چەند کەسێکم نارد لە حاڵی خەڵک بپرسن. تەنیا لە "ژاراوە" یەک تەنەکە گەنم لە ماڵێکدا هەبو، کەسی‌تر نانی دوو ڕۆژی شک نەدەبرد. بەرلەوە شەڕ لە بارزان بوەستێ مردو لە مێرگەسور لە برسان مردوە، کەس لە برسان هێزی نەبو بینێژێ. من دەبو نان بۆ ئەو هەمو برسیانە پەیدا کەم. ئێمزام کرد و گەنم و پارەی زۆریشم ساند و لە ئازادی کوردستانیش واز ناهێنم، خەم مەخۆ.)

ڕۆژی ١٩٦٤/٣/١٧، ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ عومەر مستەفا دەبابە و دوکتۆر عەزیز شەمزینی چوون بۆ سەنگەسەر و لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە و دژایەتی خۆیان لەگەڵ ڕاگرتنی شەڕ و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت ڕاگەیاند. بارزانی ڕێککەوتنەکەی بۆ ڕوونکردنەوە و گوتی: ئەم ڕێککەوتنە بە کارێکی تاکتیکی دەزانێ و داوای لێکردن بۆ ماوەیەک لە ڕانیە یان قەڵادزێ بمێننەوە تا ئەگەر وەفدێکی تری حکومەت هات، پرس و ڕاوێژیان پێ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی متمانەی بە ئیبراهیم ئەحمەد نەبوو، و لە

فیکری ئەوەدابوو کە لە کۆنگرەی دواییدا هەوڵبدات جەلال تاڵەبانی جێی بگرێتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی چەند ڕۆژ لە قەڵادزێ مانەوە و دواتر بەبێ ئاگادارکردنەوەی بارزانی گەڕانەوە بۆ ماوەت و ئەم نامەیەی خوارەوەیان بۆ بارزانی نوسی کە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٦٨ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" بڵاویکردوەتەوە و دەڵێن:

برای گەورە و بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی

دوای سەلام و ئیحترام

ئەوە بۆ بیست ڕۆژ دەچێ کە لەسەر ئەمری ئێوە لە قەڵادزە ماینەوە بە تەمای چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت، بەڵام داخمان ناچێ کە نە ڕەئیس وزەرا و نە وەزیر و نە متەسەرفیشمان نەدی لەم ماوەیەدا، وە دیاریش نییە کە بەم زووانە بێن بۆ لاتان. لە سەرێکی کەشەوە، وەکو بەسەرهاتی ئەم ماوەیە دەری خستووە بوونی ئێمە لە نیزیکتانەوە هیچ کارێکی نەکردۆتە سەر باشکردنی عیلاقەی ئێوە و پارتی. جگە لەمانەش مانەوەمان بەم چەشنە بێ ئیش و بێ کار و بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بووەتە هۆی پروپاگەندە و قسەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا کە هەر دوژمن کەڵکی لێ وەردەگرێ و وا دیارە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە برادەرانمان ئیمڕۆ بەپەلە داوای گەڕانەوەمان بکەنەوە بۆ بەربەستکردنی ئەو چەشنە پروپاگەندانە. ئێمەش لەبەر پەلەپەلیی ئەوان و کەم وەختی ئێوە و لەبەر ئەوەش وەختی خۆی تەنیا بۆ چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت داوای مانەوەت لێ کردبووین بۆیە هیوامان هەیە لێمان ببووری کە بەبێ چاوپێکەوتنەوەتان ڕۆیشتینەوە. وە لەبەر ئەوەی کاک عومەریش دوای لابردنی لە فەرماندەیی هێزی کاوە هیچ ئیشێکی لەم ناوچەیە نامێنێ بۆیە ئەویشمان لەگەڵ خۆمان بردەوە.

ئیتر خواتان لەگەڵ: سەید عەزیز ئەفەندی عومەر مستەفا

براتان ئیبراهیم ئەحمەد (پاشبەندی ٣٢)

پاش گەڕانەوەیان بۆ ماوەت پەرەیان بە دژایەتی خۆیان لەگەڵ ئاگربەس و بارزانی دا، بەجۆرێک کە ژمارەیەک لە کادیرە دیارەکانی پارتی لە بەشی سیاسیی و

سەربازییدا وەک: عەقید نوری مەعروف، ڕەشید سندی، تاریق ئەحمەد، خالید شەمسەدین، فازل تاڵەبانی، فازل سۆرانی. محەمەد سەیدعەلی حافز، تاهیر عەلی والی، نەوزاد خۆشناو و ....تد، لە بەرامبەر ئەو چەواشەکارییانەدا، بە نوێنەرایەتی کادیر و پێشمەرگەکان چوون بۆ سەنگەسەر و لەگەڵ پشتیوانیکردنیان لە بارزانی، ئەو پیلانە پڕلە مەترسییەیان بۆ بارزانی ڕوونکردەوە. بارزانی کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەو ژمارەیە لەگەڵ نافیز جەلال، عەبدولکافی نەبەوی و عەزیز ئاکرەیی ڕێکخست. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا دەبابە، عەلی عەسکەریی و کەمال موفتی کە لایەنگرییان لە مەکتەبی سیاسیی دەکرد لەکار لابەرن و نوری مەعروف، نوری مەلا حەکیم، حافیز جەلال و عەزیز ئاکرەیی لە شوێنی ئەوانە دانێن کە بە ئەستاندنەوەی کار لەو چوار کەسە، زۆربەی پێشمەرگەکان پاڵیان بە بارزانییەوە دا و بە سەرکردە نوێیەکان ڕازی بوون، لەبەر ئەوە ئیبراهیم ئەحمەد بەپەلە بانگهێشتی کۆنگرەی پارتی لە ماوەت کرد.

کۆنگرەی ماوەت کە کۆنفڕانسیشی پێدەڵێن، بە بەشداریی نزیکەی ٨٠ ئەندام ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٤ پێکهات و ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٩ کۆتایی بە کارەکانی هێنا. مەبەست لەو کۆنگرەیە شەرعیەت دان بە کودەتایەک بوو کە ئیبراهیم دوای گەڕانەوەی لە ئێران دەیویست بەسەر بارزانی دا بسەپێنێت.

یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە سڕکردنی بارزانی بوو لە سەرۆکایەتی پارتی، بەڵام کۆنگرە ئەم بڕیارەی ڕاگرت و پێنج لە ئەندامانی نارد بۆلای بارزانیی تا بەڵکوو ڕێیەکی مامناوەندیی بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. ئەم نوێنەرانە بریتی بوون لە عەلی سنجاری، ئەسعەد خەیلانی، جەلال حیسامەدین تاڵەبانی، تاهیر بابان و مستەفا کرێکار. کۆنگرە بڕیاریدا تا گەڕانەوەی ئەو پێنج نوێنەرانەی کارەکانی خۆی بوەستێنی و دواتر دەست بەکار بکاتەوە و بڕیار بدات. نوێنەرانی کۆنگرەی ماوەت لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە و بە چارەسەرییەکی مامناوەندی گەیشتن، کەچی بەرلە گەڕانەوەیان بۆ ماوەت، مەکتەبی سیاسیی بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی "ڕێککەوتنەکەی مشیر و بارزانی ئاشتییە یا خۆبەدەستەوەدان؟" بڵاوکردەوە. ئیبراهیم ئەحمەد هەرچی بوغزو کینەی

بوو لەو بەیاننامەیەدا گونجاندبووی. لەم بارەیەوە محەمەدی مەلا قادر، لاپەڕەی ٦٠-٦١، خەباتنامە، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢دا دەڵێت:

- (لە نیسانی ١٩٦٤ دا واتە لە ١٩٦٤/٤/٦ کۆنفرانسێک لەلایەن مەکتەبی سیاسی سازدرا لە ماوەت کە کادیرانی سەربە ئەوان بەشدارییان کرد و ژمارەیان نزیکەی ٨٠ کەس دەبوو. لەم کۆنفرانسەدا بڕیاری ڕووت کردنەوەی بارزانییان لە هەموو جۆرە بەرپرسییەک دا، ئەمەش بە پێچەوانەی دەسەڵاتی کۆنفرانس بوو، ئەم کۆنفرانسە و بڕیارەکانی بووە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو حیزبدا. لیژنەی چاودێری و پشکنین ویستیان دەور ببینن لە چارەسەری ئەم لەتبوونەدا سەردانی هەدوو لایان کرد و ویستیان کۆنگرە ببەستن، بارزانی ڕازی بوو، مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو.)

پاش کۆتایی ئەم کۆنگرە بێسەروبەرەیە، یەکێک لە ئەندامانی کۆنگرە بە ناوی ساڵح شێرە کە پیاوێکی قسەخۆش و گاڵتەچی بووە، هەڵدەستێ و دەڵێت: **(وا ئێمە بارزانیمان لەکارخست و سەرۆکایەتی ئەومان ڕاگرت، بەڵام بۆخۆمان بە پێشمەرگەی بارزانی گەمارۆدراوین. دەی ئێستە کێتان دەتوانن ڕێگەمان پێشان بدا بە کوێدا بگەڕێینەوە ماڵی خۆمان؟)**

لەم بارەیەوە بەشدارانی کۆنگرەی گەلێک قسەی خۆش لە ساڵح شێرە دەگێڕنەوە کە سەبارەت بە سڕکردنی بارزانی لە سەرۆکایەتی پارتی گوتوویەتی. عەزیز محەمەد سکرتێری پێشوی حیزبی شیوعی عێراق، لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە ڕۆژی ٢٠١٢/٦/١٠ گوتی: (لە کۆنفرانسی ماوەت کە بارزانیان تەجمید کرد، ساڵح شیرە هەیە وەکوو بیستومە دەڵێت: **ئەوە ئێمە تەجمیدمان کرد، بەڵام پێم ناڵێن کو جێبەجێی بکەین؟)**

سەبارەت بە ئاگربەس و ڕێککەوتنی وەفدی کورد و حکومەت هەتا ئێستا گەلێک وتاری جۆراوجۆر لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە. منیش بەشێوەی ڕاستەوخۆ و تایبەت پرسیارم لە چەند کەسی شارەزا و شاهیدی ڕووداوەکانی کۆنگرە کردوە. ئەحمەد بانیخێڵانی "ئەبو سەرباز" ئەندامی پێشوی حیزبی شیوعی عێراق لە کتێبی، بیرەوەرییەکانم، لاپەڕەی ٢١٦، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧، دەڵێت: (.. **هۆیەکی‌تری توندوتیژ بوونی ناکۆکی لەنێوان هەردوو لاباڵەکەی ناو پارتی لەوکاتەدا**

ئەوە بوو کە گوایە (م.س) بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف ڕازی نیە. من لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە "دێرێ" چوومە لای بارزانی، سەبارەت بەو خاڵە گوتی: (خۆ من هیچ هیوایەکم بە گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولسەلامی شۆڤێنیدا نەبووە. برواشم وانییە ئەمانە دان بە حەقی کورددا بنێن، بەڵام ئێمە وەزعمان خراپە و هێزەکانمان ماندوون. فیشەکمان کەمە، چەکی باشمان نییە و پێویستیمان بە پشوودانێکە.)

محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت کە دەنگی لای من پارێزراوە و هەروەها خەباتنامە، لاپەڕەی ٦٠، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢دا دەڵێت: **(لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا عەبدولسەلام کودتای لە بەعسییەکان کرد، داوای شەڕ ڕاگرتنی کرد و بارزانی پەسەندی کرد. وتووێژ دەستی پێکرد، نوێنەری پارتی: بارزانی نەمر نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی بوون. شاندی حکوومەتیش پارێزگاری سلێمانی حاجی مەحموود عەبدولرەزاق بوو، ڕێککەوتن لەسەر بڕیارەکە کرا، بەڵام کاتی جەلال و نوری شاوەیس چوونە ماوەت مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو، لەوێ جەلالیش هەڵوێستی گۆڕی. مەکتەبی سیاسی بەیاننامەیەکیان دەرکرد لەژێر مانشێتی "ئایا ڕێککەوتنی مشیر- بارزانی ئاشتییە یان خۆدانە دەستە" و قسەی ناشیرینیان بە بارزانی گوت.)**

ژەنەڕاڵی خانەنشین حەسەن ئەرفەع سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران، بە وتەی خۆی نزیکەی ٢٥ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی سمکۆ و مەحمود خانی کانی سانان شەڕی کردوەو بۆ لەناوبردنی کۆماری کوردستان هەوڵی زۆری داوە. دایکی ئینگلیز و باوکی تورکی تەورێز بووە. باوکی بۆ ماوەیەک نوێنەری شای ئێران بووە لە لای شای سوید و خۆشی بە دوای خانەنشین بوونیدا سەفیری ئێران بووە لە تورکیا. لەوێوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کێشەی کورد کردوە و ئاکامەکەی لە کتێبێکدا لەژێر ناوی "کوردەکان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی" بە زمانی ئینگلیزی کۆکردوەتەوە، زانکۆی ئاکسفۆرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و منیش وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و چاپی دووەمی، ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەزگای

وەرگێڕان، لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ناوبراو لە لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤ی کتێبەکەیدا ئاماژە بە کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد دژی بارزانی دەکات و دەڵێت:

- (مەلا مستەفا بۆخۆی فەرماندەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو، باشتر لە هەر کەسێکی تر ئاگاداری بارودۆخ و بیروباوەڕی پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان بوو، دەیزانی لەوە پتر دەرەتانی شەڕ نییە، تەواوی ناوچەکان بەهۆی بۆمبارانی دوژمن وێران بوون، زەوی، دانەوێڵە و کەلوپەلی ژیان بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە لەناو چووبوون. ژمارەی زۆری ئاوارە و ڕاکردووەکانیش کۆسپێکی تری سەر ڕێگای بەردەوامیی شەڕی چەکدارانە بوو. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر دابەزینی ورەی خەڵک بوو کە بەهۆی پشتیوانیی نەکردنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە کوردان، زیانی بینیبوو. ... دورلە باوەڕە کە ئەگەر بڵێین مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، نەزانن حیزبەکەیان دەرەتانی درێژەدانی بە شەڕی چەکدارانە نەماوە، بەڵام بە ڕوونی دیاربوو کە ئەوان لەهەر هەلێک دەگەڕان تا خۆیان لە چنگ مەلا مستەفا ڕزگار بکەن. لە بەرامبەر نەتەوەی کوردا بە خایینی بناسێنن و بڵێن بووەتە داردەستی دەوڵەتی عێراق و ئەم جارە بۆخۆیان وتوویژ لەگەڵ عێراق بکەن. .... مەکتەبی سیاسیی کە بارەگاکەی لە ماوەت لە نزیک چوارتا بوو لە باکوری سلێمانی، دژی مەلا مستەفا دەستی کرد بە پروپاگەندە و ئەویان لە بەرامبەر داخوازەکانی نەتەوەی کورددا بە خایین ناساند.)

هەر سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی لەگەڵ بارزانیی و هەروەها کۆنگرەی ماوەت، سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە وتوویژێکی تایبەت و هەروەها لە بیرەوەری پێشمەرگەیەک، نوسینی، لاپەڕەکانی ٣٥- ٣٦، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ئایاری ١٩٨٩، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٠دا:

- (لە سەروبەندی ١٩٦٤دا، لێک دابڕانی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و بارزانی ئاشکرا بوو، مەکتەبی سیاسی کە "ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی" تێیدا بوون، لە "ماوەت" بەیاننامەیەکیان لەسەر بارزانی دەرکرد کە تێیدا بە قسەی خۆیان "مەلا

مستەفا"یان لە پارتی و شۆڕش دەرکردبوو، بەڵام جەلالییەکان پێشمەرگەیەکی کەمیان لەگەڵ کەوت، چونکە هێزی پێشمەرگە دەیزانی کە خەبات خەباتی ئەوانە و ئەو خەباتەی لە خزمەتی چ خەڵکێک و چ لایەک دادەنێن. لەوکاتەدا "موقەدەم عەزیز" کە لە سەفین بوو، هاتە دەشتی هەولێر و "فارس باوە"ی لە جێگەی "دوکتۆر خالید" دانا و "مام وسو دزەیی" کردە سەرلق، منیش لە جێگەی فارس باوە بوومە سەرپەل.)

ناوبژیی کردنی کەسایەتییەکان

دوای کۆنگرەی ماوەت و پاش ئەو هەڵە چەوتەی ئیبراهیم ئەحمەد کە بە ئامۆژگاریی ئێران خۆی و لایەنگرانی تێوەگلاند، لیژنەی چاودێری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێنجەمی پارتی کە لە حەبیب محەمەد کەریم، عەباس حوسێن، جەماڵ شاڵی، یەدوڵا کەریم، خالید حەسەن یوسفی پێکهاتبوو، هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو لێکدابڕانەیدا، بەڵام مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو. دواتر کۆمەڵێک کەسایەتیی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری کورد بۆ ئەو مەبەستە هاتنە پێشەوە. بارزانی، بۆ ئەوەی یەکڕیزیی کورد ڕابگرێ و نەهێڵێت کورد یەکدەنگیی خۆی لە بەرامبەر حکومەتی بەعسدا لە دەست بدات، لە بەرامبەریاندا نەرمیی نواند و ئامادە بوو سەرلەنوێ هاوکاریی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بکات.

ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٢٤، گروپێکی کورد وەک ناوبژیوان کە لە فوئاد عارف، مەجید عەلی، فەتاح سەعید شاڵی، دوکتۆر عەبدولڕەحمان، ڕەئوف ئەحمەد و ڕەشید عارف پێکهاتبوو، لە بەغداوە هاتنە ڕانیە و چاویان بە بارزانی کەوت. ئەندامانی ئەو گروپە داوایان لە بارزانی کرد کە ئیزن بدات ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی بێن بۆ ڕانیە و لە نزیک بارزانی بمێننەوە و گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکەن کە بارزانی قەبووڵی کرد.

بە قەبووڵ کردنی بارزانی، ناوبژیوانان چوون بۆ ماوەت و بە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیان ڕاگەیاند کە بارزانی ڕازی بووە، بێن بۆ بارەگاکەی و لەوێ درێژە بە کاری حیزبی بدەن. ناوبژیوانان بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیان لەگەڵ خۆیان هێنا و بارزانییش بە گوێرەی بەڵێن، لێیان خۆشبوو. بڕیاردرا ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕوویداوە، پشتگوێی بخەن و ناکۆکییەکان ڕابگیرێن و بە گوێرەی ئەم خاڵانەی خوارەوە پێوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە:

١- شۆڕش بەهیچ شێوەیەک دەستپێشخەریی ناکات بۆ شەڕ لەگەڵ حکومەت. پەلاماردانی هێزەکانی حکومەت بەتەواوی قەدەغەیە و هەڵوێستی شۆڕش هەڵوێستی داکۆکی لەخۆ کردنە.

٢- لیژنەیەکی ئامادەکار دادەنرێ بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی.

٣- مەکتەبی سیاسی بارەگای خۆی لە ماوەتەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕانیە تا لەگەڵ بارزانی بێت.

ئەم ڕێککەوتنە هیوایەک بوو بۆ بەرگریی کردن لە شەڕی چەکدارانە لەنێوان لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی دا.

گروپی ناوبژیوان لە ڕانیەوە گەڕایەوە بۆ ماوەت و لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسیی کۆبوونەوە. هەموویان پێشوازیان لەو گەڵاڵە پێشنیازییە کرد کە بارزانی پەسەندی کردبوو. لەو پێوەندییەدا و بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بە ناوەکانی: عەلی عەبدوڵا، جەلال تاڵەبانی، سەید عەزیز شەمزینی، نوری سدیق شاوەیس و نوری ئەحمەد تەها ڕۆژی ١٩٦٤/٥/٤ ئەم نامەیەی خوارەوەیان ئاراستەی بارزانی کرد:

١٩٦٤/٥/٤

بۆ جەنابی کاک بارزانی مستەفا بەڕێز

دوای سڵاو و ئێحترام

بەپێویستی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە ئەم داخوازیانەی خوارەوەتان بخەینە بەرچاو بەنیازی ئەوەی کە لە چاکترین ڕێگەوە خزمەتی شۆڕش و گەلەکەمان بکەین:

١- مەکتەبی سیاسی شوێنی بۆ دابنرێت لە بنگرد یان مەرگە یان قەڵاتوکە تا بگەڕێتەوە سەر ئیشی خۆی لە پەناتاندا.

٢- دەست بکەین بە هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەکانی پارتیدا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرێس و لیژنە ناوچەییەکان.

٣- دەست بکەین بە جێبەجێکردنی ئەو نوقتانەی جەنابتان لەگەڵ کاک فوئاد و برادەرانی تر باستان کردووە و ڕازی بوون پێیان. جا تکایە وەعدێکمان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی هەموومان چاومان پێتان بکەوێ.

ئیتر خۆشیتان: عەلی عەبدوڵا- مام جەلال- سەیدعەزیز-

نوری شاوەیس - نوری ئەحمەد تەها (پاشبەندی ٣٣)

هەوڵی گروپی ناوبژیوانان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی بۆ نزیکبوونەوە و هاوکاریی کردنی دوو لایەنی پارتی دیموکرات، تا ڕادەیەک جێی گرت و ئەو پێنج ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیی خەریک بوون لە نزیک بارزانی درێژە بە خەبات بدەن کە هەروەکوو لە بەشی دواییدا ئاماژەی بۆ دەکەم هەوڵەکە بە هاندانی ئیبراهیم ئەحمەد هەڵوەشایەوە.

شای ئێران داوای پێوەندیی لەگەڵ بارزانی دەکات

پلانی ڕژێمی ئێران بۆ هەڵوەشاندنەوەی وتوێژی نێوان بارزانی و حکومەتی عێراق سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. بۆ شا و کاربەدەستانی ساواک دەرکەوت کە ئیبراهیم ئەحمەد ئەو هێزەی نییە کە بتوانێت کارگەریی هەبێت لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕشی کوردستان و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خۆی و تاقمەکەی بەرەو لاوازیی دەچن. لەبەر ئەوە شا و سەرلەشکر حەسەن پاکڕەوان سەرۆکی ساواک هەوڵیاندا جگەلە ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی بە دەرگایەکی تریشدا بچنە ژورەوە، واتە واز لە سیاسەتی خۆیان سەبارەت بە بارزانیی بهێنن و هەوڵبدەن پێوەندیی لەگەڵ دامەزرێنن. شا لە یەکەم هەنگاودا حکومی ئیعدامی بارزانیی کە ساڵی ١٩٤٧ پەسندی کردبوو، پوچەڵ کردەوە و لە پلەیەکی بەرزتردا پێوەندیی بە بارزانیی کرد. لەو چوارچێوەیەدا سەرلەشکر پاکڕەوان، سەرتیپ مەنسورپووری نارد بۆ لای بارزانی. مەنسورپووریش وەک عیسا پژمان بە ڕەگەز کورد بوو، بەڵام کەسێکی بە دەرون و زیندوو و خاوەن کەسایەتی جیاواز بوو. ناوبراو نامەیەکی پاکڕەوانی بۆ بارزانی هێنابوو. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ١٧٦- ١٧٧ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا لە نامەکەدا نوسرابوو: **(شا سڵاو لە بارزانی دەکا و فەرمانی داومێ دۆخەکە، واتە ناکۆکییەکە، چارەسەر بکەم نەوەک سەرئەنجام بکێشێتەوە بۆ ڕووبەڕوو وەستانی بەچەک و نەهێڵرێ هیچ شەڕێک لە نێواندا ڕووبدات. بەهەر حاڵ ئێمە لەگەڵ ڕای گشتی کوردین کە دیارە لە ڕیزی بارزانیدا وەستاوە، ئێمە وامان پێ باشە دیدارێک لەگەڵ بارزانیدا بکرێت بە مەرجێک ئەو بۆخۆی کات و شوێنەکەی دیاری بکات، بەڵام شا بەڕاستی پێخۆشحاڵ دەبێت ئەگەر بارزانی بڕوات بۆ تاران بۆ گەیشتن پێی.)** بارزانی لە وەڵامیدا سوپاسی پاکڕەوانی کرد و گوتی: **(دەست تێوەردانی ئێرانییەکان لە کاروباری ئێمەدا گیروگرفتی ناوخۆیی زۆری بۆ ناوینەتەوە، ئێوە هانی ئیبراهیم ئەحمەد دەدەن و لە دژی ئێمە دەیجوڵێنن. ئەگەر ئێوە هەڵوێستی خۆتان بگۆڕن و شتێکی وا دەڕبڕن نیشانی نیاز پاکیتان بێت و دەستی دۆستایەتیمان**

بۆ درێژ بکەن، ئەوا ئێمەش واتان لەگەڵ دەجوڵێینەوە، بەڵام لێم ببوورن کە ناتوانم بێم بۆ تاران و ئامادەم بە هەموو شادمانییەکەوە پێشوازیی لە ژەنەڕاڵ پاکڕەوان بکەم.)

بەم مەبەستە ڕۆژی ١٩٦٤/٦/٢٠ و ماڵی ئەحمەد نەبی لە حاجی ئۆمەران دیارییکرا. بارزانی ئەرکەکانی خۆی بە شێخ لەتیف شێخ مەحمود و کاکە حەمە زیاد ئاغای غەفوریی سپارد و هەباسی مامەند ئاغا و عەزیز ئاکرەیی لەگەڵ خۆی برد و چوو بۆ حاجی ئۆمەران و لەکاتی دیارییکراودا پێشوازیی لە سەرلەشکر پاکڕەوان کرد. پاکڕەوان لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ بارزانی، بەناوی محەمەد ڕەزاشاوە گوتی:

- **(گەورەی من هەڵوێستی خۆی لە ئاست شۆڕشی کورد دیاریی کردوە و پەیمان دەدات کە یارمەتی پێشکەش بکات.)** پاکڕەوان فەرمانێکی شای ئێرانی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەدار دانی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەرلەوکاتەدا کە شا دەیویست پێوەندیی لەگەڵ بارزانی دامەزرێنێت، بەهۆی عیسا پژمانەوە چەک و تەقەمەنی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەنارد و درێژەی بە پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو تاقمە دەدا. سیاسەتی شا لە بارزانی شاراوە نەبوو، بەڵام وەڕووی خۆی نەدەهێنا و وای پێشاندەدا کە متمانەی پێیان هەیە. لەلایەکی تریشەوە کە بارزانی، شێخ لەتیف و کاکە حەمە زیاد ئاغای غەفووریی لە جێی خۆی دانا، بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بوو بە بیانوو، ئەوان سەرلەنوێ ناوچەی ڕانیەیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ماوەت و ڕێککەوتنەکەیان پوچەڵ کردەوە و چاویان لە پێکهێنانی کۆنگرە پۆشی و خۆیان بۆ شەڕ لە دژی بارزانی ئامادەکرد کە بارزانی جاڕی کۆنگرەی شەشەمیدا.

کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

بە گەڕانەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی بۆ ماوەت، ئیبراهیم ئەحمەد هەڕەشەی لە بارزانی کرد و گوتی: **(ئەگەر کێشە بەرەو شەڕ بەرێت، دەیکەم بە شەڕێک لەنێوان سۆران و بادیناندا.)** مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٧٨ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(هەرگیز باوکمم نەدیوە واتوڕە بووبێ وەک ئەوکاتە کە ئەم هەڕەشەیەی ئیبراهیم ئەحمەدی پێگەیشت. وەڵامی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەمە بوو: "لەمنەوە پەیمان بێ کەوا هەر بە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی سۆران، دەبێ تەمێی تۆ و ئەوانە بکەم کە لەگەڵتن".)**

بە مەبەستی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کۆنگرەی شەشەم لێژنەیەکی ئامادەکاری کۆنگرەیان لەم کەسانە پێکهێنا: عەزیز ئاکرەیی، هاشم ئاکرەیی، نوعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شێخ عومەر، ئەحمەد گەرۆتە، عەبدوڵا ئیسماعیل و ...تد. لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە داوای لە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی کرد بێن و بەشداری کۆنگرەی شەشەم بکەن، تا کۆنگرە کێشەکەیان چارەسەر بکات، بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیاندابوو و وەڵامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەیان نەدایەوە. لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات کە خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئامادەکاریی کۆنگرەی شەشەم، لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (.... بارزانی ناچار بوو کۆنگرە ببەستێ. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی لەم کەسانە پێکهێنا: عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، نوعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شێخ عومەر، ئەحمەد گەرۆتە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل و هی تریش. سەرەتای تەموزی ١٩٦٤ کۆنگرەی شەشەم لە قەڵادزێ بەستراو وەفدێکی نارده ماوەت تاکو بێنە کۆنگرە، بەڵام نەهاتن و شاندەکەش لە ١٢ هەڤاڵ پێکهاتبوون و ئەمانەی تێدا

بوون: عەلی هەژار، مەجید ئەتروشی، ئەحمەد ئەتروشی، فاتح محەمەدبەگ، ئیسماعیل مەلا عەزیز، جەلال مەحمودبەگ و چەند کەسێکی تر.) هەرلەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (لە کۆنگرەی شەشەمدا کە لە قەڵادزێ پێکهات، بارزانی سێ جاری وەفد نارد. ئەوان لە ماوەت بوون و گوتی ڕجا دەکەم وەرن خۆتان هەڵبژێرن، ئەگەر میللەت دەنگی پێدان، بەڵێنتان پێدەدەم کە بچمەوە بۆ بارزان، بەڵام ئەوان نەهاتن. دیارە ئەوان پێشتر بە دەستوری شای ئێران، بارزانییان لە حیزب دەرکردبوو. بە دوای کەریم قاسمدا ئەم جارە شا دەیویست شۆڕشەکە تێک بدات و جیابوونەوەیان لە نێودا دروستکردن.)

کۆنگرەی شەشەم ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ بە بەشداری ٦٠٠ ئەندام لە ناوچەی قەڵادزێ پێکهات. لە کۆنگرەکەدا باس لە چەند بابەتی نێوان کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەم، کۆنگرەی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت، دەرکردنی بارزانی لە پارتی کرا. هەروەها ئاماژە بۆ ماددەی دووەمی دەستوری عێراق کرا کە دەڵێت **"عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی"** کۆنگرە ڕایگەیاند **"بەشە عەرەبییەکەی عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی."**

کۆنگرە سەرکردایەتی نوێی بۆ پارتی هەڵبژارد و بە کۆی دەنگ مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژاردەوە. کۆنگرە ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا "دەبابە"، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەلی عەسکەری، عەلی حەمدی، ئەحمەد عەبدوڵا، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل "مەلا ماتۆڕ"، نوری سدیق شاوەیس، حلمی عەلی شەریف، عەلی عەبدوڵا و محەمەد حاجی تاهیری لە حیزب دەرکرد. هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا، کەلوپەلی حیزب وەک ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی پارتی لە مەکتەبی سیاسی کۆن لە ماوەت وەربگرێتەوە.

کۆنگرە لە درێژەی کارەکانیدا، ئەم ئەندامانەی خوارەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندیی ووهەڵبژارد: مستەفا بارزانی سەرۆک، حەبیب محەمەد کەریم سکرتێر، دوکتۆر مەحمود عوسمان، مستەفا قەرەداغی، ئیسماعیل عارف، دوکتۆر فوئاد جەلال، هاشم حەسەن ئاکرەیی، ڕەمەزان ئاکرەیی، عەزیز ئاکرەیی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، ، یەدوڵا کەریم فەیلی، فاتیح محەمەد بەگ، ساڵح عەبدوڵا یوسفی، نوعمان عیسا، عەلی سنجاری، عومەر شەریف، و محەمەد هەرسینی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی.

هەروەها شەوکەت حاجی عەلی، محەمەدی مەلا قادر، فارس کورە مارکی، مەلا ساڵح حاجی و مەلا حەیدەری بۆ دەستەی چاودێر و پشکنینی پارتی هەڵبژێردران.

لە ماوەتەوە بەرەو بێتوش و هەمەدان

بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی، دوو ڕێگەیان خستەبەر دەم ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی کۆنی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی کە یان ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانە حیزب بدەنەوە، یان شەڕی پارتی و بارزانی بکەن. ئیبراهیم ئەحمەد نەیویست ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانەکە بداتەوە بە حیزب و چونکە زۆربەی کادیر و پێشمەرگەکان لایەنگریان لە بارزانی و کۆنگرەی شەشەم کرد، توانای شەڕکردنیشی لە خۆیدا نەبینی. لەبەر ئەوە، ڕێگەیەکی تر هەڵبژارد کە ئەویش بەجێهێشتنی ماوەت و دەوروبەری و ڕوو کردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوو.

لەو چوارچێوەیەدا، هاوکات لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆنگرەی پارتی، سەرەتا خۆی و خێزانەکەی و دواتریش ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو، و کەسانی دەوروبەریان، ماوەتیان بەجێهێشت و چوون بۆ ئالان. ئەوان بەڵگەنامە و کەلوپەلی پارتی و بەشێک لەو ئازوقەیان لەگەڵ خۆیان برد کە لە بارەگاکەیاندا هەبوو. لەلایەکەی ترەوە، کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم، ڕێکخراوەکانی بەرپرس کرد لە پاککردنەوەی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەرکی پاککردنەوەی ناوچەکانیشی بە عەقید نوری مەلا مەعروف، نوری مەلا حەکیم، عەبدولوەهاب ئەتروشی، ڕەشید سندی، تاریق ئەحمەد، حەمە شەمێرانی، حاجی شێخ قادر، حەمید بەرواریی و چەند کەسی تر سپارد. ئەو ژمارەیە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٢ بەرەو مەئموریەتی خۆیان چوون. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٨٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (ڕۆژی ١٢ی تەمووزی ١٩٦٤ کەوتینە ڕێ و ڕوومان کردە گوندی سەرسیان. پێشمەرگەکانی سەربە بارزانی لە ناوچەی سۆران، هەر بەشێکیان لە ناوچەی خۆیاندا، بەپێی پلانێکی ورد و باش داڕێژراو، ناوچەکەی خۆیان ئازاد کرد و لە ڕەگەزەکانی سەربە مەکتەبی سیاسیی دەرکراو، خاوێن کردەوە. .... پاش ئەمە و بۆ بەرزکردنەوەی وردی پێشمەرگە و جەماوەر، عیسا سوار بە سەرۆکایەتی هێزێک لە

پێشمەرگە بارزانییەکان کە لە ١٠٠ کەس پێکهاتبوو و لوقمانی براشمیان لەسەر داوای خێڵەکان کە هەموو لایەنگری بارزانی بوون، لەگەڵدا بوو، کەوتەڕێ بۆ پێنجوێن و ئەوان خۆشیان لە خاوێن کردنەوەی ناوچەکەیان لە لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی لەکار خراو، بەشداریان کرد.)

ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٧، لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد بە هاوکاریی ئێران هێرشیان کردە سەر ناوچەی شلێر و سیوەیل لە دەوروبەری پێنجوێن و هەندێک شوێنیان داگیر کرد کە پێشمەرگەگان بە دوای شەڕێکی سەخت و دژواردا توانیان پاشەکشەیان پێبکەن. لەو شەڕەدا شەش پێشمەرگەی هێزی خەبات شەهید بوون. ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ یارمەتی ئیبراهیم ئەحمەدی دەکرد کە بەڵکوو ناوچەی پێنجوێن و چوارتا بخاتە دەست خۆی، بەڵام بە گەیشتنی هێزی یاریدەدەری پێشمەرگە و بارزانی خۆی بۆ ناوچەکە، ئەوان گەڕانەوە بۆ ئالان. بارزانی تا هێڵی سنور چووە پێشەوە و لەوێوە هەڕەشەی لە ئێران کرد:

- (کە ئەگەر جارێکیتر یەک کەسیان لە سنور بپەڕێتەوە، منیش لە سنوری ئێران دەپەڕمەوەو شۆڕشێک لە کوردستانی ئێراندا هەڵدەگیرسێنم.)

ڕژێمی عێراق هەڕەشەی بارزانی بەهەل زانی و پێیراگەیاند ئامادەیە بۆ ئەو مەبەستە یارمەتی بدات کە بارزانی سوپاسی کردن و پێی گوتن ئێستا هەموو شتێک بڕاوەتەوە و پێویستی بە یارمەتی نییە. دەربارەی ڕاکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی لە ماوەت و چوونیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەشید سندی لە نامەیەکدا بۆ بارزانی دەنوسێت:

گەورەم بارزانی مستەفا بەڕێز ١٩٦٤/٧/٢٠

سڵاو و حورمەت

پاش سەلام لێ کردنتان و ناردنی ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا بۆتان، تکای بەردەوامیی تەندروستی و پێشکەوتنم هەیە بۆتان بۆ خزمەتکردنی میللەتی کوردی ستەمدیدە. پاش ئەمە، سبەینێی ئەمڕۆ گەیشتینە ئەو شوێنەی مەکتەبی سیاسی ئیبراهیم ئەحمەدی لێبوو، پێش ڕۆژێک چۆلکرابوو، لە هەموو ئەو شتانەی تێیدا بوون، جگەلە هەندێ پەڕە کاغەز کە بڵاوبوو بووەوە و هیچ سودێکی لە ڕووی

سیاسی یا سوپایی یا ئابووریی تێدا نەبوو، هەواڵمان لە خەڵکی گوندەکە پرسی، وتیان: هەموو شتەکانیان لە ماوەی زیاتر لە هەفتەیەکدا گواستەوە و لە دواڕۆژدا کە ناوچەکەیان تەواو چۆلکرد، هێستریان لە ئێرانەوە هێنا و کۆچیان کرد. ئێستەش بە تەواوی گوێمان لە تەقەیە لەسەر سنوور. ئێمە وا دەڕۆین بۆ ناوچەی شەڕ و خوا یار بێ عەسری ئەمڕۆ دوا هەواڵتان پێ دەگەیەنین، ئەمە و بەردەوام بن بە یارمەتی خودای بڵند و باڵا.

دڵسۆزتان : ڕەشید سندی

دەربارەی پاککردنەوەی هێزەکانی ئیبراهیم ئەحمەد لە ماوەت و ئاکامەکانی دوایی کە لە نامەی سەروودا ئاماژەی بۆ کردوە. ڕەشید حاجی بەدری سندی لە وتوویژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٦ لە زاخۆ پێی گوتم: **(ئێمە چووین بۆسەر ئاوەکونتێ لە ناحیەی ماوەت کە بنکەی مەکتەبی سیاسیی لێبوو، بەڵام کەسی لێنەمابوو. نزیکەی یەک کیلۆمەتر دوور لە ئێمە لە بەری ڕۆژهەڵات لەسەر سنوری ئێران تەقە هەبوو. ئێمە گەیشتینە جێی تەقەکە و ئەوان لە ڕووبار پەڕینەوە و خۆیان گەیاندە نێو خاکی ئێران و ئێمە بەدووایاندا نەچووین. لە ڕاستیدا ئەوان شەڕیان نەکرد و هەوڵی دەرچوونیان دەدا.)**

لە دوو بروسکەی هاوشێوەدا، یەکەمیان لەلایەن عەقید نوری مەلا مەعروف و دووەمیان لەلایەن فازل تاڵەبانییەوە، باس لە ئازادکردنی ناوچەکانی هەڵەبجە، پێنجوێن، چوارتا و ناوچەی خانەقین لە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد دەکەن. لە ئازادکردنی ناوچەکاندا بارزانی بەڵێنی خۆی بردەسەر و هەموو ناوچەکەی بە پێشمەرگەکانی هەرێمی سۆران ئازادکرد و نزیکەی ١٠% پێشمەرگەی بارزان، بەشداریی ئەو مەئموریەتەیان کرد. دوای ڕاکردنیان بۆ ناوچەی ئالان، نزیکەی ٤٠- ٥٠ سەرکردەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە بێتوش نیشتەجێ بوون و پێشمەرگەکانیش لە گوندەکانی "مەزرێ و دولکان". چەند جار ویستیان بگەڕێنەوە و بە شەڕ ناوچەیەک بۆخۆیان ئازادبکەن کە نەیانتوانی و سەرئەنجام دەوڵەتی ئێران بە هەڕەشەی بارزانی و دەوڵەتی عێراق، ئەوانی چەککرد و لە ناوچەکە دووری خستنەوە بۆ هەمەدان. لەم بارەیەوە سەرلەشکر حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشوی ئەرکانی سوپای ئێران لە

لاپەڕەکانی ٢٢٤- ٢٢٥ی کتێبەکەیدا "کوردەکان- لێکۆڵینەوەکی مێژوویی و سیاسی"دا، دەڵێت:

- (ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ٦٣٠ پێشمەرگەی لایەنگریان، چونکە نەیانتوانی بەرگریی لەخۆیان بکەن، لە زێی بچووک پەڕینەوە و لە نزیک سەردەشت هاتنە ناو خاکی ئێران، ئەوان ئیزنیان بە کاربەدەستانی ئێران نەدا کە چەکیان بکەن و گوتیان دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێنەوە خاکی عێراق. ئیبراهیم ئەحمەد هاتە تاران، بەڵام عومەر دەبابە و جەلال تاڵەبانی لەلای هاوڕێکانیان لە گوندی "دولکان" لە نزیک سەردەشت لە دوازدە مایلیی سنوری عێراق مانەوە. شێخ ئەحمەد برا گەورەی مەلا مستەفا هەوڵیدا مەکتەبی سیاسیی پارتی لە مەلا مستەفا نزیک بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی. دوای چەند ڕۆژ، ٢٠٠ پێشمەرگەی دیکەش کە لە ناوچەی خانەقین بوون، هاتن و لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی کەوتن. دواتر هەموویان بە تێکڕایی گەڕانەوە ناوخاکی عێراق و دەیانویست لە چوارتا بمێننەوە کەچی ژمارەیەک بارزانی کە بەو جموجۆڵەیان زانی، هێرشیان کردە سەریان و لە ئاکامدا ئەو ٢٠٠ کەسەی ناوچەی خانەقین گەڕانەوە لای مەلا مستەفا و ئەوانی تریش ڕایانکردەوە ئێران.

ئەم جارەیان دەوڵەتی ئێران چەکی کردن و خستنیە ژێرچاودێریی. دوای چەند ڕۆژ بەهۆی ڕەخنەی دەوڵەتی عێراق، لەبوونی ئەو ژمارە پەنابەرانە لە نزیک سنورەکانی، دەوڵەتی ئێران ئەوانی گواستەوە بۆ سەقز و لەوێوە بردنی بۆ هەمەدان، بەڵام لایەنگرانیان لە سوریا و لوبنان و ئەوروپای ڕۆژئاوا، پشتی ئەو پەنابەرانەیان گرت و سکاڵایان لە مەلا مستەفا و دەوڵەتی عێراق کرد. هەرلەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی لە لاپەڕەی ٩٦٤ کتێبەکەیدا "دوای ٦٠ ساڵ"، دەڵێت: ئێرانییەکان شەوێک بە زۆر ئێمەیان ڕەوانەی هەمەدان کرد. نزیکەی ٤٠٠- ٥٠٠ کەس بووین. لە ئۆردوگایەکدا ئێمەیان دانا و گوتیان ئێوە لێرە پەنابەرن و چەکەکانیان لێوەرگرتین و ئیتر بەتەواوی لە داوی ئێران کەوتین.

من و حیلمی عەلی شەریف و چەند کەسی تر داوامان لە ئەندامان کرد بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و خەریکی کاروباری حیزبی بن و عەلی عەبدوڵا، عەلی عەسکەری و عومەر دەبابەش لەلای هێزە چەکدارەکان بمێننەوە. کەمال موفتی و

محەمەد ئەمین فەرەج و چەند کەسی تر سەرپەرشتی کاروبارەکان بگرنە ئەستۆ و ئیبراهیم ئەحمەد بچێت لە تاران بمێنێتەوە و سەید عەزیزیش بگەڕێتەوە لای باوکی.)

بە ڕێکخراو کردنی شۆڕشی ئەیلول

دوای گواستنەوەی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ هەمەدان و ئارام بوونەوەی ناوچەکە، بارزانی گەشتێکی ناوچەی چوارتا و دەوروبەری کرد و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، لە جیاتی ئەوەی کە بەپێ بگەڕێتەوە بۆ ڕانیە، ڕۆژی ١٩٦٤/٩/١٦ لەگەڵ چەند لە پاسەوانەکانی لە ڕیزی پشتەوەی ئوتۆمبیلی شێخ حوسێن بۆسکین دانیشت و چوو بۆ سلێمانی و بەوێدا گەڕایەوە بۆ ڕانیە. ڕۆژی ١٩٦٤/٩/٢٠ پارێزگاری سلێمانی بەهاتنی بارزانی بۆ سلێمانی زانی و گلەیی لێکرد کە بۆچی ئاگاداریی نەکردوەتەوە کە پێشوازیی لێ بکات. دوای گەڕانەوەی بۆ ڕانیە و یەکدەست بوونی شۆڕشی ئەیلول، بارزانی بڕیاری بەڕێکخراو کردنی شۆڕشی بە دامەزراندنی "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول" دەرکرد کە حیزب نەبێت بە تاکە بڕیاردەر لەسەر گەلی کورد و ڕێگای بۆ نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی گەل کردەوە کە لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیان و ئەرکەکاندا شەریک و بەشدار بن.

بارزانی بە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١دا، لە فیکری بە ڕیکخراو کردنی شۆڕشی ئەیلول کەوت، بەڵام بەرچاو تەنگیی ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتدا کە دەیانویست حیزب لە هەموو بوارێکدا سەروەر بێت و بڕیارەکان لە حیزبەوە بۆ گەل و شۆڕش بچن، لەمپەر بوون لەبەردەم بارزانیدا کە نەتوانێ بەو ئەنجامە پیرۆزە بگات. لەو چوارچێوەیەدا ئەرکی بەڕێوەبردنی کاری خەڵک لە حیزب جیا کرایەوە و لە ناوچە ئازادەکاندا بە "قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە و ...تد" سپێردرا. بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنێکی بەرفرەوان لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات، فەرماندەکانی لەشکری کوردستان، دوو ئەندام لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق، خەڵکی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیر، سەربەخۆ، دوو مەلای ئایینی و قەشەیەکی کریستیان و ژمارەیەک سەرۆک خێڵی ناوچە جیاوازەکان وەک: هەباسی مامەند ئاغای، کاکە زیاد حەمە ئاغا، ئەنوەربەگی بێتواتە، مەحمود بەگی گولی، شێخ ڕەئوفی هەنجیرە، وەهاب ئاغای جوندیان، بابەکر ئاغا، حاجی برایمی چەرمەگا، کوێخا سمایلی تەلان، شێخ حوسێنی بۆسکین، شێخ محەمەدی بالیسان و

قەشەی کریستیان بەناوی "ئەبوو نا" کە بە گشتی نزیکەی ٦٥ کەس بوون ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکانی کوردستانیان پێسپێردرا. ئەنجومەن لەنێو خۆیدا لیژنەی بەڕێوەبەریی "مەکتەبی تەنفیزی" هەڵبژارد کە لە سەرەتادا، مستەفا قەرەداغی سکرتێری بوو، و دواتر نافیز جەلال و سەردەمێکیش ئەو پۆستە بە دوکتۆر مەحمود عوسمان سپێردرا. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ڕۆڵی پەرلەمان و مەکتەبی تەنفیزی ڕۆڵی حکومەتی هەبوو لە شۆڕشی ئەیلولدا کە بەشە جیاوازەکانی حکومەتیان لە دڵی شۆڕشی ئەیلولدا بە دانانی بەشەکانی شارەوانی، دارایی، دادوەریی، زانیاری، پزیشکی، هەواڵگریی و...تدی بەڕێوەدەبرد کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەم. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

– (بارزانی ڕەحمەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی دروستکرد و ئێمەش لە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا هاوکارییمان کرد. ماوەیەک من سکرتێری ئەو ئەنجومەنە بووم. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بەشی تەندروستی و بەشی زانیاریی و پەروەردەمان هەبوو کە من ماوەیەکیش سەرپەرستیان بووم. چەند خولی برینپێچ و پەروەردە کردنی مامۆستای شۆڕشمان دانا. کاتێک ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەت ڕێککەوتین، ئیعترافیان بە شەهادرکانی ئێمە کرد و خاوەنەکانیان بەشێوەی ڕەسمی لە حکومەتدا دامەزران.)

هەروەها محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات و یەکێک لە بەشدارانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە بیرۆکەی دانانی ئەنجومەنی نیشتمانی و بە ڕێکخراو کردنی شۆڕشی ئەیلول لە کێوە هات؟ دەڵێت: **(ئەوەندەی من بزانم و زانیارییم لەسەری هەبێت و لە کۆنگرەی شەشەمدا باسی لێکرا و لەوێ بڕیاری لەسەر درا کە ئەگەر بکرێ بە هەڵبژاردن بێت، ئەگەرنا بەشێوەی کاتی دابنرێت بۆ کاتێکی گونجاو تا دوخەکە هێمن دەبێتەوە، ئەوکاتە هەڵبژاردنی بۆ بکرێ، ئەوە بڕیاری کۆنگرە بوو. بەحەقیقەت ئەو بیرۆکەیە لە شەخسی بارزانییەوە بوو. بارزانی گوتی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە موئەسیسەیەکمان هەبێت کە بەتەنیا حیزبی**

نەبێت. حیزب لیژنەی مەرکەزی هەیە، ئەندامانی لەشکر هەمووی حیزبیین، ئیتر ئەو هەمووە موئەسیساتە بۆ کورد باش نییە و کورد دەبێ لەوە فرەوانتر بێت. ئەو پێشنیازەی بارزانی بە دەنگی تێکڕای ئەندامانی کۆنگرەکە بوو بە بڕیاری حیزب. ١٧ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ١٧- ١٨ ئەفسەری باڵا و لێهاتوومان هەبوو، وەک: عەبدولڕەحمان قازی، عەزیز ئەقراوی و عەبدولوەهاب ئەتروشی و.....تد کە ژمارەیەکیان تەنانەت حیزبی نەبوون، لەگەڵ ژمارەیەکیش خەڵکی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیر، سەربەخۆ، ئایینی و ئاغاکان لە ناوچە جیاوازەکان وەک بابەکر ئاغا، حاجی برایمی چەرمەگا، کوێخا سمایلی تەلان، شێخ حوسێنی بۆسکین، شێخ محەمەد بالیسانی و قەشەیەکیشمان هەبوو پێیان دەگوت ئەبوو نا. بە گشتی ٦٣ کەس بوون. لە ئەنجومەنەکەدا مەکتەبێکی تەنفیزیان دروستکرد کە سەردەمێک مستەفا قەرەداغی سکرتێری بوو، دواتر نافیز جەلال جێی گرتەوە و سەردەمێکیش دوکتۆر مەحمود عوسمان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بوو کرا بە سکرتێری ئەو ئەنجومەنە. هەرکام لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بەرپرسی بەشێک بوو. بارزانی بۆخۆی بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دەکرد، بەڵام دەستی لە کاری ئەو ئەنجومەنە وەرنەدەدا.)

هەرلەم بارەیەوە موحسین دزەیی وەزیری کاروباری باکوری عێراق لە سەردەمی حوکمی عەبدولڕەحمان عارف و باڵیۆزی عێراق لە چێکوسلۆڤاکی و کەنەدا، لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: **(هەڵوێستی بارزانی ئەوە بوو کە دەسەڵاتی شۆڕش بەتەنیا بەدەست حیزبەوە نەبێت و حیزب لەسەر هەموو شتێک بڕیار نەدات، بەڵکوو بەشی زۆری میللەت بەشداریی شۆڕش بکەن و بڕیاردەریش خۆیان بن. ئەوە بوو کە بیرۆکەی ئەنجومەنی نیشتمانیی شۆڕش پێشنیاز کرد. ئەو ئەنجومەنە لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٤، لە پیاوانی کۆمەڵایەتی، عەشایر، نیشتمانپەروەر، ڕۆشنبیری سەربەخۆ، ئایینی، سەربازیی و ئەوانەی لە ڕیزی حیزبدا بوون پێکهێنا. زیاتر لە ١٠٠ کەس کۆبوونەوە و ئەنجومەنی نیشتمانی شۆڕشیان دامەزراند. ئەنجومەن لە نێو خۆیدا ١٠- ١٢ کەسی هەڵبژارد بۆ مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی شۆڕش و کارەکانی بەشکرد لەنێو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیدا و بەشی جۆراوجۆری وەک: دادپەروەریی، دارایی، عەسکەریی دانا. من خۆم کە لە کۆلیجی داد دەرچووبووم**

و چەند ساڵێک پارێزەر بووم، بەشی دادپەروەرییان بەمن سپارد. ئێمە لە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا دادگامان لە کەسانی شارەزا دامەزراند. ئەنجومەنی نیشتمانیی شۆڕش هەر سێ چوار مانگەی جارێک کۆدەبۆوە و لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کارەکانی سەرلەنوێ ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی هەڵدەبژاردەوە. بارزانی بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی شۆڕشی دەکرد، بەڵام دەستی لە کارەکانی وەرنەدەدا.)

پێکهاتەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی بریتی بوون لە: بەشی بەڕێوەبەرایەتی، دارایی، دادوەری، تەندروستی، هەواڵگری و ئاسایش. هەروەها بەشی کاروباری نێوخۆ بریتی بوو لە: پارێزگای سلێمانی، پارێزگای کەرکوک، پارێزگای هەولێر، پارێزگای موسڵ. هەرکام لەو پۆستانە بەرپرسێکیان بۆ دانرا و بەرپرسەکان ئەرکی خۆیان بەدەستەوە گرت. لەگەڵ ئەو ڕێکخستنە نوێیە، لەشکری شۆڕشی کوردستانیش بەشێوەی خوارەوە ڕێکخرا:

فەرماندەیی گشتی لەشکری شۆڕش: مەلا مستەفا بارزانی

سەرۆکی ئەرکانی لەشکری شۆڕش: نوری مەلا مەعروف

لەشکری یەک لە بادینان لەگەڵ هێزەکانی: ئەسعەد خۆشەوی

هێزی زاخۆ: عیسا سوار

هێزی دهۆک: عەلی خەلیل

هێزی شێخان و ئاکرێ: حەسۆ میرخان دۆڵەمەری

لەشکری دوو لە هەولێر لەگەڵ هێزەکانی: ڕەشید سندی

هێزی سەفین: تاهیر عەلی والی

هێزی کاوە لە ناوچەی پشدەر: حەسۆ میرخان ژاژۆکی

هێزی بێتواتە لە ناوچەی بێتواتە: عەلی شەعبان

لەشکری سێ لە سلێمانی و کەرکوک لەگەڵ هێزەکانی: مقەدەم عەزیز ئاکرەیی

هێزی خەبات: عەبدولوەهاب ئەتروشی

هێزی قەرەداغ: فازل تاڵەبانی

هێزی ڕزگاری: تاریق ئەحمەد

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە یەکەم هەنگاویدا، یادداشتێکی بە ئیمزای بارزانی سەرۆکی ئەنجومەن ئامادە کرد و ڕۆژی ١١/ ١٩٦٤/١٠ بە عەگید سدیق و شەوکەت ئاکرەییدا ڕەوانەی تاهیر یەحیا سەرۆک وەزیرانی عیراقی کرد. تاهیر یەحیا ڕۆژی ١٩٦٤/١٠/١٧ بە لیژنەیەکدا کە لە سوبحی عەبدوڵحەمید وەزیری نێوخۆ و فەرماندەی فیرقەی دووەم و پارێزگای سلێمانیدا پێکهاتبوو، وەڵامی بارزانی دایەوە و لەودا چەند خاڵێکی وەک دوا هەوڵەکان بۆ خۆ دوورخستنەوە لە شەڕ زەق کردبۆوە. بەم ئاماژەیە، بارزانی تێگەیشت کە حکومەت خەریکی خۆ ئامادەکردنە کە دەست بە خولێکی تری شەڕ بکاتەوە.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ بەرگریی کردن لە شەڕ ڕۆژی ١٩٦٥/١/١٠ وەفدێکی نارده بەغدا کە لە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی، هاشم ئاکرەیی و عەگید سدیق ئامێدی پێکهاتبوو. وەفدی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەغدا لەگەڵ سوبحی عەبدولحەمید وەزیری نێوخۆ کۆبۆوە و چەند پێشنیازی ئاراستە کرد وەک: فەرمانبەران لە ناوچە کوردییەکاندا لە پارێزگارەوە بگرە تا خواروو کورد بن. نەقڵ و گواستنەوەی فەرمانبەرانی کوردستان لەنێو خۆی ناوچەکەدا بێت. کوردەکان بە گوێرەی ڕێژەیان لە عێراق بەشداریی لە پلەکانی حکومەتدا بکەن. دەستوری کاتی لەسەر بنچینەی داننان بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و بناخەی پرنسیپی بەشدارییکردن لە حوکم و بنچینەی "گەلی عەرەب لە عێراقدا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب" هەموار بکرێت. زمانی ڕەسمی لە ناوچە کوردییەکاندا لە فەرمانگە و دامەزراوە ڕەسمییەکان و خوێندنگەکاندا تا پلەی سێی ناوەندیی کوردی بێت و هیچ لارییەکیشیان نییە کە بیگەیەننە سنوری خوێندنی دواناوەندی. پێشمەرگە لە کارگێڕیی ناوخۆییدا، ئەرکی پۆلیسی دەبێت و ئەندامانی لەشکری کوردستان لە تیپی دووەمدا دەبن و...تد. هەروەها شێوازی پێوەندیی ڕێکخستنی سیاسیی لەنێوان هەردوو لایەنی حکومەت و شۆڕشدا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت و چەند خاڵی تر کە وەفدی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕس لە نامەیەکدا بە مێژووی ١٩٦٥/١/١٦ بۆ بارزانی نوسیوە و مەسعود بارزانی دەقی نامەکەی لە پاشبەندی ژمارەی ٢١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی

ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥" بڵاوکردوەتەوە. وەفدی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕۆژی ١٩٦٥/١/٢٤ بەبێ وەرگرتنی هیچ ئاکامێک لە حکومەتی بەعس گەڕایەوە بۆ کوردستان. دوای ئەوە چەند وەفدێتر لەلایەن ئەنجومەنەوە سەردانی بەغدایان کرد، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا و حکومەت سەرلەنوێ شەڕی بەسەر گەلی کورددا سەپاندەوە.

دەستپێکردنەوەی شەڕ

لە سەرەتای مانگی مارس "ئادار"ی ١٩٦٥وە چەند تێکهەڵچوونی بچووک لە ناوچەکاندا ڕوویدا. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش زۆری هەوڵدا کە پێش بەو شەڕانە بگرێت، بەڵام نەیتوانی و شەڕە بچووکەکان خۆیان لە گەلێک شەڕی مەزن و پڕلە زیاندا دیتەوە. لەبەر ئەوە، سەرکردایەتی شۆڕش بارەگای خۆی لە ناوچەی پشدەرەوە گواستەوە بۆ ناوچەی باڵەک. هەروەها بە سەرهەڵدانەوەی شەڕ، ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک خێڵەکان پشتی شۆڕشیان گرت و ژمارەیەکیشان پاڵیان بە حکومەتەوەدا. ڕژێمی ئێران پێوەندییەکانی خۆی لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەدەوە گواستەوە بۆ پارتی دیموکرات و بارزانی و هێڵی پێوەندیی خۆی لەگەڵ شۆڕش لە گوندی "شابادین" لە ناوچەی بانەوە گواستەوە بۆ حاجی ئۆمەران. شای ئێران، سەرهەنگ عەلی مودەریسی کە کوردو خەڵکی سنە و سەرۆکی ڕوکنی دووی سەربازگەی مهاباد بوو لە جیاتی عیسا پژمان کرد بە بەرپرسی پێوەندییەکانی لەگەڵ شۆڕش و چوار خۆمپارە "هاوەن"ی ٨١ ملیم و ٥٠٠ تفەنگی بڕنوی نارد و لە مانگی یولی "تەموز"ی ١٩٦٥یشدا، هەشت خۆمپارەی تری نارد کە چواریان ١٢٠ ملیم بوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری فیشەکی بڕنو و تفەنگی ئینگلیزیی. هەروەها ڕێگای بۆ پارتی دیموکرات کردەوە کە بریندارەکانی لە ئێران دەرمان بکات کە ئەوانە دەرفەتیان بۆ پێشمەرگەکان ڕەخساند زەبری قورس و کوشندە لە ڕژێمی بەعس بدەن. یەکەم شەڕی گەورەی ڕژێمی عێراق بۆسەر چیای سەفین بوو.

شەڕ لە چیای سەفین: بەرلە هێرشی دوژمن بۆ سەفین، فڕۆکەکانی دوژمن ڕۆژانە بە بەردەوامی بەسەر کوردستاندا دەخولانەوە و لەگەڵ شناسایی کردنی شوێنی پێشمەرگەکان، خەڵکیان دەترساند و توشی دڵەڕاوکێی دەکردن کە لەکاتی شەڕدا پشتی شۆڕش نەگرن. پاشان لە نێوەڕاستی مانگی ئاپریل "نیسان"دا سوپای عێراق بە لیواکانی ١ و ٤ و ١٥ و ٢٩ و بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن عیسا شاوەیی و هێزێکی جاش کە ژمارەیان پتر لە ٣٠ هەزار چەکدار بوو، لەژێر ئاکرێ تۆپخانە و بۆمبارانی فڕۆکەکاندا هێرشی کردە سەر چیای سەفین کە لەشکری دووی سوپای کوردستان بە

فەرماندەیی ڕەشید سندی و هێزی سەفین بە فەرماندەیی تاهیر عەلی والی و بە هاوکاریی فارس باوە کە فەرماندەیەکی مەیدانیی بوو، بەرگرییان لێدەکرد. دوژمن لە سەرەتادا توانی هەندێک سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەڵام دواتر لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا کە خەڵکی ناوچەکە هاوکارییان کرد، شکاو پاشەکشەی کرد. دوای ئەو شکانەی، دوژمنی بۆ داگیرکردنی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، لە سیاسەتی بە قۆنتەرات دانی ناوچەکان کەڵکی وەرگرت. بۆ ئەو مەبەستە، نرخی بۆ گرتنی ناوچەکان دانا لە ٥٠٠ دینارەوە تا ٥٠٠٠ دینار. زێڕۆ بەگی بهادوری ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کە ساڵی ١٩٤٧ ڕایکردبوو بۆ باشوری کوردستان و ڕژێمی عێراق بۆ ماوەیەک لە زیندانی ئەبوغەریب ڕایگرت. پاش ئازادبوونی لە زیندان لە گوندی کەلەکین سەربە ناحیەی هەریر نیشتەجێ بوو، و دواتر چەکی بۆ حکومەتی هەڵگرت. زێڕۆ بەگ یەکێک لەو سەرۆک جاشانە بوو کە لەو مامەڵەیەدا سەری خۆی لەسەر دانا و ئیتر سەرۆک جاشەکان خۆیان لە مۆرکردنی پەیمانێکی بەم جۆرە پاراست. دەربارەی شەڕی چیای سەفین لە ساڵی ١٩٦٥دا ڕەشید حاجی بەدری سندی، لە دایکبووی ١٩٣١ لە گوندی سپیندارۆک لە وتوویژێکی تایبەتدا لە ماڵی خۆی لە زاخۆ، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٦ پێی گوتم:

– **(من فەرماندەی هێزی سەفین بووم. هێزی زەربەتی سوپای عێراق بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن عیسا شاوەیی لەگەڵ تۆپخانە هاتن چیای سەفین بگرن. تاهیر عەلی والی جێگری من بوو. فارس باوە فەرماندەی بەتالیۆنی دەشتی هەولێر، نزیکەی ٦٠٠– ٧٠٠ کەس دەبوون. شەڕکەری باشبوون و سەید کاکە سەرلق بوو. عەریف عوسمان، محەمەدی حاجی، سەعدی عەزیز "سەعدی گچکە" سەرلق بوون و عەلی حەسەن بلباس ئامر بەتالیۆن بوو.**

سمکۆ عەلی و کاکلی زاوای فارس باوە لەوێ شەهید بوون. لەو شەڕەدا نزیکەی ٣٠ شەهید و ١٤٠ بریندارماندا. شەڕێکی درێژخایەن بوو، ٥٤- ٥٥ ڕۆژی خایاند و درێژترین شەڕی بەرگریی بوو. هێزەکانی عێراق جگەلە هێزی زەربەت، نزیکەی ٤٠-٥٠ هەزار جاشیان لە زاخۆوە تا خانەقین لەگەڵ بوو. هەندێک جار ئێمە دەشکاین و هەندێک جاریش دوژمن دەشکا. لە چوار جێی وەک: گۆمە ئەسپان، سەری مەیدان لەنێوان شەقڵاوە و مەسیف، لە سەری ڕەش و گوندی چنێران "چناران"ەوە بە تۆپ لێیان دەداین و کاتێک تۆپخانە دەوەستا، تەیارە دەهاتە سەرمان. چیای سەفین قایم بوو. ئەوان بە ڕۆژ هێرشیان نەدەکرد و بەشەو دەهاتن. ئەوکاتە پارتی بەشی پاراستنی نەبوو، بەڵام سەرۆک بارزانی هەندێک خەڵکی خۆی هەبوو لەناو حکومەتدا لە بەغدا و هەولێر و موسڵ هەبوو. بە هۆی ئەو خەڵکەوە، ئێمە زانیاریی تەواومان لە سەرۆک بارزانی وەردەگرت. ئاکامی شەڕەکە بەوە گەیشت کە ئەوان دەیانویست چیای سەفین بگرن و جادەی حاجی ئۆمەران بخەنە دەست خۆیان. دوو سێ کەپکی شەقڵاوەیان گرت، بەڵام لەو شەڕە درێژخایەنەدا سەرنەکەوتن.)

کاتی شەڕەکانی چیای سەفین، عەبدولسەلام عارف هاتە ناوچەکە و عەمید ڕوکن عیسا شاوەیی فەرماندەی لیوای چوار ویستی جارێکی تر هەوڵی داگیرکردنی سەفین بداتو وەک پێشکەشییەک، موژدەی ئازادکردنی چیای سەفین بدات بە عارف کە دیسانیش شکستی هێنا. زیانەکانی دوژمن لە زنجیرە شەڕی چیای سەفین بریتی بوو لە: ١٥٤ کوژراو، ٣٤٨ بریندار و ٣٢ بەدیل گیراو، لە بەرامبەردا پێشمەرگەکانیش ٢٢ کەسیان شەهید و ٨٦ کەسیشیان بریندار بوون. مورشید کاوانی یەکێک بوو لە شەهیدەکانی زنجیرە شەڕی چیای سەفین.

شەڕەکانی پیرەمەگرون: سوپای عێراق بە دوو لیوا و نزیکەی سێهەزار جاشی کورد و دووهەزار جاشی عەرەب، بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن زەکی حوسێن حیلمی، ڕۆژی ١٩٦٥/٤/٢٨ هێرشی کردە سەر چیای پیرەمەگرون و دەیویست سەرەتا بارەگای هێزی ڕزگاری لە گوندی "زێوە" داگیر بکات و پاشان بەرەو دۆڵی جافایەتی بچێت. دوژمن توانی گوندی زێوە و بەشێک لە چیای پیرەمەگرون داگیر بکات، بەڵام پێشمەرگەکان بە دژە هێرشێک بە فەرماندەیی تاریق ئەحمەد، دوژمنیان شکاند و

ناچاریان کرد ناوچەکە بەجێهێڵێت. ئەو شکانەی دوژمن بەجۆرێک بوو کە هەموو پلانەکانی سەبارەت بە داگیرکردنی ناوچەکە پوچەڵ کردوە.

شەڕەکانی قەرەداغ: ڕۆژی ١٩٦٥/٦/٤ دوژمن بە لیواکانی ٣ و ٥ و ٢٠ و ٢٥ و بە هاوکاریی ژمارەیەکی زۆر جاش و بە پشتیوانیی یەکەیەکی فڕۆکەوانی لە بنکەی ئاسمانیی کەرکوکو دوو یەکەی تۆپخانەو یەکەیەکی تانک هێرشی کردە سەر ناوچەی قەرەداغ. لە پێنج ڕۆژی یەکەمی شەڕدا دوژمن توانی بەشێک لە ناوچەکە داگیربکات و پاشەکشە بە پێشمەرگەکان بکات. لەو شەڕەدا حەمید بەرواری سەرلقی بەتالیۆنی پێنجەمی هێزی قەرەداغ ، قارەمانەتی گەورەی نواند. ناوبراو بەپێچەوانەی فەرمانی موقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی کە فەرمانی کشانەوەی بە پێشمەرگەکاندابوو، لە ناوچەکە مایەوە و پاشەکشەی نەکرد و لە ئاکامدا دوژمنی شکاند. دواتر مینێکی لەسەر ڕێگای هاتوچۆی ئوتۆمبێلەکانی دوژمن چاند کە لەژێر ئوتۆمبێلی موقەدەم ڕوکن مەحمود عەزیز و سێ لە فەرماندەکانی دوژمن تەقییەوە. بە کوژرانی ئەو چوار ئەفسەرانە، دوژمن ناچاربوو پاشەکشە بکات. دەنگۆی ئەو قارەمانەتییەی حەمید بەرواری لەنێو پێشمەرگەکاندا بڵاوبۆوە و پێشمەرگەکان گەڕانەوە ناوچەی قەرەداغ و دوژمنیان لە ناوچەکەیان دەرکرد. موقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو سەرکەوتنە، لە نامەیەکدا بۆ بارزانی داوای لێپێچینەوەی حەمید بەرواری کرد بە تاوانی لەژێر پێنانی فەرمانی کشانەوەی لە ناوچەکە کە بارزانی وەڵامی دایەوە: حەمید بەرواری شایانی خەڵاتکردنە نەک لێپرسینەوە و پلەی فەرماندەی بەتالیۆنی پێنجەمی پێبەخشی.

شەڕەکانی ئەزمەڕ و چوارتا: ڕۆژی ١٩٦٥/٦/٢٥ دوژمن بە لیواکانی ٥ و ٢١ هێرشی کردە سەر ئەزمەڕ و پاش شەڕێکی خوێناوی یەک ڕۆژە توانی ئەزمەر داگیر بکات و خۆی بگەیەنێتە چوارتا، لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان لاوازییان پێشاندا کە دوژمن توانی ئەو ناوچە گرنگە داگیر بکات.

شەڕی زینەتیر: لە کۆتایی پاییزی ساڵی ١٩٦٥ دوژمن بە هێزێکی گەورەی سوپا و ژمارەیەکی زۆر جاش، پەلاماری چیای "بەنی هەریر- زینەتیر"ی دا و لە شەڕێکی

دژواردا کە سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، توانی چیاکە داگیر بکات. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی ئازا بە ناوی جەعفەر ساڵح مستەفا ئاکرەیی شەهید بوو.

لێدان لە بیرە نەوتی زەنبوور: لەشکری کوردستان بە مەبەستی پارچە پارچەکردنی هێزەکانی سوپای دوژمن و لێک بڵاوکردنیان و هەروەها زیان گەیاندن بە ئابووریی حکومەت، بڕیاریدا بیرە نەوتییەکان بکاتە ئامانج کە لە لایەک زیانی ئابووریی بە حکومەت بگەیەنێت و لەلایەکی تردا نەهێڵێت هێزەکانی لە کوردستاندا کۆبکاتەوە. لەو چوارچێوەیەدا، پۆلێک لە پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی محەمەد دەروێش نادر، بەنهێنی خۆیان گەیاندە بیرە نەوتییەکانی زەنبوور و لێیاندان. ئەم کردەوەیە، کاری گەورەی کردە سەر بەغدا و ناچاری کرد دوو فەوج سەرباز و نزیکەی هەزار جاش لە مەیدانەکانی شەڕ بکێشێتەوە کە پارێزگاریی لە بیرە نەوتییەکان بکەن.

تاکتیکی نوێ لە شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندز

لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان، لە شەڕەکاندا دوژمن هێرشی دەکردە سەر ناوچەی پێشمەرگەکان و پێشمەرگەش حاڵەتی بەرگریی بەخۆیەوە دەگرت. ئەمجارەیان فەرماندەیی لەشکری پێشمەرگە لە بەرەی ڕەواندز، تاکتیکێکی نوێی بەمەبەستی دورخستنەوەی دوژمن لەو ناوچەیە بەکار هێنا. بە سەرکەوتنی پێشمەرگە لەو تاکتیکە نوێیەدا، ناوچەیەکی بەرینتر لە کوردستان ئازاد دەکرا. لەو چوارچێوەیەدا ئەم پلانە داڕێژرا:

- بۆ هەریەک لە مۆڵگەکانی سوپا لە خەلیفان، ملتۆکر، پارێز "حامیە"ی ڕەواندز خۆمپارەیەکی ١٢٠ ملیم و ٢٠٠ گوللەی خۆمپارە تەرخان کرد.

- هێرش بردن بۆسەر چیای کۆڕەک بە مەبەستی ئازاد کردنی گەلی عەلی بەگ و توندکردنی گەمارۆی پارێزی ڕەواندز. فەرماندەی ئەو هێرشە فاخر محەمەد مێرگەسۆری بوو بە هاوکاریی بەتالیۆنێکی حیزبی شیوعی بە فەرماندەیی مولازم ڕیاز بەدرخان.

- هێرش بۆسەر مۆڵگەی خەلیفان بە بەتالیۆنی بێتواتە، بە فەرماندەیی حالی دۆڵەمەری و تانجۆ یونس.

- هێرش بۆسەر مۆڵگەی ملتۆکر بە بەتالیۆنێکی هێزی باڵەک، بە فەرماندەیی عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی و مام سدیق.

- هێرش بۆسەر مۆڵگەی دیانا بە دوو بەتالیۆنی هێزی باڵەک، بە فەرماندەیی حاجی بێروخی و حادی حسکۆ.

عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری" فەرماندەی هێزی باڵەک فەرماندەی گشتی ئەو شەڕانە بوو، و کەمال نوعمان سابیت یارمەتی دەکرد. شەڕەکان بە پشتیوانیی نەقیب بەکر، مەلازم خدر، عومەر ئاغای دۆڵەمەری و خدر دەباغ، نەوزاد خۆشناو، و خالید شەمسەدین لە هێزی تۆپخانەی شۆڕش، بەرپرسی تەقەکردن بە خۆمپارەکان بوون

پاش دەسنیشانکردنی هێزەکانی لێدەرو ئامادەکردنیان، ڕۆژی ١٩٦٥/٨/١ بارزانی کە مەسعود بارزانیشی لەگەڵ بوو، چوو لە بناری چیای هەندرێن لە بنکەی حیزبی شیوعی کە دەیڕوانییە پارێزی ڕەواندز، لەگەڵ فەرماندەکانی ئەو بەرەیە کۆبۆوە و سەبارەت بە ئەرکەکانیان ڕێنوێنی کردن و دواتر چوو بۆ چیای سەرتیز و ڕۆژی ١٩٦٥/٨/٥ لە بنکەی حاجی بێرۆخی، چاوی بە فەرماندکانی ئەم بەرەیەش کەوت و دوای ڕێنوێنی کردنیان، گەڕایەوە بۆ بارەگاکەی.

هەموو فەرماندەکان چاوەڕوانی فەرمانی فەرماندەی گشتیی بوون کە "سەعاتی سفر"ی بۆ لێدانی دوژمن دیاریی کردبوو. بارزانی کاتژمێر ١٧:٠٠ ڕۆژی ١٩٦٥/٨/٦ی وەک سەعاتی سفر ڕاگەیاند و لەو کاتژمێرەدا هەموو خۆمپارەکانی لەشکری شۆڕش بەرەو مۆڵگەکانی دوژمن تەقانەوە. بۆ دوژمن شتێکی دوور لە چاوەڕوانیی بوو کە پێشمەرگە بتوانێ لە یەک کاتدا لە هەموو مۆڵگەکانی بدات. بەدوای خۆمپارە بارانی خەستی مۆڵگەکانی دوژمن، یەکەکانی پێشمەرگە، کاتژمێر ٢١:٠٠ی ١٩٦٥/٨/٦ هێرشیان کردە سەریان و لە یەکەم کاتژمێری هێرشەکەدا، پێشمەرگەکان دوو پێگەی گرنگی دوژمنیان لە چیای کۆرەک گرت، بەڵام لە پێگەی "کەپکە قەڵەو"دا بەرەوڕووی بەربەرەکانی سەخت بوونەوە و نەیانتوانی بیگرن. بەم هۆیەوە نەیانتوانی دەست بەسەر گەلی عەلی بەگدا بگرن. لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگە بریندار بوون کە یەکێک لەوان مولازم ڕیاز بەدرخان فەرماندەی بەتالیۆنی حیزبی شیوعی بوو کە چاوێکی لەدەستدا. هەروەها دوژمن ٤٠ کەلاکی کوژراوەکانی خۆی لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێهێشت.

لە بەرەی ملتۆکر، سەربازەکان ڕایانکرد و مۆڵگەکەیان بەجێهێشت و پێشمەرگەکان دەستیان بەسەر مۆڵگەکەدا گرت. لەوە گرنگتر ئازادکردنی گەرووی عومەر ئاغا بوو کە جێیەکی زۆر مەترسیدار و ستراتیژی بوو. پێشمەرگەکان لە بەرەبەیانیدا لە دوو مۆڵگەی پشت گوندی "بادلیا" و "دێڵزیا" کشانەوە. هۆی کشانەوەکەیان ئەوە بوو کە ئەو دوو مۆڵگەیە لەژێر دید و تیری مۆڵگەیەکی ئازادنەکراوی دوژمندا بوو.

لە بەرەی کۆڕەک زیانێکی گەورە لە پێشمەرگەکان کەوت، لە کاتێکدا پێشمەرگەکان خەریکی حەسانەوە بوون، ڕیزێک گوللە تۆپ کەوتنە نێوانیان و لە ئاکامدا ٢٧ پێشمەرگە شەهید بوون. ئەو کارەساتە پێشمەرگەکانی لە هێرش کردن بۆسەر کۆڕەک سارد کردەوە.

شەڕ لە ناوچەی ڕەواندز تا ڕۆژی ١٩٦٥/٨/٢٣ بەردەوام بوو. سەبارەت بە زیانی دوژمن لەو شەڕانەدا، مەسعود بارزانی لە ژێرنوسی ژمارە ٣ی لاپەڕەی ٢٠٢ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (بە گوێرەی ئەو زانیارییە باوەڕپێکراوانەی گەیشتە دەستمان، زیانی هێزەکانی حکوومەت لەم شەڕانەدا ٢٧٥ کوژراو و ٣٨٧ بریندار بوو).

ئەو تاکتیکەی پێشمەرگەکان لە ناوچەی ڕەواندز گۆڕانێکی زۆری بەسەر نەخشەی بەرەکاندا نەهێنا، لەبەر ئەوە بارزانی فەرمانیدا بەشوێن ئەو تاکتیکە نەکەون و هێڵەکانی داکۆکی کردنی خۆیان پتەو بکەن و وریایی لەدەست نەدەن و بە توندی وەڵامی جوڵەکانی دوژمن بدەنەوە. سوپای عێراق لە بەرامبەر ئەو تاکتیکەی لەشکری کوردستاندا، کاردانەوەیەکی دڕندانەی لەخۆی پێشاندا. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٠٣ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (لەوکاتەدا خێزانی ئێمە لە هاوینەهەواری کۆدۆ بوون لە نزیک حاجی ئۆمەران. ناوچەکە پڕ بوو لە خێڵی کۆچەر. وادیاربوو لایەنە حکوومەتییەکان لەوە ئاگەدار کرابوون کە ئێمە لە کوێین، چوار باڵەفڕی هۆکەر هەنتەر کەوتنە بۆمباران کردنی ئەو شوێنەی خێزانی ئێمەی لێبوو، بەڵام باڵەفڕەکان نیشانەی خۆیانیان نەپێکا و بۆمبەکانیان بەسەر کۆمەڵێ ماڵی کۆچەردا فڕێدا کە خزمانی حاجی محەمەد ئەمینی بۆڵێ و حاجی عومەری بۆڵێ بوون. چوار کەسیان شەهید بوون کە دووانیان منداڵ بوون و ١٤ کەسیش بریندار بوون کە بەشی زۆریان ئافرەت بوون. هەرگیز هەڵوێستی حاجی محەمەد ئەمینم لەوکاتە ناخۆشەدا لەبیر ناچێ کە خێزانی کوڕەکەی و دو نەوەی لەو ڕووداوەدا لە دەستدابوو. چوو بووم بۆلای بۆ سەرەخۆشی

لێکردنی، بێ زیاد و کەم پێی وتم: "سوپاسێکی زۆری خودا دەکەم کە بۆمبارانەکە هیچ یەکێک لە خێزانی ئێوەی نەگرتەوە. با ئێمە ببین بە قوربانی ئێوە." وشەی وام نەدییەوە بتوانم ئەوەی لە دڵی خۆمدا هەستم پێ کرد دەری ببڕم بەرامبەر بەم لەخۆبوردوویی و دڵسۆزییە).

شەڕی کێوەڕەش و ڕاپۆرتێکی ئیدریس بارزانی

لە کاتێکدا هێشتا پەلەکانی پێشمەرگە بە شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندزەوە خەریکبوون لێوای چواری سوپای عێراق بەهاوکاریی لیوای بیست و لەژێر ئاگری تۆپخانە و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکاندا، ڕۆژی ١٩٦٥/٩/٦ هێرشێکی بەربڵاوی کردەسەر ناوچەی ڕانیە و کێوەڕەشی داگیر کرد. هۆی ئەو سەرکەوتنەی دوژمن پتر بۆ کەمترخەمی تاریق ئەحمەد فەرماندەی پێشمەرگەکان دەگەڕایەوە کە بە بەردەوامی دووپاتی دەکردەوە هێزەکانی دوژمن هەرگیز ناتوانن کێوەڕەش بگرن، کەچی قسەکەی بەڕاست دەنەچوو، و کاتی هێرشی دوژمن خۆیان ڕانەگرت و تا "ماخووبزنان" و دۆڵی شەهیدان و بناری مامەندە و هەڵشۆ کشانەوە. لە بەرامبەردا پێشمەرگەکانی مەرگە کە یوسف محەمەد یوسف "مام وسو دزەیی" فەرماندەیان بوو، توانیان بە لەخۆبوردوویی تا ڕۆژی ١٩٦٥/٩/١٠ خۆیان ڕابگرن و دواتر پاشەکشە بکەن. بە کشانەوەی پێشمەرگەکان لەو ناوچەیە و سەرکەوتنی ڕژێم لە شەڕەکاندا، کاربەدەستانی حکومەت لەو باوەڕەدابوون کە دەتوانن میراودەلییەکان لە شۆڕش دوورکەنەوە و ڕایانکێشنە لای خۆیان، بەڵام شێخ حوسێن بۆسکین و مەحمودی هەباس ئاغای و باییزی بابەکر ئاغا و ژمارەیەکی تر ئەو هیوایەی دوژمنیان کوێر کردەوە. پاش داگیرکردنی قەڵادزێ لەلایەن دوژمنەوە، عەبدولسەلام عارف هاتە ئەو شارە و وتارێکی گەوجانەی بۆ سەربازەکان خوێندەوە و گوتێ: **(ئەمە خاکێکی عەرەبانە، ئەوەی ڕازی نییە با ملی خۆی بشکێنێ و بڕوا.)**

داگیرکردنی قەڵادزێ لەلایەن دوژمنەوە دەنگدانەوەیەکی ناخۆشی لێکەوتەوە و ناوچەیەکی بەرفرەوان کەوتە دەست جاشەکان و هێزەکانی سوپای عێراقەوە، لەبەر ئەوە تاریق ئەحمەد ئەرکی فەرماندەیی هێزی ڕزگاری لێوەرگیرایەوە و حەسۆ میرخان ژاژۆکی کرا بە فەرماندەی هێزی ڕزگاری. بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەڵشۆوە گوێزرایەوە بۆ ناوچەی ناودەشت و لە بۆڵێ دانرا و لە زستانیشدا گوازرایەوە بۆ گەلی بەدران. نەخۆشخانەیەکی مەیدانییش بۆ خزمەتکردن بەخەڵک و پێشمەرگەکان لە گوندی بۆڵێ دانرا کە دوکتۆر حیکمەت حەکیم بەڕێوەی دەبرد.

لە ڕەوتی ئەو شەڕە و شەڕەکانی تردا کە ئاماژەم بۆ کردن، کۆمەڵێک شەڕ و تێکهەڵچوونی تریش لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان ڕوویاندەدا. ئیدریس بارزانی لەنامەی جیاوازدا لە گەڵاڵەوە هەواڵی ئەو شەڕانەی بە ئاگاداریی مەسعود بارزانی دەگەیاند و ئەویش نامەکانی لە پاشبەندی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" بڵاوکردۆتەوە. ئیدریس بارزانی لە نامەی ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٨یدا ئاماژە بەو شەڕانەی خوارە دەکات:

١- شەوی ٢١- ١٩٦٥/٤/٢٢، هێزێکی لقی ٢ی لەشکری ٣ی عەبدولوەهاب ئەتروشی هەڵیانکوتایە سەر سەنگەری جاشان لە هەڵەبجە و بە موشەک لە سەنگەرێکی جاشانیانداو ٦ جاشیان کوشت و ژمارەیەکیان بریندار کرد.

٢- هێزێکی لقی ٢ لە بەتالیۆنی لەشکری ٢ی عەلی شەعبان هێرشی کردە سەر گوندی شێخ مەموودیانی سەربە عەبدولڕەحمان سیساوەیی ناپاک و دوای شەڕێک کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، جاشەکان خۆیان بەدەستەوەدا. دەستکەوتی ئەو شەڕە ١٩ تفەنگی ئینگلیزیی و بڕنەو بوو.

٣- شەوی ٢٩- ١٩٦٥/٤/٣٠، هێزێک لە لەشکری سەفین بە خۆمپارە هێرشی کردە سەر سەربازگەی شەقڵاوە و زیانێکی زۆری پێگەیاند.

٤- دوای شەڕێکی بەرفرەوانی نۆ ڕۆژە لە دەشتی هەولێر، دوژمن زیانێکی زۆری گیانی لێکەوت و ٧٣ کەلاکی جاش و سەربازی لە مزگەوتی هەولێر کۆکردەوە و...

٥- هەر لەو شەوەدا، ٢٩- ١٩٦٥/٤/٣٠، دوو مەفرەزە لە لەشکری ٢ هێرشیان کردەسەر بەستۆرە. سەنگەرێک دەستی بەسەردا گیرا و ئەوانەی لە سەنگەرەکانی تردا بوون، هەڵاتن. دەستکەوتی ئەو شەڕە پێنج تفەنگی ئینگلیزیی و پەڕەشوتێک و دەمانچەیەک بوو لەگەڵ کەلوپەلی سەنگەرەکان.

٦- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/١، مەفرەزەیەک لە لەشکری ٢، کەمینێکی لەسەر جادەی ئەسڵی کەرکوک- هەولێر دانا و ئوتۆمبیلێکی جاشان لە کەمینەکە کەوت و لێیاندا و سەرنشینەکانی کوژران و ٧ تفەنگی بڕنەو و ئینگلیزیی دەسکەوتی پێشمەرگەکان بوو.

٧- ڕۆژی ١٩٦٥/٤/٢٧، هێزێکی زۆری سوپا و جاش بە پشتیوانیی تۆپخانە و فڕۆکە هێرشێکی گەورەیان کردە سەر چیای دهۆک. دوای سێ ڕۆژ شەڕ چیاکەیان گرت، بەڵام پێشمەرگەکان لە دژە هێرشێکدا دوژمنیان شکاند و چیاکەیان ئازاد کردەوە. لەو شەڕەدا دوژمن زیانی زۆری لێکەوت و یەکێک لە پێشمەرگەکانیش شەهید بوو.

٨- دوژمن لە گەلی زاخۆ بە هێزێکی زۆر و لەژێر ئاگری تۆپخانە و فڕۆکەی بۆمبهاوێژدا هێرشی کردە سەر "ڕالو"، باغلیجە و بە زنجیرە چیای "بێخێر"دا بەرەو فیشخابور چووە پێشەوە. لەو هێرشانەدا، دوژمن ٤٠ چەکداری لێکوژرا و تانکێک کەوتەسەر مینی چاندراوی پێشمەرگەکان. لە هەمانکاتدا هێزێکی گەورەی سوپا بە هاوکاریی جاشەکان و بە پشتیوانی تۆپخانە و فڕۆکە بەرەو گوندکانی باشوری زاخۆ چووە پێشەوە و هێزێکی تریش بۆ گوندی حەسەناوا بەرەو گوندەکانی بێتاس پێشڕەوی کرد کە پێشمەرگەکان لێیاندان و زیانێکی زۆریان پێگەیاند. لەو شەڕانەدا ٦ پێشمەرگە شەهیدبوو و ٣ پێشمەرگەش بریندار بوون.

٩- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٤، پێشمەرگەکانی لقی ٦ لە بەتالیۆنی ٩ی لەشکری ٣ لە ناوچەی قادرکەرەم و کانی شیرینکا بەرەنگاری هێزەکانی سوپا و جاش بوونەوە. لە شەڕێکدا کە نزیکەی چوار کاتژمێری خایاند، دوژمن بە ١٥ جاش و سەربازی کوژراو و ٣٠ بریندار پاشەکشەی کرد. لەو شەڕەدا هیچ زیانێک لە پێشمەرگەکان نەکەوت.

١٠- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٤، پێشمەرگەکان لە جادەی دهۆک- موسڵ، کەمینێکیان بۆ دوژمن دانا کە ئوتۆمبیلێکی جاشان لە کەمینەکە کەوت. پێشمەرگەکان دەستڕێژیان لێکرد و ٧ جاشیان کوشت و جاشێکیشیان بەدیل گرت. دوژمن بە بۆمباران کردنی ناوچەکەو ناردنی ٨ تانک توانی پاشەکشە بە پێشمەرگەکان بکات. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان زیانیان نەبینی و دوو تفەنگیش دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوو.

١١- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٤، هێزەکانمان کاروانێکی سەربازیی لەنێوان کەرکوک و چەمچەماڵ لە کەمین خست. هێزی یاریدەدەری دوژمن لە کەرکوک و چەمچەماڵەوە بە فریای کاروانەکە کەوت. شەڕ بۆ ماوەی کاتژمێرێک بەردەوام بوو. پێشمەرگەکان

زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند و ناچاریان کردن بکشێنەوە. لەنێو کوژراوەکانی دوژمندا مولازم عەدنان سوبحی و حوسێن حەمید شناسایی کران. هەر لەو ڕۆژەدا هێزێکی گەورەی سوپا و جاش بەرەو گوندی زەنگەنە هاتن کە پێشمەرگەکان لێیاندان و پاشەکشەیان پێکردن. دوژمن کوژراو و بریندارەکانی بە هێلیکۆپتەر گواستەوە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بریندار بوو.

١٢- شەوی ٢٧- ١٩٦٥/٤/٢٨، دوو جاشی سەلام عارف لە کۆیە پێوەندیان بە بارەگای مەلا عەبدولاوە کرد. شەوی ١- ١٩٦٥/٥/٢، هەقی ئاغا کە لە دەستپێکردنی جولانەوەی ئەم دواییە بووبوو بە جاش، پێوەندی بە بارەگای مەلا عەبدولاوە لە سەرکەپکان کرد و پەشیمانی خۆیانیان ڕاگەیاند. ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٥، سەربازێکی عارەب پێوەندی بە هێزەکانی تاریق ئەحمەد و لەشکری ٣وە کرد. لە ١٩٦٥/٥/٣، سێ سەرباز بەناوەکانی موتلەگ محەمەد، سەید یونس و عەلی ساڵح پێوەندیان بە بەتالیۆنی ٣ی لەشکری ٣ی تاریق ئەحمەدەوە کرد.

١٣- کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ١٩٦٥/٥/٦، تۆپچییەکانمان باڵەفڕگەی بامەڕنییان تۆپباران کرد و زیانێکی زۆری گیانییان لە دوژمن دا. سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٧، بۆ جاری دووەم باڵەفڕگەیان تۆپباران کردەوە. ورەی دوژمن ڕووخاوە و بە فڕۆکە گوندەکان بۆمباران دەکات و...

١٤- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٥، یەکێک لە مەفرەزەکانی لقی ٢ی بەتالیۆنی ٥ی لەشکری ٣، ١٨٠ سەر مەڕی لە نزیک کۆمپانیای زەنبوور لە ٢٥ کیلۆمەتری کەرکوک وەدەست کەوت کە هی جاشەکان و سوپای عارفن.

١٥- شەوی ١٩٦٥/٥/٥، یەکێک لە مەفرەزەکانی لقی ٢ی بەتالیۆنی ٥ی لەشکری ٣، بە نارنجۆک هێرشی کردە سەر سەنگەرێکی جاشان لە گوندی باداوا و چوار جاشی کوشت کە تاهیر جاشی خالید جاش لەنێو کوژراوەکاندا بوو.

١٦- لە ناوچەی لقی ٦ی ڕزگاری لەشکری ٣ی مقەدەم عەزیز، حکومەت دوو ناوەندی پۆلیسی گوازتەوە.

١٧- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٦، هێزەکانمان لە ناوچەی ئاکرێ لەگەڵ جاشە ئێزیدی و زێبارییەکان تێکگیران و چوار جاشیان کوشت.

١٨- هێزێکی حکومەت بە یارمەتی فەوجێک لەگەڵ هێزێکی گەورەی جاشان بەرەو سەفین "سپیگرە" هاتە پێشەوە کە پێشمەرگەکان بەرنگاریان بوونەوە و شکاندیانن.

١٩- سەعات پێنجی ئێوارەی ئەمڕۆ پێنج باڵەفڕی "میگی ٢١" بۆ ماوەی ٢٠ دەقیقە گەڵاڵەیان بۆمباران کرد و ئوتۆمبیلێکی هاووڵاتییەک بەر بۆمبارانەکە کەوت و هیچ زیانێکی گیانی بە دواوە نەبوو.

براتان ئیدریس

١٩٦٥/٥/٨

گەڕانەوەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە ئێران و هەوڵ بۆ ئازاد کردنی پێنجوێن

پێشتر گوتم ڕژێمی ئێران لە کۆتایی مانگی یونی "تەموز"ی ١٩٦٤دا گروپی ئیبراهیم ئەحمەدی لە ناوچەی ئالانی سەردەشتەوە گواستەوە بۆ ناوچەی هەمەدان. لەو ماوەیەدا، بارزانی چاوی لە پێشمەرگەکان خافڵ نەکرد و بە بەردەوامی پێوەندی لەگەڵ دەگرتن کە لە داوی ئێران ڕزگاریان بێت. ژمارەیەک لەو پێشمەرگانە ڕایانکرد و لە گروپی چەندکەسیدا گەڕانەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و تەنیا ٢٥٠- ٣٠٠ کەسیان لە هەمەدان مانەوە. لەهەمانکاتدا ژمارەیەک لە پیاوماقوڵان و ڕۆشنبیرانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کەوتنە نێوان بارزانی و گروپەکەی ئیبراهیم ئەحمەد کە بارزانی ئیزنیان پێبدات بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. بەم مەبەستە عەلی عەبدوڵا و نوری شاوەیس و نوری ئەحمەدتەها کە ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسیی بوون و لەگەڵ گروپی ئیبراهیم ئەحمەد چووبوون بۆ هەمەدان، گەڕانەوە لای بارزانی و ڕێیان بۆ گروپەکەیان خۆشکرد کە بارزانی ئیزنی گەڕانەوەیان پێبدات. بارزانی بە مەسڵەحەتی زانی بەبێ قەید و شەرت لێیان خۆش بێت کە بگەڕێنەوە. ئەو ٢٥٠- ٣٠٠ کەسە لە دوو گروپدا گەڕانەوە. گروپی یەکەمیان ڕۆژی ١٩٦٥/٧/٦ لەگەڵ عەلی عەسکەریی گەڕانەوە بۆ حاجی ئۆمەران و گروپی دووەم لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هاتنەوە. گەڕاوەکان ئەو دەزگا ڕادیۆیەیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە کە لە ماوەتەوە بردبوویان. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (بەرلە گەڕانەوەیان بارزانی بەمنی گوت ئەوانە دەگەڕێنەوە، گوتم جەنابت عەفویان دەکەی، گوتی: "ئەی چۆن عەفویان ناکەم"، گوتم وەڵا زۆر گەورەییە و سەروەرییە و زۆرم پێخۆشبوو. کە هاتنەوە بارزانی زۆر بە گەرمی پێشوازییکردن، من ئەمیر هێزی باڵەک بووم. پێشمەرگە چوون مقەڕاتیان بۆ کردنەوە. زۆر چاکم لەبیرە عەلی عەسکەری بوو، عومەر دەبابە بوو، مام جەلال بوو، حیلمی شەریف بوو، کەمال موفتی بوو لەوێ دانیشتبوون. بارزانی گوتی عەلی مام جەلال کوێی پێخۆشە

با لەوێ بێت. دەمەوێ عەسکەرییەکانتان دامەزرێنم و دەمێنێتەوە مەدەنییەکان، کەمال موفتی دەکەم بە ئەمیر هێزی قەرەداغ. حەمەدەمین فەرەج دەکەم بە ئەمیر هێزی پشدەر. گوتی: عەلی عەسکەری تۆ مەدەنی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووی لێرە لەکن کاک عەبدولا ئیش بکە، واتە ببێتە یاریدەدری من. عەلی عەسکەری گوتی من پێمخۆشە لەگەڵ مام جەلال بم. مام جەلال لە کوێ دەبێ، منیش لەگەڵ ئەو بم. مام جەلال گوتی: جەنابی مەلا مستەفا، هەباسی مامەند ئاغا لە دۆڵەڕەقەوە خەبەری بۆ ناردوین و گوتوویەتی حەز دەکەم ئێوە مەقەڕی خۆتان بهێننە ئێرە و لای برای خۆتان بن. ئەوە بوو مام جەلال، عەلی عەبدولا، نوری شاوەیس، عەلی عەسکەری و حیلمی عەلی شەریف چوونە لای هەباس ئاغا. مەلا مستەفاش چوو بۆ ناوچەی پێنجوێن کە سەربازگەیەکی عەسکەریی هەبوو، بیگرێت. ئێرانییەکان گوتبوویان ئەگەر خۆت بێیە ئێرە ئێمە بە تۆپخانە یارمەتیتان دەدەین سەربازگەکە بگرن. مەلا مستەفا چوو بۆ پێنجوێن، بەڵام سەربازگەکەیان بۆ نەگیرا. لەوێوە بروسکەیەکی بۆ هەباس ئاغا نارد و نوسیبووی من بە چاکی دەزانم مام جەلال و ئەوانە بچن بۆلای ئیدریس و وێنەی بروسکەکەشی بۆ ئێمە نارد لە هێزی باڵەک. بارزانی لە ڕێگای هەباس ئاغا و عومەر بەگی بێتواتەوە ئاگادار کرابۆوە کە ئەمانە خەریکن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێکدەکەون و دەچن بۆلای حکومەتی عیراق. بارزانی خۆی بە نەگەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە ئێران شکی کردبوو و لێیان دڵنیا نەبوو. ئەوە بوو بە هەباس ئاغای گوت ئەو جەماعەتە بچن بۆلای ئیدریس. ئەویش وێنەی نامەکەیدا بە ئێمە. هەباس ئاغا لەولاشەوە بە مام جەلال و ئەوانی تری گوتبوو، ئەگەر بچن دەتانکوژێ. من خۆم دواتر لە مام جەلالیشم بیست کە گوتی ئێمە نەوێراین بچین.)

هەروەکوو عەبدولاٚئاغای پشدەری دەڵێت، جگەلە مام جەلال، عومەر دەبابە، حلمی عەلی شەریف، عەلی عەسکەری، نوری شاوەیس و عەلی عەبدولا ناردرانە دۆڵەڕەقە تا لەژێر چاودێریی هەباسی مامەند ئاغادابن و پێشمەرگەکان لە هێزەکاندا وەرگیران و نەقیب کەمال موفتی کرا بە فەرماندەی هێزی قەرەداغ و فەرماندەیی هێزی کاوەش بە محەمەد ئەمین فەرەج سپێردرا.

لە ڕەوتی ئەو شەڕانەدا کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوە دەچوون و دوژمن لە زۆربەیاندا زەبری قورس و زیانی زۆری گیانی و ئابووریی لێ دەکەوت، سەرهەنگ عەلی مودەریسی نوێنەری حکومەتی ئێران لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول، پێشنیازی بە بارزانی کرد کە ئەگەر بیهەوێ پێنجوێن لە هێزەکانی عێراق پاک بکاتەوە، سوپای ئێران ئامادەیە بە تۆپی قورس پشتیوانی لە هێرشی پێشمەرگەکان بکات، بە مەبەستی گرتنی پێنجوێن. بارزانی پێشنیازی عەلی مودەریسی خستەبەر ڕای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و ئەوانیش بە تێکڕایی ڕەزامەندیی خۆیان ڕاگەیاند.

بۆ ئەو مەبەستە، بارزانی ڕۆژی ١٩٦٥/١١/٣ لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە بە ناودەشتدا و بە ڕێگایەکی چڕ و شاخاویدا بە سواریی ئەسپ بەرەو پێنجوێن وەڕێکەوت. لە ڕێگاکەدا چەندجار فڕۆکەی دوژمن هاتنە سەریان، بەڵام زیانیان پێنەگەیاندن. بارزانی دوای دە ڕۆژ گەیشتە شلێر و لە نزیک پێنجوێن دابەزی.

هێز و لقەکانی پێشمەرگە بۆ هێرش ئامادە کران و ڕۆژی ١٩٦٥/١٢/٢٣، تۆپخانەی قورسی ئێران کەوتە کار و مۆڵگەکانی عێراقیان لە پێنجوێن و شوێنەکانی دەوروبەری تۆپباران کرد. بە دوای تۆپبارانەکەدا هێزەکانی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر مۆڵگەکان، بەڵام چونکە لەلایەک ئێرانییەکان لە هەندێک ئەرکی خۆیان کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون، کشانەوەو لەلایەکیتر گیروگرفت کەوتە نێو فەرماندەکانی پێشمەرگە، پێشمەرگەکان نەیانتوانی شوێنە گرنگەکان بگرن.

بەم بۆنەیەوە بارزانی لە ئێرانییەکان تورە بوو کە ئەرکی خۆیان بەجێنەهێنا و ناڕەزامەندیی خۆشی لە هەندێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە دەربڕی و چەند فەرماندەشی لەکار خست و هەندێکیشی زیندانی کردو گەڕایەوە بۆ ناوچەی باڵەک. هەروەها فەرماندەی بەرەی پێنجوێنی گۆڕی و ناوچەکەی بە مقەدەم عەزیز ئاکریی سپارد. لەو شەڕەدا هەندێک شوێن ئازاد کران و هەندێکیش زیانی گیانی بە دوژمن کەوت، بەڵام شەڕەکە دەستکەوتی ڕیشەیی نەبوو.

سەرهەڵدانەوەی کێشە لەنێوان سەرانی ڕژێمدا

ئەمجارەش، وەک جارانی پێشوو کێشە کەوتە نێوان سەرکردەکانی ڕژێم لە بەغدا و تەشەنەی کردە ڕیزەکانی خوارو، و لایەنگر و دژبەرەکانی ناسریی گرتەوە. ئەم کێشانە و تێکشکانە یەک بە دووای یەکەکانی سوپای عێراق لە کوردستاندا و ناکۆکی فەرماندە سەربازیی و سیاسییەکان سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەی کورد و شۆڕش، کێشەکانی قوڵتر و قوڵتر کردەوە. بە قوڵتر بوونەوەی کێشەکان عەبدولکەریم فەرحان و سوبحی عەبدولحەمید کە دوو لایەنگری سیاسەتی ناسریی بوون لە وەزارەت کشانەوە. دوای کشانەوەی ئەو دوو وەزیرانە، کێشەکە ملی عەبدولسەلام عارف سەرکۆمار و تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیرانی گرتەوە کە تاهیر یەحیا ناچاربوو دەست لە وەزارەت هەڵگرێت. بە کشانەوەی تاهیر یەحیا، داوا لە عەمید ڕۆکن عارف عەبدولڕەزاق فەرماندەی هێزەکانی فڕۆکەوانی عێراق کرا کە وەزارەت پێکبهێنێت کە وەزارەتەکەی پێکهێنا.

لە نێوەڕاستی مانگی سپتێمبەر "ئەیلول"ی ١٩٦٥دا، کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە وڵاتی مەغریب پێکهات. عەبدولسەلام عارف بەشداری کۆنگرەکەی کرد. عارف عەبدولڕەزاق نەبوونی عەبدولسەلامی لە عێراق بە هەل زانی و کودەتای بەسەردا کرد، بەڵام لەبەر دوو هۆ کودەتایەکەی سەرنەکەوت. یەکەمیان سەعید سلێبی سەرکردەی بەدەسەڵات و قسە ڕۆیشتووی بەغدا هاوکاریی نەکرد و دووەم پاسەوانەکانی کۆماریی لەگەڵ کودەتاکە نەکەوتن و لە ئاکامدا کودەتا شکستیهێنا و عارف عەبدولڕەزاق ناچاربوو بە فڕۆکەیەک کە خۆی لێی دەخوڕی بۆ قاهیرە ڕابکات. ئەو کودەتایە و ڕاکردنی عارف عەبدولڕەزاق بۆ قاهیرە ساردیی لەنێوان بەغدا و قاهیرە پێکهێنا. دوای دەرچوونی عارف عەبدولڕەزاق، عەبدولسەلام عارف داوای لە دوکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز کرد کە وەزارەتێکی نوێ پێکبهێنێت. بەزاز پێشتر لە سەردەمی عارف عەبدولڕەزاقدا جێگری سەرۆکوەزیران بوو. عەبدولڕەحمان بەزاز کابینەی نوێی دامەزراند و عەبدولعەزیز عوقەیلی کرد بە وەزیری بەرگریی. عوقەیلی یەکێک بوو لە ئەفسەرە نەتەوەگەراکان و زۆر دژی کورد و مافەکانی کورد بوو.

نیازپاکیی بارزانی و سەرکردەکانی شۆڕش لەگەڵ گروپی ئیبراهیم ئەحمەددا کارێکی حیساب نەکراو، و بێ لێکدانەوە بوو. ئاکامەکەشی لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا بەچوونی ئەو تاقمە بۆ لای ڕژێمی عێراق و ڕاوەستانیان بە دژی کورد و شۆڕشی ئەیلولی لێکەوت. پێشتر ئاماژەم بەو گومانە کرد کە بارزانی بە نەگەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ کوردستان و مانەوەی لە تاران لە مێشکیدا سەریهەڵدابوو، بەڵام هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە مام جەلال بۆ ڕۆژێکیش ئامادە بێت پاڵ بە ڕژێم باوێژێ و خیانەت بە نەتەوەکەی بکات.

هەروەکو پێشتر گوتم، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥دا کە بارزانی لە پێنجوێن بوو، هەباسی مامەند ئاغای بە بروسکەیەک بارزانی ئاگادار دکردەوە کە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد پێوەندییان بە بەغداوە هەیە و داوای لێکرد مام جەلال و هەڤاڵانی لە دۆڵەڕەقە بگوێزێتەوە بۆ ناوچەی گەڵاڵە. بارزانی بە بروسکەیەک وەڵامی هەباس ئاغا دایەوە و وێنەی بروسکەکەش بۆ عەوڵا ئاغای پشدەریی فەرماندەی هێزی باڵەک و ئیدریس بارزانی نارد کە لە گەڵاڵە جێیان بۆ دابین بکات. لە هەمان کاتدا بە وتەی مام جەلال، هەباسی مامەند ئاغای بە مام جەلال و هەڤاڵانی گوتووە کە بارزانی دەیەوێ لە دۆڵەڕەقە ڕایانگوێزێ و نیازی خراپی لەگەڵیان هەیە و پێویستە خۆیان ڕزگار بکەن. چونکە گەیشتنیان بۆ گەڵاڵە بە واتای لەنێوچوونیانە کە ئەوانیش لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا بە پلانێکی دارێژراو چوون پاڵیان بە حکومەتەوە دا، بەڵام عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس و نوری ئەحمەد تەها ڕازی نەبوون لەگەڵیان بکەون و لێیان دوور کەوتنەوە و گەڕانەوە لای بارزانی و درێژەیان بەشۆڕشدا. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری" لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (مام جەلال، عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، عەلی عەسکەر و حیلمی عەلی شەریف چوونە لای هەباسی مامەند ئاغای. مەلا مستەفاش چوو بۆ ناوچەی پێنجوێن کە سەربازگەیەکی عەسکەریی هەبوو، بیگرێت. ئێرانییەکان گوتبوویان ئەگەر خۆت بێیە ئێرە ئێمە بە تۆپخانە یارمەتیتان دەدەین سەربازگەکە بگرن. مەلا مستەفا چوو بۆ پێنجوێن، بەڵام سەربازگەکەیان بۆ نەگیرا. لەوێوە بروسکەیەکی بۆ هەباس ئاغا نارد

و نوسیبووی من بە چاکی دەزانم مام جەلال و ئەوانە بچن بۆلای ئیدریس و وێنەی بروسکەکەشی بۆ ئێمە نارد لە هێزی باڵەک. بارزانی لە ڕێگای هەباس ئاغا و عومەر بەگی بێتواتەوە ئاگادار کرابۆوە کە ئەمانە خەریکن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێکدەکەون و دەچن بۆلای حکومەتی عیراق. بارزانی خۆی بە نەگەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە ئێران شکی کردبوو و لێیان دڵنیا نەبوو. ئەوە بوو بە هەباس ئاغای گوت ئەو جەماعەتە بچن بۆلای ئیدریس و وێنەی نامەکەشی دا بە ئێمە. هەباس ئاغا لەولاشەوە بە مام جەلال و ئەوانی تری گوتبوو، ئەگەر بچن دەتانکوژێ. من خۆم دواتر لە مام جەلالیشم بیست کە گوتی ئێمە نەوێراین بچین.) هەروەها محەمەدی مەلا قادر لە لاپەڕەی ٢٢- ٣٢و ٦٣- ٦٤ی کتێبەکەیدا "خەباتنامە" ئاماژە دەڵێت:

- (ئەم تاقمە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦ خۆیاندا بەدەستی عێراق و بوون بە دەستکردی ئەو حکومەتە و زیانی زۆریان بە شۆڕش گەیاند. لە بەشی "باری پارتی"دا گوترا: بەعس پشتی بە تاقمەکە بەست و پڕچەکی کردن و بارەگای بۆ کردنەوە. لە شارەکان خەڵکی سەربە پارتییان دەگرت و پاش ئازاردان ڕادەستی حکومەتیان دەکردن). لە جێیەکی تردا، عەبدولرەحمان شەرەفکەندی لە لاپەڕەکانی ٤٨٠- ٤٨١ی چێشتی مجێوردا پەنجە بۆ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتەی مام جەلال و هەڤاڵانی ڕادەکێشێ و دەڵێت:

- (شەوێک دەگەڵ هەواڵانی لە دۆڵەڕەقە ڕایکردبوو، چوبوە بەردەستی حکومەت و بردیانە بەغدا. ڕۆژی ١٩٦٦/١/١ بو، بروسکەمان بۆ هات کە جەلال ڕای کردوە. ناومان لێ نا "جاشی مۆدێل ٦٦"، کە تا ئێستاش ئەو ناوەیان لە کۆڵ نەبۆتەوە. ئیتر جەلال و هەواڵانی لەو ساوە بونە چەکداری دەوڵەت و زۆر بێ ڕەحمانەتر لە سەربازانی عەرەب شەڕیان دەگەڵ دەکردین. تەنانەت عومەر دەبابە ببوە شارەزاکەری تەیاران و دێهاتی دۆستی شۆڕشی بۆ دەست نیشان دەکردن. دەوڵەت ناوی لێنابو: برا عومەری قارەمان.) هەرلەم بارەیە مام جەلال خۆی لە لاپەڕەی ٩٨٧ی دوای ٦٠ ساڵدا دەڵێت:

- (لەو سەردەمەدا جەماعەتی لایەنگری مەلا زۆر هێرشیان کردە سەر ئێمە و تۆمەتیان لە ئێمە دەدا و ناوی جاشی ٦٦یان لەسەر ئێمە دانا و بە نۆکەری بێگانە

ناویان بردین. واتا لایەنگری حکومەت لە ١٩٦٦ دا و بەکرێگیراوی بێگانە. ئێمەش بێگومان هێرشی توندمان دەکردە سەریان و بە جاشی سینتۆ و ئیسرئیلمان دەناساندن و گوتمان: "دەیانەوێ بزووتنەوەی کورد بە ئیمپریالیزم ببەستنەوە." هەرچی قسە هەبوو گوتمان و شتێکمان نەهێشتەوە).

کردەوەی ئیبراهیم ئەحمەدو لایەنگرانی وەرچەرخانێکی نوێ و گرنگی مێژووی بزووتنەوەی کورد بوو، چونکە تا ئەوکاتە هیچ هێز و تاقمێکی سیاسیی بەناوی حیزبایەتی و ڕۆشنبیرییەوە پشتی لە نەتەوە و شۆڕشی گەلی خۆی نەکردبوو کە چەک بۆ دوژمن هەڵگرێت و بەگژ ئەندامانی نەتەوەیەکدا بێ و ئامادە بێت سیخوڕی بۆ دوژمن بکات و بۆ بەربەرەکانی لە دژی بارزانی ببێتە چاوساخی دوژمن و هەوڵبدات شۆڕشێکی بەو توانا و لێهاتوویە بشکێنێت کە هەزاران شەهیدی بۆ ئازادیی نەتەوەکەی دابوو.

هەرلەو ڕۆژەدا گروپی ئیبراهیم ئەحمەد کە پاڵی بە ڕژێمی عێراقەوە دا، سەرۆک مستەفا بارزانی نامەیەکی ئاراستەی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیتەی بەربەرەکانی کردن دژی ئستیمار و سەرۆک و نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد. ڕۆژنامەی "خاک و خون"، ڕۆژی یەک شەممە ١٩٦٦/١/٣٠ و گۆڤاری "آسیای جوان"، ڕۆژی چوارشەممە ١٩٦٦/٤/٢٠، دەقی نامەکەی بارزانییان بڵاوکردەوە. چونکە نامەکەی سەرۆک بارزانی جارێک لە زمانی کوردییەوە کراوە بە فارسی و بۆ جاری دووەم من لە زمانی فارسییەوە کردوەمە بە کوردی، ڕەنگە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەی هەندێک جیاوازی لەگەڵ، بەڵام هەردوویان لە ناوەڕۆکدا یەک مەبەست دەگەیەنن.

ڕێزدار سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

ڕێزدار کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان

ڕێزدار کۆمیتەی بەرنگاربوونەوە دژی ئیستعمار

ڕێزداران سەرۆک و نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا

پترلە چوارده ساڵە وڵاتی ئێمە کوردستانی عێراق، ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراوی ڕەگەزپەرستانەی زۆر مەترسیدار بووەتەوە، شەڕێک کە درێژترە لە شەڕی یەکەمی جیهان و چەند مانگ لە شەڕی دووەمی جیهان قوڵەترە. شەڕێک بە چەکی ماڵوێرانکەر و قڕکەر کە تەنیا کەسانێک بە ئاکامی خراپی دەزانن کە خۆیان چێشتویانە. ئەو کۆسپ و دژوارییەی کوردەکان لە چنگ دەسەڵاتدارانی عێراق پێیەوە دەناڵن، زۆر کوشندەترە لە دژوارییەکانی سەردەمی کۆلۆنالیستی و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و بێگومان ئەگەر لە سیاسەتی سەرنەکەوتووی ڕۆدزیا و ئەفریقای باشور توندتر نەبێت، سوکتر نییە.

سەرەڕای وێرانییەکانی ئەو شەڕە، دەوڵەتی عێراق سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و تۆڵەسەندنەوەی گرتووەتەبەر، بە کۆمەڵکوژ کردنی خەڵک، تاڵانکردنی ماڵ و سامانیان، سوتاندنی بەرهەمەکانی گەنم و دانەوێلە، درەخت و دارستانەکان و خانووی گوندەکانیان. کوشتنی پیاوی پیرو بەساڵداچوو،و منداڵان و دەستدرێژی کردنیان بۆسەر ژنانی کوردستان، بۆ جاری دووەم منی ڕاچڵەکاندا و ناچاری کردم دەنگی خۆم بە گوێی ئێوە و ڕای گشتی جیهان بگەیەنم. حکومەتی عێراق کە نەزانانە لە سیاسەتی مەرگهێنەری "زەوی سوتاو" پەیڕەوی دەکات، هەزاران کوردی لە ماڵ و وڵاتی خۆی دوور خستوەتەوە. ئەو دوژمنکارییە نامرۆڤانەیەی سەرانی ڕژێم تەنیا بۆ ئەوەیە کە سوپای عێراق نەیتوانیوە لە بەرامبەر کوردە ئازاکاندا بوەستێت و چونکە شکاوە، پەنای بۆ کردەوەی ناجوانمێرانە بردوە.

ئەو گوشارە نامرۆڤانەیان تەنیا بۆ ئەوەیە کە کوردە بەشەرەفەکان دەیانەوێت پارێزگاری لە زمان و داب و نەریت و میراتی فەرهەنگی باوکەکانیان بکەن و یەکێک لە داواکانی ئێمە ئەوەیە کە مافی ڕەوای خۆمان لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بەدەست بێنین، واتە هەمان ئەو مافە ڕەوایەی کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەرنجی داوەتێ.

دوژمنکارییەکانی ڕێکخراوی فەرماندەیی شۆڤینییەکانی سوپای عێراق لەگەڵ کوردەکان بەتەواوی بەپێچەوانە و دژی پەسەندکراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤە و سوپا عێراق پێی بگاتە هەرجێیەک ژیانی خەڵک لە مەترسی دەخات.

کێشە و گرفتێک کە کوردەکان لەگەڵی ڕووبەڕوون، زۆر مەترسی‌تر و مەرگهێنەرترە لە سەردەمی تاریکی "کۆلۆنالیستی" و ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیەی کە دەسەڵاتدارانی عێراق پەیڕەوی لێ دەکەن، بێگومان کەمتر لە سیاسەتی شکست خواردووی یاخییەکانی ڕۆدزیا و ئەفریقای باشور نییە، تەنانەت بە ڕاشکاوی دەکرێت بڵێین لە بوار و شێوە و شێوازی داگیرکەرییەوە زۆر دڕندانەترە لەوان کە عەرەبە داگیرکەرە ڕەش پێستەکان بەسەر کوردە داگیرکراوەکانی دەهێنن.

من بەتەواوی ئومێدەوارم شورای بەرزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەندام لەو شورایەدا، پشتیوانی لە کوردەکان بکەن و ئەو ئومێدەشم بۆ ئەوەیە کە نەتەوەکان بۆ ڕزگاربوونیان لە چنگ ئیستعمار، شورای بەرزی ڕێکخراوە نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ڕاستیدا جێنشینی کۆمەڵی نەتەوەکانە، بیگومان ڕێزلە پەسەندکراوەکانی کۆمەڵی نەتەوەکان دەگرێت. بەو تێبینییەوە، کۆمەڵی نەتەوەکان بەگوێرەی پەسەندکراوی ١٦ی نۆڤێمبەری ١٩٢٥ی، باشوری کوردستان بە کۆمەڵێک یاساو داب و نەریتەوە بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە لکاند کە جێبەجیکردنی ئەو یاسایانە داخوازی بەحەقی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوری کوردستانە و بەو بۆنەیەوە چونکە کوردەکانی عێراق خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیانن وەک:

زمان، ڕەگەز و ئاسەوارە فەرهەنگییەکان کە بنەمای سەرەکی درێژەدان بە ژیانن و لەلایەکی تردا شەڕی درێژخایەن و بەردەوامی کوردستان بێگومان هەڕەشە لە ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. گوتن و پروپاگەندەی دەوڵەتی عێراق کە سەرهەڵدانی کوردەکانی عێراق بە کێشەیەکی ناوخۆیی دەناسێنن، درۆیەکی ئاشکرایە و تەنانەت لە درۆی دەسەڵاتدارانی ڕۆدزیا و ئەفریقای باشور مەزنترە کە دەڵێن کێشەی ئێمە کێشەیەکی ڕەگەزیی نییە و کێشەیەکی ناوخۆییە.

لەلایەن خۆم و لەلایەن کوردە چەوساوەکانی وڵاتی عێراق لە شورای بەرزی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەندامی داوا دەکەم هەروەکوو چۆن سەبارەت بە هەرێمە ئاڵۆزەکانی دنیا هەڵسوکەوتتان کردوە، لیژنەیەک ڕەوانەی باشوری کوردستان بکەن تا خۆیان لە نزیکەوە بە ڕاستیی کێشەکان و بزووتنەوەی ئێمە و ئەو زوڵم و ستەمانە بگەن کە لە ئێمە دەکرێت و بۆ جیهانی ڕوون بکەنەوە.

لە کۆتاییدا داوا دەکەم سوپاسی گەرمی من قبووڵ بکەن

دۆستتان: مستەفا بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان عێراق و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٩٦٦/١/١ (پاشبەندی ٣٤)

مردنی عەبدولسەلام عارف و پلانی نوێی ڕژێم بۆ کورد

ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٣ عەبدولسەلام عارف لەکاتێکدا بەسواری هێلیکۆپتەر دەچوو بۆ باشوری عێراق، بەهۆی ڕووداوێکی گوماناوی، یان گەردەلوولی لمیی، هێلیکۆپتەرەکەی لە ئاسمانەوە کەوتەخوار و لەگەڵ چەند گەورە بەرپرسی عێراقی لە ئاگردا سووتا. کاتی کەوتنی هێلیکۆپتەری عەبدولسەلام، عەبدولڕەحمان محەمەد عارفی برای کە وەکیلی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بوو، لە مۆسکۆ بوو، بەڵام بەبیستنی مەرگی براکەی دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ عێراق. مەرگی عەبدولسەلام و دیارییکردنی جێنشینی ئەو، ناکۆکی خستە نێوان حکومەتەکەی عەبدولڕەزاق بەزاز و کاربەدەستانی باڵای عێراق کە سەرئەنجام پۆستی سەرۆکایەتی عێراق بە عەبدولڕەحمان محەمەد عارفی برای سپێردرا. بەرلە مردنی سەلام عارف، عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگریی عێراق پلانێکی لەژێر ناوی "توکلت علی اللّٰه" دارشتبوو، و دەیویست ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٥ پلانەکەی لەسەر کوردستان جێبەجێ بکات کە مەرگی سەلام عارف ڕێی پێنەدا.

عەبدولڕەحمان محەمەد عارف بەچەشنی براکەی سەرۆکێکی شەڕخواز نەبوو، پێیخۆشبوو کێشەی کورد لە عێراقدا بە گفتوگۆ و ئاشتنی چارەسەر بکات. لەبەر ئەوە ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٨، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی پێکهێنا و لەودا داوای لە کورد کرد کە یەکێتی وڵات بپارێزن و لەگەڵ برا عەرەبەکانیان ئاسایشی نیشتمان بپارێزن. ڕۆژی ١٩٦٦/٤/٢٨ نوێنەرێکی خۆی بە ناوی زەید محەمەد عوسمان نارده گەڵاڵە کە چاوی بە بارزانی بکەوێت. لەو چاوپێکەوتنەدا بارزانی سوپاسی ئەو دەستپێشخەرییەی سەرکۆماری کرد، کەچی دوای گەڕانەوەی زەید بۆ بەغدا جەوەکە گۆڕا.

ئەفسەرە گەورەکانی سوپا دژی ئەو دەستپێشخەرییەی سەرکۆمار ڕاوەستان و گوشاریان خستەسەر کە پلانی "توکلت علی اللّٰه" لە کوردستان جێبەجێ بکرێت. چونکە عەبدولڕەحمان کەسێکی خاوەن هەڵوێست نەبوو، لەسەر هەڵوێستی خۆی

نەمایەوە. یەکێک لە هۆیەکانی سوور بوونی عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگریی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی، جیابوونەوەی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد بوو لە پارتی دیموکرات و شۆڕش کە بەڵکوو بتوانێ بە هاوکاریی ئەو تاقمە شۆڕشی کوردستان تێکبشکێنێت. بەو تێبینییە، عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ڕەزامەندی پێشاندا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە و پێوەندیی خۆی لەگەڵ بارزانی بڕی.

دوژمن بۆ جێبەجێکردنی پلانی "توکلت علی اللّٰه" چەند تاکتیکی بەربڵاو و مەترسیداری بۆ پاشەڕۆژی شۆڕشی کوردستان دەستنیشانکرد کە ئامانج داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش بوو لە ناوچەی باڵەک و پاشان کەرتکردنی کوردستانی ئازادکراو بۆ دوو کەرت و بڕینی پێوەندیی ئەو دوو کەرەتە بە یەکتر. بەم مەبەستە هێزەکانی دوژمن قورسایی هێرشەکەیان خستەسەر دوو چیای هەندرێن و زۆزک کە بەسەر ڕێگای هاملتۆندا دەڕوانن و ناوچەی باڵەک دەبڕن و ئەو هێزانەی خوارەوەشیان بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکە تەرخان کرد:

– لیوای ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ١٤ و ١٥ بە هاوکاریی ١٥ هەزار جاش.

– هەردوو بنکەی ئاسمانیی کەرکوک و موسڵ کە خاوەن دوو پۆل فڕۆکەی میگ و دوو پۆل فڕۆکەی هۆکەر هەنتەر و هەشت بۆمبهاوێژی ئیلیووشێن و شەش بۆمبهاوێژی باجەڕ– تۆپولیفی ١٦ بوون.

– پێنج یەکەی تۆپخانە: یەکەی ١٢٢ میلمی کەوان، یەکەی تۆپخانەی ١٢٠ میلمی مەیدانی، یەکەیەکی تۆپخانەی ٢٥ ڕەتڵی کێوی، یەکەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم و یەکەیەکی تۆپخانەی ٤/٢٠ میلم و شەش تۆپی ٥/٥ی گرێ.

سەرکردایەتی شۆڕش ئاگای لە پلان و نەخشەی دوژمن هەبوو، بەڵام بەهۆی مردنی عەبدولسەلام عارفەوە نەیدەزانی کەنگی پلانەکەیان جێبەجێ دەکەن. لەبەر ئەوە، بەتەواوی خۆی بۆ بەرپرچدانەوەی هێرشەکان ئامادە نەکردبوو.

ڕۆژی ٢– ١٩٦٦/٥/٣، زۆربەی فەرماندەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی هەندرێن لە ئاهەنگی ژن گواستنەوەی مولازم "ڕیاز"دا بوون. بەم هۆیەوە مولازم ڕیاز کە خۆی یەکێک بوو لە فەرماندە چالاکەکانی پێشمەرگە، بارەگای فەرماندەیی خۆی بەجێهێشتبوو. دوژمن بەو زانیارییە، لە هەل کەڵکیوەرگرت و زۆر شوێنی گرنگی

چیای هەندرێنی داگیر کرد و زۆزک و دەرگەڵە و بەرسیرینیشی خستە دەست خۆی و بەم جۆرە توانی بەشی یەکەمی پلانەکەی جێبەجێ بکات.

بەشی دووەمی پلانی دوژمن بە داگیرکردنی گەڵاڵە و بەشی سێیەمیشی داگیرکردنی حاجی ئۆمەران بوو. سەعید حەمۆ فەرماندەی لیوای پێنجەمی سوپای عێراق کە هەوای سەرکەوتن مێشکی ئاخنی بوو، و سەرخۆشی سەرکەوتنەکان بوو، گوتبووی: **(هەتا دەگەمە حاجی ئۆمەران، ڕیشم دەهێڵمەوە.)**

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/٢، هێزی باڵەک لە بروسکەیەکدا بۆ بارزانی ڕایگەیاند هێزەکانی سوپا لە بەرەی هەندرێن پشێوییان تێکەوتووە. بارزانی بە وەرگرتنی ئەم بروسکەیە، دەستبەجێ ئیدریس بارزانی نارده ئەو بەرەیە کە لە ڕاستیی ڕووداوەکان ئاگاداری بکاتەوەو نەهێڵن دوژمن پتر پێشڕەوی بکات. بە گەیشتنی ئیدریس بارزانی بۆ بەرەی شەڕ، لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە کۆبۆوە و لەو کۆبوونەوەیەدا فەرماندەکان بڕیاریاندا هەتا مردن، ناهێڵن چیتر دوژمن بێتە پێشەوە و هەرلەو کۆبوونەوەیەدا بروسکەیەکیان بۆ بارزانی نارد و پەیمانیان پێدا کە دوژمن دەبەزێنن.

ئەرکی مەزنی داکۆکی لە چیای هەندرێن لە ئەستۆی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بوو، لەبەر ئەوە شەڕەکەیان بە شەڕێکی مان و نەمان دەزانی و پێشمەرگەکانی تریش لەم هەستەدا هاوبیر و هاوبەشیان بوون.

چیای هەندرێن بە بۆمبای سوتێنەر و ناپاڵمی دوژمن بەتەواوی لە گڕدا دەسوتا و گوللەی تۆپ و خۆمپارەی دوژمن بست بە بستی چیاکەی دەکێڵا، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەکان وانەیەکی لەبیرنەکراویان بە دوژمندا.

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/٣، شەڕێکی گەورە لە زۆزک و گەرووی عەمەرئاغا ڕوویدا. فڕۆکەکانی دوژمن ٧٩ جار ناوچەکەیان بۆمباران کرد. ڕۆژی ١٩٦٦/٥/٦، دوو لیوای عێراق بە پشتیوانی تۆپخانە و فڕۆکە، بەنیازی داگیرکردنی گەرووی عەمەرئاغا سەرلەنوێ هاتنە پێشەوە. لە شەڕێکی دژواردا ژمارەیەک لە فەرمانده قارەمانەکانی پێشمەرگە، وەک: یونس بیرێژی، ناجی بێرۆخی، ئەحمەد حاجی محەمەد و میخائیل شەهیدبوون و دوژمن هەندێک شوێنی گرنگی گرت.

لەوکاتەدا، یوسف محەمەد یوسف "مام وسو دزەیی" لەگەڵ هێزێک بۆ یارمەتیدانی هێزی باڵەک گەیشتە زۆزک. ئیدریس بارزانی لە نامەیەکیدا بۆ مەسعود بارزانی کە ئەویش لە لاپەڕەی ٢١٨ کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت: **(بەهۆی ئەو زیانە گەورەوە کەوا لە پێشمەرگە کەوتبوو، ناچار بوون زۆزک چۆل کەن، ئا لەوکاتەدا کە ئەوان زۆزکیان چۆل دەکرد، هێزەکانی مام وسو گەیشتنەجێ و چوونە پاڵ ئەوانەی داکۆکیان لە چیاکە دەکرد و هێرشێکی بەرامبەریان برد و توانیان بەو هێرشە چیاکە لە دوژمن بستێننەوە. ئەگەر مام وسو پاش ئەم کارە مەزنە مەردانەیەی بەجێی هێنا، گرانبەهاترین شتمی لێ داوا بکردمایە کە گیانمە، دەستم بەڕوویەوە نەدەنا و دەمدایە.)**

مەسعود بارزانی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیەی ئیدریس بارزانی، سەبارەت بە هێزە یارمەتیدەرەکانی پێشمەرگە لە شەڕەکاندا، لە پاشبەندی ٢٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، دەڵێت:

(لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمندا دوو بەتالیۆن بە سەرکردایەتی عەریف عوسمان و حەسەن عەلی لە هێزی دەشتی هەولێر و بەتالیۆنێک بە سەرکردایەتی مستەفا حاجی ئەمین لە هێزی سەفین و هێزێک لە لەشکری یەک بە سەرکردایەتی فارس کوورە مارکی هاوکارییان کرد.)

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١١، بارزانی بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخەکە لە بەرەی شەڕ لەگەڵ فەرماندەکانی بەرەی شەڕ کۆبۆوە و هەموو فەرماندەکان دڵنیاییان دووپات کردەوە کە سەردەکەون و دوژمن لە ناوچەکەیان دوور دەکەنەوە. کاتژمێر ١٦:٠٠ی ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١٢، سەعاتی سفر بۆ دژە هێرشی پێشمەرگە دیاریی کرا و دەبووایە کەمال نوعمان، مولازم خدر، فاخیر مێرگەسۆری و عیزەتی سلێمان بەگ فەرماندەیی هێرشەکە بکەن. لە کاتی دیارییکراودا بە خۆمپارەی ٨١ و ١٢٠ میلم و تۆپی هاوتزەری ٢٥ی ڕەتڵی کێوی ڕێگە بۆ هێرشەکە خۆشکرا. یەکێک لە گوللە تۆپەکان لە

بنکەی فەرماندەی یەکەی پێشڕەوی دوژمن کەوتبوو، و فەرماندەکەی بە پلەی نەقێب کوژرا.

دوای هێرشی تۆپەکان، هێرشی پێشمەرگەش دەستی پێکرد و لە کاتژمێری یەکەمی شەڕەکەدا، پێشمەرگەکان توانیان دوژمن ڕاوبنێن و بارەگای دوو فەوج لە لیوای چوار بگرن. دوژمن دوو باتری تۆپخانەی ٧٥ و ٢٠/٤ میلمی لە دوای خۆی بەجێهێشت.

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١٢، پێشمەرگەکان لە شەڕی هەندرێندا داستانێکی مەزنی مێژووییان تۆمار کرد. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی عێراق کە بەشێکیان عەرەب بوون، شان بەشانی برا کوردەکانیان، دوژمنیان لە هەندرێن شکاند و پاشەکشەیان پێکرد. لەو شەڕەدا دوژمن ٤٠٠ چەکداری کوژراو ٦٠٠ چەکداریشی بریندار بوو. چوار تۆپی ٧٥ میلمی کێوی، چوار خۆمپارەهاوێژی ٢٠/٤ و دە خۆمپارەهاوێژی ٣/٢ گرێ و ٦٠٠ پارچە چەکی سوک و ١٥ دەزگای بێتەل و هەزاران فیشەک دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوو.

شکانی دوژمن بە جۆرێک بوو کە ئاواتی دەخواست بتوانێ لە جێی پێشووی خۆی کە بەرلە هێرش بەدەستییەوە بوو، بمێنێتەوە و لە دەستی نەچێت. لەبەر ئەوە، سەرلەنوێ پەنای بۆ بۆمبارانی توندی ئاسمانیی برد کە جێی خۆی قایم بکاتەوە، بەڵام پێشمەرگەکان فڕۆکەیەکی بۆمهاوێژی ئەلیووشنی ٢٨یان لێ خستە خوارەوە.

لەو شەڕانەدا گروپە خۆبەدەستەوەدەرەکەی ئیبراهیم ئەحمەدیش خۆی بێبەش نەکرد. ئەگەر بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لە ڕیزی دوژمندا لە پێشمەرگەیان نەدا، بەڵام بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و لەپەناوە گورزی خۆیان وەشاند و چەند کەسیان لە پارتی تیرۆر کرد.

لە سەرەتای جیاکردنەوەی ڕیزی خۆیان لە پێشمەرگە و چوونیان بۆ بەغدا ئەو هەڵوێستەی عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگریی عێراقی بەدوادا هات کە گوایە بە جیابوونەوەی ئەو تاقمە، شۆڕش لاواز بووە و ڕێگە بۆ پلانی "توکلت علی اللّٰه" خۆش بووە کە لە بەشی سەروودا ئاکامەکەمان بینی.

جگە لەوە، گوتم دوای گەڕانەوەی ئەو گروپە لە ئێران، کەمال موفتی فەرماندەیی هێزی قەرەداغ و محەمەد ئەمین فەرەج پۆستی فەرماندەیی کاوەی لە پشدەر پێسپێردرا. ئەو دووانە لەکاتی شەڕەکاندا کە فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بوون و پێشمەرگەکان لە چیای هەندرێن و زۆزک و گەرووی عەمەر ئاغا لە شەڕی مان و نەماندا بوون، لە نەبوونی هێزەکانی یوسف محەمەد یوسف "مام وسو دزەیی" لە ناوچەی پشدەر کەڵکیان وەرگرت و ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی و ئەندامانی لەشکری کوردستانیان گرت و ناوچەی پشدەر و قەرەداغیان خستە دەست خۆیان. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە ٢٢٣ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا، کەمال موفتی ژمارەیەک لە بەرپرسانی پارتی گرت و عومەر شەریف و مەلکۆ زێڕۆ و سیامەند بارزانیی کە بەرپرسی لقی چواری پارتی بوون لە قەرەداغ کوشت. ئەو سێ کەسە، پیاوانی دڵسۆز و خۆشەویست و ناوداریی پارتی و هەڤاڵی بارزانی بوون لە تاراوگەدا. بەدوای کوشتنیاندا، کەمال موفتی تاوانی کوشتنی ئەوانی خستە ئەستۆی حاجی برایمی چەرمەگا و ئیسماعیل عوزێریی برازای حاجی برایم. هەروەها فەتاح فەرەجیان بەغەدر کوشت کە یەکێک بوو لە سەرلقە قارەمانەکانی پارتی. لە پشدەریش کە محەمەد ئەمین فەرەج فەرماندەی هێز بوو، کادیرێکی سەربازیی پارتی بە ناوی ئیبراهیم ئەفەندی بە دەست عەلی ئاغای میراودەلی تیرۆر کرا.

لە هەمانکاتدا هەریەک لە جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا دەبابە و حیلمی عەلی شەریف هێزێکیان لە لایەنگرانی خۆیان پێکهێنا و چوونە پال کەمال موفتی و محەمەد ئەمین فەرەج، بەڵام زۆری نەخایاند کە سەرکردایەتی شۆڕش دەستیکرد بە خاوێن کردنەوەی ناوچەکەیان. جگەلە هێزەکانی شۆڕش لەو دوو ناوچەیە، هێزی دەشتی هەولێر و هێزی سەفینیش لە ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١وە یارمەتی هێزەکانی شۆڕشیاندا و بڵاوەیان بەو تاقمە کرد. بەشێکیان پەنایان بۆ مۆڵگەکانی دوژمن برد و ئەوانی تریش لەگەڵ ئاغا جاشەکانی میراودەلی و عەلی ئاغای قاتڵی ئیبراهیم ئەفەندی کەوتن.

لە ناوچەی قەرەداغیش، هێزەکانی ڕزگاریی و خەبات و بەتالیۆنێک بە فەرماندەیی حەمید بەرواری بەرپرس کران کە ناوچەکە خاوێن بکەنەوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٢٤ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای پاککردنەوەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە ناوچەکانی پشدەر و قەرەداغ، سەرکردایەتی فیرقەی پێنج کە لەژێر سەرکردایەتی لیوا ڕوکن محەمەد نوری خەلیلدا بوو، دەستی دایە کردنەوەی بارەگایەک بۆ جاشەکانی ٦٦ لە بەکرەجۆ و بنکەیەکیشی لە کەلار بۆ دانان.

لەو ڕۆژەوە گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بوون بە چاوساخ و داردەستی ڕژێمی عێراق. یەکێک لە دانیشتووانی ناوچەی ئامێدی بەناوی سدقی حاجی شەعبان و دوو کەسیش لە ناوچەی دهۆک بەناوەکانی تیلی گەردی و ڕەشیدی سەعید ئاغای دۆسکی لایەنگرییان لەو تاقمە دەکرد. ئەوانە کاتێک لە بەرامبەر شۆڕشدا هەستیان بەمەترسی کرد، چوون بۆ دهۆک و پاڵیان بە ڕژێمەوە دا.

گروپی ئیبراهیم ئەحمەد، کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە لایەنگرانی پارتی دیموکرات تیرۆر بکەن، ماڵی لایەنگرانی شۆڕش لە گوندەکاندا بسوتێنن، گوشار بخەنە سەر کەسوکاری پێشمەرگە و سیخوڕی بۆ ڕژێم بکەن. ئەوان زیندانێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە لایەنگرانی شۆڕشیان تێدا زیندانی دەکرد. لەم بارەیەوە عەمید ئیسماعیل نعیمی فرماندەی فیرقەی دووەم لە بیرەوەرییەکانیدا کە ساڵی ١٩٨٥ بڵاویکردۆتەوە، ئاماژە بەوکارانە دەکات کە بەو گروپە سپێردرا بوو کە چۆن کاتی پێشڕەویی یەکەکانی سوپا دەخرانە ڕیزی پێشەوە کە گوندەکان بسوتێنن و خەڵک بگرن و چۆن هێزی ئاسمانی لە هێرشەکانیدا بۆسەر ناوچە ئازادکراوەکان لە ژمارەیەکیان کەڵکی وەردەگرت تا ئەو شوێنانەیان بۆ دەستنیشان بکەن کە بۆمبەکانیان کاریگەر و سوودمەند بێت و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بە فڕۆکەوان "ئەحمەد لاوی"یان گوت: فڕۆکە لە شوێنی تاوانبارەکان نادا. منیش پێمگوتن: بۆ یەکێکتان لەگەڵ ئەحمەد لاوی سوار نابن و شوێنی تاوانبارەکانیان پێشان نادەن؟ عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری

وەڵامیان دایەوە کە ئامادەین ئەوکارە بکەن. ئەحمەد لاویی فڕۆکەوان دوو کورسی بەکار هێنا و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری لەگەڵ خۆی برد تا بە نۆرە هەر جارەی یەکێکیان شوێنەکان دیاریی بکەن. عەقیدی فڕۆکەوان ئەحمەد لاوی توانی لە نزیکی کانیاوەکان و کەپرەکاندا، لە شوێنی حاوانەوەی تاوانبارەکان بدات. ئەم چاوساخییانە زیانێکی زۆریان بە تاوانبارەکان گەیاند.)

سەرکۆماری عێراق سەردانی سەرۆک بارزانی دەکات

هەموو هیواکانی حکومەت بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردستان بەهێزی سەربازیی وەک بڵقی سەرئاوی لێهات. نە پلانی "توکلت علی اللّٰه" ی عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگریی و نە جاشە کۆن و نوێیەکان نەیانتوانی ڕژێم لە تەنگژە و قەیران دەربێنن. لەبەر ئەوە وەزیری بەرگریی و ئەوانەی تەپڵی شەڕیان لێدەدا، سیاسەتی بێدەنگییان گرتەبەر. عەبدولڕەحمان عارفیش هیوای خواست کێشەکانی حکومەت لەگەڵ کوردان بە ئاشتیی و بە ڕێگای گفتوگۆوە چارە بکات.

لەو چوارچێوەیەدا کاربەدەستانی عێراق وەفدێکیان بە سەرۆکایەتی عەمیدی خانەنشین مەجید عەلی لە بەغداوە نارد بۆ کوردستان کە ڕێگە بۆ وەفدێکی گەورەتر و گەلیی خۆش بکات. ئەو وەفدە ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٥ گەیشتە گەڵاڵە. سەرکردایەتی شۆڕش ڕەزامەندیی خۆی لە هاتنی وەفدە گەلییەکە دەربڕی. وەفدی دووەم ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٨ بە سەرۆکایەتی لیوای خانەنشین ئیبراهیم ڕاوی کە یەکێک بوو لە ئەفسەرانی سەردەمی حکومەتی پاشایەتی گەیشتە گەڵاڵە. ئەندامانی ئەو وەفدە ڕایانگەیاند: حکومەت ئامادەیە گیروگرفتەکانی لەگەڵ کوردان بە ڕێگای ئاشتی و گفتوگۆوە چارە بکات و پێشنیازیان کرد وەفدێکی کوردیی بچێتە بەغدا و سەرکردایەتی شۆڕشیش ڕەزامەندیی خۆی ڕاگەیاند.

ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٢٢، وەفدی شۆڕش کە لە نافیز جەلال، ساڵح یوسفی، حەبیب محەمەد کەریم و عەلی عەبدولا پێکهاتبوو، چوو بۆ بەغدا و دوای سێ ڕۆژ گەڕایەوە بۆ کوردستان. مەرجی سەرەکی ئەو وەفدە، چەککردنی جاشەکانی ٦٦ بوو کە حکومەت قەبووڵی کرد و ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٢٩ ئەم بەیاننامە لاوازە ١٢خاڵەی خوارەوەی بڵاوکردەوە و عەبدولڕەزاق بەزار سەرۆکوەزیران بۆخۆی بەیاننامەکەی لە ڕادیۆ خوێندەوە.

بەیاننامەی

ئەم حکومەتە و لەبەر حەزکردنی بەکۆتایی پێهێنانی ئەو بارودۆخە ناسروشتییە لە هەندێک ناوچەی باکور هەروەک لە بڕگەی چواری نوسراوی ڕووڵێنانی پێکهێنانی وەزارەتدا هاتوو، ئەو بڕگەیەی بانگەشە بۆ پارێزگاری کردن لە یەکێتیی خاکی عێراق و وەدیهێنانی یەکێتیی عێراق و جەختکردن لەو یەکگرییەی لەنێوان عەرەب و کورددا هەیە- ئەو یەکگرییەی بەسەریاندا دەسەپێنێ کە بە ڕاستگۆیی و خۆگری کار بۆ بەرژەوەندی نیشتمانەکەیان بکەن- ئەم حکومەتە ئەم بەرنامەیەی خوارەوە ڕادەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا بڕیاری بنەڕەتیی خۆی جاڕ دەدات بۆ پابەندبوون بەو بەرنامەیە و پیادەکردنی بەدەق و ناوەڕۆکەوە بە نزیکترین کات کە لە توانادا بێت:

١- حکومەت بە دڵنیایی بێ سێ و دوو، دان بە نەتەوایەتیی کورددا دەنێت لە دەستووری کاتیی هەموار کراودا و ئامادەشە بۆ جەختکردن لەسەر ئەو دانپیانانە و ڕوونکردنەوەی لە دەستووری هەمیشەییدا، بەجۆرێک ببێتە نەتەوەی کورد و مافە نەتەوەییەکانی کورد لە یەک نیشتمانی عێراق کە دوو نەتەوەی سەرەکی دەگرێتەخۆ- عەرەب و کورد- و عەرەب و کوردیش لە ماف و ئەرکدا یەکسان دەبن.

٢- حکومەت ئامادەیە لە یاسای پارێزگاکان کە لەسەر بنچینەی "لامرکزی" جاڕ دەدەرێت بوونی ڕاستەقینە بەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە ببەخشێت و هەموو پارێزگا و قەزا و ناحیەیەک کەسیەتیی بەشداریی خۆیان هەیە کە دانیان پێدادەنرێت، هەروەها هەر یەکەیەکی کارگێڕی، لەوەش زیاتر، ئەنجومونی هەڵبژێردراوی خۆی دەبێت کە دەسەڵاتی بەرفرەوانی لە بواری فێرکردن و تەندروستی و گەلێکی تر لە کاروباری ناوخۆیی و شارەوانیدا دەبێت، هەروەک یاسای ئاماژە بۆکراو بەدوور و درێژی لێی دەدوێ و یاساکەش دەسەڵاتی هێنانە کایەی هەموارکردن دەدات بەخۆی لەنێو چوارچێوەی یەکە کارگێڕییەکاندا، هەروەها دەسەڵاتی پێکهێنانی یەکەی کارگێڕیی تازەی پێدەدرێت، ئەوە ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی پێویستیی بەوە کرد.

٣- پێویست بەوە ناکات بڵێین حکومەت دان بە زمانی کوردیدا دەنێت وەک زمانێکی ڕەسمی شان بە شانی زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردیان تێدا

دادەنیشێ و خوێندنیش بە هەردوو زمان دەبێت بەپێی ئەوەی یاسای ئەنجومەنە شارەوانییەکان دیاری دەکەن.

٤- ئەم حکومەتە نیازی وایە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەو ماوەیەدا بکات کە دەستووری کاتی و بەیاننامەی وەزاری دیارییانکردووە و کوردیش بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا نوێنەری دەبێت بەپێی ئەو ڕێبازەی لە یاسای هەڵبژاردندا باسی لێوەکراوە.

٥- پێویست بەوە ناکات بڵێین کوردیش لە هەموو پلە و پایە گشتییەکاندا بەپێی ژمارەی دانیشتوانیان بەشداریی برا عەرەبەکانیان دەکەن، لەوانەش وەزارەتەکان و فەرمانگە گشتییەکان و دەزگاکانی دادوەری و دیپلۆماسی و سەربازی لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەمای لێهاتوویی و لێوەشاوەیی.

٦- ژمارەیەک "منحە"ی خوێندن و قوتابی ناردنە دەرەوە بۆ وەرگرتنی تایبەتمەندایەتی لە بواری لێهاتوویی کەسایەتیی پێویست بۆ وڵات، دەدرێ بە کورد و زانکۆی بەغداش بایەخێکی تایبەتی بە خوێندنی زمان و ئەدەب و نەریت و باوەڕ و مێژووی کورد دەدات، لە هەمان کاتیشدا زانکۆی بەغدا پرۆژەیەکی خۆی لە باکور دەکاتەوە، ئەگەر پارەی پێویست بۆ ئەو مەبەستە هەبوو.

٧- پێویست بەوە ناکات بڵێین فەرمانبەرەکانی حکومەت لە پارێزگا و قەزا و ناحیە کوردییەکان، کورد دەبن هەرکاتێک ژمارەی پێویست بۆ ئەمە هەبوو و ئەو جۆرە فەرمانانە بە کەسی تر نادرێن، تەنیا مەگەر لە بەرژەوەندیی ناوچەکەدا بێت.

٨- ژیانی پەرلەمانی وا پێویست دەکات ڕێکخراوی سیاسی دیاریکراو هەبێت و ڕۆژنامەوانیش "صحافە" مافی ئەوەی هەیە خواست و ئارەزووی گەل دەربڕێت و کوردیش بەشداری لەو مافەدا دەکەن لە چوارچێوەی سنووری یاسادا. ڕۆژنامەی سیاسی و ئەدەبی لە ناوچە کوردییەکاندا بە زمانی کوردی، یان عەرەبی دەبێت بەپێی داواکاریی کەسانی پێوەندیدار.

٩- آ- هەر کاتێک کاری توندوتیژی بوەستێت، ئەوا لێبووردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەوانە دەردەچێت کە لە باکوردا بەشدارییان لەو کارانەدا کردووە و پێوندیان پێیانەوە هەبووە، هەروەها بۆ هەموو ئەوانەش کە حوکم دراوان لەبەر

بەشداربوونیان لە کاری توندوتیژیدا یان پێوندیان پێیانەوە هەبووە و لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەوانەی کە ئازادیان کۆت کراوە.

ب- هەموو بەرپرس و فەرمانبەرە کوردەکان دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانەکانی پێشوویان و دامەزراندنیش بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دەچێت بەڕێوە.

ج- حکومەت هەرچییەکی لە توانایدا هەبێ بۆ گەڕاندنەوەی گشت کرێکارە کوردەکان بۆسەر کارەکانیان، دەیکات.

١٠- هەموو هەڵاتووەکانی هێزە چەکدارەکان لە چوارچێوەی ئەو مەرجانەی لە خوارەوەدا نوسراون دەستبەجێ بەدەرچوونی ئەم بەیاننامەیە دەگەڕێنەوە بۆ یەکەکانی خۆیان، بە مەرجێک ئەم کارە لە ماوەی دوو مانگدا جێبەجێ بکرێت و ئەو گەڕاوانەش بە سۆزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و لێبوردنێکی تایبەتیان بۆ دەردەچێت. مەرجەکانیش ئەمانەن:

آ- هەموو ئەوانەی لە سوپادا بوون دەبێت بە چەکەکانیانەوە بگەڕێنەوە.

ب- هەموو ئەوانەش کە پۆلیس بوون، دەبێ بە چەکەکانیانەوە بگەڕێنەوە بۆ هێزی پۆلیس.

ج- گشت ئەو مەدەنییانەی لە ماوەی توندوتیژیدا چەکیان هەڵگرتووە بە ڕێکخراوێکی سەر بە دەوڵەت دادەنرێن و حکومەت یارمەتیان دەدات بۆ دەست پێکردنەوەی کارە ئاساییەکانیان و تا ئەمەش جێبەجێ دەبێت، ئەوا حکومەت لێیان بەرپرس دەبێت و پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی دەست بەکارە ئاساییەکانی خۆیان دەکەنەوە گشت چەک و فیشەک و شتی تری لەم بابەتەیان بدەنەوە، حکومەت بەپێی پلانێک کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێت.

د- هێزی سوارە "الفرسان" لەکاتی دابین بوونی ئاشتیدا دەگەڕێتەوە مەڵبەندەکانی خۆیان و چەکەکانیشیان بەپێی پلانێک کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێت لێیان دەسەنرێتەوە.

١١- پێویست بە گوتن ناکات کە ئەو پارەیەی بۆ لەناوبردنی کاری توندوتیژی، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات، خەرج دەکرێت، بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکور تەرخان دەکرێت و دەستەیەکی تایبەتیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییەکان

پێکدەهێنرێت و پارەی پێویستیش بۆ ئەو دەستەیە تەرخان دەکرێت بۆ وەدیهێنانی کار تەواوکردن لەو پارەیەی کە دانراوە بۆ جێبەجێکردنی پلانی گەشەکاری بۆ وڵات وەزیرێکی تایبەتیش دادەنرێت بۆ چاودێری کردنی ناوچەگەلی هاوینەهەوارەکان و لێرەوار و تووتن چاندن و لە هەمان کاتیشدا سەرپەرەشتی کاروباری ئەو یەکە کارگێڕییانە دەکات کە کورد زۆرینەی دانیشتوانیان تێدا پێکدەهێنن و ئەو کاوروبارانەش لە ناخی گیروگرفتی کوردەوەن وەک ڕۆشنبیری و زمانی کوردی، حکومەت ئەوەی لە توانادا بێت دەیکا بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی کاری توندوتیژییەوە زیانیان لێ کەوتووە تا بتوانن کارە ئاساییەکانی خۆیان لە سایەی ئاشتی و ئاسایشدا بکەن لە پێناو وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و گەشەکردن. هەروەها حکومەت لە ڕووی نیشتمانی و مرۆڤایەتییەوە ژیانی هەتیو و بێوەژنەکان و هەموو ئەوانەی لە ئەنجامی ئەو توندوتیژکارییانەوە لە بەشی باکوری نیشتمان تووشی پەککەوتەیی و کەمئەندامی بوون دەگرێتە ئەستۆ و لە هەمان کاتیشدا حکومەت بە زووترین کات پەناگە و پەیماگەی پیشەیی دەکاتەوە.

١٢- حکومەت هەوڵدەدات بۆ نیشتەجێ کردنەوەی هەموو ئەو کەس و کۆمەڵانەی کە ناوچەکانی خۆیان بەجێهێشتووە، یان لێیان هەترە کراون و دوورخراونەتەوە بۆ ڕەخساندنی بارودۆخێکی ئاسایی. خۆ ئەگەر حکومەت بینی لە دووارۆژدا وا پێویست دەکات بەکڕین دەست بەسەر هەندێک کەلوپەلدا بگرێت، دەبێ ئەم کارە بە قەرەبوو کردنەوەیەکی خێرا و عادیلانە بێت.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەیانە کە بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزیران ناوی دەرکرد، لیژنەیەکیان بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی دەستنیشانکرد کە لە لیوا ڕوکن کەمال مستەفا عەلەمدار و عەمید ڕوکن عەبدولمونعیم مەسرەف لەلایەن حکومەت و نافیز جەلال و موحسین دزەیی بەنوێنەرایەتی شۆڕش پێکهات. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٢٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا لەم بارەیەوە دەڵێت: **(من بۆخۆم گوێم لێبوو بارزانی وتوویەتی: بەیانی ٢٩ی حوزیران بەیانێکی لاوازە، بەڵام ئێمە بە مەبەستی ڕێزگرتنی وەفدەکەی خۆمان پێی قایل بووین و ئەم بەیانە لە**

ڕاستیدا شەڕ وەستاندنە و ڕێککەوتن نییە.) هەروەها موحسین دزەیی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی: **(بارزانی نەیدەشاردەوە کە باوەڕی بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزیران نییە و دەیگوت خەڵک و پێشمەرگە پێویستیان بە حەسانەوە و پشوو دان هەیە.)**

ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٣٠، هێشتا نوێنەرانی کورد لە لیژنەی جێبەجێکاردا لە بەغدا بوون کە عەمیدی فڕۆکەوان عارف عەبدولڕەزاق لەگەڵ تاقمێک ئەفسەری نەتەوەگەرا، کودەتای کرد، بەڵام بە کودەتاکەیان زانی و نەیانهێشت سەربکەوێت.

لیژنەی جێبەجێکاری بەیاننامەی ٢٩ی حوزیران هەندێک کاری وەک ئازادکردنی بەندییەکان و گێڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان بۆسەر کارەکانیان ئەنجامدا، بەڵام حکومەت لە چەککردنی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد خۆی پاراست. لە ڕەوتی وتوویژەکاندا، عەبدولڕەحمان بەزاز ناچارکرا دەست لە وەزارەت بکێشێتەوە و بە عەمید ڕۆکن ناجی تالیب ڕاسپێردرا کە کابینەیەکی نوێ پێکبهێنێت. لەو کابینەیەدا، وەزیرێکی کورد بەناوی ئەحمەد کەمال قادر، پۆستی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاوەدان کردنەوەی باکوری درایە. بە هاتنی ئەو وەزیرە کوردە، بەیاننامەی ٢٩ی حوزیران پشتگوێ خرا. دوای پشتگوێ خستنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزیران، شاکر مەحمود شوکری وەزیری بەرگریی عێراق، ڕۆژی ١٩٦٦/١٠/٢ چوو بۆ گەڵاڵە و چاوی بە بارزانی کەوت و پێیڕاگەیاند حکومەت پابەندی جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزیرانە و ڕوونی کردەوە کە پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاگەیاندنی دوا بڕیار، سەرکۆمار و بارزانی پێکەوە کۆببنەوە، بەتایبەتی بۆ چەک داماڵینی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد. شاکر مەحمود، هەولێر و سپیلک و ڕەواندزی بۆ ئەو دیدارە پێشنیاز کرد و گوتی: ڕەوا نییە سەرکۆمار ئەو هەموو ڕێگایە ببڕێ بۆ ئەم دیدارە، بەڵام بارزانی بیانووی بۆ هێنایەوە و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە لەنێوان بەرزێوە و دیانە یەکتر ببینن. دوای ئەو ڕیککەوتنەدا، ڕۆژی ١٩٦٦/١٠/٢٨، بارزانی لە ڕەشماڵێکدا کە بۆ ئەو دیدارە داندرابوو، پێشوازیی لە عەبدولڕەحمان عارف کرد. سەرکۆماری عێراق چەندان بەڵێن و پەیمانیدا بە سەرۆک بارزانی، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا هیچکامیان جێبەجێ نەکران.

کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا کە ئاماژەم بۆ کردن، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری پێکهێنانی کۆنگرەی حەوتەمی ڕاگەیاند. بۆ ئەو مەبەستە لە هاوێنی ساڵی ١٩٦٦دا لیژنەیەکی ئامادەکاری کۆنگرەی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و علی عەبدوڵا و نوری شاوەیس کە لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەدەوە گەرابوونەوە، پێکهێنا. دوای هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە لە ڕیزەکانی پارتیدا، کۆنگرە ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٥ بە بەشداریی ٢٤٥ نوێنەر دەستی بەکارەکانی کرد و پێنج ڕۆژی خایاند. لەو کۆنگرەیەدا بە پەیڕەوی کردن لە کۆنگرەی شەشەم بۆ بە ڕێکخراو کردنی شۆڕشی ئەیلول، بڕیاردرا چەند ڕێکخراوی تریش بۆ خزمەتکردن بە خەڵک لە ناوچە ئازادکراوەکان دامەزرێنن، وەک دامەزراندنی دەزگای زانیاریی "پەروەردە" و دەزگای تەندروستی و بنکەی تەندروستی ئاژەڵ و پەروەردەکردنی کادیر بۆ ئەو دەزگایانە و...تد. هەروەها لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە بڕیارێکی گرنگیاندا کە دابی "ژن بە ژنە و کچ بە زۆر بەشودان و گەورە بە بچووک" لە کوردستاندا نەهێڵدرێت.

کۆنگرە بەدەنگی تێکڕایی سەرۆک مستەفا بارزانی بەسەرۆکی پارتی هەڵبژاردەوە. بەنوسینی ڕەسوڵ ڕەزگەیی لە وتاری کۆنگرەکانی پارتیدا، کۆنگرە ئەم کەسانەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و دەستەی چاودێر هەڵبژارد: حەبیب محەمەد کەریم، دوکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، علی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدولڕەحمان"، عزیز عقراوی، شەوکەت عەقراوی، هاشم عەقراوی، حەمەدەمین بەگ، عەلی سنجاری، نوعمان عیسا، شەفیق ئەمین، فاتح محەمەدئەمین، شێخ محەمەد، مەجید ئەتروشی و ئەحمەد ئەتروشی. لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندییدا، حەبیب محەمەد کەریم، دوکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، علی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدولڕەحمان"، عزیز عقراوی بە ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران و حەبیب محەمەد کەریم پۆستی سکرتێری پارتی پێبەخشرا. هەروەها ڕەشید عارف ئەتروشی، نەجمەدین یوسفی،

مەلا حەیدەر حەمەد، سەبری بۆتانی و مەلا ساڵح حاجی بۆ دەستەی چاودێر هەڵبژێردران و ڕەشید عارف کرا بە سەرۆکی ئەو دەستەیە.

کۆنگرە بڕیاریدا سەرۆک بارزانی یادداشتێک بۆ سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بنێرێ و داوای جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزێرانی ١٩٦٦یان لێ بکات. کۆنگرە هەروەها چەند بڕیاری سەبارەت بە کاری ڕێکخراوەیی و سەربازیی پارتی پەسەندکرد و دەستورێکی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئامادە کرد.

یادداشتنامەی بارزانی بۆ سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

سیادەتی سەرکۆماری عێراق فەریق عەبدوڕەحمان محەمەد عارف- ی بەڕێز
سیادەتی سەرۆک وەزیران لیوا ناجی تالیب-ی بەڕێز
سڵاوێکی خۆشی

ئەم یادداشتنامەیە بۆ سیادەتتان بەرز دەکەینەوە کە هەوڵدانێکی ئێمە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر بارودۆخی ئێستە و ئەو ڕەق ڕاوەستانەی بەسەر دانوستانەکاندا هات و ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی لە ٢٩ی حوزەیرانەوە تا ئەمڕۆمان خزانە ڕێی چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

لای سیادەتتان شاراوە نییە کە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران بە هەموو بەندە بڵاوکراوەکانیەوە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیان تێدا نەبوو، بەو شێوەیەی کە هێشتا هەر داوایان دەکات و پێ لەسەر وەدیهێنانیان دادەگرێت، بەتایبەتی کە ماوەی ئازار و کارەساتەکانی لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی زیاتر درێژەیان کێشا، بەڵام لەبەر بە پەرۆشیمان بۆ بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان و پاراستنی خوێنی برایانی عەرەب و کورد بۆ ئەوەی نەڕژێت و پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی بەو بەیاننامەیە قایل بووین و هیوامان ئەوە بوو بەندەکانی بە نیازێکی چاک و گیانێکی ئیجابییانەی بنیاتنەرانە پیادە بکەین تا بەدەنگی کەمترین مافی کوردەوە بچێت کە دەکرێ قەبووڵ بکرێت، بەڵام دەڵێین و داخ لە دڵماندایە کە بەیاننامەکە هێشتا هەر بەڵگەیەکی مردووە، یان وەختە بمرێت. هەرچەندە پێنج مانگ بەسەر بڵاوکردنەوەیدا تێپەڕیوە. ئەوەی کارەکەی خراپتر کرد ئەوەیە هەندێک کاربەدەستانی حکومەت زاتی ئەوەیان کرد

هەنگاوی توند بهاوێن ببێتە هۆی تێکدان و شێواندنی ئاسایش و هەڵتەکاندنی ئارامی و سرەوت و خوڵقاندنی ئیستیفزاز لە ناوچەکەدا. ئەو ڕاستییەش لە دروستکردنی جۆرە جاشێکی نوێدا خۆی بەرجەستە دەکات و چەکدار دەکرێن و پارەیان پێدەدرێت و لە سەربازگەکانی حکومەتەوە دەردەچن بۆ دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی و ژیانی هاووڵاتیان و ئەوانەی لە سلێمانی و پێنجوێن و قەڵادزێ ڕوویاندا، زیندووترین بەڵگە و نیشانەی ئەوەن.

لە ڕاستیشدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی پێشەوە، دەتوانین بڵێین لە ٢٩ی حوزەیرانەوە شەڕ هەرگیز ڕانەوەستاوە و لەو ماوەیەدا دەیان کەس کوژراون و بریندار بوون و بەردەوامیی ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی بارودۆخێکی زۆر ترسناک و پڕ مەترسی، چونکە تێک هەڵەنگووتن هەرچەندە کەمیش بێت لەوانەیە تەشەنە بکات بۆ ئەنجامی زۆر قورس و ئەمەش کارێکە دڵسۆزان بۆ ئەم وڵاتە پێی قایل نابن. لەلایەکی تریشەوە هەندێک بەرپرس کێشەی کوردیان کە دەبووایە دوای پێنج ساڵ کارەسات و نەگبەتی، شارەزاییان لە بارەی هەموو لایەنێکی ئەم کێشەیەوە هەبووایە، لە بابەتی "ئاوەدانکردنەوەی باکور"دا چڕ کردووەتەوە کە ئەو کارەش هیچ شتێکی لێ جێبەجێ نەکراوە. لەلایەنی سێیەمیشەوە، هەندێک بەرپرسی گەورە دەستیان کردووە بە وتەبێژی و قسەکردن کە پڕن لە تۆمەتی دوور لە ڕاستی و واقیع و ئێمە بیروباوەڕی خۆمان لە خاکی نیشتمان و گیانی برایەتیی عەرەب و کوردەوە هەڵدەهێنجینو ناکرێ هیچ پەستانێک، لەهەر سەرچاوەیەکەوە دەرچووبێت، کارمان تێ بکات. شتێکی ئاشکرایە کە بەکرێگیراوە کۆن و تازەکان و هەندێک بەرپرس کە لەبەر زۆرخۆری ورگیان هەڵاوساوە لەسەر حیسابی براکوژی، ڕۆڵێکی ناشیرین دەگێڕن لە دروستکردن و خوڵقاندنی ئیستیفزاز و هەڵتەکاندنی باوەڕ و گرژ کردنی پێوەندییەکان لە پێناوی دووبارە کردنەوە کوێرەوەرییەکانی ڕابردوو و هەڵگۆزینی ماڵ و موڵکی زیاتری ئەم گەلە خۆڕاگرە ئارامە.

لە ڕاستیدا ئێمە هیوایەکی زۆرمان بەسەردانەکەی سەرکۆمار بوو بۆ باکور و بەیەکگەیشتنمان لەگەڵ سیادەتیان و لە نزیکەوە ئاگاداری پەیداکردنی بۆ گیروگرفتەکان و خەڵکی وایان زانی کە سیادەتی سەرۆک کاتێک کە بەرەو باکور

هات، کلیلی گرفتەکانی کورد لەگەڵ خۆیدا هێناوە و هەموو هیوا و ئاواتێکیان بەو سەردانە بوو، هەروەها دۆستە دڵسۆزەکانی عێراقیش پێشوازیان لێکرد، بەڵام سەرەڕای بایەخی ئەو سەردانە و کاریگەرییە ئیجابییەکەی بۆسەر گشت هاوولاتیان، وا دیارە- بەوپەڕی داخەوە- کە دەستی تێکدەر هەن لانەیان لە فەرمانگە هەستیار و گرینگەکان و ناوەندە باڵاکانی دەوڵەتدا چی کردووە، یان دەورەی ئێوەیان داوە کە ڕێ لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان دەگرن و ئەوانەی دەستی بنیادتنەر بینای دەکەن، ئەوان تێکی دەدەن و دڵیان بەرایی نادا برایەتیی عەرەب و کورد بچەسپێت و یەکێتیی نیشتمانیی بەهێز بێت و دەیانەوەێت وڵات بگەڕێتەوە نێو گێژەنی کارەساتباری شەڕی ناوخۆ و ئێمە هیچ لێکدانەوەیەکی لەوە زیاترمان نییە بۆ هێشتنەوەی ئەو حاڵەتە خراپ و نالەبارە وەکو خۆی.

هیچ گومانی تێدانییە کە ئێمە هەر شتێکی لە دەستمان هاتبێ و توانامان بەسەریدا شکابێت لەو کەشوهەوا نالەبار و گرژ و ئاڵۆزەدا کە زۆر دوورە لە باوەڕ و متمانە و هەبوونی دەستەبەری، ئەنجاممان داوە:

١- هەموو دیلەکانمان بەیەک جار و پێکەوە بەرداوە.

٢- گشت ڕێگەکانمان کردۆتەوە.

٣- ئێستگەکەمانمان لە بڵاوکردنەوە ڕاگرتووە.

٤- ڕەزامەندیمان پێشاندا بۆ گەڕانەوەی کارگێڕیی خۆجییەتی بەپێی بەیاننامەی ئاگربەست.

٥- زۆربەی زۆری چەکە قورسە حکومەتییەکانمان بۆ بەرپرسان گەڕاندۆتەوە.

لە ڕاستیدا، ئێمە شتێکمان کردووە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە لە ناوچەکەدا ئاسایی بێتەوە. دەبا چاوێکیش بەوانەدا بگێڕینەوە کە حکومەت لە بەیاننامەکەیدا جێبەجێی کردوون هەروەک لە پێشەکییەکەیدا هاتووە "لەبەر ئەوەی ئەم حکومەتە حەز بەوە دەکات سنوورێک بۆ ئەو بارودۆخە نائاسایی و ناسروشتییە لە هەموو لایەکی باکوری وڵات دابنێ و... بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو گرێدراوییەی کە بەڕاستی لەنێوان عەرەب و کورددا هەیە و ئەو گرێدراوییە داوایان لێ دەکات کاری خێرا و دڵسۆزانە بۆ نیشتمانی هاوبەشیان بکەن، ئەم بەرنامەیەی خوارەوە

ڕادەگەیەنێ و جەخت لەسەر بڕیاری تەواو دەکات کە پابەندی بێت و بە زووترین کاتی لە توانادابوو بە دەق و ناوەڕۆکەوە پیادەی بکات." بە شێکی گونجاوی دەزانین کە بەند بە بەند و بەپێی زنجیرەبەندی وتوویژ لەسەر بەیاننامەکە بکەین.

یەکەم: بارودۆخە نائاساییەکە هەر هەیە و زۆربەی کاربەدەستان پێیان خۆشە هەر دەوام بکات و گروپێکی توندڕۆ داوای دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنجوومەی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەکەن، واتە چەسپاندنی ئەو بارودۆخە نائاساییەی گەل تاڵاوی زۆری لێ چێشت لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی ڕابردوودا، ئەمە هەمووی دانانی دەستووری هەمیشەیی دوور دەخاتەوە کە دەبووایە ئەو دەستوورە "جەختی لەسەر مافی نەتەوەیی کورد بکردایەوە و ڕوونتری بکردایەتەوە، بەجۆرێک دانپێدانانی نەتەوایەتی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە چوارچێوەی یەک نیشتمانی عێراقیدا کە دوو نەتەوەی سەرەکی دەگرێتەوە و ئەوانیش عەرەب و کوردن، دەبێتە کارێکی ڕوون و ئاشکرا، بەشێوەیەک عەرەب و کورد ماف و ئەرکی یەکسانیان هەبێت.

دووەم: یاسای پارێزگاکان هێشتا ڕووناکیی نەدیوە، هەرچەندە مادەی دووەمی بەیاننامەکە وای وەسف دەکات کە "بە ڕێگەوەیە بۆ دانان" و هەرچەندە لەو مادە بنچینەیانەی نوسراوی ڕووڵێنانی "تکلیف" لیوا ناجی تالیبدا هاتبوو بۆ پێکهێنانی وەزارەت و پیادە کردنی سیستمی "لامرکزی" و بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە هەڵسوڕاندنی کاروباری ناوخۆیی و شارەوانی بەدانان و دابینکردنی ئەو یاسایەوە بەند بوو، واتە پێڕەوکردنی کورد بۆ بەشێکی زۆری مافەکانی خۆی کە حکومەت لە بەیاننامەکەیدا دانی پێداناوە بە یاسای پارێزگاکان کەوا بەرپرسە گەورەکان خۆیان واپێشان دەدەن کە پشتیان تێکردووە.

سێیەم: داننانی حکومەت بە زمانی کوردی کە زمانێکی ڕەسمییە و زمانی فێرکردنە لەو ناوچانەی زۆربەی زۆری دانیشتووانی کوردن، سیفەتێکی یاسایی پێ نەبەخشراوە و بێگومان هیچ شتێکیش لە ڕووی پیادەکردنەوە نەکراوە.

چوارەم: ئەگەر بە ڕاستی نیاز وابێت هەڵبژاردن لەو سنوورە زەمەنییەی خۆیدا بکرێت کە دەستووری کاتی دەقبەندیی لەسەر کردووە، ئەو کارەی کە گەل سوورە

لەسەر وەدیهێنانی، چونکە ڕەواکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە لەوەی کە خۆی حوکمی خۆی بکات "دەڵێین ئەگەر نیاز وابێت ئەوە وەدی بهێنرێت، ئەوەی پێڕەو کراوە و باشترە، ئەوەیە ڕێی بۆ خۆش بکرێت بە بەربەرەڵلاکردنی ئازادییە گشتییەکان وەک ئازدیی ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕێکخستن و شتی تر تاکو هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی بکرێت، بەڵام ئەگەر هەموو شتێک هەروەکو خۆی مابێتەوە، ئەوا بڕوای هاووڵاتیان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا، کز دەبێت" و ئەمەش کە لەبەری نێوان گەل و کاربەدەستان قووڵتر دەکات و دەبێتە هۆی زیاتر کردنی بێزاری و بڕوا نەبوون بە دواڕۆژ.

پێنجەم: بواری ئەوە لەبەردەمی کورد خۆش نەکراوە کە ئەوانیش بەشداریی برا عەرەبەکانیان بکەن لە فەرمانی گشتیدا، لەوانەش وەزارەتەکان و فەرمانی کارگێڕیی گشتی و دادوەری و دیپلۆماسی و سەربازی، نە بەپێی ڕێژەی دانیشتوان و نە بەڕێژەیەکی کەمتریش "تەنانەت لە بچووکترین فەمانبەر، ئەوانەی بەهۆی کێشەی کوردەوە دەرکراون و نەگەڕاونەتەوە بۆ فەرمانەکان، خۆ ئەوە لە فەرمانە هەستیار و گرینگەکان هەر مەپرسە". ئەوەی تێبینیش کراوە ئەوەیە لیستی وەرگیراوان لە کۆلێجی سەربازی و کۆلێجی فرۆکەوانی و کۆلێجی پۆلیس بۆ ئەمساڵ ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێ، کوردی تێدا نییە و هەر قوتابییەک پێوەندیی بە شۆڕشەوە هەبووبێت، لەو کۆلێجانە وەرنەگیراوە، کەواتە چۆن کورد بۆی دەکرێت یەکسان بێت تەنانەت لە دواڕۆژیشدا؟

شەشەم: ئەوەندی سەری پەنجەیەک زانکۆی بەغدا بایەخی بە زمانی کوردی و کەلەپووری فکری و شارستانیەتییەکەی نەداوە و واش پێ ناچی هیچ بایەخێک بە کردنەوەی لقێکی زانکۆ لە باکور بدات. خۆ سەبارەت بەو قوتابییانەش کە لە هەڵهێنجانی زانست بێبەش بوون لەبەر ئەوەی سۆزیان لەگەڵ کێشەی گەلەکەیان بووە و ئەو یاسایانەی وەزارەتی پەروەردەیان دەرحەق پیادەکراوە کە بۆ حاڵەتی ئاسایی بەکار دەهێنرێ و زۆربەیای لە گەڕانەوە بۆ خوێندن بێبەش کران.

حەوتەم: هێشتا هەر زۆربەی زۆری فەرمانبەرە کارگێڕیو دادوەرییەکان "حاکمەکان" و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ئەمن و هی تریش لە لیوا کوردی و قەزا و ناحیە کوردییەکاندا، کورد نین.

هەشتەم: بوار بە هیچ ڕۆژنامەیەکی سیاسی، یان ئەدەبی کوردی نەدراوە دەرکەون و گەشە بکەن، لە کاتێکدا کارەکە سەبارەت بە ڕۆژنامەوانیی عەرەبی بە پێچەوانەی ئەوەیە.

نۆیەم: یاسای لێبوردن لەگەڵ هەموارکردنەکانیشی، یاسایەکی پڕلە کەموکوڕی و کۆتبەندە و تەنیا ڕێژەیەکی کەمی بەشدارانی "ڕووداوەکانی باکور" نەبێ، کەسی تری نەگرتووەتەوە و هێشتا سەدان گیراو و حوکمدراو بەو هۆیەوە هەن کە جارێ بەرنەدراون و ئەو فەرمانبەر و خانەنیشینانەی پێوەندییان بە شۆڕشەوە هەبوو نە لەو یاسایەوە، نە لە یاسای ئینسافی فەرمانبەران مافی خۆیان پێنەدراوە و نەهێڵراوە فەرمانبەر و کرێکار و خزمەتگوزارە کوردە لەکار دەرکراوەکان بگەڕێنەوە بۆ فەرمان و کارەکانیان و ئەوانە بەدەست نەبوونی و دەستکورتییەوە دەناڵێنن، بەتایبەتیش کە ماوەی لەکار دەرکردنەکەیان درێژەی کێشا و باشترین نموونەش بۆ ئەمە کرێکارەکانی نەوتن لە کەرکووک.

دەیەم: پیادە نەکردنی حکومەت بۆ پابەندییەکانی خۆی لەلایەک و دروستکردنی سوارە "جاش"ی "شێوەی تازە" و گۆڕینیان بۆ دەسەڵاتی دووەم کە خەڵک بەند و دادگایی دەکەن و لە سێدارەیان دەدەن لەلایەکی ترەوە و نەژیاندنی بەشێک لەو پێشمەرگانەی کە حکومەت خۆی بەڵێنیدا گوزەران و ژیانیان مسۆگەر بکات لەلایەنی سێیەمەوە، هیچ بڕوایەکی لای ئەو پێشمەرگانەی سەر بە سوپا و پۆلیس دروست نەکرد کە بگەڕێنەوە و ئەمەش وای لە ئێمە نەکرد هانیان بدەین ئەو کارە بکەن.

یازدەیەم: بەپێی مادەی یازدەی بەیاننامەکە دەبووایە "دەستەیەک بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کوردی پێک بهێنرێ و پارەی پێویستی لە پلانی ئابووری بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوە و بەر کردنەوەی ئاستی پرۆژەی گەشەپێدان لە ناوچەکەدا کە بە وەزیرێکەوە دەبەسترێتەوە و ئەویش هەڵسوڕاندنی هاوینەهەوارەکانی باکور و کاروباری لێڕەوار و دارستان و تووتنیشی لە باکور پێ

دەسپێردرێ، هەروەها سەرپەرشتیی هاوئاهەنگ کردنی ئەو کاروبارانەش دەکات کە تایبەتن بەو یەکە کارگێڕییانەی زۆربەی زۆری دانیشتوانیان کوردن ئەمەش لە ئەسڵی ئەرکی نەتەوەیی کورد وەک ئاگاداری کردنی ڕۆشنبیری کوردی و بەرنامەی فێرکردن بە زمانی کوردی"، بەڵام ئەو وەزارەتەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا نەهاتە کایەوە و لە هەمان کاتیشدا مادە باسکراەکانی ئەو بەندە، جێبەجێ نەکران. هەرچی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی باکوریشە، دەسەڵاتە سنوور بۆ دانراوەکانی ڕێگەی ئەوەیان نەدا کارێکی ئەوتۆ بکات شایانی باسکردن بێت و حکومەت خۆداریی لەوە کرد و نەیدەهێشت ئەو شوێنانەی هێزە سەربازییەکان نەچوونەتە ناویان، چاودێریی تەندروستی و خوێندنی سەرەتایی بیانگرنەوە هەرچەندە داواکارییەکانیشمان لەم ڕووەوە دووبارە کردەوە. ئێمە هیچ پێویستییەک بۆ ئەوە نابینین وا بکات سەدان هەزار هاوولاتی لە چارەسەرکردنی بێبەش بکرێن و قوتابخانە لە ڕووی منداڵاندا دابخرێت کە هیچ تاوانێکیان نییە لە کاتێکدا کە میللەتان خەریکن هەسارەکان و مانگ داگیر دەکەن، ئەو هاوولاتیانەی شوێن و خانوویان سوتێندراوە و ماڵ و حاڵیان تاڵان کراوە، یان سەرۆکی خێزانیان بوونەتە قوربانیی کاری توندوتیژی قەرەبوو نەکراوەتەوە و ئەو بێوەژن و هەتیوانەش کە تووشی پەککەوتەیی بوون، ئەوا بۆ خواست و ویسی سروشت جێ هێڵراون. ئەو ئیعتیبارە نیشتمانی و مرۆییانەی لە مادەی ١١ی بەیاننامەکەی حکومەتدا هاتوون پاڵپێوەنەر نەبوو بۆ ڕزگاکردنی ئەوانەی لە سەرما و سۆڵەی زستان و بەدبەختیی دەربەدەری و دەستکورتیی و نەداریی کوشندە ڕزگار بکات.

دوازدەم: ڕاستە هەندێک گوندی کوردان لە ناوچەی کەرکوک لە خێڵە عەرەبەکان چۆل کراون، بەڵام ئەمە لە ناوچەکانی تر جێبەجێ نەکراوە و لە هەمان کاتیشدا ڕێگە بەو کوردانەی هەترە و کۆچ پێ کراون لە دێیەکانیان، نەدراوە بگەڕێنەوە بۆیان تەنانەت دوای ئەوەی کە چۆلیش کراون، بەڵام سەبارەت بە مادە بڵاوکراوەکانی بەیاننامەکە کە لێبوردنی گشتییە بە قۆناخ و پێکهێنانی لیوای دهۆک و مۆڵەتی حزبی ئێمە لەکاتی پێکهاتنی ژیانی پەرلەمانی، ئەوا بەشیان لە پیادەکردندا زۆر کەمتر بوو لە بەشی مادە بڵاوکراوەکان.

سیادەتی سەرۆک.... ئێمە ئەم ڕاستییە ئازاربەخشانە دەخەینە بەرچاوتان بەو هیوایەی دەسەڵاتە بەرفرەوانەکەتان و توانا بەخشندەییەکەی خۆتان بەکار بێنن لە پێناوی دانانی چارەسەرییەکی بەسوود بۆ ئەو گیروگرفتانە و گێڕانەوەی ماف بۆ شوێنی خۆی و پیادەکردنی بەڵێنەکانی دەوڵەت کە لە بەیاننامەکەی ٢٩ی حوزەیران بەرامبەر هاووڵاتییەکانتان هاتووە و ئێمە پێمانوایە باشترین ڕێگە بۆ هێنانەدی ئەوە پێکهێنانی دەستەیەکی هاوبەشە لە هەردوولا کە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەبێت و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بەیاننامەکەشی پێدرابێت، بەڵام لیژنەی باڵا، ئەوا بەبێ دەسەڵاتی مایەوە، بە جۆرێک لە وەدیهێنانی ئەو مەبەستانەی لە پێناویاندا پێک هێنابوو، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. بە چاوی خۆشتان دەمانبینن ئێمە و پیاوانی دڵسۆزی عێراق و ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی گەل باشترین یارمەتیدەری هەموو هەنگاوێکین کە دەبنە هۆی سەقامگیربوونی ئاسایش و سەروەریی یاسا و بەختیارکردنی گەل و بەرزکردنەوەی نرخی و لە خواش داوا دەکەین ڕێی ڕاست پێشانی هەموومان بدات.

والسلام علیکم و رحمةالله و برکاته

دڵسۆزتان: مستەفا بارزانی ١٩٦٦/١١/٢٨

جگەلەوە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات لە یەکەم هەنگاویدا بە دوای کۆنگرەی حەوتەم، دەزگای پاراستن "هەواڵگری و ئاسایش"ی شۆڕشی لە ساڵی ١٩٦٧دا دامەزراند. ئیدریس بارزانی کرا بە بەرپرسی بارەگای بارزانیی و مەسعود بارزانی یاریدەدەری. لەو ساڵەدا مەکتەبی سیاسی لەسەر پێشنیازی مەسعود بارزانی دەزگای ئاسایش و هەواڵگریی دامەزراند و ناوی دەزگای پاراستنی لێنا. ژمارەیەکی زۆر کاریان بۆ ئەو دەزگایە دەکرد و مەسعود بارزانی بە هاوکاریی شەکیب ئاکرەیی کاروباری دەزگای پاراستنی لە ئەستۆ گرت.

نزیکی لەنێوان سەرکۆماری عێراق و بارزانی دا

دوای دیداری عەبدولڕەحمان عارف سەرکۆماری عێراق و بارزانیی لە ١٩٦٦/١٠/٢٨دا، عەبدولڕەحمان عارف چەندجارێک داوای لە بارزانی کرد کە ئیدریس و مەسعود بارزانی بنێرێتە بەغدا، چەند ڕۆژێک لەوێ میوانی بن. بارزانی دوای ماوەیەک قەبووڵی کرد کە هەرکام لە کوڕەکانی لەگەڵ لیژنەیەکدا بچن بۆ بەغدا و چەند دیدارێک ئەنجام بدەن. لەو چوارچێوەیەدا، ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٦ ئیدریس بارزانی چوو بۆ بەغدا و بۆ ماوەی هەفتەیەک میوانی سەرکۆمار بوو. لەو دیدارەیدا چاوی بە چەند بەرپرسی باڵای حکومەت و ژمارەیەک دۆستی کورد کەوت. دوای گەڕانەوەی ئیدریس، حەبیب محەمەد کەریم، ساڵح یوسفی و بەدوای ئەوانەدا مەسعود بارزانی ڕۆژی ١٩٦٧/٣/١٩، لەگەڵ نافیز جەلال و موحسین دزەیی چوو بۆ بەغدا و لەگەڵ ئەو دوو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیی یەکتریان گرتەوە و دیدارەکانیان ئەنجامدا. مەبەستی عەبدولڕەحمان عارف و کاربەدەستانی عێراق لەو دیدارانەدا پتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە عەبدولڕەحمان و کاربەدەستانی حکومەتی عێراق بە ڕای گشتیی دەرەوە بگەیەنن کە کێشەی کوردیان چارەسەر کردوە، ئەگەرنا چوونی ئەو بەڕێزانە بۆ بەغدا، جگەلە دیداریان لەگەڵ دۆستانی کورد، سەردانێکی ئاسایی بێسود بوو. لەو سەردانەیدا ئیدریس بارزانی لە هەل کەڵکی وەرگرت و بەپێچەوانەی خواستی عەبدولڕەحمان عارف، لەگەڵ موحسین دزەیی چوو سەردانی سەید موحسین حەکیمی کرد کە پێوەندی باشی لەگەڵ بارزانی هەبوو. لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

– (من دووجار لەگەڵ کاک ئیدریس و کاک مەسعود چووم بۆ بەغدا. بە ڕواڵەت عەبدولڕەحمان عارف بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە بانگهێشتی کردبووین. لەوێ سەرەڕای دیدارەکانمان، کاک ئیدریس لە هەل کەڵکی وەرگرت و گوتی دەچین سەردانی سەید موحسین حەکیم دەکەین. عەبدولڕەحمان عارف بەهۆی مەسەلەی تایفییەوە لای گران بوو، بەڵام دواتر کارئاسانییان بۆ کردینو ئێمە چووین

سەردانمان کرد. دووبارە لەگەڵ کاک مەسعودیش ئەو سەفەرەم بۆلای سەید موحسین حەکیم کردەوە. بنەماڵەی حەکیم پێوەندی باشیان لەگەڵ بارزانی هەبوو.)

کۆبوونەوەی سەربازیی

یەکێکی تر لە بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوتەم، پتەوکردنی بنکە سەربازییەکان و پەروەردە کردنی پێشمەرگە لە بوارەکانی مەشق پێکردن و ئەندازیاریی تۆپخانە و کارکردنیان بە چەکەکانی شۆڕش بوو. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات، بۆ ئەو مەبەستە، ڕۆژی ١٩٦٧/٤/١٧، کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانی لە "کانی سماق" لە داوێنی گەلاڵە پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا بارزانی وتارێکی خوێندەوە و لە بەشێکدا گوتی:

- **(برایانی عەزیز: هەموو سەروەرێک و هەموو حەرەکەیەک کە لە دنیادا دێتەکرن بۆ خزمەت کردن بە میللەت، لازمە ئەو کەسانەی کە ئوموری ئەو میللەتە لە دەستیاندایە تەنها مەساڵحی میللەتەکە بدەنە بەر نەزەری خۆ و هەموو ئەنانیەت و مەساڵحی شەخسی لەبیر خۆیان بەرنەدەر و هەرچی کارێکی بۆ مەسڵەحەتی میللەت بێ ئەگەر بۆ نەفسی ئەوانیش خۆش نەبێ، لازمە ئەوە بکەن و بەدوای هەوای نەفسی خۆیان نەڕۆن، جا من لێرەدا کە ئەمەوێ چەند شتێکتان بخەمە بیرا حیساب مەکەن ئینتیقادی شەخسێکی مەعەیەن دەکەم، نابێ واش بزانن کە من ئینتقادی کەس ناکەم– من لەو نوقتانەدا کە ئەڵێم ئینتقادی خۆشم ئەکەم ئەگەر کارێکی وابکەم بۆ سەورە و بۆ میللەت زەرەری هەبێ. ئێمە ئەبێ وەزیفەی خۆمان زۆرباش بزانین ئەگەر هەموو مەسئولێکی شۆڕش بۆ مەسڵەحەتی شۆڕش کار نەکا و ئیهمال لە وەزایفی خۆدا بکا، ئێمە خۆمان ئەبین بە دوژمنی خۆمان و خزمەت ئەکەین بە دوژمنی میللەتەکەمان، ئێمە ئەبێ تێبگەین میللەت مەعنای چییە؟ ئینتقاد مەعنای چییە؟ کوردایەتی یان قەومییەت مەعنای چییە؟ ئەو مەسئوولەی کە بۆ مەڕامی شەخسی واز لە مەسڵەحەتی سەورە بێنێ، یان بۆ کیسەی خۆی و بۆ ئیستفادەی پارە، یان بۆ تەفاخەرێکی بەدەم، محاولە بکا، یان ئیتاعەتی ئەوامر نەکا و لە نیزام دەرچێ، ئەو کەسە نە کوردە و نە خزمەت بە سەورە دەکات.)** لە درێژەی وتەکانیدا بارزانی دەڵێت: **(برایانی عەزیزم: ڕجای من لە ئێوە کە کوڕی میللەتن ئەوەیە محاوەلە بکەن ڕۆژ بە ڕۆژ حیزبەکەتان بە قوەتتر و منەزەمتر بکەن و هەموو لایەک تەعاونی لەگەڵ بکەن، ئەگەر حیزب تەنزیماتی باش بێت و ئەمری زۆر بەباشی ئیجرا بکرێت مەعنای**

ئەوەیە لەشکریش و میللەتیش بە قوەتتر و باشتر دەبن. حزب یەعنی تەشکیلاتی هەموو میللەت، لەشکر و هەموو سنفێکی‌تریش جزئێکن لە میللەت. سەورەیەک بەبێ قیادەی حزبێکی مونتەزەم ناجیح نابێ ئەگەر ئەڵێم حزب مەعنای ئەوەیە حزبێکی موخلس بە میللەت و مەساڵحی میللەت لەبەرچاوی بێ نەک وەک ئەوانەی کە لە ماوەت بوون و زوڵمیان لە میللەت ئەکرد و ناوی خۆشیان نابوو حزب. جا ئەگەر ئێمە بمانەوێ سەورەکەمان سەرکەوێ لازمە تەقویەتی ئەم حزبەی هەمانە بکەین‌و هەموومان، من یان لەشکر یان میللەت بە ئیخلاس یاریدەی حزبەکەی خۆمان بکەین، نابێ کەسمان چاومان لە ڕیاسەت و گەورەیی ببێ، هەرکەس بتوانێ زۆرتر قابلیەتی هەبێ و بەرامبەر بەو قابلیەتە خزمەت بە میللەت بکا، میللەت بە ڕەئیسی خۆی دەزانێ. ... ئەو کەسەی کارێکی بەدەستە و لە چەند کەسێک مەسئوولە لازمە لەژێردەستەکانی خۆی زیاتر ئەزیەت بکێشێ ئەگەر یەکێک لە جەماعەتەکە برسییە، ئەبێ نانی خۆی بدا بەو، خۆی برسییەتی قەبووڵ بکات، چونکە ئەبێ گەورە تەحەمولی لە بچووک زیاتر بێ، ئەگەر من ناوی خۆم بنێم گەورە و بۆخۆم تێر بم و بچووکتر لەبەر چاوی من برسی بێ، من زۆر بە عارێکی گەورەی ئەزانم، بەڵام ئەگەر خۆم لە برسان بمرم و فەقیرێک لە برسان خەڵاس کەم، پێم شەرەفێکی زۆر گەورەیە، ئینسانیەت ئەوەیە قوربانی بە لەزایز و خۆشی خۆت بدەی بۆ مەسڵەحەتی زەعیف و فەقیران... ئەبێ هەر کەس لەو سەورەیەدا ئیش ئەکا، ئەوەل من، دوایی هەموو مەسئوولین تا دەگاتە پێشمەرگەیەک تا عوزوێکی حزب ئەوە لەبیرمان دەرنەچێ: ئەگەر دڵی گوندییەک، شوانێک، دوکاندارێک، ژنێک، منداڵێک عاجز بکەین، ئەگەر جنێو و قسەی ناشیرین بە ئەفرادی میللەت بڵێی، ئەگەر هێلکەیەک، مریشکێک یان هەرچی پێی دەڵێین زەرەر بە غەدر و زوڵم لە میللەت بستێنین، ئەبێ بزانین ئەوە بۆخۆمان دوژمنی میللەت و دوژمنی خۆمان ئەبین. ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان بێ، دوژمن هەزارجار قوەتی زیاتر بێ، ناتوانێ بمانشکێنێ، ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان نەبێ، وەڵاهی بە ئێوە بڵێم هەزار دەفعە لە ئێستە بە قوەتتر بین، دەشکێن و ناتوانین نەجاحەت وەربگرین، ئەگەر هەموومان پێکەوە بۆ مەسڵەحەتی عام ئیش نەکەین و ئەنانیەت و حوببی زاتمان هەبێ خزمەت بە دوژمن ئەکەین بۆ مەحوی خۆمان.

برایانی عەزیز: من هەروەک لە چل و پێنج و لە ساڵی شێست و هەمیشە گوتوومە و ئێستەش ئەڵێم: ئێمە شەڕی عەرەب و کورد ناکەین. نەک هەر ئەڵێم شەڕی عەرەب ناکەم- شەڕی هیچ قەومێک ناکەم. لەگەڵ هیچ میللەتێک لەسەر ناو، ئەمە زەردە، ئەمە سوور، ئەمە ڕەشە، ئەمە شینە، ئەمە سپی، شەڕ ناکەم، کورد و عەرەب برای یەکن و ئەتوانن زۆر بە تەبایی و برایەتی و خۆشی و ئاشتی بژین. بەڵێ عەرەب برای گەورە و ئێمە برای گچکە و ئێمە ئەڵێین ئەوە عەدل و ئینساف نییە برای گچکە برسی و ڕووت بێ و نەتوانێ بخوێنێ و فێری شتێک بێ و نەتوانێ ڕەئی خۆ لە ئیدارەی ماڵی موشتەرەکی خۆدا بەیان بکات و براگەورە هەموو شتەکی ماڵەکە بۆخۆ ببات! لازمە مراعاتی عەداڵەت بکرێ، برا بچووک خۆ بە مەزلووم نەزانێ و غەدر و زوڵمی لێ نەیەتەکرن. ئێمە لەگەڵ حکوومەت مخالفە ناکەین ئەگەر حکوومەت نەکەوێتە دەستی حیز و دزەکان! ئەوانەی کە خزمەت بۆ دوژمنی کورد و عەرەب ئەکەن. ئێمە لەو سەورەی خۆمان مەسڵەحەتی عێراقمان ئەوێ، ئەوەڵ بۆ عەرەب ئانیەن بۆ کورد و بۆ هەموو خەڵکی عێراق، تورکمانە، ئاشوورە، ئەرمەنە و هەرکەس هەیە. ئێمە ئەمانەوێ حکوومەتەکی عادڵی دیموکراتی بە ئینتخاباتەکی حور بەبێ، زەغت و ئیکراه و زوڵم و تەعەددا لە عێراق هەبێ. یاسایەکی پڕ عەداڵەتی وا هەبێ کە میللەتی عێراق بۆخۆی بۆ خۆ دابنێ. هەر ڕۆژە عەسکەرێک نەڵێ "قرنا مایلی" وە بە ئارەزووی نەفسی خۆ و ئەنانیەت حوکم لەسەر میللەتی عێراق بکا و میللەت نەتوانێ و نەوێرێ موحاسبەی بکات.

ئێمە هجووم بۆ کەسمان نەکردووە و هجوومیش بۆسەر کەس ناکەین. ئێمە دفاع لە حقوقی شەرعی و لە ماڵ و ناموس و حەیاتی میللەتی کورد ئەکەین. ئێمە قەت حەز ناکەین خوێنڕێژی و کوشتار بکەوێ ناوبەینی دوو برای عەرەب و کورد، چونکە شەڕ و کوشتاری ئێمە کوردو عەرەب خزمەت بە دوژمنانی عێراق ئەکات، جا ئومێدم ئەوەیە خودا عەقڵ و تێگەیشتن بخاتە سەری ئەوانە کە ئەیانەوێ شەڕمان لەگەڵ بکەن. با ڕەحمێکی بە میللەتی عێراق بکەن و چاویان لە زوڵم و تەعددا لە میللەتی کورد نەبێ. تا بتوانین ئێمە هەموو گەلی عێراق بەخۆشی و برایەتی و ئاشتی و عەداڵەت بە یەکەوە بژین.)

سەبارەت بەو شێوە ژیان و هەڵسوکەوتەی کە بارزانی لە وتەکانیدا بۆ پێشمەرگەکان بە زمانی هێنا، پێویستە ئاماژە بۆ چەند نمونەیەکیان بکەم کە نزیکانی پێیانەوە دیوە. لەم بارەیەوە ڕەسوڵ فەقێ خۆشناو گەڕۆتەیی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(جارێک لە ساڵی ١٩٦٥، لە ماڵی حاجی مستەفای بناوێ لە ناوچەی خەلیفان، لە خزمەت بارزانیدا بووم. یەکێک لە پاسەوانەکانی بارزانی هات و گوتی ئافرەتێک هاتووە و دەیەوێت ئێوە ببینێت. مەلا مستەفا گوتی:**

"بچن بزانن چیدەوێ و ئەگەر پێداویستییەکی هەیە، بۆی جێبەجێ بکەن." پێشمەرگە چوو، کەچی لەپڕ ئافرەتەکە بە دەنگی بڵند قیژاندی کە دەمەوێ بارزانی ببینم. مەلا مستەفا گوتی:

"ڕێگەی بدەن بێتە ژوورەوە." ئافرەتەکە هات، مەلا مستەفا پرسی: "چیت دەوێ؟" ئافرەتەکە گوتی:

"من لەسەر پشتی لانک بووم کە بە پیاوێکی گوندیان داوم بەشو، من کابرام خۆشناوێ و نامەوێ مێردی پێ بکەم و ئەویش دەستهەڵناگرێ."

بارزانی ناردی کابرایان هێنا، گوتی: "کوڕم ئەم ئافرەتە لەسەر پشتی لانک لە تۆ مارەکراوە. ئەو مارەکردنە شەرعیی نییە و تەنانەت ئەگەر مەلاش مارەی کردبێ، لە داهاتوودا کێشەی لێ دروست دەبێ. وەرە وازی لێ بهێنە و من دوو هێندە پارەت دەدەمێ، بچۆ ژنێک بێنە کە هەردووتان یەکترتان خۆش بوێت." کابرا لە وەڵامی مەلا مستەفادا گوتی:

"قەبووڵ ناکەم، ئەوە دەسگیرانی منە." مەلا مستەفا گوتی:

"کوڕم دەسگیرانی تۆ نییە، ئەگەر دەسگیرانت بووایە، دەهاتە لات." کابرا دیسانیش قەبووڵی نەکرد. مەلا مستەفا بە حاجی مستەفای خاوەن ماڵی گوت:

"بچۆ چوار پێنج ڕیش سپی گوند بێنە." ڕیش سپی هاتن، مەلا مستەفا گوتی:

"من بە ئێوە دەڵێم ئەگەر کەسێک دەست لەو کچە بدات، هەردوو چاوی بەدارەوە دەکەم. بەڵام ئێوە بچن هەوڵبدەن کە ئەو کوڕە، بەو پارەیەی من دەیدەمێ، بچی ژنێکی‌تر ببینێتەوە کە قەبووڵی بکات و یەکتریان خۆش بوێت." بارزانی کوڕەکەی دەرکرد و بەم جۆرە کێشەی بەزۆر بە شودانی ئافرەتەکەی چارەسەر کرد. دوای بڵاوە کردنی خەڵکەکە مەلا مستەفا گوتی: "ئەگەر من توانیبایەم ٨- ٩ لەو مەلایانە بکوژم کە بۆ قازانجی گیرفانیان ئەوکارانە دەکەن، ئەو کێشانە چارەسەر دەبوون.")

هەر لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (بارزانیی پارەی نەدەویست، پارەی قەرز دەکرد و دەیدا بە خەڵک. نیشان بەو بەو نیشانەیەی کە ساڵی ١٩٦٢ هاتە بێتواتە و بانگی من و مەلا باقی کرد و گوتی: "من هیچ پارەم پێ نییە، هەندێک پارەم بە قەرز لە کوێ بۆ پەیدا دەکەی؟" گوتم ئەزبەنی پارە لای شێخ حوسێن بۆسکین پەیدا دەبێت، دەمانداتێ، بەڵام لێت وەرناگرێتەوە. گوتی: "وەڵا بە قەرز نەبێت، نامەوێ." مەلا باقی گوتی: "من دەچم بە قەرز دێنم." کابرایەکی مەڕدار بەناوی ئەحمەدی خاڵە لە دەشتی بێتوێنێ بوو. چوو ٥٠٠ دیناری هێنا و دای بە بارزانی و ئەویش هەربۆ بەیانی هەموو پارەکەی بەسەر خەڵکدا بەشکرد و هیچی پێنەما.

هەروەها لە ناوچەی خواکورک شەڕ بوو، هیچ خانوو نەمابوو، هەموویان سوتاندبوو، باران دەباری، بینیم چەترێکیان بۆ لەسەر سەری ڕاگرتووە و قاپە

ماستێکی پێیە و بە کەوچکان ماست دەخوا. یان دیومە بەتانییەکیان بۆ لەسەر عەرز ڕاخستبوو، دەیگوت:

"ئەرێ بەردێکی نەرمتان چنگ ناکەوێ لەژێر سەرمی دابنێم؟"

گوتم ئەزبەنی بەردی نەرم کوا؟ گوتی:

"نەوعە بەردێک هەیە، نەرمن."

بارزانی بەو شێوەیە دەژیا و ئەوە ژیانی مەلا مستەفا بوو. یان ئەگەر کەلێنی هەبووایە بۆخۆی دەهات و لەگەڵ ئێمە دەکەوت و شەڕی دەکرد. ئێمە نەماندەهێشت و دەمانخستە دواوە. دەیگوت با لەگەڵتان بم تا ئەو خەڵکە نەترسێ. بە ڕاستی مەلا مستەفا ئەو جۆرە بوو. پێویستە بۆ تاریخ بیڵێم کەسایەتی وەک مەلا مستەفا چ لە ڕووی عەسکەری، چ لە ڕووی سیاسی، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چ لە ڕووی دیانەتەوە دروست نەبووە و نابێتەوە و نەبووەتەوە و قەت دروست نابێتەوە.)

ئاژاوەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و شەڕەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨

ڕۆژی ١٩٦٧/٨/١، ناجی تالیب سەرۆکوەزیرانی عێراق دەستی لەکار کێشایەوە و دیسانیش داوا لە تاهیر یەحیا کرایەوە کە کابینەی نوێ پێکبێنێت. لەو کابینەیەدا، ئەحمەد کەمال قادر تاکە کوردی کابینەکەی ناجی تالیب بوو کە لە کابینەی نوێدا بەلاوەنرا و فەتاح سەعید شاڵی لە جیاتی ئەو کرا بە وەزیری کاروباری باکور. تاهیر یەحیا کەسایەتییەکی میانەڕۆ بوو، سەبارەت بە نەتەوەی کورد کینەی لە دڵدا نەبوو، دەیویست کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام لەدەستی نەدەهات. ناوبرا بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزیران، لیژنەیەکی نوێی پێکهێنا کە جگەلە موحسین دزەیی و نافیز جەلال، ئەندامەکانی تری عەرەب و نوێنەری حکومەت بوون.

پێشتر لە بەشی "کۆنفڕانسی کۆیە و ئاکامی وتوێژەکان"دا گوتم حکومەت بۆ لێدانی کورد، جگەلە جاشە کوردەکان لە جاشی عەرەبی "سوارەی خالیدی کوڕی وەلید"یش کەڵکی وەردەگرت. ئەو جاشانە کۆمەڵێک عەرەبی هاوردە بوون بۆ کوردستان و لە ساڵی ١٩٦٣وە لە سی گوندی دەوروبەری "دوبز" نیشتەجێ کرابوون. تاهیر یەحیا لەسەر داوای بارزانی ئەو عەرەبانەی گواستەوە شوێنی خۆیان، بەڵام گوندەکانیان بە چۆلی هێشتەوە و نەیانهێشت خاوەنەکانیان بگەڕێنەوە نێویان، تا ساڵی ١٩٧٤ کە شاڵاوی گەورەی بە عەرەب کردنی کوردستان دەستی پێکرد، ئەمجارە سنوری لەو ٣٠ گوندە تێپەڕی و ناوچەیەکی بەرینی کوردستانی گرتەوە. لە لایەکی تردا، ڕۆژی ١٩٦٧/١٠/٧ وەفدێکی حکومەت کە لە عەقید عەبدولهادی ڕاوی، فەتاح سەعید شاڵی، لیوا ڕۆکن کەمال مستەفا عەلەمدار و عەبدولونعیم مەسرەف پێکهاتبوو، هاتن بۆلای بارزانی بۆ ئەوەی لەسەر داماڵینی چەک لە جاشەکان و بەتایبەتی جاشەکانی ٦٦ گفتوگۆ بکەن. تاهیر یەحیا لە نامەیەکی نهێنیدا بۆ بارزانی پێی ڕاگەیاندبوو، فەرماندەکانی سوپای عێراق بە توندی دژی چەکداماڵینی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەدن و چەککردنیان لە دەستی ئەو دەرچووە.

بارزانییش بەم ڕەستەیە وەڵامی دایەوە: **(مادام سیاسەتی حکومەت ئەمە بێ، ئێمەش ناچارین چی بەرژەوەندیمانی تێدابێ، ئەوە بکەین.)**

دوای ئەو پێوەندییە، بارزانی بڕیاری لێدانی جاشەکانی ٦٦ ی دا. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٩٦٧/١٠/٩ بە هێزەکانی دەشتی هەولێر، سەفین و کاوە ڕاگەینرا، هەرکامەیان بە نیوەی یەکەکانیان بەرەو سلێمانی بچن. بارزانی ڕۆژی ١٩٦٧/١٠/١٠ لەگەڵ هێزی هەڵگورد و هەزار پێشمەرگەی هێزی باڵەک بەرەو سلێمانی کەوتەڕێ کە بەکرەجۆ مەڵبەندی گشتیی جاشەکان پاک بکاتەوە. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٤ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا، ئەو جاشانە زیندانێکیان لە بەکرەجۆ هەبوو کە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکرات و شۆڕشیان تێدا ڕادەگرت و ئەشکەنجەیان دەدان و دەیان کەسیان تێدا شەهید کردبوو. لەناو ئەشکەنجە کراوەکاندا مەسعود بارزانی ئاماژە بۆ ڕەسوڵ مامەند و محەمەد ڕەحیم دەکات و دەڵێت لەو زێندانەدا ئەشکەنجە دراون.

بەگەیشتنی بارزانی بۆ بەکرەجۆ، حکومەت بە پلانەکەی زانی و بۆ ئەوەی کە پێش بە قوڵتر بوونەوەی کێشەکە بگرێ، ڕۆژی ١٩٦٧/١٠/٢٠ وەفدێک بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم فەرحانی وەزیری کشتوکاڵ و ئەندامەتی شامیل سامەڕایی وەزیری ناوخۆ و فەتاح سەعید شاڵی وەزیری کاروباری باکور، عەبدولمونعیم مەسرەف پارێزگاری هەولێر بەهێلیکۆپتەر نارده لای بارزانی و بەناوی سەرکۆمار داوایان لێکرد هێرشەکەی بۆسەر بەکرەجۆ ڕابگرێ، تا ئەوان لەو بنکەیە بگوازنەوە. بارزانی ڕەزامەندیی خۆی بۆ دواخستنی هێرشەکەی ڕاگەیاند. بە دوای ئەوەدا حکومەت هێزێکی زۆری کە لە لیوایەکی زرێپۆش و دوو لیوای پیادە پێکهاتبوو، ڕەوانەی سلێمانی کرد کە بارزانی نەتوانێ پلانەکەی جێبەجێ بکات. بارزانی بۆ ئەوەی زیان بە پێشمەرگەکان نەکەوێ، پلانەکەی ڕاگرت و ڕژێمیش گوشاری خستەسەر لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و سنوری بۆ چالاکییەکانیان دانا. لە نۆڤێمبەر "کانونی دووەم"ی ساڵی ١٩٦٧دا، تاهیر یەحیا لە نامەیەکدا بۆ بارزانی کە بە ساڵح یوسفی و شەوکەت ئاکرەییدا ڕەوانەی کردبوو، بەڵێنی بە بارزانیدابوو کە کۆتایی بە

ڕەشەکوژیی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد دێنێ و ئەگەر نەیتوانی دەست لەکار دەکێشێتەوە.

دوای ڕزگاربوونیان لە هێرشی پێشمەرگە، تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد ڕێیەکیتریان بۆ زەبرلێدان و کوشتنی ئەندامان و لایەنگرانی شۆڕش گرتەبەر. لە دیسێمبەر "کانونی دووەم"ی ساڵی ١٩٦٧دا چەند کادیری پارتیان لە هەولێر کوشت کە دوو برا بە ناوەکانی عەزیز حەمکۆ و عەکە حەمکۆی چایچی و سەید عەبدوڵا و ئیقبال هورەماری بەشێک بوون لەو شەهیدانەی کە لەلایەن ئەوانەوە شەهید کران و چەند کەسیشیان بریندار کرد. لە بەرامبەر ئەو ڕەشە کوژییەدا، هێزەکانی پێشمەرگەش چەند مەفرەزەیان بۆ شوێنهەڵگرتن و لەناوبردنی جاشەکان تەرخان کرد. ڕۆژی ١٩٦٧/١٢/١٢، ئەحمەد ڕەشوانی و حەمە سووریان لێکوشتن. ئەوانیش ڕۆژی ١٩٦٧/١٢/١٣ چوون بۆ کەرکوک و تەقەیان لە شەفیق ئاغا نوێنەری پێوەندییەکانی شۆڕش لەگەڵ کاربەدەستانی کەرکوک کرد و سێ لە پاسەوانەکانیان شەهید کرد. شەفیق ئاغا لە هۆتێلێکی کەرکوک دەمایەوە و حکومەت بەرپرس بوو لە پارێزگاریی کردنیدا. عەلی عەسکەریی فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە بوو کە شەفیق ئاغای کوشت.

لەلایەکی ترەوە، پێشمەرگەکان شەوی ١٤- ١٩٦٧/١٢/١٥ دەستڕێژیان لە ئوتۆمبێلی مەلا عەبدوڵا "مەلا ماتۆر" کرد. دوو کەسیان بە ناوەکانی ئەحمەد و عەبدوڵا کوشت، بەڵام مەلا ماتۆر دەربازی بوو. هەرلە مانگی دوازدەدا، پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر کەمینێکیان لەسەر ڕێگای هەولێر- کەرکوک دانا و حەمە سابیر کە سەرۆک جاش و هاوکاری لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد بوو لە کەمینەکە کەوت و کوژرا و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی عەلی دیکتاریۆڤ شەهید بوو.

هاوکات هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە بۆ گەڕێکی تری شەڕ ئامادە کران. غازی حاجی مەلۆ لە ناوچەی شێخان بە پشتیوانی ڕژێم لە شۆڕش یاخی بوو. ناوبراو مەترسیی ئەوەی لێدەکرا کە هێزەکانی ڕژێم بگەیەنێتە ناوچە ئازادکراوەکان و ئەو کارەشی کرد، بەڵام هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیان پێکرد. جاشەکان جموجۆڵێکی شەڕفرۆشانەی زۆریان لەخۆیان نواند، کەمینیان بۆ پێشمەرگە دادەنا و ڕێگەیان بە خەڵک دەگرت. بەم بۆنەیەوە، بارزانی بروسکەیەکی ئاراستەی سەرکۆمار،

سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئەرکانی سوپا کرد و داوای لێکردن، سنورێک بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنێن. ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری سەرۆکی ئەرکانی سوپا وەڵامی بارزانی دایەوە کە جموجۆڵی سوپا بۆ پاراستنی ئاسایشە و جەختی لەسەر نیازپاکی حکومەت کردەوە. لە بەرامبەر ئەو وەڵامەی ئیبراهیم فەیسەڵدا، بارزانی فەرمانیدا بە هێزەکانی پێشمەرگە کە وریا بن و بەتوندی بەرگریی لەخۆیان بکەن. پێشمەرگەکان بەگوێرەی ئەو فەرمانە هەڵسوکەوتیان کردو وەڵامی جموجۆڵ و دەستدرێژییەکانی دوژمنیان دایەوە و لە گڵەزەردە چەند سەربازیان کوشت و فەرماندەی سەربازەکانیان بەناوی مولازم حەمید عەمماش بەدیل گرت، بەڵام دواتر لەسەر داوای شێخ نازم عاسی ئازادیان کرد.

لە دشتی هەولێر یەکەیەکی سوپا بە هاوکاریی جاشەکان هێرشیان کردە سەر چەند گوندێک کە پێشمەرگەکان لێیاندان و سەربازێک و حەوت جاشیان کوشت و دوو جاشیشیان بەدیل گرت. بە دوای ئەو ڕووداوانەدا، هەریەک لە سەرکۆمارو سەرۆکوەزیران وەڵامی بروسکەکەی بارزانییان دایەوە. شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود و ئیحسان شێرزاد ئەم دوو نامەیەیان گەیاندە دەست بارزانی. لە نامەکەیاندا ئومێدی گەڕانەوەی ئارامی و ئارام بوونەوەی کوردستانیان خواستبوو.

عەبدولڕەحمان محەمەد عارف لەگەڵ ناردنی ئەو نامەیەی بۆ بارزانی چوو بۆ فەرەنسا، بەڵام داوای لە بارزانیی کرد، دوای گەڕانەوەی لە فەرەنسا پێیخۆشە ئیدریس بارزانی بنێرێتە بەغدا کە چەند بابەتی زۆر گرنگ هەیە، بەودا بۆ بارزانی بنێرێت کە ئەو سەفەرەی کاک ئیدریس سەری نەگرت. عەبدولڕەحمان بۆ ئەوە چووبوو بۆ فەرەنسا کە پۆلێک فڕۆکەی میراژ بکڕێت کە بەهەوڵی میر کامەران بەدرخانو ڕۆژنامەنوسیی فەرەنسی "ڕێنی مۆریس" نوسەری کتێبی "کوردستان یا نەمان" کە دۆستی ژەنەراڵ دیگۆل سەرکۆماری فەرەنسا بوو، نامەیەکی بارزانییان کە دەستبەجێ ئاراستەی ژەنەراڵ دیگۆلی کرد و پێیڕاگەیاند: عێراق ئەو فڕۆکانە بە دژی کورد بەکار دەهێنێت، دەوڵەتی فەرەنسا لە فرۆشتنی فڕۆکە بە عێراق چاوی پۆشی کرد. دواتر دیگۆل بە ڕێنی مۆریس دەڵێت: **(دیتت چۆن تکای دۆستەکەم "مەبەستە لە بارزانی" بەجێهێنا و ڕێگەم نەدا مامەڵەی میراژ سەربگرێت.)**

ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١٣، پێشمەرگەکان لە دەشتی هەولێر سەرۆک جاشێکی عەرەبیان بەناوی شێخ حەنەش و چەند جاشی هاوڕێیان کوشت. ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١٥، شەڕ لە دەشتی هەولێر گەرم بوو. دوژمن دەیویست تۆڵەی شێخ حەنەش و جاشە عەرەبەکانی بکاتەوە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان لە دوو تفەنگی ١٠٦ میلم کەڵکیان وەرگرت. بە ڕاپۆرتی فارس باوە فەرماندەی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر، پێشمەرگەکان چەند تانک و ئوتۆمبێلی دوژمنیان تێکشکاند و ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١٨ دوژمنیان شکاند و پاشەکشەیان پێکرد. لەو شەڕەدا دوژمن ٦٠ کوژراوی لە مەیدانی شەڕدا بەجێهێشت و ٨٤ چەکداریشی بریندار بوون. هەروەها لە شەڕەکەدا دوو پێشمەرگەش شەهید و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون.

پێوەندیی بارزانی بە سەرۆک و کاربەدەستانی وڵاتی بیانی و دوو کودەتا لە مانگێک دا

بەڵێنە ناڕاستەکانی سەرۆک کۆمار و کاربەدەستانی عێراق، بارزانی هاندا پیلانەکانیان بەدژی گەلی کورد بۆ سەرۆکی چەند وڵاتی عەرەبی ڕوون بکاتەوە. لەو چوارچێوەیەدا چەند نامەی بۆ دوکتۆر نورەدین ئەلتاس سەرکۆماری سوریا، جەمال عەبدولناسر سەرکۆماری میسر و وڵاتانی تری عەرەبی و خاچی سوری نێو دەوڵەتی نوسی و بە مامۆستا عەزیز شەریفدا ڕەوانەی ئەو سەرۆک و سەرکردانە کرد.

دوکتۆر عەزیز شەریف نوسەر و لێکۆڵەریی بە ڕەگەز عەرەب و نوسەری نامیلکەی "مەسەلەی کورد لە عێراق **"المسألة الكردية فى العراق"** بە دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣دا پەنای بۆ ناوچەکانی شۆڕش هێنا. بەرلە هاتنی بۆنێو شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٥٥ لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە عێراقدا بڵاوکردبۆوە و لەودا دوو ڕێگای بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی بەغدا و کوردستان دەستنیشان کردبوو، یەکەم: **(خەباتی جەماوەریی تێکۆشەرانی عەرەب لەپێناوی ئازادی و چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد بە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆوە.)** دووەم: **(خەباتی ڕەهای پێشکەوتنخوازانی کورد دژی مەیلی گۆشەگیرخوازانە لەنێو جەماوەری کورددا و بانگهێشتکردنیان بۆ یەکێتیی ئارەزوومەندانە لەعیراق لە هەلومەرجی هەنووکەییدا)** کە بارزانی پێشوازیی لەو بیرە ئازاد و مرۆڤدۆستانەی

عەزیز شەریف کرد. ناوبراو ڕۆژی ١٩٦٨/٧/١٤ نامە و ئامۆژگارییەکانی لە بارزانی وەرگرت و لە حاجی ئۆمەرانەوە چوو بۆ سوریا. لە دیمەشق نامەی نوردەدین ئەتاسیی سەرکۆماری سوریای گەیاند و چوو بۆ میسر و لە قاهیرە چاوی بە عەلی سەبری سەرۆکوەزیرانی میسر کەوت و نامەی جەمال عەبدولناسری دایە کە بیگەیەنێت. بۆ هەمان ئەرک چوو بۆ جەزایر و لەوێوەشەوە چوو بۆ مۆسکۆ و لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەت کۆبۆوە و باسی بارودۆخی عێراقی بۆ کردن.

عەزیز شەریف هێشتا لە مۆسکۆ بوو کە ڕۆژی ١٩٦٨/٧/١٧ لە عێراق کودەتای سەربازیی کرا. عەزیز شەریف بە نامەیەک پرسیاری لە بارزانی کرد کە پاش ئەم گۆڕانکارییە، چۆن ئەرکێکی دەبێت کە بارزانی پێیڕاگەیاند لەوێ بمێنێتەوە و لە دەرەوە کاری بۆ دیاریی دەکرێ.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بە پێنج کودەتای سەربازیی کرد کە لە ساڵی ١٩٥٨وە تا ئەم دوو کودەتای کە دەمەوێ ئاماژەیان بۆ بکەم، ڕێژەیان لە ماوەی دە ساڵدا دەبێتە حەوت کودەتا. هیچکام لەو کودەتایانە نەیانتوانی ئاسایش و ئەمنیەتی عێراق بپارێزن و کودەتاچییەکانیش توانایان نەبوو عێراق بەرەو دیموکراتیی بەرن و مافی مرۆڤ بپارێزن و دان بەمافی نەتەوەی کورد، تورکمان و کریستیان لە عێراقدا بنێن. کودەتاچییەکان کە بەتێکڕا ئەندامانی سوپا بوون، حکومەتیان لەنێوان ئەفسەرانی کودەتاچیدا ئەم دەست و ئەو دەست کرد و هەزاران کەسی بێتاوانیان کوشت و سەدان میلیارد دۆلاریان زیانی ئابووریی بە عێراق گەیاند و گیانی خۆشیان لە کودەتایەکانیاندا پێ ڕزگار نەکرا.

هۆی سەرهەڵدانی ئەو کودەتایانە لە عێراق بۆ دوو دیاردەی بەستراوە بەیەکتر دەگەڕێتەوە. یەکەمیان وڵات لەلایەن سوپاوە بەڕێوە دەچێ و حکومەتەکەیان حکومەتی سەربازییە و دووەم لە حیزبی بەعسی دیکتاتۆرِدا جگە بەڕێگای کودەتا هیچ گۆڕانێک لە ستروکتور و شێوەی بەڕێوبەریی وڵاتدا بەدی نایەت. لە کودەتاکانیشیان پترلە تاقیکردنەوەی کودەتای فیبرواریی "شوبات"ی ١٩٦٣ و مرۆڤی خاوەن دەسەڵاتی ناو حکومەتەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە.

ڕۆژی ١٩٦٨/٧/١٧، عەبدوڵڕەزاق نایف، ئیبراهیم داود و سەعدون غیدان کودەتایان بەسەر عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا کرد. بە دوای ئەو کودەتایەدا بەعسییەکان لە ١٩٦٨/٧/٣٠، سەرلەنوێ کودەتایەکی تریان بە سەرۆکایەتی ئەحمەدحەسەن بەکر کردەوە و عەبدوڵڕەزاق نایفیان بە سواری فڕۆکە لە عێراق دەرکرد. بەرلە کودەتای ١٩٦٨/٧/٣٠، واتە کودەتای دووەم، عەبدوڵڕەزاق نایف سێ ڕۆژ دوای کودەتای یەکەم، ڕۆژی ١٩٦٨/٧/٢٠ نامەیەکی ئاراستەی بارزانی کرد. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٥٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، دەقی نامەکەی بڵاوکردۆتەوە کە نوسیوییەتی:

بەغدا ٢٠ی تەمووزی ١٩٦٨

برام مەلا مستەفا بارزانیی بەڕێز

سڵاوم هەیە و هیوای تەندروستی و بەختیاریتان بۆ دەخوازم.

کورتەیەکەم بە سالح یوسفی برامان ڕاگەیاندووە لە بارەی ئەو ڕێگە تازانەی پێڕەویان دەکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی لەبار بۆ ئەو کێشەیەی ئەوە چەند ساڵێکە هەر بە چارەسەر نەکراوی "هەڵواسراوی" ماوەتەوە. بۆیە دڵسۆزانە هیوام وایە گوێ لە دید و بۆچوونمان بگرن و هاوکاریمان بکەن لە پێناوی وەدیهاتنی یەکیەتی نیشتمان و ئەوەی کە خێر و خۆشگوزەرانی بۆ گەلی عێراقی تێدایە بە عارەب و کوردەوە. لەگەڵ جوانترین سوپاس و ڕێز و سڵاوم بۆ ئێوە و هەموو برایان بەتایبەتی کاک ئیدریس و مەسعود و سوپاستان دەکەم.

دڵسۆزتان: عەبدوڵڕەزاق نایف (پاشبەندی ٣٥)

عەبدولڕەزاق نایف بە سالح یوسفی دا داوای لە بارزانی کردبوو کە دوو وەزیری کورد دەستنیشان بکات کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا بیانگونجێنێت. بارزانی ناوی موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزادی ڕەوانە کرد. بە دوای کودەتای دووەمی بەعسییەکاندا وەزارەتێکی نوێیان پێکهێنا و جگە لەو دوو کەسە. تەها محیدین مەعروفیشیان خستە پاڵ ئەو دوو وەزیرانە و بەو پێیە یەکێک لە لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەدیشیان خستە نێو وەزارەتەوە. سەرکردایەتی شۆڕش ناڕەزایی خۆی لە بوونی

تەها محیدین مەعروف لە وەزارەتدا ڕاگەیاند و گوتی یان تەها محیدین مەعروف لە وەزارەت دوورکەنەوە یان دوو وەزیرەکەی تری سەربە شۆڕش بەلاوە نێن کە حکومەت تەها محیدین مەعروفی هێشتەوە و موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزادی بەلاوەنا. لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (کە کودەتا دووەم کرا و عەبدولڕەزاق نایف لە پۆستەکەیدا نەما، بەعسییەکان تەها محیدین مەعروفیان هێنا. بەهێنانی ئەو، ئێمە ئامادە نەبوون لە وەزارەتدا بمێنین و دەستمان لەکار کێشایەوە و تا ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، پێوەندیمان بەحکومەتەوە نەما.)

تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ جگەلە چەند تێکهەڵچوونێک لەگەڵ لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد، هیچ شەڕ و پێکدادانێک لەنێوان شۆڕش و حکومەتی بەعسدا ڕووی نەدا. ڕژێمی نوێ پترلە ڕژێمەکانی پێشوو، پشتی بە گروپەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بەست و ئەوانیش پێوەندیی خۆیان پتر بەو ڕژێمەوە قایم کرد. ڕژێمی نوێ سەرلەنوێ پەلاماری کوردستانی دایەوە و حکومەتیش بە چەشنی کارەساتەکانی ١٩٦٣، سەرلەنوێ دەرگای "قصر النهاية" کردەوە و کۆمەڵێکی زۆری لە کەسایەتییەکان و خەڵکی بێتاوانی لەو کۆشکەدا زیندانی و ئەشکەنجە کرد. بە نوسینی عەبدولکەریم فەرحان و ئەحمەد حەبووبی، ژمارەیەکی کەمی بەندکراوەکان، وەک تاهیر یەحیاو عەبدولڕەحمان بەزاز، عەبدلعەزیز عوقەیلی و ....تد توانیان لە بەسەرهاتی تۆقێنەری گرتووخانە "قصر النهاية" ڕزگاریان بێت.

لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد پلانیان دانا کە زەبری زیاتر لە شۆڕش بدەن و خزمەتی زیاتریش بە ڕژێمی بەعس بکەن. لەو چوار چێوەیەدا بە هاوکاریی دوو فەرماندەی بەتالیۆنی شۆڕش لە قەرەداغ بە ناوەکانی جەعفەر بەرزنجی و کامیل مەلا وەیسی پلانیان داڕشت کە دەست بەسەر ناوچەی قەرەداغدا بگرن و ناوچەکە لە پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕش پاک بکەنەوە. لەو بارەیەوە ئیدریس بارزانی لە نامەیەکدا بەمێژووی ١٧- ١٩٦٨/١٠/١٨ بۆ مەسعود بارزانی کە ئەویش لە لاپەڕەی ٤١١ی پاشبەندی ژمارە ٣٠دا بڵاوی کردوەتەوە، سەبارەت بە شەڕی قەرەداغ دەڵێت:

- (بێگومان ئێوە دەنگوباسی ئەو شەڕەتان بیست کە لە قەرەداغ ڕوویدا، کاتێک ڕۆژی ١٠/٦ هێرشیان کردەسەر بنکەی هێزەکانمان و لە ئەنجامی ئەمەدا، جەماعەتی ئێمە دوای چەند وردە شەڕێک لە گەلێک خاڵدا کشانەوە و جاشەکان ٢٠ کەسیان لە جەماعەتی ئێمە بەدیل گرت، پاش ئەوەی کە لە ئەنجامی کشانەوەی جەماعەتەکەی ئێمە، بەرگرییان کرد تا فیشەکیان لێ بڕا، ئینجا تەسلیمی جاشەکان بوون. ڕۆژی ١٠/١٣ هێزەکانمان هێرشێکی بەهێز و گشتگیریان کردەسەر خائینەکان و لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموو بنکەکانیان گیرا و ٣٤٠ چەکدار لە جاشەکان کوژرا و بریندار بوون و بەدیل گیران و دەسکەوتیشمان ١٩٩ تفەنگ و ٢ شەستتیری برێن و ٨ دەمانچەی چواردەخۆر و ٦ دوربین بوو و بەمەش هێزەکانی خائینەکان بەتەواوی تێک شکێنران. ئەم شەڕانە عەلی شەنگاریی برامان سەرکردایەتیی کردن و پاڵەوانیەتی و توانایەکی زۆر باڵایان لەو سەرکەوتنە نایابەدا تۆمار کردو....)

دوای داگیرکردنی بنکەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی قەرەداغ لەلایەن لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەدەوە، ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/١٢، هێزەکانی خەبات و ڕزگاریی و هێزەکانی دەشتی هەولێر بەرەو قەرەداغ بەڕێکەوتن و ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/١٣ لە پەلامارێکی هەمەلایەنەدا بە فەرماندەیی عەلی شەنگاریی پاشەکشەیان بە جاشەکان کرد. لە ئاکامی ئەو شەڕانەدا پێشمەرگەکان ٧٠ چەکداری لایەنگریی ئیبراهیم ئەحمەدیان کوشت و ١٢٠ کەسیشیان بەدیل گرت کە کامیل مەلا وەیسی یەکێک لە کوژراوەکان بوو. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٥٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا سەبارەت بەو شەڕە دەڵێت:

- (لە ساڵی ١٩٧٠دا کە وەفدەکەی حکوومەت هات بۆ گەڵاڵە بۆ گفتوگۆ، بەڕێوەبەری بزاوتگەل عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعیدیشیان لەگەڵ بوو کە باسی ئەو بزاوتگەلەی قەرەداغی کرد و وتی: گفتیان دابووینێ "مەبەست لە جاشەکانی شەست و شەشە" ئەوان ناوچەکە خاوێن کەنەوە و دەسەڵاتی تەواوی بەسەردا بگرن، بەتایبەتی پاش ئەوە جەعفەر بەرزنجی و کامیل مەلا وەیسی دایانە پاڵیان و جەختیشیان لەسەر ئەوە دەکرد ئەمە تەنیا سەرەتایە، بەڵام ئێمە پاش ئەوەی

پێشمەرگە هێرشە ڕامالّەکەیان کرد و ئەوانیش هەڵاتن بۆ کەرکووک، فەوجێک سەربازمان نارد بۆ یارمەتیدانیان و گێڕانەوەیان بۆ مەیدانی شەڕ و ڕێ لێگرتنیان نەوەک بێنە ناو شارەوە، بەڵام نەمانتوانی و بەگوێیان نەکردین.)

دوای سەرکەوتنی پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا، بارزانی ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/١٨، بروسکەیەکی سوپاس و پیرۆزبایی ئاراستەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی قەرەداغ کرد، مەسعود بارزانی لە کۆتایی نوسینەکەیدا دەقی بروسکەکەی بارزانی بڵاوکردوەتەوە کە دەڵێت:

بۆ هێزەکانی قەرەداغ

دووبارە بۆ مەکتەبی تەنفیزی و هەموو هێزەکان و هەموو بارەگاکان.

سوپاستان دەکەین و پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو برا پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین لەسەر ئەو سەرکەوتنانەی بە ئازایەتی خۆتان و بە لەخۆبوردوویيتان لە پێناوی پرسی بە دادی گەلەکەماندا وەدەستتان هێناوە. شانازی بە قارەمانەتی و دڵسۆزیتانەوە دەکەین. مێژوو هەرگیز خوێنی شەهیدەکانمان لە یاد ناکات. دڵنیابن، براینە بە ویست و یارمەتیی خودا سەرکەوتنی دوواجار بۆ ئێمە دەبێت.

بارزانی

١٩٦٨/١٠/١٨

کۆچی دوایی شێخ ئەحمەدی بارزان

لە لاپەڕەکانی پێشوودا، ئاماژەم بۆ شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزان ١٩٣١– ١٩٣٢ و ١٩٤٣– ١٩٤٥، کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی بارزانییەکان لە سۆڤیەت کرد، چەند جارێک پەنجەم بۆ ژیان و خەبات و هەستی نیشتمانپەروەرانەو ئاشتیخوازانەی شێخ ئەحمەد مامۆستاو پەروەردەکەری بارزانییەکان ڕاکێشا. ڕۆژی ١٩٦٩/١/٥، بارزانی لە گەڵاڵە بوو کە هەواڵی نەخۆشیی گەورەی بارزانی پێگەیشت و ئەویش دەستبەجێ مەسعود بارزانی نارده بارزان کە لە چۆنیەتی نەخۆشی شێخ ئەحمەد ئاگاداری بکات.

مەسعود بارزانی ڕۆژی ١٩٦٩/١/٦ خۆی گەیانده بارزان و بە بروسکەیەک سەرۆک بارزانی لە نەخۆشیی شێخ ئەحمەد ئاگادار کردەوە. سەرۆک وەڵامی دایەوە کە بەپەلە بیگوازنەوە گەڵاڵە کە ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتی بکەن، بەڵام دوکتۆر حیکمەت حەکیم بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی "بۆڵێ" کە بەرلە مەسعود بارزانی، بۆ چاودێریی پزیشکی گەیشتبووە بارزان، دەڵێت هەردوو گورچیلەی شێخ ئەحمەد لەکار کەوتووەو ژیانی لە مەترسی دایە و پێویستە بەپەلە بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی نزیک کە ئامێری پشکنینی پزیشکی لێ بێت کە سەرۆک بارزانی ڕێیان پێدەدات داوای هێلیکۆپتەر لە ڕژێم بکەن.

ڕۆژی ١٩٦٩/١/٧، هێلیکۆپتەرێک دوکتۆر ڕافید سوبحی، دوکتۆر مەهدی مورتەزا و دوکتۆر شەوکەت دەهان دەگەیەنێتە لای شێخ ئەحمەد لە بارزان. دوای پشکنینی شێخ ئەحمەد لەلایەن ئەم دوکتۆرانەوە، ڕۆژی ١٩٦٩/١/٩ شێخ ئەحمەد دەبەنە بەغدا، بەڵام بەهۆی لەکار کەوتنی گورچیلەکانی ناتوانن لە مەرگ ڕزگاری بکەن و ڕۆژی ١٩٦٩/١/١١ گەورەی بارزان کە خالیدی کوڕی و سەلیم یوسفی لەلا بوون، ماڵئاوایی لە دنیا کرد. دوای کۆچی دوایی شێخ ئەحمەد، فەریق حەردان عەبدولغەفار وەزیری بەرگریی عێراق، تەرمی شێخ ئەحمەدی بە هێلیکۆپتەرێک کە نوێنەری خۆشی لەگەڵدا بوو، ناردەوە بۆ بارزان.

سەرۆک بارزانی، بەبۆنەی ئەو دەستپێشخەرییەی حەردان عەبدولغەفار وەزیری بەرگریی عێراق، بەناوی خۆی سوپاسنامەیەکی بە ساڵح یوسفیدا ئاراستەی سەرکۆمار و حەردان عەبدولغەفار کرد، بەڵام ئەوان لە جیاتی کەڵکوەرگرتن لەو هەلە ڕەخساوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، ساڵح یوسفییان گرت و ئەو لە دوا پشوودا توانی خۆی ڕزگار بکات. فەرمانی گرتنی ساڵح یوسفی بەشێک بوو لە پلانێکی گشتی بۆ دەستگیرکردنی لایەنگرانی شۆڕش و ئەو کەسانەی بەشێوەی جیاواز پێوەندیان بە شۆڕشەوە هەبوو و ئەو سیاسەتەی ڕژێم دەرگای گفتوگۆکانی داخست. سەبارەت بەماڵئاوایی کردنی شێخ ئەحمەدی بارزان، دوکتۆر تاهیر بابان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (لە ساڵی ساڵی ١٩٦٤وە تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٧، من بۆ ماوەی سێ ساڵان لە خزمەت شێخ ئەحمەددا کاری پزیشکیم لە ناوچەی بارزان بەڕێوەدەبرد. لەو ماوەیەدا شێخ ئەحمەد تەنانەت بۆ جارێک نەخۆش نەکەوت، بەگشتی شێخ ئەحمەد نەخۆش نەدەکەت. لە هەموو بارێکەوە مرۆڤێکی هەڵکەوتوو بوو، بەڕاستی ئەگەر من جارێکی تر بە دوای مردنمدا زیندوو ببمەوە، دەچمە سەر ڕێبازی شێخ ئەحمەد و بە ڕێبازی ئەودا دەڕۆم. کەسێک بوو کە دڵی لای هەژاران بوو. دەسەڵاتی باڵای هەبوو، بەڵام مرۆڤێکی ئاسایی بوو. لەگەڵ جوتیارەکان ئیشی دەکرد و ڕێگای بۆ چاک دەکردن. پارەی نەدەناسی و نەیدەزانی کام دینارە و کام ڕوبعی دینارە. ئەو ڕێکخستنەی لە بارزان هەبوو، بەپێچەوانەی دەوڵەتە بەناو ئیشتراکییەکان، بەتەواوی ئیشتراکی بوو. کاتی درووێنە زەکاتیان کۆدەکردەوە و لە عەمبارێکدا دەیانپاراست و بەسەر بنەماڵە هەژارەکاندا بەشیان دەکرد. من خۆم شیوعی بووم، بەڵام ئەوەی لە بارزان دەکرا، منی خولیای شێخ ئەحمەد کرد.)

لێدانی نەوتی بابەگورگور

پێشتر لە بەشی "**لێدان لە بیرە نەوتی زەنبوور**"دا گوتم لەشکری کوردستان بە مەبەستی پارچە پارچەکردنی هێزەکانی سوپای دوژمن و بڵاوکردنەوەیان و هەروەها زیانگەیاندن بە ئابووریی حکومەت، بڕیاریدا بیرە نەوتییەکان بکاتە ئامانج کە لە لایەک زیانی ئابووریی بە حکومەت بگەیەنێ و لەلایەکی تر نەهێڵێت هێزەکانی لە کوردستاندا کۆبکاتەوە. هەروەها گوتم ئەم کردەوەیە، کاری گەورەی کردە سەر بەغداو ناچاری کرد دوو فەوج سەرباز و نزیکەی هەزار جاش لە مەیدانەکانی شەڕ بکێشێتەوە کە پارێزگاریی لە بیرە نەوتییەکان بکەن. دوای لێدانی چاڵە نەوتی زەنبوور، سەرکردایەتی شۆڕش پلانێکی تایبەتی بۆ لێدانی نەوتی بابەگورگور دانا و کادیر و پێشمەرگەی بۆ پەروەردە کرد. لەو چوارچێوەیەدا کە سامانی نەوت مولکی هەموو خەڵکی عێراقە، بەڵام بەشی کورد لەودا ئەو بۆمبانەیە کە بەسەر خۆی و وڵاتەکەیدا دەیبارێنن، ناچار بوو پلانێکی ورد بۆ لێدانی نەوتی کەرکوک لە بابەگورگور دابڕێژێ و کارگەی "تەرکیز" بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان بکات کە نەوتی هەموو بیرەکانی بەدوای تێپەڕین لە وێستگەکانی گاز لێ جوێ کردنەوە، لەوێ کۆدەکرێتەوە و ئامادەی پاڵاوتن دەبێت. ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو پلانە بە محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدولڕەحمان" ئەندامی مەکتەبی سیاسیی سپێردرا و فاخیر مێرگەسۆری، فارس باوە، حەمەسووری حوسێنی، عیزەدین قەرە محەمەد، عەریف دەروێش و قادر جەباریی کران بە یاریدەدەری سامی عەبدولڕەحمان.

چەند خۆمپارەهاوێژی ١٢٠ میلم و تفەنگی ١٠٦ میلم بۆ ئەو لێدانە تەرخان کران. تفەنگی ١٠٦ کە چەکێکی زەوی بە زەوییە و لەسەر زەوی و لەسەر ئوتۆمبیل بەکار دەهێنرێ و گوللەی سوتێنەری هەیە و نیشانەکان بە وردی دەنگێوێ، لەو لێدانەدا کاریگەریی زۆری هەبوو.

سەرکردایەتی شۆڕش خولێکی تایبەتی ئەو دوو چەکانەی بۆ کۆمەڵێک لاو لە هێزی هەڵگورد دانا. سامی عەبدولڕەحمان و فاخیر مێرگەسۆری لە گەڵاڵەوە چوون و لەگەڵ فارس باوە فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر و حەمە سوور فەرماندەی

بەتالیۆنی شوان لە دراوسێی دامەزراوە نەوتییەکان یەکیان گرتەوە. دوای کۆتاییهاتنی مەشقی لاوەکانی "سەربازە نەناسراوەکان" هێزی هەڵگورد و شناسایی شوێنەکان، پتر لە ١٠٠ هێستر چەک و گوللەی پێویست بە شاخەکاندا گوێزرایەوە بۆ دەشتی هەولێر.

دەزگای پاراستنی شۆڕش زانیاریی تەواوی سەبارەت بە پلانی پارێزگاریی کردنی حکومەت لە کۆمپانیای نەوت و شوێنی نیشتەجێ بوونی سوپا و پاسەوان و پارێزەرانی کارگەی "تەرکیز" و بیرە نەوتییەکان ئاراستەی سامی عەبدولڕەحمان کرد و ڕۆژی ١٩٦٩/٢/٢٥ دەنگۆیەکی بڵاوکردەوە کە هێزەکانی شۆڕش خەریکن کردەوەیەکی گەورە لە دەشتی هەولێر بەڕێوەدەبەن. ئەو دەنگۆیە سەرنجی حکومەتی بەرەو هەولێر ڕاکێشا و هێزێکی گەورەی لە هەلێر کۆکردەوە و تەنانەت سوپا فەوجێکی لە "ڕێدار" هەبوو کە گواستییەوە بۆ هەولێر و بە گواستنەوەی ئەو فەوجە ڕێ بۆ پەلاماردانی پێشمەرگە خۆشتر کرا. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٥٩ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (عەبدولجەبار بەڕێوەبەری ئەوکاتی ئاسایشی هەولێر لەو برا عارەبانە بوو کە هاوکاریی ئێمەی دەکرد. مۆرسێکی "مەبەستە لە دۆزینەوەی کۆدی نهێنی مۆرسە- نوسەر" تایبەتی هەبوو وای لە سەرۆکەکانی خۆی گەیاندبوو کەوا توانیویە بە هەوڵی وەکیلەکانی دەستی کەوێ، گوایە ئەوە ئەو مۆرسەیە شۆڕش بەکاری دەهێنێ. ئێمە بەم جۆرە، هەرکاتێ بمانویستبایە زانیاریی نادروست بخەینە مێشکی حکوومەتەوە بەو مۆرسە بڵاومان دەکردەوە.)

شەوی ١- ١٩٦٩/٣/٢ هێزەکانی پێشمەرگە لە شوێنی دیارییکراو جێیان گرت. کاتژمێر ٢١:٠٠ واتە ٩ی شەو خۆمپارەکانو تفەنگە ١٠٦ەکان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە بەردەوامی لە دامەزراوە نەوتییەکانیان دا. بڵێسەی ئاگر ئاسمانی کارگەی تەرکیزی داگرتبوو. پاسەوان و چاودێرەکانی کۆمپانیا نەیاندەزانی لە کوێوە لێیان دەدەن و شڵەژابون و نەیاندەزانی چۆن بەرگری لەخۆیان و لە کۆمپانیاکە بکەن. فڕۆکەیان بۆ هات، بەڵام فڕۆکەکان شوێنی پێشمەرگەکانیان نەدۆزییەوە. کاتژمێر ٢٣:٠٠ واتە ١١ی

شەوی ١٩٦٩/٣/١، سامی عەبدولڕەحمان سەرکردایەتی شۆڕشی لەو سەرکەوتنە ئاگادار کردەوە.

لێدانی کارگەکانی کۆمپانیای BP زیانێکی زۆری گیانیی و ئابووری بە حکومەت گەیاند. هەواڵی لێدانی ئەو کارگەیانە بۆ ماوەیەک سەردێڕی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە بیانییەکان بوو. بە دوای ئەو لێدانەدا، سەرکردایەتی شۆڕش پێوەندیی بە کۆمپانیای نەوتی BP ی بریتانییەوە گرت و پێیڕاگەیاندن، ئەوە تەنیا بۆ هوشیارکردنەوە بوو و ڕەنگە لەمەوپاش دووبارە و چەندبارە بکرێتەوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٦١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (ناوەندی کۆمپانیای نەوت لە لەندەن ڕۆژنامەنووسی ناسراو "لۆرد لێکبراکن" ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکانی بریتانیای لەگەڵ پیاوێکی تر کە دەیوت ناوم "بلال بێرنە" نارد بۆ ئەوەی گفتوگۆیەک لەگەڵ شۆڕشدا بکەن و پلانێک بۆ دواڕۆژ دابنێن. کۆمپانیا ئیشارەتێکیشی بۆ ئەوە کرد کە لەوانەیە پشتگیرییەکی ماددی پێشکێشی شۆڕش بکات بۆ دابینکردنی ئەوە کە لەمەولا ئەوجۆرە کردەوەگەلە دووبارە نەکرێتەوە، بەڵام پاشان پەنای بردەوە بەر فڕوفێڵ و شێوە کاری پێچەلپێچ و مەسەلەکە هیچی لێ نەوەشایەوە.)

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لقەکانی خۆی دادەمەزرێنێت

لە بەشی "کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان"دا گوتم کۆنگرە بە پەیڕەوی کردن لە کۆنگرەی شەشەم و بۆ بە ڕێکخراو کردنی شۆڕشی ئەیلول، بڕیاریدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دامەزرێنێت کە دایمەزراند. هەروەها بڕیار وابوو ئەنجومەن چەند لقێکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی هەبێت کە خزمەتی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان بکەن، وەک دامەزراندنی دەزگای زانیاریی "پەروەردە"، دەزگای تەندروستی، دەزگای دادوەریی، شارەوانییەکان و بنکەی تەندروستی ئاژڵ و ...تد.

دانانی خوێندنگە بە زمانی کوردی: لە ساڵی ١٩٦٨دا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەشێوەی ڕەسمی خوێندنگەی زمانی کوردی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دانا کە منداڵان و خێزانی دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان بێبەش نەبن لە خوێندن و پەروەردەبووندا. کاتێک ڕژێمی بەعس بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگەکانی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش کشاندەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هاتەسەر ئەم باوەڕە کە نەهێڵێ خێزانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە خوێندنو پەروەردە بووندا بێبەش بن و خوێندنگەی بۆ کردنەوە. دیارە بەرلە دانانی خوێندنگە بەڕەسمی لەو ناوچانەدا و پەروەردە کردنی مامۆستای تایبەت بۆ وانە گوتنەوە هەندێک خوێندنگەی تایبەت لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دامەزرابوو. لەم بارەیەوە بارزانی مەلا خالید لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (من پێشمەرگ بووم لە لقی چوار بەتالیۆنی دەشتی هەولێر لە هێزی سەفین. بارەگاکەمان لە "پیرەر" سەربە ناحیەی دێگەڵەو سەربە کۆیە بوو. لەناو شۆڕشدا خوێندەوار هەبوو، بەڵام ئاستیان زۆر بەرز نەبوو، بەگشتی خوێندەواری مامناوەندی بوون وەک کۆلکە مەلا، فەقێ و تەلەبە. ئێمە سەرلقەکەمان خوالێخۆشبوو عەریف عوسمان یوسف بوو، پیاوێکی ڕۆشنبیر و دنیا دیدەبوو، لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ئەیلول بوو، لە مانگی نیسانی ١٩٦٧ کە لەنێوان شۆڕش و حکومەتدا وتوویژ هەبوو، بانگی منی کرد و گوتی: بارزان ئەو هەمووە منداڵە لە کۆڵان

دەخولێنەوە، بۆچی نایەی کۆیان بکەیەوە و لێرە لە "پیرەر" و بەلایەنی کەمەوە فێری ئەلف و بێیان بکەی و منیش پێداویستییەکانت بۆ دابین دەکەم. خوێندکارێکی تریش هەبوو بەناوی یاسین قادر کە ساڵی ١٩٧٨ شەهید بوو. ئێمە منداڵەکانمان کۆکردەوە، ژمارەیان ٤٠ کەس بوو، تا کۆتایی ئەو ساڵە، واتە خوێندنی ١٩٦٦- ١٩٦٧ لە سەردەمی وتوویژەکاندا حکومەت خویندنگەیەکی لە "باوەقۆق" دروستکرد، باوەقوق و پیرەر دۆڵێکیان لەنێوان دایە. ئێمە خوێندنگەکەمان بردە باوەقوق و خوێندکارەکانمان تێکەڵکردن و بەیەکەوە وانەمان پێگوتن. من چونکە مامۆستایەتیم نەکردبوو، وانە گوتنەوەم نەدەزانی، شێوازی مەلایەتیم گرتبووەبەر، سەرەتا پیتەکانم فێری منداڵەکان دەکرد ئەلف، ب، پ، ت و.... دواتر لە پیتەکان وشەم بۆ دروست دەکردن و دواتر ڕەستە. ڕۆژێک مامۆستا مەلا محەمەدی مەلا قادری کە ئەوکاتە ئەندامی کارگێڕی لقی دوو بوو لە هیران و دواتر بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی، هاتە گوندەکەمان. ئەوکاتە پارتی دەوڵەت بوو، کادیری پارتی پلەی زۆر بەرز بوو. کە هات، من سەرسام بووم، شەرمم لێکرد، گوتی: من جەولەیەکەم هەیە و بیستوومە تۆ خوێندنگەت کردۆتەوە و هاتووم سەردانت بکەم. ئەو پێشتر مامۆستای خوێندنگە بوو، من وانەم دەگوتەوە، بەبێ ئەوەی کە بڵێ، شیوازی وانە گوتنەکەت هەڵەیە، گوتی کاک بارزان ئیزن بدە من دەرسێک بڵێمەوە، کە دەرسی گوت، شێوازی من و مامۆستا زەوی تا ئاسمانی فەرقی هەبوو، تێگەیشتم کە من بەهەڵە وانەم پێگوتوون، لەهەمان کاتدا منداڵەکانم فێری ناسینی پیت و وشەی کوردیی کردبوو. مەلا محەمەد گوتی: بنێرە لە کۆیە ١٠- ١٥ کتێبی خوێندنت بۆ بێنن و لە ڕووی کتێبەکانەوە وانە بڵێوە. من ناردم لە کۆیە ٢٠ کتێبیان بۆ هێنام و ئیتر لە ڕووی کتێب منداڵەکانم فێری خوێندن دەکرد. مامۆستا لە گەڕانەوەیدا بۆ لق لە هیران، وتارێکی دوولاپەڕەیی لەسەرمن لە گۆڤاری سەفین ئۆڕگانی لق بڵاوکردەوە. بە دوای ئەوەدا لق بڕیاریدا مانگانە دوو دینار یارمەتی بەمن بکەن. پێویستە ئەوەش بڵێم کە بە دوای مندا کە چووم بۆ ئیزگەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، سێ خوێندنگەی‌تریشیان کردەوە و یارمەتی مامۆستاکانیان کردە پێنج دینار لە مانگدا. لقی چوار لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ دەفتەری سیاسی، باسی لە کردنەوەی خوێندنگە کردبوو. ئەوە بوو کە دوای

هەڵگیرسانەوەی شەڕ، بەو تێبینییەی کە بارزانی هەیبوو لە بەدامەزراوە "موئەسیسات" کردنی شۆڕشی ئەیلول، یەکێک لە بڕیارەکانیشی دانانی خوێندنگە بوو لەگەڵ بەشی تەندروستی، "شارەوانی- کۆمەڵایەتی" و...تد.) هەرلەم بارەیەوە محەمەدی مەلا قادری لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (من ئەندامی کارگێڕی لقی دوو بووم و کاک مەجید ئەتروشی بەرپرسی بوو، گۆڤارێکمان هەبوو بەناوی "سەفین" و من بەڕێوەم دەبرد. جارێک سەفەرێکم کرد و بە ئیش چووم بۆ سنوری لقی عەریف عوسمان کە بنکەیان لە "پیرەر" سەر بە ناحیەی دێگەڵە بوو. لەوێوە چووم سەردانی ئەوانیشم کرد. بینیم کاک بارزانی مەلا خالید ژمارەیەکی منداڵ لەبن کەپرێک کۆکردۆتەوە و فێری خوێندنی دەکردن. من لەگەڵیان کۆبوومەوە و چونکە پێشتر مامۆستا بووم و بۆ ماوەی ساڵێک خولی مامۆستایەتیم بینیبوو، فێرم کردن چۆن دەرسیان پێبڵێن و خوێندکارەکانیش چۆن دەرس بخوێنن و داوام کرد بنێرن لە شارەکان کتێبی خوێندن بێنن. لەوێوە من فیکرێکم بۆ درستبوو. دوای گەڕانەوەم بۆ لق و شەوێک لەگەڵ کاک مەجید دانیشتبووین و گوتم کاک مەجید شتێکم لە مێشکدایە گوتی فەرموو. گوتم بۆچی ئێمە ئەو قوتابخانە چۆلانەی کە حکومەت بەجێی هێشتون نەیانکەینەوە، گوتی وەلا فیکرێکی باشە، منیش بە گوندی "سەران"دا هاتووم و کاتێک خوێندنگەکەم بەچۆلی دی، بیرم لەوە کردەوە. گوندی سەران لە سەروی ڕەواندزە و بەرەو گەلاڵە و نزیکە ٢٠٠- ٣٠٠ ماڵ بوو. بڕیارماندا خوێندنگە بکەینەوە و یەکەم قوتابخانە هی کاک بارزان بوو کە بە ڕەسمی کردمان بە مامۆستا و مانگانە دوو دیناریشمان بۆ بڕیەوە. لە باوەقوب بینای خوێندنگە هەبوو. لەوێ دەستکرا بە خوێندن و کاک بارزان سەرەڕای دەرس گوتنەوە، کرا بە بەڕێوەبەری خوێندنگەکە و دواتر مانگانەی مامۆستاکان کرا بە پێنج دینار. لە سماقوڵی لە نێوان کۆیە و هیرانێ قوتابخانەیەکمان کردەوە و لە هێران خوێندنگەیەکی شەش پۆلیمان دانا، چونکە پێشتر خوێندنگەکەی شەش پۆلی هەبوو. خوێندکارەکان بەیانییان سرودی "ئەی ڕەقیب" و "پێشمەرگەی بە هەڵمەتین"یان دەخوێندەوە. کونە تەیارەشمان بۆ دروست کردبوو تا ئەگەر تەیارە هات ڕابکەنە ناو کونەکان و زیانیان پێنەگات. ساڵی ٦٧- ٦٨ خوێندنگەیەکیشمان لە

"سەران" کردەوە کە زۆر سەرکەوتوو بوو. ڕاپۆرتەکەمان نارد بۆ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سیاسی نوسراوەکەی ئێمەی بۆ لق و هێزەکان نارد و داوای لێکردن خوێندنگە بکەنەوە و بە ئێمەشیان ڕاگەیاند کە مەسرەفی خوێندنگەکانتان دەدەینەوە. بە دوای ئەوەدا بەشی پەروەردە و زانیاریان دانا کە کاک محەمەد ئیسماعیل کرا بە بەڕێوەبەری گشتی خوێندنگەکانی کوردستان و سەرئەنجام ٣٠٠- ٤٠٠ خوێندنگەمان هەبوو لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلول. خوێندنگەکان تێکەڵاوبوون، بەڵام لە هەندێک جێدا داوایان دەکرد کە کچ و کوڕەکان بەجودا بخوێنن کە خوێندنگەی کچان و کوڕانمان بۆ کردنەوە. لە هەندێک لە گوندەکان سێ جۆر قوتابخانە هەبوو و شەوانەش بە گەورە ساڵان وانە دەگوتراوە. بەگشتی لە ماوەی سێ ساڵاندا شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی لە کوردستان بەڕێوەچوو و ژمارەیەکی زۆر فێری خوێندن و نوسینی زمانی کوردی بوون. بە وردبوونەوە لە دۆخی ئەوکاتی کوردستان کە لەژێر بۆمبارانی فڕۆکە و هێرشی چەکدارانی ڕژێمدا بوو، دەتوانم بڵێم شۆڕشی ڕۆشنبیریی ئێمە لە شۆڕشی ڕۆشنبیریی "ماوتسی تۆنگ" گرنگتر بوو. مامۆستاکانی ئێمە بە تێکڕا پێشمەرگەی تفەنگ بەدەست بوون و لەگەڵ وانە گوتنەوە، پێشمەرگەش بوون و کاری کۆمەڵایەتیشیان دەکرد.)

بۆ پەیدا کردنی شێوازی زانستی لە خوێندنگەکان و بۆ ئەوەی کە مامۆستاکان بە تێکنیکی دروست وانە بڵێنەوە، مەکتەبی سیاسیی دەزگای زانیاری "پەروەردە" دامەزراند. محەمەد ئیسماعیل خەڵکی گوندی "ئاوقوبان" لە ناوچەی شەقڵاوە کە بەشی مێژووی لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە تەواو کردبوو، کرد بە بەرپرسی بەشی زانیاریی شۆڕش. لەم بارەیەوە مامۆستا محەمەد ئیسماعیل لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من

پارێزراوە دەڵێت: **(لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧دا بەمنیان گوت، دوای تەواوکردنی خوێندن وەرە بۆ ناوپردان و ئیشمان پێتە. ناوپردان ناوەندی ڕێبەرایەتی شۆڕش بوو. من چووم و لە بەشی زانیاریی کاریان پێ سپاردم. سەرەتا قبووڵم نەکرد، چونکە شارەزاییم نەبوو، دەترسام بۆم نەکرێ. لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان قسەم کرد و بەپشتیوانی مەکتەبی سیاسی کارەکەم قەبووڵکرد. شوێنی خوێندنگەکان پێشتر دەستنیشان کرابوون و لە هەندێک جێگەش خوێندنگە هەبوو. ئێمە چەند خولی یەک دوو هەفتەییمان بۆ مامۆستاکان کردەوە و ئەوەی پێویست بوو، پێمان گوتن. ساڵی یەکەم، واتە لە ساڵی خوێندنی ٦٨- ٦٩دا، ١٠٠ خوێندنگەمان هەبوو. لە هاوینی ١٩٦٩دا خولی درێژخایانی شەش مانگەمان بۆ ئەوانە کردەوە کە بە مامۆستا وەردەگیران. لە خولی دووەمدا کە ژمارەی خوێندنگەکانمان ببوو بە ٢٠١ خوێندنگە و ژمارەیەکی زۆر دەهاتن و خوازیاری مامۆستایەتی بوون، تاقیکردنەوەمان دانا. دواتر ناچاربووین بەشی خوێندنی ناوەندییش بکەینەوە. بۆ ئەو بەشە کتێب و مامۆستای پسپۆڕمان نەبوو. لە سەرەتادا دوکتۆر مەحمود عوسمان، سامی عەبدولڕەحمان، حاکم حەسەن پشدەری، شەوکەت ئیسماعیل، حاکم حوسێن عەولا ئاغا، سەعید یەعقوبی، هاشم عەقراوی و من خۆم وانەمان دەگوتەوە و دوای تێپەڕبوونی مانگێک، دوو مامۆستای پسپۆڕ بە ناوەکانی تەحسین ئەتروشی و ئیبراهیم حوسێن پەیدابوون، هەروەها عادل موراد کە ساڵی دوایی خوێندنی بوو. جگە لەوانە فاتح محەمەد بەگ مودیر خوێندنگەکەمان بوو.)**

خولی یەکەمی پەروەردە کردنی مامۆستا لە ناوپردان و خولی دووەم لە چۆمان دانرا. ماوەی خولەکان ٦ مانگ بوو. خولی یەکەم ڕۆژی ١٩٦٩/٨/٢١، بە ٤٩ کەس دەستی پێکرد و دوای بەکۆتا هاتنی، بڕوانامەی دەرچوون بە سەرکەوتوانی خولەکە درا. لە خولەکاندا جگە وانەی زمانی کوردی، وانەی زانیاریی و تەندروستی بە مامۆستا خوێندکارەکان دەگوتراوە و دوای تەواوبوونی خولی یەکەم، خوێندکارەکان وەک مامۆستا دامەزران. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە خوێندنگەکان و شێوازی وانە گوتنەوەیان پێوەندیم بە مامۆستا عەبدولواحد عەزیز دیبەگەیی سەرۆکی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلولەوە کرد. ناوبراو دەربارەی بیرۆکەی دانانی

خوێندنگە کە شۆڕشی ئەیلولدا گوتی: (**لەمێژ بوو سەرکردایەتی شۆڕش بەتایبەتی بارزانی نەمر بیری لەوە کردبۆوە کە دەبێ بایەخ بە خوێندن بدرێ لەناو شۆڕشدا؛ بەڵام زەمینەکە نەڕەخسا بوو تا ساڵی ١٩٦٨شۆڕش کە دیتی توانای ئەوەی هەیە شۆڕش بکات بە شۆڕشێکی موئەسساتی، بۆیە هەڵسا بە پیادەکردنی تیۆرییەکانی کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشابوو. یەکێ لەو کەناڵانەی کە زۆر بەجددی کاری بۆ دەکرد، پیادەکردنی پرۆسەی**

خوێندن بوو لە ناوچە ئازادکراوەکان، لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان: قیادەی شۆڕشی کورد لێی دیاربوو کوشندەترین نەخۆشی کە بەرۆکی میللەتی گرتوە نەخوێندەوارییە و دووەم: ڕژێمی بەعس کە زانی شۆڕشی ئەیلول پەرەی سەندووە و گەشەی کردوە، هەرچی پیلان هەبوو خستیە گەڕ بۆ تەنگ هەڵچنین بە شۆڕش و ڕابەرایەتیەکەی، یەکێ لەو پیلانە ترسناکانەی، داخستنی قوتابخانانە بوو کە دەکەوتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش و کێشانەوەی مامۆستاکان بوو! بەو نیازەی، ناڕەزایی جەماوەر وەچنگ بێنێ لە ناوچە ئازادکراوەکان بەرامبەر بە شۆڕش؛ بەڵام ئێمەی مامۆستایانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول پیلانەکەی ڕژێممان لە گۆڕنا، دوای ئەوەی لە چۆمان- ناوپردان خولمان بۆ کرایەوە و لەسەر وانە گوتنەوە ڕاهێنراین. دواتر دابەشکراین بەسەر دەڤەرە ئازادکراوەکان و قوتابخانەمان کردەوە. لە ناوپردان کە مەڵبەندی مەکتەبی سیاسی و دەزگا باڵاکانی تری شۆڕش بوو، بەشێک کرایەوە بەناوی بەشی زانیاری کە مامۆستا محەمەد ئیسماعیل سەرپەرشتی دەکرد و مامۆستای خولەکانیشمان بریتی بوون لە: دوکتۆر مەحمود عوسمان، محەمەد ئیسماعیل، لەتیف ڕەواندزیی، محەمەد عەلی، ڕەفیق چالاک، جەرجیس فەتحوڵڵا،

ڕەمزی قەزا و هاشم ئاکرەیی.) هەرلەم بارەیەوە حاجی خەلیل ئەحمەد دەرگەڵەیی دەرچووی ژمارە سێی خولی یەکەمی پەروەردە و مامۆستای گوندی "ڕەژوکەریان"، گوتی:

– (بیرۆکەی سەرۆک بارزانی لە پەروەردە کردندا بیرۆکەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو. بەگوێرەی ئەو بیرۆکەیە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە کادیرە خوێندەوارەکانی حیزب دامەزرا. ئەو مامۆستایانە سەرەڕای وانەگوتنەوە، لە شوێنەکەیاندا، بەرپرسی کۆمەڵایەتیش بوون و لە کاتی شەڕەکانیشدا شان بەشانی پێشمەرگە بەرگرییان لە گەل و نیشتمانەکەیان دەکرد.) مامۆستا خەلیل لە درێژەی وتەکانیدا، دەڵێت: **(گوندی ڕەژوکەریان یەکەم گوند بوو لێی دامەزرام، پێشتر لە سەردەمی بەعسدا تەنیا پۆلی یەکی سەرەتایی لێبوو. من کە چووم بۆ ئەو گوندە، پۆلی یەکەم ٢٠ خوێندکار، پۆلی دووەم ١٥ خوێندکار و پۆلی سێیەم ١٢ خوێندکار بوون. تا ڕاگەیاندنی بیانی ١١ی ئازار، خوێندنگەمان بوو بە پێنج پۆل. وانەکانیشی زمانی کوردی، بیرکاری، ئایین، زانست، کشتوکاڵ و کۆمەڵایەتی بوو، لە پۆلی چوارەم بۆ سەرێ، زمانی عەرەبییش بە وانە دەگوتراوە. ئێوارانیش وانەمان بە گەورەساڵان و پێشمەرگەکان دەگوتەوە. خوێندکارەکانی لە پۆلی دووەمەوە فێری خوێندنەوەی کوردیی و نوسین بە زمانی کوردیی دەبوون. دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار لە ساڵی ١٩٧٠ ئێمەیان بە ناوی ڕابەر "مرشد تعلیمی" دامەزراند و لە خوێندنگەکانی خۆماندا ماینەوە و شان بەشانی مامۆستاکانی حکومەت وانەمان دەگوتەوە. پێویستە ئەوەش بڵێم ئاستی زانست و خوێندنی ئێمە مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول لەوکاتدا زیاتر بوو لە ئاستی مامۆستایانی حکومەت. بە**

دوای ساڵی ١٩٧٤دا هەڵسوکەوتی حکومەت لەگەڵ مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول گۆڕا و بڕیاریاندا ئێمە دەربکەن و دەیانگوت ئێوە کادیری حیزبن و ئاستی زانستی ئێوە لەگەڵ زانستی حیزبی بەعس جودایە. ئێمە تا ساڵی ١٩٩١ کە حکومەت لە کوردستاندا نەما، لە مامۆستایی دوورخراینەوە و ساڵی ١٩٩١ سەرلەنوێ گەڕاینەوە قوتابخانەکان. پێویستە ئەم دروشمەی سەرۆک مستەفا بارزانیی لێرە دووپات بکەمەوە کە کاتی کردنەوەی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستا بۆ شۆڕشی ئەیلول، فەرمووی "بە دەستێک قەڵەم و بە دەستێک چەک بۆ مافی نەتەوەی کورد هەوڵدەدەین." لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستادا ئەم وانانە دەگوترانەوە: ئیدارەی قوتابخانە، زانستی کۆمەڵایەتی، پەروەردە و زانست، وانە وتنەوە، سەرەتاکانی زانستی سیاسی، شۆڕشی هاوچەرخی کورد، شۆڕشەکانی گەلان، دەربارەی عێراق، لاپەڕەکانی مێژووی کورد، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەندروستی و زمانی کوردی. مامۆستایانی پەیمانگاکە بریتی بوون لە: دوکتۆر مەحمود عوسمان، مامۆستا محەمەد ئیسماعیل، مامۆستا لەتیف نادر ڕەواندزی، محەمەد عەلی مستەفا، هاشم عقراوی، فازل تاڵەبانی، ڕەمزی قەزاز و جرجیس عەبدوڵا.)

مامۆستا مەحمود عوسمان لەگەڵ خوێندکارانی خوێندنگەی قەسرێ ١٩٦٩

ئەو خەباتکارانەی ئەمڕۆ بەناوی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول دەناسرێن، لە ڕەوتی شۆڕشدا، خامەیان دایە دەست منالانی کورد و سنوری زانیستیی نێوان گوند و شارەکانی کوردستانیان تێکدا، هەزاران منالی کوردیان فێری خوێندن کرد. هانیاندان بەوەندە نەوەستن و لە هەرهەلێک بۆ بەدەستخستنی زانستی زیاتر تێبکۆشن. لەو پێوەندییەدا، بەشێک لەو مامۆستا و خوێندکارانە، پلەکانی دوایی خوێندنیان بڕی و بۆ خزمەتکردنی زیاتری نەتەوەکەیان، بە دوای ئازادبوونی کوردستان و ڕوخانی ڕژێمی بەعسی عێراق، باسکی مەردانەیان هەڵکرد و هەرکام لە شوێنێک، خزمەتی خەڵک و دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستانیان کرد. بۆ نمونە ناسح غەفور ڕەمەزان دوای خوێندنی دوا ناوەندی لە کەرکوک، بەشداریی خولی یەکەمی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلولی کرد لە ناوپردان و دواتر بوو بە مامۆستا و "چاودێری پەروەردە" لە ناوچەی هەورامان. بە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠، لەلایەن پارتی دیموکراتەوە لەگەڵ ١٣ کەس ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤیەت کرا و لە کۆلیجی یاسای نێودەوڵەتی، ماستەری لەسەر کێشەی

کورد وەرگرت و دواتر لە بواری "پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە" دوکتۆرای بەدەستهێنا. دوکتۆر ناسح ساڵی ١٩٧٩ ئەوروپای بەجێهێشت و گەڕایەوە کوردستان کە خزمەتی نەتەوەکەی بکات. دوای ئازادبوونی کوردستان و ڕوخانی ڕژێمی بەعس بە ئەندامی پەرلەمان و دواتریش بە وەزیری پەروەردەی کوردستان هەڵبژێردرا. جگەلەوە بەشێک لەو مامۆستایانەی شۆڕشی ئەیلول بۆ خزمەتکردن بە کەلتور و زانستی گەلەکەیان، ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/١٠ کۆمەڵەیەکیان دامەزراند کە ناوی "کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول"ە. دامەزرێنەرانی ١٧ مامۆستا بوون و مامۆستا عەبدولواحد عەزیز دیبەگەیی سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە. کۆمەڵە لقێکی لە شاری سۆران هەیە کە نزیکەی ٥٠٠ مامۆستای شۆڕشی ئەیلول ئەندامییەتی.

دەزگای دادوەریی: یەکێکی تر لە لقەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، دانانی دەزگای دادوەریی بوو لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا کە بە دادگای شۆڕش دەناسرا. ئەندامانی دادگای شۆڕش، لە سەرەتادا موحسین دزەیی، حاکم حەسەنی سەید ئەحمەد، حاکم حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ پشدەریی بوو، دادگای شۆڕش هەموو دەسەڵاتێکی یاسایی بەدەست بوو، هیچ کەسێک بەبێ مەحکمە سزا نەدەدرا، دەبووایە بچێتە دادگا و لە دادگا بڕیاری لەسەری بدرێت. زۆر جار مەحکەمە بەشێوەی کراوە، تاوانبارانی موحاکمە دەکرد. خەڵک دادەنیشتن و گوێیان لە وتەی تاوانبار و قازی و بڕیاری دادگا دەگرت. لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: **(هەموو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕش مەحکەمەی خۆیان هەبوو. لەوێ بەپێی یاسا کاری دادوەرییان بەڕێوەدەبرد. لەو**

ناوچانەدا بە نیسبەت ناوچەکانی تر تاوان کەمتر بوو، کەمتر زوڵم لە خەڵک دەکرا. زیاتر پارێزراو بوو و عەداڵەت تێیدا بەڕێوەدەچوو. من خۆم لێپرسراوی بەشی دادوەریی بووم، بەڵام ئەوانەی مەحکەمەیان دەکرد بریتی بوون لە: حاکم حەسەن پشدەری لە ناوچەی قەڵادزێ و پشدەر حاکم بوو، حاکم حەسەنی سەید ئەحمەد و حاکم "ئاڵبێر خۆری" کە کریستیان بوو. ساڵی ١٩٦٧- ١٩٦٨ دادگای تەمیز دانرا، سەرەتا جەرجیس فەتحوڵا سەرۆکی دادگای تەمیز بوو و ماوەیەکیش هادی چاوشلی کە یەکێک بوو لە بنەماڵە بەرزەکانی هەولێر و لە سەردەمی کەریم قاسمدا بۆ ماوەیەک وەکیلی وەزیری ناوخۆی عێراق بوو. ناوبراو بە سەرۆکی دادگای تەمیز دانرا. چەند کەسێکی تریش کە خاوەن شەهادە بوون لە دادگای تەمیز دانران کە ناوەکانم لەبیر کردوە. لەگەڵ دانانی دادگای تەمیز، بەشەکانی تەندروستی، خزمەتگوزاری، تەندروستی ئاژەل "بەیتاڵی"، پەروەردە و زانیاریی دامەزران.)

حاکم حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ پشدەری ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی "سەرسیان" لە ناوچەی ڕانیە لەدایکبووە. ساڵی ١٩٦٣ بەشی یاسای لە بەغدا تەواوکردوە. ناوبراو لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، سەبارەت بەکار و چالاکییەکانی دەزگای دادوەریی و دادگای شۆڕشی کوردستان، دەڵێت: **(بە ئەمری موحسین دزەیی کە وەزیری عەدل بوو، چووم بۆ گەڵاڵە و بووم بە سەرۆکی دادگای تاوانەکانی شۆڕشی ئەیلول. هاوکارەکانم بریتی بوون لە: حاکم حەسەن سەید ئەحمەد، حاکم ئاڵبێرت خۆری و هەندێک جاریش بە فەرمانی مەلا مستەفا و بۆ ئەوەی کە دادگاکەمان بە هەردوو شێوازی یاسایی و شەرعی بەڕێوە بچێت، لە مەلا وەیسی گردک، یان مەلا قادر سکتاری، یان مەلا عوسمان یەکدەست "مەلا عوسمان کۆڵە" کەڵکمان وەردەگرت. دادگاکەمان دادگای تاوانەکان بوو، بەڵام لە کێشەی زەویوزار و مارە و تەڵاقیشمان دەکۆڵییەوە. بۆ پێڕاگەیشتن بە کێشەکان و خزمەتکردن بە خەڵکی ناوچەکان، سێ خولی پەروەردەمان بۆ لاوەکان کردەوە و فێری شێوازی پێڕاگەیشتن بە شکاتی خەڵکمان کردن. هەندێک جار مەلا مستەفا سەردانی دادگای دەکرد و دەچوو بە بێدەنگی لەسەر کورسی میوانان دادەنیشت و گوێی ڕادەگرت و تەنانەت ئیزنی بە ئێمە نەدەدا لەبەری هەستین و دەیگوت ئێوە کاری خۆتان بکەن.)**

پرسیاری شێوازی دادگایی کردنەکانی شۆڕشم لە حاکم حەسەن کرد، گوتی لەبەر بۆمبارانی تەیارە، نەماندەتوانی بە ڕۆژ ئیشی مەحکەمە بکەین و کاری ئێمە شەوانە بوو. گوتم دەکرێ باسی چەند نمونەیەک لە شێوازی دادگایی کردنەکانتان بکەیت؟ گوتی: **(کابرایەک شکاتی لە مامۆستای کوڕە شەش ساڵانەکەی کرد و گوتی مامۆستاکەی دەستدرێژی لە منداڵەکەم کردوە. منداڵەکە کوڕێکی شەش ساڵانە بوو. ئێمە مامۆستاکەمان هێنا و دادگاییمان کرد. دوای کۆتایی، ڕای قازییەکانم سەبارەت بە کێشەکە پرسی، حاکم حەسەنی سەید ئەحمەدی گوتی ڕەئی من ئەوەیە کە ئەو مامۆستایە تەبری "تەبرەئە" بکەین. حەسەنی سەید ئەحمەدی پیاوێکی قسەخۆش بوو، گوتی وەڵامی ئەگەر ئەو مامۆستایە سواری ئاڵبێرت خۆری بێ، ئەو تەحەمولی ناکات. ئاڵبێرت جەستەیەکی زەلامی هەبوو و مامۆستاکە لەویش زەلامتر بوو، گوتی ئەو منداڵە تاقەتی ئەم مامۆستایە ناهێنێ و تەحەمولی ناکات، سواری بێت. پرسیارم لە ئاڵبێر کرد، گوتی منیش دەمەوێ مامۆستاکە تەبری بکرێت، بەڵام بەو شێوازەی حەسەن نا. بەهەرحاڵ وتەی باوکی کوڕەکە ڕاست دەرنەچوو. دوکتۆریش کە چاوی لێکرد، گوتی کوڕە سالمە.)**

لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە ئایا بە دوای ڕەئی ئێوەدا گرفت بۆ ئەو مامۆستایە پێک نەهات؟ گوتی: **(نا! چونکە مەلا مستەفا ئیمانێکی قایمی بە عەداڵەت هەبوو، ئەو کارانە ئاسایی بوون. پێمخۆشە نمونەیەکت بۆ بگێڕمەوە. جارێک ئیسماعیل ناوێک هەبوو کە بەرپرسێکی نزیک بە مەلا مستەفا بوو، ئیسماعیل لە گەڵاڵە دێتە خوار و ئوتۆمبیلەکەی لە جادە لادەدات. لە ئاکامدا دوو کەس کوژران و ٣-٤ کەسیش بریندار بوون. ئێمە ئیسماعیلمان زیندانی کرد، دوای ماوەیەک جەنابی مەلا مستەفا کاغەزێکی بۆمن نوسیبوو کە ئایا ڕێگایەک هەیە ئیسماعیل بەڕەڵا بکەین؟ وەڵامم دایەوە و گوتم**

یەک ڕێگا هەیە، ئەگەر تەعویزی ئەو مردووانە و بریندارەکان بدەن و بنەماڵەکان ڕازی بکەن، ئێمە دەتوانین بەڕەڵای بکەین. پرسی پارەکەی چەندە؟ ئێمە بە هاودەنگی کردن لەگەڵ بنەماڵەکان ڕادەکەمان پێڕاگەیاند و ئەویش پارەکەی نارد و ئێمەش ئیسماعیلمان بەڕەڵا کرد.)

پرسیارم لێکرد، ئایا شتێکی تر لە عەداڵەتی بارزانی دەزانی؟ گوتی: **(زۆر دەزانم، نمونەیەک: لە پشت ناوپردان چاوم بە مەلا مستەفا کەوت، ئێسترێکی پێبوو، گوتی وەرە سواربە، گوتم من گەنجم و دەتوانم بەپێ بڕۆم. داوام لێکرد خۆی سوار بێت، بەڵام سوار نەبوو، هەردوومان بەپێ چووین بۆ ئاشێک لە نزیک ناوپردان. ناوی دێیەکەم لەبیر نییە. جەنابی مەلا مستەفا فەرمووی ئەم ئاشە هی کێیە؟ کابرای ئاشەوان گوتی قوربان هی منە و سەلیم ئاغا بەناوی ڕەهن لێی داگیر کردوم و ئامادە نییە ئاشەکەم بداتەوە. مەلا مستەفا پرسی پارەکەی چەند؟ کابرای ئاشەوان ڕادەی پارەکەی پێگوت. مەلا مستەفا هەندێکی پارە پێبوو کە تەواوی نەدەکرد، لەمنی پرسی پارەت پێیە، منیش هەندێکم پێبوو، دامێ. مەلا مستەفا پارەکەیدا بە کابرای ئاشەوان و پێی گوت: بچۆ بیدە بە سەلیم ئاغا و ئاشەکەتی لێ بستێنەوە. ئێمە لە ئاشەکە هاتینەدەر. مەلا مستەفا بەمنی گوت: سەلیم ئاغا بانگ بکە و پارەکەی لێ بستێنەوە. من ناردم سەلیم ئاغایان هێنا و گوتم پارەی ئەو کابرایە بدەوە، ئەگەرنا محاکمەت دەکەم. سەلیم ئاغا پارەکەی دامەوە. چوومە لای کابرای ئاشەوان و گوتم من حاکمی شۆڕشم، بەڵام زانیت ئەوەی پارەکەیدا بەتۆ، کێ بوو؟ گوتی نا. گوتم مەلا مستەفا بوو. کابرا هەردوو دەستی بەرز کردەوە و لە خوا پاڕایەوە کە هەمیشە مەلا مستەفا پایەدار بکات.)**

سەبارەت بە ئارامیی و بە عەداڵەت بەڕێوە چوونی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش پرسیام لە خالیدی مەلا خالید کرد، گوتی: **(بارزانی سەرکردەیەکی توند و بە دسیپلین بوو، ئەگەر لەم کوردستانەدا بارە زێڕت پێبایە، پیاو نەبوو بێت دزیت لێ بکا، چوونکە ئەگەر ئاشکرا بووایە، مەلا مستەفا چاوپۆشی لە تاوانبار نەدەکرد. کوردستان ئەمین بوو، بەڵام پێشتر خەڵک تاڵان دەکرا. من نموونەیەکت بۆ دەگێڕمەوە کە بەسەر خۆم هاتووە: لە "پیرەر" پێشمەرگە بووم، گەنج بووم ئەوکاتە**

تەلەفزیۆن نەبوو و ڕادیۆش کەم بوو، بڕیارەکانی شۆڕش لە ڕادیۆ دەرنەدەچوون و بە بێتەل "لاسلکی" ڕادەگەیەنرا. گوتیان بە ئەمری بارزانی ڕاوە کەو و کەو کوشتن حەرامە. ڕۆژێک دەستم دایە تفەنگەکەم و چووم بۆ "گەلی مەلاری"ی کە باریکە ئاوێکی پێدادەهاتە خوارەوە و ئێواران کەو دەهاتن و ئاویان لێ دەخواردەوە، چووم کەوێک و دوو سوێسکەم دی، ویستم سێرەیان لێبگرم، جوتیارێک لە بەرزایەکە دەهاتە خوارەوە کە منی بینی، هاواری کرد: کاک بارزان تۆ نازانی بە ئەمری مەلا مستەفا کەو کوشتن حەرامە! من بەبیستنی ئەو قسەیە دەستم شل بۆەوە. سەرنج بدە گەورەیی مەلا مستەفا کە چۆن کاریگەریی هەبوو لەسەر فیکر و هەڵسوکەوەتی خەڵکەکەی. خەڵکی کوردستان خۆی پارێزەری ئەو بڕیارانە بوو کە لە سەرکردایەتی شۆڕش دەردەچوون.)

بەشی تەندروستی: هەروەک چۆن هێزەکانی پێشمەرگە بەرلە دانانی خوێندنگە بەشێوەی ڕەسمی، هەندێک خوێندنگەی تایبەتیان لە ناوچە ئازاد کراوەکاندا هەبوو. بەرلە دامەزراندنی بەشی تەندروستییش چەند بنکەی برینپێچ و تەندروستیی لە کوردستان دانران. دوکتۆر مەحمود عوسمان لە شەڕی بارزان لە ١٩٦٣دا لە ئەشکەوتدا بنکەیەکی بۆ تیمار کردنی برینداره‌کانی شەڕ دانا و مەکتەبی سیاسییش لە ساڵی ١٩٦٥دا کە بارەگاکەی لە هەڵشۆوە گواستەوە بۆ ناوچەی ناودەشت، نەخۆشخانەیەکی مەیدانیی بۆ خزمەتکردن بەخەڵک و پێشمەرگەکان لە گوندی "بۆڵێ" دانا کە دوکتۆر حیکمەت حەکیم بەڕێوەی دەبرد.

ئەم جارەیان کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەشی تەندروستی دانا. دوو ژووری لە ناوپردان بۆ ئەو مەبەستە، لەژێر ناوی "خەستەخانەی شۆڕش" تەرخان کرد. دوکتۆر مەحمود عوسمان دەوری سەرەکی هەبوو لە بەشی تەندروستیدا و ڕۆژانە پاش بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی لە مەکتەبی سیاسییدا، دەچوو لەو نەخۆشخانەیە خزمەتی نەخۆش و برینداره‌کانی شەڕی دەکرد.

بەهۆی کەمیی دوکتۆر لە شۆڕشی ئەیلولدا، سێ خولی پێگەیاندنی برینپێچ بۆ کادیر و پێشمەرگە خوێندەوارەکان کرایەوە کە لە گوندەکان، بارەگای هێز و بەتالیۆنەکان و پشت مەیدانەکانی شەڕدا کاری سەرەتایی دەرمانکردنی برینداره‌کان

و خەڵکیان بەڕێوەدەبرد و بریندار و نەخۆشیان ڕەوانەی نەخۆشخانەی شۆڕش دەکرد. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: (**لە سەرەتای شۆڕشدا تەنیا من و دوکتۆر ئەحمەد کەمال شاڵی بووین. دواتر چەند دوکتۆر خەڵکی کوردستان تورکیا و سوریا هاتن وەک: دوکتۆر هۆشیار، دوکتۆر شوان و دوکتۆر حوزنی حاجۆ. بە دوای ئەوانیشدا، دوکتۆر حیکمەت و دوکتۆر تاهیر بابان و فازل مەلا مستەفا کە لە ساڵی کۆتایی خوێندندا بوو. ساڵی ١٩٧٠ کە بەیاننامەی ١١ی ئادار واژۆ کرا و ئێمە گەڕاینەوە بۆ شارەکان، دوکتۆرەکان لە شار بوون و ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی دەستی پێکردەوە، شۆڕش ١١٠ دوکتۆری هەبوو.**)

هەروەها بارزانی مەلا خالیدی دەڵێت: (**جگەلە دوکتۆر مەحمود عوسمان، دوکتۆر فازل مەلا مستەفاش هەبوو کە دوای ساڵی ١٩٧٠ گەڕایەوە ناو حکومەت و ئیتر بزر بوو. ئێمە دوکتۆرمان زۆر کەم بوو ڕەنگە لە پەنجەی دەست کەمتر بوون و ئەوانی تر برینپێچ بوون. خزمەتی برینپێچەکان لە دوکتۆرەکان بەرزتر بوو. ڕۆڵی ئەوان لە بەرەکانی شەڕدا زۆر دیار بوو. بارزانی بڕیاریدا بۆ زیادکردنی برینپێچەکان خول دابنرێت کە وەک بزانم سێ دەورەیان بۆ کردنەوە و ژمارەیەکی زۆریان پەروەردە کرد. ئیتر لە زۆربەی گوندەکان خەستەخانەی شۆڕش هەبوو، لە هەموو بارەگایەک بنکەی تەندروستی هەبوو و دوکتۆر و برینپێچەکان خزمەتی خەڵکیان دەکرد.**)

دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، بۆ پەروەردە کردنی پتری برینپێچەکانی ناو شۆڕشی ئەیلول، خولێکیان بۆ ئەو برینپێچانە کردەوە، دکتۆرەکانی بەغدا بۆیان دەرکەوت ڕادەی زانیاریی پزیشکی ئەو برینپێچانەی شۆڕش زۆر بەرزە و دەتوانن وەک یارمەتیدەری پزیشکی کار بکەن.

لەم بارەیەوە دوکتۆر تاهیر بابان دەڵێت: جگەلە دوکتۆر مەحمود عوسمان، دوکتۆر حیکمەت حەکیم، دوکتۆر ئەحمەد کەمال شاڵی و دوکتۆر فازل مەلا مستەفا بەشداریی شۆڕشی ئەیلولیان کرد. من لە ناوچەی بارزان و لە خزمەت شێخ ئەحمەددا بووم. دوکتۆر ئەحمەد کەمال شاڵی لە سەرەتادا لەگەڵ تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد بوو و دواتر گەڕایەوە بۆ سلێمانی و وازی لە شۆڕش هێنا.

بەشی تەندروستی ئاژەڵ: یەکێکی تر لە دامەزراوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول، دانانی بنکەی تەندروستی ئاژەڵ "بەیتاڵی" بوو. هەروەکوو دەزانین کوردستان وڵاتێکی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵییە. هەرچەندە لە بواری کشتوکاڵییدا وڵاتێکی بە پیت و بەرەکەتە، بەڵام لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا زەویی چاندن نییە، یان زۆر کەمە و خەڵکی ئەو ناوچانە پتر ڕوو لە بەخێوکردنی ئاژەڵ دەکەن. بەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٧٢دا کە شەوکەت یەعقوب بازید بامەڕنی دوکتۆری تەندروستیی ئاژەڵ "بەیتاڵی"، لەگەڵ چەند دوکتۆری تر هاتنە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول، لە چۆمان بنکەیەکی تەندروستی ئاژەڵیان کردەوە. لەم بارەیەوە دوکتۆر شەوکەت لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: **(ساڵی ١٩٦٢ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووم و ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٥ گیرام و لە زیندانی موسڵ زیندانی بووم. ساڵی ١٩٧٢ لە زانکۆی ئەبوغەریب بەشی پزیشکی ئاژەڵانم تەواوکردو ئەمجارە بەسەرباز گیرام. بۆ ماوەی سێ ڕۆژان سەرباز بووم و ڕامکرد. ڕۆژی ١٩٧٢/٧/٧ چوومە ڕیزی شۆڕشی ئەیلولەوە. لە چۆمان بە خزمەت سەرۆک بارزانی گەیشتم، گوتم دوکتۆر بەیتەرم، زۆری پێخۆشبوو، گوتی: دایرەیەکی بەیتاڵی لە چۆمان بکەوە و دوکتۆرەکانی تریش لەلای خۆت کۆبکەوە و پێداویستییەکانتان وەک دەرمان و شتی تر بۆ دابین دەکەم. ئەوە بوو لەسەر ئەمری سەرۆک مستەفا بارزانی لەگەڵ دۆکتۆر خەسرەو شاڵی، دوکتۆر جەلال محەمەد کەریم، دوکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد، دوکتۆر ئیبراهیم مستەفا بەرزەنجی، دوکتۆر مەلوان نامق، دوکتۆر موحسین محەمەدئەمین، دوکتۆر عەبدولڕەحمان محەمەد حەسەن، دوکتۆر عەباس عەبدعەلی، دوکتۆر جەلال عەبدولڕەحمان، دوکتۆر لەتیف بەرزەنجی، دوکتۆر ئیسماعیل محەمەد ئەمین، دوکتۆر ئەنیس شاکر و دوکتۆر وەهاب، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵی لە چۆمان، بنکەیەکی تەندروستیمان بۆ ئاژەڵان کردەوە. دواتر بە دانانی خولی پەروەردەیی ٢٦ پسپۆڕمان لە بواری خزمەتکردن بە تەندروستیی ئاژەڵ پەروەردە کرد و لە ناوچەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، لە سماقۆڵی، سەنگاو، قەڵادزێ، مانگیش، باتیس، هەولێر و ڕایات، بنکەی بەیتاڵیمان دانا و خزمەتی دانیشتوانی ناوچەکەمان کرد.)**

ڕیزی پێشەوە: خەسرەو گوڵ محەمەد، شەوکەت یەعقوب بازید بامەڕنی و جەلال عەبدولڕەحمان.
ڕیزی پشتەوە، ئیبراهیم مستەفا بەرزەنجی، مەلوان نامق، موحسین محەمەدئەمین، عەبدولڕەحمان محەمەد حەسەن و عەباس عەبدعەلی.
وێنە: چۆمان ١٩٧٤، لە دوکتۆر شەوکەت یەعقوب بازید بامەڕنی.

هەروەها پێویستە بڵێم شارەوانییەکان جگەلە خاوێنکردنەوە وڵات، گیروگرفتی خەڵکیان جێبەجێدەکرد کە کێشەکانیان نەگاتە دادگا و جادەیان دەکێشا و خاوێن دەکردەوە.

دوو تاوانی ڕژێمی بەعس لە کوردستان دا

لە بەشی "**قەرەداغ و داستانی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد**"**دا** گوتم ڕژێمی نوێی عێراق پترلە ڕژێمەکانی پێشووی، پشتی بەلایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد بەست و ئەوانیش پێوەندییەکانیان بەو ڕژێمەوە قایمتر کرد و پلانیان دانا کە زەبری زیاتر لە شۆڕش بدەن و خزمەتی زیاتر بە ڕژێمی بەعس بگەیەنن. دوای شەڕی قەرەداغ، ڕۆڵی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد لە شەڕەکاندا پتر زەق بۆوە.

شەڕ لە گوندی شاخۆڵانە: ڕۆژی ١٩٦٩/٢/٢١، چەند پێشمەرگەیەک ڕوو لە گوندی "شاخۆڵانە" لە ١٥ کیلۆمەتری هەولێر دەکەن، ڕژێمی بەعس هەست بەبوونی ئەوان لەو گوندە دەکات. محەمەد ئەمین فەرەج لە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ هێزێک لە فیرقەی یەکی سوپای عێراق بە فەرماندەیی عەمید تەها شەکەرچی، دەوری گوندەکە دەگرن و داوا لە پێشمەرگەکان دەکەن خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵام پێشمەرگەکان وەڵامیان نادەنەوە و بەرگریی لەخۆیان دەکەن. لە ئاکامدا تەقە دەست پێدەکات و پێشمەرگەکان بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە بەرامبەر جاش و هێزەکانی عێراقدا دەوەستن. دوو پێشمەرگە بەناوەکانی سەید فەتحی و خەلیل لە ماڵێکدا دەبن کە تانک دەگاتە سەریان و ماڵەکە وەربەر گوللە دەدەن و دیوار و دار و پەردووی ماڵەکە بەسەر پێشمەرگەکاندا دەڕوخێنن. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٨ ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت: (**ڕازی ئەم قارەمانەتییە بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆوە، بوو بەوێردی زمانی هەموو کەس و خەڵک گورانییان پێدا هەڵدەدان و شاعیران چەندین جامە و چەکامەیان لە بارەوە هۆنییەوە.**)

شەڕ لە بەرزاییەکانی شنرۆ: لە هەلێکی تردا، فیرقەی ٥ ی سوپای عێراق بە هاوکاریی هێزێک لە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی ڕۆژی ١٩٦٩/٥/٢٠ ویستی بەرزاییەکانی "شنرۆ" لە ناوچەی هەڵەبجە داگیر بکات. دوای چەند ڕۆژ بەربەرەکانی پێشمەرگەکان، دوژمن توانی عەزیز ئەتروشی فەرماندەی پێشمەرگەکانی ئەو ناچەیەو چەند پێشمەرگەی تر شەهید بکات و ڕۆژی ڕۆژی

١٩٦٩/٥/٢٥ بەرزاییەکانی شنرۆ داگیر بکات، بەڵام پێشمەرگەکان لە دژە هێرشێکدا کە بە هاوکاریی خەڵکی ناوچەکە کردیان، هەموو ناوچەکەیان لە دوژمن پاککردەوە.

شەڕ لە دۆڵی ئالانە: لە جێیەکی تر، ڕۆژی ١٩٦٩/٧/١٣ لیوای ٢١ی سوپای عێراق ویستی دۆڵی ئالانە لە ڕۆژهەڵاتی خەلیفان داگیر بکات کە پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی بێتواتە لێیان ڕاسان و سەریان لە دوژمن شێواند و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شکاندیان. لەو شەڕەدا دوژمن ٥٠ کەلاکی لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێهێشت. ڕۆژی دوایی خەڵکی ناوچە، کەلاکەکانیان گەیاندەوە خەلیفان. لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر چەک و فیشەک و کەلوپەلی سەربازیی کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

شەڕ لە بەنداوی دووکان: سەرکردایەتی شۆڕش دوای لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی بابەگورگور، بیری لە لێدانی لیوایەک کردەوە کە پارێزگاریی لە بەنداوی دووکان دەکرد. بۆ ئەو مەبەستە، ئەم جارەش پێشمەرگە ڕاهێنران، چەکی پێویست دیاریی کرا، پلانی ورد دارێژرا و فەرماندەیی بەڕێوەبردنی کردە سەربازییەکە بە عەزیز ئاکرەیی و ڕەشید سندی سپێردرا. ئێوارەی ڕۆژی ١٩٦٩/٩/١٩ بۆ بەڕێوەبردنی شەڕەکە دەستنیشان کرا و دوای تۆپبارانێکی خەست، پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی لیواکە و دەستیان بەسەردا گرت. لەو شەڕەدا تەرمی دەیان کوژراوی دوژمن لە دەوروبەری مۆڵگەکەدا کەوتبوو و ئەوانەش کە مابوون، زۆربەیان بەدیل گیران. پێشمەرگەکان دوای ئەو سەرکەوتنە، لە بارەگای فەرماندەی لیواکەدا کۆبوونەوە، کەچی لەپڕ کەوتنە بەر هێرشی چەند تانکی دوژمن و ناچاربوون چەند شەهید و بریندارێک لەوێ بەجێهێڵن و لە شوێنەکە دوور بکەونەوە و شادییەکەیان لێ تاڵ بێت و لە مەرگی هەڤاڵە پێشمەرگەکانیاندا ماتەم دایانگرێ. هۆی ئەم شکانەی پێشمەرگەکان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە کاتی دەستپێکردنی شەڕ، جادەی سلێمانی- دووکان و خەلەکانیان بە کراوەیی بەجێهێشتبوو. لەم بارەیەوە ڕەشید حاجی بەدری سندی، لە وتوێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٦ لە زاخۆ پێی گوتم:

- (لە شەڕی دووکاندا مقەدەم عەزیز ئاکرەی بەرپرسی تۆپخانە بوو و من بەرپرسی هێرش. ئاکرەیی چوار خۆمپارەی ١٢٠ ملیمی لە زنجیرە چیای قەرەسەر لە

پشت لەمپەری دووکان دامەزراند. بەرلە هێرش من و دوو لە فەرماندەکانی هاوڕێم چووین بۆ شناسایی سەربازگەکە. بۆ ئەوەی توشی مین نەبین، لەسەر سک ڕۆیشتین و لە سەربازگەکە نزیکبووینەوە. بۆ ئەو شەڕە،٢٠٠ پێشمەرگەمان لەگەڵ بوو کە بۆ ماوەی سێ مانگ ڕاهێنانمان پێکردبوون. عەبدولڕەحیم جەسیم و ڕەئیس عورەفا حەسەن بەرواری هەرکامەیان بەرپرسی قواتێک بوون و منیش قواتێک و چووینە پێشەوە. کاتژمێر ١٩:٠٠– ١٩:٣٠ی ئێوارەی ١٩٦٩/٩/١٩ کە تارمایی باڵی بەسەر زەویدا کێشابوو، بە ئارامی چووینە پێشەوە تا گەیشتینە ژێر دیواری سەربازگەکە کە سەربازگەیەکی کۆنی چل ساڵە بوو. بەرلە دیوارەکە تێلدڕکی گلۆڵەییان دانابوو. لولەی پڕلە TNTمان بەرەو تێلدڕکەکە درێژ کردو لە یەک کاتدا تێلدڕکەکەمان تەقاندەوە بە هەشت ئارپیجی لە دیوارەکەماندا و ڕووخاندمان و بە سێ قۆڵی ٦٠ و ٧٠ کەسی هجوممان کرد و سەربازگەکەمان گرت. زۆری نەخایاند کە تانک ڕژانە سەرمان و ناچار بووین پاشەکشە بکەین. تانکەکان لەژێرەوە لە جادەی سلێمانییەوە هاتن کە بەدەست سوپاوە بوو. لە ئاکامدا دوازدە پێشمەرگەمان لێ شەهید و نزیکەی ٦٠– ٧٠ پێشمەرگەشمان بریندار ببوون. شەهیدەکان سەرلق و سەرپەل بوون. لەناو بریندارەکاندا نەمانتوانی عەریف هۆرموز لەگەڵ خۆمان بەرین. برینەکەی قورس و بۆخۆشی بە هەیکەل و قورس بوو. داوایکرد بەجێیهێڵین و خۆمان ڕزگار بکەین. لەسەر داوای خۆی بەجێمانهێشت. حکومەت بردیو دوکتۆر عەنیف مەنسور جەرجۆ کە دوکتۆری سەربازیی و کریستیان بوو، چاکی کردەوە و ڕژێم زیندانی کرد. ئێمە پارەمان بۆ دەنارد و دوای چەنک مانگ کە وتوویژ لە نێوان شۆڕش و حکومەت دەستی پێکرد، عەریف هۆرموزیان ئازاد کرد.)

فیرقەی چوارەمی سوپای عێراق بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن عەبدولجەبار ئەسەدی، بە هاوکاریی ژمارەیەکی زۆر جاش بەسەرۆکایەتی محیێ هەرکی هێرشیان کردە سەر ناوچەی "شەمکان" لە شێخان و پێشمەرگەکان لێیاندان و زیانی زۆریان پێگەیاندن و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن. یەکەیەکی ئەو فیرقە بەزیوە کە لە بەرامبەر پێشمەرگەکاندا خۆی بۆ ڕانەگیرابوو، چووە سەر گوندی "دکان" لە ناوچەی شێخان. پیاوەکانی ئەو گوندە لەگەڵ پێشمەرگەکان کەوتبوون و ژن و منداڵەکانیش

لەترسی بۆمباران و تۆپبارانی دوژمن، گوندەکەیان چۆلکردبوو، و لە ئەشکەوتێکی نزیک گوندەکەیاندا کۆببوونەوە. ئەو یەکە بەزیوەی سوپا بەهۆی جاشەکانەوە زانیان کە بەشێک لە خەڵکی گوندەکە لەو ئەشکەوتە دان. لەبەر ئەوە، بۆ تۆڵەسەندنەوە ڕۆژی ١٩٦٩/٨/٢٨ کۆمەڵێک پەلە دار و پووشیان لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکە کۆکردەوە و ئاگریان دا. لە ئاکامدا هەموو ئەوانەی نێو ئەشکەوتەکە بۆ ڕزگارکردنی خۆیان هاتنەدەر، بەڵام جاش و سەربازە فاشییەکان مەودایان پێنادەن و ٦٧ ژن و منداڵیان لێ کوشتن. سەرکردایەتی شۆڕش، شکاتی ئەو کردەوە فاشیستییەی گەیاندە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام هیچ دەوڵەت و تەنانەت ڕێکخراوێکی مەدەنی و دیموکرات دژی تاوانەکە نەوەستان.

تاوانی دووەم لە گوندی "سۆریا" بەڕێوە چوو کە گوندێکی کریستیان نشینە. ڕۆژی ١٩٦٩/٩/١٥، لە نزیک گوندی سۆریا مینێک لەژێر ئوتۆمبیلی ئەفسەرێک بەناوی عەبدولوەهاب و چەند سەربازدا تەقییەوەو لە ئاکامدا فەرماندە و سەربازە هاوڕێکانی کوژران. بەیانی ڕۆژی ١٩٦٩/٩/١٦، فەوجێکی سوپای فاشیستی خۆی گەیاندە گوندی سۆریا. کوێخای گوند و قەشەی گوندەکە چوون بەرەوپیریانەوە، کەچی فاشییەکان هەردوویان وەبەر دەستڕێژ دان و شەهیدیان کردن. دوای ئەو تاوانە، سەربازەکان بە فەرماندەیی مولازم عەبدولکەریم جحێشی چوونە نێو گوندەکە و بەشێوەی نازییەکان ٣٩ کەسیان لە خەڵکی ئەو گوندە کوشت. لەو ژمارەیە ٢٠ کەسیان ژن و منداڵ بوون و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بریندار کردن.

لە درێژەی تاوانەکانیاندا، سوپای عێراق هەوڵیدا بە هاوکاریی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد کە ناوی موالی، واتە دۆستی لێنابوون، ناوچەکانی گەرمیان، قەرەداغ، شوان، شێخ بزەینی، ئاغچەلەر داگیر بکات. فیرقەی دووەم و پێنجەمی سوپای عێراق بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن ئیسماعیل تایە نەعیمی فەرماندەی فیرقەی دووەم بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرا کە بە هاوکاریی موالییەکانیان کە ئەوکاتە بەگوێرەی لیستی موچەی مانگانەیان، پترلە نۆ هەزار کەس بوون، بە فەرماندەیی جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەریی و عومەر مستەفا دەبابە، ئەو ناوچانە داگیر بکەن.

لەو چوارچێوەیەدا، دوو هێرشی بەربڵاویان کردە سەر دەشتی هەولێر و پشدەر. هێرشە ئەسڵییەکە بۆسەر ناوچەی پشدەر بوو. ئەو هێرش و شەڕانە لە ماوەی سێ مانگی هاوینی ١٩٦٩دا بەردەوام بوون. دوژمن لە دەشتی هەولێر دەستکەوتی بەرچاوی نەبوو، بەڵام لە ناوچەی پشدەر، هێزەکانی پێشمەرگەی ناچار کرد بەرەو چیای سووڕداش و دەوروبەری پاشەکشە بکەن. هێزەکانی ڕژێم گەیشتنە زنجیرە چیاکانی پیرەمەگرون و کێوەڕەش و دۆڵی شەهیدانیان داگیر کرد. ئەم سەرکەوتنە دوو قۆڵییە، تەماحی خستە دڵی موالییەکان کە لە هێرشەکانیاندا بەردەوام بن. ڕژێم، موالییەکانی ئامادە کردبوو کە پاش دۆڵی شەهیدان، ناودەشت و دواتریش بارەگای بارزانی لە دیلمان بگرن. لەبەر ئەوە عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی خەبات، قادر تەگەرانی بە نوێنەرایەتی خۆی نارده لای بارزانی و پێشنیازی پێکرد لەگەڵ تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد ڕێککەوێ و نەهێڵێ کوردستان بخەنە دەست خۆیان. بارزانی وەڵامی دایەوە:

- (ئەگەر ناتوانی خۆت ڕابگری و داکۆکی لە بەرە بکەی، ئاگادارم بکەوە تا یەکێکی تر بنێرم جێگەت بگرێتەوە.)

دوای ئەو پێوەندییە، پێشمەرگەکانی لەشکری کوردستان، لە دژە هێرشێکدا بۆسەر دوژمن لە دەوروبەری چیای پیرەمەگرون، سووڕداش، بەرزاییەکانی سەر بەنداوی دووکان، چیای ئاسۆس و کێوەڕەش، پاشەکشەیان بە دوژمن کرد، بەڵام دوژمن سەرلەنوێ لە ناوەڕاستی تۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"ی ١٩٦٩دا، لە چوار لاوە هێرشی کردەوە و توانی ناوچەی مەرگە و زارکی دۆڵی شەهیدان بگرێتەوە. بەو سەرکەوتنە، سەرلەنوێ دوژمن فیکری داگیردانی دیلمان و بارەگای بارزانیی لە مێشکدا زیندوو بۆوە. بۆ ئەو مەبەستە لە ناوچەی پشدەرەوە گەیشتە بەرزاییەکانی پشت گوندی گرتک و ماخۆبزنان. حاجی ئەحمەد بارزانی بەرپرسی چەکە قورسە داکۆکی کەرەکان لە هێزی کاوە کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی بارزانی لە تاراوگەدا، لە دۆڵی شەهیدان شەهید کرا و بە شەهیدبوونی ئەو فەرمانده قارەمانە، ورەی پێشمەرگەکانی هێزی کاوە دابەزی.

لەبەر ئەوە، بارزانی بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمن، هێزە تایبەتیەکانی خۆی بە فەرماندەیی عومەر ئاغا دۆڵەمەری ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ لە دۆڵی شەهیدان کرد. ئەم هێزانە شەوی ٣٠- ١٩٦٩/١٠/٣١ هێرشیان کردە سەر یەکەکانی سوپا و جاش لە بەرزاییەکانی گرتک و ماخۆبزنان و و هێزێکیشیان لە بناری چیاکە دانا کە دوژمن نەتوانێ یارمەتی بەو یەکانە بگەیەنێ و پێش بە ڕاکردنیشیان بگرێت. لە ئاکامی ئەو هێرشەدا نزیکەی ١٥٠ چەکدار لە هێزەکانی سوپا و جاش کوژران و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بریندار بوو. چونکە دوژمن بە زەویدا نەیتوانی کوژراو و بریندارەکانی بگوێزێتەوە بۆ سەنگەسەر، ناچاربوو بە یازدە هێلیکۆپتەر ئەم کارە بکات. لەو شەڕەدا ٦٠ کلاشینکۆف، ٣٠ بڕنەو، دوو خۆمپارەهاوێژی ١٢٠ و ٦٠ میلم و دەزگایەکی بێتەل کەوتە دەست پێشمەرگەکان. هەروەها دوو پێشمەرگەش بریندار بوون.

ناوچەی مەرگە و پیرەمەگروون لە دوژمن پاک دەکرێنەوە

دوو فەوج سەرباز و چەند هێندەی ئەو دو فەوجەش جاش لە ناوچەی مەرگە جێگرکرابوون. دوای شکانی دوژمن لە گرتک و ماخۆبزنان، سەرکردایەتی شۆڕش پلانی پاککردنەوەی ناوچەی مەرگەی لە دوژمن داڕشت. بۆ مەبەستە، چەند یەکەیەکی لە هێزەکانی ڕزگاریی، کاوە و هەڵگورد بە فەرماندەیی عیزەدین قەرەمحەمەد، یوسف محەمەد یوسف "مام وسو دزەیی"، عەریف دەروێش و فەقی حەمەد ئەمین دیاریی کرد کە لەژێر بەرپرسایەتی فاخێر مێرگەسۆریی، حەسۆ میرخان و عەبدوڵا سدیق دا، ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنن.

ڕۆژی ١٩٦٩/١١/٦، پێشمەرگەکان پەلاماری خاڵە دیارکراوەکانیاندا و لە ماوەی کەمتر لە دوو کاتژمێردا دوژمنیان شکاند. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٦ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (لە ماوەی سێ ڕۆژ شەڕدا، تەواوی ناوچەکە ئازاد کرا و دوژمن زیانێکی قورسی لێکەوت، لەوانە: زیاتر لە ٢٣٠ کوژراو و نوقمکردنی دوو نەفەربەری وشکاوی لەنێوان سەرسییان و سەنگەسەردا. بەپێی ئەو زانیارییانەی گەیشتە دەستمان ڕێژەی زیانی مرۆیی "بە کوژراو و بریندار و ونبووەوە" و زیانی مایەکی لە چەک و فیشەک و کەلوپەلی جەنگی و خواردەمەنی. لەبەر ڕووناکی ڕاپۆرتەکانی پاراستن و بروسکە قۆزراوەکاندا بە ڕاژەی ٨٠% خەمڵ کراوە. لەناو کوژراوەکاندا ناوی عەلی عەباس ئاغا هەبوو کە کوشتنی کۆستێکی گەورە بوو لە جاشەکان کەوت. هەندێ لە دانیشتوانی ناوچەکە کە ئاغاکانی میراودەلییش لەوان بوون، لەبەر ڕووناکی سەرکەوتنەکانی پێشووی هێزەکانی حکوومەتدا، نیازیان وابوو بچنە پاڵ حکوومەت، بەڵام ئەو شکستەی تووشی هێزەکانی بوو، ناچاری پەشیمان بوونەوەی کردن و تاخمێکی زۆر کەمیان نەبێ و...)

دوای پاککردنەوەی ناوچەی مەرگە لە دوژمن نۆرەی ئازادکردنی پیرەمەگرون هات. ئەو ئەرکە بە هێزی قەرەداغ و بەشێک لە هێزی هەڵگورد و بەتالیۆنی شوان، بە فەرماندەیی حەمید بەرواری، حەمەسوور حوسێن، عەبدولڕەحیم جەسیم بارزانی، حاجی شێخ قادر و سەید عاسی سپێردرا کە بەفەرماندەیی ڕەشید سندی و سەرپەرشتیی محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدلڕەحمان"، مەئموریەتی ئازادکردنی پیرەمەگرون بەڕێوەبەرن.

ڕۆژی ١٩٦٩/١١/١٨، پێشمەرگەکان بە بەرنامەیەکی تۆکمە، هێرشیان کردە سەر زنجیرە چیای پیرەمەگرون و بەرزاییەکانی هەلاج و لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، سوپا و جاشەکانی ٦٦یان لەو ناوچەیە پاککردەوە. دوژمن بەچەشنێک ڕای کرد کە نەیتوانی کەلاکی پتر لە ١١٠ کوژراوی خۆی لە مەیدانەکانی شەڕ بگوازێتەوە. بەم سەرکەوتنەی پێشمەرگەکان، ژمارەیەکی زۆر جاشی بەزۆر چەکدارکراو، ڕیزی دوژمنیان بەجێهێشت و گەڕانەوە. لە میانەی ئەو شەڕ و سەرکەوتنەدا، بەشێک لە هێزەکانی دوژمن بە هاوکاریی تاقمێک لە جاشەکان بە فەرماندەیی عەلی عەسکەری لە بەنداوی دووکانەوە ویستیان دەوری بارەگای پێشمەرگەکان لە چیای سووورداش لێبدەن و بەرەو گوندی بەرگەڵوو بچنەپێشەوە کە بەتالیۆنێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی حاجی قادر لە هێزی ڕزگاریی لێیان ڕاپەڕی و دوژمنیان ڕاونا و ١٣ کەلاکیان پێ بەجێهێشت. ئەم سەرکەوتنە کاری کردە سەر هێڵەکانی بەرەی شەڕ و ئارامی کردنەوە. لەم بارەیەوە ڕەشید حاجی بەدری سندی، لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٦ دەڵێت:

- (عەسکەر و قواتی مام جەلال هێرشیان کردە سەر ناوچەی هێزی ڕزگاریی و مقەڕی هێزیان گرت. عەبدولڕەحمان قازی فەرماندەی هێز بەرەو گوندی گەورەدێ و چیای ژیروان و دۆڵی جافایەتی کشابۆوە. مەلا مستەفا فەرمووی من بچم فەرماندەی شەڕەکە بکەم و سامی عەبدولڕەحمانیش لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە سەرپەرشتی کرد. جاش و عەسکەر، شاخی قەیوانیان تا دەگاتە سەرگەڵو گرتبوو، مێرگەپان، شەدەڵە، سووورداش و ...تد، هەمویان لەدەست جاشەکاندا بوو. ئێمە بووین بە سێ بەش، هێزەیکمان بە گاپێڵۆن و سەرگەڵودا، هێزێکمان بە لای قەیواندا بۆ زنجیرە

چیای دابان و قوەتی سێیەمیش لە باڵخەوە بۆ مێرگە. لەبەر ئەوە بە یەک بەرەدا نەچووین کە ڕێگەی دەستکردنەوەیان لێ بگرین و کوشتار زۆر نەبێ. پێش ساڵێک من فەرماندەی هێزی ئەو ناوچەیە بووم و ناوچەکەم دەناسی. سەرە بەیانی زوو لە هەموو لایەکەوە هێرشمان کرد، نزیکەی نیو کاژمێر شەڕیان کرد و نزیکەی ١١٠ تەرمی جاش و عەسکەریان بەجێهێشت، سورداش و سەرمۆرت و هەموو ناوچەکەمان گرتەوە و تا نزیک دووکان ڕاومان نان و کاتێک چوون لە سەربازگەی دووکان و سوسەوە لێیان گەڕاین. ئەم فەرماندانە بەشداریی شەڕەکەیان کرد:

- حەمە سوور حوسێن ئامر بەتالیۆنی یەکی شوان.
- حاجی شێخ قادر ئامر بەتالیۆن دووی هێزی ڕزگاری.
- نازم محەمەد سلێمان ئامر بەتالیۆنی سێ.
- فەقێ محەمەد سەرلق.
- ئەحمەدە سوور سەرلق.
- ڕەئیس عەبدولا سدیق ئامر هێزی ڕزگاری.
- عەبدولڕەحیم جەسیم بارزانی ئامر بەتالیۆنی هەڵگورد.
- حەمید بەرواری ئامر بەتالیۆنی پێنجی جەباریی قەرەداغ.
- سەید عاسی سەید محەمەد سەرلقی هێزی ڕزگاری.)

کودەتای سەرنەکەوتوو، و هەنگاونان بەرەو ئاشتی

پێشتر گوتم: ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ بە کودەتایەکی سەربازیی کەریم قاسمیان لە حکومەت خست و بە فەرمانی عەقید عەبدولغەنی ڕاوی، عەبدولکەریم قاسم و تەها شێخ ئەحمەد و مەهاویان بەبێ دادگایی کردن گوللەباران کرد و دەسەڵاتی عێراقیان بە عەبدولسەلام عارف سپارد. هەروەها لە بەشی " **دوو کودەتا لە مانگێکدا**" گوتم: ڕۆژی ١٩٦٨/٧/١٧، عەبدوڵڕەزاق نایف، ئیبراهیم داود و سەعدون غیدان کودەتایان بەسەر عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا کرد. بە دوای ئەو کودەتایەدا بەعسییەکان لە ١٩٦٨/٧/٣٠، سەرلەنوێ کودەتایەکی تریان بەسەر عەبدوڵڕەزاق نایف و هەڤاڵانیدا کردەوە و عەبدوڵڕەزاق نایفیان بە سواری فڕۆکە لە عێراق دەرکرد. ئەو دوو ئەفسەرە دەرکراوانە لە ئێران خۆیان گرتەوە و لەژێر چاودێریی دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک"دا، ئەم جارەیان هەوڵیاندا بە پێوەندیی گرتن لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەفسەرانی عێراقی، سەرۆک عەشیرەتەکانی عەرەب وەک هیلال بەلاسیم یاسین و سەید مەهدی حەکیم کوڕی ئایەتوڵا سەید موحسین حەکیم بۆ جارێکی تریش لە عێراق کودەتا بکەنەوە.

ڕژێمی عێراق هەرلە سەرەتاوە بە پلانی ئەو ئەفسەرە دەرکراوانەی زانی و دوو لە ئەفسەرانی خۆی بە ناوەکانی عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعید و مقەدەم ڕوکن فازل عەباس ناهی خستە نێو ئەو ئەفسەرانەوە بەهۆی ئەوانەوە قۆناخ بە قۆناخ ئاگاداری کاری کودەتاچیان بوو. سەدام حوسێن خۆی ئەرکی چاودێریی سەرپەرشتی ئامادەکارییەکانی حکومەتی گرتە ئەستۆ. کودەتاچییەکان دووجار لە ڕۆژانی ١٩٦٩/٧/١٢ و ١٩٦٩/١٠/١١ پێوەندیان بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانەوە گرت کە یارمەتیان بدات، بەڵام چونکە خاوەن پڕۆگرامێکی ڕوون سەبارەت بە نەتەوەی کورد نەبوون، لە یارمەتی کردنیان خۆیان پاراست. پێیان ڕاگەیاندن: ئێمە لەگەڵ هەر کەسێکین کە دژی ڕژێمی بەعس بێت و بە هاوپەیمانی سروشتی خۆمانی دەزانین. ئێمە بە وردی لە نەخشەکانتان دەکۆڵینەوە تا بزانین بەچ شێوەیەک دەتوانین یارمەتیتان بدەین. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی

٢٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (وەڵامی ئێمە بۆ حکوومەتی ئێران ئەوە بوو کە ئێمە هیچ پێوەندییەکمان بەم نەخشەیەوە نییە تکامان وایە ئەوانە جارێکی تر نەیەنەوە بۆ لای ئێمە و پێوەندیمان پێوە نەکەنەوە.)

عەبدولغەنی ڕاوی و عەبدوڵڕەزاق نایف بە پلانی ئێران درێژەیان بە کارەکەیاندا، تا ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢٠ حکومەتی عێراق نەخشەکەی ئاشکرا کردن و هەموو ئەو کەسانەی پێوەندیی بە ئەوانەوە هەبوو، یان نامەی ئەوانی پێگەیشتبوو، دەستگیر کرد و ٥٤ ئەفسەری لێ گوللەباران کردن و بەشێک لەو ئەفسەرانەشی لە سوپا دوورکردەوە کە گومانی دڵسۆزیان لێدەکرا.

لە سپتێمەر "ئەیلول"ی ١٩٦٩دا، دوو ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە ناوەکانی ئەنوەر عەبدوڵا و عەبدولقادر محەمەدئەمین لە بەغداوە هاتن بۆ کوردستان و چاویان بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کەوت. ئەو دوو خوێندکارە لە لایەن مورتەزا حەدیسی نوێنەری حکومەتەوە، چەند پێشنیاز و ڕێگاچارەی ئاشتیانەیان بۆ کێشەی کورد هێنابوو. یەکێک لەو ڕێیانە بەڵێنی حکومەت بوو بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات لەگەڵ ئەو دوو خوێندکارانە کۆبۆوە. ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی دوو لەو ئەندامانە بوون کە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا، مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا چەند هەنگاوێک بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی بنێ کە ڕێگا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت خۆش بکات.

مامۆستا عەزیز شەریف کە لە بەشی " **پەیوەندیی بارزانی بە سەرۆک و کاربەدەستانی چەند وڵاتی بیانی**"دا ئاماژەم بۆ ڕۆڵی و چالاکییەکانی کرد، لە ١٩٦٩/١٠/٢٤ گەڕایەوە بۆلای بارزانی و گوتی: **(ئەحمەد حەسەن بەکر چەند جار پێوەندی پێوە کردوم. لە قاهیرە نامەیەکی بەکرم پێگەیشت و داوای لێکردبووم بگەڕێمەوە بۆ عێراق و بەو پێوەندییە توندەوە کە من لەگەڵ ئێوەم هەیە، پێوەندی ئێوە و ئەوان پێکەوە گرێ بدەم. گوتوویانە ئێمە لە دوای ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ**

کێشەی کورد دەگەڕێین و داوایان لێکردوم بێمە کوردستان و بزانم بیروڕای ئێوە چۆنە؟)

بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی تەنفیزی کۆبۆوە و وەڵامی پێویستیان بە عەزیز شەریفدا ڕەوانەی حکومەت کرد. ڕۆژی ١٩٦٩/١١/١٤ عەزیز گەڕایەوە و نامەیەکی سەرکردایەتی حکومەتی بۆ بارزانی هێنا کە تێیدا نوسرابوو: **(ڕژێم ئامادەیە نوێنەرێکی خۆی لەگەڵ نوێنەرێکی کورد کۆبێتەوە.)** بارزانی بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی تەنفیزی کۆبۆوە و دوای وەرگرتنی بڕیار لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی، ئامادەبوونی شۆڕشی بۆ ئەو بەیەک گەیشتنە لە کوردستاندا ڕاگەیاند. بەرلە هاتنی وەفدی ڕژێم، "یڤگینی پریماکۆڤ" ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٨ لە بەغداوە هات بۆلای بارزانی و نامەیەکی سەرۆکی سۆڤیەتی پێبوو کە پێشنیازیان کردبوو، هەلێکی زێڕین بۆ کورد ڕەخساوە و لە دەستی نەدەن.

ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/١٨، سەمیر عەزیز نەجم ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ عەزیز شەریف و فوئاد عارف هاتن بۆ کوردستان و میوانی بارزانی بوون. سەمیر عەزیز پەنجەی بۆ سیاسەتی ئێستای ڕژێم سەبارەت بە کوردستان ڕاکێشا و گوتی: بەعس پێشتر کەم ئەزموون بووە و سیاسەتێکی هەڵەی هەبووە سەبارەت بە کوردستان و ئێستا تێدەگات تاقە ڕێگەی ئاشتی بریتییە لە ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانیدا.

بەرلە هاتنی ئەو وەفدە، ڕژێم مورتەزا حەدیسی و سەعدون غەدانی نارده کوردستان تا لەو جێیانەی بەدەست خۆیانەوە، پرس و ڕای خەڵک ببیسن. ئەو دوو کەسە چاویان بە ژمارەیەک ڕۆشنبیر و کەسایەتیی نیشتمانیی و ناسراوی کورد کەوت. یەکێک لەو کەسایەتییانە ئیسماعیل حەقی شاوەیس بوو کە لە سلێمانی چاویان پێی کەوت. شاوەیس پێی گوتبوون ئەگەر ئەوەم بۆ دابین دەکەن کە پارێزراو بم، قسەی ڕاستتان پێدەڵێم. مورتەزا حەدیسی و سەعدون غەدانی بەڵێنی پێدەدەن و ئەویش دەڵێت:

- (ئێوە لەخۆڕا خۆتان ماندوو دەکەن. نە ئێمە و نە جاشە مۆدێل جۆراوجۆرەکان هیچ لایەکمان نوێنەری گەلی کورد نیین. ئەوەی بە ڕاستی نوێنەری گەلی کوردە، بارزانی و جەنگاوەرەکانی ئەون. ئەگەر لە ڕێککەوتن دەگەڕێن بڕۆن بۆلای بارزانی، قسەی دوا قسە لە هەموو شتێک دەبڕێتەوە، لای بارزانییە.)

مورتەزا حەدیسی و سەعدون غەدانی کۆتایی بە گەشتەکەیان دەهێنن. سەمیر عەزیز نەجم نوێنەری حکومەت میوانداریی ئەو دووانە دەکات و دوای بیستنی ڕاپۆرتەکەیان، ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٢٠ لەگەڵ دارا تۆفیق نوێنەری بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. دارا تۆفیق ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٢٣، ئەم نامەیەی خوارەوە ئاراستەی بارزانی دەکات:

بارزانی موحتەرەم ١٩٦٩/١٢/٢٣

هەرکە گەیشتمە بەغدا لەگەڵ ڕێزدار سەدام تکریتی کۆبوومەوە. پاش ئەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی وڵات و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هاتن سەریان لێ دام. ڕۆژی دوایی بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ سەرۆک بەکر کۆبوومەوە و پاشان بەدرێژی لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی وڵات عەماش و مورتەزا و عەبدوڵا سەلووم کۆبوومەوە و جارێکی تر لەگەڵ سەدام کۆبوومەوە و ئەمڕۆ لەگەڵ مورتەزا حەدیسی دەڕۆم بۆ بەیرووت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستا میشێل عەفلەق و سەبەینێ دەگەڕێمەوە. پاش ئەوە چەند کۆبوونەوەیەکی تر دەکەم و پاش دوو سێ ڕۆژ دەگەڕێمەوە. بڕیار وایە هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی وڵات و برامان فوئاد عارف بە دوامدا بێن.

برایان جەختیان لێ کردم کە هەرپاش ڕۆژێک لە گەیشتنم سەفەر بکەم، بەڵام من وام بەباش زانی درێژە بە مانەوەم بدەم بۆ ئەوەی شارەزای بیروبۆچوونی بەرپرسانی ئێرە ببم و بزانم چی لە دڵیاندایە. برایان لێرە وایان داناوە کە ڕازیبوونی شۆڕش بە ناردنی کەسێک شتێکی زۆر ئەرێنییە. ئەوان جار لە دوای جار جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە بێگومان ئارەزوویان لە چارەسەرکردنی پرسەکە بەشێوەیەکی ئاشتی و داننانە بە مافە نەتەوەییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان لە بارەی گەلێ وردە خاڵەوە ئاسانکاری دەنوێنن، من جەختی سەرەکیم لەسەر سێ خاڵی بنەماییە.

١- پرسی زامنیی پارێزگاریی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوانماندا دەبێت.
٢- پرسی فورسان تێکڕا و جاش جەلالییەکان.
٣- پرسی ئازووخە پێدان لە ماوەی ڕێککەوتنەکەدا.

لە بارەی پرسی یەکەمەوە، هێشتا ئەو زەمانەتەی ئەوان دەیدەن بەس نییە و تەنیا ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجومەنێکی نیشتمانی دروست دەکەن دەسەڵاتی یاسادانانی هەبێ، داوای زانینی زیاترمان کرد لە بارەی ئەنجوومەنەکەوە: دەسەڵاتی چیدەبێ، پێوەندی بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە چۆن دەبێ، چۆن پێک دەهێنرێ: هەڵبژرادن یا بە دانان، ئەو هێزانەی بەشدار دەبن تێیایدا کێن و یەکی چەند نوێنەرمان دەبێ؟ باری سەرنجیان لە بارەی ڕێکخراوە پیشەییە کوردستانییەکان و نوێنەرایەتییان لە ئەنجومەندا. لە بارەی پرسی فورسان و دواڕۆژی تاخمی جەلال و ئەوان ڕازین بەوەی کە ئێمە تاکە لابین لە ڕێککەتندا و پارتی حیزبی سەرکردە بێ لە ناوچەی کورداندا و هەڵسەنگانێکی ئەرێنییان بۆ شەخسی بارزانی هەیە و چەک و پارەشیان لە تاخمی جەلال ڕاگرتووە. باوەڕم وایە ئەگەر لەگەڵ ئێمە بگەنە ڕێککەوتن، دەچن بەگژ تاخمی جەلالدا، بەڵام ئێستە بە ئاشکرا ئەمە ناڵێن. سەدام بەشێوەیەکی ڕوون ئاگەداری کردم کەوا بە ئاشکرا قسەکردن لەم بارەوە بەرلە جێبەجێکردنی ڕێککەوتن دەکێشێتەوە بۆ ئەوە کە سەرجەمی جەلالییەکان و فورسان بێنە پاڵ ئێمە و ئەوانیش نایانەوێ هەرلە ئێستەوە دەستبەرداریان ببن و لەناویان ببەن.

یەکێک لەو قسانەی ئەحمەد حەسەن بەکر پێی وتم ئەوە بوو کە جەلالییەکانیش برامانن و منیش بە هەموو ڕوونییەک بەرپەرچم دایەوە و وتم: ئێمە ئەوانە بە دوژمنی خۆمان دەزانین و چاوپۆشییان لێ ناکەین. توانیشم بزانم کەوا حکوومەت لە زۆر مەیداندا بەگژ جەلالییەکاندا دەچێت. لە هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییەی قوتابییاندا، حکوومەت لە زۆر حاڵەتدا مەیدانی جووڵەی بۆ ئەو ڕەگەزانە بەرەڵڵا کرد کە دژی جەلالییەکانن. لە بارەی ڕۆژنامەی "النور"یشەوە حکومەت فەرمانی داونێ کە هیچ لە دژی شۆڕشی کورد نەنووسن، بەڵام ڕازی نەبوو بەوەی ڕۆژنامەکە دابخات بەرامبەر بەوەی ڕادیۆکەی ئێمەش هێرشەکانی خۆی ڕاگرێت، تا دەگەینە ڕێککەوتن.

– لە بارەی دارایی دانەوە بە پێشمەرگە لە ماوەی گفتوگۆدا، لە سەرەتاوە بەوە ڕازین.

– لە بارەی ئەو بەندییانەی لە زیندانەکانی جەلالییەکاندان، خۆیان بەوە پابەند کردووە کە بگوێزرێنەوە بۆ بەندیخانەکانی حکوومەت یان حکوومەت لە ١٢/٢٢وە پارێزگارییان لێ بکات.

– لە بارەی شەهیدانیشەوە ئەفسەر و سەربازەکانمان مانگانەی خانەنشینیان بۆ دەبڕێتەوە وەک شەهیدانی سوپا.

– لە بارەی پارێزگاکان و کاربەدەست دانان و بەڕێوەبەریەتییەکان و گۆڕینی دەستور و شتی ترەوە ئاسانکاریی دەکەن. وا دیارە ئەوەیان لەبیر دایە حوکمڕانی لەنێوان ئێمە و خۆیاندا دابەش بکەن و ئەوەندەی پێویستە گوێ بە هێزەکانی تر نەدەن، من لە بنەمادا بە دوای ئەم شتانەدا دەگەڕێم:

١- ئاخۆ ئەم گۆڕانەی لە سیاسەتی بەعسدا پەیدا بووە لە ئاست ئێمە، گۆڕانێکی ڕەسەنە لە بیرکردنەوە و لە ڕوانینیدا بۆ سیاسەتی وڵاتەکە، یان تاکتیکێکی سیاسییە یا فێڵمان لێدەکات؟

٢- ئەندازەی گەلیتیی ڕێژیمی ئێستە و توانای مانەوەی لەسەر حوکمڕانی. من توانیومە هەندێ بیر و بۆچوون لەم بارانەوە پێکەوە بنێم کە بەم نیزیکانە گەڕامەوە بە درێژی ئاگەدارتان دەکەم.

لەگەڵ ئەوەش کەمن ناتوانم بە ئارەزووی خۆم پێوەندی بە خەڵکەوە بکەم چونکە لە کۆشکی کۆماری میوانم، پێوەندیم بە برادەرانێکی زۆرەوە کردووە و لەگەڵیان کۆبوومەتەوە "ئەمە وا ناگەیەنێ کە سنوورێک بۆ هەڵسوڕانم دانراوە، بەڵام من خۆم لەترسی گۆڕانی دۆخەکە لە دواڕۆژدا بەباری خراپەدا بە پارێزم لەوەی پێوەندی بە خەڵکەوە بکەم". زۆر کەس هەن باوەڕیان وایە بەعسییەکان ڕاست دەکەن لەوەی کە لە ئێمە نیزیک دەبنەوە، جا هەندێ لەمانە باوەڕیان وایە نیزیک کەوتنەوەکەیان لەوەوەیە کە دان نانێکی ڕەسەنیان هەیە بە مافە نەتەوەییەکاندا و هەندێکیش دەڵێن بەهۆی ئەوەوەیە کە لە سەپاندنی چارەسەری لەشکریدا سەرنەکەوتن و بیریش لەوە دەکەنەوە کە لە عێراقەوە دەست بەسەر هەموو وڵاتە عارەبییەکاندا بگرن. زۆر

کەسیش لەو باوەڕەدان کە دوژمنایەتی بەعسییەکان لەگەڵ تاخمی جەلال شتێکە لێی بوونەتەوە و گومانی تێدا نییە و ئێستە لەناو شانە حیزبییەکانیاندا ئەندام و لایەنگرەکانیان بەم بیرە پێدەگەیەنن. گفتوگۆی من لەگەڵ بەعسییەکان زۆر بێ پێچوپەنایە. من بە ڕاستی و بە دڵسۆزی قسەیان لەگەڵ دەکەم بەتایبەتی لەو بابەتانەدا کە پێوەندییان بە پێوەندی دەرەوەمانەوە هەیە. هەروەها لە بارەی پێویستی زیاتر ڕۆیشتن لە سنووری بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران. ئەوانیش لای خۆیانەوە دەڵێن گیروگرفتی سەرەکییان ئەوەیە کە متمانەیان نییە و ئەگەر ڕێککەوتنەکە بوو لەگەڵ ئەم ئاواتانەماندا هاودەنگ دەبن. وا دیارە سەدام کەسایەتی بەهێزی ناو حیزبە. لە کۆبوونەوەیەکدا لێم پرسی: ڕاستە براکەی ناوی "بارزان"ە؟ وتی: بەڵێ و لەسەر ناوی کاکە مەلا و شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٤٥دا ناومان نا بارزان. پرسیم: کەواتە بۆچی وا ڕاستی ئاوەژوو کرا و هەموو شۆڕشەکانی بارزان کران بە بزووتنەوەی گەلێک بە پەنجەی ئیمپریالیزم ڕوویان دابێ؟ وتی: ئێمەش دەزانین ئەو قسەیەمان ڕاست نییە، بەڵام ئەمە قسەی ڕۆژنامەکانە ئێوە موتەهەم دەکەن بە نۆکەرایەتی و ئێمەش هەروا ئێوە موتەهەم دەکەین بە نۆکەرایەتی.

خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە ئەویش پرسی وەستاندنی تەقەیە. وا دیارە برایان ئێستە زۆر قورسایی دەخەنە سەر پرسی پێویستیی وەستاندنی هەر ئێستەی شەڕ، بەپێچەوانەی ڕایان لەو کاتەدا کە سەمیر هات بۆلامان.

ئەوانە ئامادەن تاخمی جەلال و فورسانەکان لە ناوچەکانی لەیەک کەوتن و لە بەرە دوور خەنەوە، بە مەرجێ یەکەکانی سوپا بەشێوەیەکی کاتی بچنە شوێنیان وەک مەرجێکی شەڕ وەستاندن. شتی زۆر و ئەنجامگریی زۆر هەیە لە پاش سێ چوار ڕۆژ کە گەرامەوە باسیان دەکەین. ئەنجام هەرچۆن بێ ئەم بەیەک گەیشتنانە گەلێک دەستکەوتیان دەست خستین بەتایبەتی لە بواری لاواز کردنی تاخمی جەلالدا. من لام وایە دەبێ نەخشەی ئێمە سووککردنی دۆخەکە و بەردەوامی ئەو بەیەک گەیشتنانە بێ وێڕای ئەوە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئاسایشی شۆڕشەکەمان ڕەچاو بکەین تا ئەوکاتەی بەتەواوی دڵنیا دەبین لە دڵسۆزیی ڕەسەن و ڕاستی بەرپرسان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەشێوەی ئاشتی و دادپەروەری و دان نان بە

مافەکانماندا. جارێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە وەستاندنی تەقە، بەش بەحاڵی ئەوان خاڵێکی گرینگە. تکایە بە زوویی لەم بابەتە بکۆڵنەوە مەرجەکانمان لە بارەی ئەم پرسەوە دابنێن لەگەڵ شیووعییەکانیش کۆبووینەوە. وا چاوەڕوان دەکەم کارڕاپەڕینی سۆڤیەت بانگهێشتنێک بۆ ڕێزدار سەدام و من بنێرێ. ڕێزدار عەزیز شەریف لە دەرەوەی عێراقە.

ئاواتی سەرکەوتنم بۆتان هەیە و سڵاو و ڕێزم بۆ بارزانی و براکان. هیوام وایە لە ئاستی باش گومانیتاندا بم و ئەو خزمەتە بکەم کە پێم دەکرێ. لەرەی پێوەندی بێتەلەکەم وەرگرت. دەتوانن لەکاتی پێویستدا پێوەندیم پێوە بکەن. وەک وتیشم یا هەینی یا شەموو دێمەوە بۆ لاتان.

دڵسۆزتان: دارا تۆفیق، وەفدی گەورە

دوای هاتنی سەمیر عەزیز نەجم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی وڵات و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ناوپردان لە ١٩٦٩/١٢/١٨ و چوون و گەڕانەوەی دارا تۆفیق بۆ بەغدا بەنوێنەرایەتی بارزانی، وەفدێکی گەورە لەلایەن حکومەتەوە سەردانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی کرد. ئەندامانی وەفدی حکومەت بە سەرۆکایەتی حەماد شەهابی، بریتی بوون لە: فەریق حەماد شەهاب سەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئەندامی ئەنجومەتی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، فەریق سەعدون غەیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، عەبدولخالق سامەڕایی ئەندانی سەرکردایەتی وڵات و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، تارق عەزیز سامەڕایی ئەندانی سەرکردایەتی وڵات و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، سەمیر عەزیز نەجم سامەڕایی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی وڵات و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعید بەڕێوەبەری بزاوت لە وەزارەتی بەرگری عێراق. هەروەها عەزیز شەریف و فوئاد عارفیش لەگەڵ ئەو وەفدە بوون.

ئەم وەفدەی حکومەت ڕۆژی ١٩٧٠/١/١ گەیشتە ڕەواندز. ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی تەنفیزیی و ئیدریس و مەسعود بارزانی لە بەرزێوە پێشوازیی ئەو وەفدەیان کرد و بەیەکەوە چوون بۆ بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش لە ناوپردان.

وەفدی حکومەت و وەفدی شۆڕش کە بە سەرۆکایەتی بارزانیی، لە حەبیب محەمەد کەریم، دوکتۆر مەحمود عوسمان، سالح یوسفی، نوری شاوەیس، عەلی عەبدولا، محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان "سامی"، دارا تۆفیق و ئیدریس بارزانی پێکهاتبوو، پێکەوە گفتوگۆیان کرد. وەفدی حکومەت هەڵگری ئەم نامەیەی خوارەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق بوو بۆ بارزانی:

نامەی سەرکۆمار بۆ بارزانی ١٩٦٩/١٢/٣١

برای بەڕێزم مەلا مستەفا بارزانی

سڵاوێکی برایانە. پاش ئەمە هیوام وایە تۆ و برایانی تر لە تەندروستی و ڕەحەتیی تەواودا بن لەم بارودۆخە گرانەدا کە نەتەوەی عارەب و گەلانی تێکۆشەری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا دەژین، کە زایۆنیی ستەمکار دەستدرێژی دەکات و ئیمپریالیزمی بێزراوی نێودەوڵەتی سەرەمڕ مافی ڕەنجکێشانی گەلەکانمان پێشێل دەکات، دەڵێم: لەم بار و دۆخەدا دڵی ملیۆنان لە ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان و گەلانی تێکۆشەری سەر زەوی داویەتە شەقەی باڵ و چاویان بە هیوایەکی گەورەوە بڕیوەتە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لە نێوانماندایە و هیوای ئەوەیان بۆ هەیە کە ببێ بە مایەی کۆتاییهاتنی هەموو ئەو ناخۆشییانەی کە ئەم گەلە تێکۆشەرە مەزنە تووشی بووە. ئێوە، ئەی برا، وەک جەنگاوەرێک کە تاڵیی شەڕی چێشتووە، بێگومان لە تەنگژەی متمانەدا دەژین تا بەتەواوی لە ڕووی هەر گفتوگۆیەکی لەم جۆرەدا بکرێنەوە، ئێمەش لای خۆمانەوە، لەبەر هەمان هۆ لە هەمان تەنگژەدا دەژین، ئەم تەنگژەیەی کە ماوەیەکی دوورودرێژە بارودۆخی شەڕی خەڵکانی هاری ناوخۆیی و بە شێوەکاری کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم دروستی کردووە و گەشەی پێداوە، بەڵام قسە لەبارەی تەنگژەی متمانەوە پێویستە لە چوارچێوەی گەڕان بە دوای باشترین شێوەی خۆ لێ لادانیدا بخولێتەوە، نەک دەست پێوەگرتنی بۆ ڕووخاندنی هەر پردێک کە بەنیازی چارەسەریی ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانەی پرسی کورد دروست دەکرێ، تا عارەب و کورد وەک دوو میللەتی دۆست و برا لە چوارچێوەی یەک نیشتمان لەژێر سایەیدا بژین و پێکەوە تێبکۆشن بۆ ماف و ئاواتە دوورەکانیان، بەشان و شکۆ و بە گەشانەوەوە.

لە کۆتاییدا ئاواتەخوازی سەرگرتنی ڕەنج و تەقەلای ئاشتی خوازانەتانم. خوا هەموومان سەربخات بۆ ئەو شتانەی کە چاکەی گەلی عێراقیان بە عارەب و کورد و چاکەی گەلانی تری تێکۆشەر و چەوساوەشیان تێدایە.

براتان: ئەحمەد حەسەن بەکر

سەرکۆمار (پاشبەندی ٣٦)

حکومەتی عێراق بۆ پێکهێنانی ئەو متمانەیەی کە لە نامەی سەرکۆماردا ئاماژەی بۆ کرابوو، هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵگرت لە ئامادەکردنی زەینی گەلی عەرەب بۆ ڕێککەوتنی لەگەڵ کورد و ڕێزگرتنی لە مافەکانی. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژنامەی "الثورة" ڕۆژنامەت حیزبی بەعس زنجیرە وتارێکی لەژێر ناوونیشانی **"ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد کامەیە؟"** بڵاوکردەوە و ڕۆژنامەی خەباتیش بە زنجیر وتارێکی لەو چەشنە، گەشبینی و نیازپاکی ڕێگەی چارەسەر کردنی پرسی کوردی بۆ زەق دەکردەوە. هەروەها بەبێ ئەوەی کە عەزیز شەریف خۆی ئاگادار بێ، پۆستی وەزارەتی دادی پێبەخشی کە ناوبراو لەسەر جەختی بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات قبووڵی کرد.

حەماد شەهابی سەرۆکی وەفدی حکومەت لەکاتی قسەکردندا دەریخست کە شایانی ئەو پلەیە نییە کە پێیانداوە. ئەو بەدوای چەند قسەی نابەجێ و ناماقوڵ وەبەر ڕەخنەی ئەندامانی وەفدی عێراقی کەوت. نەزانیی ئەو وایکرد کە عەبدولخالق سامەڕایی وەجواب بێت و قسەکانی لە دەم وەرگرێت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٣٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بە بەشێک لە وتەکانی سامەڕایی دەکات:

- (ئێمە حزبێکی شۆڕشگێڕین و ئێوەش حزبێکی شۆڕشگێڕن، بەڕاستی ئەمە بارێکی قورسە بەسەر شانی ئێمەوە کە ئەم چڵکاوخۆرانە هاوپەیمانمان بن. ئەوەی ناپاکی لە میللەتەکەی خۆی بکات، هیوای هیچ سودێکی لێ ناکرێ. ئەو جاشانە میراتی حکومەتەکانی پێش ئێمەن و بۆ ئێمەیان بەجێهێشتوون، پێویستە لەسەرمان لێیان ڕزگار ببین. تکامان لە ئێوە ئەوەیە یارمەتیمان بدەن بۆ پاکتاوکردنی ئەم میراتە

بەشێوەیەکی وا کە ئابروومان نەچێت. یارمەتیمان بدەن تا لە چڵک و چەپەڵی ئەو چڵکاوخۆرانە ڕزگارمان بێت، چونکە دەسەڵات بەرپرسە لەهەموو کەسێک و ئێمە پابەندی ئەوەین ژیان و هۆی گوزەران بۆ هەمووان دابین بکەین و ئەمە ئەرک و بەرپرسایەتیمانە.) قسەکانی سامەڕایی، کارێکی زۆریان کردەوە سەر بارزانی، بۆیە وەڵامی دایەوە و گوتی:

- (دەمخۆش، زۆر جوانت وت. ئێمە لە پابەندیی ئێوە دەگەین و هاوکاریتان لەگەڵدا دەکەین تا وەکوو چارەیەک بۆ ئەم گرێیە بدۆزینەوە، بەڵام ئەم ئەنجامەی پێویستە پێی بگەین ئەوەیە دەبێ چەکی ئەوانە داماڵرێ و بەهیچ جۆرێ بە هاوبەشی پرسەکە دانەنرێن یا وا نەژمێردرێن کە نوێنەری کەسێکن.)

هەردوو وەفد بەدرێژی لەسەر ناوەڕۆک و سروشت و مەودای ڕاگەیاندنی تۆتۆنۆمی و ڕاگرتنی شەڕ دوان. وەفدی پارتی بەڵێنی ڕاگرتنی شەڕی دا، بەڵام سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ بە دژی جاشە شەست و شەشەکان ڕازی نەبوو. لەلایەکی تردا هێشتا وەفدی حکومەت لە ناوپردان بوو کە هێزی کاوە بە بروسکەیەک سەرکردایەتی شۆڕشی ئاگادار کردەوە کە بەشێک لە ئاغاکانی میراودەلی چوونەتە پاڵ جاشە شەست و شەشەکان و ئێستا خەریکی کاری تێکدەرانەن لە ناوچەکەدا کە فەرمانیان بە هێزەکانی دەوروبەری هێزی کاوەدا بچن پاڵ بە هێزی کاوەوە بدەن و بەتوندی لێیان بدەن و لە ناوچەکە پاکیان بکەنەوە.

جگەلەوە، وەفدی حکومەت داوای کرد، ڕێگەیان پێبدەن کە چاویان بە فڕۆکەوانێکیان بکەوێ کە ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/١٢، فڕۆکە میگ ١٧کەی بە ئاگری دۆشکەی پێشمەرگەکان لە دۆڵی هیران خرابووە خوارەوە و بەدیل گیرابوو. بەفەرمانی بارزانی ئەو فڕۆکەوانەیان هێنا و ئیزنیاندا شەوێک لەلای وەفدی حکومەت بمێنێتەوە. دواتر ئەم فڕۆکەوانەیان ئازاد کرد و حکومەتیش لەسەر داوای ناڕاستەوخۆی بارزانی، دوکتۆر کازم شوببەی ئازاد کرد، بەڵام ناوبراو بەهۆی بێ هێزیی و تێکشکانی لە زیندانداا، نەیتوانی پتر لە مانگێک بژی و کۆچی دوایی کرد.

وەفدی حکومەت، بەدەستکەوتێک کە لە کۆبوونەوەکانیدا بەدەستی خستبوو، ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢ لەگەڵ ئەم نامەیەی خوارەوەی بارزانی کە لە وەڵامی نامەی ئەحمەد حەسەن بەکردا نوسیبووی، گەڕایەوە بۆ بەغدا.

ڕێزداری برا، موهیب ڕوکن ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری مەحتەرەمی عێراق، سەلام و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لەسەر بێ و لە خوا دەپاڕێینەوە ڕێ پێشانی هەموولایەکمان بدات بۆ هەرشتێکی کە خێر و چاکەی گەلەکەمان و نیشتمانەکەمانی تێدا بێت. بە زۆرترین شانازی و قەدر زانینەوە نامە برایانە گەورانەکەتم وەرگرت و چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ ڕێزداری برایاندا کرد کە لەلایەن ئێوە و لەلایەن حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست و ئەنجومەنی بەرزی سەرکردایەتی شۆڕشەوە نێردرابوون.

لە ئەنجامی بە یەکگەیشتنی برایانەماندا پێشکەوتنێکی گەورەمان لە بواری نەهێشتنی تەنگژەی متمانەدا دەستگیر بوو، ئەو تەنگژەیەی ساڵانی ڕابردوو دروستیان کردووە و ئێستە ئێمە چاومان بڕیوەتە گەڕانەوەی متمانە و باوەڕی تەواو بۆلای هەموومان لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆیانەوە کە خوا یاربێ لەم چەند ڕۆژە کەمانەی دادێن، نوێنەرانی ئێمە لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هاوڕێ بەڕێزەکانتان دەیانکەن و دڵسۆزانە بە هیوای ئەوەین بگەینە دوایی پێهێنانی شەڕی براکوژی و کارکردنی پێکەوەمان بۆ پێشکەوتن و گەشانەوەی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی چەندین کارەسات و مەینەت بووە و بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی فڕوفێڵەکانی ئیمپرایالیزم و کۆنەپەرستی.

ئێمە زۆر باش لەو بارودۆخە دژوارە دەگەین کە وڵاتەکەمان و نەتەوەی عارەبی برامان پێیایدا دەڕۆن و لەمەولاش وەک چۆن هەمیشە بووین، هەر هاوبەشی خۆشی و ناخۆشیی یەکتر دەبین.

لە کۆتاییدا لە خوای گەورە و گران دەپاڕێینەوە هەموومان سەربخات بۆ کردنی هەرچییەک کە چاکە و پایە بڵندیی نیشتمانی تێدابێ، ئیتر سەلامتان لێ بێ.

دڵسۆز، براتان: مستەفا بارزانی

١٩٧٠/١/١

چوونی وەفدی شۆڕش بۆ بەغدا و هاتنی سەدام حوسێن بۆ ناوپردان

دوای گەڕانەوەی وەفدی حکومەت بۆ بەغدا، هەردوو سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و شۆڕش، ڕۆژی ١٩٧٠/١/٤ کۆبوونەوە کە بە پڕۆگرامێکی تۆکمە، وەفدێک ڕەوانەی بەغدا بکەن. لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر چەند خاڵی گرنگ ساخ بوونەوە و ئەم کەسانەشیان بەناوی وەفدی شۆڕش هەڵبژارد: دوکتۆر مەحمود عوسمان، نوری سدیق شاوەیس، ساڵح یوسفی، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدولڕەحمان"، حافیز جەلال، موحسین دزەیی و دارا تۆفیق. ئەو نوێنەرانەی کورد، ڕۆژی ١٩٧٠/١/٧ بەرەو بەغدا وەڕێکەوتن.

وەفدی ڕەوانەکراو لە بەغدا بوو کە عەقید ڕوکن تاریق تۆفیق فەرماندەی لیوای دووەم، ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٢ نامەیەکی بەپەلەی ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕش کرد و تێیدا نوسرابوو: (**سەدام حوسێن لە ڕەواندزە و ئارەزوو دەکات چاوی بە بارزانی بکەوێ.**)

بەرزێوەی ئەمڕۆ

بارزانی لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم، عەلی عەبدولا و شەفیق ئاغا چوون لە بەرزێوە پێشوازییان لە سەدام سەباح میرزا تکریتی و یاوەرانی کرد کە بریتی بوون: سەعدون غەدان، دوکتۆر عیزەت مستەفایی وەزیری تەندروستی، عەمید ڕوکن ئیسماعیل تایە نەعیمی فەرماندەی فیرقەی دووەم، عەقید ڕوکن تاریق تۆفیق فەرماندەی لیوای دووەم و بارزان تکریتیی دایک برای سەدام. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٣٤ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (سەدام گوتی هاتووم گازندەی باوکی ئیدریس "مەبەست لە بارزانی بوو" ببیسم و ئەویش هەروا گازاندەی من ببیسێ. من هاتووم ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بکەم، نەک تەنیا شەڕ وەستاندن بێ وەک لەگەڵ ئەوانەی پێش ئێمەدا دەکرا." ئەنجا داوای کرد بەتەنیا لەگەڵ بارزانیدا کۆببنەوە کە داواکەی جێبەجێکرا و هەردووکیان سێ سەعات بەتەنیا خۆیان پێکەوە مانەوە. پاش ئەوە بارزانی هەندێ لە قسەکانی خۆی و سەدامی دەگێڕایەوە، پێی وتین: سەدام داوای لێکردم یارمەتیدەر بم تا شوێنی خۆی لە سەرکردایەتیدا لای خۆمان بەهێز بکات و وتی ئامادەیە پرسی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی چارەسەر بکات. گفتیشی لەسەرخۆی کردە ماڵ کە چەک لە هەموو چڵکاوخۆرەکان داماڵێت بێ جۆی کردنەوەی هیچ تاخمێکیان لە تاخمێکی تریان. داواشی لە ئێمە کرد پاش چەکداماڵینی ئەو چڵکاوخۆرانە ئێمە دەستیان بۆ نەبەین و خراپەیان لەگەڵ نەکەین. قسەیەکی تریشی ئەوە بوو: ئێمە داوای چەکی سوکتان لێ ناکەینەوە و بگرە ئامادەین هی تریشتان بدەینێ، بەڵام چاوەڕوانیی ئەوەتان لێ دەکەین پاش مۆر کردنی ڕێککەوتننامەکە چەکە قورسەکانمان بدەنەوە دەست. گفتیشی دا کە بەشیک لە پێشمەرگەکان بەناوی پاسەوانانی سنوور بهێڵرێتەوە.)

ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٣، سەدام گەڕایەوە بۆ بەغدا و لەوێ لەگەڵ وەفدی ڕەوانەکراوی شۆڕش کۆبۆوە. ئەندامانی وەفدی شۆڕش ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٨ گەڕانەوە بۆ کوردستان و دەرکەوت، کاتێک بەهاتنی سەدام بۆ کوردستان ئاگادار بوون کە ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا. ئەوان ڕایانگەیاند: دوای گەڕانەوەی سەدام لە

کوردستان، هێمای ڕەزامەندیی پێوە دیار بوو. لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتوویێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (ئێمە کە گەیشتینە بەغدا چاوەڕوان بووین لەگەڵمان کۆ ببنەوە، بەڵام کۆبوونەوەکەیان دواخست. ساڵح مەهدی عەماش هات و گوتی سەدام چووەتە لای بارزانی و گەڕاوەتەوە و ئێستا دێت بۆلاتان. نیو سەعاتی پێچوو، نزیکی ڕۆژئاوا کاتژمێر ٥- ٦ سەدام هات و گوتی: "چووم بۆلای بارزانی. ئەو پیاوە بەپێچەوانەی ئەوەیە کە بە ئێمەیان ناساندوە. پیاوێکی زۆر وەتەنی، پیاوێکی زۆر پاک و زۆر چاکە و وڵاتی خۆی خۆشدەوێت." سەدام دەستیکرد بە تاریفکردنی بارزانی. گوتمان بۆچی ئێمەتان ئاگادار نەکردەوە کە لەگەڵتان بێین، گوتی: "وا ڕێکەوت.".)

وتوویژی نێوان کورد و حکومەت بەجەوێکی ناسکدا دەچووە پێشەوە. "ڤیدۆتۆڤ" لە باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە بەغدا بەوردی بەشوێن هەواڵ و ڕەوتی گفتوگۆکانەوە بوو. بە کۆبوونەوە لەگەڵ هەردوو لایەنی کورد و حکومەت، هەوڵیدەدا پتر لە یەکتریان نزیک بکاتەوە. وەفدی شۆڕش هەوڵیدا حیزبی شیوعیش بەشداریی گفتوگۆکان بکات، بەڵام حکومەت قەبووڵی نەکرد، کەچی دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، حیزبی بەعس لەسەر ڕاسپاردەی یەکێتی سۆڤیەت، بەرەیەکی هاوبەشی لەگەڵ حیزبی شیوعی پێکهێنا.

شای ئێران داوای بینینی سەرۆک بارزانی دەکات

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕێککەوتنی سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق، محەمەدرەزا پەهلەوی شای ئێران و کاربەدەستانی ئێرانی بەتەواوەتی تاساند. بەم بۆنەیەوە شا دەستبەجێ داوای کرد چاوی بە بارزانی بکەوێت. لەو چوارچێوەیەدا شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دەگەڕایەوە، هەڵگری نامەیەکی شا بوو بۆ بارزانی. لەو نامەیەدا شا ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندبوو بەو مەرجەی بارزانی واز لە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی بەعس بهێنێت و ڕێککەوتنەکە واژۆ نەکات، ئەو ئامادەیە هەر یارمەتییەک شۆڕش بخوازێ، پێشکەشی بکات. هەروەها داوای لێکردبوو، سەردانێکی تاران بکات.

بارزانی و شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٥ بەرەو تاران چوون و ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٦ لەلایەن شای ئێرانەوە پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەیدا، شا بە بارزانی گوت ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی حیزبی بەعس و یەکێتی سۆڤیەت دایە و بەناوی خۆی و بەناوی کاربەدەستانی ئەمریکاوە بەڵێنی بە بارزانیدا کە ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە قەبووڵ نەکات، هەموو جۆرە یارمەتییەک دەدا بەشۆڕش، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی سەربازییشەوە بێت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ٣٥-٣٦ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا بارزانی لە وەڵامی شادا دەڵێت:

- (ئامانجی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە. جا ئەگەر بەعسی حوکمڕان دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت و من ئەوم نەوێت و بیدەمە دواوە، هەڵوێستم چی دەبێت لە ئاست پارتی دیموکرات و میللەتی کورد لە عێراق و لە ئاست هەموو نەتەوەی کورددا؟ من ناتوانم ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکەم، ئەگەر ئیمزای نەکەم، بەوە گەورەترین قازانج بە حزبی بەعسی حوکمڕان دەگەیەنم و لەبەر چاوی ڕای گشتیدا ئەو بە داکۆکیکەر لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئێمەش بە خائین و بایەخ نەدەر بەو مافانە دەردەکەوتن.)

مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت:

- (شێخ بابە عەلییش لەباری سەرنجەکەی بارزانیدا ڕازی بوو و وتی: هەرچیت بۆ میللەتی کورد بە چاک زانی بیکە و گوێ بە خەڵکی تر مەدە، بەڵام بەعس جێگەی متمانە و باوەڕ پێکردن نییە و پێویستە لەسەرت هەموو متمانەی خۆتی تێدا دانەنێیت.)

ڕۆژی دوایی، بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان، بەڵام محەمەد ڕەزا شا وازی لە داخوازەکەی نەدەهێنا و چەندان نامەی ئاراستەی بارزانی کرد کە هەندێکیان هەڕەشەی تێدابوو، بەڵام بارزانی وەڵامی نەدایەوە. هەروەک لە بەشی پێشوودا گوتم ئەندامانی وەفدی شۆڕشیش ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٨ لە بەغداوە گەڕانەوە بۆ کوردستان و ڕایانگەیاند لە وتوێژەکاندا سەدام حوسێن هێمای ڕەزامەندیی پێوە دیار بوو. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (بارزانی چوو بۆ تاران، بەڵام پێشنیازی شای قەبووڵ نەکرد، چونکە ڕێککەوتنەکە شتی باشی تێدابوو و بۆ بارزانی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار گرنگتر بوو، تا بەڵێنەکانی شای ئێران. ئەوە بوو نە مەلا مستەفا و نە ئێمەش نەچووینە ژێرفشاری شاوە و ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ حیزبی بەعس ئیمزا کرد، ئەگەرچی زۆر بڕواشمان بە حیزبی بەعس نەبوو.)

دوورخستنەوەی جاشەکان لە کوردستان

حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە ڕەوتی گفتوگۆکاندا بەرەبەرە لە یەکتر نزیک دەبوونەوە. نوێنەرانی حکومەت بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانیان ڕاگەیاند، ئێوە بە دەسەڵاتداری کوردستان دەناسین و بەڵێنی چەککردنی جاشەکانیان پێدان، کەچی هێشتا ناوچەکانی گەرمیان، قەرەداغ، شوان، شێخ بزەینی و دۆڵی خەلەکان بەدەست تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییەوە بوو. لەبەر ئەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی، مەکتەبی تەنفیزیی شۆڕش و بارەگای بارزانی لە ناوپردان کۆبوونەوە بڕیاریاندا ئەگەر بارزانی ڕازی بێت، ئەو تاقمە لە ناوچەکان دوور دەکەنەوە کە بارزانیی ڕەزامەندیی پێشاندا.

هۆی ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ دوو خاڵ دەگەڕایەوە. یەکەمیان لە وتووێژەکاندا سەرکردایەتی شۆڕش قەبووڵی ئاگربەسی بە دژی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد نەکردبوو، و دووەم چاوەڕوان نەدەکرا حکومەت وتووێژەکانی لەگەڵ شۆڕش بۆ ئەو تاقمە هەڵبوەشێنێتەوە، یان بەکردەوە یارمەتیان بکات. بەو بۆچوونەی سەرکردایەتی شۆڕش، تاقمی ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانی بەتەنیا دەمانەوەو بەرگەی پێشمەرگەکانیان نەدەگرت. لەو چوارچێوەیەدا پلانیان دارشت و هێز و بەرەکانی شەڕیان بەم جۆرە دابەشکرد: هێزی کاوە و هێزی سەفین ئەرکی خاوێنکردنەوەی دۆڵی خەلەکانیان پێسپێردرا. هێزی ڕزگاری بەرپرسکرا لە خاوێن کردنەوەی ناوچەی شوان و شێخ بزەینی. هێزی قەرەداغ و هێزی خەبات ئەرکی خاوێنکردنەوەی گەرمیانو قەرەداغیان لە ئەستۆ گرت. بەو هێزانە ڕاگەینرا ڕێز لە ئاگربەس بگرن و ئەگەر جاشەکان لە پاشەکشەدا پەنایان بۆ مۆڵگەکانی سوپای عێراق برد. دەستیان لێ نەوەشێنن.

سەرکردایەتی شۆڕش کاتژمێر ٢٣:٠٠ ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢٣ی وەک سەعاتی سفر بۆ هێرشی هێزەکان دیارییکرد. لەو کاتژمێرەدا، پێشمەرگە هێرشێکی سەرتاسەری کردە سەر ئەو ناوچانە. لەو شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆر لە جاشەکان کوژران و پتر لە ١٤٠٠ کەسیان بەدیل گیران و بەشێکیشیان لەگەڵ فەرماندەکانیان پەنایان بۆ

مۆڵگەکانی سوپا برد. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (حکومەتی بەعس یەک ساڵ شەڕی ئێمەی کرد و سودێکی زۆری لە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و ئەوانی تر وەرگرت کە لەگەڵ حکومەت بوون، بەڵام نەیانتوانی شۆڕشی کوردستان تێکبشکێنن، لەبەر ئەوە، حکومەت گفتوگۆی لەگەڵ کردین. لەکاتی گفتوگۆکاندا هەندێک پەلامار و شەڕ هەبوو، هێزەکانی پێشمەرگە لەکاتی گفتوگۆکان و پێش ئەویش هەندێک شەڕیان لەگەڵ ئەو تاقمە کرد. حکومەت کاتی وتوویژەکان، دەستی لە مام جەلال و ئەوان بەردا و ئەوان تێگەیشتن کە حکومەت لەگەڵ ئێمە ڕێکدەکەوێت، لەبەر ئەوە ژمارەیەکیان گەڕانەوە ڕیزی شۆڕش و ئەوانەی مابوون کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی پێشمەرگە و بەشێکی زۆریان هاتنەوە ڕیزی شۆڕش و خۆیان تەسلیم کرد و ژمارەیەکیشیان بەدیل گیران.)

سەبارەت بەئاکامی ئەو شەڕانە، مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ٣٧- ٣٨ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(عەلی عەسکەری بروسکەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسیی خۆیان لێدا و نووسیبووی: "ئێمە قوربانیی زۆرماندا بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی حکومەت کەچی ئێستە ئەوان دەستبەرداری ئێمە بوون و گورگ خواردیان کردین. چارەی دۆخە بکەن. بارەکە زۆر خراپە و کارەکە بەتەواوی لە دەستی ئێمە دەرچووە.)**

لە دۆڵی خەلەکان لیوای ٢٧ی سوپای عێراق ویستی بەرگریی لە جاشەکان بکات و دوای تێکهەڵچوونێکی بچوک لەنێوان چەکدارەکانی ئەو لیوایە و پێشمەرگەکان، شەڕەکە کۆنترۆڵ کرا. هەروەها لە ڕەوتی شەڕەکاندا، سەدام حوسێن ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢٥ ئەم بروسکەیەی خوارەوەی ئاراستەی ئیدریس بارزانی کرد:

لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە

زۆر نهێنی و بەپەلە **١٩٧٠/١/٢٥**

بۆ ئیدریس بارزانی

لە بەیەک گەیشتنەکەی نێوان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەلا مستەفا بارزانیدا، جێگر داوای لە بارزانی کرد کاری سوپایی لە دژی هێزە نانیزامییەکان بوەستێنن کە لە قۆناغەکانی شەڕ لەگەڵ سوپادا کاریان کردووە. ئەو زانیارییانەی لامانە بە جەختەوە وا دەگەیەنن کە دەستدرێژی بۆ سەریان لەلایەن تاخمی بارزانییەوە بەردەوامە. تکایە وریابن کە ئەمە کۆسپ دێنێتە ڕێی ئەو هەوڵ و تەقەللایەی بەنیازی گەیشتن بە چارەسەریەکی ئاشتییانەی پرسی کورد دەدرێ. حکوومەتی عێراق وای دادەنێ هەموو ئەوانەی شان بەشانی سوپای عێراق جەنگیون، حکومەت و سوپا بەرپرس دەبن لە پارێزگاریی کردنیان.

لە وەڵامی ئەو بروسکەیەی سەدام حوسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقدا، ئیدریس بارزانی لەو بروسکەیەی خوارەوەدا پێیراگەیاند:

بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لە ئیدریس بارزانییەوە

بەپەلە **١٩٧٠/١/٢٧**

بروسکەی ڕۆژی ١/٢٥ تانم شەوی ٢٦- ١/٢٧ پێگەیشت. پاکتاوکردنی تاخمی تاڵەبانی کە ئێمە بە سوود لێوەرگریی شەڕ و وێرانکەر و کۆسپی ڕێگەی سەرخستنی گفتوگۆیان دادەنێین، بەش بەحاڵی ئێمە یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان. متمانەی ئاڵوگۆڕ کراوی نێوان ئێمە و ئێوەش، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بەم پاکتاوکردنەوە هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا و لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گفتی دەست نەبردن بۆ ئەمانەمان نەداوە، بەدەنگ برووسکەکەتانەوە هاتین و ڕێنوێنیمان دەرکرد کەوا دەستیان بۆ نەبردرێت تا وەفدەکەی ئێوە دێت، ئەوکاتە بە درێژی لە پرسەکە دەدوێین. کشانەوەی ئەم تاخمانە لە گشت ناوچەکانی لێککەوتن زۆر پێویستە بۆ دابینکردنی ڕوونەدانی پێکدادان و پابەندبوونی تاخمی ئێمە بەم ڕێنوێنییەوە بە شێوەیەکی هەمیشەیی.

لەنێوان ڕێککەوتن و هەڵگیرسانەوەی شەڕدا

ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢٨، وەفدێکی حکومەت بە سەرۆکایەتی فەریق ڕوکن حەردان عەبدولغەفار تکریتی و ئەندامەتی عەبدولخالق سامەڕایی، عەبدوڵا سەلوم سامەڕایی، مورتەزا حەدیسی، سەعدون غەیدان، سەمیر عەزیز نەجم، عەمید ڕوکن ئیسماعیل تایە نەعیمی، عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعیدی بەڕێوەبەری بزواتگەی سوپا، عەبدولفەتاح زڵتی ڕاوێژکاری یاسایی و ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی "خەڵکی سوریا"، کە مامۆستا عەزیز شەریف و فوئاد عارفیان لەگەڵ بوو، گەیشتنە ناوپردان. حەردان عەبدولغەفار ئەو کەسە بوو کە ڕۆژی ١٩٦٩/١/١١ تەرمی شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ نوێنەری خۆی بە هێلیکۆپتەر گەیاندەوە بۆ بارزان. بەم بۆنەیەوە، بارزانی زۆر بە گەرمی وەریگرت.

کاتێک وەفدی حکومەت گەیشتە ناوپردان، ئیتر کێشەی جاشەکانی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد بەکۆتا هاتبوو، لەبەر ئەوە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر نەکرا. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە وەردەکارییەکانی ڕێککەوتن دەکرا کە عەبدوڵا سەلومە هەڵیدایە و گوتی: **(کەرکوک کوردستان نییە، کێ دەتوانێ پێچەوانەی ئەم قسەیە بسەلمێنێت؟)**

لە بەرامبەریدا بارزانی کە خۆی بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کردبوو، بە توڕەییەوە وەڵامی سەلومەی دایەوە و گوتی: **(من دەڵێم کەرکوک کوردستانە! خۆت لەوە بپارێزە کە بڵێت کەرکوک کوردستان نییە، بڵێ: ئێمە داگیرمان کردوە. تا کوردێک لە کەرکوک بمێنێ، کەرکوک کوردستانە. زۆر باش بزانە ئێمە بەهیچ جۆرێ دەستبەرداری کەرکوک نابین.)**

هەڵوێستی بارزانی، عەبدوڵا سەلومە و ئەندامانی وەفدی عێراقی پەرێشان کرد و بەمەش دۆخی کۆبوونەوەکە شڵەژا و بۆ ماوەی نزیک بە دوو کاتژمێر وەستا. دوای هێوربوونەوەی ئەندامان سەرلەنوێ دەست کرایەوە بە گفتوگۆ و خاڵەکانیان شیکردەوە و لەسەر زۆربەیان ڕێککەوتن. وەفدی حکومەت ڕۆژی ١٩٧٠/١/٣٠

گەڕایەوە بۆ بەغدا و بڕیار درا ڕۆژی ١٩٧٠/٢/٣ وەفدی شۆڕش بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکان بچێتە بەغدا.

هێشتا وەفدی حکومەت لە ناوپردان بوو کە "یڤگینی پریماکۆڤ" ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢٩ گەیشتە لای بارزانی و نامەیەکی لە پێوەندیی لەگەڵ ڕێککەوتن لە کرێملینەوە پێبوو. ناوبراو ڕۆژی ١٩٧٠/١/٣١ گەڕایەوە بۆ بەغدا.

ڕۆژی ١٩٧٠/٢/٣ وەفدێک بە سەرۆکایەتی دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئەندامەتی ئیدریس بارزانی، نوری سدیق شاوەیس، محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان "سامی"، نافیز جەلال. موحسین دزەیی و دارا تۆفیق بەرەو بەغدا وەڕێکەوتن. ئەو وەفدە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە بەغدا مایەوە. کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت کەم جۆش و خرۆش بوو. وەفدی حکومەت کۆبوونەوەکەی بەجددی وەرنەگرت و وەفدی کوردیش ناچار بوو ڕۆژی ١٩٧٠/٢/٨ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

ئەندامانی وەفدەکە ڕاپۆرتی کەش و هەوای کۆبوونەوەکانیان ئاراستەی بارزانی کرد و گوتیان لەو ماوەیەدا هیچ بەرپرسێکی گەورەی حکومەتیان نەبینیوە. ناکۆکیی و توندوتیژیی لەنێوان سەرکردەکانی حیزبی بەعس پەیدابووە و ئاکامیان لە کۆبوونەوەکان وەرنەگرتووە. ئەو دۆخە تا دواڕۆژەکانی مانگی شوباتی ١٩٧٠ بەردەوام بوو، و لە نزیکەوە هەست بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەکرا. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

– (بەرلە ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازار، ئێمە بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ حکومەت لە گفتوگۆدا بووین. سێ مانگ لەو شەش مانگە بەشێوەی ناڕاستەخۆ بوو، بەهۆی سۆڤیەتییەکان، بەهۆی عەزیز شەریف، بەهۆی کەسایەتی لابەلا و میسرییەکانیش دەوریان تێیادا دی، بۆ ئەوەی کە زەمینەی گفتوگۆ خۆش بکەن. لە کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٦٩ گفتوگۆکان ڕەسمییەتیان پەیدا کرد. "سەمیر عەزیز نەجم"یان نارد کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس بوو. ئێمەش شەهید دارا تۆفیقمان نارد و لەوێوە گفتوگۆکان بەڕەسمی دەستی پێکرد. لە شەوی سەری ساڵ،١٩٦٩/١٢/٣١ وەفدێکی گەورەی ئەوان هاتن بۆ ناوپردان و کاغەزێکی ئەحمەد حەسەن بەکریان هێنابوو بۆ مەلا مستەفا و دوای حەوتوێک ئێمەش وەفدێکمان

پێکهێنا کە حەوت کەس بووین و من سەرۆکایەتی وەفدەکەم دەکرد. چووین بۆ بەغدا و ئیتر هاتووچۆیەکان بەردەوام بوون. ئەگەر دەمانویست باس لە خاڵی بەهێز بکەین، وەفدەکەمان بەهێزتر دەکرد و کاک ئیدریس و کاک مەسعودیش لەگەڵمان دەهاتن بۆ بەغدا و هاوکارییان دەکردین. لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٠ لەسەر جوغرافیای کوردستان لەگەڵیان تێکچووین. ئەوان دەیانگوت: ئۆتۆنۆمی تەنیا بۆ میللەتە و بۆ خاک نییە و ئەو خاکە، خاکی عەرەبە کە ئێمە لەگەڵیان تێکچووین و گەڕاینەوە کوردستان. بیست ڕۆژ لە کوردستان بووین و هیچ پەیوەندیمان لەگەڵیان نەما، لەپاش ئەو بیست ڕۆژە، سەدام حوسین لەگەڵ وەفدێکی زۆر گەورە هاتن بۆلای مەلا مستەفا و سێ شەو و سێ ڕۆژ لەلامان مانەوە و ئیتر لەسەر بەیاننامەکە ڕێککەوتین.)

ڕێککەوتنی ١١ی ئادار

پاش گەڕانەوەی وەفدی کورد بۆ کوردستان، حکومەتی ناوەندیی لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆی مایەوە کە ئۆتۆنۆمی بۆ میللەتە و بۆ خاک نییە و کوردستان خاکی عەرەبە. لەبەر ئەوە بۆ ماوەی نزیک بە بیست ڕۆژ پێوەندی نێوان حکومەت و شۆڕش پچڕا و هیچ هەواڵێک لە حکومەت و ڕێککەوتنی لەگەڵ کورد نەبوو. بە پێچەوانەوەش دەنگۆی خۆئامادە کردنی سوپای عێراق بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ، زمان بە زمان دەگەڕا و چەند تێکهەڵچوونی بچووکیش لەنێوان چەکدارەکانی سوپا و پێشمەرگەدا ڕوویدا کە پێشمەرگەکان بە ورەی شۆڕشگێڕانەوە وەڵامی دوژمنیان دایەوە.

کوردستان بەو شێوەیە لەنێوان شەڕ و ئاشتیدا بوو کە ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٢ خالید عەبدولحەلیمی پارێزگاری هەولێر و حوسین شێروانی بەڕێوەبەری پۆلیس و عەبدولجەبار دلێمی بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای هەولێر گەیشتنە ناوپردان. دلێمی ئەو کەسە بوو کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا و گوتم پاراستنی پارتی بە مۆڕس و ژمارە کۆدێکی تایبەت پێوەندی پێوە دەگرت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٤١ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (مەبەستم بوو بەرلەوەی کۆبوونەوەی ڕەسمی لەگەڵ پارێزگار دەست پێ بکات، بەتەنیا لەگەڵ ئەو کۆببمەوە. لێمپرسی: ڕژێم چی لەژێر سەردایە، نیازی چییە؟ وەڵامی دایەوە: پرسەکەی گیروگرفتی زۆری تێکەوتووە. پارێزگار بۆ ئەوە هاتووە دوا ڕای بارزانی بزانێ، ئاخۆ هەر لەسەر گفتەکەی خۆیەتی و ئامادەیە بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتننەکە، یا لێی لاداوە؟ ئەگەر هێشتا هەر سوور بێ لەسەر ڕێککەوتن، ئەوا وەفدێکی حکومەتی ئامادەیە بێت و بۆ ئەوەی دەست پێداهێنانی دواجار بخەنە سەر ڕێککەوتننامەکە.)

مەسعود بارزانی وتەکانی عەبدولجەبار دلێمی گواستەوە بۆ بارزانی و ئەویش لەگەڵ پارێزگای هەولێر و یاوەرانی کۆبۆوە و هاودەنگی لەگەڵ کردن کە دەست

بەگفتوگۆ بکرێتەوە. بارزانی بە خالید عەبدولحەلیمی پارێزگاریی گوت: **(ئێمە هەر لەسەر ڕاکەی پێشوومانین، لەوەمان لانەداوە کە پێویستە بگەینە چارەسەرییەکی بەئاشتی.)**

خالید عەبدولحەلیمی بەو پەیامەی بارزانییەوە گەڕایەوە بۆ هەولێر و ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٧ لەو نامەیەی خوارەوەدا بۆ بارزانی، ئاگاداری کردەوە کە پەیامەکەی گەیاندوە و ئەگەر ڕازی بن، ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٩ وەفدێکی باڵای حکومەت بە سەرۆکایەتی سەدام حوسین دێت بۆ کوردستان. ئەمەش دەقی نامەی پارێزگای هەولێر بۆ بارزانی:

هەولێر ١٩٧٠/٣/٧

سڵاو و سۆزم

هیوام وایە تۆش و برایانیش هەموو چاک و تەندروست و سەرکەوتوون مادام بۆ چاکەی گەلی کورد تێدەکۆشن کە ئارەزوومەندی ئاشتی و هێمنییە و یەکەتی خاکی عێراقتان دەوێ.

برای خاوەن فەزڵم. هەموو هەستی بەخشندانەتانم گەیاندە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەو ئەنجومەنەی باوەڕی بەپێویستی دوایی پێهێنانی شەڕی براکوژی هەیە بەجۆرێ کە هیواکانی گەلی کورد بهێنێتەدی و یەکەتیی عێراق و پێشکەوتنی بپارێزێ، هەفتەی دادێ وەفدێک لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە سەرتان لێدەدا بۆ دوایی پێهێنانی دواقۆناغی پرسەکە و مژدەی خێری پێیە. بەڕێز سەدام حوسێن حەزدەکا، ئەگەر تەندروستی ڕێی بدا، لە چوارچێوەی وەفدەکەدا بێت. لە کۆتاییدا، لە ناخی دڵمەوە داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و بەپێویستی سەرشانی دەزانم سوپاسی ئەو پێشوازیی و میوانداریەتان بکەم .

سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێ

دڵسۆزتان: خالید عەبدولحەلیمی ١٩٧٠/٣/٧

بارزانی دەستبەجێ وەڵامی نامەی خالید عەبدولحەلیمی دایەوە و ئامادەیی سەرکردەکانی شۆڕشی بۆ پێشوازیی کردن لە وەفدی حکومەت بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن دەربڕی. ئەمەش دەقی نامەکەی بارزانی بۆ پارێزگاری هەولێر:

سیادەتی برای خاوەن فەزڵ خالید عەبدولحەلیمی ڕێزدار

سڵاوێکی برایانەی بێگەرد

هیوای تەندروستی تەواو و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لەو هەوڵە خێردارەتان کە لە پێناوی چاکەی گەلی عێراقدا، بەهەموو نەتەوەکانییەوە، دەیدەن.

برای ئازیز!

نامە بەخشندانەکەی ١٩٧٠/٣/٧تانم وەرگرت و لەوەی تێیدا نووسرابوو ئاگادار بووم. دەمەوێ بۆتان ڕوون بکەمەوە کەوا ئێمە ئەوپەڕی ئامادەییمان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو برایانی دڵسۆزدا بەشداری بکەین بۆ گێڕانەوەی ئارامی و ئاشتی بۆ نیشتمانی خۆشەویستمان و دوایی پێهێنانی گیروگرفتەکە بەو شێوەیەی کە چاکە بۆ گەلی عێراقمان بە عارەب و کوردەوە دابین بکات. زۆریشمان پێخۆشە برایانمان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بێن بۆلامان و پێخۆشحاڵیمان زیاتر دەبێ بەوەی کە برای بەخشندەمان سەدام حوسێن تشریف بهێنێ بۆلامان و ئێمە چاوەڕوانیانین.

لە کۆتاییدا تکام ئەوەیە سەلامی بێگەرد و قەدرزانیمان لە هەوڵ و تەقەللای خێرخوازانەتان قبووڵ بفەرموون. سەلام و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێ.

براتان: مستەفا بارزانی

١٩٧٠/٣/٧

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٩، سەدام حوسێن لەگەڵ وەفدێکی حکومەت کە لە عەبدولخالق سامەڕایی، سالح مەهدی عەماش، مورتەزا حەدیسی، تاریق عەزیز، ئیسماعیل تایە نەعیمی، محەمەدعەلی سەعید پێکهاتبوو لەگەڵ فوئاد عارف و عەزیز شەریف گەیشتنە ڕەواندز و لەلایەن حەبیب محەمەد کەریم، دوکتۆر مەحمود عوسمان، سالح یوسفی، نوری سدیق شاوەیس و مەسعود بارزانییەوە پێشوازیی کران و پێکەوە چوون بۆ ناوپردن.

دوای خواردنی فراوێن، وەفدی کورد و حکومەت کۆبوونەوە. کۆبوونەوە تا کاتژمێر ٢٤:٠٠ی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو و ڕۆژی دواییش لە کاتژمێر ٠٩:٠٠وە تا درنگایەکی شەو گفتوگۆکان بەردەوام بوون. کاتژمێر ٢٣:٠٠ی ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٠ بەڵگەکان بۆ ئیمزا ئامادەکران و بارزانی و سەدام حوسین بەڵگەکانیان واژۆ کرد و ڕێککەوتنەکە بەناوی **"ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠"** لە مێژوودا جێی گرت. بۆ زانیاریی پەیداکردن لەسەر ئەو دیکۆمێنتە، بڕواننە کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول.

ئیمزاکردنی ئەو بەڵگە مێژووییە کە نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژوودا دەستی پێگەیشت و یەکێک لە چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەشێوەی یاسایی قبووڵی کرد، کوردی گەیاندە قۆناخێکی نوێی ژیانی سیاسییەوە. بەو ڕێککەوتنە، کوردی ئەم بەشەی کوردستان لەسەر خاکی خۆی بە بەشێک لە مافە نەتەوەیی و یاساییەکانی خۆی گەیشت. دەوڵەتی عێراق قەبووڵی کرد کورد نەتەوەیە و لەسەر خاکی خۆی لە مافەکانی بێبەش و زوڵم لێکراو بووە. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ نەتەوەی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا، بۆ سەرکردایەتی شۆڕش، بۆ پارتی دیموکرات و بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە بەدڵ و

گیان لە پشت مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکیان بوون. ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، جاشە خۆفرۆشەکانی هۆشیار کردەوە کە لە کردەی خۆیان واز بێنن و بگەڕێنەوە ڕیزی گەل و چێتر خوێنی ڕۆڵەکانیان بۆ دوژمن نەڕێژن.

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١ سەدام حوسێن و یاوەرانی لەگەڵ وەفدی شۆڕشی کوردستان کە لە دوکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، نوری سدیق شاوەیس، ئیدریس بارزانی، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی"، موحسین دزەیی، دارا تۆفیق و مەسعود بارزانی پێکهاتبوو، گەڕانەوە بۆ بەغدا. بارزانی بە چوونی ئیدریس و مەسعود بارزانی ڕازی نەبوو، بەڵام لەسەر داوا و پێداگریی سەدام حوسێن و یاوەرانی ڕەزامەندیی پێشاندا. لەم بارەیەوە بەڕێز مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٤٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (سەدام و ئەو شاندەی لەگەڵی بوون زۆر جەختیان لەسەر بارزانی کرد من و ئیدریسیش لەگەڵ شاندەکە بنێرێ بۆ بەغدا تا لەو ئاهەنگانەدا بەشداربین کە بەبۆنەی ڕێککەوتنەکەوە دەکرێن. بارزانیش بەناچاری ڕەزامەندی پێشاندا چونکە حەزی دەکرد بڕۆێن، ئیتر ئێمەش کەوتینە پاڵ وەفدەکە. بارزانی بۆ ماڵاوایی و بەڕێکردن تا بەرزێوە لەگەڵ وەفدەکە هات. پاشان لەگەڵ من و ئیدریس وەلاکەوت و پێی وتین: ئاگاتان لەخۆتان بێ و وریا بن. لەخۆتان بایی نەبن و بێ فیزی پێشان بدەن و زیرەک بن و لەگەڵ هەموو کەس ڕووخۆش بن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئەو کەسانە لە چ پایە و پلەیەکدان.)

کاتژمێر ٢٠:٠٠ "هەشتی شەو"ی ١١ی ئادار، ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق، دەقی ڕێککەوتننامەکە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ خوێندەوە و دوکتۆر مەحمود عوسمانیش پەیامی بارزانی خوێندەوە. بە بیستنی پەیامی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار زۆربەی خەڵکی بەغدا بە عەرەب و کورد و نەتەوەکانی ترەوە بە بەرگی ڕازاوە، ڕژانە نێو شەقامەکانی بەغدا و بە شایی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی گوتن، پشتیوانی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە کرد.

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٢، ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و حکومەت، جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی بەغدا و دەوروبەری بە عارەب و کورد و کریستیان و تورکمان لە گۆڕەپانی ئازادی "ساحة التحرير" کۆبوونەوە. داوایان لە وەفدی کوردییش کردبوو کە بێتە ئەو گۆڕەپانە. کاتی هاتنی ئوتۆمبێلی وەفدی کورد، خەڵکی کۆبۆوە لە گۆڕەپانەکە و دەوروبەری، بە گوڵباران و شیرینی پێشوازییان لە وەفدی کورد کرد. ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی خوێندەوە و دوکتۆر مەحمود عوسمانیش پەیامی بارزانی پێشکەشی بەشداران کرد.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە وەفدی شۆڕشی کورد لەسەر بانگهێشتی سەرکۆمار چوو بۆ کۆشکی کۆماریی. لە سەرەتادا ئەحمەد حەسەن بەکر، سەدام حوسێن و وەفدی کوردیی لە یەکێک لە ژورەکانی کۆشک کۆبوونەوە. لەوێ ئیدریس بارزانی خەنجەرێکی بارزانی باوکی بە دیاریی پێشکەشی ئەحمەد حەسەن بەکر کرد و پێی گوت: **(خەنجەر لای گەلی کورد نیشانەیەکی پیرۆزە. پێشکەش کردنی ئەم خەنجەرە بەتۆ ئەوە دەگەیەنێ کە چەکی پێشمەرگە لەمڕۆ بەدواوە تەرخان دەبێ بۆ داکۆکی کردن لە سەرجەمی گەلی عێراق.) لەوکاتەدا فرمێسک زایە چاوەکانی سەرکۆمارو ئەویش و لە وەڵامیدا گوتی: (ئەم ڕۆژە لە بەختیارترین ڕۆژەکانی ژیانی منە.... سێ کوڕم هەیە و محەمەد ئازیزترینیانە لام و من پێشکەشی دەکەم بە بارزانی.)**

دوای ئەو گفتوگۆیانە، سەرکۆمار، سەدام حوسێن و ئەندامانی وەفدی کورد چوونە هۆڵی پێشوازیی کردنی میوانان. ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شوڕش، کاربەدەستە گەورەکانی حکومەت، فەرماندەکانی باڵای سوپا و چەندان کەسایەتی مەدەنی، ڕۆشنبیر، هورنەریی و سیاسیی وەک عەزیز محەمەد سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعی عێراق و محەمەد مەهدی جەواهیری شاعیری ناوداری عەرەب و چەند باڵێوزی وڵاتانی بیانی بۆ ئەو ئێوارەخوانە بانگهێشت کرابوون. هەموو لایەک خۆشحاڵیی خۆیان لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار دەربڕی، لەو ڕێوڕەسمە و بەدوای ئەودا چەندان نامە و بروسکەیان ئاراستەی بارزانی کرد، وەک: نامەی محەمەد مەهدی جەواهیری و نامەی لیۆنید برژنێڤ سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت و نامەی جەمال عەبدولناسر سەرکۆماری میسر.

نامەی پیرۆزبایی محەمەد مەهدی جەواهیری.

بەغدا ١٩٧٠/٣/١٢

محەمەد مەهدی جەواهیری

گەورەی خەباتکار سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا مستەفا بارزانی پڕشان و شکۆ.

سڵاوی بێگەردی خۆمت پێشکێش دەکەم و پیرۆزبایی لەناخی دڵەوە لەم ڕۆژە مێژووییەدا، ڕۆژی چارەسەکردنی پرسی کورد کە بوو بەتاجی سەری خۆڕاگریتان لەپێناوی هێنانەدی ئاواتەکانی گەلی مەزنی کورد و لە ڕێگەی بەرجەستە کردنی مرازە پیرۆزەکانیدا بە بەسەرچوونی چەندین سەدە لە خەباتی سەخت و ژانی قورس و قوربانیدانی فرە بەهەرچی کە گەلێکی ڕیشەداکوتاوی خاوەنی مێژوویەکی پڕلە قارەمانی و لێشاوکردوو لە ئازادیەتی، هەیبێ.

ئەی گەورەی خەباتکار و سەرکردەی ئەزموونديدە تۆ لە ئیمان و باوەڕتدا بە بەدادیی مەسەلەکەت، لەخۆ بۆ ئامادە کردنیدا، لە سووربوون لەسەریدا، لە دانانی ئەم سووریيەتدا لە ئاسمانی سووڕاوی شەونخوونی کێشان و تێژکردنیدا لەسەر سەنگی مەحەکی قوربانی بۆداندا و لە گێژاوی مەینەتی بوردەباریی تاڵدا، لە لووتکەی شەوکەتی لێکردنەوەی میوەی شیرینی سەبرکردندا، تۆ لە هەموو ئەمانەدا بە ڕاستی لەناو سەرکردە تاقانەکاندا تاقانەی.

مێژوو، ئەی گەورەی پێشەوا، هەمیشە، بەڕەوانبێژترین زمان و بە ڕاستترین دەربڕین و بەو هێزەی لێیەوە دەگێڕدرێتەوە و نە ماستاو ساردکردنەوە و نە ساختەکاری دەزانێت، ئەم مێژووە تا بمێنێت، بە درێژایی خۆی پێوەندی بە مەسەلەکانی گەلانی خۆڕاگرتووەوە، بەشان و شکۆ و قارەمانەتییەکانی ئەو گەلانەوە و پاشانیش بە چارەنووسیانەوە و بە سەرکەوتنیانەوە بۆ چڵەپۆپەکانی بەرزی و پشت ئەستووری، هەر لەتۆ دەدوێت و قسەت لێوە دەکات.

ئەمانە، ئەی بەڕاستی پێشەوا! چەند دێڕێکن لە چەند وشەیەکدا، ئەو دێڕانە لە ڕاستیدا، چەند پشتێکی پەستێنراون پێویستیان بەپتر لە کتێبێک هەیە بۆ لێکدانەوەیان و بۆ درێژەپێدان لەبارەی ناوئاخنەکەیانەوە. تۆ بۆخۆت، بە بلیمەتییە تاقانەکەت، بە

درەوشاوەییە پڕ تیشکەکەت، باشترین کەسێکی بزانیت ئەو دێڕانە بەسەر چیدا دادڕاونەتەوە و چیان لە دوو توێدایە و چ ناوئاخنێکیان هەیە و چ واتایەک دەگەیەنن. خوا بەردەوامت بکات وەک هێمایەکی گەشاوە کە بەرپێی ئەوانە ڕوون بکاتەوە بەرەو ئازادی کەوتوونەتە ڕێ و ڕێگەی خەبات و خۆڕاگری و سەرکەوتنیان گرتووەتەبەر. دەسا، گەورەیی بفەرموو، جارەها و بارەها، هەستی هاتووە کوڵ و سۆزی لێشاوکردوو و پیرۆزبایی قووڵ و خۆشەویستیی قووڵم لێ قەبووڵ بفەرموو، گەورەم!

دڵسۆزتان

محەمەد مەهدی جەواهیری (پاشبەندی ٣٧)

هەروەها ئەوەی خوارەوەش نامەی لیۆنید برژنێڤ سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت بۆ بارزانی:

ئەی دۆستی ئازیز مستەفا بارزانی!

بە پێخۆشبوونێکی قوڵەوە ڕێککەوتننامەیەک لەسەر چارەسەر کردنی پرسی کورد بە ئاشتی مۆر کرا. بێگەردترین پێرۆزباییتان بەبۆنەی ئەم دەسکەوتە گرنگەوە پێشکێش دەکەین کە ڕادەیەک بۆ شەڕی درێژخایەنی براکوژی دادەنێ و دەکێشێتەوە بۆ پتەوکردنی یەکەتی نیشتمانی و دۆستایەتی لەنێوان نەتەوەکانی عێراقدا. ئێمە باوەڕمان وایە کە دامەزراندنی ئاشتی و دڵنیایی لە عێراقدا دەرفەت بۆ کورد پەیدا دەکات خۆشیی مافە دیموکراسییە نیشتمانییەکانی خۆی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بچێژی و ئاسۆی لەبار بۆ کارکردنی ماڵ ئاوەدانکەرەوەی بە ئاشتی و خۆشگوزەرانی لە ڕووی کورد و عارەبدا دەکاتەوە. بێگومان ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردانی گیروگرفتی کورد کوتەکێکی پشت شکێن دەسرەوینێتە ئیمپرایالیزم و کۆنەپەرستی کە لە هەوڵی ئەوەدان کەلەبەرێک لەنێوان هەردوو گەلی برادا بکەونەوە. ئێمە هیوای خۆمان دەردەبڕین کەوا ئێوە لە کاتێکدا گیانێکی نیشتمانپەروەرانەی هوشیارانەی لە بەرپرسی نیشتمانی گەیشتووتان لە کاتی گفتوگۆتاندا لەگەڵ حکوومەتدا دەربڕی. بێگومان لە دواڕۆژیشدا یارمەتیی فرەوانکردنی بواری هاوکاری لەنێوان گشت هێزە دیموکراسییەکانی دوژمنی

ئیمپریالیزم لە کۆماری عێراقدا دەدەن. لە پێناوی گەشەپێدان و بۆ پێشەوە بردنی بەردەوامی کۆماری عێراقدا بە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراسیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا

سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت

لیۆنید برژنێڤ (پاشبەندی ٣٨)

بە پێشنیازی ئەحمەدحەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق، ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٣ هەردوو وەفدی حکومەت و شۆڕشی کوردستان پێکەوە سەردانی چەند شاری عێراقیان کرد و لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵک کۆبوونەوە. خەڵکی شارەکان بەجۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لە نوێنەرانی عارەب و کورد کرد. هەنگاوی دوایی حکومەت پێکهێنانی کابینەی نوێ بوو. لەو کابینەیەدا نوێنەرانی کورد بەشێوەی خوارەوە لە وەزارەتەکاندا جێیان گرت:

- ساڵح یوسفی: وەزیری دەوڵەت.
- محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی": وەزیری کاروباری باکور.
- نوری سدیق شاوەیس: وەزیری کار.
- نافیز جەلال: وەزیری کشتوکاڵ.
- ئیحسان شێرزاد: وەزیری شارەوانییەکان.

بۆ جێبەجێکردنی خاڵە پەسەندکراوەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، لیژنەیەکی هاوبەشی ئاشتی لەژێر ناوی "لیژنەی سەلام" لە کاربەدەستانی حکومەت و نوێنەرانی شۆڕش پێکهات کە پێکەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە کار بکەن. ئەندامانی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە: مورتەزا حەدیسی سەرۆکی لیژنە و سەعدون غەیدان، خالید عەبدولحەلیم، شوکری حەدیسی و ئیسماعیل تایە نەعیمی لە بەرەی حکومەت و محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان "سامی"، ساڵح یوسفی، نوری سدیق شاوەیس و نافیر جەلال لە بەرەی شۆڕش. لە ساڵی یەکەمدا، ئەو لیژنەیە توانی هەندێک لە کارەکانی بەباشی ڕاپەڕێنێ وەک: بڕینەوەی موچە بۆ بنەماڵەی پێشمەرگە شەهیدەکان، ١٠ دینار لە مانگدا، قەبووڵکردنی ١٢ بەتالیۆن "هەر بەتالیۆن ٥٠٠ پێشمەرگە" وەک پاسەوانانی سنور و چەککردنی جاشەکان کە لەژێرەوە ژمارەیەک

لە جاشەکانیان هێشتبۆوە. دوای گەڕانەوەی وەفدی شۆڕش بۆ کوردستان، ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنوسی عەرەب، ئەورووپایی، ئەفریقایی، ئاسیایی و وڵاتە سۆسیالیستەکان ڕژانە کوردستان و سەردانی بارەگاکانی شۆڕش و بارەگای سەرکردایەتی شۆڕشیان کرد و هەواڵی جۆراوجۆریان سەبارەت بە ڕێککەوتنی کورد و حکومەت بڵاوکردەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک جاشەکان گەڕانەوە و پەشیمانیی خۆیان ڕاگەیاند و تۆبەیان کرد و داوای لێبوردنیان لە بارزانی کرد. هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش، ئەندامانی سەرکردایەتی بەسەر شار و ناوچەکانی: کەرکوک، موسڵ، سلێمانی، هەورامان، شارەزوور، شارباژێر، دوکان، هەولێر، دهۆک، زاخۆ، شێخان و...تد بڵاوکردەوە کە لە نزیکەوە کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ خەڵک پێکبهێنن و ئاکامی خەبات و ڕێککەوتنەکەیان پێڕابگەیەنن و وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە. لە هەموو ناوچەکاندا، خەڵک بەدڵی فرەوان پێشوازییان لەو نوێنەرانەی خۆیان کرد. لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتیدا، ئیدریس بارزانی چوو بۆ ناوچەی موسڵ و دهۆک و مسعود بارزانی بۆ ناوچەی سلێمانی و کەرکوک. سەبارەت بەهاتنی یەکێک لەو ڕۆژنامەنوسە عەرەبانە بۆ کوردستان، مەجید ئەمین محەمەد سلێمان و ڕەزا خالید لە دوو وتوویژی جیاوازدا گوتیان:

- (بە دوای بەیانی ١١ی ئازاردا فرەنسۆ هەریری ڕۆژنامەنوسێکی میسری لە ڕۆژنامەی "ئەخباری یەوم" هێنابوو بۆلای بارزانی بۆ قەسر و ماکۆس. کابرایەکی بێ موو و کەللە ڕووت بوو. مەلا مستەفا دەستی لەگەڵ دایەوە و ئەو سەری خۆی شۆڕ کردەوە کە دەستی ماچ بکات. مەلا مستەفا دەستی کشاندەوەو نەیهێشت و پێی گوت: چۆن کارێکی وادەکەیێ؟. کابرای ڕۆژنامەنوس گوتی: تۆ ئینسانێکی بەرزی و دیسان ویستی کارەکەی دووپات بکاتەوە کە بارزانی پاڵی پێوەنا و پێیگوت من وتوویژ لەگەڵ تۆ ناکەم. لەوکاتەدا عومەر ئاغای دۆڵەمەری کە پاسەوانی بارزانیی و کابرایەکی شۆخ و قسەخۆش بوو، بۆ گاڵتە، گوتی: ئەوە فرەنسۆ فێری کردوە. فرەنسۆ بە بیستنی ئەو قسەیە پاشەوپاش کشایەوە و هەڵات. کابرای ڕۆژنامەنوس دەستیکرد بەگریان، بەڵام دیسانیش بارزانی ئامادە نەبوو وتوویژی لەگەڵ بکات. تا سەرئەنجام ڕازی بوو، پرسیارەکانی بۆ بنوسێ و ئەویش وەڵامیان بداتەوە.)

تاوانەکان بەردەوامن

دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، گەلی کورد و کاربەدەستان شۆڕش بەو ئاواتەوە بوون کە شەڕ و ئاژاوە لە کوردستان ببڕێتەوە و لە هێزەی پێشمەرگە بۆ چاکسازیی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کەڵکوەربگیرێ و گەشە بە ئابووریی و کشتوکاڵی کوردستان بدەن و برینی دڵی دایکانی شەهید ساڕێژ بکەن. کەچی سێ ڕۆژ دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، سەرلەنوێ ناکۆکییەکان سەریان هەڵدایەوە.

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٤، کەسێک بەناوی جەمال کۆچەر بەهاوکاریی کەسێکیتر بەناوی خالیدی کوێخا ڕەشید کە سەربە نەوشیروان مستەفا لە تاقمی "جەلالییەکان" بوون، نارنجوکێکی دەستیان فڕێدایە قوتابخانەیەکی کچان لە سلێمانی و لە ئاکامدا دوو کچە خوێندکاریان بە ناوەکانی نەشمیل و شنۆی کچی ڕەئوف عارف بریندار کرد. جەمال کۆچەر کە بۆمبەکەی هەڵدابوو، هەڵواسرا و هاوڕێکەشی حوکمی بەندی هەتا هەتایی بەسەردا درا. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ٥١- ٥٢ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بەو ڕووداوە و دوو ڕووداوی مەترسیداری تریش دەکات و دەڵێت:

- (لە ڕۆژی ٣/٢١/ ١٩٧٠دا، کاتێ کە جەماوەری بەغدا ئاهەنگی جەژنی نەوروزیان دەگێڕا. زرتە بۆزەکانی ئەمن کادیری چالاکی شیوعی محەمەد خدریان ڕفاند و بەشێوەیەکی درندانە سزایاندا و لاشەکەیان لە سەدرلقەنات فڕێدا. ئەم تاوانە نیشانەیەکی خراپی ئەوە بوو کە ڕژێم لەژێر سایەی ڕێککەوتننامەی ئاداردا نیازی کردنی چ جۆرە تاوانگەلێکی دەرهەق کەسانی تر هەیە. بارزانی زۆر بەتوندی ناڕەزایی خۆی لەم ڕووداوە دەربڕی.) مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٧٠/٤/١٢، تاخمێک لە جاشەکانی لەتۆ زێباری و محیێ هەرکی بە هاندانی ئەفسەری ئیستخباراتی فیرقەی چوار هێرشیان بردە سەر بارەگای لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا پێشمەرگەیەک

شەهید بوو و دووانیش بریندارکران. ڕێژێم بانگەشەی کرد کەوا کاری توندوتیژی لەئاست دەستدرێژیکەرانەوە کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچی نەکرد.)

هەروەها، سەرۆک مستەفا بارزانی لە نامەیەکدا کە بە مێژووی ١٢ لەسەر ١٩٧٠/١٠/١٣ ئاراستەی عەزیز شەریف وەزیری دادی عێراقی کردوە، پەردەی لەسەر بەشێکی تری ئەو تاوانانە هەڵگرتووە. سەرۆک لە نامەکەیدا دەڵێت: **(دوێنی شەو ١١-١٩٧٠/١٠/١٢، برامان عەبدولوەهاب پارێزگاری هەولێر پێیڕاگەیاندم کە سەرکۆمار پێوەندیی پێوە کردوە و باسی لە گەمارۆ دانی گوندنی "باکرمان"ی سورچییەکان کردوە. هەرچەندە زانیاریمان لەو بارەیەوە نییە، بەڵام بە بروسکەیەک عەلی سنجاری برامان ئاگادار کردۆتەوە کە ئاژاوە لەو نێوەدا نەهێڵێت و کێشەکان چارەسەر بکات. برای بەڕێزم زانیاریمان هەیە کە چەند لایەنێک چەکیان لە بەغدا وەرگرتووە و خەریکی پێکهێنانی ئاژاوەن.)** (پاشبەندی ٣٩)

کاربەدەستانی حکومەت زۆرباشیان دەزانی کە بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش واز لە کەرکوک ناهێنن و کەرکوک بە بەشێکی دانەبڕاو لە کوردستان دەبینن و بەو تێبینییەشەوە لەگەڵ حکومەت ڕێککەوتبوون. کەچی، ئەوان دوای ئەو ڕێککەوتنەش دژی بەکار هێنانی دەستەواژەی "کەرکوک کوردستانە" بوون و لەو گوتنەی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات زۆر توڕە بوون کە دەیانگوت کەرکوک کوردستانە و نەیاندەویست ئەو دەستەواژەیە بۆ کەرکوک بەکار بهێندرێت. تەنانەت سەدام حوسێن جارێک بۆخۆی چوو بۆ ناوپردان و داوای لێکردن لە بەکارهێنانی ئەو ناوە بۆ کەرکوک خۆبپارێزن کە دەبێتە هۆی بریندارببوونی عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە.

تاوانێکی تر کە حکومەتی بەعس سەبارەت بە نەتەوەی کورد کردی، دەرکردنی کوردە فەیلییەکان بوو لە عێراقەوە بۆ ئێران. بەگوێرەی پاسای ڕەگەزنامەی عێراقیی پەسەندکراوی ١٩٢٤، هەموو کوردە فەیلییەکان مافی هەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقیان هەبوو، بەڵام حکومەت یەک بەدوای یەکەکانی عێراق ئەو مافەیان لەو کوردانە زەوتکردبوو. ڕێککەوتنی ١١ی ئادار ڕێگەی بۆ ئەو کوردانە خۆشکرد و ئەوەی لەسەر بەعسییەکان کردە ماڵ کە ڕێز لە مافی کوردە فەیلییەکان بگرن و ڕەگەزنامەی عێراقییان بدەنێ، کەچی پاش تێپەڕبوونی کەمتر لە شەش مانگ بەسەر واژۆکردنی

ڕێککەوتنی ئادارداا، ڕێگە لە کوردە فەیلییەکان گیرا کە منداڵە تازە لەدایکبووەکانیان لە دەفتەری سەرژمێرییدا تۆمار بکرێت. هەروەها چونکە ڕەگەزنامەی عێراقییان نەبوو، مافی تاپۆ کردنی مامەڵەی موڵک گواستنەوەیان پێنەدان و لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١شدا کۆمەڵێکی زۆریان لێ گواستنەوە بۆ دەرەوەی سنوری عێراق و بە جلوبەرگی بەریانەوە ڕەوانەی ئێرانیان کردن و نەیانهێشت دارایی و سامانی خۆیان بەرن.

ڕژێمی بەعس بە دوو مەبەست ئەو تاوانەی لەگەڵ کوردە فەیلییەکان ئەنجامدا. یەکەمیان ژمارەیەکیان هاتبوونە ڕیزی شۆڕش و ویستی ئەو کوردانە کە بە ئایین شیعە بوون لە گەلی کوردی عێراق دابڕێت و بە خەیاڵی خۆی شۆڕشی کوردستانیان پێ لاواز بکات و دووەم ئەو کوردانە کە زۆربەیان بازرگان و دەوڵەمەندی مەزنی بەغدا بوون، ماڵ و سامانیان داگیر بکات.

کۆنگرەی هەشتەمی پارتی و گەڕانەوەی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ڕیزی شۆڕش

ئەو گۆڕانکارییانە نەتەوەی کوردی گەیاندە قۆناخێکی نوێی ژیانەوە، لەبەر ئەوە پارتی دیموکراتیش پێویست بوو بەسەر پێڕەو و پڕۆگرام و سیاسەتی دواڕۆژی خۆیدا بێتەوە. بەم مەبەستە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات بڕیاریدا کۆنگرەی هەشتەمی خۆی پێکبهێنێت، بەڵام چونکە لەو هەلومەرجەدا نەیتوانی کۆنفرانس پێکبهێنێت و ئەندامانی نوێنەری کۆنگرە لە کۆنفرانسەکانەوە هەڵبژێرێ، ئەندامانی کۆنگرەی هەشتەمی بەگوێرەی کار و چالاکیی ئەندامان، بە شێوەی بانگهێشت بەشداریی کۆنگرەکە کرد. کونگرەی هەشتەم ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١ بە بەشداریی ٤٨٨ نوێنەر و چەند نوێنەری میوان وەک: نوێنەری حیزبی شیوعی عێراق، نوێنەری حیزبی بەعسی عێراق و نوێنەری ڕێکخراوی ئازادییخوازی فەلەستین و لە جەوێکی دیموکراتییدا پێکهات. کۆنگرە پێڕەو و پڕۆگرامی نوێی پەسند کرد و بە دەنگی هەموو ئەندامانی، بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژارد و ئەم ٢١ ئەندامانەی خوارەوەشی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی حیزب هەڵبژارد:

– حەبیب محەمەد کەریم، نوری سدیق شاوەیس، ساڵح یوسفی، ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵا، عەزیز ئاکرەیی، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی" دوکتۆر مەحمود عوسمان، هاشم ئاکرەیی، عەلی شەنگاری، عەبدولوەهاب ئەتروشی، عەبدوڵا سۆران، دارا تۆفیق، فاخیر میرگەسۆری، فارس باوە، ڕەشید سندی، شەکیب ئاکرەیی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، سدیق ئەفەندی و زەکیە ئیسماعیل حەقی. هەروەها ئەم ئەندامانەش بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران: ڕەشید عارف، عەلی هەژار، نوعمان عیسا، شێخ ڕەزا گوڵانی، جرجیس فەتحوڵا، محەمەد مەلا قادر، شەعبان سەعید، حەمید بەرواری و عەبدولقادر عەزیز.

ئاڵوگۆڕەکانی دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، ستروکتوری تاقمی ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵوەشاند. لە لایەک حکومەت بایەخی پێنەدەدان و لەلایەکی تردا لەنێو خەڵکدا وەرنەدگیران و بە جەلالیی و جاشی ٦٦یان ناودەبرن. لەبەر ئەوە، داوایان کرد بەو

مەرجەی بارزانی لە ڕابردوویان خۆشبێت، ئەوان ڕیزی حکومەت بەجێدێڵن و دەگەڕێنەوە ڕیزی پارتی دیموکرات و شۆڕش. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٥٨ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (کەسێک بەناوی ڕەشید هاتبوو بۆ بارەگای لقی چوار و داوای دیتنی منی کردبوو. منیش محەمەد عەزیزم نارد بزانێ چی دەوێ، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو هیچی بۆ باس بکات و سووربوو لەسەر ئەوەی دەبێ من خۆم ببینێ. منیش بانگم کردە لای خۆم. پێی وتم: جەلال و تاخمەکەی منیان ناردووە تا بە زمانی ئەوانەوە پێتان بڵێم دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ باوەشی شۆڕش و هیوایان وایە بارزانی لێیان خۆش ببێ.)

مەسعود بارزانی دوای گەڕانەوەی بۆ حاجی ئۆمەران، پەیامی ڕەشید بە بارزانی دەگەیەنێت و داواشی لێدەکات، ڕەزامەندی لەسەر ئەو داوایە بدات و لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: **(بارزانی بەشێوەیەکی سەرەتایی ڕەزامەندیی خۆی پێشاندا و مەسەلەکەی خستە بەردەمی مەکتەبی سیاسیی پارتی و ئەوانیش پشتگیرییان لە ڕای من کرد.)**

ڕۆژی ١٩٧٠/٨/٧ بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی، دارا تۆفیق و فاخیر مێرگەسۆری پێوەندی بە جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانییەوە دەکەن و ڕۆژی ١٩٧٠/٨/١٥ لەگەڵ تاڵەبانی دەچن بۆ بەغدا. لەوێ هەڤاڵانی ئیبراهیم ئەحمەد کۆبوونەوەیەک ڕێکدەخەن و لەودا بڕیاردەدەن بگەڕێنەوە بۆ نێو شۆڕش و لەم بارەیەوە بەیاننامەیەک بڵاودەکەنەوە.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا دەبابە، عەلی عەسکەری دەچن بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ بارزانی بە بەشداریی حەبیب محەمەد کەریم، دوکتۆر مەحمود عوسمان، فەرەنسۆ هەریری و مەسعود بارزانی لەگەڵیان کۆدەبێتەوە. بەدوای ئەو کۆبوونەوەیەدا، ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی گەڕانەوە ڕیزی شۆڕشی کوردستان، بەڵام دواتر ئیبراهیم ئەحمەد بەڕێگەیەکی تردا دژایەتی شۆڕش و پارتی دیموکرات و سەرۆک بارزانی کرد. دوای ئەو ناپاکییە، تەلەفزیۆنی

کوردستان شریتێکی لە گفتوگۆکانی ئەو کۆبوونەوەیە بڵاوکردەوە کە ئاماژەم بۆ کرد، ئەمەش دەقەکەی:

بارزانی: ئێستا نە خراپەی تۆ و نە چاکەی تۆ لەگەڵ منا نییە، لەگەڵ قەومی تۆیە، لەگەڵ قەومی خۆتا ئەگەر خیانەتت فڕێدا مومکنە خزمەت بکەی، ئەگەر خیانەتیشت هەرپێیە ئیتر خیانەتی‌تریش بکەی کەیفی خۆتە و لە زەرەری میللەکەتە. ئەوەی لەسەر شانی ئێمەیە موقابیل ئەم شەعبە ئەوەمان زانی کە عەفوو بدەین کە مەجال ندەدین بە کەسێک بڵێ خەتای ئەمانە بوو، ئێمە کوردبووین و ئیشدەکەین، بەڵام مەجالی ئێمەیان نەدا، یان ئێمە حەز دەکەین ئیش بۆ میللەتی خۆمان بکەین و مەجالی ئێمەیان نەدا. ئەوە تەسەور مەکەن، با زۆر خۆمان لە بەرامبەر مەسڵەحەتی میللەتدا بە هیچ نەزانین، ئەوەی مەسڵەحەت بێ ئێمە خزوعی بۆ دەکەین، حەقمان نییە چ لە مەسڵەحەتی میللەتی خۆمان بێ خزوعی بۆ نەکەین لەهەر حالێک، مەسڵەحەت چ بێ، زۆر کەم ئەڵێین ئەوانەی ڕۆیشتن و کوڕی فلان و فلان کە حەیاتی خۆیان بەخشی، گەیشتینە ئەم حاڵە، لە سایەی ئەوانەوە ئێستاش لە لوتفی ئیلاهی و لە سایەی ئەو کوڕە ئازایانەوە کە بە هەزاران حەیاتی خۆیان بەخشی، گەیشتینە ئەم حاڵە، ئەم حاڵەتەی ئەگەر میللەتی کورد بۆخۆی ببێ و ئیشی خۆی بکات و مەجال بە دوژمن نەدا، مومکنە بۆخۆی ئەو ئەساسە کە هەیە لەسەری بینای لێ بکات، ئەگەر خۆشی نەبێت، جا ئەمێنێتەوە لەسەر میللەت خۆی هەموو شت و هەموو ئەساس و ڕێگا و عەقلیەت و دروستت بکات. ئەوەی لەسەر ئێمەش بوو، ئێمە بەقەدەر عەقڵی خۆمان، واجیباتی خۆمان کرد. یەکەمیان ئیتفاقی ئازار لەسەر ئەساسی حوکمی زاتی بۆ شەعبی کوردم زامن کرد. دووەم عەفوی عاممااندا تا میللەتی کورد بێتە سەرئیشی خۆی و مەجالی بدرێتێ. ئیتر سێیەمینیان ماوە لەسەر لیاقەتی خۆی. جا خۆتان ئێستا بەچی قەناعەت دەکەن، بەچی ڕازی ئەبن و دڵتان چ دەخوازێ، من لە غەیری حەقی کورد شتێکی ترم نییە.

– ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە دڵمان هەر ئەوە دەخوازێ، ئەوەی تۆ بەباشی ئەزانی ئێستا موراعات نەبێ، ئێمە ئەو برادەرانە کە هاتووین قەولمان بەوانی دیکە داوە کە دەرفەت بێت لە ٢٠ ڕۆژدا لە ١٥ ڕۆژدا کۆیان کەینەوە و ڕەئی نێوان خۆمان و

جەنابتانیان پێ ئەڵێین کە بیکەن بە قەرارێک جا کێ دێ لەگەڵمان دێینە خزمەتت و چۆن ئەفەرمووی وا ئەکەین، کێ نایە، چ کەلێ سەختە بیگرێ، ڕێی پیاوەتی ئەگرێ با بیگرێ و ڕیگای شەڕ و دوژمنایەتیش ئەگرێ، با بیگرێ.

بارزانی: جەلال نەهاتە ئێرە ، ئەو هاتە ئێرە و گەڕاوە. ئەو لە ئەوروپا بەیانێکی دەرکردوە و خەبەری بۆ ئێمە ناردوە کە ئەو بەیانە بەبێ ئاگاداریی ئەو دەرکراوە، ئەدی کێ نوسی؟

ئیبراهیم ئەحمەد: وەڵاهی وەبیلاهی وەتیلاهی، هەرچی سوێندە و ئینسان بروای پێ ئەکا لە ئەرزدا، نە ئاگامان لێبووە و نە ڕەئیمان تیایدابووە.

عومەر دەبابە: نە پێمانخۆش بووە.

ئیبراهیم ئەحمەد: چەند لای ئێوە قسەی پێوتراوە، ئێوە نەقدتان کردوە، ئێمە جنێومان پێداوە و زەلامێکمان بەتایبەت ناردوە تا جنێویان پێبدا. بەڵێ ئەگەر ئەمە سیخوڕی پێ نەکردون، ئەگەر ئەمە دوژمنایەتی کوردی پێ نەکردون، کێ پێی کردون؟ ئەمە قازانجی چی تێدایە؟ دەسەڵاتی ئێوە چییە ئەو ئیش تێک بدەن. لەوە خەریکم ئیشەکە تێک نەدەن، ئەوەی ئێمە قەرارمان پێداوە بچێ خەڵکەکە کۆ بکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەیە ئەو کەسەی کە لە ئیجماعەکە دەربچێ، لە ئەوروپا بێ لە ئاسیا بێ لە ئەفریقا بێ، وەکو دوژمنی کورد سەیری بکەین بەو حیسابەی کە هەتا ئێستاش لەگەڵ ئێمە بووە. ئێمە وامان کرد ئەگینا بە هەموو کەسمان گوتبوو، ئەوەی ئەوروپا بۆ ئەوەی شتی وا بێجێ و ناشیرین و پڕ زەرەر ڕونەداتەوە و نەیکەین و بەدڵ و گیانەوە نایکەین و زۆر زۆر جارێکی دیکەش بەناوی هەموو برادەرانەوە ئەو هەلەی بۆ کوردستان ڕەخساوە، ئەوە فەخرێکە ئیتر بەهەموو حیسابێکەوە بە هەموو مەسئولیەت و غەڵەت و گوناح و خراپەیەوە، ئەو خوێنە لە کورد جارێکی دیکە بەدەستی کورد نەڕژێ، کێ هات لەگەڵمان دێ و کێ نەیەت چ ڕێگایەک بەباش دەزانێ بۆخۆی حەز دەکات، دەبێتە جاش ئەبێ بە ڕەئیس ئەبێ بە بەعس ئەبێ بە هەرچیهەبێ. دەسەڵاتی هیچمان نییە و زۆریش لە کەس ناکەین لەم ئیشەیا. ئەمانەوەی بە ئیختیاری خۆیان هەرکەس خۆی بە ئێمەوە بەستوە بە حیساب تا ئێستە، ئێمە ڕەئی خۆمانی پێدەڵێین. ئێمە خۆمان و ئیشی خۆمان بەو نەوعە لێک

ئەدەین، کێ ڕازییە و لە ڕێی کورددایە حیسابی خۆی لە ڕێی کورددا لەگەڵ ئێمە بووە، ڕێی کورد ئەمەیە، ئەوە نەبووە. مایە ئەو کەسەی کە دێتەوە بۆ خزمەت بە کورد بکات و دیاریش نەکەوێ بۆ کورد تۆ چیت کردوە و ئەو کەسەش چ ناپیاوەتییەکی کردوە و بۆ ئەوەی کردوە، ئەگەر چی بڵێم هەندێ چاکەی هەیە فەقەت هەندێ خراپەشی لێ دروست دەبێ و منافساتی تری لێ دروست دەبێ و شتی لێ دەبێتەوە و وەختی ئەوە نییە. ئێمە بە هەموومانەوە کەمین، جا چ پارچە پارچەش بین. بە هەموومان ئەوەی لە دەرەوەشە کۆیان بکەینەوە و بەشی ئەو ئیشانە ناکات کە لەسەر کوردە بیکات و ئەو ئەرکەی لە پێشمانە و ئەو ڕەنجەی لەسەر شانمانە و ئەو غەڵەتەی کە پێی ئەکرێ، چاکی بکات. لەبەر ئەوە لای ئێمە ئەوە هەیە و ئەوەش ڕەئی من نییە بە تەنیا، ئەگەرچی من قسەکان دەکەم. ئەو سوپاسەشت ئەکەین بۆ ئەو فورسەتەی بۆ ئێمە هەڵتان خست. سوپاسی ئێوە و سوپاسی ئەو هەموو برادەرانەش ئەکەین کە دەستیان هەبوو لەو فورسەتەی هەڵیان خست ئەوە نەمێنێ، وە لامولیە هەموو کوردێکی دڵسۆزیش سوپاس دەکات و سوپاسی ئەو هەمووە کەسانەش دەکات کە ئیشیان کردوە لە نەهێشتنی ئەو کەلێنە کە مومکنە دوژمن بێگومان لێی دەهاتە ژورەوە و دەیەوێ لێی بێتە ژورەوە. ئەوەی عەرزت ئەکەم ئەوەیە نە جەلال و نە غەیرە جەلال و نە هیچ ئینسانێکی دیکە ئەگەر ئەو ڕێیە نەگرێت نە ئەمن و نە عومەر و نە غەیری عومەر بەلای منەوە ئەگەر ئەو ڕێیە نەگرێ، نە کوردە نە پیاوە نە ئینسانە. خۆی چ ڕێیەک دەگرێ، بیگرێ یەعنی ئەو ڕێیە نەگرێ کە خزمەتی کوردی تیایە، لەم ڕۆژانە نەیەتە سەر ئەو ڕێیە ڕاستە، بەلای منەوە پیاو نییە و ڕاست نییە و ساغ نییە و هەرچی پێی وتراوە ڕاستە و بە قەڵسی و ئیسرار کردویەتی. ئەمە قسەکانی منە تا ٢٠ ڕۆژێکی پێناچی، هەتا ئەوەندە بەپەلە بووین، دەبووایە دوانزە و چواردەی مانگ بهاتنایە، ئێستا ئیشەکە بڕابووەوە و وەدواکەوتنیشی نەناز بوو و نە تەعارف. موجامەلات و شتی تر بوو. ترسێکیان هەبوو کە هەندێ جیهات پێی ناخۆش بوو، گوتیان دوو جاش لە سەرەوە تەقەیەک دەکات و کەلێنێکمان دیسان ئەخاتە بەینەوە. کاک عومەر شاهیدە، برادەران لەگەڵم بوون لە ئوتۆمبیلەکە، کاک عومەر بۆخۆی ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی، ئوتومبیل هی

خۆمانە، بە کاک عومەرم وت لە ڕیگادا زۆر هێواش لێ بخوڕە، بۆخاتری خوا لەگەلی عەلی بەگا، خوا نەکا تایەی ئوتومبیلەکە دەربچێ و توشی شتێک بین، دەڵێن موئامەرەیە، با بەسلامەتی بچین و بە سەرکەوتویی و سەلامەت بگەڕێینەوە. نوری ئەحمەی تەهام لە چایخانەکە دیت، گوتی ئەگەر ئەو ئیشە سەری گرت، دەعوەتتان دەکەم، گوتم: دەعوەتەکە بکە و بیخۆین، گوتی بۆ؟ گوتم: ئەو ئیشە سەرکەوتنی تێدا نییە و چۆن دەفەرموێ ئێمە وادەکەین. گوتی دە دینارم بە دزییەوە بدەنێ ئەیکەم بە دەعوەت بۆتان. ئێمە ئەگەر و مەگەری ناخەینێ، چونکە ئێمە بۆ ئەگەر نەهاتووین. ئەوانەش کە لەگەڵ ئێمە بوون، ئەوە ئێمە پێ لەم واقیعە ئەنێین و دێنە ژێر ئەم ئاڵایەوە و لەژێر ئاڵای شۆڕش و پێشەوا مەلا مستەفا ئیش ئەکەین، ئەگەر کوڕی کوردن ئەوە ڕێی کوردایەتی ئەوەیە و ئەگەر هیچن بۆخۆیان چدەکەن هیچ حیسابێک بۆ ئەو ئیشە نیە، با شتێک بنوسرێ، تا کەس ئیدعای شتی تر نەکات.

عومەر دەبابە: کێ ڕازییە ئەوە حیسابە و کێش ڕازی نیە کەیفی خۆیەتی.

ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە خۆمان لەوێ لەو کۆنفرانسەی کە ئێمە قەرارمان وەرگرتووە و لەسەر ئیقراری خۆمان کە بێن دانیشین لێرە و ئەمەمان وەرگرتووە، ئەوەی پێی ئەڵێن مونەزەمات و شتی وا تاقمێک بەخۆیان دەزانن، ئەگەر نەهاتن.

کەمینەیەک لە مەکتەبی سیاسی دژی گەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی بوون و دەیانویست بە تاوانی جاشییەتی و خیانەت بدرێن بە دادگا کە بارزانی پێیگوتن: **(کاتێ ئەوانە جاش بوون، من ڕێم لە کەس نەگرت پەتپەتێنیان پێبکات، بڵام ئێستە کە من بڕیاری خومم بە لێخۆشبوونیان داوە، ڕێگە لەوە دەگرم کەسێک دەستێکی خراپیان بۆ ببات یا ئازاری یەکێکیان بدات. هیچ گومان نییە کە خیانەتەکەیان زۆر گەورە بوو، بەڵام خوا شوکر شۆڕش سەرکەوتووە و ئەوان زەبوون، لێبوردنیش لەکاتی دەسەڵاتدا دەبێت. ئادەی ئێستە بڕیار بدەن کە لێیان خۆش نابن، لێیان گەڕێن بۆخۆیان چیدەکەن بیکەن، بەڵام کە لێیان خۆشبوون، پاش گەڕانەوەیان دەبێ ئەمین بن و ترسی هیچتان نەبێ.)**

دوای گەڕانەوەیان، ئیبراهیم ئەحمەد و منداڵەکانی لە ناوپردان، عەلی عەسکەریی و منداڵەکانی لە گەڵاڵە، عومەر مستەفا دەبابە و منداڵەکانی لە دەربەند و جەلال

تاڵەبانی ماوەیەک لە قەسرێ لە ماڵێکدا لە بارەگای بارزانی مایەوە و دواتر چوو بۆ دەرەوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٦٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (عومەر مستەفا دەبابە و عەلی عەسکەری تەنیا خۆیان پێکەوە هاتن بۆلام و وتیان: ئێمە ئەم هەلە لەدەست نادەین کە لەکیسمان بچێت. هاتووین بێینەوە ناو پارتی و شۆڕش و لە ڕێزیاندا کار بکەین و هەقمان بەسەر کەسی ترەوە نییە و ئەمە بڕیاری ئێمەیە ڕازی نابین ناوی "جەلالی"مان لێ بنرێ و خراپیان لە باری جەلال و ئیبراهیم ئەحمەدەوە وت و ناتۆرەی چڵێسیان لێ نان و تاوانباریان کردن کەوا هەرچی پارە و دارایی جاشە شەست و شەشەکان هەبوو، هەموویان بردووە بۆخۆیان و ئیبراهیم و جەلالیان بەوە تاوانبار کرد کەوا ملیۆنێک و ٤٠٠ هەزار دیناریان هەڵگرتووە بۆخۆیان کە دەکاتە نزیکە ٤ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلار. جەلال چوو بۆ کوەیت و لەوێ بەناوی خۆیەوە لە یەکێک لە بانکەکاندا داینناوە." پاش ماوەیەک جەلال داوای کرد ڕێی بدرێ بچێ بۆ دەرەوە، گوایە ژنەکەی نەخۆشەو بانگهێشتێکیشی لە کوەیتەوە بۆ هاتبوو. ڕێگە درا و لەوێوە چوو بۆ لبنان و لەوێشەوە چوو بۆ میسر. بەهۆی عەزیز شێخ ڕەزاوە ڕاپۆرت و پەڕاوێزی لەبارەی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی لەوێوە دەیدان بۆ بەرژەوەندی شۆڕش بۆ دەناردین.)

لە ڕاستیدا ئەوەی لەو سەردەمەدا لە مێشکی ئیبراهیم ئەحمەد و بەشێک لە گروپەکەیدا بووە، شکاندنی مستەفا بارزانی بووە، نەک سەرکەوتنی کورد و شۆڕشی ئەیلول. لەبەر ئەوە، ئەوان لەلایەک هاوکاریی ڕژێمی بەعسیان کردوە کە شۆڕشی ئەیلول تێکبشکێت و لەلایەکی تردا هەروەکوو لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا نوسراوەو ویکیپیدیای کوردیی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، مام جەلال هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی لە بەغداوە بۆنێو پارتی دیموکرات و شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٠دا، ڕۆژی ١٩٧٠/٦/١٠ کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستانی بەنهێنی دامەزراندوە و لەنێو دڵی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا، بەنهێنی کاریان بۆ

ئەو ڕێکخراوەیە کردوە. لەم بارەیەوە لە ویکیپیدیای کوردییدا سەبارەت بەمێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نوسراوە:

– (بۆ ئەوەی خەلک لە دەوری ئەو ڕێکخراوە کۆببێتەوە کەسانی ڕۆشنبیری هەلبژارد لەوانە: نەوشیروان مستەفا، شازاد سائیب، مەحمودی مەلا عزەت و رفعەت مەلا مەحمود و ئەوانەش بەنهێنی لە ناو باڵی مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد.) هەروەها دەنوسێت: **(ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە سالی ١٩٧٠ لەمانە پێکهاتبوون: شهابی شێخ نوری سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ناوەوەی وڵات، محەمەد سەعید میرزا/ ل. لیژنەی بغدا، جەعفەر عەبدولواحد/ ل. لیژنەی هەولێر، ئاوات عەبدولغەفور/ ل. لیژنەی سلیمانی و فریدون عەبدولقادر/ ل. لیژنەی کەرکوک.)**

هەرلەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

– (جەلالییەکان هەرلە ٦١وە کە دەستیان دایە چەک، چوونە ئێران و هاتنەوە، دیسان چەکیان هەڵگرتەوە و ساڵی ١٩٧٠ حکومەت پێیگوتن بڕۆنەوە لای حیزب، بەڵام بە بەڵگە کە خۆم گوێم لە قسەکانیان بووە، دوای گەڕانەوەشیان کاریان بۆ حکومەت دەکرد و تا ئێستا بۆم دەرنەکەوتووە ئەو نەخۆشییە چییە؟)

هەوڵی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانی

ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/١، ئیدریس بارزانی بۆ جێبەجێکردنی هەندێک ئەرکی شۆڕش کە پێوەندییان بەڕێککەوتنی ١١ی ئادارەوە هەبوو، لەگەڵ محەمەد عەزیز قادر، ناسراوە بە "حەمە عەزیز" دەچێت بۆ بەغدا. لەوێ بەشێک لە ئەرکەکان جێبەجێ دەکات و سەردانی چەند کاربەدەستی حکومەت و شۆڕش دەکات کە لە بارەگای بارزانییەوە ئاگاداری دەکەنەوە، بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. کاک ئیدریس، حەمە عەزیز لەگەڵ پێشمەرگەیەک لە بەغدا بەجێدەهێڵێ کە یەک دوو ڕۆژیتریش لەوێ بمێنێتەوە و باقی کارەکان جێبەجێ بکات و پێی دەڵێ: **(ئەگەر تا دوو ڕۆژی تر کارەکانت بۆ جێبەجێ نەبوون، بگەڕێوە.)**

لەوکاتەدا حەمید بەرواری کە لە بەشەکانی پێشوودا چەند جارێک ئاماژەم بۆ ناو و ئازایەتی ئەو لە شەڕەکاندا کردوە، دێتە لای کاک ئیدریس و دەڵێ: **(لیستەی پێشمەرگەکانی فەوجی پاسەوانی سنورم هێناوە و داوا لە کاک ئیدریس دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەی یارمەتی بدات.)** کاک ئیدریس ئەو ئەرکەش بە کاک حەمە عەزیز دەسپێرێ کە بەهۆی وەزیرەکانی سەربە شۆڕش کارەکەی بۆ ئەنجام بدات و ئوتۆمبێلە مارسیدسەکەی بۆ حەمە عەزیز بەجێدەهێڵێ و ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٦ خۆی بە سواری تاکسی دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر.

کاتژمێر ١٩:٠٠ "حەوتی ئێوارە" حەمە عەزیز و حەمید بەرواری لەگەڵ حوسێن کاوانی شۆفیری ئوتۆمبێلەکە و دوو پێشمەرگەی هاوڕێیان دەچن بۆ بارەگای لقی

پێنجی پارتی دیموکرات "مقەڕی خەبات"، بەڵام نافیز جەلال و وەزیرەکانی‌تری سەربە شۆڕش لەوێ نابن. لەبەر ئەوە دەچن بۆلای کاک سەرداری حەمە ئاغای خاڵی نێچیرڤان بارزانی لە هۆتێل سەندباد. لەوێوە حەمە عەزیز تەلەفۆن دەکات بۆ مقەڕی خەبات کە نافیز جەلال وەڵامی دەداتەوە. حەمە عەزیز لە زاری کاک ئیدریس بارزانییەوە داخوازەکەی حەمید بەرواریی پێڕادەگەیەنێ و ئەویش دەڵێت: **(زوو بیانهێنن.)** حەمید بەرواری لەگەڵ حوسێن کاوانی و پێشمەرگەیەکی هاوڕێی دەچن، لیستەکان دەگەیەنن و دەگەڕێنەوە هۆتێل سەندباد و لەلای کاک سەردار شیو دەخۆن. لەم بارەیەوە سەردای حەمەئاغای خاڵی نێچیرڤان بارزانی لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە دەنگی لای من پارێزراوە لە لەندەنەوە پێی گوتم:

– (من بە بەردەوامی هاتووچۆی بەغدام دەکرد، کە کاک ئیدریس چوو بۆ بەغدا، منیش چووم، ئەو شەوە بەو ئوتۆمبیلەی کە کاک ئیدریس بەکاری دەهێنا، هەموویان هاتن بۆلای من. نزیکەی ٥– ٦ کاتژمێر بەرلە هاتنیان، شێخ بابۆ بەڕەحمەت بێ، بە شێخ ڕەزای گوڵانی مودیری شۆرتەی هەولێری گوتبوو، ئیدریس ئاگادار بکەنەوە کە بگەڕێتەوە. ئیدریس چوو بۆسەر دیدارەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەت و بەمنی گوت، سەردار تۆ لێرە لە هۆتێل بمێنەوە تا ئەگەر تەلەفۆنیان کرد، وەڵام بدەیەوە. شێخ ڕەزا کە ئەو تەلەفۆنەی بۆمن کرد، من واتێگەیشتم کە شێخ ڕەزا دەڵێت، هەرئێستا ئیدریس بگەڕێتەوە. کە کاک ئیدریس هاتەوە، گوتم شێخ ڕەزا تەلەفۆنی کردوە و لەسەر ئەمری شێخ بابۆ دەبێ بگەڕێتەوە، گوتی بە چاوان و هەرئەو کاتە بەسواری تاکسی گەڕایەوە. من لەگەڵ حەمە عەزیر و عەریف حەمید لە هۆتێلەکەیان مامەوە و گوتم منیش دەگەڕێمەوە بۆ هۆتێلەکەی خۆم و داوام لەوانیش کرد کە شەو بۆ نان خواردن بێنەلام. شەو هاتن و لە گەڕانەوەیاندا، بۆیان دانیشتبوون و تەقەیان لێکردن.)

شەو دەوروبەری کاتژمێر ١٢، هەموویان سواری ئوتۆمبیل دەبن کە بگەڕێنەوە هۆتێل ئۆپەڕا. دەگەنە گۆڕەپانی "ساحەت عەقەبە بن نافع" و دەوری گۆڕەپانەکە لێدەدەن و دەگەنە گۆڕەپانێکی بچووکتر کە لەنێوان "ساحەت عەقەبە بن نافع" و هۆتێل ئۆپەڕا هەڵکەوتبوو. لەوێ دوو چەکدار لە ناوەڕاستی ئەو گۆڕەپانە و

چەکدارێکیش لەوبەری کۆڵانی هۆتێلەکە وەبەر دەسترێژیان دەدەن. لەوکاتەدا حوسێن کاوانی بە لێزانیی خۆی ئوتۆمبێلەکەی لە تەقەکە دوور دەکاتەوە و دەچێتە شەقامی ٥٢. لە ئاکامی ئەوکارە تیرۆریستییەدا حەمید بەرواری بە توندی بریندار بوو. لەو بارەیەوە مشیر قادر سادق هەرکی و محەمەد ئەسعەد فەتاح هەرکی کە لەو سەردەمەدا هەردووکیان چەکی ڕژێمیان پێبوو، لە وتوویژێکدا کە دەنگیان لای من پارێزراوە، گوتیان: **(ئەرشەد و لەتیف ئەحمەد زێباری دەستیان هەبوو لەو تەقە کردنەدا.)**

هەروەها مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ٦٢- ٦٣ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (ئێوارەی ئەو ڕۆژەی "مەبەست ١٩٧٠/١٢/٦- نوسەر"، ئیدریس بەغدای بەجێ هێشتبوو، حەمید و محەمەد سورای ئوتۆمبیلەکەی ئیدریس بووبوون و پێی چووبوون بۆسەر بانگهێشتێکی شیو خواردن. دەرکەوت هەندێک لە جاشەکانی لەتۆ زێباری و محێ هەرکی بە هاوکاریی لەگەڵ نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی پیلانێکیان سازکردبوو بۆ لەناوبردنی ئیدریس... تاخمی جێبەجێ کردنی پیلانەکە لە چەند شوێنێکی ستیراتیجیدا خۆیان داگرتبوو بۆ ڕێگرتن بە ئوتۆمبیلەکەی، سەعات ١٠ی شەو چەندین ڕستە گوللە بەسەر ئوتۆمبیلەکەدا بارین، وایان زانی ئیدریسی تێدایە و حەمیدیان بە ئیدریس زانیبوو چونکە لە هەندێک شتدا لەیەک دەچوون. حەمید بەرواری بریندار کرا و چەند برینی سەختی لێ کرا کە بوون بەهۆی سەقەتییەکی وا لە لەشیدا تا ئێستەش پێیەوە گرفتارە. .... زانیمان ئەوانەی پیلانەکەیان جێبەجێ کردبوو، هەرکە لە کارەکەیان بووبوونەوە، چووبوون بۆ ئوتێل کەشخەی ئۆمباسادۆر تا لەوێ ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕن، نەیاندەزانی ئیدریس لە ئوتۆمبیلەکەدا نەبووە. ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ فوئاد عارف و سەمیر نەجم بە ناوی سەرکۆمار و جێگریەوە هاتن بۆلامان بۆ ئەوەی ناڕەزایی و بێزاریی ئەوان لەو تاوانە ناشیرینە دەرببڕن و گفت و پەیمانێکی زۆریان لە بارەی

لەدووگەڕان و سزادانی تاوانبارەکانەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوو و نامەیەکی دەستنوسیشیان لە سەدامەوە بۆ بارزانی پێ بوو.)

هەرلەم بارەیەوە حەمە عەزیز قادر لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: **(سەرەتای مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٠، کاک ئیدریس گوتی: "بابە دەڵێ بچین بۆ بەغدا." پرسیم بۆچی دەچین؟ گوتی: "دەچین بۆ پیرۆزکردنی جەژنی قوربان و چەند کاری تر." لەگەڵ کاک ئیدریس چووین بۆ ماڵی حەمەئاغای باپیری کاک نێچیرڤان لە سلێمانی. لەوێوە باسی ئەوە کرا، بچین بۆ کام هۆتێل کە لەسەر هۆتێل سەندباد ساخ بووینەوە. کە چووین، بینیمان کاک سەرداری حەمە ئاغای خاڵی کاک نێچیرڤانیش لەوێ بوو. دوو ژورمان گرت. نازانم بۆچی چووم بۆ قاتی خوارەوەی هۆتێلەکە کە لەوێ چاوم**

بە بابەکری مەحمود ئاغای هێرۆ کەوت کە لەگەڵ جەماعەتی جەلال تاڵەبانی بوو. گەڕامەوە سەرێ و گوتم ڕەنگە ئەمشەو نەتوانین، بەڵام سبەی شەو لێرە نابین. سبەی شەو چووین بۆ هۆتێل ئۆپەڕا. لەوێوە دەستمان کرد بە جەولە. سەدام بانگهێشتی ئێمەی کرد بۆ ماڵی خۆی و نانی نیوەڕۆمان لەگەڵ سەدام خوارد. هەر هەموو بەعسییەکان بانگهێشتیان کردین. وەزیرە کوردەکانیش هەربەم جۆرە، کاک نافیز جەلال، نوری شاوەیس و ئەوانی تر. هەندێک لە ماڵی خۆیان و هەندێکیشیان وەک سەعدون غێدان لە ڕەستوران. دیارە سەردانی کەسایەتییە نیشتمانیەکانی وەک نوردەین مەحمود، دارا تۆفیق، فوئاد عارف و.... مان کرد.

چووبووین بۆلای کاک نافیز و بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ هۆتێل و نانی نیوەڕۆ لەوێ بخۆین. کە هاتینەوە مودیری هۆتێلەکە گوتی: "کابرایەک نزیکەی سەعات و نیوێک لێرە چاوەڕوانی ئێوە بوو، نەهاتنەوە و ئەویش ڕۆیشت و ئەم کاغەزەی بۆ

بەجێهێشتوون." کە خوێندمەوە، سەعید ناکام بوو، نوسیبووی من چاوەڕانی ئێوە بووم، نەگەڕانەوە. لە سەرەوە تەلەفۆنیان کردوە کاک ئیدریس بگەڕێتەوە. کاک ئیدریس کەسێکی زۆر موتیعی ئەوامری باوکی بوو. گوتی: "دەگەڕێمەوە." گوتم بڵێ دەگەڕێینەوە. ئەگەر تۆ لێرە نەبی، من چ ئیشێکم لێرە هەیە؟ گوتی: "دوو سێ ئیش لەلای سەعدون غێدان ماوە، یەک دوو ڕۆژ لێرەبە و بچۆ بۆلای ئەگەر ئیشەکانی جێبەجێ کرد، یان جێبەجێ نەکرد، وەرەوە." گوتم لەسەر ئەمرتانم. لەوکاتەدا حەمید بەرواری هات و گوتی: ئێوە لەکوێن؟ من هەموو دنیا بەدوای ئێوەدا گەڕاوم.

کاک ئیدریس گوتی: بۆچی؟ گوتی قایمەم هێناوە و دەبم بە ئامر فەوجی حەرەسی حدود و بەڵکوو ئێوە ئیشەکەم بۆ جێبەجێ بکەن. کاک ئیدریس گوتی: "من دەگەڕێمەوە و کاک محەمەد لێرەیە و بە برادەران دەڵێت ئیشەکەت جێبەجێ بکەن." کاک ئیدریس بە سواری تاکسی گەڕایەوە بۆ هەولێر جگەلە من و پێشمەرگەیەک بەناوی عومەر کە لەگەڵ من بوو، لەگەڵ حەمید بەرواری و پێشمەرگەیەکی هاوڕێی و حوسێن کاوانی و دواتریش کاک سەردار هیچ کەس بە گەڕانەوەی کاک ئیدریسی نەدەزانی. ئەوەش بڵێم کە کاک ئیدریس و حەمید بەرواری بە باڵا وەک یەک بوون. لەگەڵ کاک حەمید بڕیارماندا سەعات حەوت بچین بۆ مقەڕی خەبات. لەوناوەدا کاک سەرداری حەمە ئاغای هات. دوو تاکسی هاتن و ئوتۆمبیلی خۆشمانیان لەگەڵ بوو. کاک سەردار گوتی: "ئێوارە میوانی منی." بەڵێنم پێدا سەعات حەوت و نیو بچم. کاک حەمیدم برد بۆ مقەڕی خەبات کەچی هیچکام لە وەزیرەکان لەوێ نەبوون. بۆ ئەوەی لە کاتی دیارییکراودا بگەمە لای کاک سەردار بە کاک حەمیدم گوت لێرەبە و من دەڕۆم و بە تەلەفۆن پێوەندی بە بەرپرسانەوە دەکەم. گوتی: "منیش لەگەڵت دێم." هەوڵمدا خۆم بچم، بەڵام قبووڵی نەکرد و ئەویش لەگەڵم هات. چووین بۆلای کاک سەردار. لەوێوە تەلەفۆنم کرد بۆ مقەڕی خەبات، کاک نافیز وەڵامی دایەوە. باسی ئیشەکەی کاک حەمیدم بۆ کرد و گوتم کاک ئیدریس گەڕایەوە و منی ڕاسپاردوە کە لەگەڵ ئێوە قسە بکەم و ئیشەکەی کاک حەمید جێبەجێ بکەن. گوتی: "هەر ئێستە بینێرە." بە کاک حەمیدم گوت هەر ئێستە لەگەڵ حوسێن کاوانی بچۆ. بە کاک

حوسێنیشم گوت، دوای تەواو بوونی ئیشەکەی، ئەگەر ویستی بۆجێیەک بچێ یان بگەڕێتەوە ئێرە، لەگەڵی بە.

کاک حەمید گوتی: "دەگەڕێمەوە لای ئێوە." چوو، لیستەکانیان لێوەرگرتبوو کە بەیانی بینێرن بۆ لیژنەی ئاشتی سەلام. کاک حەمید دەوروبەری ١١ی شەو گەڕایەوە و پێکەوە نانمان خوارد و نزیکەی ١٢ی شەو بوو، هەستاین ڕۆیشتین. لە ڕێگەدا کاک حوسێن خەریکبوو لەگەڵ سەیارەیەک موشکلە دروست بکا. گوتم چیدەکەی؟ گوتی: "دەڵێی ئەو کابرایە وەشوێنمان کەوتووە و تەعقیبمان دەکا." گوتم حەقی خەڵکت نەبێ، لێخوڕە بڕۆین. چووین گەیشتینە گۆڕەپانی "ساحەت عەقەبە بن نافع"، دەوری گۆڕەپانەکەماندا لە نزیکی، گەیشتینە گۆڕەپانێکی بچووکتر کە لەنێوان "ساحەت عەقەبە بن نافع" و هۆتێل ئۆپەڕا هەڵکەوتبوو. لەوێ بینیمان دوو کەس بە دەمانچە و کڵاشینکۆف تەقەیان لە ئوتۆمبیلەکەی ئێمە کرد و چەکدارێکیش لەوبەری کۆڵانی هۆتێلەکە لە ماڵێکەوە کە دیواری نزم بوو، تەقەی لێکردین و حەمید هاواری کرد. نزیکەی ٥٠- ٦٠ گوللەیان لە سەیارەکەماندا. ١٧ کونی گوللە لە پشت سەری من لە سەیارەکە کەوتبوو. حوسێن کاوانی بە لێزانیی خۆی ئوتۆمبیلەکەی لە تەقەکە دوور کردەوە چوو بۆ شەقامی ٥٢. لەوێ ڕامانگرت، ژنێک لەسەر باڵکۆنی ماڵێک ڕاوەستابوو، گوتم دەکرێ بێم تەلەفۆنێک بکەم بۆ نەجدە "فریاکەوتن"، گوتی مێردم لە ماڵ نییە. لەوکاتەدا دوو سێ ئوتۆمبیلی نەجدە گەیشتن. کاک حەمیدیان برد بۆ "مدینەتولتۆب" و من و حوسێن کاوانی و دوو پێشمەرگەکانیشیان بردە مەرکەزی شورتەی عەلەوییە. لەوێوە تەلەفۆنم بۆ کاک نافیز جەلال کرد و لەسەر داوای ئەو ئێمەیان گواستەوە بۆ مدینەتولتۆب.)

شایانی باسە ساڵی ١٩٩١ حەمید موراد محەمەد "حەمید بەرواری" و حاجی بەرواریی برای و بنەماڵەکەی لە شاری لێنشۆپێگ لە سوید دەژیان و من هاتۆچۆم لەگەڵیان هەبوو. لە بواری پشت و قاچەکانییەوە ئازاری هەبوو، و بە گۆچان دەڕۆیشت. لە یەکێک لە دانیشتنەکانماندا پرسیاری ئەو ئازارەیم کرد. هەربەو شێوەیەی سەروو کە کاک حەمە عەزیز باسی ڕووداوی تیرۆرەکەی بۆ گێڕامەوە، ئەویش گوتی لە جیاتی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی لەویان داوە.

بەهەرحاڵ، بەڕێز مەسعود بارزانی لە کۆتایی نوسینەکەیدا، نامە دەستنوسەکەی سەدام حوسێنی سەبارەت بەو کارە تیرۆریستییە بۆ بارزانی بڵاوکردوەتەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

برای ئازیز باوکی ڕێزدار ئیدریس

سڵاوێکی برایانە... هیوام وایە چاک بی

ڕێکەوت هەروای دەوێت لە بارەی گیروگرفتێکەوە نەبێت نامەت بۆ نەنووسم. من هیوام وایە هەوڵ و تەقەلامان هەمیشە سەرکەوتوو بێت بۆ هەرچییەک کە چاکەی گەلەکەمان و بەتین کردنی برایەتیمانی تێدا بێت.

برام باوکی ئیدریس... ئوتۆمبیلەکەی ئیدریس شەوی دووشەممە نزیکەی سەعات یەک تووشی دەستدرێژییەک بوو بە تەقە لێکردن. لەو ڕووداوەدا حەمید بەرواری پێکرا و ئەوانی تریش ڕزگاریان بوو. ئەی برا، مەبەست لەم ڕووداوەدا ئیدریس نەبوو... هەرچەند ویستی خودا ئەوی لادا کە بوو... مەبەست لەم ڕووداوەدا پێوەندی ئێمە و ئێوە بوو... مەبەست ئەوە بوو عێراق سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ خوێن لەبەرچوون و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە و سەرکردە دڵسۆزەکانی کە بڕیاریان دابوو یەکەتییەکەی وڵاتەکەیان پتەو بکەن و لەسەر بنەمایەکی نەلەقیوی دامەزرێنن.

لام وابێ ئەو قسەیەت لەبیربێ کە ئەوڕۆژە پێم وتی، کاتێ بەیانەکەمان ئیمزا کرد بەوەی پێویستە گەشبین نەبین و ئیتر لامان وانەبێ نارەحەتیمان لەگەڵ ئیمزاکردنی بەیانەکەدا بڕایەوە و پیاوخراپە چڵکاوخۆرەکانی نۆکەری ئیمپریالیزمیش بڕانەوە. ئەو ئیمپریالیزمەی بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا لە عێراق بەرەو ڕووی کاری مەزنی بەیانی ئاشتی، بەیانی ١١ی ئادار بووەوە. بێگومان هەناسەی هاتووەتەوە بەبەردا و دەستی کردووە بە نەخشەکێشان بۆ خراپە کردن لە پێوەندیی نێوانمان و لەگەڵ ئەم وڵاتە خۆڕاگرە پاڵەوانەدا. ڕووداوی لێدانی ئوتۆمبیلەکە یەکەمین خراپە نەبووە کە لە ئاست پێوەندیی نێوان ئێمە و ئێوە کراوە و هەروەها دواخراپەش نابێت، بەڵام بەهیمەتی ئێوە و بە هیمەتی هەموو دڵسۆزانی ئەم وڵاتە ئێمە لە بەتین کردنی برایەتیماندا هەر بەرەوپێش دەڕۆین و بای شەڕ و شوومیش لەمەوپاش ناتوانێ زیانی پێ بگەیەنێت. ئێمە لەمەوپاش لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە ڕاستەوخۆ چاودێری و سەرپەرشتی

دەکەین، دەگەینە ئەو سەرە داوانە کە لە پشت ئەم ڕووداوە نامەردانەیەوە خۆیان حەشار داوە. نۆکەرانیش لەمەولا دەبینن کەس نییە لەپێش دەمی سزای مێژوودا تکایان بۆ بکات.

سڵاوم بۆ گشت برایان و بەهیوای سەرکەوتنم بۆتان.

براتان سەدام حوسێن ١٢/٧

بە پێداگریی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، سەرئەنجام حکومەتی ناوەندیی حوکمی دادگایی کردنی تاوانبارانی هەوڵی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانیاندا و دادگای شۆڕشی عێراق ڕۆژی ١٩٧٢/٤/٢٠ ئاکامەکەی بەشیوەی خوارەوە ڕاگەیاند، بەڵام حوکمەکەیان بەڕێوەنەبرد.

سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش

بەغدا

ژمارە: ١٧٥٨/ج/١٩٧١

مێژوو: ١٩٧٢/٤/٢٠

لە ١٩٧٢/٤/٢٠دا دادگەی شۆڕش بەسەرۆکایەتی دادوەر عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجاڕ و ئەندامەتی عەقید یونس مەعروف دووری و مقەدەمی یاسا ڕاغیب فەخری و بەناوی گەل ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

١- حوکمدانی عاسیف زێباری بە بەندکردنی تا کۆتایی تەمەن "مؤید" بە مەرجێک بەگوێرەی ماددەی ٣٠/١٩٤/ ق.ع. ماوەی گیرانەکەی بۆ ئەژمار بکرێت.

٢- حوکمدانی هەردوو ڕاکردوو، محەمەد دێوانە و قەرتوس موسا بە پاشملە "غیابی" بەندکردن تا کۆتایی تەمەن "مؤید" بەگوێرەی ماددەی ٣٠/١٩٤/ ق.ع.

٣- حوکمدانی هەریەک لە عەبدولقەهار فارس زێباری و لەتیف ئەحمەد زێباری بە بەندکردنی بۆ ماوەی حەوت ساڵ بە مەرجێک ماوەی گیرانەکەیان بۆ ئەژمار بکرێت. ئەمەش بەگوێرەی بڕگەی "١" لە ماددەی ٥٦ ق.ع.

٤- دەست بەسەر داگرتنی چەک و فیشەک و قەوانە بەتاڵەکان و ناردنیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی "عینة" بەپێی ئوسول.

٥- ئیعتیبارکردنی تاوانەکەیان بە کەتنێکی ئاسایی زیان بەشەرەف نەگەیەن بەپێی ئەحکامی یاسای ئیعتیبار بۆ گەڕاندنەوەی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٦٧ هەمووار کراوە.

بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی هەموو ڕاکان دەرچوو و بە ئاشکرا لە ١٩٧٢/٤/٢٠ تێی گەینرا.

دادوەر عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجاڕ سەرۆکی دادگای شۆڕش

عەقید یونس مەعروف دووری ئەندام

مقەدەمی یاسا ڕاغیب فەخری ئەندام (پاشبەندی ٤٠)

پیلانی گەورەی ٢٩ی سپتێمبەری ١٩٧١

دەستدرێژی بۆسەر ئوتۆمبیلی ڕێزدار ئیدریس بارزانی بەمەبەستی تیرۆرکردنی دوا پیلانی دوژمن نەبوو. ئەو کە بەشەڕ نەیتوانی لە بەرامبەر چەکی پێشمەرگەدا تاقەت بهێنێت، ئەم جارەیان لە ڕێگەی ئاشتی و ملدان بە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، دەیویست بە تیرۆرکردنی بارزانی، شۆڕشی کوردستان لە سەرکردایەتیی شۆڕشەوە تێکبشکێنێت. واتە هەر ئەوکارەی ساڵی ١٩٦٣ لە هێرشە گەورەکەیدا بۆسەر ناوچەی بارزان کردی، بۆ لەناوبردنی بارزانی کە نەیتوانی.

لە پیلانی ئەم جارەیدا، دوژمن بە زانیاریی لە هەستی مرۆڤدۆستانەی بارزانی لە

بەرامبەر خەڵک و بەتایبەتی میوانەکانیدا هەوڵیدا بە ڕێگەی میوانانەوە بارزانی تیرۆر بکات. بەرلەوەی کە دوژمن پیلانەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ، ئیدریس و مەسعود بارزانی دوو پلانی حکومەتیان پوچەڵ کردبۆوە و هەوڵی ئەوەیان دابوو کە باوکیان ڕازی بکەن بەوەی هەندێک کاری چاودێریی وردتری بۆ بکەن لە پێشوازییکردنی میوانەکانیدا، بەڵام بارزانی ڕێی پێنەدەدان کە میوانەکانی بپشکێنرێن، نەخوازە ئەگەر مەلا و پیاوی ئایینی چووبانە لای.

بەو زانیاریانەی کە دوژمن، واتە عێراق لە بارزانی هەیبوو، ڕۆژی ١٩٧١/٩/١٥ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، دوو مەلا بە ناوەکانی عەبدولجەبار ئەعزەمی و عەبدولحوسێن دەخیلی سەعید دەنێرێتە حاجی ئۆمەران کە چاویان بە بارزانی بکەوێ. بارزانی بەگەرمی پێشوازیی لەو دوو مەلایانە دەکات و گوێ لە وتەکانیان دەگرێ. مەلاکان دەڵێن: **(بەهۆی کزبوونی پێوەندیی نێوان شۆڕش و ڕژێم و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕای گشتی هاتوون، بارزانی ئاگادار بکەنەوە کە دەیانەوێ هەڵمەتێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، لەنێوان زانایانی ئایینی و خەڵکدا بەڕێوەبەرن.)** بارزانی نیازەکەیان پەسند دەکات و بە ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەو هەنگاوەیان.

شۆفیری ئوتۆمبیلی ئەو مەلایانە یەکێک بوو لە کاربەدەستانی دەزگای هەواڵگریی "موخابرات" بەعس و بۆ ئەوە ڕەوانە کرابوو کە شناسایی ناوچەکە و بارەگای بارزانی بکات و شارەزایی لەسەر جێی کۆبوونەوەکان و شوێنی دانیشتنی بارزانی لە کۆبوونەوەکان و شێوازی پێشوازیی کردنی لە میوانان بزانێت. دوای گەڕانەوەی ئەو دوو مەلایانە، ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩، وەفدێکی چاوەڕوان نەکراو بە دوو ئوتۆمبیلی تۆیۆتا ستێشن و شیفرۆلێت دەگەنە حاجی ئۆمەران. ئەفسەری بەرپرسی سەیتەرەی حاجی ئۆمەران ئوتۆمبیلەکان ڕادەگرێ، بەڵام عەبدولجەبار ئەعزەمی کە پێشتر سەردانی بارزانی کردبوو، هەڕەشەی لێدەکات و پێی دەڵێ لای بارزانی شکاتی لێ دەکات و ئەویش بۆ ئەوەی میوانی بارزانی ناڕەحەت نەکات، ڕێیان پێدەدات.

کاتژمێر ١٦:٤٥، بارزانی و دوکتۆر مەحمود عوسمان لەگەڵ میوانەکان دادەنیشن کە بریتی بوون لە: عەبدولجەبار ئەعزەمی، ئیبراهیم خوزاعی هەڵگری بۆمبەکە، ئەحمەد عەبدوڵا یاسین هیتی، عەبدولوەهاب ئەعزەمی، ئەحمەد محەمەد قاسم، باقر موزەفەر و سەید نووری حوسێنی کە هەموویان مەلا بوونو شۆفیرەکانیش بریتی بوون لە: محەمەد کامیل ئیسماعیل و عەبدولڕەحمان سلێمان کوخی کە هەردوویان ئەفسەری ئاسایش بوون.

کاتژمێر ١٦:٥٥، یەکێک لە مەلاکان بەناوی ئیبراهیم خوزاعی کە ڕووبەڕووی بارزانی دانیشتبوو، دەتەقێتەوە و دەبێتە هۆی کوشتنی خۆی و چوار لە مەلا هاوڕێکانی کە لە دەستی ڕاست و چەپیدا دانیشتبوون. بۆمبی شاراوە لە جلوبەرگی

ئەو مەلایەدا زیانی بە بارزانی نەگەیاند، هۆیەکەشی بۆ ئەوە گەڕایەوە کە لەکاتی تەقینەوەی بۆمبەکەدا، محەمەد شەریف هۆستانی لەنێوان ئیبراهیم خوزاعی و بارزانیدا خەریکی دانانی چایی لەپێش بارزانی بوو کە بۆمبەکە جەستەی ئەنجن ئەنجن کرد و لە ئاکامدا بارزانی و ئەوانەی دەستی ڕاست و چەپی زیانی قورسیان لێ نەکەوت و بە تەقینەوەی بۆمبەکە ڕایانکردە دەرەوەی ژوورەکە. بارزانیش ژوورەکەی بەجێهێشت و بانگی پێشمەرگەکان کرد کە دەست ڕاگرن و نەیانکوژن، بەڵام پێشمەرگەکان مەودایان پێ نادەن و هەموویان کوشتن.

دوژمن ئوتۆمبیلە تۆیۆتا ستێشنەکەشی بۆمبڕێژ کردبوو کە ئەوانەی ڕادەکەنە لای بتەقێتەوە و لەنێو بچن و لەسەر شیفرۆلێتەکەش ڕۆکێتی دابەستبوو کە شۆفیرەکان پێڕابگەن و لەکاتی بەشوێن کەوتنیاندا بە ڕۆکێت لە پێشمەرگەکان بدەن. ستێشنەکە دەتەقێتەوە، بەڵام شۆفیرەکان کە هەردوویان پیاوی ئاسایش بوون، ناگەنە شیفرۆلێتەکە و یەکێک لەوان نارنجۆکێک بەرەو بارزانی هەڵدەدات و لەگەڵ ئەویتریان خۆی داوێتە نێو ماڵێکەوە کە لە نزیک میوانخانەکە هەڵکەوتبوو. ئەو دووانە تا کوژرانیان لەلایەن پێشمەرگەکانەوە، بەرگریان کرد. لەوکارە تیرۆریستییەدا، بارزانی بە ساچمەی تیرۆریستان بەسوکی داڕوشا، بەڵام محەمەد شەریف هۆستانی و سەلیم زوبێر بارزانی کە لە هەولێرەوە هاتبوو شەهیدبوون و ١٤ پێشمەرگە و دوو کیژ بریندار بوون کە ناوی یەکێک لەوانە زوبێدە محەمەد میرخان بوو، هەروەها دوکتۆر مەحمود عوسمانیش ڕزگاری بوو.

دوای ئەو کارە تیرۆریستییە، بەرپرسانی باڵای حیزبی بەعس بە بروسکەیەک پیرۆزباییان لە ڕزگاربوونی بارزانی لەو ڕووداوەدا کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ دۆزینەوەی بکەرانی تاوانەکە دەربڕی کە لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە وەڵامیان درایەوە جێبەجێ کارانی پیلانەکە لە بەغداوە هاتبوون. هەروەها ئەحمەد حەسەن بەکر یەکێک لە وەزیرەکانی بەناوی دوکتۆر عەبدولستار جەواد بە نوێنەری خۆی نارده لای بارزانی و لەگەڵ پیرۆزبایی کردن لە ڕزگاربوونی بارزانی لەو پیلانە، پێناخۆشبوونی خۆیشی لە ڕووداوەکە دەربڕی و ڕایگەیاند: **(من بەهیچ جۆرێک ئاگام لەو تاوانە نەبووە.)**

لیژنەیەکی تێکەڵاو لە حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕش بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە دەستنیشان کرا کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە: حامید عانی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، حازم قازی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر. مقەدەم ڕوکن عەلا جەنابی لە ئیستخباراتی عەسکەری، عەلی عەبدوڵا، شێخ ڕەزا گوڵانیی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، ئیحسان شێرزاد و نافیز جەلال. چونکە ڕژێم خۆی دەستی لە تاوانەکەدا هەبوو، لێکۆڵینەوەکە هیچ ئاکامێکی نەبەخشی، بەڵام لە لێکۆڵینەوەی تایبەتی شۆڕشدا دەرکەوت، یەکێک لە شۆفیرەکان، کەسێکی بەناوی مەجیدی حاجی قادری لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کردوە و ئەویتریان برای عەلی کورخی بووە کە برایەکی تری پێشتر مەحمود ئێزەدی یەکێک لە فەرماندە قارەمانەکانی شۆڕشی کوشتووە و ڕایکردۆتە لای ڕژێم، بەڵام ڕێکخراوی نێوخۆی پارتی لە موسڵ تۆڵەی لێ کردۆتەوە.

دوای ئەو تاوانە تیرۆریستییە، سەرکردایەتی پارتیو شۆڕش کۆبوونەوە. ژمارەیەکیان داوایان کرد پێوەندیی لەگەڵ ڕژێم بپچڕن و دەست بکەنەوە بە شەڕ، بەڵام بارزانی گوتی: **(ئەگەر دەست بکەینەوە بەشەڕ، دەبێ لە پێناوی کەرکوک و خانەقین و شەنگال دا بێت، نەک بەهۆی منەوە.)**

دەربارەی ئەو پیلانە تیرۆریستییە، مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٦٩ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(سەعات چوار و پەنجا و پێنج خولەک دەنگی تەقینەوەیەکی گەورەم گوێ لێ بوو، وام زانی دەنگی تەقینەوەی مینی دینامێتە لەو جۆرەی بۆ شکاندنی بەردی چیاکان بەکار دەهێنرێت، بەڵام ڕاستەوخۆ دەنگی گوللە تەقینەوەیەکی زۆریشی بەدوادا هات. ڕاست و ڕەوان ڕامکرد بەرەو ماڵی باوکم، وام دەزانی باوکم لەوێیە، بەڵام لەوێ نەمدی. تفەنگەکەم هەڵگرت و بە هەڵەداوان ڕام کرد بۆ ئەو شوێنەی پێشوازیی میوانی لێ دەکات. لە نیهادم پرسی: باوکم لە کوێیە؟ وتی: کوژرا. کەوتمە زەوی. هێزم لێ بڕا، بەڵام پاش تۆزێک زۆرم لەخۆم کرد و هەستامەوە و ڕووم کردە شوێنی تەقەکە. لە ڕێگا تووشی پێشمەرگە ڕەسوڵ خدر بووم کە یەکێک بوو لە پاسەوانەکانی باوکم. لە بارەی باوکمەوە پرسیارم لێکرد، وتی: سەلامەتە، دڵت خەتەرە نەکا، بەڵام پرژی یەکێک لە نارنجۆکە فڕێدراوەکانی**

بەرکەوتووە و بریندارى کردووە.) مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا لە لاپەڕەی ٧٢دا دەڵێت: **(ئەوەی دەرکەوت و ئاشکرا بوو، عەبدولجەبار ئەعزەمی، عەبدولحوسێن دەخیلی، غازی دلیمی و ئیبراهیم خۆزاعی یا هەر بۆخۆیان لە ڕەگەزەکانی ئاسایش بوون، یان لەوانە بوون لەگەڵ ئاسایش هاوکاری دەکەن، بەڵام بە درێژی لە پیلانەکە ئاگادار نەبوون. هەرچی خزاعییە کە تۆمارکەرە "مسجلة" بۆمبڕێژەکەی هەڵگرتبوو، ئەو لای وابوو دەنگی بارزانی و قسەکەرەکانی تر دەخاتە سەر شریت و هیچی تر، بەڵام هەردوو شۆفیری دوو ئوتۆمبیلەکە، ئەوان لەوانە بوون کە دەستێکیان لە پیلانەکەدا هەبێ و لە وردترین وەردەکارییەکانی ئاگەدار بن.)**

هەرلەم بارەیەوە یەکێک لە بریندارەکانی ئەو پیلانە تیرۆریستییە، بەناوی زەکی ئاکرەیی لە وتوویژێکیدا کە لەگەڵ ڕێزدار گۆران ئەحمەد ئیسماعیل بۆ گۆڤاری پەیامی ئەیلول ئۆڕگانی کۆمەڵەی مامۆستانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول ئەنجامیداوە و دواتر من پرسیاری دۆخەکەم لێکرد، گوتی: **(مەلاکان بەدوو ئوتۆمبیلی ستێشن و شیفرۆلێت هاتبوون، پاشان دەرکەوت ئوتۆمبیلەکان بۆمبڕێژکراو بوون. هەتا لەبەگ لایتەکانیشیان موشەک بەسترابوو. بارەگای جەنابی بارزانی لە دوو خانوو پێکهاتبوو، یەکێکیان دیوەخان بوو و ئەوەی تریان میوانخانە بوو، بۆ ئەو میوانانەی لە دوورەوە دەهاتن و شەو لەوێ دەمانەوە. هاتنی ئوتۆمبیل بۆ بارەگای بارزانی قەدەغە بوو، بەڵام لەبەر خاتری ئەو مەلایانە هێشتبوویان ئوتۆمبیلەکان بێنە بارەگاکەوە. ئوتۆمبیلەکانیان لەنێوان دیوەخان و میوانخانەکە ڕاگرتبوو، گوایە دیدارەکە لەگەڵ جەنابی بارزانی لە میوانخانەکە ئەنجامدەدەن، چونکە بۆ ئەنجامدانی دیدار نابێ شوێنەکە قەرەباڵغ بێ، واتە جگە لەوەی کە ئەوان بەنیازبوون لە ژوورەوە خۆیان بتەقێننەوە و پلانیشیان وابوو لە دەرەوەش ئوتۆمبیلەکە بتەقێننەوە. بەم شێوەیە جەنابی بارزانی لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان بەخێرهاتنی مەلاکان دەکەن و دەچن لە دیوەخانەکە دادەنیشن، دوای پرسیارکردن لە ڕەوشی یەکتر، مەلاکان بە جەنابی بارزانی دەڵێن: ئێمە هاتووین چەند پرسیارێکمان هەیە بۆیە دەبێ بچینە ژوورێکی ترەوە، مەبەستیان لەم ژوورەیە کە ئوتۆمبیلەکانیان لێی نێزیکە. جەنابی**

بارزانی دەڵێ: (جابۆ، خۆ کەسی بێگانە لێرە نییە، مەحمود وەک کوڕەکانی خۆمە)، مەبەستی لە دوکتۆر مەحمود عوسمان بوو. ئەوانیش دەڵێن: باشە.

مەلا ئیبراهیم بارزانی بەرپرسی پاسەوانەکان لەگەڵ پاسەوانێکی دیکە بە ناوی محەمەد ئیسماعیل خەڵکی گوندی "هۆستان"، مستەفا عەبدوڵا بەرپرسی میوانخانە، حەمەشەریف شەریف زۆرگڤان چایەچی میوانخانە، "سەلیم زوبێر بارزانی" بەرپرسی نەخۆشەکانی ئێمە لە نەخۆشخانەکانی هەولێر و دوو برادەری خەڵکی حاجی ئۆمەران بەناوەکانی عەلی کۆ و عەلی کوردە و پاسەوانێکی کاک مسعودیش بەناوی ئادەم، هەموو لەکن دیوەخانەکە بووین کە دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە هات. دیوەخانەکە دوو دەرگای هەبوو، ئێمە بەرەو دیوەخان ڕامانکرد، بەرلەوەی بگەینە دیوەخانەکە حەمەشەریف بەهات و هاوار هاتە دەرەوە. خەڵتانی خوێن ببوو کە گەیشتە بەردەمی دەرگای میوانخانەکە کەوتەخوارەوە. جەنابی بارزانییش لەکاتێدا قۆڵی دوکتۆر مەحمودی گرتبوو لە دیوەخانەکە هاتنە دەرەوەێ، یەک دوو مەلاش لە دەرگاکەی ترەوە هاتنەدەرە و دەیانویست خۆیان ڕزگار بکەن کە محەمەد ئیسماعیل تەقەی لێکردن. جەنابی بارزانی دووجار لەسەر یەکتری هاواری کرد: "زەکی نەکوژن بگرن نەکوژن بگرن." لە پاشان جەنابی بارزانی لە قادرمەکە هاتەخوار و لە قولینچکی دیوارەکە ڕاوەستا، جگەرەیەکی داگیرساند، منیش لەسەر گوتەی جەنابی بارزانی گوتم مەلا ئیبراهیم، محەمەد بیانگرن نەیانکوژن، لەلایەکی تر ئێمە ئاگامان لە شۆفێرەکان نەبوو، کەچی ئەوان خاڵی سەرەکی ئەم پیلانە بوون، ئێمە دەمانویست مەلاکان بگرین ئەوان نارنجۆکیان بۆ ئێمە هەڵدا. من و مەلا ئیبراهیم و محەمەد ئیسماعیل و ئادەم بریندار بووین، من لاجەستەیەکم واتە پێ و دەستم سڕبوو و بە پارچەی نارنجۆک چاویکیشم لەدەست دا. مەلا ئیبراهیم بە سەختی بریندار بوو، ئادەمیش بەهەمان شێوە، بەڵام برینی محەمەد ئیسماعیل سووک بوو. تا ئەوکاتەی بریندار نەببووم ڕووداوەکەم بەچاوی خۆم بینی، بەڵام دواتر لەهۆش چووم.)

هەروەها مەلا ئیبراهیم بابەکر ئیسماعیل بەرپرسی پاسەوانەکانی بارزانیی کە ئەویش لەو کردەوە تیرۆریستیەدا بریندار بوو لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

– (لە ساڵی ١٩٦٦وە بەرپرسی پاسەوانەکانی بارزانی نەمر بووم، ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ وەفدێکی ١١ کەسە کە بەجلی مامۆستایانی ئاینی خۆیان داپۆشی بوو، هاتن بۆ حاجی ئۆمەران. بارزانی بە شێوەیەکی شایستە پێشوازی لێکردن لە ژوورێکدا لەگەڵیان کۆبۆوە. ئەوان دەیانویست لە ژوورێکدا بەتەنیا لەگەڵ بارزانی دانیشن کە بارزانی قەبووڵی نەکرد. دوای نزیکەی بیست خولەک یەکێک لە مەلاکان خۆی تەقاندەوە. من لەوێ لە نزیک دەرگای کۆبوونەوەکە بووم. ئاغا قادر هۆستانی کێشکی دەدا. هەرکە من چووم بۆلای، تەقینەوەکە روویدا. لەو کاتەدا بارزانی نەمر لەسەرەخۆ هاتە دەرێ. بینم یەکێک لە خۆکوژەکان ڕای دەکرد، بارزانی فەرمووی نەیکوژن، بەڵام پیش ئەوەی بارزانی وتەکەی تەواو بکات، ئاغا قادر هۆستانی تەقەی لێکرد و کوشتی. لەوکاتەدا یەکێک لە شۆفیرەکانی نارنجۆکێکی بەرەو مەلا مستەفا هاویشت کە نارنجۆک نەگەیشتە بارزانیی و لەناو ئێمەدا تەقییەوە و لە ئاکامدا شان و مل و ڕانی منیش بە پریشکی ئەو نارنجۆکە بریندار بوو. زۆر بەسەختی بریندار بووم هەروەها دوو پێشمەرگەش شەهید بوون و ١٣ی تریش بریندار بوون لەگەڵ دوو شەهید کە بریتی بوون لە حەمەشەریفی چایچی و سەلیم زوبێر بارزانی کە لە هەولێرەوە هاتبوو.)

ڕۆژی ٢٥/ ١٩٧١/١٠ وەفدێکی سۆڤیەت بەسەرۆکایەتی باباجان غەفورۆڤ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت و چەند ئەندامی بالیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغداوە بەم نامەیەی خوارەوەی هاتن و چاویان بە بارزانی کەوت و بەبۆنەی ڕزگار بوونی لەو پیلانە پیرۆزباییان لێکرد:

هاوڕێی خۆشەویست مستەفا بارزانی ١٩٧١/٩/١٠

بە نیگەرانییەکی گەورەوە هەوڵی ویستی دەستدرێژ کردنمان بۆسەر ژیانتان وەرگرت. زۆر بەختەوەرین کەوا ئێوە- سوپاس بۆ هۆشیاریی خۆتان لەو هەوڵە ڕزگار بوون.

ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کەوا هێزی کۆنەپەرست و ئیمپریالیستەکان ئەم پیلانەیان لە دژی ئێوە دارشتووە، مەبەستیش لەم پیلانە دوایی پێهێنانی هاوکارییە لەنێوان بزووتنەوەی کورد بە سەرکردایەتی ئێوە لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا، لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستدا. هەموو هەوڵ و تەقەلای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی تەرخان کراوە بۆ پووچەڵکردنەوەی ڕێککەوتنی ئادار و چارەسەریی ئاشتیخوازانەی دیموکراسیانەی پرسی کورد. نۆکەرانی ئیمپریالیزم کە پێوەندییان بە پەیمانی سنتۆ و ڕێبەرانی ئیسرائیلەوە هەیە بە چالاکییەکی بەربڵاو بەم ڕێبازەدا کاردەکەن.

لەناو بزووتنەوەی کوردیشدا، وەک جارەها خەبەردارت کردووین، کەسانێکی لاپەڕگرتوو هەن کە ئازادیی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیانیان نییەو بەپێی سیاسەتی لێکدابڕان لەگەڵ حکومەت کاردەکەن. لەم حاڵەتەدا ئێمە باوەڕمان وایە دەبێ هەردوولا، واتە کوردیش و حکوومەتیش وریا بن و سەبر و خۆڕاگرییان هەبێ بۆ ئەوەی لە دژی ئەم هێزە خراپانە بووەستن. ئەوەی ئێستا گرنگە پاراستی ئاشتی و نەهێشتنی هەڵوەشانی ڕێککەوتنی ئادارە، چونکە ڕێککەوتنی ئادار سەرکەوتنێکی مێژووییە نەک تەنیا بۆ کورد، بگرە بۆ هەردوولا و بۆ هێزە پێشکەوتخوازەکانیش. هەڵوەشانی ڕێککەوتنی ئادار خزمەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دەکات.

ئێمە لەلای خۆمانەوە قەدری هەوڵدانتان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە بەئاشتی دەگرین. ئێوە لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا لەسەر سیاسەتی پاراستنی ئاشتی و ڕێککەوتنی ئاداردا ڕۆیشتوون. ئێوە لەم ماوەیەدا کارێکی زۆرتان لەبواری هاوکاریی لەگەڵ هێزە پێشکەوتخوازەکان و لە پێناوی بەرەوپێشبردنی پێوەندیتان لەگەڵ حزبی شیوعی کردووە. ئێمە بە پیاوێکی خاوەن حیکمەت و دووربینتان دەبینین و نمونەی ئەمە ئەو قسەیەی بۆ پەیامنێرتان کردووە و وتوتانە هەوڵدەدەن بەئاشتی و

مەبەستتان پاراستنی ئاشتییە و کار بۆ ئازادی و دادپەروەریی دەکەن لە عێراقدا و هەموو کار و کردەوەشتان نیشانەی ئەمەیە.

یەکەتی سۆڤیەت هەمیشە ئەو دۆستە ڕاستە دڵسۆزەتان بووە کە یارمەتی بزووتنەوەی کوردی لە عێراق داوە و ئەشیدا و لەمەو پاشیش هەروا دەبێ و پشتی خەباتی کورد دەگرێ بۆ مافەکانیان لە کۆماری عێراق. دەمانەێ شەخسی خۆت لەوە ئاگادار بکەین کەوا یادداشتێکیشمان داوە بە سەرۆک کۆماری عێراق، چونکە زانیومانە ئەو بۆخۆی ئەو تاوانکارییەی گوناهبار کردووە کە لەلایەن دوژمنانی عێراقەوە بەرامبەر بە ژیانی ئێوە کرابوو. داواشمان لە سەرکردایەتی عێراق کرد لەگەڵ پیلانی دوژمناندا بەکێش نەکرێ و لەسەر سیاسەتی ئاشتی و هاوکاریی لەگەڵ کورد و ڕێککەوتنی ئادارادا بڕوات.

دۆستی ئازیز، ئاواتی تەندروستی و توانای خەبات بۆ مافەکانی کورد و بۆ سەربەخۆیی و یەکەتی عێراقت بۆ دەخوازین

کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمونیستی سۆڤیەت

جگەلە نوێنەرانی سۆڤیەت کۆمەڵێکی زۆر لە چین و توێژەکانی کوردستانیش هاتن و سەردانی بارزانی یان کرد و وەفدێکیش لە حیزبی شیوعی عێراق بە سەرۆکایەتی مامۆستا عەزیز محەمەد سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامەتی موکەڕەم تاڵەبانی، دوکتۆر ڕەحیم عەجینە، کەریم ئەحمەد و عەبدولڕەزاق سافی سەردانی بارزانی یان کرد.

ڕۆژی ١٩٧٠/١٠/٢٥ ئەنجومەنی شۆڕشی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی کۆبۆەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بارزانی یادداشتنامەیەک ئاراستەی ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بکات کە بارزانی ئەم یادداشتنامەیەی خوارەوە ئاراستە کرد:

برای بەڕێز ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
دوای سڵاو

ئاشکرایە کە ڕێککەوتنی یازدەی ئادار بۆ ئەوە هات سنوورێک بۆ شەڕی براکوژی لەگەڵ تەشەنە کردنی مەترسیدار و کارتێکردنە سلبییەکانی لەسەر ڕووە جیاجیاکانی ژیانی گەلی عێراقمان بە عارەب و کوردەوە دابنێت و بنکەی یەکێتی نیشتمانی لە وڵاتەکەمان لەسەر بناخەی پتەو و چەسپیوی برایەتی و لێک تێگەیشتنی هاوبەش بۆ هەموو ئەو گیروگرفت و ئاستەنگانەی وەڵاتەکەمان کە زەمانێکی دوور و درێژ تاڵاویان دەچێژا، دابڕێژێت. هەموو، لەبەر بەپەرۆشیی زۆریان بۆ پارێزگاری کردن ئارامی و ئاشتی لە هەموو لایەکی نیشتمانەکەمان، بڕوایان بەو ڕاستییەدا هێناوە، چونکە ئەو کەشوهەوا سروشتییە کە گەشەکردن و پێشکەوتن بۆ گەلی عێراقمان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ گەلی کوردیشمان هەلی شادبوو بەو دەسکەوتانەی ڕێککەوتنامەی ئادار، بە ئۆتۆنۆمیشەوە، دانی پێداناوە، لە سایەی هاوکاریی هاوبەش لەنێوان هەردوو حزبەکەمان هەندێ بەشی گرینگی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کراون بەو پابەندییانەشەوە کە هەردوو لامان دەگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو بارودۆخە درێژەی نەکێشا و داڕمان و هەڵگەڕانەوە وردە وردە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا دەستیان کرد بە زاڵبوون بەسەر ئەو پێوەندییەی نێوان هەردوو حزبماندا و لە نیزیکی مانگی تەمووزی ڕابردووەوە دەستی کرد بە گرژ هەڵاتن و پووکانەوە و بەرەو خراپی چوون بەردەوام بوو تا لەم ڕۆژەدا گەیشتە لووتکەی خراپی و وای لێهات کە خەریکە لە ناخەوە هەڕەشە لە پێوەندییەکانمان دەکات و دەستکەوتەکانی گەل لە ڕێککەوتنەکەی یازدەی ئادار و یەکێتی نیشتمانیی گەلی عێراقمان دەخاتە مەترسییەوە.

جا لەبەر حەزکردنی ئێمە بە ڕزگارکردنی هەڵوێستەکە، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی پەیدابوونی حالەتی بارگرژییەوە دەستپێشخەریی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی خۆمانمان لەلایەنە جیاجیاکانەوە کرد و داوای بەستنی کۆبوونەوەی هاوبەشیمان کرد کە نوێنەری سەرکردایەتیی هەردوو حزبی تێدا بێت بەمەبەستی ڕا و دید و

بۆچوون ئاڵوگۆڕکردن لەبارەی ئەو شتە سلبیانەی کە هەموومان بەدەستیانەوە دەناڵێنین.

وەکو لاشتان شاراوە نییە، ئەو کۆبوونەوانە لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ڕابردوو بەستران و پێشکەوتنێکی تا ڕادەیەک باش لەو وتوویژ و باسکردنە ناوبراوانە لە بارەی گەلێک لەو خاڵانەی لە بەرنامەی کاردا نووسرابوون، وەدیهات، بەڵام بەلامانەوە شتێکی کتوپڕی بوو کە ئێوە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە ناوخۆییانەی لە ناوچەی خانەقین لەو ماوەیەدا ڕوویاندا ویستتان واز لە کوبوونەوەکان بێنن و نەتانەوێ دەستیان پێ بکرێتەوە تا ئێمە کاری پێویست دژی تۆمەتباران ئەنجام دەدەین. هەرچەندە ئەو ڕووداوە داخ هێنەرە ناوبراوانە وەک کاردانەوەیەک بۆ کارەکانی دەسەڵاتداران لە خانەقین سەریان گرتووە، بەڵام دەستمان کرد بە گرتنی ڕێوشوێنی پێویست دژی پێشمەرگەکانمان لەو ناوچەیەدا کە ئەو کارەیان کردبوو و لەو کاتەی کە ئێمە چاومان بڕیبووە دەست پێکردنەوەی گفتوگۆی هاوبەش بەمەبەستی ئەوەی بیگەیەنینە کۆتاییەکی ئیجابییانە، دوای ئەو کارانە ئەو هەوڵدانەی تیرۆرکردنی ئێمە ڕوویدا کە جەماوەر بەوپەڕی هەستکردنی باڵای بەرپرسیی و دان بەخۆدا گرتنەوە، ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوە بوونەوە و لە جیاتی ئەوەی ئەم هەڵوێستە مایەی خۆشحاڵی و ڕێز لێ گرتن بێت لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە، دەسەڵاتدارانی تایبەتمەند دەستیان کرد بە ناردنی قشونی سەربازی بۆ کوردستان و چەککردنی سەرباز و پلەدارە کوردەکان و هەڵمەتێکی بەرفرەوان بۆ گرتن و دوورخستنەوە و دەربەدەرکردن دژی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان لە ناچەکانی ناوەراست و باشووری عێراق بێ هیچ پاکانە و هۆیەک و بەپێچەوانەی ئەو ڕێکارییەی لە سەرەتای ئەم مانگەدا لەگەڵ سەرکردایەتیی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لەسەری ڕێککەوتبووین.

ئەنجامدانی ئەو کارە نائاساییانە لەوە بوون کە گومان و مەترسیی ڕەوا لای ئێمە دروست بکات و لایەنە بەرپرسەکان لەکاتی خۆیدا بەڵێنی پووچەڵکردنەوە و لابردنی ئەو کارانەیان دا، بەڵام هیچ شتێک لەم بارەیەوە رووی نەدا و نەکرا، بگرە ئەوەی بەڕاستی ڕوویدا ڕژد بوون بوو لەسەر پێڕەوکردنی کاری نیگەرانکەری زیاتر کە

چەند فەرماندەیەکی فەوج و پاسەوانی سنوور و گۆڕینی بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆکیشی گرتەوە، بێ ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرانی ئێمە لە لیژنەی ئاشتی، یان کۆبوونەوە حزبییەکان بکەن، هەروەکو نەریت وا پێویست دەکات و لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئادار لەسەری ڕێککەوتووین کە پێڕەوی بکەی و هاوکاتیش لەگەڵ ئەوەدا هەندێ پێشمەرگەمان گیران و ڕفێنران و دووچاری پاڵەپەستۆ و ئەشکەنجەدان هاتن بەپێچەوانەی هەموو یاسایەک و بنەمای هاوپەیمانیەتی لەنێوان هەردوو حزبدا، ئەمەش لە هەندێ ناوچەدا کاردانەوەی هاوشێوەی لای ئێمە دروست کرد و ڕێگە گرتن لە حزبی ئێمە کە چالاکیی سیاسی لەنێو هێزە چەکدارەکاندا بنوێنێ کە ئەمەش مافێکی خۆمانە و لەمەوپێش هەمان بووە و ئینجا لەم دواییەش ڕێکخستنی پیلانێک بۆ تیرۆر کردنی پارێزگاری هەولێر. ئەمانە هەموو لە کاتێکدا ڕوویاندا کە وڵاتەکەمان لە هەموو لایەکەوە و لەکاتی جاڕدانی پەیمانی نیشتمانی، دەکەوێتە بەر هەڕەشەوە. کۆمیتەی ناوەندیی حزبمان ڕای وایە پێش ئەوەی کۆتایی بە کۆبوونەوەکەی بێنێ ئەم نامەیەتان پێشکێش بکات و بەپێویستیشی زانی ئاماژە بەوە بکات کە بەرژەوەندیی بنچینەیی وڵات و پێویستیی پارێزگاریی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی گەلەکەمان و ڕێککەوتننامەی ئادار، وا پێویست دەکەن ئاوڕ لەو حاڵەتە پڕ مەترسییە بدەینەوە کە ئێمە لەم قۆناغە ناسکەدا لە بەردەمیدا وەستاوین و چاوێکیش بە پێوەندیی نێوانماندا بگێڕینەوە کە گەیشتووەتە نزمترین پلەی خراپی. چونکە جڵەو شۆڕکردن و دەستپێشخەری نەکردن بۆ دانانی سنوورێکی خێرا و بنەبڕ و ئیجابی بۆ هەڵوێستەکە، بە خراپترین ئەنجام بۆ هەموومان دەشکێتەوە و ئەمەش کارێکە دڵسۆزان بەهیچ شێوەیەک پێی قایل نین بۆ گەل و نیشتمان.

بێگومان ئێمە ئیدیعای ئەوە ناکەین کە بێ هەڵەین و ئێمە ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی هەرچی شتێک کە ئەرکی پارێزگاری کردنی ئاسایش و ئارامی و سەروەیی یاسا لە هەموو لایەکی وڵات، پێویستی دەکات لەسەرمان و ئامادەی گەڕانەوەین بۆ دەست پێکردنەوەی پێوەندیی سروشتی لەنێوان هەردوو خزبماندا و دەسەڵاتی باسکردنی ئەو خاڵانە و هی تریشمان داوە بە برایان ساڵح یوسفیو دارا

تۆفیقو ئیحسان شێرزادو نافیز جەلال و ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین ئەو داوایەمان شایانی چاودێریی و بایەخی ئێوە بێت بۆ ئاگاداری هەر شتێک کە لەم ڕووەوە پێیان باشە.

ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیرمان قەبووڵ بفەرموون.

برای دڵسۆزتان مستەفا بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٩٧١/١١/٢٦

هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) ڕۆژی ١٩٧١/١٠/١، ئەم نامەیەی خوارەوەی ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد و لەودا بێزاری و توڕەیی خۆیان بەرامبەر بەو کردەوە ناپیاوانە دەربڕی:

– بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

برایانی بەڕێز

زۆر بەداخەوە ئەو خەبەرەمان بیست کە دەستەیەک نۆکەری بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم هەوڵی کوشتنی سەرۆک بارزانیان داوە و چەند پێشمەرگەیەک شەهید کراون. ئێمە بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا، بێزاری و توڕەیی خۆمان بەرامبەر بەو کردەوە ناپیاوانە دەردەبڕین و هەر لەوکاتەشدا خۆشحاڵین کە ئەم پیلانە سەرنەکەوتووە و سەرۆک بارزانی سالمە. هیوادارین خەباتی یەکگرتووی گەلانی عێراق بە کورد و عەرەبەوە هەر سەرکەوتوو بێ و بەیاننامەی ١١ی مارسی مێژوویی کە نیشانە و دەستکەوتی ئەم یەکگرتنە و کۆسپی ڕێگای دوژمنانی جووڵانەوەی ئازادی خوازی گەلی کوردە بەند بەند بێتە دی.

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

١٩٧١/١٠/١[1]

بەهەر حاڵ، ڕژێمی عێراق بە ناردنی وەفدێک کە لە مورتەزا حەدیسی، تاریق عەزیز و عەزیز شەریف پێکهاتبوو لە ١٩٧١/١٢/٢، وەڵامی بارزانیو سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی دایەوە کە هۆیەکانی ئاڵۆزیی و ساردیی لەنێوان کورد و

حکومەتدا نەهێڵێت. ڕۆژی ١٩٧١/١٢/١٦، ئەحمەد حەسەن بەکر بە ناردنی دوو نوێنەری خۆی بۆلای بارزانی پێیڕاگەیاند ئەو تاقمەی دەوروبەری بەگوێی ناکەن و وەڵامی خواستەکانی نادەنەوە.

١- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١، ڕێبەندانی ١٣٤٩- ژانویەی ١٩٧١، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە بەغدا بڵاودەکرایەوە.

پێوەندیی بارزانی لەگەڵ سەرۆکانی میسر و سوریا و ئۆردون

هەروەکوو لە بەشەکانی پێشوودا بینیمان لە ساڵی ١٩٧١وە بەرە بەرە پێوەندیی نێوان حیزبی بەعس و حکومەت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کوردستان بەرەو لاوازیی و ئاڵۆزبوون چوو. ئەو ئاڵۆزییە نەک هەر پێشی بە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار گرت، بەڵکوو بارودۆخەکەشی بەرەو توندیی و پیلانگێڕیی و تاوان برد. لەبەر ئەوە، بارزانی بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو پێوەندییە، پێوەندی بە سەرۆکەکانی میسر و سوریاوە گرت تا بەڵکوو یارمەتیدەر بن لە ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە و جێبەجێکردنی خاڵە بەئەنجام نەگەیشتووەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار.

بۆ ئەو مەبەستە، ڕۆژی ١٦/ ١٩٧٢/١ دارا تۆفیق کە هەڵگری دوو نامەی بارزانی بوو، گەیشتە میسر و لەلایەن ئەنوەر ساداتەوە پێشوازیی کراو ڕۆژی ٢٣ی هەمان مانگیش لەگەڵ حافز ئەسەد کۆبۆوە. دارا هەڵوێستی پارتی دیموکراتی بۆ هەردوو سەرۆک شیکردەوە و داوای لێکردن کۆمەڵی وڵاتانی عەرەب دەستپێشخەربن لە ئاساییکردنەوەی پێوەندیی نێوان حکومەتی عێراق و پارتی دیموکراتدا و داواشی لێکردن، ئەم هەوڵدانە وەک پرسێکی ستراتیژیی عەرەب و کورد لەناو بازنەی وڵاتە عەرەبییەکاندا بێت کە وەڵامی هەردوولا هاندەرانە بوو.

ماوەیەکی کورت، بەدوای ئەو پێوەندییەدا، بارزانی نامەیەکی ڕۆژی ١٩٧٢/٣/١٥ی "شا حوسێن کوڕی تەڵال"ی ئۆردونی پێگەیشت. لە ساڵی ١٩٦٦وە بارزانی پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ شا حوسێن پێکهێنابوو. پێوەندییەکە سەرەتا بە نامەیەکی بارزانی بۆ شاحوسێن دەستی پێکرد کە بەهۆی شەمسەدین موفتی نوێنەری بارزانی لە تارانەوە گەیاندییە دەستی شا حوسێن و ئیتر لەوکاتەوە نامە گۆڕینەوە لەنێوانیاندا بەردەوام بوو. ئەمەی خوارەوە نامەی شا حوسێنە بۆ بارزانی:

بەناوی خوای گەورە و مێهرەبان

ڕێزداری برا مستەفا بارزانی خۆا بپارێزێ

سڵاوی بێگەرد و هیوا و ئاواتی ڕاست لەگەڵ باشترین هەستی خۆشەویستی و قەدر زانیت بۆ دەنێرین. جا پاش ئەمە: ئێمە هیوامان وابوو هەلمان بۆ بڕەخسێ لەم مانگەدا سەرێک لە ئێران بدەین و کۆبوونەوەیەکیش لەگەڵ بەڕێزتان ڕێکبخەین، بەڵام هەندێک پێوەندیی لەپڕ سەریهەڵدا و خۆی سەپاند و ناچاری کردین ئەو سەرلێدانە دوابخەین بۆ وادەیەکی تری لەمەولای بە یارمەتی خوا نیزیک.

بۆیە وامان بەباش زانی سکرتێری شەخسی خۆمان بەڕێز مەردیوود تەل بنێرین بۆلاتان کە متمانەی تەواومان پێی هەیە، تا وەکو نێردراوێکی تایبەت بە دیدارتان شەرەفمەند بێت و سڵاوی بێگەرد و قەدر زانین و باشترین ئاواتی ئێمەتان بۆ بەردەوامی سەرکەوتن و دەرباز بوون پێ بگەیەنێت لەگەڵ جەختکردنمان لەسەر پشتگیریی تەواو و لایەنگریی بێ چەند و چوون لە هەرجێیەکدا کە هەوڵی بۆ بدەن و بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێوەی لە هەر کاروبارێکدا کە بەلاتانەوە پێویست بێ ئێمەی لێ ئاگادار بکەن.

سڵاوی برایانەمان بۆتان بۆ دووبارە دەکەینەوە و لە خوای بەرز و توانا دەپاڕینەوە کە بتانپارێزێ و دەستتان بگرێ لە هەوڵ و تەقەلای پیرۆزتان بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان و ئایینەکەمان، چاوەڕوانی گەیشتن بەخودی سیادەتتان لە کاتێکی نیزیکدا بە پشتەوانی خوا.

براتان حوسێن کوڕی تەڵال

عەمان ٢٩ی محەڕەمی ١٣٩٢ی کۆچی- ڕێکەوتی ١٩٧٢/٣/١٥ی زایینی

(پاشبەندی٤١)

مەلا حەیدەر و هەڤاڵانی قارەمانانە سەر دەنێنەوە

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١دا بۆمبێک لەژێر هێڵی ئاسنی کفری- قەرەتەپەدا تەقییەوە و بوو بەهۆی وەرگەڕانی چەند واگۆنی شەمەنەفەرێک، بەڵام زیانی گیانی بەکەس نەگەیشت. بە لێکۆڵینەوە دەرکەوت، پیاوانی سەربە ساواکی ئێران بەمەبەستی ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخی عێراق و کوردستان و تێکدانی پێوەندیی نێوان حکومەت و شۆڕشی کوردستان و پاشگەز بوونەوەی حکومەت لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار ١٩٧٠ ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە کە پیلانەکەیان جێبێگرت.

سەرکردایتی پارتی دیموکرات زۆری هەوڵدا کە بە لێکۆڵینەوە، ڕاستی ڕووداوەکە بۆ حکومەت ئاشکرا بکات، بەڵام حکومەتی عێراق چونکە لایەنی گومان و بیانوو گرتنی بە پارتی دیموکرات گرتبووەبەر، گوێی بۆ داخوازی سەرکردایەتی پارتی شل نەکرد و تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکرات و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی پارتی لە ناوچەکەدا دەستگیرکرد و بەشێکیانی برد بۆ زیندانی "قصرالنهایة" کە مەلا حەیدەر بەرپرسی لیژنەی پارتی دیموکرات لە کفری، عەبدوڵا عەباس بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی لە جەلەولا، حەمید عەبدوڵا ئەندامی پارتی، حەسیب عەلی خەڵکی گوندی جەبارەی سەربە کفری، سەلاح عەبدولڕەحمان بەگی جاف لە بەگزادەکانی جاف و سابیری هەمزاغای لەناو ئەو کەسانەدا بوون.

سەرکردایەتی شۆڕش زۆری هەوڵدا کە گیراوەکان ئازاد بکات، بەڵام حکومەت لە ئازادکردنیان خۆی پاراست. لەبەر ئەوە، ئەوانیش لە کوردستاندا ژمارەیەک لە پیاوانی سەربە دەزگاکانی هەواڵگریی و ئەندامانی حیزبی بەعسیان گرت، تا لەگەڵ گیراوەکان بیانگۆڕنەوە کە حکومەت ڕازی نەبوو. کاتێک مەلا حەیدەر بەو هەوڵەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی زانی، نامەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی کرد. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٨٩ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا، بەشێک لە نامەکەی مەلا حەیدەری بڵاوکردۆتەوە کە نوسیویەتی: **(ئێمە سوپاسی سەرکردایەتیمان دەکەین بەرامبەر بەو هەوڵ و تەقەلایەی بۆ ڕزگار کردنمان دەیدات**

کە دەیەوێ بمانگۆڕێتەوە بە کۆمەڵێک تاوانبار و جاسووس، بەڵام ئێمە کۆمەڵێک تێکۆشەری بێگوناهین و هیچ تاوانێکمان نەکردووە. بۆیە تکاتان لێ دەکەین هیچ جاسوسێک و هیچ خائینێک لە پێناوی ئازادکردنی ئێمەدا بەرەڵڵا مەکەن، ئێمە لەوکاتەوە کە بە ئەندام لە پارتیدا وەرگیراوین و هاتووینەتە ڕیزی خەبات لە شۆڕشدا، ژیانی خۆمان لە ڕێگەی مەسەلەی چارەنووسدا بەخشیوە و خۆمان کردووە بە قوربانی ئەم نەتەویە و بەهەموو شانازییەکیشەوە پێشوازیی لە مەرگ دەکەین، چونکە لە پێناوی باوەڕی خۆماندا دەمرین. بۆیە، بەناوی خۆم و هەڤاڵانمەوە، تکاتان لێدەکەم هیچ نیشانەیەکی لاوازیی لەبەر چاوی دوژمندا دەرنەبڕن، ئێمە باکمان لە مەرگ نییە.)

ڕژێمی بەعس تا ڕۆژی ١٩٧٤/٥/١٣، مەلا حەیدەر و پێنج هەڤاڵەکانی لە زیندانی "قصرالنهایة"دا ڕاگرت و لە بەرە بەیانی ئەو ڕۆژەدا هەموویانی لە سێدارەدا.

پیلانێکی تر بۆسەر ژیانی بارزانی

هەروەکوو پێشتر گوتم، کاربەدەستانی حکومەت و دەزگاکانی هەواڵگریی عێراق، بەردەوام بوونی شۆڕشی ئەیلولیان لە چاوی سەرۆک مستەفا بارزانیدا دەبینی و واتێگەیشتبوون بە نەمانی ئەو شکست بە شۆڕشی کوردستان دەهێنن. لەبەرئەوە بە بەرنامەیەکی بەردەوام و بەبێ ئەوەی کە پەند لە شکستەکانی پێشوویان سەبارەت بە تیرۆرکردنی بارزانی وەرگرن، سەرلەنوێ پەنایان بۆ تاوانێکی تری تیرۆریستی برد.

ئەوان لە لایەک پاکەتی بۆمبرێژکراویان دەنارد و لەلایەکی تردا، میوە و شیرینی ژاراوی و ڕادیۆ و ڕیکۆردەری پڕلە تەقەمەنیان ڕەوانەی ناوچەی پێشمەرگەکان دەکرد و بۆیان گرنگ نەبوو بۆمبە نێردراوەکانیان لە دەستی کێدا دەتەقێتەوە. ڕۆژی ١٩٧١/١٢/٢٦ شۆفیری ئوتۆمبیلێک پاکەتێکی پڕلە تاید و وردەشتی تر دەهێنێ بۆ چایخانەی ناوکێلەکان، لەگەڵ پاکەتێکی باقلاوە بۆ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی و دەیەوێ بیبات بۆ بنکەی "کانی زیل" کە پێشمەرگەکان پێشی پێدەگرن و ناهێڵن بچێتە شوێنی مەبەست. لەوێ قادر سەنگ سفید "بێکەس" خەریکی پشکنینی پاکەتەکە دەبێ کە پاکەت لە دەستیدا دەتەقێتەوە و قادر بێکەس و سێ کەسی تر شەهید دەکات و حەسەنی کوڕی قادر و چەند کەسی تریش بریندار دەبن[1]. لەم بارەیەوە کەمال عەبدوڵا ڕەسوڵ یەکێک لە بریندارەکانی ئەو تەقینەوەیە کە لەودا چاوێکی خۆی لەدەستداوە لە وتوویژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١١ پێی گوتم:

– (من لە بنکەی کانی زیل حەرەس حدود بووم. ڕۆژانە لە کانی زیلەوە دەچووم بۆ قاوەخانەی ناوکێلەکان و ئەرزاقم دەهێنا بۆ فەوجی حەرەس حدود. ڕۆژی ١٩٧١/١٢/٢٦، لە چایخانەی ناوکێلەکان بووم کە جیپێک هات و ئێمە نەمانهێشت جیپەکە بچێتە سەرێ. تاید و شتی تری تێدا بوو. قادر بێکەس ویستی بارەکە بپشکنێ کە پاکەتێک تەقییەوە و قادر و زاهید عومەر و کوڕێکی مام عەبدوڵای ناوکێلەکانی شەهیدکرد و ١٢ کەسیش بریندار بوون کە ناوی هێندێکیانم لەبیرە، وەک: ڕەمەزان حەسەن، محەمەد حەسەن، خدری حاجی حەسەن، حەسەن بێکەس و کەسێکی

شیوعی. هەروەها منیش لەو ڕووداوەدا چاوی چەپەم لەدەستدا. جگەلەوە لە سەیتەرەی بەرزێوەش پێشمەرگەکان دەستیان بەسەر پاکەتێکدا گرت کە هێنەرەکەی ویستی بیکاتەوە و بە پێشمەرگەکان بڵێت کە پاکەتێکی ئەمینە، بەڵام پاکەتەکە تەقییەوە و کابرای هێنەری کوشت.)

ڕۆژی ١٩٧٢/٧/٣، قایمقامی شەنگال کوژرا. وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە بەیاننامەیەکدا پەنجەی تاوانی کوشتنی قایمقامی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاکێشا و چەند لایەنگری پارتی گرت. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە پارتی دیموکرات هیچ پێوەندییەکی بە کوژرانی قایمقامەوە نەبوو. بەرپرسانی لقی یەکی پارتی بۆ کەمکردنەوەی مەترسی و تۆڵەسەندنەوەی ڕژێم شاری موسڵیان بەجێهێشت. دوای ئەو ڕووداوە، سوپای عێراق پەلاماری گوندەکانی سەر چیای شەنگالی دا و لە ئاسمان و زەوییەوە بۆمبی بەسەر ئەو گوندەدا باراند.

بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوی کوشتنی قایمقام لیژنەیەک لە نوێنەرانی حکومەت و شۆڕش پێکهات. ئەو لیژنەیە ئاشکرای کرد کە قایمقامی شەنگال بەدەست دەوڵەتی ئێران کوژراوە و بۆ تێکدانی پێوەندی نێوان کوردو حکومەت ئەنجامی گرتووە. بەهۆی خۆدزینەوەی ڕژێمی عێراق لەو ڕاستییە، لێکۆڵینەوەکان سودیان نەبەخشی و ئەو زیانەشی بە شۆڕش گەیاند کە ڕۆژی ١٠/ ١٩٧٢/٧ لە کاتێکدا نافیز جەلال وەزیری کشتوکاڵ لە لیژنەکەدا دەچوو بۆ لێکۆڵینەوە، ئوتۆمبیلەکەی لەگەڵ ئوتۆمبیلێکی تر لە یەکتریاندا و لە ئاکامدا نافیز جەلال گیانی لەدەستدا کە بەوە زیانێکی مەزن لە شۆڕشی کوردستان کەوت.

کوردێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بەناوی ئیبراهیم گاباری لە سوریاوە هاتبوو لە بەغدا دەژیا. ناوبراو چەند جارێک سەردانی مقەڕی خەبات "لقی پێنجی" پارتی دیموکراتی کردبوو. بەرپرسانی پارتی و شۆڕشی کوردستان بە کەسێکی خەباتکاریان دەزانی کە گوایە لەترسی ڕاوەدوونانی ڕژێمی سوریا ڕایکردوە. ڕاستی و دروستی وتەی گاباریی ڕوون نەبوو کە ئایا لە ترسی ڕاوەدوونانی ڕژێمی سوریا ڕایکردوە، یان بۆ ئاژاوە نانەوە لەنێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق نێردراوە.

ڕۆژی ١٩٧٢/٦/١ دەزگای پاراستنی شۆرش، مەسعود بارزانی ئاگادار دەکاتەوە کە ئیبراهیم گاباری بۆ کارێکی زۆر نهێنی، دەیەوێ چاوی پێی بکەوێ. گاباری دەبەنە لای کاک مەسعود. لەوێ گاباری نهێنییەک سەبارەت بە تیرۆرکردنی بارزانی ئاشکرا دەکات. دەڵێت: **(نازم گزار پێی ڕاسپاردووم بە هاتووچۆ کردنم بۆلای ئێوە، متمانەی ئێوە بۆلای خۆم ڕابکێشم و بەدوای ئەوەدا کە متمانەتان بەمن کرد، بە هەگبەیەکی پڕلە TNT بێمەوە لاتان و ئەگەر کرا بارزانی و ئەگەرنا کاک ئیدریس یان تۆ بکوژم.)**

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٧٨ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بەو ڕووداوە دەکات: **(چەند پرسیارێکم لێکردو لە وەڵامەکانییەوە دیار بوو هەرچی دەیڵێ ڕاست دەکا. گومانم لەوەدا نەما کە ئەو کوڕە گەنجە نیازی پاکە و بەڕاستی نیشتمانپەروەرە. ستایشی ڕەوشتی بەرزیم کرد و پیرۆزباییم لەسەر ئەو هەستە خاوێنەی لێکردو داوام لێکرد لەسەر نەخشەکەی خۆی بەردەوام بێ و هەوڵبدا بزانێ چییان لێی دەوێ لە قۆناخی داهاتوودا بۆیان بکا.)**

گاباری بەو ڕێنوێنییەی کاک مەسعود بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک دەچێتەوە لایان و دەڵێ داوایان لێکردوم وێنەیەکی فتوگرافی لەگەڵ بارزانی، یان کاک ئیدریس، یان تۆ بگرم کە ئەو داوایەی بۆ جێبەجێ دەکەن و سەرلەنوێ گاباری دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا.

ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٥، گاباری بە هەگبەیەکی پڕلە TNT دەچێت بۆ حاجی ئۆمەران. دەزگای پاراستنی شۆڕش بەوردی دەیخاتە ژێر چاودێری و لە حیزبیشەوە بە ڕۆژنامەی "التاخی" دەڵێن هەواڵی دۆزینەوە و پێزانینی پیلانەکە بڵاوبکاتەوە. وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەتوندی نکۆڵیی لەوە دەکات کە دەستی هەبێ لەو پیلانەدا و لەسەر داوای سەدام حوسێن لیژنەیەکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە لە پیلانەکە دەستنیشان دەکەن کە ئەندامانی بریتی بوون لە: عەبدولخالق سامەڕایی، عەزیز شەریف، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی"، دارا تۆفیق، ئیحسان شێرزاد و موکەڕەم تاڵەبانی.

ئەندامانی لیژنەکە دەچن بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ هەموو بەڵگەکانیان دەخەنە دەستیان و ئیبراهیم گاباریش دەهێنن و ئەویش لە یەکەم ڕۆژی پێوەندیی کردنی بە نازم گزارەوە تا دووا قۆناخ بە ئەندامانی لیژنەکە ڕادەگەیەنێ و ناوی چەند ئەفسەری سوپاش لە دارشتنی ئەو پیلانە تیرۆریستییەدا ئاشکرا دەکات. کاتێک ناوی مقەدەم باسیلی بەزمان هێنا، سامەڕایی داوای لێدەکات، پێی بڵێ باسیل چۆن ڕواڵەتێکی هەیە؟ گاباری دەڵێت:

- (تەمەنی لە سنوری ٣٥ ساڵدایە، موی سەری کەستانەییە، چاوی شین و دەموڕووی چاڵوچوڵە و نیشانەی ئاوڵەیە. باسی سەعاتی دەستی دەکات کە ئەڵقەی پەنجەی دەڕازێنێتەوە.) بەو هێمایانەی کە گاباری دەیدا، سامەڕایی بێدەنگ کرد و پێی گوت: **(بەس، بەس، وەسفکردنی بەم جۆرە هەرگیز بە خەیاڵدا نایەت. من باسیلم هێناوەتە ناو حیزب و لە ڕاست بوونی قسەکانی گاباری دڵنیام. دەگەڕێمەوە ئەم ڕاستییە دەخەمە بەردەمی سەرکردەکانم و ئیتر نازانم چییان لێ دەکەن.)**

ئاشکرا بوونی ئەم پیلانەش وەک پیلانەکانی پێشوو، بەبێ سزادانی بکەرەکانی پوشبەسەر کرا. دەربارەی وەڵام دانەوەی شۆڕش بەو پیلانە، مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٨٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(جارێکیان بەرپرسانی دەزگای ئاسایشی شۆڕش هاتن بۆلام و وتیان: ڕێگەمان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوە کە بۆمبێک لەماڵی خێرولا تلفاح دابنێین و سەرکەوتنی کارەکە ١٠٠% دابینە. منیش لای خۆمەوە وام بەخەیاڵدا هات کارێکی وا لەوانەیە ببێت بە بەڵگەی لێهاتوویی دەزگاکەمان و پلەی خۆمم لەبەرچاوی خۆمدا پێ بەرز بۆوە و چووم بۆلای بارزانی و ئەم پێشنیازەم بردەلای. لێم توڕە بوو و وتی:**

- هیچ دەستەبەرێک هەیە کە ژن و منداڵی تێدا تووش نابن؟ وتم:

- نەوەڵڵا هیچ دەستەبەرییەکی وا لەگۆڕی نییە. وتی"

- کەواتە جیاوازیی ئێوە لەگەڵ نازم گزار لە چیدایە؟ پاشان سەیری کردم و وتی: باش گوێت لێم بێ، خۆتان دوور بگرن لەوەی کەسانی بێگوناه بەکوشت بدەن. خۆتان دوور بگرن لەوەی ژن و منداڵ بەکوشت بدەن. کاری وا کاری ئەو

ترسەنۆکانەیە کە لە خوا ناترسن. ئەگەر منتان لەناو نەبوو ڕێی ئەم جۆرە کارانەتان لێ بگرم، من لێتانی قەدەغە دەکەم، هیچ کاتێک و لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێگەی ئەنجامدانی کاری لەم جۆرە ئابرووبەرانە مەدەن. ئەگەر ئازایی و لێهاتوویی لەخۆتاندا شک دەبەن، تاوانبارانی بەرپرس و ئەنجامدەرانی ئەو کردەوانە خۆیان لەناو بەرن نەک بەکوشتنی ژن و منداڵیان تۆڵەیان لێ بستێنن.)

ئەمە هەڵوێستی بارزانی بوو سەبارەت بە خێزانی ئەو تاوانبارانەی بە ناردنی بۆمبی پاکەتی و ژاراوی کردنی خواردەمەنی، گەورە و بچووکی کوردیان دەکوشت. وانەیەکیش بوو لە مرۆڤ دۆستی بارزانیی کە ئەندامانی پارتی دیموکرات و شۆڕشی کوردستانی پێ پەروەردە دەکرا.

١- حەسەن سەنگ سفید "بێکەس" کوڕی شەهید قادر بێکەس پورزام بوو. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول هاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چونکە دایکی لە مهاباد بوو، توانی لەوێ نیشتەجێ بێت. من تاکسییەکەم بۆ کڕی کە کاری پێ بکات و خۆی پێ بژێنێ. تا ساڵی ١٩٧٩ لەسەر ئەو تاکسییە کاری کرد و دواتر من بە حیزبی دیموکراتی کوردستانم ناساند و بوو بە پێشمەرگە. ناوبراو بەهۆی لێوەشاوەییەوە کرا بە سەرپەل. لە ڕەوتی شەڕی سێ مانگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە بنکەی پەلەکەی لە ماڵی "برایم بێکراس" لە گوندی "داغە"ی ناوچەی مەنگوڕانی مهاباد، حەسەن بەهۆی هەڵەی یەکێک لە پێشمەرگە هاوڕێکانی کە ویستبووی بە نارنجۆک لە ڕوباری داغە ماسی بگرێ، شەهید بوو. ئەو پێشمەرگەیە لە نێو مقەرەکەدا کە لەسەر ڕوبارەکە بوو، زامنی نارنجۆکەکەی دەردەهێنێ و دەیەوێ لەبەر دەرگای ماڵەکەوە فڕێی بداتە نێو ڕوباری داغەوە، کەچی نارنجۆکەکەی لە دەست دەکەوێ. بۆ ئەوەی کە زیان بە پێشمەرگەکان نەکەوێ، حەسەن پڕدەداتە نارنجۆکەکە و بە سکی خۆیەوە دەنوسێنێ و لە قوژبنی ژورەکەدا دەوەستێت. نارنجۆک تەقێیەوە و حەسەنی کوشت و برایم بێکەسی برای و چەند پێشمەرگەی تریشی بریندار کرد.

عێراق دەچێتە بەرەی یەکێتی سۆڤیەتەوە

یەکێتی سۆڤیەت ڕاوەدوونان و کوشتنی شیوعییەکانی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٦٣دا لەبیر بوو، لەبەر ئەوە زۆری باوەڕ بە حکومەتی بەعس نەدەکرد. ساڵی ١٩٦٩- ١٩٧٠ کە وتوویژ لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەت بواریکی جددی بەخۆیەوە گرت، بارزانی پێشنیازی کرد حیزبی شیوعییش وەک لایەنێک بەشداریی وتوویژەکان بکات کە سەدام حوسێن و سەرکردەکانی حیزبی بەعس ڕازی نەبوون.

جاری یەکەم کە سەدام دەیویست سەردانی ڕووسیا بکات، داوای لە بارزانی کرد کە ئیدریس بارزانی لەگەڵ بنێرێت، بەڵام بەو زانیارییەی بارزانی لە سەرکردەکانی ڕووسیا هەیبوو سەبارەت بە حیزبی بەعس، دەیزانی ئەوان سەدام بەدڵ وەرناگرن و ئەویش ڕەزامەندیی لەگەڵ چوونی ئیدریس بارزانی پێشان نەدا. بۆچوونەکەی بارزانی بە ڕاست دەرچوو، سەدام لەو سەردانەیدا لەگەڵ ساردیی کاربەدەستانی سۆڤیەت ڕووبەڕوو بۆوە. دواتر کە پێوەندی لە نێوان شۆڕش و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهات و کاربەدەستانی سۆڤیەت پێیان زانی، سەرەتا ویستیان پێش بەو پێوەندییە بگرن کە نەیانتوانی، ئەوانیش لایەنی حکومەتی بەعسیان گرت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٩٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (دەزگای هەواڵزانینی سۆڤیەت KGB بەو پێوەندییە دەزانێ. سۆڤیەتییەکان لەم بارەیەوە چەند جارێک پێوەندیان بە بارزانییەوە کرد. لە یادمە کە پریماکۆڤ و پاش ئەویش ڤیکتۆر پاساڤالیۆکی سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت کە پاشان بوو بە بریکاری وەزیری دەرەوە و ڕۆمانسیێڤ و پاشتریش ڤیدۆتۆڤ و کۆدریاتیڤ کە هەموویان ئەندامی سەرکردایەتی بوون لە حیزبی کۆمونیستی یەکەتی سۆڤیەت و حکوومەتی سۆڤیەت دا، هەموو یەک بە دوای یەک هاتن بۆ کوردستان. مەبەست لە هاتنی ئەوان هەوڵدان و کارکردن بوو بۆ نەهێشتنی دروستبوونی هیچ جۆرە

پێوەندییەک لەگەڵ ئەمەریکاییەکاندا و ئامۆژگارییان دەکردین کەوا تەنیا بە بەڵێندانی بێ کردەوەی ئەوتۆ باوەڕ بە ئەمەریکاییەکان نەکەن و پشتی بەڵێنەکانیان بگیرێت. هەروەها سۆڤیەتییەکان هەوڵیان لەگەڵ چەند کوردێکی تریش دا کە دڵیان ڕاکێشن و پاڵیان پێوە بنێن بچنە پاڵ حکوومەت. بۆ نموونە لەناو ئەوانەدا ناوی جەلال تاڵەبانی دەهێنم.)

کاربەدەستانی سۆڤیەت بەبێ لەبەرچاو گرتنی تاوانەکانی ڕژێم و جێبەجێ نەکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، تەنیا لەبەر ئەوەی کە پێی ئەمریکییەکان نەگاتە ناوچەکە لە بارزانییان دەویست وەک هاوپەیمانی ڕژێمی عێراق بمێنێتەوە و ئیتر بەجددی چاویان لە مافی کورد و جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنی ئادار نەبوو. لە لایەکی تردا، بارزانی زۆری باوەڕ بە یەکێتی سۆڤیەت و بەڵینەکانی نەمابوو. بە تەجروبەی دوازدە ساڵ مانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت، بۆی دەرکەوتبوو، یەکێتی سۆڤیەت توانای لە ئەستۆ گرتنی ئەو بەرپرسایەتییەی لە جیهاندا نەماوە و ئەمریکا لە دواڕۆژدا سیاسەت، ئابووریی و ئەمنیەتی جیهانی دەکەوێتە دەست و ئەگەر بێتو خەیانەت بە کورد نەکات، ئەو دەتوانێ نەتەوەی کورد بە مافی ڕەوای خۆی بگەیەنێت. دەربارەی ئەو کردەوە دوولایەنەی سۆڤیەت، جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکیدا کە ڕۆژی ١٩٧٢/٦/٢٢ ئاراستەی ئیدریس و مەسعود بارزانی کردوە، دەنوسێت:

بەغدا

١٩٧٢/٦/٢٢

برایانی خۆشەویست و بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتان بە ئاوات ئەخوازم

ماوەیێک لەمەوبەر نامەیێکم نووسی بۆتان بەهۆی کاک حەبیبەوە، بەڵام چونکە هاتبوو بۆ بەغدا نامەکەم بۆ گەڕایەوە. وا ئەم جارە بە کوردی بۆتان ئەنووسمەوە. کە گەیشتمە بەغدا بە گەرمی لەلایەن حکوومەت و شێوعی و ڕووسەوە پێشوازی کرام نوێنەرانی هەر سێ لایان هاتنەلام. هەرچەندە لەهجەی قسەیان جیابوو، بەڵام ئامانجیان یەک بوو. ئەویش بریتی بوو لە هاندانمان بۆ ئەوەی یەکیەتییەکەمان تێک

دەینەوە و حزبێکی تەقەدومی کوردی دروست بکەین. بۆ دروستکردنی "مغریات" و "مشجعات" و "وعودی" زۆر هەبوو. هەر لە تەئیید و پشتیوانییەوە تا سەر حوکمی زاتی.

من شیوعی و ڕوسەکانم هاندا بۆ ئەوەی دەست لە بارزانی بەرنەدەن و وەفدێک بنێرن بۆلای کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت وە "ضمانات" بدا بە بارزانی کە معاهەدەی ڕووس و عێراق ضدی کورد نییە وە حوکمی زاتی بدرێت بە کورد بە کەرکووکەوە وە یارمەتی ماڵی بارزانی بدەن. لەسەر داوای عامر عەبدوڵڵا بەو مەعنایە نامەیێکم بۆ کاک عەزیز محەمەد بەکوردی نووسی کە لە مۆسکۆیە. پاشان بیستمەوە کە کراوە بە عەرەبی و بە برووسکە سەفارەت ناردوویەتی بۆ مۆسکۆ بۆ ڕووس زۆرم قسە کرد وە هەوڵمدا تێیان بگەیەنم کە بارزانی دۆستیانە و دۆستایەتیان لەگەڵ "لەگەڵ کورد" مایەی قووەتە بۆیان لە عێراقدا وە ئەمەش سەبەبی هەقیقی نێزیکی حوکمی بەغدایە لێیانەوە، بۆیە هەق نییە بارزانی بەردەن.

(١) حکوومەت و ڕووس و شیوعی نیازیان دروستکردنی "تەجەموعێکە" دژی بارزانی بەناوی "حزب" یان "کۆمەڵ" یان شتێکی ترەوە بێت.

(٢) دوکتۆر مراد هاتەلام و داوای لێکردم کە حزبێک دروست بکەم و ڕووس و شیوعی یارمەتیم بدەن. حکوومەتیش حوکمی زاتیمان بداتێ بە کەرکووکەوە. چونکە حازرنین کەرکووک بدەنە بارزانی وە گوتی ڕووس و حکوومەت و شیوعی یارمەتیت ئەدەن و زۆر کەس هەیە ئامادەن لەگەڵت بن لەناو پارتی و لە دەرەوەی پارتی.

(٣)- جەماعەتێک هەن لە کوردی موستەقیل وەک هەمزە عەبدوڵڵا، نەژاد، خەسرەو، ساڵح حەیدەری کە خۆیان بە تەقەدومی ئەزانن و عەلاقەیان بە کاک دارا تۆفیقەوە هەیە. زۆر جار هاتنەلام و چوومە لایان. داوای حزبێکی کوردی یان تەجەموعێکی کوردی تەقەدومی ئەکەن کە داخڵی جەبهە بێت. من بۆم شەرح کردن کە ئەمە فاشیلە چونکە تەجروبەی ئێمە هەیە. لە وەڵامدا گوتیان بە سێ شەرت ناجیح ئەبێت کە بریتین لە:

آ- پشتیوانی ڕووس بۆی- گوتیان ئەبێت.

ب- پشتیوانی حزبی شیوعی و پارتی شۆڕشگێڕی پێشوو، گوتیان ئەمەش پێویستە بێتەدی.

ج- حکوومەت حوکمی زاتی بدات پێی، گوتیان ئەبێت.

لام وایە ئەم فکرەیە لە داهاتوودا تەحقیق ئەکرێت بەیارمەتیی شیوعی و ڕووس و بەعس.

(٤) سەدام ناردی بەشوێن من و فوئاد عارف، لە دیتنەکەیدا باسی کرد کە ئەوان حازرن بۆ هەموو شتێک کە ئێمە داوای بکەین. کاک فوئاد باسی "اشراری" دەوری بارزانی کرد و گوتی ئەبێ وفود بنێرینە سەر بارزانی بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست بگرێ. من لە نەوتەوە دەستم پێ کرد. پاش پیرۆزبایی هەنگاوی تەئمیم گوتم سەرکەوتنی بەندە بە چارەسەکردنی مەسەلەی کوردەوە، ئەویش بێ بارزانی نابێت.

پێشنیهادم کرد کە خۆی بچێت بۆلای. گوتی من ئامادەم نامە بنووسم و بارزانی ڕەئی لەسەرم خراپ بووە. گوتی لە هەموو شتێکی من بەشوبهەیە. تەنانەت کە دەمانچەمان پێک گۆڕییەوە هەر تووڕە بووبوو.

من پێشنیهادم کرد کە وەفدێک دەسەلاتدار بێت بە سەرۆکایەتی عەبدولخالق بچێت بۆلای بارزانی بەو شەرتەی بتوانێ هەموو شتێکی هەبێت. پێش چوونی گیراوەکانی پارتی بەردەین و محێ و سەرۆک جاشەکان لە عەقرە سەحب کرێنەوە. عوبێد بچێت بۆ خارجی عێراق. تەعریبی کەرکووک ڕابگیرێت. لە وەلامدا سەدام گوتی ئێمە با هەرسێکمان دانیشینەوە، بە "ئەکثرییەت چی قەرار درا بیکەین، منش لە "اکثریەت" ترسام. وتی با چاکتر بیری لێ بکەینەوە و بۆی دانیشینەوە.

(٥) حکوومەت لای وایە کە جەناحێکی تەقەدومی هەیە لە پارتیدا بریتین لە نوری شاوەیس، سالح یوسفی، دارا تۆفیق. عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، مەلا ئیسماعیل، ئەمانە ئامادەن لەکاتی پێویستا دژی جەناحی یەمینیی پارتی بووەستن.

ڕووسیش هەرلەو باوەڕەیە، هەوڵیان دا من لەگەڵ ئەم جەناحە یەکخەن وە بۆ مستەقبەل پێکەوە بین.

(٦) حکوومەت هەر خەریکی خەڵک کڕین و تاخم دروستکردنە. زۆر پارە سەرف ئەکەن. بە حسابی خۆیان زۆریان کڕیوە وە زۆر کەسیان هەیە. بەلای منەوە نیوەی درۆیە، بەڵام لەناو پارتیدا خەڵکیان هەیە.

(٧) میسرییەکانم دی، ئەڵێن ئێمە زۆر حەز بە دۆستایەتیی بزووتنەوەی کورد ئەکەین. حەز ئەکەین لەگەڵ بارزانی دۆست بین. ئەڵێن پێمان خۆشە کورد بەهێز بێت هەرچەندە حەز بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ ناکەین. ئەڵێن ئیمڕۆ شەرکردنەوە بۆ کورد باش نییە چونکە دوای تەئمیم بۆ سومعەتان زۆر خراپە لەناو عەرەبدا. ئەڵێن ئێمە نەمان گوتووە ئێوە لەگەڵ بەعس دۆست بن و پشتیوانیی بکەن. هەروەها ئەڵێن ئاگادارین کە "تەجەممووعی وەتەن" ئێمەی تیانین.

(٨) چینییەکان نەختێ موهتەمن بە وەزعی کورد. ئەیانەوێ بزانن مەوقفمان چییە لە معاهەدەی ڕووس و بەعس؟ لە زاڵبوونی نفووزی ڕووس بەسەر عێراقدا. من گوتم ئێمە زدی ئەوەین. گوتیان ئەمە ڕەئی خۆتە. ئێمە ڕەئی بارزانیمان لا موهیمە.

هەروەها ئەیانەوێ بزانن کورد چەند ئامادەیە زدی ڕووس؟ وە زدی ئەمریکا؟ چین حەز بە حەلی دیموکراتی مەسەلەکە ئەکەن.

(٩) سەربەست بامەڕنی پیاوی میرییە. ئەوان ناردوویانە بۆناو جیهازی پاراستنی پارتی. شەبەکەیەکی جاسووسیی لە دەوری ئەسعەد خۆشەوی بۆ میری دروست کردووە. بەعسییەک گوتویەتی زۆر مەعلووماتمان بۆ ئەهێنێت. بڕیارە سەری مانگ بینێرنە گەڵاڵە و بامەڕنی.

(١٠) بە ڕەئی من زۆر پێویستە (١) یەکیەتی بەهێز کەین. (٢) زۆر وریا بین زۆر ئاگادار بین. (٣) ڕیزەکانمان بژار کەین. (٤) پێوەندی بە میسر و چینەوە بکەین. (٥) لەگەڵ ڕووس نەیپسێنین و پێشیان هەڵنەخەڵەتێین. (٦) لەگەڵ هەموو حزب و جەماعەتەکانی بەغدا و عەرەب پێوەندی بەهێز کەین. (٧) لەناو پێشمەرگەدا جاسوسی بێگانە نەهێڵین. (٨) برادەرە گومان لێ کراو و "تەقەددوموییەکان" بەرینەوە گەڵاڵە.

ئیتر هەر سەرکەوتوو بن

براتان جەلال تاڵەبانی (پاشبەندی ٤٢)

بەرلە ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، ڕژێمی عێراق لە ئۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"ی ساڵی ١٩٧١دا، بە ئامانجی نزیکبوونەوەی لە حیزبی شیوعی عێراق و دوورخستنەوەی حیزبی شیوعی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، "پەیمانی کاری نیشتمانی"ی ڕاگەیاند. لە هەمانکاتدا دەمی یەکێتی سۆڤیەتی بەوە شیرین کرد کە چەند پەیمانی گەورەی لەگەڵ دەبەستێ وەک: کارکردن لەسەر چاڵە نەوتی ڕۆمیلە، کەڵکوەرگرتنی کەشتییەکانی سۆڤیەت لە لێوارەکانی کەنداو، کڕینی جۆرەها چەکی ڕوسی و یارمەتی وەرگرتن لە کارناسانی ڕوسیا لە عێراق. ڕژێمی عێراق بەو ڕێیەدا، دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت دەستەبەر کرد و درزی خستە ناو پێوەندیی نێوان سۆڤیەت و پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەلێکس کۆسیگن سەرۆکوەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای مانگی چوارەمی ساڵی ١٩٧٢ گەیشتە عێراق و پەیمانەکانی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر واژۆ کرد. بەو پەیمانانە، عێراق بە چەکی قورسی وەک تۆپی ١٣٠ و ١٥٢ میلم، موشەکی سام، تانکی T62 کە دوا مۆدێلی تانک بوو و چەندان چەکی نوێ و فڕۆکەی بۆمبهاوێژی TU22 و سۆخۆ و میگی ٢٥ پڕچەک کرا کە دواتر هەموویان لە شەڕ بە دژی گەلی کورد بەکارهێنران.

ڕۆژی ١٩٧٢/٤/٨ وەفدێکی پارتی دیموکرات کە هەڵگری نامەیەکی هەمان ڕۆژی بارزانی بوو، لەگەڵ ئەلێکس کۆسیگن سەرۆکوەزیرانی سۆڤیەت لە بەغدا کۆبۆوە و باسی لە پێوەندیی نێوان سۆڤیەت و پارتی دیموکرات کرد. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٣٠٥، پاشبەندی ٤١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەقی نامەکەی بارزانی بەشێوەی خوارەوە بڵاوکردۆتەوە:

سەرۆکوەزیرانی یەکەتی سۆڤیەت

هاوڕێی ئازیز ئەلێکس کۆسیگن- ی بەڕێز

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکەتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت

سڵاوێکی گەرم

مایەی دڵخۆشییە کە هەلی سەردانە پڕبەخششەکەتان بۆ عێراقی وڵاتمان بقۆزمەوە بۆ ئەوەی جوانترین بەخێرهاتنتان بکەم و هیوای مانەوەیەکی خۆش و شادتان لە وەڵاتەکەماندا بۆ دەخوازم، بەو هیوایەی کە سەردانەکەتان بەشداریەکی کارای لە پەرەپێدانی پێوەندیی ئەو هاوکاری و دۆستایەتییەی لەنێوان حکوومەتە بەڕێزەکەتان و حکوومەتی کۆماری عێراقدا و لەنێوان گەلانی مەزنی یەکەتیی سۆڤیەت و لەنێوان گەلی عێراقمان هەیە بە عەرەب و کورد و کەمایەتییە براکانی و زۆر ئاواتەخواز بووم کە شەرەفی پێشوازیتانم لە بەغدا پێ بڕایە، بەڵام بارودۆخی سیاسی نالەبار ڕێی لەنێوان من و وەدیهێنانی ئەو ئاواتەدا گرت.

هاوڕێی ئازیز... بەپێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم کە بۆنەی سەردانتان بۆ عێراق بەهەل بزانم تا لە هەندێ لایەنی جیاجیای ئەو پێوەندییە ئاگادارتان بکەمەوە کە لەنێوان حزبی ئێمە و نێوان گەلی کوردمان لەلایەک و لەنێوان حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و حکوومەتی عێراقدا لەلایەکی ترەوە هەیە، چونکە من بڕوای تەواوم هەیە کە ئەم بابەتە یەکێک دەبێت لەو خاڵانەی لە ماوەی ئەو گفتوگۆیە لەنێوان شاندی عێراق و سۆڤیەتدا لە بەغدا باس دەکرێت، لەبەر ئەو بایەخە تایبەتییەی ئەم مەسەلە زیندووە لەم بارودۆخەدا هەیەتی، لەکاتێکدا کە هەوڵ و تەقەلای هەندێ ناوەندی بەرفرەوانی هێزی جیاجیا لە ناوەوە و دەرەوەدا بۆ بەرەو تەنگژە بردنی باردۆخەکە لە عێراق و کارکردن لەو ڕێگەیەوە بۆ ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتەی ئێستە لە بەغدا هەیە، تاو دەستێنێ و گومانیش لەوەدا نییە کە ئێوە ئاگادارییەکی تەواوتان هەیە لە بارەی قەبارە و هێزی ئەو ناوەندانە کە بێگومان زۆریشن و من چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە جێ دەهێڵم بۆ ژیریی ئێوە و دووربینی سیاسەتی ڕابەرییانەی سۆڤیەت و سۆزی هەمیشەیی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ستەمدیدە کە گەلی کوردیشمان یەکێکە لەو گەلانە و

پەرۆشی بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی و ئارامی لە عێراق و دەستەبەریی یارمەتیدان و پێشکەوتنی و پەرەپێدانی پێوەندییە چاکەکانی لەگەڵ یەکەتی سۆڤیەتدا و چاوەڕوانی ئەوەین کە ئێمەش شەرەفی بەشداری بوونمان هەبێ، ئەوەندەی کە بارودۆخ و توانامان ڕێگەمان پێ دەدەن کە بەو ڕووکار و ئاراستەیەی لەگەڵ خواست و ئارەزووی گەلی کوردماندا دەگونجێ کە گەورەترین ڕێز و تەقدیری بۆ گەل و حکوومەتی سۆڤیەت هەیە.

هاوڕێی بەڕێز

لای ئێوە شاراوە نییە کە ڕێککەوتنی یازدەی ئاداری مێژوویی ساڵی ١٩٧٠ ڕووداوێکی دیار و بەرجەستە و خاڵێکی ڕۆشنی مێژووی عێراق و بەهێزکردنی یەکەتیی نیشتمانی گەلەکەی و پشتیوانی برایەتیی عەرەب و کورد و یەکگرتنی خەباتی ناوخۆییان بوو لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا و ئێمە بەجددی و دڵسۆزییەوە، دوای مێژووی ناوبراو لەپێناوی دوو ئامانجی بنەڕەتیدا کار دەکەین، یەکەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی ناوبراو بەهەموو ئەو پابەندایەتییە بەرامبەرانەی کە لەو ڕیککەوتننامەیەدان و دووەمیش بەختکردنی هەموو توانایەک کە هەمانە لە پێناوی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی گەلی عێراقمان لەو ڕێگەیەوە.

وا بە پێچراوەیی پاشبەڕێکتان بۆ دەنێرین کە پێشاندانێکی گشتگیریی ڕێککەوتننامەی ئاداری تێدایە و ئەوەی جێبەجێ کراوە و ئەو بەندانەشی کە جێبەجێ نەکراون، مرۆڤی خاوەن ویژدان لەم پێشاندانەدا تێبینی ئەوە دەکات کە هەندێک بەندی ڕێککەتننامەکە بە ڕاستی جێبەجێ کراون، بەڵام لایەنە گرینگترەکەی کە لە ئەسڵی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردمانە، هێشتا هەر چاوەڕوانی جێبەجێکردنن، بەم بۆنەیەشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە داوودەزگا جیاجیاکانی حکوومەتی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی تێپەڕین، کاری وا پڕ مەترسییان ئەنجام داوە کە لەوانەیە بووینە هۆی هەڵتەکاندنی باوەڕ پێک کردن لە نێوان هەردوولادا کە گەیشتە ڕادەی ڕماندنی هەموو پردێکی باوەڕ و متمانە و گومان و دڕندۆنگی لەلایەن هەردوولاوە، جێی ئەوانەی گرتەوە. ئەوەتا سەرەڕای سیاسەتی بە

عەرەب و بەعسی کردن و کاری کڕینی ویژدانی خەڵکی نەفەس نزم لە ناوچەی کوردیدا، بەتایبەتیش لەو ناوچە تێکەڵانەی کە یەک نەتەوە زیاتریان تێدا دادەنیشن و دەسەڵاتدارانی بەرپرسی حکوومەت هیچ تەدابیرێکی یاسایی پێویستیان نەگرتووەتە بەر بۆ گەلێک ڕووداوی دەستدرێژی و دوژمنکاری کە ئێمە گەلێک جار لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تووشیان هاتووین، لەوانەش تەقە کردن لە بارەگای حزبمان لە مووسڵ تەنیا دوو هەفتە لە دوای ڕێککەوتنی ئادار، هەروەها سەبارەت بەو هێرشەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ بۆسەر ئۆتومبیلەکەی ئیدریس بارزانی سازکرا و لە بەغدا ڕوویدا و چەند بەرپرسێکی حزبمان تێدا بریندار کران. هەروەها حکوومەت لە تەمووزی ساڵی ١٩٧١ هێرشێکی چەکداری ڕێکخست بۆسەر بارزان و سوپا بە پشتیوانیی تۆپخانە و فرۆکە بەشداریی تێدا کرد، بە مەبەستی گیروگرفت و ئاژاوە دروستکردن لە ناوچەی ناوبراودا و حزب بەڵگەی تەواوی لایە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هەندێک داوودەزگای دەوڵەت ئەو هەوڵە سەرنەگرتووەیان بۆ کوشتنی من لە ٢٩ی ئەیلوولی پار ڕێکخست، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتدارانی حکوومەت پێش چەند مانگێک دەستیان دایە هەڵمەتێکی دەرکردنی بەکۆمەڵی ستەمکارانە دژی دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵەی گەلی کورد لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوری عێراق، بەپێچەوانەی هەموو ئەو ڕێکارییانەی لەکاتی خۆیدا لەگەڵ سەرکردایەتیی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لەسەریان ڕێکەوتبووین، ئینجا لە دوای ئەوە شاڵاوێکی بەربڵاو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی "استخباراتی" سەربازی دەستی پێ کرد دژی ئەو کوردانەی سەر بە هێزە چەکدارەکانن بەتایبەتیش لەنێو ئەوانەدا ئەندامانی حزبی ئێمە و دواکاری ئۆمێدبڕیش ئەوە بە هەندێ ڕەگەزی سەر بە دەسەلاتدارای و حزبی بەعس دەستیان دایە تیرۆر کردن و کوشتنی ئەندامانی حزبمان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات. ئەو کرداری تیرۆر و کوشتنە تەنیا هەر بە حزبی ئێمەوە نەوەستا وەکو زۆرباش لای ئێوە ئاشکرا و زانراوە. حاڵەتێکی ناباوی تیرۆر و تۆقاندن و نەمانی ئاسایش و ئازادیی دیموکراتی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە و لە ئەنجامی ئەوەشدا، وەک لاتان شاراوە نییە و ئەوە دوو ساڵ زیاترە سەدان شیوعی و پێشکەوتنخواز و کەسانی

سەربە حزبە نیشتمانییە جیاجیاکان تیرۆر کراون و کوژراون و ئەمەش یەکێک بوو لە خاڵەکانی ناکۆکیی بنەڕەتی لەنێوان ئێمە و ئەواندا.

سەبارەت بە یاسای چاککردنی کشتوکاڵیش، ئەوا لە کوردستان جێیەجێ کردنی تووشی کۆسپ و تەگەرە دێت و حکوومەت مەبەستی لەمەدا بەخشینی ئەو دەرەبەگە کوردانەیە لە پابەندایەتی بە یاسای ناوبراو، بەرامبەر ڕەزامەندیی ئەو دەرەبەگانە کە دژی ئێمە کار بکەن. ئەم کارە پڕلە پێچاوپێچییە کاردانەوەیەکی توندی لای جەماوەری کورد و ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان بەشێوەیەکی گشتی دروست کردووە. جا لەبەر پەرۆشی زۆرمان بۆ بەرقەرار بوونی ئاسایش و ئارامی لە هەموو لایەکی وڵاتەکەمان، هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ حکوومەت و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب دا، چ لە ڕێگەی دەمەتەقێ و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ یان ڕۆژنامەوە یان ئاڵوگۆڕ کردنی یادداشتنامە لە پێناوی سنووردانان بۆ ئەو کردەوە نالەبارانە، بەڵام هەموو ئەرک و هەوڵێکمان لەم ڕووەوە بەبا چوون و بە بەردەوامیش باڵیۆزخانەی یەکەتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەتمان لە بەغدا لەو وردە بابەتانەی پێوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە ئاگادار دەکەینەوە و هەروەها ئەو ڕاستیانەمان بۆ هاوڕێ "ڕۆمانسیف" کە لەم دواییانەدا سەردانی کردین، ڕوون کردۆتەوە و وێنەیەکی هەریەک لەو یادداشتنامە و گفتوگۆیانەی لەنێوان ئێمە و نێوان حکوومەت و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا ڕوویان داوە، داوەتێ و هەروەها چەن وێنەیەکی تری زیادەتان دەخەینە بەدەست بۆ ئاگاداری.

هاوڕێی ئازیزمان...

ئێمە بەپێویستی دەزانین لەوە ئاگادارتان کەینەوە کە هەست بە ئازار و ناخۆشی و نەمانی بڕوا و متمانە و هیوا دەکەین لە ئەنجامی بەردەوامبوونی دەسەڵاتداریەتی لە پێڕەوکردنی سیاسەتی خەڵک شڵەژاندن و تووڕە کردن و هەروەکو هەست بە ئیحراج و ترس دەکەین لە کاردانەوەی ئەو سیاسەتە لای ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان، لەوەش دەترسین کارەکە لە دەست ئێمە دەرچێت لەلایەن ئێوەشەوە گران بێ کە فریای کارەکە بکەون دوای ئەوەی کار لەکار دەترازێت ئەگەر حاڵەتەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، چونکە ئەم جۆرە کارانە دەبنە هۆی دروستکردنی کەشوهەوای پێویست و لەبار بۆ

گێرەشێوێن و بەکرێگیراوان، بۆ نانەوەی ڕووداوی خەڵک ورووژێن و بارودۆخی وڵاتەکەش وا سەرلەنوێ لە ڕۆخی شەڕی براکوژییە کە ئەمەش کارەساتی مەرگەساتبار و شتی خراپ لێکەوتنەوەی مەترسیدار و نالەبار بۆ دواڕۆژی عێراق بە دوای خۆیدا ڕاەکێشێت، بێگومان کارتێکردنی سلبییانەشی بۆ سەرجەم بارودۆخی ناوچەکە دەبێت.

ئێمە لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشەوە باس کران و لەبەر پەرۆشیمان و ئەوەی بەرژەوەندیی بنچینەیی گەلی عێراقمان بە عەرەب و کوردەوە بەفیڕۆ نەدەین، چاوەڕوانی ئەوەین کە حکوومەتی عێراق و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب چاوێک بەسەرجەمی سیاسەتەکەیان بەکێشەی کورددا بخشێننەوە و هیوامان وایە کە دەستپێشخەریی پێڕەو کردنی ئەوپەڕی پلەی پاڵەپەستۆ کە لە تواناتاندایە پێڕەو بکەن، لە پێناوی وەدیهێنانی وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە سیاسەتی حکوومەتی عێراقدا، لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی بە هاوکاریی ڕاستگۆ و دڵسۆزانەی نێوان حزبەکەمان و حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و حزبی شیوعی عێراق و حزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی تر، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەندەکانی تری ڕێککەوتننامەی ئادار و وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی خەباتی هەموو گەلی عێراقمان، لە بنیاتنانی ئاشتییەکی چەسپاوی نیشتمانی و هێنانەدیی ئەوەی کە ئاواتی بۆ دەخوازێت لە پێشکەوتن و گەشەکردن و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، بەرەپێشەوە بچین. ڕەنگە شتێکی لەباربێت لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە گەلی کوردمان هەست بەخۆشی و بەختیاری دەکات، ئەگەر بۆتان بکرێت لەم سەردانەتاندا تەشریف بێنن بۆ خاکی کوردستان.

لە کۆتاییدا ئەوپەڕی ڕێز و قەدرلێنانمان قەبووڵ بفەرموون.

دڵسۆزتان

مستەفا بارزانی ١٩٧٢/٤/٨

یەکێتی سۆڤیەت دەیویست بەهەر شێوەیەک بۆی بلوێ دەستی بگاتە کەنداو، و پێگەیەک لە عێراق دابنێ کە بەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ڕژێمی بەعس، ئاواتەکەی دەستەبەر بوو، و ئیتر سەرنجی بە دروشمەکانی و دەستەبەر کردنی مافی گەلی

کورد و دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموکرات و بارزانیی نەدا. هەرلەو چوارچێوەیەشدا هانی حیزبی شیوعی دا کە سەنگەری خۆی لە کوردستانەوە بگوازێتەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ حیزبی بەعس بچێت لە بەرەیەکی هاوبەشەوە کە زۆری نەگرت و ڕۆژی ١٩٧٣/٧/١٧ ئەو بەرەیە لەنێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعیدا پێکهات. بەرلە چوونی حیزبی شیوعی بۆنێو ئەو بەرەیە، ڕۆژی ١٩٧٣/٦/٢ ڤیکتۆر پاسڤالیۆکی سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا و ئیگۆر سکرتێری برایەتی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، بە نامەیەکی سەرکردایەتی سۆڤیەتەوە بۆ بارزانی، هاتن بۆ حاجی ئۆمەران و داوایان لە بارزانی کرد بچێتە ئەو بەرە دوو قۆڵییەی نێوان حیزبی بەعس و شیوعیەوە کە بارزانی پێی گوتن:

– (ئاخۆ ئەو سەرکردایەتییە ئەوەمان بۆ دەستەبەر دەکات کە بەعس ڕێز لەم هاوپەیمانییە دەگرێت و پابەندی هەموو ئەو شتانە دەبێت کە هاوپەیمانیەتی پێویستیان دەکات؟)

بارزانی لە درێژەی وتەکەیدا، داوای دەستەبەرییەکی دەستنوسیشی لە مۆسکۆ کرد، بەڵام سەرکردایەتی سۆڤیەت ئەم داوایانەی بارزانی بە قورس و زۆر زانی و دەیانویست بارزانی داواکارییەکانی کەم بکاتەوە.

دوای پاڵوەدانی حیزبی شیوعی بە ڕژێمی عێراق، پێوەندییەکان پێچەوانە بوونەوە، سەرکردەکانی حیزبی شیوعی ئەشکەنجە و کوشتاری ساڵی ١٩٦٣ی ڕژێمی بەعس و پێشوازیی کردنی بارزانیان لە ئەندامان و سەرکردایەتی حیزبەکەیان لەبیر کرد و ئەم جارەیان چەکیان لە ڕژێم وەرگرت و وەک جاش و چڵکاوخۆر، فەرمانەکانی ڕژێمیان بۆ کوشتنی براکانی دوێنێیان لە ئەستۆ گرت و ڕژێمیش بەو دەستکەوتەی زۆر خۆشحاڵ بوو کە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد بەدەست هاوپەیمانەکانی دوێنێیان دەڕژایە سەر زەوی. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی لە ژێرنوسی لاپەڕەی ٩٥ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (لێرەدا پێویستە لەسەرم ڕۆڵی گەورەی عەزیز شەریف بخەمەڕوو کە بە پشتیوانیی سۆڤیەتەکان بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە دەیگێڕا و هەوڵی دەدا بۆ

گێڕانەوەی پێوەندی نێوان پارتی و حزبی شیوعی بۆ جاری جارانی. چەندین نامەش لەم بارەیەوە لەنێوان بارزانی و عەزیز محەمەددا ئاڵوگۆڕ کران، بەڵام سەرکەوتنی عەزیز شەریف لەم بوارەدا بۆ ماوەیەکی کەم بوو. ئەوەندەی نەبرد دۆخەکە سەرلەنوێ ئاڵۆز بۆوە و حزبی شیوعی چۆوە ڕیزی بەعسەوە.)

سەرئەنجام، ڕژێمی بەعس سەرلەنوێ کەوتەوە ڕاوەدوونانی شیوعییەکان و حیزبی شیوعی ساڵی ١٩٧٩ گەڕایەوە بۆ باوەشی شۆڕشی کوردستان. ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٢ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سوسیالیستی کوردستان، قیادەی قوتری حیزبی بەعس، حیزبی کارتراکی عەرەبی، تحریر الشعب العراقی کە "دەستکردی "ینک" و قیادەی قوتری بوو، مستقلون و جەماعەتی بیت النهرین، بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتیی عێراق "جوقد"یان پێکهێنا. شازدە ڕۆژ دوای پێکهاتنی بەرەی جوقد، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لە بەرەی نیشتمانیی دیموکراتیی "جود"دا کۆبۆوە.

نازم گزار و کودەتا پووچەڵەکەی

لە لاپەڕەکانی پێشوودا چەند جارێک توشی ناوی نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی حکومەتی بەعس و پیلانە سەرنەکەتووەکانی بووین. گزار ئەو کەسە بوو کە دوای کودەتای ١٩٦٣/٢/٨، کوشتارگەی "قصر النهاية" دامەزراند و هەزاران خەباتکاری تێدا کوشت و ئەشکەنجەی دان. مرۆڤێکی توند و بێبەزە و خوێنمژ بوو. لە ئەشکەنجە کردنی گیراوەکاندا، لە شێوازی دەست و قاچ بڕینەوە بە مشار و شیشی سورکراوە لە زگ ڕۆکردنی خەباتکاران و دەست و پێ شکاندنیان کەڵکی وەردەگرت. کەسایەتییەکی زۆر نزم و تیرۆریستێکی چاونەترس بوو. بە ترس و تۆقاندن، خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە. ساڵی ١٩٧٣، ئەحمەد حەسەن بەکر بە سەردانێکی فەرمی چوو بۆ بولگارستان. لە نەبوونی ئەودا لە عێراق، گزار پیلانی دارشتبوو لە گەڕانەوەیدا لە فڕۆکەخانەی بەغدا دەستبەسەری بکات و حکومەتەکەی لەدەست دەربهێنێت. چەند کاتژمێر بەرلە گەڕانەوەی سەرکۆمار، گزار بە بیانووی کردنەوەی بارەگای نوێی ئاسایش لە ناوچەی "تەل محەمەد"ی بەغدا، سەعدون غەیدان وەزیری ناوخۆ و حەماد شەهاب وەزیری بەرگریی عێراق دەکێشێتە ئەو جێیە و دەستگیریان دەکات. فڕۆکەی سەرکۆماری عێراق بە هەڵکەوت، بۆ ماوەی کاتژمێرێک دوا دەکەوێ. کاتی نیشتنی، ئەحمەد حەسەن بەکر دەبینێ سەعدون غەیدان و حەماد شەهاب لەوێ نین و دەپرسی: لە کوێن؟ چونکە وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی نادۆزێتەوە، دەستبەجێ باری ئەمنی ڕادەگەیەنێ و لە ئاکامدا پلانی نازم گزار پوچەڵ دەبێتەوە. گزار فەرمانی کوشتنی گیراوەکان دەدات و خۆی دەڕوات و کاتێک دەبینێ بارودۆخەکە شڵەژاوە، بەغدا بەجێدەهێڵێ و بەرەو ئێران ڕادەکات کە بە هێلیکۆپتەر دەکەونە شوێنی و لە ڕێگەدا دەیگرن. هەرچەندە پیلانەکەی گزار پووچەڵ کرایەوە، بەڵام لایەنگرانی حەماد شەهاب دەکوژن و هێشتا نەپڕژابوونە سەر کوشتنی سەعدون غەیدان کە دەگەنە سەریان و لە کوشتن ڕزگاری دەکەن. دوای گیرانی گزار[١]، ڕژێمی بەعس هەموو تاوانەکانی کوشتن و سزادانەکانی لە عێراق و کوردستاندا خستە ئەستۆی گزار. هەروەها ڕژێم پیلانەکەی نازم گزاری

بەهەل زانی بۆ لەنێو بردنی عەبدولخالق سامەڕایی کە پاکترین پیاوی نێوخۆی بەعس بوو. تۆهمەتی بەشداری کردنیان لە پلانی گزار خستە ئەستۆی. ئەو بڕیارەی حیزبی بەعس بۆ یەکلایی کردنەوەی حیزب بوو، لەبەر ئەوە ژمارەیەک لە کادیرانی بەعس چوون بۆلای ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەت و داوایان لێکرد، بارزانی پێش بە کوشتنی سامەڕایی بگرێت.

بارزانی نامەیەکی بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر نوسی و داوای پاراستنی ژیانی سامەڕایی لێکرد و ئەویش لە کوشتنی خۆشبوو. نەکوشتنی سامەڕایی بۆ سەدام حوسێن و بەشێکی‌تری کادیرانی حیزبی بەعس گران بوو، بەڵام خۆیان پاراست و بۆ ماوەیەک لە زیندانداا ڕایانگرت. دواجار کە ئەحمەد حەسەن بەکر ساڵی ١٩٧٩ دەستی لەکار کێشایەوە و سەدام حوسێن حوکمی عێراقی بەدەست گرت، بیانوویان بە سامەڕایی گرتەوە کە ویستوویە بە هاوفیکریی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی سوریا، لەگەڵ نۆزدە سەرکردەی تری حیزبی بەعس، سەدام حوسێن بکوژن و لە ئاکامدا سامەڕایی و ئەو نۆزدە سەرکردەو ژمارەیەکی تریان لە کادیرانیان کوشت کە گومانی لایەنگریی نەکردنیان لە سەدام حوسێن لێدەکرا.

١- نازم گزاری دوای کودەتای ١٩٦٣/٢/٨ کوشتارگەی "قصر النهاية" دامەزراند و هەزاران خەباتکاری تێدا کوشت و ئەشکەنجەی دان. لە ئەشکەنجە کردنی گیراوەکاندا، لە شێوازی دەست و قاچ بڕینەوە بە مشار و شیشی سورکراوە لە سگ ڕۆکردن و دەست و پێ شکاندنیان و لە حەوزی تیزاب هاویشتنی خەباتکاران کەڵکیوەردەگرت. ئەو ئەحمەد تۆفیق سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی دوای هەشت مانگ ئەشکەنجە لە دووەم مانگی بەهاری ساڵی ١٩٧٣دا لەژێر شەهید کرد.

شەڕی عەرەب و ئیسرائیل

بەرلە هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان عەرەب و ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣دا، ڕژێمی عێراق بۆ خۆدزینەوەی لە شەڕی ئیسرائیل بە بەردەوامی کێشەی کوردستانی زەق دەکردەوە. ئەوە لەکاتێکدابوو کە هێشتا کێشەکانی بەغدا و کوردستان نەگەڕابوونەوە بۆ شەڕی چەکدارانە، بەڵام لەلایەک ئێران خەریکی پیلانگێریی و پچڕاندنی پێوەندیی لەنێوان شۆڕش و ڕژێمی عێراق و هەڵگیرساندنەوەی شەڕ بوو و لەلایەکی تردا کاربەدەستانی عێراق بیانووی جۆراوجۆریان بۆ کورد دەهێنایەوە و هەوڵی تێکدانی بارودۆخەکەیان دەدا کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا چاومان بە بەشێکیان کەوتووە. لەوکاتەدا ئەنوەر سادات بە ڕێگای باوەڕپێکراوێکی خۆی بەناوی خەیرەدین حەسیب لە باڵیۆزخانەی میسر لە بەغدا، نامەیەکی گەیاندە دەست سامی عەبدولڕەحمان کە ئاراستەی بارزانی بکات. سادات لە نامەکەیدا داوای لە بارزانی کردبوو کە ئەگەر هاتوو لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلدا شەڕ هەڵگیرسا، بارزانی دژی حکومەتی عێراق شەڕ بوەستێنێ و شەڕ نەکات، چونکە ڕژێمی عێراق بۆ ئەوەی سوپاکەی لە شەڕ دژی ئیسرائیل بدزێتەوە، هەموو جارێ بیانوو بۆ میسر دەهێنێتەوە کە سوپاکەی سەرقاڵی کوردستانە و ناتوانێ هاوکات لە دوو بەرەدا شەڕ بکات و کاتێک فەریق سەعدەدین شازلی سەرۆکی ئەرکانی سوپای میسر سەردانی بەغدای کرد و داوای یارمەتی لە سوپای عێراق کرد، دیسانیش ڕژێمی عێراق مەترسی کوردی کردە بیانوو کە یارمەتی میسر نەدات. سەرۆکی میسر بەدروستی لە بیانوو هێنانەوەی ڕژێمی عێراق گەیشتبوو. لەبەر ئەوە بارزانی بۆ دڵنیا بوونی سادات و دەرهاویشتنی لە گومان، ئاگاداری کردەوە لەو ماوەیەدا کە سوپای عێراق وڵات بەجێدەهێڵێ، هیچ کۆسپێک ناخاتە سەرڕێی هاوکاریی کردنی نێوان میسر و ڕژێمی عێراق.

ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، لە بزاڤێکی لەناکاو، و خافڵکەرانەدا، سوپاکانی میسر و سوریا توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. ئەم جارەیان کاربەدەستانی ڕژێمی ئیسرائیل داوایان لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کرد کە پێشمەرگەکان لە سوپای

عێراق بدەن و بەڵێنێکی زۆریشیان بەناوی خۆیان و ئەمریکا بە شۆڕشی کوردستاندا و ڕایانگەیاند ئەوە هەلێکی زێڕینە بۆ شۆڕش، بەڵام بارزانی لەسەر بەڵێنی خۆی مایەوە و گوتی:

- (ئەگەر کارێکی وا بکەین، بۆ هەمیشە دوژمنایەتی دوو میللەتی عەرەب و کوردمان بۆخۆمان هەڵبژاردووە. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و ناتوانین ئەنجامە زیانبەخشەکانی لە ئەستۆ بگرین.)

دوای ئەو پیوەندییە، بارزانی وەڵامی ساداتی دایەوە و نامەیەکیشی ئاراستەی ئەحمەد حەسەن بەکر کرد کە لیژنەیەکی باڵای تێکەڵاو پێکبهێنرێت و لیژنەکە سەرپەرشتی باری گشتی کوردستان بکات بۆ پێشگیریی لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو کە بارودۆخەکە ڕووبەڕووی مەترسی بکاتەوە. جگەلەوە. ڤیکتۆر پاسا ڤالیۆک ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ هاتە حاجی ئۆمەران و نامەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەتی بۆ بارزانی هێنا. بارزانی دوای دوو ڕۆژ وەڵامی نامەی سۆڤیەتی دایەوە. فەرموون لەگەڵ هەردوو نامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەتی و مستەفا بارزانی کە لە پاشبەندی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، نوسینی مەسعود بارزانی وەرمگرتووە:

لە کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی لە یەکەتی سۆڤیەت

بۆ هاوڕێی ئازیز مستەفا بارزانی

بە پشتیوانیی پێوەندیی دۆستایەتی و پێڕەوکردنی ئاڵوگۆڕی ڕا و زانیاری لەنێوان سەرکردەکانی سۆڤیەت و سەرکردایەتیی بزاڤی کوردی عێراق، مۆسک پێی وایە کە دەرخستنی ئەم ئیعتیبارانەی خوارەوە لە بارەی بارودۆخی ئێستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شتێکی بەکەڵکە.

ئێوە خۆتان دەزانن کە لە ئەنجامی دەست پێکردنەوەی پرۆسەی سەربازی لەلایەن ئیسرائیلەوە دژی وڵاتە عەرەبییەکان، خەباتی گەلانی ئەم ناوچەیە لە پێناوی بەهێز کردنی سەربەخۆیی نیشتمانییان چووە نێو قۆناغێکی نوێ و زۆر گرینگ، یەکێتیی سۆڤیەتش وەک هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان و دیموکراتە ڕاستەقینەکانی تری دژ

به ئیمپریالیزم له جیهاندا، چالاکانه پشتگیریی خەباتی عادیلانەی گەلانی وڵاته عەرەبییەکان دەکات دژی دەستدرێژیی ئیسرائیلی- ئیمپریالی و له پێناوی لابردنی هەموو شوێنەوارێکی ئەو دەستدرێژییه و له پێناوی ڕزگارکردنی ئەو خاکه عەرەبییانەی که ئیسرائیل داگیری کردوون و له هەموو جیهاندا شەپۆلی تەندی هاوکاری لەگەڵ گەلان له سووریا و میسر که بەربەرەکانیی چاوچنۆکیی فرەوانکارانەی ئیسرائیل دەکات، بەرفرەوان دەبێت.

ئێمه به خۆشییەوه ئاماژه بەوه دەکەین که حکوومەتی کۆماری عێراق و هێزه پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکان له عێراق لەم ڕۆژه پڕ مەترسییانەدا هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی دژ به ئیمپریالیزمیان نواند، زانیوشمان که حکوومەتی عیراق بڕیاری داوه بەشداری له پرۆسەیەکی کارادا بکات له خەباتی سووریا و میسر و پشتیوانیی سەربازی پێشکێش کردوون.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڵوێستەی هاتووەته کایەوه، له هەموو کاتێکی تر زیاتر پێویستیی زیاتر خۆی دەنوێنێ بۆ دەستەبەرکردنی یەکێتی چەسپاوی هەموو هێزه نیشتمانییه نەتەوەییەکان له وڵاته عەرەبییەکان، لەوانەش عێراق دژ به ئیمپریالیزم. ئێمه دەزانین که گەیشتن بەو ئامانجه به زۆری لەسەر یەکگرتنی هێزه پێشکەوتنخوازه سەرەکییەکان وەستاوه- پارتی دیموکراتی کوردستان و دوو حزبه عێراقییەکەی تر که چوونەته نێو بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز- حزبی بەعس و حزبی شیوعی. ئا لەم کاتەدا ئەوەی له کوردەکان داوا دەکرێت که ئێمه لەمێژه دەیانناسین و خەباتگێڕن دژی ئیمپریالیزم، هەستێکی بەرز به بەرپرسایەتیی و نیشتمانی تێگەیشتن پێشان بدەن که ئاسۆی دابینکردنی مافی ڕەوای کوردان له عێراق بەپێی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و کارایی بەشدایکردنی عێراق له خەباتی دژی دەستدرێژیی ئیسرائیل وەکو یەک، زۆر لەسەر هەڵوێستی ئەوان دەوەستێت. لەو قۆناغه مەترسیدارەدا ئێمه بڕوامان وایه، دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵوێستی کەسیەتی خۆتان له بەپەلەترین کێشەکانن له وڵاتی ئێوه و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەر بەرژەوەندیی پشتگیری و پێکەوه بەسترانی هەموو ئەو هێزانەی دەچنه کۆڕی خەباتەوه دژی دەستدرێژیی ئیسرائیل و چاوچنۆکیی

کۆنەپەرستی ناوخۆ کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرز کردنەوەی پایەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە عێراق و لەسەر ئاستی جیهاندا وەکو یەک.

ئێمە لە دەربازگەی جەختکردنەوەکانی ئێوە قسە دەکەین کە چەند جارێک لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی ئێمەدا دەرتان بڕیوە کە بزاڤی کورد لە عێراق بەردەوام دەبێت لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئێجگارەکیی مەسەلەی کورد بە ڕێگەی ئاشتی و بەشێوەیەکی تەواوەتی پەنا ناباتە بەر ڕێگەی سەربازیی لە خاباتکردنیدا، بەتایبەتیش لەکاتی ئێستەدا. ئێمە حەز دەکەین کە ئاگاداری ئیعتیباری کەسیەتی خۆتان و دید و بۆچوونی بەرپرسەکانی تر بین لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی ئەو کێشانەوە کە لەم نامەیەدا باس کراون.

ئەوپەڕی ڕێزی دڵسۆزانەمان و ئاواتی چاکمان بۆ سەرکەوتن قەبووڵ بفەرموون.

کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی

لە یەکێتی سۆڤیەت

١٩٧٣/١٠/٩

ئەمەش وەڵامی سەرۆک مستەفا بارزانی بە نامەی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت:

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی بەڕێز لە یەکێتیی سۆڤیەت دا

سڵاوێکی خەباتگێڕانەی گەرم

بە ڕێزێکی زیادەوە نامەکەی ئەم دواییەتانمان وەرگرت و ئێمەش لەو ڕایە لەگەڵ ئێوەدا کۆکین کە خەباتی میللەتی عەرەب لە پێناوی ئەستاندنەوەی خاکەکەی خۆی کە لەم ڕۆژانەدا مۆرکێکی چەکدارانەی وەرگرتووە، شوێنەوارێکی ماوە دوور لەسەر سەرجەمی بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێ دەهێڵێت و ئەو بارودۆخەش ئەرکی دوو چەندان بەسەر گەلانی ئێمە لە پێناوی ڕەخساندنی پێداویستیی سەرکەوتوو دژی دەستدرێژکەران، بۆیە لە دەبازگەی ئەم ڕاستییەوە، داوامان لە پێشمەرگەکانی خۆمان لە کوردستان کردووە کە لایەنی هێمنی تەواو بگرن و هیچ کارێک نەکەن کە ببێتە هۆی تێکدانی کەشوهەواکە، بۆ ئەوەی هەلی پێویست بۆ حکوومەتی عێراق ساز بکەین و بڕەخسێنن تا ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی

بهێنێتەدی و دوو ڕۆژیش پێش ئێستە بەهۆی هاوڕێ عەزیز شەریفەوە نامەیەکمان بۆ سەرۆک بەکر ناردووە، داوای ئەوەمان لێ کردووە هەوڵ بدات بۆ چاوپێکەوتنێکی بەپەلە و جیدییانە لەنێوان نوێنەرانی ئێمە و نوێنەرانی حکوومەت و حزبی بەعس بۆ دۆزینەوەی چارەسەرە هەڵواسراوەکانی نێوانمان کە تەواوکردنی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە نێوانیاندایە و ئێمە چاوەڕوانی سیاسەتی ئەوین لەم ڕووەوە. ئێمە بایەخدانی ئێوە بەکاروباری عێراق و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون لەگەڵ ئێمەدا لە بارودۆخی تەنگژە و تێکۆشان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بەکەڵک بۆیان، زۆر بە بەرز و باڵا دەنرخێنین و بڕواشمان وایە کە ڕا و دید و بۆچوون گۆڕینەوە لەنێوانماندا ئەنجامی ئیجابیانەیان لێ دەکەوێتەوە و فەرموون ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیرمان قەبووڵ بکەن.

دڵسۆزتان

مستەفا بارزانی ١٩٧٣/١٠/١١

دوا مۆڵەتی ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان

یەکێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دانانی مۆڵەتێکی چوار ساڵە بوو بۆ ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە. بڕیاربوو لە کۆتایی ئەو چوار ساڵەدا، لیژنەیەکی هاوبەش لە حکومەت و پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر خاڵەکانی ڕێککەوتندا بچنەوە، ڕژێم ئۆتۆنۆمی کوردستان بە یاسا بکات و ڕایبگەیەنێت. ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٧١- ١٩٧٣و ئەو کۆمەڵە پیلانە ئاشکرا بووانەی پیاوانی حکومەت، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی بەو ئاکامە گەیاندبوو کە ڕژێمی بەعس لە بەڵێنەکانی پاشگەز بووەتەوە و هێماکان دەربڕی ئەم ڕاستییە بوون کە سەرلەنوێ شەڕ بەربینگی کورد دەگرێتەوە. بەرلە پێکهاتنی ئەو لیژنەیە، سەدام حوسێن لە پلەی جێگری سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکردا، داوای لە بارزانی کرد، مەسعود بارزانی بۆ دیدارێکی تایبەت بنێرێتە بەغدا کە سەرۆک مستەفا بارزانی هاودەنگی لەگەڵ داواکەی نەکرد.

بارزانی پیلانەکانی پێشوو، و پیلانی تیرۆریستیی بۆسەر گیانی خۆی و ئیدریسی کوڕی لەبیر نەکردبوو، لەبەر ئەوە بەم نامەیەی خوارەوە وەڵامی دایەوە دۆخەکە بۆ ناردنی مەسعود گونجاو نییە و لە جیاتی مەسعود، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی" نارد و ئەویش دووجار لە ڕۆژانی ١ و ١٩٧٣/١٢/١٦دا چاوی بە سەدام کەوت. سەدام دووا پڕۆژەی حکومەتی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان بە سامیدا نارد بۆ بارزانی و پێشی گوت:

- (ئەگەر ئامادە نەبن مل بۆ دەقی ئەم پڕۆژەیە و ویستی حکومەت ڕابکێشن، حکومەت نیوەی شەتولعەرەب دەدات بە ئێران.)

بۆ جەنابی ڕێزدار سەدام حوسێن جێگری موحتەرەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

سڵاو و ڕێز

هەواڵی تەندروستیتان دەپرسم و هیوای بەردەوامی تەندروستی و بێمزەڕەتیم بۆتان هەیە. برامان محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی" ئاگاداری کردم کەوا

ئارەزووتان لێیە دووان لە برادەرانتان بنێرن بۆلامان تا منیش مەسعودی کوڕم بنێرم بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنتان، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەندێ هۆ و لەبەر ئەو دۆخە کە شاراوە نییە لێتان، زەحمەتە بۆم لەم کاتەی ئێستەدا مەسعود بنێرم. بەشبەحاڵی خۆمان، ئێمە ئامادەین دڵسۆزانە هاوکاریتان لەگەڵ بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی لە کایەدان و ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلا بدەین بۆ دۆزینەوەی چارەی لەبار بۆ ئەو پرسانەی بە دەستیانەوە گیرۆدەن. بە جۆرێک کە بەرژەوەندیی گەلی عێراقی تێدابێ. ئەگەر هەر پێویستیش بێ ئەو دیدارە بکرێ، ئێمە ئامادەین لەکاتی لەباردا بە دەنگتانەوە بێین. کاک محەمەد مەحمود بە دەم زیاترتان بە درێژی عەرز دەکا.

ئەمە و هەر بە سەرکەوتوویی بەردەوام بن.

براتان: مستەفا بارزانی

١٩٧٣/٣/٣

دوای ئەو هەڕەشەیەی سەدام، لیژنەی بەدواداچوونی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لە چەند نوێنەری حیزبی بەعس، کەسایەتی ناحیزبی، سێ ئەندامی حیزبی شیوعی و حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکرات پێکهات و لە ١٩٧٤/١/١٥دا دەستی بە کۆبوونەوەکانی کرد. هەندێکجار حەبیب محەمەد کەریم و هەندێکجاریش سەدام حوسێن بۆخۆی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەکرد. لە ڕەوتی کۆبوونەوەکاندا چەند نامەیەک لەنێوان سەدام حوسێن و بارزانیدا ئاڵوگۆڕ کرا و بارزانی ڕازی بوو ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٨ وەفدێک ڕەوانەی بەغدا بکات. ساڵح یوسفی سەرۆکایەتی ئەو وەفدەی کرد و ئەندامانی بریتی بوون لە سامی عەبدولڕەحمان، نوری شاوەیس، دارا تۆفیق. هەروەها ئیدریس بارزانیشی لەگەڵ ئەو وەفدە نارد. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١١١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(لە یەکەم کۆبوونەوەدا کە بە دوای گەیشتنی وەفدی شۆڕش ئەنجامی گرت، سەدام حوسێن ڕوی لە ئیدریس بارزانی کرد و پێی گوت: لەگەڵ باوکت ڕێککەوتووین کە پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بەیانی ١١ی ئاداردا،**

یاسای ئۆتۆنۆمی دەربچێ و بخرێتە کار. ئەو پرۆژە یاسایەی کە دواجار بۆمان نارد، دوا ڕای ئێمەیە و ئێمە پێمانخۆشە پێی ڕازی بن. ئەوەی دەمەوێ بە باوکتی بڵێیت ئەوەیە: ناچارمان مەکەن تەنازول بۆ شای ئێران بکەین. ئەگەر مەترسییەک بەسەر قەوارەی عێراقدا بێت، ئەوە بۆ لادانی ئەو مەترسییە تەنازول لە شەتولعەرەب دەکەین و مەترسییەکە لادەبەین. ئەمەش برینێکی قووڵ دەکاتە دڵمان و ئێوە ئەنجامەکانی ئەوە لە ئەستۆ دەگرن و بەرپرسایەتی لەسەر ئێوە دەبێ، ئەگەر ناچار کراین تەنازول بۆ شا بکەین، ئەوکاتە ئێوە نرخێکی گران دەدەن.)

ئیدریس بارزانی و وەفدی شۆڕش چەندان ڕێنوێنی و پێشنیازیان لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە پێبوو. لەو چوارچێوەیەدا ئیدریس بارزانی وەڵامی سەدام حوسێنی دایەوە و گوتی: **(شایەنتر بۆ ئێوە ئەوەیە کە تەنازول بۆ میللەتی خۆتان بکەن، نەک بۆ شای ئێران و باشتر ئەوەیە بەرلەوەی دەست بەشەڕ بکەنەوە، بگەڕێنەوە سەر دەروونی خۆتان، ئەگینا باوەڕ و متمانەی هەموو میللەتی عێراقتان لەکیس دەچێ.)** ئیدریس بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بۆ گیروگرفتەکانی کەرکوک و خانەقین کرد و گوتی: **(دەست هەڵگرتن لە کەرکوک و خانەقین و شەنگال کارێکی نەکردەنییە و ناتوانین قبووڵی بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی خۆمان لە شەڕ لادەین، تکامان وایە بیرلە چارەیەک بکەنەوە کە بگەڕێتەوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە. بۆچوونی ئێمە لەم بارەیەوە ئەمەیە:**

١- دواخستنی جاڕدانی یاسای ئۆتۆنۆمی لە وادەی دیاریکراوی خۆی کە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ە بۆ ماوەی شەش مانگەوە بۆ ساڵێک تا هەردوولامان لەو ماوەیەدا پێکەوە هەوڵبدەین ڕێیەک بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزینەوە.

٢- جاڕی بدەن ئەم ناوچانە بەشێکن لە کوردستان، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی ستراتیژی لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە لەژێر دەستی حکومەتی ناوەندیدا دەمێننەوە.

٣- لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سێ ناوچەیە پێک بهێنرێ و دەست بکرێ بە سەرژمێری دانیشتوان لەسەر بنەمای سەرژمێرە گشتییەکەی ساڵی ١٩٥٧ بە مەرجێک ئەو ساختەکارییانە هەڵبوەشێنرێتەوە کە لە ماوەی نێوان ئەو مێژووە و ساڵی ١٩٦٣دا کراون.)

وەڵامی سەدام بە ئیدریس بارزانی بەم جۆرە بوو: **(ئەم پێشنیازانە پەسەند نین و دەدرێنە دواوە. تەنیا ڕێیەک کە ماوەتەوە ئەوەیە ڕازی بن بە ئۆتۆنۆمی بەو داڕشتنەی ئێمە داماننناوە و مۆڵەتی ١٥ ڕۆژتان هەیە لەم ماوەیەدا هیچ بزووتنەوە و کارێکمان نابێ. پاش ئەوە، ئەوەی پێی ڕازی نەبێ، ئێمە بەدوژمنی خۆمانی لە قەڵەم دەدەین.)**

دوا وەڵامی ئیدریس بارزانی بۆ سەدام ئەوە بوو کە ڕای ئێوە بە باوکم و سەرکردایەتی پارتی دەگەیەنم و پاشان وەڵامی خۆمانتان دەدەینەوە. مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: **(ئیدریسی برام کاتێ گەڕایەوە بۆی گێڕامەوە کەوا سەرنجی دا باڵیۆزی سۆڤیەت لەلای سەدام حوسێن بوو و لەگەڵی کۆبووبووەوە و دوای کۆبوونەوە، سەدام جێگەی خۆی بەجێهێشتبوو.)**

وەفدی ڕەوانەکراوی پارتی دیموکرات، دوای ئەو دیدار و گفتوگۆیانەی، ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٩ لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی کرد. شەوی ٩-١٩٧٤/٣/١٠، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لەسەر پێشنیازەکانی ڕژێم دوا و قبووڵی نەکرد. بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا قسە بەناوبانگەکەی خۆی کرد کە دەڵێت:

- (خوا شایەتە من ڕکم لە شەڕ دەبێتەوە. شەڕ ناڵەبارترین شێوازی چارەسەریی هەر کێشەیەکە، بەڵام بەعس ڕێیەکی تری بۆ نەهێشتینەوە. پێشنیازەکەشیان لەوە زیاتر کە وازیان بۆ لە کەرکوک و ناوچەکانی تر بهێنین، هیچ واتایەکی تری نییە. ئەمەشیان مەحاڵە، ئەگەر لە نێوچاوانمان نووسرابێ هەموومان لەناوبچین، با بەرەوپیری ئەم چارەنووسەوە بڕۆین. من ئەوەم لاناخۆشە کورد بێن تف لە گۆڕەکەم بکەن و بڵێن: بۆچی کەرکوکت فرۆشت.)

ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١٠ ئیحسان شێرزاد و دارا تۆفیق وەڵامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتیان بردەوە بەغدا و ئیتر پێوەندیی لەنێوان حکومەت و شۆڕشدا پچڕا و دۆخەکە بە هەنگاوی توند بەرەو هەڵگیرسانەوەی شەڕ ڕۆیشت.

شەوی ١١- ١٩٧٤/٣/١٢، ڕادیۆ بەغدا بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان خوێندەوە.

سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانیش لە وەڵامیدا بڵاویکردەوە کە بەو یاسایە ڕازی نییە و ڕایگەیاند ئەو یاسایە، یاسایەکی کلک و گوێ کراوە و ئۆتۆنۆمییەکی سەر کاغەزە و جەختی لەوەش کردەوە کە دەستبەرداری دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان نابێت.

حکومەتی بەعس لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستاندا، ژمارەیەک کەسایەتی کورد و تاقمە نۆکەرەکانی لە بەغدا کۆکردەوە و دارشتنە ئۆتۆنۆمییەکەی خۆی خستە بەرچاویان کە دارشتنەکەی ڕەوا پێشان بدات، بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دارشتنەکەیان بە ناشەرعی ناسی. لە ئاکامدا لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٧٤وە، وەزیرەکانی سەربە شۆڕش، ژمارەیەکی زۆر مامۆستا و بەڕێوەبەرانی خوێندنگەکان، کارمەندانی مەدەنی، پلەدارانی پۆلیس و سوپای عێراق، پزیشک و بازاڕیی و.... تد، شوێنەکانیان بەجێهێشت و ڕوویان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان کرد. ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی کە شار و شارۆچکەکان لە لایەنگرانی شۆڕش پاک بێتەوە و قورسایی دابینکردنی ژیان و حاواندنەوەیان بخاتەسەر شانی شۆڕش، بەشێکی ئەو خەڵکەی بە ئوتۆمبیلی خۆی دەگواستەوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ١١٣- ١١٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (دەرچوونی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک لە شار و شارۆچکەکان و گەیشتنیان بۆ ناوچەکانی شۆڕش هەڵەیەکی گەورە و کارێکی لەخۆوە بوو. بەهیچ کلۆجێ چاوەڕوانی نەبووین تا پێشتر بەری لێبگرین، لە ئەنجامە ڕووخێنەرەکانیشی نەگەیشتین تا گیروگرفتی ژیانیان و جێکردنەوەیان بەرەوڕوومان بۆوە. گومانیش لەوەدا نییە کە حکومەت دەیزانی بەهۆی هاتنی ئەو خەڵکەوە چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر ئەستۆی شۆڕش، چونکە هیچی نەکرد بۆ ئەوەی دڵی ئەو کۆچکردووانە لە کۆچکردن سارد بکاتەوە و ڕێگەی لەو لێشاوە هەڵقوڵیوەی خەڵک نەگرت کە کۆچ نەکەن و بگرە هانیشی دەدان.)

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١٣ بەیاننامەیەکی چەند لاپەڕەیی سەبارەت بە گۆڕانکاریی سیاسیی و بارودۆخی وڵات بڵاوکردەوە و لەودا سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستان بە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و سەرۆکایەتی بارزانی، پەنجەی بۆ تاک تاکی ئەو خاڵانە ڕاکێشا کە لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠وە تا ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ڕێگر بوون لەبەر دەم جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە. لە ڕاستیدا کێشەی جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لەلایەن حیزبی بەعسەوە بۆ دووخاڵی سەرەکی دەگەڕایەوە. **یەکەم:** ئەوان هەر لە سەرەتاوە ئامادە نەبوون، کەرکوک، خانەقین، شەنگال و ناوچەکانی سەر بەو جێیانە بە خاکی کوردستان بناسن و **دووەم:** لە بیر و هەزری دیکتاتۆڕانەی ڕێبەرانی حیزبی بەعسدا نەبوو کە ڕێگە بە کورد بدەن لە هەرێمێکی بەڕواڵەت عێراقدا سەردەست بێت و خۆی کاروباری ناوچەی خۆی بەڕێوەبەرێت. ئەوان عێراقیان بە کوردستانیشەوە بە خاکی عەرەب دەناسی و لە ڕووی ناچارییەوە بە ئۆتۆنۆمییەک بۆ کورد قایل بوون کە لەسەر کاغەز بێت کە لە دنیادا پۆزی پێ لێبدەن، نەک سەلماندنی شێوازێکی دیموکراتی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا کە عەرەب کورد و کەمەنەتەوەکانی تر تێیدا هاوبەش بن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچکام لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران، تورکیا و سوریا بەوە قایل نەبوون کە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار حاڵەتی کرداریی بەخۆیەوە بگرێ و کورد لەو بەشەی کوردستاندا بە هەندێک لە مافەکانی بگات.

ڕژێمی بەعس، لەیلا قاسم و هەڤاڵانی لە سێدارە دەدات

ئاڵۆزیی داسەپاو بەسەر پێوەندییەکانی نێوان حکومەت و شۆڕشی کوردستاندا، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات ناچارکردبوو بۆ بەڕێوەبردنی بەشێک لە کارەکانی لە بەغدا، شانەی تایبەتی پێکبهێنێت. لە بەرامبەردا، دەزگاکانی هەواڵگریی حکومەتیش بەشوێن ڕاکێشان و کڕینی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی و شۆڕشەوە بوون. توانیان چەند کەسێکی لەرزۆک بکڕن و لە دۆزینەوەی ئەندامان و شانە نهێنییەکانی پارتی و شێوەی چالاکییەکانیاندا یارمەتیان لێوەرگرتن.

ڕژێم ساڵی ١٩٧٤، یەکێک لەو شانانەی دۆزییەوە، شانەی چالاکی خوێندکارانی زانکۆی بەغدا بوو کە لەیلا قاسم حەسەن عەلی خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی بەغدا، حەسەن حەمەڕەشید، ئازاد میران، نەریمان مەستی و کرێکارێک بەناوی جەواد هەمەوەندی خەباتیان تێیدا دەکرد. ئامۆژگاریی و مەئموریەتی ئەو شانەیە و شانەکانی تر لەلایەن ڕادیۆی شۆڕشەوە و بەناوی نهێنی و بە مۆرس ڕادەگەینرا و ئەوانیش زۆر بە لێوەشاوەیی لەنێو خوێندکاراندا ئەرکی خۆیان بەڕێوەدەبرد.

دوای ئاشکرابوونی ئەو شانەیە کە لەیلا قاسم خەباتی تێدادەکرد، بۆ سەرکردایەتی شۆڕش دەرکەوت کە لە سەرەتاوە لەژێر چاودێریی دەزگاکانی ئاسایشی ڕژێمدا بووە و بەرلەوەی کە ئەرکی پێسپێردراویان جێبەجێ بکەن کە بە مۆرس لە ئێستگەی ڕادیۆ شۆڕشەوە پێی ڕاگەیەنرا، ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٨ هەموو ئەندامانی شانەکە گیران. ڕۆژنامەی "الصورە"ی زمانحاڵی ڕژێمی بەعس و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نێوخۆیی عێراق، لەیلا قاسم و هەڤاڵانی بە تێکدەر و تیرۆریست ناساند. هەروەها پیاوانی حکومەت زۆریان هەوڵدا کە لەیلا و هەڤاڵانی زانیاریی لەسەر چالاکییەکانی خۆیان بدەن و ناوی کەسانی تریشیان بۆ ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەوان وەڵامیان نەدانەوە. لەبەر ئەوە، تاوانیان بۆ هەڵبەستن و ڕایانگەیاند بۆمبێکیان لە ماڵی یەکێک لە گیراوەکاندا دۆزیوەتەوە و ویستوویانە بیبەن لە یەکێک لە سینەماکانی

بەغدا بیتەقێننەوە و بەو تاوانە هەڵبەستراوە لەیلا و هەڤاڵانی دران بە دادگای شۆڕش.

لەیلا و گیراوەکانی تر بە درندانەترین شێوە ئەشکەنجە دران کە نهێنییەکانی حیزب ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەوان زۆر بوێرانە ڕووبەڕوویان بوونەوە. حکومەت ویستی گیراوەکان لە سێدارە بدات، بەڵام چونکە لەیلا یەکەم ئافرەت بوو لە مێژووی عێراقدا کە لە سێدارە دەدرا، پیاوانی ڕژێم هەوڵیاندا لەیلا ڕازی بکەن بە نامەیەک داوای لێبوردن لە سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر بکات کە لە کوشتنی خۆش بێت و سزاکەی بۆ کەم بکاتەوە کە لەیلا پێی گوتن: **(من لە یەک سەرۆک بەولاوە کەسێکی تر بە سەرۆک ناناسم کە داوای لێبوردنی لێبکەم. من لە مردن ناترسم و شانازیی بە گەلەکەم و بە حیزبەکەم دەکەم و سەربەرزم بەوەی چوومە ناوی. خوا لێم ببووری کە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا سەرنەکەوتم کە پێم سپێردرابوو. من ئامادەم بۆ مردن و داوای بەزەیی و لێبوردن لە هیچ جەلادێک ناکەم.)**

بەو شێوەیە، لەیلا قاسم حەسەن عەلی، حەسەن حەمەڕەشید، ئازاد میران، نەریمان مەستی و جەواد هەمەوەندی ڕۆژی ١٩٧٤/٥/١٣ هاوکات لەگەڵ مەلا حەیدەر و هەڤاڵانی لە ڕێکخراوی کفریی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن، لە سێدارە دران.

بەرلە سێداردانی، لەیلا داوای جلو بەرگی کوردی لە ماڵەوە کرد کە بە جلی کوردییەوە لە سێدارەی بدەن و بە خوشکەکەی گوت: **(خوشکە گیان دوای ڕۆژێکی‌تر دەبم بە بووکی کوردستان و دەگەڕێمەوە نێو باوەشی کوردستان و خۆشەویستیم بۆ کوردستان سنوری نییە و بەخۆشحاڵیەوە جەستەی خۆم پێشکەش دەکەم و داوا دەکەم ئاڵای کوردستانم بۆ بکەن بە کفن و بە ئاڵای کوردستان بمێژن و لە جیاتی گریان و شین، دەنگی من بگەیەننە سەرکردەی لێهاتوو مستەفا بارزانی.)**

شایانی باسە، ڕژێمی بەعس نەیهێشت تەرمی لەیلا قاسم بگوازرێتەوە بۆ خانەقین و بۆخۆی تەرمەکەی گواستەوە بۆ نەجەف و لە گۆڕستانێکی نەجەف ناشتی. هەروەها بە ماوەیەکی کورت بەدوای لە سێدارەدانی لەیلا قاسم، سەلام قاسمی براشی بەتاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ پارتی دیموکرات و ناردنی وێنەی

خوشکەکەی بۆ قوتابیانی زانکۆکانی بەغدا، بەدەست پیاوانی حکومەت شەهید کرا. هێمن موکریانی و ژمارەیەکی زۆر نوسەر و شاعیری ئەو سەردەمی کوردستان بە وتار و شیعر یادی لە سێدارەدانی لەیلا قاسمیان کردەوە. ئەمەش کۆپلەیەک لە شیعری مامۆستا هێمن بۆ لەیلا قاسم:

که تۆ تۆرای له چاوم وەک خەوی من له بسکت ڕەشتره مانگەشەوی من
برۆ مەجنوون به لەیلای خۆت مەنازە که ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من
بزەی هاتێ، وتی جەلادی خوێری! که بوومه قارەمانی میڵەتی خۆم

کڕین و فریودانی پیاوانی لەرزۆک لەلایەن ڕژێمەوە

لە بەشی پێشوودا گوتم دەزگاکانی هەواڵگریی حکومەت بەشوێن ڕاکێشان، فریودان و کڕینی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی و شۆڕشی کوردستانەوە بوون. توانیان چەند کەسێکی لەرزۆک بکڕنو لە دۆزینەوەی ئەندامان و شانە نهێنییەکانی پارتی و شێوەی چالاکییەکانیان، یارمەتیان لێوەربگرن. لەم بوارەدا ئاماژەم بۆ دۆزینەوەی شانەی خەباتی لەیلا قاسم کرد. شێخ باهیر، مەلا حکمەت زەبدی و محەمەد گوڵ کەسانێکی فریوخواردوو بوون کە عادل یاروەلی کادیری پارتی دیموکراتیان لە داوی دوژمن خست و بوونە هۆی شەهیدکردنی.

لە ڕاستیدا حکومەت تەنیا بە کڕین و فریودانی ئەندامانی خواروو‌ی پارتی و شۆڕشی کوردستان ڕازی نەبوو، بەڵکوو ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای پارتیشی فریودا. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ١٠٤- ١٠٦ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (پاش ماوەیەکی کەم لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار، ڕژێم توانی ژمارەیەک لە کادیرانی پارتی و شۆڕش بکات بە پیاوی خۆی کە هەندێک لە کەسانی سەرکردایەتیشیان تێدابوو. ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی عەزیز ئاکرەیی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پارێزگاری دەهۆک هاشم ئاکرەیی و شەش حەوت کەس لە خزمانیان بوون، بە فەرمانی سەرکردایەتی حیزب ئیسماعیل مەلا عەزیزیش لەگەڵیان کەوتبوو بۆ ئەوەی بە نهێنییەکانی پیلانەکە بزانێ کە پاشان گەڕایەوە بۆ شۆڕش. هەروەها دەسەڵات توانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی فاخیر محەمەد ئاغای مێرگەسۆریش ڕاکێشێتە ناو کەندی نۆکەرایەتییەوە. ... پێوەندی فاخیر بە دوژمنەوە لە پێوەندی ئەو بە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش نازم گزاری خوێنڕێژی بەناوبانگەوە دەستی پێکرد. ... لەلایەکی تریشەوە فاخیر، جەمیلی برای خستەکار و ناردی بۆ تاران کە لە یەک کاتدا ڕۆڵی جاسووسی بۆ هەردوولای عێراقیش و ئێرانیش ببینێ. ئەو ئەرکەی موخابەراتی ئێران پێی سپاردبوو، ڕووخاندنی پاشماوەی متمانە و باوەڕ

بەیەک کردنی شۆڕش و حکومەتی ناوەندی بوو تا بکێشێتەوە بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ کە حکومەتی ئێران زۆر مەبەستی بوو، و لەگەڵ نەخشەکانیدا دەگونجا.

...

ئێمە گومانمان وابوو فاخیر کەسێکە لە بنەماڵەکەی بەدەر، بۆیە وا خیانەت و پیلانی کردوە بە پێشەی خۆی، بەڵام محەمەد ئاغای مێرگەسۆریی باوکیشی لە چەند کاتێکی جیا جیا و لە یەک دووردا پتر لە ١٥ بارزانی دڵسۆزی کوشتووە و ئەم بنەماڵەیە هیچ کەڵکی لەو هەلانە وەرنەگرتووە کە بۆی ڕەخساون و بەتایبەتی پاش شەهیدکردنی حوسێن مێرگەسۆری. ڕژێم سەبارەت بەوەی توانیبووی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی خێزان و خزمانی ئێمەش ڕابکێشێتە پاڵ ڕیزەکانی خۆی کە یەکێکیشیان عوبەیدوڵڵا بوو، ئەوەندەی تر لە خۆی بایی ببوو، و متمانەی بە سەرکەوتنی خۆی زیاتر بوو. بە بیانووی داکۆکی کردن لەمانە چەند یەکەیەکی سوپایی لە تەمووزی ١٩٧١دا بەڕێخست بۆ بارزان. بەرلەوەی ئەو هێزە سوپاییە بگاتە بارزان لە بناری چیای پیرسدا جەنگاوەرە بارزانییەکان بەسەرکردایەتی محەمەد خالیدی کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەد بارزانی چاوەڕوانیان دەکرد، قارەمانانە لێی ڕاپەرین و نەیانهێشت بەرەو پێشتر بڕوا و پاش ئەوەی چیی لێ کوژرا کوژرا و چیی لێ بریندار کرا بریندار کرا، ناچاریان کرد لە کوێوە هاتبوو بە لووتی شکاوەوە بگەڕێتەوە ئەوێ.

لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا سەرکردایەتی شۆڕش وریا کردنەوەیەکی توندی بەم واتایە بەرەو ڕووی بەرپرسانی بەغدا کردەوە: "هەوڵدانتان بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەندێ ناکۆکی خێزانی لەناو بنەماڵەی بارزانیدا، لە هەوڵی یاریکردن بە ئاگر دەچێ. ئاگەداری خۆتان بن کاری وا دووبارە نەکەنەوە".)

هەرلەو بارەیەوە، دەربارەی پێوەست بوونی عەزیز ئاکرەیی، هاشم ئاکرەیی و چەند لە خزمانیان، محەمەد عەزیز قادر لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا لە سلێمانی ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢١، پێیگوتم:

- (بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادارداا، هەندێ لە بەرپرسانی پارتی و شۆڕش، چوون ئەرکی پارێزگار، قایمقام و بەڕێوەبەری دایرەکانیان وەرگرت و لە ژیانی پێشمەرگایەتی دوور کەوتنەوە. هەندێکی تر بەهۆی هاتووچۆی بەردەوامیان بۆ

بەغدا، کێشیان بۆلای ڕژێم پەیداکرد کە عەزیز ئاکرەیی یەکێک لەوانە بوو کە ڕژێم تەنانەت بردی بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و پترلە بیری چەپ نزیکبۆوە و لە ئاکامی ئەو نزیکایەتییەدا، گیرۆدەی پرۆژەیەکی بەعس بوو لە دامەزراندنی حیزبێکی کوردیدا کە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. عەزیز ئاکرەیی بەبێ لەبەرچاو گرتنی حیزبەکەی خۆی کە بەساڵان خزمەتی تێدا کردبوو، بەو حیزبە نوێ دروستکراوەوە لەگەڵ حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی عێراق چوو لە بەرەی پێشکەوتوخوازەوە.

بەدوای ئەوەدا ژمارەیەک لە خزمانی خۆی و تەنانەت هاشم ئاکرەیی و ئیسماعیل مەلا عەزیزیشی لەگەڵ خۆی برد کە کاک ئیسماعیل دوواتر گەڕایەوە ناو شۆڕش. لەبیرمان نەچێ ئەو پیلانەی ڕژێمی بەعس بۆ دروستکردنی گروپی دژ بە مەلا مستەفا و پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کوردستان بوو.) هەروەها ڕەشید حاجی بەدری سندی دەڵێت:

- (عەزیز ئاکرەیی بەرلەوەی خۆی تەسلیمی ڕژێم بکاتەوە، بەمنیشی گوت وەرە بگەڕێینەوە لای حکومەت کە من گوتم ئەوکارە مەکە، بەڵام ئەو ڕۆیی و هاشم ئاکرەییشی لەگەڵ چوو.)

عەزیز ئاکرەیی دوای ماوەیەک بەغدای بەجێهێشت و ڕووی لە ئێران کرد، بەڵام لەوێش نەمایەوە و بە وتەی محەمەدعەزیز قادر گەڕایەوە لای پارتی دیموکرات لە ڕاژان و ڕایگەیاند دەیەوێ قاموسی کوردی بنوسێ کە سەرکردایەتی پارتی یارمەتی کرد. ئەو دوای ماوەیەک ئەوێشی بەجێهێشت و چوو بۆ ئەورووپا و سەرئەنجام لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان گەڕاندەوە بۆ کوردستان.

دەستپێکردنەوەی شەڕ و مووشەکی دژە فڕۆکە و تۆپخانەی ئێران

ڕژێمی بەعس بە پلانێکی نوێ شەڕی لە کوردستاندا هەڵگیرساندەوە. شەڕی ئەم جارەیان بەهۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵێکی زۆری خەڵک لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، زیانی زیاتر بە بەرەی شۆڕش گەیاند. سوپای بەعس هەروەک ساڵی ١٩٦٣ کە هەموو هێزەکانی خۆی بۆ شەڕ لە ناوچەی بارزان تەرخان کردبوو، ئەم جارەیان نوکی تیژی هێرشەکانی خستبووە بەرەی ناوچەی باڵەک کە بارەگای سەرکردایەتی و هەموو دەزگاکانی بەڕێوەبەریی شۆڕشی لێبوو و بە شادەماری شۆڕش دەناسرا.

سوپای عێراق لە سەرەتادا بەرەو ناوچەی دەشتی هەولێر و چیای سەفین هاتە پێشەوە و بەپێچەوانەی جارانی پێشوو، توانی ئەو دوو ناوچەیە بگرێتەوە و هێزەکانی بگەیەنێتە بەرزاییەکانی سپیلک کە لیوایەکی سوپا لەوێ لە گەمارۆی پێشمەرگەکاندا بوو. دوژمن بە ئازادکردنی ئەو لیوایە و داگیرکردنی سپیلک. لەژێر ئاگری تۆپخانە و بۆمبارانی فڕۆکەکانیدا، سەرلەنوێ هێرشی کردە ناوچەی ئەستێلی ڕەواندز و بۆ ئەو مەبەستەش بەشی زۆری هێزەکانی کێشایە ئەم ناوچەیە کە سەرکردایەتی شۆڕشیش بەهەمان شێوە بۆ بەرگریی کردن زۆربەی هێزەکانی لەوێ کۆکردەوە.

شاری سلێمانی لە دەست دوژمندا بوو، بەرپرسانی ڕژێم زانکۆی سلێمانییان داخست و ڕێگای خوێندنیان لە خوێندکاران گرت. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی شۆڕش زانکۆی سلێمانی بۆ قەڵادزێ گواستەوە. بەم بۆنەیەوە خەڵکێکی زۆر لە خوێندکار، مامۆستا، هونەرمەند، پێشمەرگە و کەسوکاریان، پەیتا پەیتا ڕوویان دەکردە قەڵادزێ، شار زیاد لە ڕادەی خۆی قەرەباڵغ ببوو. ئەمەش وایکرد کە ڕژێم ئەو شارە بۆمباران بکات. ڕۆژی چوار شەممە ١٩٧٤/٤/٢٤، کاتژمێر ٠٩:٤٠ شەش فڕۆکەی جەنگی Sukhoi سۆخۆی ڕوسی بە بۆمبی ناپاڵم، شاری قەڵادزێیان کردە ئامانج و ١٢٧ هاوڵاتیان شەهید و نزیکەی ٤٠٠ کەسیشیان بریندار کرد کە زۆربەیان خوێندکارانی زانکۆ بوون. لە هەمانکاتدا پردی گەڵاڵەشیان کردە ئامانج و لەوێش ٢٧ ڕێبواریان

شەهیدکرد و ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦یش بەهەمان شێوە شاری هەڵەبجەیان بۆمباران کرد و نزیکەی ١٤٠ کەسیان شەهید و بریندارکرد. بۆمبارانی ناوچە ئازاد کراوەکان، خەڵکیان ڕاهێنا کە دەست لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرن و بۆ پاراستنی گیانیان ڕۆژانە پەنا بۆ نێو شیو و دۆڵەکان بەرن.

ڕۆژی ١٩٧٤/٩/٣ لیوای سێی سوپای عێراق بە فەرماندەیی عەقید ڕوکن حامید دلێمی، بە پشتیوانی یەکەیەکی تانک و لەژێر ئاگری تۆپخانە و بۆمبارانی فڕۆکەکاندا، هێرشی کردە سەر گەرووی عەمەر ئاغا. لە شەڕێکی قورس و خوێناویدا، پێشمەرگەکان توانیان دوژمن ببەزێنن و ٢٣٠ کەلاکیان لە مەیدانی شەڕدا پێ بەجێبهێڵن. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان چوار تانکی دوژمنیان بە گوللەی ئارپیجی حەوت تێکشکاند.

ڕۆژی ١٩٧٤/٩/٨ سوپای عێراق بە دووبەرەی چیای گۆڕەزو چیای کۆرەکدا بەرەو ناوچەی باڵەک و بێخاڵ پێشڕەوی کرد و پێشمەرگەکان لە هەردوو بەرەدا شکاندیانن و پترلە ٤٠٠ کەلاکیان لە مەیدانەکانی شەڕدا پێ بەجێهێشتن. لەو شەڕەدا شەش پێشمەگە شەهیدبوون. دوژمن سەرلەنوێ ڕۆژی ١٩٧٤/٩/١٩ هێرشی هێنایەوە، بەڵام دیسانیش شکا و پاشەکشەی کرد. ڕۆژی ١٩٧٠/٩/٢٣ پێشمەرگەکان فڕۆکەیەکی مێکی ١٩یان خستە خوارەوە و فڕۆکەوانەکەیان بە ناوی مولازم یەکەم سەبا شەلال بەدیل گرت. لە ئاکامی بەردەوامیی ئەو شەڕەدا دوژمن توانی دۆڵی ڕەواندز داگیر بکات و ئەم جارەیان هەموو قورسایی شەڕەکانی خستە سەر یەکەکانی تۆپخانە و بە بۆمبی فۆسفۆری سوتێنەر لە پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکانیدا.

لە ڕەوتی شەڕەکاندا، دوژمن توانی لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا هەردوو چیای زۆزک و سەرتیزی داگیر بکات، بەڵام پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی حەمید ئەفەندی لە دژە هێرشێکدا بۆسەر لیوای ٢٩ی عێراق، زۆزکیان کرد بە گۆڕستانی دوژمن. بەگشتی ڕژێمی عێراق بە پێچەوانەی هەوڵی زۆریی لە بەرەکانی شەڕداو ڕادەی زۆری کوژراو و بریندارو زیانی ئابووریی، بە بەردەوامی لە شکاندا بوو. ورەی سەربازەکانی دابەزیبوو و کێشە لە سەرکردایەتی حیزبی بەعس و حکومەتدا زۆر

بەرز ببۆوە. لەبەر ئەوە پەنایان بۆ یارمەتی وەرگرتن لە سۆڤیەت و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و چیکۆسلۆڤیا برد. ڕووسەکان بە کردەوە پشتی سەربازانی عێراقیان بەدژی گەلی کورد گرت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٦٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٢٠ کە هێزەکانی عێراق بە تانک هێرشیکیان کردە سەر چیای کۆڕەک و دۆڵی ڕەواندز، شارەزای ڕووس عەقید ئەلیکسەندەر ڤاسیلییڤ بە هاوبەشی لەگەڵ لیوا ڕوکن ئیسماعیل نعێمی لە چیای کۆڕەک سەرپەرشتی کردەوەگەلەکەیان دەکرد.

- باڵەفڕوانانی ڕووس باڵەفڕی TU22 و SU20 لێ دەخوڕن لە بۆمباران کردنی کوردستاندا. ئەمانە ناوی ئەو باڵەفڕوانانەن: ڕائید کراڤیچنکۆ، ڕائید دێڤیدینکۆ، ڕائید یۆری، ڕائیدلونیا، ڕائید ڤۆڵۆدیا، ڕائید ڤیکتۆر....

- عەمیدی باڵەفڕوان نیکۆلاس ڤلادیمێر سەرکردەی کۆمەڵێک لە شارەزایانی ڕووسە لە بارەگای سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی عێراقدا و سەرپەرشتی کردەوەگەلی بۆمباران کردنی کوردستان لە ئاسمانەوە و هاوئاهەنگ کردنی هێزە ئاسمانییەکان و هێزە وشکانییەکان دەکا.

دیارە لەوانەیە ئەم ناوانە ناوی دروستی ئەوانە نەبن، بەڵام ئەو شارەزایانە لەناو سوپای عێراقدا بەم ناوانە دەناسرێنەوە.

باڵەفڕوانی بەدیلگیراوی عێراقی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوا مەشق پێکردنی باڵەفڕوانەکانی عێراقی لەسەر باڵەفڕەکانی TU22 و SU20 هێشتا نەبڕاوەتەوە...

- ژمارەی شارەزاکانی ئەڵمانی ڕۆژهەڵات و چیکۆسلۆڤاکی بەتایبەتی، لەناو دەوڵەتە شیوعییەکانی تردا زیادی کردووە و ژمارەیەکی زۆریش لۆری ئیڤا و ئوتۆمبیلی تاترا و سەرباز هەڵگر و پردی سەربازیی و جبەخانە کە لەو دوو دەوڵەتە دروستکراون، گەیشتوونەتەجێ.)

ڕژێمی بەعس لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شەڕەکاندا دەیویست دەست بەسەر بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و جادەی هامیلتۆن دا بگرێت کە ئێران نەتوانێ

یارمەتییەکانی بگەیەنێتە شۆڕشی کوردستان، بەڵام هەوڵەکانیان لە بەرامبەر زیانەکانی گیانیی و ئابووری بە ڕادەیەک بێسوود بوو کە نەیانتوانی لە چیای زۆزک پتر بێنە پێشەوە.

لەوکاتەدا ئێران ئامادەیی خۆی بۆ لێدانی توندتری سوپای عێراق ڕاگەیاند. ئامانجی ئێران لاوازکردنی پتری دەوڵەتی بەعس بوو بۆ مل ڕاکێشانی زیاتر و سازان و دەستهەڵگرتنی لە بەشێک لە سنوری ئاویی شەتولعەرب. لەو چوارچێوەیەدا یەکەی تۆپخانەی ١٧٥ ملیمی سەحرایی مەراغە بە فەرماندەیی سەرهەنگ ئەحمەد مهام لە ناوچەی سەردەشت لە "دەشتی کێلێ" دانرا و یەکەیەکی ١٣٠ ملیم و یەکەیەکی دژە فڕۆکەی ڕاپیێری لە نزیک حاجی ئۆمەران لە ناوچەی پیرانشار جێگیر کرد کە بەرگری لە بەرەکانی ڕەواندز و قەڵادزێ بکەن. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٥٩ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (ڕۆژی ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤، ئەم یارمەتییە گەیشتە کوردستان و خۆزیا نەگەیشتایە. ئەمەی دەیڵێم ڕاستییەکە کە دەبێ بوترێ و هیچ دەرفەتێکی شاردنەوەی نییە. بەهاتنی ئەم مووشک و تۆپانە پێشمەرگە پشتیان لێکرد و هەموو پشت پێ بەستنێکی خۆیان خستە سەرئەم مووشەک و تۆپانە کە لەکاتی تەنگانە و پێویست پێ بووندا دەرکەوت هیچ سوودێکیان نییە، چونکە ڕۆڵێکی کاریگەریان نەبینی. لەو ڕۆژە بەدوواوە باڵەفڕەکان نزم نەدەفڕین، نەوەکا دەستی مووشەکیان پێ بکات و تۆپبارانی تۆپەکانی ئێرانیش ورد نەبوون و نیشانەیان نەدەپێکا و هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو. با ئەوەش بهێنینەوە یادی خۆمان کەوا لەو مامەڵانەی چەک کڕینی ڕێژیم لە سۆڤیەت ژمارەیەک باڵەفڕی پێشکەوتووی تۆپۆلیڤیان کڕی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٧٤ یەکێک لە مووشکەکانمان باڵەفڕەیێکی TU16 ی پێکا و لە دۆڵی خوشکا کەوتە خوارێ و هەموو ئەندامانی تاخمەکەی کە چوار کەس بوون کوژران.)

مەسعود بارزانی لە ژێرنوسی ژمارە ٢ی لاپەڕە ١٥٩ی کتێبەکەیدا ناوی ئەو چوار کەسەی بەم جۆرە ڕاگەیاندوە: ملازمی باڵەفڕوان محەمەد ئیسماعیل نایف، ملازمی باڵەفڕوان زوهێر تکریتی، ملازم کەشتیوان و موهەنەد ئەوسی.

ڕێککەوتنی جەزائیر

بەرلە هەڵگیرسانەوەی شەڕ، سەرکردایەتی شۆڕش بەو ڕاستییەی دەزانی کە ڕژێمی بەعس بۆ شکاندنی شۆڕش، ئامادەیە بەشێک لە سنوری ئاویی شەتولعەرەب بە ئێران ببەخشێت، بەڵام بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکرات کەمتر ئەوەیان لا گرنگبوو تا دەستهەڵگرتنیان لە کەرکوک، خانەقین و شەنگال و ناوچەکانی سەر بەو شارانە.

لە مەودای ئەو شەڕانەی دووابیدا، ئێران و عێراق لە گفتوگۆدا بوون و ڕژێمی ئێران بەو مەبەستە یارمەتییەکانی بە شۆڕش زیاد کرد کە ڕژێمی عێراقی پتر لاواز بکات و بتوانێت لە گفتوگۆکانیدا، داخوازەکانی باشتر بەسەردا بسەپێنێ. کێشەی ئێران و عێراق لەسەر هێڵی سنوری ئاویی ئەو دوو وڵاتە، بەدوای جەنگی یەکەمی جیهان و پێکهاتنی حکومەتی عێراق سەریهەڵدابوو. بە درێژایی ئەو ماوەیە، نە ڕژێمی پاشایەتی و نە حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق کە هەموویان بەرهەمی کودەتای سەربازیی بوون، چاویان لە بستێکی خاکی عێراق نەپۆشی و ئامادە نەبوون لەو مافەیان دەستهەڵگرن. تەنانەت نوری سەعید بەشداریی کۆبوونەوەیەکی پەیمانی ناوەندیی نەکرد کە لە تاران پێکهات و باسیان لە ناکۆکی هێڵی سنور کرد. لە لایەکی تردا بارزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەڕی بە محەمەد ڕەزا شا نەبوو. بارزانی ساڵانی ٤٦- ١٩٤٧ی لەبیر نەکردبوو، ئاگای لەوەش هەبوو کە لە ئێراندا چۆن مافی کوردی ڕۆژهەڵات پێشێل دەکەن و ڕۆڵەکانی کورد لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەکرێن. لەبەر ئەوە بە بەردەوامی لە بەرامبەر داواکارییەکانی ئێراندا بە ئەندێشەوە دەجوڵاوە، تا ساڵی ١٩٧٢ کە هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن حکومەتەکەیەوە بەڵێنی بە بارزانیدا کە ئەمریکا پشتی دەگرێت و شا وەک پشتیوانی شۆڕش دەمێنێتەوە و لەگەڵ بارودۆخەکە ناگۆڕێ، بەڵام دواتر لە بەڵینەکانیان پاشگەز بوونەوە و خیانەتیان بە کورد کرد. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٦٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (هاوینی ١٩٧٤ کاتێک شەڕ لە کوردستان گەرم بوو هەندێک زانیاری گەیشتە دەزگاکانی هەواڵزانیمان و وایان دەگەیاند گفتوگۆیەکی نهێنی لەنێوان ڕێژێمی عیراق و ئێراندا هەیە و بەو نیزیکانە ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوولادا دەبەسترێ. یەکێک لە نیشانەکانی ئەوەش کۆبوونەوەیەک بوو لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی هەردوولا: دوکتۆر سەعدوون حەمادی و عەباس خەڵعەتبەری لە ئەستەمبوڵ. پاش ئەم کۆبوونەوەیەش گفتوگۆ لەنێوانیاندا هەر بەردەوام بوو. وترا کەوا ئیسرائیلیش ڕۆڵی گرینگی لەم گفتوگۆیەدا هەیە، چونکە دەزگاکانی ئیسرائیل کاتی خۆی جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە شا هەرگیز ناپاکی لە شۆڕشی کورد ناکات. شۆڕشیش چەند هەوڵێکی بۆ زانینی ئامانجی ئەم لێک نیزیککەوتنەوەی عێراق و ئێراندا. نامەیەکمان بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا نارد و ئەو زانیارییانەمان تێدا باسکرد کە لەم بارەیەوە دەستمان کەوتبوون و داوامان لێکردن ئەو گفتەی خۆیان بەجێ بهێنن کە بە ئێمەیان دابوو و پشت لە شۆڕشەکەمان نەکەن. بەڕێوەبەریەتی ئەمەریکا بەتوندی نکۆڵی ئەوەی کرد کە هیچ لێکنیزیک بوونەوەیەک یا هیچ پیلانێکی سیاسی لە کایەدا بێت کە لەوانە بێ زیان بە خەباتی کورد بگەیەنێت. لە وەڵامەکەدا وترابووش کەوا ئەوان بەشبەحاڵی خۆیان زانیارییەکانی ئێمەیان ناردووە بۆ شا و ئەویش بەشبەحاڵی خۆی نامەیەکی نارد بۆ بارزانی لەوە دڵنیای کرد و نووسیبووی هەرگیز دەست لە شۆڕش هەڵناگرێ و یارمەتی خۆی بە شۆڕش لە هیچ ڕادەیەک ناوەستێنێت و هەر لەسەر قسەی خۆیەتی. هەروەها بارزانی زانیارییەکانی ئێمەی بەهۆی نێردراوێکی تایبەتەوە نارد بۆ شا حوسێن و سەرۆک ئەنوەر ساداتیش.

لە شوباتی ١٩٧٥ محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان "سامی" چوو بۆ قاهیرە و نامەیەکی لە بارزانییەوە بۆ سادات برد. لە نامەکەدا نووسرابوو: ئێمە حەز دەکەین ئێوەی عارەب و کەسی تر نا، بکەونە نێوانەوە بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتەی لەنێوان ئێمە و عێراقدا هەیە. ساداتیش گفتی دابوو چی پێ بکرێ لەم بارەیەوە بیکات.)

لە ڕاستیدا، سەرۆکی هەموو ئەو وڵاتانە لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون کە سەدام و شای ئێران لە جەزائیر بەیەک بگەن و لەسەر حیسابی نەتەوەی کورد ڕێککەون.

شای ئێران هاوکات لەگەڵ ناردنی تۆپی قورس و مووشەکی دژە فڕۆکە بۆ کوردستان، چەندان کەمپیشی بۆ خێزانی پێشمەرگەکان و خەڵکی ئاوارەی باشوری کوردستان، لە نزیک شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە قەسری شیرینەوە تا ورمێ کردەوە کە کوردە ئاوارەکانی وەک بارمتە لە دەستدابن کە کۆسپ نەخەنەبەر ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام.

بارزانی، سەرەڕای ناردنی سامی عەبدولڕەحمان بۆ قاهیرە و پێوەندی کردنی بە ئەنوەر سادات و شا حوسێن، نامەیەکیشی بۆ هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا نارد و داوای لێکرد کارئاسانی بۆ بکەن کە سەردانی ئەمریکا بکات و گرفتەکان بخاتە بەردەمی بەرپرسانی ئەمریکا کە کیسنجەر وەڵامی دایەوە نوێنەرێکی خۆی ڕەوانە بکات. بارزانی، دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی نارد. ئەمەی خوارەوە وەڵامی هنری کیسنجەرە بۆ بارزانی:

ئازیزم ژەنەڕاڵ **١٩٧٥/٢/٢٢**

بە وەرگرتنی نامەکەت کە مێژووی ١٩٧٥/١/٢٢ی پێوەبوو زۆر شادمان بووم. دەمەوێ ڕێزگرتنی خۆمان لە ئێوە و گەلەکەتان و قارەمانەتییەکانتان دەرببڕم. ئەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووتان بوونەتەوە، بەڕاستی گەورەن. من قەدرزانینی خۆم بۆ لێکۆڵینەوە سوپایی و سیاسییەکانتان دەردەبڕم کە لە نامەکەتاندا پێشانتان داوە. دەمەوێ لەوە دڵنیابن کە نامەکەتان شوێنی بایەخ پێدانێکی گەورەی بوو لەلایەن گەورەترین پلەی حکوومەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، چونکە ئەم بابەتە لای ئێمە بایەخێکی گەورەی دەدرێتێ. ئەگەر ئارەزووتان لێ بێ کەسێکی متمانەپێکراو بنێرن بۆ واشنتۆن تا زانیاریی زیاتر لە بارەی دوخەکەوە بدا بە حکوومەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پێی خۆشحاڵ دەبین و سەربەرزمان دەکا لێرە پێشوازیی لێ بکەین. من دڵنیام شاردنەوە و نهێنیکاری لەم پرسەدا کارێکی زۆر گرینگە بۆ تەواوکردنی ئەوەی تا ئێستە کردوومانە. ئەم نهێنیکارییە و لەو لاشەوە دەربەستبوونی دەسەڵاتی ئێوە، ئەو هۆیانەن وام لێ دەکەن دوودڵ بم لە پێشنیازی بەیەک گەیشتنێکی شەخسی لێرە لەگەڵ ئێوەدا. چاوەڕوانی وەڵامتان دەبم.

هنری کیسنجەر HK (پاشبەندی ٤٣)

بەرلە وەڵامدانەوەی کیسنجەر، شا ڕۆژی ١٩٧٥/٢/٦ سەردانی ئۆردن و قاهیرەی کرد و گەڕایەوە بۆ تاران. لە گەڕانەوەیدا بانگهێشتی بارزانی کرد کە سەردانی تاران بکات. ڕۆژی ١٩٧٥/٢/٢٦، بارزانی لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمانو موحسین دزەیی بەرەو تاران بەڕێکەوت، بەڵام نەیتوانی چاوی بە شا بکەوێ و ناچاربوو بۆ بینینی شا ماوەیەک لە تاران بمێنێتەوە. بارزانی لە تاران بوو کە شا ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٤ چوو بۆ جەزائیر تا بەنێوبژیکەریی "هەواری بۆمەدێن" سەرۆکی جەزائیر لەگەڵ سەدام حوسێن پەیمانی بەیەکگەیشتنەکەی واژۆ بکات. دوای واژۆ کردنی کە خەنجەرێک بوو بە هاوکاریی ئەمریکا لە پشتەوە لە پشتی کوردیاندا، ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٦ شا گەڕایەوە بۆ ئێران و ڕێککەوتنەکەیان بڵاوکردەوە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنی جەزائیر، سەرکردایەتی سوپای ئێران فەرمانیدا بە هێزەکانی تۆپخانە و مووشەک کە لە سنوری دەستکردی عێراق بکشێنەوە. لەم بارەیەوە ئیدریس بارزانی لە نامەیەکیدا بە مێژووی ١٩٧٥/٣/٧ بۆ مەسعود بارزانی دەنوسێت:

– (برای ئازیز مەسعود بارزانی هێژا

السلام علیکم و علینا و رەحمةالله و برکاته

چاوی بچووکەکان ماچ دەکەم و سڵاو لە هەمووان دەکەم، هیوام وایە کە لە خۆشیدا بن و چاک بن. دوابەدوای ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان شای ئێران و سەدام ڕوویدا، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەستاین، دیتمان هەموو تۆپە دژە ئاسمانییەکان دەکێشرێنەوە بۆ خانێ، لێم پرسین گوتیان: ئەوان هیچ نازانن، ڕەنگە بیانگۆڕن، بەڵام ئەمە درۆیە. لە محێدینیشم پرسی، ئەویش هیچ زانیارییەکی نەبوو. دەورووبەری سەعاتی یازدە "تیمسار مهام" هات و گوتی فەرمانی بۆ دەرچووە کە تۆپەکان بکێشێتەوە، یەکەم هاوەنەکان و ١٥٥ ملم، دوایی ١٣٠ ملم، بەڵام ئێستە سەعات سێ و نیوە دەبینین هەموو تۆپەکان دەکێشرێنەوە و دەبرێنە خانێ. بروسکەنامەم بۆ باوکم و بۆ ناوەندکەیان ناردووە لە ڕێگەی محێدینەوە، داوامان لێکردوون هۆی ئەو گۆڕانە لەپڕە ڕوون بکەنەوە.

سەدام حوسێن، هەواری بۆمەدێن و محەمەد ڕەزاشا

مهام پێی گوتم که سەیادیان پێی ڕاگەیاندووە ئەوەم بۆ دووپات بکاتەوە که ئەوان ئێمە لە مەیدانەکەدا بەتەنیا جێ ناهێڵن- گوتم کشانەوە بەم شێوەیە پێچەوانەی بنەمای جێ نەهێشتنمانە بەتەنیا لە مەیدانەکەدا و داخی زۆری خۆمم بۆ دەربری و پێم گوتن ئەگەر ژیانێکی کەرامەتمەندمان وەگیر نەکەوت، دەکرێ مەرگ بە شەرافەتمەندانە قەبووڵ بکەین.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوژمن هێرشی کرد بۆ سەرتیز و ناوڕۆیین و کۆتایی زۆزک و بەرزێوە و هەندرێن و ئێستە شەڕێکی قورس لەنێوان هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی دوژمندا لەگەڕ دایە و فەرمان هەر بە خوایە- بەرگریمان لە بەرزێوە کزە و یەکەکانی تانک تا خەلەکان هاتوونە پێش و مەفرەزەکانی مووشەکەکانمان ناردوون و هەرخوا پشتیوانە. (پاشبەندی ٤٤)

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٩، موحسین دزەیی کە لەگەڵ سەرۆک بارزانی چووبوو بۆ تاران، بە نامەیەکی دوکتۆر مەحمود عوسمان بۆ سەرکردایەتی پارتی و بارەگای بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان کە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و شۆڕشی کوردستان لە پیلانەکانی دوژمن ئاگادار بکاتەوە و ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ بگرنەبەر. (پاشبەندی ٤٥)

سەرئەنجام شا ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١١، لە پێنجەمین ساڵڕۆژی ڕێککەوتی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان حکومەتی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، چاوی بە بارزانی کەوت. "ئەسەدوڵا عەلەم" سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران لە یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو دیدارەی شا لەگەڵ بارزانیی دەکات و دەڵێت: **(ئەو چاوپێککەوتنە لەو ڕۆژەدا دیارییکرا کە شا تۆڵەی خۆی بەرامبەر ڕێککەوتنی ١٩٧٠/٣/١١ نێوان بارزانی و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆککۆماری عێراق بکاتەوە.)** لەو چاوپێکەوتنەدا، شا بە بارزانی گوت: **(من ناچاربووم لەگەڵ بەعسییەکان ڕێک بکەوم، ئەگەرنا دەکەوتمە نێو گیروگرفتی شەڕ لەگەڵیان کە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە پشتیوانی دەکرێن.)**

لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: **(من بۆ ئەنجامی ئەرکێکی شۆڕش چووبووم بۆ وڵاتی ئۆردن، کاتی گەڕانەوەم بارزانی و دوکتۆر مەحمود لە تاران بوون. بارزانی گوتی نەچمەوە و دوای دوو سێ ڕۆژی دیکە دەچینەوە. هەرچەندە من ئەندامی ئەو وەفدە نەبووم، بەڵام لەسەر ئەمری بارزانی بەشداریم تێدا کرد. ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١١ چاومان بە شا کەوت، گوتی: "سەرۆکی وڵاتە عەرەبییەکان گلەییان لێکردوم و دەڵێن ئەگەر تۆ دەست لە یارمەتیدانی کوردان هەڵگری، ڕەنگە سەدام سیاسەتی خۆی بگۆڕێ و بەرەو ڕۆژئاوا بێت. ئێمە ڕامان وایە ئەگەر زیاتر دەست لە کاری عێراق وەردەی، توشی شەڕ دەبین." بارزانی گوتی: ئێمە دەستمان لە دەستی ئێوە نەنا کە دەستمان ببڕن. شا گوتی: "نیگەران مەبە چتان بوێ بۆتانی دەکەین، بەڵام یارمەتی شەڕتان نادەین." دوکتۆر مەحمود گوتی: "میللەتی ئێمە چ بە ئێمە دەڵێن؟"، شا بەو وتەیەی دوکتۆر مەحمود توڕە بوو، گوتی: "بەئێوە دەڵێن سەرکردەکانمان بە لەجبازیی مافی ئێمەیان فەوتاند." شا گوتی: "سێ ڕێگاتان لە پێشە. ئەگەر شەڕ دەکەن، بەبێ یارمەتی ئێمە بچن لە وڵاتی خۆتاندا شەڕ بکەن، ئەگەرنا بچن خۆتان تەسلیمی عێراق بکەنەوە،**

دەنا وەرن میوانی ئێمە بن. ئێمە وەک ئێرانییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین." من گوتم: بە حوکمی کارەکەم کە سەفیری عێراق بووم، دەزانم ئەمریکا بەرامبەر بە عەرەبستان و خوزستان چۆن بۆچوونێکی هەیە. شا گوتی: "تاقیان دەکەینەوە. ئێمە وڵاتێکی بەهێزین و تاقیان دەکەینەوە." گوتمان سەدام جێی باوەڕ نییە. گوتی: "تاقی دەکەینەوە.")

هەروەها دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوێژێکیدا کە ڕۆژی یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١ لە هەولێر، لەگەڵ وریا ڕەحمانی ئامادەکار و وەرگێڕی بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە شۆڕش ئەیلوول ئەنجامی داوە و لە لاپەڕەی ٥٢ی کتێبەکەیدا تۆماری کردوە، ئاماژە بۆ ئەو سێ پێشنیازەی شا بە بارزانی دەکات.

جگەلەوە شا بە بارزانی گوت: **(ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی نەتەوەی ئێراندایە، هەروەکوو چۆن ڕێککەوتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە بەرژەوەندیی خەڵکی خۆتاندابوو.)** جگەلەوە، بەدوای ڕێککەوتنی شا و سەدامدا، ئەمریکا، ئیسرائیل، میسر، ئۆردن و هەموو ئەوانەی خۆیان بە دۆستی کورد دەزانی، بە بیانووی جیاواز خۆیان لە شۆڕشی کوردستان و یارمەتی گەیاندن بە کورد دزییەوە.

دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ شا، بارزانی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان. هەرچەندە ڕێککەوتنی جەزائیر هەموو کەسی سەرسام کردبوو و هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد کە سەدام ئامادە بێت دەست لە نیوەی شەتولعەرەب هەڵگرێ بۆ شکاندنی کورد، بارزانی لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات، شۆڕشی کوردستانو دەستەیەک لە ڕۆشنبیران بەڕێوەی برد، داوای لێکردن بێ هیوایی ڕوویان تێنەکات، بە بیری خستنەوە کە شۆڕشی کوردستان بە حەوت کەس دەستی پێکردوە و گوتی هەرگیز دەست لە خزمەتی کورد هەڵناگرێت، بەڵام پیریی، شەکەتیی و نەخۆشیی هەراسانیان کردوە. ئەمە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر بوو بۆ سەرکردەیەکی ٧٢ ساڵە کە ماوەیەک بوو بە نهێنی لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە لە زۆرانبازییدا بوو. بارزانی گوتی:

– (لە کۆبوونەوەی ئەم هەموو بێوێژدانانەی دژمان دەترسم خۆمان بەتەنیا لە گۆڕەپاندا بمێنینەوە و ئەمەش ببێ بە مایەی تێداچوونی مەسەلەکەمان و پاکتاوکردنی گەلەکەمان. من خۆم کە گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە، تەمەنم یارمەتیم نادات بۆ شەڕی پارتیزانی کە پێویست دەکا مرۆڤ بەپەلە و بەشەو و بەڕۆژ لەم شاخەوە بگوێزێتەوە بۆ ئەو شاخ. بۆیە لامولیە بەرژەوەندیمان لەوەدا نییە بەردەوام بین لە شەڕ، هیچ زەرەرێکیشی تێدا نییە خەباتمان ماوەیەک پاش بکەوێت. هەر دەبێ هەلێکی تر بۆ گەلی کورد ڕێک بکەوێت بۆ ئەوەی خەباتی خۆی دەست پێبکاتەوە. ئەگەر کەسێکیش هەیە دەتوانێ ئێستە سەرکردایەتی شەڕی پارتیزانی بگرێتە دەست من ئامادەم هەموو یارمەتییەکی بدەم.)

هیچ کام لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و شۆڕشی کوردستان و هەروەها لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال ئامادە نەبون، ئەرکی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئەستۆ بگرن و هەرکام بەلایەکدا کوردستانیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە دەرەوە. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری "عەوڵائاغای پشدەری" لە لاپەڕەی ١١ی بەرگی سێیەمی کتێبەکەیدا، نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دا، دەڵێت: (**.... من لێرەدا بۆ مێژوو دەڵێم و هەرگیز نایشارمەوە ئەویش ئەوەیە، من هەر ڕۆژی دوای کۆبوونەوەکە[1]، لە بەرەکانی شەڕەوە بە مەبەستی هێندێ ئیشی تایبەتی پەیوەست بە هێزی باڵەک هاتمە لای سەرۆک بارزانی و لەو کاتەشدا بەڕێکەوت خوالێخۆشبوو "عەلی عەسکەری" هات و هەر لەبەرچاوی من سەرۆک بارزانی گوتی کاک عەلی ئێوە پێشتر هەردەتان گوت ئەگەر مەلا مستەفا ماوەمان بدات ئێمە وادەکەین وادەکەین، دەفەرموون ئێستا "مستەفا" نەک هەر ماوەتان دەدات بۆ ئیشکردن بەڵکو هەموو ئیمکانیەتێکی خۆشم لە ڕووی پارە و چەک و تەقەمەنییەوە دەخەمە ژێر دەسەڵاتتان و بمێننەوە لە کوردستان، خوالێخۆشبوو کاک عەلی گوتی ئەزبەنی ئێمە بەبێ وجوودی تۆ هیچ شتێکمان پێ ناکرێت، ئیتر ئەوە بوو کەوا هەموو هێزەکانی کوردستان دەستیانکرد بە کشانەوە بەرەو سنووری ئێران و....)**

دەربارەی بڕیاری بوێرانەی بارزانی بۆ ڕاگرتنی کاتیی شۆڕشی ئەیلول، موحسین دزەیی وەزیری پێشووی عێراق، لە لاپەڕەی ٣٤٤- ٣٤٥ی بەشی دووەمی کتێبەکەیدا "وێستگەکانی ژیانم" کە بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی و ئیسماعیل بەرزەنجی وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، دەڵێت: **(بارزانی دوو ڕێگەی پڕمەترسیی لە پێشدابوو، یەکەمیان قوربانی بە شۆڕش و گەلەکەی بدات و چارەنووسیان بخاتە بەردەم وێرانی و تەفروتوونا بوون، ئەمەش بۆ کەسێک کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی ئەو گەلە تەرخان کردبێت کارێکی مەحاڵ بوو، دووەمیان دەبوایە بڕیار بدات گەلەکەی لەو میحنەتە و مەترسییانە ڕزگار بکات، بۆ ڕزگاربوون لەو تەنگژەیەش ڕاوەستانی شەڕ بوو بۆ ماوەیەک و چاوەڕوانی هەلێکی گونجاو بکات تا بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ بێت و لە بارودۆخێکی باشتردا دەست پێ بکاتەوە، هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایە سەرەڕای ئەوەی حیکمەت و دووربینی و ڕوونیی پێوە دیار بوو، بەڵام قوربانییەکی کەسایەتی گەورەی دەویست، بارزانی بەناو ساڵ کەوتبوو، نیشانەی نەخۆشیی پێوە دیار بوو، بە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایە ناو و ناوبانگ و پایە نێودەوڵەتییەکەی دەخستە مەترسییەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە لەسەر حسێبی ناوبانگی خۆی بڕیاریدا ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێت و میللەتەکەی ڕزگار بکات. لەبەر ئەو هۆیانە بارزانی ڕای وابوو بۆ ماوەیەک بەرگریکردن ڕابگرێت چونکە باشترین ڕێگە بوو بۆ ڕزگار کردنی گەلی کورد لە فەوتان، دوای گفتوگۆ کردن لە بارەی سەرجەم بارودۆخەکە لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکان و کەسایەتییە حیزبی و سیاسییەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون، ئەو بڕیارە وەک پەرداخە ژەهرێک وابوو کە هەموو بەیەکەوە نۆشی بکەن و وەک هەورە بروسکە بەر ئەوانەش کەوت کە لە ڕاستی کاروبارەکانەوە دوور بوون.)**

موحسین دزەیی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: **(داوودەزگاکانمان دەستیان بە پاکتاوکردنی بەڵگەنامەکان کرد و بەشێکی زۆریان فەوتاند، سەرکردایەتی بەشێوەی نهێنی هەندێک چەک و تەقەمەنییان لە چەند ناوچەیەک شاردەوە کە کەس گومانی لێ نەدەکرد، چەند مەفرەزەیەکی بچووکی حیزبی پێکهێنرا و بەسەر هەموو لایەکی کوردستاندا دابەش بوون، ئێزگەی دەنگی کوردستان تا ڕۆژی ٢١ی ئادار واتە**

جەژنی نەورۆز بەردەوام بوو و بۆ دواجار ئەو یادەی کردەوە و پاشان تەقیندرایەوە، دەبووایە ئێزگەکە لە شوێنی خۆی جێهێڵن یان تەسلیم بە عێراق یاخود دەسەڵاتدارانی ئێرانی بکەن، تەقاندنەوەکەی بە باشتر زانرا، چەکە قورسەکانیش هەندێکیان تەقێندرانەوە.)

بەهەر حاڵ، دواشەڕی شۆڕشی ئەیلول ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٣ لە دۆڵی ئاکۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز ڕوویدا. لەو شەڕەدا لیوایەک لە سوپای عێراق دەیویست دۆلی ئاکۆ داگیر بکات کە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە شکا و پاشەکشەی پێکرا. لەو شەڕەدا، ساڵح ئاکۆیی وەک دوا شەهیدی شۆڕشی ئەیلول گیانی بە نەتەوەکەی بەخشی.

هنری کیسنجەر لە کتێبی **"تراژیدیای کوردەکان"** کە شەفیقی حاجی خدر لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، بە درێژی باس لە پێوەندی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلول دەکات و ڕادەی یارمەتییەکانی ئابووریی ئەمریکا، ئیسرائیل، ئینگلیز، ئێران و ئۆردن بە شۆڕشی ئەیلوڵ ڕادەگەیەنێ و لە بەشێکیدا دەڵێت: دوو هەفتە بە دوای هاتنی نامەی بارزانیدا کە داوامان لێکرد نوێنەرێکی خۆی بنێرێ کە مەسەلەکەمان پتر بۆ بکاتەوە، شای ئێران بەبێ ئاگاداریی ئێمە لە کۆبوونەوەی ئۆپێک لەگەڵ سەدام حوسێن ڕێککەوت. بە نوسینی کیسنجەر لە کتێبەکەیدا، ئەوان لەگەڵ ئۆتۆنۆمی کوردەکان بوون و کاری شای ئێرانیان بەهەڵەیەکی مەزنی سیاسیی زانیوە.

١- مەبەست لە کۆبوونەوەی سەرۆک مستەفا بارزانییە لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات، شۆڕشی کوردستان و دەستەیەک لە ڕۆشنبیران.

هەنگاوەکانی دوای ڕێککەوتنی جەزائیر

پاش گەڕانەوەی موحسین دزەیی لە تاران و ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لە پیلانی جەزائیر و بارودۆخی پێکهاتوو، سەرکردایەتی پارتی لە گەڵاڵە کۆبۆوە و بە وردی دۆخەکەی هەڵسەنگاند و لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ساخ بۆوە، تا ئەگەر بارزانی ڕازی بێت، بیکەن بە پڕۆگرامی دواڕۆژ و بیخەنە بواری کردارەوە. موحسین دزەیی هەرئەو ڕۆژە پێشنیازەکانی گەیاندە دەست سەرۆک مستەفا بارزانی لە تاران و ئەویش ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٠ پێشنیازەکانی خۆی خستەپاڵ پێشنیازی سەرکردایەتی پارتی و هەمان ڕۆژ بە بروسکە ئاراستەی کردنەوە کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

- بەشێک لە پێشمەرگەکان لەنێوان ٣٠٠- ٥٠٠ کەس کە ئامادەی قوربانیدانن و هاوسەریان نییە، یان هاوسەر و منداڵەکانیان لە ئێران نیین، بە دەسەڵاتی تەواوەوە بۆ درێژەدانی شەڕی پارتیزانی ئامادە بکرێن.

- بارودۆخەکە وەک هەیە بۆ هەموو فەرماندەکانی هێز بنوسن و داوایان لێ بکەن بە خەڵک ڕابگەیەنن لە هەر کوێیەک هەن، لەجێی خۆیان بمێنن. بۆ پێشمەرگەکانیش دەسەڵات بدرێتە دەستی خۆیان کە لەگەڵ بارودۆخەکە دەمێننەوە یان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان.

- هەموو دیل و بەندکراوەکان ئازاد بکەن کە بگەڕێنەوە ماڵەکانیان.

شایانی باسە بەشێک لە پێشمەرگەکان لە گروپی چەند کەسییدا لە گوندەکاندا مانەوە، بەڵام ژمارەیەکی زیاتریان لە ناوچەی باڵەکایەتی و نزیکەی ٢٠٠ پێشمەرگەش بەشێوەی یەکگرتوو لە سنوری دەستکردی نێوان تورکیا و عێراقدا مانەوە. دوای پێکهاتنی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات "قیادە موەقەت"، سەرکردایەتی پارتی پێوەندی بەو ژمارە پێشمەرگانەوە کردەوە و ئەوانیش بەناوی شۆڕشی گوڵان کە درێژەدەری شۆڕشی ئەیلول بوو، درێژەیان بە خەباتی پێشمەرگایەتیدا کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم.

دوای ئەو بروسکەیەی بارزانیدا، ڕژێمی ئێران هەموو بێتەلەکانی شۆڕشی بێدەنگ کرد، بەڵام لە گرتن و دەسبەسەر کردنی بارزانی خۆی پاراست. بارزانی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٢ گەڕایەوە بۆ حاجی ئۆمەران.

لە ڕەوتی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا، هەرکام لە ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبە بەناو دۆستەکانی شۆڕش، گوێی خۆیان کپ کرد و لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە و ئیتر پێوەندیان نەگرتەوە. یەکێتی سۆڤیەت هەڵوێستی خۆی لە ئاست کارەساتەکەدا ئاشکرا نەکرد، بەڵام ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولی بەوە بەستەوە کە ئەوە چارەنوسی دوارۆژی دۆستایەتییە لەگەڵ ڕۆژئاوا.

یەکێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی جەزائیر داخستنی سنوری دەستکرد و چاودێریی کردن بوو لێی. بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵە، ڕژێمی ئێران، ڕێگای بۆ سوپای عێراق کردەوە کە بە سنوری دەستکردی خەسرەویدا بخزێتە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پشت لە هێزەکانی پێشمەرگە بگرێت.

پێوەندییەکانی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول

پێوەندیی بارزانیی و شۆڕشی ئەیلول بەگەلی کوردستانەوە بەپلەیەک گەیشت کە دانیشتوانی باشوری کوردستان بە کورد، ئاسوری، کلدانی، تورکمان، ئێزدی، کاکەیی و شەبەکەوە خۆیان بەکۆڵەکەی بنەڕەتی ڕاگرتنی شۆڕشی ئەیلول دەزانی. هەموو چینەکانی گەل بەبێ جیاوازیی لە شار و گوندەکاندا، بە گوێرەی توانا هاوکاریی شۆڕشیان دەکرد و بارزانییان بە سەرۆک و سەرکردەی خۆیان دەزانی. بارزانی بەتەنیا لەلایەن کوردەکانی باشورەوە خوشەویست نەبوو، بەڵکوو زۆربەی کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش بە ئازەربایجان، ئەرمەنستان و لوبنانیشەوە، بارزانییان لا خۆشەویست بوو. لەو ڕوانگەیەوە، جگەلە ڕێکخراوە سیاسیەکان کە دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەم، هەزاران کوردی بەشە جیاوازەکانی کوردستان پاڵیان بە شۆڕشی ئەیلولەوەدا و شۆڕشی ئەیلولیش پشت و پەنای کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بوو.

هەروەکوو دەزانین دنیا گۆڕەپانێکی لەبارە بۆ دامەزراندنی پێوەندیی و مامەڵەی فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی، وەرزیشیی، ئابووریی، سیاسیی و بۆ پاراستنی ژیانێکی باشتر، بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانی مرۆڤ. هەر مرۆڤێک بە تاک یان بە کۆمەڵ وەک نەتەوە یان دەوڵەت پێویستە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندەکانی بەبێ لەبەرچاو گرتنی شێوەی بیرکردنەوە، پێوەندیی لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان دامەزرێنێت. هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵە پیشەیی، مەدەنی و سیاسییەکانی جیهان و کۆمەڵی نەتەوەکان و دواتریش ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر بنچینەی ئەم بۆچوونە دامەزراون کە بتوانن کێشەکانیان بەڕێگەی پێوەندییەکانیانەوە چارەسەر بکەن، دەستیان بە مافەکانیان بگات، ئاسایشی نەتەوەیی بۆخۆیان دابین بکەن و گەشە بە پلەی ژیان، فەرهەنگ و ئابووریی خۆیان بدەن و خۆیان و نەتەوەکەیان لە دەستدرێژیی لایەنە جیاوازەکان بپارێزن.

ئەگەر، بەحیسابێکی نە زۆر ورد بڕوانینە رابردووی نەتەوەکەمان تێدەگەین یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێی بە دەوڵەت بوونی کورد لە سەدەکانی پێشوودا

نەبوونی پێوەندیی کورد بە دەوڵەتانەوە بووە، ئەگەرنا کورد بەگوێرەی مێژووی ژیانی وەک یەکێک لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی سەر زەوی، دەبووایە وەک نەتەوەکانیتری جیهان خاوەن دەوڵەتی خۆی بێت.

شۆڕشی ئەیلوول بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا پشتی لە نەریتی تەریک مانەوە کرد و هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پێوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ نەتەوەکەی، بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، دراوسێکانی، دەوڵەتە عەرەبییەکان، دەوڵەتە ئەورووپییەکان، یەکێتی سۆڤیەت، ئیسرائیل و ئەمریکا دامەزراند. لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا، ئاگاداری بەشێک لەو پێوەندییانە بووین کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان و دەوڵەتاندا هەیبوو.

دروشمی **"دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"** و دواتریش دروشمی **"دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان"** لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی دەگرت کە سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی خوازیاری پێوەندیی برایانە بوون لەگەڵ گەلانی عێراق بە عەرەب و کەمە نەتەوەکانەوە. هەرلەو ڕوانگەیەشەوە بوو کە ساڵی ١٩٦٣، کاتێک ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شیوعی عێراق کەوتنەبەر پەلاماری کوشتن و ڕاونانی دەسەڵاتدارانی بەعس، بارزانی باوەشی برایانەی بۆ شیوعییەکان کردەوە

پێوەندی لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات: پێوەندی بارزانی بە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، مێژوویەکی دێرینی هەبوو. لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە سەرچاوەی وەرگرتبوو. سیاسەتی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول سەرەڕای لەبەرچاو گرتنی ئەو پێوەندییە، سێ حیزبی دیموکراتی بەشەکانی ئێران، تورکیا و سوریایان بە حیزبی برا و پشتیوانی شۆڕش دەزانی. سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دووجار لە ساڵەکانی ١٩٦٤ و ١٩٧١دا یارمەتی بە کادیر و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد کە حیزبەکەیان ببووژێننەوە. یەکەم جار، ساڵی ١٩٥٩ کە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دەزگاکانی هەواڵگریی ئێران "ساواک"

ئاشکرا بوون و نزیکەی ١٢٠ ئەندامی سەرکردایەتی و کادیرانی حیزبی دیموکرات گیران و بەشێکیشیان بە ناچاریی ڕوویان لە باشوری کوردستان کرد، عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"، سلێمان موعینی و قادر شەریف و ...تد لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی بارزانییدا، ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتیان لە باشوری کوردستان بوژاندەوە و ڕۆژی ١٩٦٤/١١/١٩، حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق کۆنگرەی دووەمی حیزبی پێکهێنا.

ساڵی ١٩٦٦، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەهۆی سەرهەڵدانی بیری جیاواز و ناکۆکی لەنێو ئەندامانیدا بوو بە سێ بەش. بەشێکیان لەگەڵ گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و حکومەتی عێراق کەوتن، بەشێکیان بێلایەن مانەوە و بەشەکەی تریان پاڵپشتیی شۆڕشیان کرد. ئەوانەی لەگەڵ گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و حکومەتی عێراق کەوتن، وەک دوژمنی شۆڕش لە قەڵەمدران و بەداخەوە لەو نێوەدا کاک سلێمانی موعینی بەو تاوانەوە لەلایەن شۆڕشی کوردستان گوللەباران کرا و تەرمەکەی درایەوە بە ڕژێمی ئێران. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٩١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (مایەی داخە ئەو ناکۆکییە قووڵەی ناو سەرکردایەتی ئەم حیزبە کە پاش ساڵی ١٩٦٥ پێیەوە گرفتار بوو، بوو بەهۆی کەرت کەرتبوون و پەرەوازە بوونی. بەشێکیان پاش ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاخمەکەی بوون بە جاش و کەوتنە خزمەتکردنی حکوومەت، چوونە پاڵ ئەوان و بەهاندانی حکوومەتی عێراق و بەنیازی زیانگەیاندن بە پێوەندیی شۆڕش بە ئێرانەوە، ویستیان هەندێ کاری تێکدەرانە لە ئێران بکەن. شۆڕش ساڵی ١٩٦٧ ناچاربوو کارێکی زۆر خەمهاوەر بکا کە چاری ناچار بوو بیکا. ئەوە بوو سلێمان موعینی نەیاری ئەحمەد تۆفیقی گرت کە چووبووە پاڵ جاشەکانی ٦٦ و هاوکاریی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە دژی شۆڕشی کورددا دەکرد و ئیعدام کرا و لاشەکەی نێردرایەوە بۆ ئێران. نەدەکرا بەو چاوە سەیری پرسی چارەنووسی سلێمان موعینی بکرێ کە پرسیکی حیزبی ناوخۆییە. سلێمان لەگەڵ جاشەکانی ٦٦دا هاوکاریی کردبوو، واتە دوژمنی شۆڕش بوو و پرسەکەی جوێ نەدەکرایەوە

کە تایبەت بە حیزبەکەی خۆیەوە بێت. ئێمە ئەو سەرئەنجامە دڵ خەمگینکەرەمان بۆ ئەو پیاوە بەئاوات نەدەخواست.)

بۆ جاری دووەم کەحیزبی دیموکرات بەهۆی ناکۆکیی ئەندامانییەوە توشی لێکدابڕان بوو، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئەمیر قازی، مامۆستا هێمن، کەریم حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، مەلا حەسەن ڕەستگار، یوسف ڕیزوانی و مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە بە هاوکاریی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و مستەفا بارزانیی، دووبارە حیزبی دیموکراتیان لە ساڵی ١٩٧٠ بوژاندەوە. هەروەها لە بواری ئابوورییدا کە حیزبی دیموکرات بتوانی خۆی بەڕێوەبەرێ، بارزانی مانگانەی بۆ حیزبی دیموکرات بڕیبۆوە و تەنانەت کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولیش لە ساڵی ١٩٧٥ دا، حیزبی دیموکرات بۆ دابینکردنی خەرجیی بنکەی پێشمەرگەکانی لە "هیران و نازەنین" و دواتر لە بناری قەندیل لەگوندی "ئاشقوڵکە"، یارمەتی ئابووری لە پارتی دیموکرات وەردەگرت. مەلا ڕەسوڵ پێشنماز بەرپرسی بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لەو سەردەمدا، سەبارەت بەو مەسەلەیە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢ پێی گوتم: **(هەموو مانگێک من خۆم بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات، پارەی دابینکردنی پێویستییەکانی بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبم لە پارتی وەرگرتووە.)**

لەنێو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جگەلە عەبدوڵا ئیسحاقی کە چەندجارێک لەم کتێبەدا، بەبۆنەی جیاواز ئاماژەم بۆ ناوی کردوە و ژمارەیەک پێشمەرگەی تر وەک: مامۆستا هەژار موکریانی، مامۆستا خالید حیسامی "هێدی" و مەلا عەبدولباقی پێوەندیی گرێدراوی خۆیان بە بارزانییەوە هێشتەوە و لە نزیکەوە

و بە شێوەی ڕاستەوخۆ هاوکاریی شۆڕشیان کرد. لەم بارەیەوە خالید حیسامی "هێدی" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(ئەمن ئەوەم بە واجبێک دەزانی، لە وەختێکدا حەقی هەموو کەسە ئەوەی پێی دەکرێ لەسەر کوردستان بیکات. لەسەر ئەو ئەسڵە پێموابوو کە منیش بەپێی توانای خۆم بەشداریی شۆڕش بکەم و ببم بە پێشمەرگە و لە خزمەت سەرکردەیەکدا بم کە خزمەتکاری میللەت بوو. ئەگەر ئەو ڕەزالەتییەی کە ئەمن دە زەمانی ئەو پێشمەرگایەتیدا دیومە بۆت بگێڕمەوە، ڕەنگە بەزەیت پێمدابێ. لەبێ نانی، لەبێ ئاوی، لە ترسی بۆمباران و لەتکە بۆم و لەتە خۆمپارە، ئەسپێ و ڕشکی بنهەڵگڵ و لە برسێیەتی لە پێخواسی و حەتا بۆ نمونە جگەرەکێش بووم، وەڵلاهی چوار ڕۆژ جگەرەیەکم نەبووە، بیکێشم، بەو حاڵەش تەحەمولم کردوە. بە نیسبەت بارزانی، ئەمن زۆر نوسیوە، تەبیعییە خەڵکی دیش بەتایبەتی میللەتی کورد، کەس نییە مەلا مستەفا نەناسێ، بەڵام ئەو ناسینە هەرلە دوورەوە پێم کافی نییە بۆ ناسینی مەلا مستەفا. بۆ ناسینی مەلا مستەفا دەبێ هەستان و دانیشتن و هەڵسوکەوتت لەگەڵی بێت جا ئەوجار شەخسیەتی مەلا مستەفا بەچاکی دەردەکەوێ. ئەمن زۆر خەڵکم بینیوە، عومەرم لە نێوان ٨٦- ٨٧ دایە، هەتا ئێستا نە لە عەشایر، نە لە ڕوحانی، نە لە ئەهلی عیلم و زانستی تازە کەسێکم نەدیوە ئەوەندەی مەلا مستەفا سفەتی پیاوانەی تێدا مەوجود بێ. گوتم زۆر شتم لەسەر مەلا مستەفا نوسیوە، بەڵام مەلا مستەفا لەوە زیاترە لە توانای نوسینی مندا بێت. یانی نوسینەکانی من حەقی مەلا مستەفایان نەداوەتێ. هەرکەس بارزانی نەبینیبێ، دووراودوور ناتوانی بە سفەتەکانی و گەورەیی و مرۆڤدۆستی ئەو بزانێ.)**

پێوەندی لەگەڵ کوردی باکور: هەروەکوو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦/٨/١٦، لەسەر بنەمای حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیاش ساڵی ١٩٦٥ لەسەر بنەمای پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا و سەرکردەکانی پێوەندییەکی برایانەیان لەگەڵ سەرۆک بارزانی و شۆڕشی ئەیلول هەبوو. لە ئوکتۆبەری ١٩٦٩دا، پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا، شەش ئەندامی خۆی نارد بۆ باشوری کوردستان کە لە بواری سیاسیی و

پێشمەرگایەتییەوە پەروەردە بکرێن. سەعید ئاڵچی سکرتێری پارتی، بەرپرسایەتی نێردراوەکانی بە دوکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" سپارد. سەرکردایەتی شۆڕش، بنکەیەکی لە نزیک گوندی "دێشیش"ێ لە ناوچەی زاخۆ بۆ ئەو ژمارە پێشمەرگەیە دانا.

لە ڕەوتی کارەکانیدا، دوکتۆر شوان بەبێ پرسکردن بە سەرکردە و ئەندامانی پارتی دیموکرات، خۆی پارتییەکی نوێ بە ئایدەلۆژی چەپ لەنێو دڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دادمەزرێنێ و ناوی "پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات" DDKD"ی لەسەر دادەنێ.

ڕۆژی ١٩٧١/٣/١٢ لە تورکیا کودەتای سەربازی کرا. سەعید ئاڵچی سکرتێری پارتی، لە تورکیا ڕایکرد و خۆی گەیاندە سوریا. لەوێ کەسێک لە بنەماڵەی حاجۆ، بەناوی مەجید حاجۆ یارمەتی کرد و ئەوی گەیاندە موسڵ. سەعید ئاڵچی لە موسڵەوە دەچێت بۆ زاخۆ کە بچێتە لای دوکتۆر شوان، بەڵام ڕۆژی ١٩٧١/٥/٢٥ شوان دوو پێشمەرگە بەناوەکانی "چەکۆ" و "بروسک" دەنێرێتە زاخۆ کە سەعید ئاڵچی بگرن. ئەوان سەعید ئاڵچی و کەسێکی هاوڕێی بە ناوی محەمەد بەگ دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن بۆ لای دوکتۆر شوان.

ڕۆژی ١٩٧١/٦/١، دوکتۆر شوان، سەعید ئاڵچی و محەمەد بەگ دەکوژێت. دوای چەند ڕۆژ مەلایەک بە ناوی "مەلا عەبدوللەتیف" دەچێتە لای دوکتۆر شوان و لە سەعید ئاڵچی دەپرسێ. کاتێک دوکتۆر شوان تێدەگات، مەلا لەتیف بەهاتنی سەعید ئاڵچی بۆ بنکەکەی دەزانێت، دوکتۆر شوان، مەلا عەبدوللەتیفیش دەکوژێت. دیارە بەرلە کوشتنی ئەو سێ کەسە، هەر سێیان زیندانی دەکاتو بەکێشکچییەکان دەڵێت: ئەوانە جاسوسی تورکیان و ئێمە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین. کێشکچییەکان بریتی بوون لە: سەلیم فەلکی "ڕێوی"، حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" و مەحمود حەسەن کایا. سەعید و هەڤاڵانی حەوتوویەک لە زیندانداا ڕادەگیرین و دواتر دەیانبەن لە دەرەوەی بنکەکەیان دەیانکوژن و تەرمەکانیان لە زەویدا دەشارنەوە.

هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات کە لە تورکیاوە رایان کردبوو، بەشێکیان لە سوریا دەمێننەوە و دەرویش سەعدۆ، شەرەفەدین ئاڵچی، شاکر

ئوپۆزدەمیر و مەلا یونس دەچن بۆ زاخۆ و سۆراخی سەعید ئاڵچی لە دوکتۆر شوان دەکەن. دوکتۆر شوان دەڵێت: **(هات و دوای دوو سێ شەو گەڕایەوە بۆ تورکیا.)** هەڤاڵانی ئاڵچی گومان لەو وتەیەی شوان دەکەن و تێدەگەن سەعید ئاڵچی نەماوە. چونکە تورکیا حوکمی سەربازیی هەبوو، سەعید ئاڵچی و کوردە خەباتکارەکان توانای گەڕانەویان بۆ تورکیا نەبوو. بەو حاڵەش، بۆ دڵنیا بوونیان لە لایەنگرانیان لە کوردستانی تورکیا دەپرسن، وەڵام دەدەنەوە کە ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی تورکیا. بەو زانیاریانەی بەردەستیان، هەڤاڵانی سەعید ئاڵچی بەنهێنی لەگەڵ کێشکچییەکان دەدوێن و کاتێک کێشکچییەکان بەوە دەزانن سەعید ئاڵچی سکرتێری حیزبەکەیان بووە، نەک جاسوس و سیخوڕی تورکیا، تێدەگەن دوکتۆر شوان خیانەتی کردوە و پێیانڕادەگەیەنن سەعید ئاڵچی و دوو کەسی تریان کوشتوە و تەرمەکانیان لە فڵان جێ شاردۆتەوە.

هەڤاڵانی سەعید ئاڵچی دەچن بۆ لای سەرۆک مستەفا بارزانی لە گەڵاڵە و مەسەلەکەی پێڕادەگەیەنن. بە فەرمانی بارزانی، پێشمەرگە دەچن دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک دەهێنن و پرسی سەعید ئاڵچی یان لێدەکەن. دەبێژن، هاتووەتە لای ئێمە و گەڕاونەتەوە بۆ تورکیا. چونکە پێشمەرگەکان بە ڕووداوەکە دەزانن، دوکتۆر شوان و بروسک و چەکۆ دەبەن و تەرمی سەعید ئاڵچی و هەڤاڵانی لەژێر خاک دەهێننەدەر. بە دوای ئەوەدا دوکتۆر شوان قەبووڵ دەکات کە سەعید ئاڵچی کوشتوە و لە وەڵامی دادگادا دەڵێت: **(من خیانەتەم کردوە.)** دواتر دەڵێت: **(هەوڵمداوە ڕێبازی پارتی دیموکرات بگوڕم بۆ پارتێکی خاوەن ئایدیۆلۆژی کۆمونسیتی.)** هەڤاڵانی سەعید ئاڵچی داوا دەکەن، لە چەند کوردی مافناسی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا دادگایەک پێکبێت و موحاکمەی دوکتۆر شوان و هەڤاڵانی بکەن.

لە ئەنجامی مەحکەمەدا کە کوردی هەرچوار بەشی کوردستان بەشداربوون تێیدا، بڕیاردرا دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک بە تاوانی خیانەت و کوشتنی سێ لە هەڤاڵانیان بکوژن کە ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦، ئەو سێ کەسیان کوشت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووداوە، پێوەندیم بە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و شاهیدانە ڕووداوەکەوە کرد. دەروێشی سەعدۆ یەکێک لە

ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٥دا لە وتوێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا بە تەلەفۆن کە دەنگی لای من پارێزراوە. دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧١ لەگەڵ شاکری ئوپوزدەمیر و مەلا یونس کایا چووین بۆ سوریا کە سەعید ئاڵچی سەرۆکی پارتی دیموکرات ببینین. لەوێ ئاگادار بووین کە سەعید ئاڵچی چووە بۆ باشوری کوردستان و هەندێک هەواڵی ناخۆشمان سەبارەت بەو بیست. لەبەر ئەوە ڕۆژی ٢٠ حوزەیران لە سوریاوە چووین بۆ گوندی "تاوس" و لەوێوە بۆ تەلعەفەر و خۆمان بە لیژنەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناساند. ئەوان ئێمەیان بە سەیارە نارد بۆ موسڵ. لەوێ شاکر و مەلا یونس گوتیان بچین بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان، من قەبووڵم نەکرد و گوتم هەندێک مەعلومات هەنە کە پێویستە بە سەرۆک بارزانی بگەیەنم. ئەوان چوون بۆلای شوان و من چووم بۆ "ناوپردان" کە بارەگای پارتی دیموکراتی لێبوو. لەوێ چاوم بە دوکتۆر مەحمود عوسمان کەوت و گوتم هەڤاڵی ئێمە سەعید ئاڵچی هاتووەتە کوردستانی باشور و ئێمە نازانین چی بەسەر هاتووە. دوکتۆر مەحمود بروسکەیەکی بۆ عوسمان قازی قایمقامی زاخۆ نارد و نوسی: ئەگەر سەعید ئاڵچی هاتووەتە زاخۆ، پێیڕابگەیەنن، بێتە مەکتەبی سیاسی. عوسمان قازی وەڵامی دایەوە کە سەعید ئاڵچی ڕۆژی ٢٣ تا ١٩٧١/٥/٢٥ لێرە بووە و چونکە بەڵگەی هاتوچۆ "عدم تعرض"ی پێنەبوو، لەگەڵ دوکتۆر شوان و حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" چوو بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان. دوای گەیشتنی ئەو بروسکەیە، دوکتۆر مەحمود بروسکەیەکی بۆ ئەسعەد خۆشەوی ئامر هێزی ناوچەی بادینان نارد، تا هەواڵی ئاڵچی لە شوان بپرسێ. شوان گوتبووی ئاڵچی هاتۆتە لای ئێمە و چونکە نەمانتوانیوە ڕایەکانمان بکەینە یەک، ئەو گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور. ئەسعەد خۆشەوی ئەو وەڵامەی بە دوکتۆر مەحمود دایەوە. من لە وەڵامیدا گوتم ئەوە ڕاست نییە و ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور. دوکتۆر مەحمود منی نارد بۆلای کاک ئیدریسی ڕەحمەتی. ڕای خۆم سەبارەت بە سەعید ئاڵچی پێڕاگەیاند. گوتی سەبەینێ وەرە قسە لەگەڵ سەرۆک بارزانی بکە. ڕۆژی ١٠ تەموزی ١٩٧١، کاتژمێر ٨ی ئێوارە بە خزمەت بارزانی گەیشتم و باسی ڕووداوەکەم کرد. گوتم دوکتۆر شوان دەڵێ سەعید ئاڵچی گەڕاوەتەوە بۆ

کوردستانی باکور، بەڵام ئەو نەگەڕاوەتەوە و دیار نییە چی بەسەر هاتووە. سەرۆک بارزانی بە کاک ئیدریسی گوت بروسکەیەک بۆ ئەسعەد خۆشەوی بکە و پێیڕابگەیەنە کە ئەگەر سەعید ئاڵچی لە ناوچەکەیە، ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی بکەن، ئەگەرنا دوکتۆر شوان بنێرن. ڕۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٧١ لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکرات چووم بۆ هەولێر و لە ماڵی عەبدولوەهاب ئەتروشی نانمان خوارد و منیان بە سەیارەیەک نارد بۆ موسڵ. کاک عەلی سنجاری بەرپرسی لقی یەکی پارتی بوو. لەوێ لەگەڵ کاک فازل میرانی چووین بۆ بامەڕنی و چاومان بە ئەسعەد خۆشەوی کەوت. ڕۆژی دوایی هەموو بەرپرسانی پێشمەرگەیان ئاگادار کردەوە، وەڵام ئەوە بوو کە سەعید ئاڵچی هاتووەتە ناوچەکە و چووەتە مقەڕی دوکتۆر شوان و نەگەڕاوەتەوە. شۆفیری ئەو سەیارەیەیان هێنا کە سەعید ئاڵچی بردبوو بۆلای دوکتۆر شوان. گوتی بەڵی من بردومە. سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەریخست کە ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە و دوکتۆر شوان و چەکۆ، سەعید ئاڵچیان کوشتوە. ئەسعەد خۆشەوی دوو پێشمەرگەی نارد بۆلای دوکتۆر شوان کە پێیڕابگەیەنن کوڕی ئەسعەد نەخۆشە و داوای لێکرد بێت، تەداوی کوڕەکەی بکات. ئێوارە بوو کە دوکتۆر شوان لەگەڵ چەکۆ هاتن بۆ بامەڕنی. لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا و سەرئەنجام دەرکەوت کە شوان و چەکۆ، سەعید ئاڵچیان کوشتوە. هەردوویان دانیان بە تاوانەکە نا. لەبەر ئەوە بردیانن بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ زیندانییان کردن. منیش گەڕامەوە بۆلای سەرۆک بارزانی و باسی کارەساتەکەم بۆ کرد. زۆر ناڕەحەت بوو. گوتی بچۆ هەڤاڵانی خۆتان بێنە و لێرە بڕیاری لەسەر بدەن.

چووم بۆ زاخۆ و لەوێوە شەرەفەدین ئاڵچم ئاگادار کردەوە. ئەو و هەڤاڵێکی تر هاتن و پێکەوە گەڕاینەوە بۆلای سەرۆک بارزانی و داوامان لێکرد دوکتۆر شوان و

حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" بە تاوانی خیانەت بکوژن. بارزانی گوتی پێویستە محکەمە بڕیار لەسەر ئەوانە بدات.

دوکتۆر شوان و چەکۆ بۆ ماوەی شەش مانگ لە زیندانداا ڕاگیران تا محکەمە بڕیاری کوشتنیدان و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦ بە تاوانی کوشتنی سەعید ئاڵچی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و محەمەد بەگ و مەلا عەبدوللەتیف کوشتیانن، بەڵام ڕۆژنامەکانی تورکیا بۆ شکاندنی سومعەی پارتی دیموکرات و بارزانی پێچەوانەی ڕووداوەکەیان بڵاوکردەوە و هەندێک ڕۆژنامە و "ئیسماعیل ئەڕار" وەزیری تورکیا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە گوتی: مستەفا بارزانی ژمارەیەک پەروەردە دەکات کە لە تورکیا ئاژاوە بنێنەوە.)

شاکر ئوپوزدەمیر دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٥٨وە تێکەڵاوی خەباتی سیاسی بووم و ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ سەعید ئاڵچی، شەرەفەدین ئاڵچی، دەروێشی سەعدۆ و ئەمەر تورهان، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیامان دامەزراند. دوای مانگێک "فایق بوجاق"یش هاتە ڕیزی ئێمەوە و ئێمە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکرات بووین بە شەش کەس. سەعید ئاڵچی کە ئێمەوە بە سەرۆکی پارتی دیاریی کرابوو، بە هاتنی فایق بوجاق، بەرپرسایەتی خۆی بەو سپاردوە و خۆی پۆستی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا وەرگرت. دوای شەهید بوونی فایق بوجاق، سەعید ئاڵچی دووەم شەهید پارتی ئێمە بوو کە بە شێوەیەکی گوماناوی شەهید کرا.) لە دریژەی وتەکانیدا، شاکر دەڵێت:

– (جگەلە شەرەفەدین ئاڵچی کە عەسکەر بوو، ئێمە چوار ئەندامی پارتی دیموکرات بۆ ماوەی ١٣ مانگ لە ئانتالیا زیندانی بووین. سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان"یش لەگەڵ ئێمە زیندانی بوو. لەوێ سەعید ئاڵچی بەهۆی فەقێ حوسێنەوە لەگەڵ دوکتۆر شوان ئاشنا دەبێت و شوان سەرنجی ئەو بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و بەبێ ئاگاداریی ئێمە بە ئەندامی پارتی وەردەگرێ. ئێمە و دوکتۆر شوان لە مانگی دەی ساڵی ١٩٦٩ لە زیندان دەرکەوتین. ئاڵچی بەڵێنی بە دوکتۆر شوان دابوو کە بە دوای ئازادبوونی، ئەو ڕەوانەی کوردستانی باشور بکات کە لەوێ ئەندام بۆ پارتی پەروەردە بکات. بڕیارەکە بەم جۆرە بوو کە سی کەس ڕەوانە بکەن،

بیست کەس لە ئێمە و دە کەسیش لە هەڤاڵانی شوان، بەڵام لەو سی کەسە تەنیا شەش کەس بەم ناوانە چوون: دوکتۆر شوان، ئەندازیار حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ"، دوکتۆر فایق سەواش، محەمەد نوری "ڕونی"، ڕەشۆ زیلان و نازم بلقاز "سورۆ". شوان ئەوانەی بەناوی دوکتۆر و موهندیس لە کوردستانی باشور بڵاوکردەوە و لە ڕەوتی کارەکانیدا "پارتی دیموکراتی کورد لە تورکیا"ی وەک حیزبێکی چەکدار دامەزراند.

بە دوای ئەوەدا کە دوکتۆر شوان ئەو پارتەی لە جیاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دامەزراند، سەعید ئاڵچی و فەقێ حوسێن کە دەستیان هەبوو لە ڕەوانە کردنی دوکتۆر شوان بۆ کوردستانی باشور، پێوەندی لەگەڵ دەگرن و ئەویش پێیان دەڵێت: "ئێوە دەتوانن بێن لە پارتی ئێمەوە." لێرەوە سەعید ئاڵچی بە هەڵەی خۆی زانی و ئێمە لە دیاربەکر کۆبووینەوە کە ئەو گرفتە چارەسەر بکەین. لە ئەساسدا ئاڵچی بەهۆی فەقێ حوسێنەوە لەگەڵ شوان ئاشنا ببوو. لەو کۆبوونەوەیەدا سەعید ئاڵچی گوتی: "من چووم بۆلای دوکتۆر شوان، بەڵام نەمتوانی ئەو بهێنمەوە سەرڕێ." ئێمە پێشنیازمان کرد دەست لە دوکتۆر شوان هەڵگرین و خۆمان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین. سەعید ئاڵچی وازی لێنەدەهێنا و دەیگوت دوکتۆر شوان بەڵێنی بەمن داوە و پێویستە بەڵێنەکەی بەجێبگەیەنێت.

ساڵی ١٩٧١ لەژێر ناوی "باڵوێز حەرەکەتی"دا کودەتای سەربازی لە تورکیا کرا و ژمارەیەکی زۆریان گرت. بۆ ئەوەی کە من خۆم لە گرتن ڕزگار بکەم، چووم بۆ ئەدانا، دەروێشی سەعدۆش لەوێ بوو، چووین بۆ ماڵی سەعید ئاڵچی، خانمەکەی گوتی: "سەعید دەربازی سوریا بووە." دەروێشی سەعدۆ بە بیستنی ئەو گوتنە، کێچ

لە قەلبی کەوت و گوتی: "پێویستە ئێمەش بچین." بۆ ئەوەی لە ڕێگادا بە کۆمەڵ نەگیرێن، من و مەلا یونس کایا پێکەوە چووین بۆ جەزیر و دەروێشی سەعدۆش بە تەنیا. لە جەزیر چووم بۆ ماڵی شەرەفەدین ئاڵچی. لەوێوە نورەدین کە گوندەکەی لە ڕۆخی ئاوێ دیجلەیە منی دەرباز کرد و چووم بۆ گوندی مەزرێ لە کوردستانی ڕۆژئاوا و لەوێ لەگەڵ دەرێشی سەعدۆ یەکترمان گرتەوە. حەمیدی حاجی دەروێش، جگەرخوێن و ڕەشید حەمۆش لەوێ بوون. دەروێشی سەعدۆ ڕۆژێک بەرلە ئێمە گەیشتبوو و ئەوانەی کۆکردبۆوە. لەوێ بیستبووی کە ١٥ ڕۆژە سەعید ئاڵچی ونبووە. گوتمان شەرەفەدین ئاڵچیش بێت تا پێکەوە بڕیارێک بدەین. ڕەشید حەمۆ پیاوێکی نارد و هەر ئەو ڕۆژە شەرەفەدین ئاڵچی هات و بڕیارماندا من و دەروێشی سەعدۆ بچین لە ڕووداوەکە بکۆڵینەوە. بەرلە چوونمان، مەلا یونسمان نارد بۆ موسڵ تا ئاسانکاریمان بۆ بکات، لەوێ گوتبوویان: "سەعید ئاڵچی هاتۆتە ئێرە و سێ ڕۆژ لێرە بووە و دواتر لەگەڵ چەکۆ و بروسک چووە بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان و ئیتر نەگەڕاوەتەوە." ئێمە بە تەلعەفەردا چووین بۆ موسڵ. دەروێشی سەعدۆ چوو بۆ گەلاڵە و منیش چووم بۆ زاخۆ و چاوم بە عوسمان قازی بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستانی باشور کەوت. لەوێ تێگەیشتم کە دوکتۆر شوان بە تەواوی خۆی لە عیسا سوار و بەرپرسانی پارتی دیموکرات نزیک کردۆتەوە. لەوێوە چووم بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان، ئەو چووبوو بۆ گەلاڵە و دوای دوو ڕۆژ گەڕایەوە. بە بینینی من تورە بوو و گوتی: "هەر ڕۆژەی لینگتان لە جێیەکە و لەچی دەگەڕێن؟" گوتم سکرتێری ئێمە ونبووە و پێویستە لێی بگەڕێین. مەگەر عەیبە کە مرۆڤ لە سکرتێری خۆی بگەڕێ؟ چەند کتێبی دامی و گوتی: "١٠- ١٥ ڕۆژ لێرە ئەم کتێبانە بخوێنەوە تا هەڤاڵانی ئێمە دێن و بڕیاری گەڕان بە دوای سەعید ئاڵچیدا دەدەین." هەڤاڵانی دوکتۆر شوان هاتن و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کۆنفڕانس و کۆبوونەوەیان پێکهێنا و بڵاوبوونەوە. شەوێک سەعات یەک، هەموو نوستبوون، پێشمەرگەیەک هاتەلام و گوتی دوکتۆر شوان گازی تۆ دەکات. من چووم، لەگەڵ عومەر چەتین، نازم بلقاز "سورۆ"، چەکۆ و مەلا عەبدولکەریم جەیهان لە هۆدەیەکی بچووکدا بوون. گوتی: "ئێمە پێشنیازێکمان هەیە، هەڤاڵانی من دەخوازن تۆ لە سێرت و بدلیس

هاوکاریی ئێمە بکەی و پێمخۆشە بزانم تۆ دەتوانی چۆن کارێک بکەی؟" گوتم سکرتێری من ونبووە و من هاتووم بیدۆزمەوە و ئێستا لە جیاتی دۆزینەوەی، ئەگەر من هاریکاریی تۆ بکەم، خەڵک چ بەمن دەڵێت؟ گوتی: ڕاستە. مەلا عەبدولکەریم جەیهان گوتی: "نا ئێمە هەواڵێکمان لێی نییە." گوتم تۆ لە زاخۆ بووی کە ئەسعەد خۆشەوی گوتی سەعید ئاڵچی لەگەڵ چەکۆ هاتووەتە لای ئێوە، گوتم مەگەر سەعید ئاڵچی پشیلەیە ون بێت؟ سورۆ گوتی: "عەبدولکەریم، بە ڕاستی ئەسعەد گوتوویەتی سەعید ئاڵچی هاتووە بۆ مقەڕی ئێمە؟" گوتی بەڵێ! گوتی: "کەوابوو ئێمە دەبێ لێرە نوقتەیەک دابنێین." بە دوکتۆر شوانم گوت چەکۆ، سەعید ئاڵچی هێناوەتە لای تۆ و بێگومان تۆ دەزانی سەعید لە کوێیە! ڕوی لە چەکۆ کرد و بە زمانی تورکی گوتی: "مادام بوقەدەر ئیسرار ئێلیور، ئۆنی سەعیدن یاننە گوترەرەم- مادام ئەوەندە پێدادەگرێ، دەینێرمە لای سەعید." چەکۆش بە سەر وتەکەی سەلماند. من خۆشحاڵ بووم. گوتی: "سبەینێ چەکۆ و زیا دەچن بۆ موسڵ ئازوقە دێنن، دوای گەڕانەوەیان تۆ دەنێرم بۆلای سەعید ئاڵچی."

گەڕامەوە بۆ ئەو هۆدەیەی کە بۆیان دیاریی کردبووم. بە مەلا یونسم گوت بە خۆشییەوە سەعید ئاڵچی ساخە و تا چەند ڕۆژی تر دەچینە لای. بەیانی ڕۆژی دوایی، دوکتۆر شوان هاتە لای ئێمە و گوتی: "شاکر پێتخۆشە پێکەوە پیاسەیەک بکەین." لە پیاسەکردندا تێگەیشتم دەیەوێ شتێک بەمن بڵێ. باسی کاری حیزبیمان کرد و گوتم حیزب ئامانج نییە کە ئێمە کێشەی لەسەر بکەین و وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. گوتی: "ڕاستە، بەڵام سەعید لەوە نەگەیشت و چوو!" کەوتمە فیکر کردنەوە و گوتم مەگەر سەعید ئاڵچی شتێکی بەسەر هاتووە؟ گوتی: "نا!"

لەوکاتەدا پێشمەرگەیەک هات و گوتی دوکتۆر میوانت بۆ هاتووە. ئێمە گەڕاینەوە، ئەسعەد خۆشەوی نامەیەکی ناردبوو کە نەوەکەی نەخۆشە و داوای کردبوو دوکتۆر شوان بەپەلە خۆی بگەیەنێتە لای. شوان سواری ئێستریک بوو و چوو. ڕۆژی دوایی نامەیەکی بۆ عەبدولکەریم جەیهان ناردبوو و نوسیبووی: "تورکان جێی ئێمەیان کەشف کردوە و ئێوە وەرن بۆ بامەڕنی." ئێمە چووین و شەو نزیکەی ٢٠ کەس لە دیوەخانی شێخی بامەڕنی نوستین. ڕۆژی دوایی مەلا حەمدی جێگری ئەسعەد

خۆشەوی هات و منی ویست و پێکەوە چووینەدەر، بەمنی گوت: "دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک، سەعید ئاڵچیان بردۆتە چیای پشتی قومری و کوشتویانە." باسی جۆری کوشتنەکەمان دەکرد کە پێشمەرگەیەک هات و گوتی ئەسعەد خۆشەوی تۆی دەوێ. من چووم، گوتی: "دوکتۆر شوان دەڵێ، سەعید ئاڵچی جاسوس بووە و ئێمە کوشتومانە." گوتم ئاڵچی جاسوس نەبووە و شوان بۆ دەسەڵات ئەوی کوشتوە، نەک بەتاوانی جاسوسی.

خۆشەوی گوتی دوکتۆر شوان دەنێرم بۆ گەڵاڵە و پێمخۆشە تۆش بچی و وەک کەسێکی بێلایەن ڕاپۆرتی خۆت بە سەرۆک بارزانی بگەیەنی. ئەوان دوکتۆر شوان و چەکۆیان دەستبەسەر کردبوو. شوان گوتبووی من و چەکۆ، سەعید ئاڵچیمان کوشتوە و ئەوانیش چووبون تەرمەکەیان لە چاڵ دەرهێنابوو. ئەسعەد گوتی: "دوکتۆر شوان دەیەوێ تۆ ببینێ، لەگەڵ سەلیم بچۆ بۆلای." من چووم و سڵاوم کرد. دوکتۆر شوان، چەکۆ، بروسک، عومەر چەتین، زێدۆ، سورۆ و کوردۆ لە ژورێک لەسەر دۆشک دانیشتبوون. سڵاوم کرد و لەلایان دانیشتم. شوان بە زمانی تورکی گوتی: "تۆ زۆر ڕەخنە لەمن دەگری." گوتم تۆ بەدەستی خۆت فەرمانی مردنی خۆت ئیمزا کرد. هەر ئەوەت نەکرد، بەڵکوو دوو حەرەکەتی سیاسیشت لەناو برد. گوتی: "من تۆم نەویستوە کە پێت بسەلمێنم، ویستم بەتۆ بڵێم کە من هەڵە بووم و دان بە هەڵەی خۆم دەنێم و هەندێک شت هەیە کە پێتیڕابگەیەنم. دەبێ بزانی سەعید ئاڵچی هات کە ئێمە لەوێ دەربکات، من بە پلانەکەیم زانی و لەگەڵ چەکۆ و بروسک چووین بۆ زاخۆ، بەڵام من خۆم پێشان نەدا تا سواری ئوتۆمبیل بووین. من زۆرم هەوڵدا کە سەعید ڕازی بکەم لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بێتەوە، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد. لەبەر ئەوە من و چەکۆ کە جێگری منە، بەگوێرەی پڕۆگرامی حیزب بڕیاری کوشتنیمان دا." گوتی: "ئەگەر باوکی خۆشم لە جیاتی سەعید ئاڵچی بووایە، دەمکوشت."

دوکتۆر شوانیان برد بۆ گەڵاڵە تا دادگا چارەنوسی دیاریی بکات، لەوێ زیندانی بوو کە من گەڕامەوە بۆ کوردستانی باکور. سەرئەنجام بیستم کە دادگا بڕیاری

کوشتنی شوان و چەکۆی داوە و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦ حکومەکەی بەڕێوەبردوە. ڕۆژنامەکانی تورکیا بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییە، زۆر شتی درۆیان بڵاوکردەوە.)

محەمەد عەلی یونس تۆوی بامەرنی، ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی "تۆوی" لە ناوچەی هەکاری لە باکوری کوردستان لەدایک بووە. خوێندنی ناوەندی لە زاخۆ و دواناوەندی لە دهۆک تەواو کردوە. ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ١٩٦١/١/٢٩ لە زاخۆ گیراوە و ڕەوانەی زیندانی بەغدا کراوە و دوای چوار مانگ گواستراوەتەوە بۆ زیندانی موسڵ و تا ١٩٦٤/٧/٢٣ لە زیندانداا بووە. دوای ئازادبوونی گەڕاوەتەوە ناو شۆڕشی ئەیلول. نوسەر و کارگێڕی ئیداریی لەشکری یەکی هێزی ئامێدیی بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی بووە و بەهۆی بەرپرسایەتییەکەیەوە تێکەڵاوی ڕووداوی کوژرانی سەعید ئاڵچی و دوو لە هاوڕێیانی بووە لەلایەن سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان"ەوە. ناوبراو دەربارەی چۆنیەتی ڕووداوەکە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٧١ کە مقەڕی دوکتۆر شوان لە نزیک گوندی "دێشیش" بوو، من لە مقەڕی لەشکری یەکی هێزی ئامێدی لە سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان نوسەر بووم. ڕۆژێک دەروێشی سەعدۆ هات و باسی ونبوونی سەعید ئاڵچی کرد و دەیویست بیدۆزێتەوە. من سەعید ئاڵچیم نەبینیبوو، بەڵام بەناو دەمناسی. ساڵی ١٩٧١ مقەڕی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی عەلی شەنگالی لە موسڵ بوو. لەو ساڵەدا قایمقامی شەنگال کە عەرەب بوو، بە شێوەیەکی نادیار کوژرا. بۆ بەدواداچوونی ئەو قەتڵە، عەلی شەنگالی هاتوچۆی ئوتۆمبیلی لە نێوان موسڵ و زاخۆ قەدەغە کرد. لەو سەردەمەدا، سەعید ئاڵچی لە سوریاوە دەیتە زاخۆ و میوانی عیسا سوار دەبێ. ئەوکاتە جادە نەبوو کە

خەڵک بە ئوتۆمبیل لە چۆمان و گەڵاڵەوە یەکسەر بێنە زاخۆ و دەبووایە بەشێکی ڕێیەکە بەپێ ببڕن. چونکە ئەو تاقەتی بەپێ ڕۆیشتنی ئەو ڕێگایەی نەبوو، دەبووایە بمێنێتەوە کە ڕێگای زاخۆ بۆ موسڵ بکرێتەوە و بە موسڵدا بچێتە هەولێر و بە شەقڵاوەدا بچێت بۆ گەڵاڵە. لەبەر ئەوە چووبوو بۆلای عوسمان قازی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی زاخۆ و گوتبووی حەزدەکەم بچم شوان ببینم. عوسمان بە بروسکە شوان ئاگادار دەکات کە برادەری ئێوە هاتوو، ئایا ئیزن دەدەن بێتە لاتان؟ شوان دوو برادەری خۆیان دەنێرێ بۆ زاخۆ و بە ئوتۆمبیلی لیژنە ناوچەی پارتی لە زاخۆ سەعید ئاڵچی دەبەن بۆ مقەڕی شوان لە دێشیش لە ناوچەی بەرواری. نزیکەی ١٥-٢٠ ڕۆژ دواتر، بروسکەیەک بەناوی مەلا مستەفا بارزانییەوە بۆ ئەسعەد خۆشەوی هات، نوسرابوو سەعید ئاڵچی هاتووە بۆ کوردستان و ویستویەتی بێتەلای ئێمە، بەڵام بزر بووە، دەمەوێ لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا مەسیری ئەو بزانن. ئەسعەد پێوەندی بە عیسا سوارەوە گرت و ئەو گوتی چووەتە لای عوسمان قازی و لەسەر داخوازی خۆی چووەتە لای دوکتۆر شوان. ڕۆژی دوایی ئەسعەد سۆراغی سەعید ئاڵچی لە شوان کرد. ئەو گوتی ئاڵچی نەهاتووەتە لای ئێمە.

دوای چەند ڕۆژ دەروێشی سەعدۆ لەگەڵ شەرەفەدین ئاڵچی هاتنەلای ئەسعەد و هەمان پرسیاریان لە ئەسعەد کرد. ئەویش لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد و سەرئەنجام شوان گوتی هاتووە و بە ڕێگای عەشیرەتی "گولی"دا گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا. دوو کەس بە ناوەکانی یوسف و ئەحمەد بە تاوانی قەتڵ لە تورکیاوە ڕایانکردبوو بۆ سوریا و چوونکە نەیانتوانیبوو لەوێ بمێننەوە، هاتبوون بۆلای حوسێن حاجۆ خەڵکی کوردستانی سوریا کە پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە هەبوو. یوسف و ئەحمەد لەلای ئەو دەمانەوە. دوای بەیانی ١١ی ئازار حوسێن چوو بۆ ناوچەی گەڵاڵە، بەڵام ئەو دوو کەسە لەوێ مانەوە و بوون بە پاسەوانی کارگەیەکی دروستکردنی نارنجۆک کە "ئەحمەد جەغسی" بەرپرسی بوو. کارگەکە لە نزیکی مقەڕی دوکتۆر شوان و نزیک گوندی دێشیش بوو. ئەسعەد ئەو دوو کەسەی هێنا و لێپێچینەوەی لەگەڵ کردن و دەرکەوت کە یوسف و ئەحمەد بە فەرمانی دوکتۆر شوان، سەعید ئاڵچی و دوو کەسی تریان بە ناوەکانی عەبدول لەتیف ساواش و محەمەد بەگ

کوشتوە. گوتیان ئێمە واتێگەیشتووین کە بە ئەمری شۆڕش دەبێ ئەوانە بکوژین. بەو زانیارییە، ئەسعەد لێپێچینەوە لەگەڵ شوان و چەکۆ کرد کە ئەوانیش دانیان بە تاوانەکەیان هێنا. ئەسعەد زۆر بەڕێزەوە دوکتۆر شوان و چەکۆی لەگەڵ کوڕەکەی خۆی "سەلیم" و چەند پێشمەرگەی تر، بە سەیارەی خۆی ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی کرد.)

دوکتۆر عومەر شێخموس: مامۆستای زانکۆ و یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراو، دەڵێت: **(کاتی خۆی ئەوە ڕوون بووەوە کە سەعید قرمزی تۆپراک، سەعید ئاڵچی کوشت. هەر بەم بۆنەیەوە، دادگایی کرا و چونکە خۆی ددانی بە کوشتنی ئەودا هێنا. ئەویان کوشت. هەروەها دەبێ بڵێم کە لەو ساڵانە و دوای ئەویش هیچ ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە تیرۆر نەکراوە.)**

جگەلەوانە، موحسین دزەیی وەزیری پێشووی عێراق و سەرۆکی دادگاکانی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلولدا لە وتوویژی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: **(من دوکتۆر شوانم دەناسی، بەڵام سەعید ئاڵچیم نەدەناسی. دەمزانی لێپرسراوی پارتی دیموکراتە لە کوردستانی تورکیایە. دوکتۆر شوان لە ناوچەی زاخۆ بوو. سەعید ئاڵچی چووبوو بۆ مقەڕەکەی و دوکتۆر شوان ئەوی کوشتبوو. دادگایان بۆ دانا و دادگا کە تاوانەکەی بۆ ڕوون ببۆوە، حوکمی کوشتنی دوکتۆر شوانی دا. من لە چۆمان بووم. لەوانەی لەگەڵ دوکتۆر شوان بوون، هەندێکیان هاتن بۆلای من و ئەوانیش هەمان قسەیان کرد و گوتیان ئەوە ڕاستە کە شوان، ئاڵچی کوشت و دادگاش حوکمی کوشتنیدا.)**

پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان: هەروەکوو لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول پێوەندی بە سەرکردەی چەند وڵاتی عەرەبییەوە هەبوو، وەک جەمال عەبدولناسر، ئەنوەر سادات، شا فەیسەڵ ئال سعود، شا حوسێن کوڕی تەڵال و حەبیب بورقێبەی سەرۆکی تونس. لەو ناوەدا عەبدلناسر لە هەمووی ئەوانە پتر لە گەلی کورد نزیکبوو. شەوکەت ئاکرەیی لە ساڵی ١٩٦١وە تا ١٩٦٦ نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بوو لە قاهیرە، لەو ساڵەدا قاهیرە بەهۆی گۆشاری حکومەتی بەعسی عێراق، شەوکەت ئاکرەیی لە میسر دەرکرد، بەڵام دواتر دوکتۆر فوئاد جێی گرتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٦وە بارزانی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ شا حوسێن دامەزراند و بۆ چەند جارێک ئیدریس بارزانی بە نوێنەرایەتی باوکی سەردانی ئۆردنی کرد و شا حوسێنیش ساڵی ١٩٧٢ "مەریود تەل"ی وەک باوەڕپێکراوی خۆی نارده لای بارزانی.

لەنێوان شا فەیسەڵ سعود و بارزانیدا نامە گۆڕینەوە هەبوو. شا فەیسەڵ هەڵوێستێکی ئەرێنی لە ئاست نەتەوەی کورددا هەبوو. نەتەوەی کورد و سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی بە خزمەتکاری ئیسلام دەناسی. ساڵی ١٩٧٤ کە ژمارەیەک لە کوردەکانی باشوری بەهۆی گوشاری ڕژێمی بەعس و تۆپباران و خۆمپارەباران و بۆمبارانی فڕۆکەکان پەنایان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان برد، فەیسەڵ دیارییەکی نەختینەی بۆ ئەو کوردانە نارد.

گوتم دوکتۆر فوئاد مەعسوم جێی شەوکەت ئاکرەیی لە قاهیرە گرتەوە. ناوبراو سەبارەت بە کاروباری پێوەندییەکانی لە قاهیرە چەند نامەی ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕش کرد و لە یەکێک لە نامەکانیدا کە بەشێکی لێ بڵاودەکەمەوە دەنوسێت:

– (.... دوای ئاداری ١٩٧٤ چەند پێوەندییەکەم کرد، بەڵام گرنگترینیان پێوەندی کردن بوو بە عەبدولمونعیم نەجاری باڵیۆزی میسر لە عێراق کە بۆ ماوەی هەفتەیەک هاتبوو بۆ قاهیرە. هەروەها پێوەندیکردن بە بەشی کاروباری عارەبی لە سەرۆکایەتیی کۆماردا و چاوم بە سەمیر حیجازی کەوت کە یەکێکە لە بەرپرسانی ئەو بەشە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی خوارەوە:

١- میسر زۆر بایەخ بە بارودۆخی سوریا دەدات و نووچدانی ئەرکی کیسنجەر لەوێدا و داڕمانی کۆنگرەی جنێڤ واتای ئەوە دەگەیەنێ کە سیاسەتی میسر نووچی داوە.

٢- میسر ڕووەو ئەمەریکایە و لە دژی یەکێتی سۆڤیەت دەوەستێ. عێراقیش ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە.

٣- میسر دەیەوێ ببێتە بنکەیەک تا ئەمەریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتی پێ ببەستێ.

٤- ناحەزییەکی نەریتی لەنێوان هەردوو سەرکردایەتیی میسر و حیزبی بەعسدا هەیە.

ئەوا میسر ئامادەی هاریکاری و کارکردنە بۆ لادانی حیزبی بەعس لە فەرمانڕەوایەتیی عێراقدا، هەریەکێ لە نەجار و حیجازی جەختیان لەوە کردەوە کە میسر ئامادەیە بەشێوەیەکی مەبدەئی هاوکاری لەگەڵ بارەگای بەڕێز بارزانیدا بکات.)

لەنێو وڵاتە عەرەبییەکاندا سوریا نەک هەر پشتیوانی لە شۆڕشی کوردستان نەکرد، بەڵکوو لیوای "یەرموک"ی سوپاکەی بە فەرماندەیی فەهد شاعیر بەشداربیکرد لە داگیرکردنی چیای مەتین لە ناوچەی زاخۆ کە پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی عیسا سوار شەوی ٤- ١٩٦٣/١٠/٥ هەڵمەتیان بردە سەر چیای مەتین و دوای شەڕێکی سەخت کە ئەنجامەکەی گەیشتە شەڕی دەستەویەخەی بە نێزە، دوژمنیان لە چیای مەتین پاککردەوە و لیوا داگیرکەرەکەی سوریایان ڕاونا و ناچاریان کرد بەرەو سوریا بکشێتەوە.

دوای ڕاوەستانی شۆڕش لە ١٩٧٥دا، سوریا و لیبیا پشتیوانیان لە شۆڕشی کوردستان کرد. سوریا سنورەکانی بەسەر خەباتکارانی کورددا کردەوە. هەروەها لیبیا یارمەتی شۆڕشی گوڵانی کرد. سەبارەت بە لیبیا پێویستە بڵێم: ساڵی ١٩٨٥ لە ناوچەی حەیات، لە گەلی بەرازگر بووم. دوکتۆر سەعید ئەحمەد پێیڕاگەیاندم کە کاک مەسعود پێیخۆشە چاوی پێت بکەوێ. منی لەگەڵ پێشمەرگەیەک نارد بۆ شنۆ و چووم بۆ ناوەندی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات کە لە دەبیرستانی فیردەوسی شاری شنۆ بوو و مولازم بابەکر زێباری سەرپەرشتی دەکرد. حەوشە گەورەکەی

دەبیرستانی فیردەوسی و هۆڵی خوێندنگەکە لە دەست پاسداران دابوو و ناوەندی قەرارگای ڕەمەزان بوو. حەوشەیەکی بچووکیش لە بەری ڕۆژئاوای خوێندنگەکە، ناوەندی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات بوو. لەوێ چاوم بە ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کەوت. لەو دیدارەدا ئاماژەی بۆ هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پارتی دیموکرات کرد و فەرمووی: سەردانی لیبیام کرد و سەرهەنگ قەزافی چوار دۆشکەی دژە فڕۆکەی دامێ و گوتی ئەگەر توانیت ئەوانە بگەیەنییەوە، ئەوە ژمارەیەکی زیاترتان بۆ دەنێرم. من دۆشکەکانم هێنایەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بەو بیانوە کە بۆمبارانی سەرەکی فڕۆکەکانی عێراق بۆ سەر ئێرانە، دوو لە دۆشکەکانیان لێ گێڕاینەوە.

پێوەندی لەگەڵ ئێران: پێوەندیی شۆڕش لەگەڵ ئێران لە کۆتایی ساڵ ١٩٦٢دا لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدو گروپەکەی پێکهات. شەمسەدین موفتی نوێنەری ئەوان بوو لە تاران و سەرهەنگ عیسا پژمان نوێنەری ساواک بوو لەلای مەکتەبی سیاسی. لە سەرەتادا شا نەیدەویست پێوەندیی لەگەڵ بارزانی دامەزرێنێ و بۆ ئەو مەبەستە لە ناکۆکی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی کەڵکیوەرگرت، کە لەلایەک بەدژی کەریم قاسم کاریان پێبکات و لەلایەکی تردا ڕێگەی تێکۆشان لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بگرێت کە لە چنگ ساواک ڕایانکردبوو. هەروەها پشتی ئیبراهم ئەحمەد بگرێ کە پارتی دیموکرات بخاتە دەست خۆی و بەسەر بارزانیدا زاڵ بێت. حکومەتی ئێران بنکەیەکی لە ناوچەی بانە لە گوندی "شابادین" بۆ دانان و ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە عەبدولرەحمان ڕوتەی ئامۆزای "کەمال محەیەدین"یان کرد بە بەرپرسی ئەو بنکەیە.

لە درێژەی کێشەکاندا کە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٦٤دا ڕایانکردە ئالانی سەردەشت و ڕژێمی ئێران لە هەمەدان نیشەجێی کردن، سەرهەنگ مەنسورپوور لەگەڵ کوێخا برایمی بێوران چوو بۆ گوندی هێرۆ و لەوێ چاوی بە بارزانی کەوت. بە دوای ئەو چاوپێکەوتنەدا، پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ شۆڕش گواسترایەوە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش. لە یەکەم هەنگاودا، لە جیاتی بنکەی "شابادین"، بنکەیەک بۆ پێوەندییەکانی شۆڕش لە ناوچەی حاجی ئۆمەران کرایەوە،

شەمسەدین موفتی لەجێی خۆی مایەوە، بەڵام لە جیاتی سەرهەنگ عیسا پژمان، سەرهەنگ عەلی مودەرسی سەرۆکی ڕۆکنی دووەمی سوپای سێی مهاباد کە کورد و خەڵکی سنە بوو، کرا بە نوێنەری ساواک لە لای شۆڕش.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا گوتم بارزانی باوەڕی بە شای ئێران و حکومەتەکەی نەبوو. بە بەردەوامی جەختی لەوە دەکردەوە کە شا دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی نەتەوەی کوردە، بەڵام دەیویست لە هەل و دەرفەتی پێکهاتوو بە قازانجی شۆڕش کەڵکوەرگرێت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٠٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (بارزانی چەندین جار لە تاران چاوی بەشا کەوت و شاندی شۆڕشیش هەموو جارێ دەچوونەلای. من بۆخۆم لە ١٩ی ئەیاری ١٩٧٤دا لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان چوومەلای. هەموو ئەوەی لەپاش ئەو چاوپێکەوتنە لە زەینمدا دەربارەی ئەو مابووەوە، نەرێنی بوو. لە بەرامبەریدا هەستم بەهیچ خۆشەویستییەک نەکرد. کاتی خۆی ئەم بۆچوونەی خۆمم بۆ دوکتۆر مەحمود باس کرد و پێم وت: کەسایەتی ئەم پیاوە ڕای نەکێشام بۆلای خۆی و هیچ چوونە دڵێکی باشی لا بەجێنەهێشتم و کەسایەتیی فەرمانڕەوای دڵ بەکێشکەری نییە.)

سەرۆک بارزانی بەو متمانەیەوە کە مادام وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لایەکی پرسەکەیە، شا ناتوانێ لێی وەرگەڕێتەوە، درێژەی بە پێوەندییەکانی لەگەڵ شادا. بەو حاڵەش بەپێچەوانەی ویستی شا کە نەیدەویست ڕێککەوتنی ١١ی ئادار واژۆ بکات، بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوت و بە شای گوت:

- (ئامانجی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە. جا ئەگەر بەعسی حوکمڕان دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت و من ئەوم نەوێت و بیدەمە دواوە، هەڵوێستم چیدەبێت لە ئاست پارتی دیموکرات و میللەتی کورد لە عێراق و لە ئاست هەموو نەتەوەی کورددا؟ من ناتوانم ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکەم، ئەگەر ئیمزای نەکەم، بەوە گەورەترین قازانج بە

حزبی بەعسی حوکمڕان دەگەیەنم و لەبەرچاوی ڕای گشتیدا ئەو بە داکۆکیکەر لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئێمەش بە خائین و بایەخنەدەر بەو مافانە دەردەکەوتن.)

سەبارەت بە پێوەندیی نێوان بارزانی و شای ئێران، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٣٠ ئەحمەد حاجی شێخ هومەر لە دایکبووی ١٩٣٢ لە گوندی تاتکی سەربە شێروانی مەزن لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(ساڵی ١٩٧٤، بنکەیەکمان بۆ پێشوازییکردنی میوانە ئێرانییەکان لە حاجی ئۆمەران دانابوو. من بەرپرسی ئەو بنکەیە بووم و بۆ ڕێزگرتن لە میوانە ئێرانییەکان، وێنەیەکی شای ئێرانم لە دیواری بنکەکەدا هەڵواسیبوو. ڕۆژێک بارزانی هاتە بنکەکەمان و هەرکە چاوی بە وێنەی شا کەوت، زۆر توڕە بوو و بە لەحنێکی توندەوە فەرمووی: "ئەو ڕەسمە دابەزێنە و ئەگەر بگەڕێمەوە لەسەر ئەو دیوارە بێت، دەبێ کوردستان بەجێهێڵێ." ئێمە پێشمەرگەکان لەو وتەیەی سەرۆک سەرمان سوڕما و تێگەیشتم کارێکی باشم نەکردوە. هەر ئەوکاتە شەهاب حاجی حەسەن یەکێک لە پێشمەرگەکانی بنکەی پێشوازیی وێنەکەی لە دیوار کردەوە و دڕاندی و لە ستڵی زبڵمان هاویشت.)**

پێوەندی لەگەڵ تورکیا: پێشتر لە بەشی شێخ ئەحمەدی بارزان دا گوتم:

لە بەردەوامیی شۆڕشی یەکەمی بارزاندا، شێخ ئەحمەد و ژمارەیەک لە بارزانییەکان، ڕۆژی ٢١ و ١٩٣٢/٦/٢٢ ناوچەی بارزانیان بەجێهێشت و پەنا بۆ تورکیا برد، کەچی حکومەتی تورکیا لە بەهاری ساڵی ١٩٣٣دا شێخ ئەحمەدی گرت و دایەوە بە حکومەتی عێراق و مستەفا بارزانی و شەڕکەرەکانی بارزان، خاکی تورکیایان بەجێهێشت و خۆیانگەیاندەوە ناوچەی بارزان و لە چیای شیرین و ناوچە سەخت و شاخاوییەکاندا خۆیان حەشاردا.

سنوری دەستکردنی عێراق لەگەڵ تورکیا لە ڕۆژئاوای زاخۆوە تا دەگاتە ناوچەی سیدەکان و سنوری دەستکردنی ئێران. ئەو سنورە هەتا ساڵی ١٩٧٥ لەدەست پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولدا بوو. سەرکردایەتی شۆڕش، سنوری بە دژی تورکیا بەکار نەهێنا و ڕژێمی تورکیاش جگەلە ساڵی ١٩٦٣ کە هاوکاریی ئاسمانی و هەواڵگریی لەگەڵ ڕژێمی بەعس کرد، بە بەردەوامی خۆی لە کێشەی کوردی باشور دوور ڕادەگرت. ساڵی ١٩٦٩، بارزانی یاددشتێکی ئاراستەی ژمارەیەک لە

سەرۆکەکانی جیهان کرد کە یەکێک لەوان، جەودەت سونای سەرکۆماری تورکیا بوو. سونای تەنیا سەرکۆمارێک بوو کە وەڵامی یادداشتی بارزانی نەدایەوە.

پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات: پێوەندی کورد لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ عەبدولسەلام، سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ"، شێخ مەحمود، کۆماری کوردستان و ژیانی بارزانی و ٤٩٩ هەڤاڵی لە سۆڤیەت بۆ ماوەی نزیک بە دوازە ساڵ. دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٥٨دا و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١دا، سۆڤیەت هاوکاریی ئابووریی بە شۆڕش دەکرد. سەرەتا ساڵانە ٢٥٠ هەزار دۆلاری دەدایە و دواتر بۆی کرد بە یەک میلیۆن دۆلار لە ساڵدا. ئەو پێوەندییە تا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بوو، بەڵام لەو ساڵەدا کە پەیمانی هاوکاریی لەگەڵ ڕژێمی بەعس مۆرکرد، یارمەتی شۆڕشی کوردستانی بڕی و ئەم جارەیان دژی شۆڕشی ئەیلول بەشداریی شەڕەکانی سوپای عێراق بە دژی کوردی کرد و سەدان خەباتکاری کورد بە بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی سۆڤیەت شەهید و بە دەیان گوندیش وێران بوون.

پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا: دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی یەکێک بوو لە پێداویستییەکانی شۆڕشی ئەیلول و بارزانی بە بەردەوامی پێداگریی لەسەر دەکرد، بەڵام ئەوان لە نزیکبوونەوە لە کورد خۆیان دەپاراست، تا سەرئەنجام بەهۆی چالاکیی لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE ، خوێندکارانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە توانیان، لەگەڵ چەند ڕێکخراوی سیاسیی و مەدەنی وڵاتانی سکاندیناڤیا وەک: سوید، دانیمارک، نۆرۆیژ و فینلاند پەیوەندی دامەزرێنن. دواتر ئەو پێوەندییە "کرایسکی" سەرکۆماری نەمسا و "فرانز جۆزێف شتراوس" سەرۆکی پارتی کریستیانی ئەڵمانیاشی گرتەوە. هۆی دوورەپارێزی ئەو وڵاتانە لە کورد دەگەڕایەوە بۆ ڕاسپاردەکانی ئەمەریکا، بەڵام ئەو سیاسەتە لە ساڵی ١٩٧٢وە کە ئەمریکا لە کورد نزیکبۆوە، گۆڕانی بەسەردا هات. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢١٠ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود چەندجار لە جیاتی بارزانی پێوەندیی بە باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا کرد، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵ و تەقەلایانە سودیان نەبەخشی. پاشانیش بارزانی لە ڕێگای سەید عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عەبدولقادری نەهری گەیلانییەوە ئەم هەوڵەی دایەوە، هەروەها بەهۆی شێخ عوبەیدوڵڵای کەماڵی زادە بۆ پێوەندی کردن بە باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە لە تاران و چەند نامەی بارزانیشی بۆ بردن، بەڵام دیسان هیچ کام لەم هەوڵ و تەقەلایانە سوودێکیان نەبەخشی و هەموو نامەکان بێ وەڵام مانەوە.

لە ساڵی ١٩٦٥دا لەگەڵ نوێنەری خۆمان لە تاران شەمسەدین مفتی چوومە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران و چاومان بە بەڕێز ئیلسەد سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە کەوت و نامەی بارزانیمان دایە دەستی لەگەڵ ڕاسپێرییەکی دەمی کە ئەویش ڕاسپێرییەکەی نووسییەوە و وتی دەیگەیەنمە سەرچاوەی خۆمان لە واشنتۆن و نامەکەش هەروا دەگەیەنمە دەستیان و چ وەڵامێکیانم بەدەست گەیشت پێتان ڕادەگەیەنم. پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک ئەم وەڵامەی داینەوە: "حکوومەتی ئەمەریکا هیچ شەڕێکی لە کوردستان پێ باش نییە و ئێمەش ناتوانین دەستی تێوەردەین چونکە هەراکە پرسێکی ناوخۆییە هەندێ یارمەتی مرۆییشمان لە ڕێگەی ڕێکخراوی CARE وە ناردووە و بەشی کوردیشی تێدایە. ئێمە ئاواتی هەموو چاکە و ئاشتییەک بۆ گەلەکەتان دەخوازین و هیوامان وایە ڕادەیەک بۆ ئەم شەڕە دابنرێ.") مەسعود بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا تا ساڵی ١٩٧٢ هەروەک خۆی مایەوە و ئەمەریکا هەر خۆی لە شۆڕش دوور ڕادەگرت و نەدەچوو بەدەنگیەوە. کە پێمان نایە ئەم ساڵەوە و پاش سەردانەکەی نیکسۆن بۆ مۆسکۆ و پاشانیش سەردانی بۆ تاران، لێرەدا شا داوای لە سەرۆکی ئەمەریکا کرد حکوومەتەکەی جۆرە پێوەندییەک بە کوردەوە پێکەوە بنێ. بەو جۆرەی ئەو وێنەی بۆ کێشابوو و ئەو پێوەندییەش بە چاودێری و ڕاگرتنی ئێران بێ، چونکە شا دەیزانی هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بەو جۆرەی ئەو ویستوویەتی ئەوەی بۆ دەستەبەر دەکا کە چارەنووسی شۆڕش و بارزانی خۆشی بخاتە ژێردەستی ئەوەوە. لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا ژەنەڕاڵ مەنسورپوور نامەیەکی لە شاوە هێنا بۆ بارزانی تێیدا

نووسرابوو کەوا سەرۆکی ئەمەریکا ڕەزامەندیی لەسەر یارمەتیدانی شۆڕش پێشانداوە و جۆن کۆنالیی ناردووە تا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە و بەڕێوەبەریەتیی ئەمەریکا داوا لە بارزانی دەکا شاندێکی پلەبەرز بنێرێ بۆ لێکۆڵینەوەی توان و دەستنیشانکردنی ئاسۆی پێوەندی و یارمەتی. لە ٢٦ی حوزەیراندا دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی وەک شاند چوونە تاران و شا پێشوازیی لێکردن و هەموو خۆشحاڵییەکی بەم ئەنجامە پێشاندا کە وەدەست هاتبوو ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەم شتە لەسەر داوای ئەو بوو و ڕاستییەکەشی ئەمەیە. هەردوو نێردراو گەشتەکەیان دەست پێکردەوە و چوون بۆ واشنتۆن و لە ١٧ی تەمووز گەڕانەوە بۆ حاجی ئۆمەران. بڕیار وابوو ئیدریس و دوکتۆر مەحمود چاویان بە کیسنجەری وەزیری دەرەوە بکەوێ، بەڵام کیسنجەر لەوێ نەبوو. لەبەرئەوە لەگەڵ ڕیچارد هیڵمزی بەڕێوەبەری هەواڵزانینی ئەمەریکا CIA کۆبوونەوە. کۆلۆنێل کێندیش بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوو. هیڵمز لەو کۆبوونەوەیەدا لەجیاتی کیسنجەر وتی: "ئەم پێوەندییە لەسەر داوای شای ئێران بووە و پێویستە ئەم نهێنییە ڕابگیرێ. مەرجیش بریتییە لە نهێنی ڕاگریی تەواو. بەڕێوەبەریەتیی ئەمەریکا بە چەک و بە پارە یارمەتیتان دەدا. بەڕێوەبەیەتی ١٦ ملیۆن دۆلاری بەشێوەیەکی سەرەتایی بۆ ئەمە تەرخان کردووە، بە مەرجێ کە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران ئەڵقەی پێوەندیمان بێ.".)

بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکا لەلایەن وریا ڕەحمانی لە زمانی ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی و ساڵی ٢٠١٣ لە کتێبێکدا لەژێرناوی **"شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا"** بڵاوکراوەتەوە. ڕەحمانی لە لاپەڕەی ٢٠ و ٢١ی کتێبەکەیدا سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ یادداشتنامەکانی ئەمریکا، دەنووسێت:

- (لە تەموزی ١٩٧٢ نوێنەرانی شۆڕشی ئەیلوول "دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی" بۆ ماوەی دە ڕۆژ بە فەرمی لەگەڵ پایە بەرزترین کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەمریکا "لەوانە بەڕێوەبەری CIA" دانیشتن و بە باشترین شێوە بارودۆخی کورد و کاریگەریی کێشەی کورد لەسەر هاوکێشەکانی عێراق و ناوچەیان شیکردەوە و هەوڵیاندا مەسەلەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە عێراق و گوشارەکانی سۆڤیەت لەسەر

ڕێبەرانی کورد بۆ پەیوەستبوونیان بە بەرەی نیشتمانی عێراق زەق بکەنەوە و ئەمریکا ئاگادار بکەنەوە کە ئەو مەسەلەیە بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەتەوای دەخاتە مەترسییەوە. لەو دانیشتنەدا نوێنەرانی شۆڕشی کوردستان داواکارییەکانیان بۆ یارمەتی سەربازیی و مادی ئەمریکا بە بزووتنەوەی کورد خستەڕوو و دەوڵەتی ئەمریکاش ئەو داواکارییانەی قەبووڵ کرد و بۆ یەکەم جار پێوەندی فەرمی و ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەگەڵ بزووتنەوەی کورد دەستی پێکردو ئەم پێوەندییە لە ڕادە بەدەر نهێنی بوو. هەرلە دانیشتنی یەکەمدا کاربەدەستانی ئەمریکا ڕاشکاوانە بە نوێنەرانی کوردیان ڕاگەیاند: "نهێنی پارێزی مەرجی سەرەکی ئەم پێوەندیەیە و ئەگەر ئەم نهێنیە نەپارێزرێت، پێوەندییەکە ئاڵۆز دەبێت. یارمەتی ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێ بەوپەڕی نهێنی و ئاسایشی ئیداری و فیزیکی ئەنجام بدریت بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا حاشای لێبکرێت. ئێمە لەکاتی گفتوگۆی زۆرتر لەگەڵ نوێنەرانی بارزانی دەبێ چاوەڕوانیەکانیان لەئاستی واقیعدا قەبووڵ بکەین و ئەوەندە یارمەتیان بدەین کە پاشان بتوانین حاشای لێبکەین و ناچاریان بکەین هیچ کردەوەیەک ئەنجام نەدەن کە ببێتە هۆی ئەوەی بەربەرەکانییەکی نێونەتەوەیی بێتە ئاراوە.)

سەبارەت بە شێوازی یارمەتی کردنی ئەمریکا بە شۆڕشی ئەیلول و بارزانی، وریا ڕەحمانی ئەم نامەیەی خوارەوەی ژەنەڕاڵ ئەلیکساندێر مەیس هێگ Alexander Meigs Haig جێگری فەرماندەی سوپای ئەمریکای بۆ هێنری کیسنجەر جێگری سەرۆک کۆمار لە کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە لاپەڕەی ٣٧٣- ٣٧٥ی کتێبەکەیدا **"شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا"** بڵاوکردۆتەوە:

کۆشکی سپی، واشنتۆن

١٩٧٢/٧/٢٧

لە ژەنەڕاڵ هێگ

بۆ هێنری کیسنجەر جێگری سەرکۆمار بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی

نهێنی، هەستیار

بابەت: یارمەتی کردنی مادیی و سەربازی ئەمریکا بە شۆڕشی کورد و شێوازەکانی جێبەجێکردنی ئەو یارمەتیە.

هاوپێچی ئەم نامەیە، یادداشتنامەیەکە کە بەڕێز هیلمز بەڕێوەبەری CIA ئامادەی کردووە و ئەنجامەکانی گفتوگۆی خۆی و "کنێدی" لەگەڵ نوێنەرە کوردەکان و هەروەها پێشنیازێک بۆ دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەخۆ دەگرێت. پێشنیازەکە لە چوارچێوەی دوو جۆرە یارمەتی کردن بە بارزانی پۆلێنبەدی کراوە:

یەکەم: یارمەتی مادی.

دووەم: دابینکردنی چەک و تەقەمەنی.

١- لە پێوەندی لەگەڵ یارمەتی مادیدا، پێشنیاز دەکرێت جگەلە یارمەتییەکانی ئێران، ساڵانە سێ ملیۆن دۆلار لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بۆ کوردەکان تەرخان بکرێت. هیلمز ئەمە "ڕەش کراوەتەوە" تەواو دەکات، بەڵام بە ئاگاداری تەواوی شا و بارزانی.

٢- لە پێوەندی لەگەڵ دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ کوردەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات "جگەلە خەرجی گواستنەوەی ئەم چەک و تەقەمەنییە بۆ ناوچەکە." چەک و تەقەمەنییەکە تەسلیم بە ئێران دەکرێت تا ئەویش تەسلیمی کوردەکانی بکات. وەردەکارییەکانی خەرجی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنییەکە لە بەشی سێی یادداشتنامە هاوپێچ کراوەکەدا نوسراوە.

هیلمز و کنێدی هەردوویان لایەنگری پشتیوانی کردن لە بارزانین. ئەم مەسەلەیە ئێستا بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی میسر کە لەوانەیە ببێتە هۆی توندتر بوونی هەوڵەکانی سۆڤیەت لە عێراق، لە ڕابردوو گرنگترە. لە هەمان کاتدا بەهۆی دەسەڵاتخوازیی لە ڕادە بەدەری سۆڤیەت لە ئەنجامی ڕووداوەکانی میسر، لەوانەیە بارودۆخەکە لە ڕادەبەدەر هەستیار بێت.

٣- لەم ڕەوتەدا ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە: یەکەم خۆمان لە کۆمیتەی چل بدزینەوە و بە ڕێگای یادداشتنامەکەیەوە ڕاستەوخۆ بچینە لای سەرۆک کۆمار و پاش ئەوەش تەنها لەگەڵ OBM و هیلمز مامەڵە بکەین و ڕێگای دووەم ئەوەیە،

تەنها ئەندامانی سەرەکی کۆمیتەی چل "جانسۆن، ڕۆش، سەرۆکی JCS و هیلمز" بێ هیچ نوسراوەیەک و تنها بەشێوازی زارەکی ئاگادار بکەینەوە و پێیان بڵێین سەرۆک کۆمار ویستوویەتی وەها بکرێت.

پێشنیازەکان:

بە بۆچوونی من، ئێمە دەبێ ڕێگای دووەم بگرینەبەر، نەکا شتێک ڕووبدات و دەبێ پێداگری بکەین لەسەر ئەوەی کە ڕێوشوێنە جێکەوتووەکان گیراوەتەبەر. لەمە زیاتر من گومانم هەیە بەنیسبەت ئەوەی ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدرێت ئەگەر لە هەندێ ڕووەوە لە کەناڵە فەرمییەکاندا نەخرێتەڕوو. ئەگەر ئێوە ڕازی بن، من ئەمە دەکەم بە یادداشتنامەیەک بۆ ئەوەی ئێوە پەسندی بکەن و تەسلیمی سەرۆک کۆماری بکەن و پێی بڵێن ئەگەر جەنابتان بڕیاری لەسەر بدەن، ئێمە ئەندامانی سەرەکی کۆمیتەی چل ڕێنوێنی دەکەین و هەروەها دەیخەینە بەردەم CIA و OBM بۆ ئەوەی کە لەم پێوەندییەدا کاری پێویست ئەنجام بدەن.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا ئەمەریکا بڕیارەکەی جێبەجێکرد و شەش ملیۆن دۆلاری ڕەوانەی شۆڕش کرد و بایی دە ملیۆن دۆلاریشی لە چەک کڕین و گواستنەوەیدا بۆ کوردستان خەرج کرد. بە دوای ئەو پێوەندییەدا ئیتر پێوەندیی نێوان بارزانی و شۆڕشی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواییدا پێکهات. ئەمریکا بە ڕاسپاردەی شای ئێران پێوەندیی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول دامەزراند و کاتێک شا لە جەزائیر لەگەڵ سەدام حوسێن ڕێککەوت و خەنجەری لە پشتی کورددا، ئەمریکاش لە پێوەندییەکانی لەگەڵ شۆڕش پاشگەز بۆوە و لە ڕاستیدا هنری کیسنجەر وەزیری دورەوەی ئەمریکا لە سەردەمی جیراڵد فۆرددا، کەڵکی لە لاوازیی سەرکۆماری ئەمریکا وەرگرت و بەشوێن شای ئێران کەوت.

سەبارەت بە پێوەندیی بارزانیو شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، دوکتۆر کەماڵ مەزهەر لە وتوێژێکیدا لەگەڵ زانیار سەردار قڕگەیی کە ئەویش لە لاپەڕەی ١٣٥ی کتێبەکەیدا "دوکتۆر کەمال مەزهەر ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە"دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت:

- (لە "ئامستردام"ی هوڵندە بووم ڕێگای ئوتێلەکەی خۆم بزر کردبوو هێشتا نەگەڕابوومەوە بۆ بەغدا و لە سۆڤیەت بووم، لەوێوە چووبووم بۆ هۆڵندە و کوڕێکی لاوم بینی و لێمپرسی: فلان ئوتێل لە کوێیە؟ گوتی: خەڵکی کوێی؟ گوتم کوردم و خەڵکی ئێراقم، ئەویش گوتی: ئۆ بارزانی، بارزانی، بارزانی و گوتی: من حەزم دەکردو خەون بەوەوە دەبینم یەکێک بوومایە لە پێشمەرگەکانی بارزانی، وەرە خۆم دەتگەیەنم، ئیتر سواری ئۆتومبیلەکەی خۆی کردم هەتا گەیاندمییە بەردەم بینای ئوتێلەکە، زۆر بەگەرمی ماڵئاوایی لێکردم. بەڕاستی هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد گەنجێک لەو وڵاتەدا بەو شێوەیە سەرسام بێت بە بارزانی و بیناسێ و شارەزای خەبات و ناوی بێت.)

پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل: ئیسرائیل یەکەم دەوڵەت بوو لە جیهاندا کە بەهۆی کێشەی لەگەڵ عەرەبەکاندا، لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول، بە لێکدابڕانی کوردو عێراقی زانی و ئەو دیاردەیەی بە خاڵێکی ئەرێنی لە ستراتیژیی وڵاتەکەی خۆی هەڵسەنگاند. بەرژەوەندەکانی هانیاندا وەک یەکەم دەوڵەت، خۆی بێت و پێوەندیی بە شۆڕشەوە بگرێت. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢١٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، ئەو پێوەندییە لە حوزەیران "یونی" ساڵی ١٩٦٣دا بە گەشتێکی جەلال تاڵەبانی بۆ فەرەنسا و دیداری لەگەڵ شەمعون پیرس لە پاریس بە هاوکاریی میر کامەران بەدرخان دەستی پێکرد. بە دوای ئەو دیدارەی بەڕێز تاڵەبانیدا، پێوەندیی شۆڕش و ئیسرائیل بە چوونی وەفدێک بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامەتی عومەر مستەفا دەبابە و سەید عەزیز شەمزینی بەڕێگەی ئێراندا بۆ ئیسرائیل دەستی

پێکرد. لەم بارەیەوە شاخەوان شوان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

– (دوای ئازادبوونم لە زیندان و گەڕانەوەم بۆ ڕانیە، لەگەڵ ساڵح یوسفی پێکەوە لە ژورێک بووین. دیتمان لەنێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەددا کێشەیەکی توند سەریهەڵداوە، ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ ئاگاداریی بارزانی چووبوو بۆ ئیسرائیل و مەلا مستەفا بە چوونەکەی زانیبوو و زۆری پێ توڕە بوو. ئیبراهیم ئەحمەد هاتبوو ئارامی بکاتەوە. ئەو لە قەڵادزێ بوو و مەلا مستەفا لە ڕانیە. کۆبوونەوە پێکهات و ساڵح یوسفی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکەدا. شەو دوای کۆبوونەوە ساڵح هاتەوە و پرسیاری کێشەکەم لێکرد، گوتی: "چوونی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئیسرائیل بەتەواوی بارزانی توڕە کردبوو. لە کۆبوونەوەکەدا ئیبراهیم ئەحمەد دەیویست مەسەلەکە لەبیر بارزانی بەرێتەوە و زۆر تاریفی لە بارزانی کرد و گوتی: تۆ قاعیدی کوردی و چی و چی، بەڵام مەلا مستەفا لێی توڕەبوو، پێی گوت: برایم تۆ لەلایەک دەچی دەڵێی مەلا مستەفا شۆڕشی کوردی بە سێو و پرتقاڵ فرۆشتووە و لێرەش بەمن هەڵدەڵێی و لەلایەکی تریشدا سەری خۆت دادەخەی و دەچی بۆ ئیسرائیل." مەلا مستەفا دەیویست ئیبراهیم ئەحمەد بگرێ، بەڵام ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا پەشیمانیان کردوە. بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی ڕانیەیان بەجێهێشت.)

مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەنوسێت: **(دواتر کە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی ساڵی ١٩٦٤ ڕایانکردە ئێران و دواتریش گەڕانەوە بۆ بەغدا، ئیسرائیل بە هاوکاریی ئێران پێوەندیی بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە گرت و لە ئەیاری ساڵی ١٩٦٥دا دێڤید کەمحی بە نوێنەرایەتی حکومەتی ئیسرائیل گەیشتە کوردستان و دەستیکرد بە کاری ڕێکخستن لەگەڵ شۆڕشدا. ئیسرائیل بە ڕادەیەکی سنوردار هاوکاریی سوپایی و تەکنیکی بە شۆڕشی ئەیلول دەکرد. ئەوان هەوڵیاندەدا بەهۆی پێشمەرگەکانەوە، سوپای عێراق لە شاخەکانی کوردستاندا ڕابگرن کە نەتوانی هاوکاریی میسر و سوریا بکات و دژی ئیسرائیل یارمەتی بەو وڵاتانە بکات، بەڵام هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بارزانی ئامادە نەبوو و گوتی: ئەگەر کارێکی وا**

بکەین، بۆ هەمیشە دوژمنایەتی دوو میللەتی عەرەب و کوردمان بۆخۆمان هەڵبژاردووە. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و ناتوانین ئەنجامە زیانبەخشەکانی لە ئەستۆ بگرین.)

لە ڕەوتی شۆڕشی ئەیلولدا ژمارەیەک ئەفسەری ئیسرائیلی سەردانی کوردستانیان کرد و کاتێک سەرکردایەتی شۆڕشی لە یەکێتی سۆڤیەت نائومێد بوو، هیوای خواست بە ڕێگای ئیسرائیلەوە پتر ڕای ئەمریکا بۆخۆی ڕاکێشێ کە پشتی شۆڕش بگرێت، بەڵام ئەو بۆچوونە بە هەڵە دەرچوو، چونکە شای ئێران و ئیسرائیل هەردوو خاوەنی یەک هەڵوێست بوون لە بەردەوامی شەڕی کورد لەگەڵ عێراق، نەک سەرکەوتنی کورد لە مامەڵەکەدا.

پێوەندیی بارزانی بە کەسایەتییەکانەوە: پێوەندیی بارزانی بەتەنیا ئەو بەشانەی نەدەگرتەوە کە ئاماژەم بۆ کردن، بەڵکوو پێوەندییەکی نزیک و بەربڵاوی هەبوو بە ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی کورد و بیانی. بە بەردەوامی دۆست و لایەنگری بۆ نەتەوەی کورد، شۆڕشی کوردستان و پشتیوانی کردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد لە جیهاندا دەدۆزییەوە و پشتگیریی مادی و مەعنەوی لێوەردەگرتن. بۆ نمونە بەرلە دامەزرانی دەزگای پاراستن لە شۆڕشی ئەیلولدا، تەنیا ڕێگەی بەدەستخستنی زانیاریی شۆڕش لەسەر دوژمن و زانیارییە ئاسایشییەکانی لەو پێوەندییانە بەدەست دەهاتن کە سەرۆک بارزانی لەگەڵ کەسایەتییەکان هەیبوو. لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ چەند نمونەیەکی پێوەندییەکانی بارزانی دەکەم:

محەمەد قازی: محەمەد قازی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ کە کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕاگەینرا، بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا و نازناوی پێشەوای کوردی پێبەخشرا. پێشەوا قازی محەمەد لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٨ لەگەڵ بارزانی لە کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکیهێنا، بڕیاریاندا کۆماری کوردستان بۆ سەربەخۆیی کۆمار، بۆ ئازادکردنی بەشەکانیتری کوردستان، بۆ بە ئاشتی و بە دیموکراتی بەڕێوەبردنی کۆمار، بۆ خزمەتکردنی کۆمار بە فەرهەنگ و بەرزکردنەوەی ئابووریی و بژیوی خەڵکی کورد هەوڵبدات. ئەو ڕێککەوتنەی نێوان پێشەوا و بارزانی نزیکایەتییەکی

دەرونیی لەنێوان ئەو دوو سەرکردانە بە جۆرێک لێکەوتەوە کە پێشەوا قازی لە دادگای سەربازیی سەردەمی پەهلەویدا لە ساڵ ١٩٤٧، لە وەڵامی دادوەری دادگادا دەربارەی بارزانی بە بەشدارانی دادگای بڵێت:

– (لە چەند ڕەستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانییەت و شوجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و نەترسیی لە مێژوودا کەسانی مەزن بووبێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی. ئەوەی موسوڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕ و ڕاستیی و پاکیی و دڵسۆزیی بۆ خودا و ئایین و خەڵکی هەژار و داماوی میللەت بوویانە، بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە، هەروەکوو سەعدی دەڵێت: "هر آنچه خوبان همه دارند، او بەتنها دارد". جا حەز دەکەن باوەڕ بکەن و پێتان خۆش بێ یا حەز دەکەن پێتان ناخۆش بێت.)

کاکە زیادی حەمە ئاغای کۆیە: یەکێک بوو لەو کەسایەتییە کوردانەی کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە حیزبی هیوا و حیزبی ڕزگاری دا. ساڵی ١٩٤٧ نوێنەری ناوچەی کۆیە بوو لە پەرڵەمانی عیراق. کاتێک سەرکردایەتی پارتی ئازادیی کوردستان ساڵی ١٩٤٦ لە شارۆچکەی شنۆ کۆبۆوە و بڕیاری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی دا و بارزانی، هەمزە عەبدوڵای ڕاسپارد، بگەڕێتەوە بۆ باشوری کوردستان و زەمینەی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کورد پێکبێنێ، بارزانی بەو تێبینییەی لەسەر کاکە زیادئاغا هەیبوو، بە هەمزە عەبدوڵای ڕاگەیاند: **(شێخ لەتیفی شێخ مەحمود و کاکە زیادی حەمە ئاغا بە جێگری یەکەم و دووەمی پارتی هەڵبژێرن.)** بەم جۆرە کاکە زیاد لە کۆنگرەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورددا کە ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ لە بەغدا پێکهات، بە جێگری دووەمی سەرۆک بارزانی هەڵبژێردرا. ماڵی کاکە زیاد لە کۆیە وەک بنکەی چالاکییەکانی بارزانیو میوانداریی کادیر و پێشمەرگە و شۆڕشی ئەیلول بوو. ساڵی ١٩٦٣، لەسەر ئەرکی خۆی میوانداریی سەرۆک بارزانی و نزیکەی ٢٠٠٠ کەس لە بەشدارانی کۆنفرانسی کۆیەی کرد. بەم بۆنەیەوە، کاتێک ڕژێمی بەعس کۆیەی داگیر کردەوە، خانووبەرەکەی کاکە زیادی بە بۆڵدزێر وێران کرد. کاکە زیاد تا ڕاوەستانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، بە بەردەوامی لە خزمەتی بارزانی و شۆڕشی کوردستاندا بوو. دواتر وازی لە سیاسەت هێنا و تا ساڵی ١٩٩١ لە بەغدا

نیشتەجێ بوو. لە کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١دا، کاکە زیاد لەگەڵ خێزانەکەی باشوری کوردستانی بەجێهێشت و ڕۆژی ١٩٩١/٤/١٢ لە شاری نەغەدە کۆچی دوایی کرد.

ساڵح میران بەگی شەقڵاوە: ساڵح بەگی میران ڕەشید بەگی شەقڵاوە ساڵی ١٩٠٦ لە بنەماڵەیەکی ناودار و خۆشناوی کورد، چاوی بەژین کردەوە. ساڵی ١٩٥٨ کە بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە، ساڵح میران لە میسر پێشوازیی لە سەرۆک بارزانی کرد. کەسایەتییەکی خۆشەویست و جێگەی ڕێزی شێخ ئەحمەدی بارزان و شێخ بابۆ و بنەماڵەی بارزانی بوو. لە کۆمەڵەی هیوادا ڕۆڵی هەبووە و حەزی لە ئاشتی و بە ئاشتی ژیانی دانیشتووانی کوردستان دەکرد. کاتێک لە یەکەم ساڵی شۆڕشی چواردەی تەموزدا، ژمارەیەک ئاژاوەگێڕ بە پشتیوانیی دەزگاکانی ئەمن و فیرقەی دووی سوپای عێراق لە کەرکوک ئاهەنگی پیرۆزکردنی یەکەم ساڵی شۆڕشیان لە خوێن هەڵکێشا و دەیان کورد و تورکمانی ئەو شارەیان کوشت، ڕۆژی ١٩٥٩/٧/٢٠ کۆمەڵێک پیاو ماقوڵی تورکمان چوون بۆ شەقڵاوە و لە ماڵی ساڵح بەگی میران چاویان بە سەرۆک مستەفا بارزانی کەوت و کێشەکەیان چارەسەر کرد. ساڵح بەگ نوێنەری بارزانی بوو لە ناوچەی شەقڵاوە و بەشداریی کرد لە چەککردنی قەڵای ڕایات لە ١٩٦٢/٦/٤ و هیچ هەلێکی بۆ خزمەتکردن بە کورد و بارزانی لەدەست نەدا. ساڵح بەگ هەموو سەروەت و سامانی خۆی لە ڕێگەی خزمەتکردن بە شۆڕش و بارزانی لەدەستدا. ساڵی ١٩٨٨ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

هەباسی مامەند ئاغای: هەباس ئاغا ساڵی ١٩٢٢ چاوی بە ژین کردوەتەوە. کەسایەتییەکی خاوەن ڕێزی خێڵی ئاکۆ لە ناوچەکانی ڕانیە، پشدەر و ناودەشت بوو. ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە سیاسەت و بەڕێوەبردن و ئارام ڕاگرتنی ناوچەکەیدا. مامەند ئاغای باوکی لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، دژی تورکانی عوسمانی پشتی ئینگلیزەکانی گرت. کاتی پەڕینەوەی بارزانی لە ناوچەی بادینانەوە بۆ سۆران لە ساڵی ١٩٦٢دا، هەباس ئاغا، لایەنی بارزانی گرت و بە هێزێکی گەورە بەروپیرییەوە چوو. هەباس ئاغا ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە

شۆڕشی ئەیلولدا بوو، و بەشداریی کرد لە دوو کۆبوونەوەی گرنگی شۆڕش لەگەڵ نوێنەرانی عێراق و ئێران.

یەکەم کۆبوونەوە ڕۆژی ١٩٦٤/١/٣٠ بەڕێوەچوو. وەفدێکی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عەمید عەبدولڕەزاق سەید مەحمود پارێزگاری سلێمانی، گەیشتە ڕانیە و لە ماڵی حەسەن کانەبی لەگەڵ ئەندامانی وەفدی کورد کۆبۆوە. هەباس ئاغا بە ئەمری سەرۆک بارزانی یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو وەفدە. کۆبوونەوەی دووەم ڕۆژی ١٩٦٤/٦/٢٠ لەگەڵ شێخ لەتیف شێخ مەحمود، کاکە حەمە زیاد ئاغای غەفوریی و عەزیز ئاکرەیی بەشدارییکرد لە یەکەم کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و بارزانی. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرلەشکر پاکڕەوان سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ڕژێمی ئێران "ساواک" هاتە حاجی ئۆمەران کە پێوەندیی نێوان ئێران و گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بگوازێتەوە، بۆ پێوەندیی لەگەڵ بارزان و شۆڕش. کۆبوونەوەکە لە ماڵی ئەحمەد نەبی لە حاجی ئۆمەران پێکهات. هەباس ئاغا کەسێکی دڵسۆز بوو بۆ کورد و بارزانی. ماڵەکەی جێیەکی ئەمن بوو بۆ بارزانی و بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش لە ساڵانی ١٩٦٢- ١٩٦٥دا. هەباس ئاغا ڕۆژی ١٩٦٦/٧/٦ لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا، بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. حەسەن مەلا حەسەن یەنزە دانیشتووی ڕانیە کە ١٠١ ساڵ تەمەنیەتی، لە تووێژێکدا پێی گوتم:

- (بەر لە پەڕینەوەی سەرۆک بارزانی بۆ ناوچەی سۆران، ئێمە ١٠٠ سوارە زیاتر دەبووین کە لەگەڵ هەباس ئاغا چووین دەوری سورچییەکانمان گرت کە بارزانی لە بێخمەوە بپەڕێتەوە بۆ ناوچەی سۆران و کاتێکیش هاتە ناوچەی سۆران هەباس ئاغا پشتیوانی خۆی و خێڵی ئاکۆی پێڕاگەیاند. هەروەها بارزانی کە گەیشتە ناوچەی دۆڵەڕەقە و لە ئەشکەوتی "بێتکار" لە گوندی "نۆرێ" جێی گرت لەلایەن هەباسی مامەند ئاغای و جەمیلی جەلیل غەفورخان و موختاری گوندەکان پێشوازی کرا. مام حەسەن تەتەری نێوان هەباس ئاغا و بارزانیی بووە و دەڵێت: ڕۆژێک نامەی هەباس ئاغام برد لە قەسری سەلام ئاراستەی بارزانییم کرد و کاتی گەڕانەوەم لە خزمەت بارزانی، بارانێکی ورد دەباری و بۆ ئەوەی کە زۆر تەڕ نەبم، بارزانی "ساقۆ"یەکی "بارانی- قەمسەلە" دامێ کە بەیادگار ڕامگرتووە.)

شێخ حوسێنی بۆسکین: شێخ حوسێن کەسایەتییەکی ناوداری ناوچەکانی بێتوێن و پشدەر لەنێوان ڕانیە و قەڵادزێ و نەوەی حاجی سەید گوڵی بۆسکین بوو. حاجی سەید گوڵ بەرلە شەڕی دووەمی جیهان لەلایەن ڕوسەکانەوە شەهید کرا. شێخ حوسێن ساڵی ١٩١٥ چاوی بەژین کردەوە و کوردێکی نیشتمانپەروەر و دۆستی نزیکی بارزانی بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا. کاتی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لە ١٩٥٨دا، شێخ حوسێن لەگەڵ هەباسی مامەند ئاغای و ژمارەیەک لە پیاوانی عەشیرەتەکەی بۆ پێشوازییکردن لە بارزانی چوو بۆ بەغدا. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و پەڕینەوەی سەرۆک بارزانی لە ناوچەی بادینانەوە بۆ سۆران لە ساڵی ١٩٦٢دا، شێخ حوسێن لەگەڵ هەباس ئاغا و ژمارەیەک لە سەرۆک خێڵە دڵسۆزەکان، چوو بۆ ناوچەی باڵەک و ئەمەکناسیی خۆی بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند. شێخ حوسێن لە چەند شەڕ و پێکدادانی پێشمەرگەدا بەدژی جاشەکان هاوکاریی پێشمەرگەی کردوە. لە پلەی کەسایەتییەکی ناوچەکەیدا ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٨ بەشداریی کۆنفڕانسی کۆیەی کرد و بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلولدا هەڵبژێردرا و تا ساڵانی ١٩٦٦، ماڵەکەی وەک بنکەی پێشمەرگە و شوێنی میوانداریی سەرۆک بارزانی بوو. شێخ حوسێن بەهۆی خوارزابوونی لەگەڵ میراودەلییەکان، چەندجار پێشی بە هەڵخلیسکانی میراودەلییەکان گرت. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦دا هەندێک گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام تا ساڵی ١٩٩٢ کە کۆچی دوایی کرد، خۆشەویستیی خۆی سەبارەت بە سەرۆک بارزانی کەم نەکردەوە.

جگە لەو کەسایەتیانە، بارزانی پێوەندیی نزیکی بە شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، بابە شێخ عەلی شێخ مەحمود، بنەماڵەی بەدرخانییەکان، بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵا نەهری، بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندیی و نوسەران، شاعیران و سیاسەتمەدارانی کورد و بیانیی و دڵسۆزانی چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەی کوردەوە هەبوو. لە ناوچەی ڕانیە، میوانی حەسەن کانەبی، مەلا عوسمانی پڵنگان، لە حاجی ئۆمەران ئەحمەد نەبی، لە ناوچەی خەلیفان حاجی مستەفای بناوێ، حاجی برایمی چەرمەگا، کوێخا سمایلی تەلان، ئەنوەربەگی بێتواتە، شێخ محەمەدی بالیسان، شێخ ڕەئوفی هەنجیرە، وەهاب ئاغای جوندیان، ئەحمەد شابازی سرێشمە و ...تد بووە.

بارزانی سەرکردەیەکی بەتوانا، خاوەن زانست، دەرون پاک، ئەمەکناس، نەترس، ئازا، زۆر نیشتمان پەروەر و نەتەوە دۆست و عادل بووە. بە هەڵسوکەوتی دروستی خۆی زۆر بەئاسانیی توانیویەتی خەڵک بۆلای خۆی و شۆڕشی کوردستان ڕاکێشێت و هەرگیز خۆی لە فەقیر و هەژاران دوور نەکردوەتەوە. مامۆستا محەمەد مەلا قادر پێیگوتم:

– (مەلا مستەفا زۆر لە چیای سەفین گەورەتر بوو. ئەگەر لەو سەردەمەدا نەبووایە و لە سەردەمی کۆنتردا بووایە کە باسی ڕۆستەم و سۆهراب و ئەسفەندیار و کێ و کێ دەکەن کە ئەفسانەن، لەوانە بوو ڕۆژێک هەربەو جۆرەش باس لە بارزانی بکەن.)

ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی سەردانی ناوچەی ڕانیە دەکات و لە گوندی پڵنگان دەبێتە میوانی مەلا عوسمان محەمەد "مەلا عوسمانی پڵنگان" و حەوت ڕۆژ لە ماڵی ناوبراو دەمێنێتەوە. شەوی یەکەمی گەیشتنی بۆ پڵنگان، جەلال تاڵەبانی، هەباسی مامەند ئاغای و ژمارەیەکی تر بە خزمەتی دەگەن. مەلا عوسمان لە یەکەم شەوی میوانداریی بارزانیدا، عەلی کوڕی دەنێرێتە خزمەت بارزانی کە بەخێرهاتنی بکات و پێیدەڵێ: **(بچۆ بڵێ بەخێر بێی جەنابی سەرۆک بارزانی.)** عەلی کە تەنیا نۆ ساڵی تەمەن بوو، دەچێ و بەو جۆرەی باوکی پێی گوتبوو، بارزانی بەخێرهاتن دەکات. بارزانی بە دیداری عەلی خۆشحاڵ دەبێت و ناوی دەپرسێ و ناوی "کارۆخ"ی لەسەر دەنێ و ئەوانیش بە شانازییەوە قەبووڵی دەکەن. لە دوا شەوی مانەوەی لە ماڵی مەلا عوسمان، بارزانی دەیەوێ دیارییەک بدات بە کارۆخ، بەڵام ئەو بە ئامۆژگاری باوکی کە پێشتر پێی کردبوو، لە وەڵامیدا دەڵێت: من تەنیا سڵامەتیی جەنابتم دەوێ و دواتر داوای تفەنگێکی دوانزدە ملیمی چێکی لێدەکات کە ئەوکاتە بە مێشکوژ دەناسرا و ڕاوی باڵندەیان پێدەکرد. بارزانی دوای ٨– ٩ ڕۆژ بە پێشمەرگەیەکدا مێشکوژێک بۆ کارۆخ دەنێرێ. کارۆخ لە وەڵامی ئەو بەڵێنییەی بارزانیدا، خولیای ڕەوشتی بارزانی دەبێت و بەشوێن ڕێبازەکەیدا دەچێت و دەبێتە ڕێبواری ڕێی نەگۆڕی بارزانی و سەرئەنجام بە شیعر و هەڵبەست خۆی دەگەیەنێتە بارزانی و نازناوی شاعیری ئەیلول بۆخۆی بەدەست دێنێ:

پەیمان نامەیەک لە یادی نەمران دا

ئێمەی ڕێبواری ڕێ نەگۆڕ ئەمڕۆ لەجێی شین و شەپۆڕ
هاتوین نیازی دڵمان بێنین لەم یادەدا بیدرکێنین
بڵێین سڵاو باوکی بەڕێز چاو نەترساوی دڵ بەهێز
بارزانی سەرکردەی بەکار پشت و پەنای چینی هەژار
ڕۆڵەی وڵات پارێزی تۆ هاتوینە ناو ئامێزی تۆ
تا دەست لەسەردەست بوەستین بەڵێن و پەیمان ببەستین
بڵێین سوێند بێ بە کوردستان بە ڕابردوی کورد پەرستان
سوێند بەو گڕکانەی گڕ بەتین دەگڕێ لە داوێنی حەمرین
سوێند بە سابڵاغ"ی کۆست کەوتو سوێند بە دیاربەکری نەسرەوتو
سوێند بە قامیشلی بە عەفرین بە مێژووی پڕلە کۆنە برین
سوێند بەو شەهیدانەی کەوا خوێنیان لەسەر دۆزی ڕەوا
لە چوار دیواری سەنگەر دا ڕژا بەسەر خاک و هەردا
سوێند بە خاکی بارزان دەخۆین هەر لەسەر ڕێگای تۆ دەڕۆین
تاکو لەسەر هەمان ڕێباز سەرمان دەبێتە پردە باز
یان پەرچەمی کوردەواری بۆ وڵات دەیکەینە دیاری

دوای تێپەڕینی پازدە ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، بارزانی بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی مایۆ کلینینگی شاری ڕۆچستەر لە ئەیالەتی مینیسۆتای ئەمریکا لەژێر چاودێریی پزیشکانی ئەو نەخۆشخانەیە دابوو. یەکێک لە هەڤاڵانی پێشمەرگەی بەناوی عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن بناڤی بەرواری لە تەندروستی سەرۆکەکەی لە ئەمریکا نیگەران دەبێت و ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٢ بە نامەیەک لە تەندروستیی ئەو دەپرسێت. نامەی عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن بە بارزانی دەگات و ئەویش بە مێژووی ١٩٧٧/٧/٣ وەڵامی نامەکەی دەداتەوە و سەرەڕای سڵاو و سوپاسی زۆر، خۆی بە خزمەتکاری عەبدولڕەحمان عەلی و هەڤاڵە پێشمەرگەکانی

دەناسێنێت و ژێر نامەکەی بەو دێڕە واژۆ دەکات: **(خزمەتکار و برای ئێوە مستەفا بارزانی)** (پاشبەندی ٤٦)

دوای تێپەڕبوونی ١٨ ساڵ، عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن هەڵگری ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی، بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە مافی خزمەتەکانی بە ڕێبازی بارزانی گەیشت و ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە میداڵیای بارزانی پێبەخشرا.

دەربارەی ئەو ڕەوشتەی بارزانی لەگەڵ پێشمەرگەکان و گەلی کوردستان، کەمال محەمەدئەمین مەحمود یەکێک لە پاسەوانانی بارزانی لە وتووێژێکی تایبەتدا ئاماژەی بۆ شێوازی پێوەندییەکانی سەرۆک بارزانی لەگەڵ هاووڵاتیانی کوردستان کرد و پێی گوتم: **(کەسێک هەبوو بەناوی برایمە کوێر کە حەوت ئێستری لە پیاوێک دزیبوو. کابرای خاوەن ئێستر هاتە ساوجی و بە مەلا مستەفای گوت: لە دەشتی هەولێر ئێستریان لێ دزیوم. بارزانی بەدزینی ئێستری ئەو کابرایە زۆر تێکچوو. پێیگوت: "من ئێسترەکانی تۆم دزیوە و ئیزن بدە تا حەوت ڕۆژ ئێسترەکانت بۆ دەنێرمەوە." کابرا گوتی: قوربان چۆن قسەی وا دەکەی؟ مەلا مستەفا گوتی: "من حوکم دەکەم و نەمتوانیوە ماڵی تۆ بپارێزم. ئەگەر تا حەوت ڕۆژ ئێسترەکانت نەگەڕانەوە، وەرە پارەی ئێسترەکانت لەمن وەرگرە." مەلا مستەفا هەر ئەوکاتە بروسکەیەکی بۆ فارس باوە بەرپرسی دەشتی هەولێر کرد و پێیگوت: "ئەگەر تا ٤٨ کاتژمێر ئێستری ئەو کابرایە نەدۆزییەوە، دەست لە بەرپرسایەتی هەڵگرە." بە وەڵاهی لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئێسترەکانیان بۆ خاوەنەکەی گەڕاندەوە. ئەوە بوو حوکمی بارزانی و شێوەی**

پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک.) کەمال محەمەدئەمین مەحمود لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: **(لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە من لە خزمەتی بارزانیدا بووم، تەنانەت لە میوانییەکانیشدا بۆ جارێک نەمبینی خۆاردنی بارزانی لەگەڵ خواردنی پێشمەرگە جیاواز بێت.)**

پێوەندیی سەرۆک بارزانی بەجۆرێک کاری لەسەر کورد و بێگانە دانابوو کە مرۆڤ سەری لێ سوڕدەما. سەرنج بدەنە پرۆفیسۆر لیۆنید مێدڤێدکۆ Leonid Medvedko بەرپرسی بیرۆی پراودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، ناوبرا کە لە کۆنەوە پێوەندیی نزیکی بە سەرۆک بارزانییەوە هەبوو، لە فیلمی دیکۆمێنتی پێشڕەودا، دەربارەی بارزانی دەڵێت:

- (لە عەرەبیدا وشەیەکی ناسک هەیە کە پێیدەگوترێ ڕەئیس. بارزانی ڕەئیسێکی ڕاستەقینە بوو. وەرگێڕانی وشەی ڕەئیس بە پرزیدێنت یان سەرۆک کۆمار هەڵەیە، چونکە ڕەئیس لە وشەی "ڕەئس"ەوە دێت و واتای سەر دەدات. بارزانی بەرلە هەموو شتێک ڕەئیسە، چونکە مێشکێکی زۆر باشی هەبوو. سەری مرۆڤ پێویستی بە مێشک هەیە و سەنتەرێکی بەهێزیشی دەوێت بۆ بەڕێوەبردن و هەست پێکردن، ئەوەش دیارنیە کە لە مێشکدایە، یان لە ڕۆحدا، ئەو سەنتەرە لەکاتی مەترسیدا ئیشارەت دەدا. بارزانییش لەکاتی مەترسیدا هەستێکی زۆر بەهێزی هەبوو، پێشبینی شتی دەکرد. بارزانی هەستی شەشەمی هەبوو. باڵندەکان لە کاتی کۆچکردندا هەمیشە سەرقافڵەیەکیان هەیە کە بە ڕوسی پێیدەڵێن "بژاک"، کێ دەبێتە سەرقافڵە، ئەوەی هەستی لە هەمووان بەهێزتر بێت. ئەو باڵندەیە لەوانەیە هەرگیز نەچووبێتە میسر، بەڵام کە ڕێگای میسری گرتەبەر، قەت بەهەڵە قافڵەکەی ناباتە نێو زەلکاوێکەوە، بەڵکوو دەیگەیەنێتە شوێنی مەبەست. لە سەریدا نەخشەیەکی ڕێنوێنی کردن هەیە و ئەوە ڕاز و مەعەمایەکی زۆر گەورەیە. لەنێو مرۆڤایەتی و لەنێو ڕەئیسە ڕاستەقینەکاندا خەڵکی وا هەڵدەکەون کە بارزانی یەکێک بووە لەو ڕەئیسانە)

بەکورتی خۆشەویستیی بارزانی لەنێو نەتەوەی کورددا کاتێک پتر زەق بۆوە کە کۆچی دوایی کرد. بە هەزاران شاعیر، نوسەر، سیاسەتوان، پێشمەرگە و هەڤاڵی هاوخەباتی بە دانانی شیعر و سرودی شۆڕشگێڕانە، وتاری جۆراوجۆری سیاسیی و

ئەدەبی، نوسینی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی خەبات، پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر، یادی بارزانی پیرۆز دەکەن. لایەنگریی کردنی نەتەوەی کورد لە ڕێبازی بارزانی، لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی، لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و جیهان، دوژمنانی کوردی سەرسام کردوە و ئەوانی هانداوە بەهەموو شێوەیەک هەوڵبدەن مێژووی کورد چەواشە بکەن و ڕێ لە نەوەی نوێ ون بکەن کە بە ڕاستییەکانی ژیان و خەباتی مەلا مستەفا بارزانی نەزانن و بەشوێنی نەکەون، کەچی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ عاشقانی ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی لە پەرەسەن دان.

شۆڕشی ئەیلول و ژیانی چوارده ساڵەی

لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەگوێرەی ڕووداوە تۆمارکراوەکان، ئاماژەم بۆ خەباتو چالاکی، ڕێکخستنو پەروەردە، پێوەندییە ناوخۆییو دەرەکییەکان و کێشەکانی ناوخۆی شۆڕشی ئەیلول کرد. بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بە پێویستی دەزانم، هەرچەندە بەشێوەیەکی کورتیش بێت، پەنجە بۆ چەند خاڵێک ڕابکێشم کە وەک وانەکانی شۆڕشی ئەیلول لە مێژوودا چەسپاون.

شۆڕشی ئەیلول و دەرەبەگایەتی: کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١دا، هێشتا باشوری کوردستان قۆناخی دەرەبەگایەتی بەجێنەهێشتبوو. ستروکتوری ئەو قۆناخە بەو واتایە بوو کە چارەنوسی ژیانی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵی کوردەواری لە دەست ئاغا و سەرۆک هۆزەکاندا بوو. ئەندامانی هۆز بە ئەمر و فەرمانی گەورەکانیان دەجوڵانەوە و بڕیاریان لەسەر ژیان و کردەوەی خۆیان دەدا. سەرۆک هۆزیش لە چوارچێوەی بەرژەوەندەکانی خۆیدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ جوتیاران دەکرد. سەرۆک هۆز بە پێوانەی ڕادەی دەستکەوت و بەرژەوەندەکانی بەشداریی شۆڕشی دەکرد، یان بەپێچەوانەوە دژی شۆڕش دەوەستا و پشتی دوژمنی داگیرکەری دەگرت. بەشی هەرە زۆریان خاوەن هەستی نەتەوایەتی نەبوون و هەموو دیاردەکانی ژیانیان لە ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان و بنەماڵەکانیاندا دەبینی. لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەکانی کوردستان شاهیدی ڕاستەقینەی ئەم بۆچوونەن.

سەرۆک مستەفا بارزانی و بارزانییەکان کە کۆڵەکەی بنەڕەتی شۆڕشی ئەیلول و گەشەپێدانی بوون، بە پشتبەستن بە ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزان، دژی سیستمی دەرەبەگایەتی بوون لە کوردستاندا و هەوڵیاندەدا ئاغایەتی لە کوردستاندا نەهێڵن.

شۆڕشی ئەیلول ئاڵاهەڵگری ئەو بۆچوونە بوو کە جوتیار لە شۆڕشدا چاوی بکرێتەوە و متمانە بەخۆی بکات و وەک هەموو مرۆڤێک ئازاد بژی و لە ئەزموونی خەڵکانی تر کەڵکوەربگرێت و بە بیروبۆچوونی خۆی، خۆی و بنەماڵەکەی بەرەوپێش

بەرێت و گەشە بکات. ئەو شێوە گەشەسەندنە لە شۆڕشی ئەیلولدا دژی سیستمی دەرەبەگایەتی بوو، و دەسەڵاتی ئاغای لەنێو دەبرد و ستروکتوری ناوچەکانی دەگۆڕی کە ئەوەش لەگەڵ حەز و بیری دەرەبەگەکان و حکومەتی بەعسدا نەدەگونجا. لە بەرامبەر ئەو پەروەردە کردنەی شۆڕشدا، ڕژێمی بەعس پێیدادەگرت کە پارێزگاریی لە سیستمی دەرەبەگایەتی بکات. ڕاگرتنی ئەو سیستمە لە دوولایەنەوە قازانجی بۆ ڕژێم هەبوو. یەکەمیان گەلی کوردی بەسەر قەوارەی بچووک بچووکدا بەشدەکرد و ڕژێم باشتر و ئاسانتر کەڵکی لێوەرگرتن و دووەم درزی دەخستە ڕیزی شۆڕشی کوردستانەوە و کێشەی بۆ دروست دەکرد و لێکدابڕانی لەنێودا پێکدەهێنا. هەروەکوو چۆن زێبارییەکان، ڕێکانییەکان، شێخ ڕەشیدی لۆلان و سۆفییەکانی و بەشێک لە هەرکییەکان ڕیزی خۆیان لە گەلی کورد جیا کردبۆوە و ببوونە چاوساخی دوژمن و بۆ لەنێوبردنی شۆڕش و کوشتنی براکانیان، وەپێش لەشکری دوژمن دەکەوتن. سەربارەت بەهۆی چەک هەڵگرتنی هەرکیی تیرەی مەندان، مشیر قادر سادق هەرکی، محەمەد ئەسعەد فەتاح هەرکی و مەحمود ئەسعەد فەتاح ئاغای هەرکی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگیان لای من پارێزراوە لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: بۆچی ئێوە چەکتان بۆ دوژمن هەڵگرت؟ گوتیان:

– (چەک هەڵگرتنی ئێمە بۆ دوژمن چوار هۆی هەبوو: یەکەم: بتوانیین پارێزگاریی لە دەسەڵاتی خۆمان بکەین. دووەم: عەشیرەتەکەمان لەگەڵ بمێنێتەوە. سێیەم: هاوکاریی پێشمەرگە بکەن و چوارەم: لە لایەن حکومەتەوە زیان نەبینین.)

لە ڕاستیدا شۆڕشی ئەیلول توانی جگەلە زێبارییەکان و هەرکییەکانی ناوچەی بادینان و موسڵ، کۆمەڵێکی زۆر لە عەشیرەتەکانی تر بەرەو ژیانی سالم ڕاکێشێ. ئەوە بوو کە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، زۆربەی عەشیرەتەکان گەڕانەوە لای شۆڕش و خزمەتی شۆڕشیان کرد.

شۆڕشی ئەیلول و تیرۆر: لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ دادگای شۆڕش کرد و زانیمان لە شۆڕشدا تاوانبار چۆن و بە چ شێوەیەک بە سزای تاوانەکانی دەگەیشت. دانانی دادگای شۆڕش بەمەبەستی پارێزگاریی کردن بوو لە مافی هاووڵاتیان. بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەسەر ئەم ڕایە کۆک بوون کە

پارێزگاریی له ماف بکرێت و تاوانبار و دەستدرێژیکەر بۆسەر مافی خەڵک و شۆڕش به سزای یاسایی بگەن، نەک به تۆڵەسەندنەوه و شێوازی نامرۆڤانەی تیرۆردا.

بەپێچەوانەوه، بنەمای ڕژێمی بەعسی عێراق لەسەر کودەتا و تیرۆر دانرابوو. هەزاران کەسایەتی بێتاوان له کودەتاکانیاندا، به فەرمانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی بەعس تیرۆر کران. کەسانی بێ مێشکی وەک نازم گزار دەسەڵاتی خۆیانو حکومەتەکەیان به تیرۆر بەستبۆوەو تەنانەت بەزەییان به منداڵی سەرلانکیشدا نەدەهات.

ئێستاش خەڵک هەن که تاوانی سدیق مستەفا فەرماندەی لیوای ٢٠یان له سلێمانی، تەها شەکەرچی ئامر فەوج له کۆیە، غانم میسباح ئەمین فەرماندەی لێوای ٢٠ له گوندی سەروچاوەی نزیک بێتواته، مولازم عەبدولکەریم محەمەد له گوندی کریستیان نشینی سۆریا و سوتاندن و کوشتی ٦٧ ژن و منداڵان له گوندی دەکان لەبیره. هیچ کەس پیلانی نازم گزاری لەبیر نەکردوه که ویستی مستەفا بارزانی و دواتریش ئیدریس بارزانی تیرۆر بکات. له بەرامبەر ئەو کۆمەڵە کاره تیرۆریستییەدا، شۆڕشی ئەیلول بۆ جارێکیش پەنای بۆ تیرۆر نەبرد. سەرنج بدەنه ئەم وتەیەی بارزانی که ڕوودەکاته مەسعود بارزانی و پێی دەڵێت:

- (**باش گوێت لێم بێ، خۆتان دوور بگرن لەوەی کەسانی بێگوناه بەکوشت بدەن. خۆتان دوور بگرن لەوەی ژن و منداڵ بەکوشت بدەن. کاری وا کاری ئەو ترسەنۆکانەیە که له خوا ناترسن. ئەگەر منتان لەناو نەبوو ڕێی ئەم جۆره کارانەتان لێ بگرم، من لێتانی قەدەغە دەکەم هیچ کاتێک و له هیچ بارودۆخێکدا ڕێگەی ئەنجامدانی کاری لەم جۆره ئابرووبەرانە مەدەن. ئەگەر ئازایی و لێهاتوویی لەخۆتاندا شک دەبەن، تاوانبارانی بەرپرس و ئەنجامدەرانی ئەو کردەوانە خۆیان لەناو بەرن نەک بەکوشتنی ژن و منداڵیان تۆڵەیان لێ بستێنن.)**

دوور ڕاگرتنی شۆڕش له کاری تیرۆریستی، پله و پایەی شۆڕش و بارزانی بەرز ڕاگرتبوو. هەمووجارێ سەدام و کاربەدەستانی حکومەت بەبێ ترس ڕوویان دەکرده کوردستان و لەوه دڵنیا بوون که له ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشدا، دەستدرێژی بۆسەر ژیانیان ناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پەنا نەبردنی بۆ کاری تیرۆریستیی، دۆستی

باشی لە دەوری شۆڕش کۆ کردبۆوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٢٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت:

– (ساڵی ١٩٨٤ لە ڤیەننا سەرێکم لە ڕاوێژپێکراوی نەمسا برۆنۆ کرایسکی دا. کرایسکی یەکێکە لە سۆشیال دیموکراتە بەناوبانگەکان لە جیهاندا. پێشوازیی لێکردم و قەدر و ڕێز لێگرتنێکی زۆرم لێوەدی. لە قسەکانی لەگەڵ مندا ئەم خاڵەی هێنایە ناوەوە و وتی: من دۆستی باوکتانم، من میللەتی کوردم خۆش دەوێ، ئامۆژگاریی ئەوەتان دەکەم لەسەر ئەو ڕێبازە خاوێنە هەر بەردەوام بن. چەندەتان پێدەکرێ لە شێوەکاری لەپڕکوژی خۆتان دوور ڕابگرن، بۆ ئەوەی دڵی دەوڵەتانی جیهان بۆلای خۆتان ڕاکێشن.)

شۆڕشی ئەیلول و پەروەردە: شۆڕش جگەلە پەروەردەکردنی کادیران و پێشمەرگەکانی، هەنگاوی بڵندی بۆ پەروەردەکردنی دانیشتوانی کوردستان لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن، سیاسیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریی هەڵگرت. لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەو نیازە کە گەل خۆی دەسەڵاتی شۆڕشەکەی بەدەست بگرێ، دەزگاکانی حکومەتی وەک: کۆڕی زانیاریی و پەروەردە، شارەوانیی، تەندروستیی، بەیتاڵی و دادوەریی بۆ خزمەت کردنی دانیشتوانی کوردستان دامەزراند.

لە بەشی **"ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لقەکانی خۆی دادەمەزرێنێت"دا** ئاماژەم بۆ هەموو ئەو دەزگایانە کرد کە لە بەرەوپێش بردنی کورد و شۆڕشی ئەیلولدا شوێنی مەزنیان هەبووە. شۆڕشی ئەیلول نزیکەی ٢٠٠ خوێندنگە، دەیان بنکەی تەندروستی بە برینپێچی شارەزا، چوار نەخۆشخانە بە قەرەوێڵە و پزیشکی تایبەت، چەندان بنکەی بەیتاڵی بە پزیشکی تەندروستی ئاژەڵ، چەندان شارەوانی بۆ خزمەتکردن بە خەڵک و کێشانی جادە و خاوێنکردنەوەی جادە و کۆڵانەکان، چەندان دادگای ناوچەیی و باڵای لە یاسازانان دامەزراند کە کێشە و گرفتی هاووڵاتیان چارەسەر بکەن. زۆر مامۆستای پەروەردە کرد و هەزاران منداڵ و گەورە ساڵی لەو خوێندنگەیانەدا فێری خوێندن و نوسینی زمانی کوردی کرد. مامۆستایانی پەروەردە

کراوی شۆڕشی ئەیلول، به پلەیەکی زانیاریی گەیشتبوون که دوای ڕێککەوتی ١١ی ئادار، توانیان هاوشانی مامۆستایانی دەرەوەی شۆڕش، له شارەکاندا منداڵ پەروەردە بکەن.

شۆڕشی ئەیلول به ئەزموون وەرگرتن له شێوازی بەڕێوەچوونی ناوچەی بارزان، کچ بەشودانی به زۆرەملی لەلایەن باوک و برا و مامەکانەوە، گۆڕینەوەی کچی گەورە به بچووک، ژن به ژنە، بەشودانی کچ لەسەر لانک و ئافرەت فرۆشتنی قەدەغە کرد. هەرچەندە لەو خزمەتەیدا هەنگاوی بەرزی هەڵگرت، بەڵام وەک پرۆسەیەکی پەیوەست له داب و نەریتی پاشکەوتووی کوردستاندا، زۆرجار ناچار دەبوون له چارەسەر کردنی کێشەکاندا پەنا بۆ هەمان داب و نەریتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەدا بەرن. لەم بارەیەوە سەرنج بدەنە شکاتی کچێک له باوکی:

- (**بارزانی ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢ له گوندی بناڤێ دەگاته کچێکی تازه پێگەیشتوو که هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە بیست ساڵ. کچه هاوار دەکات: بارزانیم پێشاندەن. بارزانی لێی دەچێته پێش و لێی دەپرسێ: شکاتت له چییە؟ کچه وەڵامی دەداتەوە: باوکم به ژن به ژن داومی به پیاوێکی پیری حەفتا ساڵە. دەمەوێ لەم بەشودانە ڕزگارم کەی. دەردەکەوێ کچه حەز له کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی دەکات. بارزانی فەرماندەدات باوکی کچه بانگ کەن. باوکی کچه دێنن. بارزانی ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێت: ئەم کارەی کردوته کارێکە لەگەڵ شەرعدا ڕێک ناکەوێ و یاساش ڕێگەی ستەمی وا نادات. مەسەلەکەی به دۆستی دڵسۆزی خۆی مەلا عەبدولباقی دەسپێرێ و ئەویش له بەرامبەر پارەدا قەناعەت به مێردە پیرەی ئەو کچه دەهێنێ و کچەکە له کوڕە گەنجەکە مارە دەکات.**) هەروەها یەکێک له دەستکەوتە گرنگەکانی شۆڕشی ئەیلول بۆ جوتیاران، دابەشکردنی موڵکی سەرۆک عەشیرەتە جاشەکان بوو له نێوانیاندا.

شۆڕشی ئەیلول و پیاوانی ئایینی: به درێژایی مێژووی عێراق، پیاوانی ئایینی وەک چینێکی ستەم لێکراوی کۆمەڵگا، ژێردەست و ژێرچەپۆکی حکومەت و دەرەبەگەکانی کوردستان بوون. هەرکام له حکومەت و دەرەبەگەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کەڵکیان له پیاوانی ئایینی وەردەگرت و ئەوانیش وەک چینێکی

هەژار و دەستەنگ بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان لە فەرمانی حکومەت و دەرەبەگەکان دەرنەدەچوون و زۆر جار بۆ ڕازیکردنی سەرۆکەکانیان چاویان لە حەق دەپۆشی و بەپێچەوانەی فەرمانە ئاسمانییەکان و شەریعەت هەڵسوکەوتیان دەکرد و حەقیان بە ناحەق دەفرۆشت.

هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، وەرچەرخانێکی نوێ و گرنگی لە ژیانی پیاوانی ئایینیدا پێکهێنا. مەلاکان لە شۆڕشی ئەیلولدا بە سەربەخۆیی ئابووریی گەیشتن. لە دادگاکانی شۆڕش و سەرکردایەتییە ناوخۆییەکاندا مامۆستایانی وەک: مەلا وەیسی گردک، مەلا قادر سکتاری و مەلا عوسمان یەکدەست "مەلا عوسمان کۆڵە" و دەیان مەلای تر، ئەرکی دادوەرییان پێسپێردرا کە گرفت و ناکۆکییەکانی هاووڵاتیان چارەسەر بکەن. لە هەمان کاتدا بەدوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا بەدەستپێشخەریی بارزانی، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیان بۆ پیاوانی ئایینی دامەزراند. ڕێزگرتن لە مامۆستایانی ئایینی ئیسلام بەواتای لەبیرکردنی پیاوانی ئایینەکانی تر نەبوو، بەڵکوو ئەوانیش جێگە و پێگەی خۆیان هەبوو لە شۆڕشی ئەیلولدا. قەشەی کلدان "پۆلس بێداریان" نوێنەری کلدانییەکان بوو لە شۆڕشدا و ئاڵبێرت خۆری دادوەری دادگاکانی شۆڕش بوو. هەروەها ئێزدییەکانیش لە شۆڕشدا بە ئەمنیەتی ژیان و هەڵسوڕانی ئایینی خۆیان گەیشتن. لە هەمانکاتدا سەرکردایەتی شۆڕش بیرمەندانە داکۆکی لە مافی تورکمانەکان و کریستیانەکان کرد و تەنانەت بەشێک لە کاتی ڕۆژانەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی بۆ ئەوانە تەرخان کرد. لەم بارەیەوە بارزانی مەلا خالید دەڵێت:

(لەو ڕادیۆ گچکەیەی هەمانبوو، بە فەرمانی بارزانی هەفتەی دوو کاتژمێریان بۆ تورکمان و کریستیانەکان دانابوو. کریستیانەکان لەوێ کەلتوری خۆیان زیندوو

کردەوە. هەموو یەک شەممە و چوار شەممان شەهید فەرەنسۆ هەریری پڕۆگرامی هەبوو. "سۆها عەبدولرەحمان" یەکەم وێژەری تورکمانیش لەو ڕادیۆیەوە، مێژووی تورکمان و کەلتوری ئەوانی زیندوو کردەوە. یەکێک لە مەرجەکانی شۆڕش، لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداردا دانی مافی ڕۆشنبیری بە تورکمانەکان بوو کە بەعس دەیویست بیکات بەهی خۆی، بەڵام ئەوە لەژێر پاڵەپەستۆی شۆڕشدا بوو. لە ڕاستیدا ئەو شێوە بیرکردنەوەیەی مەلا مستەفا بوو کە پەرەی بە کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی لەگەڵ مەلا مستەفادا. هەموو دیموکراتخوازێکی عێراقی جێی ئەمینی لە شۆڕشی ئەیلولدا هەبوو. بەدوای لەنێوچوونی عەبدولسەلام عارف کە پیاوێکی شۆڤینی و دوژمنی سەرسەختی کورد بوو، ئەفسەرێک بە ناوی "جەمیل عائید الجمهوری" پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و گوتی ئێمە نەتەوە پەرستەکانی عەرەب دەنگمان هەبێ، گوتیان فەرموو ئەوە ڕادیۆ. هەفتەی دوو جار بەناوی "رکن السورە عەرەبی العیراقیە" لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە بۆ عەرەبە شۆڤینییەکان قسەی دەکرد. هەموو کەسێک جێی لە شۆڕشدا هەبوو. کە دەڵێن مەلا مستەفا شۆڕشی لە عەشیرەتییەوە کردە کوردستانی عێراق و عێراق و لەوێوەشەوە کردی بە شۆڕشی کوردستانی گەورە، بۆ ئەوە بوو کە هەموو حیزبێکی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلولدا جێی خۆیان هەبوو، بەڵام ئەوەش پێویستی بە دانانی سنور هەبوو، بۆ ڕاگرتنی شۆڕش، هەروەکوو چۆن ئێستاش ئەو سنورە هەیە لەنێوان هێزە کوردستانییەکاندا.)

بەم جۆرە، کورد و نەتەوەکانی تر لە شۆڕشی ئەیلولدا چاویان کرایەوە. خەڵک ڕێگای ژیان و بەرگریی کردنی لە مافەکانی دۆزییەوە و توانی دەنگ بۆ مافی خۆی و نەتەوەکەی هەڵبڕێ. کادیرانی شارەزای شۆڕش بەنوسینی وتار و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش و زانیاریی گەیاندن، لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان و دوو ڕۆژنامەی خەبات و "التآخی"، ڕۆڵی گرنگیان لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانیی و ئاشناکردن بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شۆڕشدا گێڕا. ڕۆژنامەی "التآخی" کە ڕۆژنامەیەکی سەرتاسەریی بوو، ڕۆژانە ٣٥ هەزار دانەی بە زمانی عەرەبی لە بەغدا بڵاودەکرایەوە. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکانی خەبات و "التآخی" بەرنامەی ڕۆژانەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، لقەکانی پارتی دیموکراتیش

ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان هەبوو، وەک: کادیر، دەنگی پێشمەرگە و کوردستان لە لقی یەکی سەفین بڵاودەکرایەوە، سەفین لە لقی دوو، مەشخەڵ لە لقی سێ و ڕزگاریی لە لقی چوار. هەروەها لە شۆڕشی ئەیلولدا دەیان کتێب بە زمانەکانی ئینگلیزیی، فەرەنسی، ئەڵمانی و روسی بڵاوکرانەوە و کێشەی کوردیان بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی بە جیهان ناساند.

بارزانی حاجی ئۆمەران بەجێدەهێڵێت

لە بەشی "**دوا مۆڵەتی ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان**"دا گوتم: لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٧٤وە، وەزیرەکانی سەربە شۆڕش، ژمارەیەکی زۆر مامۆستا، بەڕێوەبەری خوێندنگە، کارمەندی مەدەنی، پلەداری پۆلیس و سوپای عێراق، پزیشک و بازاڕیی و....تد، شوێنەکانیان بەجێهێشت و ڕوویان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان کرد. بەشێکی کەم لەو ژمارەیە، جگەلە وەزیرەکان، لە سپتێمبەر "ئەیلول"ی ساڵی ١٩٧٤وە بۆ پاراستنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە چنگ بۆمبارانی فڕۆکەکان، روویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و چوون بۆ ماڵی خزمان و دۆست و ئاشنایانیان. لە ڕەوتی گفتوگۆکانی نێوان شا و سەدام حوسێندا و بەرلە ڕێککەوتنی جەزائیر، ڕژێمی ئێران کۆمەڵێک ئۆردووگای لە ورمێوە تا دەگاتە پارێزگای ئەهواز لە باشوری ئێران بۆ ئەو پەنابەرانە دروستکردبوو کە بەر لە ڕێککەوتن و دوای ڕێککەوتنی جەزائیر، لەو جێیانەدا کۆیان بکەنەوەو سەرپەرشتیی ئەو کۆمەڵگایانەیان بە مانگی سوری ئێران "شێروخورشید" سپاردبوو کە خێوەت و خۆراکیان بۆ دابین بکات. هەموو کۆمەڵگاکان لەژێر چاودێریی مەئمورەکانی ساواکدا بوون و هیچ کەسێک بەبێ ئیزنی ئەوان مافی چوون بۆناو ئەو کۆمەڵگایانە و دەرکەوتنی لێیان نەبوو. دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی جەزائیر، ئیتر بەرەبەرە ژمارەیەکی زیاتر ڕەوانەی ئێران کران لەم بارەیەوە زەکی ئاکرەیی ئەمینداری بارزانی لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (بەرلە کۆچکردنمان بۆ ئێران کۆبوونەوەیەک لە بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران کرا و لەودا بڕیاردرا سەرژمێری ئەو کەسانە بکرێت کە دەچنە ئێران، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک بە سەرپەرشتی کانەبی عەزیز دزەیی پێکهات بۆ دابینکردنی ئازووقە و پێداویستییەکان. کانەبی پێشتر پارێزگاری هەولێر بوو و بەشداری لە شۆرشی ئەیلولیشدا کردبوو. ئەرکی ئەو لیژنەیە سەرژمێریی کردنی خێزانی پێشمەرگەکان و تەسلیم کردنیان بوو بە ئێران. لە ئێرانیش ڕێکخراوێکی خێرخوازی هەبوو بەناوی "شێروخورشید" کە پێوەندی بە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە هەبوو. ئەم

ڕێکخراوەیە هاوکاریی خێزانە ڕەوانەکراوەکانی بۆ ئێران دەکرد. ئیتر هەر هێزێک بەپێی لیستە، خێزانی پێشمەرگەکانی دەنارد بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ ئوتۆمبیلیان بۆ دابین دەکرا و ڕەوانەی ئێران دەکران کە بگوازرێنەوە بۆ ئەو جێیانەی بۆیان دیاریکرابوو، بۆ نموونە: ئەوانەی سەربە پارێزگای هەولێر و دهۆک بوون، ڕەوانەی کۆمەڵگاکانی شنۆ، زێوە و ڕەبەت دەکران. هەروەها لیژنەیەکی تریش لە کاک غەزالی و ئەحمەد حاجی پێکهاتبوو کە چەک و ڕەختی پێشمەرگە و چەکە قورسەکانی شۆڕشیان کۆدەکردەوە. چونکە ئەوانەی دەچوون بۆ ئێران، دەبووایە چەکیان پێ نەبێت. بەشێک لە لیژنەکەی کانەبی عەزیز لە باشماغ و بەشێکی تریشی لە شنۆ بوو کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ڕێکخراوی شێروخورشیدی ئێرانەوە هەبوو. هەروەها هەر کۆمەڵگایەی لیژنەیەکی سێ کەسی بۆ دانرابوو. بەرپرسی ئەو لیژنانە کاروباری کۆمەڵگاکانیان ڕادەپەڕاند و ئیتر جگەلە ئەندامانی ئەو لیژنانە هیچ کەس نەیدەتوانی بچێ سەرلە دەزگا حکومییەکانی ئێران بدات.)

لە مهاباد هیچ کۆمەڵگایەکیان بۆ کوردە ئاوارەکان دانەنا، بەڵام لە بڵاوکردنەوەیاندا بەشێکیان بە بارهەڵگری سەربازیی بە مهابادا هێنا و لەوێوە ڕەوانەی مەڕاغەیان کردن کە بە قەتار بیانگوازنەوە بۆ پارێزگای ئەهواز و لە کۆمەڵگای "بابەک"دا نیشتەجێیان بکەن. ئێوارە کاتژمێر نزیکەی ٢٠:٠٠ بوو کە تەلەڤزیۆنی مهاباد ڕاگەیاندنێکی ساواکی بڵاوکردەوە و گوتی:

- (مانگی سوری مهاباد ژمارەیەک پەنابەری عێراقی بە ئافرەت و منداڵەوە هێناوەتە مهاباد، چونکە ژمارەیان زۆرە و بەرپرسانی مانگی سور دەرەتانی دروستکردنی خواردنی بەو ڕادە زۆرە نیە، داوا لە خەڵکی مهاباد دەکەین کە خواردنیان بۆ ببەن. ئەوانە لە مزگەوتەکانی شار کۆکراونەتەوە.) خەڵکی مهاباد بە بیستنی ئەو هەواڵە ڕژانە نێو شەقامەکانی شار. من بە چاوی خۆم بینیم کە خەڵک بەپێی توانا لە مەنجەڵە پڵاو، و گۆشتەوە بگرە تا دەگاتە نانی وشک، کوپە پەنیر، قاپی پڕلە ماست، مێوژ، خورما، کەتری پڕ لە چایی بە مزگەوتەکاندا دەگەڕان و منداڵی ئەو خوشک و برایانەیان بە سنگی خۆیانەوە دەنا و وەک منداڵی خۆیان دەیانلاواندنەوە و فرمێسکیان بۆ هەڵدەڕشتن. بۆ یەک ساتیش فرمێسک لە چاوی ئەو خەڵکە نەدەوەستا

و زۆربەیان بەگەروی نوساوەوە دەمیان دەکردەوە و تف و لەعنەتیان لە شا و بنەماڵەی پەهلەوی دەکرد. ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەدان مەنجەڵ چێشتیان لێنا. لاوانی مهاباد بە شەقام و مزگەوتەکاندا دەگەڕان و یارمەتییەکانیان دەگەیاندە خوشک و براکانیان. شەقامەکان، بەتایبەتیی شەقامی پەهلەوی بەرەو نەخۆشخانەی شێروخورشید و مزگەوتەکانی شادەرووێش، سور، حاجی ئەحمەد، قیبڵە، هەباس ئاغاو قازی، دەیان هەزار کەسیان تێدا کۆببووەوە.

سەید عەبدوڵای کولیجی بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی شێروخورشیدی مهاباد "مانگی سور" ئەرکی وەرگرتن و گواستنەوەی ئەو خەڵکەی لە مهابادەوە بۆ مەراغە لە ئەستۆ بوو. یەکێک لە بارهەڵگرە سەربازییەکان لە ڕێگادا لە جادە وەرگەڕابوو، منداڵێکی کوشتبوو، چەند کەسێکیش بریندار ببوون. پێشوازیی خەڵکی مهاباد لەو خوشک و برایانە و سۆز و خۆشەویستییان دیمەنێکی هەرگیز لەبیرنەکراوی لە مێشکی ئەو پەنابەرانەدا بەجێهێشت. لەوە دەچوو کە ئەو خەڵکە بە ژن و منداڵەوە ساڵەهای ساڵە لە نێو یەک بنەماڵەدا پێکەوە گەورە بووبن. ئەم پێشوازییە گەرمەی خەڵکی مهاباد، پەیامێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ شا و کاربەدەستانی ساواک و دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی ئێران کە کورد یەک نەتەوەیە و چاوپۆشیی لە مافی خۆی ناکات و بیرەوەریی کۆماری کوردستان و دروشمی "کوردستان یان نەمان"ی بارزانی بەجۆرێک لە مێشکیاندا چەسپاوە کە بەخیانەتی شا و وەستانی کاتیی شۆڕشی ئەیلول، دەرناچێت. ئەوە، دواجار بوو کە ڕژێمی ئێران توشی هەڵەیەکی بەم جۆرە بێتەوە و ئیتر هیچ پەنابەرێکی بە مهابادا نەهێنایەوە. هەتا کۆتایی گواستنەوە ئەو خەڵکە بۆ ئێران، بارزانی و بنەماڵەکەی جگەلە ئیدریس بارزانی لە حاجی ئۆمەران مانەوە. کاک ئیدریس ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٣ چوو بوو بۆ شنۆ کە بە ڕێگای ئێرانەوە ژمارەیەک خێزان لە "خرێنە" ڕزگار بکات کە لەترسی بۆمباران ڕایانکردبوو، و لە بەفر چەقی بوون. بە هەوڵدانێکی زۆر ئیدریس بارزانی توانی ئەو بنەماڵانە بە هێلیکۆپتەر بگوازێتەوە.

ڕۆژێ ١٩٧٥/٣/٢٥، سەرتیپ مەنسوورپوور بۆ گواستنەوەی بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ نەغەدە، گەیشتە حاجی ئۆمەران و لەو ڕۆژەدا بارزانی و

بنەماڵەکەی گواسترانەوە بۆ نەغەدە. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٣٧ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، ئەم ڕۆژە بە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانی خۆی دەشوبهێنێ و دەڵێت: **(ئەو ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو. من لەوەش دڵنیا بووم کە بەشی هەرە زۆری گەلی کورد لەم هەستەدا هاوبەشن.)**

دوای نیشتەجێکردنی پەنابەرەکان لە کۆمەڵگاکانی ئێران، ئیدریس بارزانی کرا بە بەرپرسی کاروباری پەنابەران و ئەویش بۆ ئەو مەبەستە یارمەتی لە شەمسەدین موفتی، دوکتۆر شەوکەت یەعقوب بازید بامەڕنی، سەرباز هەورامی و عوسمان قازی و چەند کەسی تر وەرگرت تا بە هاوکاریی ئەو بەڕێزانە و لیژنەی کاروباری پەنابەرەکان لە کۆمەڵگاکاندا و ڕێکخراوی مانگی سوری نێودەوڵەتی "شێروخورشید" و دەزگا پێوەندییدارەکانی ڕژێمی ئێران، کاروبار و گرفت و داخوازیی پەنابەرەکان چارەسەر بکات. لە ڕاستیدا ئەوە ئەرکێکی زۆر قورس بوو کە بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا خرایە سەرشانی ئیدریس بارزانی. لەم بارەیەوە دوکتۆر شەوکەت دەڵێت: **(ساڵی ١٩٧٥ لە شارۆچکەی ڕەبەت لە ناوچەی سەردەشت کرام بە بەرپرسی کاروباری پەنابەرانی کوردی باشور. دوای ڕوخانی ڕژێمی شا لە ساڵی ١٩٧٩، لەسەر داوای کاک ئیدریس بارزانی چووم لە کەرەج کارەکانم بەڕێوە برد.)**

ڕاوەستانی کاتی شۆڕشی ئەیلول

گواستنەوەی بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ نەغەدە، بە واتای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول بوو. ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول کارەساتێک بوو کە سەری لە خەڵک شێواند. هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد کە سەدام حوسێن ئامادە بێت لە بەرامبەر شکاندنی شۆڕشی کورددا، نیوەی شەتولعەرەب بدات بە شای ئێران. ئەوە گەورەترین تاوان بوو کە سەدام حوسێن لە بەرامبەر بەجێهێنانی خواستی گەلی کورددا، توشی ڕێبەرانی دوایی ڕژێمی عێراقی کرد کە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو سنورە ئاوییە بە بەردەوامی لەگەڵ ئێران لە کێشەدا بن.

چ ئەوانەی تێکەڵاوییان لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول هەبوو، یان خەڵکی تر لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ڕاوەستانی شۆڕش دەربڕی. زۆربەی هەرە زۆریان بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی داسەپاو بەسەر شۆڕشدا، دیانگوت: بارزانی نەدەبووایە دەست لە شۆڕش هەڵگرێ و دەبووایە درێژە بە شۆڕش بدات. ژمارەیەک پێوەندیی شۆڕشیان بە ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بە هۆکاری ڕاوەستانی شۆڕش دەزانی. ئیبراهیم ئەحمەد یەکەم کەس بوو ئاواتی وەستانی شۆڕشی دەخواست و گوتی: **(لەمێژ بوو چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەم دەکرد)** ناوبراو ناوی ئاشبەتاڵی لەسەر ڕاوەستانی شۆڕش دانا و گوتی: **(بارزانی ئاشبەتاڵی بە شۆڕش کرد.)** ئەم ناوە دواتر بەهۆی لایەنگرانییەوە، بەتوندی کەوتە سەر زاری خەڵک. بەشێکی کەم لە سیاسیکاران و نیشتمانپەروەران، هەڵکەوتەی جۆغرافیایی و هۆکارەکانی ناوخۆیی و دەرەکیان بۆ ڕاوەستانی شۆڕش دەستنیشان کرد.

سەیر ئەوە بوو، بەشێک لەوانەی خۆیان سەردەمێک لە سەرکردایەتی شۆڕشەکەدا بوون و تەنانەت تا ڕاوەستانی شۆڕش بڕیاردەر بوون، لە بارزانی هەڵگەڕانەوە و بۆ ئەوەی کە بەرپرسایەتی لەسەر شانی خۆیان سوک بکەنەوە، ڕاوەستانی شۆڕشیان وەک تاوانێک خستە سەرشانی بارزانی. ئەو ژمارەیە لە جیاتی هەوڵی بوژاندنەوەی شۆڕش بدەن، بۆ یەک جاریش ئامادە نەبوون، دان بەو ڕاستییە بنێین کە ئەگەر بارزانی بەهەر هۆیەکەوە درێژەی بە شۆڕش نەدا، ئەی خۆیان بۆ

پشتیان لە ڕاگرتن و درێژەپێدانی شۆڕش کرد؟ بۆچی بەرلە بارزانی و بنەماڵەکەی کوردستانیان بەجێهێشت و تەنانەت لە ئێرانیش نەمانەوە؟ لە بەرامبەردا بارزانی بەرپرسایەتیی ڕاوەستانی شۆڕشی خستەسەر شانی خۆی و بە هەموو گەلی کوردیشی ڕاگەیاند: **(ڕاوەستانی شۆڕش بۆ ماوەیەک دەتوانێ گیانی هەزاران کەس لە مەرگ ڕزگار بکات و شۆڕش بەم زووانە سەرهەڵدەداتەوە و کورد بە ئامانجی خۆی دەگات!)**

دەربارەی ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(دوای ١١ی ئادار لە ١٩٧٠- ١٩٧٤، شۆڕش بەناو لە ئاشتیدا بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لە سەرەتاوە کێشە لەنێوماندا هەبوو، و لەگەڵ یەکتر ڕێک نەبووین. هەرلە سەرەتادا ئەوان ویستیان مەلا مستەفا بکوژن، ویستیان کاک ئیدریس بکوژن. هەر لایەنەی بۆچوون و سیاسەتی خۆی هەبوو، ئەوان دەیانویست ئێمە لەگەڵ سیاسەتی ئەوان بڕۆین، ئێمە نەمانتوانی لەگەڵ سیاسەتی ئەوان بکەوین و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ هەڵگیرسایەوە و ساڵی ١٩٧٥ چوون لە جەزائیر تەنازولی زۆریان بۆ شا کرد و لەگەڵی ڕێککەوتن کە دەوری ئێمە بگرن و شۆڕشەکە تێک بچێ. من قەناعەتم وایە لە ١٩٧٠- ١٩٧٤، تا ڕادەیەک کێشە لە ناوخۆی شۆڕشدا دروستبوو، پارە هەندێک زۆر ببوو، تۆ خۆت دەزانی ئەگەر خەڵکەکە چوار ساڵ ئیستراحەتی کرد و شەڕ نەبێ، تۆزێک تەمبەڵ دەبێ و تاقەتی شەڕکردنی کەم دەبێ. هەندێک بەرژەوەندیی شەخسییش پەیدا ببوو، لەبەر ئەوە کاتێک لە ١٩٧٤دا تووشی شەڕ بووینەوە، تۆزێک کێشەمان پێکەوە هەبوو. ئەوانیش لە بەرامبەردا لەگەڵ سۆڤیەت ڕێککەوتبوون و پەیمانیان بەستبوو، بەپێ ئەو ڕێککەوتنە چەکێکی زۆریان وەرگرتبوو، توانایەتی باشی سەربازییان بەدەست خستبوو، و خۆیان ئامادە کردبوو بۆ شەڕی ئێمە و هەر بۆ ئەوەش لەگەڵ سۆڤیەت ڕێککەوتبوون کە خۆیانی پێ بەهێز بکەن و حیزبی شیوعی عێراقیشیان لەگەڵ خۆیان برد و بە ڕێنوێنی سۆڤیەت بەرەیان لەگەڵ پێکهێنا. لەبەر ئەوە، ڕژێم زیاتر لە ئێمە خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ ئێمە ئامادە کردبوو. دیارە لە ساڵی ١٩٧٤ کۆتایی بە شەڕەکان هات و ساڵی ١٩٧٥ چوون تەنازولیان بۆ ئێران کرد کە گەمارۆی ئێمە**

بدەن. جگەلەوە کۆتایی شۆڕش هۆکاری زۆری هەبوو. بێگومان هۆکاری دەرەکی زیاتربوو لە هۆکاری ناوخۆیی، خۆت دەزانی هۆکاری دەرەکی دەوری زۆری هەیە و ئێمەی کورد باری جوغرافیامان تەواو نییە، داخراوین، هیچکام لە دەوڵەتانی دەوروبەر دۆستمان نین. دووەمەن، ئەم دەوڵەتانە دژی چارەسەرکردنی کێشەی کوردن و نایانەوێ کوردستان وەک قەوارەیەک ببینن. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتە زلهێزەکانی سۆڤیەت و ئەمریکا و ئەوانی تریش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەن کە داگیرکەری ئێمەن. پێوەندیان لەگەڵ ئەوانە هەبووە و هەمیشە هاوکاریی ئەوانیان کردوە. لەبەر ئەوە کورد نەیتوانی بەربەرەکانی ئەو هەمووە زروفە ناڕاستە نێونەتەوەیی و ناوچەییە بکات. ڕێککەوتنی جەزائیر کە کرا لە ٦ ئاداری ١٩٧٥دا، ئەوانە دەوریان هەبوو کە ئەو شۆڕشە کۆتایی پێبێت لەو کاتەدا، ئەگەرچی من کاتی خۆی ڕەئیم وابوو کە وەکوو پارتیزان بەردەوام بین، چونکە تا ڕادەیەک دەرەتانی چەکەمەنی و پارەمان هەبوو، بەڵام زۆربەی زۆریان لەسەر ئەو ڕەئییە بوون کە کۆتایی پێ بێت. هۆکاری ناوخۆیی تا ڕادەیەک و هۆکاری دەرەکی دەوری هەبوو لە ڕێککەوتنی جەزائیر. شۆڕشەکە کۆتاییهات، بەڵام هەڵگیرسایەوە.)



هەرلەم بارەیەوە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری ئەوکاتی پارتی دیموکرات لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە هۆیەکانی تێکچوون و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لەچدا دەبینن؟ گوتی: **(شۆڕشی ئەیلول گەلێک کەموکووڕی هەبوو، یەک یان دوو هۆی دیاری نەبوو، زۆر دیاردە هەبوون کە شۆڕشیان خست. یەکیک لەوانە جوغرافیای کوردستان و یەکێکی تر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی بوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا کورد دۆستی نەبوو.)**

سەبارەت بە هۆکارەکانی ناوخۆیی کە هەموو لایەک ئاماژەی بۆ دەکەن، سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: **(حیزبییەکان و شیوعییەکان دوو جار چەکیان بەدژی بارزانی هەڵگرت. جەلالییەکان هەرلە ساڵی ٦١وە دەستیان دایە چەک، چوونە ئێران و هاتنەوە، دیسان ساڵی ١٩٦٦ چەکیان هەڵگرتەوە و ساڵی ١٩٧٠ حکومەت پێیگوتن بڕۆنەوە لای بارزانی، بەڵام بە بەڵگە کە خۆم گوێم لە قسەکانیان بووە، دوای گەڕانەوەیان کاریان بۆ حکومەت دەکرد و تا ئێستا بۆم دەرنەکەوتووە ئەو نەخۆشییە چییە.)**

عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری" ئاماژەی پتر بۆ کێشە ناوخۆییەکان و گەندەڵیی نێو شۆڕش دەکات و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول بە بەشێک لەو کێشانەوە دەبەستێتەوە. بەڕێزیان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (لە ڕاستیدا ئەو جیابوونەوەیە، شۆڕشەکەی لەنێو برد، چونکە بەدوای ئەوەدا سیاسەتی ڕازیکردنی خەڵک بەڕێوەچوو. خەڵک گەندەڵ بێ، چاک بێ یان خراپ بێ، مادام پشتیوانی لەتۆ دەکات، پێویست بوو پێی ڕازی بی. سیاسەتی تەجزیە لە هەموو جێیەک غەڵەتە و مەترسی هەیە. لە سەردەمی پێش ڕۆیشتنی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانەدا سیاسەتی تەجزیە نەبوو، دەگوترا کێ بەو نان و وەزعە ڕازییە، بمێنێتەوە و ئەوەی تر با بڕوا، هەرکەسێک پارە و پوڵی ویستبا، دەیانگوت بڕۆ، لای ئێمە نەمێنی. دروشمەکان ئەوە بوون، مردن لەگەڵ پێشمەرگە، نان خواردن لەگەڵ پێشمەرگە و نوستن لەگەڵ پێشمەرگە، ئەوەی بەوە ڕازی نییە، با بڕۆا، بەڵام دواتر کە ئەو ئاژاوەیە سەریهەڵدا و سیاسەتی تەجزیە سەریهەڵدا و مام جەلال و ئەوانی تر کە بە ڕێی ئێرانەوە هاتنەوە، دۆخەکە گۆڕا. بەرلە گەڕانەوەیان بارزانی بەمنی گوت ئەوانە دەگەڕێنەوە، گوتم جەنابت عەفویان دەکەی، گوتی: "ئەی چۆن عەفویان ناکەم"، گوتم وەڵا زۆر گەورەییە و سەروەرییە و زۆرم پێخۆشبوو. کە هاتنەوە بارزانی زۆر بە گەرمی پێشوازییکردن، من فەرماندەی هێزی باڵەک بووم. پێشمەرگە چوون مقەڕاتیان بۆ کردنەوە، بەڵام ئەوان چوون پاڵیان بە ڕژێمی عێراقەوەدا. دوای

ڕۆیشتنیان، حەمەدەمین فەرەج و کەمال موفتی و ئەحمەد حەمەدەمین هەرکام بە هێزێکی زۆرەوە کە عەسکەریشیان لەگەڵ بوو، دەهاتن لە قەرەداغ، لە پێنجوێن و لە ڕزگاری و زۆر شوێنی تر لە پێشمەرگەیان دەدا، بەڵام توانای خۆڕاگریان لە بەرامبەر پێشمەرگەدا نەبوو. دیسانیش دەیڵێمەوە ئەو جیابوونەوەیە گەندەڵیی و ئاژاوەی لەگەڵ خۆی هێنا و شۆڕشەکەی لەناو برد.)

لە ڕاستیدا ئەوەی لەو سەردەمەدا لە مێشکی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەیدا بووە، شکاندنی سەرۆک مستەفا بارزانی بووە، نەک سەرکەوتنی کورد و شۆڕشی ئەیلول. لەبەر ئەوە، ئەوان لەلایەک هاوکاریی ڕژێمی بەعسیان دەکرد کە شۆڕشی ئەیلول تێکبشکێت و لەلایەکی تردا هەروەکوو لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا نوسراوە و ویکیپیدیای کوردیی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، مام جەلال دوای گەڕانەوەی لە بەغدا بە دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠دا، ڕۆژی ١٩٧٠/٦/١٠ کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستانی بەنهێنی دامەزراند و لەنێو دڵی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا، بەنهێنی کاری بۆ ئەو ڕێکخراوەیە دەکرد. لەم بارەیەوە لە ویکیپیدیای کوردییدا سەبارەت بە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە:

- **(بۆ ئەوەی خەلک لە دەوری ئەو ڕێکخراوە کۆببێتەوە کەسانی ڕۆشنبیری هەلبژارد لەوانە: نەوشیروان مستەفا، شازاد سائیب، مەحمودی مەلا عزەت و رفعەت مەلا مەحمود و ئەوانەش بەنهێنی لە ناو باڵی مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد.)** هەروەها دەنوسێت: **(ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە سالی ١٩٧٠ لەمانە پێکهاتبوون: شەهابی شێخ نوری سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ناوەوەی وڵات، محەمەد سەعید میرزا/ ل. لیژنەی بغدا، جەعفەر عەبدولواحد/ ل. لیژنەی هەولێر، ئاوات عەبدولغەفور/ ل. لیژنەی سلیمانی و فریدون عەبدولقادر/ ل. لیژنەی کەرکوک.)**

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، مام جەلال لە بەیروت و سوریا بوو، و ئەوانی تریش خۆیان گەیاندە سوریا. هەروەک لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا نوسراوە لەوێ هەوڵی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیاندا: **(دەستەی**

دامەزرێنەری ی. ن. ک لە ١٩٧٥/٥/٢٢ لە ڕیستورانی "گلیگلە" لە گەڕەکی "ابو رمانە"ی دیمەشق لە سوریا کۆبونەوە. دەستەی دامەزرێنەر بە عەمەلی دەستی بە جێبەجێ کردنی کارەکانی خۆی کرد. ئەم هەڤاڵانە بەشداربوون: مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، فوئاد معسوم، د. کمال فوئاد، عادل مراد و عەبدولرەزاق فەیلی. عمر شێخ مووس نەیتوانی بەشدار بێ چونکە کوردی سوریا بوو. کۆبونەوەی دووەم لە بەرلین بەسترا لە ١٩٧٥/٥/٢٧ بە سەرپەرشتی مام جەلال هەندێک گۆڕان لە پرۆژەکە کرا و بە ڕەسمی لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١ بلاوکراوە.)

لەم بارەیەوە، ڕۆژی ١٩٧٥/١٢/٢ وتارێکیان لەژێر ناوی **"بۆچی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان"** بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە. پاش ماوەیەک وتارەکەیان وەرگێڕایەوە سەر زمانی ئینگلیزیی و دواتریش شاسوار جەلال "شەهید ئارام" ساڵی ١٩٧٦، لە ناوەوەی وڵات، وتارەکەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردی. لەو وتارەدا پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە ڕێکخراوێکی بۆرژوازیی ناساند و خۆیان بە سۆسیالیست. لە لاپەڕەی ٦ی وتارەکەیاندا دەڵێن:

– (لێرەدا ئەگەر لە ناوەڕۆکەکەی ورد بینەوە، ئەبینین "دیموکراتی" دەربڕینێکی بورجوازی و ناوەرۆکێکی بورجوازیانەیە کەواتە ناوێکی ناپێشڕەوانە و نا سۆشیالیستیانەیە لە کاتێکدا ئەو پارتییەی گەلەکەمان بۆ ڕزگاربوونی پێویستی پێیەتی، پارتییەکی پێشڕەو و سۆشیالیستیی زانستییە.)

لە بەرامبەردا ئەو گرفتانەدا، سەرۆک بارزانی هەموو ڕێیەکی بۆ سەرخستنی شۆڕشی ئەیلول تاقیکردەوە. بەرلە هەمووشتێک بۆ سەرخستنی شۆڕش، پشتی بە نەتەوەکەی خۆی بەست. ساباتێکی سازکرد کە جێی هەموو چین و توێژێک بۆوە. لە چەپی چەپەوە بگرە تا ڕاستی ڕاست، لە موسوڵمانەوە بگرە تا کریستیان، یەهودی، ئێزدیی، گاور و بێ دین، بە زمان و بیروبۆچوونی جیاوازەوە. بە دەیان جار ئەمەکناسیی خۆی بە کەریم قاسم و سەرۆکەکانی تری عێراق سەلماند و پێیداگرت کە کورد و عەرەب بران و بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەلایەن خودی حکومەتی عێراق و دواتریش لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە هەوڵیدا، بەڵام ئەوان

چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان لە بێدەنگ کردنی کورد و تیرۆر کردنی بارزانی دەبەستەوە.

لە ساڵی ١٩٥٨وە کە سەرۆک مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە تا ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، بارزانی بەدەیان جار دەستی بۆ یەکێتی سۆڤیەت درێژ کرد و تا ساڵی ١٩٧٢ درێژەی بەو سیاسەتەیدا. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت لە بواری ئابوورییەوە هاوکاریی شۆڕشی کرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١وە ساڵانە ٣٦٠ هەزار دۆلار (١٢٠ هەزار دیناری ئەو سەردەمە) و دواتر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩وە تا ١٩٧٢ کە بەرەی هاوکاریی لەگەڵ ڕژێمی بەعس پێکهێنا، ساڵانە نیو ملیۆن دینار یارمەتی بە شۆڕشی ئەیلول کرد، بەڵام ئامادە نەبوو بە جددی هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەی کورد بدات. یارمەتییەکانی سۆڤیەت بە شۆڕشی ئەیلول بۆ لاوازکردنی ڕژێم بەعس و نزیک بوونەوەی بوو لەو ڕژێمە کە بتوانێ پێگەیەک لە هەرێمەکە دابنێت و دەستی بگاتە کانزا سروشتییەکان نەوت و ئاوی دەریای عەرەب.

کاتێک ساڵی ١٩٦٣ ڕژێمی عێراق دەستی بە گرتن و ئەشکەنجە کردن و کوشتنی شیوعییەکان کرد و لە کوردستانیش شیوعییەکان کەوتنەبەر پەلاماری ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی، بارزانی باوەشی بۆ شیوعییەکان کردەوە و لە کوشتن ڕزگاری کردن. سەرنج بدەنە ئەحمەد بانیخێڵانیو بزانن لە لاپەڕەی ٢١٤- ٢١٦، کتێبەکەیدا، "بیرەوەرییەکانم"، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧دا چ دەڵێت: (... **دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق ناکۆکییەکان زیاتر ئاشکرابوون، بەتایبەتی لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا. بۆ نمونە لەوکاتەدا کە حکومەتی عێراق بەیاننامەی ژمارە "١٣" ی بۆ ئیبادەکردنی شیوعییەکان دەرکرد. مەکتەبی سیاسیی پارتیش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بە هەمان ناوەڕۆک دەرکردبوو بۆ فشار خستنەسەر شیوعییەکان و نەهێشتنیان لە کوردستاندا، دەیان هاوڕێمان لە گوندی "مالومە" کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێبوو، لە زیندانداا بوون و ئەشکەنجە و ئازار دران و داوای پاکانە کردنیان لێدەکرا و ژمارەیەکی زۆریان لە هاوڕێیانمان چەککرد و هێرشیان کردە سەر چەند بنکەیەکی پێشمەرگەکانمان لە شاخی "بەمۆ"ی ناوچەی**

خانەقین و "وەڵەسمت" لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و شوێنەکانی تر. لەو هێرشانەدا ژمارەیەک هاوڕێمان لە بنکەی "بەمۆ" شەهید کران. .... بەڵام لە لایەکەیترەدا کە بارزانی دەسەڵاتی هەبوو، داڵدەی شیوعییەکانیدا.)

ساڵی ١٩٧٢، یەکێتی سۆڤیەت پەیمانی دۆستی لەگەڵ حیزبی بەعس واژۆ کرد، بە بەستنی ئەو پەیمانە یارمەتییەکانی شۆڕشی بڕی و پشتی لە شۆڕشی ئەیلول کرد و داخوازەکانی کوردی بە زیادەخوازیی ناوبرد و بەدانی چەکی سەردەم بە ڕژێمی سەدام حوسێن، بوو بەهۆی کوژرانی سەدان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتووی کورد. سۆڤیەت تەنیا بەو پشت تێکردنە ڕازی نەبوو، بەڵکوو سەرلەنوێ حیزبی شیوعی عێراقیشی لە شۆڕشی کوردستان جودا کردەوە و کردی بە هاوپەیمانی حیزبی بەعس، تا تاوانەکانی حیزبی بەعسیان پێداپۆشێت، بەڵام مێژوو جارێکی تریش وەک ساڵی ١٩٦٣ پێی سەلماندن کە نە سەدام و نە حیزبی بەعس جێی باوەڕ نین و حیزبی شیوعی سەرلەنوێ ساڵی ١٩٧٩ کەوتەوە بەر پەلاماری ڕژێم و دیسانیش کوردستان و شۆڕشەکەی باوەشی بۆ کردنەوە.

بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بەرەی وڵاتانی عەرەبییشی تاقیکردەوە. دۆستایەتی لەگەڵ میسر، ئۆردەن و سعودیی دامەزراندن و یارمەتی دان کە بەسەر ئیسرائیلدا زاڵ بن و خاکی داگیرکراویان لە ئیسرائیل بستێننەوە. ڕۆژی ١٩٧٣/١٠/٦، لە بزاڤێکی لەناکاو، و خافڵ کەرانەدا، سوپاکانی میسر و سوریا توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. کاربەدەستانی ڕژێمی ئیسرائیل داوایان لە سەرکردایەتی شۆڕش کرد کە پێشمەرگەکان لە سوپای عێراق بدەن و لە بەرامبەردا بەڵێنێکی زۆریشیان بەنێوی خۆیان و ئەمریکا بە شۆڕشی کوردستاندا و ڕایانگەیاند ئەوە هەلێکی زێڕینە بۆ شۆڕش، بەڵام بارزانی دژی ئەو پێشنیازە ڕاوەستا و بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: **(ئەگەر کارێکی وا بکەین، بۆ هەمیشە دوژمنایەتی دوو میللەتی عەرەب و کوردمان بۆخۆمان هەڵبژاردووە. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و ناتوانین ئەنجامە زیانبەخشەکانی لە ئەستۆ بگرین.)** لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە ئازایانەی بارزانیدا، عەرەبان کاتی تەنگانە، پشتیان لە گەلی کورد و شۆڕشەکەی کرد و گوێی خۆیان لە ئاست تاوانەکانی ڕژێمی کۆنەپەرستی عێراق کپ کرد.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا زانیاریمان سەبارەت تاقیکردنەوەی ئێرانیش وەرگرت و زانیمان بارزانی باوەڕی بە شای ئێران و حکومەتەکەی نەبوو. بە بەردەوامی جەختی لەوە دەکردەوە کە شا دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی نەتەوەی کوردە. زانیمان بە پێچەوانەی داخوازی شا ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری واژۆ کرد و بە شای گوت: **(ئامانجی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە. جا ئەگەر بەعسی حوکمڕان دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت و من ئەوم نەوێت و بیدەمە دواوە، هەڵوێستم چیدەبێت لە ئاست پارتی دیموکرات و میللەتی کورد لە عێراق و لە ئاست هەموو نەتەوەی کورددا؟ من ناتوانم ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکەم، ئەگەر ئیمزای نەکەم، بەوە گەورەترین قازانج بە حزبی بەعسی حوکمڕان دەگەیەنم و لەبەرچاوی ڕای گشتیدا ئەو بە داکۆکیکەر لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئێمەش بە خائین و بایەخنەدەر بەو مافانە دەردەکەوین.)**

بارزانی دەیویست لە دەرفەتی پێشهاتوو بە قازانجی کورد و شۆڕشەکەی کەڵکوەرگرێت، ئەگەرنا کوا شۆڕشێکی بەو قەوارە مەزنە، بەبێ پشتیوانی ئێران بەڕێوە دەچوو. بارزانی هەرلە زووەوە دەیگوت ئەگەر ئەمریکا پشتی کورد بگرێ، کورد سەردەکەوێت. لە پێوەندیی لەگەڵ شای ئێرانیش بەو قەناعەتە گەیشت کە مادام وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لایەکی پرسەکەیە، شا ناتوانێ لێی وەرگەڕێتەوە، بەڵام وانەبوو.

سەبارەت بە کەڵکوەرگرتن لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەتایبەتی وڵاتانی سکاندیناڤیا، نەمسا، ئەڵمانیا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەم جۆرە. تا سەرئەنجام **سەرۆکی ئەمەریکا ڕۆژی ١٩٧٢/٦/٢٢ ڕەزامەندیی لەسەر یارمەتیدانی شۆڕش پێشاندا و جۆن کۆنالیی نارد تا جەخت لەسەر ئەو یارمەتییە بکاتەوە. ڕۆژی ١٩٧٢/٦/٢٦ دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی بە نوێنەرایەتی سەرکردایەتی شۆڕش، بە ئێراندا چوون بۆ واشنتۆن و ڕۆژی ١٩٧٢/٦/١٧ گەڕانەوە بۆ حاجی ئۆمەران.**

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا ئەمەریکا شەش ملیۆن دۆلاری ڕەوانەی شۆڕش کرد و بایی دە ملیۆن دۆلاریشی چەک بۆ کڕی. ئەمریکا بە ڕاسپاردەی شای ئێران پێوەندیی

لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول دامەزراند و کاتێک شا لە جەزائیر لەگەڵ سەدام حوسێن ڕێککەوت، ئەمریکاش پشتی شۆڕشی بەردا.

بەهەمان شێوە دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلیش وەک دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئێران بوو. ساڵی ١٩٦٣ بە گەشتێکی جەلال تاڵەبانی بۆ فەرەنسا و دیداری لەگەڵ شەمعون پیرس لە پاریس بە هاوکاریی میر کامەران بەدرخان دەستی پێکرد. یەکەم جار ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا دەبابە و سەید عەزیز شەمزینی بەبێ ئاگاداریی بارزانیی، بەڕێگەی ئێراندا چوون بۆ ئیسرائیل. دواتر کە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی ساڵی ١٩٦٤ ڕایانکردە ئێران و هاتنەوە ساڵی ١٩٦٦ چوون بۆ بەغدا، ئیسرائیل بە هاوکاریی ئێران پێوەندیی بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە گرت.

ئیسرائیل بە ڕادەیەکی سنوردار هاوکاریی سوپایی و تەکنیکی بە شۆڕشی ئەیلول دەکرد. ئەوان هەوڵیاندەدا بەهۆی پێشمەرگەکانەوە، سوپای عێراق لە شاخەکانی کوردستاندا ڕابگرن کە نەتوانی هاوکاریی میسر و سوریا بکات و دژی ئیسرائیل یارمەتی بەو وڵاتانە بکات، بەڵام هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بارزانی ئامادە نەبوو، گوتی: **(ئەگەر کارێکی وا بکەین، بۆ هەمیشە دوژمنایەتی دوو میللەتی عەرەب و کوردمان بۆخۆمان هەڵبژاردووە. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و ناتوانین ئەنجامە زیانبەخشەکانی لە ئەستۆ بگرین.)**

ئەو هەوڵانە چۆن هەڵدەسەنگێنن، ئایا هەموویان بۆ ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانە نەبوون کە پشتی کورد و شۆڕشەکەی بگرن. لەوە زیاتر بارزانی دەبوو چی بکات؟ دەستی بۆ هەموو ئەو دەهۆڵژەنانە درێژ کرد کە لەژێر ناوی چەپ و پشتیوانی زەحمەتکێشان، یان بەناوی مافی مرۆڤ و دیموکراسی گوێی دنیایان پڕ کردبوو. بڕواننە ئەو دیپلۆماسییە بەهێزەی بارزانی کە بەبێ دەزگایەکی بەهێزی ڕاگەیاندن، چۆن لە دنیادا دەنگی دایەوە. لەم بارەیەوە دوکتۆر کەماڵ مەزهەر لە وتوویژێکیدا لەگەڵ زانیار سەردار قرگەیی کە ئەویش لە لاپەڕەی ١٣٥ی کتێبەکەیدا "دوکتۆر کەمال مەزهەر ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە"دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت:

– (لە "ئامستردام"ی هوڵندە بووم ڕێگای ئوتێلەکەی خۆم بزر کردبوو هێشتا نەگەڕابوومەوە بۆ بەغدا و لە سۆڤیەت بووم، لەوێوە چووبووم بۆ هۆڵندە و کوڕێکی

لاوم بینی و لێمپرسی: فلان ئوتێل لە کوێیە؟ گوتی: خەڵکی کوێی؟ گوتم کوردم و خەڵکی ئێراقم، ئەویش گوتی: ئۆ بارزانی، بارزانی، بارزانی و گوتی: من حەزم دەکردو خەون بەوەوە دەبینم یەکێک بوومایە لە پێشمەرگەکانی بارزانی، وەرە خۆم دەتگەیەنم، ئیتر سواری ئۆتومبیلەکەی خۆی کردم هەتا گەیاندمییە بەردەم بینای ئوتێلەکە، زۆر بەگەرمی ماڵئاوایی لێکردم. بەڕاستی هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد گەنجێک لەو وڵاتەدا بەو شێوەیە سەرسام بێت بە بارزانی و بیناسێ و شارەزای خەبات و ناوی بێت.)

لێرەدا هاودەنگیی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو بەڕێزانەی کە دەڵێن: کورد خۆی، خۆی چەواشە دەکات و هێشتا بەو هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە نەگەیشتوە کە شایستە و خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت. هەر ئەوەش لایەنی دووەمی ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولی بەهێز کرد کە سۆڤیەت و ئەمریکا بەجددی هەوڵی چارەسەریی کێشەکەی نەدەن و بەرژەوەندیی خۆیان بۆ کورد نەفەوتێنن و وەک هەمیشە وەک گەلێکی بێکەسی لە دنیادا بهێڵنەوە!

هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی سەرکردەکانی پارتی بۆ عێراق

لە بەشی "**بارزانی حاجی ئۆمەران بەجێدەهێڵێت**"دا گوتم: دوای نیشتەجێکردنی پەنابەرەکان لە کۆمەڵگاکانی ئێران، ئیدریس بارزانی کرا بە بەرپرسی کاروباری پەنابەران. بە جێگیربوونی بارزانی لە نەغدە، دیاردەی گرنگ و هەستیار سەریهەڵدا بۆ لە خشتەبردنی زیاتری ورەی کادیر و بەرپرسە پەناهێنەرەکان. ڕژێمی ئێران بە تێبینی لە دۆخی پێکهاتوو، ژمارەیەک کۆمەڵگای بۆ پەناهێنەرەکان لە پارێزگاکانی ئێران کردبۆوە کە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی بەرپرسانی ئەو کۆمەڵگایانە هەڵخەڵەتاندن و فریودانی کادیران و بەرپرسە پەناهێنەرەکان بوو بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ عێراق. مەبەست لەو هەوڵەی دوژمن چۆلکردنی دەوروپشتی بارزانی بوو کە نەکات سەرلەنوێ شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوە. لەو بوارەدا، ڕژێمی شا هەموو مافەکانی پەنابەرییەتی خستبووە ژێرپێ و بەپێچەوانەی مافی پەناخوازییو پەیمانی جەزائیر ڕێی بۆ کاربەدەستانی عێراق خۆشدەکرد کە بێن و سەردانی ئەو کۆمەڵگایانە بکەن و لە کۆبوونەوی جۆراوجۆردا کە بۆیان پێکدەهێنان، وتار بخوێننەوە و هانی کادیران و بەرپرسانی پارتی بدەن کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق و بەڵێنیان پێدەدان کە ڕژێم لێیان دەبووریت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بارزانی لەسەر پێشنیازی دوکتۆر مەحمود عوسمان ئیزنی بەو ژمارە پەنابەرانە دابوو کە بەرپرسایەتیان لە شەڕەکاندا نەبووە و لەترسی بۆمبارانی فڕۆکەکان لە شار و گوندەکان رایانکردبوو بۆ ئێران، بگەڕێنەوە سەر کار و ژیانی خۆیان. لەم بارەیەوە یەکێک لە پاسەوانەکانی بارزانی بەناوی کەمال محەمەدئەمین مەحمود لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی:

- (ساڵی ١٩٧٥ ژمارەیەکی زۆر جوتیار، دوکاندار و کاسبکار ڕایانکرد بووە ئێران و لە کۆمەڵگاکاندا بوون. دوکتۆر مەحمود لە نەغەدە بە بارزانی گوت: خەڵکی عێراق هەموو هاتوون بۆ ئێران و لێرە کۆبوونەتەوە و ئەو خەڵکە ئاوارەیە بە ئێمە بەخێو ناکرێن و ناتوانین کێشەکانیان چارەسەر بکەین و ڕەنگە لێرە توشی گیروگرفت بن. لەبەر ئەوە پێشنیازی بە بارزانی کرد کە ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ عێراق و ئەوانەش کە لە خۆیان دەترسن، با بمێننەوە. بارزانی پێشنیازی دوکتۆر مەحمودی قەبووڵ کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا لە نەغەدە کە سامی عەبدولڕەحمان، ساڵح یوسفی، دوکتۆر مەحمود، حەبیب فەیلی و هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و هەروەها ئەسعەد خۆشەوی و عەلی خەلیل لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون بارزانی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاند بچن لە ئۆردووگاکاندا بگەڕین و بە پەنابەرەکان بڵێن ئەوانەی لەخۆیان ناترسن، با بچنەوە.)

هەرلەم بارەیەوە حاجی خدر عوسمان تەها گەڕۆتەیی ناسراو بە خدر خەیات کە ئەوکاتە ئەندامی پارتی بووە لە شاری هەولێر لە وتوویژێکی تایبەتدا پێی ڕاگەیاندم:

- (ئێمەیان لە حاجی ئۆمەرانەوە بە بارهەڵگری سەربازی بردە مهاباد. ئێوارە بوو گەیشتینە مهاباد. خەڵکی شار نان و پێخۆریان بۆ هێناین و بە ڕادەیەکی زۆر دڵسۆزییان لەگەڵ کردین. لەوێوە بردیانن بۆ میاندواو، و مەراغە، شەوێک و دوو ڕۆژ لە مەراغە ماینەوە و دواتر بەسواری قەتار بردیانین بۆ تاران. لە تارانەوە بۆ قوم و ئەراک و ئەندیمشک و لەوێ لە ئۆردووگایەکدا بەناوی "بابەک" دایانبەزاندین. نزیکەی ١٠- ١٢ هەزار کەس بووین. دوو ئۆردووگای تریش لە نزیک ئێمە لە شاری شوش لە پارێزگای ئەهواز بوون. دووجار لەلایەن بەرپرسانی عێراقەوە هاتن جارێک کەسێک هات بە ناوی خالید کە کورد بوو

و جارێکیش ژنێک لە عەشیرەتی "قەرەگول"ی هات و داوایان لێکردین بگەڕێینەوە بۆ عێراق، بەڵام ئێمە نەگەڕاینەوە. سەرئەنجام مەلا محەمەد مەلا قادر هات و گوتی ئەوانەی بەرپرسایەتیان نەبووە لە بەشی سیاسی و پێشمەرگەدا و لەخۆیان ناترسن، باشترە بگەڕێنەوە سەر کارو ژیانی خۆیان. ئێمە بەو چاوە تەماشایان دەکەین کە لێرە لەلای ئێمەن. ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆرمان بە ژن و منداڵەوە بە دوای لێبوردنی گشتی ڕژێم لەسەر ڕەزامەندیی بەرپرسانی پارتی گەڕاینەوە بۆ عێراق.)

بوونی کادیر، بەرپرس و پێشمەرگە و پەنابەری کوردیی باشور لە ئێران و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جێی مەترسی بوو بۆ ڕژێمی شا. لەوە دەترسان بەهۆی ئەوانەوە گەلانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتر هوشیار بێتەوە و کێشە و گرفت بۆ ڕژێم پێکبێنن. لەبەر ئەوە کاربەدەستانی ساواک هەوڵەکانیان بەرین کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕژێمی ئێران ڕێگەی بۆ سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خۆشکرد کە بێتە تاران و لەوێوە نامە بۆ پەناهێنەرەکان بنوسێ و دڵنەواییان لێ بکات کە بارزانی و کوڕەکانی بەجێهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق. لەم بارەیەوە سەدام لە نامەکەیدا دەنوسێت:

– (بۆ ڕۆڵە و برا ئازیزەکانمان، ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەمان لە گەلی کوردمان کە لە ئێران نیشتەجێن. دەمانەوێ ئەوەتان پێڕابگەیەنین کە ئەوەی بگەڕێتەوە ئەمانەی خوارەوە لە سەرمانە:

١– دەگەڕێتەوە، لە خۆی و ماڵ و ناموس و دواڕۆژی خۆی و منداڵەکانی دڵنیا دەبێت و هەموو ئەوکارانەی لە سایەی باردۆخی داخباری شەڕ ئەنجامی داون، یاسا

و لێپێچانەوە دەستی بۆ نابەن و هەریەک لە ئێوە ژیانێکی تازە لە سایەی شۆڕشەکەی و لە پێناوی خزمەتی نیشتمانەکەی دەست پێدەکات.

٢- جارێکی تریش ماوەی لێبووردنەکە درێژ دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لەبەر هەرهۆیەک بووبێت، بارودۆخەکەمان ڕێگەی پێنەداون بگەڕێنەوە بۆ نیشتمان و دوایی ئێمە ڕەگەزنامە لە هەموو ئەوانە دەستێنینەوە کە سوود لەم لێبوردنە وەرناگرن و لە دەرەوەی چوارچێوەی گەل و نیشتمانیان دادەنێین و ئێمە بایەخیان پێنادەین.

٣- گوێ لە پروپاگەندەی سەرلێشێوێن و قین لە زگان مەگرن و ئێمە کاتێک کە بەڵێنێک و پەیمانێک دەدەین، ڕێزی لێدەگرین و ئێمە بەڵێنی پیاوانەتان پێدەدەین و فڕوفێڵ و تەڵەکە بازی لە سیاسەتی ئێمەدا نییە. لێبوردنی گشتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بەبێ هەڵاواردن جگەلە مەلا مستەفا و کۆڕەکانی ئیدریس و مەسعود و هەروەها محەمەد خالید و جگە لەوانە هەموو کەسێک لێبووردن دەیانگرێتەوە.

٤- فەرمانبەر و کرێکار هەریەکە دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و هەمان مافی دەبێت کە هاوڕێکانی تری هەیانە و ئەفسەریش یان دەگەڕێتەوە بۆ سوپا، یان لە فەرمانگەیەکی مەدەنی دادەمەزرێت بەبێ ئەوەی کە لە ڕووی یاساوە شایانە، هەروەها سەرباز و پلەداریش لە هێزە چەکدارەکان و قوتابی دەگەڕێتەوە بۆ کۆلیجەکەی یان قوتابخانەکەی لەو پۆلەی کە لەکاتی دەستپێکردنی شەڕدا بەجێیهێشتوە.

لە خوا دەپاڕێنەوە کە ڕێگە پێشانی گومڕاهان بدات و ڕۆڵە ئازیزەکانی نیشتمان بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکەیان.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

سەدام حوسین تاران: ١٩٧٥/٤/٣٠ (پاشبەندی ٤٧)

هۆی ئەو هەوڵدانەی ڕژێمەکانی عێراق و ئێران بۆ دڵسۆزیی کورد نەبوو کە بگەڕێنەوە سەر ژیانی خۆیان و بە ئازادیی و بەبێ گوشار و ئازار و بەبێ مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی بژین، بەڵکوو هەروەکوو سەدام بە ڕاشکاوی ئاماژەی بۆ

دەکات، بۆ ئەوە بوو کە پشتی بارزانی بەردەن تا ئەو نەتوانێت، حیزبەکەی ڕێکبخاتەوە و سەرلەنوێ شۆڕشی کوردستان هەڵبگیرسێنێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندە تێیدا سەرکەوتن کە ژمارەیەک بگێڕنەوە بۆ عێراق. لەم بارەیەوە جەلیل ڕەزا عەلی "جەلیل فەیلی" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (کە شۆڕش ڕاوەستا، من بەرپرسی ناوچەی قەڵادزێ بووم و لەوێوە پاشەکشەم کرد بۆ کرماشان، بەڵام چووم بۆ نەغەدە و بەشداریی کۆبوونەوەی جەنابی مەلا مستەفام کرد. لە کۆبوونەوەکەدا جەنابی بارزانی دەسەڵاتی بەخۆماندا و گوتی: "هیچ کەس ناچار ناکەین لێرە بمێنێتەوە، ئەوەی تەحەمولی هەیە و دەمێنێتەوە با بمێنێتەوە و ئەوەش کە تەحەمولی نییە و دەگەڕێتەوە، ئێمە مەنعی ناکەین." ئەوە بوو کە بە دوای کۆبوونەوەی نەغەدەدا کە جەنابی مەلا مستەفا دەسەڵاتی بە خەڵکەکە سپارد، ژمارەیەک گوتنی بارزانیان بە ئیزندان بۆ گەڕانەوە وەرگرت و گەڕانەوە، بەڵام دوای گەڕانەوەی ئێمە بۆ کوردستان، ئەو ژمارەیە سەرلەنوێ هاتنەوە لای شۆڕش.)

هەروەکوو دەزانین ژمارەیەک بەهەر هۆیەکەوە گەڕانەوە بۆ عێراق، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری پەنابەرەکان وەک سەردەمەکانی ١٩٤٥- ١٩٤٦ی کۆماری کوردستان و ١٩٤٧- ١٩٥٨ی یەکێتی سۆڤیەت، پشتی بارزانییان بەرنەدا و زیاتر لە ١٨٠ هەزار کەس ئامادە و گوێ بە فەرمانی بارزانی بوون و لە گەڕانەوە خۆیان پاراست. لەم بارەیەوە خاتوو زوبەیدە عەبدولڕەحمان حەسەن دەڵێت:

- (کاتی ڕاوەستانی شۆڕش، باوکم و هاوسەرەکەم پێشمەرگە بوون و لەلای ئێمە نەبوون. ئێمە و چەند ماڵی تر، لە گوندی ستونی و دەوروبەرەوە چووین بۆ گوندی "سەرانگی" لە باکوری کوردستان و بۆ ئەوەی کە تورکەکان ئێمە نەبینن بۆ ماوەی

چوارده ڕۆژ بەناو بەفردا، چیاکانمان بڕی تا گەیشتینە ناوچەی تەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بچینە لای بارزانی و لە گوندی ئەنبێ دابەزین. من بە کێژێکی ١٠ ڕۆژەوە لەگەڵ ئافرەتەکانی تر بەسەختی توانیمان ئەو ڕێگایە ببڕین، بەڵام بە نزیکبوونەوەمان لە بارزانی دڵمان ئارام بۆوە. لەوێ عادڵ بەگ، حکومەتی ئاگادار کردەوە کە بێن ئێمە ناونوس بکەن. لەو نێوەدا عوبێدوڵا، لوقمان و سابیر، واتە کوڕەکانی مەلا مستەفا کە دواتر سەدام هەرسێیانی گوللەباران کرد، هاتنەلامان و گوتیان حکومەت لێبوردنی گشتی داوە و داوایان لێکردین بگەڕێینەوە بۆ عێراق. نزیکەی ٢٠٠ ماڵ بووین، هەموویان گوتیان تا مەلا مستەفا و ئیدریس و مەسعود لێرە بن، ئێمەش لەگەڵیان دەبین و ناگەڕێینەوە. ڕۆژی شەممە بوو لە مانگی ڕەمەزان کە حکومەت هەر ٢٠٠ ماڵی بردین بۆ کازرون و هەر ٢٥ ماڵەی لە شوێنێکیان کردین. ئۆردووگایان نەبوو، ئێمەیان سەرەتا لە حەوشەی ئیمامزادەیەک دانا. لە شانسی ئێمە ئەو ساڵە باران باری و ئێمە هەموومان بە منداڵەوە لەژێر باراندا بووین، خەڵکەکە دەیانگوت حەوت ساڵە لێرە باران نەباریوە. دواتر ئێمەیان بردە خوێندنگەیەک. سێ ساڵ لە کازرون ڕایانگرتین و دواتر کە ئێران بەرەو ئاڵۆزیی ڕۆیشت، بە ئێمەیان گوت بڕۆن جێیەک بۆخۆتان بدۆزنەوە، چونکە ماڵی باوکم لە قەزوێن بوو، ئێمەش چووین بۆ قەزوێن، بەڵام لەوێش زۆر نەماینەوە و چونکە هاوسەرەکەم ئامر بەتالیۆنی هێزی چوارچەل بوو، چووین بۆ زێوە و سەرئەنجام ساڵی ١٩٩١ گەڕاینەوە بۆ باشوری کوردستان. دیارە هاوسەرەکەم بەرلە ئێمە کرا بوو بە فەرماندەی هێزی چوارچەل و گەڕابۆوە.

یەکەم کۆبوونەوەی بارزانی بەر لە بەجێهێشتنی نەغەدە

زۆربەی پەنابەرەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا کە لە نەغەدە یان شارەکانی نزیکی وەک مهاباد، شنۆ، پیرانشار و ورمێ کۆببنەوە کە بتوانن سەرەڕای پێڕاگەیشتن بە گیروگرفتی خۆیان، لە خزمەت بارزانیدا بن.

بەرلە بەجێهێشتنی نەغەدە، بارزانی لەگەڵ ئەو ژمارە کوردە پەناهێنەرانە کۆبۆوە کە لە نەغەدە بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی خوێندەوە و لە بەشێکیدا هانی کادیر و پێشمەرگەکانیدا کە خۆیان ڕاگرن و بەئاگا بن و نەهێڵن نائومێدیی ڕوویان تێبکات. هەروەها پەنجەی بۆ دوارۆژێکی ڕوون بۆ کورد ڕاکێشا و گوتی: **(سەرکەوتنی دوایی هی کوردە.)** ئەو کۆبوونەوەیە، بەشدارانی بەجۆش و خرۆش هێنا و دەرد و ئازاری لەبیر بردنەوە و پشتیوانیی خۆیان لە بارزانی دووپات کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی مانەوە، یان گەڕانەوەی پەناهێنەرەکانی بۆ عێراق دایە دەست خۆیان و بە وتەی بەڕێز جەلیل ڕەزا عەلی "جەلیل فەیلی" گوتی: **(هیچ کەس ناچار ناکەین لێرە بمێنێتەوە، ئەوەی تەحەمولی هەیە و دەمێنێتەوە با بمێنێتەوە و ئەوەش کە تەحەمولی نییە و دەگەڕێتەوە، ئێمە مەنعی ناکەین.)**

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، مەسعود بارزانی داوای لە باوکی کرد کە ڕێی پێبدات ناوەند و ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی پارتی ببووژێنێتەوە کە بارزانی هەموو دەسەڵاتی خۆی پێ سپارد. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١– ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(منیش لەلایەن خۆمەوە داوام لە باوکم کرد ڕێگەی دەست پێکردنەوەی خەبات و دووبارە کردنەوەی ڕێکخستنی داوودەزگا و پێکهاتە حزبی و سوپاییەکان بدات کە لەسەر بنەما و بەگوێرەی چەمکی نوێباوی وا لە بارودۆخی ئێستە و تاقیکردنەوە و شارەزایی لەمەوپێش وەرگیرابێ، پێک بهێنرێتەوە. ئەویش دەستبەجێ و زۆر بەگەرمی و پێخۆشحاڵی و دڵ بە دوارۆژ خۆشی پەسەندی کرد و هەرچی دەسەڵاتی خۆی هەبوو، هەمووی پێ سپاردم و نزای سەرکەوتنی بۆ کردم.**

ئیتر منیش یەک خولەک کاتم بەفیڕۆ نەدا و هەرکە ئەو نەغەدەی بەجێهێشت دەستبەکار بووین و بایەخێکی تایبەتیشم بە کادیرە لاوەکانمان دا.)

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، ڕژێمی ئێران ڕایگەیاند: نابێ بارزانی و ئیدریسی کوڕی لە نەغەدە بن و دەبێ ئەو شارە بەجێهێڵن. بە گوێرەی ئەو فەرمانە، ئەوانیان گواستەوە بۆ کەرەج کە پێوەندیان بە کوردە پەناهێنەرەکانەوە نەمێنێت.

ڕێکخستنەوەی ئۆڕگانەکانی پارتی و بوژاندنەوەی بزووتنەوە

بە ڕاسپاردەی بارزانی، مەسعود بارزانی دوای ڕۆیشتنی باوکی لە نەغەدەوە بۆ کەرەج، ڕێکاری پێویستی بۆ ڕێکخستنەوەی ئۆڕگانەکانی پارتی دیموکرات گرتەبەر. بۆ ئەو مەبەستە بەوردی سەرنجیدا بە هەڵبژاردنی کادیرە لاوەکان. بە دروستی ورەی ڕوخاو، و تێکشکاوی کادیرەکانی لەبەرچاو گرت و لە یەکەم هەنگاودا، جەوهەر نامیق سالم، عارف تەیفور، کەریم سنجاری و محەمەد ڕەزای بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد. چونکە بنەماڵەی بارزانی و کادیر و خەباتکارانی پارتی لە گەمارۆی هەردوو لایەنی ئێران و عێراقدا بوون، ئەرکی بنەڕەتی ئەو گروپە پێنج کەسییە گرتنەبەری ڕێکاری نهێنی و پاراستنی نهێنییەکانیان بوو کە دوژمن بە هەوڵەکانیان نەزانێت. بەو تێبینییە، پرۆگرام و کەرەستەی پێویست بۆ ئەو ئەرکە دیارییکرا. بۆ وەگەڕخستنەوەی ئۆڕگانەکانی پارتی و زیندووکردنەوەی بزووتنەوەی کورد، پێویستیان بە گەڕاندنەوەی متمانە بە کادیر و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان هەبوو. دەبووایە زۆر بەجددی لەسەر ئەم دیاردەیە کاربکەن و ئەمەش پێویستیی بەکاری بەکۆمەڵی ئەو بەڕێزانەوە هەبوو. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(لە ناوەڕاستی مانگی نیسان "ئەپریل"ی ١٩٧٥ کۆبوونەوەیەکمان کرد و بەرهەمەکەی ئەوە بوو کە کاتی خۆی ناومان نا "سەرکردایەتی کاتی" ئەو سەرکردایەتییە کاتییەی شۆڕشی گوڵانی لێ پەیدابوو.)**

لەو کۆبوونەوەیەدا ئامانجەکانیان دەستنیشانکرد و هێڵ و پلانی کاری دواڕۆژی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتیان پەسەندکرد. لە درێژەی وتەکانیدا مەسعود بارزانی دەڵێت:

- (لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسایەتییەکان دابەشکران و دەستپێشخەریمان کرد زوو بانگەوازی ڕێکخستنەکەمان لەناو پەنابەرەکاندا بڵاوکردەوە و پێوەندیمان لەناو

عێراق و لەگەڵ ئەو کادیرانە دامەزراندەوە کە چووبوون بۆ تورکیا و سوریا. یەکێکیش لەو کارانەی کردمان دابین کردنی پێویستییەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو کە لە کوردستانی عێراق مابوونەوە و پێوەندیمان لەگەڵیان هەر بەردەوام بوو، هەرچەندە عێراق و ئێران لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون هاوکاریی لەنێوان خۆیاندا بکەن و هەر توندکارییەک پێویست بێ لەسەر سنوور بیکەن بۆ پوچەڵکردنەوەی هەر هەوڵێک کە بۆ زیندووکردنەوەی خەباتی نیشتمانی و گیان بە بەرداکردنەوەی ئەو خەباتە، بدرێ.) هەروەها، مەسعود بارزانی دەڵێت: **(یەکێک لە نیشانەکانی ئەم هەڵوێستە هاوبەشەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران ئەوە بوو دەزگای ئاسایشی ئێران "ساواک" کە ئەم ئەرکەی پێ سپێردرابوو، ژمارەیەک لە کادیرە چالاکەکانی ئێمەی دایەوە دەستی دەسەڵاتی عێراق و وەک هەواڵمان پێگەیشت، دەسەڵاتی عێراقیش هەمووی پاکتاو کردن، بەڵام ئەم ڕاوەدوونانە خەباتکارانی ئێمەی سارد نەکردەوە و لە درێژەدان بە خەبات و ئامادەبوون بۆ قوربانیدان بەگیان و بەهەموو شتێکی گرانبایی خۆیان کە بۆ خۆیان هەڵیان بژاردبوو.)**

یەکێک لە کادیرانی جێی متمانەی مەسعود بارزانی زەکی ئاکرەیی بوو کە بەساڵان خزمەتی بارزانی و بنەماڵەکەی کردبوو، لەبەر ئەوە، کاک مەسعود پێی ڕادەگەیەنێ بچێ هەندێک کەرەستەی پێویست بۆ دەستپێکردنی خەباتی نوێ بە نهێنی بکڕێت. لەم بارەیەوە کاک زەکی ئاکرەیی لە دوو وتووێژی جیاوازدا لەگەڵ من و لەگەڵ کاک "گۆران ئەحمەد ئیسماعیل" بۆ گۆڤاری پەیامی ئەیلول ئۆڕگانی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، دەڵێت:

- (کاک مسعود، محەمەد ڕەزا، جەوهەر نامیق، کەریم سنجاری و عارف تەیفور لەژێر چادرەکە دانیشتبوون. لیستێکی درێژ لە دەستی کاک مسعود دابوو، گوتی: "زەکی من دەڕۆم، بەڵام تۆ ئەوانەی لەم لیستە دایە دەبێ یەک بەیەک بۆیان دابین بکەیت، جگە لەوەش هەرشتێکیان پێویست بوو دەبێ بۆیان دابین بکەیت." هەروەها گوتی: **"لەدوای دابینکردنی ئەم شتانەیش بە ئەسعەد خۆشەوی بڵێ بیانبات بۆ جێگای مەبەست." منیش لیستەکەم وەرگرت، کۆمەڵێک شتی تێدا نوسرابوو، وەک: ڕۆن، حوبر بۆ چاپەمەنی و بەندی کاغەز، فتوکۆپی و بۆکس فایل. دیاربوو ئەم شتانەیان**

بۆ کاری نوسین و بڵاوکردنەوە بوو بۆ ڕاگەیاندنی دووبارە دەست پێکردنەوەی شۆڕش. هەرچەندە ئەم شتانە قەدەغە بوون و بەئاسانی دەست نەدەکەوتن، بەڵام دەبووایە پەیدایان بکەم. بۆ بەدەستخستنی ئەو پێداویستیانە چوومە لای برادەرێکم لە ورمێ بە ناوی حیجازی کە فرۆشگایەکی پەرتووکی بەهەمان ناوی حیجازی هەبوو. لیستەکەم دایە و گوتم: ئەم شتانەمان پێویستە، ئەویش سەیری لیستەکەی کردو گوتی: "ناتوانم بەجارێک ئەوانەت بۆ بێنم، مەگەر هەرجارەی شتێکت بۆ بێنم تا ئەوکاتەی تەواو دەبێ، چونکە ئەگەر هەموو بەیەکجار بهێنم لەوانەیە حکومەت گومانم لێبکات و بمگرن"، منیش پێمگوت باشە، گرینگ ئەوەیە ئەم شتانەمان بۆ پەیدابکەیت، بەم شێوەیە هەرجارێ دەچووم بۆ ورمێ و شتێکم لە حیجازی وەردەگرت و ڕادەستی جەوهەر نامیق و ئەوانی ترم دەکرد، بەڵام ئەم چوار کەسە خۆیان کێشەیان بۆ خۆیان دروستکرد. پێویستیان بە مۆرێک هەبوو کە لە نامە و بڵاوکراوەکانیان بدەن، بۆ ئەوەی کەسی تر نەتوانێ لەسەرناوی ئەوان نامە بڵاوبکاتەوە، ئیتر بەبێ ئەوەی پرس بەمن بکەن، یان ئیشەکە بەمن بسپێرن، خۆیان چووبوونە لای کتێبفرۆشێک لە نەغەدە کە خاوەنەکەی کورد بوو. داوایان لێکردبوو مۆرێکیان بەناوی "پارتی دیموکراتی کوردستان– قیادەی موەقەت" بۆ دروست بکات. ئەم کتێبفرۆشە بەڵێنیان پێدەدات و دەڵێ: "باشە ئێوارە وەرنەوە کە دڵنیاتان بکەمەوە کە پێم دەکرێ یان نا." تومەز ئەو زۆڵە کوردە دەچێ لە ساواک ڕاپۆرتیان لێدەدات، ئەوانیش پێیدەڵێن باشە، بڕۆ بۆیان دروست بکە و بڵێ ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر دووی نیوەڕۆ وەرن وەریبگرن. ڕۆژی دووشەممە کاک عارف و کاک محەمەد ڕەزا دەچن بۆ وەرگرتنی مۆرەکەیان، بەڵام دوای وەرگرتنی، دوو مەئموری ساواک لە دەرەوەی دووکانەکە دەیانگرن و مۆرەکە لە گیرفانی حەمە ڕەزا دەردەهێنن و هەردووکیان دەستگیر دەکەن.)

هەوڵی گروپی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکرات لەلایەن ساواکی ئێرانەوە ئاشکرا دەبێت. لەبەر ئەوە، ئەو پێنج کەسە و ئیدریس بارزانی و ئەندامانی تری بنەماڵەی بارزانی بە توندی دەکەونە ژێرچاودێری مەئمورانی ساواک. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٥٠ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(دەزگای ساواک بەهۆی خەفیە و نۆکەرەکانیەوە بەوەی زانیبوو ئێمە هەڤاڵان جەوهەر نامیق سالم و کەریم شەنگالیمان بە مەبەستی دەستدانە چالاکی نواندن و دەستکردنەوە بە ڕێکخستن سازی، ناردوونەتەوە بۆ کوردستانی عێراق. پاشان ئەندامانی چالاک عارف تەیفوور و حەمە ڕەزاش لە نەغەدە گیران و هەندێ بەڵگە کەوتە بەردەست ساواک کە ئەو بەڵگانە و هی تریش دەیانگەیاندە لای من.)**

بەو پێزانینەی ساواک، ئەرتەشبود نیعمەتوڵا نەسیری سەرۆکی دەزگای ساواکی ئێران کاردانەوەیەکی نامرۆڤانەی بەرامبەر مەسعود بارزانی دەبێت. ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩، کە مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی و دوکتۆر نەجمەدین کەریم دەیانویست لەگەڵ سەرۆک بچن بۆ نیویۆرک، نەسیری بۆ بەڕێکردنی بارزانی دەچێت. کاتی ڕۆیشتنیان، بۆ دەربڕینی قین و توڕەیی خۆی لە مەسعود بارزانی، جگەلەو دەست لەگەڵ ئەوانیتر دەداتەوە و مەسعود بارزانی پشتگوێ دەخات.

لەگەڵ ئەو پێشڕەوانەی یەکەم، هەنگاوەکانیان بۆ ڕێکخستنەوەی ئۆڕگانەکانی پارتی دیموکرات هەڵگرت، ئیدریس بارزانیش ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە کۆکردنەوەی کادیر و بەرپرسانی پێشمەرگە و تەنانەت پێشمەرگەکان لە دەوری ڕێبەرایەتی کاتی پارتی دیموکرات. هەروەها تا ئەو جێیەی من دەزانم، بەڕێزان سامی عەبدولرەحمان، وریا سەعاتی، فازل جەلال، عەبدولرەحمان بێداوی، دکتۆر کەمال کەرکوکی، عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، فەلەکەدین کاکەیی، فازل میرانی، دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، دوکتۆر جرجیس حەسەن، محەمەد مەلا قادر، خورشید شێرە، ڕشید عارف، ملازم یونس ڕۆژبەیانی، ملازم علی عوسمان، محەمەد سەعید دۆسکی، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس، هوشیار زێباری، حەمید بەرواری، هجر سندی، ڕئیس عەبدوڵا سدیق، محەمەد سەعید دۆسکی، دوکتۆر پیرۆت، ئازاد بەرواری، دوکتۆر سەعید ئەحمەد بارزانی. نجمەدین یوسف و فەرماندەکانی وەک: ئەسعەد خۆشەوی، شەعبان غەفار بێدوهی بەرواری، حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی"، مستەفا ساڵح عەبدوڵا نێروەیی، مەلا ئەمین بارزانی، ئەحمەد شوانە هروری، حەمید حەفیزوڵا سندی، نادر هەورامی، سەید عومەر حاجی ئۆمەرانی، محەمەد خالید بوسلی سندی، عەریف

دەروێش، سەعدون کورکی گولی، سەید سالح بەرواری، وەلی بانی مزوری، عەلی خەلیل خۆشەوی، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری، عەلی شەعبان، مەلحەم دری و سەدان کادیر و پێشمەرگەی تر کە ناوی هەموویان لێرەدا ناگونجێ، لەگەڵ ڕێکخستنی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتن.

ئەوانە و ژمارەیەکی زۆری تریش کە من ناوەکانیان نازانم هەوڵی بوژاندنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتیان لەنێو خۆی وڵات، لە ئێران، لە ئەوروپا و لە ئەمریکا دا. بەشێک لەوانەی دوای ڕاوەستانی شۆڕش ڕوویان لە ئەوروپا کرد، لەگەڵ بەشداریکردنیان لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا، بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی خۆیندکاران و لە هەمانکاتیشدا هاوکاریی لقی ٦ ئەوروپای پارتی و لیژنەکانیان دەکرد. لقی ٦ ئەوروپای پارتی دیموکرات ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١١ بە بەشداری ٨٠ خوێندکار، بە سەرپەرشتی نوری شاوەیس و سامی عەبدولڕەحمان، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی شورشی ئەیلول و ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکرات کۆنفرانسێکی پێکهێنا. ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرلین ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ لە کونگرەی نۆیەمی پارتیدا بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەندکرا. لەم بارەیەدا تارق کامل حوسین ناسراو بە تارق ئاکرەیی یەکێک لە بەشدارانی کۆنفرانسی بەرلین و کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دەڵێت:

– (بەدوای کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١١ لقی ٦ پارتی لە بەرلین کۆنفرانسێکی بەرینی پێکهێنا. نوری شاوەیس، سامی عەبدولڕەحمان، ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی پارتی لە ئەوروپا و ئەو کۆمەڵە کادیرانەی کە لە ئێرانەوە گەیشتبوونە ئەوروپا، بەشداریی ئەو کۆنفرانسەیان کرد. کۆنفرانس بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو. لەودا باس لە ڕێکخستنەوەی پارتی کرا و سەرکردایەتی کاتی پارتی کە پێشتر دانرا بوو، پەسەند کرایەوە، لە کونفرانسەدا ڕەخنەیەکی زۆر لە شۆڕشی ئەیلول گیرا و داوا کرا ئەندامانی پارتی بە ڕوحێکی تازە دەست بە ڕێکخستنی پارتی بکەنەوە. خاڵەکانی کۆنفرانس لە کونگرەی نۆیەم پارتیدا کە ڕۆژی ١٩٧٩/١٠/٤، لە زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەند کران.)

یەکەم چەخماخەی شۆڕشی گوڵان

ڕێکخستنی نوێ بە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، پێی نایە قۆناخێکی تازەی خەباتەوە. ئەوەی دوژمن هەوڵی بۆ دەدا کە کورد لە بێدەنگیدا ڕابگرێ و سەرکردە، کادیر، پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕشی ئەیلول بگێڕێتەوە بۆ عێراق، پێچەوانەی لێکەوتەوە. هەرچەندە ژمارەیەکی کەم فریوی دوژمنیان خوارد، یان بەهۆی جۆراوجۆر گەڕانەوە بۆ عێراق، بەڵام زۆربەی خەباتکاران پاش حەسانەوەیەکی کورت، بۆچوونی بارزانیان وەڕاست گێڕا و لە مانگی گوڵانی ١٩٧٦دا گەڕانەوە مەیدانی خەباتی چەکدارانە و لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵاندا، ئاوات و ئارەزووەکانی دوژمنیان گۆڕ کرد.

شەوی ٢٥- ١٩٧٦/٥/٢٦، چوارده پێشمەرگە لە مەفرەزەیەکدا بە فەرماندەیی سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی لە پێگەی "گردی سەڵاواتان" لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بەشوێن دوژمنەوە بوون کە خۆیان لە کەمینی دوژمن کەوتن و لە ئاکامدا سەید عەبدوڵا فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە و دوو لە پێشمەرگەکان بریندار بوون و دواتر سەید عەبدوڵا بەهۆی سەخت بوونی برینەکەی شەهید بوو.

ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٥، لە چۆمان یادی ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ کرایەوە. دوو لە پێشمەرگە بریندارەکان بەناوی عەلی مەلا و نەبی محەمەد پەنجەیان بۆ ئەو ڕۆژە و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان ڕاکێشا. سایتی زاری کرمانجی ئاماژەی بۆ ئەو مەفرەزەیە و سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان کرد. پێشمەرگەکانی یەکەم مەفرەزەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەکدارانە لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانییەوە میدالیای بارزانیان پێبەخشرا. لەو ڕێوڕەسمەدا یادی ئەو ڕۆژەیان کردەوە و عەلی عەبدوڵا برایم شێخە ناسراو بە عەلی مەلا یەکێک لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەی شەهید سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی دەربارەی ئەو شەڕە دوا و گوتی: **(ئێمە لەگەڵ شەهید سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی شۆڕشمان هەڵگیرساند. لەو مەفرەزەیەدا بووم کە بە بریندارى کەوتمە دەستی دوژمن، بەڵام وایانزانی کوژراوم، بۆیە جێیان هێشتم. بەیانی توانیم لەوێ دوور کەومەوە و بە**

درێژایی چەند رۆژ نانم نەخوارد و لە سنووری حاجی ئۆمەرانەوە بە بریندارى خۆم گەیاندە ئێران. ئێران منی ڕادەستی ڕژێمی عێراق کردەوە و ئەوانیش زیندانیان کردم و بڕیاریاندا لە سێدارەم بدەن.) لە درێژەی وتەکانیدا، عەلی مەلا گوتی: **(ژمارەمان ٢٤ کەس بوو، شەوی ٢٥- ١٨٧٦/٥/٢٦ لە سنوری بەردوناز ماینەوە. ئەو شەوە فڕۆکە جەنگییەکان بەسەر ئاسمانی حاجی ئۆمەران و ناچەکەدا دەسوڕانەوە و بۆمبارانیان دەکرد. ئێمە تا کاتژمێر ٩ ی شەو لەو شوێنە ماینەوە، نانمان وەچنگ نەکەوت بیخۆین و هیچمان پێ نەبوو، بەڵام شوانکارە لە چیاکە هەبوون و ئێمە لەلای شوانکارەکان توانیمان پارویێک نان پەیدا بکەین. دواتر هاتینە بەرامبەر پێگەی "گردی سەڵاواتان"، لەوێ لە کەمینی دوژمن کەوتین. من و سەید عەبدوڵا و نەبی محەمەد لە پێشەوە دەرۆیشتین و یەکڕاست کەوتینە سەر سەریان و دەستڕێژیان لێکردین. ئێمەش لێمان ڕشاندن و شەش کەسمان لە دوژمن کوشت. لەو شەڕەدا سەید عەبدوڵا دوو گوللەی وەسەری کەوت و من دوو گوللەم لە ڕان و نەبی محەمەدیش لە چۆکی کەوت. عەسکەرەکان هێرشیان هێنا کە تەرمەکانی خۆیان ببەنەوە، یەکیان هاتە سەر سەرم و منیش خۆم لە مردندا. ئەنگوستیلە و پارەو دەمانچە و شتیان لێکردمەوە و خستیانمە سەر تەرمی سەید عەبدوڵا و وایانزانی مردووم. دواتر کە تەرمەکانی خۆیان بردەوە، دۆخەکە کەمێک هێور بۆوە. من بە گاگۆڵە بەرەو دۆڵی سێبەرە خشام، چونکە گوللەکان ئێسکی ڕانمی نەگرتبوو، کاک نەبیش بەرەو سنووری ئێران ڕۆشتبوو.)** عەلی مەلا لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: **(بۆ ماوەی حەوت رۆژ بەبێ نان لە چیا مامەوە. تا سەرئەنجام کەسێک بەناوی مام حەسەن کە گاوانی حاجی ئۆمەران بوو رۆژێک هاتە ئەو شوێنەی من، خواردنی دامێ و کەسێکیش بە ناوی مام خدر دەرویشی ماوەتان زۆری یارمەتی کردم، بەڵام شەوێک لە برسان پونگم خوارد و تا بەیانی بەفر و باران بەسەرمدا باری. کە بەیانی مام خدر هاتەوە لام و منی لەو حاڵەدا بینی، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک. وتم مەگری هێشتا ماوم. هەندێک خورمای پێدام و گیای وێنجەی بۆ کوتام بۆ سەر برینەکانم و پەستەکێکیشی دەبەر کردم. گۆچانەکەیم هەڵگرت و بە لاکە لاکە بەرەو ئێران ڕۆیشتم.)** عەلی مەلا دوای چەند رۆژ دەگاتە سنووری گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان و لەلای شوانەکانی ئەو ناوچەیە نان دەخوات و دەگاتە ئاواییەکان کەچێ بەهۆی ڕاپۆرتی کەسێکەوە ڕژێمی ئێران دەستگیری دەکات. لە نەخۆشخانە چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکات و ڕادەستی ڕژێمی عێراقی دەکاتەوە.

لەگەڵ کەوتنە کەمینی مەفرەزەی شەهید عەبدوڵا چەخماخەی شۆرشی گوڵان لێدرا و جمووجۆڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگە دەستی پێکردەوە و سەرلەنوێ هیوا کەوتەوە نێو دڵی جەماوەر و جۆش و خرۆش سەریهەڵدایەوە.

شایانی باسە ٢٦ی گوڵان، بە مێژووی کوردی باکوری کوردستان دەبێت بە ٢٦ مانگی "مای- ئەیار". بە مێژووی کوردیی دەبێت بە ٥ی جۆزەردان. بەو واتایە، شۆڕشی گوڵان ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٢٦ هەڵگیرساوە.

ناساغی ڕوو لە بارزانی دەکات

لە بەشی "ڕێککەوتنی جەزائیر"دا پەنجەم بۆ ئەم وتەیەی بارزانی ڕاکێشا کە لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامامی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و دەستەیەک لە ڕۆشنبیران، گوتی: **(من خۆم کە گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە، تەمەنم یارمەتیم نادات بۆ شەڕی پارتیزانی کە پێویست دەکا مرۆڤ بەپەلە و بەشەو، و بەڕۆژ لەم شاخەوە بگوێزێتەوە بۆ ئەو شاخ. ... و ئەگەر کەسێکیش هەیە دەتوانێ ئێستە سەرکردایەتی شەڕی پارتیزانی بگرێتە دەست من ئامادەم هەموو یارمەتییەکی بدەم.)**

ئەو دەربڕینەی بارزانی لەخۆوە نەبوو کە ئاماژەی بۆ لاوازیی خۆی لە ڕێگە ڕۆیشتندا کرد. ناوبراو بەر لەو کۆبوونەوەیە و تەنانەت پێوەندی سەدام و شا، بەهۆی ژانی لاقی ڕاستی لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان سەردانی دوکتۆرەکانی ئێرانی کردبوو کە چارەسەریی بۆ نەخۆشییەکەی بدۆزێتەوە. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان پێشتر لە نامەیەکیدا لە ڕۆژی ١٩٧٤/٧/٤، بۆ ئیدریس و مەسعود بارزانی نوسیبووی:

برایانی بەڕێز کاک ئیدریس و مسعود بارزانی پێشکەش

سەلام و ئیحترام

هیوام وایە صحەتتان باش بێت. صحەتی بابە باشترە و ئەحواڵتان ئەپرسێت وە هەروەها دوکتۆری ئێرە تەماشایان کردووە و پرفیسۆرێکی سلف ئیمرۆ تەماشای کرد و هەموو متەفیقن لەگەڵ ئەو تشخیصەی کە لەکاتی خۆی لەوێ دوکتۆر جەمال و من تەصورمان کردبوو و دەرمانیان داوەتێ لەگەڵ کورسێت و ئێستا باشترە و بەرەو باشتریش ئەڕوات بڕیاریانداوە تا دە ڕۆژی تر ئیستراحەتی تەواو و دەرمان بەکار بهێنێت وە پاش ئەوە ئەگەر باش بوو ئەوا لە سەری مستمر ئەبێت و ئەگەر خرابتر بوو یان هیچ فەرقی نەکرد، عیلاجی تر دائەنێن و دوکتۆرەکەی سلق ئیقتراحی کرد ئەگەر تا ١٠ ڕۆژ فەرقی نەکرد بچێتە لای ئەوان، بەڵام خۆی دوکتۆرەکە ئەی ووت و منیش هەروا تصور ئەکەم کە ئیحتیاجی بەوە نابێت و انشاالله زۆر زوو

چاک ئەبێت و دێینەوە و بە مەصلەحەت نازانرێت ئێستا بەپەلە بگەڕێینەوە چونکە مومکنە ئەزیەت بخوات و مەجبور بێت بگەڕێتەوە ئێرە کە هاتوچوکە خۆی باش نیە لەبەر ئەوە ممکنە ٧ یان ١٠ ڕۆژی تر مجبوربین بمێنینەوە هەرچەندە خۆی و ئێمەش پێمان خۆشە زۆر زوو بێینەوە لەبەر ئەوزاعی شەڕی ئێوە، بەڵام وابزانم گەڕانەوە بە نەخۆشی سوودی نییە بەڵکوو زەرەرە و.....تد.

براتان دوکتور محمود

١٩٧٤/٧/٤ (پاشبەندی ٤٨)

دوای ڕاوەستانی شۆڕش، بارزانی هەستی بە ژانی سنگ و پشتی کرد. ژانەکەی بە ڕادەیەک بوو کە بەشێک لە خەوی شەوانەی بەدەرد و ئازارەوە تێدەپەڕاند، بەڵام خۆی بێدەنگ بوو، تا سەرئەنجام ئیدریس و مەسعود بەهۆی دایکیانەوە بە ئازاری باوکیان زانی و قسەیان لەگەڵ کرد، کەچی دیسانیش ئەو گوێی نەدایە و مەسەلەکەی لا گرنگ نەبوو. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(مەسەلەکە بەپێچەوانەی ئەوە بوو کە ئەو دەیوت، نیشانەی تێکچوونی تەندروستی بە ئاشکرا دیاربوو.)**

کاک ئیدریس باوکی دەباتە تاران، بەڵام بارزانی ئامادە نابێ خۆی پێشانی دوکتۆرەکانی ئێرانی بدات. لەبەر ئەوە داوا دەکەن ڕێیان بدەن بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشییەکەی بیبەن بۆ ئەوروپا. ڕژێمی ئێران بە ڕاسپاردەی ڕێبەرانی ئەمریکا هاودەنگی لەگەڵ بردنی بۆ ئەوروپا ناکەن و واتیدەگەن مەبەستی بارزانی لە چوون بۆ ئەوروپا، بۆ پێوەندیی گرتنە بە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر وردەکارییەکانی خیانەتی ئەمریکا و ئێران بە گەلی کورد بۆ ڕای گشتی جیهان، بەڵام بە پێداگریی زۆر، سەرئەنجام ڕازی دەبن بارزانی ڕەوانەی ئەمریکا بکەن بەو مەرجەی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی لەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت و بارزانی مافی ئەوەی نەبێت پێوەندی بە ڕۆژنامەکانەوە بکات و داوای بینینی هیچ کاربەدەستێکی ئەمریکیش بکات.

هەرچەندە بارزانی ئەو بڕیارەی لا پەسەند نەبوو، و دەیویست بچێتە ئەوروپا و بەتایبەتی وڵاتانی سکاندیناڤیا، بەڵام باری تەندروستی ڕێگەی پێنەدا کە زیاتر پێ لەسەر ئەو خواستەی داگرێت و لە ئاکامدا ساواکی ئێران و CIA ڕێککەوتن بارزانی بۆ ئەمریکا بگوازنەوە. بەم جۆرە، لەسەرەتای سپتێمبەر "ئەیلول"ی ١٩٧٥، واتە چوار مانگ و نیو بە دوای جێگیربوونی بارزانی لە ئێران، بەڕێزیان لەگەڵ عەلی خەلیل خۆشەوی و شەفیق قەزاز و جەمشید ئەمانی کە ئەفسەرێکی مەئموری ساواک بوو، گواسترایەوە بۆ ئەیالەتی مینیسۆتای ئەمریکا و لە نەخۆشخانەی مایۆ کلینینکی شاری ڕۆچستەر پشکنینیان بۆ کرد و دەرکەوت توشی هەڵاوسانێکی شیرپەنجە بووە لە سیەکانیدا و نەخۆشییەکەی حاڵەتی گەشەکردنی بەخۆیەوە دیوە و هیوای چارەسەریی و چاکبوونەوەی نییە. دەربارەی هەڵسوکەوتی بارزانی لەگەڵ ئەو نەخۆشییە، دوکتۆر شەفیق قەزاز لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

– (من لەگەڵی چووم بۆلای دوکتۆر، تەماشای کرد و ڕۆیشتین. من گەڕامەوە لای دوکتۆرەکە، گوتی شێرپەنجەیەکی گەشە کردوی مەترسیداری هەیە. چوومەوە لای بارزانی، گوتی پێم بڵێ دەزانم سەرەتانم هەیە، بەڕاستی ئەو دڵخۆشی منی دەدایەوە. ئێوارەیەک پێمگوت زۆر خەفەت مەخۆ دەزانم شۆڕشێکمان لە دەستداوە، بەو حاڵەش تۆ سەرکردەی ئێمەی، حەز بکەی، یان نا، ئێمە شتێکمان لە دەستداوە و میللەتێک چاوەڕوانە، دەبێ دەست بکەیەوە بەڕێکخستن، بەڵام ئەو گوتی من شکستم خواردوە و ئەو حەقە بەخۆم نادەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا. کە لەگەڵی چوومە ئەمریکا کەسێک هەبوو بەناوی "جۆن سیسکۆ" سکرتێری کیسنجەر بوو، لە دواکاتەکاندا هات بۆ لامان. من وتەکانم وەردەگێڕایەوە. گوتی من حەزدەکەم پێی بڵێی ئێمە شکستمان خوارد، بەڵام داوا دەکەم ئەمریکا کێشەی کورد و مەسەلەی کورد بکات بە سیاسەتی حکومەتەکەی خۆی.)

دوای ئاگاداربوونی لە نەخۆشییەکەی، بارزانی داوا دەکات ئیدریس یان مەسعود بێن لەلای بمێننەوە. چونکە کاک ئیدریس لە تاران لەگەڵ باوکی بوو، ئەمجارەیان کاک مەسعود ئەرکی کاروباری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سەرکردایەتی کاتیی پارتی

دیموکرات بە کاک ئیدریس دەسپێرێ و خۆی ڕۆژی ١٩٧٥/٩/١٠ دەگاتە ئەمریکا. کاتی گەیشتنی بۆ نیویۆرک، بارزانی لە شاری لۆس ئەنجلۆس لەژێر چاودێری دوکتۆرەکاندابوو. لەبەر ئەوە بەبێ ماتەڵ بوون بەسواری فڕۆکە خۆی دەگەیەنێتە لۆس ئەنجلۆس و بە سواری تاکسی دەچێ بۆ ئەو هۆتێلەی کە بارزانی و هاوڕێیانی لێی دەژیان. لە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ عەلی خەلیل و شەفیق قەزاز، هێمای خەمباریی لە سیمایاندا دەبینێ و کاتێک لە هەواڵی باوکی پرسیاریان لێدەکات، دەڵێن خەریکی حەمام کردنە و هەرکە پرسیاری ئاکامی پشکنینەکانیان لێ دەکات، ئەوان خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و دەگرین. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (منیش خۆم پێ نەگیرا و تەزوویەکی وەک ئیفلیج بوون بە سەرتاپێی لەشمدا هات و خوێن لە دەمارەکانمدا وەستا. لێمپرسین: چی ڕوویداوە؟ چی بووە؟ زیاتر دایانە پرمەی گریان. لەم ڕەستەیە بەولاوە لێیان دەستگیر نەبوو: "سەبرکە تا باوکت دێت." هەرکە لە گەرماوەکە هاتەدەرەوە چووم بۆلای. بە سەرسامییەکەوە لەبەر دەمیدا وەستام. زمانم گیرا و وشەیەکم لە دەم بۆ نەهاتەدەرەوە. ئەو بنیادمەم لەبەر دەممدا نەدەدی کە هەمیشە خووم بە دیتنیەوە گرتبوو. وەک کەسێکی تر هاتەپێش چاوم کە نەخۆشییەکی سەخت پرزەی لێ بڕیبێ و لەڕ و لاواز بووبێ و چارەسەرکردن ڕەنگ و ڕووی گۆڕیبێ و چرچ و لۆچی ئەوەندە خستبێتە دەموچاوی کە دیمەنی جارانی نەهێشتبێ و ڕەشیی مووە پڕەکەی سەری بەهۆی چارەسەرەوە سپی بووبێ. تێگەیشت لە چ حاڵێکدام. زوو بە ڕاشکاوییە پێناسراوەکەی خۆی پێی وتم: کوڕم دەبێ باوەڕت بەوە هەبێ کە مەرگ ڕێگەی هەموو کۆمەڵی ئادەمیزادە و وەنەبێ تەنیا بۆ پیر بێ و گەنج نەگرێتەوە. نەبەستراوە بەساغی و نەخۆشییەوە. ئەگەر قەزا و قەدەر بڕیارێکیدا، بەری لێ ناگیرێ و دوا ناخرێ.) لە درێژەی نوسینەکەیدا مەسعود بارزانی دەڵێت: **(هەستێکی بەهێزی هەبوو، لە هەڵسوکەوت و پێوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکدا ئاسایی بوو و بە هەموو جۆرێ خۆی لەوە دوور دەگرت کە لە باری تەندروستیی خۆی و تەنینەوەی نەخۆشییەکی بدوێ.)**

بارزانی ترسی لەوە هەبوو کە بەدوای مەرگیدا، ئیدریس و مەسعود پێکەوە هەڵنەکەن و ئەوەی بیستبووەوە کە دەستێک لەکار دایە کە هەوڵدەدات یەکێتی و یەکڕیزیی نێوان بنەماڵەی بارزانی بشێوێنن. ئەوە باشترین دەستکەوت بوو بۆ دوژمن کە بەو ڕێگایەوە بزووتنەوەی کورد بەتەواوی تێکبشکێنن. لەم بارەیەوە جەلیل ڕەزا عەلی "جەلیل فەیلی" لە وتوێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت: **(کاتێک مەسعود بارزانی، جەوهەر نامیق سالم، حەمە ڕەزا، کەریم سنجاری، عارف تەیفور خەریکی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حیزب بوون و دەیانویست شۆڕش زیندوو بکەنەوە، حاڵەتێک پەیدابوو کە دەیانویست لێکدابڕانێک لەنێو بنەماڵەی بارزانیدا پێک بێنن.)**

بێگومان بارزانی خۆی بە ناپاکیی فاخر مێرگەسوریی زانی بوو کە بە ڕێنوێنی دوژمن ئەو ئەرکە ناپیرۆزەی خستبووە سەرشانی خۆی و چەند کادیریش لەنێو ڕێبەرایەتی کاتی پارتی دیموکراتدا نەزانانە بەشوێنی کەوتبوون، ئەوە بوو ئامۆژگاریی مەسعودی کرد کە یەکڕیزیی خۆیان بپارێزنو ئیزن نەدەن دووبەرەکی لەنێوانیاندا سەرهەڵبدات. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٦ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(لەناو ئەو ڕاسپێرییانەیدا کە ڕای دەسپاردم جێبەجێیان بکەم، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا دۆخ و بارودۆخ هەرچۆن بێ، هیچ دووبەرەکی و ناکۆکییەک لەنێوان من و ئیدریسی برامدا ڕوونەدا. ئێمەش، سوپاس بۆ خوا تا دوایی ئەو ڕاسپێرییەی ئەومان لە گوێ گرت و جێبەجێمان کرد.)**

میوانی نەناسراو

دەزگای هەواڵگری CIA، سەرۆک مستەفا بارزانی بەناوی خۆیەوە بە نەخۆشخانەی مایۆ نەناساندبوو. پێیراگەیاندبوون میوانێکی تایبەتە و هەوڵی دەرمانکردنی بدەن. بارزانییش لەلایەن خۆیەوە هیچ زانیارییەکی بە دوکتۆرەکان نەدابوو، بەڵام هەریەک لە دوکتۆرەکانی ئەو نەخۆشخانەیە لە دوکتۆر جێمز ڕۆی ماکفرسن سەرۆکی نەخۆشخانە و دوکتۆر کاڕ و دوکتۆر ئیگان و ئەوانی تر بەگوێرەی ئەرکی پزیشکیی خۆیان کۆتاییان لە پشکنین و چارەسەریی بارزانیدا نەکرد. دوای ماوەیەک دوکتۆر ماکفرسن بە ڕێگای خوێندنەوەی گۆڤاری جوغرافیای نیشتمانیی The National Geographic Magazine کە لە ژمارەی ئاداری ساڵی ١٩٧٥دا وێنەیەکی بارزانی بڵاوکرابۆوە، تێدەگات کە نەخۆشە میوانەکەی مستەفا بارزانییە. دوکتۆر ماکفرسن گۆڤارەکە دەباتە نەخۆشخانە و بە دوکتۆرەکان و کارمەندانی نەخۆشخانەی مایۆی نیشاندەدات و بەم شێوەیە هەموویان بە ناسنامە و پلەی بارزانی دەزانن و بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە کاربەدەستانی ئەمریکا بە مەبەست بارزانییان شاردۆتەوە. لەو پێوەندییەدا دوکتۆر ماکفرسن داوا لە بارزانی دەکات وێنەیەکی واژۆکراوی خۆی بە یادگار بداتێ کە بارزانی داواکەی جێبەجێ دەکات.

دوکتۆر جێمز ڕۆی ماکفرسن سەرۆکی نەخۆشخانە مایۆ یەکێک لە دوکتۆرە هەرە لێهاتووەکانی ئەو نەخۆشخانەیە بوو. ناوبراو بەپێی داب و نەریتی کارەکەی سەرنجی خۆی لەسەر نەخۆشەکانی نوسیوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٧ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(بۆی باس کردم کەوا بەپێی دابوونەریتی دوکتۆرەکان باری سەرنجی خۆی لە بارەی بەناوبانگترینی ئەو پیاوانەوە نووسیوە کە چارەسەری کردوون و لەناو زۆر لەو پێشەوایانەدا کە لە ماوەی ژیانی پیشەیی خۆیدا چارەسەری کردوون، پلەی یەکەمی بۆ بارزانی تەرخان کردووە.)**

دوکتۆرەکان بەرنامەیان بۆ بارزانی دانا کە لەگەڵ خواردنی دەرمانەکانی ڕەچاوی ئەوە بکات کە هەموو مانگێ جارێک پشکنینی بۆ بکەن تا نەخۆشییەکەی سەرهەڵنەداتەوە. لە هەمانکاتدا دەزگای ساواک جەمشید ئەمانی ئاگادار کردەوە کە لەگەڵ بارزانی بگەڕێتەوە. بەرلە گەڕاندنەوەی بارزانی بۆ ئێران، جۆزیف سیسکۆ سکرتێری هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی بارزانی کرد و پێی گوت: کۆشکی سپی دەستی لە شانۆگەریی جەزائیردا نەبووە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بۆ وتەکانی سیسکۆ دەکات کە گوتوویەتی:

- (ژەنەڕاڵ، لێت ناشارمەوە تۆ بەرلەوەش کە لێرە بتبینیین، پایە و ڕێزێکی مەزنت لای ئێمە هەبوو. ئێستەش پاش ئەوەی پێت گەیشتین و لەگەڵت دانیشتین، قەدر و پایەت لامان دوو هێندە زیاتر بووە، چونکە وامان لێ چاوەروان دەکردی داوای شتێکمان بۆخۆت لێ بکەی، کەچی بەپێچەوانەوە دیمان تەنیا داخوازییەکانی گەلەکەتمان لێ داوا دەکەی و هیچ بۆخۆت داوا ناکەی.)

بارزانی ئەو دیدارەی لەگەڵ سیسکۆ بەهەل زانی و ئەوەی لە دڵیدا بوو بۆی هەڵڕشت. پێی گوت: هەرگیز باوەڕی بە شای ئێران نەبووە، بەڵام پێیوانەبوو کە ئەمریکا وا لە بزووتنەوەی کورد بکات. لە کۆتاییدا داوای لێکرد ئەمریکا کێشەی کورد و مەسەلەی کورد بکات بە سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا. دوکتۆر شەفیق قەزاز وەرگێڕی قسەکانی بارزانی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، لەم بارەیەوە گوتی:

– (لە ئەمریکا کەسێک هەبوو بەناوی "جۆزیف سیسکۆ" سکرتێری کیسنجەر بوو، لە دواکاتەکاندا هات بۆ لامان. من وتەکانم وەردەگێڕایەوە. بارزانی هەرچی لە دڵیدا بوو پێی گوت و ئەم جارە گوتی من حەزدەکەم پێی بڵێی ئێمە شکستمان خوارد، بەڵام داوا دەکەم ئەمریکا کێشەی کورد و مەسەلەی کورد بکات بە سیاسەتی حکومەتەکەی خۆی. مەلا مستەفا هەستی کردبوو ئێمە چ لەگەڵ ئەمریکا و چ لەگەڵ ئێران، لەگەڵ دەوڵەتدا کارمان نەکردوە، واتە ئەو ڕێککەوتنەی کە هەبوو لەسەردەمی نیکسۆن و کیسنجەر کە وەختی خۆی دوکتۆر مەحمود و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ چوون بۆ ئەمریکا، ناڕێکی تێداهەبوو، چونکە پێوەندییەکە لەگەڵ دەزگای هەواڵگری دامەزرابوو. لە ڕاستیدا ئێمە پشتگیری ئەمریکامان بەدەست هێنابوو، بەڵام پشتگیرییەکە لەگەڵ CIA بوو.)

مەسعود بارزانی و شەفیق قەزاز و عەلی خەلیل خۆشەوی دەیانەوێ لە جیاتی گەڕاندنەوەی بارزانی بۆ ئێران، ئەو ببەن بۆ یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپایی تا بە بەردەوامی لەژێر چاودێریی دوکتۆرەکاندا بێت، بەڵام لەو سەردەمەدا هیچکام لە وڵاتانی ئەوروپا ئامادە نابن بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێرانو عێراق لە مەترسی هاوێن، لەبەرئەوە لە ڕووی ناچارییەوە، ڕۆژی ١٩٧٥/١١/١٠ بارزانییان گەڕاندەوە بۆ ئێران. لەم بارەیەوە دوکتۆر شەفیق قەزاز لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێیڕاگەیاندم:

– (مەلا مستەفا بانگی منی کردو گوتی داوایان کردوە من و تۆ بگەڕێینەوە و گوتویانە تۆ بەتایبەتی لەگەڵ من بگەڕێیتەوە. دیارە ئێمە لەسەر ئیزنی شا و هاودەنگیی ئەمریکا و بەڵێنی گەڕانەوەمان بۆ ئێران چووبووین. هەرچەندە لەسەر ویستی کاک ئیدریس دەبووایە من لە ئەمریکاوە بچم بۆ لەندەن و لەگەڵ ژمارەیەک

کادیری تر کە ڕەوانەی دەرەوە کرابوون، بۆ زیندوو کردنەوەی ئۆڕگانەکانی پارتی کار بکەین.)

دوای گەڕانەوەی، بارزانی دۆخی تەندروستی باشبوو، بەڵام کاتێک شێخ بابۆی برای لە ١٩٧٥/١٢/١٥ کۆچی دوایی کرد، سەرلەنوێ پشت و سنگی دەستیان بە ئازار کردەوە. بەم بۆنەیەوە ویستیان بیگەڕێننەوە بۆ ئەمریکا، بەڵام هەردوو دەزگای هەواڵگریی ساواک و CIA دژی گەڕاندنەوەی بارزانی ڕاوەستان.

بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو بڕیارەی ئێران و ئەمریکا، داوایان لە محەمەد سەعید دۆسکی کرد کە پێوەندیی بە دوکتۆر ماکفرسنەوە بگرێت، تا بەڵکوو بۆ گەڕاندنەوەی بارزانی بۆ ئەمریکا یارمەتی بکات. ناوبراو بە ئاگادار بوون لەو هەڵوێستەی ئەمریکا، دەستبەجێ نامەیەک بۆ بەرپرسانی ئەمریکی دەنوسێ و داوا دەکات بارزانی بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی بگەڕێتەوە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

محەمەد سەعید دۆسکی دیپڵۆماتێکی کورد بوو، لە سەردەمی حوکمی پاشایەتییەوە تا ساڵی ١٩٧١ دیپلۆماتێکی عێراق بوو لە ئەمریکا. لەو ساڵەدا فەرمانێک لە عێراق دەرچوو بۆ ئەو ئەندامانەی سوپا و دیپڵۆماتانەی کە هاوسەرەکانیان لە ڕەگەزی بێگانە بوون کە یان لە هاوسەرەکانیان جیا بنەوە یان کارەکەیان بەجێهێڵن. هاوسەری دۆسکی عەرەبی لوبنان بوو کە لە ئەمریکا لەدایک ببوو. دەکرا وەک ژمارەیەک لە هاوکێشەکانی بە عەرەبی بناسن، بەڵام تەنیا بەهۆی کورد بوونییەوە، پۆستەکەیان لێ ستاندەوە. ئەو دۆست و لایەنگری بارزانی و شۆڕشی کورد بوو. دۆسکی بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی دوکتۆر ماکفرسن، پێوەندی بەو دۆستانەیەوە گرت کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر کۆڕ و کۆمەڵە ڕەسمییەکانی ئەمریکا، وەک جۆرج مینیی سەرۆکی سندیکای کرێکارانی ئەمریکا کە خاوەن دەسەڵاتێکی بەرین بوو، سناتۆر هنری جاکسن، سناتۆر دیک ستۆن و ژمارەیەک ڕۆژنامەنوسی وەک ویلیام سافایر. هەرکام لەو کەسایەتیانە بە ڕێگای خۆیانەوە گوشاریان خستە سەر کاربەدەستانی ئەمریکا و هەڕەشە لێکردن کە ئەگەر ڕێ لە گەڕانەوە و چارەسەریی نەخۆشییەکەی بارزانی بگرن، هەڵوێستی دژ بە مرۆڤایەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ڕای گشتی جیهان ڕادەگەیەنن. لە ئەنجامی ئەو گوشار هێنانەدا کیسنجەر

و شای ئێران ناچاربوون بەو مەرجە کە بارزانی هیچ دیدارێکی ڕۆژنامەنوسی ناکات و تەنیا مەبەستی چارەسەریی نەخۆشییەکەی بێ، ڕێگای گەڕانەوەی پێدەدەن. بەو مەرجەوە، شا ئیزنی بە بارزانیدا بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا. لەو سەفەرەدا ساواک سەرهەنگ جەمال مبینی لەگەڵ بارزانی خست تا هاتوچۆیەکانی کۆنترۆڵ بکات. لەلای خۆشییەوە، مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی و دوکتۆر نەجمەدین کەریم بارزانییان هاوڕێی کرد و ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩ لە تارانەوە چوون بۆ واشنتۆن. ڕێزدار محەمەد سەعید دۆسکی و ژمارەیەک لە دۆستان پێشوازییان لە بارزانی و میوانەکان کرد. ئەمریکا ئیزنیدا دۆسکی لەلای بارزانی بمێنێتەوە.

دەربارەی ئەم سەردانەی بارزانی بۆ ئەمریکا و ڕۆڵی سەرهەنگی ساواک جەمال موبینی پرسیارم لە موحسین دزەیی کرد، لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی: (**ئێمە لە نیویۆرکەوە یەکسەر چووین بۆ ڕۆچستەر کە مایۆ کلینینکی لێبوو. حەوتوویەک لە هۆتێل کاکلر Kakllir ماینەوە و دوای کۆتاییهاتنی پشکنینەکانی بارزانی، چووین بۆ کالیفورنیا و حەوتویەکیش لەوێ بووین و دواتر گەڕاینەوە بۆ واشنتۆن. دوای گەڕانەوەی جەمال موبینی بۆ ئێران ماڵێکمان بەکرێ گرت و لەوێ ماینەوە. جەمال موبینی ئەفسەرێکی ساواک بوو، ناردبوویان ئێمە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام زمانی ئینگلیزیی نەدەزانی کە بتوانێ ئێمە کۆنترۆڵ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی باشبوو و دەستی لە کاروباری ئێمە وەرنەدەدا.**)

ساواک و CIA داوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئێران دەکەن

لەو پشکنینانەدا دوکتۆر ماکفرسن و دوکتۆرەکانی تر ڕایان وابوو نەخۆشییەکەی بارزانی بەخێرا بەرەو چارەسەریی دەچێت، بەڵام بۆ دڵنیابوونی زیاتر، بۆ ماوەی شەش مانگی تر شیمی تراپییان بۆ دانا. هێشتا ئەو شەش مانگە بەکۆتا نەهاتبوو کە لەلایەن سەرهەنگ جەمال مبینی و CIA وە بە بارزانی ڕاگەینرا کە ساواک داوای کردوەتەوە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئێران. دۆسکی ناچاربوو سەرلەنوێ دۆستەکانی ئاگادار بکاتەوە. نامەیەکیان بۆ سەرکۆماری ئەمریکا نوسی و بەهەوڵی ئەو دۆستانەی پێشتر ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، بڕیاریاندا بارزانی دەتوانێ لەسەر حیسابی خۆی لە ئەمریکا بمێنێتەوە. دەربارەی فەرمانی گەڕاندنەوەی بارزانی بۆ ئێران، مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٥١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (لە کاتێکدا من خەریکی دانی کرێی ئوتێل بووم ئاغای موبینی لە باڵیۆزخانە گەڕابۆوە و ناوەڕۆکی نامەکەی شای بە باوکم گەیاندبوو. کە منیش لە کارەکەی خۆم بوومەوە و کە گەڕامەوە سەیر دەکەم موبینی ڕووی گرژە و لە حاڵەتێکی تووڕەییدایە، دەسبەجێ لێمپرسی: چی قەوماوە ؟ وتی: باوکت جنێوی بە خاوەن شکۆ داوە، من لەوە دڵنیا بووم باوکم هەرگیز قسەی ناشیرینی بەدەمدا نایەت. بەپەلە چووم بۆلای باوکم بزانم مەسەلە چییە و لێمپرسی: وتی: "نە جنێوم داوەتێ و نە قسەی سووکم پێ وتووە، بەڵام بە پەڕاوێزەوە نامەکەی لە شاوە هاتبوو و موبینی بۆی خوێندمەوە، وتم: خاوەنشکۆ ڕاست نافەرموویت!")

بە دوای ئەو ڕووداوەدا، ساواک سەرهەنگ جەمال موبینی گەڕاندەوە بۆ ئێران. دوکتۆر نەجمەدین کەریم چوو بۆ لەندەن خێزانی بێنێت و مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی و محەمەد سەعید دۆسکی لەلای بارزانی مانەوە. ئەوانیش هۆتێلیان

بەجێهێشت و ماڵێکیان لە واشنتۆن بۆ مانەوەی خۆیان بەکرێ گرت. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧وە دەرمانیان لە بارزانی بڕی، بەڵام پشکنینەکانی بەردەوام بوو.

بە ئازادبوونی بارزانی لە چنگ ساواک و دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا و چوونی لە هۆتێلەوە بۆ ماڵی خۆی، ئەم جارەیان پێی دۆستان و سیاسیکاران و ڕۆژنامەنوسان بۆلای بارزانی کرایەوە. ئەم کەسایەتییانەی هاتوچۆی بارزانیان دەکرد، بەگشتی بریتی بوون لە: جۆرج مینی سەرۆکی سندیکای کرێکاران، کێر کلاندی بریکار و وەزیری پێشوو، شلزنگر و ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، دیک ستۆن و هنری جاکسۆن و جیمز ئەبوو ڕزق و هەروەها پیرهیۆبرت هەمڤری کە پاڵێوراوی پۆستی سەرکۆمار بوو. لەناو ڕۆژنامەنوسانیشدا ولیام سافریر، جاک ئەندرسن و دانا ئادام شمیدت کە دۆستی دێرینی بارزانی و خاوەنی کتێبی "گەشتێک بۆلای پیاوە قارەمانەکان". جگەلەوانە ژمارەیەکیش باڵیۆز و دیپلۆماتکاری خانەنشین و ئیشکەری وەک جیمس ئیکنز، ویلیام ئیگلتن و مۆریس درێپر بەرپرسی بەشی کەنداو لە وەزارەتی دەرەوە کە سەرسامیی خۆی بە بارزانی لە کەس نەدەشاردەوە و هەوڵی خزمەتکردنی بارزانی و شۆڕشی کوردستانی دەدا.

شانبەشانی ئەو گەورە پیاوانە، کەسانی تریش هەبوون کە قین و نەفرەتی خۆیان لە کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەردەبڕی. تەنانەت بە نوسینی مەسعود بارزانی یەکێک لەوانە لە بەرامبەر ئەو مامەڵە خراپە شەرمهێنەرەی ئەمریکا کە سەبارەت بە نەتەوەی کورد کردی، خۆی بە شەرمەزار دەزانی. موحسین دزەیی دەربارەی یەکێک لە چالاکییەکانی بارزانی لە نیویۆرک، لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٧٦ لە واشنتۆن بووین. بانگهێشتیان کرد بۆ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانیی کە سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان بوو. ئێمە چووین بۆ بارەگاکەی لە نیویۆرک. هۆڵی کۆبوونەوەکە و بینای نەتەوەیەکگرتووەکان تەنیا شەقامێکیان لەنێواندا بوو. لە هۆڵی کۆبوونەوەکە ئامادە بووین، داوایان لە بارزانی کرد وتارێک پێشکەش بکات. هۆڵەکە پەنجەرەیەکی هەبوو دەیڕوانییە بینایەی نەتەوەیەکگرتووەکان. بارزانی چوو بۆ شوێنی وتار خوێندنەوە، بەڵام بۆ ماوەی یەک

دوو خولەک بە بێدەنگی ڕاوەستا و قسەی نەکرد. خەڵکەکە سەرسام بوون لەوەی بۆچی قسە ناکات. دەستی پێکرد و گوتی: "من بۆ ئەوە وەستابووم کە لەم پەنجەرەیەوە سەیری دەرەوەم کرد، سەیرم کرد ئاڵای هەموو میللەتانی دنیا لەسەر بینای نەتەوەیەکگرتووەکانە، جگە لە ئاڵای کوردستان. ئاڵای وڵاتی لێیە کە بە قەد شارێکی کوردستانە. ئێمە ٣٠ ملیۆنین. لەگەڵ ئەوەشدا داوامان نەکردوە کە سەربەخۆ بین و داوای ئۆتۆنۆمیمان کردوە کە ئەوەشمان پێ ڕەوا نابینن. میللەتی ئێمە ئیعدام دەکرێ، دوور دەخرێتەوە و ئازار دەدرێ، بەڵام هیچ کەس لەسەری وەجواب نایە."

بە ڕاستی بارزانی پیاوێک بوو تا دواڕۆژی تەمەنی کە کۆچی دوایی کرد، بەرگری لە مافی کورد کرد. هەمیشە دەیگوت: "کورد دەبێ ڕۆژێک بە ئامانج بگات." دەیگوت: "کوردستان یەک پارچەیە و کورد یەک نەتەوەیە و بەبێ پرسکردن بەخۆی دابەشیان کردوە." دەیگوت: "ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد دەبێ مافی خۆی بەدەست بێنێت." دەیگوت: "من ڕێزم هەیە بۆ هەموو سەرکردەکانی کورد، بۆ هەموو کوردێک کە هەوڵی دابێت بۆ مافی کورد."

بە دید و بۆچوونی من نە لەمەوپێش و نە ئێستا من سەرکردەیەکی وەک بارزانیم نەدیوە. سەرکردەی لێهاتووی وەکوو بارزانی نەبووە. کورد گەلێک شۆڕشی کردوە، بەڵام هیچ شۆڕشێکی کورد وەکوو شۆڕشی ئەیلول لە ناوچەیەکی ئاوا بڵاودا ١٣-١٤ ساڵ دەوامی نەکردوە و خاوەنی دەستکەوت نەبووە. ڕاستە شۆڕشەکە لە کوردستانی عێراق بوو، بەڵام خەڵکی هەموو پارچەکانی دیکە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات، باکور و ڕۆژئاوای کوردستانی تێدابوو و لە ڕیزی پێشەوەدا بەرگریان دەکرد.)

هەروەها سەبارەت بە چالاکییەکانی بارزانی لە ئەمریکا، تاهیر عەبدولغەفور شوشی دەڵێت: **(بارزانی بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشییەکەی لە ئەمریکا بوو، لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٧دا محەمەد سەعید دۆسکی تەلەفۆنی بۆم کرد گوتی وەرە بۆ واشنتۆن، نزیکەی ١٠٠ کورد لە ئەیالەتەکانی ئەمریکا لە هۆتێل فەیر فەکس Fair Fax ی واشنتۆن کۆبووینەوە کە بچین بۆ نیویۆرک و لەپێش بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان خۆپێشاندان بکەن و مەزلومییەتی کورد بەگوێی کاربەدەستانی نەتەوەیەکگرتووەکان،**

ڕۆژنامەنوسان و خەڵکی ناوچەکە بگەیەنن. دوای خۆپێشاندانەکە، کاتژمێر ١٥:٠٠ی ئەو ڕۆژە گەڕاینەوە بۆ واشنتۆن و ڕۆژی دوایی بارزانی هاتە هۆتێلەکەمان بەخێرهاتنی کردین. بارزانی سەرەڕای تێکچوونی باری تەندروستی و نەخۆش بوونی، ورەی زۆر بەرز بوو، بە دڵگەرمییەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی دەدا. بەڕاستی بۆ من و هەموو کوردەکانی دانیشتووی ئەمریکا، بارزانی مینبەری ڕاستەقینەی گەلی کورد بوو. ئەو بە ڕادەی ئیمانی بەخودا، ئیمانی بە چارەسەریی کێشەی کوردیش هەبوو. ئامۆژگاریی کردین بخوێنین و خۆمان و منداڵەکانمان پەروەردە بکەین.)

شەڕی بازێ لە ناوچەی هەکاری

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەم بە ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە باشوری کوردستان کرد. هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش کە بە شۆڕشی گوڵان ناوبانگی دەرکرد، جەلال تاڵەبانی، دوکتۆر فوئاد مەعسوم، دوکتۆر کەمال فوئاد، عادل موراد، عەبدولڕەزاق میرزا "فەیلی" و عومەر شێخموس لە دیمەشق یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان دامەزراند. دوای دامەزران و کاری بە کردەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شەڕێک لەنێوان یەکێتی نیشتمانیی و پارتی دیموکراتدا لە گوندی بازێ لە ناوچەی هەکاریی لە باکوری کوردستاندا سەریهەڵدا کە زیاتر لە ٧٥٠ پێشمەرگەی تێدا لەناو چوو. بۆ زانیاریی لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو شەڕە و ئاکامەکەی، پێویستە ئاوڕێک لە سەرچاوەکان بدەینەوە.

دوای ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی بەعسی عێراق لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بارزانی بۆ جاری دووەم لە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و گروپەکەیان خۆشبوون و ئیزنیان پێدان بگەڕێنەوە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول. لە لاپەڕەکانی پێشوودا کاسێتی دەنگی وتووێژی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا "دەبابە"م بڵاوکردەوە. زانیمان ئیبراهیم ئەحمەد داوای لێبوردنی لە بارزانی کرد و بەڵێنی پێدا چیتر کار بۆ دوژمنی داگیرکەر ناکات و لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و گروپەکەی دەگەڕێنەوە ڕیزی شۆڕش و خزمەتی شۆڕشی نەتەوەکەیان دەکەن، بەڵام لە ڕەوتی کارەکاندا دەرکەوت ئەم جارەش وەک ساڵی ١٩٦٥، ئەو گروپە بەناپاکی گەڕاونەتەوە و دیسانیش پێوەندییان بە بەغداوە هەیە. بە وتەی سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا بڵاومکردەوە، ئەوان لە کوردستانەوە و لە ڕیزی شۆڕشی ئەیلولدا کاریان بۆ ڕژێمی بەعس دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی مێژووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لە ویکیپیدیای کوردیی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، مام جەلال بە دوای گەڕانەوەی لە بەغدا، لە ١٩٧٠/٦/١٠ بەنهێنی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستانی دامەزراندوە و لەناو دڵی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا، بەنهێنی

کاری بۆ ئەو ڕێکخراوەیە کردوە. لەم بارەیەوە لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە:

- (بۆ ئەوەی خەلک لە دەوری ئەو ڕێکخراوە کۆببێتەوە کەسانی ڕۆشنبیری هەلبژارد لەوانە: نەوشیروان مستەفا، شازاد سائیب، مەحمودی مەلا عزەت و رفعەت مەلا مەحمود و ئەوانەش بەنهێنی لە ناو باڵی مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد.) هەروەها دەنوسێت: **(ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە سالی ١٩٧٠ لەمانە پێکهاتبوون: شهابی شێخ نوری سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ناوەوەی وڵات، محەمەد سەعید میرزا/ ل. لیژنەی بغدا، جەعفەر عەبدولواحد/ ل. لیژنەی هەولێر، ئاوات عەبدولغەفور/ ل. لیژنەی سلیمانی و فریدون عەبدولقادر/ ل. لیژنەی کەرکوک.)**

دەربارەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان" لە دڵی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا کە دواتر ناویان کرد بە "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"، عەلی محەمەد قادر "عەلی بچکۆڵ" ئەندامی "لیژنەی کەرکوک"ی ئەو ڕێکخراوەیە، لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(بە دوای هەڵوەشاندنی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان "مەبەست لەو پارتەیە کە بەدوای خۆبەدەستەوەدانی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بە ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٦٦، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕژێمی بەعس وەک ئالترناتیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستیان کرد. نوسەر"، ئێمە پێمانوابوو بەو شێوازەی ئەوسای پارتی و بەو هەڵسوکەوتەی ناتوانێ شۆڕشی کورد بەرەو سەرکەوتن بەرێت، بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد لەبار نەچێت، ئێمە بەجیا لە پارتی، هەموو ئەو کادیرە چەپانەی لە پارتی شۆڕشگێڕا مابووینەوە، لە شار و لە لادێ کەوتینە ئەوەی خۆمان ڕێکخەن و تەنزیمێکی چەپ دامەزرێنن.)**

بەرلە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول مام جەلال لە بەیروت بوو. وەک ڕاوێژکاری لیژنەی بەیروتی شۆڕش، هاوکاریی شێخ عەزیز شێخ ڕەزا نوێنەری شۆڕشی دەکرد. دوای ڕاوەستانی شۆڕش، مام جەلال و ژمارەیەک لە ئەندامانی گروپەکەی چوون بۆ سوریا. حیزبی بەعسی سوریا بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو کە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد هاوکاریی ڕژێمی عێراقی دەکرد، بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا سیاسەتی خۆی گۆڕی و بەهۆی کێشەی لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراق، ئەم جارەیان بە دژی ڕژێمی عێراق هاوکار و یارمەتیدەری نزیکی خەباتکارانی کوردی باشوری کوردستان بوو. لەبەر ئەوە، مام جەلال بۆ دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکەم دانیشتنەکانی لە دیمەشق پێکهێنا. لەم بارەیەوە لە مێژووی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە: **(دەستەی دامەزرێنەری ی. ن. ک لە ١٩٧٥/٥/٢٢ لە ڕیستورانی "گلیگلە" لە گەرەکی "ابو رمانە"ی دیمەشق لە سوریا کۆبونەوە. دەستەی دامەزرێنەر بە عەمەلی دەستی بە جێبەجێ کردنی کارەکانی خۆی کرد. ئەم هەڤاڵانە بەشداربوون: مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، فوئاد معسوم، د. کمال فوئاد، عادل مراد و عەبدولرەزاق فەیلی. عمر شێخ مووس نەیتوانی بەشدار بێ چونکە کوردی سوریا بوو. کۆبونەوەی دووەم لە بەرلین بەسترا لە ١٩٧٥/٥/٢٧ بە سەرپەرشتی مام جەلال هەندێک گۆڕان لە پرۆژەکە کرا و بە ڕەسمی لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١ بلاوکراوە.)**

لە چوارچێوەی هەوڵەکانیاندا بۆ دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژی ١٩٧٥/١٢/٢ وتارێکیان لەژێر ناوی **"بۆچی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان"** بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە. پاش ماوەیەک وتارەکەیان وەرگێڕایەوە سەر زمانی ئینگلیزیی و دواتریش شاسوار جەلال "شەهید ئارام" ساڵی ١٩٧٦، لە ناوەوەی وڵات، وتارەکەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردی. لەو وتارەدا بەرهەڵستی ناوی پارتی دیموکرات دەبنەوە و وشەی دیموکراتیی بە دەربڕینێکی بۆرژوازیی و ناپێشڕەوانە دەناسێنن و ئەرکی دامەزراندنی سۆسیالیزم بۆ ڕێکخراوەکەیان دیاریی دەکەن. لەم بارەیەوە لە لاپەڕەی ٦ی وتارەکەیاندا دەڵێن: **(لێرەدا ئەگەر لە ناوەڕۆکەکەی ورد بینەوە، ئەبینین "دیموکراتی" دەربڕینێکی بورجوازی و ناوەرۆکێکی بورجوازیانەیە**

کەواتە ناوێکی ناپێشڕەوانە و نا سۆشیالیستیانەیە لە کاتێکدا ئەو پارتییەی گەلەکەمان بۆ ڕزگاربوونی پێویستی پێتەتی، پارتییەکی پێشڕەو و سۆشیالیستیی زانستییە.)

یەکەم هەنگاوی ڕێکخراوی نوێ بە دوای ئاشکرابوونیدا، لەناوبردنی پارتی دیموکراتی بۆرژوا بوو. سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەو ئامانجەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی و پێشمەرگایەتی دوور بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا ناوەندەکەیان لە سێ چوکڵەی سنوری سوریا، تورکیا و عێراق لە گوندی "بیشێ ڕەش" لە چیای شرناخ دانا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بنکەی پارتی دیموکرات لە گوندی "سنە"، کەمتر لە نیوکاتژمێر مەودای لەگەڵ ئەو گوندە هەبوو، بەڵام دواتر بۆ ئەمنیەتی زیاتر، یەکێتی بارەگاکەی گواستەوە بۆ گوندی "نۆکان". سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی دەیویست هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ کوردستان، خەبات بکات بۆ لاوازکردنی و لەناوبردنی پارتی دیموکراتی بۆرژوا و نەهێڵێ کادیر و پێشمەرگەکانی لە ئێرانەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پارتی دیموکرات بەرلە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی، لە ١٩٧٦/٥/٢٦دا بەناوی شۆڕشی گوڵان و بەناوی سەرکردایەتی کاتی "قیادە موەقەت" گەڕابۆوە بۆ باشوری کوردستان و دەستی کردبۆوە بە خەباتی چەکدارانە و هەرلەو ڕۆژەدا فەرماندەیەکی بەناوی "سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی" شەهید ببوو. پارتی دیموکرات بۆ یادەوەریی ئەو ڕۆژە و بۆ ڕێزگرتن لەو سەرکردەیە، پەیکەری سەید عەبدوڵای لە زارکی شاری سۆران لە بازگەی "گەلی عەلی بەگ" داناوە.

دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی، پارتی دیموکراتیان بە نۆکەری ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی ئێران ناساند و نوسیان: **(ئەیانەوێ خەباتی گەلەکەمان لە ڕێگاکەی لابدەن یا ئەو ڕێبازە کۆنە زیندوو بکەنەوە کە پیایدا ڕۆیشتن و بووە هۆی ئەوەی کە گەلەکەمانی گەیاندە هەڵدێری ئەو کارەساتە نیشتمانیی کە وێنەی نەبوو لە مێژوودا.)**

هاوکات لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی و بەرلە گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بۆ گۆڕەپانی خەباتی بەکردەوە لە باشوری کوردستان، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی چەندجار لە دیمەشق کۆبوونەوە کە ڕێککەوتنێکی سیاسیی بۆ

هاوکاریی دواڕۆژ لەنێوان پارتی و یەکێتیدا واژۆ بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن و سەرئەنجام لەسەر پەیمانێکی سەربازیی یەکیان گرت. یەکێک لە خاڵەکانی ئەو پەیمانە، پاراستنی ئەمنیەتی پێشمەرگەکان و دوور ڕاگرتنیان بوو لە شەڕی براکوژی. بۆ ئەو مەبەستە، هەرکام لەو دوو ڕێکخراوانە دەبووایە کاتی گواستنەوەی چەک و پێداویستییەکانیان لە سوریاوە بۆ کوردستان یەکتر ئاگادار بکەنەوە تا ئەگەر لە ڕێگادا پێشمەرگەکانیان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، گرفتیان بۆ نەخوڵقێت. لەم بارەیەوە ملازم نیهات سابیربەرزەنجی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(دوای ڕاوەستانی شۆڕش، من لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ لە ئێرانەوە چووم بۆ هولەندا و لە کۆتایی هەمان ساڵدا لەگەڵ ملازم عەبدولڕەحمان بێداوی و شوکری نێروەیی گەڕامەوە بۆ سوریا. لە یەکەم سەفەری کاک مەسعوددا بۆ سوریا لە ساڵی ١٩٧٦، من لەگەڵ بەڕێزیان بووم. لەوێ کاک مەسعود و مام جەلال کۆبوونەوە. دەیانویست ڕێککەوتنێکی سیاسی لەنێوان پارتی و یەکێتی و حیزبی بەعسی چەپدا مۆر بکەن، بەڵام چونکە کاک مەسعود تەنازولی لە کەرکوک نەکرد، ئەو ڕێککەوتنە سەری نەگرت. من لە کۆبوونەوەکەدا نەبووم، بەڵام کاک کەریم شەنگالی، عەبدولڕەحمان بێداوی، وریا سەعاتی و غازی زێباری لە کۆبوونەوەکەدا بوون. لە کۆبوونەوەیەکی تردا کاک مەسعود و مام جەلال ڕێککەوتن کە یەکێتی نیشتمانی و هاوپەیمانانی و پارتی دیموکرات بە ئاگاداریی یەکتر چەک لە سوریاوە بێنن کە نەکات پێشمەرگەکان لە ڕێگەدا تووشی یەکتر بن و شەڕیان لەنێواندا دروست بێت.)**

دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دوای ئەو ڕێککەوتنە، یەکەم وەجبەی چەکیان لە ١٩٧٧/٣/١ لە سوریاوە هێنا کە ٦٠ کلاشینکۆف بوو. ئەو چەکانە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە وەرگیرا و هەر ئەویش بنکەی "بیشێ ڕەش"ی کردەوە، بەڵام دواتر لەوێ نەمایەوە و وەک خۆی دەڵێت: بۆ پاراستنی ئەمنیەت لەوێوە گواستییەوە بۆ نۆکان و بنکەکەی لەسەر سنوری دەستکردی نێوان عێراق و ئێران دانا.

ساڵی ١٩٧٧، مام جەلال لە سوریاوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی هەرمێ "دۆڵی هەرمێ" لە سێ سوچی سوریا، تورکیا و عێراق و لەوێوە چوو بۆ نۆکان و ڕۆژی

١٩٧٧/٨/٣١ یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەسەر خاکی کوردستان پێکهێنا کە ١٢ ڕۆژی خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا مام جەلال بە سکرتێری گشتی دانرا. لە کۆمەڵە: ئارام و سالار عەزیز، لە بزووتنەوە: ڕەسوڵ مامەندو عەلی عەسکەری و لە خەتی گشتی: ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی پۆستی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان وەرگرت.

لەو کۆمیتەیەدا بڕیاریاندا، سەرلەنوێ سەرکردایەتی حیزبەکەیان بگوازنەوە بۆ ناوچەی سێ سنوری نێوان سوریا، عێراق و تورکیا، تا لەلایەک پارتی دیموکراتی کوردستان کە گوایە ٢٥٠- ٣٠٠ پێشمەرگەی لەو ناوچەیەدا هەبوو، لەوێ دوور بکەنەوە و لەلایەکیتردا، لە سنوری سوریا نزیکە بنەوە کە پێوەندییەکانیان بەئاسانی ئەنجام بدەنو چەک و پێویستییەکانیان بەبێ گێروگرفت بێنن. لەم بارەیەوە لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیدا هاتووە: **(دوای لابردنی سەرکردایەتی لە سێ سنوور بۆ نۆکان، لە مانگی ١٩٧٨/٣ دووەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەسترا بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە- دارایی- دانانی نەخشە و پلان- دروست کردنی هەشت هەرێم. دوای چەند مانگێک بڕیار درا بگەڕێنەوە بۆ سێ سنوور. لەبەر نزیکی لە سوریا- تورکیا- ئێران- کوردستان. ئەوکاتە زیاتر لە هەزار پێشمەرگە لە سەرکردایەتی بوون، کران بە سێ ڕەتل و ژمارەیەکی زۆری بێ چەک بوون. پاش وەرگرتنی زانیاری لەسەر سێ سنوور کە هێزەکانی قیادە موەقەتە لەوێ بوون ژمارەیان ٣٠٠ کەس بوون. دوای بەڕێکەوتنی ڕەتلی یەکەم و دووەم لە هەکاری تووشی شەڕ بوون لەگەڵ قیادە موەقەتە و جاشەکانی تورکیا. زیاتر لە ٧٥٠ پێشمەرگە لەو سەردەمە تیاچوون. باقی هێزەکەی سەرکردایەتی گەڕانەوە قەندیل لە ١٩٧٨/٩/٢٠.)**

هەرلەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٧ی نامیلکەی "کارەساتی هەکاری" کە سێ جار لە ساڵانی ١٩٨١، ١٩٨٣ و ١٩٩٥دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت: **(ل.س- ی.ن.ک بەگشتی بڕیاریدا کە بارەگای سەرکردایەتی بباتەوە ناوچەی برادۆست لەسەر ٣ سنوور بۆ ئەوەی:**

١- بارەگای دەزگا سەرکردەییەکان لە شوێنێکی ئەمیندا جێگیر ببێ و بپەڕژێتە سەر جێبەجێ کردنی ئەرک و فەرمانەکان.

٢- پێش ١٩٧٨/٦/١ واتە پێش کاتی جێبەجێ کردنی بڕیاری حکومەتی عێراق لەمەڕ ڕاگوێزانی دێهاتەکانی سنوور. ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە وە ڕێگەی هێنانی تفاقی جەنگی و یارمەتی و پێویستییەکانی شۆڕش بکاتەوە.

٣- مەفرەزەکانی بادینان لەوێوە بنێرێتەوە بادینان و جێگیریان بکەن و لەوێوە هێزی پێشمەرگە شەپۆل بە شەپۆل بەرەو قوڵایی بادینان بچێ و کڵپەی شۆڕش هەڵبگیرسێنێ بەتایبەتی دوای ئەو جەزرەبە قورسانەی ساڵانی ٩٧٦- ٩٧٧ لەلایەن ق.م-ەوە لە هێزەکانی ی.ن.ک درابوو.

٤- پاککردنەوەی ناوچەکە لە چەکدارەکانی ق.م ئەگەر بوونە ڕێگری پلانەکانی ی.ن.ک.

٥- داوای یەک لەسەر یەکی دۆستەکانی ی.ن.ک لە تورکیا بەتایبەتی "دە.دە.کا،دە-DDKD"[1] بۆ نزیک بوونەوەی هێزەکانی ی.ن.ک لە سنوری تورکیا.

دوای گەڕانەوەی مام جەلال و بەرلەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی ئەو پلانەی جێبەجێ بکات، سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی بەکردەوە، ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتی دیموکرات خستە ژێرپێ و چەند وەجبە چەکیان لە سوریاوە هێنا بۆ نۆکان کە ئەوە چەند گرفتی لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتیدا پێکهێنا و یەکێک لە مەفرەزەکانی چەک گواستنەوەی یەکێتی بە فەرماندەیی ملازم حەسەن کە لە سوریاوە دەهات لەگەڵ مەفرەزەیەکی پارتی و خەڵکی شەمزینان ڕووبەڕوو بوونەوە و لە ئاکامدا ملازم حەسەن شەهید و ئەوانی تر بەدیل گیران و چەک و کەلوپەلەکانیان لێ ئەستاندن. دەربارەی ئەو وردە شەڕانە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (بەرلە شەڕی هەکاری مەفرەزەیەکیان هاتبوو بۆلای ئێمە و عەریف فاتیحیان شەهید کردبوو. بە دوای ئەوەشدا چەند وردە شەڕی تریشمان هەبوو. مەفرەزەیەکیان لە سوریاوە هات، سامان گەرمیانی، دوکتۆر خدر خۆشناو، ملازم ئەنوەر، مەجید مسری و ژمارەیەک پێشمەرگەیان لەگەڵ بوو کە ئەوانمان گرت و دواتر بە فەرمانی سەرکردایەتی پارتی بەڕێزەوە ئازادمان کردن.)

بەرلەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی پلانەکەی جێبەجێ بکات، زانیاریی لەسەر هەموو لایەنەکانی پێویست وەرگرت کە بەبێ زیان بتوانێ خواستەکانی جێبەجێ بکات. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٨ی نامیلکەکەیدا دەڵێت: **(زانیاری تەواو لەسەر هێزەکانی عێراق، تورکیا و ئێران کۆکرانەوە. بارەگاکانی ق.م لە گوستە، چەمەتوو، هەرکی، شەکونس و بێداو، لێپرسراوەکانیان: سامی، ئەورەحمان پێداوی، ئازاد مەحمود خەفاف، وریا ڕئووف سەعاتچی، ملازم سەردار ئەبوبەکر، ملازم عەمەر عوسمان، عەریف یاسین، مستەفا نێروەیی، نهاد، یونس ڕۆژبەیانی، حەمید ئەفەندی، عەبدولا ساڵح، هاشم ڕەمەزان و مەلا ئەمین بەرزانی بوون و ژمارەی هێزی ئەسڵی یان ٢٥٠- ٣٠٠ چەکدار. هێزە چەکدارەکانی ق.م لە چەندین بارەگا و بنکەی دوور لەیەک دابڕاودا لە هێڵێکی درێژی سنووری تورکیا و عێراقدا پەرت و بڵاوبوون و بارەگایەکیان لە ٢٠- ٥٠ کەس زۆرتر نەبوو.)** لە درێژەی نوسینەکەیدا، نەوشیروان مستەفا دەڵێ: **(بە لێدوانی DDKD حیزبی هاوپەیمانی یەکێتی، ق.م لە چەند سەرۆک عەشیرەتێکی کۆنەپەرست دا لە جەلێ و ئولودەڕەدا نفووذ و دەسەڵاتی هەیە و لە کاتی گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی ئەوان هاوکاری دەکەن.)**

ئەو ڕاپۆرتە ناڕاستەی پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات"، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی توشی هەڵە کرد، چونکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوندەکانی سەرسنوری دەستکردی تورکیا لەگەڵ عێراق پشتگیریی بنەماڵەی بارزانییان دەکرد. هەرلە کۆنەوە، کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانیان بەهۆی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکرات چارەسەر دەکرد و سەوداو مامەڵەکانیان لەگەڵ دانیشتوانی باشوری کوردستان بە کارئاسانی بەرپرسانی پارتی ئەنجامی دەگرت. لەم بارەیەوە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

- (خەڵکی سەر سنورەکانی تورکیا کە زیاتر لە ٩٥%یان پشتگیریی بنەماڵەی بارزانیان دەکرد. خەبەریان بۆ هێناین کە ملازم حەسەن خۆشناو خەریکە چەک دەگوازێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو چەک گواستنەوەیە، بەرپرسانی یەکێتی بۆ خافڵاندنی ئێمە، داوایان کرد لەگەڵمان کۆبنەوە. بەو زانیارییە، ئێمە بووین بە

دووبەش، بڕیارماندا بەشێکمان لەگەڵ حامیدی حاجی غالی و شێخ جەواد کۆبینەوە و بەشەکەی ترمان بۆ پوچەڵکردنەوەی پلانەکەیان و گرتنی چەکەکان بچن. ئەوانەی چەکیان دەهێنا لە "کانی ڕەش" کەوتنە کەمینی ئێمەوە و ئەوانی تریش کە تەنیا بۆ خافڵاندنی ئێمە دەیانویست لەگەڵمان دانیشن، نەهاتن و ڕایان کردە ناوچەی سۆران و لەوێ خۆیان گرتەوە و لە مەفرەزەیەکی ئێمەیاندا، ژمارەیەکیان لە ئێمە شەهید کرد و ملازم حەسەن خۆشناو و ڕەمزی خۆیان تەسلیمی عێراق کردەوە و چەند کەسیشیان وەک نسرەدین مستەفا و عەبدولڕەحمان حاجی عەلی و مام وسو دزەیی پەڕینەوە لای ئێمە. بەرلە شەڕی هەکاری مەفرەزەکانی هەرێمی سێی پارتیان پاک کردەوە.)

سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات، باشوری کوردستانی بەسەر سێ هەرێماندا بەشکردبوو. بە وتەی ملازم یونس ڕۆژبەیانی لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، هەرێمی یەکەم بە سەرۆکایەتی جەوهەر نامیق سالم لە سنوری دەستکردی سوریاوە هەتا بێداو. هەرێمی دووەم بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان بێداوی، لە بێداوەوە تا حاجی ئۆمەران و هەرێمی سێیەم بە سەرۆکایەتی کەمال کەرکوکی لە حاجی ئۆمەرانەوە تا هەورامان.

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە، هەوڵیدا سەرکردایەتییەکەی لە نۆکانەوە بگوازێتەوە بۆ چیای برادۆست. بۆ ئەو مەبەستە هێزەکانی کردە سێ بەش، بەشێکی لەگەڵ مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی لە نۆکان بەجێهێشت و دوو بەشەکەی تری بەشێوەی خوارەوە ڕەوانەی ناوچەی بادینان کرد تا شوێنێک لە چیای برادۆست بۆ بارەگای سەرکردایەتی دیاریی بکەن و هێزەکانیان تا سنوری دەستکردی سوریا بڵاوبکەنەوە

و ٢٥٠- ٣٠٠ پێشمەرگەی پارتی دیموکرات لە ناوچەکە دوور بکەنەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە، نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگەیان کۆکردەوە. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ١٠ی نامیلکەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕێکخستنە نوێیە دەکات و دەڵێت:

- (بەشی یەکەمی هێزەکە ٣٢٠ پێشمەرگە زیاتر بوو لەوانە ١٥٠ چەکدار و ئەوی تریان بێ چەک بوون. ئەو لێپرسراوانە لەگەڵ هێزەکە بوون: خالید سەعید (ئەندامی م.ع- ی.ن.ک) حسین بابە شیخ (ف.هە بادینان)، محمود عبدالرحمن (ف.هە ٢ی شارباژێر)، رەئووف مستەفا ف.هە پینجوین)، حامید حاجی غالی (یاریدەدەری ف.هە ١ی هەورامان و شارەزوور).

- بەشی دووەمی هێزەکە نزیکەی ٥٠٠ پێشمەرگە ئەبوو کە لەوانە نزیکەی ١٥٠ کەسیان بێ چەک بوون. ئەو لێپرسراوانە لەگەڵ هێزەکە بوون: عەلی عەسکەری (ف.هە.پ.ک)، تایەری عەلی والی (ئەندامی م.س و م.ع- ی.ن.ک)، سەید کاکە (ف.هە ٨ی هەولێر)، تالیب رۆستەم (ف.هە.٦ی قەلادزە)، شیخ جەوادی بیدەری (یاریدەدەری ف.هە چەمی ریزان).

- بەشی سێ یەمی هێزەکە نزیکەی ١٥٠ کەس بوو کە زۆربەیان چەکدار بوون، وە ئەبوایە سکرتیری گشتی- ی.ن.ک و ئەندامانی تری م.س- ی.ن.ک و نوێنەرانی کۆمیتەی ئامادەکردنی- پ.د.ک و پاسوک لەگەل بوایە.)

پێکهاتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێکهاتەیەکی ڕێک و یەکدەست نەبوو کە بتوانێ ئامانجە درێژخایەنەکانی جێبەجێ بکات. لە ڕووی فیکرییشەوە تێکەڵاوێک بوو لە ناسیونالیست، نەتەوەیی و سۆسیالیست کە گونجانیان پێکەوە دژوار بوو، بەڵام ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول ئەوانی لە دەوری مام جەلال کۆکردبۆوە و ئەویش ڕۆلی ڕێکخەری ئەو پێکهاتەی دەگێڕا. بەشێکیان، تەنانەت ئەوانەش کە لە سەرکردایەتیدا بوون، ئامادە نەبوون لە ڕێکخراوێک بدەن کە بەسالان خەباتیان تێدا کردبوو و گەلێک شانازیی بۆ گەلی کورد بەدەستهێنابوو، بەڵام نەوشیروان مستەفا و بەتایبەتی کۆمەڵەیەکان خوازیاری لێدانی پارتی دیموکرات بوون. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ١١ی نامیلکەکەیدا دەڵێت:

– (ئەم هیزانە و لیپرسراوەکانیان لە رووی سیاسی و پێشمەرگەییەوە زۆر ریک و تەبا نەبوون، جگە لەو ناکۆکیانەی لەنیوان بالە جیاوازەکانی ناو ی.ن.ک دا هەبوو، هەندی ناکۆکی توند و تیژ لەناو سەرکردایەتی پ.س.ک دا هەبوو. بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی بەعیراقی کردنی شورش، هەڵگرتن یان داگرتنی دروشمی روخاندنی رژیمی عیراق، پاک کردنەوەی کوردستان لە پاشماوەی چەکدارەکانی ق.م. مەسەلەی پاک کردنەوەی کوردستان لە چەکدارانی ق. م یاخود "هدنە" کردن لەگەلیان و هەولدان بۆ دۆزینەوەی "شێوەیەکی بەهیمنی پیکەوە ژیان" دیسانەوە هاتەوە کایەوە و هەندی لە سەرکردەکانی پ.س.ک کەوتنەوە لیدانەوەی ئەو بالورەیە کە بیگومان لەوکاتە گرنگەدا دوو دلی و رارایی لەناو هیزەکان دا دروست ئەکرد و گیانی جەنگاوەرانە و دەست وەشاندنی لە پێشمەرگەکاندا ئەمراند، ئەو قسە و باسانەی لە کۆبوونەوەکاندا ئەکرا زۆر جار لەناو پێشمەرگەکانیشدا دەنگی ئەدایەوە.)

هەرلەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، ئاماژەی بۆ کتێبەکەی، بیرەوەریی پێشمەرگەیەک، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب کرد و گوتی من لە کتێبەکەمدا باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی شەڕی هەکاری و خوازیار نەبوونی سەرکردایەتی بزووتنەوەم کردوە و باشترە لە جیاتی قسەکانی من، ئەو بەشە بڵاوبکەیتەوە کە وردتر نوسراون. ناوبراو لە لاپەڕەکانی ١٤٠– ١٤٢ کتێبەکەیدا دەڵێت:

– (کۆبوونەوە دەستی پێکرد نزیکەی یەک مانگ بەردەوام بوو بەشی زۆری بۆ ئەوە بوو بزووتنەوە ڕازی بێت بۆ لێدانی قیادەی موەقەت، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین منیان کردە ئەندامی سەرکردایەتی "ی.ن.ک" و بزووتنەوە، ئەوجا مام جەلال بڕیاریدا بچین چەک لە سوریا بێنین، ئەگەر قیادە موەقەتە دەنگیان کرد، ئەمن و کاک تاهیر و عەلی بەگ وەکیلی مام جەلال بین چییان ویست وا پێک بێین، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو بۆ ئەوە بوو بە هەرجۆرێک بێت ئێمە ڕەوانەی سنووری تورکیا بکات و تووشی شەڕی قیادەی موەقەتەمان بکەن، چونکە ئەمن زۆر نەخۆش بووم لاقم زۆر دەهێشا، زۆر وتم من لەگەڵ ئەو هێزە دەرناچم، بە زۆر بردمیان، گوتیان تۆ دەبێ

بچی بۆ سوریا بۆ چارەسەری لاقت، ئەگەر نەچووبام دەبووایە بەینی یەکێتی و بزووتنەوە تێک بچێت، ناردنی من بە زۆر بوو بۆ ئەوە بوو من لە دەشتی هەولێر دوور بخەنەوە، کۆمەڵەی لێ بەهێز بکەن زۆر بە ئاشکرا دیار بوو، چونکە من مەلا ناسیح و کاک تاهیر و عەلی بەگم ناردن بۆ سەرکردایەتی، یەکێتی ڕازی نەبوون گوتیان هەر دەبێ بچی، مەلا ناسیح و ملازم تاهیر عەلی هەردووک ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە بوون، بەڵام کاک عەلی عەسکەری و کاک دوکتۆر خالید ئەوانیش ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە بوون مام جەلال توانی بووی ئەوان ڕازی بکات، بۆیە بزووتنەوە نەیتوانی من بگێڕێتەوە، بەو نەخۆشییە ناچار بووم بەگەڵیان بکەوم بەو ناوەی ئەمن و کاک تاهیر دەچین وەکیلی مام جەلالین، قیادەی موەقەتە داوای هەرشتێک بکەن، ئێمە نەهێڵین شەڕ بقەومێ و جێبەجێی بکەین، ملازم عومەر و حەمەی حاجی مەحموود پێیان گوتبوون لە هەرجێیەک تووشی قیادەی موەقەتە بوون لێیان بدەن با شەڕەکە دروست ببێ، بزووتنەوە ناچار تووش دەبێ، بە حسێن بابە شێخ و عەلی عەسکەری و دوکتۆر خالید گوترابوو ئەو هێزە بگەیەننە سوریا "حافز ئەسەد" خۆی پێشوازییان لێدەکات ٤٠٠ بێ چەک و ٤٠٠ بە چەک و هەریەک دوو چەک بێنێ زۆر دەکات، حسێن بابە شێخ لای قامیشلی بارەگای بۆ دانێن و عەشایرکانی تورکیا هەموو لەگەڵ ئێمەن و چەک و ئیمکانییەتیان بدەنێ پێکەوە لە قیادەی موەقەتە بدەن و پاکیان بکەنەوە، ئەوانیش ئەوەیان زۆر پێ خۆش بوو چونکە ماڵ و منداڵی عەلی عەسکەری و دوکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ لە سوریا بوو، بەڵام بۆ لێدانی قیادەی موەقەتە پێیان خۆش نەبوو، دوو دڵ بوون ئەو هێزەی "هەکاری"یان وەک کورتانی سەخرەچن لێ کرد.

ئەو کردەوەی مام جەلال و پاڵەوانەکانی بەو حاڵە هاتبوون کورد ڕزگار بکەن، بریا بتان بینیبا کاتی ئەو پیلانەیان بۆ "قیادەی موەقەتە و بزووتنەوە" دروستکرد. ئێمە حاڵمان چۆن بوو بارەگامان لە نۆکان بوو هەموو ڕۆژێک سەربازی ئێران دەهاتن و دەیانگوت ئەوە خاکی ئێمەیە دەبێ بڕۆن، سوپای عێراقیش بەرامبەرمان بوو، ئەو پێشمەرگانەی لەخوارەوە بوون هەموو ڕۆژێک چاوەڕێی مردن بوون، چونکە دوژمن زۆر بەهێز بوو، هەرکە دەیان گوت پێشمەرگەیەک وا لەو گوندەیە ١٠

کۆپتەریی بۆ دەچوو، دوژمن بۆ یەک پێشمەرگە ١٠ کۆپتەری هەڵدەستاند کەچی سەرکردەکانی کوردیش بیریان لەوە دەکردەوە چۆن یەکتر لەناو ببەن، ئەی خوایە ئەو میللەتە تاوانی چییە تووشی ئەو سەرکردانە بووە ئەو دەوڵەتە خوێن ڕێژە بۆ تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێنێ.)

سەبارەت بە پاککردنەوەی کوردستان لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە نەوشیروان مستەفا و سەید کاکە ئاماژەی بۆ دەکەن، ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

(سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای کۆبوونەوەی نۆکان و وەرگرتنی بڕیاری ناردنی پێشمەرگە بۆ ناوچەی بادینان کە ئێمە دەرکەن. مام جەلال نامەیەکی ڕەوانەی جەماعەتی شوانچییەکانی[٢] تورکیا کردبوو. نوسیبوی دوای ئەوەی پاشماوەی بەکرێگیراوانی موساد، سیا و ساواکمان لە ناوچەی سۆران پاککردەوە لە بەهاری ئایندەدا هێزێکمان بەسەرکردایەتی چاکترین فەرماندەکانی یەکێتی نیشتمانی حەرەکەت دەکات بۆ ناوچەی بادینان. نامەی مام جەلال گەیشتە دەست کاک سامی عەبدولڕەحمان. لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی مام جەلال دا، کاک ئیدریس ئامۆژگاریی دەکردین کە نابێ بیانکوژن.)

دەربارەی ئەو نامەیەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پرسیارم لە دارا بیلەک کرد. کاک دارا لەو سەردەمەدا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بوو. ناوبراو لە نزیکەوە ئاگاداری هاتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوو بۆ ناوچەی هەکاری و شەڕی بازێ بوو. دارا لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (بەرلە هاتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ ناوچەی گەوەڕ لە کوردستانی باکور، سەرکردایەتی یەکێتی نامەیەکی بۆ پارتی کارگەری کوردستان "کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD" ناردبوو. لە نامەیەکەیدا نوسیبووی ئێمە هێزێکی مەزنمان ئامادە کردوە و دێین بۆ کوردستانی تورکیا و پاشماوەکانی قیادەی موەقەت لەناو دەبەین. زانیارییەکانی یەکێتی لەسەر قیادە موەقەت، بۆ ئەو ڕاپۆرتانە دەگەڕایەوە کە DDKD پێیدابوون. مەبەست لەو نامەیە ئەوە بوو لەکاتی هاتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ ناو خاکی کوردستانی باکور، لایەنگرانی DDKD هاوکاریان بکەن. ئەو نامەیە بەرلەوەی کە بە DDKD بگات، بە سامی عەبدولڕەحمان گەیشتبوو. ئەویش کۆپی نامەکەی بۆ ئێمە واتە پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا "کوک" نارد. دوای گەیشتنی ئەو نامەیە، بڕیارماندا عەشیرەتەکانی ناوچەی هەکاری لەو پیلانە ئاگادار بکەینەوە. لە گەوەڕەوە، تا سنوری سوریا، هەموو عەشیرەتەکان بارزانی بوون و ژمارەیەکیش پێشمەرگەیان لەناو قیادە موەقەتدا هەبوو. کاتێک عەشیرەتەکان بەو پیلانەیان زانی، بەتێکڕا گوتیان: "ڕێگە بە هیچ کەس نادەین لە بارزانی بدات." لەو ڕۆژەوە کە پێشمەرگەکانی یەکێتی هاتنە ناو خاکی باکوری کوردستان تا کۆتایی شەڕەکە، بەرپرسانی قیادە موەقەت ئاگاداری جوڵەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون و دەیانزانی چەند کەسن، لە کوێ دەمێننەوە، پێوەندی لەگەڵ کێ دەگرن و کێ پێشوازیان لێ دەکات. لە ڕاستیدا هیچ کەس پێشوازی لێ نەکردن و کاتێکیش شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگیرسا، هەموو عەشیرەتەکان هاوکاریی قیادە موقەقەتیان کرد.) دارا بیلەک دەربارەی چۆنیەتی گەیشتنی ئەو ژمارە پێشمەرگەیە بۆ ناوچەی هەکاری دەڵێت: **(بە قەناعەتی ئێمە میت و عەسکەری تورکیا بە تەواوی**

ئاگاداری جوڵەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون. ئێمە لە ناوچەکەدا بووین و بینیمان پێشمەرگەکانی یەکێتی بە بەرچاوی عەسکەردا دەڕۆیشتن و تەنانەت هێلیکۆپتەر چاودێریی بەسەریاندا دەکرد، بەڵام خۆی لەگەڵیان دەرگیر نەدەکرد. تۆ خۆت دەزانی ٦٠٠– ٧٠٠ ئینسان بە چەکەوە ناتوانی بە کیلۆمەتران بکەوێتە ناو خاکی کوردستانی باکور و بتوانێ دەرباز بێت. سیاسەتی تورکیا بەو جۆرە بوو، لە هەرلایەکیان بکوژرێت ئەو قازانج دەکات.)

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بەشی یەکەمی ئەو هێزە ١٠٠٠ کەسییەی کە بۆ گواستنەوە بۆ ناوچەی بادینان دانابوو، لە نزیکەی ٣٥٠ پێشمەرگە بوون کە بەو گرفتانەی نەوشیروان مستەفا و سەید کاکە ئاماژەیان بۆ کرد، ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٩ لە ناوچەی قەڵادزێوە بەڕێکەوت و بەبێ زیان خۆی گەیاندە "جۆرجان" لە ناوچەی شەمزینان. بڕیاربوو بەشی دووەمی ئەو هێزە کە نزیکەی ٥٠٠ کەس بوو و عەلی عەسکەری سەرۆکایەتی دەکرد، ڕۆژی ١٩٧٨/٤/٢١ لە ناوچەی قەڵادزێوە بەڕێ بکەوێت کە لەکاتی دیاریکراودا بەڕێ نەکەوت و کاتی بەڕێکەوتنیشی ویستی بە ئوتۆمبیل بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێپەڕێ کە حکومەتی ئێران پێی زانی و ناچاری کرد بگەڕێتەوە ناو خاکی عێراق. ئەم جارەیان، هێزەکە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٥ لە کێلەشینەوە بەڕێکەوێت کە لە ڕێگادا کەوتەبەر بۆمبارانی فڕۆکەکانی عێراق و ٦ کەسیان شەهید و زیاتر لە ١٥٠ کەسیشیان بریندار کردو ٢ پێشمەرگەشیان لە کێلەشین لە سەرمادا ڕەق بوونەوە. هەروەها ٣٦ پێشمەرگەی خەڵکی گوندی شێنێ لە نزیک نۆکان، لە چوون بۆ ئەو مەئموریەتە خۆیان پاراست و گەڕانەوە و ٢٠ پێشمەرگەش تەسلیمی عێراق و ٢٦ پێشمەرگەشیان تەسلیمی ئێران بوون. واتا بەرلە گەیشتنی ئەو هێزە ٥٠٠ کەسییە بۆ سنوری دەستکردی تورکیا، ٢٣٦ پێشمەرگەی لەدەستدا و ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٣ نیوەی هێزەکەیان بۆ گەیشتە ناوچەی جۆرجان و لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەشی یەکەم یەکیان گرتەوە. لەم بارەیەوە تاهیر عەلی، خالید سەعید و عەلی عەسکەریی لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٦ ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کردوە و نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەکانی ٤٠– ٤٢ی نامیلکەکەیدا بڵاویکردوەتەوە، دەڵێن:

ناوچەی شەمدینان

١٩٧٨/٥/١٦

مەکتەبی سیاسی بەڕێز

سلاویکی شورشگیرانە

هیوامان خوشی و سەرکەوتنتانە

١- ئێمە ڕۆژی ٥/١٣ گەیشتینە کاک خالید و ئەوان لە جورجان، دوای ئەوەی بە ئێران و بە عێراق و بە تەبیعەت بەرەنگامان بوون و هەردوو دەولەت بە تەیارە و توپ و شەر لیان داین و تەبیعەتیش تەخسیری پی نەکردین، چوار شەو و چوار ڕۆژ بەردەوام بەفر و باران و تەم و مژ سەری لی تیک داین و لە ماوەی ٩ ڕۆژ پێشمەرگەی ٤- ٥ نانی بەرنەکەوت و برسییەتی خەلکەکەی هەژاند. لەبەر ئەم هۆیانە واتە شەر و نەخەوتن و بی ئیستراحەتی و برسیتی و سەرما تووشی زۆر گیروگرفت بووین ٦ شەهیدمان هەبوو و (٢) ڕەق بووەمان هەبوو لە کیلەشین و زیاتر لە ١٥٠ بریندارمان هەبوو بە تەیارەی عیراق لە ناوچەی خرێنە. (٣٦) شێنەیی و چەند کەسێکی تر گەڕانەوە و زیاتر لە (٢٠) کەسی ترسەنۆک و خوێری و بی چەک و هەندی لەوان چەکداریش خۆیان تەسلیمی عیراق کردەوە و نزیکەی (٢٦) کەسیش خۆیان تەسلمی ئێران کردەوە لەوانە ئەنوەری مەجید سولتان و جەمالەکەی لای بەکری حاجی سەفەر. باقیەکەی تری هەموو گەییشتینەوە یەکترمان گرتەوە لەگەڵ کاک خالید، تەها سەید کاکە لەگەڵ ١٣ پ.م لیمان پچڕاوە و ئەحمەد فەقێ ڕەش لەگەڵ ٣٢ پ.م هێشتا نەگەیشتونەتە لای ئێمە هەرچەندە ئەمانە خەتەریان لەسەر نییە و ڕەنگە ئەمرو سبەی بگەنەوە لای ئێمە. ئیستا ئەمە سی شەو و ڕۆژە لەلای گارە و ماسی روین ئیسراحەتی باشمان کردووە و پێشمەرگەکانمان مەعنەویاتیان بەرز بوتەوە و وەزعیان باشە بە ڕاستی هێزەکەمان قاڵ بووە.

هومەر ئاغاش لەگەڵ ٦ پ.م دیار نییە و ئەڵین لەگەڵ سەید کاکە یەکیان گرتووەتەوە. هەروەها گوایە ئەحمەدیش گەیشتوەتە سەید کاکە و ئەگەر هەموویان پێکەوە بن زۆر باشە. ئێمەش هەر تەعقیبیان ئەکەین، ئەمروش مەفرەزەیەکی ترمان نارد بۆ دۆزینەوەیان.

٢- بە رەئی من بەیانێک دەربکەن لەسەر ئەو مەوقیفەی ئێران و عێراق و قارەمانیتی پێشمەرگەکانمان و خوراگرتنیان، ئەمە پیلانێکی زۆر گەورە بوو کرایە سەر شورش و یەکیتی، ئیتر خۆتان ئەمە باشتر ئەزانن.

٣- ق- م هەرچەندە هێشتا مەعلوماتی تەواومان لەسەر وەرنەگرتوون بەڵام تا ئێستا قسە هەر ئەوەیە نێوان خۆیان خراپ و ناکۆکن و ژمارەشیان بەپێی قسەی خەڵک لە (٢٥٠) کەس تی ناپەری لەهەموو ناوچەکە. ئەوا خەریکین مەعلومات کۆ ئەکەینەوە.

٤- ئیمە بۆ چەکەکانمان و ڕاپەراندنی خەڵکی ناوچەکە بەرەو بادینان ئەچین و جاری بڕیارمان داوە بێچەکەکان پڕ بکەین و خۆمان ساز بدەین. نامەمان ناردوە بۆ برایانی پارتی و سوریا (کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر) کە بەپەلە جێگا و شوینی چەکەکانمان بۆ بنێرن و یەکێکی پارتی خۆی بێت و چاومان پی یان بکەوی بۆ تەنسیق کردنی ئیش و کارمان و هەروەها دوکتۆر کەمالی خۆشمان بێت بۆ هەمان مەبەست.

٥- ئەوەی ڕاست بیت ئێمە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کە هاتین دەسمان کرد بە پارە ناردن بەولاو بەم لادا بۆ نان خواردن و نزیکەی (١٠٠٠) دینارمان بلاوکردەوە بەبێ ئەوەی سوودی یەک فلسی لێ بکەین، بۆیە بەپەلە حەسەن نەرمومان نارد بۆ سوریا کە پارە و کەلوپەلمان بۆ بنیرن بەزوویی و دوکتوریش بێت.

٦- کاک تاهیر بریندار بووە تەیارە پارچەی لەسەری داوە جمجومەی شکاندوە ئەوا خەریکی ناردنین بۆ سوریا بەلام شوکر باشە دڵتان سەغلەت نەبی زۆر سەلامەتە. کاک ئەنوەری ئامۆزای و شێخ کامیل بە بریندارى بەجێ ماوەن.

٧- بە تیکرایی وەزعی ناوچەکە و ئێمە زۆر زۆر باشە دڵتان نارەحەت نەبێ و گوی مەدەنە پروپاگەندەی دوژمن ئومیدمان وایە بەسەرکەوتوانە هەموو کارەکانی خۆمان ئەنجام ئەدەین و ئاگاداریشتان ئەکەینەوە، تکایە ئێوەش زوو زوو پەیوەندیمان پێوە بکەن بەهۆی کاک نوعمان و برایانی ترەوە.

٨- پێش گەیشتنی ئێمە کاک خالید بە ئاراس ناوێکدا نامەی بۆ ناردبوون (١١) هوکی تووکی و (١٢) دەمانچەمان پێ گەیشتووە.

ئیتر سەرکەوتوبن

براتان طاهر علی- براتان خالە سعید- براتان علی عسکری(پاشبەندی ٤٩)

بەشی سێیەمی پێشمەرگەکانی یەکێتی کە نزیکەی ١٥٠ کەس بوون و دەبووایە مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بەرەو زنجیرە چیای برادۆست بەرن و لەوێ بارەگای سەرکردایەتی دابنێن، بە تێگەیشتن لە دۆخی بەشی دووەمی نێردراوەکانیان، لە چوون بۆ ناوچەکە خۆیان پاراست. مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی لە جێی خۆیان مانەوە، بەڵام پێشمەرگە کۆکراوەکانی بەشی یەکەم و دووەم بەبێ ئەوەی کە حکومەتی تورکیا پێش بەجوڵەیان بگرێت، بەو زانیارییەوە کە ئەوان بۆ شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات دەچن، درێژەیان بە هەوڵەکانیاندا. سەرەتا خۆیان ڕێکخستەوە و بەبێ ئەوەی کە بنکە و بارەگایەک لە پشت سەری خۆیان بەجێهێڵن، بە پشتبەستن بە درۆ و دەلەسەکانی پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات" کە گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان جگەلە دوو سێ سەرۆک عەشیرەتی کۆنەپەرست کەسی تری لەگەڵ نییە، خۆیان لە ئاگر هاویشت و بۆ لێدان و دوورکردنەوەی پێشمەرگەکانی پارتی لە شوێنە دیارییکراوەکاندا چوونە پێشەوە. بە جۆرێک کە برسییەتی و بێخەویی تاقەتی لە پێشمەرگەکان بڕی و خەڵکی ناوچەکەش یارمەتی نەکردن، تەنانەت کەوتنە دۆخێکەوە کە چەکی سەرشانیان بە نان بفرۆشن و بەشێکیان لەوێوە بگەڕێنەوە. لەم بارەیەوە محەمەد حاجی مەحمود کە بەرپرسی گروپێک لەو پێشمەرگانە بووە، لە لاپەڕەی ١٩٩- ٢٠٠ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا "ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک"دا دەڵێت:

- (بەو حاڵە دژوارە لە بەرواری ١٩٨٧/٤/١٩ لە گوندی ماسی ڕۆوە بەڕێ کەوتین بەرەو ناوچەی گەورە "گەوەڕ- نوسەر" بە چیاکاندا و بەناو ڕێگای دوور و گوندی ٥ ماڵ و شەش ماڵ و هەر یەکەش نێوانیان ٧- ١٠ سەعات بوو هەر لە چیا و هەوراز و نشێو زۆر ڕێگای سەختمان بڕی، هێزەکەشمان گەورە بوو.. بەڵام لەوێش بلاوەمان پێ کردبوو ٨٠٠ کەس مابووینەوە، پێشمەرگەش تەواو ماندوو بوو بوو پێڵاوی لە پێدا نەمابوو.. هێزێکی برسی.. بێ ئازووقە.. بێ جل و پێڵاو.. بێ پارە.. ناشارەزا.. لەبەر بێ پارەیی دەمانچەکانیان فرۆشت سوودی نەبوو.. لە گوندەکانیش

نانیان پێ نەدەداین.. بە فیشەک و چەک نەبێت، چەکێکی سەمینۆف بە ٢٥٠ دیناری عێراقی لێیان دەکڕین کە ئەوکات زۆر بوو.. کلاشینکۆف بە ٣٠٠ دیناری زیاتر بوو، کە ئەمانەش پارەیەکی خەیاڵی بوو بۆ ئەو سەردەمە، مەڕێک بە ٣ دینار بوو، مریشکێک بە ٢٠٠ فلس هێندە هەرزان بوو، هەمووشیان بە فیشەک پێ دەفرۆشتین و پێشمەرگەش ئەوەندە برسی بوو لە حەیبەتا دەگەڕان بۆ دەنکە جۆی ناو تەرسی وڵاغیان دەخوارد و پەلاماری بەردەیان دابوو وایان زانیبوو پارچە نانە.. پێی دەچوو بە تەوجی ئەو شتانە بە ئێمە بدەن بۆ ئەوەی ئێمە فیشەکمان کەم ببێتەوە...) حەمەی حاجی مەحمود لە درێژەی وتەکانیدا لە لاپەڕەی ٢١٧دا دەڵێت: **(... بەگشتی لەو ٨٠٠ کەسە تەنها ٨ کەس ماینەوە بە چەکەکانی خۆمان دەرچووین و ١٧٢ کەسمان تەسلیم بووەوە.)**

هەروەها نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٢٤ی پەرتوکی کارەساتی هەکاریی دا دەڵێت: **(بەڕێکەوتنی هێزەکەی ی.ن.ک بەرەو قوڵایی تورکیا پشت ئەستوور بە قسەکانی دە.دە.کا.دە، بەناوی هێنانی چەکەوە، بێ ئەوەی پێگەیەکی پشتەکی یان پێگەیەکی پێشەوەیان هەبێ، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ و بەرەو کوێ و بۆلای کێ ئەچن، بێ ئەوەی لەوێ بنکەی سیاسی و جەماوەریان هەبی.....)**

هەرلەم بارەیەوە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت: **(بەگەیشتنیان بۆ ناو خاکی کوردستانی تورکیا، خەڵکی ناوچەکە بەرپرسانی پارتیان لە هاتنی ئەو کۆمەڵە زۆرەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکەیان ئاگادار کردەوە. ئێمە لەگەڵیان دانیشتین و گوتیان بۆ ئێوە هاتوون و لێتان دەدەن. دواتر بۆمان ڕوون بۆوە کە ژمارەیان ٦٢٠ کەسە و بە قوڵایی ٤٠ کیلۆمەتر، بە مەودای ١٥– ٢٠ کیلۆمەتر دەشتی نێوان باداو و گەوەڕیان بڕیوە. ئەوە بۆ ئێمە جێی پرسیار بوو کە چۆن ئەو ٦٢٠ کەسە لە شەمزینانەوە بەو دەشتە ڕووتەدا هاتوون، بەڵام حکومەتی تورکیا نەیزانیوە؟.)**

بەو جۆرە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی لە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٣وە لەژێر چاوی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و عەشیرەتە دۆستەکانیاندا بوون، تا گەیشتنیان بۆ دەشتی بنیانیش و کۆبوونەوەیان لە گوندی تۆوێ و بازێ. پێشمەرگەکانی یەکێتی لەنزیک بازێ، دەگەنە مەفرەزەیەکی پارتی کە مەلا ئەمین

بارزانی لێپرسراوی بوو. بە وتەی ملازم یونس ڕۆژبەیانی ژمارەی پێشمەرگەکانی ئەو مەفرەزەیە هەشت کەس بوون. پێشمەرگەکانی یەکێتی لە پەلامارێکدا مەلا ئەمین، ئەحمەد هەرکی و خەزور و برای مەلا ئەمین و پێشمەرگەیەکی تریان شەهید دەکەن. لەم بارەیەوە شێخ حوسێن بابە شێخ، عومەر عەبدوڵا و خالید سەعید لە نامەیەکدا کە بە مێژووی ١٩٧٨/٦/١٠ ڕەوانەی مام جەلالیان کردوە و نەوشیروان مستەفا دەقی نامەکەی لە لاپەڕەی ٤٥ی نامیلکەکەیدا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێن:

- (... ئێوارەی ٥/٣١ جەماعەتێک لە چەکدارە کوردکوژەکانی ق.م بەدی کران کە بەرەو شوێنەکانی ئێمە ئەهاتن، ئێمەش هەموو شوێنە قایمەکانمان لێگرتن، هەر لەو شەوەوە ووردە تەقە دەستی پێکرد و بەیانی شەڕ گەرم بوو هەتا ئێوارە و ڕۆژی ١ و ٦/٢ بەردەوام شەڕ بوو لە نێوانماندا و هێزەکانمان زۆر نەبەردانە ئەجەنگان و زیانێکی زۆرمان لەو دوو ڕۆژەدا لە دوژمندا.

دوای شەهیدبوونی مەلا ئەمین و چوار لە هەڤاڵانی، شەڕ لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانانیدا توندیی بەخۆیەوە دەگرێت. لەبەر ئەوە یەکێتییەکانیان بە ناچار چیای بازێ بەجێهێڵن و بەرەو ئەو دۆڵە دابەزن کە گوندی بازێی لێ هەڵکەوتووە. لەوێ پێشمەرگەکانی پارتی کە هەردوولای دۆڵەکەیان لێگرتبوون، لێیاندەدەن و سەریان لێ دەشێوێنن.

پێشمەرگەکانی یەکێتی دەبن بە سێ بەش. بەشێکیان بەرەو بەرزایی چیای تووێ دەچێت کە پێگەیەکی سوپای عێراقی لێبوو. ئەو بەشە، خۆیان تەسلیمی ڕژێمی عێراق دەکەن. بەشی دووەم لەگەڵ خالید سەعید بەروە قوڵایی تورکیا دەچن و بەشەکەی تریان تەسلیمی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات بوون. لەم بارەیەوە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت: **(پاش شکانیان لە چیای بازێ، چوون بۆ ئەو دۆڵەی لەپێش گوندەکە بوو. چونکە پێشمەرگەکانی ئێمە هەردوولای دۆڵەکەیان لێگرتبوون، بڕیاریاندا ببنە سێ قۆڵ، قۆڵێکیان لە گوندی تۆوی سەر چیای تۆوی کەوتن کە بەفری لەسەر بوو، ئێمە حیسابمان بۆ نەکردبوو، چونکە لەوێ پێگەیەکی حکومەتی لێبوو. ئەوان نزیکەی ١٢٠ کەس دەبوون و چوون تەسلیمی حکومەت بوونەوە. قۆڵێکیان لەگەڵ دوکتۆر خالید سەعید چوون بۆ قوڵایی تورکیا و قۆڵەکەی ناوەند**

هاتن تەسلیمی ئێمە بوون و لەگەڵ ئێمە کەوتن.) هەرلەم بارەیەوە شێخ حوسێن بابە شێخ، عومەر عەبدوڵا و خالید سەعید "دوکتۆر خالید" لە نامەی ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٠ کە لە ناوچەی ژێرکی ئاراستەی مام جەلالیان کردوە، دەڵێن:

ناوچەی ژیرکی

١٩٧٨/٦/١٠ کوردستان یان نەمان

بو هەڤال مام جەلالی بەڕێز

سڵاوێکی شۆرشگیرانە

بەهیوانی باشی و سەرکەوتنتانین و سلاوو ریزمان بۆ کاکە نەوە (مەبەستە نەوشیروان مستەفایە- نوسەر) و کاک د. مەحمود و هەموو برادەران، برادەرانی ئێرە هەموو سلاو و ریزیان هەیە.

١- ڕۆژی ٥/١٢ هەردوو ڕەتل بەیەک گەیشتین لە برادۆست دوای ئەوەی کە ڕەتلی دووهەم تووشی هەندێ هیلاکی و نارەحەتی بوون بەهۆی مەوقفی دوژمنانەی ئێرانەوە، وەکو لە نامەیەکی ترا بەریزتانمان ئاگادار کرد.

٢- هەر لەهەمان ڕۆژدا دوژمن بە فرۆکە انزالی کرد لەسەرمان ئێمەیش بەرەو ماسی رو- گەلیشمە کشاینەوە.

٣- دوای چەند ڕۆژێک پشوودان بڕیارمان دا کە بەرەو ناوچەی بادینان بکشیین بۆ وەدەست هێنانی چەک و ئیمکانیەت و هەڵگیرساندنی بڵێسەی شۆڕسی پیرۆزمان لە بادینان، لە ناوچەی ئورەمار (محمدحسن)مان بینی و نووسراومان دایە بۆ برادەران کە (٥٠) پەنجا پارچە کلاشینکۆفی بدەنی وە جەماعەتی ئامادە کردبوو بۆ چەک هەڵگرتن وەکوو ئاگادارین چەکەکانی وەرگرتووە.

٤- هەرلە ماسی رۆ وە پێش ئەوەی ڕەتلی دووەم بگات کاک خالید و کاک شێخ حسین پەیوەندی یان بە برادەرانی (پ. ش. م)ەوە کردبوو (کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر) وە ئاگاداریان کردبوون لەپلانی ئەم هاوینەمان و دوای ئەوەش بە ئیستمرار هەر پەیوەندی مان لەگەڵیان بوە و نەمان پچڕاندوە، هەچەندە بێ خێری و بێ هیمەتی ئەوان گەیشتوتە ڕادەیەک کە تەحەمل ناکرێت، بەڵام ئێمە هەر نەرم بووین لەگەڵیان.

٥- لە ٥/٢٧ لە ناوچەی ئورەمارەوە بەرێ کەوتین بۆ ناوچەی بازێ (عەشیرەتی ژیرکی) لە ٥/٢٨ گەیشتن و چەند ڕۆژێک ماینەوە لە ئێوارەی ٥/٣١ جەماعەتێک لە چەکدارە کورد کوژەکانی ق. م بەدی کران کە بەرەو شوێنەکانی ئێمە ئەهاتن، ئێمەش هەموو شوێنە قایمەکانمان لێ گرتن، هەر لەو شەوە ووردە تەقە دەستی پی کرد و بەیانی شەڕ گەرم بوو هەتا ئێوارە و ڕۆژی ١ و ٦/٢ بەردەوام شەڕ بوو لەنێوانماندا و هێزەکانمان زۆر نەبەردانە ئەجەنگان و زیانێکی زۆرمان لەو دوو ڕۆژە لە دوژمن دا، بەڵام لەبەر نەشارەزایی و بێ نانی و بێ ئاوی ئێوارەی ٢-٦/٣ بڕیارماندا بکشێینەوە بەرەو کەهی (نزیک هەکاری). وە شەو کە لە چیا هاتینە خواری نزیک گوندی بازێ تووشی کەمینێکی جاشەکان بووین و تەقەیان لێ کردین، وەکوو بۆمان باس کردن ئێمە نەشارەزا بووین لەو شەوەوە بووین بە دوو قوەتەوە و لە یەکتر بڕ بووین، ئەمرۆ برادەرانی (پ. ش. م) ئاگاداریان کردین بە نووسراو کەوا کاک عەلی عەسکەری نووسراوی بۆ ئەوان نووسیوە کە بەخۆی و قوەتەکەی لەگەلی دایە بەرەو (ئەتریس) لە ناوچەی عەمادیە چوون و حالیان زۆر باشە.

٦- ئێمەش قوەتەکەمان ١٧٠ پێشمەرگەین و قوەتیکی زۆر باشین و برادەران کاک عادل و کاک رەئووف بەگ و کاک شێخ عەلی لەگەڵ قوەتەکە دان و چاوەروانی ئەوە ئەکەین کە وەجبەیەک چەکمان بگاتە دەست لەم ڕۆژانەدا و برادەران نزیکیان خستوتەوە لێمان.

٧- کورد کوژەکانی ق.م خۆیان بە ژمارە کەم بوون لە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ تێ نەدەپەرین، بەڵام هێزێکی زۆر عەشائیری ناوچەکە لە عەشیرەتی پنیاش و عەشیرەتی ماجد بەگ یان کۆکردبووەوە و هێنابوویان بۆ ئەو شەڕە لەگەڵ گویی و عەشائیری گەردی و زۆری تریش.

٨- خەسائری ئەوان زیاتر لە ٢٠- ٢٥ کوژراویان هەیە لەناو کوژراوەکاندا مەلا ئەمین بارزانی و (٩) کەسی تری بارزانی تێدا بووە کە یەکێکیان کوری و ئەویتریان برای مەلا ئەمین بووە و ٨ کەسمان لی بەدیل گرتن.

٩- مجموعەیەک لە ئێمە وەکو بیستوومانە تەسلیم بە جاشەکانی ق. م بوون تەقدیر ئەکەین بە ٧٠ کەس کە بەشی زۆری بێ چەک بوون، وە برسێتی و هیلاکی و نەشارەزایی وای لی کردبوون کە بچنە ناویانەوە،

٩- (لە نامەکەدا دوو جار ژمارەی ٩ نوسراوە- نوسەر) زیانی ئێمە لەو شەڕانەدا ٥ شەهید و ٦ بریندارمان هەیە کە برینەکانیان سووکە و مەترسی لێ ناکرێ، لەناو شەهیدەکانمان دا (شێخ حەمەئەمین، خەلیفە قادر، شێخ شەهاب، خدر مالا) تێدا بوو لەگەڵ ٢ پێشمەرگەی قادر ئاغا.

١٠- ئێستا ئێمە ئیعادەی تەنزیمی قوەتەکەی خۆمان کردوتەوە، وەزعمان باشە و وورەی پێشمەرگەکان زۆر بەرزە، خەڵکی ئەم ناوچەیەی کە تیداین زۆر هاوکاریمان ئەکەن.

١١- نووسراوی د. کەمال- مان پی گەیشت پیش چەند رۆژێک نووسیبووی کەوا ٦/٩ دیتە لامان بەلام تا ئیستا دەنگی نی یە، وا نووسراوەکەی ئەو لەگەل کۆمەلیک نووسراوی کەدا، لەگەل ئەم نووسراوەدا بۆمان ناردن.

١٢- لە نووسراوی پیشوودا ئاگادارمان کردن کەوا لە شەڕی ناوچەی لولان کاک تاهیر بریندار بووە، بەلام برینەکەی سووکە و ئیستا لە ئێمە بڕ بووە وە موتەئەکید نین کەوا لەگەڵ کاک عەلی و قوەتەکەی تردایە یان نا؟

١٣- هەر لە ناوچەی برادۆست پارەمان لی براوە، زۆری ئەم پیشمەرگانەی دەمانچەیان بووە پیمان فرۆشتوون و پارەکەیمان لی قەرز کردوون و هەر خەریکی قەرزین و هەندیکیشمان لە برادەرانی پ. ش. م (مەبەستە کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر) قەرز کردووە، بەتەمای د. کەمالین کە پارەمان پی بگەیەنێت وا جارێ ئەویش دیار نیە. لە ڕووی پارە و فیشەک وەزعمان خراپە.

١٤- ئێمە هەر لەسەر ئیش و کاری خۆمان بەردەوام ئەبین دوای ئەوەی کە ئەو وەجبە چەکەمان دەست کەوت بەرەو بادینان ئەرۆین کە لەو ناوچانەدا وەکوو ئاگادار کراوین چەکداری خۆمانی لێ یە "بەیت و الشباب و ئولودەرە".

١٥- ئێمە کە تووشی تەسادم بووین لەگەڵ جاشەکان زیاتر لە ٥٠٠- ٧٥٠ عەشائیریان هێنابوو وە هەر بەردەوام بۆیان ئەهات ئێمەش یەک کەسی منطقە

لەگەڵمان نەبوو وە کەسێکی شارەزامان نەبوو وە ٣ ڕۆژ بەبێ نان و ئاو ماینەوە لە چیا و لە شەڕ، فیشەکیشمان بەرەو خەلاس بوون چوو.

١٦- ئێوە نەکەن خۆتان لەناو تورکیا بدەن ئەگەر ویستتان بەرەو بادینان بین لەسەر حدود وەرن چونکە هەموو ئەو تەقریر و دەنگوباسانەی ئەهاتن هەموو درۆیە عەشائیر بەشێوەیەکی عام لەناو تورکیا ئێستا لە دژی ئێمەن، وادیارە مەئامەرەکان ئەکری جیهازێکی تایبەتی ئیستعماری یە کە هەر ئەو جیهازە لەناو دەولەتی تورکیا تەحریضی عەشائیر و ق. م یان لە ئێمە کردووە بۆ لەناوبردنی ئێمە پارەیەکی زۆر بەسەر عەشائیردا بەش کراوە بۆ ڕێگاگرتنی ئێمە. ئەگەر بۆتان ئەکرێ لەولا لە جاشەکان بدرێ لە ناوچەی گەردی زۆر لاواز و بێ کەڵک بوون لەو ناوچانە دەریان بکەن.

١٧- تکایە چی هەبوو بەپەلە ئاگادارمان بکەن بەهۆی برادەرانی (پ. ش. م) لە ڕێگەی هەکاری یەوە.

چی هەبوو ئێمە بەکورتی بۆمان نووسین.

ئیتر بۆ پێشەوە بروەو سەرکەوتن

شێخ حسین بابە شێخ عمر عبدالله د. خالید(پاشبەندی ٥٠)

هەروەکوو لە نامەکەیاندا ئاماژەی بۆ دەکەن، خالید سەعید و ١٧٠ پێشمەرگە بەرەو قوڵایی تورکیا دەچن و پێشمەرگەکانی پارتیش خەریکی خۆڕێکخستنەوە دەبن کە ئەم جارەیان سوپای عێراق هێرشیان دەکاتە سەر. ئەوان بۆ ئەوەی زیانیان پێ نەگات و شوێنەکە بەجێدەهێڵن و پاشەکشە دەکەن، بەڵام بەشێک لەو پێشمەرگانەی یەکێتیی کە خۆیان تەسلیمی پارتی کردبوو، ڕیزی ئەوانیشیان بەجێهێشت و چوون خۆیان تەسلیمی سوپای عێراق کردەوە و گەڕانەوە لای حکومەت. لەم بارەیەوە ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

- (لە کاتی شەڕەکەدا هەوا زۆر سارد بوو. سەر چیاکان بەفریان پێوەبوو. دوای تەواوبوونی شەڕ، ئەم جارە حکومەت هێرشی بۆ هێناین و توشی وەزعێکی خراپ بووین. لە بواری خۆراکیشەوە کە گوندەکان چۆلکرابوون، وەزعمان خراپ بوو. بە دیلەکانمان گوت، خۆیان بڕیار بدەن ئەوانەی دەگەڕێنەوە لای یەکێتی، یان دەچن بۆ

ئێران یان تورکیا با بچن و ئەوانەش لای ئێمە وەک پێشمەرگە دەمێننەوە، با بمێننەوە. هەندێکیان چوون بۆ ئێران و هەندێکیان وەک پێشمەرگە مانەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێک حکومەت هێرشی بۆ هێناین، زۆربەی هەرە زۆریان چوونەوە لای حکومەت.)

هەرلەم بارەیەوە حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی: **(کاک سامی عەبدولرەحمان لە سەر سنوری تورکیا بوو، بە نامە ئاگاداری کردمەوە کە هێزەکانی یەکێتی هاتوون، داخلی تورکیا بوون و دەچن بۆسەر مقەڕاتی ئێمە لە هەرکی و بێداو. نوسیبووی بەپەلە خۆم بگەیەنمە لایان، چوونکە ڕێیەکەم دوور بوو، لە دواڕۆژی شەڕەکەدا گەیشتمە**

بازێ کە بینیم یەکێتییەکان شکاون. هەندێکیان بە چیاکاندا دەهاتنە خوارێ. بەشێکیشیان خۆیان تەسلیمی پێشمەرگەکانی ئێمە کردبوو و هەندێکیشیان داخڵی عێراق ببوونەوە. حەمەی حاجی مەحمود و چەند کەسێک گەڕانەوە، من بەدوایاندا چووم، بەڵام نەگەیشتمێ و تێپەڕین. ٢٢١ کەسم لەگەڵ خۆم هێنا بۆ گوندی "گۆستا" لە ناوچەی گەردی لەنێوان لۆلان و تورکیا، سەر ڕووباری گۆستا کە ڕەوانەی لای یەکێتییان بکەمەوە. زۆرم شەرم دەکرد کە ئەوان وەک دیل بەرم، لەبەر ئەوە تۆپی "دەرزی" تفەنگەکانم دەرهێنان و هەموویانم داوە بە خۆیان کە بە گوندەکاندا تێدەپەرین، خەڵکی گوندەکان بە شەڕەکە نەزانن. ئەو ٢٢١ کەسە، سی ڕۆژ لای من مانەوە. جگەلە مام جەلال و دوکتۆر مەحمود و هەروەها عەلی عەسکەریی کە لە بێداو ڕاگیرابوو، هەموو بەرپرسەکانیان لای من بوون. لە گۆستاوە شارەزایەکم

لەگەڵ خستن و سێ تفەنگیشم دانێ بۆ پارێزگاریی کردن لە خۆیان. گوتم هەرکەس دەیەوێ بگەڕێتەوە لای یەکێتی یان دەچێتەوە بۆ عێراق، خۆی سەرپشکە.)

حەمید شەریف موسا لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، زانیاریی زیاترمان لەسەر پێکهاتەی ناوچەکە و شەڕی هەکاری دەداتی و دەڵێت: **(بەرلە سەرهەڵدانی شەڕی هەکاری، من بەهۆی بریندارببوونم لە ناوچەی شرناخ بووم. ڕۆژێک کاک جەوهەر نامیق، غازی زێباری ناردبوو کە بچم بۆ خزمەتی، من چووم بۆ بارەگاکەی لە چیای "کۆماتە". کاک جەوهەر لەوێ نەبوو، گوتیان چووەتە لای "ماجید بەگ". لەوێوە خەبەری ناردبوو کە بەپەلە بچمەلای. چووم، بینیم، چەند مەفرەزەی دیکەش هاتن. کاک جەوهەر گوتی: هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی هاتوون و بارەگایان لە گوندی "سەنات" داناوە. ناوچەی گوندی سەنات، سێ وڵاتی سوریا، تورکیا و عێراق پێکەوە دەبەستێتەوە و لە نزیک سنوری سوریایە. گوتی چەکێکی زۆر و پێشمەرگەیەکی زۆریان هێناوە کە ئێمە لە ناوچەکە پاک بکەنەوە. ئێمە پێشمەرگەیەکی زۆرمان نەبوو. من بەرپرسی ناوچەی سەنات بووم و کوردەکانی تورکیا و سوریا هاوکاریی منیان دەکرد. عەشیرەتەکانی گۆیان، شرناخ، سلوپی، ژێرک، گەردی، قوشیرا "قشوری" و ناوچەی بنیانیش بەتێکڕا هەڵگری ڕێبازی بارزانی بوون و لە بواری چەک، حاواندنەوە و بەخێوکردندا، هاوکاریی ئێمەیان دەکرد. کاک جەوهەر منی نارد بۆ ناوچەی شرناخ و سلوپی. من بەرپرس کرام کە ڕێگە بە هیچ هێزێک نەدەم لە سوریاوە بێت. شەڕەکە سەرەتا لەنێوان عەشیرەتی "کەڕەوان" بە سەرۆکایەتی "شێخ میس" و یەکێتی سەریهەڵدا. یەکێتییەکان چەکیان لەنێوان عەشیرەتی ژێرکێ و کەڕەواندا بڵاوکردبۆوە و ویستبوویان بۆ شەڕ لەگەڵ قیادە موەقەت، ڕای ئەوان**

بۆلای خۆیان ڕاکێشن، کەچی لەگەڵ عەشیرەتی کەڕەوان لێیان ببوو بە شەڕ. شەڕەکە بڵاوبۆوە و ئێمەشی گرتەوە و وەک بزانم ٥- ٦ پێشمەرگەی ئێمەی تێدا شەهیدبوون کە "مەلا ئەمین بارزانی"، ئەحمەد هەرکی دوو لە سەرکردە شەهیدەکان بوون. لە یەکێتی ژمارە پێشمەرگەیەکی زیاتر شەهیدبوون و ژمارەیەکیش خۆیان تەسلیمی عێراق و تورکیا و پارتی کرد. حکومەتی تورک بە شەڕەکانی زانی، بەڵام خۆی لێ نزیک نەکردەوە و زۆریان کەیف پێدەهات کە لەناو کورداندا شەڕە و یەکتر دەکوژن. ئێمەش زۆر بەو شەڕە تێکچووین و بۆمان بوو بە شەرم، بەڵام چارەمان نەبوو.)

شەڕی بازێ لە هەکاری سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. ئەگەر بە وردیی و بەبێ لایەنگریی کردن بڕوانینە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو کارەساتە، بۆمان دەردەکەوێ هەڵگیرسانی شەڕی هەکاری پەیوەست بوو بە سیاسەتەکانی ١٩٦٤- ١٩٧٠ و زیاتر حاڵەتی تۆڵەسەندنەوە و خۆبەزلزانی هەبوو، ئەگەرنا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیتوانی بەدوور لە بیری لەناوبردنی پارتی، پێکەوە لە ناوچەکەدا خەبات بکەن و بە قورساییەکی زیاترەوە لە دوژمن بدەن. ئامانج هێنانی چەک لە سوریا نەبوو، بەڵکوو بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی یەکێتی نیشتمانی کە ئاماژەم بۆ کردن، بۆ ئەوە بوو کە پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی لە شۆڕشی کوردستان دوور بخرێنەوە، بەڵام هەموو لێکدانەوەکانیان بەهەڵە دەرچوو. ئەو بیرە چەوتە، ڕێگای ناوچەی بادینانی لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بەست و دواتریش بەدرێژایی پترلە بیست ساڵ شەڕی براکوژیی لێکەوتەوە و پترلە جاران پەرەی بەهەستی ناوچەگەرایی لە باشوری کوردستاندا، بەجۆرێک هەتا ئێستاش گرفتی ناوچەگەرایی لەناو دەروونی بەشێک لە سەرکردەی حیزبەکان چارەسەر نەکراوە. هەروەکوو ملازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

- (ئێوارە بوو، کوردەکانی تورکیا سەید کاکەیان تەسلیمی ئێمە کرد. عەلی عەسکەری و پێشمەرگەیەک و حوسێن بابا شێخ و دوکتۆر خالید بەدیل گیران و بەرپرسانی ئەوکاتەی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکرات لە ناوچەکەدا، لە یەکێک

لە مقەڕەکانی پارتی لە بێچەنێ، عەلی عەسکەری، حوسێن بابە شێخ و دوکتۆر خالیدیان بە تاوانباری شەڕ ناساند و بڕیاری کوشتنیان دان.)

لەم بارەیەوە سامی عەبدولڕەحمان وەک بەرپرسی یەکەمی ناوچەکە لە وتوێژێکیدا لەگەڵ بەرەی کوردستانی ئۆڕگانی بەرەی کوردستان، ژمارە ١٧ لاپەڕەی ٦ شوباتی ١٩٩٠ دەڵێت: **(ڕەنگە من لە هەموویان زیاتر بۆ شەڕی ١٩٧٨ متاسف بم، چونکە وەکو فەرمووتان من لایەنێکی ڕاستەوخۆی ئەو شەڕە بووم. لە هەموو شەڕان زیاتر من متاسفم بۆ ئەو شەڕە، بەڵام نازانم خەڵک چی دەکا ئەگەر هێزێک سنوری سێ دەوڵەت ببڕێت و هەوڵبدا تۆ لەناو ببا. ڕەنگە هێشتا ئەو ئەزموون و تەجربەی ساڵی ١٩٨٢ی بادینانمان نەبوو کە بە برادەرانی خۆمان بڵێین ئەگەر هاتن ڕابکەن و ئەو وەختە نەگەیشتبووینە ئەو عەقڵە کە بڵێین ئەگەر هاتن ڕابکەن. ئەوکات گوتمان ئەگەر هاتن دیفاع بکەن. بەداخەوە هاتن و زۆر هەوڵیشمان دا شەڕ نەبێ، "زیندوونە ئەوانەی لە ڕێگامان بوون" بەڵام وەڵام نەبوو. بەداخەوە دەڵێم متاسفم. ئەوان هێرشبەر و ئێمە داکۆکی کەر "مدافع". خوێن ڕژا و هەردوولا خەسارەت و میللەتی کوردیش خەسارەت بوو، دوژمنانی ئێمە قازانجیان کرد. ڕەنگە لەوکاتە خۆمان بە سەرکەوتوو حساب کردبێ، بەڵام بە تێڕوانینی مێژوویی هەموومان زۆر خەسارەت بووین. ئەمەش لە هەرشتێک زیاتر دەرس و پەندی بەخودی مندا. تۆ هەرچی بێ لە شەڕی ناوخۆ و شەڕی براکوژی هەر دۆڕاوی و قەت نایبەیەوە. لەبەر ئەوە باشترە ڕابکەی، ڕاکردن عەیب نییە. ئەگەر تۆ ڕابکەی تۆ سەرکەوتووی. ئەو شتانەی لەو شەڕە و پاش ئەو شەڕە ڕوویاندا حەز دەکەم دووپاتی بکەمەوە هەمووی بە کۆمەڵ بووە، هیچ شتێک بە "فردی" نەبووە و هەموو بڕیارەکان بە کۆمەڵ بوونە.)**

١- مەبەست لە DDKD، پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات"ە کە سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" لە ناوچەی زاخۆ، بەنهێنی لەناو دڵی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیادا دایمەزراند و دواتر سەعید ئێڵچی سکرتێر و دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیای کوشت و ئەویش لەلایەن دادگای شۆڕشی ئەیلولەوە ئیعدام کرا.

٢- مەبەست لە پارتی کارگەری کوردستان DDKD ە.

چوونی ئیدریس بارزانی بۆلای باوکی و کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی

لە ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩وە کە بارزانی بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی ڕەوانەی ئەمریکا کرا، کاک ئیدریس چەندجار هەوڵیدا بچێت سەردانی باوکی بکات، بەڵام ئەرتەشبود نیعمەتوڵا نەسیری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک"، بەهۆی بەقینداچوونی لە ناوبراو کە لە بنەماڵەی بارزانیدا، سەرۆکایەتی "ڕێبەرایەتی کاتی" پارتی دیموکراتی دەکرد، نەیدەهێشت لە ئێران بچێتەدەر. کاتێک، ئێران لە ١٩٧٨/١/١٨وە توشی ئاڵۆزیی بوو، بە گوشاری خەڵک نەسیری لە ساواک لابردرا و کردیان بە باڵیۆزی ئێران لە پاکستان. بە دەرچوونی نەسیری لە پۆستی ساواک، ڕێگە بۆ کاک ئیدریس کرایەوە کە دوای نزیک بە دوو ساڵ و چوار مانگ، ئێران بەجێهێڵێ و لە نیوەی دووەمی مانگی ئۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"ی ساڵی ١٩٧٨دا بچێ بۆ ئەمریکا و لە واشنتۆن بە دیداری باوکی شادبێتەوە.

دوای گەیشتنی کاک ئیدریس بۆ واشنتۆن، کاک مەسعود نزیکەی بیست ڕۆژ لە ئەمریکا مایەوە و پاشان چوو بۆ لەندەن. لەوێ ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتی بەسەر کردەوە و ئەم جارە چوو بۆ نەمسا. لەوێش بە هەمان شێوە چاوی بە ئەندامانی لقی ئەوروپای پارتی کەوت و بۆ ڕێکخستنەوە و دابەشکردنی بەرپرسایەتییەکان ماوەیەک لە ڤیەن مایەوە. دوای پێشاندانی ڕێکاری نوێی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی لق و لیژنەکان، دەیویست بچێتە فەرەنسا و لەگەڵ بەسەرکردنەوەی ڕێکخراوی پارتی، چاوی بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ئایەتوڵا خومەینی بکەوێ کە ڕۆژی ١٩٧٩/١/٨ لەلایەن تیرۆریستەکانی باڵیۆزخانەی عێراق وەبەر هێرشێکی تیرۆریستی کەوت. لەو پەلامارە تیرۆریستییە ڕزگاری بوو، بەڵام دوو لە هاوڕێیانی، ئازاد بەرواریی و پیرۆت ئەحمەدیان بریندار کرد.

دوای ئەو هەوڵە تیرۆریستییەی ڕژێمی عێراق، بە پێشنیازی بارزانی و کاک ئیدریس، کاک مەسعود لە چوون بۆ فەرەنسا پاشگەز بۆوە و چوو بۆلای یاسر عەرەفات و ڕۆژی ١٩٧٩/١/١٢ لە قوبرس لەگەڵ ڕێزداران عارف تەیفور، دڵشاد

میران و کەریم شەنگالی یەکیان گرتەوە. لە قوبرسەوە پێوەندی بە کاک ئیدریسەوە گرت و لە باری تەندروستی باوکی پرسی کە پێیانراگەیاند، باری تەندروستی بارزانی بەرەو خراپی چووە.

دوا پشکنینەکان دەریانخست نەخۆشییەکەی بارزانی تەشەنەی کردوە و بە زۆر لایەنی لەشیدا بڵاوبۆتەوە. دۆکتۆر ماکفرسن نەیشاردەوە کە ئومێدی بەچارەسەرکردنی نەماوە و گوتی: **(دەبێ خودا بڕیاری لەسەر بدات.)** بارزانی وەسیەتی کردبوو کە ئەگەر کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی بەرنەوە بۆ زێدەکەی و لە بارزان بینێژن و ئەگەر بۆیان نەکرا لە شنۆ و لە پاڵ ئارامگای شێخ بابۆی برای بە خاکی بسپێرن. لەو بوارەدا ئیدریس بارزانی، موحسین دزەیی و محەمەدسەعید دۆسکی لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە کە تەرمی بارزانی لە شنۆ بەخاک بسپێردرێت.

بەرلە کۆچی دوایی بارزانی، شا ڕۆژی ١٩٧٩/١/١٦ ئێرانی بەجێهێشت و ڕۆژی ١٩٧٩/١/٢٢، ڕژێمی پەهلەوی جێی خۆیدا بە ئایەتوڵا خومەینی و ئەویش بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، ئەندامی دێرینی جبهەی میللی، حکومەتێکی کاتی دامەزراند. ڕژێمی نوێ پێوەندیی نزیکی بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینەوە هەبوو. هانی ئەلحەسەن ئەندامی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە وەک باڵێوزی فەلەستین لەلای حکومەتی کاتی مەهدی بازرگان لە تاران بوو. بۆ جێبەجێکردنی وەسیەتی بارزانی، مەسعود بارزانی و هەڤاڵانی گەڕانەوە بۆ ئێران و بەهۆی هانی ئەلحەسەنەوە ئامادەکاریی تەواویان بۆ پێشوازیکردن لە تەرمی بارزانی بەڕێوەبرد. هانی ئەلحەسەن لەلایەن ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستن و محەمەد مونتەزیری کوڕی ئایەتوڵا مونتەزیری لەلایەن ئایەتوڵا خومەینییەوە ئامادە بوون پێشوازیی لە تەرمی بارزانی بکەن.

شەوی پێنجشەممە ١٩٧٩/٣/١ هەواڵی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی لە نەخۆشخانەی "جۆرج تاون" بڵاوکرایەوە و کاری گواستنەوەی بەڕێوەچوو. لە ڕەوتی ئەو کارانەدا مەسعود بارزانی بۆ سوکنایی بەخشین بەدڵی هاوخەباتان و لایەنگرانی بارزانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. ناوبراو لە لاپەڕەی ٢٦٧ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول،

١٩٦١- ١٩٧٥"دا، ئاماژەی بە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی کردووە و نوسیویەتی: **(من دەمزانی بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی بارزانی چەند لەسەر دڵی گەلی کورد گران دەبێ. دەمزانی چ دەردو خەفەتێک لە دڵ و دەروونی هاوڕێکانی خەباتی و هەموو ئەوانەدا بەجێدەهێڵێ کە لەژێر ئاڵای ئەودا تێکۆشاون. من بەتایبەتی لەوە دەترسام ئەم هەواڵە ناخۆشە لەپڕە ئەنجامێکی پێچەوانە لەلای ئەوانەدا بەجێ بهێڵێ کە سەریان نەوی نەکرد و خۆیان نەدا بەدەستەوە و پەیمانیاندا کەوا هەرلە تێکۆشان بەردەوام بن و ئەمە بیاندا بەدەست جۆرە نائومێدی یان ملکەچییەکەوە. لەبەر ئەوە ئەم ڕاگەیاندنەم نووسی و بڵاوم کردەوە کە تیایدا وتبووم: "کۆچی دوایی بارزانی هەرگیز نابێ بە کۆسپ لە ڕێگەی درێژەپێدانی ئەو خەباتەی کە ئەو ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرتبوو. خەبات هەر بەردەوام دەبێ و ڕەوت هەر لەسەر ڕێبازەکەی ئەو دەبێ. لە ڕاستیدا هەر ئەمەیە خواست و ئارەزووی بارزانی. باشترین بەڵگەی وەفاداریش بۆ یاد و بیرەوەریی ئەو ئەوەیە، ئەو مەشخەڵی خەباتەی ئەو هەڵی گیرساندووە هەر بە هەڵگیرساوی بمێنتەوە.")**

ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٤ تەرمی بارزانی لەنێوان پێشوازی گەرمی خەڵک گەیشتەوە تاران. حکومەتی کاتی مەهدی بازرگان دوو هێلیکۆپتەری لە جۆری شنۆک بۆ گواستنەوەی تەرمی بارزانی بۆ شنۆ تەرخان کرد و ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٥ لەناو ئاپۆرەی ماتەمینیی زیاتر لە نیو ملیۆن کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر هەواڵنێری ئێرانیی و بیانیی لە شاری شنۆ لە سێ سوچی سنوری ڕۆژهەڵات، باکور و باشوری کوردستان لە نزیک ئارامگای شێخ بابۆی برای، بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. شورای شۆڕشی ئیسلامیی شاری شنۆ بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانییەوە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ ماتەمینیی گشتیی ڕاگەیاند و بەو بۆنەیەوە هەموو خوێندنگەکان، ئیدارەکان، دوکان و بازاڕی شنۆ داخران. لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانییدا بۆ شنۆ، هەریەک لە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی سوپاسی بەشداریی کردنی خەڵکەکە و بە تایبەتی خەڵکی شنۆیان کرد. دواتر مەلا کەریم شاریکەندی لەلایەن خەڵکی شاری مهاباد، مەلا عەبدوڵا لە لایەن خەڵکی مەریوان، نوێنەرێک لە لایەن کوردەکانی ورمێ

٥ی ئاداری ١٩٧٩، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی سەرۆک مستەفا بارزانی لە شنۆ

و هەروەها ئەسعەد سیراجەدینی لە لایەن شێخ عوسمان سیراجەدینی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندیی وتاریان خوێندەوە و هەژار موکریانی شیعری "بارزانی پالەوانی کوردی" خوێندەوە. دوکتۆر کەمال کەرکوکی پەپامی پارتی دیموکراتی کوردستان "سەرکردایەتی کاتی" ئاراستەی بەشداران و خەڵکی کوردستان کرد و لە کۆتاییدا پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا خوێندرایەوە. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٣یدا، هەواڵنێری فەرەنسپرس لە لەندەن دەربارەی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی نوسی:

- (مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پێشوی بزوتنەوەی کوردستانی عێراق ڕۆژی پێنجشەممە بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی واشنتۆن کۆچی دوایی کرد. مەلا مستەفا سێ ساڵ بوو نەخۆشیی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە ئازاری دەدا و لە نەخۆشخانە کەوتبوو. نوسینگەی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لەندەن هەواڵی کۆچی دوایی مەلا مستەفای ڕاگەیاند و ئاگاداریان کردینەوە کە فڕۆکەیەک بۆ گواستنەوەی تەرمی بارزانی دەچێتە واشنتۆن، چونکە بڕیار وایە تەرمی بارزانی لە شاری شنۆ لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە خاک بسپێردرێت. مەلا مستەفا چەند ڕۆژ دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەی ئاشتیی لە نێوان ئێران و عێراق لە

١٩٧٥/٣/١٣دا کە کۆتاییهێنا بە بزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازانەی کوردستانی عێراق، هاتە ئێران.

لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە باکوری عێراق لە گوندی بارزان چاوی بەدنیا کردەوە. ساڵی ١٩٣١ بەشداریی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی کرد و ساڵی ١٩٤٣ هەوڵیدا حکومەتێکی خودموختار بۆ کوردەکانی عێراق دابمەزرێنێت، بەڵام گوشاری هێزەکانی ئینگلیز و عێراق ناچاریان کرد بەرەو ئێران بکشێتەوە و تێکەڵاوی بزوتنەوەی کوردی ئێران ببێت، بەڵام بە ناچاریی لە ئێرانیش کشایەوە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لەوێ مایەوە. لە کشانەوەکەیدا بۆ سۆڤیەت ٥٠٠ ئەندامی هۆزەکەی لەگەڵ بوو. دوای شۆڕشی عێراق و بە دەسەڵات گەیشتنی عەبدولکەریم قاسم، مەلا مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق و سەرلەنوێ شۆڕشی چەکدارانەی کوردی لە باکوری عێراق هەڵگیرساند و لە ١٩٧٠/٣/١١ لەگەڵ حیزبی بەعسی حاکمدا ڕێککەوت و پەیماننامەیەکی مۆرکرد کە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا کوردەکان بە مافی خودموختاریی بگەن، بەڵام تەمەنی ئەو ڕێککەوتنە کورت بوو، چونکە حیزبی بەعس لە بەڵێنەکەی خۆی پاشگەز بووەوە و سەرلەنوێ ناکۆکیی سەریهەڵدایەوە. ڕژێمی بەعس ویستی بە پلانێکی تیرۆریستی ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ بارزانی بکوژێت، بەڵام سەرنەکەوت. ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١١ دەوڵەتی عێراق بە شێوەی یەکلایەنە یاسای خودموختاریی باکوری ڕاگەیاند، بەڵام چونکە کوردەکان پێی ڕازیی نەبوون، قەیرانەکە توند بۆوە. لەو ڕووەوە یەکێتی سۆڤیەت بارزانی تاوانبار دەکرد و یارمەتییەکانی لێبڕی، ئیتر جگەلە ئێران لایەنێکی تر یارمەتی نەدەدا.

ئێرانیش لەگەڵ عێراق ڕێککەوت و ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٤ پەیمانێکی لەگەڵ ئیمزاکرد و پشتی لە بارزانی کرد. بەم بۆنەیەوە مەلا مستەفا لە عێراقەوە هاتە تاران و دوای ماوەیەک چوو بۆ ئەمریکا و بەکردەوە لە سیاسەت دورکەوتەوە. دەگوترا مەلا مستەفا دەیەویست بگەڕێتەوە بۆ ئێران کە ئەوەش لە ناو کوردەکاندا بە "هەواڵێکی خۆش" وەسف دەکرا، کەچی مەرگ بواری نەدا. وتەبێژێک بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕایگەیاند: "گەلی کورد لە هەواڵی مردنی کەسێک کە لەو ساڵانەی دواییدا بزوتنەوەی کوردی عێراقی بە شا و دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا

"سیا" فرۆشتبوو، هەست بە ئاساییش دەکات!" هەروەها ئەو وتەبێژە گوتی: "بارزانی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عێراق وەک تاوانبارێکی خۆپەرست سەیر دەکرێت کە بە هۆی غرور و خۆبەزلزانینیەوە، هێزی پێشمەرگەی لەناوبرد." جگەلەوە بەنوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٦یدا، هەواڵنێری تایبەتی ڕەوانەکراوی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە مهابادەوە ڕایگەیاند:

- (مەلا مستەفای بارزانی لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردوە. تەمەنی بارزانی نزیکەی ٧٥ ساڵ بوو. لە ساڵانی ڕابردوودا نەخۆشیی شێرپەنجە ئازاریداوە و دوای شکانی شۆڕشی کوردەکانی باکوری عێراق بە سەرۆکایەتی ناوبراو، ئەو ماوەیەک لە "کەرەج" بووە و دواتر چووەتە ئەمریکا. دەڵێن مەلا مستەفای بارزانی وەسیەتی کردوە کە تەرمەکەی لە ناوچەی کوردنشینی شنۆ بە خاک بسپێردرێت. بارزانی لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لە ئێران، یەکێک بووە لە هاوڕێیانی قازی محەمەد و لە لایەن قازی محەمەدەوە پلەی ژەنەڕاڵی پێبەخشراوە. دوای خۆبەدەستەوەدانی قازی محەمەد بۆ ماوەیەک شەڕی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی ئێران کرد و دواتر چوو بۆ ڕوسیا. بارزانی لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی "عەبدولکەریم قاسم" دا گەڕایەوە کوردستانی عێراق و لە ساڵی ١٩٦١دا بۆ وەرگرتنی خودموختاریی دژی حکومەتی عێراق ڕاپەڕی و کوردستانی عێراقی ئازادکرد. بارزانی لە نامەیەکیدا بۆ "جیمی کارتەر" سەرکۆماری ئەمریکا بە توندیی ڕەخنەی لە ڕاگرتنی یارمەتی ئەمریکا و ئێرانی دۆستی گرت و داوای یارمەتی لە ئەمریکا کرد.)

بۆ زانیاریی خوێنەران، دەقی نامەی بارزانی بۆ جیمی کارتەر بڵاودەکەمەوە کە دەڵێت: **(ئێمە لە بواری سەربازییەوە لە بەرامبەر دوژمندا نەشکاوین، شۆڕشی ئێمە لەلایەن دۆستەکانمانەوە لەناوچوو. گەلی کورد خەونێکیا هەبوو، ڕەنگە نەک بە گەورەیی توماس جێفەرسۆنی ئێوە، بەڵام خەونی خودموختاریی کە ئەوان شەڕیان بۆ کرد و بۆی مردن و بۆ هەمیشە بە دوایدا دەگەڕێن.... هەروەکوو ڕژێمی عێراق باش دەزانێت کە کێشەی کورد نانەوێتەوە و بزووتنەوەی کورد لەناو ناچێت. گەلی کورد سەدان ساڵە لە بەرامبەر دوژمنانیدا ڕاوەستاوە و بەربەرەکانی کردوە و لەناو**

ناچێت، لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵ بە دوای ئەو کارەستەدا، هێزەکانی ئێمە خۆیان ڕێکخستەوە و بزووتنەوەی کورد هەرچەندە بە قەبارە چووکتر لە پێشوو بوو، سەریهەڵدایەوەو زۆربەی دەسەڵاتدارانی عێراقی توشی سەرسوڕمان کرد[1].

لە لایەکی ترەوە، ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٧یدا نوسی: **(ڕۆژی دووشەممە تەرمی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی کۆچکردووی شۆڕشی کوردەکانی عێراق بە هێلیکۆپتەری میللی هێزی هەوایی گەیەنرایە شنۆ و لە ناو ماتەمینیی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کوردی ئێراندا بە خاک سپێردرا. لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی بارزانییدا، سرودی نەتەوەیی کوردستان خوێندرایەوە. خەڵکەکە دروشمی "درود بۆ بارزانی خەباتگێڕ و گیانفیدای گەلی کورد و درود بۆ ئیمام خومەینی قارەمانی ئازادییخوازی ئێران"یان بەرزکردەوە.)** ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا دەڵێت: **(تەرمی مەلا مستەفا بارزانی لە گۆڕستانێکی تایبەتدا کە ١٣ کیلۆمەتر لە دەرەوەی شاری شنۆ هەڵکەوتووە و لە کۆنەوە کراوە بە گۆڕستانی کوردە پەنابەرەکانی عێراق، بە خاک سپێردرا. دوێنێ ٣٠٠ هەزار کورد لە هەموو ئێرانەوە خۆیان گەیاندە شنۆ و بەشداریی میتینگێکیان کرد کە بەبۆنەی کۆچی دوایی بارزانییەوە پێکهێنرابوو. لەو میتینگەدا کە ژمارەیەک هەواڵنێری ناوخۆ و دەرەوە بەشداریان تێدا کردبوو، بەڕێز مەحمودزاد نوێنەری شورای شۆڕشی شنۆ بە بۆنەی کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانییەوە سێ ڕۆژی تریش ماتەمەینیی گشتیی ڕاگەیاند. دواتر مەلا کەریم شاریکەندی نوێنەری کوردەکانی مهاباد وتارێکی خوێندەوە و لە بەشێکی وتەکانیدا ڕایگەیاند: "مادەی ٨ داخوازیی گەلی کورد نیە و بەلاوە دەنرێت." مەلا ساڵحی ڕەحیمی نوێنەری کوردەکانی نەغەدەش لەو بارەیەوە دوا و پشتگیریی لە وتەکانی مەلا کەریم کرد. مامۆستا هەژار چەند کۆپلە شیعری خوێندەوە و بە توندیی هەستی هەموو بەشدارانی بزواند. لە میتینگی کوردەکانی شنۆدا، مەسعود بارزانی کوڕی مەلا مستەفا، لە وتەکانیدا ڕایگەیاند: "ئیمام خومەینی فەرموویان کوردەکانی ئێران زوڵمیان لێکراوە و بە مافی بەحەقی خۆیان دەگەیەنێت. کوردەکان هەرگیز جیاوازییخواز نەبوون و حازر نین گیروگرفتەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی زیاتر بکەن. بارزانی ڕایگەیاند: لە چوارچێوەی ئەو بەڵێنانەی ڕێبەری**

مەزنی ئێراندا چاوەڕوانین لەژێر ئالای ئیسلام و چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئێوە براکانمان بە مافی خودموختاری بگەن." مەسعود بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسییدا کە لەگەڵ هەواڵنێرانی ناوخۆ و دەرەوەی پێکیهێنا، گوتی: "ئێمە نەک لە شاری شنۆ بەڵکوو لە هیچ جێیەکی ئێران پێگەمان نیە و پێگەکانی ئێمە لە خاکی عێراقدان." هەروەها مەسعود بارزانی ڕایگەیاند: "شا خەیانەتی بە ئێمە کرد و بە لەناوبردنی شۆڕشی گەلی کورد لە عێراق، ٢٠ هەزار کوردی بە کوشتندا و لە پشتەوە خەنجەری لە ئێمەدا." بەگوێرەی زانیاریی ئێمە نزیکەی ١٠٠ هەزار کوردی عێراق و تورکیا دەیانویست بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مەلا مستەفا بێنە شنۆ، بەڵام حکومەتەکان دژی هاتنیان بۆ ئێران ڕاوەستان و نەیانهێشت بێنە ئێرانەوە.) هەروەها ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/١٧یدا ڕایگەیاند: (**دوێنێ لەسەر بانگهێشتی مامۆستایان و زانایانی شاری مهاباد کۆڕێکی مەزنی ڕێزلێنان لە مەلا مستەفا بارزانی لە مزگەوتی سوری ئەو شارە پێکهات. ژمارەیەک هەواڵنێری بیانیی بەشداریی کۆڕەکەیان کرد. مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی و مامۆستا مەلا ڕەشیدی قەرەنی لە دوو وتاری جیاوازدا ئاماژەیان بۆ گەورەیی و خۆشەویستیی مەلا مستەفا کرد و ڕێزیان لە ژیانی پڕلە شانازیی و پلەی باڵا و خەباتی قارەمانانەی مەلا مستەفا گرت. بەشدارانی کۆڕەکە جارێکی تریش ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینیان سەلماند و تەئکیدیان کردەوە کە نەتەوەی کورد ئێرانییە و جیاوازییخواز نییە.)**

شیعری مامۆستا هەژار موکریانی کە لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی بارزانی لە شنۆ ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٦ خوێندییەوە:

بارزانی نامرێ

بارزانی پاڵەوانی کورد — هیوای پیر و جەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردوی — بە دیمەن لەبەر چاو ون بوی
من دەزانم تۆ نامری — تۆ لە مردن بەهێزتری
ڕۆژێک لەناو شاخ و چڕێک — دێتە سەر ئەم زەویە کوڕێک
تۆ مانگە ، لەبەر مەمکانە — دایکی یەخسیری تورکانە

بێشکەی کوڕ: زیندانی ڕەشە
لە ڕۆشنایی بێ بەشە
زڕەی زنجیری دولایی
بۆتە دەنگی لای لایی
جێ گاگۆڵکە و دارە دارە
گۆشەی زیندانی شەدارە
تەمەن چاردە ساڵە جوانێ
بە دەوری خۆی دا دەڕوانێ
هەرچی دەی بینی ئەسیرە
وەک دایکی مل بە زنجیرە
کوردگەل مەڕی بێ خودانە
جەقەڵ بێری ، گورگ شوانە
لە حێرسان خوێنی دەجۆشی
ژین بە ئازادی دەفرۆشێ
لێ بڕاوە: تۆڵە بستێنێ
بەندی خەنجەر دەترازێنێ
کاڵەی مووین هەڵ دەبەستێ
کێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ
کوردخۆران قەڵت و بڕ دەکا ؟
کوردستان گران شڕ دەکا
تورک و عەرەب دەبەزێنێ
جەرگی شاهان دەتەزێنێ؛
دوژمن لە زەبری دەتاسێ
کێ بێ بارزانی نەناسێ؟
بەر لە شۆڕشی بارزانی
کەس بە کوردی نەدەزانیی
ئەو کوردی بە دنیا ناساند
هاواری بە دنیا گەیاند
لە هەر چوار قوڕنەی دنیادا
لەسەر بەژ، لەناو دەریادا
بە کێ بڵێی کوردستانیم
پێت دەڵێ: بڵێ بارزانیم
جاشە دوژمنە کوردەکەش
بەهۆی ئەو بونە خاوەن بەش
ئەو نانی دەیخۆن هی ئەوە
لەوڕا گرچویان پتەوە
بارزانی شست ساڵی ڕەبەق
جێ خەوی تاشەبەردی ڕەق
بە شاخ و شکێڕانەوە
بە بەندەن و لێڕانەوە
لە غوربەت و دەربەدەری
غەمخۆر و لە خۆشی بەری
بۆ گەلی کورد: چەوسایەوە
قەت تاوێک نەحەسایەوە
بەرەو ئازادیەتی هانی داین
ڕێگەی پیاوەتی نیشان داین
دوژمنی بۆ بێ هێز کردین
تاریکی لەسەر لابردین
مانگی عاسمانی کوردانە
بێ ئاوابوون و نەمانە
ئەوانەی بە مانگ دەوەڕن
لە ڕاست لۆمەی ویجدان کەڕن

بارزانی بابی هەژاران
شیوەن شایەنی تۆ نیە
من بۆ دەربڕینی هەستم
تا دەمرم پێت وەفادار بم
بارزانی پاڵەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردوی
من دەزانم تۆ نامری

هەتوانی دڵ بریندارانی
ئەسرین ڕژتن چی بۆ نیە
پەیمانت دەگەڵ دەبەستم
چۆن بووم؟ هەرهەمان هەژار بم
هیوای پیر و جەوانی کورد
بە دیمەن لەبەرچاو ون بوی
تۆ لە مردن بەهێزتری (پاشبەندی٥١)

جگە لەو ڕێوڕەسمەی کە لە شنۆ و مهاباد بۆ کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی بەڕێوەچوو، بەگشتی زۆربەی بنەماڵە کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەگوێرەی توانا و لەبەرچاو گرتنی زەبر و زەنگی دوژمن لە شارەکاندا، لە ماڵی خۆیاندا بە تاک و بە کۆمەڵ، بەشداریی ئەو خەمە گەورەیەی نەتەوەی کوردیان کرد. کوردە ئاوارەکانی باشوری کوردستان لە کەمپ و شارەکانی ئێران، سەردانی "کەرەج"یان کرد و ئەمەکناسیی خۆیان بۆ بنەماڵەی بارزانیو بەڕێزان ئیدریسو مەسعود بارزانی دووپات کردەوە. کوردەکانی نیشتەجێ لە کەرەج چلەی ماتەمین و بیرهێنانەوەیان بۆ سەرۆک بارزانی دانا و ژمارەیەک کوردی ڕۆژهەڵات لە شارەکانەوە چوون بۆ کەرەج و بەشداریی چلەی ماتەمینی بارزانییان کرد. لەم وێنەیەی سەرەوەدا کە لە لایەن کاک حەسەن مەحمودی بەمن گەیشتووە، چاوتان بە چلەی ماتەمین و بیرهێنانەوەی سەرۆک بارزانی لە عەزیمییەی کەرج دەکەوێت و دەبینن ژمارەیەک لە خەڵکی مهاباد بەشداریی چلەی ماتەمینی بارزانیان

کردوە. برایان کاک ئیدریس و کاک مەسعود لە ناوەند ژمارەیەک کوردی شاری مهاباد ڕاوەستاون.

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، سەدان شیعر و سرودی شۆڕشگێڕانە لە لایەن شاعیرانی کوردستانەوە ئاراستەی شۆڕش و خەباتکارانی کوردستان کرا و بە دوای کۆچی دوایی سەرۆک بارزانییشدا، شاعیرانی کوردستان، سۆز و خۆشەویستیی خۆیان بە سەرۆکەکەیان پێشکەش کرد. مامۆستا خالید حیسامی "هێدی" ئەم پارچەی شیعرەی لە ڕۆژی چلەی بارزانیدا خوێندەوە:

چلەی بارزانی

لەمێژ نیە هەر لەو هەردە لەناو ئەو زور کەن و بەردە

ئاڵۆزی بو هاتو چۆبو هەمولا شین و ڕۆ ڕۆ بو

تفەنگ سەرو بن کرابون سۆرانی لەخم درا بون

لەبەر گریان و هاتو چۆ وەک دەشتی مەحشەر بۆ شنۆ

کوردی کوردستان جمی بو لەو دەوربەرە خزی بو

وەک یەک لە چاوی ژن و مێرد هاتە خوار فرمێسکی سوێر

کە هات هەواڵی جەرگ بڕ باوک هۆشی بڕا لە کوڕ

خەفەت ئەباری لەو ناوە "باوکی کورد" سەری ناوە

ئەو ڕۆژە باوکی خۆشەویست سرویک ئەهات تۆ نەت ئەبیست

هەناسەی پێشمەرگەی تۆ بو ڕوحیان لەسەر گڵکۆی تۆ بو

چل ڕۆژ تێ پەڕی لەو کاتە بەلام کوردستان هەر ماتە

هەڵگورد و پیرس و مەتین قەندیل و کوڕەک و سەفین

هەڤاڵانی بەوەفای تۆ ئامێزیان ئاواڵەیە بۆت

کورتەی چیرۆکی ژینی تۆ پێش مەرگێک بوی ماندوو مجرۆ

بەرهەڵستی دوژمنی کورد لە بێشکەدا دەستت پێ کرد

بن بەردی خۆت لە شاخ و کێو نە گۆڕیەوە بە زێڕو زێو

نەک هەر ڕەمزی کوردستان بوی بۆ کورد دەرسی نەوەستان بوی

دەستی خەنجەرت بەهێز بو جێی خۆشی تۆ مەتەرێز بو

سامی تۆ وای دەنگ دایەوە مردن لێت ئەپرینگایەوە

لە هەڵبەستا تۆ بوی مەبەست تۆ بەرزتر بوی لە هەڵبەست

کاتێک لاوەیی نەتەوێ لە ڕاپەڕینی تۆ بدوێ

بۆ سەربەرزیت سەر دانوێنێ بڵێ و دان بەوەدا بێنێ

"کردەوەی ئەو قارەمانە لە دنیا بۆتە ئەفسانە"

ئەوەی تۆی دی لە سەنگەرێ چ بڵێ؟ ناوی تۆ چۆن بەرێ؟

تۆ بوی شانازی گەلی کوردزۆر شانازیت لەگەڵ خۆت برد

کۆچت دەردێکی بەسۆ بو کوردستان حەوجێی بەتۆ بو

گڵ تۆ لە دڵ دەرناهێنێ خاکی کورد تۆ ناشەمزێنێ

دایک کوڕ لە باوەش ئەگرێ سەد جاریش لەبەری ئەمرێ

مێژوو ١٣٥٨/١/٢١ – ١٩٧٩/٤/١٠

١- خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی، بڵاوکراوەی ئیسماعیل شەریف زادە، تاران زستانی ١٣٥٦- ١٩٧٧، لاپەڕەی ٢٨٨- ٢٩٠.

گواستنەوەی تەرمی نەمران بۆ بارزان

لە بەشی پێشوودا گوتم: بارزانی وەسیەتی کردبوو کە ئەگەر کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی بەرنەوە بۆ زێدەکەی و لە بارزان بینێژن و ئەگەر بۆیان نەکرا لە شنۆ و لە پاڵ ئارامگەی شێخ بابۆی برای بەخاکی بسپێرن. چونکە لەو سەردەمەدا گواستنەوەی تەرمی بارزانی بۆ گوندی بارزان دیاردەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڕێزان، ئیدریس بارزانی، موحسین دزەیی و محەمەد سەعید دۆسکی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن تا زەمینەی گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ بارزان دەستەبەر دبێ، تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانی لە شنۆ بەخاک بسپێردرێت. دوای بەخاک سپاردنی تەرمی بارزانی لە شنۆ کە لەبەشی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، پێشبینییەکان وەڕاست گەڕان و ساڵی ١٩٩١ باری سیاسیی عێراق تێکچوو و پێشمەرگە گەڕایەوە بۆ باشوری کوردستان. بە جێگیربوونەوەی پارتی دیموکرات لە باشوری کوردستان، زەمینە بۆ بەجێگەیاندنی وەسیەتی سەرۆک خۆشبوو. بۆ ئەو مەبەستە ڕێکاری پێویست جێبەجێکرا و ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٦، بە دروستی دوای تێپەڕبوونی ٣٥ ساڵ بەسەر ڕۆژی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق، تەرمی نەمران سەرۆک مستەفا بارزانی و ئیدریس مستەفا بارزانی هەمیشە زیندوویان کە ئەویش ساڵی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردبوو، لە گوندی "هەڵەج" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە دوو

هێلیکۆپتەری شنۆکی ئێران، هێنایەوە بۆ باشماخ و لەوێوە لەنێو ئاپۆرەی سەدان هەزار کەسیی خەڵکدا کە لە ڕێگای گەڕانەوەی تەرمەکاندا کۆببوونەوە، بە ڕێوڕەسمێکی شایستەی نەتەوەیی، بە سلێمانی، کۆیە و هەولێردا گواستیانەوە بۆ گوندی بارزان و ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٨ لەو جێیە بە خاکی پیرۆزی کوردستانیان سپاردن.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا مەزاری نەمران بووەتە ئارامگەی عاشقانی ڕێی ئازادی، ئاشتی، کوردایەتی و سەربەخۆییخوازانی کورد و ساڵانە بە دەیان هەزار کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت کەسایەتییە بیانییەکانیش ڕوو دەکەنە بارزانو سەری ڕێز بۆ ئەو سەرکردانە دادەنوێنن و بەبینیی مەزاری سادە و فەقیرانەیان، سوکنایی بەدڵی خۆیان دەبەخشن و بەڵێن تازە دەکەنەوە کە ڕێبازی نەمران بەرنەدەن.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، بەهۆی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوید، نامەیەکم ئاراستەی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کرد. لە نامەکەمدا سەرەڕای پیرۆزکردنی ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی دیموکرات، پڕۆژەیەکم بۆ دروست کردنی موزەیەک بەناوی سەرۆک مستەفا بارزانی لە گوندی بارزان پێشکەش بە بەڕێزیان کرد. کاک مەسعود وەڵامی نامەکەمی دایەوە، بەڵام باسی لە پەسەندکردنی پرۆژەکەم نەکرد. لە سەفەری دواییمدا بۆ بارزان، بینیم پایەی دیوارەکانی موزەی دڵخوازی من و گەلی کوردیان داناوە و بەم کارەیان زۆر خۆشحاڵ بووم. من ناڵێم دروست کردنی موزەی سەرۆک مستەفا بارزانی لە بارزان بەتەنیا لە مێشکی من هەڵقوڵیوە، ڕەنگە بەهۆی پێویستیی ئەم موزەیە، زۆر کەسیتریش پرۆژەیەکی بەم جۆرەیان پێشکەس کردبێت. هەرچۆنێک بێ، پرۆژەیەکی سەرکەوتووە و دەتوانێ ببێت بە ناوەندی گەیاندنی زانیاریی مێژوویی و بەسەرهاتەکانی کورد و کوردستان بە نەوەکانی دوایی.

پاشبەند

پاشبەندی ١

J.K.

بۆی کورد وکوردستانی کورد !

برادەرانی زەعیم آزادی ملا مصطفی بارزان ـ

بەناوی هەڤکاری کوردە لە ی.ئ.ی لە کەمپی آ ـ خ ـ اوا لە باشی ژانین دنگر باس لەسەر چارەنوسی آزادی خەڵکی ئێوە ئەم هەنگاوە ئاگادەکەنەوە خەڵکیان وایە بە تفصیل هەموو ئەرکەکانمان پێ دەدەن ـ

١ ـ لە بەشی هەوڵدانی تیرکردنی زەعیم ولشکری آزادی کوردستان دەکەین ـ کە زاڵ بوون بە سەر ڕژیمی دا ـ

٢ ـ پرۆژەیەکی گەشە ئەوانەی کە پراکتیکی ئێوە مان هەیە وشەمەی برامەی تی کوردایە تی بکە تی بارەی تیکی عملی ولسلی بی وابەئەم مسئولیاتەی خوارەوە وەبژانی ـ ـ چونکە خەڵکان تقدیری موقفی ئەمەدەکین براسیر بە مسئولیت سیاسی دەوڵی ـ ـ

٣ ـ پرۆتستی تەوەری ئێوە جیسەی آیا ئادەتی آزادی کوردستان عراق دەکین وپشتوگرادی هەموکوردستان لکیتی وەصنا کوردستان تورکیا ـ ـ

٤ ـ موقفی ئێوە براسیر سیاسی ئینجیلی لە عراق واجبە واگرهاتولە طرەف ئەم سیڤ سەتە تهدید وباجوردانتاع گران تەوەرە رارە وسنیتن وباخسوت دوابم دەکین ـ ـ

٥ ـ رای ئێمە کوردە کە تەوەرەی خەڵکی ئێوە تاریکی هەویی بکەن بەسەی ادعایی ازادکردنی هەموکوردستان بکەن وەپرۆگەدەبی هەموکوردی کوتی بەسەمشورەت ئەمارتان لە کەل بکا وزیر قیادەی ئێوە لشکریکی کوردی لە هەموکوردی کوتی تنظیم بکرە بەوشرەبی کە دەلین بوحدەیەن لە عقدی ماتیەلە حالی حاضرلە ئێوە وهەڵتن تی استشارە ئێوە وهەڵتن تی استشارە ئێمە تنظیم بکرە وجنگاوەرتان تعیین بکرە بۆم ماتەوە جی لە

ـ ٢ ـ

عرض عراق سی لە عرض کوردستانی ئێران لە م ماتەوە وا دەبرەتالی کورد بە تسلگی بەمانگی طی تعیین دەکرە وەلە مۆرەق هەموان امساء دەکرە ـ ولە م ماتەوە دا تقسیمی عسکری کورد تعیین دەکرە وتعیاتی هەموان بە ئەلە تەوەرەی طی تعیین دەکرە ـ ـ

٦ ـ بی وسەتە موقفی حربی خەڵکان لە کەل موقفی حربی دوژمن بوبان مقابلە وەوقت تعیین بکرین لە کەل موقفی عدائری کوردی عراق براسیر ئێوە ـ

٧ ـ پرۆژەی کورد بۆی کورد شیما دەبی سیاسی بە ئەلە دولی صنعتمە لە کەلمان بی ئەوە رأت ئێمە ئێوە لە دەولتی نسوە وە رای ئێوە براسیر خصوصیە

ئێمە خەڵکو تابی طی الحیاد بین لە کەل هەموو ولتان ـ ـ

ئێمە لە هەموی موهیم تر بی وسەتە بە دورە تیکی مستعجل انتشاەی خەڵکان بیان بکەن بە خصوصی راگەیاندنی براسیر تەوەرەی ئێوە وکوردنوگویان لە کەل ئێوە جیسەی خەڵکی ئێمە ئەزانین بە تعاونی تابی انگلیس لە م تەوەرە بە دابیرد دخل ئەبی ـ ـ

٩ ـ ئێوە زەحمکی آزادبرسەتن هین لە بی مکانتی تنظیم ئەکن بیشتر تی خەڵکان ـ وەکوردی ئێران بەروسی براسیر تی کوردایە تی زیرا ئەمانی هەبە بەوبرقی بزنسی ئێوە بەهرجی توبلەبیسە ـ ـ

وآما دەبە بەوبرەی ئێوە بە کوردی مسلمەی ضربی سیاسی ملکیسان وەکە ئەم سوالانە ئەکین مقصودمان گوردە کە ئایین بارەی تیکی زیرکە وەرەئێوە بکین ـ وحرکتی مبارەکی ئێوە بکە بنە حرکتی طی هەویی تاکو لە تاریخ دا ابهاخرە براوە تسجیل بکرە لە لایەن ـ هەڵتن تی خواری شماری ٢ ـ خ ـ

پاشبەندی ٢

روژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢١، لاپەرەی ٤، شەممو ١١ رەشەمەی ١٣٢٤، ٢ مارس١٩٤٦.

٢١ ه

اخباری نیوخومان

مەلا مصطفی بارزانی

جنابی آغای مەلامصطفی قائدی کوردی بارزان روزی ٩-١٢-١٣٢٤ سانی ٥ پاش نیوەرو واردی مهاباد بو . وەختی گەیشتە نیو باغان ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی پیشوازیان لی کرد وەختی جنابی مەلامصطفی لە چومی پەریوە بە احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتە دا کمیتەی مرکزی هەنگاویان توندتر کرد و لە قەماخ چومی بیك گەیشتن ، برای خوشەویست صدیق حیدری مراسمی بە خیر هاتنی ئەجیهزا و هەمو اندامەکانی کمیتەی مرکزی بەمەلا مصطفی باساند وئەویش دەستی لەزودەستی هەموان دا و لەنهایتی خوشی دا بو کانگای حزبی دیموکرات هاتن و لەسالونی انجـ_ فەرهەنگی دانیشتن و لە سانی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان بە بی [انقادم بزار] تشریفی بو کانگاهاتو وملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرمو ، ئەو وەختەدا محمد افندی خطاب بە حضرتی پیشوا ؛ خطابیك کە وینەی احساساتی قلبی مەلامصطفی بو لە خصوص خو دەبینا و ئانی کوردی بارزان و دەر بەدەری ئەم قەومەنەجیبە لە ریی سەربەستی کوردوستان دا خویندەوە وجنابی پیشوا وەلامی دانەوە و ئەوان بی اندازە بەحکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد ، پاشان حضرتی پیشوا تشریفی بردە سالونی تایبەتی خوی ئەنجا مەلا مصطفی بە حضوری شرفیاب بو و ماوەی دو سات پیکەوە خەریکی گفتو گو بون .

مەلا مصطفی پیاویکی سیاسی و زعیمی کوردی بارزانە لەریی سەربەستی کوردستاندا زوری مەینەت کیشاوە . دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ایل و عشیرەتی ویان بە گوناهی آزادیخواهی دەربەدەر ولە نیشتمانی خوشەویستیان وەدەرناوە . ذاتی نیوبراو بیجگە لەوەی قائدیکی بەرز ، پیاویکی زانا و تی گەیشتوە متمدن و نیشتمان پەرستە و تەمەنی لەحدودی چل پینج سال دایە .

پاشبەندی ٣

روژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢٣، لاپەرەی ٣، ٤ شەممو ١٥ رەشەمەی ١٣٢٥، ٦ مارس ١٩٤٦.

ژمارە ٢٣ روژنامەی کوردستان

نطقی محمد محمود داقوقی لەروژی هاتنی مەلا مصطفی لە حضوری حضرتی پیشوای کوردستاندا

پیشەوای معظم گەورەبەریزە کانم .

بەناوی کوردی وریا بوەوە لەژیر ماوەی بەیرەوی کونی زەبربەدەستی ، بەناوی سەر کردەی شورشی گەل لەبارزان ، شورشی بەرهەلستی سەر گەردانی ، شورشی نەهیشتنی ظلم واستبداد ، زروباش بیشکەشی داتشتوانی ئەم کوبونەوەیەدە کەم ، کە آلای بیر- وزیان لەسیبەی کی نیشتمانی گەوردابلیند کردەوە بەناوی خوینی پاکی گەلی کوششکەرەانەوە کەلە مەیدانی آزادیدا بیشکەشیان کردوە ، هاوارتان دە کەینی کەئەم بەرەبیروزە - آزادیوسەربەخوبی پی بگەیینن . بەناوی فرمیسکی چاوی بیوەژنان و آمونالینی هەتیوانەوە هاوارتان دە کەینی کەبەیمانی حقوقی گەل بدەن ، اقتصادیاتی بیاریزریت ، پشتی فەرهەنگ بکرن بەبەروەردە کردنیکی گیانی دیموکراتیەوە ، پاریزگاری لەدیموکراتی بفر- مون کە کەریگەی پیش خستنی گەل وسەربەخوبی نیشتمان ورویشتنە بەری وەیلە گەل کاروانی گەلانی آزادی بەزەو تەواوەتی ومروانی .

بی گومان لەبیر ناکریت کە حکومەتی کوردستانی آزادهیشتا لەیە کەم فوناغیەتی وە کوششی ایوەی پی دەویت ، بوسەر کەوتنی کور- دستانی مەزن ورزگاربونی یارمەتی گەلی شی پی ویستە ئەوبەشانەی نیشتمانی مەزنمان کەلەژیر دەستی بیگانە دان ، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بریوەتە یارمەتی ئەو آلایە کەلەسەرئەم حکومەتەدەشە کیتەوە ، دەیەویت بیتەزیر سیبەری ئەوە ، لەبیاوەکانی حکومەت دەخوازن کەبراکانیان لەوپیوەندی آسنینەرزگاربکەین کەتیداد نالینن .

پیشەوای معظم : گەورەکانم .

ئەوسیاسەتە حکیمە جوانەی کەپارتی دیموکراتی کوردستان لەسەری رویشت وسەربەخوبی نیشتمان وآزادی کوردی وەرگرت ، آمادەیە کەبجیت بەهاواری نیشتمانی گەورەوە ، وگەلی کوردسەر تابارزگاربکا .

لەم کاتەدا ، لەهەموکانی دلمانەوە ویاریدەی راستیمانەوە بەرەو گەورەترین شخصیەتی کورد ، ئەوشخصیەتەی کەگەلی کوردی بەبیری بەهیزی وسەرکردە یەکی حکیمانەوەبە ریگای دیمو- کراتیدا بردو گەیاندیە سفرەی آزادی ، بە کوششیکی عبقری وعزمیکی قایم وسەرکردەی دیموکرات ، پیشەوای معظمی کوردستان جەنابی قاضی محمد ، خومان پیشکەش دە کەین .

باهەموبیکەوەهاوار کەین بژی سەرکردەی مخلصی کوردستان ، بژی گەلی کوردی پشت بەست بە دیموکراتی ، بژی پارتی آزادی کوردستان و پارتی گەل بژی پارتی دیموکرات ، بژی نیشتمانی مەزنمان بەسەربەخوبو آزادی ، بژی یەکەتی سوفیاتی مەزن هەتابی گەلانی خوش بەختی آزادی وسەربەخوبی .

پاشبەندی ٤

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢٧، لاپەڕەی ١ و ٢ دو شەممو ٥ خاكەلیوە ١٣٢٥، ٢٥ مارس ١٩٤٦.

لاپەرە ٣ کوردستان

[زعیم مەلا مصطفی]

بارزانی

لەژمارە ٢١ ڕوژنامەی کوردستان وەلامی تشریف هینان وچلونەتی واردبونی زعیم مەلا مصطفی مان بەعەرضی خوێندەوارانی خوشەویست گەیاند ئەوالەژیرەوە هیندی لەچلونەتی مانەوەی ئەم پیاوە لەمهاباد بوآگاداری خوێندەواران دەنوسین :

روژی جمعە ١٠ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

ئەندامانی حزب و اشراف و آغایانی هاری مهاباد وروئسای عشایریك بەدوای یەکدا چونە خوی ناسینی میوانی خویان . هەرکە کاتی نویژی جمعە هات زعیم ملامصطفی لەگەل اندامیکی هەیئەتی مرکزی حزب تشریفی بردە مزگەوتی جامع وفریضەی خدای مەزنی لەگەل هەمو مسلمانانی شاری مهاباددا لەسەرخو لابردودوایی لەناو قەلەبالغیکی زوردا گەرایەوە یانەی فرهنگی، مرکزی حزب .

روژی شەممو ١١ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

بەیانی ١١ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤ زعیم ملا مصطفی وئەفسەرانی ویەکیك لەئەندامانی هیئەتی مرکزی آغای احمد الاهی تشریفیان چووە هیزی کوردستان وهەرکە گەیشتنە ئەوی لەلایەن ئەرەولی تایبەتیەوە رسمی تعظیمی بوکرا وسەر کردانی هیز بەسەرکردەی فرماندەی هیزی مرکزی محمد نانەوازادە پیشوازی کراویەکە یەکە سەرکردەکانی پی ناسرا نزیکەی نیو سەعاتیك لەگەل سەرکردەکاندا رای بوارد ولە دواییدا یەکە یەکە چوەلای سەرکردەکان لە جیگای خویاندا وەپیروز بایی خوی پیشکەش کردن وداوای لی کردن کەهەمو بەگیانیکی پاکی نیشتمان پەروەرانەوە بینەسەبری نیشتمان و پیش خذمەتی پیشەوای معظم، کاتی هیزی بەجی هیشت وبەبزوکی حضرتی پیشەوا روی کردە دەبیرستان ولەوی قوتابیەکان هەمو کوبونەوە لەدوای زیارەتی ماموستاکان ورئیس هیئەتی فرهنگ آغای رهبدآغای همزەآغا تشریفی بردەلای شاگردەکان ولیرەدا ئەفسەر عبدالرحمن طبیب مفتی چەند آموزگاری وپیروزبایەکی بەناوی زعیم ملامصطفی وەپیشکەش کردن لەدوایدا زعیم ملا مصطفی روی کردە

ماوی لەژمارە ٢٧

ماوەی ژمارە ٢٦

زعیم مەلا مصطفی بارزانی

ادارەی شارەوانی ومأمورانی ئەو ادارەیەش زیارت فرمو هەروەها تشریفی بردە ادارەی دزبانی ولەدوای ئەوە روی کردە مدرسەی گەلاویژ وەبەهوی آغای احمد الاهیەوە ماموستایانی ناسین ویەکە یەکە بەپولەکاندا گەرا ولەهەمو پولیك ئەفسەر محمد محمود بەناوی زعیم مەلا مصطفی‌یەوە اظهاری خوش وەختی وآموزگاری بوشاگردەکان دەکرد:

لەدواییدا تشریفی بردە مدرسەی کوردستان دیسان لەگەل ماموستایان خوناسیان کرد وبەناو پولەکاندا گەرا ولەهەر پولیك سرودیك دەخویندرایەوە . اجا زعیم مەلا مصطفی گەرایەوە مرکزی حزب .

شەوی یەکشەممو ١٢ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

زعیم مەلا مصطفی تشریفی بردە چاپخانەی کوردستان ولەلایەن مدیری چاپخانە آغای قادری مدرسی بەهوی آغای احمد الاهیەوە خوناسینان کرد ولەدواییدا لەلایەن محمد محمودەوە چەند آموزگاریك بەکارگەرانی چاپ کرا وسپاس مدیری چاپخانەی بەناوی زعیم مەلا مصطفی‌یەوە کرد .

روژی یەکشەممو ١٢ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

بەیانی لەگەل ئەفسەران وآغای احمد الاهی تشریفی بردە لای رئیسی هیئەتی رئیسەی میللی کوردستان جنابی سیدحاجی باباشیخ ولەدوای سەعاتیك گفتوگوی گیانی بەگیانی بەخوشیەوە زعیم ئەوی بەجی هیشت وگەرایەوە مرکزی حزب .

روژی دوشەممو ١٣ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

بەیانی دیسان زعیم مەلا مصطفی وئەفسەرانی لەگەل آغای کریم احمدین تشریفی بردە ادارەی شارداری لەلایەن آغای میرزا غنی خسروی رئیس ادارەداریەوە پیشوازی کرا ونزیکەی نیوسەعاتیك لەوی رایبوارد ولەگەل مأمورانی ئەم ادارەیە معارفەی فرمو ولەدواییدا تشریفی بردەوە مرکزی حزب . سەعات ١٠ اوارە دیسان خوی و ئەفسەرانی محمد محمود، عبدالرحمن طبیب مفتی تشریفیان بردە خذمت پیشەوای معظم لەیانەی فرهنگی وەدیسان نزیکەی نیوسەعاتیك گفتوگوی تایبەتیان بوو وگەرایەوە جیگای خوی .

پاشبەندی ٥

روژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢٧، لاپەرەی ١ دو شەممو ٥ خاکەلیوە ١٣٢٥، ٢٥ مارس ١٩٤٦.

خطابەی ڕەحیم جنابی مەلامصطفی بارزانی
نمایندە گانی بەڕێزی حزب دیمو کراتی کوردستان
ئەی سەر کردە گانی هیزی مەر کەزی حکومەتی
کوردستان .

ئەی هەڤالانم سەر کردە کانی هیزی آزادی .
ئەی پیش مەر گە کان، ئەی گەلی کوردستانی خوشەویست .

آموزایان ولی دە کەم ، پیروزبایی یکەم جیژنی میللی سەر بەستیان لی دە کەم کە ئەمرو لە پایتختی حکومەتی کوردستاندا کە آلای مقدسمان نیشانەی آزادی نیشتمان و میللەتە لە سەر سەرمان دەلەرزێتەوە وبی بیروزی دە کەین .

خوین رژاوە آزادی دەست بەست کراوە رەنج غصب کراوە ملی هاوار کەرانی آزادی کەچ کراوە ئەم هەموو سەر هاتە لەچاخیکی میژودا بەرامبر کورد کراوە بەم پەسیرهاتانە یەك بەدوای یەکدا آگری مقدسی کوردی دا گیرساند ولەو آگرە بالاو گەرمەیدا هەموو مانی تواندەوو .

روونا کی کوژاوەی گیانی پالەوانانی آزادی گەلمان لە شمزیتان . باوزان، درسیم دیار بەکر وسلیمانی ئەو ریگایەمان بوروناك دە کاتەوە کە گیانمان بو بەخت کردوە کە بیگە ین، روناکی میژوی شورشمان کەلەسەرئەو شارە بلاو بوتەوە خوشی ئەم روژەی جواتر کردووە .

باهەنگاوی مجاهدە کاندان وبنە بکەین و ویستی زور گەورە بو نیشتمانمان و گەلمان کە پیویستی رەنجو خوین رشتمانە بینینمجی داری آزادی بو گەلا کردن وبەردان خوینمانی دەویت .

پیویستە لەسەرمان گەیلانی ئەو دزانەی کە لەآخرە کوبەتەوە تیك بدین و بەفضلی ریك خستنی هیزمان وە کو کردنەوەی بەرامبەر دوژمنی سەربەخوێ ان ئەم بلانەتیك دەچیت و دیسان بە پشتیوانی ملتە آزادخواهە کان بوآمانجی عادلمان، گەشتی نمایندەی عراق لەآخرە لە بابت شورشە کانی کورد و لە کۆاحدا زیاتر گیانیکی پولایمان دەداتی، ئەگەر چی هیزی عراق بەشی گوژاندنەوەی شورشی مقدسمان ناکات دەلی و رادە گەیینی کەصدهزار پیش مەر گەی بیگانەی هاریکارەبە. لەبەرئەوەبوەپیویستلەسەرشانمان کە ایمەش بلین کە هیزی رەشی پاریز گاری استعمار ودا گیر کەری بیگانەو کونەپرستی عراق هیچ دەمیك ناتوانی خوی لەبەرهیزی روناکی و آزادیدا رابگرت، هیزمان لە میلەتیکی رەنج دەربو آزادی وتان وەر گیراوە لەپەر ئەوەسەر کەوتنمان حتمیە.

ئەوە شەرەفیکی زور گەورەیە کە ماوەی لە لاپەرە ٢

جیژنی نەوروز لە مەهاباد

ماوەی لاپەرە ١

وەك پیش مەر گەیك لە شورشی آزادی دا بەشدارم. وشەرفیکی زور گەورەترم وەر گرت کەهیزی آزادی سەر کردەیی خوی دامی بو پاریز گاری کوردستان .

ئەی جەوانانی کورد پەیمانان دەدەمی کەهەتا دوا قوکی خوینم بو آزادیتان بیەختم . آزادی گەلی بەرزی کوردمان وە کو پیش مەر گەیك آمادەم بو هەمو داوایەکی (پیشوای کوردستان) بوهیناەجی آمانجی مەزنی دیمو کراتی .

باهەمو یەکەوە بە یەك دەنگ بلین :

بژی حکومەتی کوردستان و پیشوای معظم
بژی شورشی بەربەرە کانی استعمار و کونەپەرستی
بژی یەکیتی سوفیات هەڤانی آزادی لەعالمدا

پاشبەندی٦

قازی محەمەد و جمهوری در آینه اسناد

نامهٔ محمدرشید خان به قاضی محمد

۱۲ یا ۱۳۲۵/۲/۱۳

موضوع / تقدیر از شجاعت نیروهای بارزانی

۱- با کمال سربلندی، افتخار و مسرت، عملیات خارق العاده نیروها و افسران بارزانی را بعرض می‌رسانم. هر چند در نامهٔ شماره ۱۴۶ مورخ ۲۵/۲/۱۱ مختصراً اشاره کرده بودم، امّا تشریح آن را برای پیشوای معظم ضروری می‌دانم.

۲- روز ۱۳۲۵/۲/۹ ساعت ۱۱ و ۱۰ دقیقه پیش از ظهر، دشمن، ناگهان در جبههٔ "سرچشمه" و "سرا" بسوی استحکامات "ملقرنی" که زیر نظر "بکر آقا حویزی" بود، هجوم آورد.

دشمن در مسیر "سرا" نیز استحکامات منطقه را که تحت نظارت آقای "میرحاج" بود، هدف قرار داد. مسیر سوم تهاجم دشمن، منطقه فرماندهی آقای "مصطفی خوشناو" بود که کوه "بالوقان" نام دارد. نیروهای بارزانی تحت فرماندهی رهبر خود،بدون هیچگونه ترس، واهمه یا بی‌نظمی، بمانند یک نیروی نظامی کارآزموده، برنامه‌های دفاعی را بموقع اجرا گذاشته چنان موفق عمل نمودند که قلم از بیان آن عاجز است.

۳- فرماندهان بارزانی، آقایان "میرحاج"، "بکرآقا حویزی"، "مصطفی خوشناو" و جناب آقای "وهاب‌آقا"، ما را سرافراز نمودند. حقیقتاً هر چهار تن شایسته تقدیر هستند و آداب نظامی حکم می‌کند مورد توجه بارگاه معظم جمهوری قرار گرفته از شجاعت آنها قدردانی شود.

بهمین مناسبت خواهشمند است شرح عملیات موفق آنها در پرونده‌های نظامی ایشان، ثبت شود. لازم می‌دانم جنابعالی رسماً از این فرماندهان، تقدیر بعمل آورید.

۴- و معاونان فرماندهان مذکور آقایان "محمدامین میر خان"، "مامندی مسیح"، "ساکو" و "خوشروی خلیلی"، کمال میهن پرستی را از خود نشان دادند. تقدیر از این پیشمرگان قهرمان نیز، لازم می‌نماید. لذا درخواست می‌کنم با اعطای درجه به این حماسه سرایان مردانگی، از عملیات آنها تقدیر بعمل آورید.

۵- در این مورد با زعیم محترم، ملامصطفی نیز صحبت کرده‌ام. ایشان نیز با نظر من موافقند.

فرماندهٔ نیروی بوکان و سرا

پاشبەندی۷

قازی محەمەد و جمهوری در آینه اسناد

اواسط ماه می ۱۹۴۶، حوالی ساعت ۱۲ ظهر یکی از روزها، "صدرقاضی" بهنگام عبور از پست بازرسی، با سختگیری رزمندگان کرد مواجه می‌شود. "صدر" پس از بازدید اتومبیل خود توسط سربازان کرد، می‌گوید: "من "صدرقاضی" برادر پیشوا هستم.

اگر مرا می‌شناختید باز هم اتومبیل من را بازرسی می‌کردید؟

– "بله بخاطر دستور اکید فرمانده، ناچار از اطاعت هستیم."

"صدرقاضی" با مسرت تمام از نگهبان سؤال می‌کند: فرمانده شما کیست؟

– "بکر عبدالکریم" قربان

"صدرقاضی" سپس نامه‌ای بدین مضمون برای "بکر عبدالکریم" نوشته توسط یکی از سربازان، برای فرمانده ارسال می‌نماید:

"سربازان کردستان را دیدم. از شادی در پوست خود نمی‌گنجم. باور کنید بیست سال جوانتر شده‌ام. نمی‌دانم چگونه مراتب تشکر خود را بجای آورم. نظم و وظیفه شناسی سربازان کردستان، قابل تقدیر است. میل داشتم از نزدیک شما را زیارت کنم اما چون باید به بوکان و سپس مهاباد سفر کنم مجال چنین کاری نیست. اتومبیل خود را بدنبال شما خواهم فرستاد. ملاقات با جنابعالی بسیار مسرت‌بخش خواهد بود."

پاشبەندی ٨

روژنامەی کوردستان، ژمارەی ٦٦، لاپەرەی ١ سێ شەممو ١٨ پوش پەر ١٣٢٥.



چونی وەزیری جەنگ بو جبهه
روژی ١٤ ر ٤ ر ٢٥ سەعاتی
٨ بەیانی جەنابی آغای محمد حسین خانی
سیفی قاضی وزیری بەرزی هیز وجەنابی
ژنرال مایور مصطفی بارزانی دەگەل عدەیەك
پیشمەرگە بو جبهەعزیمتیان کرد .

پاشبه‌ندی ۹

ستاد نیروی کردستان

رکن دوم
شماره ۱۹۱۲۵

رضائیه
مورخه ۱۰-۱-۲۶
ساعت ۸

اعلامیه

از اواخر سال ۲۰ محمد قاضی — ابوالقاسم صدر قاضی — محمدحسین سیف قاضی در مهاباد دست بیک سلسله تحریکات و اقداماتی بر علیه امنیت و انتظام منطقه زده تدریجاً اعمال جنایت‌آمیز خود را بسط و توسعه داده که منجر به وقایع اسف انگیز زیادی منجمله حمله بشهربانی مهاباد قتل پنج نفر پاسبان غارت شهربانی و از بین بردن اسناد و مدارک جنایات خود قتل محمودیان تاجر مهابادی و قاضی‌زاده رئیس آمار که همه قربانی مطامع و جاه‌طلبی آنها گردید همچنین غارت دهات و سایر وقایع در آن خطه گردید محمد قاضی بهمدستی برادر خود صدر قاضی (که ظاهراً نماینده مهاباد ولی در معنی عامل و طراح اصلی نقشه‌های پلید تجزیه قسمتی از ایران بود) و سیف قاضی برای اجرای مقاصد شوم و تکین خود کلیه رؤسای ادارات دولتی را از مهاباد بیرون کرده از ۲۴ آذر ۲۴ پرچم سه رنگ شیر و خورشید ایران را از فراز ادارات دولتی پائین کشیده و پرچمی بعنوان پرچم کردستان برافراشته روز دوم بهمن ماه ۲۴ محمد قاضی خود را رئیس جمهور کردستان آزاد معرفی و عدهٔ از اشخاص خائن و بد سابقه را که از همکاران او بودند به منظور عملی کردن مقاصد شخصی بعنوان وزیر برای دولت خودمختار کردستان تعیین و برای مقابله با نیروهای دولتی دستجات قوای مسلحی از مهابادی و بارزانی تشکیل مقادیر معتنابهی اسلحه و مهمات در بین اهالی و عشایر تقسیم گردیده و آنها را بسمت سنز و سردشت اعزام حوادث خونینی را فراهم نمودند با آنکه نیروی کردستان چند بار آنها را به اطاعت دعوت نموده نتیجه حاصل نشد همچنین در تهران اولیای معظم دولت سعی کردند آنان را از این افکار ناپسند باز دارند مؤثر واقع نگردید همان خط مشی را ادامه دادند. در اواسط آذر ۲۵ موقع عزیمت نیروی کردستان به آذربایجان این اشخاص در مجالس و مساجد اهالی و عشائر را به مقاومت در برابر نیروها تحریک و تحریص کرده دستور کتبی برای حمله به ستونهای نظامی صادر کردند لیکن خوشبختانه عشائر به افکار پلید آنها پی برده ترتیب اثر ندادند و ستونهای نظامی با سرعت به پیشروی خود ادامه و کلیه نقشه‌های خائنانه آنها بی اثر ماند بالنتیجه این عناصر خائن دستگیر و گرفتار سرپنجهٔ عدالت گردیده پرونده این اشخاص بدادگاه نظامی زمان جنگ مراجعه و سه نفر محکوم به اعدام شدند دادگاه تجدید نظر نیز رأی را ابرام و بتصویب بندگان اعلیحضرت همایون شاهنشاهی رسیده ساعت ۶ روز دهم فروردین در مهاباد به موقع اجرا گذارده شد.

فرمانده لشکر ۴ و نیروی کردستان سرلشکر همایونی

چاپخانه شیر و خورشید سرخ ایران

پاشبەندی ١٠

۵

گزارشی از تحولات نظامی در فاصلهٔ ٦ تا ١٧ خرداد ١٣٢٦

وضعیت و جریان معاودت بارزانی‌ها به کشور شاهنشاهی، مورخه ٢٦/٣/٦
(روی نقشه $\frac{١}{٢٥٢٠٠٠}$)

ساعت /٧ روز ٢٦/٣/٦ به ستاد لشگر در رضائیه اطلاع رسید که ساعت /٢ همان روز عده بارزانی به جرمی آمده /٢٠ سر گوسفند به غارت برده‌اند از امیر قوه عراق نیز اطلاع رسید بارزانی‌ها از عراق به ترکیه فرار کرده ممکن است به خاک ایران بیایند. ساعت /١٣ پسران نوری‌بیگ ورود بارزانی‌ها را به خوشکی شش کیلومتری جنوبی انبه تأیید و ساعت /١۴ اطلاع رسید بارزانی‌ها به سمت خوشکی پیشروی می‌کنند. از مجموع این جریانات معلوم شد بارزانی‌ها از مرز ترکیه و از طریق برده سورچای وارد خاک ایران شده و تعداد آن‌ها در حدود چهارصد نفر

است. بلافاصله سروان عدل ضرابی با رشید بیگ به ستاد احضار و دستور گرفت که با صد نفر تفنگچی به موانا بروند. نامبردگان ساعت /۱۸ همان روز از رضائیه حرکت و ساعت /۲۲ لرنی، ساعت ۵½ صبح گردنه گرده بلیچ اشغال گردید و در همین اوقات ستونی مرکب از دو گردان پیاده (گردان اصفهان و گردان /۲ آذرپاد)، چهاردستگاه ارابه جنگی، یک‌دسته توپخانه، یک دستگاه بیسیم به فرماندهی سرهنگ سردادور تشکیل و مأموریت داده شد که ساعت /۴ روز ۳/۷ برای حرکت آماده باشند.

در ساعت /۱۴ روز ۲۶/۳/۶ یک پرواز اکتشافی از روی ارتفاعات مرزی و آبادی‌های نامبرده اجراء ولی به علت وجود ابر نتیجه اکتشاف منفی بود.

ستون مزبور ساعت /۴ صبح ۲۶/۳/۷ با ۱۸ دستگاه کامیون به سمت لرنی عزیمت تا ساعت ۱۷ و نیم در لرنی مستقر صبح روز ۸ ساعت ۵ به طرف موانا عزیمت در آنجا متمرکز گردیدند مأموریت این ستون دخول سریع به بزسینا به منظور تماس و جلوگیری از بارزانی‌ها برای حرکت به سمت شمال بوده.

ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۷ نوری‌بیگ به تلگرافخانه حاضر و کاغذ ملامصطفی را که به او نوشته بود و حاکی بود که در بین او ودولت واسطه شود و همچنین کاغذی از ملامصطفی تحت همین عنوان به ستادلشگر رسید که به نامبرده پاسخ داده شد که بدون قید و شرط به رضائیه حرکت و تسلیم شود. ولی چون از کاغذها استنباط گردید که مقصود نامبرده اغفال و اغتنام وقت است به ستون اعزامی مجددا تأکید شد در حرکت به سوی موانا برای اخذ تماس با آن‌ها تسریع نمایند تا بر اثر فشار زودتر بتوان به نتیجه رسید.

آخرین پرواز اکتشافی روز ۲۶/۳/۶ که در اطراف طلوع و انبه به عمل آمده بود حاکی بود که عناصر مشکوکی در نقاط نامبرده دیده شد که به

محض مشاهده هواپیما خود را مخفی کرده و قریب ۱۵ نفر از اشرار روی ارتفاع داخل سنگر مشاهده شده ولی تمرکز اشرار دیده نشده و با وجودی که پرواز هواپیما در اوجِ پَست انجام می‌گرفت برعلیه هواپیما تیراندازی نمی‌کردند.

آخرین اطلاع در ساعت ۲۱ از ستون مزبور حاکی بود که ملامصطفی ساعت ۲۰ روز /۷ انبه را ترک و به خانه‌کی [خانقاه] رفته و عده[ای] از افراد خود را به نازلوچای فرستاده و با این ترتیب برای لشگر واضح شد که مقصود بارزانی‌ها رفتن به سمت شمال و تشکیل دسته‌بندی با عشایر مختلف شمال و غرب رضائیه می‌باشند.

صبح روز ۲۶/۳/۸ که ستون اعزامی به نام ستون ترگور در موانا متمرکز و اطلاع می‌دهد که ملامصطفی شرحی به‌ستون نوشته که این جانب برای تسلیم آمده‌ام لیکن یکی از افسران و یک نفر از رؤسای عشایر برای واسطه تعیین شود به خوبی واضح بود مقصود ملامصطفی وقت‌گذرانی و طفره و تعلل بوده و مقصد عزیمت به‌شمال را دارند چه تا ساعت /۱۲ روز /۸ کلیه بارزانی‌ها از نازلوچای به سمت شمال عبور کردند. اطلاع رسیده در ساعت ۹½ روز مزبور حاکی بود که بارزانی‌ها به سرو و سرویک وارد شدند این اطلاع از طرف ستون ترگور رسیده و به وسیله سرگرد صلح‌جو سرپرست سواران شکاک تأیید و نامبرده اضافه کرده است که بارزانی‌ها خیال دارند از سرویک به هوسین بروند. اطلاعات مزبور به‌ستون‌های متمرکز در ماکو، قره‌ضیاءالدین، خوی، قطور، سیه‌چشمه، شاهپور [و] سرهنگ فولادوند ابلاغ و دستور مراقبت داده شد.

روز ۹ گردان ۲ هنگ بهادر و یک‌دسته توپخانه ۷۵ ساعت ۸ از خوی به سمت دره قطور عزیمت و مأمور شد که باگردان ۳ هنگ ۱۰ متمرکز در قطور در انسداد راههای عبور دره قطور اقدام، ضمناً واحدهای تقویتی

دیگر متعاقباً به آنها رسانده می‌شود. گردان ۲ هنگ ۳۲ از اشنویه احضار ساعت ۱۲ روز ۲۶/۳/۹ به رضائیه وارد و ساعت ۱۶ همان روز به‌شاهپور عزیمت نمودند.* بارزانی‌ها در روز ۹ ارتفاعات گل‌شیخان و کرتش و قریه سرو را اشغال و عده‌ای را نیز به قریه سینا فرستاده است. ضمناً در همین روز با عده تفنگچی به سرپرستی اسعد ارتفاعات گل‌جهان را که برای حفظ عقبه آن‌ها حائز اهمیت بوده است اشغال می‌کنند. در جریان وقایع سه‌روزه پروازهای اکتشافی متوالی صبح و عصر روی منطقه به عمل آمده است ولی اکثراً به علت بدی هوا نتیجه از عمل اکتشاف آن‌ها گرفته نشده است و در هوای خوب نیز چون بارزانی‌ها اغلب راه‌پیمایی‌های خود را شبانه انجام می‌دهند بی‌نهایت در مورد استتار دقت نموده و ورزیدگی کامل دارند هواپیماهای اکتشافی اغلب قادر به تشخیص محل دقیق آنها نبوده. از مجموعه اطلاعاتی که تا ساعت /۲۲ روز ۲۶/۳/۹ استنباط شده است واضح و آشکار گردید که مقصد بارزانی‌ها عزیمت به مرز شمال و دخول به کوههای ماکو بوده و مکاتباتی که انجام می‌دهند به منظور اغفال و اغتنام وقت است.

بارزانی‌ها روز /۹ از سرو و بردوک عزیمت و بردوک پایین [را] اشغال و به سمت بر دوک بالا می‌روند. دوساعت در ارتفاع غربی و شمالی قریه آقچه گل بین بارزانی‌ها و شکاک‌ها به‌سرپرستی سرگرد صلح‌جو که در ارتفاع شمالی آقچه گل متمرکز شده بود زدوخورد [صورت گرفت]. اکتشافات هوایی ساعت ۹½ تا /۱۲ روز /۱۰ حاکی از فعالیت‌های سوارهای عشایری در ارتفاعات شمال و شمال غربی گنبد بوده ولی اثری از بارزانی‌ها ندیده است.

فرماندهی نیرو در ساعت /۱۸ روز /۹ پس از بررسی وضعیت تصمیمی به شرح زیر اتخاذ و پس از عرض به پیشگاه مبارک شاهانه اجرای آن همان موقع آغاز می‌گردد. اینک طرح پیشنهادی و تصویبی

لشگر که از ساعت /۲۴ روز ۲۶/۳/۹ به وسیله کلیه واحدهای نیرو ابلاغ واجراء شده است.

۱. مسدودکردن راه بارزانی‌ها روی دره خوی ـ قطور ـ مرز به وسیله یک ستون مرکب از چهار گردان پیاده: گردان‌های ۳ هنگ /۱۰، گردان /۲ بهادر، گردان /۲ هنگ /۳۲، گردان /۳ آهن، یک آتشبار /۷۵ کوهستانی، چهار دستگاه ارابه جنگی، یک دستگاه بیسیم.

۲. تعاقب بارزانی‌ها به وسیله ستون ترگور مرکب از گردان‌های اصفهان و /۲ آذرپاد، یک‌دسته توپخانه /۷۵ کوهستانی، دو دستگاه ارابه جنگی، یک دستگاه بیسیم تحت امر سرهنگ سردادور. این دو ستون تحت امر سرتیپ بیگلری معاون لشگر گذارده شده، سرهنگ قزل آیاغ و عناصر لازم برای عهده‌داری ستاد ستون‌های نامبرده تعیین و معرفی گردید.

هنگ سوار فوزیه منهای یک اسواران که با یک آتشبار کوهستانی تقویت گردیده در شاهپور متمرکز و یک دستگاه بیسیم تشکیل احتیاط متحرک را در شاهپور داده و مأموریت یافت ضمن مراقبت‌های عمومی منطقه شاهپور و شکاک‌ها عنداللزوم برای شرکت در عملیات آماده باشند.

۳. ستون ماکو مرکب از گردان‌های /۱ هنگ /۱۲ کرمانشاه و گردان /۲ هنگ /۲۷، یک‌دسته خمپاره اصفهان، یک آتشبار /۷۵ کرمانشاه، یک دستگاه بیسیم تحت فرماندهی سرهنگ مظفری مأموریت داده شد که معابر پلدشت و مرز بازرگان را که قبلاً شناسایی کرده تحت مراقبت قرار دهد.

۴. در سیه‌چشمه یک گردان از هنگ بهادر و یک دستگاه بیسیم، در قره‌ضیاءالدین گردان /۲ هنگ ۱۲ و هنگ سوار کردستان منهای یک اسواران به منظور احتیاط متحرک در خوی متمرکز گردیدند. مجموع

ستون‌های /۳ و /۴ تحت امر سرتیپ زنگنه فرمانده تیپ رضائیه قرار گرفته و سرگرد ستاد بهاروند با عناصر لازم به سمت عهده‌داری ستاد ستون‌ها نیز تعیین شدند.

گردان سرگرد زره‌پوش ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۱۰ با کامیون به خوی اعزام و /۴ ارابه جنگی به‌قطور اعزام گردید. به تمام واحدها و فرماندهان ستون ابلاغ گردید که طرح مزبور از ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۱۱ به مورد اجراگذارده شود.[1] سرتیپ بیگلری و سرهنگ نیساری روز ۲۶/۳/۱۰ به صوب مأموریت خود عزیمت نموده و سرتیپ زنگنه صبح /۱۱ رضائیه را ترک نموده است.

دستورات تکمیلی بعدی راجع به استقرار در خط قطور اضافه‌کردن گردان سرگرد زره‌پوش به /۳ گردان قبلی بوده است. بارزانی‌ها از ساعت /۳ روز ۲۶/۳/۱۲ تا ساعت /۱۴ همان روز در هبلوران متوقف سپس در محور اشنگ و برشخواران حرکت می‌کنند. طلوع آفتاب روز ۱۳ به راویان وارد و در آنجا چند نفر از عناصر محلی [را] که از طرف ستون‌ها برای کسب اطلاع فرستاده شده بود گرفته و تعدادی دواب سواری و خواربار از آبادی‌های مزبور گرفته بین حبش پایین و مَخین حرکت می‌نمایند و متوجه کلت بالا می‌شوند. روز ۲۶/۳/۱۵ بارزانی‌ها به سگ‌من آباد رسیده در این روز چون عده‌های گسترده‌شده از خط قطور هرگاه به تعاقب بارزانی‌ها حرکت می‌کردند بدون نتیجه بود لذا گردان /۲ و /۳ آذرپاد و گردان کسر خدمت هنگ /۹ که روز ۱۲ به خوی اعزام شده بود با کامیون به شوت حمل گردید که در آنجا جلو بارزانی‌ها را گرفته تماس حاصل نمایند.

روز ۱۵ خرداد تیمسار فرماندهی نیرو و لشگر ۴ از رضائیه حرکت و همان روز به‌ماکو وارد و سرهنگ ستاد غفاری از اشنویه احضار، نامبرده

---

۱. در حاشیه نوشته شده است: «ملامصطفی متأسفانه صبر نکرد.»

ساعت /۱۸ روز ۲۶/۳/۱۶ به رضائیه وارد و بلافاصله به ماکو حرکت و از همان روز به سمت ستاد عملیاتی در ماکو تعیین گردید.

روز ۱۶ ستون قره ضیاءالدین به‌سمت کوه‌سگار، اسواران و یک‌دسته مسلسل از هنگ سوار کردستان به استقامت فرهادخانی حرکت و [به] ستون سیه‌چشمه دستور [داده] شد عوامل مقدم خود را برای اخذ تماس به جلو اعزام دارد. واحدهای خط قطور وگردان سرگرد زره‌پوش باکامیون به‌ماکو حرکت کرده و گردان /۲ بهادر گردان /۳ آهن تحت امر سرهنگ فولادوند مأمور تعاقب گردیدند. گردان‌های اصفهان، گردان /۲ کرمانشاه گردان /۲ هنگ /۲۷ به‌ساری باشکند و کشمش‌تپه، موسی آقبلاغ، خندور و قزل‌داغ اعزام و نقاط مزبور را اشغال و عوامل مقدم خود را برای اخذ تماس به‌جلو اعزام کردند.

در همین روز سرتیپ زنگنه با فرمانده تیپ بایزید در بازرگان ملاقات و جریان بارزانی‌ها را از نظر اطلاع شرح داد و بارزانی‌ها که روزها در ارتفاعات مخفی و شب‌ها در امتداد خط‌الراس‌ها راه‌پیمایی می‌کردند و به بله‌سور بزرگ و کوچک و سیرپاگل و از آنجا به یکماله سه کیلومتری ناور جنوب شیخ مملو از محال سیه‌چشمه وارد شده‌اند.

سرهنگ زالتاش با ۱۵۰ قبضه تفنگ و تعدادی فشنگ و چند نفر گروهبان جهت مسلح‌کردن طایفه میلان حرکت نمود.

روز /۱۷ بارزانی‌ها شبانه وارد محلی کنار قره‌دره وارد چون احتمال می‌رفت به سمت کره‌لر رفته و بایستی اجباراً از خط بازرگان ماکو ـ خندور ـ قزل‌داغ عبور نمایند ستون‌ها در خط مزبور بدین ترتیب مستقر شدند.

طبق تصمیم متخذه در محل سرهنگ نیساری با دو گردان پیاده، یک‌دسته آتشبار /۷۵، یک اسواران، یک‌دسته مسلسل در کلت بالا در حال تعاقب. سرهنگ لشگری با یک گردان و یک اسواران [و] دو ارابه در

ارتفاعات سگار. یک گردان پیاده یک‌دسته آتشبار /۷۵، دو ارابه در سیه‌چشمه. یک گردان پیاده، دو ارابه جنگی یک‌دسته آتشبار /۷۵ در خط ساری اوجاق و کشمش‌تپه. یک گردان در ارتفاعات سنگر. یک گردان و یک‌دسته آتشبار /۷۵ کوهستانی در خندور، دو گردان پیاده و یک آتشبار /۷۵. یک اسواران. سه ارابه جنگی با سرهنگ سردادور در شوت.

با این تصمیم تدبیر فرماندهی با اتخاذ این آرایش این بود چنانچه قبل از عبور از خط نامبرده بالا تماس حاصل شد آن‌ها را سرکوبی و در غیر اینصورت آن‌ها را در ناحیه کره‌لر محاصره نمایند.

به واسطه دوری منطقه عملیات از رضائیه ستاد عملیاتی که از تاریخ /۱۶ در ماکو تشکیل و احکام و دستورات را مستقیماً به واحدهای نیرو ابلاغ و جریان عملیات را مستقیماً به ستاد ارتش گزارش می‌نمایند.

رییس ستاد لشگر ۴ آذربایجان ــ سرهنگ ستاد فیوضی

پاشبەندی ١١

وزارت جنگ

اداره دفتر مخصوص

دائره ـــــــ

شماره ٣٣٠٢

تاریخ ١٣٢١

پوست ـــــــ

قیمسار مهبد شاه بختی

حسب الامر شاهانه ابلاغ میشود بطوریکه استحضار دارند در تاریخ ٦/ ٣ بارزانیها بخاك ایران وارد و با قدغنهائی در بین کمیته لشکری برای تعقیب وسرکوبی آنها شد فقط لشکر توانست در تاریخ ١٩/ ٣ با آن اشرار تصادف نماید درصورتیکه مدت قوای لشکر برای تعقیب آن عناصر ده برابر عدد باشرار بود وهمه قسم وسائل اتومبیلی وغیره در اختیار لشکر بوده درصورتیکه بارزانیها عموما پیاده و فاقد وسیله رابطه‌ای سبك بوده اند وحتی اسلحه‌شان بعضا بین شاهنشاهی پس از استحضار از جریانات اوامر مبارك صادر گردیده که بایستی در ظرف ٤٨ ساعت باین کار خاتمه داده شود آنهم بچه‌چوجه صورت عملی بخود نگرفت تا آنکه در تاریخ ١٩ با اشرار در حوالی نوت تصادف و در نتیجه عملیاتیکه لشکریان بعمل آوردند ١ افسر تلفات و ٢٥ نفر زخمی داده شده و بارزانیها هم موفق شده اند باوصف این جریان باز بطور شمال بروند چون این موضوع از هرلحاظ مهم وقابل توجه است لذا حسب الامر شاهانه مقرر است کمیسیونی تحت ریاست قیمسار وعضویت :

سرلشکر خسروانی ـ سرتیپ گلزن ـ سرتیپ وثوق

در محل تشکیل و دقیقا بکلیه جریانات رسیدگی کرده تعیین شود :

١) چرا لشکر تعقیب اقدام ننموده ؟

٢) چرا مسئولین باوسائلی که در اختیار داشته اند موفق بالقا مانع نشده اند ؟

٣) قصور در این عملیات مربوط به که بوده ؟

٤) علت عملیات اخیر چه بوده و قصور از طرف کیست ؟

بطوریکه بایستی رسیدگی فرموده صریحا تعیین شود قصور در این عملیات از طرف که شده چه این پیش آمد به حیثیت و مقام ارتش در نظر همسایگان وحتی جلوی عشایر محلی مکتوم وعدم قدرت واحد های ارتش را کاملا ثابت نموده است . نتیجه را زودتر اعلام فرمائید که از شرف عرض پیشگاه شاهانه بگذرد .

رئیس ستاد ارتش ـ سرلشکر فرهنگ آرا

پاشبەندی ١٢

جێگری وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت
بۆ جەنەرالیزمی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ستالین ی.ڤ

(١) هەروەک دەزانن ئێمە لە عێراق بۆ ڕزگاریی کورد لە دژی دەولەتی عێراق ڕاپەڕین، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا هاتینە ئێران و، پەنامان بردە بەر سوپای سۆڤیەتیی جێگربوو لەوێ، ئێمە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بۆ ڕزگاریی گەلانی ئازەربایجان و کورد لە ئێراندا بەشداریمان کرد.

(٢) لە ١٠ کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ هێزە دیموکراتییەکانی ئێران لەژێر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا خۆیان بەدەستەوە دا، بەڵام ئێمە لەبەربەرەکانی بەردەوام بووین و، گەلانی تریش لەگەڵ ئێمەدا بەشداریمان کرد. ئەگەر بەگ و ئاغا کوردەکان یارمەتیی دەولەتی عێراقیان نەدایە، ئێمە بۆ ئێران پاشەکشێمان نەدەکرد و، لە خەباتی خۆمان بەردەوام دەبووین.

(٣) لەو ماوەیەدا بەهاوبەندیی کۆنەپەرستانی تورکیا و عێراق ئێمە لە مەترسیی لەناوچووندا بووین، ئێمە هێزێکی زۆرمان نەبوو بەڵام هێشتاش خۆمان لەبەر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا ڕاگرت و، زیانێکی گەورەمان لێ دان. ئێمە لەسایەی ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕانەی خۆمانەوە سەرکەوتین و، هێزەکانی خۆمانمان پاراست. ئێمە ئامانجمان کوردستانی عێراق بوو بەڵام بەهۆی دەست تێوەردانی هەندێ تاخمی کۆنەپەرست ناپاکیمان لەگەڵدا کرا. ئێمە لە عێراق سوپای تورکیامان بینی کە یارمەتی کۆنەپەرستانی عێراقیان دەدا و، ئەمەبوو بەهۆی ئەوەی ناچار بین بۆ ماوەیەک واز لە خەبات بێنین و هێزەکانمان بۆ خەبات لە داهاتوو بپارێزین.

(٤) ئێمە ناچار کراین بێینە سەر سنوورەکانی یەکەتیی سۆڤیەت و، لە گەمارۆی سوپای ئێران خۆمان ڕزگار کەین، ئەمەش پاش ئەوە چووینە ناو خاکی تورکیا و لەوێوە بۆ سەر سنووری سۆڤیەت.

لە ماوەی ٢٠ ڕۆژی ڕێپێواندا تا سەر ڕووباری ئاراس، ئەم ٢٠ ڕۆژە کۆنەپەرستانی ئێران نیازیان ئەوەبوو لەناومان ببەن؛ بەڵام پاش شەڕێکی سەخت و خوێناوی گەیشتینە سەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەت.

(٥) لەم وەختەدا پێنج سەد شۆڕشگێڕی بارزانی لەسەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەتدان، لەناو ئێمەدا بریندار و شەکەت زۆرن، ئێمە وەک هەموو گەلانی دیموکراتخواز، پێویستیمان بەئازادی هەیە، چاوەڕێی یارمەتی لە هاوڕێ ستالین دەکەین.

بۆیە هاتینە ناو خاکی سۆڤیەت، دەزانین دەولەتی یەکەتیی سۆڤیەت دیموکراتیترین دەولەتی کرێکار و جوتیارە. لەبەر ئەو بارودۆخەی ئێمە تێی کەوتووین، تکایە یارمەتیمان بدەن.

هەر بژی هاوڕێ ستالین و هەموو گەلانی یەکەتیی سۆڤیەت

ڕێبەری بزووتنەوەی دیموکرات و شۆڕشگێڕانەی کوردستانی عێراق

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان: مەلا مستەفا بارزانی

لەلایەن جەنەرال لیتینانت ستاخانوڤ - ١٨ی حوزەیران ١٩٤٧

پاشبەندی ١٣

١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧

بۆ هاوڕێ ستالین ی-ڤ
بۆ هاوڕێ مۆلەتۆڤ ڤ.م
بۆ هاوڕێ بیریا ل. پ

بۆ خستنەپاڵ ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت لە ١٨ی حوزەیرانی ئەمساڵ، لەبارەی دەستەکانی کوردی عێراقەوە ڕادەگەینم: لە کۆتاییی ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ئەمساڵ دەستەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کە ژمارەی سەرجەمیان ٤٩٩ کەسە هاتوونەتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت و، ئەم شتانەیان لێ سەندراوە: تفەنگ ٣٠٣، تەماتیک ٥، دەمانچە ٥٥، نارنجۆک ٥٤، دووربین ١٣، فیشەک ١٣٠٠٠.

کوردە ڕاگیراوەکان نێردراون بۆ شاری نەخچەوان و لەژێر پاراستنی سنووروانانن، بەپێی ڕاگەیاندنی مستەفا بارزانی لەبەر زەحمەتیی پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس بەچەک و تەقەمەنییەوە، ناچاربوون لەسەر ڕووبارەکەدا لەناو خاکی ئێران سێ سەد تفەنگ و سەد دەمانچە و ١٥٠ نارنجۆک و هەندێک تەقەمەنییان لەناو قامیشەکان بەجێ بهێڵن، سنووروانان ڕایان گەیاند کەوا ئەم چەک و تەقەمەنییە لەلایەن سوپای ئێران دۆزراونەتەوە و، دەستیان بەسەرداگیراوە. بەدەستووری ئێمە فەرماندەی سوپای سنووروانانی ناوچەی ئازەربایجان جەنەرال مایۆر هاوڕێ مالتسۆڤ لەگەڵ مستەفا بارزانیدا وتووێژی کردووە، بارزانی وتوویەتی: «ئێمە لە بزووتنەوەی دێموکراتی لە ئازەربایجانی ئێران چالاکانە دژی کۆنەپەرستان خەباتمان کردووە و، ئەم خەباتەش تا ئەم ڕۆژانەی دوایی هەر بەردەوام بووە. لەبەرئەوەی بۆ لەناوبردنی شەڕوانانی ئێمە، ئێران سوپایەکی زۆری بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی بەکارهێنابوو، ئێمە بڕیارمان دا لەپێناو پاراستنی دەستەکانی خۆماندا بێینە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە»، هەروەها مستەفا بارزانی ڕای گەیاند کە ئەو و هەموو هەڤاڵەکانی: «وازیان لە کشتوکاڵ هێناوە و، هۆگری شەڕی چەکداری بوون، ئێستا ئامادەی هەر شێوە دەستوورێکی یەکەتیی سۆڤیەتن بۆ خەبات لە دژی کۆنەپەرستانی ئێران».

ئێمە دەستوورمان پێ دراوە بەوردی ئاگەداری مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی بین.

چێگری وەزیری ناوخۆیی یەکەتیی سۆڤیەت: سیرۆڤ

پاشبەندی ١٤

٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٧

بۆ هاوڕێ ستالین ی.ڤ

بۆ هاوڕێ مۆلەتۆف ڤ.م

بۆ هاوڕێ بیریا ل.پ

لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ١٩ی حوزەیرانی ئەمساڵدا لەبارەی هاتنی دەستەکانی کورد لە ئێرانەوە بۆ یەکەتیی سۆڤیەت ڕادەگەینم: ٢٣ی حوزەیرانی ئەمساڵ لەلایەن کۆمیسەری سنوورەوانی ناوچەی جولفاوە (پادپالکونیک) عەقید باقیرزادە نامەیەکمان پێ گەیشتووە کە دەوڵەتی ئێران داخوازیی گەڕانەوەی کوردە ڕاگیراوەکان بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بۆ ئێران دەکات.

تێبینی: وەرگێڕاوی نامەی کۆمیسەری سنوورەوانی ئێرانی پێشکێش دەکرێت.

وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت کرۆگلۆف.س

کۆپیەی وەرگێڕاوی لە فارسییەوە

بەڕێز کۆمیسەری سنوورەوان

بەشانازییەوە ڕادەگەینم کە مەلا مستەفا بەختێکەیەوە (بارزانی) نێزیکەی ٢٠ ڕۆژ لەمەوبەر دیسانەوە سنووری تورکیایان بڕیوە و هاتوونەتە ناو خاکی ئێران، سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی ئێران هەموو هەنگاوێکی بۆ دەسگیرکردنی ئەمانە هەڵگرتووە؛ بەڵام بێ سوود بووە و ئەوانە گوندەکانیان تاڵان و ڕووت کردووەتەوە(*).

٢٠ی حوزەیرانی ئەمساڵ لەژێر پاڵەپەستۆی سوپای ئێران، بارزانییەکان کە ژمارەیان زیاتر لە ٤٠٠ کەسە تەواوی چەکەکانیان لە ناوچەی سارانج لەناو خاکی ئێمە بەجێ هێشتووە و، پاشان هاتوونەتە ناۆ خاکی یەکەتیی سۆڤیەت و، خۆیان بەدەست کاربەدەستانی ئێوە داوە.

بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی دۆستایەتیمان تێک نەچێت، داوای گەڕانەوەی ئەو چوار سەد کەسە ڕێگر و چەتانەتان لێ دەکەین.

لەگەڵ ڕێز بۆ ئێوە

کۆمیسەری سنوورەوانی ناوچەی جولفا

(پادپالکونیک) عەقید باقیرزادە

پاشبەندی ١٥

N ١/١٤٥٨٢

٩ی ئاب ١٩٤٧

جێگری سەرۆک وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ مۆلەتۆف ڤ.م

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ژمارە ١/١٣٨٣٩ کە لە ڕێکەوتی ٨ی ئابی ئەمساڵدا، بۆمان ناردن، زانیاریی ترتان بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکێش دەکەین، ئەویش ئەوەیە بەپێی ئەو هەواڵەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئازەربایجانی یەکەتیی سۆڤیەت، هاوڕێ یەعقوبۆڤ پێمان گەیشتووە، ژمارەی تەواوی بارزانییە هاتووەکان دیاری کراوە، بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانی ئازەربایجانی یەکەتیی سۆڤیەتدا ناوبراوان لە کەڵخۆزەکانی ناوچەی کۆماری ئازەربایجان جێگیرکراون، زۆربەیان بۆ ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان نێردراون و، بەباشی پێشوازییان لێ کراوە و، لە باری ژیان و جێ و کارەوە یارمەتییان دراوە. لە کەڵخۆزەکانی ناوچەی لاچین ١٥٠ کەسیان جێگیر و لەسەر کار دامەزراون. لەکەلباجار ١٠٠ کەس، لەناوچەی ئەقدەم ١٤٧ و لەناوچەی ئاگجبەدین ٩٧ کەس، مەلا مستەفا لەگەڵ چوار کەس لە خزم و هاوڕێ نێزیکەکانی لە شاری شووشە جێگیرکراون.

بەپێی دەستووری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیست (بەڵشەویک)ی ئازەربایجان هاوڕێ باقرۆڤ، لە دەوروبەری ناوچەی باکۆ جێ بۆ مەلا مستەفا و خزمەکانی ئامادە دەکرێت.

جێگری وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت: ی. سیروڤ

تێبینی: لە وەرگێڕانەکەدا لە جیاتی مانگی تەموز بە هەڵە مانگی ئاب نوسراوە.
نوسەر

پاشبەندی ١٦

تێبینی: ئەم نامەیەی سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ باقرۆڤ یەکەم جار لە کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی دووەم ساڵی ١٩٨٧، نوسینی مەسعود بارزانی، بە زمانی ڕووسی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە. "ئەفراسیاب هەورامی" نامەکەی لە زمانی ڕوسییەوە کردوە بە کوردی و لە لاپەڕەکانی ١٠١-١٠٩ی کتێبی "مستەفا بارزانی لە هەندێک پاشبەند و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتدا" بڵاویکردوەتەوە. من نامەکەم لەو کتێبە وەرگرتووە و تەنیا لاپەڕەکانی یەک و چواردەی دۆکۆمێنتەکەی لێ بڵاو دەکەمەوە و ئیوە دەتوانن دەقەکەی لەو دوو کتێبەدا دا ببینن.

1947г. стр.87

Секретарю коммунистической партии (большевиков) Азербайджана и руководителю народов Востока тов.Багирову

Для меня явилось высокой честью, что я впервые представл перед таким благородным человеком, как Вы.

Народы Востока долгие годы изнывают под гнётом. Одним из таких народов является курдский народ. Этот народ много претерпел от реакционных правительств Турции, Ирана, Ирака и эксплуататорской политики Англии Америки.

С тех пор как курдский народ удостоился Вашего внимания и стал к Вам близок, он это признал для себя и своей свободы и независимости единственно большим сим волом. Вот поэтому и мы - группа курдский демократов, офицеров и бойцов прибегла к Вашему покровительству и обратились к Вашей милости.

Иранское реакционное правительство опираясь на англо-американских эксплуататоров направило вооружен. ную силу на Курдистанскую республику, разгромило демократическое курдское правительство, шахскими войсками оккупировало курдистанскую землю.

Турецкое фашистское правительство заняв большую часть Курдистана, превратило её в темницу, где курды живут в очень тяжелых и трудных условиях. В настоящее время тысячи курдских демократов и свободолюбивых курдов арестованы и находятся в застенках иранских тюрем.

- 14 -

стр.96

Вас, тов.Баиров, как близкого соратника тов.Сталина помочь мне в этом. Таким образом, я смог бы увидеть и надежду всех трудящихся мира Москву, а также гор. Сталинград, где войска Красной Армии разгромили врага и заложили начало будущей победы. стр.97

Я еще раз изъявляю свое желание посетить товарища Сталина, жду, чтобы моя мечта сбылась и это зависит от Вашего великодушия.

Я очень нуждаюсь в политических и партийных знаниях, поэтому прошу обучить меня этим знаниям.

К Вам имею еще одну просьбу: в настоящее время при мне находится мой племянник (сын брата) Шейх Сулейман Барзани. Он во всех военных и политических боях принимал непосредственное участие и практически зарекомендовал себя моим самым близким помощником и товарищем.

Если временно или надолго я буду отсутствовать, то он, т.е. Шейх Сулейман достоин заменить меня и может своей способностью служить Вам.

Я надеюсь, что Вы примите меня, и я смогу рассказать о нашем положении более обстоятельно.

С почтением к Вам

сын и слуга курдов Мустафа Барзани
подпись

15 ноября 1947г.
г.Баку

پاشبەندی ١٧

١٠ی شوباتی ١٩٤٩
K ٥١٩

بۆ هاوڕێ ستالین

وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت لەبارەی هەڵسوکەوت و چلۆنیایەتیی دەستەکانی کورد کە لە ١٩٤٧ەوە هاتوونەتە ناو خاکی ئێمە، ڕاپۆرتێکتان ئاراستە دەکات. دەستەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی کە ژمارەیان ٤٩٩ کەسە لە ١٧ و ١٨ی مایسی ١٩٤٧ لەلایەن ئێرانییەکانەوە کەوتبوونە بەر پەلامار و دواکەوتن، بەچەک و تەقەمەنی و ولاخەوە سنووری سۆڤیەت و ئێرانیان بڕیوە و، هاتوونەتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە و، ڕاگیراون و چەک کراون. مستەفا بارزانی ڕای گەیاند کە چەکدارەکانی لەناو خاکی عێراقدا ڕێک خراون و، ماوەی ١٥ ساڵە ژیانێکی کۆچەری دەبەنە سەر و، تفاق و خواردەمەنی و تەقەمەنییان لە ڕێگەی ئێرانەوە دەست خستووە. بارزانی بۆ ماوەی پشوودان داوای مانەوە لە یەکەتیی سۆڤیەت دەکات.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیست (بەلشەویک)ی ئازەربایجان باقرۆڤ بەدەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت پێشنیازی نیشتەجێ کردن و، ڕێکخستنی خواردەمەنی و دابین کردنی تفاق و فێرکردنی کاری سوپایی بۆ دەستە چەکدارەکانی بارزانی لە یەکێک لە ئۆردوگاکانی سەر ڕۆخی دەریای گاسپی (خەزەر) کردووە. بەپێی بڕیاری دەوڵەت لە کوردەکانی بازرانی سێ دەستە گورهان (لق)ی پیادە، دەستەی تۆپخانە و مین چاندن و، گرووپی پێوەندی و تانک پێک هات. لەلایەن وەزارەتی هێزە چەکدارانی یەکەتیی سۆڤیەتەوە ٢٠ ئەفسەری سوپای سۆڤیەت بۆ فێرکردنی کاروباری سوپایی بۆ پیاوەکانی بارزانی تەرخان کرابوون.

بەڵام پاش ماوەیەک دەرکەوت مستەفا بارزانی کابرایەکە لە باری سیاسییەوە نەشارەزا و نەخوێندەوارە و(*)، بەتەمایە شێخ نشینێک لە هۆزە کوردەکان دروست بکات و خۆی ببێتە سەرۆکیان. بارزانی هاتنەکەی خۆی بۆ یەکەتیی سۆڤیەت بەشتێکی کاتی دەزانێت و هیچ بەرپرسیاریەک بەئەستۆ ناگرێت. هەر بەهۆی ئەم هەڵوێستەی بارزانییە کە باقرۆڤ ئەم بەپرسیارەتییەی خستە بەردەمی دەوڵەتەوە تاوەکو دەستە کوردەکان لەناو خاکی ئازەربایجان، لەسەر سنووری ئێران دوور بخرێنەوە. بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت لە ٩ی ئابی ١٩٤٨ ژمارە

٢٢ . ١٣١-٣٩٤٣ وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت، دەستەکانی بارزانی لە باکۆوە گوازرانەوە بۆ ناو خاکی ئۆزبەکستانی سۆڤیەت و، لە ئۆردوگای پێشووی وەزارەتی دەرەوە (ئێستگەی کۆمسۆمۆڵی سەرووی هێڵی شەمەندەفەری تاشقەند). لەباری ژیان و فێرگەی سوپاییەوە رێکوپێک دامەزران.

لە کۆتایی ١٩٤٨دا مستەفا بارزانی لەسەر ئەوە سوور بوو کە چاوی بەسکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی (بەڵشەویک) ئۆزبەکیەن هاورێ یوسوپۆڤ بکەوێت، ئەوە بوو داواکارییەکەی جێبەجێ بوو. بارزانی لەم چاوپێکەوتنەدا ناڕەزاییی خۆی لەسەر چۆنیەتیی باری ژیانیان دەربڕی و، بۆ ڕوونکردنەوەی باری ژیانیان و بەرنامەکانیان داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ هاورێ ستالین کرد. مستەفا بارزانی هەروەها داوای لە یوسوپۆڤ کردبوو کە ٥ ئەفسەر لە کەسەکانی خۆی بۆ دیتنی خولی حزبی بنێردرێنە قوتابخانەی حزبی لە شاری تاشقەند، جگە لە فێربوونی وانەی سەربازی و ئەفسەری، کادری باڵەفڕەوانی و تانکداری و خراپکاری ئامادە بکەن. لە کۆتاییی ئەم وتووێژانەدا بارزانی هەروەها وتی: ئەگەر بێتو دەرفەتی ڕۆیشتنی بۆ مۆسکۆ ڕێک نەخرێت بەخۆکوشتن کۆتایی بەژیانی دێنێت. لەم دواییانەدا ڕێبەرایەتیی دەستەکانی بارزانی لەسەرەوەی هەموویان مستەفا بارزانی ناڕازی بوونی خۆی لەو بارودۆخەی تیایدان دەردەبڕن، خەرجیی ساڵانەی دەستەکانی بارزانی لە ١٩٤٩ بەگشتی ٦,٦٦٢,٤٦٧ ڕۆبڵ بووە.

بەرەچاوکردنی ئەوەی کە زیاتر ڕاگرتنی دەستەکانی بارزانی لەم بارودۆخەدا لەوانەیە تووشی گیروگرفت و ناخۆشیمان بکەن، وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت بەپێویستی دەزانێت، دەستەکانی کورد هەڵوەشێنەوە و، بەگرووپی بچووک بچووک دابەش بکرێن و، بۆ ناوچە قووڵەکانی ئۆزبەکستانی یەکەتیی سۆڤیەت دووربخرێنەوە، تاکو بەم جۆرە نەتوانن پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت، بەم شێوەیە بارزانی و هەڤاڵە هەرە نێزیکەکانی دەرفەتی پێوەندی گرتن و کارتێکردنیان لەسەر دوورخراوەکان نابێت و، لە پێوەندی گرتندا بێ بەش بکرێن و، دەبێ کاربەدەستانی خۆجێیی بۆ دابین کردنی کار بۆ ئەو کوردانە لە ئیدارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کۆمار بەرپرسیارین. بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە و ئاگاداربوون و چاودێری کردنیان بخرێتە ئەستۆی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆی ئۆزبەکستان، لەگەڵ هاورێ یوسوپۆڤ ئەم پێشنیازە پەسەند کراوە.

هاورێ مۆلەتۆڤ پێشنیازی وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەتی پەسند کردووە.

وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت س-کرۆگلۆڤ

پاشبەندی ١٨

ئەم نامەیەی مەلا مستەفا بۆ خرۆشۆف لە کتێبی مستەفا بارزانی لە هەندێک پاشبەند و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتدا، نوسینی ئەفراسیاو هەورامی، لاپەڕەی ١١٧، چاپی ئاراس، ٢٠٠١ هەولێر وەرگیراوە. لە کتێبەکەدا لە جیاتی بەڵگەیەکی تردا بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە.

الى فخامة أول سكرتار حزب كومونست الرفيق المحبوب خروشوف المعزز الأفخم

١- أولا نتمنا لفخامتكم صحة جيدة وموفقية عن جميع الآمال بما فيه الخير والصلاح
٢- وثانيا إني بصميم القلب أقدم لفخامتكم شكراً مالانهاية له هذا من جهتي شخصي
ومع ذلك أعترف بأني مقصر بكل التقصير ولا اقتدار لي بأن أؤديه شكراً لدولتنا لفخامتكم
مقابله إنسانيتكم وفضلكم علي ولكن لي الأمل بلطفكم أن تقبلوا رجائي عفوا عن قصوري
٣- وثالثا معلوم في علمكم بأن حزبنا الديمقراطي قد أمرني بمجيئي عند حكومت السوفياتيه
في تاريخ ١٩٤٧ وامتثلت أمره وجئنا نحن خمسة رجال وبعد كثير التعب والمشقت
وصلنا إلى حدود حكومت السوفياتيه وهؤلاء الأخوان الذين أرسلوهم شعبنا معي
إلى سؤال عنهم بكل ما يمكننا من جميع الجهات عند شعبنا ومقابلة حزبنا ولكن في يوم الذي
وصلت الى حدود حكومت السوفياتيه أن سؤليني سنوط بحكمتكم وراجع الى كردكم ولطفكم
علينا كسائر الملل الآخرين وباسم شعبنا وحزبنا نسترحم من فخامتكم أن تكرموا علينا
بنظرت حقيقية وتفضلوا عن ملتنا كما فضلتم على الملل الآخرين الذين يتمتعو بكامل حقوقهم
ويلتذون في نعمتكم ويرفهون بأرغد العيش تحت حمايتكم القائم ويتقدمون بحكمتكم الحاذقه
وأن إخواني الذين داغعوا عن أراضيهم ووطنهم وملتهم وضحوا بكل مالديهم وهم ارسلوهم
حزبنا وشعبنا معي وهم المسترحمون في عتبت بابكم الكريم لكي يعيشون في رسمي وطالبين
مسترحيا لتربيتكم الممتازه وتحصيل علمكم العالي ونعمتكم الواسعه وكرمكم العظيم
وهذا كلهم قد يكون مكتوباً في تاريخي كوردستان عند شعبنا والفضل راجع لشعب
الروسيا العزيز وحكومت السوفياتيه المحبوبه وزعمائها الحاذقين وخاصة لحزب كومونست
ولشخصيتكم العظيم
وأسترحم بقبول إخلاصي عند فخامتكم والأمر متعلق بكرمكم سيد الأشفق

١٩٥٤/١١/٢

مخلصكم بارزاني مصطفى محمد

پاشبەندی ١٩

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت

بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ٤ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، ڕێکخستنی ئەنجوومەنی کوردەکانی عێراق بەسەرۆکایەتیی بارزانی کە لە سۆڤیەت دەژین دەبێ پێک بهێنرێت.

جگە لەوە بڕیار دراوە سێ سەد کەسیان بۆ خوێندن بنێردرێنە ئامۆژگەکان و، ٥ کەسیش بۆ خوێندن لە قوتابخانەی بەرزی پارتی - سەر بەپارتی یەکەتیی سۆڤیەت بنێردرێن و، هەروەها ٥٠ تا ٦٠ کەسیان لە کارگەکانی تاشقەند دابەزرێن. فەرمان بەدەزگا و ڕێکخراوەکانی سۆڤیەت لە ئۆزبەکستان دراوە کەوا تەواوی بڕیار و کاروباری کوردەکانی عێراق لە ڕێگەی ئەنجوومەنی کوردەکانەوە بەڕێوە بچێت. بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی ئۆزبەکستانی سۆڤیەت فەرمانی هاتنی بارزانیی بۆ شاری تاشقەند داوە. دەکرێ بڵێین بارزانی بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕاسپێردراوەتیی پێ بدرێت، بێتە تاشقەند. بۆ بەڕێ کردنی بارزانی هاوڕێ ڤلۆشین ف. ف کە ڕاوێژ پێکراوی بەشی پێوەندییە لەگەڵیدا بنێردرێت. دەتوانن خەرجیی هاتنی بارزانی بۆ تاشقەند لەسەر حیسابی بەشی وەرگرتن و خزمەت و هاریکاریی میوانانی دەرەوە دابین بکەن.

سەرۆکی بەشی پێوەندی لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی دەرەوە
سەر بەکۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت
ستیپانۆڤ. ڤ

بەرپرسی سکرتاری بەشی کۆمیتەی ناوەندیی
پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت
کەزلۆڤ.ی

٨ی مارتی ١٩٥٥
ژمارە ٢٥/C/٤٣٨

پاشبەندی ٢٠

٢ی حوزەیرانی ١٩٥٥
٢٣٧٤٠

مۆسکۆ

کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ڤینۆگرادۆڤ ی.ت

بەپێی بڕیاری ڕۆژی ١٩٥٥/٢/٢٨ی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت و، فەرمانی وەزیری بەرزی پەروەردەی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ١٩٥٥/٣/٥دا لە کۆتایی مانگی ئەمساڵ لە ئامۆژگەی کشتوکاڵیی چاکین ٢٥ کەس لە کوردەکانی عێراق بۆ خوێندن هاتن، پێویستە بگوترێت دەزگاکانی کۆماری ئۆزبەکستان و بەرپرسیارانی وەزارەتی کشتوکاڵی کۆماری فیدراڵیی ڕوسیای سۆڤیەتی لە شاری تاشقەند بۆ هەڵبژاردنی قوتابیان بەجیددی هەنگاویان هەڵگرتووە. ئەوەبوو لە ئەنجامدا سێ کەس لە قوتابیان کە نێردراون بۆ ئێرە نەخۆشن، بەپێی مەرجەکانی وەرگرتن قوتابی نەدەبوایە لە ئامۆژگەی کشتوکاڵی وەرگیرابایەن. یەکێک لەو قوتابیانە کە وەرگیراوە بەناوی دەرویش کاکۆ نیوەی ئەوکاتەی لێرە بووە نەخۆش بووە و، لە نەخۆشخانە کەوتووە و، بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی نێردراوە بۆ نەخۆشخانەی ڕژاکە. جگە لەوە ئەو هاوڕێیانەی بۆ خوێندن هاتوونەتە ئامۆژگە جلوبەرگی سەرەوەیان زۆر خراپە (پاڵتۆی کۆنی سەربازیی کورتیان لەبەرە). دوو ژووری باش بۆ هاوڕێیانی ناوبراو لە ئامۆژگە ئامادەکراوە و، تەختی نووستن و مێز و کورسی و سەندوق بۆ شتومەک و، هەروەها نوێنیان بۆ ئامادەکراوە، هەمووی بایی بیست هەزار ڕۆبڵە. لە باری زمانی ڕووسی و حساب کردنەوە تاقی کردنەوەیان لەسەر کراوە، دەرکەوت زۆربەی قوتابیانی ناوبراو لە زانینی گشتی لە ئاستێکی نزمدان و، دەتوانین بڵێین لە ئاستی قوتابی پۆلی دووەمی سەرەتاییدان و ٧ کەسیان دەتوانین بڵێین لە ئاستی پۆلی

یەکەمدان. لە باری زمانی ڕووسییەوە زۆربەیان زانیارییان نییە(*).

و، خراپ دەدوێن. پێویستە ئەوەش بگوترێت ئەم گرووپە قوتابییە هەوڵی فێربوونی زانست و بەتایبەتی فێربوونی زمانی ڕووسی زۆر دەدەن. زۆر کار دەکەن و ئێوارانیش هەر خەریکی خوێندنن. مامۆستایانی ئامۆژگە و قوتابییەکان پاش تەواوبوونی وانە بۆ فێربوونی زمانی ڕووسی و، ماتماتیک یارمەتییان دەدەن. لە ئامۆژگە بەدەستووری وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی تایبەتیی خوێندنیان بۆ ئامادەکراوە کە ماوەکەی پێنج ساڵە، بەپێی ئەم پلانە لە دوو ساڵی یەکەمدا دەبێ زانیاریی گشتی بێت کە بڕێتییە لە هەندێ مادە و، ئەویش لە ئاستی بەرنامەی حەوت ساڵەی قوتابخانەدایە و، سێ ساڵی دوایی دەبێ خوێندنی مادەی تایبەتییان بەپێی پرۆگرامی ئامۆژگە پێ بدرێت.

ئەم گرووپە قوتابییە زۆر بە دیسپلین و ڕێکوپێکن لەناویەکدا و، هەروەها نێوانیان لەگەڵ قوتابیانی تری ئامۆژگەدا دۆستانەیە، لەباری هەڵسوکەوتەوە هیچ بەڵگەیەکی خراپمان لەسەریان نییە.

حەفتەی جارێک وانەی سیاسییان لەلایەن مامۆستاکانەوە بۆ داندراوە و، بەڕێوە دەچێت، بەتایبەتی لەسەر ڕووداوەکانی هیند و چین و میسر. قوتابییە کوردەکان مانگانە ٤٠٠ چوار سەد ڕۆبڵیان پێ دەدرێت بۆ خواردن و شتومەکی پێویست، لەبەرئەوەی قوتابیانی ناوبراو جلوبەرگی باشیان نییە، بەڕێوەبەرایەتیی ئامۆژگە داوای لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە کەوا بۆ کڕینی جلوبەرگ و پێڵاو ٢٥ هەزار ڕۆبڵیان بۆ تەرخان بکات. گەرچی تا ئێستە هیچ وەڵامێک لەم بارەیەوە وەرنەگیراوە. باشتر ئەوەیە لە کاتی پشووی هاوین ئەم گرووپە بنێردرێتە سەناتۆرییەکان و شوێنی پشوودان و، بۆ ئەم کارەش وەزارەتی کشتوکاڵ پێویستە پارە و مۆڵەت و بلیتیان بۆ تەرخان بکات.

سکرتێری ڕێکخراوی ناوچەیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت

کەمیسارۆڤ

پاشبەندی ٢١

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت

بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت، ڕێکەوتی ٤ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ ٢٥ کوردی پەنابەری سیاسی بۆ خوێندن نێردراون بۆ ئامۆژگەی پیشەسازیی پاڤلوڤسکی (ناوچەی گۆرکی) و، ٢٥یش بۆ ئامۆژگەی پیشەسازیی نەساجی شوی (ناوچەی ئیڤانۆڤا) و ٢٥ کەسیش بۆ ئامۆژگەی چاک کردنی زەوین (میلیراتیڤنی) ناوچەی (ساراتۆڤ) و، ٢٥ کەسی تریش بۆ ئامۆژگەی کشتوکاڵیی چاکین - سەر بەناوچەی تامبۆ نێردراون. سەرکردەی کوردەکانی عێراق کە لە ١٩٤٧دا هاتووەتە یەکەتیی سۆڤیەت قوتابیی قوتابخانەی بەرزی پارتی، سەر بەپارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت مستەفا بارزانییە. مستەفا بازانی داوای لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت کردووە دەرفەتی بدرێتێ سەردانی ئەو شوێنانە واتە پاڤلۆڤسکی، شوی، پۆگاچۆڤ و چاکین بکات بۆ ئەوەی چاوی بەکوردە پەنابەرە سیاسییەکان بکەوێت کە لەو شوێنانە خەریکی خوێندنن. باشتر وایە داخوازییەکەی بارزانی بۆ سەردانی ناوچە ناوبراوەکان بۆ ماوەی ٣ هەفتە پەسەند بکرێت. بۆ بەڕێ کردنی بارزانی ڕاوێژ پێکراوی بەشی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ڤالوشین ف.ف دیاری بکرێت. خەرجیی سەفەری بارزانی دەکرێ لەسەر بەشی وەرگرتن و خزمەتگوزاریی پارتییەکان و، کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و، وڵاتانی دەرەوەی سەر بەپارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت جێبەجێ بکرێت.

جێگری سەرۆکی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی دەرەوە ڤینۆگرادۆڤ.ی

بەرپرسی سکینەری بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت

کەزلۆڤ.ی

٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٥ ژمارە ١٥٣٠-س-٢٥

ئاگەداری

لەسەر خوێندنی ٢٥ کوردی عێراق لە ئامۆژگای چاکین-ی سەر بەناوچەی تامبۆ، سەرکردەی کوردەکانی عێراق بارزانی و کاربەدەستانی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە کۆتاییی مانگی ئەمساڵ ڕۆیشتن بۆ گوندی چاکین و، لەوێ دەرکەوتبوو کە وەزارەتی کشتوکاڵ پارەی پێویستی بۆ کڕینی جلوبەرگ

و پێڵاو بۆ کوردەکانی عێراق داوە و تەواوی کوردە قوتابییەکان وازیان لە پشوودانی هاوین هێناوە و، تەواوی هاوین خەریکی فێربوونی زمانی ڕووسی و مادەکانی تر دەبن.

سەرۆکی بەشی پێوەندییەکانی
کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت کەزۆلۆڤ.ی
١٥ی ئەیلولی ١٩٥٥

پاشبەندی ٢٢

بوجنابی زۆر محترم رحیم قاضی

بەرواری 19/II 55

لەپاش سلام کردن و أحوال پرسین کاغذی جنابتان بەدەستم گەیشت وهەرچی فرموتانە هەموم زانی بەتواوی وزۆر ممنون بوم بە أحوال پرسینی من وزۆر تشکرتان دەکەم وحالی من لەسایەی حکومتی عظیمی شورەوی زۆر زۆر باشە وهیچ قصوری لەمن نیە لەهیچ لایەکەوە ولەطرفی صحەتوسلامتیەوە دەکمال سلامتی دام وهەروەها تمنایی صحەتوسلامتیی ابوەدەکەم لەهەموو حیثیکدا أما بو أوەی کەفرموتانە فقط دەگەل جیگایەکی کاغذی جنابتا رامن نیم کەبنویسوتانە وخوم شخصا لیاقتی نصیحت و تربیتم نیە ...،، أوە حقیقتە وهیچ معنایی تر نادەی معلومە کەخوم دەزانم کەملت کوردوکوردستان بەإنسانیەتی خویانەوە حرمتی من دەگرین أوەش لەرویی شرفی خویانە نەوەکە بەلیاقتی من بیت أما دوبارە تکراری دەکەم کەلیاقتی نصیحەتوتربیتم نیە چنکی حقیقتە وبەحقیقت هیچ کەسی مخالف نابی وقسەکانی جنابتان بەلەونیکی باشی تعبیر دەکەم نەبەخراپە وبومسئلەی مارکسیزم ولینینزم ترجمە بکرین بەزمانی کوردی أوە زۆر باشە لەوە باشتر نابی بلام نازانم کی لەهاوالەکوردان دەتوانی أوەی بەعوهدەی خوی بگری أگەر جنابتان بزانی او شخصە خوی کیە أتووانی ناوی أو پیادە بوم بنویسە وخوما ملاقاتی أو پیادە دەکەین أگەر لەإمکانی أوکەسە دابی وبتوانی ترجمە بکات بەقدر إمکانی خومان سعی دەکەین بو أوەی کەقبول بکریت وفرموتانە ژمارەی تلفون (D-1-27-73) امە تقدیم دەکەم بوجنابتان ولەهەموو هاوڵو برایانی کورد سلام دەکەم وچاویان ماچ دەکەم وهەروەها هەموو هاوڵانی آذربایجان سلامیان تقدیم دەکەم بەاحترامەوە

1900/7/20

naib

براتان بارزانی مصطفی

پاشبەندی ٢٣

لە روژی ٧/١١ / ١٩٥٨ دا پیش ئەوەی ئەم کتیبەم (نهینیەکانی بارزان) لە چاپ بدەم چومە بەغدا بو خزمەت پیشەوا مصطفی بارزانی بو بە خیر هاتنەوەی . وە کتیبەکەیشم پیش کەشی پیشەوا کرد کە لەو کاتەدا لە بەغدا وە لە ئوتیل « سمیراميس » تەشریفیان دابەزي بون . پاش ئەوەی عەرزم کردن کتیبیکی وام هیناوەتە خزمەتتان . شایەد پەسەندتان فەرمو وە بریارتان دا لە سەري تا لە چاپ بدری . بو ئەوەی بو پاشە روژ ئەم (روودداوانە) لە بیر نەچیتەوە وە فەراموش نەکری .

فەرموی ئەم ئەرانەت لە کوی وەر کرتوە ؟

وتم لەم سەرچاوانەوە کە لە کتیبەکەدا نوسراوە .

فەرموی سەرچاوە ئەگەر لیل بو ئاوی لی ناخوریتەوە .

وتم راستە من ئەوەندەم لە توانادا بووە . ئیوە بو یە ئەزیەت ئەدەم کە راهنمایم بفەرمون بو سەرچاوەی روشن، تاکو هەمو تینوی راستي و نیشتمان پەروەری لی تیراو بي .

فەرموی ئیستا کاتم یاریدەم نادا ، با بمینی هەرکاتی هەلم بو هەل کەوت تەماشەیەکی ئەکەم .

وتم ئەگەر ئەفەرمون تا پیش کەشی شیخ صادق و شیخ خالدی بکەم.

فەرموی قەیدی نیە . بەلام زور کەس لە سەر بارزان زور چشتیان نوسیوە ، وە زوری دورە لە راستی وە حەقیقەت . هەروەکو یەکي لەوانە ئەنوسیت :

(ان مصطفی البارزانی قد تزوج بامرأة مسلمة روسية حسناء) . وە فەرموي لەم وتەیە تەنها وشەي (مصطفی بارزانی) راستە کە ئەویش

ناوە بو من!.

وتم ژن هێنان نە شرعاً وە نە اصولا مانعێکی تێدا نیە . وە عەیب نیە .

فەرموی راستە بەلام من کە لە غەریبیدا بوبم ، هەرچەند ئەو جێگای منی لی بووم زور ریزم لی گیراوە بەلام لە بەر ئەوەی کەس و کارو گەل و هوزو نیشتمانم بە تێکرایی لە ژیر زنجیری دیلی وە یەریشانیدا ئەی نالاند ، وە منیش راکردوی دەستی ستەمی ستەمکاران بووم ، لیتر ئەبی چون دلم بررواپی بدات تا بیر لە ژن هێنان بکەمەوە ؟!.

دیسانەوە فەرموی ئەمرو ئەبینم گەلی کورد لە هەمو لاوە روو لە کانە من وە من بە « زعیم » و پیشەوا ناو ئەبەن . من زعیم نیم وە زعیم و پیشەوای هەمو لایەك بە کوردو عەرەبەوە و ئەو هوزانەوە لە عیراقدا ئەژین (زعیم عبد الکریم قاسم)ە ، پیویستە هەمو گەل بە تیکرایی یاریزگاری جمهوریەتە خوشەویستە ساواکەی بکا بە سەرو کایەتی کاك عبدالکریم قاسم .

پیویستە مەیدانی جیایی و تەفرەقە نەدری . گەل بە تیکرایی بە یەك دلی پشتیوانی زعیمی بە نرخ عبدالکریم قاسم بکات . گەل پیویستە یەك دلو یەك ئەندام بی . ئەنجامی تەفرەقەو جیایی فەوتانە . یەکیەتی و یەك دلی مایەی سەرکەوتنە من تەکام لە هەمو کوردیکی شەریف ئەوەیە بە ناوی (جەبهەی وەتەنی موحدەوە) ئەوەی خوی بە شەرەف وە نیشتمان پەروەر ئەزانی . لیتر چاوپوشی لە رەگەزایەتی و نەتەوایەتی ئاین و باوەرر ، خزمەت بە جمهوریەت و زعیمەمان ـ زعیمی بە نرخ و

خوشەویست ـ عبدالـکریم قاسم بـکات .

بە هوی هەندی پرسیاری ترەوە وەلامی دامەوە فـەرموی لە پیـ
هەمو شتیکا من لە بارزاندا چشتیکم نە کردوە شایانی سوپاس بی . هـ
کردەوەیەکی بیستوتانە یا ،دیوتانە بە هوی کاکی مـەزنو جیـ گەدار
باوکم جەنابی برای گەورەم شیخ ئەحـمەدەوە بووە . وە هـەمـو ئە
خەبات و تیکوشینانە هی ئەو بووە . من بچوکو ئەمرپیکراوی ئەو بو
بەلی ئینـکار ناکری خەبات کەر وە پیاوانی رەشیدو ئازای بارزا
ئەوانە بون لە ریـگای نیشتمانو گەل و بارزاندا گیانی پاکی خـویا
بەخت کرد. بەروسوری چونە باوەشی دایکی نیشتمانو ناوجەرگەی خاکو
هەر نیشتمانیەك لەعیراقداخوی بەشەرەف وخاوەن ماف بزانی پیویستە
ریگای نیشتمانو پاریزگاری جمهوریەتە خوشەویستە کەیدا بەسەرو
کاك عبدالکریم قاسم خوینی خوی برریژی بە روسوری بچیتە باوەش
دایکی نیشتمانەوە ، تا ئەو شیرەی کە لەم دایکەدلسوزەی خواردویەت
حەلالی بی . لە میژودا بەحەرامزادە هەل نەبژیرری . چونـکە دوچش
لە جیهاندا جاویدانی یە نا فەوتی .

یەکەم ـ چاکە . دوهەم ـ خراپە . خوهەردوریگا کەیش کراوەتەو
کی بوچاکە وەبە چاکەدا ئەرروا خزمەتی نیشتمانو گەل ئەکا خوای
گەلە . گەل ومیژو ریزی لی ئەگرن ورەحمەت گوی ئەکەن . ئەوەیشی چاو
لەخراپەیە بەریگای خراپەدا ئەرروا چاوی لەنیشتمان و گەل فروشتنە
هاوڕیی عبدالالەو نوری سعیدو هاورریـکانیان بی .

دیارە ـ مردنی بەشەرەف ژیانە .ژیانیکی جاویدانیە هەروەها ژیانی
شەرەف مردنەمردنیکی جاویدانی .. معروف قەرەداغی

کەرکوك ۱۹۵۹/۲/۱۵

پاشبەندی ٢٤

- ١٣٩ -

(لە رۆژنامەی « خەبات »ە وە لە ژمارە - ٤ - رۆژی چوار شەمە ریکەوتی ٢٢/نیسانی/١٩٥٩)

« وتاری تیکۆشەری ناسراو مصطفی بارزانی »

زور شانازم بە گەررانەوەتان بو خاکی عیراق خوشەویست ! . ئەو عیراقەی لە دوای شورشی چواردەی تەموزی نەمرەوە بو بەجمهوریەتیکی ئازادی دیموکراتی بو کوردو عەرەب و کەمایەتیە نەتەوایەتی - یەکان . ئەو شورشەی رژیمی ئیمپریالیستی و دەرەبەگی و کونە پەرستی هەتا هەتایە لە ناو برد . بە سایەی خەباتی دوو قولی گەلی عەرەب و کوردەوە ، وە لە ئەنجامی ریکەوتنی سوپاو گەلەوە ، بە پیشەوایەتی رولەی خوشەویستی گەل عبدالکریم قاسم . ئیمەیش کە بارزانیەکانین شەرەفی هاو بەشی کردنمان هەیە لەم خەباتە پیروزەدا وە لە بەخشینی قوربانیدا لە جەنگی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبیەوە کە بەمهویەوە ئیمپریالیستەکانو بە کری گیراوەکان ئاسایشیان لی هەل گرتیزو دەستیان لی وەشانین وە لانەیان روخانین وە پیرو منداليان کوشتین دایانینە بەر مەترەلویزی فرروکەی بەریتانیا لە جەنگیکی نە گەییودا کە ناچار بوین نیشتمانی خوشەویستمان -عیراق - بەجی بیلین برروین بو کوماری کوردوستانی دیموکراتی لە ئیراندا ، لە دوایشدا بە هوی پیلانی کاریگەرەی تاوان بارەکانی ئیرانەوە بەئەمری ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا بەرابەر جولانەوەی دیموکراتیانە لە ئیراندا بە گشتی وە بەرابەر دوو جمهوریەتە دیموکراتیەکەی ئازربایجانو کوردوستان . لە وەش ناچار بوین درر بە بەری دوژمن بدەین وە رووەو شاری سەربەستی وئاشتی

یەکیەتی سوفیانی مەزن بڕوین، ایمان ڕون بوو دالدەمان ئەدا، چونکە لی قەوماوی خەبات بوین . بەرابەر هێزی شەڕو زور لی کردن وەستە بوین . لەو ماوەیەدا کە لەوی بوین زور چاودێری ئەکراین لە لایەن گەلی سوفیاتی بەریزەوە . قوتابخانەو کیلگە وکارگەو گەلی شتی تریان لەوماوەیەدا بو کردینەوە . وە چاوەڕوانمان ئەکرد وەکو ئەو نیشتمانیانەی تر کە لە زەمانی زورو ستەمدا دور خرابونەوە بو زور ولات، تاکو ئەو ڕوژە گەلی هێر قان بە سەر ئیمپریالیزمو کونەپەرستیدا سەر کەوت چاوەڕوانمان ئەکرد بگەڕێینەوە بو نیشتمانی خوشەویستمان.

لە دوای سەر کەوتنی شورشی گەل لە چواردەی تەمموزدا دەرگامان بو کرایەوە کە بگەڕێینەوە بو نیشتمان، هەروەکو ئەم دەرگایە بو هەمو عیراقیەکی دور خراوە کرایەوە گەڕانەوە . وە لە پیش ئیوەیشدا گەڕانەوەمان بو نیشتمان یەکیکە لە بەرهەمەکانی شورشی گەلەکەمان . وە من دلنیام کە ئیوە کاری ڕابەتی و چاکی ئەکەن . لە جمهوریەتەکەمانا بەشدار ئەبن لەو فرمانە دروستە کەرانەدا کە لە نیشتمانەکەمانا ئەکری .

هەر سروفیەك توزقالی ویژدانی بی وە بڕوانیتە ئافرەت و پیرو منداڵەکانتان هەست ئەکا کە تاچی ڕادەیەك کارگیرەکانی کوماری عەرەبی یەکگرتو گلور بونەتەوە بە ڕیگای دەولەتە ئیمپریالیزمەکاندا ئەڕوون بو داگیر کردنی کوماڕە دیموکراتیە نەمرەکەمان کە لە بارەی گەڕانەوەی ئیوەوە دوو دلی بلاو ئەکەنەوە بو ئەوەی دەست دریژی بکەن لە کارو باری ناو خوماندا . وە لە سیاسەتی یەکیەتی سوفیاتی مەزن کەم بکەنەوە . کە پارێزگاری بەرژەوەندی گەلی عەرەب وهەمو

- ١٤١ -

گەلانی جیهان ئەکات . بەلام بە پیچەوانەی پرو پاگەندەی ناشایستەی عبدالناصره ، برایەتی کوردو عەرەب روژ لە دوای روژ بە هێزتر ئەبێ وە کوماره دێموکراتیە کەمان بە ریگایەکی نەگورردا ئەرروا ، ریگەی دێموکراتی ، ریگای داریژەرو شادمانی گەل ، ریگای یەکیەتی گەلانی عەرەب ، ریگای دوستایەتی لە گەل یەکیەتی شورەوی و هەمو دەولەتە ئاشتی و ئازادیخوازەکانی جیهاندا شەرەف دارم کە ئەم هەلە بگرم بو ئەوەی بە باپوررەوانو دەریاوانە سوفیاتیەکانو نوینەری هیلالی سورو صلیبی سوری سوفیاتی گەرم ترین سوپاس و تەقدیر بگەیینم ، هەروەها ئەم هەلە لە دەست نادەم بو ئەوەی هەندیك دیاری سو کەلە ، دیاری گەلی عیراق بو دوستە دوستخوازەکەی گەلی سوفیاتی بەریز پیش کەش کەم ، ئەویش بو پەسەندی و یادگاری دوستایەتی نەمرمان .

بژی کوماره دێموکراتیە کەمان بە ئازادی ، بە پیشەوایەتی رولەی گەل عبدالکریم قاسم .

بژی تا هەتا هەتایی برایەتی کوردو عەرەب .

بژی دوستایەتی عیراق و سوفیەت .

مردن بو ئیمپریالیزم و بە کری گیراوە تیر نەخورەکانیان .

پاشبەندی ٢٥

قائمة باعتداءات احمد الزيباري على الفلاحين في منطقة عقرة دون أن تتخذ الحكومة أي إجراء لمنعه .

١ – نهب ٣٦٠ رأس من الغنم من قرية – دفري .
٢ – نهب ٦٠ رأس من الغنم في قرية كرسيش وجرح شخص من اهالي القرية .
٣ – قتل يونس كاداني من قرية كي وجرح ابنه اسماعيل .
٤ – حرق قرية دسي وجرح شخص يدعى بلال ونهب خمسين رأس من الغنم خمسن القرية المذكورة .
٥ – نهب ٦٠ رأس من الغنم في قرية شهس .
٦ – نهب بندقية ابن محمد طاهر مختار قرية باكرمان .
٧ – نهب ١٥٠ رأس من الغنم في قرية جم شرقا العائدة الى شيخو مختار القرية وطرده من القرية .
٨ – نهب ٣٦٠ رأس من الغنم في قرية جي شمرين العائدة الى المدعو حي وطرده من القرية .
٩ – نهب ٥٥٤ رأس من الغنم في قرية جي العائدة الى سمايل جي .
١٠ – اطلاق النار على معطلي عبدالله في عقرة .
١١ – نهب ٨٠ رأس من الغنم في قرية اميندان .
١٢ – نهب قرية جم سي واثناء المدافعة عن انفسهم جرح محمد سليم ابن حي اغا وهو ابن اخ احمد اغا الزيباري .
١٣ نهب ٢٠٠ رأس من الماشية من معلبوة بكو وبندقية انكليزية قصيرة وبندقية صيد وماكنة خياطة وراديو واثاث بيته اخرى في قرية صيروبك .
١٤ – قتل بنت قسو ابن عم عوديش رئيس التياريين في قرية دفري .
١٥ – جرح شيب عوديش في قرية دفري بحضور معاون عقرة ومأمور المركز و٢٥ شرطيا بينما كان الجريح يخدم الشرطة .
١٦ – قتل درويش حسن في قرية حسرن .
١٧ – طلب حمل ١٦ بغل من الاشياء من اهالي قرية دفري بينما يترجمون الى عقرة .
١٨ – ترحيل اهالي قرية كوزكي وكي رشي في ناحية شيلة واستولى على هذه القرى .
١٩ – ترك خمسان اغا في قرية شي واشياعه خوفا من الزيباريين وسكن في اربيل .
٢٠ – نهب المواد التجارية من شرافيق ماصر من اهالي بلة بينما كان ينقلها من طريق عقرة الى بلة .
٢١ – نهب ٥٠ رأس من الغنم في قرية قدش من كل حبيب بوك و رشيد عبدالله وجماعة غفيرة من القرية تابعة للقصادية .

پاشبەندی ٢٦

بيان الحزب الشيوعي يوضح بصورة جلية إستفزازات السلطة .

بيان من الحزب الشيوعي العراقي

ناضلوا من اجل ايقاف الجهاد وتجريد المواطنين البارزانيين وادفعوا عن الدفاع الى جماهير الشعب الكردي !

ايها المواطنون ! يا ابناء شعبنا العظيم !

منذ اشهر والنشاط الاستعماري الاقطاعي الرجعي يشتد بشكل ملحوظ في كردستان ، وساهم فيه اناس مسؤولون وغير مسؤولين في دوائر الامن والاجهزة الحكومية الاخرى ، وتقف وراء هذا النشاط شركات النفط الاحتكارية والمستشارون وغيرهما من دوائر الاستعمار الانكلو - اميركي ، يجد في بعض هذه الدوائر تشجيعا وعناية من المحظوظين بجزتها بأمل توجيه هذه الحركة الديمقراطية ضد المواطنين البارزانيين المخلصين للجمهورية .

ان حوادث الاغتيالات والاعتداءات والمؤامرات المدبرة من عصابات الامن بصورة متزايدة ، واستفزازات الاقطاعيين قد تبرت خلال هذه الاشهر الى مرحلة جديدة تهدد بصورة جدية باثارة النزاعات والاقتتال بين ابناء الشعب . فقبل فترة من الزمن اصابع احتراب عام في كردستان لولا تدخل دوائر الامن والاجهزة الحكومية ، الامر الذي حسب خطة الاستفزازات التي رافقت عدد من المواطنين الابرياء والنزهاء وشهد جرائم امن واستفزاز المواطنين والعبث بالحياة الاقتصادية تمهيدا لمؤامرة تامة تهدف في ذات الوقت اشاعات تدعي بان حزب "شيوعي" العراق بعناصره وارتباطاته بالاستعمار سيتحرك ويعلن "الثورة" في السليمانية من اجل اقامة جمهورية كردية ! كما تناقلت هذه الاشاعات نواب شيوعي السعيد من الاقطاعيين العائدين من لبنان اسيادهم في ايران والمستشارين يراد التظاهر بالدفاع عن الجمهورية في كردستان ! وبرر الاقطاعيين استفزازاتهم ضد الحركة الشعبية والديمقراطية في جبل البرزان وكردستان وضد المواطنين البارزانيين .

بجرأة هذا النشاط الاستعماري الرجعي المغامر فانت بعض الصفوف العاملة في بغداد الى عمل اثارة النعرات العنصرية وحوادث الصدام القومي وتبادل السيارات القومية الخاصة للشعب الكردي ، والعمل على انتزاع ابسط الحقوق التي نالتها بعد ثورة ١٤ تموز . ومن المعلوم ان ما كانت تنشره تلك الصحف المشبوهة فان بعد عداء المباشر في السياسة الرسمية التي حاربت الحركة الكردية والحركة السياسية الوطنية في كردستان ، واطلقت تهجيها للمؤتمرات الثقافية والديمقراطية الكردية وشنت حملات ضد رئاسة الكردية ورفضت بنود الدستور المؤقت والتصريحات الرسمية الايجابية السابقة الى جانبه . وعلى هذا وقعت تحت الوجود الاقطاعية المستمرة من شركات النفط والمستشارين ترابعت الدعوة امام الجماهير وقد نصحت اثرة بتهم بتحريضات العالية والمستشارين لهم ، وتشدد بتحريضها على الشيوعيين والبارزانيين وسائر القوى الديمقراطية في كردستان ، وازدادت التنقلات بين الاداريين وغيرهم من المواطنين واعلنت مطلبهم الذين شب بين الاتحاد على الديمقراطية وعلى الدفاع والصالح التوجيه الكردية بوجه خاص .

واستغلت السياسة الكردية تدابير العنصرية الاستفزازية الرامية الزمر الاقطاعية لتوسيع استفزازاتها الرامية وتحويلها الى حرب مناوئ صلح ضد المواطنين البارزانيين الذين شردوا لبضعة شهور خلال من دبابات الانجليز الاستعماري في العهد الجهاد ، وبين ثم التمام بتدخل مفتوح صلح بتشديد اعادة الجهاد حولاء المواطنين المواطن . ان الزمر الاقطاعية من عمالة العهد الجهاد ، بعد رؤساء الزبارين وغيرهم يريدون بتشديد على التشجيع السلبي يعبرون علنا بتواجدهم الضرورة ضد البارزانيين ويتهجمون بالحكومة التي يتلقونها من السلطات الدنيئة ، كما ان دوائر الامن والاستخبارات الادارية التي تدبر استفزازات الاقطاعيين امام انظارنا ، وتقوم هي نفسها ايضا بنشاط مشبوه تشتد النزاعات العشائرية والعنصرية والدينية ، وتتخذ ذلك فرصة لتبرير استمرار الدكتاتورية الكردية السائرة التي تلحق الضرر بامن واستقرار البلاد وتمنع الجهد وتحرمها ابناء الشعب بتدمير الاستقلال الوطني الى الحالة المؤلمة .

ومن المؤسف ان تدبير الحكومة واجهزتها تتعاون الى حد ما مع نشاط شركات النفط الاحتكارية الاستعمارية التي تريد علاجها وشبكاتها وتنفيذها وادوارها لتنفيذ ذلك بابعاد تدخلها وعدة الشعب والقوى الوطنية بما في ذلك عزل الدم الوطني وانعدام تعزيز الجانب العراقي في النشاطات النفطية .

ان الحزب الشيوعي العراقي في كردستان وفي الاقاليم الاخرى من الوطن على ثقة تامة عندما يستند عليهم على مشروع من المطالب الموجودة عند مواطنينا البارزانيين الذين يتميزون بالحيل بالوطنية والاباء والكرامة ، ويهم مقتنعون تماما بان هذه الاعمال والنوايا الاستفزازية هي جزء من سياسة الاجهاد وارتباك الفوضى الديمقراطية في البلاد ، وهرب اذن الاوضاع بالاتجاه السلبية للاستمرار في خط السلوك الخاص للشعب الكردي ، ولا تعاني الزمر الاقطاعية والتراجع امام مطالبها والعمل على تزايدها وتزايد دوائر الاستعمار الانكليزي اميركي التي تقف وراءها .

ان حزبنا الشيوعي العراقي يدعو جماهير الشعب في كردستان وفي سائر انحاء البلاد عربا وكردا وتركمانا وغيرهم ، تقدما به عن القوى الوطنية والديمقراطية نضجا وتكتيكا الى اليقظة ، تجاه احابيل الاستعمار وشركاته وعملائه من الاقطاعيين وغيرهم والى التأني في الكفاح ضد

الاستعمار والاقطاع والرجعية . ان الشعب العظيم بالكاد من سياسة تدابير الاستفزازات [illegible] والقمع الذي السياسة
الخارجة لشعوب الشعب ورفاهه من البطل على شق طريق الشعب والقوى الوطنية باعتبار ان هذه السياسة لا [illegible] مع مصلحة الشعب
وتشكل تهديداً خطيراً للاستقلال الوطني والمكتسبات الثورية .

ان حزبنا الشيوعي العراقي يدعو الجماهير والقوى الوطنية الى تنمية نضالها [illegible] من اجل احباط الاستفزازات [illegible] البارزانيين
الخونة والدفاع عن حقوق وحريات الشعب الكردي ، وذلك لان قضية القوى [illegible] لا يمكن تحقيقها [illegible] عن الحقوق والحريات [illegible]
الاخرى التي يناضل من اجل تحقيقها شعبنا العراقي العراقيد .

ان الجماهير الشعبية [illegible] القوى الوطنية تزداد اقتناعاً يوماً بعد آخر بان [illegible] الكارثة الاستثنائية [illegible]
[illegible] الدكتاتورية الفردية [illegible] من الآمي والحزن على ابناء الشعب [illegible] ثروته [illegible] الى بعثرة [illegible]
بصورة مستمرة الاستقلال الوطني الذي تحقق بعد عشرات من السنين المضنية بالفعل والتضحية . لذا فان موجة شعبية عارمة تتسع يوماً بعد
يوم للمطالبة والتساؤل من اجل انهاء السياسة الدكتاتورية العنصرية الفردية وارساء الوفاق الوطني [illegible] بعثرة [illegible] واحدة .

بغداد في ٣٠ ايار ١٩٦١ الحزب الشيوعي العراقي

پاشبەندی ٢٧

بۆ گەورەی بەڕێز مامۆستا ملا مصطفی

ڕۆژنامەی باش.

ئەو ڕۆژەی لە ئەنجامی پێشوودا ئاگادارت تەسلیم بوون فەقێ ڕەکەم بیگەیا نەوە ئیستا ش ئەم شتانەی خوارەوە تا ماوە ڕەضا دەکەم:

١- ئەگەر ئەمڕۆ تۆی مال و عائیلەی شۆڕشگێڕانە کە دەبن، ئەوا تۆنیە یا دوای لەزوو بنیرن، یا بە جرایان بدەن و هەرچی نرخی تیە قەرەبە شۆڕشگێڕانە مالەکانیان دەگەڕێ.

٢- لە بارەی بەتانەوە شتەوادە ئەگەر ئەمڕۆ کەوتە بیان سینی، بەلام مەسەلەی عائیلەکەی نەهێشتوە هاوار هاوار، کوا چی ئەمڕۆ کەوتن،

٣- هەمیشە لەگەل مدیر ناحیە باس خەزینە مانە نەکردووە لەگەل هیشتا کان لەگەل لاوە جیاوە هەمیشە..

٤- عدی سەلامیش بەم جۆرەیە:

١- تفنگ. ا- (١٦) پولندە، ب- (٢٠) ئەنگلیزی کۆن.
٢- (٢) روسی، ج- (٩) ٤ دریژ.
هـ- (٢) شانیە. و- (١٧) تفنگ مصادرەی ڕۆژ.

٢- دەمانچە. ا- (٩) روسی ب- (٦) هەریکی وسط
هـ- (١) ئەلمانی ج- (١) ئەسترالی
هـ- (٢) سوسەتنیر.

٣- ڕشاش: ا- (٢) روسی. ب- (٢) ئەنگلیزی
٤- غەمارە: ا- (٢) عضە (٢) لەگەل (١) عضە (٢)
ا- (٢) روسی ب- (٢) ئەسترلنگ
لەگەل (٢) دەنزبین.

٥- بەلام هیشتا لە هەرسەو ئەنگلیز ئەسیب نەکراوە هەرچی نرخی ئەوەر کەبە.

چارچاوە زۆر زۆر دەپاڕێن هەمیشە هانە بۆ بنیرن و هەرچی ئەمڕۆ کەوتن لیانە بگیڕن دەو، وەلان مگەر گوتی کە سەرمات و پاوەیانە لە دەرەتگریت

بەبەتیە چاوەڕوانی جنابیتی چ ئەمڕۆ کەوتن، وەکانەی پێشوودا هەیە لەکانەی کە دانە نوسیوە چونکە تازە هیشتا بە تەواوی نەسلیم نەکردبو بیە دیتم لە بەر دلی وانە هەر ئەوەندەم پەنوسین کە هیچ خەیال نەکەن ئەما ئیستا بە تەواوی ئاگادارتانەکەم و هەروەها ئەمانەی ناوی پولیس و قائمەمەکانم بزانەوە، وبەبەسەلامەتی بگیڕەکانیشی هەروەها مادون.

ئەگەر داشتی بی دەمانبن ئەگەر ئەمڕۆکەی سەدەمانچە بانە دەدەنی خوایانە داوا ئەکەن کە هیچ شتات نەشیاکانە یەکەوە نەتەن بکەن لەگەل پولیسەکانە.

بەرەی من پولیس و مامۆرەکانە بنیرن بۆ بیتوانە وهیچیانە بەردەدەن وەک شیاکانیش بەقەدشکا. جاڕ میدانە و ئەگەر وجماعەت ڕەضا اعترابیا هەیە.

ئیبڕاهیم خوشناو

بارزانی ٩٦

پاشبەندی ٢٨

رەوەستی

بەیانی ١١/٧/٩٦٢

ماموستای بەڕێزمان مەلا مستەفای بارزانی

سڵاوێکی گەرمانی گەرم

دوێنێکە نووسراوێکم بۆ نووسیبوو بە تەواوی وەزعی ئێرەم بۆ بیان کردبوون، نووسیبوم کە لە سەعات (١٠/١٥) یاش ئێرە شەوی ٩/٧/٩٦٢ هێزی جاش لەهەموو لایەک هێرشیان بە هێزێکی زۆر کردووە، پێشمەرگەکان کە بارێگاری هەساری رەوەستیان گرتبووە سەرشانی خۆیان چەکەکانی خۆیان باش تایم نەکردبوو بە غایبەتی ئەو سەنگەرانەی کە سەیطەرە بوون بە سەر سەنگەرەکانی ئێمەدا کە لەخوار هەساریەوە رەوەستی لێ دەکرد و دەهاتە خوارەوە بە ئیتجاهی رەوەستی دا. پێشمەرگەکانی ئێمە لەگەڵ جاشان کەوتبوونە ناوەیەک بەلام سەنگەرەکانی سەری هەساری بۆ ئەوەی ئێمە باش شەر کردبوو، زۆرمان لێ بە نیدا کرا و یەکگیشیان لەهەماهەنگی مەحمود آغا کە ناوی هەیە کوژرا کە لەوێ ئێمە هەماهەنگی مەحمود آغا کە سەنگەرەکەیان لە سەرەوەبوو - شوێنی کۆی خۆیان بە رەواوەتە خوارەوە، ئەو وەزعەوە گرتنی هەسری هەساری وای لێ کردین کە بیر لە ئەسباب بکەینەوە هەرنگە ئەوان بە تەواوی سەیطەرەیان لە سەر ئێمە کرد. ناچار کشاینەوە بۆ سەر ئەو گردەی کە دەکەوێتە لای گوندی ناوەندە و سەعدیەکی لەگەڵ ئەو سەنگەرانە لابیت ئەوانەوە کە بە دەست جاش هوسین و ئەوانەوەیە، هەرچی مشیماهە ئەوەیە کە بچینەوە ولای ئەوا بە لکو تەگبیرێکی تر بکەین. جاشەکان ئێرەو بەیانی ئاگریان لەمالی قادر آغا بەردا. جائیستا کە وەزعی ئێمە باش نیە، مالی وەنداڵی قادر آغا و خۆمانی هەر لەگوندی بە جیماون، قادر آغا لەگەڵ ئێمەیە. مەحمود آغا و جەماعەتەکەی یەکسەر رەوشیتە ئەوەندی کردم نەگەڕانەوە، لەئاقبەت پێشیانە کە هیچ نەبیت وایان لێ بکەم کە نەروات لێ سوود بوو ئەو ناشرائەم بۆکەوتە چوونە رەنگە یەکسەر گەڕانەوە بیتەوە.

وەزع شیتاک لیرە باشی نییە، چونکە ئەگەر هەساری وەرنەگرینەوە ئەوا چاک نازانم
کە لەیزی مەحمودیش دەکوژێ هەتەرەوە چونکە یەکسەر دەچنە سەر لەیزەکەی مەحمود
کاوانی و ئەوان لەشکرەکە دەکەن و زۆر بە ئاسانیش سەرلەنوێ دەکەوە دەتوانی
بگەڕێوە بیشدا بینە خوارەوە و بچن گەلالە و جادە بگرن و وەچ شیلتیان بچنە
سەر مەحمود. جا ئەگەر جەنابت لەیزیکی بارزانیمان بۆ بنێرە ئەوا دەتوانین سەری
هەساری بگرینەوە. وە ئەگەر بارزانییەکانی کە بە ڕاهبەر بە سوفیەکان ڕاوە ستاوەتە
بچنە سەر سوفیەکان و هەشغولیان بکەن ئەوا بێگومان ئەم لەیزی موسوڵمانەی
ئێم ناوە ناتوانن زیاتر بچنە پێش. وە چەماتی شیخ هوسین و لەشکەری بەکانیش
چەند سەنگەر ڕیکیان لە سەری هەساری بە دەستەوە ماوە. چەند ڕاوەڕێکی پێشمەرگەی
شیمەش کە کشاونەتەوە تا شیتاک نەگەڕێنەوە تەوە شیمە.

ئیتر وەزع ئەوەیە کە لەسەرەوە باسم بۆکردن وە ئەگەر لەیزیکی باشمان
بۆ نەنێرن ئەوا خراپترینی ئەبێت. ئەوەش بزانن کە نزیکەی (٢٠) جاشیکیان کوشتووە
وە نیشەکیشیان زۆر کەم بە ماوە بە تایبەتی ڕووسی و ئینگلیزی. تکایە نەختی نیشەکیشیان بۆ
بنێرە..

ئیتر چاوەڕێی ئەمرتانین. وە قادر آغا و ڕاوەڕان لەمەوە سڵاویان لێدەن.

بەخۆتان

ده باوه

ئەنجام

١- لەیزەکەی کە نارد بۆیان بۆ لای مەحمود کاوانی لەسەر
لالان ئەو ماوەیەوە تا شیتاک نەگەڕاوەتەوە..

٢- وا ئەزانم لەگەل ئەو لەیزەکەی جاشانە هەندێ سەربازیکی زۆریان لەگەل چونکە بە زۆری ڕەشاش
ڕووسی و تفەنگی ڕووسیان لە دەستەوە یە.

پاشبەندی ٢٩

قائد الفرقة الثانية

الزعيم محمود الرزاق

سيادة ملا مصطفى البرزاني المحترم

ان الرغبة في اعادة السلام والاستقرار في الشمال هي رائد كل مخلص لبلاده ولذلك قررنا الاجتماع معك في المكان والوقت الذي تقرره انت على شرط ان يكون بعيداً عن منطقة القتال وحيفه وصاب اغا بن محمد علي اغا . ان التفاهم الودي نحو سعادة الشعب وصيانة القانون والعمل باخلاص مع السلطة الوطنية سوف يحل بسهولة جميع الامور الاخرى

تقبلوا فائق احترامي

٩٦٢/٧/٦

الاسم

محمود الرزاق

قائد فرقة

پاشبەندی ٣٠





٣

شیوعیکان لاگری مکومەت تن.

لەو دەمەکە سانە بەولاوە لەناو کوردان را تەنیا شیوعیکانی قەلادزێ بە خۆڕایی و خیانەتەوە کەلەل شۆڕش دەهەڵینەوە. بێ لەهیچ شوێنێکی شیوعیم بەقە ڕا ئیرەبەیز جەزەوە نەدەلیان. و لەبەر خیانەت و دەسی زۆرجەوەر و ئاژان و بەعالەمی ئاشکرا لەهەر شوێن و هیچیا پەیکانەوەی هەندێ شۆڕش و سەرکردەکانی شۆڕش لەکەن بە تایبەتی لەو کینەی ساڕکردنی هەموال و اخباری لەو ناخۆشی لەسەر شۆڕش بە تازانی مکومەت.

و لەبەرشم سانی لەوەتەوە کە دەبیان وەنەشرە لاتاد وەخەڕایانی کە لەڕێی شۆڕش نوسان و بلاودەن کردەوە و یەکی لەوانەم لەوجەهەت نارد لەسەر ئەوەی بادەم کە بەدەسیەوە و اشارەی مینەئاغای گیدانی گرد.

بەلام لەسەر باشکان زۆرەی تایبەتی محمود ئاغا ولەناو واندا کەمال شیخ حسین و کەمال شیخ حسین و حاجی بابیر ئاغا و کوردانی محمود ئاغای هیروە. بە تایبەتی لەوم سانی لەوەتەوە کە بیمە لەناو شەوەر را ڕا و دوستی پاک و کوردپەروەر و بەدینی وەک کەمال شیخ حسین مان نیە. بیجگەلەوانە کەوتی ترباشیشان زۆرن ولەسەر یەک دەست و بەزی باشی زۆر زیاتر لە خەڕایان.

هەم بابیر ئاغا و هەم کەمال شیخ حسین و سلیم ئاغا

٤

وزەر مەراوەبلی تر بەلام بە تایبەتی ئەو ٣ براکە وانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەوانە نەهاتون بۆلە شکری ئەمکایان هەبوت ڕابی جەزا بدەن و بان جەل و سلاحیان لی بستینەوە. هەروەها کەمال شیخ خدر و محمودی عباس ئاغای جیمەکە و کەمال شیخ حسین لیش لەسەر ئەو بیرەیان وا دایان لی کردم کە بەعەرزی جەنابتی بگەیەنم.

تەواوی شیوەی جەزا دانیشیان وا دانا کە بە دەستکی ٣ قولی کە بەشکیکی بازانی بەشی تر میراودلی و بەشی تر پارتی بن و ئەو جەزا و جەزا نەکریت.

و شیوعیکانی قەلادزێ وەک وەجەکیکی باشی عزوریان بەدەستەوە بە باشی دەزانم کە ئەوەیکانە کوکرینەوەی بکریتە خزمەت بە شەوەری کوردی.

بەلام لەسەر ئەو ئەوەجەی کە لە ڕانیەوە دایە لە پیشدا زۆر خەڕایان کردووە. وە ڕۆژی ٢٣/٩/٦٣ دەوەدایە و ٣ لوری عسکری و یەک مدرعە بە بیتوین را ڕی کەوتن لەوەتەوە و زیاتر و سوتاندن و زۆر کە پەر و قورتینی خەلکی ئەو ناوچەیان سوتاند و هەروەها ئەو گوندانەشی وەبەرهاتن: وتەپارە و بارە بەستە و گرووەمەنە و قورەگەز و لەگوندی گریمەنە مینەلک کە دایکی لەترسی دەس مەباد دەست لیناموسی بەدەکات و لەناو لاکەدا بەجی دیلی عسکری قاسم لەگەل کە پەکە ئەوەندەشی لەسوتینن.

٥

زەر و زیوی زۆرەیان لەگەل تعدایەکی زۆر. خەلکی لەوەی پشەوە و ڕانیە زۆری پەو نارەحەتی و یەک ڕەنگ داوا کاران کە ئەوەجەلشە هەلقەندریت و زۆرجەیان هاتوە لای من کە بەجەنابت ڕاگەیەنم. جەندروشم ١٥٠٠ سەر مەر و بەمالاتی کە بەیەکی بە نادی ڕەسوی خالەی هەستاوەو وینەتا خەریک بە کوشتنەوەن. جەند شەوشش ١٥ بار قەزەجار ڕۆنیان لەکاروانیان کە لە وکەیەوە ڕاگەیاندوە لەوەتەوە ڕوت کرابو وخەلکەکەیان گرتووە.

و ئامانەیان بەهەی برایانی پارتی و کەمال شیخ حسین وخەلکی سەگەسەر و ... سازی لەوەیەبە و بنازی کیوەکانی لای سیا و لەسەلی دیارەوە تەنیا لەوەیە کە بترسین و نەبزوین کە کیتا تاقەچیلاحی ئەوەیە کە لەوخەت بەخشەت لەوکیشا کە لەشکر میراودلی لەگەل قەلادزێ براینان بازانی لەوسەرەو فەوجە لەگەل تەمینکی هەندێ ٣ بەوری لەبزمون. ئەوەیە جەنابت زۆر جوان و پیویستە ولەبارە دیارە خۆشتان باشتر دەزانی:

ولەسەر داوای برایانی لەوی وخەلک ترتیب هەروەشەیەکان دا لەبەسەر تایەتمەن لیدەر تا وایکات ئەوجەیشەلی ڕانیەو وایکات. وابزانم نادیار برقیەیکی لی دا بەلام دەزانم چیش

سلەمەتی خوین لەسەر برقیەی تاقمام ئاکار.

لەگەل نوسراوەکانی وەجو جەند نوسراوەم لەمەوبەر لەوبارەی

لەناخرا ئەو لەشکرەی کە ئیمەی لەوجاتیەی سازبو همو وعیلەتیش چەند شتی بەوەوە:

١- ئەوەی چیەی شەوەر

٢- خەڕایی چەند کەس لەناوسلەوەیان (احمد چەند ئاغا)

٣- دەستگیرکردنی خەلک لەمەر بی دیارەوە چەند ڕۆژەتەنیا سالی لەوەی فرۆشتوە.

٤- ئەوەی اجرای مەجازات لەوەوانەی کە خەڕیشارندە

وانەوەکەنەی لەناخر ڕۆژی حەوت و پرشەم دا لەوجەنابت سلوس وگەلەل ١٥ چەکدار لەبەر (٢٠/٩/٦٣) بەرەو سلیمانی کەوتن

لەناخەی نوسراوەم دا بەیەیست دەدانم کەلەوانەی کەلەوانەی کەلەوانەی

زەر پەسند ئەوەش لەوەر ئەوەی ئەمریک ئەمدا بەوەلای چونکەوەلەوانەی شالەوسەفەرەوا قەواری مەزانی خەڕان لەسەر شۆڕش کەوتوە سانی وەکانەوە چاکەو ئەسانی جەنابت ئەگەر نغتیەی کانیش نەبوەی بەچەمەوەی کە لای کەم ٣ شانی لەخەڕاپکردن شتی کاندو تیرسان و سەرەوەی زەبەرت لەخۆی بی جەنابەوەی

وسال تەرشریف لەسلیمانیەوە ڕا هاتوە بەوە زۆر سلاوەجەرەمانی لەوبەیانت هەیە دیارە ناوبراو لەمەیدا تالای سنە وکرماشان چونکە گەلی ڕانیەو ڕالیوەتتە ئەمەزەڕەکات. وکەس مانی چونە نادیلیان وئیستا لەکەوتەسانی ئیوەندایە.

ئەحمەد

پاشبەندی ٣١

زور محترم برای خوشەویستم جناب ملا مصطفی

بەدل تەنی صحت وخوشیت وموفقیتان بۆ دائم لخوا دەداکم .

لەدوا قسەوری دوایی لەسیاستی عراقدا وا تی ئاگم فرصتیکی گورەتر
هاتووە پیش بۆ حل مشکلەی خومان لەریگای سلمیدە وبۆ ئەم جهتە پیش
رئیس الوزرا ئاردی بشویغا دوا مذاکرە کردنلم لەوەدە رئیس جمهور پیشم
چاوی کوت وهەروەکیان بگرمەوە اظهاری استعدادیان کرد بۆ ئەم حلە
سلمیدە وهەروەها تکلیفیان کردم ئەم خبرە لجنابت بگیرمەوە .
بەدل خۆم ویستم استفادە لم فرصتە بکەم وشخصیم بۆ ببینیان بلام مع الاسف
نارەحەتی وجودم بۆ مانع ولەجیاتی خۆم برای هەردولام اسکندرم تکلیف
سردو بەکمالی سپاردەوە قبولی کرد بیتە خدمتتان وانشاالله بیتانەشاد
ای بەخوشی . اسکندر وکو هەوالیا سیمە تنها حسی برایەتی وخوشی
ویستی ولاتە کە ایخاتە سرام ریگای خوی تۆشی ئەم نارحەتیە بکات وبم
سرمادسولەی ئەم ری سودورە بگریتە بۆ وشخصی لەهەورەبکەوە سە
ستایشم کردوە درجەی بەرضاعی ایرەی ایستە وام وی ئەم پیش علاوە
بکەم کە لەو روژەوە کە باری لەسرو جاوە بەخدمت گیشتم تا ئەمروکە یک
واشبوە بوارەی او شتانەی وخم کردیت اوسا ایستە شتیکی تری علاوە
بکەم ئەجالەی امانە ایستە پیش محترم لەسر ئەجا خۆم کە مصلحتی خوی
کوردی وامەی امرو وانقاضاکات جنابت لەکاروباری ری کوتندا
تاهل بکیت .
ایتر خوا بتپارێزێ وهەروەها بۆهەوکردنی وچارەکم اهتمام
تقدیم خدمتانە وباعزاز وکان بفرمو .

برایکیوکت

٩٦٢/١٢/٩

پاشبەندی ۳۲



برای ئەندام و بەرێز مامۆستایان بارزانی

دوای سڵام و ڕێز

ئەوا بۆ بیست ڕۆژە جێی کە لە سەر شەڕی ئێوە لە قەلادزە
ماوینەوە بە تەمای چاوپێکەوتنی کاربدەستانی حکومەت
بە ئامادەبوونی ناجی کەنە ڕەئیس وزراوەنە وەزیر و نە مەتەرەشا
نەدی لەم ماوەیەدا وە دیارنیش نیە کە بەم زوانە بینی بولاتان
لە سەرەکی کەش وە ئەوەکو بە سەرهاتی ئەم ماوەیە دەری خستووە
بوونی ئێمە لەنزیکەوە هیچ کاریگەری نەکردوتە سەر باشکردنی
عەلاقەی ئێوە و یارتی. جگە لەمانەش ماندووبوونمان بەم هیچەش
بی ئیش و بی کار و بۆماوەیەکی دیاری نەکراو بووەتە هۆی
پڕوپاڵاندنەوەی یەکی نوێ لناوخەڵکدا کە هەر دەڕۆین کە لکی لێوەرگرتن
ئەوە وا دیارە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە براوەی کاغان
ئەوەی بە پەلە داوای گەڕانەوەمان بکەنەوە بۆیە وەستکردنی ئەو
چەشنە پڕوپاڵاندانە. ئێمەش لەبەر ئەوە لەبەلی ئەوان وکەم
وەختی ئێوە و لەبەر ئەوەش وەختی خۆی تەنیا بۆچاوپێکەوتنی
کاربدەستکانی حکومەت داوای مانەوەت لێ کردبوون بۆیە
هیوامان هەیە لیمان ببوری کە بەبێ چاوپێکەوتنەوەمان
ڕویشتینەوە

وە لەبەر ئەوەی کاتی کوردیش دوای لابردنی لە
فرمانڕەوایی هێزی کاوە هیچ ئیشکی لەم ناوچەیە
نامێنێ بۆیە ئەویش لەگەڵ خۆمان بردەوە

ئیتر هەواڵان لێگەڵ

سید عزەدین افندی — عومەر عەلی — ابراهیم

پاشبەندی ٣٣



١٩٦٤-٥-٤

بۆ جەنابی کاک بارزانی مستەفای بەڕێز

دوای سڵاو و ڕێزدانان

بە پێویستی سەرنجی خۆمانی دەنێین کە ئەم داخوازیانەی خوارەوە تان بخەینە بەرچاو بە نیازی ئەوەی کە لە چاکترین دەرفەت و خزمەتی شۆڕش و گەلەکەمان بکەین!

١- مەکتەبی سیاسی شۆڕش بوە ابندرێت لە بنکەی یان هەرکە یان قەلا تۆکە تا بکرێتە سەرکێشی خۆی لە پەناتانەوە.

٢- دەستکەوتە بە هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەکانی پارێزدا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کونگرێس و لژنە ناوچەیی یەکان.

٣- دەستکەوتە بە جێبەجێ کردنی ئەو نوقتانەی جەنابتان لە لای کاک نوری و برایانی تر باستان کردووە و رازی بوون پێیان.

جا تکایە وەعدیکتان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی هەموومان چاومان پێتان بکەوێ

ئێمە خوێنتان

علی عبدالله — ملا جلال — سەید غەزا — نوشیروان — نوری احمد طه

پاشبەندی ٣٤

خاک وخون

یکشنبه - سه‌شنبه - پنج‌شنبه

دارنده امتیاروم‌دیر محسن پزشکپور

سردبیر دکتر فضل‌اله صدر

یکشنبه ۱۰ بهمن‌ماه ۱۳۴۴

محل اداره میدان بهارستان تلفن—۳۲۱۸۹

بهای آگهی: صفحه‌اول سطری ۵۰ ریال صفحه‌آخر

سطری ۴۰ ریال صفحات داخل سطری ۳۰ ریال

چاپخانه بورس ۳۳۹۷۱ - ۳۲۹۵۰ تک‌شماره ۲ ریال

متن نامه مصطفی بارزانی

دبیر محترم سازمان‌شورای عالی ملل‌متحد

کمیته حقوق‌بشر

کمیته نبرد با استعمار

روسای نمایندگی‌دولت‌های عضو درسازمان ملل‌متحد

بیش ازچهار سال است که سرزمین ما کردستان عراق با جنگ نژادی‌خطرناکی روبروست که بسبب این جنگ درسه دوره پیاپی دردست دیکتاتوری نظامی حکومت عراق بوده است‌جنگی که طولانی‌تر ازجنگ جهانی‌اول وچند ماهی کوتاه‌تر ازجنگ دوم جهانی است... سلاحهای‌مرگ‌آور ویران‌کننده ازقبیل هواپیما، تانک، توپ که حکومت عراق برای سرکوب نمودن کردهای بی‌سلاح بکار برده است خیلی خطرناکتر ازسلاحهائیست که در دوجنگ جهانی‌بکار برده‌شده و نتائج شوم استعمال اینگونه‌سلاح هارا فقط کسانی درک میکنند که طعم‌تلخ وناراحت‌کننده جنگ‌را چشیده باشند.

علاوه بر اینکه این جنگ خود نکبت‌آور است اجرای سیاست نژادی و انتقام جویانه دولت [illegible] بیتما بردن اموال وآتش زدن خرمنها ویران ساختن‌خانه‌ها برسا کنین بیروزن وبچه آنها و بخصوص دست درازی بناموس زنهای‌باکدامن نردصورت‌میگیرد همانست که برای دومین بار مرا تکان میدهد وباعث میگردد که صدای خود را بگوش‌شما وعموم جهانیان برسانم. حکومت‌عراق که با گمراهی زیاد از سیاست میکند هزارها مردم کرد را از مسکن‌ومأوای خودنارومارساخته است. انخاذ این‌روش خصمانه و غیر انسانی فقط بدانجهت است که ارتش غیرعراق نتوانسته است مردانه باکردهای رشید مبارزه کند و چون شکست خود را قطعی‌دیده‌بروشهای ناجوانمردانه متوسل گردیده است.

این فشارهای غیر انسانی فقط بخاطر اینستکه کردهای شرافتمند میخواهند زبان و آداب وسنتی‌را که میراث‌نژادی آنان است حفظ کنند و یکی از خواسته‌های قلبی‌ما اینستکه‌حقوق حقه خودرا در چارچوب کشور عراق اخذ نمائیم و این همان چیزیست که‌سازمان‌ملل‌بدان توجه دارد.

دشمنی‌سازمان‌فرماندهی‌ارتش نوونیست حکومت‌عراق‌باکردها کاملا منافی‌اعلامیه‌جهانی‌حقوق‌بشرمیباشد. وهرجا که پای‌عمال‌حکومت‌عراق بآنجا رسیده‌هیچ‌فرد کرد‌مورد مخاطره‌میباشد.

سخت‌جائیکه کردها با آن روبرو هستند خیلی مرگبارتر و خطرناکتر از زمان‌تاریک‌دوران «کولونیالیسم» میباشد و سیاست نژادی که‌هیئت حاکمه‌عراق‌ازآن پیروی میکند بدون‌شک نمتراز سیاست نا فرجام حکومت یاغی رودزیا و افریقای جنوبی وحتی بجرأت میتوان گفت که ازجهت شیوه و اسلوب استعماری خیلی وحشیانه‌تر از آن بنظر میرسد به‌یکگونه استعمارگران غرب سیاه‌پوست‌و استعمار شدگان کرد آریائی سفیدپوست می‌باشند، من باهمه وجودم امیدوارم که شورایعالی سازمان ملل متحد و دول‌عضو به پشتیبانی کردها برخیزند و این امیدهم بدانجهت است که ملتها برای گسیختن‌بندهای استعماری‌شورای عالی سازمان ملل و سازمانهای وابسته بآنرا ملجاء و پناهگاه خود میدانند وسازمان‌ملل که در حقیقت جانشین‌جامعه ملل‌میباشد بدون‌شک بمصوبات جامعه ملل احترام‌میگذارد.

بدین‌توضیح که جامعه‌ملل بموجب مصوبه شانزدهم نوامبر ۱۹۲۵ الحاق کردستان جنوبی رایکشور جدیدالتاسیس عراق مقیدبشرایط ومقرراتی نموده است که اجرای [illegible] نقاشای، بحق جنبش نجات‌بخش کردستان جنوبی است بدین جهات وبسبب آنکه کردها در کشورعراق دارای قومیت‌ویژه بخودازقبیل زبان، نژادومیراث فرهنگی و اصول بخصوص برای ادامهٔ حیات میباشد و از طرفی جنگ طولانی وپردوام کردستان بدون شک صلح خاورمیانه را تهدید مینماید. لاف‌زن‌کزاف‌دولت عراق که رستاخیز کردهای عراق را یک‌مشکل‌داخلی‌قلمداد کرده است یاوه‌وگزافی‌بیش‌نیست‌وحتی ازگفتارهای حکام باغی رودزیا وآفریقای جنوبی که میگویند مشکل ما مشکل نژادی‌نیست و داخلی می‌باشد دروغین وبیهوده تراست. ازسوی‌خود واز جانب کردان‌کردستان کشیده کشور عراق از شورایعالی سازمان‌ملل‌متحد و دول‌عضوآن‌خواستارم‌بهمان‌طریقی که‌درمناطق آشفته دنیاعمل‌نموده است با اعزام هیئتی بکردستان جنوبی حقانیت مبارزه‌ماوحقیقت ظلم‌وستمی که برما وارد شده‌است برجهانیان روشن‌نماید. درپایان خواهشمندم سپاس گرم‌اینجانب‌را بپذیرید. دوستدارمصطفی‌بارزانی رئیس‌انجمن فرماندهی رستاخیز ملی کردستان عراق ورئیس‌حزب دموکراتی کردستان ۱ر۱ر۶۶

به پیوست نامه مزبور یاد داشت توضیحی‌ومدارکی که اثبات کننده سیاست‌خونین‌نژادی‌حکومت‌عراق در کردستان جنوبی‌میباشد برای اوتانت فرستاده‌شده که‌ما بدرج انتشار مطالب‌ومدارک‌فوق‌الذکر مبادرت خواهیم کرد.

پاشبەندی ٣٥

بغداد

٢٠ تموز ١٩٦٨

الأخ السيد الملا مصطفى البارزاني المحترم

تحياتي وارجو لكم الصحة والسعادة .

حملت الأخ صالح اليوسفي موجزاً لما سنتهجه من الوسائل اللازمة لإيجاد حل ملائم للقضية التي كنت متعلقة ولا تزال سنين عديدة .

نأمل منكم الاستماع الى وجهة النظر والتعاون معنا من أجل تحقيق الوحدة الوطنية ولما فيه الخير والرفاه الى الشعب العراقي عزيزاً أكراداً .

مع فائق شكري وتقديري وتحياتي لكم والى الاخوة جميعاً وخاصة السيد ادريس ومسعود

وشكراً

المخلص

عبدالرزاق النايف

پاشبەندی٣٦

الأخ الملا مصطفى البارزاني المحترم

تحية اخوية، وبعد،

ارجو ان تكون وبقية الاخوان في صحة وراحة تامتين في هذا الظرف العصيب الذي تعيشه الامة العربية والشعوب المناضلة في بلدان الشرق الاوسط، حيث العدوان الصهيوني الغاشم والانتهاكات المستمرة لحقوقه كاد حتى شعوبنا من جانب الامبريالية الدولية البغيضة. اقول في هذا الظرف ترهف به قلوب الملايين من شعبنا العراقي وشعوب الارض المناضلة وتتطلع انظارهم محملة بأمل كبير عن نتائج المباحثات الدائرة بيننا متمنية لها ان تكون الذريعة لكم الفواجع التي منى بها هذا الشعب المناضل العظيم.

انكم ايها الاخ ولا شك تعيشون ازمة قلق في الانفتاح كيانا امام أية محادثات من هذا النوع كأي مقاتل ذاق مرارة القتال، ونحن من جانبنا نعيش نفس الازمة وللاسباب ذاتها ... هذه الازمة التي خلقتها وتعمقها ظروف الحرب الداخلية الطاحنة منذ فترة طويلة واساليب الترهيب والاستعباد. وكذلك الحديث عن ازمة الثقة يجب ان يبقى في اطار البحث عن ايجاد افضل السبل لتجاوزها لا التوسل بها لنسف كل جهد يشيد باتجاه الحلول السلمية الديمقراطية للقضية الكردية. لكي يعيش العرب والاكراد كقوميتين متجانستين متآخيتين يؤطرهما وطن واحد ويتظلان نظام ديمقراطي سوية من اجل حقوقهما وطموحهما البعيدين في عز وازدهار.

وفي الختام ارجو لجهودكم السلمية السداد ووفقنا الله جميعاً لما فيه خير الشعب العراقي بعربه واكراده وبقية الشعوب المناضلة المضطهدة.

اخوك

احمد حسن البكر

رئيس الجمهورية العراقية

پاشبەندی ٣٧

بغداد ١٥-٢-١٩٧٠

محمد مهدي الجواهري

السيد المناضل رئيس الحزب الديمقراطي الكردستاني الملا مصطفى البارزاني الجليل.

اتقدم اليكم بتحياتي الخالصة، وتهاني الصميمة في هذا اليوم التاريخي، يوم حل القضية الكردية الذي توج جهودكم في سبيل تحقيق اماني الشعب الكردي العظيم، ولاجل تجسيد مطامح الكردية بعد قرون عديدة من النضال العسير، والمعاناة الشاقة، والتضحيات العديدة بكل ما يملكه شعب عريق ذو تاريخ حافل بالبطولات، زاخر بالبطولات.

ايها السيد المناضل، والقائد المحنك، انك فذ بين القادة الافذاذ، في ايمانك بعدالة قضيتك، وفي التزمته لها، وفي التصميم عليها، وفي وضع هذا التصميم في تلك الدائرة الساهرة، وشحذه على محك البلاء، وفي غمرة من محنة الصبر المر، وفي الذروة من عزة قطفت ثمار الصبر الحلوة.

ان التاريخ - ايها السيد الزعيم - سيظل متحدثا عنك بأبلغ لسان، واصدق تعبير، وبقوة مأثورة عنه لا تعرف المحاباة، ولا التزييف، ما ظل متحدثا - هذا التاريخ - عن مدى ارتباطك بقضايا الشعوب الصادرة، وانجادها، وبطولاتها، واخيرا فعن مصائرها، ومصاعدها الى ذرى الرفعة والمنعة.

هذه - ايها الزعيم الحق - سطور في كلمات هي في الحقيقة متون مضغوطة بحاجة الى اكثر من سفر واحد لشرحها، والافاضة في مضامينها.

وانت بالذات بعبقريتك الفذة، والمعينك الوضاءة خير من يعرف ما تنطوي عليه، وما تزخر به، وما تنعم به من مضامين، ومغاز.

ادامك الله رمزا وهاجا ينير طريق السائرين على دروب الحرية، والناهجين مسالك النضال، والصمود، والظفر.

ومرات ومرات تفضل بقبول احاسيس الجياشة، وعواطفي الفياضة، وتهاني الصميمة، وحبي العميق سيدي

المخلص

محمد مهدي الجواهري

پاشبەندی ٣٨

وێنەی نامەی لیۆنید برژنێڤ



ДОРОГОЙ ДРУГ МУСТАФА БАРЗАНИ !

С БОЛЬШИМ УДОВЛЕТВОРЕНИЕМ МЫ УЗНАЛИ О ПОДПИСАНИИ СОГЛАШЕНИЯ О МИРНОМ УРЕГУЛИРОВАНИИ КУРДСКОЙ ПРОБЛЕМЫ.

СЕРДЕЧНО ПОЗДРАВЛЯЕМ С ЭТИМ ВАЖНЫМ ДОСТИЖЕНИЕМ,КОТОРОЕ КЛАДЕТ КОНЕЦ ЗАТЯЖНОЙ БРАТОУБИЙСТВЕННОЙ ВОЙНЕ, ВЕДЕТ К УКРЕПЛЕНИЮ НАЦИОНАЛЬНОГО ЕДИНСТВА И ДРУЖБЫ МЕЖДУ НАРОДАМИ ИРАКА.

МЫ ВЕРИМ, ЧТО УСТАНОВЛЕНИЕ МИРА И СПОКОЙСТВИЯ В ИРАКЕ ПОЗВОЛИТ КУРДАМ ОБЕСПЕЧИТЬ ДЕМОКРАТИЧЕСКИЕ НАЦИОНАЛЬНЫЕ ПРАВА В РАМКАХ ИРАКСКОЙ РЕСПУБЛИКИ, ОТКРОЕТ БЛАГОПРИЯТНЫЕ ПЕРСПЕКТИВЫ ДЛЯ МИРНОГО СОЗИДАТЕЛЬНОГО ТРУДА КУРДСКОГО И АРАБСКОГО НАРОДОВ И ПОВЫШЕНИЯ ИХ БЛАГОСОСТОЯНИЯ.

СОГЛАШЕНИЕ ОБ УРЕГУЛИРОВАНИИ КУРДСКОЙ ПРОБЛЕМЫ, НЕСОМНЕННО, НАНОСИТ СЕРЬЕЗНЫЙ УДАР ПО ПЛАНАМ ИМПЕРИАЛИЗМА И РЕАКЦИИ, НАПРАВЛЕННЫМ НА ТО, ЧТОБЫ СЕЯТЬ РОЗНЬ МЕЖДУ ДВУМЯ БРАТСКИМИ НАРОДАМИ.

ВЫРАЖАЕМ НАДЕЖДУ, ЧТО, ПРОЯВИВ ПРИ ПЕРЕГОВОРАХ С ПРАВИТЕЛЬСТВОМ ВЫСОКИЙ ДУХ ПАТРИОТИЗМА И СОЗНАНИЕ НАЦИОНАЛЬНОЙ ОТВЕТСТВЕННОСТИ, ВЫ БУДЕТЕ И ВПРЕДЬ СПОСОБСТВОВАТЬ РАСШИРЕНИЮ СОТРУДНИЧЕСТВА ВСЕХ АНТИИМПЕРИАЛИСТИЧЕСКИХ И ПРОГРЕССИВНЫХ СИЛ ИРАКСКОЙ РЕСПУБЛИКИ В ЦЕЛЯХ ЕЕ ДАЛЬНЕЙШЕГО РАЗВИТИЯ ПО ПУТИ НАЦИОНАЛЬНОЙ НЕЗАВИСИМОСТИ, ДЕМОКРАТИИ И СОЦИАЛЬНОГО ПРОГРЕССА.

Л Е О Н И Д Б Р Е Ж Н Е В

ГЕНЕРАЛЬНЫЙ СЕКРЕТАРЬ ЦК КПСС

پاشبەندی ٣٩

حضرة الأخ العزيز عزيز شريف وزير العدل المحترم

بعد السلام والاحترام

ارجو لكم دوام الصحة والموفقية التامة

أضبرنا ليلة أمس ١٠/١١/١٦ الأخ عبدالوهاب محافظ أربيل بأنكم قد اتصلتم به تلفونياً بناءً على أمر السيد رئيس الجمهورية وذلك حول وجود معلومات مفادها بأن البيشمركة قد تحشدوا في قرية باكرمان بنية الهجوم على منطقة السورجية وبالرغم من عدم وجود معلومات لدينا تؤيد ذلك فقد أصدرنا برقية مستعجلة الى جماعتنا في منطقة عقرة وطلبنا منهم عدم اتخاذ مثل هذا الاجراء والاتصال بالسلطات المسؤولة عن طريق الأخ علي سنجاري لحل المشاكل بالتفاهم . ولكن ارجو من أخي الفاضل أن تعلموا بان التحشد والتهيئ للهجوم ليس من جانب جماعتنا وانما هناك من يخلق مثل هذا الجو ويشجع خلق الفوضى والتخريب لأغراض خاصة وان التحشد الحقيقي موجود في القرى التي يسيطر عليها شيوخ السورجية وفي نيتهم ضرب الفلاحين الذين لا يخضعون لخدمة مصالحهم الخاصة وقد طردوا بعض هؤلاء الفلاحين وطردهم من قراهم الاصلية ومن الغريب أن مسؤولي السلطة في المنطقة لا يذكرون شيئاً عن هؤلاء وحسب معلوماتنا فانهم قد استلموا أسلحة أيضاً ويلجون الاسناد لطرد الفلاحين من المنطقة في الوقت الذي كان يؤمل أن تحافظ السلطة على حقوق جميع مواطنيها دون استثناء وعلى ضوء ما تقدم فان بقاء الوضع على هذا الشكل لا يمكن تحمله ولا يمكن تحمل إسناد جماعة من الظالمين تاريخياً ضد جماعة أخرى لا ملجأ لهم وان الاصطدام أمر بديهي إذا ما استمر الحال على وضعه الحالي وليس من السهل السيطرة على الموقف لذا يرجى عرض تفاصيل الموضوع على السيد رئيس الجمهورية ويرجى أن يراعي الموضوع أهمية خاصة ويصدر اوامر حازمة لمعالجة هذه المشكلة ووضع حد لشيوخ السورجية وتعسفهم وابعادهم من المنطقة تفادياً لوقوع الشر وخدمة للمصلحة العامة وتقبلوا فائق الشكر والاحترام ودمتم

موفقين

أخوكم

مصطفى البارزاني

١٢/١٢/٧٠

پاشبەندی ٤٠

رئاسة محكمة الثورة
(بغداد)
عدد الدعوى : ١٧٥٨/ج/١٩٧١
التاريخ : ٢٠/٤/١٩٧٢

قرار الحكم

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٢٠/٤/١٩٧٢ برئاسة الحاكم السيد عبد الكريم ابراهيم التجار وعضوية العقيد يونس معروف الدوري والمقدم الحقوقي والمهندس واصدرت باسم الشعب القرار الآتي :-

١- الحكم على عاصف الزبيدي بالسجن المؤبد على ان تحسب له موقوفيته وفق المادة ١٩٤/ ٣٠ من ق . ع .
٢- الحكم على الهاربين محمد ديوانه وفرهان حسن غيابيا بالسجن المؤبد وفق المادة ١٩٤/ ٣٠ من ق . ع .
٣- الحكم على كل من عبد الغفار فارس الزبيدي وخليف احمد الزبيدي بالسجن لمدة سبع سنوات على ان تحسب لهم موقوفيتهم وذلك وفق الفقرة ١ من المادة ٥٦ من ق . ع
٤- مصادرة الاسلحة والاعتدة والطرود الفارغة وارسالها الى مديرية التجهيز والصيانة الاعتيادية .
٥- اعفاء جريحهم بجناية مادية غير مشاهدة بالظرف حسب احكام قانون رد الاعتبار المرقم ٣ لسنة ١٩٦٧ المعدل .

قرار صدر باتفاق الآراء وافهم علنا في ٢٠/٤/١٩٧٢ .

المقدم الحقوقي	العقيد	الحاكم
والمهندس	يونس معروف الدوري	عبد الكريم ابراهيم التجار
عضو	عضو	رئيس محكمة الثورة

پاشبەندی ٤١

بسم الله الرحمن الرحيم

سيادة الاخ مصطفى البارزاني حفظه الله

نبعث لسيادتكم بخالص التحية وصادق المودة مقرونة بأطيب مشاعر المحبة والتقدير وبعد :

فقد كنا نأمل أن تتاح لنا الفرصة لزيارة ايران خلال هذا الشهر ، وأن نقوم بالترتيب للاجتماع بسيادتكم ، غير أن بعض الارتباطات الطارئة والملحة اضطرتنا الى تأجيل هذه الزيارة لموعد آخر لاحق وقريب ان شاء الله .

ولذلك فقد رأينا أن نوفد اليكم سكرتيرنا الشخصي السيد مريود التل الذى يتمتع بكامل ثقتنا كمبعوث خاص ليتشرف بمقابلتكم وينقل اليكم خالص تحياتنا وتقديرنا وأطيب تمنياتنا لكم بدوام التوفيق والفلاح مع تأكيدنا لكم بالدعم التام والتأييد المطلق في كل ما تسعون اليه ، ومباحثتكم في أية أمور ترون ضرورة اطلاعنا عليها .

نكرر لسيادتكم تحياتنا الأخوية ،مبتهلين الى العلي القدير أن يحفظكم ويأخذ بيدكم في مساعيكم النبيلة لخدمة امتنا وديننا ، ومتطلعين الى الالتقاء بسيادتكم شخصيا في وقت قريب بأذن الله .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ،،،

احمد حسن البكر

عمان في ٢٩ محرم سنة ١٣٩٢ هجرية .

الموافق ١٥ آذار سنة ١٩٧٢ ميلادية .

٢٩٩

پاشبەندی ٤٢

بەغدا

١٩٧٤/٦/٢٢

برایانی خۆشەویست و بەریز

سلاو و یکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازم.

ماوەیەکە لەمەوبەر نامەیەکم نوسیبوتان بە هۆی کاری هەبیبەوە، بەلام چونکە هۆی هاتنی بۆ بەغدا نامەکەم بۆگەڕایەوە. وا ئەجابارە بە کوردی بۆتان دەنوسمەوە. کە گەیشتە بەغدا بەگەرمی لەلایەن حکومەت و شیعەی و دروسەوە پیشوازیکرام لەبینەرانی هەر سێ لایان هاتنە لام. هەرچەندە لەهەمو قسەیان جیا بوو بەلام ئامانجیان یەک بوو. ئەویش بریتی بوو لە هاندانمان بۆ ئەوەی یەکیەتی یەکەمان تیلاق دەینەوە و هەنگاوی تەقدیری کوردی درست بکەین. بەدرستکردنی (مغریات) و (شجعات) و (وعودی) زۆر لەبەر دەم لەبەر تأیید و پشتیوانیدەدە تاسەر هوکمی ذاتی.

من شیعەی و سەرکەوتنم هاندابوئەوەی دەست لە بارزانی بەرنەدەن و دەفتیک بنیرن بولای کە دەسەلاتی تەواوی بەلبیت دەدەن (ضمانات) بەلام بە بارزانی کە معاهدەی روس و عراق هەندی کوردنیە و هوکمی ذاتی بەدەیت بە کورد بەکەرکوک و دەوەی یاوەدی حالی بارزانی بەوان، لەسەر ئەوەی عامر عبدالله بەو معنایە نامەیەکم بۆکاری عزیز سەید بەکوردی نوسیوە کە لەمو سکوسیە. پاشان بیستم وە کە کراوە بەعەربی و بە بروسکە سوخارەت نارەوەیەی بۆ موسکو بۆروس نەدەم تەکرد دەهەولەراتی یانابگەینم کە بارزانی دوستیانە و دوستایەتیان لەگەلی لەگەل کورد) مایەی هەوەتە یویانە لەعراقدا وە ئەمەش سەبەبی حقیقی نزیکی هوکمی بەعثدایە کی یانەوە، بویە هەق نیە بانزانی بەر دەن.

حکومەت و ڕووس و شیوعی نیازیانە دروستکردنی (تجمعیکە) دژی بارزانی
بەناوی (حزب) یانە (کومەڵ) یانە هەر شتێکی ترە وە ببێت.

④ دکتۆر ئەد هاتەلام داوای لێکردم کە حزبێک دروست بکەم و ڕووس و
شیوعی یارمەتیم بدەن. حکومەتیش هۆکمی ئامادەیی بدات بە کەرکوک وە.
چونکە هاتووە مەن کەرکوک بدەنە بارزانی. وە گوایە ڕووس و
حکومەت و شیوعی یارمەتیت ئەدەن چونکە زۆر کەس هەیە ئامادەن
لەگەلت بن لەناو بیانت و لەدەرەوەی بیانت.

(۳) جەماعەتێک هەن لەکوردی مستەفا وەک حمزەعبداللە، ئەژاد، ماهەوەی
صالح کەیەوەی، کە هەیانە بە تەقدیر ئەژانس و وەکالەتیانە بەکاری دارایتو خەریکن
هەیە، زۆر جار هاتەلام و چوونەلایان. داوای حزبێکی کوردی یانە
تجمعێکی کوردی تەقدیر ئەکەن کە داخلی جەبهە ببێت. من پێم ڕاشکرا
کردن کە ئەمە ناشێلە چونکە تەجروبەی ئێمە هەیە. لە دەرەوەدا
گوتیانە بە (۳) شەرت ناجیح ئەبێت کە بریتین لە:

۱- پشتیوانی ڕووس بوون - گوتیان ئەبێت.
۲- پشتیوانی حزبی شیوعی و بارتی شورشگێڕی پێشەوە
گوتیانە ئەمەش بیرمەستە سیهەدەی.
۳- حکومەت هۆکمی ئامادەیی بدات ئەی یە - گوتیانە ئەبێت.

ئەم وایە ئێمە فێرکردین لە داهاتوودا تحقیق ئەکرێت بە یارمەتی
شیوعی و ڕووسەکان و بەعەث.

④ صەدام ناردی بە شوین منەوە فؤاد عارفا. لە دیتینەکەدا باسیان کرد کە
ئەوان هاتووە بۆ هەموو شتێک کە ئێمە داوای بکەین. کاک فەرشاد
باسی (ڕۆشەن) دەوری بارزانی کرد و گوتی ئەگەر وەفد بنێرینە
سەر بارزانی بۆئەوەی ڕێگەی ڕاست بگرێت. من لەوەدا
دەستم ئەکرد، پاش پێدانی باسی هەنگاوی تاییم گوتم سوکومەتیش
پەنجە بە چارەسەرکردنی سەلەی کوردەوە ئەکات و ئەویش
بارزانی ناببێت.

٤

پێشنیارم کرد کە خۆی بچێت بۆلای . گوتی من ئامادەم نامە بنوسم و
باسی ئەوە لە سەرم فڕێ بدەن . گوتی لەهەر شتێکی من بە شوێنیە .
تەنانەت کە دە پانچ ساڵ پێش گوریە دەر تۆرە بو بو .
من پێشنیارم کرد کە دەتوانێت دەسەلاتداریت بە سەرکایە تحسین
عبدالخالق . بچێت بۆلای باسی بە وشەیەکی بتوانێ هەموو شتێک
بدرێتە وە . ئەم وەزارەتە دەسەلاتی هەموکەس زاتی و هەموو شتێکی لە بیت .
پێش چوونی گیراوەکانی پارتی بە رەزین و معین و سەرۆکی جاشەکان
لەو قوتە سەحبا کرابوە . عبید بچێت بو فارجی عراق . تقریبی
کە کوردی راگەیاند . لەوە ساوا صدام گوتی ئیمە با لەو ستکان
دانیشینە وە ، بە (اکثریت) چی قرار درا بیکەین . منیش
لە (اکثریت) ترسام . دوتی با چاکتر بیری لی بکەینە وە بو بوی
دانیشینە وە .

(٥) حکومەت لای وایە کە جناحیکی تقدیر هەیە لە پارتی دا بەرپرسین لە
ئەوەی شاردیس ، صالح یەسفی ، دارا تەرنیق ، عزیز عەقراوی ، حاکم
عەقراوی ، ملا اسی عمیل ، ئەمانە ئامادەن لە کاتی پیویستا
دژی جناحی یمینی پارتی بوەستن .
رەوشیش هەر لە وباوەرەیە . هەوڵیان دا کە من لە گەل ئەم
جناحە یەکگرتن وە بوستەتن بیکەوە بکەن .

(٦) حکومەت هەر هەیکی فەلک کرین و تاقم دورست کردنە . زور
بارە سەرف ئەکات . بە ساوی هۆیان زور یان کریوە .
وە زور کە سیان هەیە . بەلای منە وە سنیوەکی
دەرویە . بەلام لە ناو پارتی دا فەلکیان هەیە .

٤

(٧) جیاوازیەکانیش. ئەلبێ ئێمە دوژمنی بە دۆستایەتی بزوتنەوەی کوردی ئەکەین.
هەر ئەکەین لەگەڵ بارزانی دۆستین. ئەلبێ ئێمە پیمان خۆشە کورد
بە هیچ بیت لەسەر پێی خۆی بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ناکەین. ئەلبێ
ئێمە و شۆڕشگێڕەکەی بە کورد و باش بینین چونکە بای ئامێز بۆ سوڕەتان
زۆر خراپە لەناو عەرەبدا. ئەلبێ ئێمە نەمان گوتووە ئێوە
لەگەڵ بعث دۆستن و پشتیوانی بکەن. هەروەها
ئەلبێ ئاگادارین کە (تجمع وطنی) ئێمەی تیایە.

(٨) چینیەکان نەفتی موهەمیان بە وەزیری کورد. ئەیانەوێ
بزانن موقفمان چییە لە معاهدەی روس و بعث؟ لە زاڵ
بوونی نفوزی روس بە سەر عیراقدا. من گوتم ئێمە هیچ ئەوەین.
گوتیان ئەسەرەی فوتە. ئێمە بۆی باوەڕناکەین لا موهیمە.
هەروەها ئەیانەوێ بزانن کورد چەند ئامادەیە چەندی روس؟
وە چەندی ئەیرکا؟ بیت. چین هەر بە حەلی دیمۆکراتی مەسەلەکە ئەکات،

(٩) سەربەست بامەرکی پیاوی میریە. ئەوانەی ناو رۆیانە بوتا چیانەی
پارەستنی پارتی. شە بەکەیاکی جاسوسی لە دەوری ئەسعەد و فەوشەی
بو میری دروست کردوە. بە عشیرەکە گوتوویە زۆر مەلومات
بوتە هینیت. بریارە سەری مانگە بنیرنە گەلالە و بامەرکی.

(١٠) بەرەی ئەمن زۆر پێویستە ① یەکیتی بە هێز کەین. ② زۆر وریا بین
زۆر ئاگادار بین ③ ریزەکانمان بتەو کەین. ④ پەیوەندی بە میرو
چینیەوە بکەین. ⑤ لەگەڵ روس نەبینین و پشتیان
لەلە نەلەتین. ⑥ لەگەڵ هەموو حزب و بەرەکانی کوردا بە عەرەب
و عەرەب بە پێوەندی بە هێز کەین. ⑦ لەناو پێشمەرگە
جاسوس بیگانە نەهێلین. ⑧ برادەرە گومانلی کراوەکان
وەتەنیەکان بە رەنیە و گەلالە. براتان
شێخ لاو سەرکەوتوو بین

پاشبەندی ٤٣

نامەی هنری کیسنجەر

February 22, 1975

My Dear General:

I was most pleased to receive your message of January 22, 1975. I want you to know of our admiration for you and your people and for the valiant effort you are making. The difficulties you have faced are formidable. I very much appreciated reading your assessment of the military and political situation. You can be assured that your messages receive the most serious attention at the highest levels of the United States Government because of the importance we attach to them.

If you would like to send a trusted emissary to Washington to give the U.S. Government further information about the situation, we would be honored and pleased to receive him. I am convinced that secrecy has been of paramount importance in maintaining our ability to do what we have done; it is only for this reason--plus our concern for your personal safety--that I hesitate to suggest a personal meeting here with you. I look forward to hearing from you.

Please accept my sincerest good wishes and high esteem.

H.K.

پاشبەندی ٤٤

أخي العزيز مسعود البارزاني المحترم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

اقبل عيون الصفار واسلم على الجميع - ارجو من الله أن تكونوا بخير.

على أثر الانتفاضة الذي حصل بين شاه إيران وصدام قمنا صباح اليوم ورأينا لافتة مدافع ضد الجو تنسحب الى خانة وقد استفسرت منهم فقالوا أنهم لا يعلمون وربما يتم تبديلهم ولكنه كذب سألت محي الدين فلم يكن لديه معلومات -

حوالي الساعة الحادية عشرة جاء تيمار مرام وقال بأنه صدرت اليهم الأوامر بسحب المدفعية أولاً الرادنات و ١٥٥ ملم ثم ١٢٠ ملم ولكن الآن الساعة الثالثة والنصف نرى جميع أنواع المدافع تنسحب وتذهب الى خانة

ارسلنا برقيات للوالد والى مركزهم عند طريق محي الدين طلبنا منهم توضيح هذا التبدل المفاجئ

قال لي مرام بأن صياديان أخبره بأن يؤكد لي بأنهم سوف لن يتركونا لوحدنا في الميدان - قلت له إن الانسحاب بهذا الشكل يخالف مبدأ عدم تركنا لوحدنا في الميدان وأعربت له عن أسفي البالغ. وقلت لهم بأننا إذا لم نحصل على حياة كريمة فنحن نقبل الموت بشرف.

هاجم العدو صباح اليوم سرتيز وناوروبين وسرتية نوزل وبرزيوه وهندرين ويدور الآن قتال عنيف بين قواتنا وقوات العدو على طول الجبهة.

لم نسمع عن انتصارات للعدو لحد الآن ولكن لعدم وجود إسناد المدفعية أخشى من سقوط بعض المواقع بيد العدو والله الأمر - مقاومتنا في برزيوه ضعيفة وقد تقدمت قوات الدبابات حتى غلطان وقد ارسلنا مفارز الصواريخ والله المستعان.

هذا ما رأينا من الضروري إخباركم به ولا حول ولا قوة بالله العلي العظيم ودمتم في حفظ تعالى محمود حسن

يقول الوالد بأنه ليست لديه معلومات سوى ما سمعه من الاذاعة ويقول بأنه بخير ولا داعي للقلق ولكن استلمت برقيته قبل استلام هو برقيتنا بخصوص التطورات أعلاه

المخلص
داود البارزاني
٧/٢/٧٥

پاشبەندی ٤٥

م. س. وبارەی ڕاگەیاندنی بارزانی بە ڕێز

سڵاو و ڕێزم

لەبەر ئەو وەزعە تەطورە

تازەیە کە زۆر خطیرە و تێیدا بوە

ڕاستی ڕەتمامی عیراق و ئێران کە وا دیارە

زۆر قوڵ و ئاستەنگ کاک محسن

هات بۆلاتان بو شەرحی وەزعی

بە تفصیل لە ٣ ڕووەوە بە ڕاستی وەزعێکی

ناخوش بەلام ئەمە واقعە وەوا دیارە

[illegible]

بەلام ئەو ڕای بابەتە کە هەر دولا تقاربیان

کردوە، بو نەصیحەتی هەڵەیە بە و

جورەکە هەیە زۆر بەدامەوە وطبعاً وەزعی

نفسیان زۆر ناخوشە (تەوەتەکەن)

وەزەرەر زیان ئەکرد زووتر بە دولاتان

بەلام لەبەر شەرمیابی و بینینی [illegible]

مجبورنین. کاک محسن هەموو تفصیلی

لایە و بیان ئەلێت وئیوەش

زەمەوەندی ئاسایی بە شێوەیەک

شرح بکەن. وهەوڵ بدەن لەبالەک

ئیتقال و شەڕ و ورده ورده نقل ئەم

بەڵکو ئێمە ئەوا وبوە وئەمان کوشکی خوینان

قطع ئەکەن لیان و بریاریان داوە کە

هەرکەس بەو شێوەیە کە هەیە نەمینێت

و ئەوە لە ئێمە کە پێ یەوە ئێت بیت ئێران

(میوان) بێت و ئەوەتا کە ئەیەوێت

بگەڕێتە وە عیراق تسلیم بێت. ئێمە

ئەبەوان لە نفیرەتا گوتا لی بوە کە ئەوش

لە شامی بیتوە. ئێمە مکلفە سبەی

یان دووسبەی شرفیاب بێت

وەزەرەر هەر لە ئەدەین کە وەزع بە

جورە نەبێت وهەرچوکێک بێت ڕاییان

فەرەی لجات بەلام وا دیارە ئیلە [illegible]

دیو بکرێت وچی نەبتوانن مقاومەت بکەن

وئەگەر ناچار نەبن چیچ بدەن لەکاشوە

مەکەن هەروەها هیزە کانی ترش تا

یەکلا ئەبینین. بەراستی قەت چیچ

کەسێکی ئێمە تەوقعی وەزعی وای نەئەکرد

بەلام وادەرکەوت کە شتا ئەگەر

ئاسایی وابکرای مطلوبی

نەبێت ڕوژێکی هەر مشکلەی تیدا دروست

دەبێت. ئەگەر بکەن بێت کاک سامی لەگەڵ

کاک محسن بگەڕێتەوە پیویستە.

براتان

خوشیتان

١٩٧٥

١٢/٨

٤٥٠

پاشبەندی ٤٦

بۆ جەنابی عزیز و خۆشەویست عبدالرحمن علی حسین بناقی بەڕواری زۆر محترم

السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

حسینی مامۆستا ئەو بۆی تاریخی ڕەوانەکرن ٥=٧=١٩٧٧ من وەرگرت وزۆر پێ کیفخۆشبوم
چونکە من ئزانی هەوەل جار من دساغو سەلامەتن الحمد لله شوکر بۆ خودێ مەزن
و چاپیت هەوەلو هەمویان بیک بەیک ماچ دەکەم وسەلامو احتراما بۆ هەمویان
تقدیم دەکەم و من سلامیت هەوەلو لوان کرن اوبت لالی من و بۆ مسلمانا تشنا هەوەلو
بولدیری من. ئیکا ئی لازم ناکەت و هەرچی جاران بدزمبو دی خەبەری دەمە ئە
إنشاء الله وأملا مە بخودێ أوە دی زو بە زو مرحومی کەت بومە هەمیان پێکڤە و باڤ نا
ئاودی دی پێکڤە دو بینینڤە زو والعلم عند الله (ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم)
(ومن يتوكل على الله فهو حسبه إن الله بالغ أمره) براس توشی لی باقی مە سلامان
لی هەی مبادەران بکەن و احترام بۆ هەمویان تقدیم دەکەم

الخادم برایی هەوەلو مصطفی بارزانی

و تقدیمی زۆر زۆر سلامو احترام
بۆ مامۆستا و ملا حسین و ملا محمدی پندروی
تقدیم دەکەم وەلی احوالی اوان سوال
دەکەم و یا رب خودێ هارو کارە
مە هەمویان بی بە رحمەتا خوکرمی بکت بومە هەمیان
الحمد لله ژ بەختی ئیکا ئی زوری باشتم و باشییا هەوەلو هەمویان لی خودێ دەخازم
و امو هنگی دی حفظا خودێ دابن لی وبێ دنیادا آمین یا رب العالمین.

١٩٧٧-٧-٣

پاشبەندی ٤٧



٤٩٣

پاشبەندی ٤٨

نامەی دوکتۆر مەحمود عوسمان بۆ بەڕێزان ئیدریس و موسعود بارزانی

٤٩٦

(٥)

جماعەتی تاج الدین تاشیا هیچی تازەیان
نیە وەلێ شتی دیارە نیە بەلام زۆر
خەریکن بەهۆ مولانەکێ کە زیاتر
دژی تەیارەوە دبابە بنێرن وشتێ
هەر هەشیان لەگەل ئەکەمن . ئێستە
هاتین ئەنەغزەوەلەریا بە تەفصیل
تقریرەکا سیاسیم نوسیە دەربارەی
تطورات وشتی دوو مانگی پێشو
وپشتەکەشی هەولایە کمان کردوە
بو معلومات وسکنە بذکرە یەکی مختصر
دەربارەی إمتیازاتی دی ئێمە بلاو بکەین بە گەلەکی

(٦)

ئیدە وەئوانی تر بو ئەوەی مطالبەی مانگانە
واضح بێت . ئێستە لە داواکردن وقەکردن
متعوەناکەین باقیشی بە دەستی ئەوانی
تیدە .
بو ئەوەی تا ئەمڕۆ نەبێت ئەوا
لەگەل کاک سردار ئەم پارانەمان
بو ناردن ٢١٠٠٠٠ تومانی
ئیرانی - مانگانەی ئەمان - چونکە
هشت ملیونیان بو پارە گورینەوە
داوە تە کاک سردار وە دو ملیونی
گیراوەتەوە لەبای قەطیکی مەزرەکەی

(٧)

شیخ محمد حسین - بیستا ملیونەکە -
هەروەها ملیون دولارەکەی تاج الدین
(١٥٠٠٠٠)
(١/٢) دینار و ١/٢ ملیون دولار
هەروەها ١٢٨٠٠٠ دینارەی مانگانەی
ئەوانی تر وە دە هەزار دولارەی
مانگانەی دەرمان وە (٢١٠٠٠٠)
دینار کە کاک سردار منی گورینەوە
تکایە بوشاگاردەی . سلام برایانی
بو هەولانەکێ . خوشیان
١٩٧٤/١/٤ وزیر محمود

پاشبەندی ٤٩

نامەی تاهیر عەلی، خالید سەعید و عەلی عەسکەری بۆ مەکتەبی سیاسیی
یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

پاشبەندی ٥٠

نامەی شێخ حوسێن بابە شێخ، عومەر عەبدولا و خالید سەعید بۆ مام جەلال





چونکە لاپەڕەی سێیەمی نامەکە لەگەڵ بەڵگەنامەکاندا نییە، دەقی نوسراوەکەی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ نامەکە دانرا.

کوردستان یان نەمان

١٩٧٨/٦/١٠

ناوچەی ژیرکی

بو هەڤال مام جەلالی بەریز

سلاویکی شورشگێرانە

بەهیوای باشی و سەرکەوتنتانین و سلاوو ریزمان بو کاکە نەوەو کاك د. محمودو هەموو برادەران، برادەرانی ئیرە هەموو سلاوو ریزیان هەیە.

١. روژی ٥/١٢ هەردوو رەتل بەیەك گەیشتین لەبرادوست دوای ئەوەی کە رەتلی دووهەم تووشی هەندی هیلاکی و نارەحەتی بوون بەهوی مەوقعی دوژمنانەی ئیرانەوە، وەکو لەنامەیەکی ترا بەریزتانمان ئاگادار کرد.

٢. هەر لەهەمان روژدا دوژمن بەفروکە ئینزالی کرد لەسەرمان ئیمەیش بەرەو ماسی رو- گەلیشم کشاینەوە.

٣. دوای چەند روژیك پشوودان بریارمان دا کە بەرەو ناوچەی بادینان بکشیین بو وەدەست هینانی چەك و ئیمکانیەت و هەلگیرساندنی لیسەی شورشی پیروزمان لەبادینان، لەناوچەی ئورەمار (محمد حسن)مان بینی و نووسراومان دایە بو برادەران کە (٥٠) پەنجا پارچە کلاشینکوفی بدەنی وە جەماعەتی ئامادە کردبوو بو چەك هەلگرتن، وەکوو ئاگادارین چەکەکانی وەرگرتووە.

٤. هەر لەماسی رو وە پیش ئەوەی رەتلی دووەم بگات کاك خالیدو

کاك شیخ حسین پەیوەندی یان بەبرادەرانی (پ.ش.م*)ەوە کردبوو وە ئاگاداریان کردبوون لەپلانی ئەم هاوینەمان و دوای ئەوەش بەئیستمرار هەر پەیوەندی مان لەگەلیان بوەو ئەمان پچراندوە، هەرچەندە بی خیری و بی هیمەتی ئەوان گەیشتوتە رادەیەك کە تەحەمل ناکریت، بەلام ئیمە هەر ئەرم بووین لەگەلیان.

٥. لە ٥/٢٧ لەناوچەی ئورەمارەوە بەری کەوتین بو ناوچەی بازی (عەشیرەتی ژیرکی) لە ٥/٢٨ گەیشتین و چەند روژیك ماینەوە لەئیوارەی ٥/٣١ جەماعەتیك لەچەکدارە کورد کوژەکانی ق.م بەدی کران کە بەرەو شوینەکانی ئیمە ئەهاتن، ئیمەش هەموو شوینە قایمەکانمان لی گرتن، هەر لەو شەوە وورده تەقە دەستی پی کردو بەیانی شەر گەرم بوو هەتا ئیوارەو روژی ١ و ٦/٢ بەردەوام شەر بوو لەنیوانمان داو هیزەکانمان زور نەبەردانە ئەجەنگان و زیانیکی زورمان لەو دوو روژە لەدوژمن دا، بەلام لەبەر نەشارەزایی و بی نانی و بی ئاوی ئیوارەی ٢ـ ٦/٣ بریارمان دا بکشیینەوە بەرەو کەهی (نزیك هەکاری). وە شەو کە لەچیا هاتینە خواری نزیك گوندی بازی تووشی کەمینیکی جاشەکان بووین و تەقەیان لی کردین، وەکوو بومان باس کردن ئیمە نەشارەزا بووین لەو شەوەوە بووین بەدوو قوەتەوەو لەیەکتری بر بووین، ئەمرو برادەرانی (پ.ش.م) ئاگاداریان کردین بەنووسراو کەوا کاك عەلی عەسکەری نووسراوی بو ئەوان نووسیوە کە بەخوی و ئوەتەکەی لەگەلیدایە بەرەو (ئەتریس) لەناوچەی عەمادیە چوون و حالیان زور باشە.

٦. ئیمەش قوەتەکەمان ١٧٠ پیشمەرگەین و قوەتیکی زور باشین و برادەران کاك عادل و کاك رەئووف بەگ و کاك شیخ عەلی لەگەل قوەتەکەدان و چاوەروانی ئەوە ئەکەین کە وەجبەیەك چەکمان بگاتە دەست لەم روژانەداو برادەران نزیکیان خستوتەوە لیمان.

٧. کوردکوژەکانی ق.م خویان بەژمارە کەم بوون لە ١٥٠ بو ٢٠٠ تی نەئەپەرین، بەلام هیزیکی زور عەشایەری ناوچەکە لەعەشیرەتی

پنیاش و عەشیرەتی ماجدبەگ کوکردبوەوەو هینا بوویان بو ئەو شەرە. لە گەل گویی و عەشائیری گەردی و زوری تریش.

٨. خەسائیری ئەوان زیاتر لە ٢٠_٢٥ کوژراویان هەیە لەناو کوژراوەکاندا مەلا ئەمین بارزانی و (٩) کەسی تری بارزانی تیدا بووە کە بە کیکیان کوری و ئەویتریان برای مەلا ئەمین بووە، وە ٨ کەسمان لی بەدیل گرتن.

٩. مجموعەیەك لەئیمە وەکو بیستوومانە تەسلیم بەجاشەکانی ق.م بوون تەقدیر ئەکرین بە ٧٠ کەس کە بەشی زوری بی چەك بوون، وە برسیتی و هیلاکی و نەشارەزایی وای لی کردبوون کە بچنە ناویانەوە.

زیانی ئیمە لەو شەرانەدا ٥ شەهیدەو ٦ بریندارمان هەیە کە برینە کانیان سووکەو مەترسی لی ناکری، لەناو شەهیدەکانمان دا (شیخ حەمەئەمین، خەلیفە قادر، شیخ شەهاب خدر مەلا) تیدا بوو لەگەل ٢ پیشمەرگەی قادر ئاغا.

١٠. ئیستا ئیمە ئیعادەی تەنزیمی قوەتەکەی خومان کردوتەوە، وەزعمان باشەو ووردەی پیشمەرگەکان زور بەرزە، خەنگی ئەم ناوچەیەی کە تیداین زور هاوکاریمان ئەکەن.

١١. نووسراوی د.کەمال_مان پی گەیشت پیش چەندروژیك نووسیبووی کەوا ٦/٩ دیتە لامان بەلام تائیستا دەنگی نییە، وا نووسراوەکەی ئەو لەگەل کومەلیك نووسراوی کەدا، لەگەل ئەم نووسراوەدا بومان ناردن.

١٢. لەنووسراوی پیشوودا ئاگادارمان کردن کەوا لەشەری ناوچەی لولان کاك تاهیر بیندار بووە، بەلای برینەکەی سووکەو ئیستا لەئیمە بر بووە وە موتەئەکید نین کەوا لەگەل کاك عەلی و قوەتەکەی تردایە یان نا؟

١٣. هەر لەناوچەی برادوست پارەمان لی براوە، زوری ئەو پیشمەرگانەی دەمانچەیان بووە پیمان فروشتوون و پارەکەیمان لی قەرز کردوون و هەر خەریکی قەرزین و هەندیکیشمان لەبرادەرانی پ.ش.م قەرز کردووە، بەتەمای د. کەمالین کە پارەمان پی بگەیەنیت وا جاری ئەویش دیار نیە. لەرووی پارەو فیشەك وەزعمان خراپە.

١٤. ئیمە هەر لەسەر ئیش و کاری خومان بەردەوام ئەبین دوای

نەوەی کە ئەو وەجبە چەکەمان دەست کەوت بەرەو بادینان ئەروین کە لەو ناوچانەدا وەکوو ناگادار کراوین چەکداری خومانی نی یە «بەیت و الشباب و ئولودەرە».

١٥. ئیمە کە تووشی تەسادم بووین لە گەل جاشەکان زیاتر لە ٥٠٠ _ ٧٥٠ عەشائیریان هینابوو وە هەر بەردەوام بویان ئەهات ئیمەش یەك کەسی منطقە لە گەلمان نەبوو وە کەسیکی شارەزامان نەبوو وە ٣ روژ بەبی نان و ئاو ماینەوە لەچیاو لەشەری، فیشەکیشمان بەرەو خەلاس بوون چوو.

١٦. ئیوە نەکەن خوتان لەناو تورکیا بدەن نەگەر ویستتان بەرەو بادینان بین لەسەر حدود وەرن چونکە هەموو ئەو تەقریرو دەنگوباسانەی ئەهاتن هەموو درویە عەشائیر بەشیوەیەکی عام لەناو تورکیا ئیستا لەدژی ئیمەن، وا دیارە موئامەرەکان نەکری جیهازیکی تایبەتی ئیستعمازی یە کە هەر ئەو جیهازە لەناو دەولەتی تورکیا تەحریضی عەشائیرو ق.م یان لەئیمە کردووە بو لەناوبردنی ئیمە پارەیەکی زور بەسەر عەشائیر دابەش کراوە بو ریگاگرتنی ئیمە.

نەگەر بوتان نەکری لەولا لەجاشەکان بدری لەناوچەی گەردی زور لاوازو بی کەلك بوون لەو ناوچانە دەریان بکەن.

١٧. تکایە چی هەبوو بەپەلە ئاگادارمان بکەن بەهوی برادەرانی (پ.ش.م) لەریگەی هەکاری یەوە.

چی هەبوو لای ئیمە بەکورتی بومان نووسین.

ئیتر بو پیشەوە روەو سەرکەوتن

شیخ حسین بابە شیخ عمر عبدالله د.خالید

پاشبەندی ٥١

کۆمەڵە شعرە لەشانی بارزانی دا لەشاری شنۆ
لەتاریخی ٧٩/٣/٦ = ٤٥٧/١٢/١٠ دا لەلایەن هەژارەوە خوێندراوەتەوە

بەکێ بڵێی : کوردستانیم پێیت دەڵێ : بێ بارزانیم
هاشە دوژمنە کوردەکەش بەهۆی ئەو بونە هاوەڵی بەش
ئەونانی دەیخۆن هی ئەوە لەوەرا گرچویان پێتەوە

x x x

بارزانی شێت سانی پەبەق هێژا هەمی تاشە بەردی پەق
بەشاخ و شکێ ئانەوە بەبەردەن و لێرانەوە
لەغوربەت و دەربەدەری غەمخۆر و لەخۆشی بەری
بۆگەلی کورد چەو سایەوە قوت تاوتێن نەهەسایەوە .
بەرەو ئازایەتی لکان دایی پێکەی پیاوەتی نیشان دایی
دوژمنی بۆبێ هێز کردین تاریکی لەسەر لابردین ...
مانگی عاسمانی کوردانە بێ ئاو ابون ونەمانە
لەوانەی بەمانگ دەنوەیران لەپەراست لۆنەی وجدان گەیران

x x x

بارزانی بابی هەژاران هەتوانی دڵ بریندارانە
مشیوەن شایانی تۆنیە کەسێن پڕژێن هی بۆنیە
من بۆدەبرینی هەستم پەیمانت دەگەڵ دەبەستم
تا دەمرم پێت وەفادارم چۆن بوم؟ هەر هەبان هەژارم .

x x x

بارزانی پاڵەوانی کورد هیوای پیرو جەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردی بەیەکان لەبەرچاوەن بوی
من دەزانم تۆ نامری تۆ لەمردن بەهێزتری ..

شێخ ئەحمەدی بارزان

شێخ ئەحمەد دانیشتووە. نزار ئەحمەد و مەلا مستەفا لە باسکی چەپ و محەمەد خالید و عوبەیدولا بارزانی لە باسکی ڕاستییەتی. بەغدا ١٩٥٩

شێخ ئەحمەد لە نێوەڕاست. شێخ لەتیفی شێخ مەحمود لە باسکی چەپ و بابە عەلی شێخ مەحمود لە باسکی ڕاستی

مەلا مستەفا لە نێوەڕاست. خدر ئەحمەد پاشا، تەتەر بەگ، عەلی مەحمود کاکەخان، لە باسکی چەپ و ساڵح بەگی میران و فەتاح ئاغای هەرکی لە باسکی ڕاستەی بارزانی

ڕاوەستا: مەلا خالیدی مورتکە لەپشت عەلی ئاغا و تەتەر بەگ. گوندی باداوە ماڵی مەلا ئەفەندی شوباتی ١٩٤٤

سەرۆک مستەفا بارزانی لە ڕەوتی شۆڕشی دووەمی بارزان، ١٩٤٤

ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، مەلا مستەفا لە نێوەڕاست و مەلا حوسێن مجدی لە باسکی چەپی ڕاوەستاوە، مهاباد ١٩٤٦/١/٢٢

ژەنەرال مستەفا بارزانی و شێخ سلێمان بارزانی دانیشتون.
ئەسعەد خۆشەوی، محەمەد ئاغای مێرگەسوریی و عەلی خەلیل خۆشەوی لە پشت سەریان وەستاون. ئەو دوو منداڵانە هی شێخ سلێمانن.
کۆماری کوردستان مهاباد ١٩٤٦
وێنە: سەلیم ئەسعەد خۆشەوی

بەرەی سەقز: محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی ئوتۆمبێلە جیپەکە لێدەخورێت و میرحاج بە بەرگی کوردیی لە پشت جیپەکەیە و پێشمەرگەکانیش لە بارهەڵگرەکەدان. وێنەی: لە کتێبی کۆماری١٩٤٦ ی کوردستان ، ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە.

سەرۆک بارزانی لە ماوەی خوێندنیدا لە مۆسکۆ، ١٩٥٦

خوێندکانی خاوەن بروانامەی بکالورس لە خوێندنگەی حیزبیی زانکۆی تاشکەند لە
ساڵی ١٩٥٤- ١٩٥٩
ریزی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ:عەلی محەمەد گوج، ئالۆ عەلی محەمەد تاجەدین، شەریف قورتاس مەلا، ئاغا عەلی ڕەشید ڕەسوڵ و عەبدوڵا جاسم.
ریزی ناوەند لە ڕاستەوە بۆ چەپ: سلێمان شەوالی، سلێمان میرخان، محەمەد نەجیب، عەزیز قازی، عاجی عەلی، قادر ئیبراهیم عوسمان عەسەن و قاسم سەعدی،
ریزی ئاخر لە ڕاستەوە بۆ چەپ: عەلی مستەفا، ئیبراهیم شێخۆ و محەمەد چیچۆ. وێنە لەلایەن شەریف قورتاس مەلاوە بەمن گەیشتوە.

بەشێک لە خوێندکارانی بەشی پیشەسازی لە کۆلیجی شاری پاڤلۆڤ لە پارێزگای گورکی
ڕیزی پێشەوە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ: دەروێش میرق، حەجی ئۆمەر، ئیسماعیل مەلا یەحیا، زیاب زیاب و شێخ عومەر ئەحمد.
ڕیزی دووەم لە دەستی ڕاستەوە: بابەکر شێخ حوسێن، مەلا سالح، مەلا ئیبراهیم بابەکر، مەلکو عەباس و حەسەن سوار.

خوێندکارانی بەشی کشتوکاڵ لە زانکۆی شاری تاشکەند. ڕیزی پێشەوە، لە چەپەوە بۆ ڕاست: کازم مستەفا شانەدەری، ئەسعەد ڕەشۆ مێرگەسوری، نەبی حەسەن "سەرتاش"، دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادەر ژاژۆکی، عەبدوڵا سەعید دۆڵەمەری، حاجی ئال دوری.

ڕیزی دووەم لە دەستی چەپەوە: مەحۆ حەسەن شنگیلی، میرخان مەمەند کانی دێڕی، سلێمان میرخان کانی دێڕی، بابەکر مەحمەد هەسنی، عەبدوڵا ساڵح شیڤکی، سەلیم ڕەشید ئەرگوشی.

ڕیزی دوایی، لە دەستی چەپەوە: قاسم سەلیم بیرسیاڤی، یاسین پکایل سێلکی، فارس نوعمان گردی، حال حەم سەردەری و حەسەن عەبدوڵا سێلکی.

ریزی پێشەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست: سەرۆک مستەفا بارزانی، جەمال عەبدولناسر،

وێنەی کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی لقی شەهید تەلیا شینۆ ئامۆزای شەهید مەلک هورمز چکۆ سەربە بەتالیۆنی ٣ی هێزی ئاکرێ و شێخان کە هەموویان کریستیانن. بەهاری ساڵی ١٩٦٩، کەسی سێیەمی دانیشتوو لە ڕاستەوە شەهید تەلیایە

شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی



سەرۆک مستەفا بارزانی و سەرۆک عەبدولکەریم قاسم، بەغدا، ١٩٥٨

سەرۆک مستەفا بارزانی و دانا ئادام شمیدت
لە ڕاستەوە: ئەسعەد خۆشەوی، ئیدریس بارزانی و مستەفا سەمەد، گەلاڵە ١٩٧٤
وێنە: سەلیم ئەسعەد خۆشەوی

سەرۆک مستەفا بارزانی و دارا تۆفیق و کۆمەڵێک پێشمەرگە. سەرۆک بە وردی گوێی بۆ وتەکانی دارا تۆفیق ڕاگرتووە

سەرۆک مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا:
سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە باسکی چەپ و ئەحمەد تۆفیق ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باسکی ڕاستەی سەرۆک بارزانی
ئەوانەی دواوە: یاسین مەلا شاکر و سلێمان عارس بێدارونی سالّی، ١٩٦٢

سەرۆک مستەفا بارزانی خەریکی قسەکردنە لەگەڵ مامۆستا هەژار موکریانی و مام جەلال و کۆمەڵێک پێشمەرگە لە خزمەتیدان

تاهیر یەحیا سەرۆک وەزیرانی عێراق" سەردانی سەرۆک مستەفا بارزانی دەکات، بەرزێوە، تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤

سەرۆک مستەفا بارزانی و سەرۆک عەبدولرەحمان محەمەد عارف سەرکۆماری عێراق
لەنێوان بەرزێوە و دیانە لە ڕەشماڵ دا ١٩٦٦/١٠/٢٨

سەرۆک مستەفا بارزانی لەگەڵ چوار مێرمنداڵ

عەبدولڕەحمان عارف سەردانی سەرۆک مستەفا بارزانی لە ناوچەی شۆڕش دەکات تشرینی یەکەمی ١٩٦٦

سەرۆک مستەفا بارزانی و ڕۆژنامەنوسی ویلیام کریتر ١٩٧٤

سەدام حوسێن، سەعدون غەدان، دوکتۆر عیزەت مستەفایی وەزیری تەندروستی، عەمید ڕوکن ئیسماعیل تایە نەعیمی فەرماندەی فیرقەی دووەم، عەقید ڕوکن تاریق تۆفیق فەرماندەی لیوای دووەم و بارزان تکریتی دایک برای سەدام، سەردانی سەرۆک بارزانی دەکەن. ناوپردان ١٩٧٠/١/١٢

مەسعود بارزانی- ئیدریس بارزانی- سابیر بارزانی سلێمانی نۆڤێمبەری ١٩٦٤

لە چەپەوە بۆ ڕاست: عەزیز شەریف، سەرۆک مستەفا بارزانی و دوکتۆر عسام عەزیز شەریف

خولی دووەمی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦٩

موحسین دزەیی لە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی دا، کالیفرنیا ١٩٧٦

سەرۆک مستەفا بارزانی، ئیدریس و مەسعود بارزانی ئەمریکا کۆتایی تشرینی ١٩٧٦

مەزاری سەرۆک مستەفا بارزانی لە گوندی هەلەج لە ڕۆژهەلاتی کوردستان
١٩٧٩- ١٩٩١

مەزاری سەرۆک مستەفا بارزانی لە باسکی ڕاست و کاک ئیدریس لە باسکی چەپ،
شوێنی بەیەک گەیشتنی عاشقانی نیشتمان و دڵسۆزانی نەتەوەی کورد و
هەڵگرانی ڕێبازی بارزانی لە گوندی بارزان.

خانوبەرەی ژمارە ٥٠-٥٢ لە شەقامی "نۆڤاسلاڤۆتسکایا" کە سەرۆک مستەفا بارزانی بریارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تێدا دەدا

بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.

٢- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.

٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.

٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.

٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.

٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.

٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زاراوەی کرمانجی سەرو.

٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.

٩- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.

١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.

١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.

١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.

١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.

١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. کراوە بە فارسی.

١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.

١٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.

١٧- کورد لە سوید- لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا.

١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. کراوە بە فارسی.

١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.

٢٠- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.

٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم.

٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی دووەم.

٢٣- ئەحمەد تۆفیق- سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا.

٢٤- کوردی ئێزدی لە مێژوو کوردستان دا.

٢٥- پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک.

٢٦- قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان.

٢٧- لە نۆروێژەوە بۆ کوردستان، گەشتێکی ڕۆژنامەوانی بۆ کوردستان (بە وێنە)، لە ١٩٧٥دا، ئامادەکردنی: بەدرەدین ساڵح، من پێشەکیم بۆ نوسیوە.

٢٨- مستەفا بارزانی – پێشمەرگە و سەرۆک

ئەو بەرهەمانەی نوسەر کردویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.

٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.

٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع، چاپی دووەم.

٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس، چاپی سێیەم.

٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.

٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.

٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.

٨- خەبات بۆ ئازادی: نوسینی ئیڤان ئیفریمۆڤ.

٩- گەڕان بە دوای ئاگر دا: نوسینی جەک لەندەن

ئەو بەرهەمانەی نوسەر کە کراون بە فارسی

١- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢-١٩٤٦/١٢/١٧"جمهوری کردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧"، حەسەن ماوەڕانی.

٢- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد "سراب توطئەها بر ضد ملت کرد"، حەسەن ماوەڕانی.